

راپۆرتێکی تایبەتی بەبۆنەی تێپەڕبوونی 25 ساڵ بەسەر
کۆچی دوای مامۆستا رەفیق حلمی نەمردا.

- لەم ژمارەیەدا -

تۆماری جەنگ و راپەری
پەی‌ی ئاوی بۆ شەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین
رۆژی شەهیدان رۆژی سەرکەوتنی عیراق وعیراقیەکانە
شەش سال بورین لەسەر شەری مەیی پاراستنی شەری قادسیەی صدام
سەلاحەددین لەشەر فرۆشانی خاجدروشمان شەرەکەی‌کری
بەکار هێنانی هێزی چەکدار لەپێناوی دەست رویشتوویی لە جیهاندا

لێکۆلینەوەی میژوویی

گوزارشە رووداوە میژوویە مەزنەکانی هەزارەی دووی (پ. ز)
کورد وشەرەکەی نێوان روسیاو تورکیا لە سالی 1877 ـ 1878 دا

لاپەرە گرنگە باس لەکراوەکانی میژووی کۆیە

لێکۆلینەوەی زمانەوانی

بەراوردکردنێکی زمانەوانی...

لێکۆلینەوەی پیشەسازی

پیشەسازی سابونی کوردەواری

لێکۆلینەوەی وێژەیی

ئەدەبی شۆرشەکان
بابا تاهیری هەمەدانی
بۆکەك ژ بەهدینان

تۆماری ناپەتی بەبۆنەی تێپەربوونی (25) سالّ بەسەر کۆچی دوایی کردنی مامۆستا رەفیق حلمی نەمردا

گەشتی رفیق حلمی وقەلەم
یادداشتەکانی رەفیق حیلمی
تۆژینەوەیەك دەربارەی نووسینە تورکیەکانی رەفیق حیلمی
رەفیق حیلمی و سەرەتای رەخنەی زانستی لە ئەدەبی کوردیدا
بەبۆنەی یادی 25 سالّەی کۆچی دوایی رەفیق حلمی باوکمان

یادداشت و بیرەوەری

گەشتی ژیانم
هەندی لەبیرەوەری و زانیاریەکانی ناصیح حەیدەری
کۆچی دوایی مامۆستا علاء الدین سجادی
علاء الدین سجادی.

نەستێرەیەك ناوابوو

کەلەپوور و کومەلایەتی

دەست نیشانیك بۆ کەلکی دەواودەرمانی کوردی
پەرهەلستە کۆمەلایەتیەکانی رێگەی بەشداری کردنی ئافرەتانی...
دۆزینەوەی روانگەیەکی ستێرناسی کوردی.

رۆژنامەگەری

لدیف چۆنەك لەسەر یەکەمین رۆژنامە کوردی
هونەری رۆژنامە نووسی
گوڤارا (ژین)ی وچەند راستیەك

لێکۆلینەوەی هونەری

دەروازەیەك بۆ ناسینی کاویس ئاغای نەمر
گۆرانی مەزن

کتێبی ژمارە

چەند لێکۆلینەوەیەکی کوردی لەبابەت وولاتی سویارتووە
روشەیەك بۆ نووسەرە بەرێزەکانمان
کتابی زانکۆی بەغدا

لاپەرە

باوکی دانا 3
سمیرة محمد علی 8
جسیم ابراهیم دوسکی 12
د. محسن محمەمەد 16
جیلمی علی شریف 25

د. جمال رشید احمد 54
و. د. کاوس قەفتان 72

حاجی محی الدین ئەسعەد 81

عبدالحسین بنی ویس 88

رووناك محمود 93

مصلح جەلالی 97
د. محمد نوری عارف 109
أحمد شوشی 129

د. عزالدین مصطفی رسول 143
شاکر فتاح 159
مصطفی نەریمان 164
ئومید ئاشنا 169
ناهدە رفیق حلمی 178

مسعود محمد 189
کریم شارەزا 215
غفور میرزا کریم 221

وریا عمر ئەمین 227

أمین نەقشەندی 228
د. مجید حمید علی 233
عبدالرقیب یوسف 242

حجی جعفر 278
شیرزاد عبدالرحمن 288
عبدالکریم فندی دوسکی 294

جلال ملا حسن خۆشناو 308
وەهبی رەسول 317

کمال غەمبار 323
د. کامل بصیر 334
336

کانونی یەکەمی
سالی 1985

رۆشنبیری نوێ

ژمارە 108

کۆڤارێکی وەرزیە بۆ لێکۆڵینەوە | دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی | دەری دەکات

سەرەکی ئەنجومەنی کارگیری و سەرنووسەر

مصلح جەلالی

دەستەی نووسەران:

جێگری سەرنووسەر د. کوردستان موکریانی
د. کامل بصیر
عبدالرزاق بیمار
د. جمال رشید
صلاح سعدالله
غفور میرزا کریم
د. محسن محمد حسین
وریا عمر أمین
فؤاد حەمە خورشید

هەوالنامەی کتێب

نەخشەکێشان و دەرهێنانی هونەری نەسرین خضر

ناونیشان: دار الثقافة والنشر الكردية — ساحه الخلانی بغداد/ تەلەفون - 8875795 پێنج خەتە



پێ ناوێ بۆشە هیدانی وەتدن شیوەن وگرین

هەواڵنامەی کێشە

● «باوکی دانا» ●

شەهید.. ئەو مرۆڤ و قارەمانەیە کە لە پێناوی بەرگریکردن لە بیرو باوەڕو پاراستنی وولاّت و بەرپەچدانەوەی دوژمن و داگیرکەر سینگی خۆی دەکاتە قەڵغان و گیانی خۆی لە پێناویدا پێشکەش دەکات.

ڕۆڵەی خاکی پیرۆزی عیراقیش... هەر لە دێر زەمانەوە بە ئازایەتی و دڵێری و شۆرشگێڕی و نیشتمانپەروەری ناسراون و هەرگیزاو هەرگیز دڕێغیان نەکردووەو دڕێغیش ناکەن لە پێناوی سەربەخۆیی و سەربەرزی و شکۆمەندی.. ئەگەر بێت و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە دەبینین ناوی چەندان پاڵەوان و قارەمانی تێدا تۆمار کراوە..

گەلی عیراق قەت ملی بۆ داگیرکەرو ئیمپریالیزم و چڵکاو خۆرەکانی، کەچ نەکردووە، بەڵکو دەستیان خستۆتە نێو دەستی یەکتر و بەرەو ڕووی دوژمن بوونەتەوە.. هەرچەندە دوژمن هەوڵی دابێت بۆ ئەگەرە خستنە بەردەم کاروانی تێکۆشانی... بەڵام کاروانی گەلی تێکۆشەری عیراق قەت نەوەستاوە...

شاعیران و ڕۆشنبیرانیش لەگەڵ کاروانی تێکۆشەران بوون و تووشی دەردەسەری و چەرمەسەری بوون. بەڵام ووروژێنەر بەرنەداوەو لە کاروان جێ نەماون.. هەردەم چڵی چاوی دوژمن بوون. هەرچەندە دوژمن هەوڵی ئەوەی داوە دووبەرەکی بخاتە نێو گەلی عیراق بەڵام نەیتوانیوە، ئەگەر بێت و سەیری هۆنراوەکانی پیرەمێردو گۆران چەندان هەستیاریتری کورد بکەین ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیری کورد دەرکی بە گرنگیتی یەکێتی کوردو عەرەب کردووە، چونکە باوباپیرانمان لە کۆنەوە لەسەر ئەم خاکە پیرۆزەدا ژیاون و بۆ یەکتر وەك قەڵغان بوون بۆیەش دوژمن هەرگیز نەیتوانیوە زەفەریان پێ بێنات.

لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکا گەلی عیراق دژی دوژمن یەکیان گرتووە. مێژوو زۆر بە شانازیەوە لە دوو توێ لاپەڕەکانیا

ئەم ڕاستی‌یانەی نۆمار کردووە. . هەروەها شاعیران و ڕۆشنبیران داوای قوربانیدان و خۆبەخت کردنیان کردووە، وانە شەهیدبوون لەپێناوی نیشتمانداء چونکە هەروەك نازم حیکمەتی شاعیر دەڵێت:

«من نەسووتیم تۆ نەسووتیت، ئەو نەسووتێ، چۆن لە تاریکی‌یەوە دەڕوێن بۆ ڕووناکی» بەڵێ. ئەگەر سەیری هۆنراوەکانی شاعیران بکەین دەبینین هەمویان باسی یەکێتی عیراق و برایەتی کوردو عەرەب و تێکۆشان دەکەن لە پێناوی سەربەرزی عیراقدا.

هەروەها زۆر بە شانازیەوە باسی شەهید دەکەن. . ئەو قارەمانانەی ،کە لە پێناوی خاکی وولاّت گیانیان دەبەخشن هەروەك پیرەمێردی شاعیر دەڵێت:

پێی ناوێ بۆ شەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی والەدڵی میللەتا ئەژین

بەڵێ شاعیرانمان ڕۆڵەی دڵسۆزی ئەم گەلەن و بیرو باوەڕیان بە کاروانی خەبات و پێش خستنی گەل بەخشیوە، لە ڕیزی تێکۆشەران بوون و لەناو دڵی هەموو نیشتمان پەروەرێکدا بوون، جا بۆیە کە شاعیر دەڵێ پێ ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین، مەبەستی ئەوەیە کە شەهید ئەو قارەمانەیە کە نیشتمان شانازی پێوەدەکات و باوەشی بۆ دەکاتەوەو لە لایەڕەکانی مێژووش ناوی بە شانازیە وە نۆمار دەکرێت و لەناو دڵی میللەتا دەژیت و خۆیشی دەبێتە نەوتی چرای خەبات و تێکۆشان و لەبەر ئەو وونـاکی‌یەدا گەل دەجەنگێت لە پێناوی شکۆمەندی‌و سەربەرزی، بۆیە ناڵێت بۆ شەهید بگرین بەڵکو شانازی پێوەبکەین و هەمان ڕێچکەی ئەو بگرینەبەرو ئەو ئاواتەی کە لە پێناویا شەهیدکرا. لە پێناوی هەمان ئاوات و ئامانج دا خەبات بکەین. . لە پێناوی پاراستنی وولاّت و سەربەرزی‌و شکۆمەندی.

لە پێناوی خاکی پیرۆزی نیشتمان. . چونکە نیشتمان پێش هەموو شتێك لە هەموو شتێك پیرۆزترە، لە ماڵ و منداڵ و خزم و کەس وکار پیرۆزترە، مرۆڤ هەرچی لە کیس بچێت دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەگەر نیشتمانی لە کیس چوو قەت ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە.

ئەمەیە بیرو باوەڕی مرۆڤی تێکۆشەر کە لە پێناویا گیان دەبەخشێت، لە پێناوی ئەو نیشتمانەی کە خاوەن مێژوویەکی مەزن و قوربانیەکی بێ‌سنورە. .

گیان زۆر تازیزە بەڵام ئەگەر نیشتمان و خاکی پیرۆز پێویستی بە بەخشینی هەبێت لە پێناوی پاراستنی‌دا ئەوا، بەوپەڕی شانازیەوە بەڕەو پیری دەڕۆین. .

گەلی عیراق لە پێناوی نیشتماندا بەو پەڕی شانازیەوە بەڕەوپیری مەرگ دەڕۆن. . . لە پێناوی هەق و بیروباوەڕدا لە مردن سڵ ناکەن بەڵکو پێش برکێ دەکەن لەپێناوی شەهیدبوندا. . بۆ ئەوەی سەری چیا کەشەکانی کوردستان بەرزتر بێت و نەوی نەبێت. .

لەم ڕاستیەوە. . گەلی عیراق لە جەنگی ڕەواماندا، جەنگی قادسیەی صدام، بە ڕابەرێتی شۆڕەسواری تازاو لێهاتوو صدام حسین بەرپەچی دوژمنیان دایەوە بۆ ئەوەی بە هەموو جیهان بسەلمێنن کە عیراقی بەعس زۆر لە نەخشەو پیلانەکانی دوژمن و بەکرێگیراوان بەهێزترە. .

جا ئەو شەڕەی کە بەسەز عیراقیەکاندا سەپێندرا بێ‌گومان کاری لە هەست و هۆشی ئەدیبانمان کردووە، چونکە ئەدیب بەر لە هەموو کەسێك هەست بە ئێش و ئازارو بەختیاری گەلەکەی دەکات. .

جا کە عیراقی پێشکەوتنخوازو سۆشیالیست لەلایەن بەکرێگیراوەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم هێرشی کرایە سەرو شارو گوندەکانی درایە بەر تۆپ و دوژمن پر بە دەم هاوار دەکات کە نیازی داگیر کردنی عیراقە. .

دوژمن دەیەوێت ئەگەرە بخانە بەردەم ڕێیازی شۆڕش و دەسکەوتە مەزنەکانی گەلی عیراق. . بێ‌گومان ئەم بارو دۆخە هەستی ئەدیب دەجوڵێنێت هەروەها ئەو جەنگاوەرانەی کە سنگی خۆیان کردۆتە قەڵغان و بە خوێنی گەرم و گەش خاکی پیرۆزی عیراق دەپارێزن و داستانی قارەمانێتی نۆمار دەکەن و لێستاو دوارۆژی پرشنگداری عیراق دەپارێزن. .

خەندەی سەر لێوی کۆربەکانمان دەپارێزن، دەسکەوتە

هەوارنامەی کتێب

مەزنەکانی جەماوەر دەپارێزن، سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری دەپارێزن. . بێگومان مایەی شانازیەو هەستی ئەدیبانمان دەجوڵێنێت. . ئەدیبانمان تا رادەیەك دەوری خۆیان بینیوەو خامەی پیرۆزی خۆیان خستۆتە کارو وەکو عیراقیەکی دڵسۆزو بەشەرەف.

هەست و نەستی جەماوەریان دەربڕیوە، بەوەی کە سەرکەوتن لە جەنگی ڕەوامانـدا جەنگی قادسیەی صدام بۆ عیراقیەکانەو بەرپـەرج دانـەوەی دوژمن بەرگـریکـردنـە لە کامەرانی گەل و پێشکـەوتنی وڵات و دەسکـەوتـەکانی جەمـاوەر. . هەروەهـا پەنجـەیان بۆ بەکێنی عیـراق و برایـەتی مێژ ووی کوردو عەرەب درێـژکـردووە، هەروەهـا هانـی لاوەکـانمـانیـان داوە بۆ خەبـات کردن و قوربـانـیـدان. . وەپـەردەیـان لە

لە ڕووی چەپەڵی رژێمی خومەینی جادووگەر هەڵداوەتەوە. . ئەگـەر بێت و سەیـری گۆڤارو ڕۆژنامەکان و نامیلکەکانی کوردی بکەین، بەتەواوی ئەو ڕاستی یەمان بۆ دەردەکەوێت. .

ئەوجا ج بە چیرۆك یا هۆنراوە یا ووتاری سیاسی. . لەمانە:

باوکـی ئاوات، باوکـی دۆسـت. باوکـی ئارا کە بەردەوام چیرۆکی جەنگی یان بڵاوکردۆتەوەو ئیایدا پەنجەیان بۆ پاڵەوانێتی جەنگاوەرانی عیراق درێژ کردووەو باسی قوربانیدان و خوینەخت کردن و ئازایەتی عیراقیەکان کردووە، کە چۆن پیش بڕکێ دەکەن بۆ قوربانیدان لە پێناوی خاکی پیرۆزی نیشتمان. .

هەروەهـا کاکی شاعیـر (مکـرم تاڵـەبـانی) بە هۆنـراوەکـانی هەستی گەلی دەربڕیوە.

داسـتـانی قارەمـانێتی و ئازایـەتی لە بەرەکـانی جەنگـا لە باشـوورەوە تا باکـور بە جارێ هەژانـدویـەتی و وەك شاعیـرێکی کوردی دڵسـۆزو نیشتمـانپـەروەر هەستی خۆی دەربڕیوەو پەردەی لەسـەر ڕووی چەپەڵی خومەینی هەڵماڵیوە. .

هەروەها مامۆستا مصلح جەلالی و برادەران ئەکر م مەحمود سەمین و فوئاد حسین و مولود حمد. . . هتد. .

بە ووتاری سیاسی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردیدا زۆریان لە بارەی جەنگی ڕەوامانەوە، نووسیوەو بە ئیرو تەسەڵی هەموو لایەنەکانیان شی کردوتەوەو پەردەیان لەسەر ڕاستی هەڵداوەتەوەو باسی ئەو داستانانـەیـان کردووە، کە جەنگاوەرانی ئازاو دڵێری عیراق ئۆماریان کردوون.

هەروەها باسی باری شڵەژاوی ناوخۆی ئێران و کێشەی نێوان مەلاکانیان کردووە بەرامبـەر بەپـشـتـیوانی بەرەی ناوخـۆی عیراق و یەکێتی ڕۆڵـەکـانی و باوەڕیـان بە سەرکـردایـەتی پارت و شۆڕش لەپێش هەموویانەوە سەرەك کۆماری ئازاو دڵێر صدام حسین.

جا ئەوەی مەبـەسـتمـانـە لێـرەدا ڕوونی بکـەینـەوە جەنگی قادسیـەی صدام. . ی نەمـرە کە نەوەکـانی کیـسـراو ڕۆستـەم بەسەرمانیانا سەپاند.

بۆچی ئەم شەڕەیان بەسەرمانا سەپاند؟

پاش زیـاتـر لە نیـوەڕیـسـونی پێنج سـاڵ بەسـەر ئەم شەڕەو سوربـوونی ڕژێمی خومـەینی لەسـەر خۆش کردنی ئاگـری جەنگ. . . وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون بۆتەوە، ئەم شەڕە بەهۆی ناکۆکی نیە لە نێوان دوو وڵاتی هاوسێی موسڵمان، کە عیراق لە یەکەمین ڕۆژەوە هەوڵی چارەسەرکردنی داوە.

بەڵکـو ئەمـە هەڵـوێستی کاریـەدەسـتانی عەجـەمەکانە دژ بە عیـراق و نەتـەوەی عەرەبی، ئەگـەر بێت و سەیـری لاپـەڕەکـانی مێـژوو بکـەین بەتـەواوی ئەو ڕاستی یـەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە عیـراق بەدرێـژایی مێـژوو هەوڵی نەداوە کە شەر لەگـەڵ ئێران بکات بەڵکو هەردەم باوەڕی بەوە هەبووە، کە ناکۆکی بە ڕێگەی ئاشتی چارەسـەربکـرێت، جگـە لەو حاڵەتە نەبێت، کە هێرش براوەتـە سـەر خاك و ئاوی و بەنـاچـاری، چەکی هەڵگـرتـووەو بەرگری لە سـەربەخۆیی و سەربەرزی خۆی کردووە.

جا پاش شۆڕشی 17 ـ 30 تەممووزی نەمرو چارەسەرکردنی بارو دۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە گوێرەی تیـورێکی زانستی و شۆڕشگێـرانـە لەژێـر سایـەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و بەکرێگیراوان هیچ دەرفەتێکیان نەما. .

شۆڕش لە سەرەتاوە ڕووی کردە ئاڵۆزترین مەسـەلە کە وەك گرێ کوێرەیەك بوو، لە بەردەم کاربەدەستانی پێشووی عیراق، ئەویش مەسـەلـەی گەلی کوردمـانـە ئەوەبـوو بەپـێـی بەیاننامەی 11ی ئاداری سـاڵـی 1970 وەك چوارچـێـوەیـێـکـی دروسـت

چارەسەرکردنی ئاشتی و دیموکراتیانەی مەسەلەی کوردی بلاوکردەوەو هیواو خواستی گەلی کوردی هێنایە دی بەمەش پەیوەندی برایەتی کوردو عەرەب خرایە مەوداییکی باشترو هەنگاوێکی فراوانی بەرەو پێشەوە نا..

هەروەها دەستی کرد بە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و چارەسەکردنی نەهێشتنی کشتو کاڵ و بلاوکردنەوەی هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری.. ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە گەلەکەمان زیاتر لە دەوروپشتی شۆڕش گردبێتەوە ببرو باوەڕی زەسەن لە ناخی دروونی گەلدا ریشەی داکوتێت. ئەو حەلە گەلیش قوربانی دەدات لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتە نیشتمانیەکانی..

هەروەها شۆڕشی بەعس رۆژ لەدوای رۆژ توانی ئەوە بۆ گەل بسەلمێنێت، کە توانای فەرماندەیی گۆرانکاری و هێنانەدی هێمنی و ئاسوودیی و سەربەرزی و سەربەستی نیشتمانی هەیە..

هەروەها گەورەترین دەسکەوتی شۆڕش بیناکردنی مرۆڤی نوێی عیراق بوو..

ئەو مرۆڤەی ئامادەیە بۆ قوربنیدان لە پێناوی پاراستنی شۆڕش وەدەسکەوتەکانی جەماوەر.. ئیمپریالیزم و ئەڵقە لە گوێکانی کەوتنە ا پیلان گیران دژی شۆڕشی بەعسی کە بەرژەوەندیەکانی لەم ناوچەیەدا هێنابووە لەرزین.. بە هەموو جۆرێك هەوڵیان دا تەگەرە بخەنە بەردەم کاروانی ئامانجە پیرۆزەکانی شۆڕشی عیراق بەڵام نەیانتوانی ڕاستەوخۆ زەفەری پێبەن.. ئەوە بوو خومەینی بەکرێگیراویان هێنایە سەر تەختی حوکم بۆ ئەوەی لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا بتوانێت تەخشەو پیلانەکانیان بۆ جێبەجێ بکات.. بەتایبەتی پاش ئەوەی بۆیان ئاشکرابوو کە شای گۆربەگۆڕ یاخود لە سێدارە دراون. گەلی کوردیش لە کوردستانی ئێراندا کە دەوری سەرەکیان لەم شۆڕشەدا هەبوو بەو نیازەی کە بگەنە ئاواتی خۆیان و خۆختاری خۆیان کەچی خەڵاتی ئاخوند بۆ گەلی کورد بۆردومان کردنی شارو لادێکان و لە سێدارەدانی لاوەکانی کورد بوو.. ئێکۆشەرە عەجەمەکانیش حاڵیان لە کورد باشتر نیە بەڵکو بە ئاگرو ئاسن دەنگیان کپ دەکرێتەوە.. راونان و ئازاردان و گرتن و لە سێدارەدانی ئێکۆشەران بەردەوامە.

خومەینی و دارودەستەکەی وەکو گورگ و سەگ بەربوونەتە گیانی خەڵك. جەماوەری ئێران بەتەواوی لێیان دوور کەوتونەتەوە چونکە لە سای سەری ئەم فێڵبازو بەکرێگیراوانەدا گەلانی ئێران ژیانیان بوو بە دۆزەخ و ئێرانیش لە هەموو بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دواکەوت. ئێستا گەلانی ئێران حەسرەت بۆ سەردەمی شای گۆربەگۆڕ دەخێشن..

ئەوجا ئەم شەڕەی کە خومەینی فێڵباز بەسەرمانی دا سەپاند بە ئاواتی ئەگەرە بەردەم ڕێبازی شۆڕشی 17 ـ 30 ئەموزی ئەمر سەری ئەگرت. چونکە مرۆڤی نوێی عیراق، کە شۆڕشی بەعس شانازی پێوە دەکات، دژی خواستی گەلانی ئێرانە کە قوربانیەکی زۆریان دا لە پێناوی ئازادی و دیموکراتی کەچی دەبینین ئەو ئێکۆشەرانەی کە دەوری سەرەکی یان هەبوو لەبەرپاکردنی شۆڕش، یا لە دەرەوەی ئێران دان یاخود لە بەندیخانە بیناکردنی مرۆڤی نوێی عیراق بوو..

ئەو مرۆڤەی ئامادەیە بۆ قوربانیدان لە پێناوی پاراستنی شۆڕش و دەسکەوتەکانی جەماوەر.. ئیمپریالیزم و ئەڵقە لە گوێکانی کەوتنە ا پیلان گیران دژی شۆڕشی بەعسی کە بەرژەوەندیەکانی لەم ناوچەیەدا هێنابووە لەرزین.. بە هەموو جۆرێك هەوڵیان دا تەگەرە بخەنە بەردەم کاروانی ئامانجە پیرۆزەکانی شۆڕشی عیراق بەڵام نەیانتوانی ڕاستەوخۆ زەفەری پێبەن.. ئەوە بوو خومەینی بەکرێگیراویان هێنایە سەر تەختی حوکم بۆ ئەوەی لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا بتوانێت تەخشەو پیلانەکانیان بۆ جێبەجێ بکات.. بەتایبەتی پاش ئەوەی بۆیان ئاشکرابوو کە شای گۆربەگۆڕ ناتوانێت ئەم دەورە بگێڕێت چونکە زۆر ئازاری پیاوە ئایینیەکانی دابوو..

ئەوە بوو ئەو ریش پانە جلەوی حوکمی گرتە دەست و شۆڕشی گەلانی ئێرانی دزێو دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دژی عیراق و ئەتەوەی عەرەبی لەژێر پەردەی ناردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی وڵات هەرچەند شۆڕشە ناموبارەکەی خومەینی دژی ئایینی ئیسلامی پیرۆزەو

هەوالنامەی گەلی

باوەڕی بە سەرکردایەتی پارت و شۆڕش زۆر بەهێزەو لە پێناوی پاراستنی خاك و دەسکەوتە مەزنەکانی جەماوەرو ئێستاو دواڕۆژی پرشنگداری عیراق و سەربەستی و سەربەرزی و شکۆمەندی لە مردن سڵ ناکاتەوە. . هەروەك سەرەك کۆماری ئێکۆشەر صدام حسین دەڵێت: عیراقی نوێ یەك حاڵەتە لە فاوەوە تا زاخۆ. . هەموو بینا دەکەن و بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان دەجەنگین. . هەموو پر باوەڕن بە پاشەڕۆژ و هیوای فراوان».

وانە عیراقیەکان بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە باوەڕیان بەسەرکردایەتی زۆر بە هێزەو درێغی ناکەن لە خۆبەخت کردن لە پێناوی پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی کە لەژێر سێبەری شۆڕشا بۆیان جێبەجێ کراوە.

هەروەها عیراقیەکان بۆیان سەلمێندراوە، کە رژێمی خومەینی ناوانبارەو ئەو شەڕەی بەسەرماندا سەپاندووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم بۆ ناوچە بگەڕێنێتەوەو خوێنبشە لەسەر دڕێژەپێدانی جەنگ.

لەو کاتەی عیراقی مەزن بەرابەرێتی پێشەوامان صدام حسین ئیدەکۆشێ لە پێناوی ئاشتی و چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوان هەردوو وواڵت لەم روانینەوە عیراق زۆر بەگەرمی پشتگیری هەموو ئەو هەنگاوە ئاشتیخوازانەی کۆمەڵ و ئەو دەوڵەتانەی کردووە، کە کەوتنە نێوان هەردوو لا، بەڵام رژێمی خومەینی بەکرێگیراو سەرەرای بەزینی لە هەموو بەرەکانا سوزە لەسەر ئەم جەنگ و بە کوشت دانی لاوەکانی ئێران جا هەروەك سەرەك کۆماری ئێکۆشەر صدام حسین دەڵێت: دوژمن ناتوانێ لە شکاوی بەوڵاوە هیچی تر بدۆزێتەوە، لەسەرێەتی ئەگەر پاشماوەی عەقڵ لای حوکم ڕاکانی ئێران ماوە وەڵامی پێداویستی سەردەم و گەلان و سەربەستی بدەنەوە کە ئەوەیە عیراق سەربەست بژی و ئێران سەربەست بژی، کەسیان دەست درێژی نەکەنە سەر ئەوی تریان و هەریەکەیان رێزی سنوری ئەوی تریان بگرێ و دەست نەخەنە کاروباری یەکەوە سوپاکان بگەڕێنەوە سنوری دەوڵەتی و ڕێککەوتنی ئاشتی مۆربکرێ.

هەروەك سەرەك کۆمار دەست نیشانی کردووە دوژمن جگە لە مل کەچ کردن بۆ ئاشتی هیچ ڕێگایێکی تری لە بەردەما نیە، ئەگینا عیراق ناچارە کە زۆر بەتوندی لێی بدات و گشت دەزگا ئابوریەکانی وێران بکات تا کرنۆش دەبات و دان بە ماقی ڕەوای عیراقدا دەنێت.

سەرکەوتنیش هەر بۆ عیراقە چونکە ئێمە لەسەر هەقین بۆیە خوای گەورەر میهرەبانیش لەگەڵ ئێمەدایەو سەرۆك صدام حسین کە شۆڕەسوارێکی ئازاو لێهاتووە ڕابەرێتمان دەکات و دەورێکی سەرەکی هەیە لە سەرکەوتنمان. . هەروەك فەرماندەی دامەزرێنەر هەقال میشیل عفلق دەڵێت «هاوڕێ صدام حسین نمونەی پلەی بڕهاوتای کارامەیی و داهێنان و پێگەیاندنی تیوریەکی کاربوو کە هەموو ڕوانەتە ئایینەتیەکانی واقیعی ووڵات و ڕوانەتە ئایینەتیەکانی هەموو قۆناغێ لە قۆناغە شۆڕشگێڕیەکانی بگرێتەخۆ لە چوارچێوەی ئاسۆی گشتی جوواڵنەوەی عەرەبی، کە دەسەڵاتی دانا لە خزمەتی بیرو باوەڕداو ئەرخانی کرد بۆ خزمەتی گەل. هەموو ئەم هۆو لاو ڕوانەتانەی کە لەدوای جباوازی ئاقیکردنەوەی عیراقەوەن. بوون بە هۆی ئەوەی عیراق بتوانێ بەرپەچی دەست ـ درێژی خومەینی بدانەوەو سەرکەوتن دابین بکات».

ئازایەتی جەنگاوەرانی عیراق بەرابەرێتی سەرۆکی پێشەوا صدام حسین لە سەرانسەری جیهاندا دەنگی داوەتەوە، بەرامبەر ئازوڕەشی و بەزین و چەپەڵی و درندایەتی ڕژێمی خومەینی ڕەگەزپەرست کە چەند جارێك دیلەکانی عیراقی گوللەباران کردووە. . کە لە هیچ یاسایەکی زەمین و ئاسمانا نەهاتووە دیل بکوژرێت. .

بەڵام ئەم ئەڵقە لە گوێبانەی ئیمپریالیزم و ئایینی ئیسلام کوجا مەرحەبا. .

ئەمڕی و سەربەرزی بۆ شەهیدە قارەمانەکانمان کە بەخوێنی پاکیان داستانی سەرکەوتنیان لە قادسیەی صدام نۆمار کرد. .

سەرکەوتن بۆ گەلی عیراقی مەزن بە ڕابەرێتی شۆڕەسواری ئازاو لێهاتوو صدام حسین.

سەرچاوەکان:

1 ـ الصراع العراقي الفارسي بغداد /1983
2 ـ گۆڤاری ڕوشنبیری نوێ ژمارە 106 ساڵی 1985
3 ـ بەیان ژمارە 106ی نیسانی ساڵی 1985
4 ـ وتاری سەرۆك کۆمار لە هەولێر 1985/4/4
5 ـ وتاری فەرماندەی دامەزرێنەر لە 1985/4/7

هەواڵنامەی کێشە

رۆژی شەهیدان رۆژی سەرکەوتنی عیراق و عیراقییەکانە

سمیرە محمد علي

لەم رۆژە گەلی عیراقی مەزن، لەسەرتاپای عیراق دا ئاهەنگ بە بۆنەی رۆژی شەهیدانەوە دەگێڕن.. رۆژی شکۆدارەکان کەوا وادەو بەڵێنی خۆیان بە جێ‌هێنا، گیانی پاکی نازداریان کرد بە قوربانی زەوی پیرۆز و نازیزی عیراق و شەرەفمەندی گەل و ئاسایشی. گیانی خۆیان لە پێناوی نیستاو پاشەرۆژی عیراقدا بەخشی.

شەهیدان لە گیانی گەل و نەتەوەو بیری میژوودا نەمرن وەکو نیشانەیێکی قوربانیدان و فیداکاری دەمێنێنەوە نیشانەی پالەوانیەتی و قارەمانیەتین. وەکو ئەم رۆژە پێش چوار سال دوژمنی ئێرانی رەگەزپەرستی کینە لە دل و خوێن رێژ تاوانێکی گەورەی دەرحەق بە مرۆڤایەتی کردووە. کە هیچ یاسایێك لە دنیادا، هیچ رژێمێك لە میژووی جەنگ دا کردەوەی ناڕەوای وای نەکردووە. لەوپش کوشتن و تیرە باران کردنی دیلەعیراقییەکان لە شەڕی بستین دا رۆژی 1981/12/1 هەرچی رێکەوتنامەی نیو دەوڵەتی هەیە لە بارەی دیلی جەنگ کردەوی وای تێدا بەدی ناکرێت، چونک هەمیشە بەندو یاسای چاکی تیایە بۆ سامەڵەکردنی دیلەکان بە شێوەیێکی مرۆڤایەتی..

دوور بێت لەکوشتن و بڕین، بەڵام خومەینی خوێن مژ بە مەشەوە نەوەستا، هاتوو، کردەوە چەپەڵەکەی لە نەوردوگای گورگاندا ڕۆژی 1984/10/2 دیسانە دووبارە کردەوە، دیلە عیراقیەکانی داونە بەرگوللەو تیر بارانیکردوون.

دوژمنی ئێرانی خوێن ڕێژ ئەم کردەوە پیس و چەپەڵانەی کە دەیکات کینە لەدڵ و ڕقە بەرایەتی خۆی بە خەڵکی ئێرانی دڕۆو، دژی گەلی عیراق و وڵاتی عەرەب، دەردەبڕێ دوژمنایەتیو ناوانباری خۆی بەرامبەر بە وڵاتەکەمان . بەمە بەڵگەیێکی تری ناشکرای زیادکرد بۆ لە ڕێ لادانی ناپینی ئیسلامیو بیروباوەڕەکانی نەوەشی سەلماند کەوا بەم کردەوە ناپاك و چەپەڵانە بازرگانی بە ئیسلام دەکات وەکو سەرپۆشێك بە کاری دەهێنێ بۆ بیروباوەڕو ئامانجە چەپەڵەکانیو هێنانەدی تەماعکاریو فراوانکاری، بەڵام ئەوەی دەردەکەوێت ناپینی ئیسلامی دوورە لەم تاقمە بێئیشك و گەوجەو لەوڕبڕەوە ناپەسەندەی گرتوویەتیە بەر، تانیستا ڕژێمی ئێرانی ناوانبار . بۆ خرایی لەگەڵ دیلە عیراقیەکان دەجوڵێنێتەوەو هەرچی ڕژێم و یاسا هەیە لە وڵاتانان ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام خومەینی تەڵەکەبازو داروودەستەکەی دەڵێی بایەکەو بەڵای گوێبانەدا دەڕوا، بە پێچەوانەی عیراق کەوا هەمیشە مولتەزیمەو بە باشی مامەڵەی دیلە ئێرانیەکانی کردووە لەویش بە شەهادەتنامەی دەستەی نێودەوڵەتیو ڕێکخراوی خاچی سوور.

هەرچەندە شەڕی دوژمنکاری عیراق و ئێران پێی ناوەتە شەشەمین ساڵەیەوە عیراقیەیە بە جەرگ و نەبەردەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەوە دووپات دەکەنەوە کەوا هەمیشە ئامادەن بۆ فیداکاریو قوربانیدان لە پێناوی نیشتیمانی ناڕیزو مەزن و بەرگریکردن لە سەربەخۆیی عیراق و بیروباوەڕەکانی شۆڕشە مەزنەکەیو دەستکەوتەکانی . . . تانیستاش عیراقیەکان بۆ بەر بەرەکانی جەنگ، بە بەرەکانی سەربەرزیو شەرەفمەندی کێبڕکێ دەکەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ووردبان بەرزتر دەبێ . بێ هێزیو نائومێدی ناڵانێ چیبە . بەو پەڕی هیواو ناڕایەتیبەوە دەجەنگن چونکە هێزیان لە سەر کردەی ناڕیزو خۆشەویستمان هەڵالی نێکوشەر صدام حسین وەردەگرن هەروەها گیانی خەباتێشیان هەر لە سەرکردە ناڕیزەکەمانەوە وەردەگرن، چونکە نیشانەی قارەمانیەتیو ناڕایەتی عیراقەو لە مێژووی عیراقیدا سەرکردەی وا ناڕا دەرنەکەوتووە. کە ناوی عیراق و ئابڕووی عیراق بپارێزێت، سوپای بە جەرگی عیراق لە هەموو بەرەکانی جەنگدا (زرباطیە، جەسان، ڕۆژهەڵاتی بەسرە - سیدەکان، حاج ئومەران، ڕۆژهەڵاتی دیجلە - عزیز . . منت) بەو پەڕی بە جەرگیبەوە جەنگاون بە زەبری توپ و تفەنگ و موشەك و فڕۆکە، ئێرانی دوژمن بە عیراقیان لەت و پەت کردوە، لاشەی دوژمنیان لە گۆڕەپانەکانی شەڕ پرش وبڵاوکردۆتەوە. خومەینی واز ناهێنێت نەوجەوانان و منداڵانی ئێران بەناڕەوا بەرەو ئاگرە سوورەی شەڕ ڕەوانە دەکات بەبێ ئەوە کە هیچ قازانج و هیچ شتێکی دەست بکەوێت لە نووشوستیو شکاوی زیاتر . مێشکیان دەپژێ، خوێنیان دەڕژێو ئەوەشیان لێدەمێنێتەوە بە نا ئومێدی دەکشێتەوە دواوە . خومەینی بەرەو ج گۆماوێکی

خوێناوییان دەبات؟

خومەینی بۆ وادەکات؟

خومەینی چی دەوێ؟

خومەینی ناکەی لە سەر کەللەڕەقیەتیو مل هوڕیەتی خۆی دەمێنێتەوە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە دەڵێین خومەینی دەیەوێ عیراق داگیربکات و بیکاتە گۆڕەپانێکی کوشتارو وێرانی . لەمەش بێگومان دەبێتە مایەی لە دەست چوونی سەربەخۆیی، وون بوونی هەرچی شۆڕش هێناویەتەدی، خومەینی کوێرایی‌دا دێ کە عیراق وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن شارستانیەتی پێشکەوتوو ببینێت، گەلی عیراق و سوپای عیراق بوونەتە پەرژینێك لە سەرانسەری سنووری عیراق، بەرگری لە عیراقی مەزن دەکەن، قەڵایەکن سنگیان لەبەر گوللەو توپی دوژمندا، ڕاگەتوە بۆ پارستنی سەربەرزی عیراق - لەبەر نەوە ناوی شەهیدەکان لە بیر ناچێتەوە بەگەرمی یادیان دەکەینەوە، لە دڵمانا دەنگ دەدەنەوە، لە گوێمان ناوبان دەزرنگێتەوە.

هیوانامەی کتێب

تاقمی گومان لێکراو تا دێت ڕق و کینەی بەرامبەر عیراق و گەلە ڕاگرتووەکەی زیاتر دەبێت و چ تۆپ و چەکی هەیە کە لە زەمانی شای گۆڕ بە گۆڕدا کۆکرابووەوە هەمووی لە شەڕی ئەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا بە کار هێنا هیچی بۆ نەکراو هیچی بۆناکری هەمووی، ئەم کردەوە ناپاك و دڕندایەتیەی خۆی - ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هێزەکانیان دەشکێت و ناتوانن بستێك لە زەوی عیراقی بەزن بە چاو ببینن.. ئەو زەوییەی باوباپیرانمان هەر بە پیرۆزی و پاکی دەمێنێتەوە هیچ دوژمنێك نەك خومەینی بەڵکو چ قەزافی شێت و چ حافظ ئەسەدی دایك جوولەکە ناتوانن پیلان دژی عیراق و گەلە ڕاگرتووەکەی ساز بکەن ،وە هیچ هێزێك لە جیهاندا ناتوانێ پشتمان لە زەوی بدات ،چونکە نەبەردین دەست دەخەینە چاوی دوژمنەوە بۆ ئەوەی مافی خۆمان بیارێزین تۆبەیان پێ بکەین و جارێکیتر نەتوانن بیر لەوە بکەنەوە کە زەرەر بە عیراق بگەیەنن، دەجاڵە داماوەکانی قوم و تاران با تێبگەن، بەڵام کورد ،واتانی ئەو کەسە کەسە حەرفێکی بەسە، شەش ساڵەی جەنگ هیچ تێنەگەیشتن سوپای عیراق و گەلە نەبەزەکەی ئامادەیە شەش ساڵیتر بجەنگن و هەتا هەتایەو بە نومێدو بە هێزێکی نوێیەوەو بە تواناتریش دەبن، 40 ملیون ئێرانی تووش کەساسیو داماوی و دەردەسەری بوون بە دەست ئەم دەجاڵە گەوجە بە شۆڕشێکی سەرتاپاگیر نەبێت لە ناو ناچێت ،ڕۆژی نزیك بۆتەوە بەڵام بە دەست کەس لە ناو ناچێت، مەگەر بە دەست عیراقیەکان نەبێ ،هەر عیراقیەکان لە ناوی دەبەن.

بەڵێ گەلی خۆڕاگری عیراق سەرکەوتووەو هەمیشە سەردەکەوێت بە قوربانیو فیداکاریو ئەو پایەزەردەی لە ئێرانەوە هاتووە تێکیان شکاند، عیراقیان لە دەست دڕێکاری ئێران پاراست، پاڵەوانانی عیراق، جوانترین و پیرۆزترین داستانی پاڵەوانیەتی و خۆڕاگرتن و کەوتنیان تۆمار کرد. ئەوەشیان سەلماند کەوا ڕۆڵەو ئەوەی ئەو پیاوە مەزنانەن کە بە دڕێژایی مێژوو دژی دوژمن جەنگاون و بەسەریدا سەرکەوتوون و بیروباوەڕی دادوەری و ڕاستیو ئاشتیبان بلاوکردۆتەوە. دەوری کوردو کەمایەتیەکانی تری عیراقی دیسانەوە دیارو ئاشکرایەو شان بە شانی برا عەرەبەکان سەربان لە دوژمن شێواندوە وەکو گەلێکی یەکگرتوو بە ناوی عیراقەوە دەجەنگن و ناویان چووەتە لاپەڕەکانی مێژووەوە. لە شاخەکانی کوردستان تا دەگاتە زەلکاوەکانی خواروو دەستی عیراقی بەرزو دیارەو عیراق دەپارێزێت. جوکمرا گومان لێکراوەکانی ئێران هێشتا هەر خەو بەوە دەبینن گەلی عیراق مل کەچ بکەن، بەڵام بە هەڵە چوون و خەیاڵیان خاوە ووێڵن، ئەم خەوە پرووچەڵانەیان قەد بۆ نایەتە دی.

ئێمە لەم ڕۆژە نەمرە لە مێژووی تازەماندا ووتە بە نرخەکەی سەرەکی فەرماندە (صدام حسین) مان بیردەکەوێتەوە کە دەفەرموێت [شەهیدان لە هەموومان شکۆدارترن..] ئەم ووتە بە نرخە لاپەڕەی پرشنگدارو شەرفمەندیمان لە جەنگ وەبیردەخاتەوە، کە چۆن ئەو پیاوە مەردانە دڵسۆزانە گیانی پاکی خۆیان بەخشی لە پێناوی بەرگریکردن لە عیراق و ئەو سەرکەوتنە مەزنانەمان وەبیردەخاتە کەوا بە خوێن تۆماریان کرد. ئەم ساڵەدا کەوا بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە ڕۆژی شەهیدان ئاهەنگ دەگێڕین ،هەست بە دڵنیاییەکی گەورەو بڕوا بە خۆبوون و پاشە ڕۆژ دەکەین، ئەو عیراقەی کەوا شەهیدانی گیانی خۆیانیانی بۆ بەخشی هەمیشە پارێزراوو سەرکەوتوو دەمێنێتەوە

شەهیدبوون و کاری بنیاتنانی مرۆڤی نوێ لە جەنگی قادسیەکەصدام‌دا

ئەخی شەهیدان بە دڕێژایی مێژوو ڕەسەنایەتێکی بە خۆیەوە وەرگرتوە بۆ هۆی ڕۆحی وانە گیانیو بیروباوەڕ بووە. هەروەها مردن هەمیشە لە پێناوی بیروباوەڕ ڕێگایەك بووە بۆ گەیشتن بە پلەی قارەمانیەتیو ئازاهەتیو قوربانیدان - ڕێگایەکە بۆ ڕەچاوکردن و گۆڕینی لە وانا وسیفاتی بیری بۆ ڕاستیەکی هەست پێکراو و چەند شێوەیێکی گرتۆتەوە، بە دڕێژایی ساڵان شەهیدان، بوونەتە نیشانەیێکی نەمر کە جێگای ڕێزلێگرتن و

شانازی پیوەکردن - بوونەتە نموونەیەك لە هەموو بوارەکاندا پەیرەویان بکرێن - هەرچەند ئیژووی نازەمان سەری هەلدایەوە، ئی‌گەیشتنی (مفهومی) شەهیدبوون زیاتر پەیوەندی بە بیرو باوەرو سەربەخۆییەوە بوو. شەهید بە ئەمری لە زەمیرو دل وەدەرووندا بە زیندوویی دەمینێتەوە هەروەها بەخشش تا رادەی قوربانیدان و شەهیدبوون ئەوە دەگەیەنێت کەوا هاوولاتی عیراقی کاتێك شەهید دەبێ وشەرەفی شەهید بوون وەردەگرێ لە جەنگی قادسیەی صدام دا. قوربانی دەدات و بەرگری لە پێناوی ناقی‌کردنەوەیەك دەکات کە تەمەنی تا ئێستا زیاتر لە (17) حەفدە ساڵەو ئەم عیراقییە بەشداریەکی زۆری کردووە لە بنیاتنانی وولاتەکەیو لە لێپرسینەوەی بنیاتنانیدا هەست بەوە دەکات کەوا ئەم ناقی‌کردنەوەیە کاتێك نووشی مەترسی دەبێت و دەژمنان چاوی ئەماحکاری ئێدەبرن... دەبێ ئامادە بن بۆ بەرگری‌لی کردنی لێرەدا ناقی‌کردنەوەیێکی سەرتاپاگیر وەدەردەکەوێت کەوا هەموو گەلی عیراق و ملیۆنەها کەسیان دەگرێنەوە. ناقی‌کردنەوەیێکی تا بیەنە خوێ پەروەردەی کردووەو لێپرسراوێتی.

بەخشش عیراقی لە جەنگی قادسیەی صدام هەمیشە پەیوەندی بە بنەرەت و پێوان هەیە بە ئاشکرا توانای شۆرش دەردەبڕێت بۆ گەیشتنی دەروونی مرۆڤی عیراقیو بنیاتنانی باوەری جەنگی..

ئەمەش سەرکەوتنی سوپایی‌و زانیاری وسایکولوژی وەدەست دەهێنێت و ڕاگرتنی بەرەکانی جەنگ و بەرەی پەرەپێدان و پێشکەوتنی شارستانیەتی بەردەوام دەبێت

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا جەنگی قادسیەی صدام، باری سایکولوژیو ووزەی گەلی عیراقی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرزتر کردووە بە هۆی نیرادەی بەرهەڵستی‌کردن و سوربوون کەوا بە سەر توانای بەردەوامیان بۆ جەنگ ڕەنگی داوەتەوە وەبەردەوام سەرکەوتنی سوپایی‌یان تۆمارکردووە بە درێژایی بەرەکانی جەنگ کە دەگاتە زیاتر لە هەزار کیلومەتر. هەروەها گەشەسەندنی ئابووری وولات و ئامادەکردنی پێویستی‌یەکانی ئاسایش و هێمنی بۆ هەر بستێکی خاکی عیراق. ئەمانە پاڵنەری چاکن بۆ پاراستنی ووزەو گیانی سەرکەوتن. لە لایەن مرۆڤایەتی‌یەوە کەوا ڕەسەنایەتی بیروباوەری حزبی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەری‌بڕی ڕێز لێ‌نانی شەهیدەکانەو ئەو بایەخ پێدانە بێ هاوتایەی حزب و شۆرش داویەتی بە خێزانی شەهیدان و دان نان بە قارەمانیەتی‌و نازایەتی‌یان. جێگەی شانازی‌کردنە. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی جەنگدا. شەهید بوون لە پێناوی نیشتیمان ناقی‌کردنەوەی شۆرشگێری لە عیراق وای لێ‌هات بیێتە بەرزترین مەدالیا. ئی‌گۆشەرەکان و هەموو بە شەرەفمەندەکان کەوا لەگەڵ شۆرش و حزبن وەری‌بگرن بەشداری‌کردن لە بەرەکانی جەنگدا وای لێ هات بیێتە داواکاری‌یەك بۆ هەموو عیراقی‌یەکان. عیراقی خودی خوێ تێدا وەدی‌دەهێنێ بەڵێن و پەیمانی بۆ نیشتیمان و نەتەوەو شۆرش و سەرکردایەتیە میژووی‌یەکەی‌و لە سەرووی هەموویانەوە سەرەکی لێ‌هاتوو وەک شاسواری نەتەوە (صدام حسین) تازە دەکەنەوە. ناقی‌کردنەوەی بەعسی پێشرەو لە مەیدانی بنیاتنانی سایکولوژی‌و ببری مرۆڤ نەوە دەمەڵمێنێن کەوا شەهیدبوون وەکو نرخێکی بەرز پلەو پایەی قارەمانیەتی بێ‌هاوتاو جیاکەرەوەیە..

بەم جۆرە عیراقی‌یەکان هەر وەکو سەرەکی ئی‌گۆشەر صدام حسین خوا ببیارێزێ دەفەرمێ (کاتێك هەرەشە لە نیشتیمان دەکرێت پێویستە هەموو لە سەنگە ڕێکدا بن کەوا نیشتیمان دەپارێزێت و پەرژینی بنەرەتی لەژێر سەرکردایەتی ئەو بەشەی چوونەتە ڕیزی سوپاوە - ئەمە نموونەیێکی بێ هاوتا دەبێت بۆ قوربانیدان و فیداکاری. لە پێناوی گەل و نیشتماندا...

سەرچاوەکان

1 - ڕۆژنامەی الثورە ژمارە - 4945، ساڵی 1983/12/1

2 - ڕۆژنامەی الراصد ژمارە - 762 ساڵی 1984

3 - ڕاپورتی ناوەندیی نۆیەم گۆنگرەی هەرێمانە - حزبیان ساڵی 1982

هەولێر کتێب

شەش ساڵ بەرین لە شەری مەی یاراستنێ

شەرێ قادسیا صەدام

جسیم ابراهیم دوسکی

ئەم بابەتە لە کۆڕێکی فراوان دا لە ناوچەی (سمێل)دا بە بۆنەی تێپەربوزونی پێنج ساڵ بەسەر جەنگی رەوامان دا پێشکێش کراوە

1 ـ هندی باشترە سەرکەفتن مەزنترە.
2 ـ بوچی بو شەر؟
3 ـ ئارمانجا عیراقێ چ بوو؟
4 ـ سەرکەفتن دەستکەفتەکێ نوی بو.
5 ـ بزاڤێت پێك ئینانێ د دەمێ شەریدا.

6 ـ هندی باشترە سەرکەفتن مەزنترە گەلێ عیراقێ بەرف سالا شەشێ ڤە چو لگەل شەرێ مە یێ پیروز شەرێ قادسیا صدام و عیراق موکوم ترە و بهێنترە ژ هەر دەمەکی و ڤان پێنج ساڵێت بوری گەلێ عیراقێ پتر ئێك بگرتی بو و کرە شانەکا ب ئێکڤە مایی و دەست ژ ئێك بەرنە دا و بەرڤ چوتا سالا شەشێ ژ شەری و بسەر بلندی بو هەمی عیراقیا بوری ژ دەمێ بنەجیهـ کرنا روحا سەرکەفتنێ و گەهشتنە سەرکەفتنا دیماهیێ یا کو دوژمنا پێ زانی بەری هەڤالا. ئو دیار بونا بنەجیهـ کرنا روحا سەرکەفتنێ ئەو بو کو نەهێلای خومەینی زفرینا لەشکرێ عیراقێ بو توخیبێ بخو بکار بینیت بو موکوم کرنا بنگەهێت خوێت لەشکەری. ژ داخازیا رەنگێ نوی یێ شەری کارکرنا هاو ولاتیێت عیراقی ژلایێ لەشکەری و سیاسی بو رابونێ بشەری توخیبی و بەردەوامیا شەری چونکی ئەو یەکەمین رێکە بو گەلێ عیراقێ بو بدیماهی ئینانا شەری دژی رژیما خومەینی.

2 ـ بوچی بو شەر و بوچی درێژ بو؟

دیار بو ژ راگەهاندنا ئەمریکی و صەهیونی کو د هاقێنە عیراقێ و پالڤە دانەکا دیار د دەتە ئیرانێ و ئەو باش دزانن ئەگەر و ئارمانجێت شەری چنە و دسەر هەمێ را پالدانا ئیرانێ دکر و خەلك نێت گەهاند کو عیراقێ یادەست بشەری کری و ئەو باش دزانن کاکێ دەست پێ کریە چونکی یا دیار بو بو هەمی جیهانێ ئەگەرێ شەری چونکو گەلەك جارا رژیما ئیرانێ دوو بارە دکر بەری شەری و د دەمێ شەریدا و هەتا ئێکافێ کو بوچی ئەڤ شەرە کر دژی عیراقێ. پشتی رژیما شاهی چوی بچەند روژەکا خومەینی راوەستا و دیارکر ئارمانج و پیلانێت خو بو بەلاڤ کرنا شورەشا خو ئەوا د بڕۆژنۆ(شورەشا ئیسلامی) لجیهانا ئیسلامێ چونکی ما نا وێ د نافْ ئیرانێ دا دیماهیا وێ روخیان و هەرفتنە ڤێجا دەست بێکر ژ عیراقێ و ئارمانجا وی ئەو بو گهورینا حوکمێ عیراقێ برێکا راکرنا هەڤرکیا نافخویی و چەك کرنا وێ و فرێکرنا لەشکەرێ ئیرانێ بو داگیر کرنا عیراقێ. خومەینی و کرێگرتێیت وی دەست بشەری کر دژی عیراقێ ئەڤە هەمی رژیما خومەینی دیار کر بەری شەری باشە دێ چەوا حوکم لعیراقێ ئێتە گوهارتنێ و عیراق ئێتە داگیر کرن و شورەشا وی ئێتە بەلاف کرن یێ شەر؟

ئەڤە دیار بو ئو دەلیل بێت پێ هەین ئو گەلەك ژێ بێت چونکە رێکخراوا دەولەتێت ئێك گرتی دا بێنە سەحکرنێ بو

هەواڵنامەی کۆیە

دیار کرنا یێ دەست بشەری کری.

لقێـرێ دیار بو کو نە بەس خومەینی بریارا شەری دا بەلکو دەست یێ کر بو پێك ئینانێ بلەشکەری و بزاڤ کرن بو تێپەرینێ لتوخبیێت عیراقێ.

3 ـ ئارمانجا عیراقێ یابدروستی چبو؟

ئەرێ هەر دەولەتەکا هەبیت ئەگەر دیت کو جیرانێ وێ یێ خوبێك دئینیت بو ئێرش کرنێ لسەر دەولەتا دی بکارێ لەشکەری بجهـ ئینـا ئەرێ دێ چکـەت؟ لقێـرێ دوو رەنگێت بەرسڤێ یێت هەین ئێـك ژێ ئەوە کو راوستت هەتا کو ئێرش دێتە سەر و بەس بەیانا و ناخفتنا دژی وێ بکـەت و دەست بشکـاینـا بکـەت و شنوی بزاڤێت رزگار کرنێ بکەت و ئەو هەمی چ نائینیت، وەکی هندە رژێمێت عەرەبی کری لگەل ئیسرائیلێ کو وان دزانی بدروستی کو دێ ئیسرائیل ئێرشێ ئێتە سەر ئەردێ وا و ئەوا بناخافتنێ و بەیانێت یێ فایدە دکـرە هەمـوار هەتا کو ئەردێ وان داگیر بوی وخەلکێ وێ دەربەدەر کری وەکی (حافظ اسد) کری کو جولان و لبنان بدەست صەهیونیا ڤە بەردای.

و هندی بەرسڤا دووێ یە ئەوە کو دەلیڤێ نەدەتە دوژمنێ خو کو دربێ خو دانیت و ئەو بەرێ لێدەت ڤێجا ئان برێکا لیدانا بنکەهێت دوژمنی ئان ئێرشێ بکەتە سەر کو دەلیڤێ بدەست ڤە بەرنەدەت و بێتە گوهارتن جهـ و دەمێ شەری وشـەر بێتـە کرن لسـەر ئەردێ دوژمنی لقێـرێ یێ بریارا شەری دای و دەست بشەری کری نەشێت ئارمانجێت خو بجهـ بینیت و وولات دێ ئێتە پاراستن و گوند و باژێر دێ ئێنە پاراستن و بهزارا مروڤ دێ ئێنە پارستنێ.

عیـراقێ ئەڤ رێکـە بژارد کو لێـدانـا بنگەهێت هێزێت خومـەینی وچارەسـەر کرنـا ئێـرشـا وی لسـەر ئەردێ عیراقێ پشتی عیـراقێ نەشیایی برێکـا ئێمـاهیێ ڤێ گفتـوگوێ بدیمـاهی بینیت ئارمـانجـا عیـراقێ ئەڤـە بو کو نەهێلیت خومـەینی ئێرشێ بکـەتـە سەر عیـراقێ و ئەردێ وێ داگیر کەت ئینا قوماندارێا پارت و شورەشێ بریارا مێرانە دا روژا 1980/9/22 و هێزێت ئیرانی پاشڤە برن.

4 ـ سەرکەفتن دەستکەفتەکێ نوی بو.

شورەشا 17 ـ 30 تیرمەها پیروز گەلەك دەست کەفتێت مێـژوویی بێت مەزن دابـون وەکی خومـالی کرنانـەفتێ و ئوتونومی بوگەلێ کورد و بدیماهی ئینانا هەڤرکیێت نافخویی پێك ئینانا بەرا نیشتمانی و پێك ئینانا چڤاتا نیشتمانی و نەهێلانا نەخویندەواریێ و گەلەك ژ دەستکەفتێت دی. بەلێ دەستکەفتێ سەرکەفتنا عیراقا صدام لسەر هێزێت خومەینی ئەوێت کو دهـاتـە هژمـارتنێ هێـزا پێنجێ بو د جیهـانێ دا ئەڤ سەرکەفتنە هاتە هژمارتن لگەل دەستکەفتێت دی بێت شورەشێ و پاراستن بو بو دەستکەفتێت دی چونکی ئەگەر خومەینی ئێرش کربا و عیراق داگیرکربا دا دەستکەفتێت دی هەمی بەرزەبن.

ئو سـەرکـەفتنـا عیـراقێ ژ هەمی لایـەکی و تایـەتی ئەو دربێت ئاسمـانی ئەوێت فروکێت عیـراقێ دانـاینـە جەزیرا (خـەرج)ژ روژا 1985/8/15 و هەتـا ڤێگـاڤێ درب لدیف دربی و ناهێلن کار و بارێت جارەسـەرکـرنێ کاری تیدا بکەن و ئاگری ژێ بتەمرینن و سوتنا خەرج یا ئیرانی دربـەکـا مەزن بو بو رژێمـا ئیـرانی جونکـو ئەو سەروکـانیا دوژمنـداریـا شەرێ خومـەینی بو. و عیـراق بگـەلێ خویێ قارەمـان ڤە نەبـەس لشـەری بسـەرکـەفت بەلکو سەرکەفتنا عیراقێ یا دیارە لهەمی لایێت دی ژ لایێ ئافاکرنێ و پێشڤە چونێ و خوجهیا وێ لنافـ دەولەتێت جیهانێ.

5 ـ بزاڤێت پێك ئینانێ ددەمێ شەریدا

عیراق نە خازنێ شەری بو

بەلکو خودانێ حەقی بو

عیراقێ نەدڤیا بیتە شەر و هەر بزاڤە کا هاتیە کرن بو پێك ئینانێ عیراقێ گەلەك هاری کاری یا بو دای هەر ژ سەرێ شەری و هەتـا ڤێگـاڤێ وەکی روژا 1980/9/28 سەروکێ قومـانـدار صدام حسین ی دیار کری کوئـەم د ئامـادەینـە بو پێـك هاتنێ چەنـد هاریکـارێت هاتینـە کرن ژلایێ کونگـرا ئیـسلامی و رێکخـراوا دەولـەتێت ئێك گرتی و ژ لایێ دەولـەتێت بێ لایـەن (عـدم الانحیـاز) ڤە

بەرسڤا وان عیراقێ گەلەك لاو یادای ئوجیهان هەمی پێ دزانن هەروسا عیراقێ گەلەك بزاف كرن كو شەر چێ نەبیت ژ سەرێ شەری بەلێ سەر رەقیا رژێما خومەینی و دوژمنداریا وا بو عیراقێ و گەلێ خەرەبی بەلكو گەلێ ئیسلامی هەمیێ بو ئەگەرا شەری و چەند دەست درێژی و زێدەكافی لسەر باژێر و گوندێت عیراقێ كرن ژ روژا 1980/9/4 و هەتا 1980/9/22 و ئەڤە چەند ژ وان زێدەكافیا:

1) 9/4 گوللە باران كرنا مەخفەر و باژێرێت عیراقێ (4) جارا و توپ باران كرنا مەندلی و زرباطیا و نەفت خانە

2) 9/5 توپ باران كرنا مەخفەر و باژێرێت عیراقی (4) جارا

3) 9/6 گوللە باران كرنا مەخفەر و باژێرێت عیراقێ دیسا (4) جارا

4) 9/7 گوللە باران كرنا مەخفەر و ئەردێ عیراقی (3) جارا و تێپەرینا فروكەكا لەشكەری (سمتیە) لئاسمانێ عیراقێ

5) 9/8 گوللە باران كرنا مەخفەر و گوندێت عیراقێ شەش جارا و تێپەرینا فروكەكا لەشكەری یائیرانی و توپ باران كرنا وێ باژێر و مەخفەرێت عیراقێ (2) جارا.

6) 9/10 گوللە باران كرنا مەخفەر و ئەردێ عیراقێ جارەكێ.

7) 9/11 توپ باران كرنا نەفتێ و تێپەرینا فروكەكا لەشكەری یائیرانی لئاسمانێ عیراقێ.

8) 9/12 گوللە باران كرنا فروكەكا عیراقێ یا مەدەنی و ئیرشێت فروكێت لەشكری لسەر مەندلی (3) جارا و گوللە باران كرنا پاپورا عیراقی یا تەدریبێ لدەڤەرا (شط العرب).

9) 9/14 گوللە باران كرنا گوندێت عیراقێ جارەكێ.

10) 9/15 گوللە باران كرنا زەورەڤەكا دەوریێ ل (شط العرب) و توپ باران كرنا نەفتێ لخانقین

11) 9/16 توپ باران كرنا بیرێت نەفتێ لدەڤەرا میسان و تێپەرینا زەورەڤەكا لەشكەری یا ئیرانێ لناڤا عیراقێ.

12) 9/17 گوللە باران كرنا پاپورەكا عیراقی

13) 9/19 گوللە باران كرنا مەخفەر و گوندێت عیراقێ لدەڤەرا بەصرا.

14) 9/20 گوللە باران ژ سەفینەكا ئیرانی بو دەوریاتێت عیراقێ لبەصرا. و تێپەرینا دوو فروكێت لەشكەری لناسمانێ عیراقێ.

15) 9/21 گوللە باران ژ زەورەڤەكا لەشكەری یا ئیرانی بو رەخێ عیراقێ و گوللە باران كرنا پاپورەكا بەریتانی و (برج سیطرة الموانئ العراقية)و پاپورەكا كویتی و حەفارەكا عیراقی . و توپ باران كرنا نەفتێ لدەڤەرا بەصرا و پاپورەكا ستفافوری ل(شط العرب) رافعەكا عیراقی گوللە باران كرنا (امرية خفر السواحل العراقية) لدەڤەرا بەصرا و توپ باران كرنا مەندلی و خانقین و قرەتو.

هوسانێ بو وە دیار بو كو رژێما خومەینی یاشەر خواز ئەو بو یا تەعدا كەر و دیسا ئەوە یا دەست پێكەر و ئەڤ زیەدەكافێت مە بو هەوە رون كرین و لگەل هندەك زیەدەكافێت دی وەك سوتنا قونصلیا عیراقي ل (محمرة)و پوپنج كرنا كەل و پەلێت وێ و سوتنا ئالایێ عیراقێ ل پایتەختی و دیسا بەلافكرنا گوتارا ل روژناما و ئیزگێت خومەینی دژی عیراقێ و فرێكرنا كرێ گرتیا بوتافێ عیراقێ دا زەرەرا بگەهینە ئاشتیێ و تە ئاهیا میللەتێ عیراقێ دیسا مەزن و وەزیرێت ئیرانێ هەمی دەما ل وەعز و خیطابێت خو دا هێرش د برنە سەر عیراقا 17 ـ 30ی نیزمەهی بەرامبەر ڤان كارێت نە مروڤایەتی و بەرامبەر ڤێ تەعدایێ و دەست درێژیێ عیراق نەچار بو كو بەرەڤانیێ ژ خوبكەن و ئاخ و دەستكەفتێت خو بپارێزیت ئەڤجا سوپایێ عیراقێ یێ دلشیر زیانەكا مەزن ژ مالی و مروڤا گەهاندە رژێما خومەینی یانە فام و ژ روژا ئێكێ یا شەری هەتا ڤێكافێ لەشكەرێ حەڤێ لەشكەرێ قادسیا صدام هەرێ سەركەفتیە و بشانەهیا خودێ دێ هەرێیەركەفتی بیت و ئەڤ لە لەشكەرەدێ گەلێ ئیرانێ ژ زولم و تاریستانا خومەینی رزگار كەت.

هەوالنامەی كتێب

سەڵاحەدین لە شەڕفرۆشانی خاچدروشمان شەڕەکەی کرێ

د. موحسین محەمەد حوسەین
کۆلێجی پەروەردە / زانکۆی بەغدا

هەواڵنامەی کتێب

پێشەکی:

هەر کە ووتەی «شەڕفرۆشتن» بەرگوێمان دەکەوێت، مێژوونووسە بەناوبانگەکەی بەریتانیا «ئەرنۆڵد توینبی» و بیردۆزەکەیمان دێتەوەیاد کە رووداوەکانی مێژووی پێڵێکداوەتەوە و بە بیردۆزەی «شەڕفرۆشتن و شەڕکرین»[1] ناسراوە، هەروەها ئەو ووتەیەشیمان دێتەوەبیر کە لە بارەی «چاکی یەکان یان باشی یەکانی بەڵاوە»[2] ووتوویەتی، بەڵێ ئەوە بە تاقیکردنەوەی توانای خۆبەخۆی ئەو میللەتە ادەنرێت کە تاج ڕادەبێنک بۆی دەکرێت دەستەویەخەی ئەو شەڕفرۆشی یە ببێتەوە.

موسوڵمانانیش بە درێژایی مێژووی تەمەندرێژی خۆیان لە ڕووی شەڕفرۆشی یەکی زۆردا چوونەتە نەبەردو لەو سەریشەوە بە تینێکی زیاتر و سەربەرزی یەکی شۆختەرەوە گەڕاونەتەوەو هەموو شەڕی فرۆشتنێکیش لەوانەی پێشووی زیاتر کارامەیی و شارەزایی تازەی ترێ بۆ ڕەخساندوون و ووردبانی قایمتر کردووە. شەڕفرۆشی ی خاچدروشمانیش یەکێک بووە لەو شەڕفرۆشی یانەی کە یەخەیانی گرتووە. ئەو شەڕفرۆشی یە کە بە شێوەی دەستدرێژی یەکی ئاشکرا ڕووی دا بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی بارخستن و نشینەیی ی بەدوواهات و ناواکاری یەکی (الاستیطان) ئەواو کەناراوەکانی شامی گرتەوە هەر لە ئەنتاکیاوە کە کەوتووەتە باکوور تا گەیشتە عەسقەلان و (کەرەک) کە کەوتوەتە ئەوپەڕی باشووری ئەو کەناراوانە، سەرەڕای (بەیتولمەقدیس)و میرنشینەکەی (ئەلڕەها) لەناوچەی جەزیرێ.

موسوڵمانانیش کاتێک لە قورسایی ئەو مێردەزمەیە بەخەبەرهاتن، دیتیان کە وا وڵاتەکەیان لەلایەن خاچدروشمانی داگیرکارەوە داگیرکراوە بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو دەستوبرد هێزو توانای مەیدانداری و ڕووبەڕووبوونەوەیان بەبەرخۆدا هێنایەوە ئنجا شەڕکەریاری لە ناوەوە، وانا جموجوڵی بەرگری لە ڕێی

زیندوکردنەوەی توانای پر شارەزایی و چاوکراوەیی و لە ڕێی دووبارەڕاستکردنەوەی دۆخی خوێیاندا، بوو بە چاوگەی ژیاندنەوەی خۆبەخۆی بزووتنەوەو چالاکی. ئەم کارەش ئەوەی چاك بوو کە لە قۆناغی ڕەنگدانەوەی چاولێپۆشی (السلبی)یەوە هاتە سەر قۆناغی بەرپەرچدانەوەی ڕاست و دروست بین و چاوکراوە، دەنا نەدەبوو.

بێگومان، ئەوە شتێکی ئاسایی بوو کە ئەو کارە شەرفرۆشییە دەستدرێژکاریەی خاچدروشمان کردیان هەر دەبوو بەرپەرچدانەوەیێك - دوای ماوەیەکیش بێت - دروست بکات و خەباتێکی نارێکوپێکیش بهێنێتەگۆڕێ، ئەوەبوو لە سەرەتاوە ناشیانەو بەبێ شارەزاییێکی تەواو شێوازی ئەو خەباتە ناتەواوە دیاریکرا، هەرچەندیشە شەرفرۆشییەکە قوول و گران بوو. ئەو دەستدرێژیەی هەندەرانکارە - کە خۆی لەخۆیدا شەرفرۆشییەکە - لە شەرکرپیاریی ناوەوە بەهێزتربوو، بگرە ئەمیان لەوپانەوە هەڵقوولاو دروست بوو. چونکە شەرفرۆشیی هەندەرانکار وەزەنی بۆ مان و ژیان هەیە، هەرچی شەرکرپیاریی ناوەوەشە ئەمەیان شەرکرپیاریەکە بۆ چوونێتی و چاکەی ئەو مان و ژیانە دێتەمەیدان، جا با بزانین ئەو شەرکرینە لە خاچدروشمانی شەرفرۆش چۆن چۆنی ڕووی‌داو بە چی گەیشت.

لێکۆڵینەوە

موسوڵمانان - ج فەرمان بەدەست و چ گەل - لە سەرەتاوە ئەوەندە گوێیان نەدایە ئەو داگیرکاریەیە ناکاوەی لە ووشکانی و لە دەریاشەوە قەومان، چونکە لەشکرو هێزشی داگیرکاران - هەرچەندیشە گەورەو گران بوو - بەڵام لەوە نەدەچوو کە مەترسیێکی گەورەی لێبووەشێتەوە، بەتایبەتیش وڵاتی موسوڵمانان لەو ناڕەحاتوانەی کە پشتیان لە ژێر باری گرانی دواکەوتوویی‌ی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا چەمابوونەوە، شارستانێتیێکی ڕەسەنترو سامانێکی پترو دەوڵەمەندترو شارنشینتر هێزێکی زیاترو نشینەبێکی زۆرترو جبەخانەو خاروباری ئامادەو پوختەتر بوو، بەڵام دۆخی ئامادەیی‌ی موسوڵمانانی ڕۆژهەڵات ئەوەبوو پچڕپچڕ بوون و یەکێتی‌یان نەبوو بەتایبەتیش وڵاتی شام کە بووبووە مەیدانی دەستدرێژکاری‌ی خاچدروشمەکان. لەو سەرزەمینەی شامدا مل ملانێ لە نێوان میرە سەلجوقی‌یە هاوکێنەکاندا بەرپابوو بوو، بە تایبەتیش دوای مردنی (تەتش) لە سالی 488ك - 1095زدا، ئەوەبوو دوای خۆی، هەردوو کوڕەکەی (ڕەضوان و دەقاق) لە حەڵەب و دیمەشق جێگەیان گرتەوە، هەروەهاش ئەو دەورەی کە (فاطمی)یەکان لە میصردا گێڕایان، ئەوەبوو دەملیك ئەلئەفضەل شاهنشاە کە وەزیری خەلیفەی فاطمی‌یەکان بوو، بەرەو قودس هات و خستی‌یە سەر میصر. دۆخی ڕۆژهەڵات لە سەدەی پێنجەمی کۆچی‌دا کە سەدەی یازدەهەمی زایین دەگرێتەوە، ئاوەهابوو کە باسمان کرد. هەرچی دۆخی موسوڵمانانی ڕۆژئاواش بوو، وانا (ئەندەلوس و سقیلە)وە نەبێ لە هی ئەمان باشتربووبێت، چونکە ئەستێرەی خیلافەتی ئەمەوی‌یەکانی ئەندەلوس بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئیسپانی‌یەکانیش لە باکوورەوە بە ئامانجی دەرکردنی موسوڵمانەکان دەستیان کرد بە بزووتنەی (سەندنەوەی ئیسپانیا)، هەروەها نۆرمانیش لە سالی 409ك - 1018ی زایینیدا بۆ یارمەتەدانی ئیسپانیان کەوتنە لەشکرێرانی. سەرەڕای ئەوانەش تای گاورانی ڕۆژئاوا لە تەرازووی ناوچەرگەی دەریای ناوەڕاستدا کەوتە لاسەنگی و پیزایی‌یە ئیتالی‌یەکانیش ئەوەبوو لە سالی (407ی‌ك - 1016ی‌ز)دا دورگەی سەردینیایان داگیرکرد، نۆرمانیش دوای شەڕێکی سێ سالە کە تا سالی 484ی‌ك - 1091ی‌ز[7] درێژەی کێشا دورگەی سقلیەیان لە موسوڵمانان سەندەوە. هەڵومەرجێکی وەها هیچ جێگای سەرسوڕمانی تێدانی‌یە کە بیبێتە هەڵێك و بنەمایێکی دەم شیرینکەری هەندێك لە نۆرمانەکان - بە میر بۆهەمەندیشەوە بۆ فەرەنگەکانیش سەربار، کە دەم لەوە داچەقێنن چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوادا چەند پاشانشینێك بۆ خۆیان دابمەزرێنن. لەبەرئەوە ئیمە دەڵێین کە هێرشەکانی خاچدروشمان بۆ سەر ڕۆژهەڵات تەواوکاری‌یێکی زنجیرەی ئەو

هەوالنامەی کێبڕکێ

هێرشانەبوون کە لەوەپێش لە رۆژئاوادا سازکران، مێژوونووسی بەناوبانگیش (ئینولتەئیر) هەروەهای ووتووە (کە لەمەودا ئەوەش دەبینین)[4].

لە ساڵی (490ی‌ك ـ 1095ی‌ز)دا پاپا فەرەنسایی بە شەرخوازەکە (ئوربانی دووەم) خۆی بە فیت و گاڵدان پاپایەتی‌یەکەی بە خەبەر هێناو رای‌پەراندو دەستی‌کرد بە کۆششی یەکخستنی توانای خەڵکەکە بە لەناوبردنی پاشاگەردانی‌ی دەرەبەگی‌و نەهێشتنی خراپەکاریی سوارچاکان و لێخۆڕینیان بەرەو رۆژهەڵات کە لەوێ دەستەڵاتی خۆیان بسەپێنن و ئالای خۆیانی لێهەڵبکەن. ئەو دەورەی ئەو کابرایە لەودا گێڕای وەکو یەکێك وایە کە بە هاش وهووش گیانی ڕق و کینە لە دەروونی خەڵکی‌دا بهرووژێنێت و بە ووتاردان و درۆو دەڵەسە هەموو شتێکی راست و ڕاستەقینە لە بەرچاوی ساکارو نەفامان لێڵ بکات و بی‌یان خەڵەتێنێت و وەهایان لێ بکات بکەونە دووی خەیاڵی شتێك کە دەنگی هەبوو، ڕەنگی نەبوو، جارووبار دەماری کەللەشەقی‌ی تێدا دەبزواندن و جارجارەش ئاگری کینەی ڕەگەزپەرستی‌ی لە دڵ و دەروونیاندا خۆش دەکرد. بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوەبوو کە پاپایەتی (بەو هەموو فرەفێڵەشەوە) نەیتوانی مەبەستی ڕاستەقینەی دڵی خۆی بشارێتەوە، ئیتر نیشانەی گەنجینە ژێرزەوی‌یەکەوتووەکان و دەشتە بە پیتەکان و مەملەکەتە گەورەکان و بازرگانی‌یە قازانج مسۆگەرکراوەکانی عیراقی؟ هەموو بۆ هەڵ دان کەوا گشتیان چاوەڕوانی ئەوانن.

ئەم ڕەفتاری قایل کردن و تامی‌دان و لێك ڕاکێشان و دەمارئاژنینە، واتا ئەم کرداری مێشك شتنە» بە شێوەیەکی بەردەوام دەکرا تا خاچدروشمان کەوتنەخوار لە ماوەی دوو سەدەدا هەشت لێشاوی دوابەدوای یەکیان بە پشووی جیاواز لەیەك هێنایە سەر وڵاتی موسوڵمانان.

ئەگەر بۆ هۆیەکانی سازدانی ئەو هێرشانە بگەڕێین کە خاچدروشمان کردیان دەبینین کە پاپایەکی وەکو ئەو کابرایە یەکێکە لە ڕیزی چەند هۆیەکی تریشدا، کە شاو سوارچاك و میرەکانیش یەکێکن لەو هۆیانە، ئەمانەش دەیانویست نیازی اترسناکبازی‌و داگیرکاری‌و ووڵاتانگیری‌و دەستەڵاتداری‌ی خۆیان وەدی‌بهێنن ـ لێشاوی بەردەوامی نورمانەکانیش ـ لەو ڕۆژانەدا ـ کە لە باکووری‌ەوە هەڵمەتیان لە دەریاکان دەناو لە ڕووباران پەڕینەوەو بەرەوئنگلستان و فەرەنساو ئیتالیاو سەردنیاو سقلیە دەهاتن ئەوەش هۆیەکە لەو هۆیانە. دوابیش بازرگانانی ئیتالی‌و بوندوقی‌و جنیڤی‌و بازرگانە پیزایی‌یەکان و بازرگانانی‌تریش کەوتنەچاوەچاوی ئەوەی بازرگانی‌ی ووڵاتی ڕۆژهەڵات بگرنە دەستی خۆیان و ڕچەو ڕێگای ڕۆژهەڵاتی ئاوەدان و پڕ سامان و شارستان بۆ خۆیان بەتاڵان ببەن.

بە کورتی، ئەو شەڕانە ئەنجامێك بوو لە ئەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیەی کە ئەو پاپایە لە شاری «کلیرمۆنت» لە فەرەنسەدا بانگی کۆبوونەوەی بۆ هەڵدا.

خۆ ئەگەر شەڕەکانی خاچدروشمان ـ بە لایەنی کەمیشەوە ـ بە شەڕی گاوران و موسوڵمانان دابنێین و بەو چاوە سەیری‌بکەین، ئەوا دەتوانین لەم ڕووەوە بە دەماری ئەو بزووتنەوەیەی دابنێین کە لە ڕۆژئاوادا (بزووتنەوەی سەندنەوە)یان پێدەگوت و ئەم جارەیان ملی‌نا لە ڕۆژهەڵات، دەشتوانین بنەماکانی هاوبەشی هەردووکیشیان پیشان بدەین کە لە هەردوو ناوچەکەدا بریتی‌بوو لە شمشێرپاچی گەلی موسوڵمانان. بەڵام وا دیارە کە گاورانی ڕۆژئاوا ووڵاتی ئەندەلوسیان بە مۆلکێکی پەتی‌ی خۆیان دادەناو دواییش وەها دەرکەوت کە لە کوشتاری عەرەبی موسوڵمانی ئەو ووڵاتەدا قرکاری‌و بنەبرکردنێکی تۆندوتیژیان خستەکار.

بەڵام ئامانجی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتدا وا دەرکەوت کە دەیانویست هێزەکانی ئیسلام ـ کە هێزی کارهەڵسووڕێنی ناوچەکە بوون ـ بە جارێ لەناوببەن ـ هەر بەو جۆرە، ڕۆژئاوا ـ کە د. حەسەن حەبەشی پێی وایە ـ سەرگەرمی ئەوەبوو کە هەندێ ناوچەی عەرەبنشینی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەیێکی ئەوتۆدا بکەن بە ماڵ کە ڕۆژهەڵاتی‌و ڕۆژئاوایی‌یەکانیش پێکەوە بە مەبەستی جێکردنەوەو داکردنی ئەوروپایی‌یەکان[5] تێیدا بکەونەکار.

لەو تێبینی‌یانەش کە سەرنجیان ڕاکێشایێت ئەوەیە کە مێژوونووسی گەورە ـ ئینولتەئیر ـ لە باسی شەڕەکانی

هۆڵانامەی کتێب

خاچدروشمانـدا که له سالی (491ی‌ك ـ 1098ی‌ز)دا له باکووری شام گچکه شاره‌کەی ئەنتاکیایان داگیرکرد، وای به‌لاوه باش بوو که باسه‌که‌ی یه‌که‌وپراست به‌و شه‌رانه‌ی ئه‌نده‌لوس و سقلیه‌وه ده‌ست پی‌بکات که له نێوان موسوڵمانان و گاوراندا رووی‌دا. ئه‌مەش ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌خات که ئه‌و مێژ وونبوونه دنیادیته‌و شارەزایه به ووته‌ی ڕەوان بزووتنه‌وه‌ی خاچدروشمانی له قۆناغه‌کانی ئیمپراتۆر سقلیه‌و باکووری ئه‌فه‌ریقاو شامدا پێکه‌وه‌به‌ست و به یەك بزووتنه‌وه‌ی دانا. شه‌ڕه‌کانی خاچدروشمانیشی له ئه‌نده‌لوسدا کرد به ڕچه‌ی ووته‌و باسی شه‌ڕه‌کانی شامیان. ئه‌وتا ئیبنولئه‌ثیر له باسی ڕووداوه‌کانی سالی (491ی‌ك)دا ـ ئه‌وه‌ی ووتمان ـ ده‌ڵێت: «ده‌وڵه‌تی فه‌ڕه‌نگ له سه‌ره‌تای دامه‌زران و ڕه‌گداکوتان و به‌هێزبوونی‌دا به‌ره‌ووڵاتی موسوڵمانان هاتن و له سالی (471ك ـ 1085ی‌ز)دا هه‌ندێکیان داگیرکرد، ئه‌وه‌بوو له وڵاتی ئه‌نده‌لوس شاری (تولەیتوله)و هه‌ندێ شاری‌تریان گرت، ئه‌وجا له سالی (484ی‌ك ـ 1091ی‌ز)دا به‌ره‌و سقلیه چوون و ئه‌ویشیان کرد‌به‌مالّ و لایاندایه که‌ناره‌کانی ئه‌فه‌ریقاش و (واتا تونس) هه‌ندێکیان لێ‌کرد به‌مالّ و لێیان سه‌ندرایه‌وه، دوایی جێگه‌ی‌تریان لێ‌ده‌ستکه‌وته‌وه. کاتێکیش سالی (490ی‌ك ـ 1098ی‌ز) هاته‌به‌ره‌وه ئه‌م جا به‌ره‌و وڵاتی شام که‌وتنه‌ڕێ»[6]

واتا ئیبنولئه‌ثیر به چاوێکی گشتیین (نظرة شمولية) سه‌ره‌نجی له‌و مه‌ترسی‌یه‌ی ده‌ره‌وه داوه‌و هه‌ر ده‌ستدرێژی‌یه‌کیش تووشی هه‌رلایێکی جیهانی موسوڵمان نشین بووبێت ج له ڕۆژهه‌ڵات و ج له ڕۆژئاوادا به لقێکی ئه‌و لێشاوه گه‌وره داگیرکاری‌یه به‌ته‌گبیره ڕێکوپێکه ده‌ستنیشانکه‌ستەو گه‌له‌کۆمه‌کتامێزه له قه‌ڵه‌م داوه که بۆ له‌ناوبردنی گه‌وره‌ترین هێزی شارستانێتی‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاست، واتا بۆ ڕامالّکردنی ده‌وڵه‌ته عه‌ره‌به‌که‌ی موسوڵمانان که‌وتبووه لرفه‌و له ترکه‌و لووره‌دا بوو. ئه‌وه له‌ولاوه بووه‌ستێت، له لایه‌کی‌تریشه‌وه ئه‌م مێژ وونبوونه به چاوه تیژه‌کانی هۆی سه‌رکه‌وتنی ئه‌و داگیرکاری‌یه سێ‌قۆڵی‌یه پرده‌ستکه‌وته ده‌ستووبرده‌ی سه‌رکه‌وتنی ئه‌و داگیرکاری‌یه‌ی به ئه‌واوی دۆزی‌یه‌وه که بریتی‌بوون له ڕه‌فتاری پچڕپچڕی‌و دووبه‌ره‌کی و ئیرنه‌خۆری‌و بی هیممه‌تی‌ی ده‌زم‌ه‌ر به‌ره‌ی موسوڵمانه‌کانی ڕووبه‌ڕوو، ئه‌وانه‌ی که ده‌وڵه‌ته‌که‌ی ئیسلامیان داممه‌زراندبوو[7] ڕای مه‌ردانه‌ی ئه‌و مێژ وونبوونه بۆ ئه‌مڕۆش ـ هه‌رچه‌ندیشه سه‌ده‌ی ئه‌و تا ئه‌م سه‌ده‌یه‌ی ئێمه[8] سه‌رژه‌مانێکی دوورودرێژیان که‌وتووه‌ته نێوان ـ له‌گه‌ڵ ئه‌و ئه‌رکه پیرۆزه‌ی که پێویسته مێژ وونبوونێکی پاك و ڕاستی‌خواز ج عه‌ره‌ب بێت و (ج عه‌ره‌بیش نه‌بێت) بچێته ژێرباری له هه‌ر کاتێکدا نیشتمانه‌که‌ی تووشی مه‌ترسی‌ی داگیرکاری‌ی سه‌ربازی‌و ڕامیاری‌و شارستانێتی‌ی بیانی‌یان بێت نه‌خوازه‌لا به‌و شێوه ئالۆزو گرانه‌و به‌و چه‌که قڕکه‌ره به هێزترانه‌ی که ئێستا هه‌یه،[9] یه‌ك ده‌گرێته‌وه؟

ئێمه لێره‌دا باسی کاره‌ساتی سه‌ربازی‌و دێژه‌ی چه‌نوچۆنی ئه‌و کاره‌ساتانه ناکه‌ین چونکه ئه‌نیا ئه‌و ڕه‌شه‌کوژه درندانه‌یه‌ی له یه‌ك شاردا کردیان که مه‌به‌ستمان شاره‌که‌ی قودسه به‌ڵگه‌یێکی ئاشکرای ئه‌و کاره‌ساته خۆێنینانه‌یه، ئه‌وه‌بوو له‌و شاره‌دا که‌وتنه شمشیرپاچی گه‌ردنی موسوڵمانان و سه‌ربڕی‌یه‌کی ئه‌وتۆیان نایه‌وه مووچڕکه به دڵ و ده‌رووندا دێنێت، به جۆرێك که خۆێنی بێ‌تاوانان به شه‌قامه‌کاندا چۆراوگه‌ی به‌ست و بگره لافاوی خۆێن دای له ئاوزه‌نگی‌ی

ئه‌سپ سوارانی خاچدروشم، که ئێواره‌ش داهات و ڕۆژئاوابوو، دیاربوو که ئێستۆپێی‌ی ده‌رووێیان به خۆێنی موسوڵمانان شکاندووه، جا ئه‌وجا چوون و به ڕیز ڕوو له خوای گه‌وره بۆ سوپاسگوزاری‌ی ئه‌و سه‌رکه‌وتنه‌ی که به‌سه‌ر عه‌ره‌ب و موسوڵمانداندا پێی به‌خشیبون له‌پی به خۆێنی بێ‌تاوانان ـ سووربوویان بۆ به‌رزکرده‌وه.[10] ستیڤن ڕه‌نسیمان ده‌ڵێت:

ئه‌سابکاری‌ی (به‌یتولمه‌قدیس) داخێکی قوڵی پر ده‌رووێی له هه‌موو لایێکی جیهاندا چه‌سپاندو، سه‌ربڕاوانیش به ئه‌واوی چه‌ندبوون ئه‌وه نه‌زانراوه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی زانراوێت ئه‌وه‌یه که شاره‌که نشینه‌ی موسوڵمانی تێدانه‌ما. ئه‌م مێژ وونبوونه ئه‌وڕوپی‌یه ناسراوه دێژه‌ی پێ‌ده‌دات و ده‌ڵێت: موسوڵمانان تا ئه‌و کاته‌ش ئاماده‌بوون که ده‌ست به ڕووی فه‌ڕه‌نگه‌وه نه‌نێن و جێگایان بکه‌نه‌وه پێیان قایل بن چونکه بوونه سه‌ربارێك و

هۆبەکی تازەی ئەو دۆخە ڕامیاریەیە ئالۆزەی کە ئەو سەدەیەی گرتبووەوە، بەڵام دوای ڕەشەکوژەکەی قودس ئیتر پێیان داگرت و سوور بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە دەربان کەن، دەمارگیریی ئیسلامەتیش نەوورۆژاندبو بەڵکو دەمارگیریی گاورگەریی (خاچدروشمان) وورۆژاندی، ئەو خوێنڕشتنەش کە کردیان بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە. لەبەرئەوە هەر هەوڵ و کۆششێك کە - دوای ئەو بەزمە - هەندێك لە ژیرپیاوانی لاتین «مەبەست خاچدروشمانە» دایان بۆ دۆزینەوەی زمینەیێك کە هەردوولا

بشوانن بناغەی ژیانی هاوکۆمەکی لەسەر دابمەزرێنن، بیرەوەریی ئەو قڕکارییەی کردبوویان «بە وێنەی ئەم ڕەشەکوژییەی دێریاسین و - وەکو ئەم سەربڕکارییەی سەبراو شاتێلا» دەهاتەوەیادو بیراوبیر نەگەڕەی دەخستە ڕێگای پێکهاتن؟[11]

دوادانەوەی ڕێکوپێکی شەڕفرۆشیی خاچدروشمان:

دوادانەوەی دەستدرێژکاریی خاچدروشمان بەو دەستوبردە نەکرا کە جەماوەری چاوکراوەی خەڵك خۆزگەیان بۆدەخواست، چونکە کارێکی دەستوبردی وەها ماوەی دەوێت و پێویستی بە ڕێکخستن و تەگبیرەو دەبێت هەموو ڕیزەکانی بۆ یەك بخرێت و سەرکردایەتی یێکی ئەوتۆی پێویستە بێت کە بە گرانی ئەو ڕووداوە گران بێت و بتوانێت بچێنە ژێرباری ئەو بەرپرسیارییە گەورەیەو ئنجا نۆرەهێرشی پرتوانای خۆی دەست پێبکات.

سەرەتاش لە عیراقەوە، لە موسڵەوە دەستی پێکرد کە هەموو کارویارێکی لەژێر دەستی (شەرەفوددەولە مەودود) لە ساڵی 501ی‌ك - 1107ی‌م دا جێگای خۆی گرتبوو. ئەو پیاوە لەسەر قایل بوونی براکەیو بە پشتی ئەو توانیی لە دڵ و دەروونی موسوڵماناندا هەستی شەڕگەڕاندنەوەو گیانی شەڕکرین و حەزی لە دەم دانەوەی دەستدرێژکاری زیندوویکاتەوەو بۆ ڕێگەی غەزاو ئازادکردنی خاك بیانخاتەجۆش و تا چوار ساڵ پێش مردنیشی بۆ ڕابەڕاندنی ئەو ئەرکەی کە خۆی بۆ تەرخان کردبوو بە گەرمی تێکۆشاو ووریەبەرنەدا. لەو ڕاسپاردەیەشدا کە بۆ جێنشینانی خۆی جێیهێشتبوو داوای لێکردبوون کە لەسەر پێوشوێنی خۆی بڕۆن و لە خەباتی ڕێکوپێك دڕێغی نەکەن و بەردەوام بن.

ئەمانیش، ئەوەی زانراوبێت ووڕەیان بەهێزبووەو لەسەر دڕێژەپێدانی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن سووربوون. ئەمەش وەهای لە میرانی جزیرێی فورات کرد - بە تایبەتیش میر ئیلغازی کوڕی ئەرتەق - فەرمانبەدەستی ماردین کە دووی ئاوات و کردەی مەودود بکەون و لەسەری بڕۆن.

ئەوەبوو میر ئەرتەق لە ماوەی نێوان ساڵانی (512 - 517 ك 1118 - 1123ی‌ز)دا چەند هێرشێکی کردە سەر خاچدروشمان و حەڵەبی خستەوە سەر موڵکەکانی خۆی. کە (عیمادوددین زەنگی)ش لە ساڵی 521هـ /1127 دا بوو بە فەرمانبەدەستی موسڵ، ئەوجا موسڵ جڵەوی سەرکردایەتی کردنی سەردەمی بەشاگاهاتنەوەی موسوڵمانانی گرتەدەست و لەسەری ڕۆیشت ئەوەبوو دوای چەسپاندنی بناغەی فەرمانڕانیی خۆی کارێکی سەربازیی قارەمانانەی بەجێهێنا، ئەم ئیشەشی ئەوەبوو کە هات سەری لە خاچدروشمان شێواندو وەهای خەڵکیتاندن کە گوایا ئەم لەشکڕانیەی بۆ سەر ئەوان نییەو سەرگەمێ کارێکیترە لە دیاریەکرو لە تاوانا خاچدروشمانی هەر لە بیریش نەماوە، تا بە تەواوەتی چاوگێڕان و هەواڵفۆستانی (المراقبون والاستخباریون) خۆی لەوە دڵنیایان کرد کە «جۆسلان»ی خاچدروشمیش - میری ڕەها - هەر وای لێ تێگەیشتووەو بە فێڵەکەی نەزانیوە، ئەوجا «عیمادوددین» دوای ئەوەی بە تەواوەتیش دڵنیایی لەسەر موسڵیشەوە پەیداکرد، ئەم شارەی جێهێشت و بە لەشکرەوە ڕووی‌کردە ڕۆژئاواو لە فورات پەڕیبەوەو لە مانگی (جەمادی لئاخیرە)ی ساڵی 539ی‌ك - کانونی یەکەمی 1144 ی‌زدا لەناکاو پەلاماری ڕەهای داو تا ماوەی بیست وهەشت ڕۆژ کۆشتاری لەگەڵداکرد، دوای ئەوەش بەڕۆکی بەرتەداو وەهای تەنگەتاوکرد تا بە تۆپڕیو بە زۆری کوتەك داگیری‌کرد، ئەوجا نەوەستاو شاری (سروج) یشی کەوتەوەدەست و هەموو ئەو ناوچانەی ڕۆژهەلاتی فوراتیش کە بە دەست فەرەنگەوە بوون - بیرە - ی لێدەرچێت، دەنا پاکی سەندەوەو خستیە ژێر ئالای خۆی.

هەوڵنامەی کتێب

کاتێك هەوالی ڕووخانی میرنشینێکی خاچدروشمان کە لە ناو وڵاتی ئیسلامدا بنکەی لێ داوەو عیمادوددین زەنگی داگیری کردووەتەوە، گەیشتە هەموو لایەکی کەرتەی ئەورووپا، بەم هەواڵە ترسێکی تەواو دای گرتن و کەوتنە هاوارو هاناو براکانی ڕۆژهەڵاتیان و بۆ سازکردنی هێرشێکی خاچدروشما نەی تازە دەستیان بە بانگهەڵدان کرد، پاپای نازەش پیرۆزیایی لەم بانگەوازە کردو لویسی حەوتەمی شای فەرەنسا، کۆنرادی سێیەمی شای ئەڵمانیش بۆیان سەندەوە (استجابا لها)و دوو لەشکری گەورەیان سازداو کاروانی لەشکرڕانی‌ی تازە واتا هێرشی دووەمی خاچدروشمان بەرەو نیشتمانی موسوڵمانان کەوتەڕێ. ئەم لەشکرڕانی‌یەش ڕێگای ووشکانی‌ی گرتەبەر، بەڵام دوایی ئەو دوو شا مەزنە بۆ ئەوەی سەربازەکانیان لێك نەکەون هەریەکەو لەشکری خۆی بە ڕێگایێکی جیاوازدا برد.

بەڵام شای ئەڵمان زۆربەی سەربازانی لەشکرەکەی خۆی لە ئاسیای بچووکدا لە کیس چوو، لەبەر ئەوە ناچار گەڕایەوە بۆ پایتەختەکەی دەوڵەتی ڕۆمان (پیزەنتی) واتا بۆ شاری قوستەنتینی‌یە، دواییش شای فەرەنسا هەوڵی ئەوەی دا کە لەگەڵ شای بەیتولمەقدیس لەڕێی سازکردنی هێرشێکی هاوبەشەوە پێکەوە سەر دیمەشق، پێکهاتنێك ببەستێت، ئەو پێکهاتنە هەرچەندیشە کراو هاتەگۆڕێ بەڵام هێرشەکە سەرنەکەوت و زووبەزوو شکا، چونکە نوورەددین مەحمود لە حەڵەبەوەو سەیفوددینی غازی‌ی براشی لە موسڵەوە بە هەڵەداوان گەیشتنە ئەوێو نەیانهێشت دیمەشق بکەوێتە ژێر چنگی فەرەنگەکانەوە، شکستی ئەم هێرشەش دڵخۆشی‌یێکی تەواوی خستە ناو بەرەی موسوڵمانانەوەو، ئیتر گیانی بەرگری تا دەهات پرباوەڕتر و سەرتر دەبوو، ئەوەبوو لە سەردەمی کورەکەی زەنگی‌و (ئەلمەوجاهید نوورەددین مەحمودی)ی جێنشینی‌دا یەکێتی‌ی نێوان موسڵ و شام و میصر دامەزراو هێزی موسوڵمانان قورسایی‌یێکی زیاتری خستە سەر پاشانشینەکەی بەیتولمەقدیس، بەڵام لەو قۆناغەدا نەیانتوانی ڕزگاری بکەن.

ئەو ڕووداوانەش کە لە میصردا دوایەدوای یەك ڕووی‌دا ،بوو بە هۆی ئەوەی کە نوورەددین مەحمودو خاچدروشمان بۆ داگیرکردنی میصر بکەونە پێشەبرکێ. ئەوەبوو ئەو وڵاتی میصرە هەر لە نیوەڕاستی سەدەی شەشەمی کۆچی/دوانزەهەمی زایینەوە لەسەر فەرمانڕانی و پلەوپایەی وەزیری ڕقەبەرێ‌و بەربەرەکانی‌یێکی وەهای تێ کەوتبو کە پەشێوی بانی بەسەردا کێشابوو. لەبەرئەوە خاچدروشمان بە تۆندی چاویان لەو دۆخەی میصر بڕیبوو، دۆخێکی وەهاش پەیدابوو کە دەتوانین ناوی‌بنێین (مەسەلەی مصر لە سەردەمی فاطمی یاندا) لەو کاتەدا کە وەزیرەکانی دەوڵەتی فاطمی بەوە قایل بوون کە سالانە پارەیێکی زۆر بدەن بە خاچدروشمان بۆ ئەوەی لە بەڵایان بەدوورین دۆزمنایەتی‌ی دوو وەزیرە براکەش «ضرغام» و «شاور» کە لەسەر پلەو پایەی وەزیری کەوتبووە نێوانیان، بوو بە هۆی ڕاستەوخۆی ئەوەی کە لەشکرڕانی‌ی شام (هی نوری)و لەشکرڕانی‌ی خاچدروشمانیش بۆ سەر میصر دەست پێ‌بکات و هەردوو لەشکرەکە لە شامەوە ڕوویان کردە میصر.

چونکە ئەو کاتە ئەو دوو وەزیرە هاوڕێ هەریەکەو خۆیان دابووە پاڵ یەکێك لەم دوو هێزە تا بە پشتیوانی‌ی ئەمان بگەنە پایەی وەزارەت.

لە هێرشی سێیەمی شامدا کە هەمووی ئەسەدەددین شێرکۆ - سەرکردەی لەشکرەکەی نوورەددین - سەرکردایەتی‌ی کردو (سەلاحەددین یوسف کوڕی ئەیوب)ی برازاشی لەگەڵ بوو، ئەو لەشکرەی نوری لە میصردا دایکوتاو شێرکۆ بوو بە وەزیر، دوای مردنیشی، برازاکەی جێگای‌گرتەوە، ئەم خیلافەتی فاطیمی پووچ کردەوەو لای‌دا، دوایی‌ش نوورەددین مەحمود مردو سەلاحەددین هاتە جێگای‌و یەکێتی‌ی میصرو شام و جزیرێ‌ی بە موسڵیشەوە، لەژێر ئالای خۆی‌دا تەواوکرد بۆ ئەوەی خاچدروشمان لە نێو هەردوو کەڵبەی ئەو شێرەدا گیریکات، بێ‌گومان بەکێتی لەڕێی ئازادی‌دا بوویو بە ڕێگەو شێوازی خەبات و بوویووش بە - ئامانج - و، لەڕێی یەکێتی‌یەوە کوتەکی پشتشکێن لە داگیرکاران دەدرێت، چونکە مانەوەی داگیرکاران لەسەر پرشوبڵاوی‌و جۆراوجۆری‌ی سەرکردایەتی‌یەکان وەستاوە، هەروەها ئەو سەرکەوتنە

هەوالنامەی کتێب

مۆڵەتکارەش کە لە داگیرکردنی زەمینەکانی ئیسلام لە شامدا هێنایانەدی بەهۆی کۆرکۆڕێنی (التشرذم)و فەرمانڕانەکان و پچڕپچڕی ڕیزەکانی موسوڵمانانەوە وەدەستیان هێنا. ئەمەش وەنەبێت نەبینی بێنیاز بووبێت و نەزانراوبێت، بەڵام چارەسەرکردنی، ڕەنگ ڕشتن و پیلان و خۆبەختکردنی دەویست، لەبەر ئەوە سەردەمی سەلاحەددین لە مێژووی شەرەکانی خاچدروشماندا (هـ.أ.ر.جب)[12] وونەبێ، لەوە گەورەتر بە ڕووداوێکی سەرنجێی دابنرێت. ئەو ڕۆڵەیە هەناسەیێکی کەم وێنەو جۆشاوەری مێژووی مرۆڤکرد دەنوێنێت، چونکە ئەو خوو ڕەوشتە بەرزەی ئەو لە سەری سووربوو، ئەو ئالای یەکێتی و یەك ڕیزی‌یەی ئەو لێی‌هەڵکردبوو، بە جارێ تۆوی گومان و بێ‌ووڕەیی نەهێشت و هەڵپەی چاوچنۆکی و چاوبرسێتی و خۆپەرستی‌ی میرەکانی لەپێ‌خست.

چاوگە عەرەبی‌یەکان و چاوگەکانی تریش دەڵێن کە سەلاحەددین کەسێکی بەگەوهەرو قارەمان بووە، لە خەباتو جیهاددا کۆڵنەدەرو پرپشوو بووە، چاوتێرو خاوەن خو و ڕەوشتێکی چاك بووە، بۆیە هەناهەتایە ناوی شەکاوەیەو بووەتە یەکەپیاوی ئالا بالای هەموو مێژووی شەرەکانی خاچدروشمان.

سەلاحەددین بەرنامەیێکی مەزن و فراوانی بۆ بەهێزکردنی دژێژەپێدان و بەرەوامی‌ی کاروانی خەبات و ڕەوتی جیهادو شەرکرێنێکی بەڕێوجێ‌و ڕێکوپێك داناو، ساڵی 582 ی‌ك /1186 ی‌ز داهات و دانەهات تا سەلاحەددین بوو بە گەورەهێزی ناوچەکەو بەوەش توانیی لە شەڕی یەك لایی (حطین)دا کە لە ساڵی 583 ی‌ك 1187ی‌ز دا ڕووی‌دا کۆتەکی گەورەو پشتشکێنی خۆی لە دوژمن بوشێنێ.

ئەو شەڕەی (حطین) هەر ئەو شکاوی‌و ڕاکردنەی بەرەی جەنگە نی‌یە کە بەسەر خاچدروشمان هات، بگرە لەوەش گەلێ گەورەتر بوو، لە ڕاستیشدا بەڵایەك و کارەساتێکی گشتگیر بوو تووشی ئەو دوژمنە داگیرکارە بوو، ئەوەبوو دوژمن لەو شەڕەدا شۆخترینی سوارچاکانی کۆڕان یان بەدیل گیران و (جی‌لوزبنان)ی شای بەیتولمەقدیس خۆشی لەگەڵ کۆمەڵێ لە گەورەمیرانی خاچدروشم و سوارچاکانیان بە دیل کەوتنە ژێر دەستی سەلاحەددین و هەر بە دەستی خۆشی میرە خاچدروشمە چەقاوەسووەکەی قەڵای کەرەك (ئەرنات ڕینۆدی شاتیون)ی کوشت. سەرەڕای ئەوەش ئەو شەڕەی حطین، بوو بە هەڵێکی تاقیکردنەوە کە نیشانەی لێزانی‌و کارزانی‌و توانای لەشکرشکێنی‌ی بە سەلاحەددینەوە دەرەوشاندەوە.

ئەوەبوو نەیهێشت دەستکەوتی ئەو سەرکەوتنەی بەفیڕۆ بڕوات و کەوتە دووی خاچدروشمانی ئالۆزو هەرچی شارو قەڵاکارو بنکەبان هەبوو هەمووی گرت، ئەوجا بۆ ئەوەی ڕێگای بارمەتی‌ی ڕۆژئاواییان لێ‌بگرێت پەلاماری بەندەرەکانی باشووری عەکای داو داگیریانی کردو شاری بەیتولمەقدیسیشی سەندو داگیری‌کرد.

تا بەو جۆرە، لە سایەی ڕەنگڕشتن و نەخشەکاری‌ی ژیرانەوە کە پێشەواو سەرۆکە مەزنەکان، پشت بە لێشاوی لایەنگیری‌ی لەدوانەهاتووی کۆمەڵانی خەڵك لە ڕێی‌ی دواداندەوەی شەڕی شەرفڕۆشان بە شێوەیەکی قارەمانانە کردیان، ئەو کۆشکە مەزنە خاچدروشمکارە بەرفراوانەی کە بنگانەی داگیرکار لەسەر زەمینی شامدا دایمەزراندبوو کەوتە لەرزەو قڵشان و زووبەزووش ڕوخا.

بەڵام سەرەڕای ئەو لێ‌بوردەیی‌یەو ئەو ڕەفتارچاکی‌یەی کە سەلاحەددین لەگەڵ دوژمنی شکستخواردووی نواندی، سەرەڕای ئەوەش کە نەیهێشت هیچ تۆڵەیێکی ئەو ناوانباری‌و خوێنڕشتنەیان لێ‌بکرێتەوە کە دوای داگیرکردنی بەیتولمەقدیس لەو شارەدا کردیان و ئەوەبوو لە پێشەوە باسمان کرد ،کەچی دەنگدانەوەی سەر کەوتنەکەی سەلاحەددین لە شەڕی حطین و هەوالێ سەندنەوەی شاری پیرۆز - دووبارە ساهەستی گشتی‌ی لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا کولاندەوەو ئەوندەشی پێ‌نەچوو گەورە شای ڕۆژئاوای ئەو سەدەیە، کە بریتی‌بوون لە فەرەنساو ڕیتشارد شێردڵی شای ئینگلستان، گەیشتە ڕۆژهەلات.

بەڵام خواوڕاست ئیمپراتۆرەکەی‌ی ئەڵمانیا لە ڕووبارێکی ناسیای بچووکدا خنکاو نەگەیشتە شام، زەلامەکانیشی بە شێوەیێکی زۆر خراپ پرشوبڵاوبوونەوە. هەرچی فیلیپ ئۆغستی شای فەرەنساشە ئەویان لە بەهاری (587 ی‌ك/1191 ی‌ز)دا گەیشتەجێ‌و دەستوبرد کەوتە کۆمەکی خاچدروشمە کۆنەکانی

هەوالنامەی کتێب

ئەوێ کە گەمارۆی (عەکا)یان دابوو، تا گرتیان، بەڵام شای فەرەنسا دوای ئەوە، بە بیانووی ئەوەوەی کە نەخۆشە، گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی.

هەرچی ڕیچارد شێردڵیشە ئەوە ناودارترینی پیاوگەلی ئەو هێرشەو مەیدانبازی بەناوبانگی دەستەوبەخەی سەلاحەددین بووە.

چونکە دوای خنکانی باربارۆساو گەرانەوەی ئۆگستس، پشەوایێکی خاچدروشمی لە خۆی زیاتر نەدی. لەبەر ئەوە هەوڵ و کۆششێکی زۆری‌دا تا دۆخی زەمینەی شام وەکو پێش شەڕەکەی حطین لێبکاتەوە. ئەو شایەی ئنگلستانە هەرچەندیشە داگیرکردنی هەندێ جێگەی وەکو یافاو نیساری‌یەو ئەرسوفی لەسەر کەناراوەکانی فەلەستین، بۆ ڕەخسابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی ئاوات و

مەبەستی هێرشەکە بهێنێتەدی کە ئەویش داگیرکردن و سەندنەوەی بەیتولمەقدیس بوو، گرتنی ئەو شارە وەنەبێ تەنیا ئاواتی هەر ئەو هێرشە بووبێت بگرە وەکو خۆیان هاواریان بۆدەکرد ئامانجی هەموو لەشکرانی یێکی خاچدروشمان بووە. جگە لەوەش سەلاحەددین دەرفەتی بە ڕیچارد نەدا دەستپێشی‌کرد بە ڕاونای خاچدروشمان و زیانی گەورەگەورەشی لێ‌دەدان.

ئەنجام ڕیچارد بۆی دەرکەوت کە زیانی لە دەستکەوتی پترەو جەنگ لەگەڵ موسوڵمانانەدا درێژەی کێشاوەو ئامانجێکی لەوتۆشی وەدی‌نەهێناوەو خۆشی نەخۆش و ناساغ کەوتووە، لە لایێکی‌ترەوە دۆخی وڵاتەکەی خۆشی وەهابوو کە دەبوو بگەڕێتەوە، لەبەرئەوە ناچار نامەی ئاشتیخوازی‌ی بۆ سەلاحەددین ناردو دەڵێت: «موسوڵمان و فەرەنگ لەناوچوون، وڵات کاول کراو وێران بوو، لەکیسی هەردووڵامان چوو، سامان و ڕۆحی کۆمەڵانی هەردوو ئایینەکە لە کەڵک کەوت، ئەم بەڵایە ئەوەی پێویست بوو بۆی کرا... دەبا ئاشت بینەوەو لەم کەشەنگی‌یە دوانەهاتووە ماندوومان بحەسێنەوەو دانیشین»[٣] ئەوەبوو هەواپاکی‌ی نامەو نامەکاڕی‌ی نێوانیان هەردوو لایانی خستە گفتوگۆو ئەنجام لە پایزی (سالی 588 ی‌ك / 1192 ی‌ز)دا بە مۆرکردنی ئاشتبوونەوەکەی ڕەملە کۆتایی هات، بەپێی ئەو ئاشتبوونەوەیەش شاری بەیتولمەقدیس لەژێر سایەی موسوڵمانانداما یەوەو ڕێگاش بە گاوران درا کە زیارەتی لێبکەن دوای مۆرکردنی ئەم پێکهاتنە ڕیچارد گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی‌و سەلاحەددینیش لە بەهاری دوای ئەو ساڵە واتا لە بەهاری سالی (589 ی‌ك / 1193 ی‌ز)دا کۆچی دوایی کردو لە ژیانیشی‌دا ئەوەبوو کۆڵی نەداو درێغی‌ی نەکردو لێدانێکی ئەوتۆی لە خاچدروشمان دا کە بیڕاوبیڕ نەهاتنەوە سەرخۆیان تا لە دوادوایی‌دا بە نەواوی لە شام دەرکران.[٤]

بە نیشکانی ئەو هێرشە گەورەیە، بزووتنەوەی خاچدروشمی وەکو تەختەی تابوتی بۆ بتاشرێت وابوو، چونکە خاچدروشمانی ئەوروپا تووشی لێدانێکی کوشندەی ئەوتۆ بوون کە نائومێدی‌یێکی نەواو هەستونەستیانی بەجارێ سست کردو کارێکی وەهای پێ‌کردن کە بیڕای‌بیڕ بیری ئەو جەنگەپیرۆزە، بەو شێوەیەی کۆنی، جارێکی‌تر بە مێشکیاندا نەیەت و لێ‌گەڕێن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ناو خۆیان.

(کۆتایی)

ئێنی هاواری بەناوبانگی (خودا وەهای ویستووە)ی پڕبەبینی کۆمەڵانی وورووژاوی کۆنگرەکەی ساڵی 1095ی (کلیرمۆنت) لە فەرەنسا، کە بۆ ژنەفتنی ووتارە ئاگرینەکەی پاپا، لەوێ خڕبووبوونەوە، ئەوەندە بڕی‌کرد کە دیمان. ئەوەبوو لەو ووتارەدا پاپا داوای‌لێ‌کردن کە خاچ هەڵگرن و زەمینەی (وەکو دەڵێن) ئەوەدنیا داگیربکەن. بەڵام دوای بەسەرچوونی - نزیکەی - دوو سەدە بەسەر ئەو ساڵەداو، دوای کوشت و کوشتارێکی درێژخایەنی نێداچووی سەرنەگرتوو، ڕۆژئاوا - لە ترسی شەڕکڕیاری - لە هاواری گەوجانەی خۆی وەکو مشت لە دەوش گەڕایەوەو - ناچار - بەوەی کە بوو قایل بوو و، هاتە سەر ئەو بڕوایەش کە ئەو شەڕکڕیاری‌یەی ئووشی‌بوون، بەهۆی ئامادەبوون و فایمکاری‌ی موسوڵمانانەوە لەوەوە پەیدابوو کە موسوڵمانان بڕیاری ئەواویان دا کە ڕەگوڕیشەی دەستدرێژی لە بنەوە دەرکێشن، ئەو دەستدرێژی‌یەی کە لە ناکاوی سەرزەمانێکدا توانی‌ی کەموزۆر سەرکەوتنێك بە دەست بێنێت

بەڵام بڕیاری ئەو سەرکەوتنەی کە سەردەمی بە ئاگاهاتنەوەی جەماوەر دای، ئەو دەستپێشخەرییو دەستوپەخەیەی کە لە شاڵاوی موسوڵمانانەوە بەری بە دەستدرێژییەکە گرت وانا ئە (شەڕکێری)یەی کە موسوڵمانان درێغیان لێ نەکرد، ئەوانە هەمووی کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو بە خوێن و ئارەقەو مانێکی زۆر نیشتەسەریان. بەڵام پاستییەکەی ئەوەبوو کە هەموو شتێك دەبوو لەڕێی سەرکەوتن و سەربەرزیی نیشتمانداو وەکو ئاوخواردنەوە بێت.

پەراوێزەکان:

1) سەیری کتێبی «بحث في التأريخ»ی کورتەکراوەی (د.سی. سمرفل) بەرگی 1 لاپەرە 87و دوای ئەو لاپەرەیەش بکە.

2) هەمان چاوگە 118/1

3) د. تقی‌الدین عارف. صقلیه وعلاقتها بدول البحر المتوسط الاسلامیة.

4) ئا ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە دانەر (محمد العروسی المطوي) کتێبەکەی ناوبنێت (الحروب الصلیبیة في المشرق والمغرب).

5) د. حسن حبش. پێشەکی‌ی کتێبی «اعمال الفرنجه» ل:5

6)الکامل، چاپی بەیروت بەرگی 1،ل 272 (حوادث سنة 491)

7) د.فیصل السامر، ابن الأثیر، ل41.

8) ئیبنولئەثیر لە ساڵی (630 ی‌ك /1232 ی‌ز)دا لە موسڵ کۆچی‌دوایی کردووە.

9) ن.م.ص

10) د.زکی النقاش، العلاقات ...بین العرب والافرنج .ل:23

11) ستیفن رەنسیمان، مێژووی شەڕەکانی خاچدروشمان.

12) جب 1 صلاح الدین، ص:117 ـ 118

13) ابن شداد، سیرة صلاح الدین. 194 ابو شامة. الروضتین، 193/2

14) د.عاشور، الحرکة الصلیبیة، ب2 ل 899

15) بنواڕە کتێبەکەی د.جوزیف نسیم یوسف «العدوان الصلیبی علی بلاد الشام» ل369

چاوگەکان

1) ابن الاثیر، ابو الحسن عزالدین علی بن ابی الکرم محمد الجزری الشیبانی (مەرگی 630ك / 1233ز) الکامل في التأریخ. چاپی دارصادر. داربیروت. بیروت 1966

2) ابن شداد، ابو المحاسن بهاءالدین یوسف بن رافع الاسدی (مەرگی 632ك / 1234ز) النوادر السلطانیة والمحاسن الیوسفیة (سیرة صلاح الدین) تحقیق د.جمال الدین الشیال، چاچی / الدار المصریة، قاهیره، 1964

3) ابوشامة، ابومحمد شهاب الدین عبدالرحمن بن اسماعیل المقدسی (مەرگی 665ك / 1216ز) الروضتین في اخبار الدولتین، چاپخانەی وادي النیل، 1287 ـ 1288ك دوو بەرگە.

4) ئەرنۆلد توینبی، لێکۆڵینەوەیێك لە مێژوو. کورتەکراوەی (د.سي .سمرفل) وەرگێڕانی مامۆستا طەباقر، چاپخانەی (وزارة المعارف)، بەغدا 1955.

5) د.تقي الدین عارف الدوري: صقلیة علاقاتها بدول المتوسط الاسلامیة. لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن، دار الرشید للنشر، چاپی دار الطلیعة، بیروت، 1980

6) جب، ه.أ.ر: صلاح الدین الایوبی، دارسات في التأریخ الاسلامي، حررها یوسف ایش، طبعة المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت 1973

7)د. جوزیف نسیم یوسف: العدوان الصلیبي علی بلاد الشام. دار النهضة العربیة للطباعة والنشر. بیروت 1981

8) د.حسن حبشي: پێشەکی‌ی کتێبی «اعمال الفرنجة وحجاج بیت المقدس» داتراوەی خاچدروشمێکی نەناسراوە: وەرگێڕان و پێشکەشکردنی د. حبشی. چاپی دار الفکرالعربي. القاهرة 1958

9) د.زکي النقاش: العلاقات الاجتماعیة والثقافیة والاقتصادیة بین العرب والفرنج خلال الحروب الصلیبیة .منشورات دار الکتاب اللبناني للطباعة والنشر، بیروت 1958

10) ستیفن رنسیمان: تأریخ الحروب الصلیبیة. وەرگێڕانی د.السیدالباز العرینی. چاپی دارالثقافة، بیروت 1968

11) د.سعید عبدالفتاح عاشور: الحرکة الصلیبیة چاپی مکتبة الانجلو المصریة. چاپخانەی البیان العربی. القاهرة، 1963

12) د. فیصل السامر: ابن الاثیر مطبوعات وزارة الثقافة والاعلام. بغداد 1982

13) محمد العروسي المطوي، الحروب الصلیبیة في المشرق والمغرب دار الکتب الشرقیة ،تونس 1954.

جیۆپۆلیتیکس و دەوڵەت و سیاسەتی
دەسەڵاتی چارەنووسی جیهان

بەکارهێنانی هێزی چەکدار لەپێناوی دەست ڕۆیشتوویی لە جیهاندا هێزی دەریایی و زەمینی و ئاسمانی و جەنگە ئەستیرە کامیان ئەم فرمانەیان پێ جێبەجێ ئەکریت؟

هەوالنامەی کتێب

حیلمی علی شریف

جیۆپۆلیتیکس بەم ناوەی ئیستایەوە باس و لێکۆڵینەوەیەکی تازەیە، زاناو پسپورە جوگرافیا ناسەکانی دەوڵەتە سەرمایەدار و ئیمپریالیەکانی جیهان هانیویانەتە کۆڕی زانستی نادەمیزادەوە.

بەیەوەندییەکی تۆندوتۆڵی بەچارەنووسی گەل و وڵاتە پچوک و مام ناوەندییەکانی جیهانەوە هەیە، وە لەگۆڕەپانی وڵاتە گەورە چاوبرسییەکانی چەوسێنەرەوەکانەوە هەڵئەقوڵێت و هێرشیانەو لەوانەوە بلاوبۆتەوە، وەپێش ئەمانیش هەر لەدەوڵەتە هاوشانە کۆنەکانی جیهانیانەوە بەشێوەیەکی تر هاتۆتەکایەوە.

کورتە بیرخستنەوەیەک دەربارەی ناوەرۆک و مەبەست و ئامانجەکانی جیۆپۆلیتیکس و ئاراستەی دەوڵەتە گەورە جاوبرسی یەکان بۆ ئەوانەی چوار بەشەکەی پێشوویان لە چوار ژمارەی رۆشنبیری پێشودا دیووە بۆ ئەو خوێنەرانەی هەر ئەو بەشانەیان نەخوێندۆتەوە بەپێویست نەزانم، بەتایبەتی لەم بەشەدا کە ئێتر بابەتەکەی پێ ئەواو لەبێت وە ئامرازێکی سەرەکی گرنگی زۆر کەوتوو لەسەر کومەڵگەی مرۆڤایەتی چ بەسەرو چ بەماڵ تیاشی ئەکرێتەوە.

جیۆپۆلیتیکس کەزانستی پێوەندی زەوی‌یە بەکارو کردەوەی سیاسی‌یەوە، یان وەکو پێی ئەڵێن سیاسەتی زەمین (علم سیاسة الکرة الارضیة)، چەند زانایەکی لەم چەند دەساڵەی دواییدا گەو هەرەکەیان بۆ خەڵکی جیهان خستۆتە رووکە ئۆتۆماوڵ Otto Maull یەم جۆرەی خوارەوە لێی ئەدوێت.[1]

«جیۆپۆلیتیکس دەوڵەت بەبیروباوەرێکی و شکڵ باوەستاو نازانێت، بەڵکو بە بوونە یەکی زیندوی ئەزانێت و کە بەهۆی جوگرافیاوە دەوڵەت گەورەتر ئەکرێت ئێتر جیۆپۆلیتیکس نەخشەی دوارۆژ ئەکێشێت و وەلامی ئەم پرسیارانە ئەخاتە پێش چاو. ئایا دەوڵەت دەرفەتی پێویستی بەئەواوی کەوتۆتە دەست؟ ئەم دەرفەتە لە چ لایەکەوەکە لەگەڵ زروفی جوگرافیدا بگونجێت دەست پێ ئەکات و ئەبێ ڕوو بکرێتە چ لایەک؟».

بەڵام (جون کیفەر) ئەڵێت[2] «ئەم تیۆرییە لەئەنجامی شارستانێتی‌یەکی پیشەسازی‌یانەی بااڵ بەرز ئەشەنە ئەکات».

هەروەها (قەشە ئەمسوندویلش)لای وایەکە[3] «باس و لێکۆڵینەوەیەکە، دەربارەی جوگرافیای ئادەمزادو زانستی سیاسەت جێ‌بەجێ کردن».

وئەوزانراو پسپورانەی کەوتوونەتە کۆری پاسکردنی جیۆپۆلیتیکسەوە، هەموو جاویان بریوەتە ئەو بەشەی زەمین کە لەرووی ئابوری‌و بەرهەم و کەرەسەی خاوو دانیشتوانی‌یەوە نرخ و بایەخێکی گەورەو شایستەیان هەیە، هەروەکو زیندەوەرێک باسی زەمین و دەوڵەتیان کردووە. ناوچەرگەی جیهان و دەورووبەشتی ناوچەرگەو دەست و پەلی ناوچەرگەیان دەست نیشان کردووە.

جیۆپۆلیتیکسەکانی ئەڵەمانیان، ئەڵەمانیایان بەناوچەرگەی جیهان دانا (Heart Land) وە دورگەی جیهان کە ئەڵەمانیا ناوەندەکەی بوو بەو ڕووبەرە پان و بەرینەی لە قارەی ئاسیاو ئەورووپاو ئەفەریقا پێک هاتبوو وە لەنزیک ڕۆخەکانی ئەم دورگەیەوە قارەو دورگەکانی نزهەلکەوتبوون وەکو ئەمەریکاو ئوستراڵیاو گرینلاند... وەسیر هالفوردماکندەر)ی ئینگلیزی کە چێگری سەرۆکی کومەڵەی جوگرافی شاهانەی بەریتانیا بوو، لای‌وا بو ئەڵەمانیاو ڕوسیا ناوچەرگەی جیهانن وەئەورووپاو ئاسیاو ئەفەریقا دورگەکەبن، بۆیە ئەیوت[4] «هەر لایەک ڕۆژهەاڵتی ئەورووپای بەدەستەوە بێت ناوچەرگەی جیهانی دەست ئەکەوێت.. وە هەرلایەک دورگەی جیهانی بەدەستەوە بێت هەموو جیهانی دەست ئەکەوێت».. بەاڵم نیکوالس سپیک مان Nicolas. J. Spykman پروفیسور لەزانکۆی یاڵ yale لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەپێچەوانەی ماکیندەر ئەیوت[5] «ئەوی دەست و پەلی (الاطراف) جیهانی بەدەستەوە بێت ئوراسیای ئەکەوێتە دەست، وەئەوی ئوراسیای بەدەستەوە بێت چارەنووسی جیهانی ئەکەوێتە ژێر دەست//.

هەروەها ئەم ئایدۆلوجی‌یەتە لەسەر چەند ڕەوڕەوەیەک لەڕێشت بەڕێوە تاکو بەهۆی ئەم ڕەوڕەوانەوە بگات بەئامانجی کەواوی کەدەست خستنی هەموو جیهانەو ژێر دەست کردنی هەموو دانیشتوانێتی. بەپێی ئەم ئایدیۆلوجی‌یەتە، دەوڵەت بووەیەکی زیندووە، خاوەن هەست و کردەوەیە، وەکو مرۆڤ لەدایک ئەبێت و گەورە ئەبێت و پێ ئەگات و پیر ئەبێت و ئەمرێت. وەمان و ژیانی دەوڵەتان بەندە بەدوو پاساوە، پاسای گەشە کردن و پاسای لەناوچوون پاسای گەشەکردنیش، بەسەر زەوی گەاڵندا کشان و «دەرفەتی بایەخدار»یان «ناوچەکانی ژیان» (Lebens Raum) ئەگرێتەوە. وە «ماهان» لەو بروایەدابوو کەدەوڵەت پان ئەبێ گەشە بکات پان بپوکێتەوە، چونکە لای‌وابوو هیچ دەوڵەتێک بێ جوڵان و بزوتنەوە ناتوانێت دەست بەخاک و قەوارەی خۆیەوە بگرێت.

کە ئەمە مەبەست و ئامانجی خاوەنانی ئایدیۆلوجی‌یەتی جیۆپولیتیکس بێت دیارە ئەم مەبەست و ئامانجانەش جێ‌بەجێ کردنیان گەرەکە، بێگومان بەدی هێنانیشیان تەنیا دوورێگایان هەیە، یەکەم ڕێگای سیاسی‌و دیبلوماسی دووەم ڕێگای جەنگ، واتا بەکار هێنانی جەنگ لەپیناوی دەست خستنی ڕووبەری نوێ لە هەلومەرجێکدا کەڕێگای سیاسی‌و دیبلۆماسی دەسەاڵتی

هەوڵنامەی گەلێ

جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجەی نەبێت. بەڵای - لەنین - ەوە وا بوو، کە جەنگ لەنێو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان خۆیاندا لەنێو ئیمپریالیستەکان تاکە تاکەو بە جووتەو بەکۆمەڵ و دەوڵەتە سوشیالیستەکاندا دوای هەر تەنگوچەڵەمەیەکی نابووری، کە ئەکەوێتە نێو جیهانی سەرمایەداریەوە یاسایەکی ئاسایی و ناچاریە. هەروەها یارون فون بلەف لەسالی 1799دا لە کتێبی «گیانی سیستەمی تازەی جەنگ»دا ئەڵێت[4] «سەبارەت بەوەی ئەم جیهانەدا شت هەیە بەش نەکرێت و شت هەیە وەرنەگیرێت کەواتا ئەبێ جەنگ ڕوو بدات. وە جەنگ کۆتایی نایەت تاکو ئەو دەوڵەتانەی هەن بەسنووری پێویستی خۆیان شاد نەبن»!

هەروەها «ڕاتزل» ئەڵێت[5] «لەسەر ئەم ئەستێرە بچکولەیە هەر جێگای یەك دەوڵەتی مەزنی تیا نەبێتەوە».

هەر بەپێی ئەم بیروباوەڕە هیتلەر لەکتێبی «کفاحی»دا دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ئەڵێت[6] «ئابێ دوو هێزی گەورە لە ئەوروپادا بێنەکایەوە، چونکە هەوڵ دان لە پێناوی پان هیتانی هێزێکی عەسکەری تر لەسەر سنووری ئەڵمانیا وەکو هێرش بردنەسەر ئەڵمانیاوایە».

کەپسوری جیۆپولیتیکس و سەرکردەو عەسکەریەکە گەورە بریار بەدەستەکانی (صناع القرار) دەوڵەتە گەورە چاوبرسیەکان ئەم ڕێبازە بگرنە بەر وەهیچ دەوڵەتێکی سەرزە مینیش بەئارەزووی خۆی دەست لە ئازادیو سەربەخۆیی خۆی هەڵنەگرێت، کەواتا ڕێبازی سیاسی و دیبلوماسی بەربەست ئەبێت و ئیتر دەرگا بۆ بەکار هیتانی هێزو هەڵگیرساندنی جەنگ ئەکەوێتە سەرگازی پشت وەبەم جۆرەش لەدوای هەرەس هێنانی سیستەمی کۆمۆنیستی سەرتاپی لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا وانە لە پەیدابوونی ڕژێمی کۆیلەییەوە ئیتر جەنگ بووە بەڕێبازی هەڵبژاردەی چینەخاوەن دەسەڵات و کاربە دەستەکانیانەوە دژی گەلان و چینە چەوساوەکان و دەوڵەتە پچوك وماف ناوەندیەکان و هەروەها دەوڵەتە زۆردارەکان لەناو خۆشیاندا واتا جەنگ بووە بەرەفتارێکی ئاسایی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو بەزۆر جێگای خۆی لەم سەرزەمین دا کردۆتەوە.

دەربارەی سیاسەت و جەنگ، ماوتسی تۆنگ بەباشی ئەم بابەتەی ڕوون کردۆتەوەو ئەڵێت[9] «جەنگ دڕێژەی سیاسەتە بەو جەنگ خودی سیاسەتەوە کارێکی سیاسەت پۆشە، وە ئەگەرەوە هیچ جەنگێك بەڕیانەبووە سیمای سیاسی نەبووبێت. جەنگی ئیمە دژی ژاپون، جەنگێکی شۆرشگیرانەیە، ئامانجی دەرکردنی ئیمپریالی ژاپون و دامەزراندنی چینی تازەی خاوەن ئازادیو یەکسانی یە» هەروەها لەسەر یاسەکەی ئەروات و ئەڵێت «بەڵام جەنگ خاسی یەتی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە بەم وانەیە جەنگ بەپێی واتا گشتی یەکەی لەئاستی سیاسەتدانی یە. جەنگ بەڕیگایەکی تر دڕێژەی سیاسەتە. لەکاتێکدا سیاسەت ئەگاتە قۆناغێك کە ئیتر ناتوانێت بەڕیگای ئاسایی بەڕەو پێش بروات، لەپێناوی لەناوبردنی کۆسپی ڕیگاگرین سیاسەت، جەنگ هەڵدەگیرسێت. بۆ نمونە کەڕەوتی نیوە سەربە خۆیانەی چین ڕیگای پیشکەوتنی سیاسی لە ئیمپریالی یەتی ژاپون داخست، ئیترژاپون ڕێبازی جەنگی گرتە بەر تا ئەو کۆسپانە لابەرێت. هەروەها ژاپونیش کۆسپ بوو لەپێناوی سەرکەوتنی شۆرشی دیموکراسی لەچین دا. بۆیە لەچینیش شۆرش بەڕابوو تا ئەو کوسپە لابەرێت. بەم پێیە ئەتوانین بڵێین سیاسەت جەنگێکی سێی کارەو جەنگیش سیاسەتێکی خۆیاوی یە.

جەنگ خاسی یەتی تایبەتی خۆی هەیە، کۆمەڵێك ڕیکخراوی جەنگی وکومەڵێك شێوەی جەنگ و کرداری تایبەتی جەنگی لێ ئەوەشێتەوە. ڕیکخراوەکان هێزە چەکدارەکان و هەموو شتێکی بەو ڕیکخراوە بەستراوانەن. وە شێوەکانیش تاکتیك و ستراتیجی یەتی سەرکردایەتی جەنگن. بەڵام کردار شێوەی تایبەتی چالاکی کۆمەڵایەتی یە کە هەر سوپایەك لەگاتی جەنگ دا تاکتیك و ستراتیجی یەتی تایبەتی لەلەهی خۆی ودژی دوژمنەکەی بەکار ئەهێنێت. بۆیە تاقی کردنەوەکانی جەنگ، تاقی کردنەوەی تایبەتین. پێویستە هەموو بەشدارێووانی جەنگ لە پێناوی سەرکەوتنی دا خۆیان لەگەڵ جەنگ دا بگونجێنن و دەست لەرەوشتی ڕۆژانی ئاشتی هەڵگرن.

پێش ماوتسی تونگ، کلاوزفیتز بە هەمان شێوە، کە جەنگ بەشێوەیەکی تر دڕێژەی سیاسەتە، لە جەنگ دوواوەو دەربارەی پێوەندی نێوان جەنگ و سیاسەت کلاوز فیتز ئەڵێت[10] «ئیمە واتێ ئەگەین کە جەنگ لە هەموو هەلومەرجێکدا ئامرازی سیاسەتە، نەك شتێکی سەربەخۆ. ئیمە ئەوە ئەزانین کە پێوەندی یەسیاسی یەکانی نێوان حکومەتەکان و نەتەوەکان جەنگ پەیدا

هەوالنامەی کۆنگرە

ئەکەن. . بەڵام دڵنیاین لەوەی کە جەنگ هیچ شتێك نی‌یە ئەوە نەبێت کە بەیارمەتی چەند هۆیەکی تازەی تردە دریژەدانە بە پێوەندی‌یە سیاسی‌یەکان. . ئەو شیرازە سەرەکی یانەی لەکۆری رووداوەکانی جەنگ دا دێنەکایەوەو پێوەی بە ستراون ئەو شیرازە سیاسی‌یانەن کە لەکاتی جەنگ دا لەسەر رەوتی خۆیان ئەڕۆن بەڕێوە ناهێنانەدی ئاشتی. . .».

بۆیە لەگەڵ درۆست بوون و پێك هاتنی دەوڵەتەوە هێزی چەکدار پەیدابووە، وە ئەم هێزە چەکدارانە دوو فرمانیان خراوەتە ئەستۆ، پاراستنی ئاسایشی ناوخۆو پاریزگاری وڵات لە پەلامارى دەرەوە، بەڵام فەرمانڕەوا زۆر دارە چەوسێنەرەوەکان هێزی چەکدارییان بۆ داگیرکردنی وڵاتان و گەشەکردنی ڕوو بەری خاکەکەی خۆشیان بەکار هێناوە. ئێجا کە هێزی چەکدار بخرێتە ژێر باری داگیرکردنی وڵاتانی‌ترەوە ئەبێ بیریش لەوەبکرێتەوە کەچ جۆرە هێزێکی چەکدار یان چەند جۆر هێزی‌چەکدار ئەم فرمانەی پێ جێبەجێ ئەکرێت.

بێگومان لەسەرتای پەیدابوونی دەوڵەت داتا ماوەیەکی زۆرێش تەنیا هێزی پیادەو چەکی سەرەتایی زۆر ئاسایی هەبووە، وەکو شێروتیرو رم و گورزو گۆپاڵەو. . . و دوای ئەوەی پاپۆری (باگێر) پەردەدار (شراع) پەیدابووە ئێجاهێزی دەریاییش هاتۆتەکایەوە. ئیتر لەگەڵ پێش کەوتنی پیشەسازی‌و تەکنۆلوجیادا وە بەکار هێنانی خەڵوزی بەردو دوای ئەو نەوت و پەیدابوونی هێزی هەڵم و داهاتنی چەکی تەقەدار حاڵ و باڵی هەردووهێز، هێزی زەمینی‌و هێزی دەریایی، بازی گەورە گەورەی سەر سورمێنەری بەرەو پێش ناوە، ئێجا لەدوای ساڵی 1900ەوە هێزی ئاسمانیش هاتە کۆرەوەو تا ئەمڕۆ کەڕۆکێت و جەنگی ئەستێرەش بۆ تەمەترسی‌یەکی گەورەو ڕووی کردۆتە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

بێگومان فەرمانڕەواکانی دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی ئەوانەی چاویان لە خاك و سامانی دەوڵەتانی‌ترە، خۆیان و شارەزاو پسپۆرو دەزگە کاریگەرەکانیان شەوورۆژ بیریان لەوەکردۆتەوە بەچ ڕێگایەك و بەچ هێزێك و پەنابەرنە بەر چ ڕێبازێك تا بەئامانجی داگیرخوازی خۆیان بگەن.

هەردەوڵەتێك ئەم ڕێبازەی گرتبێت، بیری لەوە کردۆتەوە کە ئەبێ هێزو توانای عەسکەری باڵا دەستی هێزوتوانای هەموو دەوڵەتێکی تری سەرزەمین بێت، یان بیری لەوەکردۆتەوە کە جۆرە هێزێك و جۆرە چەکێکی بەدەستەوە بێت بە هێزترو کاریگەر تری هەموو هێزو چەکێکی تری دەست دەوڵەتانی تری سەرزەمین بێت. وەئەم فەرمانڕەوایانە لە سیاسەت کاریشدا هەر بیریان لە سەرکەوتن کردۆتەوەو بەس! سەرکەوتنیش بۆ داگیرکردن و خۆ گەورەکردن و دەسەڵات پەیداکردن لەنێو دەوڵەتانی تردا. هیتلەر ئەڵێت «دەربارەی سیاسەت بڕوا بە هیچ یاسایەکی ڕەوشت کارانە ناکەم، سیاسەت یاریی‌یەکە هەموو فرووفێڵێکی تیارەوایە، یاسای یاریی‌یەکەش بە دەست یاری کەرەکانەوە تا لەگەڵ ئارەزوی خۆیانا ئەیگونجێنن ئالوگۆڕئەکرێت».

هەروەها دەربارەی هەمان جۆرە سیاسەت، سیاسەتی دەوڵەتە گەورە داگیرکەرەکان و نستون چەرچل سەرەك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا لە دیدەنی گۆڕستانێکدا کەچاوی بەم ڕستە نووسینە ئەکەوێت. ئەڵێت «. . . لیرەدا سیاسەت مەداری مەزن و پیاوی ڕاست ئارامی گرتووە. . .» جێگای سەرسام بوونە یەکەم جار لەژیانما دوو پیاو ئەبینم لەگۆڕێکدا پێکەوە نیژرابن. . .».

هەروەها چەرچڵ پاش شکستی ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا دەربارەی یەکێتی سوڤییەت کە ئەرکی هەرە گەورەی جەنگی کەوتە ئەستۆ 20 ملیون کەسی لەو جەنگەدا کوژراوو سوپای سوور بەڕلینی پایتەختی ئەڵەمانیای لەتازی‌یەکان ڕزگارکرد ئەڵێت «بەڕازە دەست نیشان کراوەکەمان نەکوشت!» واتە نەمان توانی یەکێتی سوڤییەت لەناو بەرین.

جارێکیش لە فەرەنسیسی یەکەم شای فەرەنسا ئەپرسن بۆچی هەمیشە ئەچیت بەگژ شارڵ پی پێنجەم شای نەمساوا؟ لەوەڵامدا ئەڵێت «چونکە هەردووکمان یەك ئامانجمان هەیە، ئەویش داگیرکردنی ئیتالیایە».

ئیتر بەم کورتە پێشەکی‌یە ئەچینە سەر خودی بابەتەکە. کە جیۆپۆلیتیکس یان. ئایدیولوجی یەتی ئەم زانستە ڕێنیشان دەری فەرمانڕەواکانی دەوڵەتە گەورە تەماع لەخاك و سامانی گەلانی‌تر کردوویێت وە هۆکانی سیاسی‌و دیبلوماسی لەئاستێکی تایبەتی‌دا لەچارە سەرکردنی کێشەو بەرەی نێوان دەوڵەتان دەستەوسان ڕابوەستن، ئیتر جەنگ ئەبێت بەتاقە ڕێبازی چارەسەرکردنی هەموو تەنگوچەڵەمەیەکی نێو دەوڵەتان کە خودی خۆشی دریژەی

هەوڵدەی کتێب

سیاسەتە یان هەر سیاسەتێکی خۆیناوی‌یە. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی ئەم سەرزەمینە هیچ نەبێت شارەزاییەکی گشتی دەربارەی ئەم بابەتە بووەی ناوکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەبێت بەتایبەتی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد کە میژ ووەکەمان بەخوێن لاپەرەکانی نووسەراوەتەوە چ ئەو خوێنەی لەشەڕی نێوان دەوڵەتە گەورەکان دا رژابێت و رژێنرابێت چ ئەوەی لەپێناوی پاراستنی کوردستان و دەست خستنی مافی نەتەوایەتی کرابێت بە قوربانی.

بێگومان جەنگ زانست و یاسای تایبەتی هەیەو ئامرازو دەزگەی جۆراو جۆریشی تیا بەکار ئەهێنرێت کە ناوەرۆك و ئامانجی هەڵگیرساندنی لە ناویردنی هێزی چەکداری دوژمنە بەکوشتن و گرتن و پەك خستنی، وانە لەکۆری جەنگ دوورخستنەوەی.

ئامرازو دەزگەی جەنگیش لەسەرەتاوە وەکو هەموو ئامرازو دەزگاکانی تری دەست کومەڵگای مرۆڤایەتی ئاسایی و بێ ئەرك و کەم زیان بووە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی رەوزەوەی زانست و تەکنولوجیادا ئەمیش شان بەشانی ئەوانی‌تر پێش کەوتووەو بەرەو هەورازتر رۆیشتووە، تەنانەت گەلی جار پێشەسازی جەنگ ئەوانی‌تری بەجێ هێشتووە وەکو ئێستا روون و ئاشکرا لەبەر چاوماندایە، هەموو پسورو پزیشکە پیشکەوتووەکانی سەرزەمین بەدەست نەخۆشی شیرپەنجەوە تووشی سەرە خولێ بوون، کەچی لەکۆری ئاسمانەوانی‌دا هیچ نەبێت پەکێتی سوڤیەت و ولاتەیە کگرتووەکانی ئەمەریکا گەیشتونە ئەپایەو ئەندازەیەکی باوەر نەکردەنی.

ئەم دەزگەو ئامرازانەش لەسەرەتاوە هەر لەهێزی زەمینی‌دا ئەبینراو دوای ئەوە لەهێزی دەریاییداو جا لە هێزی ئاسمانی‌داو وا ئێستا لە هێزی بۆشایی ئاسمانیشدا تارمایەکی رەشی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کیشاوە کەپێی ئەلین جەنگە ئەستیرە.

هێزی زەمینی و دەریایی زۆر کۆن، وە هەریەکەیان یان هەردووکیان بەپێی هەلکەوتی زەوی‌و دوورو نزیکی‌یەوە لە دەریا بچوك و گەورە، بێهیزو بەهێز دروست کراون و کەوتونەتە دەست دەوڵەتان.

بەڵام هێزی ئاسمانی کەفرۆکەی جەنگی بربڕەی پشتێنی هێزێکی نوێیەو لەدوای ساڵی 1900 ـ ەوە کەوتۆتە دەست دەوڵەتە گەورگانی پ سەرزەمین و وردە وردە نرخ و بایەخی دراوەتی.

سەبارەت بەهێزی زەمینی، پێکهاتنانی لەوانی‌تر ئاسان تربووە بەتایبەتی لە نێو ئەو دەوڵەتانەی رووبەری فراوانیان بەدەستەوە یەو دانیشتوانیان زۆرەو پیتو بەرەکەت و سامانی خاکەیان ئەم لایەنەی ژیانی بۆ مسۆگەر کردوون، یان بە هی ولات وگەلانی‌تر جێبەجێیان کردووە. بەڵام هێزی دەریایی کە نوێ ترەلە هێزی زەمینی و تەکنولوجیای پێشکەوتووتری گەرەکە، لەولاتی سەردەریاشدا نەبێت پێك نایەت، جاهەندی ولات هەبووە هەر بەهێزی دەریاییەوە ناوبانگی دەرکردووەو هەندی ولاتی‌تر هەردوو هێزەکەی هەبووە بەڵام لە هێزیکیاندا دەست رویشتووتر بووە وەکو بەریتانیاو روسیای فەیسەری.

وەهەر هێزیك لەم هێزە باسکراوانەوە کەوتە گەشەکردن و بایەخ پێدان نرخ و بایەخی هێزەکانی‌تر لەنگ ئەکات، هەرچەندە هەندی ولاتی دەست نە رۆیشتوو کەهێزە چەکدارەکانیان هەر بۆ خۆ پاراستن تەرخان کردووەو ئەوندە تەماعکاران چاویان تێنەریون.

ئەوندە لەم کۆرەدا بین برکێیان نەکردووە لەلایەکی تریشەوە کەنیاز داگیرکردن و مسۆگەر کردنی دەرفەتی بایەخدار (المجال الحیوی) وکشان بەسەر خاکی ولاتان نەبووبێت گەلێ دەوڵەتی سەرزەمین وەك یەك بایەخیان بەهەر سێ جورە هێزە چەکدارەکە داوەو هەمووبان بەیەك دەزگاو پشتیوانی یەکتری لەقەڵەم داوە.

جاسەبارەت بەوەی دەوڵەتە گەورەکان وە داگیرکردن دوای پەیدابوونی هێزی دەریایی بە شێوەیەکی فراوان بوون بەدیاردەیەکی روون و ئاشکرای ئەم سەرزەمینە هێزی دەریایی گەڵیك جار تەقەللای‌داوە هەربەوەی دەستی لەقەراغ ئاوێك یان دورگەیەك گیربێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەو وشکاییە پان و بەرینەکاندا بسەپێنێت وەکو فینیقی‌یەکان و یۆنان و دەوڵەتی شارەکانی ئیتالیا لەسەدەکانی ناوەراستداو پورتوگال و هۆڵەندی‌یەکان و فەرنسایی و ئنگلیزەکانیش یەك لەدوای یەك ملی ئەم بەربەرکانی و رێبازی چاولە خاك و سامانی ولاتان و گەلانی تریان گرتبووە بەر. بوینە یەکەم جار بەپاسی هێزی دەریایی بابەتەکە دەست پێ ئەکەین.

ئەمە جگەلەوەی کە باسکردنی هێزی دەریایی ئەبێتە

بەراوردکردنێکیش لە نێوان هێزی دەریایی و هێزی زەمینی‌دا.

(هێزی زەریایی)

نیاز لەم باسە ئەولایەنەی هێزی دەریاییە کەتوندوتوڵ بە ئایدیولوجی‌یەتی جیۆپۆلیتیکسی‌یەکانەوە بەستراوە کە بیر لە هێزی دەریایی دەوڵەتێك ئەکەنەوە تاکو بیگەیەنە ئاستێکی ئەوتۆ، دەوڵەتەکەی پێ یەکەن بەگەورە ترین دەوڵەتی سەرزەمین و سەری دەوڵەتانی تری لەئاستی ئەو دەوڵەتەدا پێ دابنەونین، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لایان وابووە کە هێزی دەریایی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم نیازە لە هێزی زەمینی بەکەلك و بایەخدارترە چونکە بە ئاسانی و بێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکی ئەوتۆ ئەتوانێت بگاتە هەموو سوچوکۆچە یەکی زەمین.

ئەوی راست بێت ئەلفریدئایەر ماهان ئەمەریکایی لەهەموو پسپورو ئایدیولوجیستە دەریاییەکانی تری جیهان زیاتر لە باسی هێزی زەریاییدا دەست رویشتوو بەناو بانگە تر.

لەسالی 1890دا کتێبیکی بەناوی (هێزی زەریایی مێژوو بەرەوکۆی ئەبات) بلاوکردەوە بوو بە یەکێك لەسەرچاوە گەورەکانی جیۆپولیتیکسی زەریایی. بیرو باوەری ماهان نەك هەر لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا جێگایەکی دیارو شایستەی هەبوو بەلکو فەرنساو ئیتالیاو روسیاو ژاپون و گەلێ دەوڵەتی پچوکی دەریایش دوی کەوتن و کەڵکیان لێ وەرگرت.

هۆی پێش کەوتنی ماهان - پش لەم کۆرەدا ئەوەبوو لەولاتێکی گەورەی خاوەن ساحل سەر دوو ئوقیانوس ئەتلەنتی و باسفیکدا وەکو ئەفسەریکی زەریایی کاری ئەکردو بیروباوەری خۆی بلاو ئەکردەوە، جا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە هۆی برادەرێتی لەگەڵ تیودۆر روزفلت وە هەنری کابوت لوج دا، هەمیشەو کار بەدەستە دەست رۆیشتووەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ئان ئەدا کە لە قاوغی ئەوسایان بچنە دەرەوەو روو یکەنە ئەودیو دەریا واتا ئەوولاتانەی لەویەر دەریاوەن.

لەپیش ماهان دا دەوڵەتی ئەمەریکا ئامانجێکی دوو لانەی بە هێزی دەریایی سپاردبوو، یەکەم پاراستنی سنووری دەریاییەکانی ئەمەریکا دووەم هەڵکوتانە سەر پاپۆری بازرگانی ولاتانی ناحەز بە ئەمەریکا کە ئەم دوو فرمانە هێزی دەریایی ئەمەریکای خستبووە قەوارەیەکی ئەنگ و ئامانجی پەل هاویشتن بۆناو ولاتانی تری ئیفلیج کردبوو. چونکە بەلای جیوپولیتیکەکانی ئەمەریکاوە پیویستە بە هێزی دەریایی دەست بەسەر ولاتانی تردابکیشن.

لە سالی 1884دا سەرەکی کولیجی زەریایی لە نیوپۆرت ئەمیرال ستیفن - ب - لوس داوای لەماهان کرد دەربارەی مێژوو تاکتیکی دەریایی بیروباوەری خۆی بۆ خوێندکارانی کۆلێجەکە باس بکات ئیتر دوای ئەمە ناوبانگی شارەزایی دەریایی لە جیهاندا بلاوبووەوە.

ماهان لە سالی 1859وە ئەفسەرێکی دەریاییە، لە سالی 1878دا کتێبی «ئەفسەرو سەرباز لەکاروباری زەریایی فێرکردن» بلاوکردۆتەوەو لە سالی 1883دا کتێبی «ئاوی کەنداوو دورگەی بلاوکردۆتەوەو لە سالانی 1890 و 1892 و 1905دا سێ بەرگی گەورە کتێبی بلاوکردۆتەوە کە بەپایەی مێژووی دەریایی و سیاسەت و تاکتیك و ستراتیجی‌یەتی زەریایی ئەژمێردرێن.

ئەدوارد میدئیرل دانەری کتێبی «بنچینەنگەکانی ستراتیجی‌یەتی نوێ» دەربارەی ماهان ئەلێت[11] «ماهان دەربارەی ستراتیجی‌یەتی نوێ ئەم بایەخانەی خوارەوەی هەبووە: -

1 - فەلسەفەیەکی بۆ هێزی دەریایی داناوە، نەك هەر لەناو دامەزراوە دەریاییەکان بەلکو لە دەرەوەی ئەوانیشدا رێزی لێ گیراوەوە خۆی گەیاندۆتە ناو دەزگاو ریکخراوە حکومەتی‌یەکانی زۆر ولاتانی جیهانەوە.

2 - تیۆری یەکی نوێی بۆ ستراتیجی‌یەتی زەریایی دانا.

3 - سەرکەوتووانە تاکتیکی دەریایی ئەنرخاند.

سەبارەت بەوەی ماهان ئەوەندەی بە هێزی زەریایی رەوانە ئەبینی کە تەنیا بەشێك بێت لەقەوارەی گشتی هیزی چەکدارو فرمانی پاریزگاری پاپۆری بازرگانی ولات و یاریدەدانی هێزی چەکداری پاریزەری ولاتی پێ بسپێریت، ئەم شەش خاڵەی خوارەوەی بەمەرجی گرنگ و پێویست ئەزانی کە هێزیکی دەریایی مەزنی پێ دابمەزرێت لە ئوقیا نووسەکانە وەبەرەو ولاتانی‌تر ببرێت و بێت بە دەزگایەکی کاریگەری سیاسی پایەی

ولاتی پێ بەرزیکاتەوە:

1 ـ هەڵکەوتی جوگرافی.
2 ـ گونجاوی سروشتکار.
3 ـ گەورەبوون و کشانی هەرێم.
4 ـ دانیشتوان.
5 ـ رەوتی بیرو باوەری خەڵکی وڵات واتا رەوتی نەفسیان.
6 ـ رژێمی سیاسی دەوڵەت و ئاراستە کردنی خەڵکەکەی.

بەڵای ماهانەوە هەڵکەوتێکی جوگرافی نایابی بەریتانیا هێڵە دەریاییەکانی لە بەریتانیاوە بۆ ژووروی ئەورووپاو بەپێچەوانەشەوە، خستۆتە ژێر دەسەڵاتی بەوەی دوورگەی گرنگ و بنکەی ستراتیجی وەکو جەبەل تاریق ی بەدەستەوەیە دەریای سپی ناوەراستی گەوتۆتە ژێر دەسەڵاتەوە کە بەم دەسەڵاتداریتیەیە، لە کۆری بازرگانی و جەنگ ـ ی جیهاندا دەوڵەتێکی زۆر دەست رویشتووە.

دەربارەی گونجاوی سروشتکار ئەڵێت ئەمیش خەڵکی ئەخانە سەر ئەو بارەی شۆینێکی شایستە بۆ وڵاتەکەیان دایمەزرینن، چونکە سەردەریایی هاتوو چۆی خەڵکەکەی لەدەریای پان و بەرینەدا ئاسان ئەکات وە بەندەری ریکوپێکیش ئەبێ بە پستیوان وە چۆنیتی خاکەکەش یان خەڵکەکەلە زەریا دوور ئەخاتەوە یان بۆمسوگەر کردنی باری ژیان و گوزەرانیان بەرەو زەریا رایان ئەکێشێت.

دەربارەی ئەم خاڵانە ماهان لایوایە، کە گەل پێویستە ئەو راستییە بزانێت کە وئەوهێزەی پێویستە هەبێت لەگەڵ ئەو هێزەی کەخۆی هەیە دوو شتی چوون یەك نین بۆیە پێویستە ئاستێکی لەنگەر گرتوو لەنیوانیادا هەبێت».

واتە پێویستە هەموو نەتەوەیەك بای ئەوەندەی کەڵکی لێ ئەبینێت هێزی بە دەستەوە بێت.

دەربارەی بەریتانیا ئەڵێت ئەو بازرگانیە زەریاییە فراوانە دەسەڵاتی دامەزراندنی دامەزراوانی زەریایی بەریتانیایان کرد بە دەوڵەتێکی خاوەن هێزی زەریایی مەزن.

لە بەشەکانی پێشوودا بەدووروو درێژی باسی خەڵك و هەرێم و گەورە بوونی هەرێم و کشان بەسەر خاکی ولاتاندا کراوە بۆیە لیرەدا بە کورتی باسی خاڵە باس نەکراوەکان ئەکەین.

دەربارەی خاڵی پێنجەمیش بە پێویستی ئەزانێت کە خەڵکی ئەوولاتەی هێزی دەریاییان هەیە بەبێ ئارەزوویەکی نەفسی تایبەتی ناتوانن هێزێکی دەریایی گەورە دایمەزرێنن چونکە ئەبێ ئارەزووی دەریاوانی بکەن وەحەز بەدەستەڵاتداری بکەن تا ئەو شتە بەرهەم بهێنن کە بازرگانی پێش ئەخات. جا لێ هاتوویی حکومەت بەمەرجی گەورەی سەرکەوتنی ئەم فرمانە لە قەڵەم ئەدات چونکە هێزی دەریایی و ژمارەی کەشتی ونفاق و چەکی دەریایی و دەزگا دەریاییەکان بەدەست حکومەتەوەیە.

دامەزراوە دەریاییەکان ئەبێ لەئاستێکدابن کەلەکاتی جەنگدا بەپەلە گەشە بکەن. ئەوانە ئەتوانن دەریاوانەکان بۆ جەنگ و خۆ راگرتن بەرامبەر دوژمن سازبدەن.

هەروەها بیروباوەری ستراتیجی، کە لەلایەن حکومەتەوە نەخشەی ئەکێشریت هێزی دەریایی ئەخاتە سەر رێبازی سەرکەوتن یان دەستەوسان وەستانن.

فەرەنسا بەنمونە ئەهێنێتەوە کە هەمیشە میرە دەریاوانەکانی خۆی هان ئەدا بەپاناییی ئوقیانووسەکانا گەشت و گوزار بکەن بێ ئەوەی ئارەزووی پێکا هەلبژانێکی ئەوتۆ لەگەڵ هێزی دەریایی وڵاتانیتردا بکەن کە پاپورەکانیان دوو چاری زەرەرو زیان بکەن.

بەم جۆرە بیروباوەرە هەمیشە هێزی دەریایی فەرەنسا دەستەوسان بەرامبەر هێزی دەریایی بەریتانیا ئەوەستا.

ئەوی راست بێت ئەڵفرید ماهان لە سەرەتای ژیانیەوە دوژمنی ئیمپریالیزم بوو، بەڵام دوای ئەوەی تێکەڵی هێزەکانی دەریایی ئەمەریکا بوو وەکەوتە نەخشەکێشانی دامەزراندنی هێزێکی زەریایی گەورە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە پەیوەندیەکی زۆر توند لە نێوان وڵاتان داگیرکردن و هێزی دەریاییدا هەیەو لەم بارەیەوە ئەڵێت[12] «دەوڵەتی دەریایی بەژیر دەستەکردنی وڵاتان جێپێی خۆی لە خاکی بێگانەدا لەکاتەوە، وەدەزگا بۆ بازرگانی خۆی ئەخاتە سەرپشت و ناوچە یەکی نوێ بۆ پاپورەکانی ئەدۆزێتەوەو وکاری زیاتر بۆ خەڵکەکەی پەیدا ئەکات و بەمەساماناین ئەخاتە بەردەست».

بۆیە ماهان دوو خاڵی زۆر لاگرنگ بوو، یەکەم هێزی دەریایی دەربارەی چارە نوسی جیهان چیپێ ئەکرێت، دووەم

هەوالنامەی کێبن

هێزی دەریایی و هێزی زەمینی کامیان گرەوی سەرکەوتن لەبەنەوە.

بۆیە ماهان دەیەوانندنی هێزی دەریایی دوژمنی لەدەریاو ئوقیانووسەکاندا بەگەوهەری بیروباوەری ستراتیجی راست لەزانی. لەم بارە یەوە ئەڵێت[1] «دەست بەسەر چەند پاپۆرێکدا گرتن، ژمارەیان زۆر بێت یان کەم سامان و دەرامەتی میللەتەکەی لەبن ناهێنێت، بەڵکو ئەم فرمانە بەوە جێبەجێ ئەکرێت ئالای ئەو میللەتە لەدەریاکانا نەشەکێشەوە، بەهێزێك ئەکرێت ریگای هاتوچۆی بازرگانی لە پاپۆرەکانی دوژمن ببەستێت، ئەمەش بەهێزی دەریایی گەورە نەبێت نایەتەدی».

بێگومان کەماهان دەربارەی دەریاو دەریاوانی و هێزی دەریایی و ئنجا بیرکردنەوە لەدەست بەسەر دەریاو ئوقیانووسەکانی جیهاندا گرتن تادەست بەسەر زەمیندا بگیریت، دەستی کرد بە نووسین.

ئەوساکە ئەوروپا کەوتبووە کۆری شۆرشی پیشەسازی یەوە وچینی بۆرجوازی وەکو چینێکی شۆرشگیری حەز بەخوونە کۆری کشتوکال و پیشەسازی یەوە کەوتبووە چالاکی و جولانەوە هەروەها بەرە بەرە چینی دەرە بەگ و پایزگار خوازەکان رێگایان بۆ ئەم چینەو زانست و پیشەسازی نوێ و هێزی چەکداری خاوەن تەکنولوجیای بەرز چۆل ئەکرد وەهێزی دەریایی چ هی بازرگانی یان هی عەسکەری وەکو لاوێکی چالاکی خوین گەرمی ئاقەسواری مەیدان بەرەو پێش ئەرێشت بەرێوە بەلام لەگەڵ پێگەیشتنی چینی بۆرجوازی و پیشکەوتنی پیشەسازی و تەکنولوجیا لە هەموو کۆرو مەلبەندێکی ژیاندا هێزی زەریاییش پێ ئەگەیشت و کامڵ ئەبوو، بۆیە ئایدیولوجی یەتی ماهانیش پانەندی ئەم یاسایەبوو، لەزۆر رووەوە بیروباوەری راست و بایەخداری دەربارەی هێزی دەریایی بلاوکردۆتەوو لە هەندی رووشەوە سەبارەت بەوەی رەورەوەی پیشکەوتن، بیروباوەرەکانی بەجێ هێشتووە، دوو چاری رەخنەو هێرش بووە.

لەسەرەتای نووسینەکانیدا نەفرۆکەو نەژیردەریایی (غواصه) دەستیان هەبووە لەکۆری جەنگی دەریاییدا بۆیە کە ئەم دوو ئامرازە چەکدارە هاتنەکایەوە هەندی تیۆری دەریایی جەنگی لەئاستیانا پاشەکشییان کرد. وەئەم لێکۆڵینەوەیە کەوتە نێو ئایدیولوجیستە عەسکەری یەکەورەکانی وڵاتە گەورەکانەوە.

کەلە جەنگی یەکەمی جیهاندا هەندی پاپۆری ئەڵمانی لەئاسمانەوە درانە بەر بۆمباو ناچار بوون خۆیان بە دەوڵەتە هاو پەیمانەکان (الحلفاء)دا بەدەستەوە، ئافی کردنەوەیەکی نرێ کەوتە کۆری جەنگی دەریاییەوو عەسکەریەکان کە تا ئێستا هەر لەم جۆرە دیاردەیە ئەکۆڵنەوە وەکو لەدوارەمید ئیرل ئەڵێت[2] «مرۆڤ لەدوو رای لەگومان بەدوور نزیك نەکانەوە».

1 ـ پاپۆری جەنگی بەبێ پایزگاری کەرێکی ئاسمانی ناتوانێت لەدەریای تەنگ دا دەریاوانی بکات، چونکە فرۆکەی دوژمن لەبنکەی زەمینی یەوە هەڵئەکوتێتەسەری.

2 ـ ئەبێ پاپۆری جەنگی لەدەریای سەر بەتاڵ دا لەدوو چەك بپارێزریت، فرۆکەو ژیردەریایی.

بۆیە لە جەنگی دووەمی جیهان دا پەنابرایە بەر ستراتیجی یەتێکی دەریایی نوێو پاپۆری فرۆکە هەڵگر لەریگا زەریاییە دوورەکاندا وەکو هێزێکی پاریزەرو هێرش بەر خرایە کۆری جەنگەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ماهان هەر بە ئایدیۆلۆجیستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەزانراو لەسەر نەخشەی ئەو ئەرویشتن بەرێوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە مێژوویەکانی ماهان لەسالی 1890دا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یاسای دەریایی لەکونگریسی ئەمەریکادا بریاری لەسەردرا.

ئیتر شان بەشانی دروست کردنی پاپۆری جەنگی هەمە جۆرە، دەست کرا بە دروست کردنی (بارجە)ش. مستەر هەربەرت وەزیری دەریایی ئەمەریکا بەپێی بیروباوەری ماهان کە لەکتێبی «هێزی دەریایی لە سالی 1793 ـ 1812دا چی لەشورشی فەرەنسا و ئیمپراتوری یەتی فەرەنسا کردووە» بریاری دا کە پاپۆری جەنگی گەورە پاریزگاری سنووری دەریایی پێبسپێریت. هەربەرت بروای بەوە هەبوو کەهێزی دەریایی سوودی نیشتمانی لە دەرەوەی وڵات پێ ئەپاریزریت و لەکاتی ئاشتیشدا ئەبێت بە پشتیوانی دیبلوماسی یەت.

ئیتر ئەمەریکا بەپێی بیروباوەری ماهان کەوتە دەست درێژی کردن، کوبای لەئیسپانیا سەندەوو دەستی گرت بەسەر دەریای کاریبی دا وپورتۆریکۆی خستەسەر وڵاتەکەی خۆی، هەروەها لە سالی 1898دا دەستی بەسەر فلیپین ـ یشداگرت وە

لەسەر سیاسەتی خۆگەورەکردن و داگیرکردن رۆیشت بەرێوە تا لە ساڵی 1899دا ئەرخەیلی ساموا - شی کەونە ژێر دەستەوە لە ساڵی 1901دا دوای کوشتنی ماڵ کێنلی، تیۆدور رۆزفلت سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کەونە دەست تێتر بەتەواوی فەلسەفەی ماهان دەربارەی هێزی دەریایی لەکۆشکی سپی‌دا جێ‌پێ‌ی خۆی قایم کردو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهۆی سیاسەتی دەریا خوازی رۆزفلت - ەوە بووبە دەوڵەتێکی دەریایی گەورەی جیهان.

ئەدوارمید ئیرل ئەڵیت[15] لەگەڵ ئەڵفرید ماهان لە ساڵی 1914دا ئەمردایە لە ساڵی 1915 چەپڵەی بۆ سەرەك وڵسۆن لێ‌ئەدا، کە داوای لەکۆنگریسی ئەمەریکا کرد کە هێزی دەریایی ئەمەریکا بگەیەنێتە ئاستی بەڕێزترین هێزی دەریایی لە جیهاندا».

وەهەر بەکردەوە یاسای دەریایی ساڵی 1916 هێزی دەریایی ئەمەریکای گەیاندە بەهێزترین هێز لە جیهاندا.

پرۆفیسۆر جەنەرال کارڵ هوسهوفەری ئەڵمانی بەسەر ئەڵیت[16] «ماهان جیۆپۆلیتیکسیکی هەڵکەوتووبووە بەریگا یەکی راست وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای خستۆتە سەر ریگای مەزنێتی‌یەوەوە ئەو سیاسەت مەدارەکانی ئەمەریکای فێرکردووە وەك هێزیکی جیهان گەردی خاوەن رووبەرێکی پان و بەرین بێر لە خۆیان بکەنەوە».

ماهان ئەوەندە ناوبانگی دەرکرد کە لە ساڵی 1893 - 1895دا چووبو بەریتانیا شێوی ئیوارەی لەسەر خوانی شازنی بەریتانیا خواردو سەرەك وەزیرانیشیان لەگەڵدا بەشداربوو جگە لەوڕێزونازناوەی لە هەردووزانکۆی ئۆکسفوردو کێمبرج - ەوە لێ‌ی نراو، کرا بەمیوانی یانەی دەریایی شایانەی بەریتانیا کە هەر بۆ هاوولاتی خۆیان ئەرخان کرابوو.

ئەمیرال راڤول کاستکس - ی فەرەنسایی ئەڵیت[17]

بیروباوەری ماهان دەربارەی پێویستی سەر دەستەیی هێزی دەریایی و دامەزراندنی هێزیکی ریکخراوی کاریگەر پایەیەکی بەهێزی تیۆری ستراتیجی عەسکەری‌یە.

وەدەربارەی بیرو باوەری ماهان سەبارەت بە هێزی دەریایی کە ئەبی پەیداکەری وڵاتانی ژێر دەستەبێت و بازرگانی لەوبەر دەریاوە پەیدابکات لە ساڵی 1894دا ئیمپراتوری ئەڵمانیا نامەیەك بۆ برادەرێکی خۆی ئەنبرێت وشەلێت[18] «من ناخوێندەوە، بەڵام لەکتێبەکەی ماهان تێ گەیشتووم وە هەوڵ ئەدەم هەموی لەبەربکەم، چونکە لەکتێبە هەرە بەنرخەکانە، ئەم کتێبەلە هەموو پاپوریکماندا هەیە، هەموو ئەفسەرە دەریاییەکانم شتی لێ فێر ئەبن».

وە ئەلفرید ڤون تیرپتز کە ئاراستەکەری سیاسەتی دەریایی ئەڵەمانیا بوو ئەیوت کە ماهان یاسی ئەم دوو وشەیە (هێزی جیهانی) لەکات نیاز لەو هێزەیە کە دەستکەوتی لەهەموو سەرزەمینا هەبی.

هەرچەندە ئەڵەمانەکان پشتیان بەهێزی زەمینی لە هێزی دەریایی زیاتر ئەبەست وە بەر بەرکانی‌یان لەگەڵ هێزە دەریاییە دوژمنەکانی خۆیاندا بەفرۆکەو ژێر دەریایی ئەکرد، بەڵام هەر شوبنێکی شایستەیان بوبیروباوەری ماهان لە کۆری ستراتیجی‌یەتی دەریاییدا دانابوو.

ئایدیولوجیستەکانی ئەڵەمانی سەربە هێزی زەمینی ئەیانوت هێزی دەریایی بەرامبەر پێش کەوتنی هێزی زەمینی وتەکنولوجیای چەکی زەمینی نوێ لەپاشەکشیدایە.

بۆ ئەوەمان پەیدابوونی لەغەم و طوربیدو فرۆکەی جەنگاوەرو بومبەهاویژ گەلێك لە بۆ چوونەکانی ماهان و هاوبیرەکانی لەگرێژەنەبرد ئەو هەوڵ و تەقەللایەی رۆژ ئاوابیەکان دوای ساڵ 1917 دایان بۆ زیندە بەچاڵ کردنی شۆرشی بۆڵشەویکی نەونەمام، بەڵام گەشەکردنی هێزی زەمینی یەکێتی سۆڤییەت بۆ هەموو جیۆپۆلیتیکسەکانی سەلماند کە هێزی زەمینی هێزیکە بەرەو هەوراز ئەکشێت و سەر ئەکەوێت.

لەهەموی خۆشتر بیروباوەری ئەمیرال راڤۆل کاستکسی فەرەنسایی بوو کە پێنج بەرگی گەورەی لەسەر ستراتیجی‌یەتی دەریایی نووسیوە، لەو بروایەدا بوو کە پایەی دەریایی بەریتانیا وردە وردە هەرەس ئەهێنێت و بەهۆی ئەم هێزەوە دەستکەوتێکی کە متری لەچەرخی پاپۆری چارۆکەدار (السفن الشراعیه) دەست ئەکەوێت کەچی لەم دواییەدا مارگرێت ئاتشەر، سەرەك وەزیرانی ئیستای بەریتانیا دورگەی فۆکلاندی هەربە هێزی دەریایی لە جەنەرالەکانی ئەرجەنتین سەندەوە.

دیسان کاستکس وەکو گەلێك خاوەن تیۆری ئیتالیایی و فەرەنسایی بروای بەوە هەبوکە هێزی دەریایی هیرش بەر کات و

هەوڵنامەی کتێب

ریگـا یەکی زۆری لەوێت تاکـو جیگـایـەکی نیشـانـەکـراو گەمـارۆبـدات وە ژیـردەریـایی و هیـرش بردنی ئاسمـانی کاروکردەوەی هێزی دەریاییان لاوازکردووە. وەبروای بەوە هەبوو کە یەکێتی سۆڤییەت وچین خۆیان لەمەترسی هێزی دەریایی رزگارکردووە.

هەروەها بەرگێك کتیبی بۆ بەربەرەکانی هێزی زەمینی و هێزی دەریـایی ئەرخـان کردو بەراوردی چەرخی جەنگیـزخـان و هی ستالینی تیـاکرد، یەکێك لە ئەمیرالە فەرەنسایـیەکان کە هاوبیری کاستکس بوو بروا بەوەی کەستالین دیارە ستالین وەکو فەرماندەی هێـزیکی گەورەی زەمینی لە دواوژدا فەرنسـا لە ئەنگـوچـەڵـەمـە رزگـار ئەکـات، پەیـکـەرێـکـی نیـۆ بالای بۆ ستـالـن دروست کردبوو، ئەوەبو پێش بینی یەکەشی لە جەنگی دووەمی جیهاندا هاتەدی.

بەڵام وڵاتـی ژاپـۆن کەلـە دورگـەیـەکی گەورەو چەنـد دورگـەیـەکی تـر پێك هاتووەو ئەبوایە لەهەموو هێزیك زیاتر پشتی بەهێـزی دەریـایی بـبـەستـایـە کەچی ئایـدیولوجی یەتی دەریـایی و ستـراتیجی یـەتی جەنگی، جیـاوازی یەکی دیارو ئاشکرای هەیە لەگەڵ دەوڵەتە دەریاییەکانی سەرزەمین دا.

ژاپۆن کەلە لەسالی (1894 ـ 1895)دا جەنگی دژی چین هەڵگیـرسـانـد ولـە سالی (1904 ـ 1905) دژی روسیا لە هەردوو جەنگـەکـەدا بەتـەمـای ئەوەبـوو جەنگێکی بین برری سەرکەوتووبێت. هەوڵی دا رێ بەستە لەو دوو وڵاتەبکات کەچی لەسالی 1941دا لە جەنگی دووەمی جیهانی دا لەسەر ئەم رێبازە نەرویشت بەریـوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا شارەزابـوون لە تاکتیـك و ستـراتـیـجی یـەتی ژاپـونی کارێکی دژوارو گرانـە چونکـە ژاپـونی یـەکـان هەرشتە لەکـاتی خۆیدا باسی ئەکـەن و لێی ئەکـۆڵنـەوە، گۆیش نادەنـە ئەو باس و لێکـۆڵینـەوانەی راستەوخۆ پەیـوەنـدی بەخـۆیـانـەوە نەبێت. ئەمـە جگـە لەوەی کەبە پێی سیاسـەتی حکـومـەتـانی ژاپـۆن کەس نایێ بیروباوەرو رێبازی ژاپـون لەنـاو گەلانـدا بلاوبکـاتـەوە بەڵکـو هەر باسکـردن و لێکـۆڵینـەوەیـەك دەربارەی کاروباری عەسکەری هەبێت ئەبێ لە شوێنی نهێنی دا بپاریزرێت، بویە لەژاپون ئایدیولوجیستی وەکو ماهان و کۆربێ و کاستکس پەیدانەبووە.

بێگـومـان رەوشـتورەفتاری ژاپۆنی یەکان ج لە کۆری تیوری و بلاوکـردنـەوەداو ج لە کۆری ئەمـاعکـاری و داگیـرکـردن دا پەیوەندی یەکی تۆندو تۆڵی بەهێزیە مێژوویی و ئایدیولوجی یەکانی خۆیـانـەوە هەیـە کەهـەرلەسەرەتای کوچ کردنیانەوە بۆ ئەم پارچە زەوی یەی ئیستاتیایا ئەژین تا ئەمرۆژەی ئیستایان خۆی گرتووەو راست بۆتەوە.

هەڵکـەوتی ژاپـون لەئـاسیـادا وەکـو هەڵکـەوتی بەریتـانیا لە ئەوروپـادا وابـوو بەڵام بەریتـانیـا کەوتبووە تەك چەند دەوڵەتێکی ئەوروپـایی بەهێـزو ژاپـۆن کەوتبووە نزیك دەوڵەتانی بێ هێزەوە. ئەمـە جگـە لەوەی کە چەنـد هۆیەکی تر یارمەتی دەست دریژی ژاپـونی یـەکـانی داو ریگـای جەنگە خوازی بۆ خۆش کردن وەکو نەبـوونی هێـزیکی چەکـداری گەورە لە ناوچـەکـەیـانـدا، وانـە لەخواروی رۆژ هەڵاتی ناوەراستداوە هەلکەوتی دوورە دەستی وڵاتی ژاپـون و هەلکـەوتی دورگـەکـانی ژاپـون لەناو ئوقیانوسی باسفیـك دا. لەگـەڵ ئەم هەمـو هەلـومـەرجە لەبـارەداو گەلی هەلـومـەرجی لەبـاری تـر کە باسکردنی هەمـوویان لەم نووسینەدا جیگـای نابێتـەوە، ژاپـونی یەکان هیزی دەریاییان بۆ گواستنەوەی سەربازو پاراستنی پاپوری سەرباز هەڵگر بەکار ئەهانی هەرچۆن لەکـاتی خۆیـدا لەخـاکی پیـشـووی خۆیـانـەوە بەهـەمـان ریگـا لەئیشتمـانی ئیستایانـا، دابەزیون و داگیریان کردووە. خەلکی ئیستـای ژاپـون سەدەیـەکی رەبـەق جەنـگ و کوشتاریان لەگەڵ خەلکەرەسەنەی ژاپون دا کردووەتا بەزۆر بەرەو ژوورووی ژاپۆن راویـان ناون و خۆیـان لە شوێنی ئەواندا دامەزراندووە. هەر لەوکـاتـەوە وەکـو لە جەنگی دووەمی جیهانیشـدا بەپاپورەکانیان سەربـازیـان گواستـۆتەوە سەرو شکانی و بەهێزی زەمینی سنوورە سەر زەریاییەکانیان لە شوێنەکانی تر دامالیوەو ئەم شان و ئەوشانی هێزەکانی دوژمنیان بەهێزی زەمینی تە نیوە.

بەم شێـوەیـە چیـمـوتینـو، کە یەکـەم ئیمپراتۆری ژاپۆن بووەو لەنێـوان سالی 660 تا 585ی پێش زایینی فەرمـانـڕەوابـووە، لە دورگـەی کیـۆشـۆوە کە کەونـۆتە خواروی ژاپۆنەوە لەدەریاکانی ناوخـۆوە خـۆی گەیاندۆتە شاری ئوساکا لەسەر ڕۆخی خواروی دورگەی هونشو.

بەڵام هەوڵ وتەقەللای قوبلای خان ئیمپراتۆری مەغول کە لە سالی 1274و 1281 زایـینـی دا ژاپـون داگیـرکـات ژاپـۆنی یـەکـانی ڕاچڵەکـانـد. مەغوڵی کان دورگەی تـسوشیمایان

داگیرکردو سەربازیکی زۆریان لەرۆخی کیۆشودا دابەزان و زەرەرزیانێکی زۆریان لە پاپورەکانی ژاپون دا. ژاپونی‌یەکان گورج و گۆڵی‌یان کرد بە دەستکەلای خۆیان بەڵام مەغوڵی‌یەکان پاپۆرەکانیان بەکۆکۆیی بۆخۆیان ئەکرد بەقەڵای خۆیاراستن.

هەر لەسەر ئەم رەوتە ژاپونی‌یەکان لەدوای جەنگی ژاپون وروسەوەتا سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان پاپۆرە چەنگی‌یەکانی خۆیان بەشێوەیەك دروست ئەکرد کە تیژرەوو فرە ئاگرهاوێژ بێت، پاپورەکانیان لەیەك کاتدا ئەیان توانی هەمور چەکە دامەزراوەکانیان بەکار بهینن، جگە لەوەی بەهۆی تەکنولوجیای هایدرولیکی و کارەباوە درەنگ لەکار ئەکەوتن و بەرگەی زەرەروزیانی دوژمنیان لە پاپوری هاوشانی خۆیان زیاتر ئەگرت.

لەساڵی 1937دا کەژاپون لەناکاو جەنگی دژی چین هەڵگیرساند ژاپۆنی‌یەکان پشتیان بە هیزی زەمینی بەست و پاپوریان هەر بۆ سەرباز گواستنەوە بەکار هانی و ئەنانەت ئەیان ویرا بارجەکانیان بخەنە کۆری جەنگەوە، بەڵکوو کۆنەکانیان سەربازەکانیان لەرۆخی خاکی چین دا دابەزان و هەربەو پاپۆرانەش دابەزینەکەیان پاریزگاری ئەکرد.

هەرچەندە ئەمیراڵ یۆنای وەزیری زەریایی ژاپون لە ساڵی 1937دا ئەیوت[19] «سیاسەتی هێزی دەریایی ئیمە تێك دانی بنکەی فرۆکەو فرۆکەخانەکانی دوژمنە، تاکو فرۆکەکانی دوژمن نەگەنە خاکی سەرەکی ژاپون» بەڵام هەر نیازی لەوەبۆ گەلانی ناوچەکەو ئەوروپا بەم قسانەفریو بدات گوایە نیازی خۆ پاراستنە نەك داگیرکردن» کەچی بەکردەوە رۆخەکانی کوریاو فروکەخانەو بەندەرو بنکە عەسکەری‌یە گرنگەکانی چینیان داگیرکرد. وەهەر دوای ئەوە رووبان کرد هندی چینی هەرلە کوریاوە تا تایلاندو سنوری مەلایو.

ئەوی راست بێت تیۆری‌و نەخشەکانی ئەمیرال توجوی سەرەك وەزیران هیچ جیاوازی‌یەکی ئەوتوی لەگەڵ هی‌پێشینیانی ژاپونی‌دا نەبوو.

واتە ئەرکی گەورەی جەنگ نەخرێتە سەر هێزی دەریایی. بێگومان بەشدابوونی ژاپون لە جەنگی دووەمی جیهانی‌و لەگەڵ دوژمنکی گەورەی خاوەن هێزێکی دەریایی سامدار هێزی ئەمەریکا کەوتنە جەنگەوە، ناچاری کردن کەچاوبك بە نەخشەی جەنگی رابوردوویانا بخشینەوە. چونکە ژاپون شۆینە ستراتیجی‌یەکانی لەکیس چووە گەڵی شوینی بایەخدارو گرنگ لەنزیك خاکی ژاپونەوە کەوتنە دەست دوژمنانی ژاپونەوە جگە لەوەی دوژمنەکانی ژاپون پر بەدڵ حەزیان بە پەلاماردانی ژاپون ئەکرد.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو، ئەدوارد میدئیرل دەربارەی ئەم باسە ئەڵێت[20] «هێزی زەریایی ژاپون، پشتیوانی سوپای ژاپونی پێ سپێررابوەو هەروا ئەگونجیت کە لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا جیاوازی هەبێت چونکە لای ئەوان هێزی دەریایی هێزە گەورەکەیەو پشت بە هێزیکی زەمینی بچوك ئەبەستێت. هەروەها لەگەڵ بیروڕای فەرەنسایی‌و ئەڵەمانیشدا جیاوازی هەیە چونکە ژاپون هەمور ئامانجەکانی لەسەر زەمین وەبە هوی هێزی زەمینی‌یەوە دەست ئەکەوێ».

بەکورتی ئایدیۆلوجی‌یەتی هێزی دەریایی بەپێی بۆچوونی جیۆپولیتیکسی لەسەر دوو پایەی سەرەکی دامەزراوە، یەکەمیان لای خاوەنانی ئەم ئایدیولوجی‌یەتە لە هەمور هێزەکانی‌تر گرنگ و بایەخدار تربووەو هێزی سەرەکی بووە بۆچی‌بەچی کردنی ئاوات و ئامانجەکانیان نەك وەك ئاسایی بەشێك بێ لە هێزی گشتی ولات ولایەنێکی فرمانی هێزی چەکداری پێ بسپێرریت. دووەم ئەم هێزە فرمانی لە سنووری ولات پاراستن رەت ئەبێتەو و ئەبێ بگەبنرێتە ئاستێك بەئارەزووی فەرمانرەواکانی بە زەریاو ئۆقیانوسەکانی جیهاندا بسورێتەوە واتە ببێت بەدەزگەیەك ئیمپراتۆری‌یەتی پێ دابمەزرێت و جیهانی پێ بخرێتە ژێر دەسەڵاتەوە.

بۆیە فردریك راتزڵ بەچاولێ کەری لەماهان کتیبی «دەریا سەرچاوەی مەزنیتی ئەتەوەیەی بڵاوکردەوە وەهەر لەم بارەیەوە ریچارد هینینگ لەبەراوردکردنی هێزی زەمینی‌و دەریاییدا ئەڵێت[21] «... ئەو دەوڵەتە مەزنانەی لە مێژ ووی تۆی داهاتونەتەکایەوە، هەمور دەوڵەتی دەریایین و پشتیان بەهێزی دەریایی بەستووەو دەستیان بەسەر ریگای دەریاییدا گرتووە».

(هێنری زەمینی)

هێنری زەمینی هەروەکو هێزی دەریایی‌و ئاسمانی وبوشایی

ئاسمان راستەوخۆ بەستراوە بەجیۆپۆلیتیکسەوە، نیازیش لە هێزی زەمینی ئەو هێزەیەکە دەست رویشتوو بێت لەئاست هێزەکانی تردا. دەربارەی ناوەرۆکی جیۆپۆلیتیکسی جیمس فیرجریف لە کتێبی (جوگرافیاو هێزی جیهانی)دا.

Geography and World Power

ئەڵێت[22] «سێ هەزار ساڵ لەمەو پێش مەڵبەندە هێزدارەکانی جیهان بریتی بوون لەناوچەرگەی پچوك پچوك جاریك لەم لاولەولای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و جاریك لەم لاولەولای ئەورووپا لە - میسرو عیراق و فارسی ڕۆژ ئاوا (نیازی میدیایە)و گریك و ڕۆماو بێزەنتی‌یەکان و بەغدای عەباسی‌یەکان و قاهیرەی فاتمی‌یەکان و وەمەمالیك و ئەستەمووڵی عوسمانللی‌و ئیسپانیاو پورتوگال و فەرەنسا ئینگلتەرەو هولەندە. ئەم مەڵبەندە سیاسی یانە لەئەنجامی دوو بەرەکی‌یەکی درێژخایەندا یەك بەدوای یەکدا ئەهاتن و ئەمانە (جیهانی بایەخدار بوون)، هەروەها جیمس فیرجریف درێژە بەباسەکەی ئەدات و ئەڵێت ئەم جیهانە بێت بەستوو بەهەلومەرجی جوگرافی تایبەتی خۆی توانی گەل و دانیشتوانی خۆی پێش بخات و داهاتی خۆی گەشە پێ‌بکات ئێجا دوای ئەوە ڕوویکاتە هەرێم و داهاتی بێگانە لەو ناوچانەدا کە پێ‌گەیشتن و پێشکەوتنیان لەمان لەدوا تربووە».

بێ‌گومان لە خوێندنەوەی ئەم بەشە پچوکەی کتێبەکەیدا بۆمان دەرئەکەوێت کە زۆر بەوردی لەناوەرۆکی جیۆپۆلیتیکس گەیشتووەو سیاسەتی جیۆپۆلیتیکسی ئەو دەوڵەتانەشی ڕوون کردۆتەوە، پێش ئەوەی ئەم جۆرە سیاسەتە ئەم ناوە نوێ بەشی لێ بنرێت.

ئێجا ماکیندەر ئەڵێت[23] «هەمبوو سەدەیەك جیۆپۆلیتیکسی خۆی هەیە». ئیمەش لەم چەند لاپەڕەیەدا باسی هێزی زەمینی ئەکەین. لەبەر تیشکی زانستی جیۆپۆلیتیکسی ئەوکاتەی هێزی زەمینی لەهێزی‌تر لەهەندی لای سەزەمیندا گرنگ و دەست ڕۆیشتووتر بوو.

هالفورد ماکیندەر جێگری سەرەکی کۆمەڵەی جوگرافیای شاهانەی بەریتانیا لەوتاریکدا کە لە ساڵی 1904 خوێندویەتی یەوە ئەڵێت[24] «لەوانە مێژووی جیهانیان دروست کردووەوە لەمەوڵاش دروستی ئەکەن، دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاو دەشتەکانی ڕۆژهەڵات و ناوەراستی ئاسیان، ئەنگیان بەدانیشتوانی کەنار دەریاکانی ئاسیاو ئەورووپا هەڵچنیوە». ئێجا ئەڵێت «ڕاستە هێزی دەریایی پایەیەکی گەورە بوو، کە هێزێکی جیهانی پێ‌دابمەزرێنرێت، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا لەچاو سەدەی نۆزدە هەمدا بنکەی زەمینی زیاتری پێویستە لەبەر ئەوە هەر بە هێزێکی زەمینی دوورگەی جیهانی (ئەورووپاو ئاسیاو ئەفەریقا)ی ئەخرێتە ژێر دەستەوە.

وەئەم دوورگەیەش هەر لەریگای زەمینی‌یەوە ئەبی بۆی‌بچێت».

بەڵای ماکیندەرەوە، ئەڵمانەکان دووجاری هەڵەیەکی گەورە بوون کە نیوەی ولاتی خۆیان لەناو ناوچەرگەدایە «Heart Land» وەنیوەکەتری لە ئەورووپای کەنار دەریادایە هێرشیان بردەسەر ناوچەرگە - ڕوسیا - بەتایبەتی لەکاتێکدا کە بە جەنگی بەریتانیاشەوە هێزێکی گەورەی دەریاییەوە خەریك بوون.

شارەزا عەسکەری‌یەکان لایان وایە کە ئەنانەت فرۆکە خانەو بنکە جەنگی‌یەکانی زەمینی‌یەکانی‌تر پارێزگاری‌یان لەناوچە جەنگی‌یە دەریاییەکان ئاسان ترە.

کەچی ساڵی 1943دا هەروەکو دەیان ساڵ لەوە پێش یەکێتی سوڤییەت بەنگەی سەرکەوتنی یەك لەدوای یەکی ئەخستە پێش چاوی دەوڵەتان، ئەوەندەی‌تر پشتی ئەو جیۆپۆلیتیکسانەی بروایان بەسەرەتای (هەرێمی ناوچەرگە) هەبوو قایم ترکرد.

هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو جەنەرال هۆسهوفەر زۆر بەوردی نووسینەکانی هالفورد ماکیندەری ئەخوێندەوەو ئەبو بەهاوبیری‌و بەپێی دەستکەوتی ئەڵەمانیا داوای جێ‌بەجێ کردنیانی ئەکرد.

لای هۆسهوفەر وابوو ئەگەر یەکێتی سوڤییەت وئەڵەمانیا کە بەناوچەرگەی جیهانی ئەزانین یەکبگرن کە خاوەنی هەموو هەلومەرجێکی ستراتیجین، بەمە ئەڵەمانیا ئەگاتە پایەی هێزێکی جیهانی. بەقەڵا یەکی گەورەی ئەزانی کەلە (ڕووباری ئالپەوە لەڕۆژ ئاوای ئەورووپاوە تا ڕووباری ئامور لەڕۆژ هەڵاتی ئاسیادا ئەگرێتەوە)وە ئەمە ئەبێت بەبنکەیەکی ئاوەکی هێزە ئەڵەمانی‌یەکان ئەتوانن بۆ هێرش بردنە سەر هەموو لایەك بەکاری بهێنن. پیشەسازی‌یە بایەخدارەکانی لەهەرێمە ئاوەکی‌یە دوورەکانن، سامانی ئۆکرانیاو قەفقاس و ئورال ئەکات بەیەك.

ئەڵەمانیا ئەکات بەو دەوڵەتە بێ هاوتایەی کە ئابوری‌یەکی پربەپێستی خۆی لەبەر دەستایە.

هەروەها دەربارەی هێزی جیهانی گەورە فەردیك راتزل ئەڵێت[٢٠] «پێوەندی‌یەکی توند لە نێوان هێزی زەمینی و هێزی سیاسی‌دا هەیە، روویەری گەورەو داهاتی ئەم روویەرە گەورەیە هەر لە دەوڵەتی زەمین فراوانیدا دەست ئەکەوێت، وەکو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو روسیاو ئوستراليا، کە بەراورد ناکرین لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەوروپای رۆژئاوای خاوەن زەوی پچوك و داهاتی کەم».

وە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کە ئەمەریکاو دەوڵەتە رۆژئاواییەکانی ئەوروپا پەیمانە عەسکەری کانیان دامەزراند بەڵای عەسکەری بە ستراتیجی‌یە رۆژئاواییەکانەوە هەربۆ ئەوبوو بە هێزی دەست وپەل (الاطراف) هێزی ناوجەرگە (Heart Land) گەمارۆیدەن. ئیتر رەنگە ئەم پێشەکی‌یە کورتە وەڵامێك بۆ هاتنە سەر گەوهەری باسی هێزی زەمینی.

گەلێك زانایانی عەسکەری لایان وایە، کە هێزگەیاندنە گۆرەپانی مەبەست و جەنگ، مۆڵەتی دەست پێشکەری ئەداتە دەست و ئەم دەست پێشکەری‌یەش گرەوی جەنگی زۆر جارێ بەبڕیتەوە.

بێگومان هێزگەیاندنیش لە کاتی پێویستدا هۆی راگەیاندنی تایبەتی ئەوێت کە ئەویش بە جێگاوکاتەوە بەستراوە.

رۆمانی‌یەکان لەڵایەکەوە پاپۆریان دروست ئەکردو لەڵایەکی ترەوە ریگایان ئەکردەوە بەم جۆرە لەچاو گەلانی تری جیهانی کوندا پێشتر کەوتن. هەروەها سوپای ئیسلام بەهۆی ولاخ و ئەسپ و سوار چاکی‌یەوە لەجم و جول و هاتوچۆدا سوپاکانی دوژمنانی ئیسلامیان بەزاندو بۆیان بۆ بەهەلو مەرجێکی لەبارکە گرەوی جەنگی پێ بەرنەوە.

هەروەها پروسیا لە ساڵی 1870دا لەکاتی جەنگی پروسیاو فەرەنسادا بەشە مەندوفەر هێزەکانی خۆی گەیاندە ناوچەکانی جەنگ کەچی فەرەنسایەکان سەربازەکانی خۆیان بەپێ ئەخستەریگا کە ئەمە دەست پێشکەری خستە تەك لەشکری پروسیا.

ئەوی راست بێت لەوەتی پاپۆری چارۆکەدار (السفن الشراعیه) کەوتۆتە ناو ئاوەوە تا ساڵی 1830 هێزی دەریایی بووبوو بەهێزێکی بایەخداری گرنگ بەڵام دوای پەیدابوونی شەمەندوفەر ئیتر وردە وردە هێزی دەریایی تا ئەهات بەرەوکزی ئەرویشت وە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، ستراتیجی‌یەتی بەهێڵی ئاسن سەربازو تفاقی عەسکەری گواستەوە، باری هێزی دەریایی لەنگ کردو بوو بەپایەیەکی گەورە بۆ سەرخستنی هێزی زەمینی بەسەر هێزی دەریاییدا.

پشت بەستوویە بایەخی ئەم ستراتیجی‌یەتە روسیای ئەیسەری بەشێکی ئاسیای، واتە ناشقەندومەرۆی و کۆشکاو ئەشخابادی لەگەڵ روسیای ئەوروپاییدا بەست بە یەکەوەو ریگای خستە سەر سنووری ئەفغانستان و ئیران کە دوو دەوڵەتی جیاکەرەوەن (الدول الحاجزة) خاکی روسیایان لە هندستان و خلیج جیا ئەکردەوەوئ بەست بوون بەرامبەر هێزەکانی رووس.

لەلایەکی تریشەوە ریگایەکی تری زەمینی‌یان گەیاندە کەناراوەکانی دەریای ژاپۆن و دەریای چین و ئوقیانووسی باسفیك بەم پێیە بەکار هێنانی هێڵی ستراتیجی ئاسن هێزێکی زەمینی روسی بایەخداری هاتی‌یە کایەوە کە ئەم هێزە هەرەشەی لە ناوچەکانی رۆژ هەلاتی نزیك و ناوەراست و دووری سەر بە بەریتانیای مەزن ئەکرد.

سەبارەت بەوەی کە بەریتانیا دوو چاری هەرەشەیەکی ترێش بووبوو بەناچاری بو ئەوەی هێزێکی گەورەی زەمینی روسی‌و هێزێکی دەریایی گەورەی بەریتانیا بەیەکا هەڵنەپێژێن، ریککەوتننامەیەکی لە ساڵی 1907دا لەگەڵ روسیای ئەیسەری‌دا مۆرکرد.

ئەم مەترسی‌یەش هەر هێڵی ئاسن (سکك الحدید) دەسکەلاکەی بوو، ئەڵمانی‌یەکان هێڵێکی ئاسنیان تا ئەنازۆل راکێشا وەپرۆژەی هێڵێکی تریشیان لەبەرلین ـ ەوتا بەغدا خستە ناونساوانەوە تاکو بەم ریگازەمینی‌یە گورجەدا هێزی زەمینی بگەیەنێ ـ دووریگەی عەرەبی، وەئەو هێڵە ئاسنانەی تورکەکان ئەنازۆلیا، بە رۆژهەلاتی نزیك و ئیمچەدووریگەی عەرەبەوە

کتێبخانەی کتێب

بەست هەموری بە سەرمایەی ئەڵەمان و شارەزایی ئەندازیارە ئەڵەمانیەکان دروست ئەکرا ئەم هێڵە ئاسنانە هێزە زەمینی‌یەکانی ئەڵەمانیاو تورکیای ئەگەیاننە کەنداوی سوێس. ئیتر ئەم هەرەشە دوولانەیە یەکێکیان دژی هندستان و ئەوی‌تریان دژی میسر بەریتانیای ناچار کرد پەنابەریتە بەرهێزی زەمینی وپارەیەکی زۆری ئیا خەرج بکات.

هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو ژاپونی‌یەکان لە ساڵی 1941دا لەچەند لایەکەوە بەئاسانی بەسەر هێزی بەریتانیادا سەرکەوتن ئەوی راست بێت هیزی جەنگی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، لەچاو جەنگی دووەمی جیهانی‌دا باش و لەبارتربوو رەنگە ئەوەش لەبەر ئەوە بێت، لەلایەکەوە سامان و دەزامەتی ئەوسای باشتربوو وەلەلایەکی ترەوەلە جەنگی دووەمدا قورسایی هێزە زەمینی‌یەکانی زیاتر بە سەرەوە بوو. ئەوەبوو لە شەرری دەنکەرك و مەندەلای‌دا زەرەروزیانێکی زۆری لێ‌کەوت. بەڵام تیکەڵ بوونی هێزیکی زەمینی مەزنی یەکێتی سۆڤییەت و هێزیکی دەریایی مەزنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەپال بەریتانیادا بەجەنگی دووەمی جیهانی باری بەریتانیای لەدوزانەوە خستەسەر سەرکەوتن.

زۆر دەمێکە کۆمەڵێك شارەزایانی عەسکەری سەربە جەنەرال هوسهوڤەر کە لەناوچەی زەریای ناوەراست دا بەم جۆرە کاروبارانەوە خەریك بوون لایان وابوو، کە بەئاسانی لەزەمینەوە هێرش ئەبرێتە سەر بنکە دەریاییەکانی بەریتانیا. هەر جۆزێف مایزەر ئەیوت ئەم تۆپە دووربردە تازانە هەموو دەزگاو دامەزراوە دەریاییەکانی ئینگلیزی لەجەمەل تاریق دا بێ بایەخ کردووە. چونکە لە ناوچە نزیکەکانی ئیسپانیاو لە ناوچەی مەراکیشی ئیسپانیاییەوە بە ئاسانی ئەیانتوانی تۆپ بارانیان بکەن.

هۆسهوڤەر خۆشی دەربارەی لاوازی بنکەدەریاییەکانی ئینگلیز لەئاست بنکەی چەکی زەمینی‌دا ئەیوت[25] «هەرچەندە بنکە دەریاییەکانی ئینگلیز لە هۆنگ کۆنگ و سەنغافوورەدا بۆ خزمەتگوزاری هێزی دەریایی بەکەڵکن بەڵام قەڵای بەرگری ئەوتوێان نی‌یە لە ئاست هێرشی زەمینی و هێزیکی چەکداری نۆی‌دا خۆیان پێ‌رابگیرێت». ئەوی راست بێت پێش بینی‌یەکەی هۆسهوڤەر لەجەنگی دووەمی جیهانی‌دا هاتەدی و ژاپونی‌یەکان سەنغافوورەیان گرت.

هەروەها دوورگەی کریت بەهۆی سەربازی پەرەشوتی لەڵەمانی‌یەکانەوەگیرا کە ئەبوو لەدەرباوە بۆی بچونایە. دوای ئەمەش فرۆکە جەنگی‌یەکانی ئەڵەمان بەبوردومان کردن هێزە زەرباییەکانی ئینگلیزیان لەدەریای ناوەراست و دوورگەی مالتەدا بەجۆرێك شپرزە کرد پێیان نەکرا دەست بخەنەریگای دابەزاندنی چارەکە ملیۆنێك سەربازی ئەڵەمانی لەئەفەریقادا.

بەکورتی بەلای عەسکەری جیۆپۆلیتیکی‌یەکانەوە ئاستی جوڵانەوەی لەشکرو چەکوتفاقی جەنگی وەهۆو پایەی ئەم جوڵانەوانە هەردووکیان پایەخێکی ئیجگار گەورەیان هەیە. بۆیە ئەڵین لەسەرەتاوە ئەسپ و وڵاخ پایەخیان بەهێزی زەمینی‌داوە ئنجا پاپۆری باگیر (پەردەدار) پایەخی بە هێزی دەریایی‌و دوای ئەم جارێکی‌تر هێزی زەمینی بەهۆی شەمەندوفەر ماشێنی مرۆف هەڵگرو بار بەرەوە گەوتۆتەوە بەرەو. بەڵام گەو هەری ئەم پایەتە هەردێتەوە سەر ئەو ڕێبازەی، کە ئەچ جگا یەك و لەچ چەرخ و زەمانێکدا چ هێزیك ئەبێت بەهێزی جیهان گیروو ئامانجی دەوڵەتێکی گەورەی تەماع لەخاکی دەوڵەتان و سامانی دەوڵەتان کردوو جێ‌بەجێ ئەکات.

(هێزی ئاسمانی)

هەروەکو ماهان سەر دەستەی هەموو ئایدیولوجیستەکانی هێزی دەریاییەو کلاوز فتز هی هێزی زەمینی‌یە هەروەها سیڤیریسکی لە ئایدیولوجیستە بەناو بانگەکانی هێزی ئاسمانی‌یە. هێزی ئاسمانیش هەروەکو هێزی دەریایی وردە وردە دوای پەیدابوونی پێ‌گەیشتووەو گەورەو دەسەلاتدار بووەتا گەیشتۆتە ئەو پایەیەی کەسانی‌وا هەڵکەون بە شاهێزی بزانن و ئومێدی دەسەڵاتداریتی جیهانی پێ بسپێرن.

ئەوی‌راست بێت ئەوگیروگرفت و کۆسپ و تەگەرانەی دێنەڕێگای هێزە زەمینی‌و دەریاییەکانی دەوڵەتان لەئاستی هێزی ئاسمانی‌دا زۆر بێ بایەخ و بێ دەسەلات ئەبن. فرۆکەوان کە هەزاران پێ لەسەر زەمین بەرز ئەبێتەوە ئنجا گردێتی زەمینی بەتەواوی دێتە بەرچاو. ئەشاخ و کێوو ئەدەریاو ئەدارستان و جەنگەڵ وئە سەرماو گەرماو ئەریگەو بانی دوورووورێز ئەبن بەکوسپی سەرە ڕێگەی.

هەوالنامەی کتێب

بۆیە نووسەرانی گۆڤاری «Fortunet - فۆرچوننیت» لە ساڵی 1943دا لایان وابوو ئەوانەی بتوانن دەست بەسەر بنکەستراتیجی‌یە ئاسمانی‌یەکاندا بگرن لەبن بەگەورەترین هێزی سەربەمین.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەروەکو هی هێزی زەریایی دۆست و ناحەزی هەبووە، بەڵام نیاز لەلێکۆڵینەوەکە بەپێی بیرویاوەری جیۆپۆلیتیکی ئەوەیە کە ئایا دەوڵەتێکی خاوەن هێزێکی ئاسمانی کاریگەرو دەست ڕۆیشتوو بەسام ئەتوانێت بگاتە پایەی یەکەم دەوڵەتی مەزن لە جیهاندا؟ وە ئایا بەم هێزە جیهانی بۆئارام ئەکرێت وەدەستی بۆ بەسەر هێزەکانی تردا

وە دەست بۆ بەسەر هێزەکانی تردا ئەگیرێت؟

ئەگەر نیازم لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە نەبێت کە بۆ ئەم نیازە

باسی هیزی ئاسمانی بکرێت

خۆ هەموو ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی یان فرۆکەوانێکی عەسکەری ئەوسەردەمانە ئەزانێت کە هێزی ئاسمانی و فرۆکەی جەنگی جەنگێکە لەتەك چەکە زەریی و دەریاییەکاندا فرمانی پاراستنی ولاتی پێ سپێراوە. یان لەکاتی جەنگ دا پێش هێرش بردنی پیادەو بەشەکانی‌تری هێزی زەمینی بنکەو لەشکرو سەنگەرەکانی دوژمن بۆردومان ئەکات و لەکاتی کشانەوەی هێزیشدا پەلاماری دوژمن ئەدات و سەر لە لەشکرە هێرش بەرەکە ئەشێوێنێت، کە بەئاسانی نەتوانێت هەڵبکوتێتە سەر هێزە کشاوەکەو زیانی زۆری لێبدات. تازیاتر باسەکەمان ڕوون بکەینەوە، پەنا ئەبەینە بەر ئەو تیۆرییانەی دەربارەی هێزی ئاسمانی بڵاوکراونەتەوە.

بێگومان کەباسی هێزی ئاسمانی ئەکرێت پێویستە پێش هەموو شتێك بیر لە فرۆکە بکرێتەوە، چی‌یەو چی‌یێ ئەکرێت.

یەکێك لەوکەسانەی بەشداری تیۆری دانانی هێزی ئاسمانی بوون «دۆهێ» بوو وەدوای دۆهێ ئنجا «میتشل» ئەم دووانە وتوویژ یکیان خستە ناوناوانەوە نزیکەی بیست ساڵی خایاندو لەگەڵ تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهاندا کۆتایی پێ هات.

بناغەی سەرەکی ئەم بیروباوەڕەش بەوە دامەزرابوو، کە فرۆکە لەهەموو چەکێکی‌تر خێراو بەرز ڕەوو وێران کەرترە، بۆیە شاچەکی جیهانە دیارە ئەوانەی کلاسیکیانە ئەیان ڕوانی بەهێزی ئاسمانی وەك بەشێکی‌تر جێگایان بۆ تەرخان کردبووە، وە بەپێچەوانەی ئەم بیروباوەڕەتازەیە فرۆکەیان ئەخستەخانەی چەکێکی هاوکاری چەکەکانی‌تردە.

ئەگەر بڕیك لەسەرەتاوە چاو بە بایەخی هێزی ئاسمانی‌دا بخشێنین بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کە ئەخشەدانان بۆ هێزو دەسەلاتی فرۆکەی جەنگی هەر لەخانەی پێش بینی‌دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵی 1921دا بەچەکی ئاسمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەنزیك قیرجینیاوە کۆنە باریجەیەکی لەڵەمانی ئوستفریزلاند ـ یان نقومی بن دەریاکرد وبیازیان لەم کردەوەیە ئەوەبوو کە بەناحەزانی دەسەلاتی جیۆپۆلیتیکسانەی هێزی ئاسمانی بسەلمێنن کە هیزی ئاسمانی دەسەلاتێکە لەوکاتەوە کەوتۆتەکایەوە نەك هێزێکی دەسەلاتداری دوا ڕۆژ بێت.

ئایدیۆلۆجیستی هێزی ئاسمانی جیلیودۆهێ لە ساڵی 1869 هاتۆتە جیهانەوەو لە ساڵی 1930دا لە تەمەنی شەست و یەك ساڵی‌دا کۆچی دوایی کردووە. لەسەرەتای ژیانی عەسکەری‌یەوە ئەفسەری توپخانە بووەوە لە ساڵی 1909دا پاسێکی دەربارەی هێزی ئاسمانی نووسیوەوە لە ساڵی 1915دا بڕوای بەوە هەبووە کە بە جەنگێکی فراوان بەهێزی ئاسمانی وەی هاوولاتیانی دوژمن لەپەگوریشە هەڵئەکەندرێت. لەو بڕوایەدا بوو هێزی ئاسمانی ئەتوانێت نەتەوە دوژمنەکان ئەفرۆتونابکات.

ئەوەندەش بەرق وکینەوە بیروڕای خۆی دژی سەرکردە عەسکەری‌یە ئیتالیاییەکان بلاو ئەکردەوەو قسەی ئەکرد تادایان بەدادگاو بە ساڵێك زانداییان گەیاند، بەڵام لە ساڵی 1920 ژیندانی‌یەکەیان لەسەر لابرد وەلە ساڵی 1921دا گەیاندیانە پلەی جەنەرالی.

لێشر لەم ساڵەدا نووسینە گرنگەکانی لەکەونە پێش چاو وەلەکانی سەرکەوتنی فاشستەکانا لەڕۆماکرا بە قۆمیسیری ئاسمانی بەڵام دوای ئەوە خۆی دەستی لەکار کێشایەوەو خۆی بۆ کارو یاری ئایدیۆلۆجی تەرخان کرد.

بەڵام ولیم میتشل پاش دۆهێ بە دەساڵ هاتۆتە دنیاوەو لە ساڵی 1936داکۆچی دوایی کردووە لە ساڵی 1898دا لە هێزی پیادە دابووە دوای ئەوە ئەفسەرێکی بچوك بووە لە ئالاسکا، بایەخی ستراتیجی ئالاسکاو ناوچەی «قطبی» سەرنجی ڕاکێشایەو لە ساڵی 1916دا فیری فرۆکەوانی بووەو لە ساڵی 1917دا لەهێزی ئاسمانی ئەمەریکادا کاری کردووە. ئیتر وردە وردە لە

هێزی ئاسمانیدا پلەی بەرزبوونەوە تاکو چەند هەفتەیەك پێش تەواوبوونی جەنگی یەکەم بووە بەسەرکردەی ئەم هێزە.

سەبارەت بەوەی بەپێویستی ئەزانی کە هێزی ئاسمانی بەشێك نەبێت لەسوپاو هێزی زەریایی بەڵکو هێزێکی یەکگرتووی سەربەخۆ بێت، کەوتە ناحەزیکردن لەگەڵ بەرێوە بەرانی ئەودوو هێزەتا دایان بە دادگای عەسکەری و پێنج ساڵ تێشانی عەسکەریان لێ دامالی. لە ساڵی 1926دا دەستی لەکارکێشایەوەو ئەو دەسالەی لەژیانا مابووی بوکاروباری نووسین و دامەزراندنی هێزێکی ئاسمانی سەربەخۆی تەرخان کرد.

بەڵام بیرویاوەری دوهێ لەدوای ساڵی 1921 دەربارەی هێزی ئاسمانی گەڵاڵەبوو بەتایبەتی دوای ئەو نووسینەی بەخەیاڵیا هاتبو دەربارەی ئەوجەنگەچاوەروان کراوەی لەنێوان ئەڵمانیاو فەرەنسادا رووبدات. ئەوی راستبێت پایە سەرەکییەکانی تیۆری دوهێ دەربارەی هێزی ئاسمانی بەمانەی خوارەوەبوون: -

1 - فرۆکە چەکێکی هێرش بەرە، خاسیەتی بەراورد نەکردنی هەیە، ئەوپێش بینیەش ناکرێت، کە بتوانرێت بەباشی بەر بەرەکانی بگرێت.

2 - بەویران بوونی ناوچە ئاوەدانەکان وەری خەڵکەکەی هەرەس ئەهێنێت.

بەپێی ئەم دووپایەیە بیری لەم خاڵانەی خوارەوە کردەوە:

أ - تا بەباشی پاریزگاری وڵات بکرێت، پێویستە لەکاتی جەنگ دا ئاسمانمان لەژیر دەسەلاتدابێت.

ب - ئەبێ لەسەرەتای جەنگ دا بیرلە ویران کردنی پیشەسازی و ناوچە ئاوەدانە پر خەڵکەکانی دوژمن بکەینەوە نەك لە دامەزراوە عەسکەریەکان.

حـ - ئابێ بە جەنگی ئاسمانی بیرلە لەناوبردنی هێزی ئاسمانی دوژمن بکەینەوە بەڵکو پێویستە ئەو دژگاو فابریقەو دامەزراوانە تێك وپێك بدەین کە ئەبنە سەرچاوەی بوون و چالاکیان.

د - ئەبێ هێزی زەمینی بەشی پاریزگاریکردنی پێ بسپێریت و نەیەڵێت دوژمن لەزەمینەوە پێشڕەوی بکات و دەست بەسەر ڕێگاو بان و پیشەسازییەکان و دەزگاکانی هێزی ئاسمانیماندا بگرێت. تاکو هێزی ئاسمانیمان فرمانی ئیفلیج کردنی تفاق و کەلوپەل بە هێزەکانی دوژمن گەیاندنی پێ بسپێریت و کاریك بە گەلی دوژمن بکات بیر لەدرێژەدان بەجەنگ نەکاتەوەو وڕەوتوانای بروخێنێت.

هـ - ئەبێ فرۆکەی جەنگی ئەوتۆ درۆست بکرێت، کە فرۆکە بومبا هاوێژەکانی دوژمنی پێ لەناوببرێت وەلەهەمان کاتدا بەکارو باری خۆ پاراستن و ویران کاریش هەڵسێت.

دەربارەی خاڵی سێیەم دوهێ خەیاڵی لەوە ئەکردەوە کە پێشەکی پێویستە بنکەو توپە ئەیارەشکێنەکانی دوژمن لەناو ببرێت تاهێزی ئاسمانی بە سەربەستی دەستی کرشنەدە لەدوژمن بوەشێنێت وزەمینەی هاتوچۆو چالاکی ئاسمانی بۆ تەخت بێت.. بەڵام چ دەوڵەتێکی گەورە هەیە بیر لەوە نەکاتەوە، کە ئەم بنکەو توپن تەیارە شکێنی خۆی بەجۆرێك نەبارێزێت، کە نەیەڵێت بگات بەومەرەیە.

هەرچەندە لەناو دەوڵەتانی پچوك و مام ناوەندیدا دووربێبەکارە ساتی وارووبدات وەکو ئیسرائیل یەکان لە جەنگی 1967دا بەمیریان کردو هێزی ئاسمانیان فرۆکەخانە جەنگیەکانی میریان غافڵ گیرکردو هێزی ئاسمانی میریان ئیفلیج کردو ئاسمانی میرو بیابانی سیناركۆرەکانی جەنگیان بۆ چالاکی ئاسمانی خۆیان خستە سەرپشت وە بەپێی نەخشەیەکی تەرو بەیارمەتی دەزگا ئەلکترونیبەکانیان هەمان مەبەستیان لەئاسمانی لوبنادا لە پەلامارەکەی ئەم دواییەیاندا دوو پات کردەوە.

سەبارەت بەویران کردنی شارەکانی دوژمن ئەیوت ئەگەر ناوچەیەکی بچوك بە 20 تەن بومبای فرۆکە ویران بێت ئیتر بەپێی ڕووبەری هەر شارێك چەند ئەوەندە بومبای پیابمالیت هەموی ویران ئەکەیت و خەڵکەکەی دوای چەند جارێك هەموو ئەوشارە، یان ئەوشارانە چۆڵ ئەکەن و ڕوو ئەکەنە دەشت و دیهات و هاوار بۆ حکومەتەکەیان ئەبەن کە ئیتر دەست لە جەنگ هەڵگرێت.. هەروەها لەبەکار هێنانی بومبای هەمە جۆردا، سوتێنەرو کیمیایی و جۆرەکانی تر بیری لە گیانی مرۆڤایەتی و یاسای نێو دەوڵەتان نەئەکردەوەو بەکارهێنانی هەموو چەکێکی لەپیناوی دەست گرتن بەسەر وڵاتان و سەرکەوتن دا

کتێبخانەی گەلاوێژ

بەرەوا ئەزانی بۆ یەڵێت «لەپێناوی دەسکەوتی تایبەتی و مانەوەدا نرخی هیچ بیرۆباوەڕێك نامێنێت و هیچ پەیوەندیەك خۆی بۆزاناگیرێت، تەرازووی مرۆڤایەتی تێك ئەچێت و یەك سەرەتا بەدەستەوە ئەمێنێت، ئەویش لە بریتی ئەوەی پت کۆڵن تو بەرامبەرەکەت بکوژە!!».

بەڵام ئەدوارد میدئیرڵ لای وایە کە دۆهێ دەربارەی فرمانی وێران کاری فرۆکە ئەم خاڵانەی خوارەوەی فەرامۆش کردووە.

1 ـ هەندی خانەو بینا هەیە بەرگەی وێران کاری ئەگرێت و فرۆکە زیانێکی ئەوتۆی پێ ناگەیەنێت.

2 ـ هەموو جارێك فرۆکەکان نیشانەکانی خۆیان ناپێکن.

3 ـ زۆر جێگای وێران کراو هەیە لەجیاتی جارێك چەند جارێکی تر بەفڕۆ بوردومان ئەکرێتەوە.

وەنەبێ دۆهێ وەکو بەرزەکی بانان رزگاری بووبێت و بیرورا نامرۆڤایەتی یەکانی بێ گیروگرفت بلاوبووبێتەوە، گەلێك کەسانی مرۆڤ پەروەرو ئازادی خواز لێی ڕاپەڕیوک بیرۆباوەڕە دوژمن بە مرۆڤایەتی یەکانیان ڕاسواکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆهێ پیاوێکی بەسەبرو لەسەر خۆ بووەو هێمنانە وەڵامی ئەوانەی داوەتەوە. کەوەڵامی جەنەراڵ باستیکو ئەداتەوە ئەڵێت[27] «... ئەگەر چەکی ئاسمانی کیمیایی لەجەنگی داهاتوودا چەکێکی کاریگەری لەناو بەرێت ئەوە دەست کردی من نیە، لەبەر ئەوە لەپێناوی ئەمەدامن نەشایستەی ستایشم و نەهی بەدناوی».

دەربارەی وێرانکاری شارو دامەزراوە پیشەسازی وئابووریەکان بیرورای میتشڵ لە بیرورای دۆهێوە زۆر نزیك بوو، جیاوازیەیە ئاشکراو دیارەکانی نێوانیان ئەوەیە میتشڵ تورەو قەرەق بووە لەگەڵ ڕەخنەگران و ناحەزانیا، دۆهێ هێمن و لەسەر خۆبووە.

میتشڵ دەربارەی وێرانکاری شارەکانی دوژمن ئەڵێت[28] «پێویست ناکا بۆ وێرانکردنی شارێك هەموو خانووەکانی بەسەر یەکدا بروخێنرێن و بکرێن بەکەلاوە، بەڵکو خەڵك و دانیشتوانەکەی ناچار بکرین کاروباری ڕۆژانەیان پێ نەکرێت و خانەکانیان بەجێ بهێڵن. بە چەند بۆمبایەکی بەگاز داگیراوە ئەم ئامانجە جێبەجێ ئەکرێت...».

هەر بەپێی ئەم ڕەوتە ئامانجەکانی هێزی ئاسمانی بەم جۆرەی خوارەوە دەست نیشان ئەکرد «وێران کردنی فابریقەکان، دەزگاکانی هاتوچۆکردن، ئەو ئاوچانەی خواردەمەنیان تیایە، کێڵگەکانی کشتوکاڵ، ئەو ئاوچانەی سووتەمەنیان لێوە دێت، ئاوچە ئاوەدانەکان...».

هەروەها بەپێویستی ئەزانی هێزی ئاسمانی هێزە زەمینی و دەریاییەکانی دوژمن تێکوبێك بدات.

دیارە هاریترومان سەرەك کۆماری پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم ڕێبازەی سەرەوەی میتشڵ - ی بەڕاست ئەزانی بۆیە چل ساڵ لەمەوپێش دوو بۆمبای ئۆتۆمیدا بەدوو شاری ژاپۆن داو نزیکەی چارەکە ملیۆنێك ژاپۆنی بێ ئاوانی کوشت.

بێگومان میتشڵ ئاوێکی باشی بوکار بەدەستانی دوا ڕۆژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕشتووەو ئامانجی جیۆپۆلیتیکسانەی بۆ بەڕێوە بەرەپشت پەردەکانی ئەم وڵاتە ڕوون کردۆتەوە، بۆ مۆنۆپۆلی و ملیاردیرە خاوەن پیشەسازی دەزگا ئابوریەیە گەورەکانی ئەم وڵاتە. وە ئەمیش وەکو هەموو خاوەن بیرۆباوەڕێکی نوێ دوو چاری دوو بەرەکی و ناکۆکی بووە بەتایبەتی لەگەڵ عەسکەریەیە کلاسیکیکانی ئەمەریکادا، چونکە ئەم هێزی ئاسمانی بە پێشەنگ لەقەڵەم ئەدا و هێزی دەریایی وزەمینی بەدەستکە لاوپاریدەدەر.

دوا بەدوای میتشڵ، ئەلکسەندەر سیڤریسکی، کە فرۆکەوانێکی عەسکەری بوو، بەرەگەز ڕوسەوخۆی کردووە بە ئەمەریکایی لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا بە شدارییووەو ئیتر خووی داوە ئەفرۆکە دروست کردن و لەم مەیدانەدا جێدەستی دیارە.

کەکتێبی «بەهێزی چەکی ئاسمانی یەوە سەرکەوتن»ی دانا وتی بیرۆباوەڕەکانی میتشڵ دەربارەی چەکی ئاسمانی هانیداوم ئەم کتێبەدا بنێم.

بروای زۆر بەوە بووەکە چەکی ئاسمانی نایێ بەشێك بێ لەهێزی زەمینی چونکە چەکی سەرەکی دوارۆژە.

لەکاتی خۆیدا لای وابوو کەدوای پێنج ساڵ بێوچان گرتن فرۆکە ئەتوانێت 25 هەزار میل بەدووری زەمیندا بسوڕێتەوە بۆیە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر کەشتی یە گەورە فرۆکە هەڵگرەکان یەکەلکی یەکارهێنان نایەن، چونکە فرۆکەی وا دێتە کۆری کارکردنەوە لە بنکەو فرۆکە خانەکانی کەنار دەریاوە ئەگەنە هەموو

شۆڕشکێی پێویست.

بێگومان ئەوە باشترە لە خاکی نیشتمانەوە فڕۆکەی جەنگی بفڕێت و پەلامساری دوژمن و شۆڕشە ستراتیجیەکانی بدات تا ئەوەی مشوری بنکەو فڕۆکەخانەی لەم وڵات ولەو وڵاتی بۆ بخوڕێت. بەڵام ئایا فڕۆکەی وادێتەکایەوە بێفڕۆکە خانەی دوورەوڵات ئەم فرمانەی پێ جێبەجێ بکرێت و کەم مەسرەف تڕیش بکەوێت لەسەر دەوڵەت.

بۆیە گەلێک فەرماندەی ئاسمانی و زەمینی و دەریایی سوپای لەمەریکا بیروڕاکانی سیڤیریسکیان بە هیچ ئەزانی و داهاتنی ئەو جۆرە جەنگ و فڕۆکانەشیان بەخەیاڵ پلاو لەقەڵەم ئەدا.

سیڤیریسکی کە هێزی ئاسمانی لەمەریکاو بەکێتی سۆڤیەتی بەراورد ئەکرد ئەیوت[29] «دەرفەتی دەسەڵاتی ئاسمانی سۆڤیەتی شێوە هێلکەییەو هەموو کەرتەی ئەفەریقاو خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ئەگرێتەوە، بەڵام دەرفەتی دەسەڵاتی هێزی ئاسمانی لەمەریکا شێوە بازنەییەوە ئەو ناوچە ناوکۆییەی ئەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هەردوو لایانەوە بە هۆی هێزی ئاسمانیەوە ئەنجامی چارە نووسی تیا دێتەدی «AREA OF DECISION» . مەڵێندی ئەو ناوچەیەش دەورووپشتی قوتبی ژوورووە یان پێ ئەڵێن ناوچەی ناوەڕاستی نیمچەقوتبی (The ARCTIC MEDITERANEAN) .

هەروەها سیڤیرسکی کە ئەیوست لەمەریکا دەوڵەتێکی گەورەی جیهانی بێت، بەپێویستی ئەزانی لوبالی پاراستنی ڕۆژئاوای جیهان بگرێتە ئەستۆ.

وە سەرچاوەی هێزی نیشتمانی بەم دوو پایەیەی خوارەوەی ئەزانی:

1 ـ ئەوەی دەوڵەت خاوەنێتی.

2 ـ چۆن وە بەچ شێوەیەک کەڵکی لێوەرئەگرێت.

بەشی یەکەمی بڕێتی یە لە خەڵک و شارستانیتی وزانست و بنکەی ماددیو ئابووری. بەشی دووەمیش، دەرفەتی ئاسمانی، ئوقیانووس و دەریاو دوورگە، بەشەکانی وشکانی و کەنار دەریاکان و هەرێمی ژوورو کە بەناوچەیەکی ستراتیجی هێزی ئاسمانی ئەزانی.

وڵاتە یەکگرتووەکانی لەمەریکا بەپێ ئەم بۆچوونەی سیڤیریسکی هەرێمی قوتبی ژوورووی کرد بە سەنگەری پێشەوەی خۆی و بەدەزگای ڕادارو فڕۆکەخانەو دەزگای ئاوو هەواناسین قایمی کرد، لەبەری ئەو بەری قوتبی ژوورووشەوە سوڤییەتی یەکان بەهەمان شێوە وڵاتی خۆیان قایم کرد.

نیاز لەناوچەی ناوەڕاستی نیمچەقوتبی دەریای قوتبیو دەشتاییە کەنار دەریاکانیش، ئەکەوێتە نێوان لەمەریکای ژوورو ئاسیاو ئەوروپاوە. چەند دەوڵەتێک خاوەنیتی، بەڵام 49٪ی ڕووبەری ئەم ناوچەیە بەر یەکێتی سوڤییەت کەوتووە. بەشەکانیتری بەر لەمەریکاو کە نەدەو دانیمارک و نەرویج فینلەندە کەوتووە.

لەم ناوچەیە دوای پێشکەوتنی بە ئاسمانا فڕین بایەخی پەیداکرد چونکە فڕۆکەی بازرگانی بەسەر قوتب دا بە 24 سەعات لە ئوسڵوەوە ئەگاتە ئۆکیو کەچی هەر بەریگای پیشودا 53 سەعات لەخایەنێت.

وەریگای ئاسمانی لەنێوان نیویورک و مۆسکودا 4675 میلەو لە نێوان پەکین و سان فرانسیسکو 6600 میلە هەردوو ریگاکە بەسەر ناوچەی نیمچە قوتبیدا پیابڕۆن 3000 میل کورت کەبێتەوە.

جارێک جورج مارشاڵ وەزیری دەرەوەی پێشووی لەمەریکا دەربارەی بایەخی ستراتیجی لەم ناوچەیەوتی «گرینلاند وەک ئەلقەیەکی بایەخداری سیستەمی پاریزگاری عەسکەری ئەمێنێتەوە، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی لەمەریکاو ڕۆژئاوای جیهانی پێ بپارێزین». هەروەها، کە دانیمارک لە ئایاری ساڵی 1947دا یادداشتێکی پێشکەش کردو تیایا داوای کشانەوەی هێزە لەمەریکاییەکانی لەگرینلاندداکرد لەوەڵامداوتی[30] «لەپێناوی ریککەوتنامەیەکی نوێوڵاتە یەکگرتووەکان ئارەزوی گفتوگۆکردنی هەیە، بەڵام لەم ریککەوتنامەیەی ئیستای پێ لانابرێت و هێزەکانیشی لەگرینلاند ناکێشێتەوە».

هەروەها جەنەراڵ ئارنۆڵدوتی[31] «لەگەڵ جەنگی سێیەم هەڵبگیرسێت قوتبی ژوورو ئەبێتە مەڵبەندە ستراتیجیەکەی». هەروەها واستن لەوتارێکدا بەناوی «کەنەدە ناوچەی دامەزراندنە» ئەڵێت[32] «لەناوچەی ناوەڕاستی نیمچەقوتبیەوە دەستی ئاسمانی لەوڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە شێنرێت، هەروەها هەر لەم ریگایەوە بەر پەرچ ئەدرێتەوە، سەبارەت بەوەی بازنەگەورەی نیمچەقوتبی پاراستنی گرانە شەڕە ڕوکێتیش

هەوڵنامەی کتێب

(الصواريخ) هەر ئەم ریگایە ئەگرێت و بەسەر ئەم ناوچەیەدارەت ئەبێت».

دەربارەی هێزی ئاسمانی و خوورەوشتی دیکتاتۆریانەی هیتلەریش مێجەر جورج فیلدنج ئەلیوت لە سالی 1939دا لەوتاریکدا ئەلێت[33] «رازی دەرونی دیکتاتۆر نادیارەو ئامانجەکانی تارمایی دای ئەپۆشێت و ناوی نۆقاندنی لێ ئەبارێت، ئەمرۆ دزێو داگیرکردن بالی بەسەر ئەوروپادا کێشاوە، داگیرکردنیش بەبێ هێزی چەکداری ئاسمانی جێبەجێ ناکرێت».

بەکورتی لەو بینبرکێیەی ئەکەوێتە نێوان دەوڵەتە گەورەکانی جیهانەوە چ لەپێناوی داگیرکەریدا بێت یان لەپێناوی خۆ پاراستندا پاسایەکی دێرین و لەگۆران نەهاتوو لەنیواندا فەرمانڕەوایە کە هەر لایەك هەموو هێزوتوانای زانیاری وئابووریو عەسکەری ئەخاتە کارێو دەستخستنی چەکێکی کارێگەر، ئامانجە تایبەتێکانی خۆی پێ دەستەبەر بکات. لەپای سازکردنی ئەم چەکە دوژمن و ناحەزانی ئەولاخاوەن چەکە ئەقەللا ئەدەن چەکێك بدۆزنەوە مەترسی ئەم چەکە تازەیەی پێ لەناو بەرن و ئامانجی خاوەن چەکەکەی پێ پوچەڵ بکەنەوە. ئنجا چەك و هێزێکی چەکداری نوێ بهێنەکایەوە بالا دەستی هەموو هێزێکی چەکداری پێشوبێت وەکو ئیستا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەسەروکایەتی رۆنالدریگن دەستی داوەتە چەکدارکردنی بۆشایی ئاسمان کەبە جەنگە ئەستێرە ناوبانگی دەرکردووە.

(جەنگە ئەستێرە Spaee War)

هەر زانستی و تەکنولوجیا بەتایبەتی عەسکەری پێش ئەکەوێت خێرا پێ بەپێی ئەم پێشکەوتنە نەخشەی دەزگا عەسکەری گەورەکانی دەوڵەتە هەرە گەورەکانی جیهانیش لەگەڵیا ئەگوررێت.

هەرچەندە نیازو ئامانج هەر لە جێگای خۆیانا ئەمێنەوە وانا دەوڵەتانی گەورەی چاوبرسی و نەماعکار ئەبێ هەر دەسەلاندارو دەست رۆیشتووبن (هیمنە) بەسەر جیهاندا بەلام لەهەرکات و جێگایەکدا پەنا ئەبەنە بەر جۆرە شێوەو تاکتیکێك. ئەمە جگە لەوەی کەداهاتی ئابووری و کەرەسەی خاوی ستراتیجی نرخ و بایەخی ناوچەیەك بەرز ئەکاتەوەو هی ناوچەیەکی تر دێنێتە خوارەوە، وەکو هەموو ئەزانین رۆژێك لەرۆژان ئالمت و حێل وزەردە چەوە (بهارات) سەربەسەری خۆیان ئالتونیان ئەکردو هندستانیان کردبوو بەدوورری تانجی ئیمپراتوریەتی بەریتانیا کەچی ئیستا نیمچە دورگەی عەرەبی ئەوشوێنەی هندستان و بگرە زیاتریش بۆ دەوڵەتانی رۆژئاوا بەتایبەتی بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرنگترەوە. هەرلەم رۆژانەدا رۆنالدریگن وتی ئەم ناوچەیە، دەرفەتێکی بایەخدار (مجال حیوی)ی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایەو پاریزگاری کردنی پێوەندێکی تۆندوتۆڵی بە ئاشتی و ئاسایشی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هەیە.

ئەمەلەلایەك لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتە گەورەکان بەپێی هێزو توانای خۆیان جیگاگۆرکی لەگەڵ یەکتریدا ئەکەن ج ئەوانەی دۆستی یەکترین یان ئەوانەی دوژمن و ناحەز بە یەکتریبوون. کە کاتێك ئیمپراتوریەتی بەریتانیا رۆژ لەخاکێدا ئاوانەم ئەبوو ئوبالی پاراستنی دەوڵەتانی رۆژئاوای هاوپەیمانی گرنبوو. ئەستۆ کەچی هەر خۆی دوای ئەوەی دەوڵەت و میللەتە ژێردەستەکانی بەشۆرش و بەئاشتی یەك لەدوای یەك لێی دامالران و ئەو داهات و دەرامەت و سامانەی جارانی بەدەستەوە نەما ئۆبالی ئەم پاریزگاریەی پێ هەلسورێنێت، خۆی داوای لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاکرد کە فرمانی جیهانی رۆژئاوا گرایە جیهانی ئازاد! بگرێتە ئەستۆ. وەلە پاش ئەوەی سەردەمێك بین برکی و ناکۆکی گەورەو دەست رۆیشتووبی لەنێوان بەریتانیاو فەرەنساداو لەنێوان بەریتانیاو ئەلمانیادا بوو وانیستا کەوتۆتە نێوان دوو دەوڵەتی زۆر گەورەوە، یان دوو بەرەی گەورەو بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا وبەکێتی سۆڤیەت. بۆیە هەر لایەکیان باسی دەسەلات و دەستکەوت و دەست رۆیشتووبی خۆیان ئەکەن خیرا مەترسی لاکەیتر ئەخەنە پێش چاو.

هەرچەندە گەوهەرو ناوەرۆکی ناکۆکی نێوان ئەم دوو دەوڵەت و بەرەیە لەگەڵ هی دەوڵەتانی باسکراوی پێشودا زۆر جیاوازە، لەوسا ناکۆکی بوو لەنێوان دوو دەوڵەتی داگیرکەری ئیمپریالی وئیستا ناکۆکی یە لەنێوان ئیمپریالی و سۆشیالیزمدا. بەلام شێوەو قەوارەی ناکۆکی یەکە لەچاو جارانیدا ئەم

هەولێر کتێب

جیاوازی‌یەی هەیە سەرکەوتنی ستراتیجی و پیشکەوتنی دەزگاکانی عەسکەری یەکێتی سوفییەت بەرەی سۆشیالیستی و بزوتنەوەی ئازادی خوازانەی گەلان بەرەو پیش ئەبات و دەسەلاتی رۆژئاوا لە جیهانی سێیەمدا بەرەو لێژی ئەبات و ئەمەریکاو رۆژئاوا ئەتوقێنێت، وییەپچەوانە شەوە بەرەو پێش چونی دەزگا ستراتیجی‌یەکانی ئەمەریکا دڵە لەرزە بە سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤییەت ئەگەیەنێت وزیانێکی گەورەش بە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلان و سەربەستی و دەسەلاتی دەوڵەتە سەر بەخۆکانی جیهان ئەگەیەنێت.

وەکو لەباسی هێزی دەریایی و زەمینی و ئاسمانی‌دا باسمان کرد سەرچاوەی مەبەست و ئامانج، دەست خستنی ناوچە پرپیت و بەرەکەت و داهاتەکان بوو کە جیۆپولیتیکەکان پەیی کات و زەمان پێیان ئەوت ناوچەرگەی جیهان (Heart Land).

وەگەورەیی و دەسەلات داری و دەست رویشتوویان بەوە ئەزانی ئەم ناوچەرگەیەیان بەدەستەوەبێت.

بەڵام لەوکاتەی کەزانستی جیۆپولیتیکی بەشێوەیەکی روون و دیار کەوتەناو ناوانەوە زانستی و پیشکەوتنی تەکنۆلوجیای پیشەسازی و عەسکەری لەئاستێکدا بوو ئیستاش لەئاستێکی تردایە، کە بەراوردکردنیان چۆنە خانەی سەر سورمێنی‌یەوە! بۆیە پیش کەوتنی ئەم لایەنەو لەماوەیەکی زۆر کەمی میژووی مرۆڤایەتیدا نەك پیشکەوتن بەهەنگاو هەڵهێنان بەڵکو بەبازی گەورە هۆو دەزگاکانی هاتو چۆکردن و راگەیاندن ئەوەندە زەمینیان پچوك کردۆتەوە، هەندی شت لە چەند چرکەیەکدا لەم پەری جیهانەوە ئەگاتە ئەو پەری. مانگی دەست کرد پاری فتیوڵمان بۆ ئەخاتە هەموو مالێکی دەیان دەوڵەتی سەرزەمینەوە دەزگای کەمپیوتەر کاری هەزاران مرۆڤی شارەزامان لە چەند هەناسەو دەقیقەیەکدا بۆ جێ‌بەجێ ئەکات. فرۆکەی مرۆڤ هەڵگرو بارو هەڵگر ریگای سات و مانگی بۆ کردونی بەسەعات و دەقیقە.

بەم پێ یەچەك و نەخشەی ستراتیجی عەسکەریش گۆرراوەو ناوچەرگەی جیهان و دەست و پەلەکانیشی هەمان یاسا ئەیان گرێتەوەو مل کەچی یاسای ئەم پیشکەوتنەن. بەڵام داخ ئەوەیە لەبرێتی ئەوەی ئەو سەدان ملیار دولارەی بۆ چەکی فرە کۆڕ و وێران کار خەرج ئەکرێت بۆ زانست و ئاپوری و رۆشنبیری و تەندروستی مرۆڤایەتی بەکار بهێنرایە نەهەژاری ئەماو نەکۆیرەوەری لەنێو کومەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

ئیتر بەم پێشەکی یە کورتە دێینە سەر مەبەستی باسە کە ئەویش دوای ئەوەی چەکی ئاسمانی لەچاو چەکی بۆشایی ئاسماندا بوو بە چەکێکی بەجێماوو بازیدە دەر ئیستا ئەم چەکە نوێیە بووە بەچەکێکی کاریگەری بەسام، ئارەزووی جیۆلیتیکسانەی دەوڵەتە گەورە چاو برسی‌یە تەماعکارەکانی پێ جێ‌بەجێ بکرێت.

ئەم چەکە یان ئەم هێزە لەناو دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوادا بە جەنگە ئەستێرە ناوبانگی دەرکردووە بۆیە ئیمەش هەر بەم ناوەوە بایەتەکە باس ئەکەین. بۆ باسکردنی ئەم بابەتەش لەپێ باسی جەنگی بۆشایی ئاسمان و کەرەسەو ئامرازو دەزگاکانی بکەین.

پیاوانی یاسازانی نێو دەوڵەتان بیروڕای جیاوازیان دەربارەی بۆشایی ئاسمان و مافی دەوڵەتان هەیە.

پرۆفیسور قون کارمان دەربارەی ئاسمانی زەمین و بۆشایی ئاسمان (الفضاء الجوی والفضاء الخارجی) ئەڵێت[24] ئاسمانی زەمین لەزەمینەوە (86888) مەترەیە ئیتر هەتا هەتایە بۆشایی ئاسمان دەست پێ ئەکات. هەرچەندە ئەم پێ ناسینە لەهەموو لایەکەوە پەسند نەکراوە بەڵام بەشی زۆری یاسا زانانی نێو دەوڵەتان لایان وایە بۆشایی ئاسمان دوای تەواوبوونی بۆشایی زەمین دەست پێ ئەکات. جا دەربارەی دەسەلاتی هەر دەوڵەتێك بەسەر ئەم دوو بۆ شاییەدا دیسانەوە چەند بیروڕایەك هەیە.

هەندێك وای بەباش ئەزانن کە هیچ دەوڵەتێك دەسەلات نەگرێت بەسەر ئاسمانی زەمین و بۆشایی ئاسمانداو هەموو دەوڵەتان لەپێناوی قازانجی ناوکۆیی خۆیان دا تیایا سەربەست بن چونکە ئەم بۆشاییە لە ئاوی سنوور ولات وسنووری زەمینی ناچێت. هەرچەندە هەندێك هەن ئەم سەربەستی یەش ئەخەنە چوارچێوەیەکی تایبەتی‌یەوە.

هەندی یاسا زانی‌تر ئەڵێن ئەبێ ئاسمانی زەمین وەکو سنووری زەریایی و سنووری زەمینی لەژیر دەسەلاتی دەوڵەتدایێت، چونکە ئاسمانی زەمینی وەکو ئاوو زەمین مولکی دەوڵەتی خاوە نەکەیەتی.

بەڵام بەشێکی‌تر ئەڵێن پێویستە بخرێتە چوارچێوەیەکەوە

هەوڵنامەی کێشە

دەوڵەت لە بەشێکیدا بێ سنوور دەسەلاتدار بێت وە لەبەشێکی ترا نازادبێت. بەم پێیە بەرزایی ژوور زەمین ئەکەن بەسێ بەشەوە: یەکەم ناوچەی خواروو کە ئەبێ بەتەواوی بەدەست دەوڵەتەوە بێت. دووەم بەش، دەوڵەت تیمچە دەسەلاتێکی تیدا هەبێت وەکو ئەوەی فرۆکەی بێگانە دەستکەوت و ئاسایشی نەخاتە مەترسیەوە.

بەشی سێیەمیش هەموو دەوڵەتان تیایا نازادبن و فرۆکە بەسەر بەستی بەناویا بفرێت وەك چۆن کەشتی دەوڵەتان لەئۆقیانووس و دەریاکانا دوور لەسنووری تایبەتی دەوڵەتان بەسەر بەستی هانوو چۆ ئەکەن.

ئەوی راست بێت ئەگەر لەئاسمانی زەمین دا چەندو چۆنێکی یاسا ناسی بکرێت بەڵام لە بۆشایی ئاسمانیدا (الفضاء الخارجی) ئەو چەند چوونە جێگا پەنجەی نامێنێت. چونکە بۆشایی ئاسمان بووە بەموڵکی ناوکۆی نێو دەوڵەتانی سەرزەمین و کێ دەست رویشتووبێ گەشت و گوزاری خوی تیدا ئەکات.

دەربارەی ئەم بابەتە، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم سەرەتایانەی خوارەوەی بلاوکردەوە: -

1 ـ بۆشایی ئاسمان و ئەستێرەکان لەپێناوی دۆزینەوەو بەکار هێناندا هەموو دەوڵەتان چون یەك و بەپێی یاسای نێو دەوڵەتان ئازاد بن تیایا.

2 ـ هیچ دەوڵەتێك بۆشایی ئاسمان و ئەستێرەکان نەکات بەموڵکی خۆی.

3 ـ هەر دەوڵەتێك هەر چالاکی یەك لە بۆشایی ئاسماندا ئەنێت ئەبێ بروای بەو سەرەتایە هەبێت بەپێی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بجولێنەوەو پاریزگاری ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتان بکات و هاوکاری و هاوبیری نێو دەوڵەتان رەچاو بکات و لەکاتی پێویستیدا باریدەی کەشتی و کەشتی وانانی ئاسمانی بدات و لەمەترسی لەناوچون رزگاریان بکات.

4 ـ ئەبێ ئەم چالاکیەیە ئاسمانیانە دەستکەوت و قازانجی مرۆڤایەتی تیارەچاو بکرێت.

5 ـ هیچ دەوڵەتێك نابێ بەرەڵلایانە بە هیچ چالاکیەکی بۆشایی ئاسمان هەلسێت.

6 ـ بڕواکردن بەمافی دەوڵەت دەربارەی لەو شتانەی هەڵیانەدانە بۆشایی ئاسمانەوە.

7 ـ بڕواکردن بەو سەرەتایەی بەندە بەیاریدەدانی کەشتی وانانی بۆشایی ئاسمان و نارد نەوەیان بۆ دەوڵەتەکانیان.

بێگومان ئەم سەرە تایانەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئوینەی ئاوات و ئارەزووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یەو ئەبێ بۆشایی زەمینی و بۆشایی ئاسمان بەپێی ئەم سەرەتایانەو لەمانەش باشترو پیشکەوتووتر لەپێناوی خیرو خۆشی و سەرفرازی مرۆڤایەتیدا بەکار بهێنرێت، بەڵام وەکو لە خوارەوە ئی ئەدوێین بڕانین رەوتی دەوڵەتان بەرەو کوێ نەچێت.

هەروەکو لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەرهەمەکانی ئەبنەمایەی پیشکەوتن و سەرفرازی و کامەرانی هەروەها بەرهەمی ئەوتۆشی لەسەدەی بیستەمدائی کەوتووە کە رەگەزی مرۆڤی لەبڕینی جارێك چەند جارێ لەناو ببرێت.

ئەوی راست بێت چەرخی بۆشایی ئاسمان کە مرۆڤایەتی بۆ جەنگە نەستیرەی ئامرازی ئوتوم و ئیشکی وزەداری لیزەر کێش کردووە لە رۆژی 4ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1957 ـ ەوە دەست پێ ئەکات، کە یەکێتی سۆڤییەت سپۆتنیکێکی بەرۆکێت هەڵدەخاتە ئاسمانا. ئەوکاتەش چەکی ئوتومی و هایدروجینی هێشتاڵای هەردوو دەوڵەتە گەورەکەی جیهان لەچاوئێستادا ساواو بەخۆدا نەهاتوو بوو وەهەر لەوکاتەوە تائیستاش شارەزایانی ئەم بابەتەلایان وایەکە یەکێتی سۆڤییەت لەمەیدانی زانستی رۆکێت (صاروخ)دا لەدەوڵەتانی تر دەسەلاتدارترە. ئیتر دوای ئەم دەست پێشکەریەیەی یەکێتی سۆڤییەت کە کۆمەڵانی خەڵکی جیهان وەك بەرهەمێکی گەورەی زانست و تەکنۆلۆجیای تازە بەخۆشی و سەرسامی یەوە پێشوازیان کرد ئەمەریکاش کەوتە خۆی تاکو لەخێڵ بەجێ نەمێنێت. لەلایەکەوە نەوەکا بەرەی رۆژئاوا وەرە بەربدەن و لەلایەکی تریشەوە ئای تەرازووی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوای پێ لەنگ نەبێت.

ئیتر ئەم بین بیرکی و بۆربۆرینەی نێوان یەکێتی سۆڤییەت وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاری گەیاندە ئاستێك کە ئەبێ شێوەی یەکارهێنانی مانگی دەست کردوو چوونە بۆشایی ئاسمانەوە روون و ئاشکرابێت. بۆیە ئەم دوو دەوڵەتە ریککەوتنامەیەکیان دەربارەی ئەم بابەتە مۆرکرد کە بەپێی ئەم ریککەوتنامەیە هەر مانگێکی دەست کرد هەڵدەدەن بەئاسمانا

هەواڵنامەی گەشت

ئەبی دەربارەی هەڵدان و خاسی‌یەتەکانی ئاگاداری ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن.

لەگەڵ ئەمەشدا شارلی شلدون سەرۆکی یەشی زانستی کتیبخانەی کۆنگریسی ئەمەریکایی و کۆن ترین پسپوری تەکنۆلوجیای بۆشایی ئاسمان لەراپۆرتێکدا ئەڵێت[35] «50٪ی مانگی دەست کردی ئەمەریکا و سۆڤیەت بۆ کاروباری عەسکەری بەئاسمانا هەڵدراوە، وە 60٪ی گەشتەکانی ئەمەریکایەکان لەم کۆرەدا، وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا کردوویەتی و سۆڤیەتەکانیش لەم مەیدانەدا هەر وابوون».

هەروەها لە هەمان راپۆرتدا ئەڵێت «ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەرەتای چەکی ئاسمانی‌یەوە واتە ساڵی 1957 تاکۆتایی ساڵی 1970، (514) مانگی دەست کردی بەدەوری زەمین دا هەڵداوە کە (273)یان کاروباری عەسکەری‌یان پێ سپێردراوە جگە لە (41) مانگی دەستکردی‌تر ووزارەتی بەرگری ئەمەریکا مەسرەفی کێشاوە.

بەڵام یەکێتی سۆڤیەت لەهەمان ماوەدا (465) مانگی دەستکردی هەڵداوە، (294)یان کاروباری عەسکەری‌یان پێ سپێردراوە».

شارلی شلدون بروای‌وایە کەولاتەیە کگرتووەکانی ئەمەریکا تا 30ی حزەیرانی ساڵی 1971، (60) ملیار دولاری لە بەرنامەی عەسکەری‌و ئاسایی‌دا خەرج کردووەو یەکێتی سۆڤیە تیش هەروابووە.

وە پەیمانگای ئاشتی نێو دەوڵەتان لە ستۆکهولم هەر ئەڵێت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاکۆتایی ساڵی 1967، نزیکەی (30) ملیار دولاری لە چالاکی عەسکەری بۆشایی ئاسماندا خەرج کردووە.

کەواتا پێویستە بزانین مانگی دەست کرد لەکۆری کاروباری عەسکەری‌دا بوچێ بەکاردێت کە بەکورتی ئەمانەی خوارەوەن:

1 ـ دەست نیشان کردنی هەرشتێکی مەبەست لەسەر زەمین.

2 ـ ئاگادار بوون لەهەڵدانی هەر رۆکێتێکی بالستیکی دوورڕەوو قارەبەر، وە ئەو رۆکێتانەی لەڕیر ئاوی کانەوە (غواصە) هەڵئەدرێن.

3 ـ ئاگادار بوون لەتەقینەوەی ئۆتومی لە بۆشایی زەمین و دەرەوەی زەمیندا.

4 ـ تەقینەوەی تەقەمەنی ئۆتومی لەناوچەی مەبەست (هدف)دا ئۆمارکردن وە تومارکردنی وزەو کردەوەی.

5 ـ ئاگاداربوون لەوزەروزیانەی لەشارو مەڵبەندە پیشەسازی‌یەکان و بنکەو بەندەروهێڵی هاتوچۆکردنی دوژمن ئەکەوێت پاش هێرش بردنە سەری.

6 ـ پاریدەدانی ئاراستەکردنی رۆکێتی دوور رەو چ لە بنکەی زەمینی‌یان دەریاییەوە یان ئاسمانی‌یەوە هەڵبدرێت وە ئەگەر هەڵەیان کرد هەڵەکانیان راست ئەکاتەوە.

7 ـ دۆزینەوەی لەشکری کۆکراوەی عەسکەری (تحشدات عسکریة) لە هەموو لایەکەوە.

8 ـ ئاگادارکردنی ئەلکترونانەی هێزە زەریاییەکان و هێزی ئاسمانی‌و بنکەی رۆکێتە ستراتیجی‌یەکان دەربارەی هەر کارێکی پێویست.

بۆیە رۆژنامەی ئەستیرەی سووری سۆیای سۆڤیەت لەنووسینێکدا دەربارەی مانگی دەستکرد ئەڵێت «جاسووس ئەهەر بەرزاییەکەوە جاسووسی بکات هەر جاسووسە».

ئەوی راست بێت تەنانەت مانگە دەستکردە عەسکەری یەکانیش بەکار هێنانیان لەهەندی لاوە بۆ ئاشتی نێو دەوڵەتان بەخێر گەررا.

پاش ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت بە پشکنینی ولاتەکەی ئەلە زەمینەوەو ئەلە ئاسمانەوە رازی ئەبوو وەلای وابو ئەمەریگای شارەزابوون لە تەهینی‌یە عەسکەری‌یە کانیان بو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەخاتە سەرپشت وەئەم رازی نەبوونە دەربارەی سنووردانان بوچەکی ستراتیجی بوو بوو بەکۆسپێکی گەورەی هەر ریککەوتنامە یەك لەنێوان یەکێتی سۆڤیەت وولاتە یەکگرتووەکاندا.

کەچی لەدوای ئەوەی لە ساڵی 1962دا یەکێتی سۆڤیەت مانگیکی دەستکردی هەڵدا بە دەوری زەمیندا دوای (8) رۆژ هانی‌یەوە خوارێ، ئیتر نیکیتاخرۆشۆف لەساڵی 1963دا وتی[36] «ئیتر پشکنینێ راستەوخۆ بایەخێکی ئەوتۆی نی‌یە چونکە ئەستیرەی دەستکرد ئەتوانی ئەوفرمانە جێبەجێ بکات». بەمە دوای ئەوەی مانگی دەستکرد کیشەو بەرەی پشکنینی سازکرد،

مكتبة النجف الأشرف

ریککەوتنامەی سالت 1 لە تەموزی سالی 1972دا لەنێوان یەکێتی سۆڤییەت و وڵاتەیە کگرتووەکانی ئەمەریکا مورکرا.

لەگەل ئەوەشدا ئەم سوچە پچکولە رۆشنە ئەوکەلێنە گەورە پرمەترسییانە پر ناکاتەوە کە دەزگامۆنۆ پۆلیی یەکان و عەسکەری یە چاو سوورەکانی وڵاتە گەورەکان بەتایبەتی هی ئەمەریکا ئەیکەنە دیواری ئاشتی جیهان و ئارامی ژیانی گەلانەوە.

لەسالی 1961دا دوکتور والتەر دور نبرجەر لەکتیبی «Space as Military arena» دا پیش نیاز ئەکات، کە ئەمەریکا چەند سەد بۆمبایەکی ئۆتومی بە دەوری زەمیندا هەلبدات کە خاکی یەکێتی سۆڤییەت و وڵاتە سۆشیالیستەکانی تر بگرێتەوەو ئامادە بێت بوکاتی مەبەست. ووەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ئەم پیش نیازەی بەراست زانی.

هارولد براون لەوتەیەکی دا ئەڵێت «هێزی یەکێتی سۆڤییەت لەکۆری بۆشایی ئاسماندا وای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردووە کەهەر ئەیێ لەگەڵیا یکەوینە بین برکێ وە»

وەلە 19ی ئابی 1980دا ولیام دیکستون نوێنەری پارتی جمهوری وتی [12] «یەکێتی سۆڤییەت خەریکە بگاتە ئەو ئاستە سامناکەی تیشکی لیزەر بۆ کاروباری عەسکەری بەکار بهێنی وە CIA پش دڵنیایە کە یەکێتی سۆڤییەت چەکی هەیە بەتیشکی لیزەر ئیش ئەکات. کە ئەمەش چەکێکە ئەتوانێت ئیش لەو مانگە دەستکردانە تێك بدات کەبۆ جاسوسی یەت بەکاردین» وەکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرنامەی دروست کردنی رۆکێتی M.X ی دانا بیانووەکەی خستە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1 ـ هێزی ستراتیجی ئۆتۆمی سۆڤییەتی هەرەشە لەرۆکێتە دوورڕەوەکانی ئەمەریکا ئەکات.

2 ـ ئەیێ هێزی بەرگری ئۆتومی ئەمەریکا لەو ئاستەدا بێت کەفرمانی خۆی پێ جێبەجێ بکرێت.

3 ـ ئاستی ئەکنولوجی و کارکردەی هێزی ئۆتومی ئەمەریکا کەلە پەنجاکان و شەستەکانەوە دەستی کردووە بە گەشەکردن ئەیێ هەرروو لە پیشکەوتن بێت.

ئەوی راست بێت یەکێتی سۆڤییەت هەموو جارێك بەم شێوە راگەیاندنەی ئەمەریکا ئەڵێت بیانوی خۆ چەکدارکردن و سۆڤییەت بەجێ هیشتنە لە کۆری چەکی ستراتیجی و بۆشایی ئاسماندا.

وەلای وایە کە کاریەدەستانی ئەمەریکا بەم جۆرە پروپاگەندانە بودجەی پرۆژە ستراتیجییەکان بەکونگریسی ئەمەریکا ئەسەلمێنن و خەلکی باج دەری ئەمەریکا بێ دەنگ ئەکەن و گەلانی جیهانی پێ ئەخەڵە تێنن. وەلە پاڵ ئەم روون کردنەوەیەشدا ئەندرۆپۆف سکرتیری گشتی پارتی کومونیستی سۆڤییەتی کەتازە بۆ ئەم جیگایە هەڵبژیرابوو وتی «با ئەمەریکا زۆر چاك ئەوراستییە بزانێت کە هەرگیز نایەلین لەم گۆرە پانەدا ئیمە بەجێ بهێلێت».

بێگومان هەموو دەوڵەتێکی شەرو خوازپێش هەڵگیرساندنی جەنگ خۆی خستۆتە بەرگی دەوڵەتێکی بەشخوراوی زۆر لێکراوی لە دەوڵەتان بەجێ ماوەوە وەهەوڵدۆتە قەڵای شەرر خوازانەی بەخۆ لەبەجێ ماوی رزگار کردن لەقەڵەم داوەو ئەڵمانیای نازی نمونەی ئەم سیاسەت و دیپلوماسییەتەی ئەم سەدەیەمانە.

بەڵام دەوڵەتێك بەتەنگ ئاسایش و ئاشتی جیهان و رەنجی کرێکاران و چینەمام ناوەندییەکانی وڵاتەکەی خۆیەوە بێت و بیر لەوە بکاتەوە، کە باجی میللەت کۆکراوە بەفیرۆ نەدات وەکو ئەمەریکا (240) رۆکێتی M.X و وینکەکانی هەڵدانی بە (60) ملیار دولار دروست ناکات بان رێگایەکی ئاشتی خوازانە ئەگرێتە بەرو سەدان ملیار دولاری بەفیرۆچوو لەبریتی چەکی لەناو بەر لەپێناوی بەختیاری وپیشکەوتنی کۆمەلگای ئەمەریکاو جیهان ئەخاتە کارەوە.

سەیر ئەوەیە گەلی چەکی پێشکەوتوو تەکنولوجیا بەرز هەیە کەسەدان ملیار دولاریان لەم چەند ساڵەی دواییدا تیا خەرج کراوە، هەموو خراونەتە گەنجینەی چەکی بێ کەڵکەوە چونکە لەوچەکانە باشترو بەهێزترو نیشانە پێك تر دروست کراوە، بان بەپارەو پولێکی بێ شومار ئەیا نفروشنەوە بە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم و بەفروفێل و پیلان نەشیان کەن بەگژ یەکتری داتا چەکەکانیان بێ لەناو بەرن و سەرمایەی کۆکراوەیان پێ لەبن بهێنن و هەمیشە لەژیر باری قەرزی ئەم دەوڵەتانەدا بەتایبەتی هی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رزگاریان نەبێت و وڵاتەکانیان بازاڕیکی دەرگا لە سەرپشت بێت لەناستی ئەم دەوڵەتە ئیمپریالییانەدا.

هەوڵنامەی کتێب

کەتازە رۆکێتی تیژڕەوی دوور ڕەو هاتبووە کۆری بەکارهێنانەوە، خرۆشۆف وتی پێویستە چەکە کلاسیکی یەکان وەکوتۆپ و تانك و فڕۆکە بخەینە مۆزەخانەوە. بەڵام ئێستا دەیان جۆر لەو چەکانەی ئەوساخرۆشۆف باسی لەکردن تەنێ هەرپخرینە مۆزەخانەوە!

وەکە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتە گەورەکانەوە بڵاوئەکرێتەوە ئەم بۆربۆرینە هەر بەردەوامە هەرلایەك چەکێکی نوێ ئەدۆزێتەوە خێرا لاکەیتر پان ببرلە چەکێك ئەکاتەوە ئەم چەکەی پێ پوچەڵ بکاتەوەبان چەکێکی لەوچەکە بەهێزو وزەتر بهێنێتەکایەوە. بێگومان بۆ ئەوەی باشتر لەم بابەتە بگەین پێویستە کورتە باسێك دەربارەی ئەم بۆر بۆرینە بخەینە پێش چاو.

لەساڵی 1967دا سوڤییەتی یەکان لە ئاقی کردنەوەکانی سیستەمی خولگەی وردە بەشی بوردومان کەردا (FOBS) سەرکەوتن. ئەم سەرکەوتنەش ئەو مانایە ئەگەیەنێت کە ئەتوانن مانگێکی دەستکردی بە ئۆتۆم چەکدارکراوی وێرانکەر بەدووری زەمینەدا بسوڕێنەوە. وەکانی پێویستدا لەئیستگاکانی سەرزەمینەوە بەهۆی دەزگای ئاگادارکردنی تەرخانکراوی تایبەتی یەوە ئاگاداری بکەن، ئینر ئەم مانگە دەستکردە یەکسەر ڕووی خۆی وەرئەگێرێت و مەبەستی بۆنیشانەکراو ئەپێکێت و لەناوی ئەبات.

ئەم بارەیەوە ماکنماراوتی دەزگاکانی رادار تەنیا پێش سێ دەقیقە بەتەقینەوەی ئەم مانگە دەستکردە ئەزانن. وە لەبەر ئەوەشە ئەتوانێت هەموو بنکەکانی بومبا ئۆتومی هاویژەکانمان ویران بکات.

لەسەرەتای دروست کردنی ئەم چەکەوە خرۆشۆف لەساڵی 1964دا لە دیدەنێکی چەند نوێنەرێکی پەرلەمانی ژاپونی لەمۆسکودا باسی ئەم چەکەی لەدەم دەرچوو وتی بەم زووانە چەکێکی لێجگار تۆقێنەرمان ئەکەوێتە دەست (قنبلة الرعب).

هەروەها لیۆنید بریجنیف لە جەژنی پەنجا ساڵەی شورشی ئۆکتوبەردا وتی «ئێستا سوپای سوڤییەت چەکێکی بەدەستەوەیە نەرادار ئەتوانێت وەك پێویست پێی بزانێت و نەدووری ڕێگاش نرخێکی هەیە، لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو باکوروباشووروەوە ئەتوانێت دەستی خۆی بوەشێنێت.

پسپورە ستراتیجی یەکان بروایان وایە کە جەنگی داهاتوو بەبەکار هێنانی ئەم جۆرە چەکەو بە بارمەتی چەکی ستراتیجی قاڕەبر دەست پێ ئەکات، دەست پێ کردنەکەش لەوەندە کوتر پرو لەناو بەر ئەبێت. دوژمن مۆلەتی پەلامارداندوو ئۆلە سەندنەوەی بەدەستەوە نامێنێت. بۆیە شارەزایانی جیۆپۆلیتیکسی بۆشایی ئاسمان ئێستا ئەڵێن «ئەوەی بۆشایی ئاسمانی بە ئەواوی خستەژێر دەستی خۆیەوە لیتر جیهانی ئەکەوێتە ژێردەست».

شارەزایانی ئەمەریکایی کە بەتەمای ئەوەن بە تەقاندنەوەی (2000) میگا تەنی وزەی ئۆتومی نێوەی دانیشتوانی ولاتی دوژمن و دووسێیەکی پیشەسازیبە گرنگەکان لەناو بەرن هەرچەندە بەشی زۆریان بە 100 تا 200 میگاتەنی سەرەتای هاویشتنیانەوە لەناو ئەچن.

واپێش بینی ئەکەن کە نیوەی دانیشتوانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکێتی سوڤییەت لەناو ئەچن. هەروەها ئەڵێن هێزی خۆ پاراستن بەوە ئەبێت هەموو مەبەستە عەسکەری یەکان (الاهداف العسکریه) لەناو بچێت و نرخی خۆپاراستنیش ئەوەیە دانیشتوان و توانای پیشەسازی لەناو ببریت.

ئەمەریکا زۆر دەمێکە ستراتیجی یەتێکی سێ کوچکەی دامەزراندووە کە ئەمانەی خوارەوەن:

1 - ڕۆکێتی بالاستیکی، کە بنکەی سەرزەمین بیان هاوێژێت.

2 - فڕۆکەی دوور ڕەو.

3 - ژیر دەریایی (غواصه) ڕۆکێت هەڵگر.

لەساڵی 1980 - 1981دا ولاتە یەکگرتووەکان سێ جۆر ڕۆکێتی قارەبری هەبوو ئەمانەش: تیتان 2 وە منتمان 2 وە منتمان 3بوو. لە ساڵی 1963وە ڕۆکێتی منتمان 2ی هەیە قورسایی لەکاتی هەڵدانیدا (150)تەنەو وزەی تەقینەوەی (9) میگاتەنە. بەڵام منتمان 3، چەپکێکی لەیەك جیاوازی پێوەیە، هەر یەکەی بەر مەبەستێکی نیشانەکراو ئەکەوێت و هەر یەکە شیان وزەی تەقینەوەیان 340 کیلوتەنەو بەم جۆرە ڕۆکێتە ئەوتریت (MIRV) ڕۆکێتی کروزی ستراتیجی کە لە ئاسمانەوە هەڵئەدریت ئەگاتە (2500) کیلومەترە بەڵام ئەو جۆرەی لە دەریاو مەرزەمینەوە هەڵئەدرێت و کومپانیای جەنەرال داینامیکس دروستی ئەکات 3000 کیلومەترە ئەروات.

هەوڵنامەی کتێب

هەروەها بەرنامەی گەشەکردنی روکێت بەردەوامە، بەرنامەیەکی نەمەریکا ئەورێگایەی گرتۆتە بەر کەلە فرۆکەی جەنگی F. 15 وە روکێت دژی مانگی دەست کردو روکێتی دوژمن هەلبدرێت وە ئەم روکێتانەش پارچە تەقیوەکانیان مەبەستەکانی (الاهداف) دوژمن پەك ئەخات یان هەر پارچە پارچەی ئەکات.

هەروەها رونالدریگن فرمانی بەرهەم هێنانی روکێتێکی تایبەتی بە دەزگای پرسراوەکان کرد کە پێی ئەڵێن ئراینديت (D.S) 2 وە لەساڵی 1990دا ئەکەوێتە دەست سوپای ئەمەریکاوە. ئەم روکێتە لەژێر دەریایی (غواصە) ئوهایودا بەکاردێت، چوار دەسەری ئوتومی هەیە، هەریەکەی (150) کیلوتەنەوە (1207) کیلومەترە ئەروات و هەر لە نزیك کەنارەکانی ولاتە یەکگرتووەکانەوە ئەتوانرێت بهاوێژرێت.

بەڵام دەربارەی ژێر دەریایی، هێزی دەریایی ئەمەریکا 73 ژێر دەریایی هێرش بەری بەدەستەوەیە کە هەر بۆ ئەنك هەڵگرانی ژێر دەریایی دوژمن دروست کراوە. دەزگا ئاگادارەکانی رۆژئاوا ئەڵێن ژێردەریایی ئەمەریکا لەچاو هێنی سوڤییەت دا لەدور لاوە بایەخدارترە. یەکەم ماشێنە بزوێنەرەکانیان بێ دەنگ ترن، دووەم دەزگا هەستکارەکانیان دوور رەوترن.

بۆیە ئەمەریکا زۆر بایەخێکی گەورەی بەپێشخستنی ئەم لایەنەداوەو لەسەر وشکایی نزیك هەر دوو ئوقیانووسی ئەتلەسی و باسفیك، بەتایبەتی لەنزیك دوورگەی (کەمشەتکا)ی سوڤییەتی و دەریای بارنتسی نەرویجەوە دەزگای هەستیار (حاسات)ی دامەزراندووە.

بەم جۆرە سەرکردایەتی عەسکەری ئەمەریکا لەم دوو رێرەوە بایەخدارە دەریاییەوە، کە ئەنیا دوو رێرەوی سوڤییەتی یەکانە بەرەو ژوورووی باسفیك و ئەتلەسی، هاتوچۆکردنی هێزە دەریاییەکانی سوڤییەتی خستۆتە ژێرچاوە دێری خۆیەوە.

ولاتە یەکگرتووەکان دوای ئەم سێ کۆچکەچەکە بایەخێکی زۆری بە مەکۆی بۆشایی ئاسمان داوە ئەك هەر لەبەر ئەوەی جێگایەکی گرنگی لەنێو چەکە ستراتیجیەکانا بۆ ئەگرینەوە بەڵکو لەبەر ئەوەی چەند جارێك بەکار ئەهێنرێت وەلە چاو چەکی تری هاوتای خۆیا زۆر کەم مەسرەف ترە.

ئەم چەکە ئەتوانێت جگە لە فرمانی شارستانیتی و زانستی لەکۆری جەنگی داهاتوودا هەر لە ئیستاشەوە ئەم فرمانانەی خوارەوە جێبەجێ بکات: -

1 - مانگی دەست کردی نۆی ج بۆ مەبەستی عەسکەری یان زانستی بەدەوری زەمینەدا بلاوبکاتەوە، وە ئەومانگە دەستکردانەی پێویستیان بەچاککردنەوە هەیە چاکیان بکاتەوە یان بیان گوڕێت بە هێنی تر. هەروەها ئەتوانێت لەنێو خۆشیا مانگی ئەستکردی بەدەگ هەلبگرێت.

2 - ئەتوانرێت وەکو بنگەیەکی سەرکردایەتی ج بۆئاراستە کردنی کاروباری زەمین یان بۆهی بۆشایی ئاسمان بەکار بهێنرێت واتە وەکو تەختە رەوانێکی سەرکردایەتی لەئاسمان لەنگەر راگرتوو بەکار بهێنرێت.

3 - بۆ بەگژماگی دەستکردی دوژمنەدا چوون بەکار بهێنرێت وەنەو مانگە دەستکردانە بەدیل بگرێت بێ ئەوەی پێویستی بەتەقینەوەو پەك خستنیان هەبێت.

4 - ئەتوانرێت بکرێت بەتەختە رەوانێکی ئاسمانی بو بەکار هێنانی تیشکی لیزەرو بومبای ئوتومی. وەلەم بارەیە ناقی کردنەوەیەك لەوانەی بەدەستیانەوەیە خستنەخوارەوەی روکێت یان مانگێکی دەستکردە بەتیشکی لیزەر.

دەربارەی جەنگی بۆشایی ئاسمان چالاکی یەکێتی سوڤییەت و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەردووکیان رووی کردۆتە ئەوەی بەستەی کە بتوانن مانگی دەستکردو روکێتی دوور برد بەئاسمانەوە بخەنە خوارەوە هەردوولاشیان پشت بەم چەکانە ئەبەستن:

1 - تیشکی لیزەروتیشکی تەنوکەیی (جُسَیم)

Particle Beam Accelerator : + تیشکی لیزەر بریتیە لەتیشکێکی روناکی زۆرچر کە زۆر بەباشی ئاراستە ئەکرێت بەڵام تیشکی تەنوکەی (جُسَیم) گەردیلەی نیوترون یان هایدروجین بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر فرێ ئەدات. کەتیشکی ئەم دووجۆرەکە ئیجگار وزەدارو سوتێنەرولە ناوبەرە.

2 - مانگی دەستکردی راوکەری بکوژ (القمر القاتل): سەرچاوەکانی ئەمەریکا بلاوی ئەکەنەوە کە یەکێتی سوګییەت لە ساڵی 1968دا لە هەژدە تاقی کردنەوە یانزە تاقی کردنەوەی

هەوالنامەی کتێب

لەسەر ئەم جۆرە چەکە سەرکەوتوو بووە.

وەئەڵێن سوفییەتی‌یەکان ئەتوانن مانگی دەستکردی راوکەری لەناو بەربخەنە خولگە (مدار)ی مانگی دەستکردی نێچیرەوە و پێی بخەنەخوارەوە، یان لەکاری بخەن.

هەر دەربارەی جەنگە ئەستێرە، رونالدریگن کە بووە بە پاڵەوانی ئاگر خۆشکەری جەنگە ئەستێرە سێ‌مانگ لەمەوپێش ئاگاداری کۆنگرێسی ئەمەریکا هاوپەیمانەکانی و تەنانەت یەکێتی سۆڤییەتیشی‌کرد کە لەکۆری جەنگە ئەستێرەدا تاقی‌کردنەوەیەک ئەکات بریتی ئەبێت لەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی F15 - ی هەڵگری ڕۆکێتێکی دوونهوم 20 هەزار مەتر بەرز ئەبێتەوە، ئەو ساروکێتەکە ئەهاوێژێت، ئەویش نهومی یەکەمی (50) هەزار مەتر بەرز ئەبێتەوە، ئنجا لەو بەرزاییەوە سەرە تێکدەرە خاوەن ئامرازی پاڵ پێوەنەرەکەی ئەچێتە خولگەی مانگی دەستکردی دوژمنەوە، لەنێوان (200تا 1500 کیلومەتر) کە هەر بەگەیشتنی بەمانگە دەستکردەکە تێکوپێکی ئەدات.

ئەمەریکاییەکان ئەڵێن ئەم پەلەقاژیەمان بۆ ئەوەیە خۆمان لەکۆری تێکدانی مانگی دەستکردا بگەیەنینە ئاستی یەکێتی سۆڤییەت.

هەروەها ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەرەتای مانگی 1985/10دا مەکۆیەکی عەسکەری‌یان کەناوی ئەتلانتس بوو هەڵدایە بۆشایی ئاسمانەوە کە هەرچەندە هیچ دەنگو باسێکی ئەوتۆیان لەسەر بلاو نەکردەوە، بەڵام ئاگادارانی ئەم جۆرە بابەتە ئەڵێن نیاز لەوەیە چەکی خاوەن تیشکی لیزەر لە بۆشایی ئاسماندا بڵاوبکەنەوە کە ڕۆکێتی ئۆتۆمی زەمین بۆزەمین و ئاسمان بۆزەمینی پێ لەناوبەرن. دەزگا زانستی‌یەکانی (ناسا)ی ئەمەریکایی ئەڵێن مەکۆی ئەتلانتس ئامرازی جاسوسی‌کردن و وێنەگرتنی ئیجگار وردوگرنگی لەگەڵ خۆیا هەڵگرتووە کە بەئاسانی ئەتوانێت مەبەستەکانی (اهداف) خۆی ببینێت و هەر یەکەیان بە جوانی لە یەکتری جیابکاتەوە، هەروەها ئەتوانێت ژیرئاوی‌یە ئۆتۆمی‌یە سوفییەتی‌یەکان (الغواصات النووية السوفياتية) کە ئەمەریکاییەکان زۆر لێیان ئەترسن دەست نیشان بکات.

ئاژانسی ڕۆیتەر دەربارەی ئەتلانتس ئەڵێت فرمانی ئەم مەکۆیە لەتۆپی نهینی‌دا نەماوە بەڵکو بریتی‌یە لە هەنگاوێکی پێشکەوتووانە دەربارەی بەرنامەی جەنگە ئەستێرەو لێکۆڵینەوەکانی هەروەها دەربارەی جەنگە ئەستێرە پەیامنێری ئاژانسی ڕویتەر لەواشنتون تشارلز دینگەر ئەڵێت[38] وئەگەر بەهۆی هەر شتێکەوە بێت مرۆڤ هۆشی خۆی لەدەست چوو ئەوا ئاگرێك لەئاسمانەوە بەر ئەبێتە سەر زەمین کەسەدان جار بیکات بەزوخاڵ!».

بەرامبەر بەم هەڵوێستەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبیرەوەری شورشی ئۆکتوبەردا وەزیری بەرگری یەکێتی سوفییاتی وتی «ئەبێ ئەمەریکاو پەیمانی ئەتلەسی ئەوراستی‌یە چاك بزانن کە هەرگیز نایەلین لەکۆری چەکی نوێدا لە ئیمە پێشکەوتو تربن».

ئیستر لە کۆتایی باسەکەدا ئەڵێین کە لە سەرەتاوە جیۆپۆلیتیکسی‌یەکان ئەیان وت کێ ناوجەرگەی بە هێزی زەمینی و داهاتەکانی نێوەوە دەست کەوێت، دەست بەسەر جیهاندا ئەگرێت و دوای ئەوان جیۆپۆلیتیکسی‌یە زەریا خوازەکان وتیان کێ لەزەریادا بالا دەست بوو ئەوە جیهانی ئەکەوێتە بەردەست و دوای ئەمان ئەو جیۆپۆلیتیکسی‌یانەی هێزی ئاسمانی‌یان لاگرنگترو بایەخدارتر بوو ئەیان وت کێ خاوەن هێزێکی ئاسمانی کاریگەر بێت دەست بەسەر جیهاندا ئەگرێت ئێستالای جیوپولیتیکسەکانی ئەمەریکا وایە کێ لەبۆشایی ئاسمان چەکی گرنگترو بە سامتری هەبێت و لەدەوڵەتانی‌تر دەست ڕویشتووتر بێت، جیهان وەکو هیلکەیەکی پاککراو ئەکەوێتە بەردەستی.

لەکۆتایی پینجەمین بەشی باسەکەدا کە ئیتر بابەتەکە هەمووی لەگوفاری ڕۆشنبیری‌دا تەواو ئەبێت پێویستە ئەوراستی‌یە ڕوون کەینەوە، کە بۆچی ئەم بەشە شم وەکو بەشەکانی‌تر لاگرنگ بوو لە کاتێکدا نەتەوەی کوردو عیراق هەمووی نەبەتەمای ئەوەن ڕۆژێك لەڕۆژان بین بەخاوەنی هێزێکی چەکداری ئەوتۆ کە جیهانی پێ ژیر دەستە بکەن و نەپش بینیش ئەکرێت بەم هەلومەرجەی ئێستا بەدەستەوەیە بتوانن بگەنە ئەو پایەیە کەواتا ئەی بۆچی ئەم خۆخەریك کردنە بەبابەتێکەوە کە بەشی ئیمەی تیدانی‌یە؟!

یەکەم: لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە کۆمەڵگای کوردستان بەشێکیتی ئەبی بچێت بەگژ جەنگ و جەنگ خوازاندا چونکە تەنیا لە جەنگی دووەمی جیهانی‌دا (80) ملیون

کەسی تیاکوژرا کە 20 ملیونی سوڤییەتی و (5) ملیونی پولەندی و (5) ملیونی ئەڵمانی و ئەوانی تری گەلانی تر بوون کە ئەو جەنگە لەچاو جەنگە ئەستیرەدا وەکو شەررە قۆچەقانی وایە!!

دووەم:

هەموو ئەزانین کە ئەم دوو جەمسەری ناکۆکی کارەی جیهان بەکێکیان (یەکێتی سوڤییەت) کەوتۆتە ژووروی هەموو کوردستان و ئەتەوەی کوردو عیراقەوەوە ئەوی ترییان (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) بنکەو هێزە کاریگەرو دەستکەوتەکانی کەوتونەتە خواروی ناوچەکەمانەوە. ڕۆناڵدریگن بەئاشکرا ئەڵێت هەروەها سەرۆکەکانی ئەمەریکای ئەم چەند دەساڵەی پێشووی ئەمەریکا کە ئاسایشی دوورگەی عەرەبی بەشێکی لە جیاکردنەوە نەهاتووی ئاسایشی ئەمەریکایە.

هەروەها هەرگیز نابێ لەوخەیاڵە دابین کە یەکێتی سۆڤییەتیش، پاریزەری خۆی و وڵاتە سوشیالیستەکانی تر و هاو پەیمانەکانی کەفازانج و دەستکەوتێکی زۆروو تایبەتی لەم ناچەیەدا هەیە هەروا بەگاڵتەوە سنووری خواروی وڵاتی خۆی بۆ پیلانەکانی ئەمەریکاو هاو پەیمانەکانی بەرەڵلابکات.

وەتە ئەم ناوچەیەکە کوردستان سەرە ڕیگای هاتووچۆو سنووری خواروی یەکێتی سوڤییەت و ناوچەی جیاکەرەوە پیا هەلپژانی ئەم دوو هێزە گەورە بەسامەیە، هەر جەنگێکی چاوەڕوان کراو بقەوێت ئەبێ بە مەلبەندی کوشتن و ویران کردن وەکو لە جەنگی یەکەمی جیهاندا لە خانەقین و وەرەواندزوورو بەشێکی زۆری کوردستانی تورکیاو ئێران ڕووی‌دا. بەڵام ئەمجارە چ ویران کردنێك، بێگومان ویران کردنێك ئەبێت کەوشکوتەرز پێکەوە بسوتێن. لەبەر ئەوە پێویستە نەتەوەی کورد پێش هەموو شتێك شارەزای ئەم بابەتە زانستەبن، لنجا شان بەشانی نازادی‌و ئاشتی خوازانی جیهان خەبات بکەن کەجیهان و ئەم ناوچەیە لە جەنگێکی لەناو بەری کاولکەر ڕزگار بکەن.

سەبارەت بەوەی پروفیسور جەنەرال کارل هوسهوفەر خاوەنی قوتابخانەیەکی جیۆپۆلیتیکسی نایابەتی‌و ناوی لە هەموو بابەتە جیوپولیتیکسی‌یەکاندا لەناو ناواندایە بەپێویستم زانی مێژووی ژیانی بخەمە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕێزەوە:

(مێژووی ژیانی کارل هوسهوفەر)[38]

ئەفسەرێکی عەسکەری‌و زانایەکی جیۆپۆلیتیکسی‌یە لە ساڵی 1887 خوێندنی لە قوتابخانەی ماکسیمیلیانی شاهانە تەواوکردوە. هەر لەساڵی 1887دا چوتە بەشی تۆپخانەی شاهانەی باڤاری‌یەوەو، وە هەر لە سوپای باڤاریای ئەڵەمانی‌دا ژیانی عەسکەری بردۆتەسەر. لەساڵی 1889دا خوێندنی لە ئەکادیمی‌یەی عەسکەری تەواو کردووەو بووە بەئەفسەرێکی پلە ئەستیرەو لەدەر چوونەکە شیاپلەی (شەرف)ی خەڵات کراوە. لەنێوان ساڵی 1890 ـ 1892دا نیرراوە بۆ قوتابخانەی توپخانەو ئەندازیاری‌و دوای گەرانەوەی بۆ جیگای پێشوی خۆی بۆیان نووسیوەکە کاروباری بەشی تایبەتی پێ بسپێرن.

لە 1895دا دوای ناقی‌کردنەوەیەکی تایبەتی لە کولێجی ئەرکانی جەنگ وەرگیراوەوە لەساڵی 1898دا خوێندنی تەواو کردووەو بووە بەئەفسەری دوو ئەستیرە. وەلە ساڵی 1899 ـ 1901دا بەپێی ئامۆژگاری لیژنەی ئەرکانی جەنگ بەکارو باری عەسکەری دووساڵ گەشتیان پێکردووە. دوای ئەوە بەسێ ئەستیرەیی بووە بەفەرماندەی هێزێکی پچوکی تۆپخانە. لە 1904دا بووە بەمامۆستای مێژوو لە کولێجی عەسکەری. لەزستانی 1980دا چووە بۆ ژاپۆن و لەهاوینی 1910دا گەڕاوە تەوە ئەڵەمانیا.

هەر لەو ساڵەدا بووە بەماموستا لە کولیجی ئەرکانی جەنگ تا شارەزایی خۆی لەکاروباری عەسکەری زۆڕەهەڵاتدا ڕوون بکاتەوە. لەهاوینی 1911دا گەڕاوەتەوە بەشی تۆپخانەو لەساڵی 1912دا خانەنشین بووە. لەساڵی 1914دا پلەی بەکەمی (شەرف)ی دکتورای لە جوگرافیاو مێژوو جیولوجی لە زانکۆی میونیخ ـ ی باڤاری شاهانەدراوەتی‌و هەر جەنگی یەکەم هەڵگیرساوە داوایان لێ کردووە بگەڕیتەوەسوپا.

لەساڵی 1919دا بەجەنەرالی خانەنشین بووە بە فیرکردنی قوتابیانی زانکۆی میونیخ ـ ەوە خەریك بووە. لە 1921 کراوە بە پروفیسوری زانستی جوگرافیا لە هەمان زانکۆ.

لە 1924دا بووە بەپروفیسور لە ئەکادیمی‌یەی ئەڵەمانیا لنجا

له سالّی 1933دا بووه به پروفیسور له زانیاری جیوپولیتیکس و عەمیدی بەشی زانیاری له زانکۆی میونیخ وه وه هەر لەهەمان سالّدا بووه به بەڕێوەبەری پەیمانگای لێکۆڵینەوەی جیۆپۆلیتیکس لەم زانکۆیە. لەنێوان 1934 ـ 1937دا بووه به عەمیدی ئەکادیمی‌یەی ئەڵمانیاوه له 1938دا بووه به سەرەکی ریکخراوی میللی ئەو ئەڵمانانەی لەدەرەوەی ئەڵمانیا ژیاون.

له 1944دا ئەلبریخت ـ ی کوری کۆڕاوەو جیستاپۆی نازی خۆشی بەندکردووه. له 1945دا ئەمەریکاییەکان لەزیندان رزگاریان کردووه. وه له 8ی تشرینی دووەمی 1945دا لاشەی خۆیۆ ژنەکەی لەباخچەی خانوویەکی بچوك لەشاخی ئالپی بافاریا دوزرایەوه وادیاربووه هەردووکیان بەزەهر خۆیان کوشتووه.

لەسەرەتای ئەم باسەوه تا ئەلقەی پینجەمی کە ئەم بابەتەی پێ‌ئەواو ئەبێت.

لەم سەرچاوانەو چەند سەرچاوەیەکی‌تر کەلك وەرگیراوە:

1 ـ جیوپولیتیکس ـ الدکتور علی محمد المیاح

2 ـ الاصول العامة في الجغرافیا السیاسیة والجیوپولیتیکا مع دراسة تطبیقیة علی الشرق الاوسط ـ الدکتور محمد ریاض استاذ الجغرافیا بجامعة عین الشمس.

3 ـ دراسات في الجغرافیا السیاسیة ـ الدکتور صلاح الدین علی الشامی استاذ الجغرافیا بکلیة الاداب جامعة القاهرة بالخرطوم.

4 ـ القانون الدستوری ـ نظریة الدولة ـ الدکتور منذر الشاوی.

5 ـ القانون الدولی الخاص وفق القانونین العراقي والمقارن ـ الدکتور ممدوح عبدالکریم حافظ.

6 ـ الخلیج العربي دراسة الجغرافیا السیاسیة ـ الدکتور صبري فارس الهیتی.

7 ـ السر المعروف مبدأ نکسن وکسنجر في اسیا.

8 ـ توینبی منهج التأریخ وفلسفة التأریخ.

9 ـ الأمیر ـ لمکیافللی.

10 ـ اراء واحادیث في اللغة والادب ـ ساطع الحصری

11 ـ ستراتیجیة صراع القوی الکبری في الوطن العربي ـ محمد عبدالمجید حسون.

12 ـ الحرب من الفضاء ـ اللواء ارکان حرب خضر الدهراوي

13 ـ الاستراتیجیة الامیرکیة الجدیدة ـ المؤسسة العربیة للدراسات والنشر.

14 ـ رواد الاستراتیجیة الحدیثة ـ تألیف ادوارد میدایرل ترجمة ـ الامیرالای 1. ج محمد عبدالفتاح ابراهیم

15 ـ مؤلفات ماوتسي تونگ المختارة المجلد االرابع.

16 ـ مجلة الف باء العدد 892 ـ مقال لـ (عزیز الرفاعی) عن حرب النجوم.

17 ـ جریدة الثورة ـ 1985/9/5 ترجمة فریال مروکی عن لوماتان عن التسلح في الفضاء الفرنسیة.

18 ـ جریدة الثورة ـ 1985/10/9 مقال لـ (الدکتور محمد ریاض حمزة) عن مهمة اتلانتس.

19 ـ بسام العسلی ـ مشاهیر قادة العالم ـ فون مولتکه.

پەراوێزەکان

1 ـ الدکتور علي محمد المیاح ـ الجیوپولیتیکس ..... ص 2

2 ـ نفس المصدر ..... ص 2

3 ـ نفس المصدر ..... ص 3

4 ـ نفس المصدر ..... ص 28

5 ـ نفس المصدر ..... ص 33

6 ـ نفس المصدر ..... ص 8

7 ـ نفس المصدر ..... ص 11

8 ـ نفس المصدر ..... ص 11

هەوالنامەی کێشە

9 ـ مؤلفات ماوتسى تونگ المختارة ـ المجلد الثانى ـ ..... ص 213

10 ـ بسام العسلى ـ مشاهير قاده العالم ـ فون مولتكه ..... ص 45

11 ـ ادواردميد ارل ـ رواد الاستراتيجية الحديثة ـ ..... ص 123

12 ـ نفس المصدر ..... ص 133

13 ـ نفس المصدر ..... ص 173

14 ـ نفس المصدر ..... ص 181

15 ـ نفس المصدر ..... ص 197

16 ـ نفس المصدر ..... ص 213، 214

17 ـ نفس المصدر ..... ص 203

18 ـ نفس المصدر ..... ص 206

19 ـ نفس المصدر ..... ص 344

20 ـ نفس المصدر ..... ص 357

21 ـ الدكتور علي محمد المياح ـ الجيوپوليتيكس ..... ص 38

22 ـ الدكتور محمد رياض ـ الاصول في الجغرافيا السياسية والجيوپوليتيكا مع دراسة تطبيقية على الشرق الاوسط ..... ص 68

23 ـ نفس المصدر ..... ص 65

24 ـ الدكتور على محمد المياح ـ الجيوپوليتيكس ..... ص 26

25 ـ الدكتور محمد رياض ـ الاصول العامة في الجغرافيا السياسية والجيوپوليتيكا ..... ص 79

26 ـ الدكتور على محمد المياح ..... ص 50

27 ـ ادوارد ميدل ارل ـ رواد الاستراتيجية الحديثة ..... ص 404

28 ـ نفس المصدر ..... ص 405

29 ـ الدكتور على محمد المياح ـ الجيوپوليتيكس ..... ص 54

30 ـ نفس المصدر ..... ص 59

31 ـ نفس المصدر ..... ص 59

31 ـ نفس المصدر ..... ص 59

32 ـ نفس المصدر ..... ص 59

33 ـ ادوارد ميدل ارل ـ رواد الاستراتيجية الحديثة ..... ص 459

34 ـ اللواء اركان حرب خضر الدهراوى ـ الحرب في الفضاء ... ص 195

35 ـ نفس المصدر ..... ص 21

36 ـ نفس المصدر ..... ص 37

37 ـ نفس المصدر ..... ص 221

38 ـ جريدة الثورة ـ 1985/10/9

39 ـ ادوارد ميدارل ـ رواد الاستراتيجية الحديثة ص ـ 1.1 - 1.2 - 1.3

محمد كامل كتب



ئاسیای بچوک و سەرووی میزۆپۆتامیا لە هەزارەی دووی پێش زایین (3000 ـ 1000 پ.ز)

د. جمال رشيد أحمد
کولیجی ئاداب - زانکۆی بەغدا

هەواڵنامەی کتێب

گوزارشە بەرووداوەکانی سەرووی میزۆپۆتامیا لە هەزارەی دووی پ.ز لە ئاسیای بچووک و سەرووی میزۆپۆتامیادا

پشکنینی شوێنەواری ئەرکیۆلۆژی و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ئەوەیان دەرخستووە، کەوا یەکەمین بزووتنەوەو جوولانەوەی ئەو کۆمەڵە هۆزە کۆچەرانەی لە نێوان خۆیان دا بەشێوە ئاخاوتنێکی لێك نێزیك قسەیان دەکردو لە سەردەمی ئەمرۆدا بە (هیندو - ئەوروپی) نێو - دەبرێن لەو ناوچانەوە دەستی پێکردووە، کە کەوتۆتە خواروی ڕووسیای

ئێستەوە، بەواتا لەو دەشتەوە، کە لەنێوان گۆمی (ئاران)و ڕووباری (دانوب) دایەو[1] ئەم جوولانەوەیەش لە هەزارەی سێی پێش زایینەدا بووە، جا بە هەردوو لقی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژ - ئاوایی بەرەو لێوارەکانی خواروی زەریای ڕەش

بەلای رۆژهەلاتی و رۆژئاوادا رۆیشتوون و چوونەتە نێو وولاتی بەلکان و ئاسیای بچووك، ئەم چوونە دوای رێبەرین و پەرینەوە لە رووبارانی دۆن و دنیپەرو دنیستەرو دانوب رووی‌داوە. پێشرەوەکانی ئەم کۆچەرانە لە کێوی قەفقاس رەت بوون و لە رووبارانی کۆرو ئاراکس و هی‌دی پەریونەتەوە، جا هاتوون لە چیاکانی زاگروس لە سەرووی وولاتی میزوپوتامیادا نیشتەجێ‌بوون. دوای ئەم دیاردەیە گۆرانێکی جەوهەری لە پێوەندێکانی زمانەوانی‌و ئەتنیکی دانیشتوانی ئەسڵی‌و کۆنی وولاتی یونان و ئاسیای بچووك و باکووری وولاتی میزوپوتامیاو کێوی زاگروس دا رووی‌دا، پاشان ئەم کۆچ کارییە گرنگە سنووری بناخەی ئەو مەرجانەی دانا، کە بوون بەهۆی پەیدابوونی ئەو میللەتانە، کە لە هەزارەی دووەمی پێش زایینەدا بە نێوی (ئاخی‌و ئیونی)و دۆری لە یونانداو لیدی‌و هیتی لە ئاسیای بچووکداو میتانێکانیش لە سەرووی میزوپوتامیادا.

لە دوای رووخانی دەسەلاتداریتی میکینی،[٥] گریکە کۆنەکان بیرەوەرێکی نادیاریان سەبارەت بەو کۆچە فراوانەی باپیرانیان پاراستبوو، لە دوای کۆچی ئەمانەوە دۆریکان لە ناوچەی (بارنوس)ەوە لە نێوەراستی یونانەوە دەستیان بە بزووتنەوە کردو لە (ئەرگولیس و میکینی)یەوە پەرینەوە، ئەو وولاتەی دوای ئەم کۆچە خوورەوشتی ژیانی دۆریانی پێوە دیاربوو، ئەم هەڵمەت بردنە هاوبەشێکی جەوهەری لە هەرەس بردن و کۆتایی پێهێنانی کتوپڕی کەلچەری میکینی کرد.

لە دوای ئەم کۆچانە لە ناوچەی رۆژهەلاتی وولاتی یونانەوە بووڵانەوەیێکی نیشتەجێ‌بوونی گریکەکان دەستی‌پێکرد، کە لەگەڵ تێپەربوونی رۆژگاردا بوو بەهۆی پەیدابوونی کۆمەڵێك شاری گریکی لە بەری رۆژئاوای ئاسیای بچووك، کە دەتوانین سێ کۆمەڵەی ئەو نیشتەجێ بوانە دەست نیشان بکەین.

1 ـ ئاخی‌و ئەیولی، کە لە ناوچەی تسالیاوە هاتبوون و لە دوورگەی لیبوسدا نیشتەجێ‌بوون و کۆمەڵێك شاریان بنیات ناو ناوچەکەش بە نێوی (ئەیولیس)[٦] ناسرا.

لە سەرەتادا ناوی (ئاخی) یان لە شێوەی (ئاخایوی) AKhaiwoi وەیا (ئاخایۆی) Achaioi هاتووە:

هومیر ناوی ئەم ئاخیانەی لەگەڵ دانای)و (ئەرگی) یەکاندا نووسیوە، کە دۆستایەتی ئەروادەیان کردووەو، بەپێی گوتەی هومیر نیشتمانیان دوورگەکانی رۆژئاوای یونان و کریت و رودوس و ناوچەیەکی‌تر بوون، لەو ناوچانەی، کە کەلچەری میکینی کە لە سەدەی 14 ـ 13 پێش زایین دا تێدا بلاوبۆوە. بەڵام بیروڕای جیاواز جیاواز هەیە دەربارەی ئەو کاتەی، کە ئەمانە لەو ناوچانەدا پەیدابوون، وا دەردەکەوێت، تێکەڵاو بوونی ئاخیان لەگەڵ دانیشتوانی کەلچەری میکینی بەهۆی ژن خواستن و یەکبوونیان لە ژیانی لەشکری هاوبەشی دا بووە، کە لەژێر فەرماندەی سەرکردایەتی میکینی‌دا رووی‌داوە. بەڵام دیاردەی سواڕچاکی و حەزکردن لە شەر لەلای هۆزە کۆچەرەکانەوەو

پەیدابوونی (دۆری) لەم ناوچانەدا هۆی دەسەلاتداریتی رامیاری‌و لەشکری بۆ سەر شارە کەلچەرێکانی میکینی، لە کاتێکی دواتردا مێژوونووسی پلوپونیز (نیمچە دوورگەی مورە) باسیان دەکات.

2 ـ لە باشووری (ئایولیس)دا Aeolis (ئەو ناوچەیەی هۆزی ئیولی تێدا نیشتەجێ ببوون)و کەوتبووە ئەو پارچە زەویپەی نێوان دۆڵی هیرموس و دۆڵی میاندەرەوە ئیونی‌یەکانی تێدا نیشتەجێ‌بوون، کە رۆژهەلاتیکان نێوی (یونان)یان لەم هۆزە ئیونیانەوە وەرگرتووە، بەواتا بەرێگەی ئەوانەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ وولاتی یونان دا پەیداکرووە، سەرەتای دەرپەرینیان دەورو بەری ئەو شارو ناوچانە بوو وەك ئەتیکاو ئەرگولیس، کە لە دواییدا ئەم ناوچەو بەشێك لە وولاتی لیدیا (رۆژئاوای ئەنادۆلی تورکیا) بە ئیونیا نێودار بوو.



له لایەکی تـرەوە ناوی (یـونان) له زمانانی رۆژهەلاتی‌دا گۆڕینی واژەی (ئیـونی) Ione یە، کە خۆیـان دانیشتـوانی ئاسیـای بچـووکن له بەرەی رۆژئـاوایـەوە، ئەم نێـوە لەنێـو ئەلیـازەی هۆمیـرۆسـدا هەر یەك جار هاتـووە، ئەوانە یەکەم گریکن، کە دەوڵەتە کۆنەکانی رۆژهەلاتی نێزیك پێوەندییان لەگـەڵـدا پەیـداکـردووە، جا گەلانی ئەم وولاتـانـە نێـوی (یاثونیین)یان بە گۆرینەوە بەسەردا دابڕین، ئەم گۆرینەش لەگـەڵ خۆرسکی زمـانی هەر گەلێك لەو گەلانـەدا رێك دەکـەوت و بۆیـە بوو بەشانی Yavani و یونـانـا Yauns و یونـان Yunan بە پێی گۆتەی دکتۆر عەبدولەتیف ئەحمەد عەلی ئەم نێـوە گۆڕاوە، لە سەرەتـادا لە کوبـرس سەری هەڵـداوە، چونکە پێوەندیکی بەتینیان لەگەڵ (ئوگاریت)دا واتە (ڕأس شمـرا)ی ئەمـرۆدا هەبـووە، کە کەوتبـووە لێـواری سوریـاو ئاشوریکانیش بەنێوی یەمانی Yamani ،[6] ناسیویانن.

3 ـ لە خواروویی (ئەیونیا)دا (دوری) Dori ژ یاون، بەڵام لە سەردەمـانی جیـاواز جیـاوازداو لە دوورگـەی رودوس و دوورگەی دی لای گۆشەی باشووری رۆژئاوای ئاسیای بچـووك دا[7] و وولاتی پلوپـونیـز (نیمچـە دوورگـەی مورە) کردەوە لە وولاتی یونـان دا سێ هۆز بەنێـوبـانگ بوون، هیللیس Hylleis پامفیلوی Pamphylol و دیمانیس، جا پاشان

ئەرخیۆیسۆن لە ئەتینە (نمونەیەکی تیۆنس) سەدەی پێنج پ.ز



گەیشتنە خواروووی ناوچەکانی ئیجە، کە لەپێش ئەوانەوە (11 پ.ز)، لە کۆتایی سەردەمی برۆنزی لەلایەن ئاخییانەوە داگیرکرابوو هەروا لە باشوورو لە دوورگەکانی خواروووی ئیجاو دودیکانیس و خواروووی ئەنازۆل دا بوون و ئەو کردنەوانە نیشتەجێ بووانە لەلای یونانێکان بە (هەوڵ دانانی سەرکەوتووی کریسفونتیس) ناوبانگیان دەرکردبوو، کە بۆ گەڕاندنەوەی میرات و دەسەڵاتدارێتی خۆیان بوو و کۆرە مامی هرقل ئیوریستیش فەرمانڕەوای میکیناي لێی زەوت کردبوون.[8]

لەم بوارەدا جون گارستانگ دەڵێت: «خاوەنی راميارى هێشیان دانی بە سەربەخۆیی پاشایانی ئەم هۆزە یەك گرتووانەی گریکی‌دا ناوبوو هەروا دەڵێت: «پادشای هێتی بەشێوەیێکی پایەبەرزی نێوی سەرۆکە ئاخی‌یەکانی دەهێناوو وەکو برا نێوی دەبردن»[9] بەهەر حال دەتوانین بڵێین «لەگەڵ سەرەتای سەردەمی برۆنزی پاش لە دەوروبەری سالی 1900 پ.ز وەیا دوای ئەم ساڵە، کە لێکۆڵەرەوان لەسەر کاتەکەی ڕێك نەکەوتوون، بەرەو نیمچە دوورگەی بەلکان نەتەوەیێکی نوێ، کە بۆ خێزانی گەلانی هیندو - ئەوروپی دەگەڕێنەوە هاتن و پەیدابوون و ئەو ڕێرانکاریەی لەم قوناخەدا کۆمەڵێك بنکەی خان وبەرالی گرتەوە بەهاتنی ئەم نەتەوەیەی دەبەستنەوە، دکتۆر عەبدول لەتیف ئەحمەد عەلی وای بۆ دەچێت، کەوا ئەمانە وەکو کۆمەڵێکی داگیرکەر، هێرشیان نەهێناوە، بەڵکو کۆمەڵ کۆمەڵ یەك لەدوای یەك و بەرە بەرە هاتوون و کۆچەکەشیان ماوەیێکی دوورو درێژی زۆری ویستووە. شارستانێتیان لە شارستانی دانیشتوانی ئەسلی ئەم ناوچانە چاکتر نەبووە. کە زۆربەیان جووتیار بوون و خەریکی کشتوکاڵ بوون، بەڵام لەگەڵ هاتنی هۆزی نوێ لەم کۆچ کەرانە، ئەمانە دەستیان بەسەر کاروباری دانیشتوانی کۆندا گرت و کاریگەریان کەلچەری ئەوانیشیان پێوەدیاربوو و لە ئەنجام دا بوونە چینی فەرمانڕەوا لەمەش لەبەر سەرکەوتنیان لە پاسای سوپایی‌و سواربچاکی‌داو هونەرانی شەڕکردن. نیوەراستی سەدەی شازدە (دەوروبەری 1550)هێشتا دەستی پێنەکردبوو، کە دانیشتوانی ئەم نیمچە دوورگەیە لە دوو ڕەگەز وەیا دوو زنجیرە تێکەڵ بوون، کە ئەوانیش زنجیرەی هیندی - ئەوروپی‌و زنجیرەی دانیشتوانی زەریای سپی ناوەراست.[10]

لەلایەکی‌ترەوە ناوچەکانی ئاسیای بچووك و بەتایبەتی پشت چیاکانی تووروس و کیلیکیا دیانەوە ڕەگی هیندو - ئەوروپی (بەری ڕۆژئاوای) بەسەردا زاڵ بوو، ئەمەش بە پێچەوانەی سەرووی وڵاتی میسۆپۆتامیاو کێوانی زاگرۆس بووە، کە ڕەگی ڕۆژهەڵاتی ئەو کۆمەڵە بوو، کە لە دواییدا سنووری بۆ شارستانێتی‌و خوروڕۆشتی ئەو گەلانە کە لەو ناوچەیەدا سەرپان هەڵ داوە، داناوە.

و دەربارەی «لەنتوان مورتگات» دەڵێت: «لە سەرەتادا ئەم گەلانە کۆمەڵە ئادەمیزادی یەکگرتووی تەواو نەبوون، بەڵکو بڕێتی‌بوون لەو (دانا)نەی، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی

نمونه‌یه‌کی یونانی له هونه‌ری دروستکردنی گوڵدان (سه‌ده‌ی پێنج پ‌ز)



کۆمه‌ڵه ئاده‌میزادێکی جیاوه پێك هاتبوون»،[11] گه‌لی هیێی، که له نه‌ته‌وه‌کانی هیندی ڕۆژئاوایی پێك هاتبوو توانی بنچینه‌کانی زمانی خۆی له نێوه‌راست و باشووری ئاسیای بچووك دا بچه‌سپێنێت. به هۆی شاره‌زابوون له زمانی هیێی ره‌سمی‌دا، پسپوره‌کان وای بۆچوون، که له به‌ری ڕۆژئاوای ناوچه‌کانی به‌لکان به په‌رینه‌وه له هلسپونت (ده‌رده‌نیل)و پوسفور کشاونه‌ته‌وه ئه‌م ناوچانه‌و به‌ره‌و ڕۆژهه‌ڵات هاتوون و له نیشتمانی هه‌ره دواییان دا که ڕووباری هالیس (قزل ایرمق له تورکیادا) سنووری بۆ دانابوون، نیشته‌جێ بوون. به‌ڵام تۆزینه‌وه‌ی دی ئه‌م بیرووباوه‌ڕه ڕه‌ت ده‌کاته‌وه‌و لایه‌نگری ئه‌و بیره‌یه، که‌وا له ڕێی قه‌فقاسیاوه هاتوون.[12]

هیێکان چ له ڕێگه‌ی قه‌فقاسیاوه‌و چ له ڕێگه‌ی به‌لکانه‌وه هاتبنه تورکیه‌ی ئه‌مڕۆ ئه‌وه بێگومان تێکه‌ڵاوی‌یان له‌گه‌ڵ که‌لچه‌ری میسوپۆتامیادا هه‌بووه، ئه‌مه‌ش به‌ڕێگه‌ی ناوچه‌کانی ڕۆژهه‌ڵات و باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی ئاسیای بچووك به‌ڵگه‌ش بۆ ئه‌مه وه‌رگرتنی نووسینی میخی بووه، هه‌روه‌کو ئاشکرایه نووسینی میخی یه‌کەم جار له وڵاتی میسوپوتامیادا په‌یدابووه، ئه‌وجا به وڵاتانی دراوسێ‌دا بڵاوبۆته‌وه. له لایه‌کی‌دی دامه‌زرانی ئیمپراتۆریه‌تی هیێی، که به‌ره‌و ڕۆژهه‌ڵات و باشووره‌وه په‌ره‌ی سه‌ندووه‌و ته‌نیوه‌ته‌وه له یه‌کێتی نیمچه ده‌وڵه‌تانی ناوچه‌یی ئه‌م هه‌ریمانه‌دا سه‌ری هه‌ڵداو چینێکی هندی ـ ئه‌وروپی به‌سه‌ری‌دا زاڵ بوو، ئه‌و چینه‌ی له‌و ماوه کۆنه‌دا له‌م وڵاته‌دا ژیاون ده‌گه‌ڕێنه‌وه سه‌ر

ئەو کۆمەڵانەی بە زمانی (نیسی)[14] دووان، بەڵام لە سەردەمی دەوڵەتی هیتی نێوەراست دا لوڤی و هوری دەوری رامیاریان تێدا بینیوە[15] بۆیە زۆربەی نێوی پاشایانیان بە زمانی لوڤی بوون و ئەو ماوەیەش سەدەی پازدەم تا سەرەتای سەدەی چواردەمی پێش زایین دەگرێتەوە.[16]

بەڵام شانشێنێتی (مملکە)ی نوێ، کە لە سەدەی چواردەم تا سەرەتای سەدەی دوازدەمی گرتۆتەوە، پاشاکانیان هووری بوون و نێویان هووری بووە، بەڵام نازنێویان لەکاتی بوونیان بە پاشا بە زمانی هیتی بووە. هەروەکو لە تابلۆی (یازل کەیا)، کە لە تورکیەیە دەردەکەوێت، ئەم تابلۆیە بە نووسینی هیرۆگلوفی و بە زمانی لوڤی تۆمارکراوەو نێوی کەسی و نێوی خوداوەندانی هوری تێدا هاتووەو یەکەم پاشای ئەم شانشێتنی تازەیە (شوپیلولیوما)ی یەکەم بووە (سەرەتای سەدەی چواردەم) ئەم پاشایە شەری لەگەڵ میتانیان کردووەو لە دوایی‌دا ڕێککەوتنێکی لەگەڵیان مۆر کردوە.[17] بە هەرحال ئەمانە بەو نەتەوە کۆنە مشەختانە دادەنرێن، کە بەرەو ناوەراستی ئاسیای بچووك کۆچیان کردووەو لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین دا لەم هەرێمەدا پەیدابوون. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی‌دا ئەوە ڕوون بۆتەوە، کەوا ئەوانە تێکەڵاویان لەگەڵ گنسی دی‌دا لەم ناوچەیەدا لەدوای نیشتەجێ بوونیان پەیدا کردووە، بۆیە هۆزە هیندو-ئەوروپیە کۆچ کەرەکان بۆ ئەم ناوچەیە ڕۆشنبیری حاتی و هووریان کاری تێ کردوون و، لەگەڵ بوونی هێندیك جیاوازی لەسەردەمی کۆن دا لەنێوان دانیشتوانی ئەم ناوچانە، لە ئەنجامی یەکێتی ڕامیاری دەوڵەتی حیتی، کە لە یەکگرتنی سەرۆکە هۆزانی جیاواز لە ڕووی گینس و زمانەوە دامەزرابوو، و لە سەدەی هەژدەهەمی پێش زایین، ئەم ڕەگەزە جیاوازانە تووانەوە، کۆمەڵەی حیتی بە زمانانی (نیسی و لوڤی و پالایی) دواون لەچاو ئەو هەرێمانەی، کە ئەم هۆزانە لە ئەنازۆل دا تێدا ژیاون.[17]

هەولێر کێب



جەند دەستکردێکی برونزی وڵاتی کانی‌یان (لورستان) / کۆشانی هەوارەی دووپێ

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئەو چینە سەرمایەداری دەوڵەتی حیثی، کە لە هێندی ئەوروپی رۆژئاوایی پێك هاتبوون لە سەرەتای هەزارەی دووی پێش زایین[18] بە دەرکەوتن (ئەو قۆناخەی کە لەگەڵ پەیدابوونی خزمانیان لە یونان و سەرووی میسۆپۆتامیادا ڕێك دەکەوێت) کۆنترین هەوالی پاشایانیان لەسەر خشتێکدا نێوی هاتبێت نێوی دوو پاشان (ئەنتیتاو باوکی پوتخانا)، ئەم خشتەش لە حاتوساس (بوغاز کوی) دۆزراوەتەوەو هەر دووکیان پاشای (کوشار) بوون و بەسەر سەرکردەکانی ناوچەیی‌یان داداون و ئەنتیتا بەسەر پاشای حاتوساس و دەست و دایەرەکەی‌دا لەسبەدەی حەفدەمی پێش زایین دا زاڵ بووە، جا لەدوای ئەوەی پاشایێکی دی بەشێوەی (تابارنا) لە دەوروبەری ساڵانی 1680 ـ 1650ی پێش زایین دا نێوی تۆمار کراوەو ئەم پاشایە کاپادوکیاو کیوانی توروسی‌و هەرێمانی دی داگیرکردووە.[19] وای بۆ دەچن کەوا (تابارنا) وەیا (لابارنا) نازناوێکە پاشایانی حیثی پێی نێودار بوون.[20] لەدوایی‌دا ئەم حیثییانە وایان لێهات لە ساڵی (1340)ی پ .ز. بینە هێزێکی دیاربووی رۆژهەلاتی نێزیك،[21]

پایتەختەکەیان لە سەردەمی حاتوسیلی یەکەم دا لە (بوروسخندە) بۆ (حاتوساس) نێزیکی بوغاز کوی ئەمرۆ (1650 ـ 1620پ.ز) گوێزرایەوە ئەم پاشایە زەوی وزارێکی زۆر فراوانی لە ئەنادۆل و باکووری سوریەدا داگیرکرد، هەروا مورسیلی یەکەمی کوڕیشی لە ساڵی 1595 (1650ە) بەسەر بابلی داداو کۆتایی بە بنەماڵەی ئامۆریان و ئەو یاسایەی حەمورابی دانابوو هێنا.[22]

ئەم داگیرکردنە کتوپڕیەی مورسیلی یەکەم بۆ خاکی میسۆپۆتامیا بۆشایێکی ڕامیاری لەم ناوچەیەدا پەیداکرد، کاشیکان (دانیشتوانی لورستان و چەمەکانی سەرووی ڕووباری دیالە)، کە لەم ناوچەیەدا بڵاوببوون وە، ئەم بۆشاییەیان بەهەل زانی‌و هەروا پاشایانیان لە هەمان بنەچەی چینی فەرمانداری وڵاتی حیثیان و میتانیان

(گەلی هیندو ئاوروپی رۆژهەلاتی) بوون و بەم ڕێگەوە توانیان وڵاتی سومەرو ئەکەد داگیربکەن و جۆرە یەکێتییەکی شارەکان کەژێر سەرکردایەتی خۆیان دابمەزرێنن. لەکاتی ئەوان دا ئەو وڵاتە بە (کاردونیاش) نێودار بوو.

لە دوای مردنی مورسیلی یەکەمی حیثی کێشەی سەرکردایەتی سەری هەڵداو لە کۆتایی ئەو کێشەیەدا پاش ساڵی 1530 پ.ز (تیلپینوس) ناوێك دەستی‌کرد بەڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتی هیثی‌یان و بەدی‌هێنانی ژیانێکی یاسایی.

لە دوای ئەمە سەرچاوەکان یارمەتی ئەوەمان نادەن بۆ ئەوەی شوێن ئەو ڕووداوانە بکەوین، کە لەم وڵاتەدا ڕووی داوە تاوەکو پەیدابوونی شانشینی نوێ (1400 ـ 1200 پ.ز)، لە سەردەمی شوپیللیومای یەکەم (1380 ـ 1340پ.ز) ئەم وڵاتە گەیشتە مەزنێکی‌وا وڵاتی ئارزاوا[23] ی داگیرکردو جەنگیشی لەگەڵ میتانیان دا کردو لە سەردەمی مونالیس (1306 ـ 1282پ.ز) ناخۆشیان لەگەڵ میسردا زۆر تونبوو و هەروا لەسەردەمی رەمسیسی

دووەم دا جەنگێکی کوشندە لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە لەنێزیک قادش لە ساڵی 1288 پ.ز رووی‌داو لەکاتی فەرمانڕەوایی هاتوسیلی سێیەم دا (1275 - 1250پ.ز) بەهۆی ژن و ژن خواستنەوە ڕێک کەوتنێک لەنێواندا پەیدابوو.

دەوڵەتی حیثی (دەوڵەتی نوێ) لەپڕ رووخا، وای بۆ دەچن بە هۆی کاریگەری هێرشی هۆزانی زەریای کۆچ کەرەوە بەرەو ئاسیای بچووک بووبێت.

بەڵام نیمچە شانشینەکانی سەر بەوان، کە سەربەخۆیی خۆیان هەبوو وەکو کیلیکیا و فریگیا و سوریا لەبەر دەسەڵات داڕێتی ئاشوریان[24] خۆیان پێ ڕانەگیراو نەمان، دوای ئەم رووخانە (لە سەدەی دوازدەی پ.ز)[25] دانیشتوانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک بەنێوی (حیثی) لەنێو تیکستی بێگانان داو لەوانە (العهد القدیم) نێودار بوو، ئەم دانیشتووانە بە زمانی لوڤی (لویانی) دواون. لە لایەکی دیکەوە ئەوە دەبێندرێت کەوا لە لیدیا (ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک) شوێنەوارێک هەیە بۆ هەزارەی یەکی پێش زایین دەگەڕێتەوە و ئەوەش پێشان دەدات، کەوا زمانی لیدی زۆر لە زمانی حیثی نێزیکە (ئەگەر لەگەڵ زمانی لیکی و زمانانی دی ئەنادۆل بەراوردبکرێن). لە هێندێک باردا دەتواندرێت بگوترێت بەردەوامی حیثیە لە ڕاستی‌دا ووشەی حیثی بۆ دەربڕین لە دانیشتوانی شانشینەکە هەمووی دەربڕاوە، نەک هەر بۆ کۆمەڵەیێک.[26]

بە شێوەیێکی گشتی لە تۆمارەکانی بوغاز کوێ‌وا دەردەکەوێت زمانی حیثی دابەش کراوەتە سەر دیالێکتێکی میری بۆ نووسین و دیالێکتێکی ڕەمەکی، کە گەل پێی دواوەو بە (نیسی) وەیا (نیسارتی) نێودار بووە، بەڵام لە ناوچەکانی باشووری ئەو وڵاتە ئەوا خەلکی بە دیالێکتی (لووی)[27] وەیا (لویانی) قسەیان کردووە.

بە بیروڕای جورج ڕۆ (زاراوەی - حیثی) ئەگەر بەمانا فراوانەکەی تەماشابکرێت کۆمەلێک نەتەوەی پەنابردوو دەگرێتەوە، کە سێ گەلن و بە سێ زمانی هیندو ئەوروپی جیاواز (لویانی، بلایکی و نساتی) گفتوگۆیان کردووە. لەوانەدا لویانێکان بەکەم کۆمەڵ بوون، کە گەیشتنە ئاسیای بچووک و زمانەکەی خۆیان بە نووسینی هیرۆگلۆفی تۆمارکردووەو لە ڕۆژئاوای کیلیکیا بەدرێژایی لێوارەکەی نیشتەجێ بوون، بلایکێکان لە هەرێمە گردۆڵکەکانی (سیڤاس) بوون، بەڵام نساتی کە لە شاری (نیسا)، وە هاتووە لە کەبەدۆکیادا دابەزیبوون، لە ڕاستی‌دا شاری نیساوەیا نیشا هەر شاری کانیس - کولتبە بووە».

هەروا جورج ڕۆ ئەوەی دەخاتە سەر کەوا (ئەوانە لە سوریاوە نووسینی مێخیان خواستووەو بۆ نووسینی زمانە هیندو ئەوروپیە تایبەتیەکەی خۆیان بەکاریان هێناوە.

پاشایانی حیثی لە سەردەمی کۆنەوە پیاوانی ئاینیان، کە بەر بە خوداوەندانی وڵاتەکانیان بوون، هەڵس وکەوتیان لە بەجێهێنانی خوورەوشتی ئاینیدا ئەوەندە بەرزبووە، بۆیە گەل بەچاوێکی پڕ لە ڕێزەوە تەماشایان کردوون و گەلیش لەو باوەڕەدا بوو، کەوا توخمێکی خوداوەندی هەیە، کە پشتگیری فەرمانڕەوایی کاتی دەکات. (تیشوب) خوداوەندی ئاسمان بوو، و کە لە هەمان کات دا خوداوەندی هەرە مەزنی پاشاو گەلی حیثی بوو، پاشا پیاوە ئاینی هەرە مەزنی ئەم خوداوەندەبوو، بەڵام ئاینی وڵات لەپێش حیثیکان دا وادیاربوو پەرستنی دیاردەی سروشتی بووە. کە ڕەگی باوەڕکردنی تێدا ڕوا بە هێزی ڕەگەزانی وەکو زەوی دایک دەردەبڕا، بەڵام لەسەردەمی یەکێتی هۆزەکان داو لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتدا خوداوەندی هەتاو هەر خۆی خوداوەندی شەڕبوو، و لەلای حیثیکان لە هەموو خوداوەندان پیرۆزتربوو، و پەیکەریکیشی لە ئارینا دۆزراوەتەوە، پاشایان لە هێرشەکانیان دا هەرگیز دیاریان لێ نەدەبڕی و زۆر بەگەورەیی تەماشایان دەکردو ئەم خوداوەندە لەسەرووی هەموو خوداوەندیانی حیثیان دا بوو، و جێگری باوەڕپێکردن و پارێزگەری پەیمان و بەڵێن و هەروا بێ نەواو مشەختانیشی دەپاراست.

ئەم رووداوانەو رۆلی هیندو ئەورپیکان لەو گۆڕانانەی بەسەر لایەنە مادیو نامادیکان دا هێنای دانیشتوانی کۆی باکووری وولاتی میسۆپۆتامیاشی گرتەوە، کە هووری بوون، تایبەتێتی بە دەوری رامیاریو کەلچەری لەنێو سنووری وولاتەکەیان دا دای، کە هەتا کێوی زاگرۆس لە رۆژهەلاتیەوەی تا زەریای سپی نێوەراست لە رۆژئاوایەوەیو ئەرمەنستان لە باکووریو دەشتی ئاراپخا (کەرکوك) لە باشووریدا گرتبووە.

ئەمەش بۆ هوری ئەوەی دەسەلاتدارێتیان بگاتە وولاتی میسۆپۆتامیاو سوریاو فەلەستین لە هەزارەی دووی پێش زایین، لەبەر ئەوەی زمانی هوری هیچ پێوەندێکی بە کۆمەڵەی زمانانی سامیو هیندو ئەورووپیەوە نییە، بۆیە بەزمانێکی ناوچەیی وولاتی سوبارتو دەژمێردرێت، بەڵام ئەکەرانی زمانی هووری هەر لە سەرەتای هەزارەی دووی پێش زایینەوە بوونە سەر بەچێنێکی ئوروستوکراتی رامیاری، کە بە زمانێکی هیندو ئەورووپی دەدوان و ئەم زمانەش لەدواییدا بوو بەزمانی دەوڵەتێك، کە لەسەر شان و ئەستۆی هووریان دایان مەزراندو نێویشی (دەولەتی میتانی) بوو، لە دوای تێپەربوونی ماوەیەك دا بەروبای ئایینی لەلای ئەو کۆچ کەرانەدا کە بنەچەیان هۆزی حثیو یونانیبوون و لەمەوبەر لێیان دووام چەسپا بە رادەیێك ئەستێرەی خوداوەندە نەتەوەیەکانیان لەنێوان خوداوەندە ناوچەیەکانی هووریان دا زۆر زێتربوو، و پێوەندی دەروونیشیان لەگەڵ ئەو بارەدا تێکەڵاوێکی باشی پەیداکرد.

نێوی کەسی هووریان بۆ یەکەم جار لەنێو تۆماری ئایینیدا بینراوە، کە بۆ هەزارەی سێی پێش زایین دەگەڕێتەوە ئەم تۆمارانە لە وولاتی میسوبۆتامیادا دۆزراونەتەوەو شێوەی زمانێك دەست نیشان دەکا، کە دانیشتوانی بەری رۆژهەلاتی دیجلەو کێوی زاگرۆس[29] پێی دواون.

بەپێی بەروبای جورج رۆخەڵکی ماوەی سەدەیێك لەمەوبەر شارەزایی زێتر سەبارەت بە هووریان وەرگرت، لەوکاتەدابوو، کە نێویان لە تێکستێکی میخیدا هاتبوو، کە لە شێوەی نامەدابوو و لە (تل العمارنە) دۆزرابۆوە لە میسردا،[30] باوەکو ئەم نێوە لە (العهد القدیم)دا لە (سفر التکوین) لە شێوەی (الحوریتیون)دا هاتووە، بەڵام جیجر توانی پێوەندی ئەم دارشتنە ناوچەییە بەشێوەیێکی راست و رەوان بەنێوی خوداوەندی هەتاوەوە بدۆزێتەوە کە (خوار - خور) وەیا (هوڕار - هور)[31] بووە. ئەمەش شێوە رۆژئاوایەکەی نێوی (سوار - سور) بووە، کە لە زمانی

موزه خانه‌ی حه‌له‌ب

بنه‌چه‌ی ئه‌وانه‌وه هاتووه، که له باکووری هیندستان دا له هه‌مان قوناخ دا نیشته‌جێ‌بوون.

بوونی ئه‌و نێوه له باکووری وڵاتی میسۆپۆتامیادا ده‌وری رامیاری له پێوه‌ندیکانی ده‌ڕووبه‌ری و مه‌تریالی دانیشتوان داو پەیدابوونی وه‌کو چه‌مکێکی ئاینی یا نه‌ته‌وه‌یی واتایه‌کی مێژوویی زۆر گرنگ به‌ده‌سته‌وه ده‌دات، چونکه له سه‌ره‌تادا له راستی‌دا ئه‌وه ناگه‌به‌نێت، که کۆمه‌ڵه مرۆڤێکی ڕێك که‌وتوو ته‌با بن له ڕووی نه‌ته‌وایه‌تێوه به‌و ئه‌ندازه‌یه‌ی چه‌ند کۆمه‌ڵێکی جیاواز له هۆزان ده‌گه‌یه‌نێت، که هاوبه‌شی په‌رستنی خوداوه‌ندی (خور ـ هور)یان کردووه‌و تێکرا ئه‌م هۆزانه له‌نێو چوارچێوه‌یێکی بیری هاوبه‌شدا خوو ڕه‌وشتی پێره‌وکردووه‌و هه‌موو دانیان به مه‌زنی‌و سه‌رکردایه‌تی خوداوه‌ندی هه‌تاودا (خور ـ هور) ناوه، ئه‌و نێوه‌ی که ئێسته‌ش له زمانی کوردی‌دا هه‌ر واتای هه‌تاو (ڕۆژ) (خۆر) ده‌به‌خشێت و پیرۆزیشی له‌نێو هێندێك هه‌رێمی کورده‌واری‌دا هه‌ر ماوه. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی دانیشتوانی باکووری وڵاتی میسۆپۆتامیا به‌نێو خوداوه‌ندی (هور) نێودار بووه، به‌ڵگه‌ش به‌ده‌سته‌وه‌یه، که‌وا ئه‌م خوداوه‌نده مه‌زنترین خوداوه‌ندانی ئه‌م ناوچه‌یه بووه، به‌هۆی نێونانی هێندێك له پاشایان و هێندێك له نێوانی جوگرافی به‌م نێوه. وه‌ك نێوی پاشا (هوڤار داتادانی خوداوه‌ندی هه‌تاو وه‌یا خۆر) نێوی جوگرافی وه‌کو (خومور داتو ـ خورداتو)، ئه‌مانه پێوه‌ندیان به‌نێوی ئه‌م خوداوه‌نده‌وه هه‌بووه[32] له دواییدا به‌نێوی هورییان، هه‌تا وای لێ‌هات ئه‌و زمانه‌ی، که له‌نێو ئه‌مانه‌دا بڵاو بۆوه (وا ده‌رده‌که‌وێت زمانێکی هاوبه‌شی دینی چینی پیاوانی دیندار بووه) له‌نێو نووسراوانی حیثی‌دا (تێکستی بوغاز کوی) به شێوه‌ی (خوریلی)[33] وه‌یا (هورلیلی) که دانیشتوانی کوردستانیش و ئه‌رمه‌نستانی کۆنیش له دوا سه‌ده‌کانی هه‌زاره‌ی سێی پێش زایین دا پێ دواون و کاریگه‌ریشی هه‌تا دوا سالانی ئیمپراتۆریه‌تی هیثی (1400 ـ 1190 پ.ز)[34] هه‌ر ماوه‌وه.

له دوای نه‌مانی (ده‌وڵه‌تی میتانی) یه‌کێك له زمانانی نه‌ته‌وایه‌تی هوری ناوچه‌یی (وه‌یا شێوه زمانێکی) «بوو به زمانی ده‌وڵه‌تی ئورارتو»[35]، که له ده‌ووروبه‌ری گۆمی واندا خۆی گرتبۆوه‌و شاری توشپا (تووشبا) له نیوه‌ی یه‌که‌می هه‌زاره‌ی یه‌که‌می پێش زایین دا (سه‌ده‌ی نۆیه‌م ـ هه‌شته‌می پێش زایین) بوو به پایته‌ختی[36] ئه‌و ده‌وله‌ته.

له‌نێو تێکسته‌کانی ئاشوری‌و بابلی‌دا نێوی ئه‌م ده‌وله‌ته له شێوه‌ی (ئورارتو)دا بینراوه، هه‌روا ئه‌م نێوه له‌نێو ته‌وراتیش دا هاتووه، به‌ڵام له شێوه‌ی (ئارارات) دایه، له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ش دا به‌هۆی ئه‌و نه‌خش و نیگارانه‌ی، که دانیشتوانی ئه‌م هه‌رێمه به نووسینی میخی بۆیان جێ‌هێشتووین خۆیان به خۆیان گوتوه (هالدی ـ به «هه‌یکی گران»)و نیشتمانیشیان به (هالدیا ـ خالدیا)و هه‌روا به (بیاینا)ش نێوبراوه.[37]

له راستی‌دا نێوی (خالد ـ هالد) نێوی خوداوه‌ندێکی به‌زنی ئاینی نه‌ته‌وه‌کانی هوری بووه‌و له وێنه‌ی پیاوێکی ردین دریژدا بووه که له‌سه‌ر شێرێك وه‌یا له‌سه‌ر سه‌ری شێرێکی ئه‌فساناوی ڕاوه‌ستاوه، دانیشتوان له‌و باوه‌ڕه‌دابوون خێزانی ئه‌م خوداوه‌نده خوداوه‌ندی ئه‌روبانی وه‌یا

هه‌واڵنامه‌ی کێبڕکێ

(باگبارتو)[38] بووه.

لەپـاڵ ئەوانـەداو لەگـەڵ دەوری نێـوی ئەم خوداوەنـدە هوورێکـا دوو جۆرە خوداوەنـدیـان هەبـووە، ناوچەیی وەك خوداوەنـدی تیشـوب (خـوداوەنـدی رەشـەبـای کێـوان)و خێـزانەکـەی (هیپـا ـ خیپـا)، کە جۆرە خوداوەنـدی دایك بووە. جۆری دووەمیـان بێگـانەبـووە وەکـو خوداوەنـدانی وولاتی میـسوپۆتامیاو هی‌دی.

لە سەدەی سێـزدەم و دوازدەمی پێش زایین دا پاشـایانی ئاشـوری لە وولاتی هووری‌و هالـدیـان دا هەستیـان بە هەبوونی کۆمەڵێك شانشینی یەکگرتوو کردووە، کە بەنێوی (نـایـری) نێـودارببـوو کەوتبۆ ناوچەی باشووری گۆمی وان (ناوچەی نەیری وەیا نەهری کوردی... ج.ر). ئەمە لە کاتێـك دا کە ئاشـور بێ دەسـەڵـات بـوو، بەڵام لەدوای سەدەی دوازدەهـەمی پ.ز کە هێـزداربـوون بەرامبـەر بە پاشـایانی (بیاینا) وەستان لەو ناوچەیەی، کە لە دواییدا بە ئورارتویان نێو دەبردو هەرێمی ناپری کۆن و ئەو ناوچانەش، کە سەر بەو وولاتە بوون و دەرەنگتر بە ئەرمەنستان نێودار بوو.[39]

ئەگـەرچی (هـالد) خوداوەندی هەرە مەزنی وولاتەکەیان بوو، ئورارتیکان لەرووی رامیارێوە خۆیان بەجیهان بەنێوی (خـالـدی) نەناساندوە، بۆیە زاراوی رامیاری (ئورارت)وەیا (ئوراشت) هەروا وەکو نێوی دەوڵەتێك مایەوە.

لە سەردەمی هەزارەی دووەمی پێش زایـین دا هۆزانی وولاتی (بیـاینی) هەروەکـو دانیشتـوانی ناوچـەکـە بەخۆیان دەگـوت (یـەکیـان گرت)، لە هەرێمی بەری رۆژهـەلاتی ئاسیـای بچـووك داو ئەوسـا پێیـان دەگـوت یەکێتی هۆزانی (ئـوررو ئاتـری)، کە بوو بە ناوکی شانشینی ئورارتـو، لە هەزارەی یەکـەمی پێش زایین دا ئەم هۆزانـە بە نەتـەوەی کۆچکـەر نەدەژمێـردران، بەڵکـو دانیشتوانی بنجی‌ی ئەم هەرێمـە بوون، لەوانـەیـە لە سەرەتـادا لەرووی زمـان و کەلچەرەوە پێوەندییان بە جیهانی قەفقاسیەوە پشتی ئەویشەوە هەبـووبێت، بەڵام پێـوەنـدیـان لەگـەڵ جیهانی (هوری)دا بەهێـزتـر بووە. لە سەردەمێکی درەنگتـردا ئەو پێـوەنـدییـە کەلچـەریـەیـان لەگـەڵ دراوسێی بەری باشـووریـان، کە ئاشـوری بوون سەری هەڵـدا ووشـەی ئورارتـو لەنێو زمانی ئاشـوری‌دا پەیـدابـوو.[42] ئێستـەش ئەرمـەنی دانیشتـووی دەوروبـەری گۆمـی وان و گۆمی وورمێ ووشـەی ئورارتی لەنێـو شێـوەی[43] گفتـوگـۆکـردنیـان دا بەکاردێت، هەروەکو مێژوو نووسی سۆڤێتی ئەڤریف دەڵێت، ئەمەش پێوەندی زمـانـەوانـی ئورارتـی بە جیـهـانـی قەفـقـاسیـەوە پێشان دەدات، ئەمەش لەکاتێك دا ئەگەر زمانێکی مردووی ئەم زمـانـانـەی قەفقاسی نەبێت. لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین دا، وەیا لە دوای نەمانی دەولەتی ئورارتی‌دا بە لایەنی کەمەوە بە سێ سەدە هیرۆدۆت نەتەوەکانی ئەم ناوچەیەی، بەتـایبـەتی لە رۆژهـەلاتی ئاسیـای بچـووکەوە باس کردووو بەنێـوی (ئـەرمـەن، ساسپیـر، ئەلارودو ماتیینێ)،[44]

کتێبخانەی کتێب

هیرۆدۆت بەپێ شوێنی جوگرافیان مەبەستی لەم ناوانە (ئەرمەن، ئیبیری - کە بەشێکن لە گورجی، و ئورارتو و میتانی - هیندی ئەوروپی بووە، کە لەگەڵ هووریان دا تێکەڵ بوون -)، بەواتا ئەم مێژوونووسە توانیویەتی لە رووی زمانەوانی و ئەتنوگرافیەوە ئەم نەتەوانە لێك جیاواز بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی نێوی (هوری)یشیان لە سەدەی دووەمی پێش زایین دا بەسەردا زاڵ بووبێت. هیرۆدۆت لە پەرتووکی سێیەمی مێژووکەیدا، کە نێوی نۆزدە هەرێمە کارگێڕێکانی سەر بە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی باس دەکات، هەرێمی سێزدەهم وولاتی ماتیینیە (وەیا وولاتی میتانییان) هەروا باسی ساسپیری[45] (کە نەوەی گورجییانن)و ئەلارودی (نەوەی ئورارتویانن)، وا دیارە نێوی هوریان لەگەڵ نەمانی پەرستراویان لەم قۆناخەدا لەنێوچووە، کە ماوەی سێ سەدەیەك بەسەر رووخانی شانشینی ئورارتوو ئاشوریان دا تێپەریوە.

پێویستە لەوانەی لەمەوبەر باسکران جیاوازی بخرێتەنێوان ئەو باسانەی، کە پێوەندییان بە قۆناغانی مێژوویی‌یەوە هەیەو دەوری هەر نێوێك لە نێوانی. ئایینی، رامیاری، ئەتنوگرافی دابندرێت، کە لە باکووری میزوپوتامیادا دۆزراونەتەوە وەك (هوری، میتانی، ئورارتو، بیاینا و هالدی.. هتد). هووری نێونانێکی ئایینی گشتیەو واتایەکی گشتی هەبووە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە بەواتا لە سەردەمی نووسینەوەوە.

ووشەکە نیشانەیە بۆ ئەو نەتەوانەی لە وولاتی زۆزان (سوبارتو)دا ژیاون و خەڵکەکە باوەڕیان بە خوداوەندێکی مەزن هەبووەو نیشانەکەی کەوانەی ئەو هەتاوە بووە، کە بە هەردوو باڵە ئاوەڵەکانی‌لە ئاسمان دایە. بێ‌سوو ئەمانەی بەم نێوە هاوبەشە یەکیان گرتبوو لە ناوچەیێکی فراوانی وولاتی زۆزان (سوبارتو)دا لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە ژیاون و هەبوون و رەوشتی ئاینیشیان لە پەرستگەکان دا بە زمانێکی هاوبەش بووەو زمانەکەش زمانێکی زیندوو بووەو ئەوسا لە پاژ (جزء)یکی ئەم ناوچەیەدا قسەی پێ‌کراوەو تایبەتێتی خۆشی هەبووە لەنێو زمانانی دیدا، بۆیە هێندێك نێوی سوبارتی، کە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوەو پێشان دەدات، کەوا زمانی سوبارتو هیچ پێوەندیکی بە زمانی هوریيەوە نییە، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە زۆر ڕاستە، بەڵام هەر دەبێ چەند کۆمەڵێکی هووری کشابنەوە ناوچەی کشتوکاڵی پەرەسەندووی بەری باشوورەوە، کە لەسەردەمی زنجیرەی بنەماڵی ئوری سێیەم دا بووەو، بە ڕادەیێك بووە هۆی کوژانەوەی ئەستێرەی نێوی (سوبارتو) بەشێوەیێکی گشتی بەرامبەر بەو نێونانە ئایینیە گشتیەی ئەمانەوە وەکو (هووری)و لە بەرامبەر نێوی رامیاری دەوڵەکەیان کە (میتانی)بوو. لە ڕاستی‌دا سنووری رامیاری ئەم دەوڵەتە، کە لە سەرەتادا چینێکی هیندو ئەوروپی نێو کۆمەڵگەی هووری پەیدابوو لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین دا ئەم وولاتەی هەموو گرتبۆوە.

بۆیە بۆ نووسەرانی مێژوو زۆر سەخت بوو بتوانن جیاوازی لەنێوان نێوی (هووری‌و میتانی)دا بدۆزنەوە، کە چەمکی ئایینی‌و رامیاریان تا دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریش هەر هەبووە.

جا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئورارتو بەهۆی سنوورو ئەو بارو دۆخەی دەورەی هەبوونی دابوو وەکو هێزێکی رامیاری لەچاو جاراندا زۆر سنووردارتر بووە، بۆیە هەر لەگەڵ رووخانی‌دا نێوەکەشی یەکجاری نەما تەنیا شێوە عیبرێکەی نەبێت، کە لە کێوی (ئارارات) دایە، بەڵام نێوی وولاتی (بیاینا) نە دوای پەیدابوونی دەوڵەتی ئورارتی زۆر بەدەگمەن لەنێو نووسینی میخی‌دا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام نێوی (هالدی وەیا وولاتی هالدیا) لە زۆر باردا بەنێوێکی (هووری) دەچێت و نێوی خوداوەندی (هالد) بەر لە پەیدا بوونی دەوڵەتی ئورارتی هەروا لەسەردەمی‌و لەدوای پەیدابوونیشی‌دا هەر هەبووە، زۆربەی بنکەی پیرۆزو پەرستگەکانی ئەم خوداوەندانە لەنێو جەرگەی وولاتی کوردەواری ئەمڕۆدا بووە، ئەمە دەوری دانیشتوانی کۆنی کوردستان لە زیندووکردنەوەی رەوشتی ئایینی پێشان

دەدات. ئەو رەوشتەی بەندیواری بە پێوەندی دەروونی ئەم خوراوەندەوە بووە لە باکووری رۆژهەلاتی ئاسیای بچووك و باکووری وولاتی میسۆپۆتامیادا بەگشتی. هەتا لە سەردەمانی ئیسلامیش دا کوردی ئەم ناوچە بیروزانەو بنەچەیان و هەرێمەکەشیان و خوێان بۆ خالدی کوری وەلید گەراندۆتەوە، ئەمەش لەبەر نێزیکی ئەم دوو نێوەیە.

لە راستیدا ئەو خوداوەندە رۆلێکی دیاریکراوی لە بنیات نانی بیروباوەری چینی دەسەلات داری شانشینی ئورارتودا وەکو خوداوەندی جەنگ هەبووە، کەچی خوداوەندی (هوور) لەم شانشینەدا بەنێوی (شیڤینی) دەرکەوتووەو دروشمەکەشی هەر کەوانەکەی خۆر بووە بە هەردوو باڵەکانیەوە لەگەڵ هەمان چەمکی بڵاوبووی ئەوسا، کە سەبارەت بەو خوداوەندەوە لەمەوبەر هەبووە. بەڵام خوداوەندی سێیەمی دەوڵەتی ئورارتو، خوداوەندی رەشەبای شاخ وکێوان بوو و نێویشی (تیشیب) بووە، کە هەمان نێوی

کەوتە ژێر کاریگەری ئەواوی ئەوانەوە، بەم جۆرە زەگەزی هووری دەسەلاتدارێتی بەسەر باکووری عیراق و سوریاو جەزیرەدا[٢٠] پەیداکرد، بەڵام ئەوانە بە نێوی (هوور)ەوە، وەیا (خوور)وە هیچ رۆلێکی رامیاریان نەنواندووە، بەڵکو نێوی ماتینێ لایەنە رامیاریەکەی شانشینی هووریانی (تیشوب)ی هیتی و هووریان بووە. هەروەکو لە پەیکەرەکەیەوە دیارە، خێزانی ئەم خوداوەندە (هیبا) جۆرە (خوداوەندیکی دایك) بووەو لە هەمان کات دا خوداوەندی نیشتمانی هووریان بووە، بناخەو بنچینەی ئایینی و زمانەوانی هووریان ئەوە پێشان دەدات، کەوا گەلێکی چیایی بووبن و شانشینی خۆیان لە دۆڵانی هەرەسەرووی سەرچاوەکانی رووبارانی دیجلەو فورات دا لە سەردەمی ئەکەدی‌دا دامەزراندووە، هێندێك نێوی کەسی تاك تاك کە لە نیو راپۆرتی ئابووری‌دا دۆزراوەتەوەو بۆ سەردەمی فەرمانرەوایی زنجیرەی بنەماڵەی ئوری سێیەم دەگەڕێتەوە، ئەوە روون دەکاتەوە کەوا هووریان لە وولاتی سومەردا کۆمەڵەی بچووك بچووکیان لە کۆچەران پێك هێناوە. دکتۆر جورج رۆ ئەم دیاردەیە بەم جۆرە باس دەکات و دەڵێت: «لە چارەکی یەکەمی هەزارەی دووی پێش زایین دا لە (هەلال الخصیب// عیراق و سوریاو لوبنان)دا هاتن و چوون و پەیدابوونی هووریان بەرەو زیادبوون دەرۆیشت لە هێندێك ناوچەی تایبەتی‌دا بۆ ئەوەی هێمنانە دەستی بەسەردا بگرن، تا وایان لێهات رێژەیێکی هەرە زۆری شاری (ئالالاخ)ی سووری نێوان حەلەب و ئەنتاکیە لە (1800) پ.ز پێك بهێنن، هەروا نێوو تێکستی ئاینیش لە ئەرشیفی (ماری)و (شاریاژێر)دا دۆزراونەتەوە، بە سەدەیێك لە دوای ئەم سەردەمە هووریەکان بەتەواوی باکووری عیراقیان داگیرکردو، و شاری (گاسور)ی نێزیك کەرکووکیان زەوت کردو نێوەکەشیان گۆڕیوە بۆ (نوزی)... زمان و خووڕەوشتی (دانیشتوانی پێشوویان کە سامی بوون وەرگرت و بەم پێیە بوونێکی بووژاوەیان بۆ خۆیان پێکەوەنا، هەروا (تەپە گەورە)و گردی بەلای (نێزیك موسل)یش

داپۆشیبوو، لەبەر ئەوەی میتانیان خوداوەندیانی هووریان پەرستووە کە ئەرمانبەوایەتی کۆمەڵگەی هووریان چ لە رووی ئایین و چ لەرووی رامیارێوە بێت وەرگرتووە، ئالۆزێکی بەرادەیەك دروست کردووە کە دەربارەی ئەمە ئەنتوان مورتگات بڵێت: «هەرگیز ئەوە روون نەبۆتەوە، کە چۆن جیاوازی چەمکی (پاشای هووری) لە چەمکی (پاشای دەوڵەتی میتانی)دا دەکرێت»[48] لە کاتێك دا کە لە رووی ئایین و باوەڕەوە هووری بووەو لە رووی یاساوە میتانی، بۆ ئەوەی ئەم دیاردە رامیاریەی نێوەڕاستی سەدەی هەزارەی دووەمی پێش زایین و کاریگەرێتی لە گۆڕینی زمانەوانیدا روون بکرێتەوە کە بە قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی ڕەگی زمانی کوردی دەژمێردرێت، پێویستە باسی میتانیان و بوونی رامیاریان و زۆلیان لە کەرکوکەوە بۆ ژۆرهەڵاتی نێوەراست و نیزیك دا روون بکرێتەوە، لەم قۆناغەی، کە دەکەوێتە پێش کۆچ کاریەمەزنەکانی دووەمی هۆزانی هیندو ئەورووپیەوە، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە، ئومێدەوارم لە ژمارەی داهاتووی ئەم گۆڤاردا بتوانم بڵاوی بکەمەوە.

سەرچاوەو تێبینیەکان

1 ـ هۆزەکانی (هیندو ئاوروپایی) لە سەرەتادا لە وڵاتی ئۆکرانیاوە تا سەرووی ئەلمانیای ئیستا بنکەی ژیانیان (ژینگەیان) دانابوو. بروانە:

Charles Burney: David Marshall Lang., The People Of The Hills. London 1971. P. 86, 87.

لە ڕاستیدا زاراوەی (هیندو ئاوروپایی) بەو خێزانە زمانەوانیە فروانە دەگوترێت، کە چەند میللەتانی جیهان دوور لەیەك، (وەك ئەمەریکا) لە هیندستان، پێی دەدوێن. هەموو زمانە ئاوروپیەکان (بێجگە لە باسکی ئەسپانیاو فینلەندی و هونگاری)و زمانەکانی ئەرمەن و کوردو فارس و ئەفغان و تاجیك و ژمارەیێکی زۆر لە شێوەکانی هیندی لە کەرتی ئاسیادا لەم خێزانە زمانەوانیە دەژمێردرێت. لە سەردەمە کۆنەکانی شدا زمانی هیتی و سانسکرتیی و گریکی و لاتینی و میتانی و چەند زمانێکیتر دەکەوتنە بەر ئەم خێزانە زمانەوانیە. پەیوەندی لەنێوان ئەم زمانانەدا چ لەلایەن ووشەوەو چ رێزمانەوە زۆر ئاشکرایەو لەم ڕاستیەدا وا دەردەکەوێت، کە لە بنەڕەتدا هەموو ئەم زمانانە سەر بە زمانێکی گشتی هیندوئاوروپی بوون، کە پاشماوەیێکی نووسراوی بەجێ نەهێشتوە (بۆ ئەم بابەتە بروانە:

G. V. Childe., «The Aryans», London 1926.

C. S. Coon., Races of Europe, New York 1839.

ئەو زمانانەی ئەمرۆ، کە لەم زمانە گشتیە جیابۆنەتەوە، لە کاتی بەراوردکردنی واژەکانیاندا، وا دەردەکەوێت، کە ژیانی ئەو میللەتە هیندیئاوروپیە کۆنانە بەکۆچەرایەتی بە تایبەتی بە بەخێوکردنی ئەسپەوە بەسەرچووەو هەندێکیشیان خەریکی کشتوکاڵ بوون. ئەمە بێجگە لەوەی کە خەریکی پیشەسازیەکی سەرەتایی بوون و، هەموویان وەکو خێزان و تیرەو خێڵ لەژێر سێبەری پەرستنی چەند خوداییکی تایبەتیدا ڕێکخراوبوون و، بەپێی دابەش کردنی ناوچە زمانەوانیەکان لە چەرخە میژوییە سەرەتاییکانداوا دەر دەکەوێت، کە نیشتەجێی بنەڕەتی ئەم میللەتانە پێش بڵاو بوونەوەیان بەجیهاندا نێوان زەریای بەلتیك و زەریای ڕەش بووەو ئەو دەشتە فراوانەکە کەوتۆتە خواروی ڕوسیای ئەمرۆوە).

کۆچ کردنی خێڵەکانی هیندوئاوروپایی بەچەند شێوەی جیاجیا لە یەکتر بووەو لە چەند کاتێکی جیاوازدا ڕوی‌داوەو دەتوانرێت بووترێت، کە لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین دا دەستی پێ کردوە.

(بروانە Georges Roux., Ancient Iraq L. 1964 P. 203, 205

هەروەها بروانە وەرگێڕاوی ئەم کتێبە:

(جۆرج رو، العراق القدیم بغداد 1984. ص 307،

308 له زۆربەی زۆری ناوچەکانی ئاوروپا و له هیندستان و سەرووی میزوپوتامیا و ئاسیای بچوکدا ئەم کۆمەڵە زمانانە بوونەتە زمانی چینی دەستەڵاتدارانی ئەو ناوچانە هەر له سەرەتای هەزارەی دووهەمەوە، پاشان پەلیان هاویشتۆتە بۆ شوێنانی تر وەکو کەرتەی ئەمەریکا و ئوسترالیا و ئەفریقیا.

ئەم کۆمەڵە زمانە هیندو ئاوروپاییانە بەم دە لقە زمانەی خوارەوە بە گشتی دابەش دەکرێت (بە پێی بیروباوەڕی ئینسوکلوپیدیای بەریتانی):

1 ـ زمانە (ئەنەدۆڵ)یەکان له هەزارەی دووەمی پ.ز وەکو هیتی، پالایی، لووی.. هتد.

2 ـ هیندو ئیرانی: ئافێستایی، فارسی کۆن، سانسکریتی، پالی، زمانەکانی پاکستان و هیندستانی ئەمڕۆ.

3 ـ گریکی (یونانی).

4 ـ ئیتالی: وەکو ئوسکانی، ئومبری، لاتینی، زمانە رومانە نوێکان کە له لاتینییەوە سەریان هەڵداوە وەکو فەرەنسی، ئیسپانی و ئیتالی و پورتوگالی و رومانی.

5 ـ زمانە جەرمانییەکان: وەکو ئیسکەندەنافی (دانیمارکی، سویدی، نەرویجی، ئایسلاندی و فەیروسی) و ئەڵمانی و هولەندی (نیدەرلاندی و فلاماندی و زمانی بۆیەرەکان له خواروی ئەفریقیادا) هەروەها فریزی و ئینگلیزی و زمانی گۆتی.

6 ـ ئەرمەنی.

7 ـ توخاری (پاشماوەی چەند دەقێکە له تورفانی ناوەراستی ئاسیادا دۆزراوەتەوە دەگەڕێنەوە نیوەی دووهەمی هەزارەی یەکەمی پ. ز).

8 ـ کەلتی: وەکو ئیرلەندی، وێلش، سکوتلاندی، گایل، مانکس و گالی.

9 ـ بەڵتیکو ـ سلاڤی: وەکو لیتوانی، لاتی، سلاڤییەکان وەکو روسی، پولونی، چیکی، سلوڤاکی و سربی و خەرواتی و بولگاری.

10 ـ ئەلبانی.

بۆ ئاگاداریی فراوانتر سەبارەت بەم بابەتە بڕوانە ووشەی (هیندو ئاوروپی و هیندوئاری.. هتد) له: ئینسوکلوپیدیای بەریتانی.

2 ـ میکینی یا میکینای مەلبەندی شارستانیەتێکی ناوداری گەورەیە کە له سەردەمێکی کۆندا لەو ناوچانەدا بووە، کە بە جیهانی یونان له مێژوودا بەناوبانگە. ئەم شارستانیەتیە له (1600 پ.ز)ەوە دەستی پێکردوە کە دەکەوێتە بەر سێبەری چەرخی شارستانیەکی تر، هەر له هەمان جیهاندا کە بە (مینەوی)ە یا ئیجی یا کریتی) ناسراوەو له ساڵی (1100پ.ز) ئەو شارستانیەتیە کزبوەوە، واتە سەد ساڵ پاش کزبوونی شارستانیەتی مینەوی.

ئەم شارستانیەتیە بەپێی شاری میکینی، کە کەوتبۆە بەشی ڕۆژهەڵاتی دوورگەی (پلوپۆنیز)ەوە، ناو بانگی دەرکردبوو، پاشان بوەتە پایتەختی (ئاگامیمنون) سەرۆکی گشتی هێزەکانی یونان بەسەر تروبادا (طروادة).

سەبارەت بە ئەم بابەتە بەگشتی بڕوانە:

ئینسوکلوپیدیای بەریتانی، بابەتی Mycenae

هەروەها بڕوانە: دوکتور لطفی عبدالوهاب یحیی، الیونان ـ مقدمة في التأريخ الحضاري. بیروت 1979. ص 82 وما بعدها.

3 ـ بڕوانە آ. پێتری. مدخل الی تأريخ الاغريق وأدبهم وآثارهم. بغداد 1977 ص 9. ترجمة الدكتور بوئيل يوسف عزيز.

4 ـ بڕوانە هەمان سەرچاوە.

5 ـ ئینسوکلوپیدیای بەریتانی، بابەتی achaeans

6 ـ د. عبداللطيف أحمد علي، التأريخ اليوناني (العصر الهيلادي)، الجزء الاول، بيروت 1976 ص 8. هەروەها بڕوانە ئینسوکلوپیدای بەریتانی، بابەتی Ionas

7 ـ آ. پیتری، ص 9 ومابعدها.

8 ـ ئینسوکلوپیدیای بەریتانی، بابەتی Dorians

9 ـ جون گارستانج، امبراطورية الحيثيين. تأريخ العالم (القاهرة 1967) المجلد الثاني ص 29، الترجمة العربية.

هەروەها بڕوانە بابەتی (الأخيون في الوثائق الحثية) له:

هەوالنامەی کتێب

د. عبداللطيف أحمد علي، التأريخ اليوناني (العصر الهلادي 2)، بيروت 1974. ص 807 ـ 824.

10 ـ د. عبداللطيف أحمد علي، التأريخ اليوناني (العصر الهلادي 1)، بيروت 1976. ص 86 ـ 87.

11 ـ الدكتور أنطون مورتگات، تأريخ الشرق الأدنى القديم. دمشق 1967، ص 176 الترجمة العربية (وەرگیراوی عەرەبی).

12 ـ بڕوانە سەرچاوەی رابووردوو. ل 216 وبە شێوەیێکی فراوانتر بڕوانە:

Charles Burney: David Marshall Lang., The Peoples Of The Hills. London 1971. P. 47, 88.

دەربارەی هاتنەوەی هیتی‌یەکان بە رێی بەلکان دا سەیرێکی ئینسوکلوپیدیای بەریتانی بکە، (هیتی)، هەروەها ئەم بابەتە لە ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤییتی دەبینیت.

13 ـ بڕوانە ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤییتی. بابەتی هیتی‌یەکان.

14 ـ بۆ ئاگادارێکی پتر دەربارەی پێشکەوتنی سیاسی و ئالوگۆڕی شارستانیەتی و کولتوورو بابەتی ئایینی لە دەوڵەتی هیتی‌یەکاندا.

بڕوانە: د. انطون مورتگات، هەمان سەرچاوە، هەروەها بڕوانە:

ف. ی. أڤدییف، تأريخ الشرق القديم. موسكو 1970 بەتایبەتی لاپەرەکانی 261 ـ 289 بە زمانی روسی.

15 ـ ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤییتی، بابەتی هیتی‌یەکان.

16 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

17 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

18 ـ بازرگانە ئاشوری‌یەکان لە کۆتایی هەزارەی سێی پ. ز هەندێ هەواڵی ئەو هیندی‌یانە، کە لە کەپەدۆکیادا نیشتەجێ‌بوون، بە ئێمە گەیاندوە. بۆ ئەمە سەیرێکی ئەڤدییف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ـ 267 بکە. لە لایەکی‌ترەوە ئەبابیف دەڵێت کەوا: وخێڵەکانی هیندو ئاوروپایی لە هەزارەی سێی‌یەمی پێش زایین دا لە یەکتری جیا بوونەتەوە (بێگومان لە نیوەی دووهەمیدا). یونان و هیتی و ئەرمەنە کۆنەکان بەرێی بەلکانا گەیشتوونەتە ئاسیای بچوک. بۆ ئەم دیاردەیە بڕوانە ووتارەکەی ئەڤدییف بە ناونیشانی:

(دەربارەی مەڵبەندی یەکەمی کۆچی میللەتانی هیندوئیرانی کۆن) رۆژهەڵات و جیهانی کۆن. موسکو، 1972. ل 36.

ئەم کتێبە بە بۆنەی ماتەمی ئەڤدییف لە چاپ دراوە.

19 ـ ف. ی. ئەڤدییف، سەرچاوەی رابووردو. ل 269.

20 ـ ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤییتی. بابەتی هیتی‌یەکان.

21 ـ ئینسوکلوپیدیای بەریتانی.. بابەتی هیتی‌یەکان.

22 ـ بڕوانە هەردوو سەرچاوەی پێشوو. موسیلی یەکەم پاشای هیتی‌یەکان لە کاتی گەرانەوەیدا لە بابلەوە بۆ ئاسیای بچوک پەلامارێکی وڵاتی هووریەکانی، دا. بڕوانە:

چارلس بورنی، دافید مارشال لانگ. هەمان سەرچاوی رابووردوو.

23 ـ بۆ جیاوازی نێوان ئەرزاوەو ئەرزن بڕوانە؛

د. جمال رشيد أحمد، دراسات كردية في بلاد سوبارتو. بغداد 1984. ص 42 هەروەها هەوالی ئەم وڵاتە لە دەقە هیتی‌یەکان دا ببینە.

ئەرزاوە چەند ناوچەیێکی یەکگرتوو بووەو لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمی پێش زایین دا ئەم یەکگرتەیە بوو بە دەوڵەتێکی بە هێزو پاشاکانیان لەگەڵ فیرعەونەکانی میسر نامەیان ئالوگۆڕ دەکرد. پاشان ئەم ناوچانە فراوانتر بوون کە بووە بە هۆی پەلامارادانی (شوپیلولیوما)ی هیتی بە سەر وڵاتی (ئەرزاوە)و بوو بە ناوچەیێکی هیتی. ئەم وڵاتە هاوسێی وڵاتی (ئەهیاوا) بووە کە کەوتبووە خواروووی رۆژئاوای ئاسیای بچوک. بڕوانە د. عبداللطيف أحمد علي، التأريخ اليوناني (العصر الهلادي 2) بيروت 1974. ص 813، 814.

24 ـ ئینسوکلوپیدیای بەریتانی. بابەتی هیتی.

25 ـ ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤییتی. بابەتی هیتی.

26 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

27 ـ ئینسوکلوپیدیای بەریتانی بابەتی هیتی.

28 ـ بڕوانە: Georges Roux., Ancient Iraq P. 20g

وەرگێرانی عەرەبی ئەم کتێبە بڕوانە: جورج رو، العراق القديم. ص 315.

هەوڵنامەی کتێب

29 ـ ئینسوکلوپیدیای بەریتانی. بابەتی هووریەکان.

30 ـ ل 316. جورج رو، هەمان سەرچاوەی رابوردوو لە لایەکی ترەوە، تل العمارنة شوێنێکی مێژوویی کۆنی پایتەختی ئامونحوتپی چوارەم (ئەخناتون)ە کە لە سالی شەشەمی حوکمرانی یەکەیا دروستی کرد.

ئیمرۆ کەوتۆتە پارێزگای (المنیا ـ ناحیەی ملوی) لەسەر قەراخی رۆژهەلاتی رووباری نیل. لەم پایتەختەدا هەموو دێکومێنتەکان و نامەکانی فیرعەونەکان و ئەوانەی کە بۆیان هاتووە یان نارد وویانن بۆ پادشا بێگانەکان پارێزراون ناوی کۆنی ئەم شارە (ئەخت ئاتون) واتە ئاسۆی ئاتون (خودای هەتاو) بووە. ئەم خودایە لە سەردەمی ئامونحوتپی چوارەم دا (ناوی خۆیشی کردوە بە ئاخن ئاتون) بووە بە خودای مەزنی وولاتی میسر سالی (1370 پ.ز)و پەرستنی خوداکانی تر بەرهەلستی کراوە. پاشماوەی ئەم شارە، کە کەتبۆوە خواروی دێلتای میسرەوە بە 160 میل، یان 300میل لە سەرووی تیبە واتە 300 کیلۆمەتر خواروی قاهیرەی ئەمرۆ وەسالی 1888ز دۆزراوەتەوە.

W. Geiger., Ostiranis che Kultur in Altrtum. Erlangen 1882,. P. 99

بروانە دیسان: د. جمال رشید أحمد، دراسات کردیة في بلاد سوبارتو. بغداد 1984. ص 29.

32 ـ بروانە د. جمال رشید أحمد، هەمان سەرچاوە. ل 13، 56

هەروەها بروانە: E. Herzfeld., The Persian Empire. Wiesbaden 1968,. P. 165

یەکەم جار نیوە هووریەکان بە شێوەیێکی گشتی لە سجلەکانی هەزارەی سێ پ.ز لە وولاتی میزوپوتامیادا بەرچاو دەکەوێت، تیانادا دیارە کە مەبەست بە زمانی دانشتووەکانی رۆژهەلاتی دیجلەو چیاکانی زاگرۆسە. بروانە ئینسوکلوپیدیای بەریتانی بابەتی هووری.

33 ـ بروانە کتێبەکەی هرتسفیلد، هەمان سەرچاوە. ل 158

34 ـ ئینسوکلوپیدیای بەریتانی، بابەتی هووری.

35 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو. هەندێ کەس لەو بیروباوەرەدان، کە زمانی ئەرارتو پەیوەندیێکی بە هوور یەوە هەیە. بروانە ئینسوکلوپیدای ئەمەریکی. بەندی دووهەم، بابەتی (ئەرمینیا).

جورج رو دەڵێت: هیچ پەیوەندییەك لە نیوان زمانی هووری و هیندو ئاوروپاییدا نیە هەروەها لەگەڵ زمانە سامیەکانیشدا، بەڵکو یەکێکە لە کۆمەڵە زمانێکی نەزانراو کە بە (زمانە ئاسیەوییەکان) ناسراون و نزیکترین زمان لێیەوە زمانی ئورارتوە کە لە هەزارەی یەکەمی پ. ز دا زمانی ڕەسمی دەوڵەتی ئورارتو بووە.

جورج رو، هەمان سەرچاو ل 317 لە عەرەبییەکەیدا، ل 211 لە چاپە ئینگلیزیەکەیدا.

36 ـ ئەفدییف ف. ی سەرچاوەی پێشوو. ل 43 بە روسی.

37 ـ ئینسوکلوپیدیای ئیسلامی، بابەتی ئەرمینیا.

38 ـ ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤیێتی، بابەتی خالدی.

39 ـ ئینسوکلوپیدیای ئەمەریکی، بەندی دووهەم. ل 266 بابەتی ئەرمینیا.

40 ـ ئینسوکلوپیدیای مێژوویی سوڤیێتی، بابەتی خالدی.

41 ـ ئەفدییف، هەمان سەرچاوە. ل 396.

42 ـ هەمان سەرچاوەی پێشو. 397.

43 ـ هەمان سەرچاوە.

44 ـ د. جمال رشید احمد هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل 27

مەبەستی هیرودوت لە وولاتی مانیێنی بەشێکی زۆری وولاتی کوردەواری ئەمرۆ بووە، و دەڵێت، کە وولاتی (کیسی) واتە کاشیەکان، پاش ئەم وولاتە دێت (مەبەستیشی لورستان و دۆڵەکانی رووباری سیروان و دیالی)یە. بروانە:

هیرودوت، مێژوو، پێنجەمین کتێب، بەشی 49 بە زمانی روسی و ئینگلیزی، هەروەها سەیرێکی دیاکونوف، مێژووی میدیا، ل 338 بە روسی بکە.

45 ـ هیرودوت، کتێبی سێیەم، بەشی 89 ـ 94.

46 ـ ئەفدییف، هەمان سەرچاوە. ل 419.

47 ـ جورج رو، هەمان سەرچاوە. ل 317، 318 لە چاپی عەربی و 211، 212 لە چاپی ئینگلیزی.

48 ـ ئەنطون مورتگات هەمان سەرچاوە. ل 204.

شەرەکەی نێوان روسیا و تورکیا لە سالی ١٨٧٧ - ١٨٧٨ دا

نووسینی جلیو جاف

وەرگێرانی: د. کاوس قەفتان

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کە لەژێر سایەو دەسەلاتی خۆیدا گەلێك میللەتانی ئەوروپاو ئاسیای یەك خستبوو، تووشی تەنگەو چەڵەمەیێکی سیاسی و ئابووری قورس و گران بوو. دەستێك بوو هێزو توانای جەنگی ئیمپراتۆرییەتەکە پەکی کەوتبوو. ڕاپەڕینە ڕزگاری خوازەکانی میللەتە زۆر لێکراوەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرییەتەکە نیشانەی ئەوە بوون ئیمپراتۆرییەتەکە زۆر نابات بەلادا دێت و دەڕو خێت.

هەوڵ و کۆششی سوڵتان، بۆ ئەوەی لەڕێی ئیسلاحاتەوە، ئامانجە میرییەکان بێتەدی، سەری نەگرت، میللەتەکانی بەڵکان پاش هەموو شەڕو بەیەکاچوونێکی ڕووسیاو تورکیا خەباتیان بەتین تر دەرکردو مافەکانیان هێندەی تر دەچەسپاند.

دەوڵەتە گەورەو مەزنەکانی ئەوروپا، سوودیان لە لاوازی دۆخی ئابووری و جەنگی و سیاسی ئەستامبوول دەدی و هێندەی تر دەستیان دەخستە کاروباری ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی و هەوڵیان دەدا بەڕۆەوەندییە کۆلۆنیالییەکانیان بە چارەنووسی میللەتەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە ببەستن، ئەو میللەتانەی لە پێناوی سەرفرازی خۆیاندا تێنەکۆشان. کێشەی دیراتەکەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، پەیوەندی بە پەڕۆەوندی گەلێك لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە هەبوو.

لە ئەنجامی سەرکەوتنی میسرییەکان لە سالانی (20 - 30)ی، سەدەی نۆزدەهەمدا دەسەلاتی سوڵتان و هەییەتەکەی بەسەر میللەتانی عەرەب و کوردو ئەرمەندا تەواو کزبوو. هەر بۆ نموونە ئەو دەسەلاتە لە کوردستاندا سەرزاری و ڕەوالەت بوو. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بنەماڵە سەردارەکانی ڕەواندوزو بۆتان و بدلیس و هی تر بەڕێوەبەرایەتی و سەردارێتی ڕاستەقینەیان پەدەستەوە بوو. ئارەزووی حەز بە جیابوونەوەی ئەم سەردانە بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچەکانی سەر سنوور بوون خەوو خۆراکیان لە ئەستامبوول بڕیبوو سوپایێکی گەورەی هێزەکانی تورك بە فەرماندەی ڕەشید پاشا، پاراستنی ئاسایش لەم ناوچەدا (ناوچەتانە) پێسپێردرابوو. بەڵام کوردو ئەرمەنەکان بەتوندی بەرهەڵستی هێزەکانی عوسمانیان دەکرد.

ئەو هەستی ناحەزیو تووڕەییەی لەناو کوردەکاندا دوای کردەوە خۆیناوییەکانی ڕەشید پاشا دژی تورك تەشەنەی کردوو، دووایی لە ڕۆژانی شەڕەکەی قرمدا لە ڕاپەڕینێکی وەها تووندو بێژدا لە کوردستان ئەقیبەوە، بووە هەڕەشەیێکی ڕاستەقینە بۆ ئەستامبوول. ئینگلیزە هاوپەیمانەکانی تورك لە شەڕەکەی قرمدا دەورێکی کەمیان لە کۆڕاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینەدا نەبوو.

ئەم شەڕە هێندەی تر عوسمانیەکانی لاواز کردوو و ناچاری کرد لە دووارۆژدا زیاتر بکەوێتە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە. ئەو دەوڵەتانە دەستیان دەخستە کاروباری ناوەوەی وڵات و دەستیان بە تەواوەتی بەسەر دۆخی ئابووری و دارایی وڵاتەکەدا گرتبوو. وڵاتەکە کەوتبووە گێژاوی

هەوڵنامەی کتێبخانە

نابووتییەوە، خەڵکێکی بەتاڵ بوو، لە ئەنجامی کردەوەی جەنگی، گەلێک لە زەوی و زارەکان کەڵکی چاندن و کێڵانیان پێوە نەمابوو. دۆخی ئابووری چەند هەرێمێکی گرنگ سەرەو نگووم بوو بوو، دانیشتووەکان سەری خۆیان هەڵ دەگرت و ئەو ناوچانەیان بەجێ دەهێشت. دزی و جەردەیی و ڕووت کردنەوە پەرەی سەندبوو، لە دۆخێکی وەهادا، سوڵتان لە ساڵی 1856دا فەرمانێکی سوڵتانی دەرکرد. ئەوەی بە ناوی (خەتی هەمایۆنی) ناوبانگی دەرکرد.

(خەتی هەمایۆنی) ئامانجەکانی میللەتی نەهێنایەدی. بەڵکو بەپێچەوانەوە وڵاتەکەی هێندەی تر خستە ژێر دەسەڵاتی سەرمایەدارێتی بێگانەوە. ئەمانە هەموویان بوونە هۆی تەشەنە کردنی نارەزایی دانیشتووان بە تایبەتی لەو شوێنانەی مەبانی شەڕ بوون.

کورد دامەزراوەکان و ئەرمەنەکان، دووای ئەوەی هیوایان لەوە بڕی کە دەرفەتێک بدۆزنەوە بتوانن بە ئاسوودەیی بژیون، ناچار کران کەل وپەل و ماڵ و موڵکیان بەجێ هێشت و گەلێک لە هەریمەکانیان چۆڵ کردو سەری خۆیان هەڵگرت و ئاوارە بوون. لە ساڵی 1873دا سەرهەڵگرتن و وڵات بەجێ هێشتن گەیشتە ڕادەیێکی ئەوتۆ هەتا گەلێک لە کاربەدەستانی تورکی ترساند.

سامی پاشای موشیری ئەرزڕوم بێ وەستان داوای لە قایمقامی (یاسینا) کرد (لەوێ، لە هەموو شوێنێکی تر زیاتر خەڵکەکە کەوتبوونە نیشتمان بەجێ هێشتن) خێرا سەر لەو گوندانە بدات و والیە دانیشتووەکانیان بکات مەزبەتە بنووسن و ئەوەی تیدا ئاشکرا بکەن کە چاویان لەژێر دەستەیی سوڵتانەو هەرگیز حەز ناکەن ئەو «تورکیا جوان و بەهەشتە» بەجێ بهێڵن. بەس زۆری نەبرد قایمقامەکە ناچار بوو بە بڕووسکەیێک وەڵامی بداتەوەو دان بەوەدا بنێ کە ئەرمەنەکانی یاسینا ڕازی نەبوون مەزبەتەکە بنووسن. پێویست بوو باج و سەرانەی تر دابنرێن. بڕیاردرا بە زۆر کورد نیوە کۆچەرەکان نیشتەجێ بکرێن.

ئەم پرۆژە نوێیەی «دامەزراندن»، دانیشتوو کوردەکانی، ستجاقەکانی ئەرزڕوم و قارس و بایەزیدو وان و موشی بە ئەواوی ووروژاند. ئەو مەترسییە سەرەکییەی کوردەکانی لەم پرۆژەیە دەترساند ئەوەبوو لەتەک باج و سەرانەدان بە میری دەبوو سەربازیشی بدەنێ.

عەشرەتە کوردەکان هەر ئەوەیان بۆ مابۆوە، بان دەبێ ڕاست بینەوە یاخود هیچ نەبێ ڕوو بکەنە سنوورەکانی ئێران و ڕووسیا، ئەمەش (واتە ڕووکردنە ڕووسیا - وەرگێڕ). ئامانج و خواستێک بوو لە مێژەوە لەسەری سەرەک عەشرەتە کوردەکاندا بووو، چەند جارێک دیبلوماسییە ڕووسەکانیان لێ ئاگادار کردبوو و لەژێرەوە پەنجەیان بۆ درێژ کردبوو.

سامی پاشا کەوتە خۆ ئامادە کردن بەو نیازەی بەپارمەتی کاربەدەستانی عوسمانی بەرهەڵستی کوردەکان لەناو بەرێت. ئەم خۆ ئامادە کردنەی موشیر هێندەی تر دانیشتووەکانی ووروژاند. وڵێرە، هەرەشە کۆ دەبێتەوە هێزو دەسەڵاتەکەی عوسمانیەکانیش دەرەقەتی نایەت - ئوبیرمیللەر لە مارتی ساڵی 1873دا، بۆ (ن.پ. ئیگناتیۆف)ی کۆنسوڵی ڕووسیا لە ئەستامبوول نووسی. ئەم بۆچوونەی کۆنسوڵەکەی ڕووسیا (ئوبیرمیللەر کۆنسوڵی ڕووسیا بوو لە ئەرزڕوم - وەرگێڕ) هەروا بەخورایی نەبوو، چونکە عەشرەتە کوردەکان لەژێر باری باجی گران و گراندا لە ناڵینداد بوون. لەدووا چارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا. خەزێنەی دەوڵەت، تەنیا لە کوردەکانی قارس هەموو ساڵێک (720) هەزار پیاستەری کۆ دەکردەوە.

ئەوەی دۆخەکەی هێندەی تر ئاڵۆزتر دەکرد ئەوەبوو لەم کاتەدا، هێزەکانی عوسمانی شەڕی خۆیان لەگەڵ کوردو ئەرمەنی ناوچە شاخاوییەکانی گافارو وان تەواو کردبوو و خۆیان بۆ پەلاماردانی عەشرەتە نیوە کۆچەرەکانی باکوور ئامادە دەکرد. ئەو هێزەی پەلاماری باژووری دەدا و بە سەرۆکایەتی ئیسماعیل پاشاوو (کوردێکی خەڵکی قارس) بوو، پەکێک بوو لەوانەی تا ڕادەی نیسکی خۆی بە سوڵتان فرۆشتبوو و بەرامبەر ئەوەکەی زۆر دڵ ڕەقانەو بە ئەوپەڕی بێ بەزەییەوە دەجوولایەوە، کوردەکانی ناوچەکانی ئیگیلیاو ئەخجاکیدو بۆتان و جزیرەو گەلێک ناوچەی تر کەوتنە بەرتاگری ڕق و کینەی.

دۆخە پەشۆکاو و ئاڵۆزەکەی ناوچەکانی باکووری - ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لەسەد پاشای سەدری

هیوانامەی کێشی

ئەعزەمی ناچارکرد موشیر سامی پاشا لە سەردارێتی ئەرزرۆم لابدات و موستەفا فوسفور لە جێگای دابنێت. ئەم موشیرە نوێیە دەری‌خست گەلێک لە موشیرەکەی پێشوو بێ‌دەسەلاتر و ترسنۆکتر بوو. بە واتەی ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگادری رووداوەکان بوون. ئەو بێ‌دەسەلاتییەی فوسفور، ترسی ئەوەی پەیداکرد لابچێت. داناتی بەرپرسیارێکی نوێ نەی‌تووانی رق و کینەی دانیشتووە کوردەکان بەرامبەر بە زۆرداری عوسمانی بگۆڕێت.

هەموو ئەو ناوچانەی کوردو ئەرمەنە دامەزراوەکان تیاباندا دەژیان لە باکوورووڕۆژهەلاتی بەشەکانی کیلیکیاو زەیتوونی و ناوچەکانی دراوسێیان لە رق و ناحەزی دژی دەسەلاتی عوسمانی یەکیان دەگرتەوە. لە ساڵی 1875دا، ئەرمەنەکانی زەیتوونی راپەرینەکەیان دەست پێ‌کرد. ئەو راپەرینەی شەڕەکەی نێوان رووسیاو تورکیا هەڵوێستەکەی دەست نیشان کرد. عەشرەتە کوردەکانی ئەلیشان و ئاچتی و چەند ناوچەیەکی تر دەستیان دایە چەک.

ئەوەی بووە مایەی مەترسی و هەڕەشە بۆ ئەستامبوول، رووداوەکانی دەرسیم بوو. ئەو ناوچە شاخاوییەی دەکەوێتە نێوان رووباری کاراس (کە دەڕێتە فورانەوە)و فوراد چایەوە.

کوردەکانی دەرسیم لەگەڵ ئەرمەنەکانا تا ساڵانی حەفتای سەدەی نۆزدە هەمیش چالاکانە بەرەنگاریی دام و دەستگەی عوسمانیان دەکردوو بەئەواوەتی سەربەستی خۆیان پاراستبوو.

لە ساڵانی 50 ـ 60دا کاربەدەستانی عوسمانی وایان دەزانی کە لە ڕێی بەکارهێنانی چەک و سوپاوەو نۆخ کردنی پەلاماردانی ناوچەرگەی ناوچە شاخاوییەکان دەگەنە ئەنجام و بەئاسانی سەر بە ناوچە سەختەکانی دەرسیم شۆڕ دەکەن، بەڵام کە دیپان ئەوەیان بۆ نایەتە دی، ئەوسا کەوتنە بەکارهێنانی سیاسەتی «تیلاو شیرینی». (واتە بە دەستێک تیلا بکێشە بە دۆزمنەکەتداو بە دەستەکەی تریش دەمی شیرین بکە ـ وەرگێر). سوودیان لە دۆزمنایەتی و ناحەزی سەرۆکە کوردەکان بەرامبەر یەکتری بینی و لە ڕێی دیاری بەخشین و دەم چەورکردن و پەیمان و بەڵێن دان تووانیان چەند بەگێکی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن. ئەم سیاسەتی دوو بەرەکی نانەوە. کە کاربەدەستانی عوسمانی تۆوەکەیان چاند بەری خۆیدا.

نامەکەی کۆنسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم کە بۆ کۆنسوڵی رووسیای لە ئەستامبوول نارد، باشترین نموونەیە. کونسوڵی ئەرزرۆم لەو نامەیەیدا دەنووسێت: «کە سامی پاشای موشیری ئەرزرۆم تووانی کوردەکانی ئەوێ بکات بە دوو دەستەی ناحەز بە یەک و یەکێک لەو دەستانە بکات بە پیاوی میری و هەمیشە چاویان لە یارمەتی و پشتگیری و دیاری و چاودێری میرییەوە بێت». ئەو بەگە کڕاوانە دەبوو سەرانە بە میری بدەن و سەربازیش بۆ سوپاکەی بنێرن.

دەرسیم ناوچەیێکی شاخاوی سەخت بوو و ڕێگاوبانی هاتوو چۆکردنی واتە هی سوپایی ـ وەرگێر تێدانەبوو و سوپاکانی عوسمانی پێیان نەدەکرا بە ئاسانی بگەنە ئەوێ.

لەبەر ئەوە کاربەدەستانی عوسمانی زۆریان لە بەگە کوردەکان دەکرد ڕێگاو بان بکەنەوە. ڕێگایێک لە نێوان دیاربەکرو ئەرزنجاندا بکەنەوە، بە پلوموورو خۆزات و مالازگیرو پالوودا بڕوات. موشیر سامی پاشای زۆرزان، ئەوەی دڵنیابوو لەوەی کردنەوەی ئەو ڕێگاوبابانە دەبێتە هۆی داگیرکردنی دەرسیم، یەکێک بوو لەوانەی بە گەرمی و لە دڵەوە هەوڵی دەدا ئەو پرۆژەیە سەربگرێت و بێتەدی.

سامی پاشا بەڵێنی بەو کوردانەی دەرسیم دا کە باجیان لەسەر بوو: «بەرامبەر ئەو باجانەی لەسەریان مابوو لە ڕێگاوبان دروست کردندا ئیش بکەن و بەرامبەر بەوەش نان بە کرێکارەکانی دەرسیم بدات. (نیاز لە نان تەنیا نانی ووشکە ـ وەرگێر)، بە فەرمانی موشیر بۆ دروست کردنی ڕێگاکە خێرا هەشتاهەزار گوێنی ئامادەکرا (دەبێ نیازی لە ئاردبێت ـ وەرگێر) بەڵام هەتا ئەمەش فریانی عوسمانی نەکەوت. ئەو بەگانەی دەستیان دەخستە دەستی ئەستامبوولەوەو یارمەتیان دەدا ناویان دەزڕاو دەسەلاتیان بەسەر کوردەکاندا نە دەما. بگرە گەلێک لەوانەی ئەو ڕێگاو سیاسەتەیان گرتەبەر وەک میللەت فرۆش سەیر دەکران بە کوشتن سزا دەدران. لە ساڵی 1875دا گیولابی بەگی قایمقامی دەرسیم لەلایەن کورد راپەڕیوەکانەوە کوژرا.

هەواڵنامەی کێشە

کوردەکانی دەرسیم خوفروشتنی شیخەکەیان زۆر بەلاوە ناش و ناوشی بوو و وازی نەیوون ریگەیان دروست بکەن.

کۆتایی ڕووسیا لە نەوزەوم نەم هەواڵەی بەو جۆرە گەیاند: ئالوزی ووڵی پەیوەندی نێوان ڕووسیاو عوسمانی وەك چۆن جاری دەکردە سەر ئەرمینیا، وەهاش کارێکی زۆری دەکردە سەر دۆخی کوردستان.

لە ساڵی 1875وە ئەزمەیەکی سیاسی نوێ سەری لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەرهێنا. لە هەرێمەکانی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرییەکەدا میللەتە سلاڤییەکان ڕاست بوونەوە. جا لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی ڕووسیاو نەمساو - مەجەرو بەریتانیاو دەوڵەتانی تر لەو هەرێمانەدا نێکەڵ بە یەك دەبوون. دۆخەکە هێندەی تر ئاڵۆز دەبوو. لە سرب و شاخە ڕەشەکان. میللەت بەرەوپیری ڕاپەڕینەکەی گێرتسیگۆڤ و بۆسنەوە چوون و پشتگیریان کرد. بوڵگاریەکانیش خێرا پاڵیان دا تەك ڕاپەڕیوەکانەوە عوسمانیەکان هەوڵیان دەدا دەسەڵاتیان بەسەر میللەتە سلاڤییەکاندا بهێڵنەوە. هەرچی دەوڵەتە گەورەکانە ئەوە هەریەکەیان بۆ ئەوەی زووتر بگاتە گەرووەکانی دەریای ڕەش و دەست بەسەریانا بگرێت، لەسەر ئەوە لەناو خۆیاندا لە مشتومڕدا بوون. ەکێشەی چارەنووس دووارۆژی دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوچە سلاڤییەکان و یۆنان و ئەلبانیا، هەروەها دەست بەسەرا گرتنی گەرووەکانی دەریای ڕەشەوە لەبەر دەمدا بوو.

لەم دۆخەدا، لەم تەنگ و چەڵەمەیەدا، ئەستامبوول هەوڵی دا ڕاپەڕینەکەی ڕۆژهەڵاتی وواڵات لە بار بەرێت. لەوەش زیاتر هەوڵی دا هەستی عەشرەتە کوردەکان، بەتایبەتی سەرۆکەکانیان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت.

بۆ ئەم نیازەش بەڵێن و دیاری و دەسیسە ئامادەکرا. سامی پاشای موشیری ئەرزرۆمی زۆزان و دونبادیدە، چالاکانە کەوتە ئەوەی لە کوردەکان هێزی هسوارەی میری بۆ شەڕو جەنگی دووارۆژ، بۆ ئەو جەنگەی چاوەڕوان دەکرا، ئامادە بکات. بەڵام دەستکەوتی سامی پاشا لە لیواکانەوە هیچی وەها نەبوو. ئەوەبوو لە 29ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1876دا بروسکەیێکی خێرای ئەرزەڕۆمی دەرسیم، کە مەئمورێکی وڵات و مووشەوە وەرگرت ئەوەی تێدا هاتبوو، کە کوردەکان ئەو ژمارە سەربازانە نادەن کە ئێمە داوامان لێکردبوو. بگرە لە کۆزیجان بەتوندی بەرهەڵستی ئەو داخوازییەیان کرد. ئەوسا سامی پاشا فەرمانی دا بە بەکر بەگی خانسوون ئوگڵی موچەخۆر کە لە عەشرەتەکانی زیلانلی و کاسکانلی کورد، سەرباز بۆ سوپا بگرێت. ئەو عەشرەتانە بەڵێنیان دا نزیکەی (1600) سەرباز کۆبکەنەوە.

بەڵام لەوە دەچوو پەلەیان نەبێت. سامی پاشا کە ئارامی لێبڕابوو لە سەرەتای کانوونی دووەمی ساڵی 1877دا ئیبراهیم پاشای کرد سەر عەشرەتەکان (ئەمەش پەکێك بوو لەو سەرۆکە کوردانەی خۆی بە ئەستامبوول فرۆشتبوو). بەڵام کوردەکان پێ ئەوەی ئاوڕ لە هەڕەشەو گوڕەشەی ئیبراهیم پاشا بدەنەوە. ڕازی نەبوون سەرباز کۆبکەنەوو بەنیازی گفتوگۆکردن نوێنەری خۆیان نارد لای ڕووسەکان.

سامی پاشا بەتایبەتی چاوی بڕیبووە کوردەکانی دەرسیم، ئەوانەی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی پاشکۆیێکی جێی بڕواو هیوا نەبوون. سامی پاشا حوسەین بەگی قایمقامی کۆزیجانی بانگ کردە لای خۆی و داوای لێکرد (دە) هەزار کورد کۆبکاتەوە. حوسەین بەگیش بەرامبەر بەمە داوای پارەو پوول و زێڕو وڵاخ و کەل وپەلێکی زۆری کرد. کوردەکانی ژێر سایەی حوسەین بەگ ئەم ڕێگە کەوتنەیان بە دڵ نەبوو و نارەزایی خۆیان دەربڕی و ئامادەیی خۆیان پێشان دا نە سەربازو نە باج بەمیری نەدەن. ەئەگەر ئەم شەڕە بۆ پاراستنی نیشتمان بێت، ئەوە پێویستیمان بە بارمەتی سوڵتان نیە. بەبێ بارمەتی ئە دەتوانین نیشتمانەکەمان بپارێزین». بانگی ئەمەیان دا.

شێخ سولەیمانی سەرداری دەرسیمی مەرکەزی، سوودی لە دۆخە شێواو ئاڵۆزەکەی ڕۆژهەڵاتی نزیك دێو بڕیاری دا سەر بۆ کاربەدەستانی عوسمانی شۆڕ نەکات و دان بە دەسەڵاتیاندا نەنێت. خاوەنی دووانزە هەزار چەکداری مەشق پێکراو بوو، ئەو هێزە بەسەر پێنج مەڵادا دابەش کرابوو. چەند بەگێکی دەسەڵات داری کورد لە ڕێی پەیوەندی پەیداکردن لەگەڵ سەرکردە جەنگییە ڕووسەکاندا، هەوڵیان دا جێ پێی خۆیان

قایم بکەن. ئەوە بوو مەنسوور ئاغای قایمقامی خۆزاتا هەر کە بیستی هێزەکانی رووس لە ناوچەی ئەلیکساندەرە پۆل گرد دەبنەوە، یەکێک لە باوەڕپێکراوەکانی نارد بۆ لایان و پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەگەر رووسەکان رووبان کردە ناوچە دراوسێیەکانی دەرسیم، ئەوا ئەم ئامادەیە خزمەتیان بکات.

پەیوەندی و هەستی کوردەکانی دەرسیم بەرامبەر شەڕەکەی رووسیا و عوسمانی، روون و ئاشکرا لەو نامەیەدا خۆی دەردەخات کە کوڕی یەکێک لە کوردە خاوەن دەسەلاتەکان واتە مەحمود بەگی کوزان ئۆگلی پاش ئەواویوونی شەڕەکە بە دە ساڵ نووسراوە. لەو نامەیەدا کوزان ئۆگلی داوا لە چاری رووسیا دەکات دەستی یارمەتی درێژ بکات و داوا لە ئەستامبوول بکات کەس و کارەکەی بەرەڵا بکەن، ئەوانەی لە ئەنجامی ئەوەی چالاکانە لە رۆژانی شەڕەکەدا یارمەتی رووسیان داو لەلایەن عوسمانیەکانەوە گیران و پەڕەوازە کران.

بەریتانیا ئاوڕێکی ئەواوی لە خۆ ئامادە کردنە جەنگییەکەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەدایەوە. سڵی لەوە دەکردەوە کارەسانەکەی ساڵانی شەڕەکەی قرم دووبارە ببێتەوە، کاتێک کوردەکان سەرکۆکایەتی یەزدان شێر رابەرێنێکیان دژی عوسمانیەکان بەرپا کرد. بەریتانیا ئامادەبوو هەموو رێی شوێنێک بگرێت و بەکاربهێنێ بەو نیازەی سامانەکانی کوردستان دژی رووسیا بەکاربهێنێ. لەبەر ئەوە بێ‌ووچان زۆری لە کاربەدەستانی عوسمانی دەکرد هەموو سەرۆکە کورد بە دەسەلاتەکان لەوێ دوور بخاتەوە.

(وانە لەسەر سنووورەکانی نزیک رووسیاوە - وەرگێر -). لە ساڵی 1873دا. ئوبەر میللەری کۆنسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم بەم بۆنەیەوە دەنووسێت: «لەم کێشەیەی ئێستەی کوردەکاندا. نەک عوسمانیەکان بەڵکو ئینگلیزەکان دەوری سەرەکیان هەیە. «ئینگلیزە هاوڕێیەکەم». (نیازی لە کۆنسوڵی ئینگلیزە لە ئەرزرۆم کە بوویوو بە هاوڕێی - وەرگێر)، فەمانی پێ‌دراوە، هەوڵ بدات بەرهەڵستی کردنی کورد بە جۆرێک لەناو بەرێت راست بوونەوەی بۆ نەبێت. ئەمەی هەتا لەگەڵ خواستی عوسمانیەکان خۆیاندا ناگونجێت و ناکلێت».

کونسوڵی بەریتانیا لە ئەرزرۆم. لەسەر داخوازی ئیلیۆتی کۆنسوڵی بەریتانیا لە ئەستانبوول. گەشتیکی بە هەموو کوردستاندا کرد، بەو نیازەی زانیاری دەربارەی ئەو سەرۆکە کوردە بەدەسەلاتانە کۆ بکاتەوە کە مایەی مەترسی بوون بۆ عوسمانی.

ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی سەرۆکە کوردەکان لە کوردستان دوور نجنەوە، هەوڵیان دەدا لە رێی دیاری‌و بەڵێنەوە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن.

لە هەمان کاتیشدا بە هەموو جۆرێک کۆششیان دەکرد ئەرمەن و میللەتە گاورەکانی‌تر لە خواستی سەرفرازی بوون دوور بخەنەوە.

هەوڵ و تەقەللاکەی ئینگلیز سەری نەگرت، لە ئەستامبوول سەرۆمبر دژی ئەو داخوازییەی بەریتانیا بوون سەرۆکە کوردەکان لە کوردستان دوور بخرێنەوە. بە رای کاربەدەستانی عوسمانی کردەوەیێکی وەها تووندوتێژ و کاری‌گەر دەبووە بیانوو هاندەرێک ئەو دۆخەی خۆی لە خۆیدا لە باکووری رۆژهەڵات و ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا ئاڵۆزتر شێواو بوو، هێندەی‌تر بشێوێنێ‌و ئاڵۆزتری بکات.

سیاسەتی رووسیا لە رووی بەراوردکردنەوە، لە رۆژهەڵاتی نزیکدا معتدل بوو. پاش شەڕەکەی قرم رووسیا هێشتا نەهاتبووە سەرخۆی، لەبەر ئەوە ئەی دەویست بە ئاشکرا دەستەوبەخە لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپاییەکاندا بوەستێ.

یارمەتی‌و پشتگیری رووسیا بۆ بزووتنەوە رزگاری‌خوازەکەی میللەتانی بەلقان ناوەڕۆکێکی مەعنەوی‌و سیاسی گەورەی بۆ میللەتانی رۆژهەڵاتی نزیک هەبوو، لەتایبەتی بۆ ئەرمەن و کوردەکان کە لە پێناوی سەرمرازی نەتەوەیی‌دا تێ‌دەکۆشان.

هەست و پەیوەندی دۆستایەتی‌خوازی سەرۆکە کوردەکان بەرامبەر رووسیا لەو نامەیەدا دەرکەوێت کە موریس میلیکوف لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1876دا بۆ جەنەرال مایۆر پاڤلۆڤی نووسی. لەو نامەیەدا دەنووسێت: «کوردە ناسراوەکان خزم و باوەڕپێکراوەکانی خۆیان نارد لای لە ئەلیکساندەرە پۆل و ئاگاداریان کرد لەوەی هەمیشە وەک جاران ئامادەن خزمەتمان

بکەن، بگرە داوایان لێ‌کرد چ ئامۆژگارییەك هەیە بیاندائێ».

لە هەمـان کاتـدا سەرکردە جەنگییەکـانی رووس ترخێکی تەواویان بەبەشـدار بوونی کوردیان لە شەردا داو ترخی کوردیان بەراستی بۆ عوسمـانیـەکـان کردوو هەڵسـەنگـانـد: «نـە دانیشتووەکـانی قەفقاس و نە داغستانیـە شاخاوییەکان وەك عەشرەتـە کوردەکـانی ژێردەستی عوسمـانی بۆ عوسـمانیەکان گرنگ نەبوون».

سەرکردە جەنگییە رووسەکان لەو رایەدا بوون کە کوردەکان لەو شەڕەدا (ئەوەی چاوەڕوانی داگیرسـاندنی دەکـرا - وەرگێڕ) دژی کاربـەدەسـتانی عوسمانی راست دەبنەوە. ئەم بڕوایەشیان لەوەوە بۆ هاتبـوو «چـونکـە کوردەکـان لە مێژەوە رق لێ بوونی داگیرکەرەکانیان بۆ مابۆوە».

بەڵام لە رووسیا ئەوەیان باش دەزانی کە حکوومەتی عوسمانی بە هەمـوو جۆرێـك هەوڵ دەدات کوردکـان بەلای خۆیـدا رابکێشێت، چونکە یادی ڕاپەڕینەکەی یەزدان شێر هێشتا لەبیر نەچووبۆوە. جەنەرال ئەدیوتانت ئیگناتۆف ئەمانەی لەیاد نەکرد. بۆیە لە کانوونی دووهەمی 1876دا بەخێرایی ئامۆژگاریی کرد پێـویسـتـە «سـەرکـردایەتی قەفقاس بێ وەستان هەوڵ بدات کوردەکـان بکـەن بە دۆستی خۆیـان و لەژێـرەوە پەیـوەندی لەگەڵیاندا بۆ شەڕی دووارۆژ پەیدا بکەن. ئەگینا عوسمانیەکان بەسەرایی و ئینگلیزەکـانیش بە دەسیسـەو پیلان گێران وا دەکەن هەموو کوردە شەرکەرەکانمان لێ راست بکەنەوە و بیانکەنە دوژمنمان».

هەر کە شەڕەکـەی نێوان عوسمـانیـەکـان و رووسیـا دەستی پێ‌کرد، ئاشکرا دیاربوو، کە عوسمانیەکان ئامادەی شەڕ نەبوو. ژمارەی سەربازەکان کزبوو و بەش نەدەکرد. جل و بەرگ و عتاد زۆر ناتەواو بوو. فایق پاشای سەرکردەی هێزە نیزامییەکان لە وان لە دۆخێکی تەواو شڕو شڵۆق دا بوو. هەر خۆی دەربارەی ئەو دۆخە دەنووسێت و دەڵێ: «لە وان لە باتی سوپایێکی شەست هەزاری، تەنیـا (370) سەربـازی ڕەش و ڕووت و پەلـێکی سوارەی کەم وولاخ و بەتاریـەکی شاخاوی هەبووە.

لە ساڵی 1877دا، تا ڕادەیـێـك دۆخـەکـە گۆڕانی بەسـەردا هات. ڕازی بوونی شێخ عوبـەیـدوواللای سەرۆکە ناسراوەکەی کورد بەبـەشـدار بوون لە شەڕدا گەلێـك لە کوردەکـان بۆ لای عوسمانی ڕاکێشا.

وەك ئیڤانۆڤی کۆنسـوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم. لە نامەیەکیا کە دەربارەی کوردەکـانی بۆتـانـە لەوە دەدوێ، کە نە عوبـەیدوڵلاو نەشێخ حوسـەینی باپیریو نە باوکی شێخ تاها قەت حەزیان لەوە نەکردووە هەڵوێستێکی ناحەزیان بەرامبەر رووسیا هەبێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە دژی عوسمانیەکان بوون و هەمیشە لەژێر پەردەی پاراستن و پارێـزگـاری یەوە چوون بە دەنـگ ئەو بنەماڵە سەردارانەی میـسـۆپۆتامیا کە دژی میری راست دەبوونەوەو دەستی یارمەتیـان بۆ درێژ دەکردن».

کەواتە ئەم بەشداربوونەی شێخ عوبەیەوللا لەو شەڕەی دژی ڕووسیا، چۆن ڕوون بکرێتەوە؟

عوسمـانیـەکـان بۆ ئەوەی ڕێ لە ڕووسیا بگرێت دەسـەڵات و نفـوزی خۆی بەسـەر ناوچـە ڕۆژهـەڵاتییەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا بڵاوبکاتەوە، هات بانگی جەنگی ئاینی (غەزا)ی، دا.

بێگومان شێخ عوبەیدوڵلا وەك سەرۆکی یەکێك لە مەزهەبە موسڵمـانـە هەرە گەورەکـان خۆی دووڕە پەرێـز لەو بانگـەوازی غەزایە بووەستێ.

لەبەر ئەوە بە خۆیو (300) لە مورێدەکانی بەرەو باکوور، لای هێڵی سنوور کەوتەڕێ. هەر لەوێش پاش ماوەیێکی شەڕ دەستی پێ‌کرد.

گومان نییە ئەم کردەوەیەی لە خواست و ئامانجی سیاسییەوە دوور نەبـوو، دەبـوایست سوود لە شەڕەکـەی نێوان ڕووسیـاو عوسمـانیـەکـان دەسـەڵات و نفوزی خۆی بڵاوتر بکاتەوەو پەرەی پێ‌بسێنێ. هەروەهـا چاوی لەوەشـەوە بوو بێتـە سەرکـردەی هێـزەکـانی کورد. بۆ ئەوەی لە دووارۆژدا دژی عوسمـانیـەکـان بەکاریان بهێنێ.

کاربـەدەسـتـانی عوسمـانی کە باش ئاگـاداری ئەوە بوون ئامـادەکـردنی پێـویستی سوپـا چەند قورس و گرانە، هەوڵیان دا سوود لە توانای نارچەکانی سەر سنوور ببینن بۆ ئەوەی نەیەڵن سوپاکانیانت بەبێ ئازووقە بمێنێتەوە.

کوردەکانی بایەزید دەبوو بە دەم کوتییەوە هەموو جۆرە سەرانەیەک بدەن و خواردەمەنی بۆ هێزەکانی عوسمانی ئامادە بکەن. هەموو بنەماڵەیەکی سنجاقی بایەزید دەبوو بۆ ئەو هێزانەی بەرێوەبوون ـ جەنەرال لیوتینانت تێر ـ گوکاسۆف بۆ لۆریس مێلیکۆف دەنووسێت ـ دوو بەران و بە باتمان (16ف)، ڕۆن و دوو جووت گۆرەوی خوری بدەن بەو کوردانەی لەلایەن کاربەدەستانەوە دانرابوون. کورد دامەزراوەکان ئەگەر پێیان نەکرابایە ئەوانە بدەن ئەوە دەبوو بەپارە بیقەبڵێنن».

لە ڕۆژانی شەڕەکەشدا بێگا ڕێکیتریش پەیدابوو. واتە دابەش کردنی سەربازەکان بەسەر ماڵی جووتیارەکاندا. ئەمەش لەسەر ئارەزووی قائمقام وەستابوو. نارێك وپێکی ئازووقە هاتن بۆ سەربازەکان و هەروەها دوواکەوتنی مانگانەی سەربازو ئەفسەرەکان دەبوونە هۆی پەیدابوونی دزێو و جەردەیی و تاڵانی کردن.

بە هۆی ئەو پارە خەرج کردنە بێشومارەوە سنووری کۆشکی سوڵتانییەوە. خەزینەی دەوڵەت تابووت بوو. لە ئەنجامدا کاربەدەستان ناچار بوون بکەونە قەرزکردن. سەرکردایەتی جەنگی ناچار بوو ڕوو بکاتە خەڵك و خواکەی ئەرزڕۆم و پارەو پووڵیان لێ بسێنێ هەتا مووچەی سەربازەکانی بدات.

ڕووی دەدا کاربەدەستانی عوسمانی بە ئەنقەست و بە ئاشکرا هێزە نیزامییەکانیان بۆ تاڵان کردن و ڕووت کردنەوەی دانیشتووەکان بەکار دەهێناو هەروەها بۆ چاوترساندن و سرادانی ئەوانەی لە ڕووباندا دەوەستان و بەرهەڵستییان دەکردن. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیان دەدا هێزە نانیزامییەکانیش بەکاربهێنن، بەتایبەتی هێزە کوردەکان.

ئەوەبوو موختار پاشا لە بروسکەیەکدا کە بۆ فایق پاشای فەرماندەی سوپای ناردبوو بە ئاشکرا پێویستی ئەوەی تیاهاتبوو بەڵێشاو سەرباز لە هەرێمی یەریشانەوە بۆ سوپا بنێردرێت «کە لە دۆخێکی تاڵان کردندا دەژیان». جگە لەمەش هێزە نانیزامییەکان بۆ هێرشی ناکا بۆ سەر باڵەکانی هێزەکانی پێشەوەی سوپای ڕووس بەکار دەهێنران. کوردەکان هەزیان لەوە دەکرد بەشداری ئەو جۆرە کردەوە جەنگیانە بکەن. لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتای شەڕەکەدا ناڕەزایی خۆیان و ملی نەدانیان پیشانی سەرۆکە شێخەکانیان داو هەر ئەوەندەی هەڵیان بۆ هەڵ بکەوتایە مەیانی شەڕیان بەجێ دەهێشت.

لە بروسکەکەی فایق پاشادا کە لە 17ی تەموزی ساڵی 1877دا بۆ موختار پاشای ناردووە، ئاشکرا ئەو ترسە گەورەیەی تیادەردەخات چۆن کوردەکانی سەر بە شێخ عوبەیدوواڵا بەهۆی کەمی ئازووقەو نەبوونی چادرەوە نیازی بڵاوە لێ کردنیان هەیەو چەکە کۆنەکانیان فڕێ دەدەن و چەکی نوێتر و شتی تر کۆ دەکەنەوەو دەیەن.

زۆری نەبرد کوردەکان کەوتنە ئەوەی دەستە دەستەو بە کۆمەڵ وازبهێنن. هەر لە 17ی خوزەیرانەدا. لەلای بایەزیدەوە (1500)کەس وازیان هێنا... هەزار کوردی ناوچەیێکی تریش دایانە پاڵیان. لە ڕۆژانی ئابلۆوقە دانەکەی قەڵای بایەزیدا، شێخ عوبەیدوواڵا لە پێنج هەزار چەکدارەی لەگەڵیابوو و لە ڕیزی سوپای نانیزامیدا بوون تەنیا 1443 کەسیان مایەوە، واتە سێ چار کەمتر. ئەمە شێخ عوبەیدوواڵای ناچار کرد واز لەو هێزە بهێنێ کە ئابلۆوقەی بایەزیدی دابوو و بەرەو (بارگیری) بگەڕێتەوە.

زووی دەدا کوردەکان ڕاستەوخۆ ڕازی نەدەبوون لابدەنە لای عوسمانییەکان زۆر جار داوایان لە ڕووسەکان دەکرد لە سوپاکانیاندا وەریان بگرن. کەپیتان نۆرمانی ئینگلیزی، ئەوەی ڕووداوە جەنگییەکانی جەبهەی قەفقاسی بە چاوی خۆی دیبوو، لەو کارەیدا کە دەربارەی شەڕەکەی ڕووسیاو عوسمانیەکان ساڵی 1877 ـ 1878دا نووسیوێتی بە داخەوە لەوە دەدوێ چۆن کوردەکان پاکانەیان بۆ کردەوەو هەڵوێستە سلبییەکانیان لە شەڕەکەدا نەدەکرد.

کاربەدەستانی عوسمانی کە لە ڕاستیدا دەسەڵاتیان بەسەر هێزەکانی کوردا نەمابوو، لە دووهەم ساڵی شەڕەکەدا، ئووانیان بۆ ماوەیێك چەند هێزێکی نانیزامی دروست بکەن.

سەرکەوتنی هێزەکانی ڕووس لە قارس و بایەزیدو چەند ناوچەیێکیتر کارێکی گەورەی کرده سەر دۆخی سیاسی لە

کوردستان و هەستی ناحەزی و دوژمنایەتی دژی عوسمانی لەنو دانیشتووە کوردەکانـدا گەرم کرد. ئیفانۆفی کونسـولی ڕووسیا لە ئەرزڕۆم، دەوای داکیرکردنی قارس خیـرا نووسی: «بیرڕای وایە. کوردستان پیر لە ڕاست بوونەوە دەکاتەوە بگەڕە خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات».

ڕووداوەکـانی دەرسیمی شاخـاوی نمـوونەیەکی ڕاستی ئەو بۆچوونەی کونسوڵەکەی ڕووسیا بوو.

ئەگەر ئەستامبوول لە ماوەی ڕۆژانی شەڕەکەدا توانی بە هەر حاڵێـك بێت هێندێك لە کوردەکـان بێنێتە ڕیزی سوپاکانییەوەو چەنـد عەشـرەتێکی کوردی نیـوە کۆچـەر بە لای خۆیـدا ڕابکێشێت، ئەوانەی لەو شەڕەدا ئەنیا چاوپان لە تاڵانی کردن بوو، بەڵام کوردەکـانی دەرسیم لە بەرمیلێکی پڕ لە ئاو دەچـوو لەسەر ئاگر دانرابێت. دەکوڵاو دەکوڵاو چاوەڕوانی دەرفەتێك بوو بتەقێتەوە.

بەگـە دەسـەڵات دارەکـەی (کـۆزان)، ئەوەی ڕازی نەبـوو داخوازییەکەی ئەستامبوول بەجێبهێنێ، وانە سوپایێکی (25) هەزار کەس کۆیکانەوەو ڕێگا بدات هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بگـەنە مەیـدانی شەڕ، بەپێچەوانـەوە بە یارمەتی کوردەکان خێرا ڕێگـاکـانی قارس و تۆکـاتاو سێـواس و ئەرزڕۆمی گرت و ڕێی هاتوچۆکردنی هێزەکانی میری بەربەست کرد.

دۆخـەکـەی دەرسیم مەترسـیـەکی وەهـای بۆ کاربـەدەستان دروست کردبـوو، ناچـار بوون لەڕێـی پەردەی (یاسا پاراستنەوە) هێـزێکی گەورە بێـرنـەسـەر دەرسیم، بەڵام ئەو هێزە لەلایەن.. دانیشتوانەوە بەرهەڵستییەکی توندکرا.

دەبێ ئەو ڕاستیـە دەست نیشان بکرێت چۆن (بێلیۆت)ی، پارێـدەدەری کونسـوڵی ئینگلیزی لە ئەرابـزوون، سەرەڕای ئەو دوژمنـایـەتیـەی بەرامبـەر کوردەکـانی دەرسیم هەیبوو کەچی لە یەکێـك لە نامـەکـانیـدا خۆی پێ ناگیرێت و دان بەوەدا دەنێ کە کوردەکـان بۆ ئامـانجی «سـەربـەخـۆیی» ڕابـەڕین و حەیفـە ڕووداوەکانی دەرسیم بە جەردەیی و تاڵانی کردن لە قەڵەم بدرێن.[٢٥]

لەشکری چوارەم بڕیتی بوو لەو هێزە سەرەکییەی پەلاماری دەرسیمی دا. چەند هێزێکی ئاوچـەیی تری عوسمانیش چوونە پاڵـی. شەڕە گەورەو سەردکییـەکـان لە بـناری شاخـەکـانی تووژ یك و هوت ڕوویان دا. هەموو ئەو دانیشتوانەی لە دەست هێزەکانی عوسمانی هەڵاتبوون لەو شوێنانە گرد بوونەوە.

بەرهـەڵسـێ کردنی کوردەکـان لەسـەر بناخـەیێکی ڕێکخـراو دامەزرابوو. دانیشتوانی ئەو گوندانەی دەرسیم کە لە سەرەتای هێزەکانی عوسمانی دا بوون. بە خۆیان و کەل وپەلیانەوە ڕوویان کردە شاخی تووژ یك و لەوێش خۆیـان بۆ جەنـگ ئامـادەکـرد. کاتێـك لەشکـری چوارەمی عوسمـانی گونـدە چۆڵ بووەکانیان سووتاند، بەلای(خۆزاتادا)ڕووی کردە شاخی تووژ یك. ئەوسا شەڕدەستی پێکرد، ئەو شەڕەی سێ ڕۆژێ خایاند. کوردەکان داوای یارمەتییان لە عەشرەتە دراوسێیەکان کرد. بەڵام ئەوانیش لە دۆخێکی شڕدا بوون. لەم تەنگانەیـەدا کوردەکـانی خرانی و ئەرمـەنییـەکـانی میراگاچوون بەدەنگ ئابڵووقە دراوەکانەوە. هێزە یەکگرتـووەکـانی کوردو ئەرمـەن عوسمانیەکانیان ناچارکرد دۆڵی پاخ بەجێبهێڵن.

بەڵام هێزەکانی عوسمانی دووای ئەوەی یارمەتییان بۆ هات جارێکیتر کەوتنـەوە پەلامـاردان. شەڕ داگیرسـاو لە ئەنجـامدا عوسمـانیـەکـان هەڵاتن. دووای ئەم سەرنەکەوتنە کاربەدەستانی عوسمانی بڕیاریان دا هێزێتر بنێرنە سەر کوردەکانی تووژ یك. یەکێـك لە بەشـداربـووەکـانی شەڕەکـە ئەمـەی خووارەوەی بۆ (ئەنـداریـك) گێـڕایـەوە: «دووای سەرکـەوتنەکە بە پێنج ڕۆژ، سوپـای عوسمـانی گەڕایـەوە کەوتـە پەلامـاردانێکی تونـدوتیـژ. عوسمـانیـەکـان بە توپ شاخـەکـانیان بۆردومان دەکرد. شەڕەکە پانـزە ڕۆژ دەوامی کرد. هەردووڵا بەبێ تاقەت چوون شەڕیـان دەکرد. عوسمانیەکان کە دیپان بەزەبری ئاگر دەڕەقەتمان نایەن، ئەوسـا بڕیـاریـان دا لە ڕێی ئاوو خواردەمـەنی لێ بـڕینەوە وامان لێ بکەن خۆمان بەدەستەوە بدەین».

لە دۆخێکی وەهادا، دوو ڕایی لەسەر خەباتی دوورووردرێژ لە نێـوان ئابڵوقەدراوەکـانـدا سـەری دەرهێنـا. دەستەیێك ڕای وابوو تووژ یـسك بەجێبهێڵن و ڕووبکـەنـە تیـریسێ و لەوێ قایمکـاری خۆیان بکەن. دەستەیێکیتریش لەو ڕایەدا بوو ئەو پلانە لەوانەیە

بیێته مایەی ژێر کەوتن.

لە ئەنجامدا دەستەیەك دڕیان بە دوژمن داو خۆیان گەیاندە خووتی - تیرێسی. عوسمانیەکان سوودیان لەم لاواز بوونەی دەرسیم بینی و هێرشێکی تونـدیـان بردوو تووژ یکیـان گرت و دڕندانە کەوتنە گیانی دانیشتووەکانی. پاش داگیرکردنی تووژ یك کوردەکـان دەست بەرداری خەبـات کردن نەبـوون و لە ناوچەی ئەرزنجان کەوتنە شەڕی پارتیزانی.

سەرکـەوتنەکـانی هێزەکـانی رووس لە جەبهـەی قەفقاس، کارێکی گەورەی لەسەر ڕێڕەوی ڕاپەڕینەکەی کوردەکانی دەرسیم هەبوو.

جارەهای جار سەرۆکە کوردەکان رووبان دەکردە رووسەکان بەو نیازەی کردەوەو چالاکی جەنگی هەردوولا یەك بخەن. «من لە سەرچـاوەی باوڕ پێکـراوەوە دەمـزانـی - بیـلـیـنـوت لە نامەیێکی تریدا دەنووسێت - کە کوردەکانی دەرسیم پاش ئەوەی لە لەشکـرەکـەی موختار پاشـا گەڕانـەوە، چاوبـان لەوە بوو کە هێـزەکـانی رووس پەلامـاری ئەرزنجـان دەدەن، لەبـەر ئەوە ڕاپـەڕینـەکـەیـان ئەقـانـدەوە». بەڵام ئەم نیـازو خواستـەی ڕاپـەڕیـنـەکـانی وانـە یەکگرتنەوەی هێزی سوویایی ئەوان لەگەڵ هێزەکانی ڕووسدا لەبەر چەند هۆیێك نەهاتە دی. لە کاتێکدا هێـزەکـانی عوسمـانی پەلامـاری دەرسیمی دەدا، لە هەمـان کاتیشـدا پەلامـاری (خـووتی - تیـرێسی) شیـان دەدا. کە بنکەو قەڵایێکی سەختی ڕاپەڕیوی کوردو ئەرمەنەکان بوو.

لە دوڵی مەنـزوور، ڕاپـەڕیـوەکـان، خـراپ عوسمـانیـەکـان شکاندو ناچاریان کردن واز لە هێرش هێنان بهێنن. لە ئەنجامی ئەم شەڕەو شەڕیتـردا، کاربـەدەستـانی عوسمـانی جارێکی تـر ناچـار بوون دەسـت بەرداری ئەو خواسـتـە بن، کە دەرسیم بەتەواوەتی داگیربکەن و بیخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

دەرسیمییـەکـان لە ڕێی خەبـات و خۆبەخت کردن و ئازایەتی هەزارەهـا لە ڕوڵـەکـانی کوردو ئەرمـەنـەوە، تووانی تا ڕادەیێك سەربـەخـۆیی خۆی بپـارێـزێت. ئەو شۆڕشانـەی عوسمانیەکان داگیریان دەکرد، پاش خۆیان بەوێرانی بە جێیان دەهێشتن.

یەکێك لە ڕووخـسـارەکـانی ڕاپـەڕینـەکـەی دەرسیم ئەوەبـوو سـەروشتێکی جەمـاوەری هەبـوو. گەورەو بچـووك، ژن و پیاو، نوێنـەرانی عەشـرەتـەکـان و چینـەکان بەشداریان کرد. ئەفسـەرە عوسـمـانیـەکـان، ئەوانـەی بەشـداری شەڕەکـانی دەرسیمیـان کردبوو، دانیان بەوەدا ناوە کە ئافرەتانی دەرسیم وەك پیاوەکانی مەردانە لە کۆڕی شەڕدا دەجەنگین.

ڕاپـەڕینـە ئازادیخـوازەکـەی دەرسیم کاری کردە سەر خەباتی بەشـەکـانی تری کوردسـتـان، بەتـایبـەتی ناوچە گرنگەکانی وەك هەکاری و بۆتان و جزیرە.

ڕاپـەڕینـەکـەی دەرسیم کە بە شێـوەیێکی عوفوی بەرپابوو لە ئەنجـامی ئەوەی کا بەدەسـتـانی لە ڕۆژانی شەڕەکـەی نێـوان ڕووسیـاو عوسمـانیـدا زۆریـان لە کورد دەکـرد دژی ڕووسیـا ڕاست بێتـەوە، کۆتـایی بەوە هات کوردەکـان دەست بەرداری سەربـەخـۆیی خۆیـان نەبوون و دوخەکە سەربەخۆیی خۆی مایـەوە. ئەمـەش لە دووارۆژدا دەورێکی باڵای لە میـژووی بزووتنەوەی گەلی کوردی دژی عوسمانی هەبوو.

ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان ڕووسیاو عوسمانیدا لە بەهاری ساڵی 1878دا بۆ ئاشت بوونـەوەو یەك کەوتن دەستی پێکرد ڕێی لەو نەشـەنـە کردن و چوونـە ناوەوە سەرکەوتووی ڕووسـیـا گرت کە خەڕیـك بوو بە قووڵایی ناوچـەکـانی باکووری ڕۆژهـەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕیگا بۆ خۆی بکاتەوە.

هەرچـەنـدە کوردەکـان شۆڕێکی گەورەیـان لە سیاسـەتی عوسمانی بەریتانیاو ڕووسیاو دەوڵەتانی تردا هەبوو. بەڵام نە لە ڕۆژانی شەڕو ناکـۆکیـدا. نە لە کات و ساتی گفتـوگـۆی ئاشتی خـوازەکـەی سان ستیفـانۆداو نە لە کۆنگـرەکـەی بەرلیندا کێشـەکـەی کورد بەردەو پێشـەوە نەبـزاو بە شێوەیێکی جیاو لاوەکی سەیری نەدرا.

---

* ئەم باسە لە کتێبی ڕاپەڕینی کوردەکان، کە لە نووسینی (جەلیل جاسم)ە وەرگێڕدراوە.

حاجی محی الدین ئەسعەد



کۆیە شارێکی زۆر کۆن و دێرینەو شوێنێکی تایبەتی هەیە لە رووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانی و رامیاری، رەنگدانەوەی هەرێمێکی لەمانەی لە هەرە کۆنەوە پێوەدیارە. خۆ ئەگەر بێتو میژوو نووسێکی شارەزا و خامەپاک و بێ لایەن و وردبین و نەترس، ئەم ئەرکە پیرۆزە بگرێتە ئەستۆی خۆی و بگەڕێ بەدوا سەرچاوە راست و دورستەکاندا کە بەڵای منەوە زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە دەستی، ئەوە بەم کارەی میژووێکی تێر و تەسەڵی ئەم شارە پڕ لە داستان و کارەساتە جەرگبڕانەی دەکەوێتە دەست و دەبێتە مایەی شانازی هەموو کوردێکی دڵسۆز و میللەتی عیراق بەگشتی.

لەم باسەمدا تەنیا لە چەند لایەنێک دەدوێم بۆ ئەوەی بێتە سەرچاوەیەک بۆ میژوونووسی بەرێز.

1 ـ لەبەر ئەوەی شاری کۆیە مەڵبەندی رۆشنبیری بووەو شوێنی رێزگرتنی هەموو خوێندەوارێکی دڵسۆز بووە. هەموو پاشاکانی بابان کە هاتوونەتە سەرتەختی پاشایەتی زەماوەندی گەورەیان لەباغەکانی کۆیە کردووەو لەگەڵ هاتنیان بۆ ئەم شارە بەسەدان کتێبی چاک و نایابیان لەگەڵ خۆیان هێناوەو بەسەر خوێندەوارەکانیاندا دابەش کردووەو لە نامەخانەکانیان داناوە، لەبەر ئەوەی مزگەوتەکان مەڵبندی خوێندەواری بوون بۆیە عبدالله پاشای بابان مزگەوتێکی گەورەی دروست کردووەو ئینجا بە مزگەوتی «حاجی مەلا ئەسعەد» کە قوتابخانەیێکی گەورە بووەو سەدانی وەک «حاجی قادری» «حاجی مەلا عبدالله»و «شێخ رەزا» کەیفی جوانرۆیی لێ دەرچووەو بوونەتە مامۆستا و بلاو بوونەتەوەو بە هەموو شارەکانی کوردستان و عیراق و ئەستەمبوڵ و شام و میصر.

لەبەر گرنگی ئەم شارە عبدالله پاشای بابان نوێنەری تایبەتی خۆی لەم شارە داناوە کە خوالێخۆشبوی نەمر «عەزیز مەصرەف» جێگای خۆشەویستی هەموو شار بووە هەر خۆشی وەسیەتی کردبوو ئەگەر وەفاتی کرد لە کۆیەی بێنێرن هەربۆیە کە وەفات دەکات بە زۆر ڕێزو پایەلێنانەوە لە تەکیەی «کاکەی شێخ صالح» دەی نێژن و ئێستا بوونە قوتابخانەی «حاجی قادری کۆیی» هەزار سڵاو لە گیانی پاکی بێت.

2 ـ کۆیە شارێکی ئارامگەو کاروان سەرا بووە لەهەموو لایەکی کوردستانەوە رووبان تێکردووە، بۆیە لە «200» سال پێش ئێستاوە بەشێک لە عەشیرەتی «جەلالی» کە لە ناوچەی «مەنمی» یەوە هاتبوون رووبان کردووتە کۆیەو لێی نیشتەجێ بوون و زۆر پیاوی گەورەو ناودارییان لێ هەڵکەوتووە لەوانە خوالێخۆشبو کاك «حەمە مرادەی ی جەلالی» زۆر رەوشەنبیرو نەتەوەپەرست بووە، لە بنچینەی یەکەم رێکخستنی نەتەوایەتی بووەو لە یەکەم کۆبونەوەیان بەشدار بووە کە ناویان لە خۆناوە بەڵێشەوی کە لەدواییدا بەدرێژی لەسەری دەدوێم.

3 ـ دانیشتوانی کۆیە بە گەداو ئاغاو رۆشنبیرو کەسەبەو هەموو چینەکانیانەوە دڕی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەستاون، بەیانی نەبووە لەبەر دەرگای سەرا چەند کەسانێک لەسێدارە نەدرابێ و زۆریشیان دەربەدەر بوون و کەوتونەتە شارەکانی ولاتانی دەوروپشتیان.

حەماغای کۆیە بەرپەرەکانێکی زۆری عوسمانیەکانی کردوە لەشەڕێکدا بریندار دەبێ و بەدیلی دەگرن و لە ئەنجامدا «15» سال بەندەکرێ و بەبێ لێبوردن هەر «15» سال تەواو دەکا هەر لە ئەنجامی زوڵم و زۆری عوسمانیەکان و جندرەمەکانی ی هەستی نەتەوایەتی لە کۆیە سەر هەڵدەداو لاوەکانی کۆیێ یەکەم ڕێکخستن دورست دەکەن.

4 ـ دانیشتوانی شاری کۆیە لە زۆر کۆنەوە بیرەوەری ئاهەنگی نەورۆزیان کردووەو بە جەژنێکی نەتەوایەتیان زانیوە، هیچ رژێمێک نەیتوانیوە لێیان قەدەغە بکات ژن و منداڵ و لاوو پیرچەند رۆژ پێش جەژنی نەورۆز خۆیان بۆ ئامادە کردوە تەنانەت مەلاو پیاوە ئایینیەکانی کۆیە هانی ژن و منداڵی خۆیان داوە کە بەرگی

هەژانامەی کتێب

رەنگاورەنگ پیرۆز و بەشداری ئەم ئاهەنگە پیرۆزە بکەن تەنانەت لە هەموو ئاهەنگێکدا ئامادەیی نەبوونی، یەکێ لە مەلاکانی شار ئاهەنگەکەی بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کردۆتەوە. دوایی یەکێک لە پیاوە ئایینیەکان بۆدانیشتوانی ڕوون کردۆتەوە کە بۆچ ئاگر لەم جەژنە نەتەوایەتیەدا دەکەنەوەتێی کەباندوون بۆیە بە هەموو خۆشی یەکەوە تێکڕای دانیشتوانی شار بەشداریان کردووەو هەر لە دەرکەی سەرشوورانەوە تاقی سەرکەوتنی ڕەنگاورەنگ بە کەلای دڕەخت دروست کراوە تاکو شوێنی ئاهەنگەکە لە سەیرانگای تاتووکان. . شەوی نەورۆز پیاو ومنداڵ لەوێ شەونخوێنیان کردووەو زەماوەندیان کردووە بۆبەیانی بە هەزاران مەنجەڵە شیلو خواردنی هەمە چەشنە گەیاندراوەتە ئەم شوێنەو بە دەیان ئەسپ سوار جلیتانێیان لەدەورەی تاتووکان کردووە لەگشت لایەکەوە دەهۆل و زورنا کوترواوەو لێدراوە، ئیوارە هەمووی بەخۆشیەوە ڕوویان کردۆتەوە شارو بەیێ ئەوەی یەکێ کارێکی ناشیرین بکات، هەرچەکە بە جەژنی ڕاستی خۆی زانیوە. هەموو گوێندەکانی کۆیە بەشداریان لە ئاهەنگەکاندا کردوە شانی بەشانی دانیشتوانی شارەکە.

5 ـ شاری کۆیە بە شاری کۆمەک کردن و کۆمەڵایەتی زانراوە ئەمە لایەنێکی زۆرزۆر گرنگە کە تاکوئێستاش لاوەکانیان ڕێبینی باب وباپیرانیان دەکەن، ئەگەر بێتو کارە خێرخوایی یەکانی خوالێخۆشبوو کاك وعبدالله‌ی جەیدەی تان بۆباس بکەین دەبێتەمایەی سە سورمان و خۆشی هەموو دڵسۆزێك بۆنیشتمان و نەتەوەکەی.

هەموو دانیشتوانی کۆیە لە گەورەو بچوك ولەمەلاو ئاغاوگەدا، گوێڕایەڵی ئەم زاتە بوون، هیچ کەسێك نەیتوانیوە تەوزەلی لەفەرمانی ئەودا بکات، چونکی هەموویان زانیویانە گشت کارەکانی بۆسوودی دانیشتوانی شارەکەیە. گەرماو سەرماو ماندوو بوون و نەتوورستنی نەزانیوە، ئەگەر کارێك هاتبێتە پێش. وەکو سەربازێکی نەناسراوی شارەکە بووە. جێگای ڕێزلێنانی جەنابی مەلای گەورەو حەماغاو هەموو ڕەوشەنبیرێك بووە. لێرە دەرفەت نیە بە درێژی باسی بکەم ئەم بیاوە دەیێ بەتەنیا کتێبێکی لەسەر دابندرێ شان بەشان، مامۆستایەیێکی لێهاتووی وەرزش بووە، جۆرەها یاری فۆلکلۆری بە دانیشتوانی کۆیە ناساندووەو فێری کردوون.

بەیێ دیودڵی فەرمانی بۆحەماغاو مەلای گەورەی کۆیە دەکردوە ئەم پیاوە هەرچەند لە چینی گەداکان بووە، بەڵام ئەم کاتە کاتی، ئەوە نەبووە فلان هەژارە یان ئاغایە یان مەلایە هەرکەسێك زیاتر خۆمەتی شاری کردبێ ئەمە لە ڕیزی پێشەوە بووە، بۆیەش ناکۆ نیستا ئەم پەیوەندیەیە کۆمەڵاتی یە هەر ماوە بۆوێنە یەکێك کەسێکی لێدەمرێ خاوەن مردوو هیچ ماندوونابێ چونکە خەڵکی شار هەموو ئەرکێکی ئەم پرسەیە دەگرنە ئەستۆی خۆیان و شان بەشانی ئەوە ئیشاش کۆمەڵێکی هاریکاری هەیە لەکۆیە بۆدابین کردنی هەموو پێویستی یەکانی ناشتنی مردوویێك جا ئەم مردوە، هەر کەسێك بێت، هەر لەزەوی یەوە تاکو بەردەکانی بەچاکترین شێوە بەشداری سێ ڕۆژەی پرسە دەکەن کە ئەمە لەخۆی‌دا چاکترین نیشانەی کۆمەك و هاریکاری کردنە. کە ئەم لایەنە لەشارەکانی تردا لەسەر خاوەن کردوو گەڵێك زۆر دەکەوێت.

سەرەڕای هەموو ئەوانە هەر لە پەیدابوونی فەقێیەکانەوە تاکو قوتابیەکانی داخلی یەکان کە لە دەرەوەی کۆیە هاتوون و دەخوێنن جێگای ڕێزگرتنی هەموو دانیشتوانی شارەکە بوون، لە هەموو کۆبوونەوە گشتی یەکان و میمبەری مزگەوتەکان هانی خەڵکەکان دراوە بۆ کۆمەك و یارمەتی دانیان و هەموو پیویستی یەکانیان جێبەجێ کراوە تاکو ئیستاش ئەم ڕەفتارە ڕێبینی دەکرێ و پشت گوێ نەخراوە،

6 ـ کۆیەو بەرپاکردنی شۆڕشی چەکدارانە دژی ئیستعماری ئینگلیزی داگیرکەر.

هەر لەڕۆژی 1918/12/15ەوە کە ئینگلیزەکان پێی نامووبارەکیان هاویشتوتە سەر حەرەمی کۆیە، دانیشتوانی وەك شێر دژیان وەستاون و پێیان هەڵنەخەڵەتاون، هەندێ لە گەورەو پیاوەرە ـ کانیان بە کۆمەڵێك نیشانەوە بەناو شەقامەکانی کۆیەدا دەسوڕێنەوە بۆ ئەوەی مەترسی بخەنە نێو گیانی دانیشتوانی شارەکەوە، بەڵام ئەوەی چاوەنوار دەکرا لەم شارەدا هاتە دی، یەکێك لە کەسەبەو دوکاندارەکان لەبەریان هەڵنەستان، حاکمی

هەوالنامەی کۆیە

سیاسی بەم کارە زۆر دڵتەنگ دەبێ، فەرمان دەدا کە سزا لە هەموویان بسێنن، بانگیان دەکەن و سزا لە هەموویان دەسێنن و بەدڵخۆشیەوە دەگەڕێنەوە شوێنەکانیان ـ هەرچەند هەوڵ دەدەن تاقمێکیان بۆ دورست نابێ کە باوەڕیان پێبکەن.

7 ـ دروست بوونی ڕێکخستنی شۆڕشگێری نەهێنی دژی ئینگلیزەکان.

لە پێشەوە باسمان کرد کە زۆر لە کۆمیتەکان لەبەر جەورو ستەمی عوسمانیەکان دەربەدەر بوون و کەوتنە شارەکانی دەوروپشتیان و بە وڵاتە دراوسێکاندا بڵاو بوونەوو گەلێکیشیان لەلایەن ڕوسیای قەیسەرەوە بەدیل گیران و هەماغاش لەلایەن عوسمانیەکانەوە «15» ساڵ بەندکرابوو زۆر ستەم و لەندیشەی لەدەست داگیرکەر دیسوو لەوکاتەی کە شۆڕشی ئازادیخوازانە بەرپابوو هەموو دیلەکان کۆدەکەنەوو قسەیان بۆ دە کەن و پێیان دەڵێن ئێمە بە یەك گرتن و برایەتی و دلسۆزی و ڕاستگۆیی توانیمان بەسەر قەیسەردا زاڵ بین، ئێمەش وا ئێوە ئازاد دەکەین هەموو میللەتێك وەك ئێمە دەتوانێ ئازادبێ سەرەڕای ئەمە پێش کەوتوو خوازەکان لە هەموو ئوردوگاکانی عوسمانیەکان و قەیسەرەکان بەیاننامەیان بڵاوکردەوە تەنانەت هەندێ لە کوردەکانیان بەپارە بەکرێ گرتبوو بۆ ئەوەی ئەم بەیاننامانە بڵاو بکەنەوە، بەیانەکانیش بە ڕووسی و فارسی و تورکی و کوردی و گەلێك زوبانی دیکە بووە، لە هەمان کاتدا گەلێك لە کوردە کۆمیتەکان لە ساباڵاغ دوکانیان داناوەو خەریکی کەسابەت بوون لە ئەنجامی دەربەدەر بوونەکانیان. ئەمانە هەموویان لەگەڵ دیلەکان دەگەڕێنەوە کۆمیتە پاش ئەوەی مێشکیان ئاو دراوە بە برایەتی و ڕاستگۆیی و نەبەر دی و لەخۆبردویی لەپێناوی ئازاد بوونداً.

لەو دیلانەی کە ئازادکرابوون: ـ

1 ـ مەلانەهای ئانەوا کە ئێستا لەژیان داماوە.

2 ـ خوالێخۆش بوو، «حسین ئەمین یەلاء» لەپاش ئازاد کردنی ئافرەتێکی ڕووسی مارەدەکاو لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە کۆمیە.

3 ـ ئەحمەداغای باخچەوان و گەلێکی کە، وە لە دوکاندارەکانیش کە لەساباڵاغ بوون و گەڕانەوە کۆمیە.

1 ـ «حەمەگرانی».

2 ـ «حەسەنەخرە».

3 ـ «خدری ڕەسوڵی» ئەمانە هەموویان زۆر زوڵم و زۆریان چەشتبو لەلایەن عوسمانیەکان و قەیسەری ڕووسی و دەیانزانی داگیرکەر هەردەم دەیەوێ سامانی وڵاتەکەیان بپاو خاوەنەکەی لەبرسان بکوژێ، ئەمانە کەوتنە جموجوڵ دژی ئینگلیزەکان لەماوەیێکی کەمدا توانیان لەگەڵ لاوە دڵسۆزەکانی کەی کۆمیە یەکبگرن و ژمارەیان دەگاتە «27» لاوی دڵسۆز بڕیار دەدەن کۆبوونەوەیێك بکەن.

لە «کەکۆن» کۆ دەبنەوە: کەکۆن شوێنێکی زۆر خۆشبوە لە کۆمیە دەکەوێتە ڕۆژئاوای قشڵەی کۆمیەو «حاجی قادری کویی» لەیەکێ لە هەڵبەستەکانیدا باسی خۆشی و جوانی دەکا ئێستاش بووەتە گوڕستان.

ئەوانەی لە یەکەم کۆبوونەوەدا بەشداربوون ئەمانەن: ـ

1 ـ حاجی میرزا عبدالله چاوڕەش ناسراوە بە «خادم».

2 ـ «حەمە مرادی جەلالی» لە عەشیرەتی جەلالیەو لەزووە هاتوتە کۆمیە.

3 ـ عبدالله‌ی مام شێخ.

4 ـ مام ڕەزای قەلادزێ.

5 ـ مام فەتاحی برای مام ڕەزا.

6 ـ قاسمی ڕەسوڵی خدری.

7 ـ عبدالله دورسێ.

8 ـ عبدالله قەوان.

9 ـ حاجی تایەری حاجی صالحی داروغەیی.

10 ـ عبدالله‌ی نازێ.

11 ـ باوەکری مام سلطان.

12 ـ مەغدیدی عەیشانێ.

هاوڵاتیانی کۆمیتە

13 ـ سمایلی ڕەسوڵی خدری.
14 ـ عبدالله‌ی وەستا برایمی.
15 ـ حمدامین حاجی داروغەیی.
16 ـ عومەری حمد مصطفی.
17 ـ کەریمی گوڵەی.
18 ـ سمایلی خەجانێ.
19 ـ ڕەشیدە زلە.
20 ـ مەلا تەهای نانەوا.
21 ـ سەید حەمە صالحی گوڵەشینی.
22 ـ حسێنی ئەمین مەلا.
23 ـ حسێنی بابەکری مەلازادە.
24 ـ مەلای شێخ عەلی.
25 ـ سمایلی ئەقێ قادری.
26 ـ ئەحمەد اغای باخچەوان.
27 ـ صالحاغای عبدالله‌غا.

ئەمانە هەمووبان بڕیارو پەیمان دەدەن کە گەلێك لە برا زیاتربن و هەردەم پشتی یەك بەر نەدەن، ئامانجی سەرەکیان ڕزگار کردنی وڵات بێ لە چنگی ئینگلیزی داگیرکەر ئەوەش هەربەوە دەکرێ کە یەکگرتوو و ڕاستگۆو ئازاو نەبەردو گیان بەختکەر بن لەپێناوی نیشتمانەکەیان. هەروەك دیلەکان و دەربەدەرەکان لە پێش کەوتنخوازەکان و بەیاننامەکانیان بیستبوویان هەربۆیەش ناویان لەخۆیان نا «پێشکەوتنخواز گەیشتبوون کە بەبرایەتی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و نەبەردی و گیان بەخشین، بەسەر دوژمندا زاڵ دەبن و میللەتەکەیان ڕزگار دەکەن چیترنا، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەیان صالحاغا پێشنیازی کردو ووتی لەبەر ئەوەی «حمداغای کۆیە» پیاوێکی خێر خوازودڵسۆزندەو وەك دەبێنین هەموو ڕۆژێ یارمەتی گشت لێقەوماو هەژاران دەدا، بۆیەوا بەباشی دەزانم ئاگاداری بکەین، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدا، چونکی کارەکەمان یارمەتی ئەوی پێویستە. هەموویان بە ئێکرایی ڕایەکەیان پەسند کرد. پاش چەند ڕۆژێك هەندێکیان چوونە لای «حمداغا» و پێیان ووت، پاش ئەوەی لەنیازیان گەیشتوو پیاوەکانی ناسی و خۆ پێی ووتن هەموونان ئازاو ڕەشیدن کۆبەش پیاوی وای پێویستە ئەوە لەپێشەوە هەزار لیرەتان بدەمێ و هەرکاتێکیش ج یارمەتیەکتان پێویست بوو ئاگادارم بکەن هەوڵ دەدەم هەموولایەك پشگیرتان لێ بکەن.

پێشکەو وتنخوازەکان کەوتنە جموجوڵ وردە وردە کەوتنە ناو لاوە خوێندکارەکان و پەرەیان سەند تاکو وای لێ هات ناوی جوولانەوەکە لەناو شاردا بڵاوبۆوە، هەندێ ناحەزیان لێ پەیدابوو لەوانە «ڕەسولی جەلیلاغا» چووە لای حمداغا و شکاتی لێکردن «حمداغا» ئەو کاتە قائمقام بوو، بەڕەسوڵاغای جەلیلاغای ووت «ڕەسوڵ چیتر دەم لەوانە مەدەو دەیانناسم و کۆیە پیاوی وا ئازاو ڕەشیدی دەوێ» ڕەسول آغا دەمی بەستراو پاشەوپاش گەڕاوە دواوە.

جوولانەوەکەیان پەرەی سەندو گەیشتنە سنووری سولەیمانی هەموو ماتگ نوێنەریان دەچوە سولەیمانی و نوێنەری ئەوانیش دەهاتنە لایان، پەکتریان لە هەموو چالاکیەك ئاگادار دەکرد، بەداخەوە تاکو ئێستا لایەنگرەکانی سولەیمانیمان نەزانیوە داوا لە دڵسۆزانی سولەیمانی خۆشەویست دەکەم بچنە بنج و بناوانی ئەمەوە لەبەر ئەوە شتێکی زۆر گرنگە لە مێژووی سولەیمانی خۆشەویست. ئەمانە هەردەم سوور بوون لەسەر بڕیارەکانی خۆیان و پشگیری یەکتریان گرتوە، جارێکیان پەکێ لە برادەرەکانیان بە ناوی «کەریمی مام عەلی» لەناو مەنگوڕان ڕووت دەکرێ و دەگەڕێنەوە کۆیە، هەوالەکە بۆ پێشکەوتنخوازەکان دەگێڕنەوە، ئەوانیش جێبەجێ «20» چەکداری لێهاتوو ڕێك دەخەن و دەیانێرنە لای ئاغای مەنگوڕان «کەریمی مام عەلی» یشیان لەگەڵ دەچێ، ئاغەی مەنگوڕان بەگەرمی یەوە پێشوازیان لێ دەکات و داوا دەکات نانیان بۆ بێنن ئەوانیش دەڵێن نان ناخۆین تاکو شتومە کەکانی ئەم زەلامەمان نەدەنەوە و ناوانبار سزا نەدەن، ئاغاکەش دەڵێ نەمان زانیوە سەربە ئێوەن و زۆریش عوزریان بۆ دێنێتەوە و کەل وپەلەکانیان وەکو خۆی بۆ دەگەڕێنێتەوە، چەکدارەکانیش ئەمە بەهەل ـ دەزانن داوا لە ئاغا دەکەن کە هەرکاتێك کاروانی کۆیەیان ڕێبان کەوتە

هەواڵنامەی کۆیە

لانان رێیان پێ‌مەگرن و رێگریش لە کوردان ناوەشێنەوەو بیرو باوەری خۆیانیان بۆ باسکردن و گەرانەوە کۆیە. ئەم رووداوە کاك وفتح الله ئەفەندی رەسوڵەی گێرایەوە، کە خۆی لەگەڵ چەکدارەکان بووەو ئێستاش لە کۆیەیە، دەگێڕدرێتەوە...

بەم جۆرە بەخوو و رەوشتی چاکیان بوونە جێگای رەزامەندی هەموو دانیشتوانی شارەکەو دەروبەریو هەمیشە لە کۆیە بەربەرەکانی ئیمپراتوریەتی عوسمانیان کردووەو سەرەرای هەموو برسێتیو دڕندەییو هەڵواسین وازیان لەچالاکی خۆیان نەهێناوە تاکو عوسمانییەکان کۆیەیان چۆڵکردوە، دوابەدوای ئەوان ئینگلیزەکان لە ڕۆژی 1918/12/15 هاتوونەتە کۆیە وە وا خۆیان نیشان داوە کە هاتوون میللەتان ڕزگار بکەن و خاکەکانیان ئاوەدان بکەنەوە بەڵام دانیشتوانی کۆیەی نەبەرد بەهیچیان هەڵنەخەڵەتاون بەتایبەتی پێشکەوتنخوازەکان هەردەم دژیان وەستاون، بۆیە چەند هەوڵیان دا نەیانتوانی جێ پێیەك بۆ ئامانجی بۆخۆیان بدۆزنەوە، لەبەر ئەوە حاکمی سیاسی ئینگلیزی بریاریدا کۆیە چۆڵ بکەن.

داوای لەقائمقامی ئەوکاتە کرد کە «جەمیل آغا» بوو لەگەڵ دەستەو بەرێوە بەرانی سەرا شەوبچنە قشڵەی کۆیە لەوێ لەگەڵیان کۆدەبێتەوە.

ئەم هەواڵە کەوتە بەرگوێی پێشکەوتنخوازەکان لە شەوی کۆبوونەوەکەدا دەورەی قشڵەیان دا. کە زانیان حاکمی سیاسیو دەستەو دائرەکەیو قائمقام و کاربەدەستانی لە قشڵەن دایانەنە بەر تفەنگان، حاکمی سیاسیو جەمیل آغا زۆر پەشۆکان لە ئەنجامی تەقەکان ئەسپی حاکمی سیاسی کوژ راو جەمیل آغا بە سووکی بریندار بووە یەك لەخزمانی جەمیل آغا هاوار دەکاتە پێشکەوتنخوازەکان دەڵێ ئاغە کوژ را تەقە ڕاگرن، لەبەر هەندێ ئیعتبارات تەقە ڕادەگرن، حاکمی سیاسی ئەمە بەهەل دەزانێ گورجوگۆڵی کەل و پەلەکانیان کۆدەکەنەوەو پاتارەکان لە بەینی خۆیان بەش دەکەن، بۆ بەیانی حاکمی سیاسی بەهۆی «مەلا حەویزاغای» غەفووی بەرێگای گوندەکانی بەینی کۆیەو هەولێر ڕزگاری دەبێو دەگاتە هەولێر. ئەمە شۆرشێکە دژی ئینگلیزی داگیرکەرو لە هەمان کاتدا زەمینە خۆشکردنیش بووە بۆ شۆرشی «1920»ی عیراق. دانیشتوانی کۆیە بە هەڵاتنی ئینگلیزەکان زۆر دلخۆش بوون بەڵام هەندێ لە ئاغەکان چوونە ڕانیە تورکەکان بهێننەوە کۆیە پێشکەوتنخوازەکان و دانیشتوانی کۆیە ئەم کارەیان زۆر پێناخۆش بوو، بەڵام ئاغەکان سوور بوون لەسەر هێنانەوەیان بەتایبەتی عبدالله‌غای حوێزی کە دەیویست بێتە قائمقام، کە تورکەکان هاتنەوە نەیان هێشت کەسێك لە ئاغەکانی کۆیە ببێتە قائمقام ڕەمزێبەگە ناوێکی تۆرکەکان بوو بە قائمقام کاروباری دەوڵەتیشی لە بەینی لایەنگرەکانی خۆیان دابەش کرد.

ئینگلیزەکان بەم کارە زۆر پەست بوون و بە سەرشۆڕییەکی گەورەیان دانا بەرامبەر بریطانیای گەورە، بۆیە بەیاننامەیەکیان بە فڕۆکە بڵاوکردەوە تێیدا ئینتزاری کۆیەو هەمور هەرێمی کۆیەیان کرد وا لەخوارەوە ناوەڕۆکی ئینزارەکە دەنووسمەوە «ئەی دانیشتوانی کۆیەو هەرێمی کۆیە ئەوە بزانن و ئاگادارتان دەکەین کە هەندێ لە پیاو خراپان لە سنووردانن و هاتوونەتە ناوتان و پیلان دژی دەوڵەتی پایە بەرزی بریطانیای گەورە دەگێڕن، بۆیە هەرکەسێك سەلامەتی خۆیو مال و منداڵی خۆی دەوێ، خۆی لەوانە دوربخاتەوەو گوێ بە فەرمانەکانیان نەدات، ئەگینا توشی سزایەکی گەورە دەبێت» پاش ئەم ئاگاداریەیە ڕاستەوخۆ شەش ڕۆژ لەسەر یەك کۆیەیان بۆردومان کرد.

لە ئەنجامی ئەم بۆردومانە دڕندانەیە چەندان خانوو بەسەر خێزانەکانیان دا تەپیو بە دەیان ژن و منداڵ شەهید بوون، لەهەمان کات دا لاوەکانی کۆیەو پێشەوتنخوازەکان لەسەربانە بەرزەکانی کۆیە فڕۆکەکانی دەوڵەتی پایەرزی بریطانیایان دایە بەر تەقەی تفەنگان و دڵی خەڵکی دانیشتوانی شارەکەیان دەداوە، هەروەها لە کاتی بۆردومانەکە لاوی بوێژ و بەجەرگ «مەلا عەزیزی شاخەپیسکەیی» کە شاعیرێکی بڵیمەت بوو هۆنراوەی شۆرشگێرانەی دادەنا دژی ئینگلیزەکان هێندێ لەم هەڵبەستانە لەسەر زاری ڕۆڵەکانی کۆیە دەوترینەوە لەبەر ئەوەی ئەدەبی والآن بە پێویستم نەزانی لێرە بیان نووسمەوە.. ئایە ئەمە شۆڕش هەڵگیرسان نیە دژی داگیرکەری ئینگلیز؟ وە وابزانم گەلێك لە شڵۆقان زیاترە..!! ئەوەی شایانی باسە لە

هەوالنامەی گەلی کورد

رۆژانی بوردومانەکە نیشانەی هاریکاری و کۆمەک کردنی ناو شارگەیشتبووە ئەو پەری. هەموو شار بیوونە یەک خێزان هەریەکە دایک و خوشک و براو باپیری خۆی رزگار دەکردو بەبێ ئەوەی کەسێک چاوبێرێتە مال و سامانی ئەوی کە - پاش بۆردومانەکە تورکەکان رۆیشتن و ئینگلیزەکان هاتنەوە: دەبێ بۆ مێژوو ئەم راستیە بنووسرێ کە ئینگلیزەکان بۆ جاری دووەم دەگەڕێنەوە (جمیل آغا)ی خوالێخوش بوو بە «لاین»و یەکێ لەکاپتانەکانیان دەڵێ: -

«ئێوە کە کۆیەو ناوچەی کۆیەتان چۆل و کردو لەکاتی خۆشی کە تورکەکان رۆیشبوون پەیمانمان لە گەڵیان بەستبوو کە هیچ لایەکتان نەبەنەوەو ئێمە خۆمان کاروباری ولات هەڵدەسوورێنین». هەربۆیە کە ئینگلیزەکان لە کۆیە هەڵدین و دەڕۆن «جمیل آغای» قائمقام لەسەرا دادەنیشێ و «عەولاغا»شی لەلا دەبێ جمیل آغا دەڵێ «با جەنابی مەلا محمدەیش بانگ بکەین واتە جەنابی مەلای گەورەی کۆیە، بەڵام بەداخەوە «عەولاغا» بەرزەپێ بڵند دەبێ و دەڵێ «ئەو مەلاو دەست و پێ سپیە، حەقی بەسەر ئێشی واوە چیە؟» بەڵام جمیل آغا گوێ نادانە قسەی «عەولاغا» ئەنجومەنێکی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە دادەنێن و جەنابی مەلای گەورە دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە سەرەڕای کاروباری قاضی یەتی. بەڵام «عەولاغا». لەبەر ئەوەی دەپویست ببێتە قائمقام بەوە رازی نەبوو، هەوڵیدا کە تورکەکان بۆ جاری دووەم بهێنێتەوە کە لە دیوی رانیە بوون. کە لە پێشەوە باسمان کرد. وە ئەوەی جێگای پێکەنینە کە ئینگلیزەکان کۆیەیان بوردمان کردو تورکەکان هەڵاتن، «جمیل آغا» چەند هەوڵیدا، کە عەولاغا رانەکات، بەڵام سوودی نەبوو هەتا تورکیا رانەوەستاو لەوێ خۆی گرتەوە، لەوێش تورکەکان بەچاوی سووکەوە سەیریان دەکردو هەڵس و کەوتیان لەگەڵی زۆر خراپ بوو پاش چەند ساڵێک عەفووی بۆ دەرچوو گەڕایەوە کۆیە. لەو لاشەوە ئینگلیزەکان هەموو مال و سامانەکانیانی تالان کردبوو واتە لە تورکیش و لەئینگلیزیش بوو. . . !!!؟ ئەمەیە سوودی مێژوو بزانن «فەرد» واتە تاکە کەس چ رۆڵێک دەبینێ ئەگەر رێگای جەمیل آغاو جەنابی مەلای گەورەی بداباو باری کۆیە بە جۆرێکی وا هەڵدەسوورا کە سوودی هەموو هەرێمەکەی تێدابێ چونکی گومان لەوەدا نەبوو لەنجوومەنێک کە سەرۆکەکەی مەلای گەورە بێ و ئەندامەکانی جەمیلاغاو هاوڕێکانی بێ، بەڵام خۆیەرستی و مەبەستی نایەتی و لەخۆبایی بوون چی بەخۆی و چی بە میللەت کرد، بۆردومانەکەش هەر لە ئەنجامی رەفتاری ناراستی «عەولاغا»و دەستەو دائرەکەی بوو. واتە کە مێژوو دەنووسرێ دەبێ ئەم لایەنانەی کە رێرەوی مێژوو بە هەرلایەک دەگۆڕێ پێویستە بخرێتە بەرچاوی میللەت و خوێنەرو مێژوونووسان. .

دیسان بۆ مێژوو نیشانی دەدەم کە «جەمیل آغا» هەردەم ویستوویەتی شاری کۆیە یەکگرتووبێ رێگای دوژمنانی نەداوە کە دووبەرەکی بکەوێتە ناو بنەماڵەکانی کۆیە بۆ نموونە لە زاری جەنابی مەلای گەورەی کۆیە دەگێڕنەوەو دەفەرموێ «من و(جمیل اغا) بەتەنها لەلای یاریدەدەری حاکمی سیاسی دانیشتبوین، ئینگلیزەکە ووتی. . «من غەفوورێیەکان هەموو نەفی دەکەم». جەمیل آغاش لێ بەدەنگ دێ و دەفەرموێ «کەوابێ لەپێشەوە ئێمەش نەفی بکەن، چونکی ئێمەی «حەوێزی»و ئەوانی «غەفووری» بەیەکەوە جوانین و لە شارەکە هەر بەیەکەوە برانەوە. . ئەماشاو سەرنجی ئەم ووتە بە نرخەی جەمیل اغای خوالێخۆشبوو بدەن کە پێیەتی لە برایەتی و دۆستایەتی و یەکیەتی واتە سوودی مێژوونووسین چیە ئەگەر ئەم هەڵ ویست و ووتانە بەرچاوی خوێنەری بەرێز نەخرێت و هەر لایەنە هەقی ئەواوی خۆی نەدرێتێ لەسەری نەڕۆن. هەموو دانیشتوانی کۆیە دەبێ ئەم ووتەیە بکەنە پەندێکی گرنگ و لەسەری بڕۆن. هەزار سڵاو لە گیانی پاکت بێ جەمیل آغا.

بۆیە ئینگلیزەکان زۆر بە دڕندانە ورق و کینەیێکی وا هاتنەوە رووی راستی خۆیان بۆ ئەوانەش دەرخست کە بەداخەوە پێیان هەڵخەڵەتابوون. دەردێکی وایان دا دانیشتوانی بێ تاوانی شاری کۆیە مەگەر بابە دەواری شڕی کردبێ. لە پێشەوە دەستیان کرد بە لەناوبردنی جوولانەوەکەی پێشکەوتنخوازەکان، ئەندامە بە جەرگەکانیان لەناوبردن. لە سەرووی هەموویانەوە دەستیان

هەولێنامەی کۆیە

دڕێڕکرد بۆ لاوی جوان مەردو نەترس «عبدالله‌ی مام شێخ» بە نوێنەری نیوەرۆ لە بەردەم یەك لە گازینۆکانی کۆیە شەهیدیان کرد، دوایی هەڵیان کوتایە سەرمانی، «حاجی میرزا عبدالله چاوەڕەش» کە دەم راستی پیشکەوتنخوازەکان بوو خۆو بەخت لەمان نەبوو و ڕای کرد بۆ قەلادزەو لەوێشتەوە ڕۆیشت بۆ سولەیمانی لەوێش هەر وازی لە کوردایەتی خۆی نەهێناو دوکان و ماڵەکەی ببووە شوێن کۆڕی هەموو بوێژ و دڵسۆزێکی کورد.

دوایی جەندرمەکانی ئینگلیزیو پیاوەکانیان لاوی ئاواز نەبرد وحەمە مرادەی جەلالیان دەست کەوت و شەهیدیان کرد، دوابەدوای ئەوە هێرشیان بردە سەرمانی شەهید «قاسمی ڕەسولی خدری» ئەویشیان شەهید کرد. وورده وورده ئەوەی شەهید کرا ئەوەی دەربـاز بوو، لەوانـەی هەڵاتن «حاجی نایەری حاجی صالحی» دارۆغەیی و «عەدە قەوان» و «عبدالله خرە» بەرەو لای مەنگوران ڕۆیشتن لە ڕێگا لەگەڵ عەشیرەتی «گەورکان» تووشی شەڕێکی قورس هاتن «عبـدالله خرەو» نایەر کۆیی» چوونە ناو سەنگەرێك سەنگەرەکەیان بە جێ نەهێشت تاکو لەناوی‌دا شەهیـد کران، ئیستاش بەم سەنگەرە دەوترێ (سەنگەری کوێی‌یان)، بەم جۆرە زۆربەیان لەناو چوون و دەربەدەر بوون بەڵام بیرو رایەکەیان تاکو ئیستاش هەرماوە نەوکانیان زۆر بەشـانـازییـەوە ناویـان دەبـەن و ڕێبینیـان دەکـەن. دوای پێشکـەوتنخـوازەکـان، داگیر کەری ئینگلیز بەربـووە گیانی میللەت و دانانی باج و سەرانە، ڕۆژێك پیاوێکی دیندار دەچێتە لای جەنابی مەلای گەورەو پێی دەڵێ قوربان شەرع ڕێگا دەدا باج و سەرانە بدەینە ئینگلیزی کافر؟ جەنابی مەلای گەورش هێندیك دادمێتێو بۆی دادەمێنێ لەبەر زیرەکی‌و حسابی ووردی خۆی، دەنا بەلای ئەوەوە وەڵامەکەی زۆر ئاسان بووە، بە پیاوەگە دەڵێ بەیانی وەرەوە وەڵامەکەت دەدەمەوە، لە هەمان ئیوارە جەنـابی مەلای گەورە بەپیـاسـە دچێتە لای قۆنگری سەرشاخان شوێنێکە نزیك مزگـوتی «حـاجی مەلا ئەسعەد» لەوێ نووشی حاکمی سیـاسی ئینگلیـزی دەبێو بانگی دەکـات و جوابـەزی دەکاتەوەو پێی دەڵێ «فـەیەکەم هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم بەڵام ئەگـەر دەزانی تووڕە دەبی پێت ناڵێم «ئینگلیزەکـە دەڵێ فەرموو بڵێ تووڕە نابـم» جەنـابی مەلای گەورەش دەفـەرمـوێ ئێـوە فەرمانتان داوە باج لە دانیشتوانی کۆیە بسێنن..؟ ئینگلیزەکە کە گوێی لەمە دەبێ هێندەی‌تر سوور دەبێتەوە تووڕە دەبێو ڕوو لە مەلای گەورە دەکات و دەڵێ بۆچ پێت ناخۆشە باج و سەرانە وەربگیرێ

بۆ دەوڵـەتی پایـە بەرزی بریطـانی؟ مەلای گەورەش وەڵامی دەداتەوە دەڵێ ئەدی ئێوە پێتان خۆشە کورد بێ ڕولاتتان داگیر بکاو حاکمێك دابنێن باج و سەرانە لە میللەتی ئینگلیز وەربگرن؟ ئینگلیزەکە لە وەڵاما دەڵێ نەخێر، جەنابی مەلای گەورەش دێتە وەڵام و پێی دەڵێ ئێمـەش.. نەخێـر.. بەرەو مزگـەوتەکـەی دەگەڕێتەوە. بۆ بەیانی خاوەنی پرسیار دێتەوە لای جەنابی مەلا بۆ وەڵامـەەی، ئەویش لە وەڵامـا پێی دەڵێ بە شەرع دورست نیـە سەرانە بەگەڕێنە ئینگلیزو ئارەزووی خۆشتە.

بەم جۆرە ئینگلیزەکـان بەربـوونـەتە گیانی دانیشتوانی کۆیەو هەموو ڕۆژەهەڵاتی ناوەراست.

سەرچاوەکان: -

---

1 ـ کاك «مـەلا تەهـای نانـەوا» کە خۆی لەنـێـو زۆربـەی ڕووداوەکاندا ژیاوەو ئێستاش لە ژیاندا ماوە.

2 ـ کاك «عبدالرحمن اسماعیل ڕەسول» بەنامە «ڕووتە» ناسراو.

3 ـ دەست نووسـەکـانی نەجیـە خانی کچی جەنـابی مەلای گەورەی کۆیە

4 ـ چەند لاپەڕێك لە مێژووی گەلی کورد بەشی یەکەم د. کەمال مەزهەر.

5 ـ دور الشعب الكردي في ثورة العشرين د. كمال مظهر.

6 ـ هەردوو دیوانەکەی حاجی میرزا عبدالله‌ی خادم.

7 ـ مێژووی شاری کۆیە بەرگی دووم مامۆستا طاهر احمد حوێزی.

8 ـ مامۆستای بەڕێز عبدالمجید نورالدین.

هەولێنامەی کتێب

بەراوورکردنێکی نێوان



هەوالنامەی کۆیە

— «عبدالحسین بنی‌ویش» —

لە ژمارە (105)ی ئەم گۆڤارە «گۆڤاری رۆشنبیری نوێ» بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بڵاوکرایەوە، وا لێرەدا بەشی دووەمی توێژینەوەکە پێشکەش دەکەم:

1 ـ بە پێویستم زانی ئێستر لەمەودوا لەباتی زاراوەی «زاری خانەقی و مەندەلی» زاراوەی «زاری گەرمەسێر» بەکاربێنم نەك بە هۆی ئەوەی کە زاراوەیەك بەم ناوونیشانە هەیە یاخود بەمەوێ زاراوەی نوێ دروست بکەم، بەڵکو هەر تەنها بۆ کورت کردنەوەو ئاسان کردنی کارەکەی خۆم.

2 ـ دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ سەرباسی گۆڕان و قڕتاندنی دەنگەکان. هێندێکی کە لە دەنگەکان لە شێوەی گەرمەسێر دەگۆڕێن یاخود دەقڕتێن و گوناکرین وەکو:

أ ـ گۆڕانی دەنگی «د»: هەرچەندە ئەم گۆڕانە لە شێوەی سۆرانی، بەتایبەتی لە شێوەی سلیمانی دا هەیە [بۆنمونە «دال» لە شێوەی سلیمانی دەگۆڕێ و دەبێ بە «نگ» (چەند = چەنگ)] بەڵام لە شێوەی گەرمەسێر زۆرترەو دەبێ بە «ێ»، ئەم نمونانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: «فەرهاد = فەرهاێ کادان = کایان، مەیدان = مەیان».

ب ـ دەنگی «ت» ئەگەر لەپاش دەنگی «س» بێ قەت گۆ ناکرێ وەکو:

«مەست = مەس. خەست = خەس. ماست = ماس. شەست = شەس».

حـ ـ هێندێ جار دەنگی «گ» گوناکرێ و دەقڕێ وەکو: «سەنگین = سەین خەمگین = خەمین. ڕەنگین = ڕەین» لێرەدا دەبێ ئەوە ڕچاو بکرێ کە دەنگی «ی» لەپاش دەنگی «گ»ە بۆیە گوناکرێ، ئەگەر هیچی لەپاشدا نەیەت گۆدەکرێ وەکو:

ڕەنگ، سەنگ» و هەروەکو خۆی دەمێنێتەوەو گۆدەکرێ.

د ـ هێندێ جار دەنگی «وو» دەگۆڕێ و دەبێ بە «ی» وەکو: «قوتوو = قوتی، شووشە = شیشە».

هـ ـ دەنگی «ت» لە کەسی دووەمی تاك و کۆدەگۆڕێ و دەبێ بە «د» بۆنمونە:

«خۆت = خۆد. ماڵت = ماڵد، کارتان = کاردان. خۆشیتان = خۆشیدان».

و ـ هێندێ جار دەنگی «هـ» دەگۆڕێ و دەبێ بە «خ» بۆنمونە:

«هەویر = خەویر. هەڕی = خەڕی».

ز ـ هێندێ دەنگی «خ» دەگۆڕێ و دەبێ بە «ق» بۆنمونە: ـ «دووزەخ = دووزەق. یاخە = یەقە. خورشید = قورشید. شوخی = شووقی».

ح ـ هێندێ جار دەنگی «آ» دەگۆڕێ و دەبێ بە «ە» بۆنمونە: ـ «سارد = سەرد. چاو = چەو. یاخە = یەقە».

3 ـ پاشگری «او» لەگەڵ ڕیشەی فرماندا لە سۆرانیدا «أسم المفعول ناوی بەرکار» پێك دێنن، بەڵام لە شێوەی گەرمەسێر پاشگرەکە ئەمەیە «یاگ» و لەگەڵ ڕیشەی فرماندا دەبێ بە «أسم

المفعول = ناوی بەرکار» بۆ نموونە :

«ڕماو = ڕمیاگ . خوراو = خوریاگ . سوتاو = سوزیاگ» .

4 ـ «ئەو» پێشگرێکە لە شێوەی گەرمەسێردا لەگەڵ فرماندا دێت و دەیکا بە فرمانی فرێزی «Phrasal Verb» بۆ نموونە : ـ «ئەو خواڕ هاتن» هاتنە خوارەوە .

ئەو بان چگن = چوونە سەرەوە . ئەو کار کەفتن = کەوتنەکار

5 ـ وەکو لە بەشی یەکەمی تۆژنیەوەکە ڕوونمان کردەوە کە پاشگری «ێل» ئامرازی کۆکردنەوەیە لە شێوەی گەرمەسێر، بەڵام ئەوە ناگەینێ کە پاشگری «آنة» کە لە سۆرانی دا باوە لەم شێوەیەدا قەت بەکار ناهێنرێ، نەخێر بەڵکو پێچەوانەوە زۆر بەکار دەهێنرێ و ئەم نموونانەی خوارەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە : ـ

أ ـ پەندێکی پێشینان دەڵێ : «ماران پێوەدای لەبەن سیەو چەرمی ڕخی چوود» .

ب ـ بەیتێکی فۆلکلۆری دەڵێ : «تاکەی بنیشم لە سایەی دیواران

زەنجیر لە گەردەن چوور گونا کاران»

حـ ـ بەیتێکی فۆلکلوری کە دەڵێ : «ئەوسا بزان نەماگە دەنگی دڵێران

ڕێوی ڕابودگە لە جاگەی شێران»

6 ـ ئاوڵکار : دیسان لێرەدا باسی ئەو ئاوڵکارانە دەکەین کە جیاوازیان لەگەڵ شێوەی کرمانجی خواروو هەیە ، یان هەر لە شێوەی کرمانجی خواروودا بەدی ناکرێ :

سۆرانی	گەرمەسێر
سەرێ	بان
جێگە	جی
پێش	نوا
لەوێ	لەورە

أ ـ هێندێ ئاوڵکاری کات لە شێوەی گەرمەسێر هەیەلە شێوەکانی تردا، بەردی ناکرێن وەکو: ،

1 ـ گوڵ سوو واتا (شەفەق) . (وەل گوڵ سووا چی) . واتا (لەگەڵ شەفەقدا ڕۆیشت) .

2 ـ خۆر بان سویەر. واتا «ئەو کاتە لەپاش بەرز بوونەوەی خۆر لە ئاسماندا هەتا پێش نیوەڕۆ» . «خۆربان سویەر بوی و هێمان نەڕەسی یە» واتا «خۆربان سویەربوو و هێشتا نەگەیشتووە .

3 ـ شام کەنیزان . واتا «ئەو کاتە لەپاش شێو هەتا پێش نیوەشەو» .

«لە شام کەنیزان لە ماڵ دەرچی» واتا «لە شامی کەنیزان لە ماڵ دەرچوو» .

4 ـ بانا شەو «شەوی ئایندە» «بانا شەو دەس کەیمە کار» واتا «شەوی ئاینە دەست بەکار دەکەین» .

5 ـ فەرد بانا شەو. واتا «شەوی پاش شەوی ئایندە» «فەرد بانا شەو نامەیەک نویسم» واتا «فەرد بانا شەو نامەیەک دەنووسم» .

6 ـ دکوت شەوار. واتا «نیوەشەو» .

«دکوت شەوار شام کرد» واتا «نیوەشەو شێوی خوارد»

7 ـ پگا . واتا «بەوەختەوە» . «وە پگا کەفتە ڕێ» واتا «بەوەختەوە کەوتە ڕێ»

ب ـ ئاوڵکاری جێگا : لێرەدا تەنیا باسی ئەو ئاوەڵکارانە دەکەین کە لەگەڵ شێوەی سۆرانیدا جیاوازیان هەیە :

نموونەیەک لە ڕستەدا

«لەبان زەوی نیشتیە»واتا «لەسەر زەوی دانیشتووە»

«لەی جیە وازی کەن»واتا «لەم جێگایە یاری دەکە»

«منا لەیل هاتن و دلێر لە نواوە بوی»واتا «منالان هاتن ودلێر لەپێشەوە بوو» .

نوا بۆ کاتیش بەکار دەهێنرێ وەکو:

«لەنوایا قسەی خوەی کرد» واتا «لەپێشا قسەی خۆی کرد»

«لەورە سیەماڵ ئەڵدان» واتا «لەوێ ڕەش ماڵیان هەڵدا» .

هەواڵنامەی کتێب

بەر	وەر	«لەوەر مالّمان بەزم و شاییە» واتا «لەبەر مالّمان بەزم و شاییە».
پاش	پشت	«باخەگە کەفێدە پشت ئاوای» واتا «باخەکە دەکەوێتە پاشەوەی ئاوایی».

حـ ـ ئاوەڵکاری کات:

سۆرانی	گەرمەسێر	نموونەیەك لە ڕستەدا
هێشتا	هێمان	«هێمان مەردمەگە نەڕەسینە واتا «هێشتا خەڵکەکە نەگەیشتوون».
پیرێ	پیرەکە	«پیرەکە هاتم» واتا «پیرێ هاتم».
پار	پارەکە	«پارەگە کەنم کاڵیم»واتا «پار گەنم چاند»
پێرار	پێرارەکە	«پیرارەکە بارکرد» واتا «پێرار باری کرد»
سبەینێ	سوو	«سوو سەفەر کەم»واتاسبەینێ سەفەر دەکەم»

د ـ ئاوەڵکاری چۆن و چەند:

سۆرانی	گەرمەسێر	نموونەیەك لە ڕستەدا
وەکو	چوی	واتا (پیری وەکو تای شەوانە ئازارم دەدا، ڕەنگ زەردو هەمیشە نەخۆشم».

(پیری چوی شەو تەو مەیەی ئازارم
ڕەنگ زەرد وزایف دایم بیمارم)

(نموونەیەك لەڕستەدا)

سۆرانی	گەرمەسێر	چوی خەڵقم کردی سبحان عەظیم هەوا سەردو گەرم دنیا دێگە لیم واتا «چۆن خەڵقت کردن خودای مەزن، بای ساردو گەرمی دنیام لێ دەدا».

هەوالنامەی کتێب

وا، وەها	چونیە	«چونیە چەرمگە ئویشی وەفرە واتا «وەها سپی‌یە دەڵێی بەفرە».
دیسان	لەنوو	کویەنە زامانم زەرەی وەسووە وەختی کوڵێگەو چما لەنووە واتا «زاهانی تۆزێ بە ئێشە کاتێ دەکوڵێتەوە دیسان ئاگری تێ‌بەربێ
گەلێك	قەیزێگە	«قەیزێگە قسە هەس» واتا«گەلێك قسە هەیە»
با	بیلا	بیلا پیم بای هەرچگە رەزای بوود هەرچی پیمان بای کوللی وەرەزای تووە واتا «با لێمان بقەومێ گەر بەرەزای خوا بێ، هەر چیمان لێ بقەومێ هەمووی بە رەزامەندی خودایە».
وەك	منێ	ئەو قەرە شرینە منێوە گورجی فەرەنگە» واتا «ئەوەندە شیرین وجوانە وەك گورجی فرەنگە».

7 ـ فرمانی ڕابردوو: لە بەشی یەکەمی ئەم تۆژینەوەیەدا باسی فرمانی ڕانەبردوومان کرد لێردا باسی فرمانی ڕابردوو و جۆرەکانی دەکەین و لەگەڵ شێوەی سۆرانیدا بەراوردیان دەکەین: ـ

أ ـ ڕابردووی سادە: ئەم جورە لە ڕابردوو هەر وەکو سۆرانی وایەو هیچ جۆرە جیاوازێکیان لە نێواندا نی‌یە هەر ئەوە نەبێ هێندێ ڕاناو دەگۆڕێ وەکو:

سۆرانی	گەرمەسێر
من کەوتم	من کەفتم
تۆ کەوتی	ت کەفتی
ئەو کەوت	ئەو کەفت

سۆرانی	گەرمەسێر
ئێمە کەوتین	ئیمە کەفتیم
ئێوە کەوتن	ئیوە کەفتین
ئەوان کەوتن	ئەوان کەفتن

ب ـ ڕابردووی نیزیك: ئەم کاتە تۆزێ جیاوازیی لەگەڵ ئەوەی سۆرانیدا هەیە:

سۆرانی	گەرمەسێر
من کەوتوونم	من کەفتمە
تۆ کەوتووی	ت کەفتیدە
ئەو کەوتووە	ئەو کەفتیە

سۆرانی	گەرمەسێر
ـــــ	ـــــ
ئێمە کەوتووین	ئیمە کەفتیمە
ئێوە کەوتوون	ئیوە کەفتینە
ئەوان کەوتوون	ئەوان کەفتنە

جـ ڕابردووی دوور: ئەم کاتەش تۆزێك جیاوازیی هەیە بە بوونەی پاشگری (بوو) کە لەگەڵ

هەوڵنامەی کتێب

ڕیشەی فرماندا ئەم جۆرە ڕابردووە پێك دێنێ واتا (ریشەی فرمان + بوو = ڕابردووی دوور) پاشگـری (بـوو) لە شێـوەی گەرمەسێر بە (بـوی)یـان (بـی) گۆ دەکـرێ بۆیـە بە (خواردبیم، کردبیم) بەڵام چەند هۆزێك وەکو ئەرکەوازی‌و قەرەوڵس دەڵێن «خواردویم، کردویم».

سۆرانی	گەرمەسێر
من کەوتبووم	من کەفتبیم (کەفتویم)
تۆ کەوتبووی	ت کەفتبید (کەفتوید)
ئەو کەوتبوو	ئەو کەفتبی (کەفتوی)
ئێمە کەوتبووین	ئیمە کەفتبیمن (کەفتویمن)
ئەوان کەوتبوون	ئەوان کەفتبین (کەفتوین)

د ـ ڕبـردووی بەردەوامی (هـەمیشـەیی): ئەم کاتـە لە شێـوەی گەرمـەسێـر بەدی ناکـرێ. بەڵام

سۆرانی	گەرمەسێر
ئێستا	ئێرنگە
بۆیە	ئەرایە
بۆ ئەوەی	ئەرایەگ
بەڵکو	(شایەد، بەشکو)
ئەگینا	ونە

پێشگـری (پـەسـا) یان (وەپـەسـا) لەگـەڵ ڕابردووی سادەیا ئەم کاتەمان بۆ پێك دێنی واتا:

(پەسا + ڕابردووی = ڕابردووی هەمیشەیی).

سۆرانی	گەرمەسێر
من دەکەوتم	من پەسا کەفتم
تۆ دەکەوتی	ت پەسا کەفتی
ئەو دەکەوت	ئەو پەسا کەفت

سۆرانی	گەرمەسێر
ئێمە دەکوتین	ئیمە پەسا کەفتیام
ئێوە دەکەوتن	ئیوە پەسا کەفتین
ئەوان دەکەوتن	ئەوان پەسا کەفتن

ئامراز: ئامرازی ڕێزمان لە شێوەی گەرمەسێر زۆرە، بەڵام لێرەدا تەنها هەر باسی ئەوانە دەکەین کە جیاوازیان لەگەڵ شێوەی سۆرانیدا هەیە وەکو:

نموونەیەك لەڕستەدا	
باران ئویشی کەی کەم، ئیرنگە کەم	
واتا «باران دەڵێ هەر ئێستا	
دەبارم» «پەندی پێشینانە».	
ئەرایە بویل دام تا کورم	
لەمالّەیل نەخەفێ واتا «بۆیە	
پارەم دا هەتا کورم لە مالّان	
نەخەوێ» «پەندی پێشینانە»	
ئەرایەگ بتەو بوو بسماریّتر دە	
لێ واتا «بۆ ئەوەی پتەوتر بێ	
، بسمارێکی کەی لێ دە.	
نزا کەم شایەد نزام وەلای خودا	
بڕەسێ واتا «نزا دەکەم بەڵکو	
بگاتە لای‌خوا».	
ئەرات نەویاتا ونە من ئەی‌کارە	
نەکردم واتا «بۆ تۆ نەبوایە	
ئەگینا من ئەم کارەم نەدەکرد.	

هەوالنامەی کتێب

پیشەسازیی سابونی کوردەواری

ئامادەکردنی: ڕووناک محمود بۆمبا

پیشەسازی بە شێوەیێکی سەرەتایی و ساکار بۆ هێنانە دی ئەو شتانەی کە پێویستی ئادەمیزاد بوون، لە کۆنەوە هەربووە، کشتوکاڵ و بەردتێژکردن لەلایەن ئادەمزادی کۆنەوە بۆ کاتی خۆی.

ڕاستە کە شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا، بزوتنەوەیێکی تازە بوو، وە داهێنانی ئامێرو هێزی بزوێنەر لە بەرهەمەکانی ئەم شۆڕشەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیشەسازی نەتەوەیی هەر لە ناوەندا بووە. جا ئێمە لەم مەودایەدا لە داهێنانی هێزی هەڵم و دۆزینەوەی هەندێك بیردۆزی فیزیاو داهێنانی کیمیا نادوێین، چونکە ئەمە پەیوەندی بە پیشەسازی گشتییەوە، هەیە، بەڵام من لێرەدا لە پیشەسازی نێو کوردەواری دەدوێم:

نەتەوەی کورد لە دێرکاتەوە پشتی بە شان و باهو و دەست ڕەنگینی خۆی بەستوە لە بەدەست هێنانی پێویستیەکانی ژیان، وەکو خواردەمەنی و جل و بەرگ و کاڵەوپێتاوو کەل وپەلی ماڵ و کەل وپەلی جەنگ و پێویستی دروست کردنی خانووبەرەو ڕایەخ و چەند لایەنێکیتری ژیان...

بۆ ئەم کارانە سوودی لە کەرەسەی خاوی خاکی کوردەواری وەرگرتووە وەکو ئاژەڵ و باڵدار بەخێوکردن سەرچاوەی سەرەکی شیرو بەرهەمەکانی و هێلکەو گۆشتیان بووە... جگە لەمە خوریو موەکەی سوودی لێبینراوە لە دروست کردنی بەرماڵی کوردیو جاجم و پۆپەشمین و مافورو ئائیستاش ڕەواجیان هەیەو ناوبانگی دەرکردووە. ئەمە کاری جوڵاکانە...

لە موو خەراری شاش بۆ تووتن و خەراری سفت بۆ دەغڵ و دان بەرهەمی موتاپچیەکان بووە، کە هەندێ جار (موتاوی)یان پێدەڵێن لە سولەیمانیو کۆیەو کەرکووك و هەمەدان و سنە باو بووە...

کەرەسەکە ژنان لە ماڵەوە بە تەشی دەیان ڕیست و لە کارگەکاندا (موتابخانەکاندا) دەیان چنی... لەم دوو کەرەسەیە جل وبەرگی پیاوانە دروست دەکرا وەکو ڕانك و چۆغەو پەستەك و گورەوی پۆزەوانە... هتد

لە ناوچەی گۆران بەتایبەتی لقی هەورامان لە تەختەی دارگوێزو داربەروو قۆچی ئاژەڵ دەرگەو پەنجەرەو بێشکەو صندوق و شەش تەرخان و شەترەنج و نەردو قوتووی جگەرەو سەبیل و دەسکی چەقۆو کێردو قەڵەمیرو خەنجەری کوردی نایاب و ... هتد

دروست کراوە... پاشان چەخماخسازی لە کوردستاندا پێشکەوتوو بووە... (بەتایبەتی وەهتاکانی سولەیمانی لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی بابانەکاندا)...

کورد ووتەنی (تیغ هاوڕێ پیاوە) کەل و پەلی جەنگیان دروست کردووە وەکو شیرو تیرو تفەنگ... بەڵام بەناوبانگترین کارگە لە کوردستاندا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (پاشای کۆرە) دامەرزا لە ڕەواندز... هەر بەچەکی سووك نەوەستا بەڵکو چەکی قورس وەکو (توپ) یان دروست دەکردو وەستا ڕەجەبی ئیمارەتی سۆران لەم بوارەدا نێوداڕە. جگە لە قوری سوورەوەکراو

هەوالنامەی کۆڵین

گۆزەو دیزەو تەنوور و قاپ و سوێنەو کوپەو کوزە هتد. . . دروست کراوە.

لە کانەکان مس و زیوو زەرد مەنجەڵ و قاپ و کەوچک و مینی و دەست شۆرو سەماوەرو پەرداخ و جام و. . . هتد کە بە نەخشی و نیگار وەیان نەخشاند، دروست دەکران. . .

لەم پیشەسازیانە، (سابون)ە لە هەموو شارەکانی کوردستان لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا سابوون لە شارو دێ، بەرهەمێکی ناوچەیی بووەو لە مالاندا دروست دەکراو کارگەی تایبەتیشی هەبووە. . . ئەو بنەمالانەی کارخانەی سابوونیان هەبووە بە سابوونچی ناسرابوون.

هەر لەگەڵ ئاوەدان کردنەوەی شاری سولەیمانی پاشاکانی بابان بایەخێکی زۆریان بە دروست کردنی سابوون داوە، ئەوەبوو سابوونچیەکان هەمووبان لە گەرەکێك کۆبوونەوەو ناوی گەرەکەکەیان نا (سابوونکەران) ئەم ناوە تائێستاش ماوەتەوە.

وە نەبێت بەرهەمی سابوونی ئەم مالانە هەر بەشی شاری سولەیمانی ناوچەی سولەیمانی و کردبێت، بەڵکو بۆ گەڵێك شوێنی کوردستان و دەرەوەی دەڤێردرا، بازرگانەکان بەرهەمی ئەم مالانەیان دەکڕی و لە خانەکاندا کۆیان دەکردەوەو جا بە کاروان دەڤێردرا بۆ بەغداو مووسڵ و حەڵەب و دیاربەکرو تەوریز. . . هتد

هەر ئەو کاروانانە لەو سەر لە گەرانەوەیاندا کوونالی بازرگانی و عەتر و شەکرو چایان باردەکردو دەهاتنە سلێمانی.

لە گەرەکی سابوونکەران لە سولەیمانی ئەم مالانە بەناوبانگ بوون لە سابوون دروست کردندا کە پێیان دەوترا سابوونچی:

1 ـ مالی سەعیدی خەجەخان
2 ـ مالی نایەری خالە.
3 ـ مالی ئەحمەدی عزیز ئاغا.
4 ـ مالی حاجی کەریمی حەتەم
5 ـ مالی حەمەی ڕەسول،
6 ـ مالی حسێنی سەعیدی میرزا
7 ـ مالی میرزا صالحی حەسەنی سابوونچی. . . هتد

ئەم کۆمەڵە مالە لە گەرەکی گوێژە ناونران سابونکەران وە ئەو پاستە شەقامەی بەم مالانەدا تێ دەپەڕی ناونرا شەقامی سابوونکەران (تائێستا هەر بەم ناوە ماوە)

ئەو سابوونەی دروستیان دەکرد ناوی (بەزی) بوو لەم بەزییە گەلێ جۆری تری لێ دەردەهات لەم جۆرانە:

1 ـ قالب / بەکار دەهات بۆ خۆشتن.
2 ـ لاپاروو ئەم دوو جۆرە بۆ جل شتن
3 ـ ووردە بەکار هاتووە.
4 ـ سەرکەف / بۆ دەم و چاوشتن بوو (بە تایبەتی ئافرەت بە گشتی بەکاریان دەهێنا) تا ئەم سالانەی دوای ژنان بە کۆلانداندا، دەگەڕان و دەیان فرۆشت و ژنان دەیان کڕی.

ئامێری کارگەکە لە چی دروست کرابوو؟

ئامێری کارگەکە لە چەند بەشێك پێك هاتووە کە هەر پارچەی ناوێکی تایبەتی خۆی هەبە:

1 ـ تیان / مەنجەلێکی گەورەیە لە مس دروست کراوە لە شێوەی لوولەك بەرزی (16) پێ بوو تیرەکەی (6 ـ 8) پێ بوو ئەم مەنجەلە کەرەسەی خاوی تێدادەکوڵێنرا (وێنەی 1)

مالوك / ئەمە حەوزێکی بەخشت دروستکراوە بە چیمەنتۆ سواغ دراوە درێژایی (16) پێ بوو پانی (8) پێ و قوواڵیی (2) پێ بوو. کە کەرەسە خاوەکە لەناو مەنجەڵەکەدا باش دەکوڵا پلووسکێکی پێوەبوو لە خوارەوەی کە دەڕژایە ناو حەوزەکە (مالوك) بۆتە شلەی سابوون لەم کاتەدا.

کووڕە / ئەم کووڕەیە بە خشت دروست دەکراو سواغ دەدرا بە چیمەنتۆ شێوەکەی بەرزی 6 پێ بوو پانی بە ئەندازەی تیرەی مەنجەڵەکە (تیان) مەنجەلە مسەکەی لەسەر دادەنراو ئاگریان دەدا. . .

مۆڵك: حەوزێکە بە خشت دروست دەکراو، بە چیمەنتۆ سواغ دەدراو پانی 6پێ بوو و درێژییەکەی 12 پێ بوو لە شێوەی لاکێشەدا بوو، نیوەی حەوزەکە بە خشت پڕ کراوەتەوەو لەسەر قەراغی نیوەبەرزەکە بۆ سەر نیوە بەتاڵەکە، دوو مەرکانەی گەورە دانرابوو هەریەکەیان لە دامێنەوە پلوسکێکی پێوەبوو بۆ ناو نیوە بەتاڵی حەوزەکە (لەناو مەرکانەکاندا تیژاو هەبووەو لە پلوسکەکانەوە بەریان دەدایە ناو حەوزەکە) سەری دوو

مەرکانەکەیان بە دوو پارچە لەوحی کون کون گراو نابوو (لە کونی هێلەك تۆزێك گەورەتر بوو) لە سەروو ئەم لەوحانەوە دوو مەرکانەی تریان دانابوو کە ژێری مەردوو مەرکانەکە کون کون کرابوون. بە دوو مەرکانەکەی سەرەوەیان دەووت (چۆرك) پاشان چوار دەوری مەرکانەی سەرو خوارەبە چیمەنتۆ سواغ درابوو. سەیری وێنەی ژمارە (4) بکە.

(5) سێ بەرمیلی گەورەیان بەکار دەهێنا، ئەم بەرمیلانە ژمارەی دیاری کراوی خۆیان هەبووە 1 ـ 2 ـ 3 تیژاویان لە حەوزی ژێر قوڵکەکە هەڵدەهێنجاو. دەیان کردە ناو ئەم بەرمیلانەوە، وە ژمارەی دیاریکراو بۆ ئەوە بوو، تا بیان زانیایە کامیانیەکەم تیژاوی تێدایەو کامیان دووەم تیژاوی تێدایەو کامیان پاشە تیژاوی تێدایە.

چونکە بە پێ چۆنیەتی ژمارەکان تیژاوگرتوەکەیان دەکردە ناو مەنجەڵە گەورەکەوە، لە کاتی پێویستیدا

کەرەسەی خاو بۆ دروست کردنی

ئەو کەرەسە خاوانەی بەکار دەهێنرا لە دروست کردنی سابوونەدا (قڵێ، قسل، پیو، بەزی حەیوان) بە گوێرەی ئەم پێوانە ئەم کەرەسانە بەکار دەهات

1 ـ سێ تەنەکە قسل و (3) تەنەکە قڵێ تێکەڵ بە یەك دەکران بۆ ئەوەی تیژاوەکەی لێ دەربهێنن.

2 ـ سێ تەنەکە پیو و (1) یەك تەنەکە چەوری (بەز) دەیان کردە ناو مەنجەڵە گەورەکەوە دەیان کوڵاند. ... ئەم سابوون چیانە هەمیشە پەیوەندیان لەگەڵ قەصابەکاندا هەبووە لەبەر ئەوەی مامەڵەی کرینی چەوریان لەگەڵدا بکەن. تەنانەت جگەر فرۆش و کەبابچیەکان و چێشتخانەکان بەزەکەیان دەتوانەوو لە تەنەکەدا بەم مالأنەیان دەفرۆشت.

رێگای دروست کردن

یەکەم هەنگاو:

سێ تەنەکە قسلیان دەرشتە سەر زەوی و ئاو پرژێنیان دەکرد (وەکو چۆن نانی کوردی تەڕ دەکەین) قسلەکە دەست دەکات بە کزەکز کاتێك دەستیان هەڵ دەگرت لە ئاوپرژێنی ووردە ووردە لە کزەکز دەکەوت تا سارد دەبووەوە ماوەی سەعاتێك دەیان هێشتەوە

ـ پاشان سێ تەنەکە (قڵێ)یان دەکرد بەسەر قسلەکەدا، بە خاکەناز ئەم دیو و ئەو دیوی قسل و قڵێکەیان دەکرد تا بە باشی تێکەڵ دەبوون... دووبارە بلاویان دەکردەوە دەیان کرد بە شێوەی حەوزێك و دوو سەتڵ ئاویان تێدەکرد... دوای ئەوە وەك گومەز قوچکەیان دەکرد ماوەی سەعاتێك دەیان هێشتەوە، پاشان بە خاکەناز دووبارە ئەم دیو و ئەو دیویان دەکرد تا ئەواو ووشك دەبووەوە... ئینجا دووبارە دەستیان دەکردەوە بە ئاو پرژاندنی و تێکەڵیان دەکردەوە بۆ ئەوەی تەواو قڵێ و قسلەکە یەك بگرن، دواجار کۆیان دەکردەوە بە شێوەی گومەز دەیان هێشتەوە تا بەیانی...

بەیانی دەمەو مەلابانگ دان دەهاتن بلاویان دەکردەوە بۆ ئەوەی لێنان روون بێتەواو خۆی گرتووە یان نەە. پاشان بە خاکەناز ووردە ووردە دەیان کردە ناو (چۆرکەکەوە) مەرکانە بن کون کونەکە بە شێوەیێك کە نەپەستێورێ... دوای ئەوە دەیان هێنا بە ئاوگردان ووردە ووردە ئاویان دەکرد بەسەریا ئاوەکە دەبوو بە تیژاو لەناو چۆرکەکەدا بەرەبەرە دەهاتە خوارێ بۆ ناو قولکەکەو لەناو قولکەکەوە بەهۆی پولوسکەکەیەوە دەچووە ناو حەوزەکەی بەردەمی قولکەکە ـ پاشان دەهاتن تیژاوەکەیان لە حەوزەکە هەڵ دەهێنجاو دەیان کردە ناو بەرمیلی ژمارە (1) پاشان هەمان سات ئاویان دەکردەوە ناو چۆرکەکە تا دەبوو بە تیژاو دەچووە حەوزەکەوە دەیان هێنایە بەرمیلی ژمارە (2)و لێیان پڕ دەکرد... وە بە هەمان رێگا تیژاوی تریان لێ دەگرت وە بەرمیلی ژمارە (3) یان لێپردەکرد بە تیژاوی بەرمیلی ژمارە (3)یان دەگوت «پاش ئاو».

هەنگاوی دووەم:

(پاش ئاو) تیژاوی بەرمیلی ژمارە (3) یان بە ئەسکوێ دەکردە ناو مەنجەلە گەورەکەوە کزەکزی دەکردو میرولەی دەکرد پاشان ئاگریان دەدا ئاوئاو (چونکە کوورەی لەژێردا بوو مەنجەلەکە) تا دەهاتە کوڵ ئینجا دەیان هێنا سێ تەنەکە پیو و تەنەکەیێك بەزیان تێدەکرد... ئاگری تریان دەدا تا دەکەوتە قوڵبدان بەرە بەرە تیژاوی بەرمیلی یەکەمیان تێدەکرد تا بەرمیلەکە تەواو دەبوو... پاشان کە دییان کەرەسە خاوەکان لە

هەوالنامەی کتێب

مەنجەڵەکەدا حەل بوو وە کەمن کرد دوو ئاو گردان لە ئاوی بەرمیلی یەکەمیان گل دەدایەوەو لەم کاتی کەف کردنەدا تیژاوەکەیان کە بە ئەندازەی دوو ئاوگردان بوو دەکردە سەر ئێکەڵاوەکە پاشان خەڵمیان دەکرد تا ئاگری ناو کوورەکە دەبوو بە پشکۆ دەیان هێشتەوە تا بەیانی...

هەنگاوی سێیەم:

بەیانی زوو مەلا بانگدان (2) بار داری تریان دەخستە زێری و ئاگریان دەدا... سەیریان دەکرد گەر کەفی بکردایە (11) کیلو خوێیان تێدەکرد. پاشان تەواو کەرەسە خاوەکان ئێکەڵ دەبوو وە شێوەی سابونی وەردەگرت. پاشان بە دەم کولانەنەوە وردە وردە تیژاوی بەرمیلی دوویەمیان تێدەکرد تا بەرمیلەکە تەواو دەبوو، پاش دوو سەعات لەسەر ئاگرەکە دەسایەوە پاشان بە ئەسکوێی کاشیکی بچووک لە گڵ دروست کراو (سیرامیک). وورد وورد لە مەنجەڵەکە دەیان دەهێنا بە ئەسکوێ گڵەکە فوێیان لێدەکرد تا سارد دەبووە وە ئەگەر بیان دیبایە بە ئەندازەی مرستیلەیەکی دووەمیان ئاوی دەرخستبایە هەندێ خوێ تریان دەکردەوە ئاو مەنجەڵەکە جارێکی تر داری تریان دەخستەوە ژێر تا بەتەواوەتی دەکوڵا تا کەرەسە خاوەکان یەک بگرن دەیان هێشتەوە تا دوای بانگی چێشتەنگاو... پاشان سەریان لە مەنجەڵەکە دەدایەوە ئەگەر کەفی تەواوی بکردایە..

دەستیان دەکرد بە کەف گرتن و دەیان خستە ناو کاشی گڵی بچووک بچووکەوە شەو و رۆژێك دەیان هێشتەوە تا تەواو سارد دەبووەوە ئینجا لە کاشیەکان دەریان دەهێنا دایان دەنا تا وشك دەبووەوە پیان دەوت (سەرکەف)... شێوەی گومبەزی کاشیەکانی وەردەگرت...

لە دەسولێوارەدا جورنەی مەنجەڵەکەیان بەردەدایەوە ناو ماڵوکەکە تا پر دەبوو بە پێی فولاێی دە (10) گرێ. دەیان هێشتەوە لەناو ماڵوکەکەدا تا بەیانی بۆ ئەوەی ساردبێتەوە...

بەیانی هەڵ دەسان بە کێردێك بە شێوەی لاکێشە شوشەیەکیان لێدەبڕی سەیریان دەکرد ئەگەر دەمی کێردەکە ئاوی پێوەبروایە دەستیان لێ هەڵ دەگرت بۆ ئەوەی باشتر وشك بێتەوە... چونکە ئەگەر ئەڕیوایە ئەیان دەبڕی لەبەر ئەوەی قاڵبەکان کە دەبڕن خواروخێچ و قوباو دەرنەچێت.

ئەو پارچە پارچە بە شێوەی لاکێشە کە دەیان بڕی پێیان دەوت «شوشە»

لە دواییدا گەر بیان زانیایە تەواو بۆنەوە دەستیان دەکرد بە بڕینی بە شێوەی لاکێشە...

پاشان یەك یەك دەیان دەهێنا لەبەر دەمی ماڵوکەکەوە ڕیزیان دەکرد... ئینجا دەهاتن وردە خۆڵی قاڵ و قڵیپەکە کە دەمایەوە بە ئەنکی دەیان کرد بە ناو ماڵوکەکەدا ئامادەیان دەکرد بۆ جاری دووهەم کە سابونی تریان دەکوڵاند. بڕوانە وێنەی ژمارە (5) چۆنێەتی بڕین.

پاشان کچ و کوڕو ژن و پیاوی دراوسێکان دەهاتن بە هەرەوزی دەستیان دەکرد بە گواستنەوەی قاڵبە بڕاوەکان کە پێیان دەوت (شوشە) بە دەم گۆرانی فۆلکلۆریو گاڵتەو گەپ و دەنگەدەنگ و یاریو مەزاقەوە بۆ سەریان ژن و پیاو پێکەوە بە دڵێکی پاك و خاوێنەوە بەدەم بەستەی خۆش خۆشەوە دەیان دایە دەست یەك تا دەیان گەیاندە سەریان... تا دوو شەو دوو ڕۆژ لە سەریان دەمایەوە تا ووشك دەبووەوە ئنجا بە شێوەی قاڵب دەیان بڕی و ئەسەرو ئەو سەری جەسەرەکانی بە جیا دایان دەنا پێیان دەوت (لاپارو)... بەهەمان هەرەوەزو کەیف و بەزم لەسەریان دادەگیرایە خوارەوە بڕوانە وێنە ژمارە (6). پاشان لە حەوشەی ئەو ماڵە رابەخیان دادەخست و سەماوەریان دەم دەکردو دەستیان دەکرا بە نان و قاوەلتی سازدان لە گوشت و گون و گورچیلە بڕژاندن و کولێسر بە چزڵیکیان دروست دەکرد [لە (دووگ) دروست دەکرێت] پاشان نۆشیان دەکرد.

تێبینی: / ئەو جەوریەی قەسابەکان دەیانتارد بەزەکەیان لێ جیا دەکردەوە بۆ سابونەکەو گوان و گوشتەکەیان جیادەکردەوە بۆ برژاندن وە دووگەکەیان هەڵ دەکروزان بۆ کولێرە بە چزڵیك.

لەپاش حەوانەوە سابونەکەیان دەخستەسەر (مێرتەبەق) دەیان بردە دوکان بۆ فرۆشتن یان دەیان گێرا بە کۆلانەکاندا...

لەپاش گەران و لێکزڵینەوە لەسەر پیشەسازی سابوون لە گەرەکی سابوونکەران لە سولەیمانی وە بە یارمەتی کاك (علی صالح) کە فەرمانبەرە لە (ئالات و عوودد) لە سولەیمانی و کچەکەی (فینوس علی صالح) کە قوتابی خوێندە لە پۆلی شەشی زانیاری توانیمان ئەم بابەتە لەسەر پیشەسازی سابوون کۆبکەینەوە هیوادارین جێی ڕەزامەندی گشت لایەك بێت و هەر بە سەلیقەیەك لە ناوچەی خۆی پیشەسازی سابوون بەشێوەیەکی تر کرابێت یا جۆرێکی تریان هەبە لە سابوون ئەو ئەرکە بخاتە ئەستۆی خۆیو دوابەدوای ئەم بابەتە زیاتر ڕوونی بکاتەوە.. بۆ ئەم گۆڤارە ئازیزەی بێنێت... وە ئەگەر ئامێرێك یان کەل وپەلێکی کارگەی سابوونیان لامایە با بێنێرن بۆ موزەخانەی فولکلۆری لە سولەیمانی یان شارەکانی تری کوردستان با بە گشت لایەك یارمەتی ماندوی بدرێت.

لێکۆڵینەوەی وێژەیی

وێژەی شۆڕاتەکان

پاشماوەی

نووسینی: مصلح جەلالی

هەواڵنامەی کتێب

پایەی شیعری شۆڕات لە شیعری سیاسی ئەمەویدا

شۆرشەکان لەو پارتانەی کە زۆرانبازیان لەسەر خەلافەت دەکرد هەڵوێستێکی تەنیا چاکیان هەبوو. هەر نەوان بوون خەلافەتیان وەك ناموس یان ماف نە دەهاتە بەرچاو. لەبەر ئەوە نەیاندەپرسی کێ لەم مافە یاخود ئەو ناموسە دەپرسێتەوە خەلافەت پێش ئەوە کەوتوە کە بێتە شتێکی رەوا. هەروەها پێش ئەوەش بێتە ئیمتیازێك، بە دووای ئەوەدا دەگەران کەی خەلیفە لە رێگەی موسوڵمانانەوە هەڵدەکات و ناوان دەکات بۆ ئەوەی لای ببەن و بیکوژن ئەگەر شایەنی کوشتن بوو، بەدوای ئەوەدا نەدەگەران کێ بەدوای خەلافەتدا دەگەڕێ چونکە هەموو موسوڵمانێك لەبەر ئەوەی کە بێ پارەتی دەتوانێ ئەو کارە بە هەموو گرانیەیەکی یەوە بەرێوەبەرێ مافی ئەو شوێنەی هەیە.

لەبەر ئەوە دەبینین شیعری سیاسی شورات هەر پارتێکی کە شان بەشانی بیبنرێ ئەو لە خۆیدا جیاوازە، بەرهەڵستکاری لای یەك پارچەیە چونکە بەرهەڵستکاران بە لایانەوە خەلافەت لەسەر ئەو بنەرەتە تێگەیشتبوون کە بنەرەتی تێگەیشتنەکەی بەرامبەر خەلافەت بە تەواوی دەگۆڕێ و شیعری سیاسی شۆراتیش ئەوە ناگەیەنێ کە جیاوازی بکات لە نێوان زەیدی و ئەمەوی یاخود شیعە سەبارەت بە تێگەیشتنی خەلافەت یاخود لە راستی بانگەوازەکەیان بکات، چونکە هەموو ئەمانە بەلایەوە هەڵەن لە نوێنەرایەتی کردنی ئەو واتەیەدا هەموویان کافرن و جیاوازی لە نێوان یەکێکیان و یەکێکی کەیاندا نیە.[63]

بەڵام شیعری شورات نایەت باسی خەلافەت بکات، ناشیەوێ کە دەقێکی سەرنجی خۆی دەربارەی دەربڕێ. ئەمەش ئێمە لە رێگەی تووشاهتیەوە لەو باسەدا تێ دەگەین و لە چوارچێوەی وێنەکردنی ئەو رووداوانەوە تێ دەگەین و شی کردنەوەی ئەمەش کەمە، شۆراتەکان خەلافەتیان بەو گەورەییەوە نەدیوە کە پارتەکانی کە شەریان لەسەر دەکرد بگرە ئەوەی کە لە شیعرەکانیاندا باسیان کردووە پێش هەموو شتێ ئاین خۆی بووە، ئەم ئاینە خایاندی و سوور بوون لەسەر پاراستنی تا کۆتایی، هەندێ جار لە ناخۆشیشدا کە جیاوازی بنەرەتیان بوو لەگەڵ علی کوڕی ئەبی طالبدا، باوەڕیان ئەوەبوو کە علی بەپێی ئاین رەفتاری نەکردووە یاخود کفری کردووەو دوژمنەکەی ون کردووە بە کافریان دانا، دوایی بۆ خۆیان یەکێتی یەکیان داناو ئەوەی دەرەوەی ئەم یەکێتی یە بوایە بە کافریان دادەناو ئەوجا لە کاروباری خەلافەتدا ئیشی بکردایە یاخود ئیشی نەکردایە.

ئەوەی کە لە شیعری شوراتدا بە گرنگی یەوە تێبینی بکرێ کە وێنەی پارتێکی سیاسی دەکێشێ کە شێك جیا ناکاتەوە لە سەرنجی ئەو پارتە کە بەرامبەر خەلافەت دەیدەن و بڕیاری ئەوە نادات چۆن ئەو سەرنجە خۆی لە سەرنجی هەموو پارتەکانی کە - نایابتر بوو، بگرە ئەوە بیرو باوەڕێك بوو لە بیروباوەڕەکانیان بڕیاری لەسەر دەدا، هەروەها ئەمە لای عمران هەبوو، ئێمە لەو شتانەی کە دەمانەوێ دەستمان بکەوی ئەوەی دەستمان کەوتووە لە مێژ وودا بنەرەتی توانادارە شیعرەکەیە، چونکە شیعری خارجی وێنەی هەستی شۆراتەکان بەو بیرو باوەرانە بە هەستداریەکی بە هێزەوە دەکێشێ، ئەویش شیعرەکە باسی هەست و گوزەرانیان دەکات.... لەسەر شەهیدەکانیان دەروات و باسیان دەکەن، سەرنجیانە بەرامبەر سزای دوارۆژ و ئەم سزایە ئەنجامی چی دێتە پێشێ، شیعرێك وێنەی ئەتەوەیێك دەکێشێ کە ئەم جیهانەیان بەو جیهانەی کە گۆڕیوەتەوەو دڵنیاش لەوەی کە ئەم کارەیان بردۆتەوە، شیعری شورات درێژ بووەوەی ئەو گیانە موسوڵمانێتیەیە کە پێش موسوڵمانی گیانێك بوو باوەری ئەواو بوو بەو بیروباوەڕەی کە یادی شەهیدەکان دەکاتەوەو هەوالەکانیان هەمیشە دەگێڕێتەوە بۆ کاری ئەوە دنیایان.

لەم کۆلێنەوەیەماندا لە وێژەی شۆراتەکاندا دەرمان خست کە ئەم وێژەیە راستترین نموونەی بەشی کۆمەلایەتی حزبەکەیەو ئەمەش هەر وەك ئەو وێنە کێشانەیەتی کە بۆ یەکێ لە لایەنگیرەکانی دەیکێشی لە تەنیشت گشت باوەرهێنەکانەوە ئەگەر نموونە بەرزە ئایندارییەکەیان لەم باوەڕەدا هەوالی گێرانەوەی زۆری تێدا بوایە شیعری شاعیرەکانیان لە نێوان ئەو هەوالانەدا شان بەشانی هەموو ئەو شۆراتانە وردترین و راستترین وێنەکێشانە چونکە ئەو شۆراتانە بەشێکن لە گشت باوەرهێنەرانی باوەڕەکە.

پێش ئەوەی باسەکە تەواو بێ دەبێ پەنجە بۆ لایەنێ وێژەکەیان رابکێشین کە بریتین لەو نامانەی کە لەگەڵ دوژمن یاخود لەگەڵ فەرما... نکاری خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان دەکرد، لەگەڵ هەندێ پارچە شیعردا کە ئەو شۆرانانە نووسیویانە لەوەو پێش ناگەنە ئەوانەی کە ناومان بردن بۆ ئەوەی بیروباوەڕەکانی ئەوباوەڕەو لایەنگیرەکانی بزانین.

لەو دەمانەدا کە جەنگ رادەگیرا شتی خۆشی وێژەی رووی دەدا، لە ساڵی 68 کۆچیدا کە شوراتەکان لەگەڵ مەهلەبدا بۆ ماوەیەک جەنگیان راگرت دوو سەربازی مەهلەب لەسەر ئەوە کەوتنە ناکۆکی یەوە ئایا جەریر یاخود فەرەزدەق شاعیرترە، کەنەگەیشتنە ئەنجامێک چوونە لای مەهلەب و لێیان پرسی ئەویش پێی وتن من هیچ نازانم بەڵام ئەوەی سەرنجم رادەکێشن دوو کەسن هەردووکیانیان هێناو رایان گرتن، عیدەی کوڕی هلالی کە لە سووپاگەی فەتەری بوو، رەمەکەی بەدوای خۆیەوە رادەکێشا وای دەزانی بۆ شەڕی بەرامبەری بانگیان کردووە، دوو سەربازەکە پێیان وت: فەرەزدەق شاعیرترە یاخود جەریر، وتی خوا بەڵا لە ئێوەو لەوانیش بدات. وتیان: حەزدەکەی پێمان بڵێی بۆ ئەوەی جێت بێڵین، وتی کی دەڵێ:[64]

وطوى القيد مع الطراد بطونها
طي التجار بحضرموت برودا

وتیان - جەریر - وتوویەتی - وتی دە ئەویان شاعیرترە.

کاتێ شوراتەکان بە کوشتنی مەصعەب کوڕی زوبێریان زانی مەهلەب و لایەنگیرانی پێیان نەزانیبوو شوراتەکان پێیان وتن، دەربارەی مەصعەب دەڵێن چی، وتیان ئیمامێکی ڕێ نمایی کارە، شوراتەکان وتیان دەربارەی عبدالملك دەڵێن چی، وتیان خراپەی زۆر کرد... دوای دوو ڕۆژ کە مەهلەب بە کوشتنی مەصعەبی زانی و خەڵکی عیراق دەنگیان بۆ عبدالملك داوە.

کە هەردوو سووپاکە لە جەنگ وەستان شوراتەکان پرسیان، دەربارەی مەصعەب چی دەڵێن، دەستەکەی مەهلەب وتیان پێتان ناڵێین، شوراتەکان وتیان دەربارەی عبدالملك چی دەڵێن؟ دەستەکەی مەهلەب وتیان ئیمامێکی ڕێ نمایی کارە... شوراتەکان وتیان ئەی دوژمنانی خودا دونیتی خراپە کارو خراپ بوو ئەمڕۆ ئیمامێکی ڕێ نومایی کارە، ئەی کوێلەکانی ئەم دنیایە بەڵای خودا لێتان بدا.

ئەبو فەرەج لە نووسراوی (الأغانی)دا دەگێڕێتەوە شوراتەکان لە جەنگی مەهلەب و قەتەریدا سەردەکەون و لەناو خۆیاندا سەبارەت کاری ئاین و شتی کە بەهێمنی و بێ دەنگی بێ ئەوەی دەنگ لە راستی یەك بەرزکەنەوە دەیانپرسی.

هەروەها دەڵێ: عبیدەی کوڕی هلالی شورات ئەگەر خەڵکی شەڕیان بکردایە بانگی دەکردن ئەی دەستەی مەهلەب (باهەندێکیتان بێن بۆ لام) لە سووپاگە کە دوو لاو دەهاتنە دەرێ پێی دەوتن کامیتان پێ خۆشە قورئانتان بۆ بخوێنم یان شیعرتان بۆ بخوێنمەوە، ئەوانیش پێیان وت قورئان وەکو تۆ (دەزانێن) بەڵام شیعرمان بۆ بخوێنەرەو، ئەویش دەڵێ ئەی پیسینە.. بە خودا زانیم شیعر پێش قورئان هەڵدەبژێرن و ئەم جا کەوتە شیعر خوێندنەوە تا تاقەتیان چوو.

کاتێ باوکی حوێرە (ئەمە پەکەم کەس بوو کە دوای کوشتنی علی هات بۆ ئەوەی کوڕەکەی والێ بکات واز لە شورات بهێنێ، حوێرە پێی وت (بابە) بە خودا من ئەم قسانەی کە دەیکەیت هەمووی لە مستۆی ڕمدا ڕەنگیان داوەتەوە ئەمە لەو دەمەدا بوو کە باوکی دەیویست کە کوڕەکەی حوێرە بهێنێ بۆ لای حویرەی کوڕی و دڵێ پێ نەرم کات.[65]

مرداس نێکۆشەڕێکی ناسراوو بەناوبانگ بوو بە جۆرێ خراپەرست و ئاین پەروەر بوو شیعەو موعتەزلەکان بە یەکێ لە خوێنی دادەنێن و ڕێزی لێ دەگرن.

مستورد زاتراوو پارێزراوە، لەوانەش دەڵێ: (ئەگەر زەوی بە هەموو شتێکەوە هی من بوایە، داوام دەکرد کە هەڵەیێکم لێ دەست کەوتایە کە نەم کردووە).[66]

مستورد ساڵی 43 کۆچی لە کوفە هاتۆتە دەرێ و نامەیێك بۆ سەماکی کوڕی عبیدی عەبسی کارگێڕی مغیرە دەنووسێ کە لە مەدائن دەبێ و دەڵێ:

(لە عبدالله‌ی مستوردەوە میری باوەر هێنەرانەوە بۆ سەماکی کوڕی عبید - لە ئەحکام و وەستاندنی سنوورو بەرامبەر کۆمەڵەکەمان ستەم و خراپەمان کردوو.. ئێمە بانگت دەکەین بە پێی قورئان و ڕێڕەوی پێغەمبەرەکە (د. خ)و ئیمامەتی ئەبو بەکرو عمر (خ. ل. ر)و شوێن نەکەوتنی عثمان و علی بێت کەوا لە ئاین لایانداو نەیانهێشت بە پێ قورئان ناو بژی بکرێ، ئەگەر پەسەندی بکەیت ئەوا هەستە بە باشی کردووەو ئەگەر پەسەندیشی نەکەیت پاکانە بۆ تۆبەو ڕێگەی جەنگ کردنت لەگەڵدا دەگرین و بۆ قازانج نەفرەتت لێ دەکەین چونکە خودا ناپاکەکانی خۆش ناوێ.[67]

هەوێنامەی کێشک

شەبیب نامەیێکی بۆ کوڕی ئەشعەث نارد داوای لێ دەکات که جەژن نزیـك بۆتـەوە رۆژانـی جەژن هەردوولا جەنـگە بووەستێنن، ئەگەر دیتان بەڵێنمان بدەنی تا ئەم چەند رۆژە تێ دەپەڕێ ئەوا باشە) کوڕی ئەشعەث ئەم پێش نیارەی بە باش زانی.

شۆڕەبی شورات نامەیێکی نارد بۆ عمری کوڕی عبدالعزیز وەڵامی نامەکەی ئەو داوای لێ دەکات که عمر رێگەی بدات بچێ چاوی پێ بکـەوێ موجـادەلـەی لەگـەڵ بکـات، ئەویش ئینسافی نواندو دوو پیاوی نارد بۆلات بۆ لێکۆڵینەوەو سەرنجەکانت.

عبـدالله‌ی کوڕی یەحیـا لە یەمـەن چەنـد نامـەیێك بۆ دەستە ئیباحیـە دەنـووسێ و بەتـایەتی دانیشتوانی بصرە بۆ یاخێ بوون هان دەدات. دەستەکەی لە بصرەوە ئەم وڵامەیان دایەوە ـ

(ئەگەر توانیت رۆژێك دانیشی بیکە چوونکە دەست پێ کردن بەکاری چاك باشترە)، نازانیت کەی کاتی گیان کێشانت دێ، خودا خودا بپەرستی چاکی دەبێ، بۆ سەرخستنی ئاینەکەی ئەگەر ویستی دەیان نێری و نەشی ویست ئەوا شەهادەتی دەداتێ.

نافعی کوڕی ئەزرەق بۆ شورائـەکـانی بصـرە نامەیێکی ناردو داوای جیهاد کردنیان لێ دەکات لە یەکێ لە نامەکانی واهانووە: خودا ئاینەکەی بۆخاوێن کردنەوە، بە موسوڵمانێتی نەبێ نامرن و بە خودا ئێـوە دەزانن که شەریعـەت یەکێکـەو ئاین لە جەرگـەی کافراندا پایەیێکی گەورەی هەیە، شەوو رۆژ ستەم دەبینن و خودا داوای جیهادتان لێ دەکات.

وتی هەرچی کافـرە شەڕی لەگـەڵ بکـەن و چۆنی دەتـوانن بارگران و بارسووك وەرنە مەیدان.

بگـرە پاکـانـەی لاوازو نەخـۆشـەکـان ئەوانـەی هیچیـان نیـە خەرجی بکـەن و ئەوانـەشی که دانیشتنی بۆ زانیـاریـەکەیەتی و دوایی چاکـەی لەگـەڵـداکـردن لەگـەڵ ئەو مجـاهـدانـەدا وتی: (ئـەوانـەی که باوەرهێنـەرو گوێشـەگیرن ناگەنە ریزی ئەوانەی که خاوەن زیـانن و ئەوانـەشی که لە رێگـەی خواپـەرستیـدا تێ دەکۆشن) هیچ لە دنیا دڵ نیا نەبن و کاری بۆ نەکەن چونکە دنیا مەڵبەندی سەرخۆشان و بێهۆشانەو نابێ پێی لەخشتە بچین.

چێـژەکـەی وەك نەفـەسی جگـەرەوایـەو نامێنی و خۆشیـی دەروان و حفت بالسهـوان افتـرارا واظهـرت صبـره وأضـمرت عبره(۵۸)

کاتێ که نەجدەی کوڕی عامر بینی که نافع غەعدەی بەکافر داناوە نامەیێکی بۆ نووسی.(۵۹)

(بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان ـ دوای ـ پەیوەندی من بەتـۆوە وەك باوکێکی بە بەزەیی و برایـەیێکی بەربـەروایـە، خودا لەسـەرزەنشتی خەڵکی بە دوورت کات و یارمـەتی ستـەمکـار نەبـینـی، که خۆت بۆ پەرستنی خودای خۆت کردە شورات بۆ ئەوەی بچیتـە بەهـەشتـەکـەیەوەو بەراستی ئەهریمەنت دەکات بە کوڵکەوەو کەس لە تۆو لەلایەن گیرانت زیاتر باریکی گران نابن بەسـەر ئەهـریمـەنـەوەو ئەوەی که هەتـەو بایيت دەکـات ئەگـەر وازی‌لـێ‌بـێنیت و لەوانـە خۆش بوویت که خودا لە قورئـانـدا بەخشیونی ئەوانەی که موسوڵمان و دانیشتوون و چاریان ناچارە خودای مەزن وای‌فـەرمـووەو قسـەکـەشی راستـەو بەڵێنـەکـەشی راستـەو هیـچ پێـچ وپـەنـای تێـدانیـەو ڕوون و ئاشکرایە چونکە (ئەوانەی لاوازن و ئەوانەشی که نەخۆش ئەوانەی که هیچیان نیە خەرجی بکەن ئەگەر گۆیان لەئامۆژگاری خوداو پێغەمبەر گرت سەرزەنشت ناکرێن). ئەوجا کوشتنی منداڵت مفت کرد پێغەمبەر (د. خ) کوشتنیـانی نەویستـووەو فەرمـوویەتی (ولاتزر وازرةٌ وزر اخری) لە راکەتا بینیم که ئەمانەت نادەیتەوە بەو کەسـەی لەگـەڵتا نەبێ و خودا فرمـانت پێ‌دەدات که ئەمـانـەت بگـەڕێنیتـەوە بۆ خاوەنەکانی و تەماشای خۆت بکە).

ئەوەی که قەتەری کوڕی فجائە بۆ حەجاجی کوڕی یوسفی دەنووسێ دەڵێ:

سڵاو لە ڕێنومایی کردنی بێ هی ئەو گەورانەی ئاینی خودا دەپـارێـزن لە زەبـروزەنگی دەتـرسن، سوپـاس بۆ خودا ئ ئاینـەکـەی خۆی بۆ پیـاوخـراپـان ئاشکراکردوو لە خراپە ڕزگاری کردن و ڕیسێ نەدا که مافی بخـوێت. لە سـاڵی 76ی کۆچیـدا صالحی کوڕی مسرح لە موسڵ و جزیرە یاخی بوو (خۆی لە منویەکانە)و هانی لایەنگیرەکانی خۆی داو ئەوەی خوارەوە نامەی شبیب ی کوڕی یەزیدە بۆ صالحی دەنووسێ که لایەنی بگرێ.

(دوایی تۆ پیری موسوڵمانانیو ناتوانین هیچ کەسێکی که بە هاوشـانی تۆ دابنێین، بانگت کردم و منیش بە پیـر بانگـەکـەتەوە هاتم، ئەگەر دەتەوێ ئەمەش دوابخەیت ئەوا ئاگادارم دەکەیت و پیـاوان دیـن و دەچـن، که من دژی ستـەمکـاران جیهـاد

دەکەم شانازی ناکەم، ئای کە شتێکی چاکمو ئای کە چاکەیێکی بە چێـژە، خودا وای لێ کردین لەگـەڵ تێـوەدا ئەوانـە بین کە دەیانەوی بە پەلە بگەنە دیوانی خوداو بە هەشتەکەی.[71]

شـیب ئەم وڵامەی صالح وەردەگرێتەوە.

ئەو ئاسادە بوونـەی کە هەمـە تەنیـا چاوەروان کردنی تۆ نەبێ هیچ شتێکیتر نیە ڕێگەم لێ بگرێ فەرمو وەرە لامان، ئەو کاتە بمانبە بۆ لای ئەو کەسـەی کە بێ ئەو هیچ کارێ ناکرێ و خوات لەگەڵ بێ[72]

ئەو نامـانـەی کە پەنجـەمـان بۆ کێشـان نەمـانتـوانی زۆری نامەکانی شوراتمان دەست کەوێ ڕۆژگارو کارەساتی جۆربەجۆر شاردوونیەتیەوە.

ئەم نامـانـەش ڕەوان بێـژی و ناسکی و واتـە بەرزی و ڕووناکی مەبەسـت وردو گونجاو ئەمانە گشتی بیری ئەو سـەردارانەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە سـەرکردەی شوراتەکان بوون و ئەو فـەرمانانەی کە بە لایـەنگیـرانی خۆیـان و ئەو بەڵگـەو گفت و گۆیـانـەی کە لەگەڵ دوژمنەکانیاندا کردوویانە.

وێـژەی شوراتـەکـان باشـترین شتـە کە دەربـڕی باوەڕی ئەو خەڵکە بێ جا ئایا ئەمەش بە شیعر بێ یاخود بە نامەی ئاڵ وگۆڕ کراو ئەم وێژەیەی شوراتەکان بە وێژەی مردوو ناوبراوە ئەمەش وەك سـەر زەنشت کردنیان بە مردن لە ڕێی باوەرو بیرو ڕاکەیاندا.

پێش ئەوەی لە وێژەی شوراتەکاندا بگەینە کۆتایی دەمانەوێ پەنجـە بۆ هەندێ لەو نامـانـە بکێشین کە لە نێـوان سـەردارانی شورات و خەلیفەکانی سـەرەتای دەوڵەتی عەباسی ڕابکێشین بۆ ئەوەی سەبـارەت سەرنجی سیـاسـی و ئاینیـان شتی بزانین و لەوانەش دەرکەوتووترین نامە ئەو نامەیەی ئەبو حەمزەی شوراتە کە بۆ هارون الرشیدو نامەی عبدالسلامی شوراتە کە بۆ مەهدی خەلیفەی عەباسیان نووسیووە.

سـەردەمی ڕشـید لەو سـەردەمـانـەیـە کە بزوتنەوەی شوراتەکان پەرەی سەندبوو شۆڕشەکانیان زۆر بوو گەلێ لای جۆربەجۆری خەلافـەتی عەبـاسی گرتبـۆوە، مەحصـەمی شورات لە موسڵ سـاڵی 171 کۆچی و فضـلی شوراتی لە ـــــــــ ساڵی 176 کۆچی و وەلیدی کوڕی طەریفی شاری لە سجستان ساڵی 179 کۆچی و خراشـەی شیبانی لە جزیـرەی سەر فورات ساڵی 180 کۆچی و عبدالـسلامی شوراتی لە نامەد سـاڵی 187 کۆچی شـۆڕشیان بەرپاکردوو خەلیفە هارون ڕشید بە هۆی زۆر بوونی شوراتـەکـان و یاخی بوونی شوراتـەکـانی موسڵەوە ناچـار بوو شوراکەی موسڵ ساڵی 180 کۆچی بروخێنێ.

بزوتنەوەی حەمزەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەزرەقی شاری

دۆکتور فاروق عمر فەوزی نموونەی هەندێ نامەی ئاڵوگۆڕی نێـوان هارون الـرشیـدو حەمـزەی کوڕی عبـدالله کوڕی ئەزرەق هێنـاوەتـەوە کە حەمـزە بە دەرکەوتووترین ئەو سەردارە شوراتانە ژمێراوە کە لە وەدەمەدا دەوریان بووە ئەو نامانەش ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی خەلافەتی عەباسی و پەسێنکاری شوراتەکانمان لەو ماوەیەدا لە ڕوانیاندا بۆ قازانجی موسوڵمانەکان و قایل بوونیان و کێ لایەنگیرو شوین کەوتووی میرەکانی موسوڵمانانن دەقەکانی نووسیون:

بزوتنـەوەی حەمـزەی کوڕی عبـدالله‌ی شاری یەکێك بووە لە بزوتنـەوەکـانـی شورات کە لەسـجسـتـان سـاڵی 179 کۆچی سەری هـەڵـداو ساڵی 181 کۆچی ئاشکـرای کرد کە میـری باوەڕهێنەرانەو دەوڵەتی عەباسی نەبتوانی کە بەتەواوی کۆتایی بە بزوتنـەوەکـە بێنێ بەڵام لە جیـاتی دەوڵـەتی عەبـاسی طاهیری و صـەفاریەکان، کە بەرچەڵەك لە هەندێ بەشی ئێراندا کاریان بەرێـوە دەبـردو بەڵێـیان بە دەوڵـەتی عەبـاسیدا کە بزوتنـەوەی یاخی بوون و سـەرپێچی یەکە نەهێڵن و ئاسایش و ئارام بەرپا بکەن.[73]

مێژ ووی سیـستان کە بەزمانی فارسی نووسراوە بە یەکەم سـەر چاوەدا دەنـرێ بۆ گێـرانـەوەی بزوتنـەوەکـەی حەمـزەی شاری، ئەمـەش بۆ مێـژ ووی ناوخـۆ شتێکی باوە، مێـژ وونـووسانی سـیـسـتـان تۆزێك سۆزیـان بەلای بزوتنـەوەکـەوە هەیـەو دژی دەوڵـەتی مەڵبـەنـدی عەبـاسی ڕاسـت دەڵێن و نووسینـەکـە کەرەسـەیەکی بە کەڵکی تێدایە سـەبارەت بە ڕوێشتنی بزوتنەوەکەو زۆری بزوتنـەوەکـانی شورانی ئەو سەردەمـەو لەمـەشدا پشت بە سەردارەکـەیـان دەبـەسـتێ هەرکـە سـەردارێکیـان دەکـوژ ڕێ لایـەنگیـرەکـان بلاو دەبنـەوەو سەردارێکی نوێ، دێو کۆیـان

هەولێر نامەی کتێب

دەکانەوەو بۆ راپەڕینێکی نوێ قسە دەکەن بە یەك. بزوتنەوەی حەمزەی شاری لە سجستان بێجگە لە شوراتەکان زۆر بیزاری دژی سیاسەتی عەباسی کە ئەمانەش بزوتنەوەی ئایینی و سیاسیی پێش دەولەتی عەباسین و لە ئێراندا شیعاری جۆربەجۆریان هەڵگرت و تیایاندا خاوەن باوەڕو ناوچەگەرێتی و ناوخۆیی هەبوو بۆ راکێشانی گەورەترین ژمارەی لایەنگیر، بە واتەیەکی کە بزوتنەوەکە سەرباری ئەوەی شێوازێکی شوراتی هەبوو، دەربڕی هەست و خواست و قازانجی خەڵکی سیستان بوو لەو دەمەدا کەوا هارون الرشید ویستی بزوتنەوەکە ئاشکرا بوو حەمزەی شاری خۆی کردبە میری باوەڕهێنەران هارون الرشید نامەیەك بۆ حەمزە دنووسێ و پێ دەڵێ کە تۆبە بکات و بگەڕێتەوە لای و دەڵێ:

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان ـ لە هارون الرشیدی میری باوەڕهێنەرانەوە بۆ حەمزەی کوڕی عبدالله ـ سڵاوتان لێ بێ، من سووپاسی ئەو خودایە دەکەم کە لەو زیاتر هیچ هودایێکی کە نیەو کە سڵاوی بۆ محمدی کویلەو پێغەمبەری (د. خ) خۆی نارد.[73]

بەڵام دوایی خودای گەورەو پیرۆز محمدی بە پێغەمبەری (د. خ) خۆی نارد بۆ هەموو کەسێ وەك مژدەدەرو ڕێگەی داوە بەناوی خۆیەوە خەڵك بانگ بکات و ڕێگەیێکی ڕووناکە مژدەی بەهەشت دەدات بۆ ئەوەی گوێ رایە لێ دەبێ و ئەوەشی لێ یاخی بێ لە ئاگردا دەیسووتێنێ و قورئانی پیرۆزی بۆ ناردۆتە

خوارێ کە لە بەردەست و لەدوایی ئەو هیچ شتێکی کە نەهاتۆتە خوارێ کە وەك ئەو حەکیم و سووپاسکارێ و مفت و نامفتی و فەرزو سنوورو شەریعەتی ئایینی خۆی تێدا نیشان داوە. نامەکانی خودا بە محمد (د.خ) گەیی و ئامۆژگاری خەڵکەکەی کردو یاسا ڕێنمایی کارەکانی ڕوون کردەوە کە لە نوێژ کردن و دابەستنی و لە حەج و ئەو فەرزانەو سنوورانەی داناوە جیاوازی لە نێوانیاندا نیەو خودا لەسەر خەڵکەکەی پێویست کردووە کە گورایەڵی پێغەمبەرەکەی (د.خ) بین و مل کەچ بوونیش بۆی بە مل کەچی بوونی خۆی دانەوەو ئەوەی مل کەچی ئەو بێ مل کەچی خودایەو ئەویشی لەو یاخی بێ لە خودا یاخیە کە خودا بەگشتی ئەوەو بەرهەڵستکاری خەڵکەکەی پێ گەیی، خودا پێغەمبەرەکەی (د.خ) گرت و هەرچی هەبە بۆی هەڵبژاردو قورئانی خواو ڕێبازەکەی کە قایل بوونی خوداکەی و نە سنگی نەئەوەکەدا جێ کردەوەو سەرکەوتن و دەرباز بوون بۆ ئەو کەسەیە ڕێزی گرت و دەستی پێوەگرت و ناخۆشی و ناهەمواریش بۆ ئەوەیە کە لێی لادەدات و کار بە شتی کە دەکات.

میری باوەڕهێنەران بۆ قورئانی خوداو ڕێبازی پێغەمبەرەکەی بانگت دەکات و هانت دەدات بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی بیت و لە یاخی بوون لێ دوورت دەخاتەوەو میری باوەڕهێنەران ئەوەی کە لە نێوان تۆو کارگێڕەکانی لە خۆراسان و سجستان و فارس و کرمان زانی ناکۆکی و خوێسن ڕشتن بووە چاکەی تۆو لایەنگیرەکانت و یەکخستنی قسەتان و دوورخستنەوەی خراپەتان و خۆشی و ئارام و دڵنیایی ئێوەو تێکەڵاو بوونتانی ویست لەگەڵ برا موسوڵمانەکانتانداو باج و زەوی خێرو ماف داوێ و خوێن ڕشتن و دەست بۆ دڕێژ کردنتان لەوەو پێش کە ڕوویداوە لێتان و تاوانەکانی ئەو خوێنی بێوە ژنانەو شتی کەتان لەم جەنگەتاندا بەخشیوەو لە نێوان ئێوەو نێوان کار گێڕەکانیدا هەرچی خراپەو خراپە بووەو بۆ دڵباشی و لەبەر ئارەزووی ئەو بە تایبەتی بۆ چاککردنت و مانەووەت و تێکەڵ کردنت بە مل کەچ بوونی خوداو ئەو چاکەیەی کە بۆ تۆ پێویستەو پەیوەندی پێوە کردنتەوە باشە.

لە وڵاتەکەت نزیك بەوەو بە هۆی تۆوە وازی هێناو پێش ئەم نامەیە نەنامەی بۆ ناردویت ونەکەسیشی ناردۆتە لات میری باوەڕهێنەران خوێن و ماڵت و قژت و پێستی مسۆگەر کردووەو هەر تاوانێك و هەر خوێنێ، تۆ کردبێت یان ڕۆابێت یاخود لایەنگیرەکانت یاخود کارێ کردبێت یان ماڵێ کەم بوو بێت یان زۆر لەم جەنگەدا بردبێتت لەوانە هەمووی خۆش بوو هەموویانی بەڕەوڕووی ئەو خودایە کردۆتەوە کە شەریکی نیەو جا ئەگەر وەك ئەمانەتێ پەسەندی بکەیت و وەك گوێڕایەڵیکی مل کەچی شوێن کەوتوی خودا واز لە تاوانەکانت بێنی و بێتەوە ناو موسوڵمانەکان و دەستی لێ بەرنەدەیت و دڵسۆزی پەیمانەکەی بیت و ئەو دەمە نەگەڕێتەوەو لەو هیوایە پەشیمان نەبێتەوە.

من ئەمانەم کرد ئەگەر وەك ئەمانەتێك پەسەندیان بکەیت و پێشکەشم کردیو ئەگەر ئەوەی خودا ناوی بەتە ئەستۆت و پەیمانی نەشکێنی و لایەنگیری میری باوەڕهێنەران و باووباپیرانی

هۆڵانامەی کتێب

بیت و لەو پەیمانە ئوندتر کە خودا داوێیە بەسەر ئەو کەسانەدا لێی نزیکن و بەسەر پێغەمبەرو رابەردامن پەیمان و دۆستایەتی و وەفای خۆم بۆ خۆت و لایەنگیرەکانت هەیە و خوێن و مال و هەرچی ئەوەی کردووتانە لەو جەنگەدا کە لە نێوان ئێوەو کارگێری میری باوەڕهێنەردا رووی داو؟ وەڵامتان وەدی بهێنن، مەگوزەرێن و بێ گوێی مەکەن و تێك مەچن.

گوێی لە ئامۆژگاری میری باوەڕهێنەران بگرەو بزانە چۆن تەماشای تۆو لایەنگیرەکانت دەکات و بزانە ئەمە چ ناخۆشییەکی دوورو نزیکی دەبێ لەگەڵ نوێنەرەکەیدا وەرە بۆ لای و وەفای ئەو بۆ خۆت و لایەنگیرەکانت و چاکەی ئەو بۆ تۆو بەخشندەیی مسۆگەربکە.

ئەگەر تۆ ئەم ئەمانەتە پەسەند نەکەیت و تێ نەگەیت و نەیزانی لەگەڵ رابەرەکەیدا ئەمانەتەکەی بۆ نێرەوە بەری، بدەی پشت بەخودا هیچ شتێکی تۆ لە دڵیا نامێنێ.

خودا ئاگای لە دڵی میری باوەڕهێنەرانە کە پاکانەی کردوو بەرهەڵستکاری خۆشی بەرامبەرت دەربڕیوەو خودا خۆی ئاگاداری هەموو شتێکەو ئێتر بە خودات دەسپێرم.

ئیسماعیلی کوڕی صبح کارگێری میری باوەڕهێنەران رۆژی هەینی لە هەشتی سەفەری ساڵی 193 کۆچیدا نووسیوێتی و شوکر بۆ خوداو بۆ پێغەمبەرەکەی و هەموو کەس وکاری شۆڕشگێڕی شۆراتەکان وەڵامی نامەیێك دەداتەوە ئەمە دەقەکەیەتی: بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان ـ لە عبدالله حەمزەی میری باوەڕهێنەرانەوە.. سڵاو لەوانەی کارگێری خودان. دوایی خودای گەورە ئادەمی (سڵاوی خودای لێ بێ) خاوێن کردەوەو بەخشندەیی لەگەڵدا کردو وەچەی پێ پەیداکردوە ئەمانەتی خۆی پێ بەخشی و لەسەری پێویست کرد کە گەورەی ماڵەکەی بناسێ و مل کەچی بێت و لەو پێغەمبەران و رابەرانی خۆی دروست کردو نووسراوی خۆی بۆ ناردنە خوارێ و ئایینی بۆ جێ بەجێ کردن و رابەرەکانی یەك بەدوای یەکدا لەسەر یەك بەرنامەو شەریعەتی جۆراوجۆر ناویان بە دوای یەکدا دەهات و باوەڕی بەسەرەتاو کۆتاییان دەکردو تا سەدەکانی کۆن بە نەتەوەو کەسانی جۆربەجۆرەوە تێپەڕین و لەسەر مل کەچی خودای خۆمان و باوەڕ بە رابەرەکانی بەرێوە دەڕۆشتین و خودا محمدی پاش ماوەیێك پێغەمبەران ناردوو نزیك ئەو سەعاتەی کە خودا بەزەیی جوڵاو دوا پێغەمبەر بوو کە ناردی بۆیان و بۆ ئەوەی باوەڕی پێ یەکەن و قورئانی لە هەموو نووسراوێك ئەوەشی کە نووسراونەتەوە بە هێزتر بۆ ناردەخوارێ پێغەمبەری خودا بە پێ قورئانی خودا بەرێوە دەچوو بۆ لێدانی دوژمن و خەڵك بانگ کردن بۆ ئاینەکەیی و ئامۆژگاری کردنی نەتەوەکەی بە پێی فەرماندەی خودا بەرێوە دەچوو ئاوەکو خودا.. ئاینەکەی بۆ ئەواو کردو گەیاندبە بەڵگەو بانگەوازەکەی بۆ دەرخست و بەڵام بۆ ئەو لەسەر زەوی ئەوەی کە بە بەخشندەیی و چاکی بۆ زانی بۆ هەڵبژاردو خودا گرتی و پێغەمبەرێتی پێ ئەواو کردو وەحی پێ بەخشی و بۆ نەتەوەکەی قورئانی خوداو ئامۆژگاریەکانی دانا لەوانەش چی موفتەو چی موفت نیەو چی دەبێ بکرێ و کام رێگە بگیرێ ئەوەی کە حیکمەتەو ئەوەی لە یەك دەچێ و نموونەکانی و خۆشی ئەوانەی کە گوێڕایەڵی دەکەن و سزای ئەوانەش کە لێی یاخی دەبن و ئەوانەی کارگێری پێغەمبەری خودا بوون دەستیان پێوە گرت و بە پێی ئەو بەرێوە دەچوون و خودا لایەنی گرتن و سەری خستن و ئەوانەی پێشاندان کە لە رووی پەسەندی و توانا و دەرخستنەوە بەسەر دوژمنەکانیاندا هەری لێ دەکەن و تائیستاش موسوڵمانان و ئەوانەی لەگەڵیاندان تاسەردەمی خەلافەتی ئەبو بەکرو عمر خودا خۆشی بێ بەخشین و دەرگای بە زەیی خۆی بۆ کردنەوە لە خەلافەتی عثماندا ئەوخۆشیەی دنیا تووشی ناهەمواری هات و ئەوانەی گۆشە گیر بوون گۆشەگیریان کردوو کاریان تێ کردوو کارگێریان کردوو لە قورئانی خوداو رێبازی پێغەمبەرەکەی لایانداو دوای ئەم دەستە دەستە بوونە خەڵکەکە ناکۆکیان پەیدا کردوو دوای ئەو یەکی تیەی هەیانبو پارچە پارچە بوو خودا رێی راستی نیشانی ئەوانەدا کە باوەڕیان پێی هەبوو ناکۆك بوون لەسەر ئەوەی کە رەوایەو ئەوانەی شایانی گومڕایی بوو هەر لەسەر گومڕایی خۆیان مانەوەو قورئانی خودایان لە دەست داو بە رێبازی پێغەمبەردا (د.خ) نەچوون و رێی نیشانی ئەوانەش دا کەوا شوێن راستی خوداو ئاینەکەی و قورئانەکەی کەوتوون و رێگەی ئەوانەیان گرتوەو کە خودا خستوویەتە دڵیانەوەو پشوویان لە سەری هەبووە تا ئارەزوایی ئەو نەتەوەیەی نەهێشتوەو مافی خۆی داوەتێ بێ پارچە پارچەیی و خرابی هەندیکی چە شتووە کە ئێستاش جیاوازە مەگەر یەکێ بەزەیی پێتابێتەوەو تائیستا موسوڵمانان و ئەوانەی

هەولێر کتێبخانەی

لەگـەڵیـانـدان تا کاتی خۆی دێ کەم وکـورتیـان هەیـەو کە ئەم کاتەش کاتی نەتەوەیە کە لەسەر گۆڕای کۆدە بێتەوەو بە جۆرێك کە دەڵێ سەعـاتـە بەبـەڵێنیان و سەعاتیش ادهیٰ وأمرّ. پشت بە خودا کە لە نەزانین و گومڕایی بە دوورمان کات و لە خراپە بێ بەشمان بکات و.[٢٩]

نامەکەتم پێ گەیشت و بانگم دەکەیت کە بە پێی قورئان و ڕێبازی پێغەمبەر (د.خ) بڕوێن و باسی ئەوەت کردوە کە لە کورد خوراسان و جێگەی کە جەنگم لەگەڵ کاربەدەستەکەت کردووەو وتـووتـە لەوەو لە شتی کە لێت خۆش دەبم و لەو ئەمـانـەت و خەڵاتـەی کە لەگـەڵ نامەکـەتمـان و ئەمـانـەتەکەتمان وەرگرت و چووینە ژێر رکێفی تۆوەو ئەو شتانەی کە نووسیبووت تێیان گەیشتم.

بەڵام قورئانی خودا پێشەنگی منەو پێی قایلم و بەو نەبێ کار ناکەم و لەویش زیاتر ناوبژی کارم نیە. سوپاس بۆ خودا کە لەگەڵیدام و فێری ئایەتەکەی کردم و ئەوەی پیشان دام و وای لێ کردم کە قورئانەکـەی بکـەم بە ناوبـژیکـارو پێویستی خۆم لە مل کەچ بوونی بە جێ بهێنم و جیهـادی لەسـەر بکـەم و دژی ئەوانـە بن کە پێچەوانـەی ئەوە کاریـان کردووەو بێ قورئان و بە نووسینی کە ڕەفتاریـان بووەو خودامان پارمـەتی دەرو سەرکـەوتوو خەرەو خودا نەبێ هیچ هێزێکی کە نیە.

تۆ پێت ناخـۆش نەبـووە کە کارگێـڕەکـەت جەنگی لەگـەڵـدا کردووم و ئەوەش ناکۆکی کردنێکی تۆ بووەو لە خاکی تۆدا بووەو منیش لە دنیـادا ئارەزووم لەوە نیـە کە من بۆی دەبم و داوای ئەوەشم نەکردووە تێیدا باس بکرێم و بەکەسپیانم نەوتووە کە دەبێ خراپی ڕێگەکەیان بۆ گشت دەرخەن و کەچین و وازیان لێ هێنان و لەوەش زیاتر کە خودا بۆ کۆبڵەی خۆی داناوە نەخۆێنیان زیـاد ڕشـتـووەو نەمـاڵیـان بردووەو نەداوێن پیـسـیان کردووە. وا دەزانم کە مەسـەلـەی خوراسـان و ئەوەی سجستـان و فارس و کرمان بە سەرباندا هاتووە پێت گەیشتووە ناشیەوی کە بە درێژی بۆ باسی ئەو شوێنانەت بۆ بکەم.

بەڵام خەڵاتـەکـەت بۆمـن و چاو لێ بوونـم لەڵای تۆوەو ئەوشـتـانـەی کە داوات کردوون وەك بەکێ وایـە کە دڵی بەدنیـا خۆش بێ و ئارەزووی بکـات و چێـژی خۆشی ژیـان و لەزەتی ببینێ. هەرەوك بێ ئەوەی بیر لە مردن کرا بێتەوە بە خێرایی ئەمـانـەت پێـشکـەش کرد بەڵام من پشت بە ڕونـاکی خودا دەبەستم کە بەخت و چارەنووسمی تێدا بخات و ئەوانەی خراپە کارن و ئایینی خۆیان بە دنیا فرۆشتووە دنیا بۆ ئەو دەمێنێتەوە ئەو بۆ دنیا نامێنێتەوە کە ڕوێشتیش لە ئاگر زیـاتـرو لە خراپـە زیاتری تووش نایەت.

بەڵام زەوی و زارو خێروبێر بۆ من موسوڵمانەکان بەخشندەیی و ڕزق و برایەتی خۆیان دوای هەردوو و خەلیفەی یەکەم و دووەمی ڕاشـدیـن لەدەست داو ئەم شتـانـەش لە شوێنی ڕەوای خۆی وەرنـەدەگـیـراو بەوانـەش دەدرا کە شایـەنی نەبـوون و خودا حـسابکاری کۆیلەکانێتی.

بەڵام ئەوەی ئەمانەت پێشکەشت کردووە بانگت کردووە بۆ ئەوەی مل کەچی تۆ بێ و ئەمە بۆ یەکێکە بێ وەی بڕی و میرەکان لە ڕۆژی ترسـەگـورەکـەوە ڕۆژێـك کە دەرونێکی ئایندەری کە بروات پێی نەهێـنـاوە لەوەپێش کەڵکی نەبێ چۆن ئەوە لەڵای کەسێکەوە بە دەست دەخرێ کە مردن و ژیان و نەشازی نەبێ و نەمـاشـای کانی هاتنی مردنت کە لە بەردەمیا چۆن دەکـەوێ و ناچـار دەبی بچیت و لێت بەڕسـیـار دەبێ و ئەویش کە پاش ماوەیـك دەتباتە ڕۆژی حساب.

بینیت دنیای چی بەوانە کرد کە بەسەریا دەڕۆیشتن و ئەوانەی کە بۆی هاتن و خۆشیـان دەبـوسـت و چۆن هێشتینیـەوە گرتنی و دانی بە مردن و هیچیان لە پاش بەجێ نەمـاو دوایی پاکـانـەیان لێبان بۆ کردو ڕەفتارەکەیان مایەوەو هەردەش بێ کە لە ئەستۆیاندا بێ و تووشی پەشیمـانی هاتن و گەیشتنـە ئەوەی کە لەوانـەیـان پـرسـرێتـەوە کە زۆرە کاریـان لە دنیـادا کردووەو کاتێ سـەرەی مردنیان هات ڕۆژی بێ دەسەڵاتی و مردنی دەڵێ: ئەی ڕێبازەکە چەند لە لاکانتەوە زیاد ڕۆیشتم.[٣٠]

لایەنی خودام گرتووەو بەڵێنم داوەتی کە بە پێی فەرماندەی ئەو بڕۆم و بانگەواز بۆ گوێڕایەڵی کردنی لە ناو دوژمنەکانیدا تا دوا هەنـاسـەم من وەکـو کوبـلەیـەك بە وەفـام و بەڵێنی خۆم دەبەمەسەر. لە خودای گەورە داوا دەکەم کە بەڵێنم ببات سەرو دژی بەڵێنەکەی نیوەبن.

داوا لە خودا دەکەین کە بە پێی ئەوە لەگەڵماندا بجوڵێتەوە کەوا بە گوێرەی قورئان کردوومانەو خودا پەرستیمان ئەگەر وەك ئەوانـە بێ کە ئایێیـان لە دەرونیـانـدا نیە یاخود خۆی بپرسێتەوەو

داوای چاکەو خواردن لە خودا دەکەین و کە نەخۆشی نەهیچ کەسێ لە پشت ئەوەوە لە ڕێ لامان نەدات و ئەوەشی لە خۆمان گەورەییمان بکات ئەوە ئایندارو جێ بەخشینە.

بە خودا قایلین و بەئایینی موسوڵمان قایلین و باوەڕمان بە محمد وەك پێغەمبەری خوداو بە قورئان وەك پێشرەو هەیە تەنانەت ئەگەر ئاسمان و زەوی بانگ بکەن ئێمە هەرگیز لە دەوڵەتێ داوا ناکەین کە وتمان ئەگەر ئەمە ڕێگەی گرتم و بۆ ئەمە داوا لە خودا دەکەم بۆ خۆم و ئەوەی لەگەڵم دایە.

(پەنابە خودای گەورەی هەموو جیهانەکانی من موشریکی نەبێ هیچ نێم و کە هیچە نەقەڵاو هێزێکی کە لە خودا خۆیەوە نەبێ نابێ و حوکم کردن هەر بۆ خودایەو ئەوە کە حەق بدات و باشترین هەقدەریشە ئەگەر مردن بڵێ گەورەم هەرخودایەو هیچ خودایەکی کە نیەو پشتم هەر بەو ستوودو ئەو گەورەی عەرشی مەزنەو سڵاو لە محمدی پێغەمبەرو (د.خ) هەموو یەوانەی رابەرن.

سەرنجێکی شیکاری: -

دوای ئەمە دەبێ چاوێ بەو دوو نامەیەدا بگێڕین کە دوکتور فاروق عومر فەوزی کە وێستوویەتی قوڵ بێتەوەو ڕاستی ئەو دوو نامەیەی بۆ دەرکەوێ کە هی کێن، بەکارهێنانی نامە بەرنامەیێکی شیکاری مێژوویی یەو یارمەتی ئەم کارەی دەدا. بێگومان ڕاستی ناوەڕۆکەکەی دەرخستووە پرسیاری مافی خۆی کردووەو ئەو هۆیانەشی کە هەموویان وایان لە خەلافەت کردووە کە ئەمجارە بۆ دوان لەگەڵ شورائەکاندا کە لە دەسەلاتی یاخی بوون و دوای ئەوەش کە کەرەسەی جەنگ و زیانێکی زۆر گەورەی لە کۆڕاوو مال و دارایی یەوە بەرکەوتووە هۆی دبلۆماسی بەکاردەهێنێ بۆ پاراستنی یەکێتی موسوڵمانان و پاراستنی لە ڕۆمان و خەڵکی کە دەڵێ:

سەرنجی شیکاری و ڕەخنە، ڕەنگە پێش هەموو شتێ، دەبێ ئەوە بڵێین کە بەشەکانی ڕۆژهەڵات لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عەباسیەوە جێگای ئاڵۆزی و ناڕەحەتی بوون، بزوتنەوەی فارسی شوراتی تێدا دەرکەوت و دوایی ئەوە بووە بزوتنەوەی ناوچەیی و شەڕی جیا بوونەوەی لە خەلافەتی عەباسی دەکرد.

ئەم بزوتنەوانە، دەربڕی بێزاری خەڵك بوون بەرامبەر والی عەباسی و دەربڕی خواستی خۆیان بوون ئەمە بێجگە کە ئەوە یەکەم جێگەی هەناسەدان بوو کە خەڵکی ئەم ناوچانە هەناسەی ئەوەی تێدا بدەن کە دووپاتی ئەوە بۆ خەلافەت بکاتەوە پەیوەندیداری نەریت و باوەڕو کەلەپوری کۆنن.

ئەوەی زانراوە سجستان، ئەو ناوچەیەیە کە حەمزە شاری شۆڕشی تێدابەڕپا کرد، لەو ناوچە ناسراوانەیە کە خەڵکەکەی دەست بەنەریت و باوەڕی کۆنیانەوە دەگرن، ئاگری زەردەشتی کلپەدار لەم ناوچەیەو لە سەردەمی عەباسی یەکاندا بڵێسەدار بوو.

ڕەخنەی شورائەکان: -

تائێستا لە ڕووی ڕەخنەی شورائەوە ئەو سەرچاوە جۆربەجۆرانەمان نین کە ئەم نامانەمان بۆساغ بکاتەوە تەنیا نووسینە مێژوویەکەی سیستان نەبێ کە ئەویش سەرچاوەیێکی مێژوویی یەو نیشانەیێکی بە هێزمان سەبارەت ڕاستی ئەو نامانە لە ڕووی مێژوویی یەوە نادانێ. ناتوانین بە ڕاورد لە نێوان ئەو سەرچاوە پێشکەش کراوانەو هی کەدا کە دوایی هاتوون و باسی ئەو نامانە دەکەن یان پەنجەیان بۆ ڕادەکێشن بکەین.(76)

ئێمە کەوتینە ئەو هەڵوێستەوە کە نەتوانین بڵێین ئەوبیرەی کە دەڵێ ئەم نامانە ڕەنگە لەلایەن گێڕەوەکاندا ئەوانەی لایەنگیری شورائەکان یاخود عەباسیەکانەوە بوون دەست کاری کرابێ و نووسرابنەوە، ڕاستە یاخود درۆیە، هەروەها ئێمە ناتوانین ئەوەشمان دەست کەوێ کە ڕەگەزی خەیاڵ و ڕەگەزی گێرانەوە یاخود درێژە لەم نامانەدا چەندە بەتایبەتی کە ئێمە بزانین کەهەردوو فایل و گێڕەرەوەکان لە شیکاریەکانیاندا جڵەوی پێنوسەکانیان لە بواری دەمەنەقێ و چاوپێکەوتن و پرسیارو وەڵامو گفتوگۆو شی کردنەوەدا بەردەوە.

ڕەنگە ئەوانەی گێڕاوە کارەکان لە چوونە لای ئەبی موسلیمی خوراسانی بۆ لای مەنصور دواون بەتایبەتی ئەو نامانەیان باس نەکردووە کە لە نێوان منصور ومحمد نەفس زەکیەدا هەبووە ئەمەش باشترین نیشانەیە بیڵێین.

بەڵام ئێمە هەست دەکەین و دەڵێین دۆخی ئەو ئاڵۆزیەی کە

هەوالنامەی کێش

خەلافەت لە سەردەمی رەشیددا بە هۆی سنەمکاری والی‌یەکانەوە لە ناوچەکانی رۆژهەلاتدا کە بوونە هۆی پەشیوی دروست کردن نیی کەوت و ئەو پەنجانەش کە ئەم نامانە بۆ ئەو رووداوانە رای‌دەکێشن نیشانەی راستی ئەو نامانەمان دەدەنێ.

رەخنەی ناوخۆ: -

هارون الرشید لە نامەکەیدا بانگی حەمزەی شوراتی دەکات بۆ ئەوەی بە پێی قورئان و ڕێبازی پێغەمبەر (د.خ) رەفتار بکات و بەمەش پەنجەیێکی لادان لە دەستەی موسوڵمانان رادەکێشێ دوای ئەوەی کە پەنجە بۆ جەنگەکانی حەمزەی شوراتی دژی خەلیفە لە سجستان و شوێنی کە رادەکێشێ، بەڵێنی دەداتێ کە هیچی بەسەر نەبەت و لایەنگیرەکانیشی زەوی‌و باجیان بە گوێرەی بیروباوەڕی ڕەواو دادوەری بداتێ، لێرەدا ڕێی ئەوەمان دەبێ بڵێین خەلیفە هۆی بێزاری‌یەکە دەزانێ‌و بەڵێنی نەمانی دەدات، خەلیفە دەگەڕێتەوە بەچی لە ئایندا گەورەیە سوێندی بێ دەخوات و بەهێزترین بەڵێن و وادەی دەداتێ کە بە هیچ جۆرێ هیچ لە حەمزەو لایەنگیرەکانی نەکات.[٢٢]

هەروەها پەنجەش بۆ ڕای شوراتەکان لە خەلافەتی موسوڵمانداندا رادەکێشێ کە بڕیتی‌یە لەوەی علی یان عثمان و صەحابەکانی پێغەمبەرو (د.خ) حاکمەکانیان و ئەوانەی پێیان قایل بوون بێر بخاتەوە کە دەڵێ: (تا ئێستاش موسوڵمانان و ئەوانەی لەگەڵیاندان لە خۆش بەختی خودادا زۆرترن و دەرگای بەزەیی خستنە سەرپشتی بۆیان خەلافەتی ئەبی بەکرو عمربوو لە خەلافەتی عثمان چوونە دەرێ تا خۆشی خەلافەتەکە نەما...).

بەڵام بەشی دووەمی نامەکە وەڵامی حەمزەی شوراتە کە هی هارون الرشید دەداتەوەو خاڵ بەخاڵ هەموو بێرێیك لەگەڵیا دەدوێ‌و بەڵگەیەکی نەهێشتەوە لێی‌نەدوێ‌و وەڵامی نەدانەوە کە خلیفە هێنا بوویەوە.

یەکەم ئەو ناوی خۆی‌دەنێ (میری باوەڕهێنەران) هەروەك لە سەرەتای نامەکە داهاتووە واتە دان بە هارون الرشید دانە بە خەلیفەو نە بە ئیمام نانێ. ئەم سەرەتایەش بایەخێکی پرووپاگەندەیی گەورەی بۆ کارگەڕێتی بیری شورات و هەروەها نەبوونی ڕێکەوتن و پەسەند نەکردنی ڕێکەوتن ئەلایەن حەمزەوە دژی خەلیفە دەردەخات کە پەسەند کردن ئەو ئارامگەییەیە کە خەلیفە دابووی‌یەو حەمزەی شورات چوون ئەو مەرج و ڕێبدانە پەسەندەدەکات کە خەلیفە لە نامەکەیدا داوێنی‌و دەشزانی کە چی بەسەر بەحیای کوڕی عبداللهی کوڕی حەسەنی عاوی هات کە ئارامگری ڕەشیدی پەسەند کردو باوەڕی پێ کردو ڕەشید گرتی‌و بەندی کردو کوشتی.

حەمزە بەڵگەی شەرکردنەی بەشەر کردن لەگەڵ کارگێڕەکانی خەلیفە لە خۆراسان و سجستان و خراپی ڕەفتاری‌یان و داوێن پیسیان دەهێنێتەوە کە ئەمانە بوونەتە هۆی ئالۆزبوونی دۆخ و هەڵسانی خەڵکەکە لەو ناوچە ڕۆژهەلاتیانەدا بەم جۆرە حەمزەی شورات بەڵگە بۆ شۆرشەکەی دەهێنێتەوە کە ئەنجامی خراپی ڕژێمەکە بەرپابوو.

(کەواتە ئەوانەی دەجەنگن ئەوانەی ستەمیان بەرامبەر کراوەو خودا رابەری سەرکەوتنیانە) ئەم شیعارە درەوشەدارە بەشی زۆری شۆرانەکان لە مێژووی موسوڵمانانی سیاسیدا بڵندیان کرد.

هەروەها دووپاتی ئەوە دەکاتەوە شۆرشەکەی رووداوێکە دەربڕی ئەو ناڕەزایی بەشی زۆری ئەو خەڵکە یەکە خەلافەتی عەباسی دەستی بڕیون و کە هەسووماڤیکیان پێ شێل کردووەو ئەمەش شیعارێکی کەی درەوشەدارمان بیر دەخاتەوە کە ئەوەیە (دەمانەوێ کە لایەنی ئەوانە بگرین لەسەر زەوی ستەمیان لێ‌کراوەو بیان کەین بە ئیمام وبیانکەنیە جێ گرەوە.[٢٤]

حەمزەی شوراتی لە چاکیدا زۆر تیدە پەڕێ کاتێ کە سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکەی وادادەنێ کە ناکۆکی‌یێك نیە لەگەڵ هارون الرشیدو لەسەر مولکەکەی‌و لەسەر دنیاش نیەو داوای خێرو بەزەیشی لێ ناکات، چونکە چۆنکی دنیایی‌و خواستی سیاسی بەلای حەمزەی شوراتەوە شتێکی ئەوتۆنین کە بایەخداربن بەلام بۆچی لەسەرەتای نامەکەیدا ناوی خۆی نا (میری باوەڕهێنەران).

حەمزەی شورات دەگەڕێتەوەو خۆشەویستی‌و دەڵێ، ئەگەر رشید بزانی هەروەك چۆن ئەبی مسلمی خوراسانی‌و عبداللهی کوری علی‌و بحیس کوڕی عبدالله پێش من پەسندیان کردمنیش پەسەندی دەکەم بەهەڵە داچووە. ڕەنگە رەشید وای هەست کردبێ کە حەمزەی شورات ئەم بانگەوازە پەسەند ناکات لەبەر

ئەوە زۆر دڵخۆشی دایەوە. کاتێ کە باسی زەوی وزارو یارمەتی خەڵیفە دەکات کە پێی ببەخشێ وەك گاڵتە پێکردنێك وایە بەخەڵیفەکە دەڵێ: (دوای ئەوە موسوڵمانەکانی دوای هەردوو خەلیفە کە ئەبوبەکرو عثمان نەبەخششیان ماونەرزق و نەخێریان ما وای لێ هات ئەم شتانە لە جێی خۆیدا وەرنەگیرێن وبە کەسانێکیش بدرێن کە شایەنی ئەوە نین و خودا خۆی حسێاب کارە.

هەمزەی شورات کۆتایی نامەکەی بە ئامۆژگاری رەشیدو رێنیشاندانی دەهێنێ ولەسەر هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە عەباسیەکان ودژیان جیهاد کردن سوورەیێ وشیعاری نەمری شورات بەرز دەکاتەوە (حوکم بۆ جیاکردنەوەی حەق هەر بۆ خودایەو ئەویش باشترین جیاکەرەوەیە) ئەمەش دووپات کردنەوەی هەڵوێستی ئەو شوراتانەیە کە ناپانەوێ دان بە هیچ ئەمارەتێکدا بنێن چونکە لە رەفتارو چاککردنی دوخەکاندا سەرنەکوتووبن.

سەرچاوەکان

1 ـ نوری حمودی القیسی ـ کعب بن معدان الأشقری حیاته وما تبقی من شعره ـ گۆڤاری ـ الورد ـ ژمارە (2) ساڵی 1976 ل 85.

2 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

3 ـ هەر ئەو نسەرچاوەیە ـ ل 87 ـ 88.

4 ـ محمد رضا حسن الدجیلی ـ فرقة الأزارقة ـ بغداد وزارة التربیة ساڵی 1973.

5 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل 84 ـ 86.

6 ـ سهیر القلماوی ـ شعر الخوارج في العهد الأموی ـ قاهرە ـ چاپخانەی لیژنەی نووسین و بڵاوکردنەوەو وەرگێران ـ 1945.

7 ـ احسان عباس ـ شعر الخوارج ـ چاپی سێیەم ـ بیروت ـ دار الثقافة ـ 1974.

8 ـ الکامل للمبرد ـ بەرگی ژمارە (7) ل ـ 119 ـ القاهرة ـ مطبعة السعادة ـ 1923.

9 ـ الجاحظ ـ البیان والتبین ـ فرج حسن السعدون ـ القاهرة ـ چاپخانەی الأستقامة ـ 1947 ـ بەرگی یەکەم.

10 ـ احسان عباس ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 12 ـ 12 ـ 13 ـ 14.

11 ـ احسان عباس ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 15 ـ 24 ـ 26.

12 ـ احسان عباس ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 25 ـ 26 ـ 27.

13 ـ احسان عباس ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 8 ـ 48.

14 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 47 ـ 48.

15 ـ السیرە النبویة لأبن هشام ـ طبع علی صبیح ـ بەرگی (1) ـ ل ـ 196.

16 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 49 ـ 50.

17 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 51.

18 ـ هانی علوی ـ من قضایا التراث الأسلامی.

19 ـ الأصفهانی ـ ابو الفرج ـ الأغانی بەرگی (2) ل 67 چاپخانەی دار الکتب المصریة ـ 1938.

20 ـ ابن الحدید ـ شرح نهج البلاغة ـ بەرگی (1) ل ـ 455 ـ 463.

21 ـ هادی العلوی (من قضایا التراث الأسلامی ـ مناقشات مع مستشرق معاصر) مجلة العلوم ـ ژمارە ـ 2 ـ 1968.

22 ـ هادی العلوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 51.

23 ـ احسان عباس ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ (9).

24 ـ الکامل للمبرد ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 591 ـ

25 ـ حسین أمین ـ دراسة تاریخیة للخلیج العربی ـ المجلة التأریخیة ـ ژمارە «4» 1975 ـ ل ـ 10 ـ 7 ـ 17.

26 ـ مروج الذهب ـ بەرگی «2» ـ ل ـ 138 «چاپخانەی ـ البهیة».

27 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 59 ـ 60.

28 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 60 ـ 61.

29 ـ مروج الذهب ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 128.

30 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 68 ـ 69.

31 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 69 ـ 70.

32 ـ حسین امین ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 11 ـ

33 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 70 ـ

34 ـ الکامل للمبرد ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ 214 ـ

گەنجینەی کتێب

35 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 71 ـ 62 ـ 63 ـ

36 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 62 ـ 63 ـ 64 ـ

37 ـ الکامل للمبرد ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

38 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 78 ـ

39 ـ الأغانی ـ للأصفهانی ـ بەرگی (16) ـ ل ـ 1151 ـ چاپخانەی ـ بولاق ـ

40 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 81 ـ 82 ـ

41 ـ الأغانی هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 1155 ـ

42 ـ الأغانی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 1157 ـ

43 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 88 ـ 89 ـ 90 ـ 91.

44 ـ الجاحظ ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ بەرگی دووەم ـ ل ـ 15 ـ

45 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 12 ـ 13 ـ

46 ـ الشعر والشعراء ـ ل 1369 ـ بیروت ـ دار الثقافة ـ 1966 ـ

47 ـ الشعر الشعر والشعراء ـ ل ـ 371 ـ 374 ـ

48 ـ الأغانی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ بەرگی ـ 10 ـ ل ـ 156 ـ 160 ـ

49 ـ مقدمة دیوان الطرماح ونشر کرنکوه.

50 ـ الجاحظ ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ بەرگی «10» ـ ل ـ 54 ـ

51 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 95 ـ 96 ـ 97 ـ

52 ـ دیوان الطرماح ـ ل ـ 157 ـ

53 ـ دیوان الطرماح ـ ل ـ 140 ـ

54 ـ الشعر والشعراء ـ ابن قتیبة ـ ل ـ 374 ـ

55 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 110 ـ 111 ـ

56 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 112 ـ 113 ـ

57 ـ الدیوان ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 104.

58 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 114 ـ 115 ـ 117 ـ

59 ـ سهیر القلماوی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 126 ـ 150 ـ 152 ـ

60 ـ عمر ابو نصر ـ الخوارج فی الأسلام ـ ل ـ 82 ـ

61 ـ عمر ابو نصر ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 132 ـ

62 ـ غانم جواد رضا ـ الرسائل الفنیة في العصر الأسلامی الی نهایة العصر الأموی ـ بغداد رسالة ماجستیر سالی 1974 ـ ل ـ 266 ـ 267 ـ بەرگی «2».

63 ـ غانم جواد رضا ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 139 ـ 140 ـ 286 ـ 587.

64 ـ غانم جواد رضا ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ 269

65 ـ غانم جواد رضا ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ بەرگی «4» ـ ل ـ 227 ـ

66 ـ فاروق عمر فوزی ـ ل ـ 261 ـ 263 ـ الرسائل المتبادلة بین الخلیفة هارون الرشید والشاعر حمزه بن عبدالله الخارجی ـ المجلة التاریخیة ـ ژماره ـ 3 ـ 1974 ـ

67 ـ فاروق عمر فوزی ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 263 ـ 264 ـ

68 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 264 ـ 265 ـ

69 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 265 ـ 266 ـ

70 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 266 ـ 267 ـ

71 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 267 ـ 268 ـ

72 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 268 ـ 269 ـ

73 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 269 ـ 270 ـ

74 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 271 ـ 272 ـ

75 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 271 ـ 272 ـ 273

76 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ 272 ـ 273 ـ 274

77 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ ل ـ 272

78 ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ـ المجلدات التاریخیة ژماره «3» 1974 ـ ل ـ 224 ـ 26 ـ 274 ـ

هەوالنامەی کتێب

بابا تاهیری هەمەدانی

د. محمد نوری عارف

کولیجی تەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین

دیوانی بابا تاهیری هەمەدانی، کە بە عوریان ناسراو چاپی یەکەمی لە سالی 1902 لە لەندەن چاپ کرابوو، لەلایەن (عەلی ڕاستگۆ)وە ئامادەکراو بۆ جاری دووەم بەسەرمایەی ئینتیشاراتی تەسکەندەری، لە قەوارەیەکی 12سم × 17سم چاپ کرایەوەو پێشەکییەکی سی (30) لاپەڕەیی بۆ نووسرایەوە کە لە کۆمەڵە بیروڕاو بۆچوونێك پێکهاتووە لەلایەن چەند زانایەکی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاوایی‌یەوە، ئەوەی کە عەلی ڕاستگۆ لەو بارەیەوە دەستی پێکەیشتووە، کۆی کردۆتەوەو لەپێشەکی چاپی دووەم دا هەسوری خستۆتەڕوو، بەشێکی لەوقسانە پێکهاتووەکە لە سەر زمانی خەڵکی هەمەدان و ناوچەکەدایەو هەر لە کۆنەوە دەساودەم هاتووەو گەلێ لە بارەی بابا‌وە وتراوەو سەدەها سالێ بەسەردا تێپەڕیوە تا گەیشتووە بە ئێمە، گومان لەوەدا نی‌یە گەلێ گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هەندێکێشی شێوەیەکی ئەفسانەیی گرتۆتەخۆی‌و ئەمە شتێکی ناسایی‌یەو ئەوەی دەساودەم بیگێڕنەوەو لە سەردەمی خۆی‌دا بە وردی نەتوسرێتەوە، کەم و زۆر ئەو جۆرە گۆڕانەی بەسەردا دێت، هەرچۆنێ بێت ئێمە دەتوانین تا ڕادەیەك هەندێ شتمان دەستگیر بێ‌ێ لەم دەنگ و باسانە، چونکە ئەو قسانە هەموی لە خۆیەوە نەوتراوە، بەڵکو گەلێ ڕەگ و ڕیشەی دوورو تووڵیان هەیە کە لەوانەیە هەندێ شتی گرنگمان بۆ دەربخاو گەلێ لایەنی تاریك و لێڵمان بۆ ڕوون بکاتەوە. بەشێکی‌تری لە هەندێ سەرچاوەی نووسراوەوە وەرگیراوە، هەرچەندە جیاوازی لە نێوانیان دا هەیە بەڵام کەم و زۆر نزیکمان دەکاتەوە لە ڕاستی‌و شتێکمان دەستگیر دەکات.

پێشەکی ناوبراوم خوێندەوەو دوای ئەوە دەستم کرد بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی‌کوردی، کە لە چەند بەشێك

پێك هاتووەو هەر بەشەی هێنی یەکێکەو لە کونایی‌دا ناوی نووسەرەکەی نووسراوە. ئەو چوارینانەی کە لە پێشەکی ناوبراودا هاتوون خستومنەتە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی‌و ئەو وشانەی کە لای‌خۆمان بەکارناهێنرین، لە پەراوێزدا واتاکانیانم نووسیوەو دوای ئەوە بەکورتی لێکم داونەتەوە، تەنها چوارینەی (موآن بحرم که در ظرف آمدستم. .)م وەکو خۆی نووسیوەتەوە، چونکە (میرزا مهدی خان کوکب) لەسەر هەمان ڕێنووسی کۆنی خۆی، بە حسابی لەبەرچەدی‌و بە شێوەیەکی تایبەتی بە خۆی، سالی لەدایك بوونی بابای دۆزیوەتەوە، کە لە پەراوێزدا منیش بیروڕای خۆمم لەو بارەیەوە دەربڕیوە. ئەو کەسە ناسراوانەی کە هەندێ سەرچاوە بەهاوچەرخی بابای دانا‌ون و سالی لەدایك بوون و مردنیان، یا سەردەمەکەیانی دیاری نەکردووە، لە پەراوێزدا بە کورتی سال یا سەردەمەکانیانم پیشان داوە. وەیا هەرشتێ کە پێویستی بە

هەوالنامەی کۆنگرە

هەواڵنامەی گۆران

ڕوونکردنەوە بوونی بەگوێرەی بۆچوونی خەوم و بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە دەستم پێیان گەیشتووە لە پەراوێزدا پیشانم داون، بەڵام هەندێ لەو ناوانەی کە هاتوون، وەکو ناوی کەسان و شوێن و ناوی هەندێ سەرچاوە کە کوردی نین، بە هەمان ڕێنووس نووسیومن و وەکو خۆی خستوومنەتە ڕوو.

لەم کارەدا پێویستم بە هەندێ سەرچاوە بوو، بەڵام دەستم نەکەوت و هەندێ سەرچاوەیش کە لە پێشەکی ناوبراودا هاتوون ژمارەی لاپەڕەکانیان پیشان نەدراوەو منیش دەستم پێیان نەگەیشت تا ئەو هەندە کەم وکوڕیانە ساغ بکەمەوە.

ئەم کارە کە بنچینەکەی پێشەکی ناوبراوە، من وەرم گێراوەتەسەر کوردیو پەراوێزم بۆ داناوە. لە ئەنجام دا ئەوەی کە لە بارەی بابا تاهیرەوە بۆم دەرکەوتووە خستوومەتەڕوو. وا لێرەدا پێشکەشتانی دەکەم:

● ❋ ●

بە ناوی یەزدانی پاک
ژیانی بابا تاهیری عوریان

شاعیر نزیکەی هەشت سەد (800) ساڵە جوانیو تەڕوپاراوەیی هونراوەکانی خۆی پاراستووەو لە پشتی پەردەی ئەم ڕۆژگارە دوورو درێژەوە دڵی زانایان و سەرجەمی مەردمی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە، بەداخەوە مێژووی ژیانی بەتەواوی ڕوشن نییە، چونکە بابا تاهیر پەیوندییەکی ئەوتۆی بە جیهانەوە نەبووەو ڕەندێکی بار سووک و بێجێگابووە، وەکو خۆی ئەڵێ:

موئمان ڕیندەم کە نامەم بێ قەڵەندەر
نەخوون دیرەم نەمون دیرەم نە لەشکەر
چو ڕوزئایە دبگەردەم گیردی گیتی
چوشەو ئایەد بەخشتی وانە هەم سەر[1]

مێژویش گوێ نادات ئەو کەسانەی کە بێشوێن و لانەن و پشتی خۆیشی لەباری یادکردنەوەی ئەوەوە سووک کردووە. لەوانەیە کە بیشڵێین بۆیە مێژوو بابا تاهیری خستوونەتە پشت گوێ چونکە نە قەسیدەیەکی پیاهەڵدانی لەناو شاعیرەکان دا هونەدوتەوە، نە دیوانێکی گەورەی دڵداری داناوە، نەبەشان و باهووی پاشایەکی گەورەدا هەڵیداوە. ئیتر مێژوو چ بایەخیك دەدا بە کەسێکیوا. ئایا ئەم شاعیرە ڕووتەڵە بێشوێن و ڕێیە چ جۆرە کارتێکردنێکی لە هونراوەکانیدا پەنهان کردووە، کە لەگەڵ ئەو هەموو گرنگی پێنەدانەیدا هێشتا هونراوەکانی لەبیرو هۆشی مەردم دا نەقشی بەستووە، ئەوانەیشی کە لەگەڵ نەودا هاوزمان و هاونیشتمان نین چیژێکی زۆر لە هونراوەکانی دەبینن و وەریان گێراوە بۆسەر زمانەکانیان. سۆزی دەروونی ئەم شاعیرە بە جۆرێ کاری کردۆتە دڵی هەندێ کەس و بە شێوەیەك سەرمەستی قسەکانی بوون، کە هیچ شتێ بێجگە لە هەمان هونراوە ناتوانی خوماریان بشکێنێو ئەم جۆرە کەسانە ماوەیەك جۆش و خرۆش و تینی خۆشەویستی لە دەروونیان دا پەیدابووە کە نەیانتوانیوە ئەو بەسەر هاتە بە هۆی وشەوە دەربڕن و هێزی قسەکردن بەرامبەر بە هەستەکانیان کاڵ و کرچ و ناچیزە، بابا تاهیر بەسەرهات و هەستەکانی ئەو کەسانە بە زمانێکی تایبەتی بەخۆی دەردەبڕێو سازی ئەو بە تاری دڵی ئەوانە کۆك دەکرێ، هەرکاتێ بابا تاهیر ئاوازێك لێبدا، تاری دڵی ئەوانە دەکەوێتە لەرزەو هەرکاتێ بابا تاهیر ئاوازێ بخوێنێ، لە تینی ئارەزوو و شادی دەیانخاتە نالەو هەروەها دڵیشیان دەکەوێتە سەماو خۆشی، خۆ ئەگەر بابا تاهیر بڵێ:

نەوای نالە غەصی ئەندووتە ذوونوو
عیاری قەلب و خالیص بووتە ذوو نوو
بووڕە سووتە دلوون گیردی هەم ئایم
کە قەدری سووتە دل دلسووتە ذوو نوو[2]

ئەمان شادو دلخۆش دەبن، چونکە هاودەمێکیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوەو ئارەزوویەکی زۆریان هەیە کە ئەم دڵسووتاوە بتوانی ئەو داخوازییانەی کە لە دەروونیان دایە

ناتەوانن لە دەربڕینیان دا پێیان بڵێ، ئەوانە لە حاڵەتێك دا بوون یان هێشتا لە هەمان حاڵەتدان کە بەردەوامن لەسەر گریان و پێکەنین، دەردیان هەیە و دەرمانیان ناوێ و دەسووتێن و بەڵام خۆشنوودن، بابا تاهیر حاڵەتی ئەوانە بەم جۆرە باس دەکات:

دڵەم ئەز سووزی عیشق گیژوویرژە
موژە بەرهەم زەنەم سەیلابە ڕیژە
دڵی عاشق میشاڵی چووبی تەڕ بی
سەری سووژە سەری خوونابە ڕیژە[3]

ئەو کەسە گومبووانە خۆیان دەدۆزنەوە وەکو بێ‌لانەو بێ‌پەنایەك کە غەزنەیەك بدۆزێتەوە، یان تینوێتێك کە کانیەك ببینێ ئیتر بابا تاهیر بەرەڵاناکەن و هەرکاتێ بابا تاهیر بەم شێوەیە خۆی بەوان دەناسێنێ:

من ئان بەحرەم کە دەرظەرف ئامەدەستەم
من ئان نوقطە کە بەرحەرف ئامەدەستەم
بە هەر ئەلفی قەددی بەرئایەدا
ئەلف قەددەم کە دەرئەلف ئامەدەستەم

ئەم خۆپیشاندان و خۆپەلارستیە لای ئەوان سەیر نییەو دەزانن کە ئەو، هەموو حاڵەتەکانی دەروونیانی لەیەك چوارینەدا خستۆتە ڕوو و وەکو نوقتە کە شێوەکانی تێپ لە شێوەی نهێنی و داپۆشراوی دەهێنێتە دەرەوە، تەنگو چەڵەمەکانیانی جێبەجێ کردووە، ئەگەر چی بەم موعجیزەیە خۆی گەیاندۆتە پایەی گەورەکانی ئایینی زەردەشتی، کە گوایا لە سەرەتای هەر هەزار ساڵێ یەکێ لەوانە خۆی دەردەخات، ئەوا ڕێگای زیادە ڕەوی نەگرتۆتە بەر، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، مەبەستی ئەم هەزار ساڵە لای بابا تاهیر چ کاتێ بووەو ساڵ بەگوێرەی بیری ئەو چ ماوەیەك بووە لە زەمان، ئەم جۆرە کەسانە هۆگری ئەم شاعیرە ڕووتەڵە دەبن و کاتێ کە دەپرسێن دەڵێ:

موو کە سەر دەربیابوونەم شەوو ڕووز
سریشك ئەز دیدە بارو نەم شەوو ڕووز
ئەتەو دیرەم نە جایەم میکە ڕەد دەرد
هەمی ذوونەم کەنالوونەم شەوو ڕووز[4]

هەمان هەست لە خۆیان دا دەبینن، وردە وردە، بە ڕادەیەك شارەزای بابا تاهیرو هۆنراوەو زاراوەکانی دەبن کە هیچ قسەیەك وەکو قسەکانی بابا تاهیر کاریان تێ‌ناکات.

هۆنراوەکانی بابا تاهیر وەکو زمانی ئاسایی ئەمڕۆی ناوچەکەی خۆی نییە، لە چاپە جیاجیاکانی‌دا، ئەوەندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە بەدەست هێنانی ئەصڵەکەی گەلێ سەختە. ماوەیەکە، کە بۆ دۆزینەوەی ئەم ڕاستییەو بەدەست هێنانی نوسخەیەکی نزیك لە ڕاستییەوە خەریکم، تا لە ئەنجام دا کتێبێکم پەیداکرد کە ئێدوەرد هێرن ئالن = Edward Heron Allen لەم بارەیەوە داینابۆو کردوویەتی بە چوار بەشەوە:

بەشی یەکەم: پێشەکی‌یەکی تەواو کە دانەری کتێبە کە بە یارمەتی چەند ڕۆژهەڵات ناسێکەوە نووسیوێتی‌و لە هەر

لایەك شتێکی بەدەست هێنابێ لە بارەی بابا تاهیرەوە لە پێشەکی‌یەکەی‌دا خستوویەتی‌یە پێش چاو.

بەشی دووەم: وەرگێڕانی هۆنراوەکانی بابا تاهیرە کە خاتو ئیلیزەبێت کیوتیس برێنتن = Elizabeth Cutis bernton بە هۆنراوە کردوویەتی بە ئینگلیزی.

بەشی سێیەم: هۆنراوەکانی بابا تاهیرە کە دانەری کتێبەکە شەش نوسخەی بەدەست هێناوەو یەکێکیان کە لەلای ئەو لە هەمووان باشتر بووە کردوویەتی بە بنچینەی کتێبەکەی‌و لەگەڵ نوسخەکانی‌تردا بەراوردی کردووەو جیاوازی هەر شەش نوسخەکەی لەژێر هەر چوارینەیەك دا نووسیوە هەر وشەیەك کە لەگەڵ زمانی فارسی ئەمڕۆدا بەرامبەر نەبووە وەکو: (سوجم = سووجەم) کە ئەمڕۆ (سوزم = سووزەم)ەو (دیرم = دیرەم) کە (دارم = دارەم)ە بە کوردی لێوەی دوواوە.

چەند لاپەڕەیەکی کێبڕکێ

بەشی چوارەم: هۆنراوەکانی بابا تاهیرە کە (ئیدوەرد هیرن ئالن) بە پەخشانی ئینگلیزی و شیعر وەریگیراوە، ئەم کتێبە لە ساڵی 1902ز لە لەندەن چاپ کراوە. دانەری ناوبراو هەر شتێکی کە لە بارەی بابا تاهیرەوە دەست کەوتووە، کەڵکی لێوەرگرتووە. بەڵام لە بارەی (تاریخ گزیدە حمدالله مستوفی) کە بابای بە یەکێ لە عاریف و مەشایخەکان داناوە هیچ نەدواوە.

ئیدوەرد هیرن ئالن دەڵێ: هەرچەندە چوارینەکانی بابا تاهیر لەسەر زمانی خەڵکی ناوچەکەیەو گەلێ جار چاپ کراوە، بەڵام لە پێشەکی هیچ یەکێ لەو چاپانەدا شتێکیوا لە بارەی مێژووی ژیانی شاعیرەوە دەستگیر نابێ، تەنها (رضا قلی خان هدایت) لە (تذکرە مجمع الفصحاء) کە دە (10) چوارینەی بابای پیشان داوە، لە پێشەکیەکەیدا دەڵێ: تاهیری عوریانی هەمەدانی ناوی پیرۆزی بابا تاهیرە، لە زانا و حەکیم و عاریفەکانی سەردەمی خۆی بووەو خاوەنی کەرامات و پایەی بڵندبوو، هەندێ کەس ئەویان بە هاو چەرخی سوڵتانەکانی سەلجووقی داوەتە قەڵەم، ڕاست نیەیەو بەڵکو ئەو لە مەشایخە کۆنەکانەو هاوچەرخی (دەیالیمە)یەو لە ساڵی (410)ی کۆچی لەپێش (عنصری = عونسری)و (فردوسی = فیردەوسی)[5] هاوشانەکانی سەردەمی ئەوان کۆچی دوایی کردووەو چوارینەی جوان و ناوەرۆکی بڵندی بە زمانی کۆن هەیەو چەند نامەیەك لەو پیاوە گەورەیە ماوەتەوەو زانایان لێکدانەوەیان لەسەر نووسیوەو هەندێ لە چوارینەکانی لەم کتێبەدا نووسراوە. «جلد اول ـ مجمع الفصحاء».

هەروەها (رضا قلی خان) لە کتێبی (ریاض العارفین)دا دەڵێ:

بابا تاهیر لە ساڵی (410)ی کۆچیدا مردووەو بەم پێیە ناتوانرێ کە بابا بە هاوچەرخی (عین القضاة همدانی)[6] یا (خواجە نصیر طوسی)[7] دابنرێ. (رضا قلی خان) لە (ریاض العارفین)دا بیست و چوار (24) چوارینەی بابا تاهیری نووسیوە، بەڵام نالێ کە سەرچاوەکانی چین، خۆ ئەگەر ساڵی (410)ی کۆچی لە بارەی شاعیرە هەمەدانیەوە ڕاست بێ ئەوا هاوچەرخی فیردەوسیەو لەپێش عومەری خەییام دا[8] بووە. ئیدوەرد براون کە لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا گەلێ یارمەتی بەکەڵکی داوم و لەم بارەیەوە دەڵێ: باسی بابا تاهیرم لە کتێبێکی کۆن دا دیوە کە جێگای بڕوایەو ناوی (راحة الصدور وآیة السرور ـ تألیف نجم الدین ابوبکر راوندی)یەو بۆ (سلجوق شاه ابو الفتح کیخسرو)ی نووسیوە لە ساڵی (599 یا 600)ی کۆچیداو ئەو نوسخەیەی ئیدوەرد براون بینیوێتی لە ساڵی (635)ی کۆچیدا نووسراوە، لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە جێگای باوەڕە، ئیدوەرد براون ئەوەی نەقڵ کردووەو منیش لێرەدا باسی دەکەم: ئەم کتێبە لە ساڵی 1921زدا لە کەمبریج چاپ کراوەو منیش ئەو قسانەی کە باس کرا لەو چاپەوەوەرم گرتووە کە ئەمەیە: ـ

بیستم کاتێ کە سوڵتان (طغرل = توغرول) بەگی هاتە هەمەدانەوە، سێ کەس لە وەلییەکان کە (بابا تاهیر و باباجەعفەرو شیخ حمشاد کوهکی) بوون، لای دەروازەی هەمەدان پێی دەڵێن (خضر) ڕاوەستابوون و سوڵتان کە چاوی بەمانە کەوت سوارەکانی لەشکرەکەی ڕاگرت و دابەزیو لەگەڵ (ابو نصر اسکندری)ی وەزیر هاتەلایان و دەستیانی ماچ کرد، بابا تاهیر کە لە ڕوالەت دا لە دڵداریکی سەر لێشێواو دەچوو، پێیوت:

ئەی تورك، چی دەکەی لەگەڵ خەڵکی خودادا؟

سوڵتان وتی:

ئەوەی کە تۆ دەفەرموێ، بابا وتی: ئەوە بکە کە خوا دەفەرموێ، ئایەتی (ان الله یامر بالعدل والاحسان). سوڵتان گریاو وتی: وا دەکەم. بابا دەستی گرت و وتی: ئایا ئەمەت لە من قبوڵ کرد؟ سوڵتان وتی: بەڵێ. سەرەمەسینەیەکی شکاو، کە ساڵەها بابا دەستنوێژی پێ گرتبوو، لە پەنجەیا بوو، دەری هێناو کردیە پەنجەی سوڵتان و وتی: بەم شتەوەیە مەملەکەتی جیهانم کردە دەستت و تۆیش دادپەروەر بە، ئیتر دوای ئەوە سوڵتان

هۆڵەمەی کتێب

هەمیشە ئەمەی لە دۆعا خوێندن دا پێ بوو، کاتێ کە جەنگی بکردایە ئەمەی دەکردە پەنجەی. ئێدوەرد براون دەڵێ:

من واگومان دەکەم، ئەمە بەڵگەیەکی بەجێیە کە ئیمەی پێ نیاز کردووە لە کتێبەکەی (رضا قلی خان) ئەم بەڵگەیە بیرووڕای جیاوازی سەردەمی ژیانی بابا تاهیری ساغ کردۆتەوە.

هۆنراوەکانی بابا تاهیر کە لە ساڵی 1267 کۆچی دا چاپ کراوە هەروەها، لە 1308 کۆچی لە (بومبەی)و 1274و 1301 کۆچی لە تاران دا، لەگەڵ موناجاتنامەکەی (خواجە عبدالله انصاری) لە (بومبەی) هیچ پێشەکی یەکیان بۆ نەنووسراوە بیست و پێنج (25)چوارینەی بابا تاهیری نووسیوەو دەڵێ: عوریان، ناوی بابا تاهیرەو، دێوانەیەکە لە هەمەدان و ژیرێکە لە هەمەدان. لە هەندێ کتێب دا ناوبراوەو ڕەوشتیشی لەناو صوفی یەکان دا ناوبانگی دەرکردووەو دڵدارێکی شەیدایەو جۆش و سۆز لە هۆنراوەکانی دا ئاشکرایەو هۆنراوەکانی بە زمانی راجی بووە. [راجی: وانە رازی کە تیپی «ز» بووە بە «ج» بابا تاهیر لە باتی سووزم دەڵێ سووجم، زمانی راجی یا رازی زمانێکە بە قسەی کتێبی (ریاض العارفین) لەو سەردەمەدا خەڵکی «ڕەی»و «دێنەوەر» قسەیان پێ کردووە. راج یا راز واتە ڕەی یەکێ لە شاعیرەکانی تر کە ناوی (خواجە کمال الدین بندار رازی)یە هاوچەرخی (مجد الدوله دیلمی)یەو لەپێش سەردەمی بابا تاهیردا بووەو هەندێ هۆنراوەی هەیە کە زمانەکەی وەکو زمانی بابا تاهیرە. دانەری کتێبی (مجمع الفصحاء ـ جلد اول)، دەڵێ: بەندار هۆنراوەی ناوبراوی بە زمانی رازی وتووەو زمانی بابا تاهیر جیاوازە لەگەڵ زمانی رازی. «وحید»].

«کاپتن چارلز کێمبۆڵد Captain Charles Kembald»ی ئینگلیزی ئەو دەنگ و باسەی کە دەم بەدەم و وەچە لە دوای وەچە لە بارەی بابا تاهیرەوە گێڕاوەیانەتەوە، نووسیوێتیەوە کە ئەمەیە:

بابا تاهیر نەخوێندەوارێکی دارفرۆش بووەو خووی بەوەوە گرتبوو کە هەموو ڕۆژێ بروات بۆ قوتابخانەو گوێ بداتە ئەوە دەرسانەی کە قوتابیان دەیخوێنن، بەڵام قوتابیان گاڵتەیان پێ دەکرد، ڕۆژێ زۆری لە خۆی کردو وتی: من سەرم لەوە سوڕماوە کە چۆن ئەو دەرسەی کە ئەم قوتابیانە دەیخوێنن فێری دەبن و دوای ڕۆژێ لەو بابەتەوە قسە دەکەن. ئەو کەسەی کە بابا تاهیر ئەم پرسیارەی لێ کردبوو وەڵامی دایەوەو وتی: ئەم کارە زۆر سەخت نییەو ئەو هەموو قوتابیانەی کە دەبینیت هەموو ڕۆژێ دێنە کۆڕی دەرسەوە، لە نیوەی شەودا یەکەیەکە خۆیان ڕووت دەکەنەوەو خۆیان دەخەنە ناو حەوزی قوتابخانەوەو یەکجار کە سەردەکەن بەناو ئاودا ئەو هەموو دەرسانەی کە بە ڕۆژ خوێندوویانە فێری دەبن. بابا تاهیر، باوەڕی بەم قسەیە کرد، کاتێ کە شەو داهات بەگوێرەی قسەی ئەو کەسە ڕەفتاری کردو ئەمەیش لە یەکێ لە شەوەکانی ساردی زستان دا بوو، بابا تاهیر کاتێ ئەم کارەی ئەنجام دا گڕی ئاگری لە ئاسمان دەرکەوت و دوای ئەوە خۆی کرد بەدەمی بابەڵدا، کە ڕۆژ بووەوە، چوو بۆ قوتابخانەو کەوتە باسی بابەتەکانی فەلسەفەو هەموویانی بەزاند، قوتابیانیش بەهۆی ئەم دیاردەیەوە پرسیاریان لێ دەکرد، بابا تاهیر وتی: ئەو کارەی کە ئێوە دەیکەن بۆ فێربوونی دەرس، منیش ئەوەم کردووەو، دوای ئەوە مەسەلەی شەوی بۆ گێڕانەوە کە لە باتی ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە، چل جار سەری کردووە بەناو ئاوداو ئنجا وتی: «امسیت کردیاً واصبحت عربیاً» ئیتر لەپاش ئەوە جۆرە تین و جۆشێ کەوتە گیانییەوە، بەجۆرێ کە کەس نەی دەتوانی لەنزیکی یەوە خۆی ڕابگرێ و دوای ئەوە، نەدەڕۆیشت بۆ قوتابخانەو ڕۆژگاری لە چیاو دارستانەکان دەبردەسەر.

میستەر بلۆشێت لە پاریس، دکتور رس لە لەندن، میستەر براون لە کەمبریج و میستەر ئەلیس لە بریتش میزیوم، ئەم زەحمەتەیان فەرموو، کە سەرچاوەی ژیانی ئەم شاعیرەم پیشان بدەن و لەگەڵ ئەوەش دا میستەر

بلۆشێت - M. Blochet - ناگادارم کردم له نوسخەی ژمارە 1952 که له نامەخانەی میللی پاریس دایەو ناوی «کلمات القصار»ە، زاراوەی سوفیبانەیەو له پێشەکی یەدەیدا بابا تاهیری داناوە بەدانەری شیعرەکو گومان لەوە دەکرێ کە یەکێ بێت لەو نامانەی کە «رضا قلیخان»ە لە «مجمع الفصحاء» دەستی بۆ راکێشاوە.

• محمود عرفان

بابا تاهیر

گۆڕی بابا تاهیر دەکەوێتە ڕۆژئاوای قەراغی شاری هەمەدان، لە گەڕەکێك کە بە «بن بازارە ناسراوەو کەوتۆتە سەرگردێك، کە نزیکەی پێنج (5) گەز بەرزە، لە ناوچەی ئیمام زادە (حارث بن علی)، ئەم گردە دیمەنێکی زۆر دڵڕفێنی هەیە، لەلایەکەوە لووتکەو زنجیرە شاخەکانی ئەڵوەند بەرامبەرێتی و لەلایەکی ترەوە ئەو زەوییانەی کە لە هاوین دا دەکرێن بە کشتوکاڵ و سەوزەوات، بەرامبەر بە ئارامگاکەی، خانوویەکی بچووکی چەند ژووری هەیە، بەدرێژایی و پانی (15) گەزێك و بەرزی چوارگەز و نیو (4,5)و لە ئەنیشت گۆڕەکەی باباوە، گۆڕی دایەنەکەی و گۆڕی (حاجی میرزا علیقلی کوشری)ە، کە لە سوفیبە بەناوبانگەکانی هەمەدانەو گۆڕی (حاج ملارضا)یە کە خاوەنی تەفسیری (در النظیم ومفتاح النبوة)یە. ئەو بەشەی کە ئارامگای بابا تاهیری تێدایە، لە چەند ژوورێك پێك هاتووەو بە زۆری بووە بە شوێنی چەرس و[9] بەنگ، ئەو ناوەیان پێس کردووەو دانیشتوانی ئەو ناوچەیان بێزارو وەرس کردووە، گۆڕەکەی بابا هەموو ڕۆژانی هەفتەو بەتایبەتی شەوانی هەینی بووە بە زیارەتگای مەردمی سوفی مەشرەبی شارەکە.[10]

ئەو قسە بەناوبانگانەی کە لە هەمەدان و لە بارەی باباوە دەیگێڕنەوە: -

1 - دەگێڕنەوە کە بابا لەسەرەتاوە چۆتە قوتابخانەی گەورەی هەمەدان و قوتابیانی دیوە کە بەیەکەوە سەرگەرمی قسەو باسی زانستی بوون و ئەویش لەو بارەیەوە ناڕەزوویەکی پەیدا کردووەو خۆی خەریک کردووە بە خوێندن ماندووی دەکاو بە شێوەیەکی سادەو دڵێکی پاکەوە لە یەکێ لە قوتابییەکانی دەپرسێ: تۆ چیت کردووە کەوا خێری ئەم هەموو زانیارێو هونەرانەبووی؟ ئەویش بەگاڵتەوە دەست بۆ حەوزی قوتابخانەکە ڕادەکێشی و دەڵێ: ئێمە لەناو ئەم حەوزەدا خۆمان شتووەو ئەم زانستەمان پێبەخشراوە. لەو کاتەدا هەمەدان زۆر ساردبوو، حەوزی قوتابخانەکە بە ئەستووری چەند گرێیەك بەستبووی، بابا لەپاش بیستنی ئەم قسەیە بربارێدا کە بە هەر کۆشتێکی سەخت بێ، دەبێ بێ بە حەوزەکەدا خۆی بشوات.

دوو سەعاتێکی مابوو بۆ بەیانی، قوتابیەکان هێشتا لە خەودا بوون ئەم لە خەو هەڵساو سەهۆڵەکانی شکاندو خۆی کرد بەقوتابی و هاتە دەرەوە، زەوی سەرمابوو، هەر چۆنێ بوو خۆی گەیاندە ژوورەوەو دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست و کە ڕۆژ بووەوە بابایان بینی بەدەم پێکەنینەوە دەیوت: (أمسیت کردیاً واصبحت عربیاً).[11]

2 - سەرمای هەمەدان بەو شێوەی کە شاعیرێکی عەرەب دەڵێ: (همدان متلفة النفوس ببردها). بەڕاستی بەو جۆرەیە، دەگێڕنەوە، بابا لەو سەردەمەدا لە چیای ئەڵوەند نیشتەجێبوو بوو، گڕو جۆش و کوڵی دەروونی و تینی خۆشەویستی ی ڕاستی بە جۆری گەرمی کردبوو، کە بە هەر چوار دەوریا بە ئەندازەی گەزێ بەفری توندابووەوە ئاوەکە چووبووە ناو زەوی و گژوگیای بەهاریی بە هەر چوار دەوریا ڕووابوو.

3 - بابا خوشکەزایەکی ئەستێرەناسی هەبوو، کاتێ کە دەیویست جێگای یەکێ لە ئەستێرەکان بدۆزێتەوە، سەیری هەر کتێبێکی دەکرد شتێکی دەستگیر نەدەبوو لەو بارەیەوە، لەبەر خۆیەوە وتی: بابڕۆم ئەم تەنگ و چەڵەمەیە لە خاڵم بپرسم، بۆ ئەم مەبەستە سەرکەوتەسەر یاڵەکانی ئەڵوەند، تا گەیشتە ئەو شوێنەی کە بابای لێبوو، ئەویش لە کاتێك دا بوو کە بابا لەنزیك لووتکەی شاخەکە، لەسەر زەوییەکە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

لێی کەوتبوو، لە حاڵەتی ڕازو نیازو سۆزو گودازدا بوو، خوشکەزاکەی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر خۆی پلێ گەیاندو کاتێ لە دوورەوە بابای بینی کە لەسەر دەم لێ کەوتووە، شتێکی بە خەیاڵ دا هات، ئەویش ئەمەیە، کە شەریعەتی ئیسلام نوستن لەسەردەمی بە شتێکی خراپ داناوە، ئایا بۆچی خاڵی من یەکێ لەو شتانەی کە شەرع بە خراپی داناوە دەیکات. بابا خیرا هەستی بەبیرکردنەوەکەی ئەو کردو هاواری لێ هەڵساو وتی: ئەمە لە کاتی نوستن دا خراپەو من نەنووستووم، دوای ئەوە بە پەنجە گەورەی پێی، لەسەر زەوی شتێکی دروست کردو وتی: ئەمە مەبەستەکەی تۆیەو وەربیگرەو بڕۆ. ئەو بەبێ ئەوەی مەبەستەکەی خۆی دەربخات تەنگ و چەڵەمەکەی خۆی بە حەلکراوی دەست کەوت و گەڕایەوە.

4 ـ وادەگێڕنەوە کاتێ کە (عین القضاة)ی بە ناویانگی هەمەدانییان تاوانبار کرد بە کفر، سزادرا بە سەربڕین و لاشەکەیان فڕێدایە مەیدانی هەمەدان، کە ئێستا بە مەیدانی زوغال ناسراوە واتا مەیدانی خەڵووز، لە کاتێك دا کە تەماشاکەران، دەوری لاشەکەیان دابوو، بابا لەوێوە تێپەڕی و کاتێ کە ئەمەی بینی هاتەپێشەوەو نووکە پێیەکی لە قازیداو وتی: پیاوانی خوا بەم جۆرە ناڕوون. (عین القضاة) یەکسەر لە شوێنی خۆی ڕابەڕی و سەرەڕاوەکەی خۆی خستەبن دەستی و هەڵات و کۆمەڵێ تەماشاکەران لەدواوە سەیریان دەکرد، تا قازی گەیشتە گۆڕستانی گشتی کە بە (ئەهلی قوور) بەناویانگەو لەوێ خۆی کرد بە چاڵێکی قوڵ داو لەچاو ون بوو، ئیستاش ئەو چاڵە لە هەمەدان دا بە (چاڵ عین القضاة) ناسراوە.

5 ـ حاجی عبدولوهاب شوشتەری، کە یەکێ بوو لە شێخ و سۆفی یەکانی ئەهلی زیکر، کۆتایی تەمەنی لە هەمەدان دا بردبووەسەر، بۆمی گێڕایەوەو وتی: لە کۆڕێك دا بابا ئامۆژگاری دەکردو ئایەتی (وعیدو تخویف)ی دەخوێند. لە کۆتایی کۆڕەکە دانیشتوان بینیان شێتی نەریەك لە گۆشەیەکی کۆڕەکە پەیدابووە، هۆی ئەمەیان لە بابا پرسیو بابایش وتی: یەکێ لە پەریەکان لە کۆڕەکەدا بووە، بە هۆی بیستنی ئەم قسانە لە شەرم دا بوو بە ئاوو چوو بە ناخی زەوی دا، ئەم شێتو نەریە نیشانەی تواندنەوەی ئەوە.

نووسینەکانی بابا تاهیر:

من تەنها (کلمات قصار)ی ئەوم دیوە کە (حاجی ملاسلطان علی گنابادی) بە فارسیو عەرەبی لێکدانەوەی لەسەری نووسیوە، لە هۆنراوەکانی بابا تا ئێستا نوسخەیەکی تەواوی بێ هەڵەم دەست نەکەوتووەو ئەوەیشی کەوا لەبەر دەست دا بە جێگای باوەڕ نیە، لەڕاستی دا زۆربەی ئەو چوارینانەی کە لە دیوانە چاپکراوەکانی بابادا بەناوی ئەوەوە هاتوون هینی ئەو نین. من ئەوەم لەبیرە، کە چەند چوارینەیەکی کوردی لە یەکی لە دەستنووسەکان دا، بەناوی باباوە نووسرابوو (شاطر بێگ محمد) شاعیری بەناویانگی هەمەدانی دەیوت هینی منەو بەناوی باباوە نووسراوە.

هەمەدان. نووسینی هەمەدانی.

★ ★ ★

بابا تاهیری عوریان هەمەدانی بووەو ڕێگای دەروێشی و ژیانی سادەی گرتۆتەبەر شێوەی سۆفی یەکانە. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە گوشەگیر بێت و بە پەنهانی بژێو لە بارەی ژیانی یەوە شتێکمان بۆ بەجێ نەهێڵێ، تەنها ئەوە نەبێ کە لە هەندێ کتێبی سۆفیانەدا، باسێك لە بارەی پلەی مەعنەوی و ڕێ وشوێنی دەروێشی و خواپەرستی و بێ نیازی ئەوەوە هاتووە، ئەوە لە بارەی بەسەرهات و ژیانی یەوە ناشکرایە، گوایا بە یەك گەیشتنیکە لەگەڵ تۆغرول دا، کە یەکەمین پاشای سەلجوقی بووە، لە دەوروبەری ساڵی (447) کۆچی لە هەمەدان دا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە سەردەمی ناویانگ پەیداکردنی بابا لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەم دا بووەو لەوە دەچێ کە لە کۆتایی سەدەی چوارەم دا

هەوالنامەی کتێب

لەدایك بووبێ.

بابا تاهیر یەکێکە لە شاعیرە دڵدارە ئازار چەشتووەکان، ئەو هۆنراوانەی کە وتوویەتی، بەڵگەی سۆزی دەروونی ئەوە، هەروەها چەند نامیلکەیەکی بە عەرەبی و فارسی داناوە کە ئەمانەن:

(کلمات قصار) بە عەرەبی، کە بیروباوەڕی سۆفییانەیە لە بارەی زانست و زانیاری و خواپەرستی خۆشەویستی. ئەمانەی بە ڕستەی کورت کورت و کاریگەر پیشان داوە، بەشی زۆری ناوبانگی بابا تاهیر بە هۆی چوارینە شیرین و کاریگەرە سۆفی گەرییەکانیتی، یەکی لە تایبەتییەکانی ئەم چوارینانە ئەوەیە، کە لەگەڵ کێشی ئاسایی چوارینەدا کەمێ جیاوازی هەیە و هەروەها بە زمانی داناوە کە لە شێوەی لوڕی دەچێ، لەم بارەیەوە لە کتێبە کۆنەکان دا لەژێر ناوی (فەهلەویات)دا[12] هاتووە. ئەمرۆ چوارینە سادەو کاریگەرەکانی شاعیر باسی یەکێتی جیهان و دوورەپەرێزی ئادەمیزادو پەرێشانی و تەنهایی و کەم مایەیی و بێدەسەڵاتی خۆی دەکات. گلەیی دەکات بە هۆی دوورکەوتنەوەی لە خۆشەویست و جیلوەی داوە بە هەست ئارەزووی مەعنەوی خۆی.

بابا تاهیر لە هەمەدان دا ئەم جیهانەی بەجێهێشتووەو لەهەمان شاریش دا نێژراوە.

تاریخ ادبیات - دکتر شفق ل 108 - 109

هیدایەت (هدایت) دەڵێ: تاهیری عوریانی هەمەدانی ناوی پیرۆزی بابا تاهیرەو لە زاناو حەکیم دا سۆفی یەکانی سەردەمی خۆی بووەو خاوەنی کەرامات و پایەی بەرزبووە، هەندێ کەس ئەویان بە هاوچەرخی پاشاکانی سەلجووقی داناوە بە هەڵەدا چوون.

ئەو لە مەشایخە کۆنەکانەو هاوچەرخی دیلەمی یەکان بووە. لەسالی (410)ی کۆچی دا لەپێش (عنصری)و (فردوسی)و دۆستەکانی ئەوان دا کۆچی کردووە، چوارینەی جوان و ناوەرۆکی بەرزی هەیە بە زمانی کۆن. دەڵێن بەرهەمی نووسراوی لەپاش بەجێماوەو زانایان لێکدانەوەیان لەسەر نووسیوە.

مجمع الفصحاء - ج 1، ص 326

ئێدوەر براون لە بەرگی دووەمی مێژووی ئەدەبیاتەکەی ل 360 - 361دا، ئەم داستانەی خستۆتە ڕوو، خوالێخۆشبوو ڕەشید یاسمی،[13] لە پێشەکی چاپی دووەمی دیوانی بابا تاهیری (وحید)دا نووسیوێتی، لەپاش نەقڵ کردنی ئەوەی کە لە (راحة الصدور)ەوە وەرگیراوە، بەم شێوەیە دەڵێ: ئەم گەشتی توغرو لە (طغرل) لە دەوروبەری ساڵانی (447 - 450) کۆچی دا ڕووی داوە، هەرچەندە وشەی پیر لە (راحة الصدور)دا دوور نییە کە دەست نیشان بێ بۆ پایەی ئیرشادی بابا تاهیر، نەوەك زۆری تەمەن. بەڵام بە هۆی جۆری گفتوگۆکەی لەگەڵ توغرول داو ئەو بایەخەی کە لە دوو هاوڕێکەی زیاتر پێی دراوە لەلایەن پاشاوە، دەتوانین بڵێین تەمەنی لە پەنجا ساڵ بەرەو ژوورتر بووە، بەم پێیە لەدایك بوونی دەکەوێتە کۆتایی سەدەی چوارەمی هیجری، لێکۆڵینەوەی خوارەوە دان پێدەنێ بۆچوونەدا دەنێ و لە نێوان هەندێ میللەتان دا، باوەڕوایە، کە هەر هەزار ساڵێ گەورەیەك دەردەکەوێ.

مەسیحی یەکان لەوانیان وەرگرتووە.[14] هەروەها لە ئێرانی دوای ئیسلامیشیدا ژمارەی هەزار بایەخێکی تایبەتی پێ دراوەو لە مەسەل و هاتووە کە لەپاش هەزار، ژمارەیەك نییەو (نصر خسرو)[15] دەڵێ: ئەوەی ژمارەیە هەمووی لەژێر هەزاردایە (آنچه شمار است جمله زیر هزار است».

خاقانی شیروانی[16] لە بارەی پەیدابوونی گەورەیەك لە سەرەتای هەر هەزار ساڵێك دەفەرموێ:

گویند که هر هر سال از عالم
آید بوجود اهل وفائی محرم
آمد زین پیش و مانزاده ز عدم
آید پس از این و مافرو رفته بغم[17]

بابا تاهیر لە دوو بەیتیدا «الف قدم که در الف آمدستم - ئەلف قەددەم کە در ئەلف ئامە دەستەم» خۆی

ڕاپێشان داوە کە یەکێکە لە گەورەکان. ئەڵبەتە بۆ ئەم حسابە نابێ وابزانرێ کە هەزار ساڵ تەرخان کراوە بۆ مێژووی ساڵی کۆچی، چونکە خاقانی لە سەدەی شەشەم دا ئەم تێپەڕبوونەی دیاری کردووەو کاتێ واز لە مێژووی ساڵی کۆچی بهێنین مێژووی زایینی سەرنجمان ڕادەکێشێو بە لێ وردبوونەوەیەکی سەرپێیی بۆمان دەردەکەوێ کە یەکەمی دیسامبەری ساڵی هەزار (1000)ی زایینی ڕێکەوتی سەرەتای موحەرەمی (391) کۆچی قەمەری دەکات.

بە گوێرەی ئەمە لەدایك بوونی بابا تاهیر، لە هزاری زایینیو (1000ز) لە ساڵی (390 یا 191» کۆچیدا بووە، لەم مێژووەوە تا تێپەڕبوونی توغرول بە شاری هەمەدان دا «1055 - 1058ز»، «55، یا 58» ساڵ دەکات و «میرزا مهدی خان کوکب» کە ژیانی بابا تاهیری لە گۆڤاری ئاسیای بنگالە، لە ساڵی (1904ز)دا نووسیوە یەکێ لە دوو بەیتە پڕ پێچ و پەناکەی بە حسابی ئەبجەدی حەل کردووەو ساڵی لە دایك بوونی بابای دەرهێناوە.

مو آن بحرم که ظرف آمدستم
موآن نقطه که در حرف آمدستم
بهر الفی قدی بر آیو
الف قدم که در الف آمدستم

«الف قد»و «طاهر» و«دریا» هەر یەکێ لەمانە بە حسابی ئەبجەد دەکاتە (215)، ئیتا ئەگەر میقداری «الف قد» کە دەکاتە (215)، لەگەڵ میقداری «الف» دەکاتە (111) کۆیکەینەوە، ژمارەی (326) دێتە ئەنجام، کە بە تەواوی ڕێك دەکەوێ لەگەڵ ئەنجامی کۆبوونەوەی میقداری تێپەکانی وشەی (هزار = هەزار»، ئەگەر هەزار بەم جۆرە بنووسرەێ:

(ها. زا، الف را). واتای دوو بەیتیبەکە بەم جۆرەیە:

لەپاش هەزار ساڵ گەورەیەك دەردەکەوێو من ئەو (الف قد)ەم، واتە (طاهر)یکم کە لە (الف)هاتوومەتە جیهانەوە، واتە لە ساڵی (الف قد)، (الف) کە ساڵی (326) دەکات.[18]

وتارەکەی (مینورسکی) لە بارەی بابا تاهیرەوە وەرگێڕانی لەلایەن دوکتور کاسمی لە گۆڤاری (ارمغان، سال نهم، شماره دهم).

پێشەکی دیوانی بابا تاهیر، ڕاستکردنەوەی، وحید دستگردی، چاپ سوم، 1331 شەمسی، ل 14، 15.

لە بارەی هۆنراوەی ناوبراو سەرنجی تیوریبەکەی (مجتبی مینوی) بدە، ل 73، ستوونی سێیەم، ل 74 ستوونی یەکەم هەمان بەرگ.

ئەو کەرامەتانەی کە لە بارەی باباو دەیگێڕنەوە، لەسەر دەمی گەلێ کەسە، بەڵام دەبێ ئەمەیش بڵێین کە: مەبەستی خۆخستنە ناو ئاوی بەستووی حەوز بۆ دەست هێنانی زانست لە «امیت کردیاً واصبحت عربیاً» وەرگیراوەو ئەم ڕستەیە لە پلێشەکی «مەسنەوی ڕۆمی»[19] ناسراو بە حسام الدین[20] کە مەولەوی[21] کێبەکەی خۆی بەداخوازی ئەو نووسیوەتەوە، نووسراوەو دراوەتە پاڵی. هەروەها لە «نفحات الانس جامی»دا[22] هەمان ڕستەیان داناوە بە هێنی «ابو عبدالله بابویی» دیسان بەسەرهاتی وێنە کێشانی ئەستێرە بە پەنجەی پێ لەسەر بەفر بۆ خوشکەزا ئەستێرە ناسەکەی خۆی، دراوەتەپاڵ «بابا افضل کاشانی».[23]

پێشەکی «دیوانی بابا طاهر، مصحح وحید دستگردی، بقلم رشید یاسمی، چاپ سوم، تهران 1331 شمسی.

★ ★ ★

دانەری (نزهه القلوب)[24] دەڵێ: هەمەدان لە ناوچەی چوارەمە، زیارەتگای پیرۆزی لێیە، وەکو: گۆڕی، «حافظ ابو العلای همدانی»و «بابا طاهر دیوانه»و «شیخ عین القضات»و... هتد.

نزهه القلوب - چاپ لیدن. ج/2، ص 71.

★ ★ ★

هەندێ کەس بابا تاهیریان بە شیعەی (اثناعشری)

داناوه، بەهۆی ئەم دووبەیتەوە کە دەڵێن هینی ئەوە:

ئەزان رووزی کەمارا ئافەریدی
بەغەیر ئەز مەعسیەت چیزی نەدیدی
خوداوەندا بە حەقی هەشت و چارت
زمو بگوزەر شوتر دیدی نەدیدی[٢٥]

مەبەست لە هەشت و چار دوانگزە ئیمامە.

ئیدوەرد براون دەڵێ: لەو شاعیرانەی کە بەشێکی زۆری هونراوەکانیان بە شێوەی تایەتی خۆیان داناوە، بابا تاهیری عوریانە، چوارینەکانی بابا تایر لەگەڵ لە ناوچەکانی ئێران دا لەسەر زمانی خەڵکەو دەتوانین بابا تاهیر بخەینە ریزی «رابرت بێرنز - Robert - Burns 1759 - 1796ز» کە یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی سکوتلندە، بێگومان بەشی زۆری خۆشەویستی بابا تاهیر بە هۆی بیرسادەو دروستی و رەوانی قسەو ئاوازی وشەکانی و سادەیی کێش، کە هەمووی لەسەریەك بەحرەو پێی دەڵێن (بەحری هەزەجی موسەددەسی مەحذووف).

تریخ ادبیات براون، ج1، ترجمۀ علی پاشا صالح ص 131 - 132.

★ ★ ★

«مجتبی مینوی» لە گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیاتی سالی چوارەم، ژمارە دووەا دەڵێ: دوو بەیتی بەحری هەزەجی موسەددەسی مەحذووف کە بە فەهلەویات بەناوبانگە، لە فارسیدا شوێنێکی تایەتی و پلەیەکی بالای هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە گەلێ لە شاعیرەکانی وەکو: (پنداری رازی، محمد مغربی، صفی الدین اردبیلی، محمد صوفی مازندرانی)و زۆر کەسی تر کە ناویان نازانم، ئەم جۆرە دووربەیتی یانەیان وتووە. لەم مەیدانەدا، ناوی بابا تاهیری عوریان لە هەموو شاعیرەکان زیاتروا لەسەر زمان، بە جۆرێ بەشی زۆری دوو بەیتی یەکانیان بە هینی بابا تاهیر داناوەو بۆ ئەوەی کە دیاری بکرێن کامەیان هینی بابا تاهیرەو کامەیان هینی شاعیرەکانی ترە، بەو ئەندازەیە سەختە کە چوارینەکانی خەیام لەگەڵ ئەو چوارینانەی کە هینی شاعیرەکانی ترەو دراوەتەپاڵ ئەو جیابکرێنەوە. شتێکی تر کە بۆتە کۆسپ بۆ دیاری کردنی خاوەنی ئەم دوو بەیتی یانە ئەوەیە کە بەشی زۆری نووسەری دەستنووسە فارسی یەکان بە پێی زەوقی خۆیان و نەپاراستنی بەرهەمی خامەی کۆنەکان و دەستکاری کردنیان بەگوێرەی زمانەکەی خۆیان، هەموو وشەیەکی سەختیان گۆڕیوەو دوو بەیتی یەکانیان لە زمانی ئەدەبی نزیکتر کردۆتەوە، بە جۆری کە نازانرێ لە بنەڕەتا بە شێوە زمانی کام ناوچە بووەو ناتوانرێ کە بەگوێرەی ئەوانە تایبەتی یەکانی شێوە زمانی ئەو ناوچەیە بنووسرێتەوە.

ئەواوترین نموونەی ئەم دوو بەیتی یانە کە لە شوێنێك دا کۆکرابێتەوەو بە هینی بابا تاهیر دانرابێ، ئەو چاپەیە کە خوا لێخۆش بوو (وحید دستگردی) دوو جاری چاپ کردووە لە تاران. دوور نییە کە بڵێین ئەمە کتێبێکەو شایانی خوێندنەوەیە، بەڵام لە بارەی ناسینی هونراوەکانی بابا تاهیرو کردنی بە هۆیەك بۆ لێکۆڵینەوەی شێوە زمانی ناوخۆی هەمەدان بەتەواوی کارێکی بێ کەڵکە.

دوزینەوەی دەستنووسە کۆنە باشە دەستکاری نەکراوەکان یا کەم دەستکاری کراوەکانی ئەم دوو بەیتی یانەو چاپ کردنیان بە هەمان شێوەی خۆی، دوو کەڵکی هەیە بۆ ناسینی شێوەی زمانەکەیو دیسان شێوەی شاعیرەکە دیاری دەکات.

نامەوێ لێرەدا باسی ژیانی بابا تاهیر بکەم، چونکە لەم بارەیەوە شتێکی تازەم بەدەستەوە نییە کە بیڵێم و ئەوەی کە لە کتێبە چاپ کراوەکان دا لەم بارەیەوە نووسراوە وەرگیراوە لە: (راحة الصدور - چاپ اوقاف گیب 1921 میلادی ص 98 - 99).

دەگێڕنەوە کە سوڵتان توغرول چووە بۆ هەمەدان بۆ دیدەنی بابا تاهیر، ئەویش سەری لوولەی مەسینەکەی شکاندووەو وەکو ئەنگوستیلە کردوویەتی بە پەنجەی توغرول و وایش زانراوە کە یەکێ لە هاروچەرخەکانی ئێمە وانی بۆچووە کە بابا تاهیر لەو سالەدا بەلایەنی کەمەوە

هەوالنامەی کتێب

پەنجا شەست سال بووە، لە دەوروبەری سالی (390)ی کۆچی‌دا لەدایك بووە.

«ئەلف قەددەم کە دەر ئەلف ئامە دەستەم» مەبەستی ئەوە بووە کە لە سالی (1000ز)دا هاتۆتە جیهانەوە، بەم پێیە بابا تاهیر ئاگادار بووە لە مێژووی میللەتان، هەروەها سالی لەدایك بوونی خۆی بە باشی زانیوەو دیسان لە شیعرو تێکش دا بالآیوەو حسابەکەیشی زۆرورده، یا واز لەمە بهێنین و مەبەستی من لێرەدا نەقڵی دوو پارچەی هەشت دوو بەیتی یەکە دەڵێن هینی بابا تاهیرە لە دەستنووسیکی دەتوانم بڵێم کۆنەوە وەرگیراوەو ئێستا بێ‌ئەوەی کە خۆم دەستکاری‌یەکم کردبێ. ئەم دەستنووسە کۆمەڵێکە لەژێر ژمارەی (2546)دا لە موزەی قونیە، واتە لەسەر گۆڕی (مەولانا جلال الدینی بەلخی ناسراو بەمەلای رۆم)، کە سالی (838)ی لەسەرەو بەیتەکان لێرەدا سەرو بۆرو ژێری لەسەرەو منیش لەبەر ئەوەی کە لە چاپێکی تردا گۆڕانی تێدا ڕوونەدا، بە جۆرێ نووسیومە کە بێکەن بە کەلیشە، توانیومە ئەمە بە جۆرێ نەقڵ بکەم کە بە تەواوی وەکو دەستنووسە کۆنەکە نووسیومەتەوە.

کۆتایی وتاری مینەوی

ئێمە لێرەدا تەنها یەك دوو بەیتی لە دوو بەیتی‌یەکانی مینەوی بۆ نموونە پیشان ئەدەین، کە نەقڵی کردووە:

من ئان پیرەم کە خوا نەندەم قەلەندەر
نە خانەم بی نەمانەم بی نەلەنگەر
رو هەمەمە رو وەرانەم گیردی گیشی
شەو دەر ئایەی‌و ئەو سەنگی نەهەم سەر (26)

★ ★ ★

ئەمیش هینی ئەوە:

چ خوش بی میهرەبوونی ئەز دوو سەربی
کە یەك سەر میهرەبوونی دەردی سەربی
ئەگەر مەجنوون دلی شووریدەیی داشت
دلی لەیلی ئەز ئوو شووریدە ئەربی (27)
وشوم واشوم ئەزئین عالەم بدەر شەم
وشوم ئەزچین و ماچین دیر تر شەم
وشوم ئەز حاجیانی حەج بپرسەم
کە ئەی دیری بەسە یا دیرتەر شەم (28)

تاریخ ادبیات برون ج1، ترجمة صالح ص 131و 132.

دلی دیرەم خەریداری مەحەببەت
کە زو گەر مەست بازاری مەحەببەت
لیباسی بافتەم بەر قامەتی دل
ز پوودی میحنەت و تاری مەجەیبەت (29)

تاریخ ادبیات دکتر شفق چاپخانەی پیردر ص 109 - 110.

★ ★ ★

لە بارەی شێوە زمانی دوو بەیتی‌یەکانی بابا تاهیرەوە دوکتۆر ئیبراهامیان ماموستای کۆنی زمانی پەهلەڤی لە کۆلیجی ئادابی دانشگای تاران، باسێکی بە زمانی فەرەنسی لە پاریس چاپ کردووەو دوکتۆر پەرویز ناتل خانلەری چەند وتارێکی لەم بارەیەوە لە گۆڤاری پەیام دا بڵاوکردۆتەوە.

★ ★ ★

بەرهەمەکانی ئری بابا تاهیر:

1 - لێکدانەوە عەرەبی‌یەکەی (عین القضاة همدانی ابو المعالی عبدالله بن محمد میانجی) کە لە سالی (525) کۆچی‌دا مردووەو یەکێکە لە سۆفی‌یە گەورەکانی سەدەی شەشەم و هەروەها دانەری (زبدة الحقائق)ە.

مزدیسنا. دکتر معین ص 509

2 - لێکدانەوەیەکی‌ئری عەرەبی کۆن، کە خاوەنەکەی نەناسراوە.

3 - دوو لێکدانەوە یەکی بە عەرەبی‌و ئەوی‌تریان بە فارسی‌یە، نووسینی حاجی مەلا سولتان عەلی گنابادی، کە لێکدانەوە فارسی‌یەکەی لە سالی 1326 شەمسی‌دا

چاپ کراوه.

خوالێخۆش بوو، ڕەشید یاسمی لە پێشەکی چاپی سێیەمی دیوانی بابا تاهیردا دەڵێ: لە نامەخانەی میللی پاریس دا یەک دەستنووسی عەرەبی هەیە لەژێر ناونیشانی (الفتوحات الربانی في اشارات الهمدانی)،[36] کە جامی بێگ عەزیزی لە ساڵی 889 کۆچیدا بەتکای «ابو البقا احمد» لێکی داوەتەوە، ئەو باسەی کە خوالێخۆش بوو، حاجی مەلا سوڵتان علی گنابادی بە فارسی لێکیداوەتەوەو چاپکراوەو دانەیەکی لای دانەرەو لەگەڵ وتارێك دا کە لە کۆتایی ئەم کۆمەڵەدا چاپ کراوە، هەندێ جیاوازی هەیە.

دیوان بابا طاهر، چاپ سوم، ص 19

★ ★ ★

لێرەدا هەڵبژاردەیە لە (کلمات قصار)ی بابا طاهر پیشان دەدەین.

(1) العلم دلیل المعرفة تدل علیها فاذا جاء المعرفة سقط روية العلم وبقی حرکات العلم بالمعرفة.

(2) روية العلم عجز المریدن.

(3) العلم دلیل والحکمة توسل.

(4) العلم حبس الظاهر، والمشاهدة حبس الباطن.

(5) العلم موکل بالکلام والوجد موکل الخرس.

لە بارەی کەراماتی بابا تاهیرەوە، هەریەکێ لە ئێران ناسەکانی وەکو:

ژوکوفسکی، کلێمن هاونەر، ئیدوەردبراون، هێرن ثالن و لێنسکی، بەشێ لە بەسەرهاتی تاهیریان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی: ئەڵمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی. هەروەها ئازادەمەدانی ئەو بەسەرهاتانەی کە لە شاری هەمەدان دا، لە بارەی بابا تاهیرەوە دەیگێڕنەوە، کۆی کردۆتەوەو لە پێشەکی چاپی دووەمی دیوانی بابا تاهیردا بڵاوی کردۆتەوە.

وەرگێڕانەکانی بابا تاهیر بە زمانە بێگانەکان:

1 - (کلێمنی هاوەر Clemet Hwart) ی فەرەنسی کۆمەڵێ لە دوو بەیتی یەکانی بابا تاهیری لە ساڵی (1785ز)دا، لە گۆڤاری ئاسیایی ژورنال ئاسیاتیك (Jurnal Asiatique) چاپ کردووە. کە دەکاتە پەنجاونۆ (59) دووبەیتی لەگەڵ وەرگێڕانە فەرەنسی یەکەی دا.

تاریخ ادبیات برون. ج1، ترجمة علی پاشا صالح ص 131

و مقاله مینوی، مجلة دانشکدة ادبیات - تهران، سال 4، شماره (2).

2 - ئیدوەرد هێرن ثالن، ڕۆژهەڵات ناسی ئینگلیزی ئەژاد، وەرگێڕانی دیوانەکەی بە زمانی فارسیو ئینگلیزی چاپ کردووە.

3 - وەرگێڕانی دیوانی بابا تاهیر بە هۆنراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی لەلایەن خاتو (ئەلیزابت کورتیس برنتس)ەوە.

پێشەکی: دیوان بابا طاهر، چاپ موم، ص 71، شدالازار ص 515و 65.

سبك شناسی ج1، ص 22و71، شدالازار ص 515 وەرگیراوە لە (لغت نامة دهخدا، باب «ب»).

★ ★ ★

پەراوێزەکان

1 - مو: من.

نان: ئەو.

ریند: ڕەند، ئادەمیزادی بێباك، ئەو کەسەی کە گوێ نادانە بەندوباوی ئەم جیهانە.

نام: ناو.

ڤەلەندەر: دەروێش، ئەو کەسەی کە ئەم جیهانەی خستۆتە پشت گوێ.

خون ومون: هەر دووکی بەسەریەکەوە بە واتای مالّ، وەیا ژن و مالّ و منداڵ دێت.

دیرەم: هەمە.

ثابە: دێت.

بگەردەم: دەگەڕێم.
گیردی: بەدەوری.
گیتی: جیهان.
وانەهەم: دادەنیم.

واتە: من ئەو ڕەندە بێباکە دەرۆیشەم کە وازم لەم جیهانە هێناوەو، نەماڵ و ژن و منداڵم هەیە نە لەشکرم هەیە «لە هەندێ چاپ دا لەباتی لەشکەر، لەنگەر هاتووە، بە واتای ئارام گرتن، کاتێ کە ڕۆژ دەبێتەوە، بەدەوری ئەم جیهانەدا دەگەڕێم و کاتێکیش کە شەو دادێت سەر دەخەمە سەر خستێ.

(2) نەوا: دەنگ، ئاواز.
ئەندووتە: کۆبووەوە.
ذوونوو: دەزانێ.
عیار: ئەندازەیەکە بۆ کێشانی ڕادەی پاکی و بێگەری زێڕو زیو.
قەلب: قەڵب، مەبەست زێڕو زیوی ناپاکە.
بووتە: بۆتە، ئەو ئامرازەیە کە زێڕو زیوی تیا دەتوێننەوە.
بووڕە: وەڕە.
سووتە دڵبوون: دڵ سووتاوان.
گیردی هەم ئایم: بەیەکەوە کۆ ببینەوە.

واتە دەنگی نادڵە ئەو غەمە دەیناسێ کە پەنگی خواردۆتەوەو ئەندازەی ناپاکی و پاکی (زێڕوزیو) بۆتە دەری دەخات. وەڕن ئەی دڵ سووتاوەکان، با بەیەکەوە کۆببینەوە، چونکە دڵ سووتاو قەدری دڵ سووتاو دەزانێ.

(3) سووز: سۆز.
مژە: برژانگ.
بەرهەم زەنەم: بیخەمە سەریەك.
سەیلاب: لافاو.
چووب: دار.
بی: بوو.
سووژە: دەسووتێ.
خوونابە: خوێناوە.

واتە: دڵم بەهۆی سۆزی دڵداریەوە گیژ و وێژە، کاتێ کە برژانگەکانم دەخەمە سەریەك، لافاوی فرمێسك دەڕژێ بەسەر ڕووم دا، دڵی دڵدار وەکو داری ئەڕ وایە، سەرێکی دەسووتێ و سەرەکەی تری خوێناوی لێ دەڕژێ.

(4) بیابوون: بیابان، دەشت ودەر.
سریشك: فرمێسك.
بارووندم: دەبارێنم.
تەو: تا، گەرم بوونی پلەی گەرمی لەش لە ئەندازەی خۆی زیاتر.
جایەم: جێگلیەکم.
میکەرە: دەکات.
هەمی‌ذوونەم: دەزانم.
نالوونەم: لە نادەدام.

واتە: من شەوو ڕۆژ لە بیابان و دەرو دەشتم و سەری‌خۆم هەڵگرتووەو، شەوو ڕۆژ فرمێسك لە چاوەکانم دەبارێ، نە تام هەیەو نە شوێنێکم ئازاری هەیە، ئەوە دەزانم کە شەوو ڕۆژ دەنادێنم.

(5) عونسوری: عنصری: شاعیری گەورەی سەرەتای تای سەدەی پێنجەمی کۆچی. لە دەستگای غەزنەوی‌یەکان دا کاری کردووە، تا دەوروبەری (432 کۆچی = 1040ز) ژیاوە.
گنج سخن، جلد اول، دکتر صفا ص 114
فیردەوسی = فردوسی: ابو القاسم منصور بن حسن، فیردەوسی طووسی، شاعیری گەورەی ئێران و خاوەنی شاهنامە. لە نێوان سالانی (940ز ـ 1020ز)دا ژیاوە.
(6) عین القضاة همدانی: ضیاءالدین عین القضاة همدانی: یەکێکە لە خواپەرست و صوفی‌یە بەناوبانگەکانی سەرەتای شەشەمی کۆچی و لە زاناکانی فیقهی شافیعی مەذهەب بووە. لە بەشی زۆری کەشکۆڵە موعتەبەرەکانی وەکو: تتمة الصوان الحکمة وطبقات الشافعیة الکبری. وعبداء بووەو ناوی باوکی محەممەد. کونیەی (ابو المعالی)و هەندێ بە (ابو الفضل)ناویان بردووە. بەشی زۆری ئەوانەی کە ژیان و بەسەرهاتی کەسانیان نووسیوە، ناویان بە (عین القضاة)بردووە، وە بەشێکی کەمیش بە (ضیاء الدین) ناویان بردووە. عین القضاة لە سالی (492 کۆچی = 1098ز)دا، لە هەمەدان لەدایك بووەو لە شەوی چوارشەممەی حەوتی 7 جومادی الآخرة، سالی (525 کۆچی = 1131ز)، لە هەمەدان دا کۆچی دوایی کردووە.
(شرح احوال و وآثار دوبیتی‌های بابا طاهر عریان ـ بە

هەوڵنامەی کتێب

کوشش دکتر جواد مقصود ص 187 ـ 188). هەروەها لە (ل 224) هەمەدان سەرچاوەدا دەڵێ: عین القضاة لە ساڵی (1131ز)دا بە فەرمانی سوڵتان مەحموود خۆڕا.

(7) خواجە نصیرطوسی: لەو زانا گەورانەی کە ناو دەبرا بە (علامة) لە شاری (طوس)، ساڵی (1201ز) لەدایك بووەو، لە ساڵی (1274ز) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

(تراث العرب العلمی ـ تالیف قدری حافظ، ص 407).

(8) عومەری خەییام: فەیلەسووف و ریاضی و ئەستێرەناس و دوکتۆرو شاعیرو نووسەری بەناوبانگ. لە (نیشاپور) لەدایك بووەو، لە ساڵی (1123ز) لەوێ مردووە.

گنج سخن، جلداول، د. صفا، ص 227.

(9) چەرس: مادەیەکی گێژکەرو زەهراویە، لە گیای (شاهدانە) دەگیرێو لەگەڵ تووتن دا تێکەڵاو دەکرێو بە هۆی سەبیل و نێرگەلەوە دەگێشرێ.

(10) گۆڕستانە کۆنەکەی بابا تاهیر لە بورجێکی هەشت گۆشەیی پێك هاتبوو، کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا لەسەر گۆڕەکەی دروست کرابوو، پروفیسۆر مینۆرسکی لە بارەی ئارامگای ناوبراوەوە دەڵێ: بینای گۆڕستانی بابا تاهیر زۆر سادەو بێ ئارایشتەو ناتوانین کەڵکی مێژوویی لێوە وەرگرین و لە کتێبی (نزهه القلوب، مستوفی)دا کورتەیەك لەم بارەیەوە نووسراوە:

بەڵام ئەو بیناتازەیەی کە لەسەر مەرقەدی پاکی بابا تاهیر دروست کراوە، لە ساڵی (1967ز) دەستی پێکراوەو لە ساڵی (1970) تەواببووە، لەسەر ئەو گردەیە کە دەڕوانی بەسەر بەشی زۆری شاری هەمەدان دا، لەو شوێنە کۆنەی کە ئارامگای بابا تاهیری تێدایە. بیناکە (8965) میتر چوارگۆشەیی‌یەو بورجەکەی هەشت گۆشەیی‌یە، لەسەر تەرزی میعماری سەدەی حەوتەم و هەشتەم دروست کراوەو جۆرە تێکەڵاوێەکی تایبەتیشی هەیە لەسەر شێوەی نوێ. بورجی ئارامگاکە لەسەر بنکێکی هەشت گۆشەیی دامەزراوەو بەرزاییەکەی لەسەر گردەکەوە (20/35) میترەو لە رێکی شەقامیشەوە (25/35) میتر بەرزە بەکورتی لە (شرح احوال بابا طاهر ـ د. جواد مقصود 61، 62، 69، 72، 73) وەرگیراوە.

(11) ئەم قسەیە لە سەردەمی زۆربەی خەڵکە خەمەدانەو دەم بەدەم گێڕاوێانەتەوە، بە قسەی بابا دادەنرێو لە هەندێ شوێنی تریش دا دراوەتەپاڵ کەسانی تر، کە لێرەدا جێگای باس نیەو مەبەستیش لە وامیت کردیاً واصبحت عربیاً، ئەوەیە کە کوردبوودو لە زمانی کوردی زیاتری نەزانیوەو دوای ئەوە فێری عەرەبی بووەو بێگومان لەو سەردەمەدا بە زۆری خوێندنی هەموو زانستەکان بە زمانی عەرەبی بووە لەناو هەموو میللەتە موسوڵمانەکان دا. هەرچەندە قسەی ناوبراو لایەنێکی ئەفسانەیی گرتووەو ئادەمیزاد بە خۆخستنە ناو ئاوی ساردەوە نابێ بە زاناو بەو هۆیەوە فێری عەرەبی نابێ، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم قسەیە سەری گۆڵێیەکمان دەدا بەدەستەوەو لە خوێەوە نەوتراوەو نەدراوتەپاڵ بابا، ئەو وشەی (کورد)ەیش بەبێ هۆ نەهاتووەو لە شاری هەمەدانیش دا هەروا نەبووە بە قسەی سەر زمانی خەڵکی بێگومان ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیەو لەو بارەیشەوە گەڵێ قسەو بیرو ڕای جیاجیا دەربراوە، بەڵام ئەگەر بە بەڵگەی بەهێزەوە ئەوەمان بۆ ساغ ببێتەوە، کە ئەمە قسەی بابا بووە، ئەوە ئەوە بابا بەدەمی خۆی پێمان ڕادەگەیەنێ کە کورد بووە. هەرچەندە تا ئێستا زۆربەی زۆری ئەو زانایانەی کە لە بارەی باباوە لێکۆڵینەوەیان هەیە، دانیان بەوەدا ناوە کە بابا (لور) بووە. بەڵام بەدرێژایی ئەو هەموو ماوەیە گەڵێ وشەی فارسی چۆتە چوارینەکانی‌یەوەو ئەوەی کە ئەو وتوویەتی گەڵێ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو چوارینانەی کە ئەمرۆ لەژێر ناوی دیوانی بابا تاهیردا چاپ کراوەو لەو بارەیەوە لە شوێنی خۆیدا قسەکراوە.

(12) فەهلەویات: دوو بەیتیشی پێ دەڵێن کە لە دوو بەیت یا چوار نیوە بەیت پێك هاتووە، وەکو چوارینە نیوە بەیتی یەکەم و دووەم و چوارەمی سەرواداروە بەڵام کێشەکەی جیاوازە لەگەڵ کێشی چوارینەی ئاسایی‌داو لەسەر وەزنی (لاحول ولا قوة الا بالله)نی‌یە. دوو بەیتی‌یەکانی بابا تاهیر لەسەر (بەحری هەزەجی موسەددەسی مەحذووفە)ە.

(13) ڕەشید یاسمی کرماشانی، ناوی (غلام رضا محمد ولی‌خان گورانی)یە، (1896ز ـ 1951ز)، شارەزایی‌یەکی باشی هەبووە لە زمان و ئەدەبی فارسی‌و فەرنسی‌و ئینگلیزی‌و عەرەبی پەهلەڤی. لە ساڵی 1933 بووە بە مامۆستای مێژوو لە زانستگای تاران دا، گەڵێ بەرهەم و وەرگێڕانی هەیەو دیوانەکەی لە ساڵی 1336 کۆچی خورشیدی لە تاران دا چاپ کراوە.

گنج سخن ـ جلد سوم، تالیف د. صفا ص 309.

هەولێر کتێبخانەی گشتی

هەروەها کتێبی (کردو پیوستگی نژادی‌و تاریخ او) یەکێکە لە بەرهەمەکانی، کە لە بارەی دکوردو پەیوەندیی نەژادیی‌و مێژووی ئەوەوەیە.

(14) بیرویاوەر لە بارەی پەیدابوونی گەورەیەك، لە سەرەتای هەر هەزار سالّی لە ئایینی زەردەشتی‌دا هەیە، وەکو باس کرا، بەلّام تا ئیستا هیچ زانایەکی شارەزا لەم بارەیەوە نەیتوانیوە کۆتایی هەریەکێ لەو هەژار سالّە دیاری بکات چونکە بەڵگەیەکی زانستیمان بەدەستەوە نییە دەربارەی دیاری کردنی سالّی دەست پێکردن، تا بتوانین کۆتایی ئەو هەزارانە دیاری بکەین.

(15) ناصر خسرو (1003 ـ 1088ز) شاعیری بەناوبانگ و خەڵکی «قبادیان بلخ»ە، یەکێ بووە لە رابەرەکانی مەزهەبی ئیسماعیلی، بەرهەمی هونراوەی ئەمانەن: دیوانەکەی، سعادتنامە، روشنایی نامە، ئەوەیشی کە بە پەخشان داینارن ئەمانەن: زاد المسافرین، جامع الحکمتین، وجەدین، سفرنامە.

گنج سخن، جلداول، د. صفا. ص 179.

(16) خاقانی شیروانی: ناوی (افضل الدین بدیل بن علی)یە ئەم شاعیرە گەورەیە لە سالّی (1198ز) لە تەبریز کۆچی دوایی کردووە.

(17) واتە: هەر هەزار سالّ یەکێکی وەفادارو خۆیی‌یەك دێتە جیهانەوە، لەمەوپێش هات و هێشتا ئێمە لەدایك نەبوبووین. دوای ئەوە دێت و ئێمە نوقمی غەمین واتە نەماوین.

(18) ئاشکرایە کە چوارینەکانی بابا تاهیر ئەوەندە سادەو ڕەوان و ئاسانە ئەگەر یەکێ شارەزایی‌یەکی هەبێ لە شێوەی لوڕی‌دا بە ئاسانی لە زۆربەی زۆری نێدەگات، خۆ ئەگەر کوردێکی ئەدەب دۆست دیوانی بابا بخوێنێتەوەو شێوەی لوڕیش نەزانی دەتوانم بڵێم یارمەتی فەرهەنگۆکی ئەو وشانەی کە تایبەتین بە چوارینەکانی بابا دەتوانێ بە باشی لە بەشی یەکجار زۆری نێبگات، بابا یەك ئەمە شێوەی چوارینەکانی بێت ئیتر چۆن سالّی لەدایك بوونی خۆی بەم شێوە پر پێچ و پەنایە پیشان دەدات، وەکو لێرەدا دەبینین کە میرزا مەهدیخان بە شێوەیەکی زۆر سەیر سالّی لەدایك بوونی بابا تاهیری بە حسابی ئەبجەدی لەو چوارینەدا دەرهێناوە، ئەویش دوای گەڵێ دەستکاری‌و یاری‌پێکردن و گۆڕین و هێنان و بردنی بێجێ کە گەڵێ دوورە لە ڕاستی‌یەوە، وەکو هێنانی وشەی (طاهر) کە لە چوارینەکەدا نییە، کردنی وشەی (بحر) بە (دریا)و کردنی وشەی (الف) بە هزار، کردنی وشەی (هزار) کە لە چوارینەکەدا نییە بە (هازا، الف را). وە (الف قد)، (طاهر)، (دریا) هەریەکێ لەمانە دەکاتە (215)و (الف) دەکاتە (111)و هەردووکیانی کۆکردۆتەوە کە دەکاتە (326)، دوای ئەوە (هازا) کە دەکاتە (14)و (الف را) کە دەکاتە (312) کۆی‌کردوونەتەوە کە ئەمیش دەکاتە (326) ئنجا دەڵێ ئەم هەر دوو (326)ە ڕێك دەکەون لەگەعل یەکتری‌داو بەم جۆرە (326)ی کردووە بە سالّی لەدایك بوونی بابا.

(19) مەسنەوی ڕۆمی: (جلال الدین الرومی) لە سالّی (657) کۆچی‌دا دەستی‌کرد بە دانانی (مەسنەوی = مثنوی) بە هونراوەو لە نێوان سالّانی (657 ـ 660) کۆچی‌دا، بەشی یەکەمی تەواوکرد، لەپاش دوو سالّ دووبارە لە سالّی (662)دا دەستی‌پێکردەوەو بەردەوام وام بوو لەسەری تا بەشی شەشەمی تەواوکرد، بەو شێوەی کە ئیستا هەیە. مەسنەوی گەڵێ جار چاپ کراوەو گەڵێ لێکدانەوەی ڕۆژهەلاتی‌و ڕۆژئاوایی هەیە، ژمارەی بەیتەکانی مەسنەوی لە چاپی نیکلسۆن دا گەیشتۆتە (25/632) بەیت.

ژمارەی بەیتەکانی مەسنەوی بە زۆرتریا کەمتر لەو ژمارەیە دراوەتە قەڵەم. وەکو کتێبی (تذکرة الشعراء ـ دولتشاه) باسی دەکات کە گوایا گەیشتۆتە (48/000) بەیت. شاعیر کاتێ دەستی‌کردووە بە دانانی مەسنەوی تەمەنی لە پەنجا (50) سالّ تێپەڕی کردبوو.

(جلال الدین الرومی ـ الدکتور محمد عبدالسلام کفافی الطبعة الأولی 1971، دار النهضة، بیروت ص 50 ـ ص 51).

(20)حسام الدین: بەحسام الدین چلبی ناسراو، داوای لە مامۆستاکەی (جلال الدین) کردووە کە بەرهەمێك بە هونراو دابنێ وەکو (حدیقة الحقیقة)ی سنائی یا (منطق الطیر) عەطار، تاوەکو سەرچاوەیەك بێ بۆ پەیرەوەکانی.

(هەمان سەرچاوە، ل 49 ـ ل50).

(جلال الدین) لە هونراوەکانی‌دا هەندێ جار ناوی (صلاح الدین زرکوب)ی هێناوە، یا لە کۆتایی‌دا ناوی (حسام الدین

هەواڵنامەی کتێبی

چلیی) هێناوە، بەڵام لە بەشی زۆری دیوانەکەیدا کۆتایی هۆنراوەکانی هاتووە بە ناوی (شمس تبریزی)یەوە هەندێ جاریش کۆتاییان هاتووە بە وشەی (خاموش) ئەمەیان لەوە دەچێ کە مەبەستی خۆیبێ.

(هەمان سەرچاوە، ل 41).

(21) مەولەوی = جلال الدین الرومی. ڕۆژ 6 «ربیع الأول سالّی 604 کۆچی (سیپتامبەری 1207ز) لە شاری (بەلخ)دا هاتۆتە جیهانەوە، هەندێ جاریش بە (جلال الدین محمد البلخی) ناوەبرێ، بەڵام زیاتر بە (ڕۆمی) ناسراوە، کە دراوەتە پاڵ (ئەرز ڕۆم) ئەو شوێنەی کە زۆربەی ژیانی تێدا بردۆتەسەر. ڕۆژی 5 جمادی الثانیة، سالّی 672 کۆچی لە تەمەنی (68) سالّیدا ئەم جیهانەی بەجێهێشت.

(هەمان سەرچاوە، ل 21، 22، 34)

شاعیری ناوبراو کاری کردۆتەسەر گەلێ لە شاعیرە کۆنەکانمان، بەتایبەتی شاعیرە صوفییەکانمان. زۆرجار لە بەرهەمەکانیان دا ناوی خۆی یا (مەسنەوی = مثنوی)یەکە بەناوبانگەکەیان هێناوە.

(22) نفحات الانس جامی: یەکێکە لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی جامی کە سالّی 883 کۆچی (= 478ز) بە پەخشان نووسیوێتی لە بارەی شێخە صوفییەکانەوە. جامی ناوی (نورالدین عبدالرحمن بن احمد جامی)یە لە سالّی (1414ز) لە خرجردجام (خراسان) لەدایک بووەو لە سالّی (1492ز)دا کۆچی دوایی کردووەو بەناوبانگترین شاعیری کۆتایی دەورەی تەیموورییەکان بووە.

(گنج سخن، جلد دوم، دکتر صفا، ص 288)

(23)بابا افضل کاشانی: ئەگەر مەبەست (افضل کاشی = افضل کاشانی) بێت، ئەوا هاوچەرخی شێخی سەعدی بووە وەکو لە کتێبی (از سعدی تاجامی - براون، ص 198)دا هاتووە.

سەعدی لە سالّانی 585 کۆچی - 606 کۆچی، یا سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی لەدایک بووەو لەنێوان سالّانی 691 کۆچی - 694 کۆچی، مردووە.

(ادبیات دکتر شفق، ص 263).

(24) نزهة القلوب: ئەم کتێبە لە بارەی جوغرافیایەو دانەرەکەی (حمدالله مستوفی)یە، لە سالّی 740 کۆچیدا داینناوەو لە سالّی 750 کۆچیدا مردووە.

(هەمان سەرچاوە، ل 354).

(25) ئەزان: ڕووزی: لەو ڕۆژە.

مارا: ئێمە لە حاڵەتی مەفعوولیدا.

ئافەریدی: دروستت کردووە.

چیزی: شتێ.

نەدیدی: نەت بینیوە.

خوداوەندا: ئەی خوایە.

بە حەقی هەشت و چارت: لەبەر خاتری هەشت وچوارت لێرەدا (هەشت و چوار) کە دەکاتە وانگزە مەبەست دوانگزە ئیمامە. واتە مەزهەبی شیعەی اثناعشری.

(ئەو موسوڵمانەی کە باوەڕیان بە دوانگزە ئیمامە پێیان دەوترێ شیعەی دوانگزە ئیمامی. ناوی دوانگزە ئیمامەکان.

ئەمانەن: (المرتضی، الجتبی، الشهید، السجاد، الباقر، الصادق، الکاظم، الرضی، التقی، النقی، الزکی، حجة القائم المنتظر)].

(الملل والنحل، تالیف الشهر ستانی، المجلد الأول تحقیق محمد سید کیلانی - دار المعرفة - بیروت ص 173).

ز: لە.

مو: من.

بگوزەر: تێپەڕە، لێرەدا واتە چاوپۆشە، ببوورە.

شوتر: وشتر، حوشتر.

دیدی نەدیدی: بینیوتە نەت بینیوە.

شوتر دیدی نەدیدی: ئەمە پەندێکی پێشینانەو کە دەڵێ: حوشترت بینیوە نەت بینیوە، . مەبەست ئەوەیە: ئەوەی دیوتە وابزانە نەت بینیوەو چاوی لێ بپۆشە.

واتە: لەو ڕۆژەوەکە ئێمەت دروست کردووە، بێجگە لە گوناهەو نافەرمانی شتێکیترت لە ئێمە نەدیوە. ئەی خوایە لەبەر خاتری دوانگزە ئیمامت لێمان ببوورەو چاو لە گوناهمان بپۆشە.

(26) سەرنج: لە ژمارە (1)ی ئەم پەراوێزەدا، ئەم چوارینەیە بە جۆرێکیتر هاتووەو هەندێ جیاوازی لە نێوان هەردووکیان دا هەیە.

خانە: ماڵ.

مانه = مان: مالْ، کەلوپەلی ناومالْ.

رو: ڕۆژ.

هەمە: هەموو.

وەرانەم: دەگەڕێم.

شەو دەر ئایە: شەو دادێت، شەو دەبێتەوە.

سەنگ: بەرد.

نەهەم: دای‌دەنێم.

واتە: من ئە پیرەم کە قەڵەندەرم پێ‌دەڵێن، نەماڵ و حاڵم هەیە نە ئارام گرتنم هەیە، هەموو ڕۆژێ بە دەوری ئەم جیهانەدا دەسوورێمەوەو کاتێ کە شەو دادێت سەر دەخەمەسەر بەردێ.

(27) میهرەبوونی = میهرەبانی = میرەبانی: دڵ نەرمی‌و خۆشەویستی.

بی: بوو.

شووریدە: شێواو، پەرێشان.

داشت: هەبوو، هەیبوو.

ئەز ئوو: لەئەو، لەو.

واتە: چەند خۆشە کە خۆشەویستی لە هەر دوو سەرەوەبێ، ئەگەر خۆشەویستی لەیەك سەرەوەبێ دەردی سەریە، ئەگەر مەجنوون دڵێکی پەرێشانی هەبوو، دڵی لەیلێ لەهی ئەو پەرێشانتر بووز.

(28) وشوم: ببم، بڕۆم.

واشوم = ببم، بکرێمەوە، لێلاەدا واتە وابکەم.

بدەرشەم: دەرچم، بڕۆمە دەرەوە.

ماچین: مەبەست وڵاتی (چینی گەورە)یە، لە کۆن دا تەنها بە شارەکانی دەوروپشتی (کاشغەر)و (خوتەن)یان دەوت چین.

کاشغەر: ناوی شارێکە لە تورکستان.

خوتەن: ناوی کۆنی بەشێکە لە تورکستانی چین.

دیرتەر شەم: دوورتر بڕۆم.

ئەی: ئەم.

واتە: بڕۆم کارێکی وابکەم کە لەم جیهانە بڕۆمەدەرەوە، بڕۆم لە وڵاتی چین و ماچین دورتر بکەومەوە، بڕۆم لە حاجی‌یەکانی حەج (بپرسم، کە ئەم دووری‌یە بەسە یا دوورتر بڕۆم.

(29) دیرەم: هەمە.

خەریدار: کڕیار.

کەزو: کە لە ئەو.

بافتەدام: چنیومە.

پوود: ئەو دەزووەی کە لەسەر باری پانایی بۆ چنینی هەر جۆرە پارچەو چنراوێك بەکاردەهێنرێ. واتە پۆ.

تار: ئەو دەزووەی کە لەسەر باری درێژایی بۆ چنین بەکاردەهێنرێ. واتە تان.

هەموو چنراوێك لە تارو پوود. یا، تان و پۆ پێك هاتووە.

واتە: دڵێکم هەیە کڕیاری خۆشەویستی‌یە، بە هۆی ئەوەوەیە کە بازاڕی خۆشەویستی گەرمە، جل و بەگێکم چنیوەو دروست کردووە بۆ دڵ، کە ڕایەڵی پۆیەکەی غەم و خەفەتەو تانەکەیشی خۆشەویستی‌یە.

(30) دەستنووسی عەرەبی کە لەژێر ژمارەی (1903) لە کتێبخانەی میللی پاریس دایە، نامەیەکە پێك لە هەشت بەش هاتووە وەکو (کلمات قصار)ە لەگەڵ لێکدانەوەیەك دا، لەژێر ناونیشانی (الفتوحات الربانی في اشارات الهمدانی). لەوە دەچێ کە دەستنووسی ناوبراو (جانی بیك عزیزی) نووسەری هەمان لێکدانەوە نووسیبێتی. لێکدەرەوەی ناوبراو لە شەووالی 889 کۆچی‌دا دەستی‌کردووە بە کتێبەکەو لە شەعبانی 890 کۆچی (= 1485) زایینی‌دا تەواوی کردووە.

(شرح احوال بابا طاهر ـ د. جوان مقصود، ص 240 ـ 241)

بەڵام لەلاپەرە (233)ی هەمان سەرچاوەدا. کۆمەڵە دەستنووسی عەرەبی ژمارە (1903)ی کتێبخانەی میللی پاریس، لە چوار کتێب پێك هاتووە. دووەمیان کتێبی: (الفتوحات الربانیة في مزج الاشارات الهمدانیة ـ تالیف محمد بن ابراهیم، خطیب وزیری، برگ 74 ـ م تا روی برگ 100 ـ م) ئەمە لێکدانەوەیەکی عیرفانی‌یە لەسەر (کلمات قصار بابا طاهر همدانی) کە بەپێی تکای (شیخ ابو البقاء احمدی) لە شەووالی (889) کۆچی‌دا دەستی پێ‌کردووەو لە چوارەمی شەعبانی (890)ی کۆچی‌دا تەواو بووە.

دیسان لە لاپەرە (58) هەمان سەرچاوە، لەژێر ناونیشانی بەرهەمەکانی بابا تاهیردا دەڵێ: کومەڵە (کلمات قصار)ی بابا بە شێوەیەکی ئاسان و ڕەوان، بە زمانی عەرەبی دانراوە، مەبەست لە هەر یەکێ لەم وتە کورتانە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی خواپەرستی، وەیا پلەیەك لە پلەکانی صوفیگەری. ژمارەی ئەم

هەوڵنامەی کتێب

(کلمات قصار)ه که به هەڵە دراوەتەپاڵ (عین القضاة)و تا ئیستا لێکدەرەوەکەی نەناسراوە لە (421) وتە پێك هاتووە وە لە کتێبی (الفتوحات الربانیة في مزج الاشارات الهمدانیة) (322) وتە لە (کلمات قصار به شێوەیەکی تێکەڵ لێك دراوەتەوە.

ئەنجامی ئەم کارە

ئەوەی کە لەم کارە هاتوتە ئەنجام لە بارەی سەردەم و ژیان و پلەو پایەو زمان و چوارینەکانی بابا تاهیرو بایەخ پێدان لە لایەن هەندێ لە رۆژهەڵات ناسەکانەوە، لێرەدا پیشانی دەدەم.

سەردەمی:

تا ئیستا بەڵگەیەکی بە هێزمان بەدەستەوە نییە تا بزانین بابا تاهیر، چ ساڵێ لەدایك بووەو کەی مردووە.

لە سەرچاوەکانی پێشەکی یەکەدا دەڵێ: شاعیر نزیکەی هەشتەد (800) ساڵە، جوانیو تەرو پاراوەیی هۆنراوەکانی خۆی پاراستووە، واتە لەو کاتەوە کە بابا ئەو هۆنراوانەی داناوە تا دەگاتە ئەمرۆ نزیکەی (800) ساڵێکی ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە.

(رضا قلی خان هدایت) لە (تذکرة مجمع الفصحا)دا دەڵێ: هەندێ کەس ئەویان بە هاوچەرخی سوڵتانەکانی سەلجووقی داوەتە قەڵەم ڕاست نییەو بەڵکو لە ساڵی (410) کۆچیدا لەپێش (عنصری = عونسوری)و (فردوسی = فیردەوسی)دا کۆچی دوایی کردووە. ئەوەی ئاشکرایە عونسوری تا دەوروبەری 432 کۆچی = 1040 ز ژیاوەو فیردەوسی لە نێوان ساڵانی 90ز ـ 1020ز، ژیاوە. هەروەها (رضا قلی خان) کتێبی (ریاض العارفین)دا دەڵێ: بابا تاهیر لە ساڵی (410) کۆچیدا مردووەو بەم پێیە ناتوانرێ کە بابا بە هاوچەرخی (عین القضاة همدانی) یا (خواجە نصیر طوسی) دابنرێ ئێمە دەزانین کە (عین القضاة) لە ساڵی 492 کۆچی = 1098ز لە هەمەدان دا لەدایك بووەو لە شەوی چوار شەممەی حەوتی 7 جومادی الآخرە، ساڵی 525 کۆچی = 1131ز لە هەمەدان دا کۆڕ ڕاوە. دیسان لەلایەکی ترپشکەوە بابا بە خاوچەرخی (عین القضاة) دانراوە، بەڵام (خواجە نصیر طوسی) لە شاری (طوس) لە ساڵی 1201ز لەدایك بووەو لە ساڵی 1274ز لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەگەر بابا لە ساڵی (410)ی کۆچیدا مردبێ ئەوا هاوچەرخی فیردەوسی یەو لەپێش عومەری خەییام دا بووە کە خەیام لە ساڵی 1123ز لە (نیشابور) مردووە.

ئێمەورد براون، کتێبی (راحة الصدور وآیة السرور ـ تالیف نجم الدین ابو بکر راوندی) داناوە بە سەرچاوەیەك کە دەڵێ: جێگای بڕوایەو لە بارەی باباوە نووسیوێتی و ئەم کتێبە لە ساڵی 599 یا 600 کۆچیدا نووسراوەو باسی یەیەك گەیشتنی بابا و (طغرل = توغرول) دەکا، لە دەورو بەری ساڵانی 447 ـ 450 کۆچیدا، کە یەکەمین پاشای سەلجووقی بووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە سەردەمی ناوبانگ پەیداکردنی بابا سەدەی پێنجەمی کۆچی بووەو لەوە دەچێ کە لە کۆتایی سەدەی چوارەم دا لەدایك بووبێ. وە بە گوێرەی ئەوەی کە بابات تاهیر لە دوو بەیتی‌یەك دا دەڵێ:

(الف قدم که در الف آمدستم = ئەلف قەددەم کە دەر ئەلف ئامە دەستەم) لەوە دەچێ لە ساڵی 1000 ز کە دەکاتە 390 یا 391 کۆچی لەدایك بووبێ و هەروەها توغرولی سەلجووقی لە ساڵانی 1055ز ـ 1058ز هاتووە بۆ هەمەدان و بەم پێیە دەبێ ئەو کاتە بابا تەمەنی (55 ـ 58) ساڵ بووبێ.

بەڵام وەکو (میرزا مهدی خان کوکب) هەمان دوو بەیتی بابای بە شێوەیەکی سەیر، بە حسابی ئەبجەدی حەلکردووەو دەڵێ بابا لە ساڵی 326 کۆچیدا لەدایك بووە، وەکو لە پەراوێزی ژمارە (18)دا پیشانم داوە، ئەمە دوورە لە ڕاستی‌یەوە.

ژیانی: ـ

لە بارەی ژیانی باباوە شتێکی ئەوتۆمان بە دەستەوە نییە، چونکە بابا ژیاون خۆشی ئەم جیهانەی ئەوەندە بەلاوە گرنگ نەبووە، ڕەندێکی بێ‌شوێن و لانە بووە، بە شان و باهووی هیچ پاشاو گەورەیەك دا هەڵی نەداوەو لەناو کۆڕی شاعیرانی بەناوبانگی سەردەمی خۆی‌دا، خۆی نەبردۆتە پێشەوەو هەڵپەی بەدەست هێنانی پلەو پایەی بەرزی نەکردووەو، خواپەرستێکی گۆشەگیر بووە، وەکو دەگێڕنەوە، بۆ ئەم مەبەستە زۆر جار خۆی لە ئاوەدانی دوور خستۆتەوەو، وێڵ و شەپدای دەشت و دەرو شاخ و دۆڵەکانی دەورووپشتی هەمەدان بووەو، تا ئەم جیهانەی

بەجێ‌هێشت ژیانی بە هەژاری‌و بێ‌سامانی‌و ڕووتەڵەیی؛ بردەسەر، هەر لەبەر ئەوە بوو، کە ناوی نرا بابا تاهیری عوریان، چونکە نەیویست بچووکترین دەستکەوت و بەشێکی هەبێ لەم گێتی‌یەدا، بێگومان هەمیشە مێژویش پەردەی داوە بەسەر گەڵێ لە لایەنەکانی پیاوێکی‌وا مەزن و گەورەدا.

پلەو پایەی: -

بابا صوفی‌یەکی گۆشەگیر و خواپەرستێکی گەورە بووە، بە گوێرەی ئەوەی کە لە چوارینەیەك دا دەڵێ: (خوداوەندا بە حەقی هەشت و چارت) لەوە دەچێ کە لەسەر مەزهەبی دوانگەزە ئیمامی بووبێ، هەروەها زانایەکی بەناوبانگ و شاعیرێکی هەست ناسك و مەزن بووە.

بەڵام پلەو پایەی بابا لە ڕادەك دا بووە کە پاشایەکی خاوەن دەستەڵاتی وەکو توغرولی سەلجوقی، کاتێ کە لە دەروبەری ساڵانی 447 ـ 450 کۆچی‌دا هاتۆتە هەمەدانەوە، زیارەتی بابای کردووەو دەستی ماچ کردووەو داوای ئەوەی لێ‌کردووە کە ڕێگای ڕاستی پیشان بداو ئامۆژگاری بکا، سەر ئەنجام بە بابای وتووە، ئەوەی کە تۆ دەخرمەووی من وادەکەم. ئەم پیاوە مەزنە دوای مردنیشی گۆڕەکە بووە بە زیارەتگاو هەزاران کەس لە زۆر لاوە بە پەرۆشەوە خۆیان گەیاندۆتێ‌و هەر لە سەدەی شەشەمی کۆچی‌یەوە بورجێکی هەشت گۆشەیی لەسەر ئارامگاکەی دروست کراوەو هەروەها لە ماوەی ساڵانی (1967 ـ 1970)یش دا بینایەکی گەورە لەسەر گۆڕی پاکی دروست کراوەو لەو کاتەوە کە ئەم جیهانەی بەجێ‌هێشتووە تا ئێستا کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵك دێن بۆ زیارەتی.

ئەو دەنگ و باسەی کە لە بارەی بابا‌وە وا لەسەز دەمی خەڵکی هەمەدان و ناوچەکەی‌و دەماودەم بە ئێمە گەیشتووە، وەکو مەسەلەی خوشکەزا ئەستێرەناسەکەی‌و چوونی بۆ لای بابا بۆ ئەوەی کە شوێنی یەکێ لە ئەستێرەکانی بۆ بدۆزێتەوە پێش ئەوەی کە ئەو قسە بکات و مەبەستەکەی بە بابا بڵێ، بابا هەستی بەمە کردووەو پێی‌وتووە ئەمە مەبەستەکەی تۆیە، وەری‌بگرەو بڕۆ. .، هەروەها بەسەرهاتەکەی (عین القضاة) دوای ئەوەی کە سەربڕاو بابا بەلای‌دا تێ‌پەڕی‌و نووکە پێ‌یەکی لە قازی داو وتی:

پیاوانی خوا بەم جۆرە نانووون، دەڵێن (عین القضاة) ڕاپەڕیوەو سەرەبڕاوەکەی خۆی خستۆتە بن دەستی‌و هەڵ هاتووە. . ئێمە هیچ بەڵگەیەکی زانستیمان بەدەستەوە نی‌یە کە ڕاستی ئەم جۆرە ڕووداوانە لە بارەی بابا‌وە ساغ بکاتەوەو پێمان بسەلمێنێ، بەڵام ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە گەورەیی بابا لە ڕادەیەك دا بووە شتی وای‌لێ‌دەگێڕنەوە کە لە وزەی ئادەمیزاد بەدەرە. ئەمە شتێکی زۆر ئاسایی‌یە کە زۆر جار لەناو میللەتان دا لەپاش تێپەڕبوونی ڕۆژگاری دوورو درێژ کارو کردەوەی‌وا گەورە پیاوانی خۆیان دەگێڕنەوە کە لە توانای هیچ کەسێك دا نی‌یە.

زمانی بابا: -

لە بارەی شێوەی زمانی چوارینەکانی بابا‌وە گەلێ بیرو ڕای جیاجیا وتراوە. (رضا قلی خان هدایت) لە (تذکرة مجمع الفصحاء)دا دەڵێ: بابا چوارینەی بە زمانی کۆن هەیە. ئیتر بێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە زمانی کۆن چی‌یە؟ هەروەها (آتشکده آذر) دەڵێ: هۆنراوەکانی بابا بە زمانی (ڕاجی) بووەو ڕاجی واتە (ڕازی)و لە سەردەمەدا خەڵکی (ڕەی)و (دینەوەر) قسەیان پێ‌کردووە. لە سەرێکی‌ترەوە وەکو (وحید) پیشانی داوە، دەڵێ زمانی بابا تاهیر جیاوازە لەگەڵ زمانی ڕازی‌دا:

هەروەها دەڵێن لە دەستنووسێك دا چەند چوارینەیەکی کوردی بە ناوی بابا‌وە نووسراوەو (شاطر بیك محمد) شاعیری بە ناوبانگی هەمەدان دەڵێ ئەمە هینی منەو بە ناوی بابا‌وە نووسراوە. دیارە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بابا و شاطر بیك بە یەك زمان چوارینەیان نووسیوە بۆیە ئە تێکەڵاوبوونە ڕووی داوەو ئەویش کوردی‌یە.

یان دەڵێن بابا بە شێوەیەك هۆنراوەی داناوە کە لە لوڕی دەچێ، ئەی باشە ئەو شێوەیە چی‌یە؟ بەڵام لە ڕاستی‌دا زۆربەی زۆری ئەو زانایانەی کە لە بارەی شێوەی چوارینەکانی بابا‌وە شتێکیان نووسیوە دایناون بەوەدا ناوە کە بابا لوڕ بووەو بە شێوەی لوڕ چوارینەکانی داناوە، ئەمە ئاشکرایە لای هەموو ئەو کەسانەی کە شارەزایی‌یەکیان هەبێ لە هۆنراوەکانی بابا دا.

یەکێ لەو سەرچاوە گرنگانەی کە لە بارەی مێژووی کوردەوە نووسراوە شەرفنامەکەی ئەمیر شەرەف خانی بەلیسی‌یە، کە لە ساڵی (1005) کۆچی‌دا تەواوی کردووە، لە بارەی زمانی کوردی‌یەوە دەڵێ پەش بووە بەم چواربە شەوە:

کرمانج، لور، کەڵهور، گۆران. (شرفنامه ـ تالیف الأمیر شرف خان البدلیسی ـ الناشره فرج الله ذکی الکردی بیوسته الأزهر بمصر ص 23).

وەکو دەگێڕنەوە دەڵێن شەوێکی ساردی زستان بابا خۆی دەخاتە حەوزی ئەو قوتابخانەی کە قوتابی بووە تیایاو کە دێتە دەرەوە دەڵێ: (اسیت کردیاً واصبحت عربیاً). مەبەستی ئەوەیە کە کورد بووەو بێجگە لە کوردی هیچ زمانێکی‌تری نەزانیوە بەڵام بە هۆی ئەو خۆخستنە حەوزەوە فێری زمانی عەرەبی بووەو بووە بە زانا لەو زمانەدا، هەرچەندە ئەمە دوورە لە ڕاستی‌یەوەو هیچ کەسێ بەو جۆرە نایێ بەزانا، بەڵام ئەم قسەیە لەسەر ئەو نەکراوەو بەبێ هۆ ناوی کوردیش نەنراوە لە بابا.

چوارینەکانی: ـ

بێگومان چوارینەکانی بابا لەو ماوە دوورو درێژەدا وەکو ئەو زمانە نی‌یە کە ئەو قسەی پێ کردووەو هەروەها وەکو زمانی ئاسایی ئەمڕۆی ناوچەکەی خۆی نی‌یە، ئەوەپشی کە بۆتە هۆی ئەمە ئەوەیە کە بەشی زۆری نووسەری دەستنووسەکان بەگوێرەی زەوقی خۆیان دەستکاریان کردووەو ئەو بەرهەمە کۆنەی بابایان نەپاراستووەو ئەو وشانەی کە لایان سەخت بووە یا واتاکانیان نەزانیوە، وشەی فارسیان خستۆتە شوێنی، ئەمەپش بۆتە هۆی ئەوەی لەو هەموو دیوانە چاپکراوانەی بابا، ئێمە ناتوانین یەکێکیان بەدەست بهێنین کە وەکو دیوانە بنەڕەتی‌یە پاکەکەی خۆی بێت.

هەرچەندە زۆر ئێکەوبووە بە فارسی بەڵام هەر شێوە لوڕی‌یەکەی خۆی گوم نەکردووەو وەکو دەبینین لە کۆتایی زۆربەی دیوانەکەی‌دا فەرهەنگۆکی بۆ دروست کراوەو واتای گەلێ وشەو زاراوەی لوڕی ئێدا لێکدراوەتەوە، دەبێ ئەوە بزانین، ئێمە ناتوانین بە هۆی ئەو دیوانە چاپکراوانەوە تایبەتی‌یەکانی شێوەی لوڕی سەردەمی بابا یا ئەمڕۆی ناوچەکە بەئاسانی بنووسینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بکەین، مەگەر لە پاشەڕۆژدا چەند دەستنووسێکی باوەڕپێکراوی چوارینەکانی بابامان دەست بکەوێ، تا بتوانین بەیەکەوە بەرادەیان بکەین و تا ڕادەیەکی زۆر بتوانین بگەینە مەبەست و بە دڵنیایی‌وە گەلێ لە چوارینەکانی ساغ بکەینەوەو دیراسەی لەسەر بکەین، ئەو دەستووسە کۆنەی کە تا ئێستا من ئاگام لێیێ دەستووسی ژمارە (2546)ی مووزەی قۆنیەیە، واتە ئەوەی وا لەسەر گۆڕی مەولانا جلال الدینی بەلخی ناسراو بە مەولانای ڕومی کە میژووی (842)ی کۆچی لەسەرە.

(شرح احوال وآثار بابا طاهر ـ بکوشش دکتر جواد مقصود ص 28)

بەرهەمی‌تری بابا: ـ

کۆمەڵە (کلمات قصار)ە کە بە شێوەیەکی ئاسان و ڕەوان، بە زمانی عەرەبی داینراوە، مەبەست لە هەر یەکێ لەم وتەکورتانە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی خواپەرستی، وەیا پلەیەکە لە پلەکانی صوفیگەری. ژمارەی ئەم وتەکورتانە (کلمات قصار) کە بە هەڵە دراوەتە پاڵ (عین القضاة)و تا ئێستا لێکدەرەوەکەی ناسراوە لە (421)وتە پێک هاتووە. وە لە کتێبی (الفتوحات الربانیة في مزج الاشارات الهمدانیة) (322)وتە لە (کلمات قصار) بە شێوەیەکی تێکەڵ لێکدراوەتەوە.

بابا تاهیرو ڕۆژهەلاتناسەکان: ـ

گەلێ لە ڕۆژهەلاتناسەکانی وەکو: ژوکۆفسکی کلێمن هاوەر، ئێدوەردبراون، هێرن ئالن، ولچنسکی، لە بارەی بابا تاهیرەوە شتیان نووسیوە بە زمانی ئەڵمانی، فەرنسی، ئینگلیزی.

کلێمن هاوەری فەرەنسی کۆمەڵێ لە دوو بەیتی‌یەکانی بابا تاهیری چاپ کردووە.

ئێدوەرد هێرن ئالنی ئینگلیزی دیوانەکەی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی‌و چاپی کردووە.

ئەلبزابت کورتیس برنتس دیوانی بابا تاهیری بە هۆنراوە وەرگێرا بۆسەر ئینگلیزی.

هەوالنامەی کتێب

بۆکەك

● کۆمکرنا
ئەحمەد شوشی ●



مللەتێ کورد وەکو هەمی مللەتێن جیهانێ رەوشت و تیتالێن خوێین تایبەتی هەنە کو هندەك ژێ نێزیکی رەوشت و تیتالێن مللەتێن دەورو بەرێن وی بن نو دبیت ژی جوداهیەکا مەزن لناڤبەرا واندا هەبیت.. تشتەکێ خویایە کو مللەتێ مە گەلەکێ دلتەرە ئەف دلتەریە ژی ژ نشکەکێفە نەهاتیە بەلکو جوانیو خوشیا ڤی وەلاتی بویە ئەگەرا پەیدابونا پەیدابیت..

نیك ژوان رەوشت و تیتالێن داوەتانە کو گەلەك ژمێژە لناڤ مە پەیدابوی، داوەت لهەمی دەڤەرێت کوردستانێ تێنە کرن،و لهەر دەڤەرەکێ برەنگەکێ تایبەتی تێنە گێران..

ئەف بابەتە دەریایەکا پان و بەرینە ئەز نوکە نەشێم خو باڤێژمێ، بەلکو من لبەرە خو بەردمە بەر رەخەکێ گەرەکا وێ داکو بشێم لگور شیانا خو وان رەوشت و تیتالێن داوەتێن دەڤەرا ئاکرێ دیارکم..

بێگـومـان بابـەتێ ڤەگـوهـازتنـا بوکـا تایبـەکـە ژ تایبن فلکـلوریٰ کوردیٰ یێ کەڤن، ئەڤ کارە دبیتـە ئەگـەرا خویـابـونـا وینـەبین دلسـوزیٰو وەفـایێ ژیـانا کومەلاتیٰیا کوردا، دەمێ بەرچـاڤ دبن دنـاڤ وان رەوشت و تیتـال و ستراندن ب بوک وزاڤا تێنە گوتن..

جوانیٰو بەدەویا بوک و زاڤاو خەملاندن و رێخستنا واناو ئەو دەوارین ب کار دئینن دڤان تیتالادا ب رێیا پەسن کرنا روبین ژیانیٰو ڤەگوهازتنا بوکا سالوخ ددەت.. ڤیجا ئەڤە چەند ستراند یێن وان شاهیٰو داوەناو سەرو بەرێت ژن ئینانێ من ژ پیرو کالاو خوجهێت گونـدا وەرگـرتن و هەر وەکی من بهیستیٰو نڤیسین پێشکێش دکم داژ وەنـدابونێ قورتال ببیت..

ئێدی هیڤیدارم کو بیتە ئەگەرا ل دوڤ چوون و کۆمکرنا ڤی سامانی

ل دەڤەرا ئاکرێ بڤی رەنگێ خارێ بوکا ڤەدگوهێزن: -

1 - شەڤا دەست رێزان (خەنایێ) ئەوژی دو پشکەو ل دوجها.

أ - ل مالا بابێ بوکێ.

ب - ل مالا زاڤای.

2 - پەری ڤەدان ل مالا زاڤای.

3 - ڤەگوهازتنا بوکێ، ئەوژی دو پشکە: -

أ - ل مالا بابێ بوکێ.

ب - ل مالا زاڤای، چەوا خو ئامادەدکەن دا ب چنە دوڤ بوکێ.

4 - ڤەگوهازتنا بوکێ بو مالا زاڤایی.

5 - ب رێڤە.

6 - ب چی رەنگێ سەرێ زاڤایێ دشون و چەوا؟!

7 - سەر سوبەهیك (سەرێ بوك و زاڤای).

نهو ئەم دێ ڤان خالا ئێك ئێك شروڤەکەین: -

1 - شەڤا دەست رێزان (خەنایێ) ل مالا بابێ بوکێ سەر سپی و پیـجـکـێ سەی دێ چنـە مالا بوکـێ بەری رۆژەکێ یان دو رۆژا، سەر سپی دێ تورکیت خەنایێ گور کەتـە ئامـانـەکی (لـەگـەن)و هنـدەك ئافێ کەتە ناڤ و هەڤیرکەت، کچکیت گوندی دێ لێ خربن دەستا قوتن و بستـرن و نارینکـا بێـژن و لێـك ڤەگیـرن و بلەیـزن و تلیلیا ڤەدن، سەر سپی پشتـی کەزیـت بوکێ ژ ڤەهـانـدنێ ڤەدکەت دێ سەرێ بوکێ خەناکەت ل گەل دەست و پێت وێ، پاشی هەر کچکـەکێ هنـدەك خەنـایێ دانتە سەر دەستی و ئەوا مای دێ بەلاڤـەکـەن ل سەر دەرو جیـرانـاو گوندیا هەر مال وترارەکی بو هنێرن:

(1) پیجکێ سەی: مرۆڤەکە ل گەل سەر سپی دچیت بەرگ و بوخچکـا دهـلگـریت و هاریکـاریا وێ دکەت.. وستـرانـا بێـژن و لەیزن و دو ڤەگیرن و دەواتێ کەن، پاشی هوگرو هەڤالین زاڤای دێ بنە خەلەك ل رەخ و چانا، دێ لەگەنا خەنایێ ئینن و چەند (شەمالك ودگەل تاکیت گولا یان ریحانا یان نیرگزا) دناڤدا دچکلینن، دوڤرا گەنجەکێ بخەنجەر خەنجەرا ددەستادا ل پێش هلگرێ لەگەنا خەنایێ تێت و دلەبیزیت وخوشك وبرایین زاڤایی دگەل هەڤالا دێ دگـەل هێن و خرڤـە بن هنـداڤ سەرێ زاڤـای تلیلیا ڤەدەن ولـەیـزن، ڤیجـا لەگـەنـا خەنایێ ب گەر وگۆری ب هەردو دەستـا بلنـدکـەن سەر سەرێ خو وب لەگـەنـاڤخەنـایێ ڤـە دلـەیـزن و ئەڤ ستـرانـا هەنێ یادبێـژنێ (سـەرێ زاڤـای) دبێژن و لێك دڤەگیرن، دێ خەنایێ دەستیت زاڤایی دەن و هەڤالیت زاڤای دەستیت خو خەناکەن ل دور زاڤای وەربین لەیـزن و ستـرانـا (گۆبالە) دێ بێژن، هەتا درەنگی شەڤێ دێ خارنێ رێـزکـەن هەمی دێ پاشیڤێ خون و هنـدەك هەڤـالیت زاڤـایی ل مالا زاڤـای دنڤن دگەل خزم و کەس و کارا هەتا سپیدێو ئەوین دی دێ ڤەرەڤن.. پاشی سپیدێ دو هەڤالیت زاڤای یێن دایو بابیت وان ساخ سەرێ خو دشـون پێشی زاڤـای، دوڤـدا برا زاڤـا دێ سەرێ زاڤـایێ شوت و پاشی سەرێ خوژی شوت و جلکین تازە کەن بەر

زافایی و گولافێ لێ ڕەشینن: -

های سەری زافانە
های سەرێ زافانە
دسەری شاش و کتانە
دسەری شاش و کتانە
خلمەت هاتن بەلگێت گولانە
های تەکسر کەس نەکسر
های تەکسر کەس نەکسر
تەیا خو بدلێ خو کر
تەیا خو بدلێ خو کر
تە پسیارا جیرانا نەکر
گەلی براو خوشکا
گەلی براو خوشکا
خەنی بکەنە قودیشکا
پافێنێ بارو پشکا دەستا دانن هەتا ئەنیشکا
های هەرە سەر بانی
بابێ زافایی هەرە سەر بانی
ئەکوژە وی بەرانی
ئەکوژە وی بەرانی
ئەڤروکەیە ڕوژا ڤی دانی
های هەرە قشلێ
بابێ زافایی هەرە قشلێ
بیرە مراسەلێ
بیرە مراسەلێ
ئەڤروکەیە ڕوژا حەشرێ
های ئەف جارە راستە
های ئەف جارە راستە
کەسك و سوری ئەگوهاستە
کەسك و سوری ئەگوهاستە
یاتە دڤێن مە بوتە خاستە
های نەبێژە کورتە

های نەبێژە کورتە
سیسنوکا خونافا گرتە
سیسنوکا خونافا گرتە
یاتە دڤێن مە ژ کومێ گرتە
های نەبێژە درێژە
های نەبێژە درێژە
سیسنوکا خونافا ڕێژە
سیسنوکا خونافا ڕێژە
مە بوتە ئینا یاتە دڤێت ژ مێژە
های لاوێ دەڤەرێ
های لاوێ دەڤەرێ
تول قەسرێ وەرە دەرێ
تول قەسرێ وەرە دەرێ
شاباشە ل گوشێت خەنجەرێ
های لاوێ دەولەتێ
های لاوێ دەولەتێ
کوستیل هێلا ل مەهەتێ
کوستیل هێلا ل مەهەتێ
دەستێت شلك ناگرن شەربەتێ
های مە ژنوی زافاکر
های مە ژنوی زافاکر
کوستیلا زێرێ جێکر
کوستیلا زێرێ جێکر
کوستیل زێرە ل تلیێ دۆ تاکر
دەست بافێژە خەنجەرێ
دەست بافێژە خەنجەرێ
ژ کافلانی بینە دەرێ
هەڤالا کۆمکە سەرێ
دا ڕەقسن بگوشا خەنجەرێ
های میرێ هەرنێ
های میرێ هەرنێ
سێ سالا لبەر خاندنێ

هۆزانامەی کێبڕ

سێ سالا لبەر خانـدنێ
سالا چارێ بو تینن ژێ
های چوخـێ تە رەشـە
های چوخـێ تە رەشـە
حەمـامـێ وەرە خوشـە
حەمـامـێ وەرە خوشـە
مە بوّتە ئینا ئەو گوّلا گەشە
های چوخـێ تە سپـیـیـە
های چوخـێ تە سپـیـیـە
حەمـامـێ وەرە زویـە
حەمـامـێ وەرە زویـە
مە بوّتە ئینا ئەو جنسرێیە (4)
های زاڤـایـێ مامـا
های زاڤـایـێ مامـا
کوسـتـیـل هێـلا ل حەمـامـا
کوسـتـیـل هێـلا ل حەمـامـا
دەستێت نازك ناگرن شەماما
های زاڤـایـێ خالا
های زاڤـایـێ خالا
خارزا راکـرن خالا
خارزا راکـرن خالا
دەستێت نازك ناگرن خلخالا
های زاڤـایـێ بەگـا
های زاڤـایـێ بەگـا
چوخـێ تە ژ هرێـیـا شەکـا
چوخـێ تە ژ هرێـیـا شەکـا
دەستێت شلك ناکەن حەنەکا
های میـر هاتـە چەمـا
های میـر هاتـە چەمـا
بدلـێ خو نەگـرە خەمـا
بدلـێ خو نەگـرە خەمـا
تو زاڤایێ بدلێ مە هەما

های میـر گازی تەکـر
های میـر گازی تەکـر
هەتـا تە کارێ خوە کر
هەتـا تە کارێ خوە کر
دەلاله جانێ ل بسکا زێدە کر
های گرکـێ ب کەزانـە
های گرکـێ ب کەزانـە
زاڤـاکـێ چ نەزانـە
زاڤـاکـێ چ نەزانـە
بشکوژ ڤەکرن بددانە
های گرکـێ ب بێـمـوکـە
های گرکـێ ب بێـمـوکـە
زاڤـاکـێ چ خشـکـوکـە
زاڤـاکـێ چ خشـکـوکـە
بشکوژ ڤەکرن ب نەبنوکە
های دێ چمـە ئاکـرێ
های دێ چمـە ئاکـرێ
دێ کرم ڤێ پوشـیـێ
دێ کرم ڤێ پوشـیـێ
شاباشە ل سەرێ بوکێ
های دێ هەرن بیـنـن
های دێ هەرن بیـنـن
سەرێ هەسـپـی ب گورچـینـن
سەرێ هەسـپـی ب گورچـینـن
دەلاله جانێ ل بابێ بستینن
های بوخـچـکـێ چێـکـە
های بوخـچـکـێ چێـکـە
سێ سەد خەلاتـا تێـکـە
سێ سەد خەلاتـا تێـکـە
بوّ دەلاله جانێ ڤرێکە
های مالا تە ئاڤـا
های مالا تە ئاڤـا

هەولێرێ کتێب

مه گوڕین زێرین داڤا
ته دامه چۆنێ چاڤا
کومه (. . . .[5])بی کره زاڤا
های مالا ته سۆکه
های مالا ته سۆکا
ته دامه یابچۆکه
ته دامه یابچۆکه
بێد خانیدا زاڤاو بۆکه
های لاتا ب نێرگزه
های لاتا ب نێرگزه
مه چنین گورزه گورزه
مه چنین گورزه گورزه
هیزارا بۆکێ گوت قەناوزه[6]
های لاتا ب بەبینه
های لاتا ب بەبینه
مه چنین چین ب چینه
مه چنین چین ب چینه
هیزارا بۆکێ گوت کەلا بدۆنه[7]
هات تاڤا تەرگێ
هات تاڤا تەرگێ
داڕێته سەر ئەردێ
داڕێته سەر ئەردێ
لاو مێهڤانه ل بەژنا جانێ
هات تاڤا بارانێ
هات تاڤا بارانێ
داڕێته کوردستانێ
داڕێته کوردستانێ
لاو مێهڤانه ل بەژنا جوانێ
«سترانا گۆپاله»

ئێك ژ هەڤالێن زاڤایی یان (برا، پسمام، کوڕخال) دێ گۆپاله‌کی بدەستی خو گریت ب هەردۆ دەستا بلند کەت سەر سەرێ خو ولەیزیت بگۆپاڵ ڤه وئەوێن دێ دەستا قوتن، کچ و ژن تلیلیا ڤەدەن و خرڤه بن ل ڕەخ و چانا مینا خەلەکێ ئەو دێ لەیزیت دنیڤا واندا: -

گۆپاله گۆپاله کەکو
گۆپاله گۆپاله
گۆپاله گۆپاله برا
گۆپاڵێ زێردایی
دەستێ کی وکێ نایی کەکو
دەستێ کی وکێ نایی
دەستێ زاڤایی نایی برا
دەستێ زاڤایی نایی
مەر بێ ڤەگێرایی کەکو
مەر بێ ڤەگێرایی
دەست نەکه عەبایی برا
دەست نەکه عەبایی
خەنا یا شێلایی کەکو
خەنا یا شێلایی
بو دەستێت زاڤایی برا
بو دەستێت زاڤایی
ب خۆدێ تو زاڤایی کەکو
ب خۆدێ تو زاڤایی
ئەڤرو تو زاڤایی برا
ئەڤرو تو زاڤایی
دەست نەکه خۆرچیکێ کەکو
دەست نەکه خۆرچیکێ[8]
رۆنه لەر قۆدیکێ برا
رۆنه لەر قۆدیکێ
خەنا یا ل سێنیکێ کەکو
خەنا یا ل سێنیکێ
بۆ نیشانێ بۆکێ برا
بۆ نیشانێ بۆکێ

هەوالنامەی کێبڕ

ئەو بۆ سەری بۆکێ کەکو
ئەو بۆ سەری بۆکێ
ئەو بۆ دەستێ بۆکێ برا
ئەو بۆ دەستێ بۆکێ
گۆپالە گۆپالە کەکو
گۆپالە گۆپالە
گۆپالە گۆپالە برا
گۆپالێ زێردایی

«پەری ڤەدان»

دۆکەسێت دای بابێ وان ساخ پەرێ دروست دکەن، ل ئودا زاڤایی ئالێ پاش خانی دێ هند جهی هێلن کو تێرا جهێ رائێخستنا نڤینێت بۆك وزاڤا بمینیت. ماڤورەك و نالیکەکا هرێ و دۆ بالیفکا دانن سەر نڤیناو چارچەڤەکێ بسەر نالیکێ رائێخن دێ ئینن دۆسنگا ژ داری یان دۆ (بزمارا) ل هەردو دیواریت مەزەلێ قوتن ئەو دیواریت بەرامبەری ئێك، سەریت وەریسەکی ب هەردۆ سنگاڤە هشك گرێدەن مینا رستەکێ دەمێ جلکا پێڤە دهەلاویسن، پاشی دێ ئینن (میزەرەکێ، جاجمەکی، بەرکەکێ) یا مەزن و پان بسەر وێ رستی ڤە هەلاویسن وەسا کو شۆر بیتە خارێ بۆ ئەردێ تەمەت (دۆسێ) تێلا ل ئەردی درێژ بیت، پاشی (ڤانوسەکێ، فەنەرەکێ، چرایەکی) ل سەر سنگەکی هنداڤ نڤینیت (بۆك وزاڤا) هەلاویسن دا ب شەڤ ڕوناهیێ بدەتە ژورڤە. ڤێجا هەتا ئەڤان تشتا دروست دکەن ئەڤان ستڕانا دبەرڕا دبێژن دگەل دەست قوتانێ و تلیلیاو هندەك بلەوندی و دەرسوکا.. دلەیزن..

أ - ئەو پەریا وەکو داڤە
مە تێرا دیتن چاڤە
تە پیرۆز بیت ئەڤ لاڤە
ئەو پەریا وەکو مۆیە
مە تێرا دیتن رۆیە
تە پیرۆز بیت ئەڤ شۆیە

ب - دۆڤ ڤێ چەندێ ستڕانەکێ ب خانی دبێژن:

خانی خۆش خانی
مە ب کسل و کێچکێ هونی
مە ناریناك تێدا گوتی
خانی هونی و ڤەهوسی
بۆك هات و راتەحسی
دەڤێ بەربوکا قەرسی
خانی ل بابان دۆرە
ئەڤ شەڤە بنڤە تێرە
سویەهی وەغەر خێرە
خانی ل بابان کۆردا
رێك تێنێ ژێهەل و ژۆردا
بۆکا مە یا دخەملا سۆردا
خانی ل سەرێ کولانێ
دەواتی دا رۆیانێ
هەر وەکو تاڤا بارانێ
خانی ل بابان خانە
یێ ب کوچك و یێ ب ئەیوانە
ئەڤ شەڤە بۆك مێهمانە

جـ - ئەڤێ ستڕانێ ژی دۆڤرا دبێژن: -

ئەو کێیە تێتو ل ئودێ
های ئودا خالی و مالی
ئەو کێیە تێتول ئودێ برا
ئودا خالی و مالی
شەعرا خو بادایی
های ریمان دانە لایی
پرچا خو بادایی برا
ریحان دانە لایی

هەولامەی کتێب

خوزمەی ل وێ ڕۆژێ
های م لێ چیخ ڤەدایی
خوزمەی ل وێ ڕۆژێ برا
م لێ چیخ ڤەدایی
ئودا یەك بچوكە
های ئودا یەك بچوكە
ئودا یەك بچوكە برا
ئودا یەك بچوكە
شەڤرا خو پێچایی
های ریحان بەلالیكە
پرچا خو پێچایی برا
ریحان بەلالیكە
خوزمەی ل وێ ڕۆژێ
های بۆتە بینن بۆكە
خوزمەی ل وێ ڕۆژێ برا
بۆتە بینن بۆكە
ئودایەك مەزنە
های ئودایەك مەزنە
ئودایەك مەزنە برا
ئودایەك مەزنە
شەڤرا خو پێچایی
های ریحان دانا ل بنە
پرچا خو پێچایی برا
ریحان دانا ل بنە
خوزمەی ل وێ ڕۆژێ
های بۆتە بینن ژنە
خوزمەی ل وێ ڕۆژێ برا
بۆتە بینن ژنە

«ڤە گوهازتن»

سپێدێ زوی دێ ئافێ د دیزەكێدا گەرمكەن، سەر سپی دێ سەرێ بۆكێ شوت ژ خەنایێ، پاشی دێ جلكێن بۆكانێ كەتە بەرو هندەك هشكە پارا دێ كەتە دناڤ لەوەندییێت بۆكێ و هندەك كەتە پێلافێ وێ وسەرێ بۆكێ شەكەت و چاڤا كلدەت و زێرا پێڤە كەت و هیزارێ بسەرێ دادەت و دانە سەر جهێ وێ..

ڤێجا هەڤالێت بۆكێ و كەس و كارو بەر بۆك دێ دۆ قولی رۆنن بەرامبەرێ ئێك ستراناو نارینكا بێژن ولیك ڤەگێرن و هندەك بدەرسوكێت سۆرو زەر (ڕەنگ ڕەنگ) دلەیزن یان ب لەوندیاو تلپلیا ڤەدەن، هەتا ل مالا زاڤایی بەربۆك تێنە بۆكێدا ڤەگوهێزن.. ڤەگەر مالا دۆربیت دێ خارنەكێ بەرهەڤكەن بۆ بەربۆكا دەمێ تێنە دوڤرا وڤێ ستراتێ ژێرا دبێژن.. ڤەڤ سترانە ب دۆ قولی تێنە گوتن هندەك دبێژن و هندەك لێ ڤەدگێرن...

ئەم نادەین و ئەم نادەین
كەزی شوڕا خو نادەین
ئەنی زێرا خو نادەین
هەتا نەهێت كەمەرە
كەمەرا وێ حازرە
دگەل دا جل و بەرە
كراس و فستان زەرە
دێ بدەنەڤە بویكامە
ئەم نادەین و ئەم نادەین
كەزی زێرا خوە نادەین
چاڤ بەلەكا خوە نادەین
هەتا نەهێت گوهارە
گوهارێ وێ حازرە
ل دوهی و هەتا پێرە
رێكا مە چەندا دۆرە
دێ بدەنەڤە بوكا مە
ئەم نادەین و ئەم نادەین

هەوالنامەی کتێبی

1 ـ ل مالا بابێ بۆكێ:

چاف بەلەکا خوە نادەین
گەردەن کێلا خوە نادەین
هەتا نەهێت خزێمە
خزێما وێ حازرە
ل دوهی‌و هەتا پێرە
رێکا مە گەلەك دوورە
دێ بدەنەڤە بوکامە
ئەم نادەین و ئەم نادەین
کەزی زەرا خوە نادەین
چاف ب کلا خوە نادەین
هەتا نەهێن خەلاتە
خەلاتێ وێ حازرە
ل دوهی‌و هەتا پێرە
خەلاتێ بوکێ فەرە
دێ بدەنەڤە بوکامە
ئەم نادەین و ئەم نادەین
ئەنی دەڤا خوە نادەین
دەف بچویکا خوە نادەین
تا نەدەن پشتە دەرێ
ئەم دێ دەین پشتە دەرێ
بدەنە مە کراس زەرێ
بدەنە مە گەش ڤەنەرێ
دێ بدەنەڤە بوکا مە

خوش بیت دەمێ ل هەسپی سواردکەن، ڤێجا دێ بڕێکەڤن بۆ مالا بابێ بوکێ دگەل ستراناو نارینکا بڕێڤە دبێژن و دەستا دقوتن هەتا دچن و تێنەڤە وقەستا مالا بابێ بوکێ کەن. . . ل ڤێرە زافاو برا زافاو چەند هەڤالێن زافایێ دێ مێن دگەل زافایی ل مال هەتا بەربوك تێنە ڤە وبوکێ دگەل خوە تێنن. .

بەربوك دێ ب ژوور کەڤن ل مالا بابێ بوکێ دگەل تلیلیاو دەست قوتانی‌و ستراتا دبێژن و لێك ڤەدگێرن و دلەیزن بدەرسوکاو لەوندێیاو ئەڤ ستراتا هەنێ ژێرا دبێژن: -

ئەم هاتینە تە دەلالێ
ئەم هاتینە تە هەڤالێ
دێ کەین کارێ تە دەلالێ
دێ کەین کارێ تە هەڤالێ
گریا بێ فایدە دەلالێ
گریا بێ فایدە هەڤالێ
ئەم هاتین تە کارکەین دەلالێ
ئەم هاتین تە کارکەین هەڤالێ
تیستێ ل ئەنیێ راست کەین دەلالێ
تیستێ ل ئەینێ راست کەین هەڤالێ
تە ژ بابێ خلاس کەین دەلالێ
تە ژ بابێ خلاس کەین هەڤالێ

ئەم هاتین تە بینین دەلالێ
ئەم هاتین تە بینین هەڤالێ
ئەم دێ تە خەملینین دەلالێ
ئەم دێ تە خەملینین هەڤالێ
تە ژ بابێ بستینین دەلالێ
تە ژ بابێ بستینین هەڤالێ

ئەم هاتین تە ب خازین دەلالێ

د ـ ل مالا زافایی: ـ

کەس و کارێت زافایی‌و بەربوك دێ خۆ بەرهەڤ کەن وخو خەملینن گولانێ ل خو رەشینن ئانکو (خو بنهن خوشکەن) هەر ئێك ئێك یان دو دو، دێ ل دەوارکێ سواربن. هەسپەکێ کەخێل یان جانی ماهینەکی دێ ئینن خەملینن و زینەکێ سپەهی ل پشتێ کەن و (مێزەرەکێ نالیکەکێ، لەیڤەکێ) دێ هاڤێنە سەر زینێدا جهێ بوکێ

هەولێنامەی کتێب

ئەم هاتین تە ب خازین هەڤالێ
ب ستران و ئاوازین دەلالێ
ب ستران و ئاوازین هەڤالێ
ژ مال بابێ ڤەگوهێزین دەلالێ
ژ مال بابێ ڤەگوهێزین هەڤالێ

بابان و باپیرە دەلالێ
بابان وباپیرە هەڤالێ
ڤەکەن کەزیێت هۆرە دەلالێ
ڤەکەن کەزیێت هۆرە هەڤالێ
دایکێدا دەستۆرە دەلالێ
دایکێدا دەستۆرە هەڤالێ

ئەم هاتین پایزە دەلالێ
ئەم هاتین پایزە هەڤالێ
گەنم و جەهـ فریزە دەلالێ
گەنم و جەهـ فریزە هەڤالێ
دایکا بوکێ زیزە دەلالێ
دایکا بوکێ زیزە هەڤالێ

ئەم هاتین بوهارە دەلالێ
ئەم هاتین بوهارە هەڤالێ
گەنم و جەهـ سیارە دەلالێ
گەنم و جەهـ سیارە هەڤالێ
دایکا بوکێ ژارە دەلالێ (11)
دایکا بوکێ ژارە هەڤالێ

نەگری نەلۆرینە دەلالێ
نەگری نەلۆرینە هەڤالێ
رۆندکا نەبارینە دەلالێ
رۆندکا نەبارینە هەڤالێ
کچ مالێ خەلکینە دەلالێ
کچ مالێ خەلکینە هەڤالێ

فایدێ بابا نینە دەلالێ
فایدێ بابا نینە هەڤالێ
دایك پالێت پیشینە دەلالێ
دایك پالێت پیشینە هەڤالێ
کور فایدێ بابێنە دەلالێ
کور فایدێ بابێنە هەڤالێ

رێکا مێل تاتە دەلالێ
رێکا مێل تاتە هەڤالێ
زافا ڤێهەل هاتە دەلالێ
زافا ڤێهەل هاتە هەڤالێ
ئینان شەش خەلاتە دەلالێ
ئینان شەش خەلاتە هەڤالێ

رێکا مێل دەرزی دەلالێ
رێکا مێل دەرزی هەڤالێ
زافا ڤێهەل بەزی دەلالێ
زافا ڤێهەل بەزی هەڤالێ
ئینان داڤ و دەزی دەلالێ (12)
ئینان داڤ و دەزی هەڤالێ

هندەك بەربۆك لبەر دەری دمینن ل ژڤانا دەرکەڤتنا بوکێ بۆ دەرڤە ژ مالا بابێ ڤێ سترانا هەنێ دبێژن و لێك ڤەدگێرن و دەستا دقوتن و تلیلیاو ڤەددن..

دەرینن... دەرینن
کجکوکێ ل مال دەرینن
سورمەی ل چاڤا چاڤا
وەرینن... وەرینن

مە درەنگە.. مە درەنگە

هەوالنامەی کتێب

بابێ بۆکێ مە دەرەنگە
شیڤ و تیشتا دەرەنگە
بابێ بۆکێ مە دەرەنگە
بەفرێ گرتن ناستەنگە
بابێ بۆکێ مە دەرەنگە

مە زیێە.. مە زیێە
بابێ بۆکێ مە زیێە
شیڤ و تیشتا کەلیێە
بابێ بۆکێ مە زیێە
بەفرێ گرتن گەلیێە
بابێ بۆکێ مە زیێە

ب لەزینە.. ب لەزینە
دایکا بۆکێ ب لەزینە
بۆکا مە زوی دەرینە
دایکا بۆکێ ب لەزینە
بەر بۆکێت مە برسینە
دایکا بۆکێ ب لەزینە
ب هەژینن... ب هەژینن
سەرێ هەسپی ب هەژینن
زینی ل پشتێ ب شدینن
سەرێ هەسپی ب هەژینن
گورچینن... ب گورچینن
سەرێ هەسپی ب گورچینن

برایێ زاڤایی یان کورەکێ ب دایباب دێ هێت کەمەرکێ هاڤیتە پشتا بۆکێ دۆ جارا دێ گرێدەت و ڤەکەت هەر وەسا بۆکێ دێ رابت رۆنت، جارا سێ دێ کەمەرا وێ بدرستی گرێدەت. پشتی دەستورێ ژ دایبابێت بۆکێ وەردگرن دێ (دۆ میر یان دۆ ژن)یان ژنەک و میرەک بێت ناڤ سالاڤە چوین، هەر ئیک چنگلەکێ بۆکێ گرت و دێ بێژن ناڤێ خودێ لێ بینن:

«یا ئەللا ب ئزنا تە.. رابە ل مال بابێ دایکوکێ».

دۆ جارا بۆکێ دێ رابیت رۆنت، جارا سێ دێ رابیتەڤە دێ برێ ئیخنن بۆ دەرڤەی خانی وئەڤ ستراتا هەنێ بەربۆکێ ژێرا دبێژن: -

دێ راکەن چەندا بلندە
بەژنا تە شەمالێ و ڤندە
پاشی تە خرابە ئەڤ گوندە
لێ بخوینیت نەیری کوندە
دێ راکەن چەندا نازدارە
بەژنا تە شتلە سپیندارە
پاشی تە ئەڤ گوندە ژارە
ب هەرڤن خانی و دیوارە
دێ راکەن چەندا دەلالە
بۆکا مە جان و ڕوی بخالە
چاڤێ ڕەشە چاڤ خەزالە
بەژنا تە چەندا شەپالە
دێ راکەن چیا شوخ و شەنگە
بۆکا مە جان و چەلەنگە
بەربی ل دەری بونە پەنگە
بۆکێ راکەن ل مە دەرەنگە
نارینێ دابو ب چەمادا
ڕوندکەکێ دابو ب ڕویادا
ژ غەریبیا باب و برادا
بەربۆکا هاوری لێ بادا
نارینێ سەرێ خو بادا
دەلالێ سەرێ خو بادا
ڕوندکەکێ دابو ب چاڤادا
ژ غەریبیا دایك و بابادا
نارینێ کەس وەناکەت

هەولێرنامەی کتێب

سەرێ خو دگـریـێ رانـاکـەت
مال بابـێ دل مایـێ ناکـەت
دایـبـابـا غەریـب ناکـەت

ل ڤێرە دبێژن دەمێ بوک رابوڤە دایکا بوکێ دێ ل کچا خو زڤـریـت دلـەدلـی دەت ئو سەرێ وێ ماچ کەت و ڕوندکێت وێ زوهـاکـەت. ڤێجا (دایك وبوك) دێ چنە سەرو ستویێ ئیـك و خاترا خو ژێ خازیت و ئەڤ پارچە ستڕانە ژ زار دەڤێ دایکا بوکێ تێتە گوتن:

نارینـێ دایـکـوکـا منـێ
هەلـنـەگـرە تو خەمـا منـێ
شولـەکـە هەتـا مرنـێ
ب سەرێ تە نەهـاتـیـە ب تنـێ

★ ★ ★

پشتە دەر: -

ئیکـە ژ ئیتـالیت کوردی، ئیـك ژ مروڤین بوکێ بفی کاری رادبیت دەمێ بوکێ رادکـەن بو دەرڤـە دبـەن دێ دەرگـەهـێ مالێ گریت و ڤەنـاکـەت هەتـا پشتـە دەرا ب دلـێ وێ نەدەنـێ. ڤێجـا بابـێ زاڤـایی دێ چەنـد (دینـارا)یان هشکـە دراڤێ وی دەمی دەتـە خودانـا پشتـە دەرێدا دەری ڤەکەت هەتا بوکێ ل مال بابێ بەنە دەرڤە..

پاشی دێ بوکێ ل هەسپی سوارکـەن مروڤـەك سەرێ هەسپی (هـەڤـساری) کێشیت و ئیـك دی چنگلێ وێ گریت دا نەکـەڤیت کو ئەگـەر هەسپ ژ بەر دەنگێ تەڤێنا تڤەنگا دەنگێ نارینکێ و تلیلیارا خو بهاڤیت یان چلڤەك ڤێ بکەڤیت.. هندەك بەر بوك ڤێ بەرگوتکێ دبێژن: -

دهای مه برو های مه بر مه حیلا خو ل هنگو کره

هندەك جارا ژێ بەربوکـەکـا بچوك ل بەرا بوکێ سوار دبیت. و هێدی هێدی بریڤە تێن دگەل ڕیڤە چونا هەسپی و ئەڤ ستڕانا هەنێ تێتە گوتن: -

بینـە دەر ل خانـی دەلالـێ
بینـە دەر ل خانـی هەڤـالـێ
دا سیـارکـەن ل جانـی دەلالـێ
دا سیـارکـەن ل جانـی هەڤـالـێ
دێ بەیـن بۆ خودانـی دەلالـێ
دێ بەیـن بۆ خودانـی هەڤـالـێ

هەسپـێ بوکـێ بوزە دەلالـێ
هەسپـێ بوکـێ بوزە هەڤـالـێ
نالا گرتـن توزە دەلالـێ
نالا گرتـن توزە هەڤـالـێ
زافـا دل ئالـوزە دەلالـێ
زافـا دل ئالـوزە هەڤـالـێ

هەسپـێ بوکـێ شیـرێیـە دەلالـێ
هەسپـێ بوکـێ شیـرێیـە هەڤـالـێ
نالا گرتـن پرێیـە دەلالـێ
نالا گرتـن پرێیـە هەڤـالـێ
زافـا چاڤ ل رێرێیـە دەلالـێ
زافـا چاڤ ل رێرێیـە هەڤـالـێ

هەسپـێ بوکـێ سپـیـرێیـە دەلالـێ
هەسپـێ بوکـێ سپـیـرێیـە هەڤـالـێ
توزێ گرتـن پرێیـە دەلالـێ
توزێ گرتـن پرێیـە هەڤـالـێ
لێ کومبـیـن بەربـیـیـە دەلالـێ
لێ کومبـیـن بەربـیـیـە هەڤـالـێ

هەسپـێ ل رەنـدەکـێ دەلالـێ

هەوالنامەی کتێب

هەسپێ ل رەندەکێ هەڤالێ
ێت کولیت خەندەکێ دەلالێ
ێت کولیت خەندەکێ هەڤالێ
هیڤیا چاڤ بەلەکێ دەلالێ
هیڤیا چاڤ بەلەکێ هەڤالێ

هەسپێ ل کولانێ دەلالێ
هەسپێ ل کولانێ هەڤالێ
رابیە جدیدانێ دەلالێ
رابیە جدیدانێ هەڤالێ
هیڤیا چاڤ جوانێ دەلالێ
هیڤیا چاڤ جوانێ هەڤالێ

هەسپێ دکەت پێکولێ دەلالێ
هەسپێ دکەت پێکولێ هەڤالێ
تۆزێ دابیە سولێ دەلالێ
تۆزێ دابیە سولێ هەڤالێ
ژ بەر دەنگێ دهولێ دەلالێ
ژ بەر دەنگێ دهولێ هەڤالێ

ڤێجا برێڤە (هەر ژ مالا بابێ بوکێ وهەتا مالا بابێ زاڤای) دەهواتی دێ لەیزن و تڤەنگا هاڤێژن و سترانا ونارینکا بێژن (هندەك دبێژن و هندەك ڤەدگێرن). وهەر ڤێك یێ ل دەواری خو سوارە وتەڤ سترانە برێڤە تێتە گوتن: -

های نارێ نارێ نارێ
نارینێ های نارێ
های نارێ نارێ نارێ
بوکێ های ژارێ

گەلیێ قەوانێ تەنگە
نارینێ های نارێ
قوتکێ بوکێ هەڤت رەنگە
بوکێ های ژارێ
بوکێ های ژارێ
شەش خانا لێ کرە دەنگە
نارینێ های نارێ
بوکێ سیار کەن ل مە درەنگە
بوکێ های ژارێ

گەلیێ قەوانێ کۆرە
نارینێ های نارێ
قوتکێ بوکێ مەخمورە
بوکێ های ژارێ
شەش خانا لۆرە لۆرە
نارینێ های نارێ
بوکێ سیار کەن رێ دورە
بویکێ های ژارێ

گەلیێ قەوانێ پانە
نارینێ های نارێ
قوتکێ بوکێ کتانە
بوکێ های ژارێ
شەش خانا لێ کرە هانە
نارینێ های نارێ
بوکا مە چەندا جانە
بوکێ های ژارێ

دەمێ نێزیك گوندی دبن ئەڤ سترانا هەنێ دبێژن: -

هاتینەڤە وهاتینەڤە
کارێ مە بکەن هاتینەڤە

هەوالنامەی کێب

شیفا تیبکەن سار بینەڤە
هاتینە ڤەو هاتینەڤە

هاتینەڤەو هیشتا زویە
هاتینەڤەو هاتینەڤە

بەفرێ ل مە گرتن کێربە
هاتینەڤەو هاتینەڤە

مە سلاڤا ل سینگێ سپیبە
هاتینەڤە و هاتینەڤە

هاتینە ڤە کو نیڤ رۆژە
هاتینەڤە و هاتینەڤە

بەفرێ ل مە گرتن بەرۆژە
هاتینەڤە و هاتینەڤە

مە سلاڤا ل سینگ بشکوژە
هاتینەڤە و هاتینەڤە

هاتینە ڤە کو نیڤارە
هاتینەڤە و هاتینەڤە

بەفرێ ل مە گرتن نزارە
هاتینەڤە و هاتینەڤە

مە سلاڤە ل گوهـ بگوهارە
هاتینەڤە و هاتینە ڤە

لەزێ بکەن بوکێ سارە
هاتینەڤە و هاتینەڤە

سەر پشتا هەسپی سیارە
هاتینەڤە و هاتینەڤە

زاڤای پیرۆزبیت ئەڤ یارە
هاتینەڤە و هاتینەڤە

دەمێ بوکێ تینە بەر دەرێ خانی هندەك جارا ئەڤ تیتالە هندی بێژی کەڤنە ل گوندا ب تایبەتی ل دەڤەرێ تێتە کرن.. دەمێ بوك یا سوار بەر دەرێ مالا زاڤایی پەیا نابیت سەر پشتا هەسپی، ڤێجا مرۆڤەك ژ مالا زاڤایی دێ بێژیتی (پەیابە)و خەلاتەکێ کەتە دیاری بو بوکێ مینا (کەوالە(کەوالەکێ، ئامیرەکێ ناڤ مالێ) یێ بەرگەفتی و پر شۆل، بوك پەیانا بیت دێ بێژیت (پێ گوچکێ) بدەنە من.. ئەگەرا ڤێ چەندێ ئەوە دا خێرا وێ ژی بکەڤت ناڤ مالێ ئانکو خێرا وێ ژی تێدا هەبیت...

پاشی بوك دێ پەیابیت دو ژنك یان دو میرك دێ چنگلیت وێ گرن و برێڤە بەن، بەربوك پێش و پاش بوکێ دلەییزن و ستران و نارینکا دبێژن وتلیلیا ڤەدەن، دەیکا زاڤای دێ ڤێت هوسکیەکێ و ناڤ دەوکەکێ ددەستادا لبەرێ بوکێ دێ لەییزیت (هندەك جارا کورتانەکێ لپشتێ دکەن) دەهواتیەك دێ چیتە پێش وێ و هوسکیك و ناڤدەوکێ شکێنیت وکورتانی دەتە بەر خەنجەرا ل گەل لەییزینێ، دوی دەمێدا زاڤاو برا زاڤاو هندەك هەڤال و هوگر یێ ل سەر سیڤاندێ، دەمێ بوك تێتە نێزیك دەرێ خانی زاڤا دێ دو.ێ جارەکا پی خو یێ راستێ سەر سیڤاندەی دەت (ئانکو پێخو ل ئاخێ دەت)و هندەك ئاخێ بسەرێ بوکێ داکەت...

(ئەگەرا ڤێ چەندێ داکو ترس و سەهما زاڤای بسەرێ بوکێ دا بچیت) دایکا زاڤای دێ زڤریت بلەز کلوزکەکێ تژی میویژ و کاکل باهێڤ و شەکرۆك و چەند دندکێت گەنمی و هندە هویرە یێ ..ا دێ لبەر پێت بوکێ شکێنیت دێ بژکیت و بچۆك دێ پێوەرهێن ڤێدەن..

(هندەك جارا زاڤا دێ کلوزکی بەرپێت بوکێ دادەت) ئەگەرا ڤێ چەندی ئەوەدا یێ بوکێ یێ بخێربیت ل وێ مالێ و خوێدێ ئەرزانیێ بدەت، بەربوك دێ ڤێ پارچە ستراڤێ بێژن دگەل دەست فوتانێ و تلیلیاو لەیزتنێ: -

پا کانی دایکا زاڤایی
ستو شکەستی یا گەردەن خەلیایی

هەوالنامەی کێبێ

کا تەختێ تە بۆ دانایی
بۆکا ل دەرێ راوەستایی

پا کانێ دایکا زافایی
بۆك هات و راوەستایی
کا پەریا تە بۆ ڤەدایی
یا مایە ل هیڤیا زافایی

★ ★ ★

دێ بۆکێ بەنە ژۆرڤە سەر جهێ وێ دانن زارۆکەکێ ب دایباب (کور) ژیێ وی دۆ سێ سالەك دانە دکوشێدا، ئەگەرا ڤێ چەندێ ئەوە کو نەخشەل وێ رۆژێ تو ژی کوڕەکی دانیە دکوشا خودا. ژنکەك دێ لەوەندیێت بۆکێ ڤەکەت.

(هندەك جارا پێلاڤا دێ ئێخیت) هندە پارە سەر سپیێ دەمێ کارکری بێت کرینە دناڤدا دێ بخوبەت، ئەڤێ پارچە سترانێ بەربۆك دبێژن هەر وەکو یێ دگەل سەر سپیێ دئاخڤن: -

سەر سپیێ تو خودێ دحەبینی

«سەر شویا زافای»

ئێڤاریڤە دێ کارێ سەر شۆشتنا زافای کەن ل پێش دا دێ کەپرەکێ ل هنداڤ سەر شویێ چێکەن وئاڤێ دیزەکێدا گەرم کەن بئاگرێ دارا. . ڤێجا دگەل چێکرنا کەپرێ ڤێ سترانێ دبێژن دگەل دەست قوتانێو تلیلیا: -

کەپرەکێ چێکەن ل دانگی مالا
هەلاشێ کەپرێ بەلگێت هەلالا
کورك زافایە ل ناف هەڤالا
کەپرەکێ چێکەن هنداڤی جویێ
هەلاشێ کەپرێ بەلگێت نیمویێ
کورك زافایە بەنە سەر شویێ
بۆکا مە باش تو ب خەملینی
سۆرمەیی ل چاڤا ب وەرینی
گولاڤا ل بۆکێ ب رەشینی
سەر چاڤکێ سەر نەهەلینی
چاڤێت حەسیدا ب رژینی

بێهنەکێ دێ دەهواتی بێهنا خو ڤەدەن و خارنەکێ خون، پاشی ژنەك یان (مرۆڤەکێ) شەهرەزا دگوتنا نارینك و سترانادا دێ نارینکێ بۆ بۆکێ بێژیت هندەك دێ لێ ڤەگێرن و بەربۆك دێ رابنە چەپا. . .

نارینکێ های نارێ های نارێ
دەلالێ نارێ های نارێ
کولیلکا ل تاخێ زێبارێ
کولیلکا ل تاخێ زێبارێ
دێ بلندکە لفکا هێزارێ
بەژنا تە دارێ دیندارێ
نارینکێ های سۆرو شینێ
دەلالێ های سۆرو شینێ

پاش دێ برێ کەڤن ڤەستا مال کەن، هەڤال وهوگرێن زافایو مرۆڤێت ژ بنە مالا وی پێش و پاش و رەخێت زافای دێ هێن و لەیزن هەتا دبەنە مالێ. ژ رێڤە دایکا زافای دێ چیتە سەریو پاشی خوشك و دوتمام و مەت و خالەت وکەسێ وکارێت وی دێ هێنە بەراهیێو چنە. سەریو ل پێشیێ لەیزن و گولاڤا لێ رەشینن.

ڤێجا دەهواتی دێ چنە دەواتێو شاهیێ بگێرن. . هەتا نڤیژا (مەغرەب هەمی پێکڤە دێ چن شیڤێ خون و دەست هاڤێژنە ستران و لەیزینا هەتا درەنگی شەڤ. . ڤەێت بیانی دێ ڤەرەڤن و برازاڤا[15] دێ میتە ل گەلێ زافای هەر رۆژا ڤەگوهازتنا بێکێو هەتا هەفتێیا وی دبۆریت. . .

کتێبخانەی گەلاوێژ

گەشتی رەفیق حیلمی وقەڵەم

نووسینی: پرۆفیسور
دکتۆر عیزەدین مستەفارەسوول

ئەو لێکۆڵینەوا. نەی لەم راپۆرتەدا بڵاوکراونەتەوە لەو کۆرە فراوانەدا پێشکێش کران، کە دەزگەی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە (5و6)ی ئەیلولی 1985دا لە سلێمانیدا رێکی‌خستبوو بە بۆنەی تێپەربوونی (65) ساڵ بەسەر دوامانڵ ناوایی مامۆستا رەفیق حلمی نەمردا.

هەولێر کتێبخانەی گشتی

لە یەکێك لە یادکردنەوەکانیدا نووسیبووم:

«دایك دانیشی‌و کوڕی وای بێ. (دایکیش نسشتمانە) بۆ وەسفێك گەڕام کە پربەپری ئەو بێت، لەو ووتە کلاسیکی‌یە زۆر بەکار هاتووەم باشتر نەدۆزی‌یەوە.

بەڵێ «دایك دانیشێ‌و کوڕی وای‌بێ، پیاوێك کە بە دەگمەن پیاوی وادەبەخشرێ».

پاش ئەوە هەر لەوێدا نووسراوە:

.. بە مامۆستاو سیاسی دەستی پێکردو هەر دوو ئەرك، یا هەر دوو کاری دەست رەنگینانە تێکەڵ کرد. لەمەیدا لە زۆر کەسی هاو رۆژ و هاو تەمەنی خۆی دەچوو، بەڵام کەسیان هێندەی ئەو دەست رەنگین نەبون، هێندەی ئەو دیارو بە دیمەن نەبوون.

- پاش ئەمە باس لە مامۆستایی‌و دەرس ووتنەوەو سوود نووسین و کتێب بۆ قوتابیان دانان و تێکەڵ کردنی ئەم ئەرکانە کراوە.

باس لە خەباتی سیاسی رەفیق حیلمی کراوە، کە لە رۆژانی شێخ مەحمودی حەفیددا جێگەی خۆی هەبوە، رابەرو رۆژنامەنووس و سکرتێری تایبەتی‌ی شێخی حوکمران و نوێنەری تایبەتی‌ی ئەو ویزەوتنەوەی نەتەوەکەی بوو، لە هەموو ئەمانەشدا نمونەی دڵسۆزی خۆێن گەرمی‌ی لاوە بیرڕوونا‌کە خوێن گەرمەکانی سەردەمی خۆی‌بوو.

- پاش ئەمەش باس لە رەفیق حیلمی‌ی ریکخەرو تێکۆشەرو سەرۆکی بالای حیزبی هیوا کراوە.

- دووایی باسێکی بە ئینساف لە دوو ساڵی پر لە شکۆی

ژیان و جالاکی‌ی پیرانەو دڵسوزانەی کۆتایی ژیانی رەفیق حیلمی کراوە. کە ساڵانی پاش تەموزی پێ دەڵێین و رەفیق حیلمی لەو دوو ساڵەدا ئەستیرەیەکی دیاری کورد بوو بە ئاسمانی عیراقەوە. کە دەیویست ئەو شۆڕشی چواردەی تەموزە وابروات کە منفی کورد بچەسپێ و ئاسوودەیی بە خەڵکی عیراق ببەخشێ و زۆر دڵسۆزانە لەو مەیدانەدا هەوڵی خۆیدا.[1]

ئەمانە هەموو لەلایەک. بەڵام لای من لە هەموو ئەمانە گەورەتر رەفیق حیلمی‌ی ئینسان بوو، رەفیق حیلمی‌ی ماموستای کۆڕی ژیان و تێکۆشان بووە. دەمویست دەرفەتی ئەمڕۆم بۆ ئەوە بێت کە کۆمەڵێک یادگار لەو بارەیەوە بگێڕمەوە، بەڵام ڕێکخەرانی ئەم کۆڕانە ئەرکێکی‌تریان پێ سپاردم، لەبەر ئەوە دیمەوە سەر ئەو باسەو قسەش هەڵدەگرم بۆ هەوڵ و کۆششا مەردانە بۆ قەومەکەی تێکۆشاو تا مەرگ نە کۆڵی دا و نە قەڵەمی دانا.

سەرناوی ئەم باسەم وا بۆ دانراوە کە باس لە لایەنی نووسینی ئەدەبی ڕەخنەیی رەفیق حیلمی بکەم. هەرچەندە ئەو لایەنەش گەورەیەو بۆ ئەوەی فراوانتر سەیری ئەم لایەنانەی رەفیق حیلمی بکەین، با باسەکە ناو بنێین (رەفیق حیلمی و قەڵەم) و ئەوسا لەسەر ئەو کەرتەی باسەکەمان بوەستین.

ماموستا خۆی لە چەند شوێندا چیرۆکی خۆی و قەڵەمان، بۆ دەگێڕینەوە. ئەوتا لە سەرەتای دیوانی «پاش تەموزەدا دەنووسێ.

لە تەمەنی پانزە ساڵیدا، کە هێشتا لە قوتابخانەی ناوەندی دەمخوێند، دەسم دابووە شیعر ووتن. بەڵام ئەوساکە خوێندن لە وولاتەکەمانا، وە لە هەموو عیراقدا بە (تورکی) بوو، بۆیە منیش بە تورکی شیعرم دەهۆنیەوە.

چونکە دەبێ ڕاست بڕۆین، کە هێشتا بیری نیشتمان و میللەت لەوێ بمێنێ، تەنانەت باسی هەرچی شتێک کە بێتە هۆی ڕووناکی منشکمان لەم لایەنەوە، ڕێی بە بیری ئێمەدا هاتنی نەزانی‌بوو نەی‌دۆزی‌بۆوە.

ئنجا دیارە کە ئەو شیعرانەی دەوری منالیم بریتی بوو لە لاسایی کردنەوەیێکی ئەو شاعیرە تورکانە کە لەو سەردەمەدا ناوێکیان هەبوو، وە لە گۆڤارو نامیلکەکانی ئەو ڕۆژانەدا بەرچاومان دەکەوت و دەمانخوێندەوە. نەک من، وە یا ئەوانەی کە ئەو ڕۆژە لە تەمەنی منا بوون. تەنانەت شاعیری بەرزو ناوداری کورد، عورفی. بەگی (دیاربەکر)ی[1] کە یەکێ بوو لە نیشتمانپەروەرەکانی کوردەک وە خلووصی‌ی بتلیسی، (مودەعی عمومی)، یەکێ لە کوردە ناوداراەکانی بتلیس، هەر بە تورکی دەیاننووسی‌و شیعریان دادەنا.[2]

پاش ئەمە ڕەفیق حیلمی دێتە سەر باسی ڕۆژنامەو گۆڤارە تورکی‌یەکانی ئەو سەردەمەی کەرکووک باسی (حوادث) دەکات و کە دێتە سەر باسی (تجدد) دەڵێ:

«ڕۆژانی دووایی شەڕی یەکەمی گێتی‌بوو، بە هۆی کۆشش و تەقەلای خوالێخۆش بوو عورفی بەگەوە، هەر لە کەرکووک گۆڤاری (تجدد)ی نیومانگیش هاتەدەرچوون، لەو گۆڤارەدا کە دیسانەوە بە تورکی دەردەچوو، وە زۆر کەم دەوام بوو، عورفی بەک بیری کوردایەتی‌ی دەردەخست، منیش چەند شیعر یکم تیابڵاوکردەوە.

پاشان ڕەفیق حیلمی لایەڕەیێکی‌تر لە چیرۆکی خۆی‌و نیشتمانپەروەری‌و خۆی‌و قەڵەم دەگێڕیتەوەو دەنووسێ:

«... بەڵام کە لە ئەستەموڵ بووم، بە هۆی (نجم الدین حسینی)ی برای ماموستا (ئەثیری)ی کەرکووک و بۆیژی نیشتمانپەروەری کورد، لە قوتابی‌یە کوردەکانی خوێن گەرم و کورددۆست نزیک کەوتبوومەوە، وە چووبوومە ڕیزی ئەوانەوە، کە لە کۆمەڵەی قوتابیانی (هێفی) یا ئیشیان دەکرد. لەوێدا بۆم دەرکەوت کە ئێمە بە تەواوی لە کاروان دوواکەوتووین، وە پێویستی سەرشانمان نەهاتووە بە بیرا ئێرەدا ماوەی باس لەوە زیاتر نی‌یە، تەنیا ئەوەندە دەڵێم: کە لەو ڕۆژە بە دوواوە، تا توانیم و بۆم کرا، وەکو کوردێکی ڕاست و خۆناس و بە شەرەف جوولامەوە. بەڵام تا ماوەیێکی‌تر و لەبەر ئەوە کە شارەزا بە نووسینی کوردی نەبووین، وەیا پێی‌ڕانەهاتبووین، جگە لەمانەش بە تایبەتی، لەبەر ئەوە کە لەو دەمەدا، هۆی

بلاوکردنەوەی نووسینی کوردی نەبوو، وەیا بە دەگمەن هەڵدەکەوت. چ من و چ خوێنەرە کوردەکانی تری ئەو ڕۆژە هەر بە تورکی لەسەر نووسین و شیعر ووتنەوە ڕۆیشتین، بەڵێ شیعرەکان بە تورکی بوون، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم قسە دەکەم، ئەو شیعرانەی کە بە تورکی دام دەنا هەمووی بۆ کورد بوو، وەیا فەریادی کوردستانی تیادەبیسترا[3].

ماموستا لە چەند شوێنێتردا دێتەوە سەر باسی ئەم لاپەڕەیەی ژیانی و باسی لەو بەرهەمە تورکییانەی خۆی دەکات و بە زادەی ڕەسەن و شەرعیی خۆی و گەلی کوردیان دەزانێ، یا بە زمانێتریش نووسراون.

ئەم لاپەڕەیەی ژیانی ڕەفیق حیلمی و ئەم چیرۆکەی ناوان ئەو و قەڵەم، هەر چیرۆکی ئەو نییە ئەوەتا دەفەرموێ:

«چ من و چ خوێنەرە کوردەکانێتری ئەم ڕۆژە هەر بە تورکی لەسەر نووسین و شیعر ووتنەوە ڕۆیشتین».

بەڵێ: بۆ زۆر لە بیرڕووناک و خوێندەوارەکانی سەردەمی ئەو ئەمە وابوو.

... مۆڵکی بابان کەوتبووە چنگی ڕۆم. نالی بە ئاوارەیی سەری نایەوە، سالم هەر بە دەردی میحنەتی شارو غەریبی مردە. لە شوێن مەشخەڵی شیعری بابان و دەرسی کوردیی شێخی نۆدێ. حاجی قادر ووتەنی هەر کاك ئەحمەد مابوو بە کوردی دەرسی شەرعی دەوونەوە[4].

لە نەمانی میرنشینی بابانەوە تا حوکمڕانیی شێخ مەحمودی حەفید نەخشەی ووشەی کوردی بەو چەشنە بوو. کە هەر تروسکەیەك لە مزگەوتا مابوو. مەحوی و شێخ ڕەزا خاکی و موخلیس و هەندێکێتر دەیانویست مەشخەڵەکەی نالی و سالم و کوردی نەکوژێتەوە. بەڵام لە لایەکی ترەوە «ڕوشدیەی عەسکەری» لاوانی لە مزگەوت دادەبڕی و بەرەو ئەستەمووڵی دەبردن و دەیویست هێزی مێشك و بازووبان بۆ خزمەتی سوپای عوسمانی بەکاربێنێ. ئەوە بوو لەوێ دەبوون بە ئەفسەر کە دەستیان دەدایە قەڵەم بە تورکی دەینانووسی، ئەگەر بۆ کوردیشیان بنووسیایە ئەوا ڕەفیق حیلمی لە هەمووان ڕاستگۆیانەتر ووتی:

«بەڵێ شیعرەکان بە تورکی بوون، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم قسە دەکەم، ئەو شیعرانەی کە بە تورکی دام دەنا هەمووی بۆ کورد بوو، وەیا فەریادی کوردستانی تیادەبیسترا لێرە لای مەلا شاعیر و خوێندەوارەکانمان هاوکێشێك لە نێوان بە کوردیی و بە زمانێتر نووسین هەبوو، بەڵام زۆر بە قورسی بە لای کوردیدا دادەشکا: بەڵام لە ئەستەمووڵ لەگەڵ هەڵهاتنی گۆڤاری وەك «ڕۆژی کورد» و «ژین»دا دیسان هاوکێشێك لە نێوان بە تورکی و کوردی نووسیندا هەبوو و زۆرتر فەریادی کوردستانە کە بە تورکی دەبیسترا.

ئەم هاوکێشە لە بەرهەمی زۆربەی شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەمەدا دەبینێ و لای هەر یەکەیان بە جۆرێکە[5].

ڕۆژگار زۆرنا خاینێ، جەنگی یەکەمی جیهان بەرپا بوو، ئەو دەوڵەتە مەزنەی پێی دەووترا «پیاوی نەخۆش» یا زەلامی نەخۆش» وەك لاك لەبەر دەستی دوژمنانیا کەوت و ئەو خاکەی لە خەڵکی داگیرکردبوو سەرلەنوێ لە نێوان ئەواندا دابەش کرا. خاکی کوردیش بەشی ئەوە بوو کە دەیزانین.

بەڵام لە نێوان دابەشکردنەوەو جەنگدا چەند ساڵێکی هەژاندن و ڕاپەڕین هەیە. کە لە مێژووی کورددا ڕەفیق حیلمی خۆی لە «یادداشت»ەکانیدا سەرناوی «کوردستانی عیراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودەی بۆ هەڵبژاردووە.

تاك تاك و پۆل پۆل ئەو خوێندەوارانە لە ئەستەمووڵەوە دەهاتنەوەو هەر یەکە بە چەشنێك قۆڵی لێهەڵدەکرد.

ئەگەر ژیان و چالاکیی ئەو سەردەمەی ڕەفیق حیلمی شتێکی گەورەو دیار بێ و سەرەتای دانەمرکاندنەوەی تا مردنی بێ. ئەوا ڕووکردنە قەڵەم و مەیدانی بیر ڕووناکیشی هەر شتێکی دیارەو لەو سەردەمەوە، قەڵەمی لە مەرەکەبی کوردی نووسین هەڵکێشاو تا مردن قەڵەمی دانەنا.

لە سەرەتاوە وەك زۆربەی خاوەن قەڵەمەکانی وڵاتی ئێمە خۆی لەگەڵ شیعردا تاقی کردەوە.

خۆی لەم بارەیەوە بۆی گێڕاینەوەو نووسی:

«خۆم کە مەیلی شیعر دانانم هەبوو، دیارە وەکو لاوەکانی ئەو

دەورە منیش لاسایی شاعیرەکانی پێشووم دەکردەوە. لەبەر ئەوەش کە خوێندنم بە تورکی بوو لە پێشەوە بەم زمانە دەمنووسی و شیعرم دادەنا. دووایی کە دەستم کرد بەنووسین و شیعر دانان بە کوردی، مامۆستا (زێوەر) وەیا (شێخ مستەفای شێخ سەلام) کە ئێستە لە سلیمانی گۆشەنشینی مزگەوتەکەی خۆیەتی[6] هەر کەم و کورتی‌یێکی هەبووایە بۆیان ڕاست دەکردمەوە. جارێکیان غەزەلێکی غەرامی کوردیم ناردبووە خزمەت مامۆستا (زێوەر). بەڕاستی خۆم سەرم سوڕ دەمێنێ کە چۆن لە ڕووم هاتووەو ئەو شیعرانەم ناردووە بۆ مامۆستایێکی خۆم. جێی ئەوە نی‌یە کە ئێستە غەزەلەکە هەمووی لێرەدا بنووسم. بەڵام تەنیا بەیێکی دەخەمە بەر چاوتان. لەمەش مەبەستم ئەوەیە کە بەرامبەر ئەم کردەوە منالانەیەی خۆم (سروشتی ئەدەبی‌ی مامۆستا زێوەرو ئوسلوویی ڕێ‌پێداندانی بە قوتابیانی خۆی لە خوێنەرە بەڕێزەکان بگەینم.

ئەمە ئەو (بەیت)ەیە کە لە غەزەلەکەی خۆم وەرگرتووە.

بۆ سوراحی گەردنی ڕوحم بە (عەین)ی بوو بە ئاو
ئێستەکەش ناچم بە دڵیا داومە ئازاری(. . . .)[7]

ئینجا مامۆستا (زێوەر) بەچەند شعرێك وەرامم دەداتەوە کەلەسەر (وەزن) و(قافیە)ی غەزەلەکەی خۆمەو ئەم دوو (بەیت)ەی خوارەوە لەو شیعرانەی مامۆستاوە

- بە ووشەیێکی ڕاستتر - لەو دەرسە بەلیغەیەتی کە تا ئیمڕۆ و بەڵکو دەتوانم بڵێم کە تا بمێنم لە بیرم ناچێتەوە!..

ئەی ڕەفیقی موحتەرەم ئەی شاعیری شیرین مەقال!
هاتە بەرمەددی نەزەر فیکرت وەکو ئاوی زوڵاڵ
من ئومێدی گەورە گەورەم پێتە بۆ ئەم میللەتە
حەیفە سەرفی فکری خۆت کەی تۆ لە زوڵف و خەت و خاڵ

وا دەزانم کە پێی ناوی بڵێم ئیتر لەو ڕۆژەوە بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە شیعری غەرامی دابنێم. وە یەك دوو جار کە بە بۆنەیێکی ناچاری لەم بابەتەوە شتێکم ووتبێ هەوڵی ئەوەم داوە کە شیعر بێ نەك غەرامیاتی منالانەو شەیدایانە[8]

بەڵێ ئەو ڕەفیق حیلمی‌یەی بەم هەموو تەوازوعەوە لاپەڕەیێکی تری چیرۆکی خۆی‌و فەڵەمی بۆ گێڕاینەوە.

دەستی دایە کاری گەورە گەورە بۆ ئەم میللەتە، چووە مەیدانی گەورە گەورەوو گەلێك کاری گەورەی کرد، بەڵام کە ڕۆژگار بۆ کەسێك یا بۆ میللەتێکی ناهێنێ ئەوا ئەو کارە گەورانەش کە بەریان نەگرتووە وەك خۆیان گەورە نانوێنن:

ما کل مایتمنی المرء یدرکه
تجري الریاح بما لاتشتهی السُفُنْ

مەیدانی شیعری چۆڵ نەکرد، بەڵام لەو مەیدانەدا نەبوو بەو کەسەی کە خۆی یا ئیمە دەمانەوێ (ئەمەش جارێکی‌تر باس دەکەینەوە)

لەگەڵ فەڵەمدا سەرەتا ڕێبازەکەی (زیوەر)ی مامۆستای گرت. مامۆستایی‌و دەرس ووتنەوەو بەهرەی نووسینی تێکەڵ کرد. بەمەش یەکەم بەشی هەوڵی دابەشکردنی مەیدانی نووسینی خۆیی داینێ:

1 - ڕەفیق حیلمی‌و کتێبی قوتابخانە:

مامۆستا لەو ڕابەرانەیە کە لە سەرەتای کوردی خوێندنی قوتابخانەوە هەوڵی ئەوەیان دا منداڵی کورد بێ کتێب نەبێ. ئیتر چ بە دانان و چ بە وەرگێڕان، زۆرتر بە ئەرکی خۆیان کتێبی قوتابخانەیان بۆ قوتابیان ئامادە دەکرد.

بەشداریی ڕەفیق حیلمی لەم مەیدانەدا وەرگێڕانی کتێبێکی جوغرافیاو دانانی کتێبی دعیلمی ژمارەیە.

ئەمە بێجگە لەوەی کە کۆششێکی ڕابەرانەیە بە دوو ووشە لاوەستانی دەوێت - ئەویش ئەوەیە کە بڵێین:

کە زیوەرو ڕەفیق حیلمی‌و عەبدولواحید نووری لەم مەیدانەدا ڕابەرین. خۆزگە لە تەجروبەی دانان و وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەدا هەر لەوێوە دەستمان پێدەکرت. بێگومان ئەم تەجروبەیەمان تا ئێستا گەلێك کەم وکوورپی پێوەدیارەو گەلێك کەلێنی تێدایە. بەڵام دیسان خۆزگە لە ڕووی ساکاری‌و دارشتنی کوردی‌و هەندێ ئیستیلاحەوە ئەوانەی کتێبی قوتابخانە دادەنێن یا وەریدەگێڕن چاوێکیان بەو سەرچاوانەدا دەخشاندەوە.

دەبێ ج زیانێکی تێدابێ کە لەم کتێبەی ڕەفیق حیلمی‌یەوە

کتێبخانەی ئەلئەمەی کتێبخانەی

که ساڵی 1936 چاپکـراوه.[9] داگیـرۆ له جێ (محیـط)و کاربرایەتی له جێ (شرکت)و «سوود یا سوو» له جێ «فائض» سوودی تێکـەڵ له جێ «فائض مرکب»و «دەسـمایـه» له جێ «رأسمال» و «کـاربـرا» له جێ «شـریـك» و «وربایی» له جێ «مـلاحظـه» و «وێنـه» لەجێ «مثال» و تێکوشین «له جێ» «تمرین»یا «راهێنان»و گەڵێك ئیستیلاحی تر بەکاربهێنینەوه.

2 ـ ڕەفیق حیلمی و سروود:

هەروەك مامۆستایی زێوەری کرد به ڕابەری دانانی سروودی کوردی، هەروەهـا مامۆستایی ڕەفیق حیلمیشی برده مەیـدانی سروود دانانەوه ئەگەر ئەجروبەی سروود دانان و ئاواز بۆ دانانی تەواو لەژیر کاری خوێندنەوەی «شەرقی»ی بەیانیانی «روشدیەی عەسـکـەری»دا سەری هەڵـدابێ، ئەوا ڕەفیق حیلمی له زۆر ڕووەوه بەتـایـبـەتی له ڕووی تورکی زانین و تازەگـەریـیـەوه زۆر لێهـاتـوو بوو بۆ ئەوەی کۆمـەڵی سروودی ڕەنگین لەنـاو کوردی خوێن گەرمی سەردەمی خۆیـدا به منـداڵی کوردو به لاوانی کورد ببەخشێت.

هەر له ڕۆژانی شێخی نەمردا شیعری ئەو بوو منداڵانی فێر دەکرد کە بڵێن:

کوردین ئێمه زۆر بێ‌پەروایین

به شەڕەگوللە ئاشنایین[10] خۆی له یادداشتا باسی سەردانی سمکۆی قارەمـانی شوکـاك دەگـێڕێنـەوه له سلیمـانی و له شێخ مەحـمـوودی سەرداری کوردو کە دێنـتـه سەر باسی سروودی نیشتمانی دەنووسێ:

«... ڕۆژێـنـاوا بوو بوو، کە له «مصطفی پاشـا» کاغـەزێکم وەرگـرت. داوای ئەوەی لێ‌دەکـردم کە هەر بەو شـەوه «کـۆرانی»یێکی جوانی میللی ڕێـك بخـەم و فێـری قوتابیەکانی بکەم بۆ ئەوه کە له بەرەو پیریی (سمکۆ)دا بخوێنرێتەوه. دەزبەجێ چوومە (مەکتەبی ئەعدادی). شەو بوو بوو به ڕۆژ. لەبـەر ئەمـە بەشـاسانی قوتابیەکان کۆکرانەوه. تا ئەوان کۆبوونەوه منیش (گـۆرانی)یێکم ئامـادە کرد. تا نیـوەشـەو له گەڵ دەستەی قوتـابیی گۆرانی خەریکبـووم و هەمـوو شتێ جێ‌بـەجێ کـرا. قوتابیەکان له خۆشی‌یا، نەیانئەزانی چی بکەن؟ پێیان عەرزی نە دەگرت. بە تەما نەبوون ئەو شەوه سەرخەوێ بشکێنن. بۆ ئەوه چوونـە مـاڵـەوه کە بۆ سبـەینێ خۆیـان کۆبکـەنـەوه. ئەو سبەینێیە کە[11] جەژنی کورد بوو و دەچوون بە پیر پاڵەوانی کوردستانەوه..

3 ـ بەرهەمە سیاسیەکانی ڕەفیق حیلمی و لایەنی ئەدەبی:

کە جیهـانی تێکـۆشـان و سیـاسـەت ماوەیێکی درێـژ ڕەفیق حیـلمـی‌ی له کۆڕی ئەدەبیـات دوورخسـتـەوه، هەمیشـه لەو کۆڕەشدا ئەوەی لەبیر نەدەچـۆوە کە ئەو خاوەن قەڵەمەو پێوەندیی به ئێن و نەبراوی لەگەڵ خامەیێکی به پێتدا هەیە.

کۆمـەڵی نامیلکـەو بەرهـەمی سیاسی به کوردی و عەرەبی و تورکی نووسی. بەئاشکـرا بیـری سیاسی و کۆمەڵایەتی‌ی خۆیی تێدا دەردەبڕین. بەڵام له هەموو ئەو بەرهەمانەدا پێوەندیی ڕەفیق حیلمی لەگەڵ بنجه ئەدەبی‌یەکەی خۆیدا نەبڕاوه. زۆربەی ئەو بەرهـەمـانـه بەرهـەمی ڕابەرو خاوەن بیریکی سیاسین، بەڵام به شێوەو به قەڵەمی نووسەرێکی لێهاتوو نووسراون.

با هەر بۆ نمـوونـەی ئەم مەبـەسـتەش لەگەڵ ڕەفیق حیلمیدا بکەوینەوه پێستی باسی پێش وازی‌یەکەی «سمکۆ» کە نووسـیـوی:

بەیـانـی‌ی ئەو شەوه، پێش هەتـاو کەوتـن ئەهـالی شاری سلیمـانی ووردو درشت، بە پیـاو و ژنـەوه ڕژابـوونە کۆڵانەکان. قوتابی‌یانی مەکتەبەکان، لەو کۆڵانەدا کە دەچوو بۆ ماڵی «شێخ مستـەفا» (کـۆڵانـەکـەی ماڵی شێخ قادری حەفید)، لەگـەڵ عەسکەرو پۆلیس بەرامبەر بە یەك ڕیزیان بەستبوو،[12] .....)

ئەم شریتی سـینـەمـایـەی ڕەفیق حیلمی به قەڵەمی مێژوو نووسێکی تەدیب بۆی نەخشە کێشاین گەڵێك لاوەستان و گەڵێك لێکۆڵینەوەی زۆر لایەنی هەڵدەگرێ. کە باسیشمان لێرەدا هەر له سـووچی نووسـەری‌و چیـرۆکی «ڕەفیق حیلمی‌و قەڵەمـەوەیە» دەبێ هەر ئەوەندە بڵێین، کە مامۆستا چ له یادداشتداو چ له نووسـیـنـه مێـژوویـانـەدا کە خۆی به یەکێ له سێ زمـانـه نووسیوێتی‌و چ ئەوانەی وەریگێڕاون له تورکی‌و فەرەنسی‌یەوه، له هەموو ئەمانەدا بەسەر وشەدا زاڵە به سفت و ـ ساکاری مانای

قوڵ و بیری وورد دەردەبڕێ. سیفەتی نووسەرێکی لێهاتوو لە هەموو بەرهەمەکانیدا دەردەوشێتەوە.

4 ـ رەفیق حیلمی و شیعر:

وەک ووتمان، رەفیق حیلمی وەک هەموو دڵسۆزانی بیرو قەڵەمی هاوچەرخ و هاوتەمەنی خۆی بە شیعر دەستی پێکرد. ئەگەر لە کۆڕەکانیتری خەبات و ژیان و چالاکیی خۆیدا لووتکەیێکی گرتبێ و وەک سەرئامەدو کەڵە پیاو دیارێ. ئەوا ئەم دیمەنە بە شیعرەکانیەوە دیار نیە. بەڵێ ـ وەک خۆی دەڵێ شیعرەکانی پەراگەندە بوون و هەمووپان کۆنەکرانەوو چاپ نەکران تا بریارێکی ڕێک و تەواویان بەسەردا بدرێت. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کەوا شیعرەکانی وەک بەرهەمەکانیتری ڕیزی پێشەوەی شیعری کوردیپان نەگرتووە، ئەگینا وا مات و لە بیرەوەچوو نەدەبوون. بە هەموو باریکیشدا هەر بەرهەمی ئەون و شایانی بایەخ پێدانن. ڕەنگە ئەگەر ناوی پیاوێکی مەزنی وەک رەفیق حیلمیپان پێوە نەبوایە، بایەخی زیاتریان بدرایەتێ، یا ئەگەر بەرهەمی کەسێکیوا بوونایە کە سەرمایەی لە مەیدانی کۆششاو نووسینا هەر ئەوە بوایە، ئەوا ئەو شیعرانە بەس بوون بۆ ئەوەی خاوەنەکەپان بیەنە مەجلیسی شاعیرانەوو ناوی‌لە لاپەڕەی میژووی ئەدەبا تۆمار بکەن.

رەفیق حیلمی سەرەتا وەک ئەو ڕیزە شاعیرە ڕۆمانتیکە دەستی پێکردووە، کە بە هێزی ڕەخنەو توانج وپستوویانە پاڵ بە نەتەوەوە بنێن بەرەو سەرکەوتن و پێشکەوتن ووتوویەتی:

هیمەتی ئەربابی عیرفان بێستوون ئیمما ئەکا
ئەو کەسەی دڵسوزی میللەت بێ وەتەن ئاوا ئەکا
نووری عیلم و مەعریفەت وا شەرق و غەربی گرتەوە
قەومی ئێمە تازە تەعلیمی خەت و ئیملا ئەکا[13]

تاقە کۆمەڵە شیعرێکی کۆکراوەی رەفیق حیلمی ئەو پارچانەیە کە لە نامیلکەی «باش تەموزاەدا کۆکراونەتەوە. ئەم کۆمەڵە شیعرە، لە ڕەگەزو پێکهێنەرەکانی شیعر، زۆرتر بیرو کێش و قافیەیان پێوە دیارەو پێویستیان بە وێنەو سۆزی شاعیرانەیە.

هەر وەک رەفیق حیلمی وێستێتی ڕاست و ڕەوان لە ڕێگەی بەرز کردنەوەی چەند دروشمێکەوە بیرو هەڵوێستی سیاسیی پاش تەموز، خۆیمان تێ‌بگەینێ. بە ڕاستی ئەو شیعرانە مانەفیستۆی بیری ئەو سەردەمەی رەفیق حیلمین.

ئەو کەڵە پیاوەی ماوەی چل ساڵێک خۆی بە ناحەزو دوژمنی پاشایەتی دەزانی گەیشتە لووتکەی خەباتی نەتەوەیی کورد. کە لە پرێکا روخاندنی ئەو رژیمە دەبینێ و هیوای گەیشتنە ئامانجی لە سایەی شۆڕشی چواردەی تەموزدا دەگەشێتەوە. لە ڕێی هەژاندنە کۆنەکەی جیهانی شیعرەوە دەست دەداتەوە کەرەسەو قەڵەم و هەڵوێستی خۆی لە کۆڕی پاراستنی جمهوریەت و هەموو ئاوانەکانی گەلدا دەردەخا:

موژدە: موژدەی چی؟ موژدەی ڕزگاری
ڕزگاری کێ؟ گەل! لە کێ؟ زۆرداری
لە چنگ زۆرداری و جەوری کاربەدەست
کاربەدەستانی بێگانە پەرەست
بەڵام وا شوکور حوکمی کۆنی پیس
لە چواردەی تەموز درایە بەر لیس
(قەسری ڕەحاب)یش ڕووخا ئازانە
خرایە ژێر پێ تەرمی شاهانە[14]

شاعیر بە چاوی خۆی ڕووخانی زەبرو زەنگ و دەسەڵاتی چەند ساڵە دەبینی و هاوار دەکا:

زۆر کەس ئەیانووت (نووری) هەبەو بەس
بلیمەتێکە بێ وێنەو مانەند
کەچی زۆر سەیرە تا ئیمڕۆ هیچ کەس
وەکو بەویان کرد نەکراوە بە پەند
نە کۆشکی ئاسن، نە (حیلف)ی بەغدا
نە توپ و چەکی پۆلای ئەمریکا
بە کەڵکی نەهات ئەو ساتەی کەوا

هەولێر ئەرشیفی کتێب

(سندان)ی خوایی لەبن دەسی دا[15]

لە قەسیدەی «بۆ گیانی پاکی شێخ مەحموودی نەمر»دا کە پێشکەشی کراوە «بۆ کاکە کامەرانی شاعیرە»، سۆزی شاعیرانە بەرزدەبێتەوە و رەفیق حیلمی چەند نیشانێك بەتیری قەسیدەیێك دەپێکی.

1 - سۆزی دڵی بەرامبەر بە مەرگی شێخ مەحموودی نەمر دەردەبڕێ.

2 - بیرو باوەڕی بەتینی بەرامبەر بە سەرکەوتنی گەل دەردەخا.

3 - رەفیق حیلمی ڕێبەرو نووسەر و ڕەخنەگری کۆن بیری خۆی بەرامبەر بە کامەرانی شاعیر لاوی ئەوسا بەرامبەر بەو شێنە بە سۆزەی دەردەبڕێ کە بۆ شێخی نەمری کردووە:

کە وا بوو ئەم شێنەت لەچی
نەکەی ئۆ، بە هەڵە نەچی
شێخ مەحموود ئەو بێتوو بمرێ
تۆڵەی کوردان چۆن ئەسەنرێ
کامەرانی ژیرو ووریا
بوێڕی بێترس و ڕیا
پێتووسی وا بەدەستەوە
مردوو زیندوو ئەکاتەوە[16]

ڕەفیق حیلمی دەیەوێ بە هۆنراوەوە بچێتە مەیدانی فەلسەفەو بە قەسیدەی (عەقڵ تیاکولە) وەڵامی پرسیارە ئەزەلی یە کەی هەموو فەیلەسووفان بداتەوە دەربارەی (کەون) بەڵام دووایش هەر لە نیشوان دوو هێڵە سەرەکی یەکەی بیری فەلسەفیدا دەوەستێ و وەڵام ناداتەوە.

من ئەوەم لاسەیرە کە عەقڵەکەین بە حەکەم
بۆ شتێ کەتیناگەین، نە زۆرو نەکەم
عەقڵی من، کە ئەڵێم جوزئیکم لەم (کەون)ە
چۆن لە (کڵ) نێناگا؟ کە (کول) بێ بەم لەونە؟[17]

لە کۆمەڵەی «پاش تەموزەدا رەفیق حیلمی پارچەی (چۆن ئەڵێی کوردم)ی بڵاوکردۆتەوە. لە پەراوێزدا نووسیویەتی:

(ئەم شیعرانە کە لە 6ی تەموزی 1958 وانا چەن ڕۆژێك لەپێش شۆڕشدا دانراوە. بەڵگەیێك بۆ ئەوە کە کورد، لەگەڵ برا عەرەبە کانیانا بەرامبەر بە ئیستیعمارو نۆکەرەکانی پیکەو تیکۆشانو بەربەرەکانی حوکمی بۆگەنی پێشوویان دەکرد)[18]

ئەم پەراوێزەو قەسیدەکە خۆشی چەند بەندمان لە بیری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازیی رەفیق حیلمی پێدەبەخشن. ئەوەمان تێدەگەێنن کە ئەو مەردەی سالەهای سال لە گەڵێك مەیداندا ڕابەری لاوان و خوێندەواران و بەشێکی گەورەی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەریی و نەتەوەیی کوردبوو. زۆر بە بیریکی فراوانەوە تەماشای شوێن و جێگەی کوردی کردووە لەناو کاروانی گەلاندا،

بێچووە شێری کورد! بەسیەتی نووستن
ڕاپەڕەو بگرمێنە، با هەموو هەستن
ڕۆژ لە ئاسۆوە دەرکەوت شەوەزەنگە
بێشەی بەجێهێشت، کەوتینە درەنگە[19]

یەك بە دووای یەکدا وێنەی دووڕۆژ لەبیری رەفیق حیلمیدا دێنە ناودێری ئەم قەسیدەیەوە، کە بە ناچاری دەست لە هەندێ دێڕ هەڵنەگرین، با بە مەبەستی کورتکردنەوەش بێت ئەوا هەر بە ناچاریش دینەوە سەر دێڕەکانی خۆی:

بەخوڕ دێنە خوار، تاڤگەی ئاوی زیو ئەڕژێتەوە ناو دۆڵی کپ وشیو
خاکی پیرۆزی کوردستانی جوان
ئەبووژێتەوە بە (دیجلە)و (سیروان)
بە فراوی کانگەی کێوان ئەنۆشێ
بەرەیحانەو «گوڵ» ڕووی خۆی ئەپۆشێ
گوڵاڵە سوورەی قەد بەرزو پڕاو
کڕنووش ئەباتە بەر خوێنی ڕژاو
دوور نیە ڕۆژی کە کوردو عەرەب

هەوالنامەی کتێب

بۆ جمهووریەت لەپ بدەن لە لەپ
دەختی شاهی بیرێتەوە
ناوی ئیستیمار بسڕێتەوە
دوو گەلی برا، ئالای ڕزگاری
هەڵکەن، بڕووخێ حوکمی زۆرداری
ئەمە ئامانجی منە تا ماوم
دوژمن خۆی ناوی (گورد)ی لێناوم[21]

بەڵێ: ڕەفیق حیلمیی کورد هەر لەو ڕۆژانەدا لاوانە قۆڵی لێهەڵکردو زۆر هوشیارانەش دەیزانی کەپێکەوە خەبات و برایەتی بریتییە لە چوون یەکی و هاوسانی لە ئەرك و لە مافی گشتیدا یا بڵێین لە (حقووق و واجبیات،)دا. کە بڵاوکردنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرەی بە بەشێك لە خزمەتی نیشتمانی دەزانی زۆر باش ببرو بناغەی خزمەتی نیشتمان لە هۆنراوەی (داری ناکۆکی لەبندا هەڵکەنن)دا دەردەخات.

کاری کوردان چۆن ئەچێتە سەر هەتاکو سەرنەبێ؟
دوومەڵی ناکۆکی کاری خۆی ئەکا تا دەرنەبێ
ئەو کەسەی یەکخستنی گەل بێ بناغەی باوەڕی
دیارە ئەیزانێ کە ئاغا نابێ تا نۆکەر نەبێ
ئیمڕۆ ڕۆژی هەوڵ و تێکۆشانە نابێ بسرەوین
سەختە ڕزگاری لە دوژمن، لاوی گەل پەروەر نەبێ[22]

کە ڕۆژگار ڕۆژی ئەو سەردەمە نەحسەی پاشایەتی بوو کە ڕەفیق حیلمی لە ناخی دڵەوە دوژمنی بوو ڕێگەی خەباتی باش دەست نیشان دەکردو دەیووت:

کەڵکی ڕاستی ناگرێ تەنیا ووشەو شیعرو ئەدەب
تا چەکی (ئیمانی میللی)و دەستی سەر خەنجەر نەبێ

پاشان بە تەجروبەی پیرو خوێن گەرمیی لاوانەوە ڕوو دەکاتەوە لاوان و دەفەرموێ:

لاوەکانی خوێنەویستی قەومی کورد! سا ڕاپەڕن
کانی تێکۆشان و هەوڵە با ئەمیش تێپەڕ نەبێ
(داری ناکۆکی لەبندا هەڵکەنن) تووڕی بدەن
ئێوە ئاوی ئەو دەرختانە بدەن بێبەر نەبێ[23]

پاش چەند دێڕێتر ئەنجامی تەجروبەو ئامۆژگاریی خۆی بە لاوان دەبەخشێو دەفەرموێ:

تاکو ئەتوانی خەریکی چاکە بەو کرداری باش
لاوی چەرخی بیستەمی تۆ، کردەوەت بێفەڕ نەبێ
بێهەوا، کەم دوو، لەسەرخۆ، ژیرو هێمن، گەل پەرست
ڕابەرت وبڕادانی پاکت، دەنگی زیوو زەڕ نەبێ[24]

ڕەفیق حیلمی بە دوو قەسیدەیتر دەربارەی شۆڕشی چواردەی تەموز نەخشەی تەواوی بیری سیاسیی ئەو سەردەمەی خۆیو هاوبیرەکانیمان دەداتی و ئەوسا بە وەرگێڕانی پارچە هۆنراوەی شاژن لە فەرەنسیبەوە بۆ کوردی کۆتایی بەو کۆمەڵە شیعرە دێنێو ئێمەش دەخاتە سەر باسێکیتری بەری ئەڕو پاراوی ئەدەبە ڕەنگینەکەی خۆی.

5 ـ ڕەفیق حیلمیو وەرگێڕان:

زۆر ووتراوە.. وەرگێڕان هونەرە.. زۆریش باس لە مەرجەکانی وەرگێڕانی باش کراوە.

ج لە ڕووی زانستی زمان و تێگەیشتنی ئەو کەرەسەیەوە کە وەردەگێڕرێو توانای سەر لەنوێ بە پێوەی دارشتنەوەی کەرەسەکە. ئەگەر بە ئینسافەوە تەماشای وەرگێڕانەکانی ڕەفیق حیلمی بکەین، ئەوا بە نموونەی باشی وەرگێڕانیان دادەنێین و دەیانکەین بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی وەرگێڕانی باش. هیچ باوەڕیش ناکەم کە محەمەد ئەمین زەکی بەگ لەو نامەیەدا کە دەربارەی وەرگێڕانی «دراسة في الشعر الكردي» لە فەرەنسیبەوە بۆ عەرەبی بۆ ڕەفیق حیلمیی نووسیووە چوویتە ژێر باری موجامەلەوە، ئەوسا ئەو بایەخە گەورەیەی بەتوانا بەهرەی وەرگێڕ دابێ. چونکە زۆر مەوزووعیانە لە کتێبەکە دووانەو هەندێ ڕەخنەی لە نووسەرەکانی گرتووە کە لوسی پول مارگریت و

هەوڵنامەی کتێب

گامەران عالی بەدرخانی، یا هەر لە ڕاستیدا ئەوی دووەمیانە مامۆستا: خولاسەی مەسەلەی کوردەی لە فەرەنسیەوە کردووە بە کوردی، هەروەك نامیلکەی کۆمەلایەتیی لە تورکیەوە کردووە بە کوردیو پاش چەندین ساڵ بەدەستکاریەوە بە ناوی «مقالات»ەوە نامیلکەی «کورد مسئلەسی صفحاتندن»ەی خۆیی لە تورکیەوە کرد بە عەرەبیو وەك وونمان کێبی ناوبراویشی لە فەرەنسیەوە کرد بە عەرەبی. هەروەك ڕۆمانێکی لە تورکیەوە بەناوی (ڕۆستەم)ەوە کردووە بە کوردیو لە گڕفتاری.. گەلاوێژەیشدا بەرهەمی بە پێتی وەرگێڕانی مامۆستا دیارە.

ئەم ناو و چالاکیانە هەر لە بەردەمی تواناو لێهاتوویی وەرگێراندا دامانانێن، بەڵکو هاوکێش یا (موعادەلە)یەکی تازەمان دەربارەی بۆچوونی ڕەفیق حیلمیو ڕێبازی ڕاستی ئەو لە بەکارهێنانی تواناو زانیندا پێدەبەخش.

ئەویش ئەوەیە کە بۆ گەلێکی وەك ئێمە کە زمان ڕاز و خاوەن تواناو تاقەت و بەهرەی وەرگێرانمان زۆر نییە، دەبێ یا کورد یا زمانی کوردی هەمیشە بەشێك بن لە هاو کێشی وەرگێڕان. وانە یا وەرگێڕانەکە لە زمانیترەوە بێ بۆ کوردی، یا لە کوردییەوە بێ بۆ زمانیترو بە مەبەستی کورد بە خەڵك ناسین بێت. یا ئەگەر وەرگێڕانەکە لە نێوان دوو زمانی ناکوردیشدا بێت، ئەوەش هەر بۆ کورد پێناسین و خزمەتی کورد بێت. چونکە گەلانیتر کادرو پسپۆڕی خۆیان هەیەو ئەو سوودە لە خاوەن بەهر هێکی کورد نابینن، کە کورد خۆی لێی دەبینێو هەموو شتێك کە لەم سنوورە دەرچوو، بەلای منەوە هیوام وایە بە هەڵەش نەچووبووم ڕەنج بە خەساردانە. ئەمە ڕێبازی هوشیارانە لە وەرگێڕانداو ڕەفیق حیلمیش لەم مەیدانەدا ڕابەرو پێشڕەوە.

6 ـ ڕەفیق حیلمیی ڕەخنەگر:

ڕەفیق حیلمی یەکەم ڕەخنەگری دیارو بەدیمەن و شوێن پەنجە ناشکرای کورد. تا ئەم ساڵانەی دواییی گومان لەوەدا نەبووە. ئەگەر ئێستا هەندێ دەنگ بە پیچەوانەی ئەم ڕاستیەوە بەرزبێتەوە. ئەوەش وەك تاقمەڕایەکیتر دەربارەی ئەدەبیاتی کوردی هەر لە نەشارەزاییو نابینایی بەرامبەر بە ڕاستیو قوڵ نەبوونەوە بێ ئاگاییەوە هاتووە. دیارە ڕێبازی سەرسەختانەی نیشتمانپەروەریی ڕەفیق حیلمیش بۆتە هۆی ئەوەی بێسوود هەوڵی لە پایە کەم کردنەوەی بدرێت.

دوو بەرگی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیی ڕەفیق حیلمی نیشانەی کۆششی مەردانەی قەڵەمی ئەون لەم مەیدانەشدا.

بەرگی یەکەمی کە ساڵی 1941 چاپکراوە لە لاپەڕەی یەکەمیدا کە لە ژێر ناوی (دیاری)دایە مەبەس و ناوەڕۆکی کێبەکەو باری ئیلتیزامی نووسەری لە مەیدانی هەموو بەرهەمەکانیدا ڕوون دەکاتەوەو دەنووسێ:

«... ئەم چەن لاپەڕەیە کە ئاوێنەیەکە سوورەت و سیرەتی هەندێ لە شاعیرـ ناودارەکانی کوردستانی عیراق بە وێنەی دەستکەـ گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ و بۆن خۆش دەڕێخا کە هەر گوڵێکی لە باخێك هەڵبژیررابێ پێشکەشی لاوانی کوردو بەتایبەتی پێشکەشی ئەو قوتابیانەیە خوێندەوستانە ئەکەم کە لە قوتابخانە بەرزەکاندا ئەخوێنن و لەوێدا لە شیعرو ئەدەبیاتی کورد شتێکیان بەرچاو ناکەوێت. ئەگەر بەم (سیپارە) بچووکە توانیبێتم کە گیانی (روحی) ئەدەبیی ئەوان بجوڵێنمەوە (تەنەلا)یەك کە بۆ پێکهێنان و دەرهێنانی بەرگی دووەم ئەیدەم لەلام سووك ئەبێو گیانی نیشتمانپەروەریم، تازە ئەبێتەوە...»[25]

هەر بەم گیانەوە ڕەفیق حیلمی هەنگاوێکی گەورە پێش ئەو کتێبانە دەکەوێت کە پێش خۆی ئەمین فەیزیو عەلی کەمال باپیرو مەلاعەبدولکەریمی مەدڕی، بەرهەم و ژیان و سیرەتی هەندێ شاعیریان تێدا تۆمارکردووە.

ڕەفیق حیلمی لەپاڵ کورتەی ژیانی ئەو شاعیرانەدا کە باسی کردوون و وێنەو نموونەی شیعریانی تۆمار کردووە حەمدی، ئەحمەد موختار جاف، ئەمین فەیزی، ئەمین زەکی، ئەثیری، ناهی، بێکەس، پیرەمێرد، حاجی قادری کۆیی، حەریق، مەلا حەمدوون، خاکی، خەستە کۆمەڵێ بڕیاری ڕەخنەگرانەشی بەسەر بەرهەمەکانیاندا داوەو بۆ هەندێکیان چۆتە کۆڕی پراکتیکی ڕەخنەیی یا (ڕەخنەی ئەتبیقی)یەوە. بۆ ئەو ڕۆژە ئەمە سەرەتایەکی گەورەو یەکەم هەنگاو بوو کە تا ئەو سەردەمە کەسیتر هەنگاوی

هەوالنامەی کتێب

وای نەنابو.

زۆر لە جێدایە کە هەندێ تێبینی‌ی ڕەخنەگرێکی لاو دەربارەی ئەم بەرگە دووبارە بکەینەوە کە لای‌وایە:

(ئەم ڕایە یا ئەو هەڵوێستە گشتی‌یە لە ئەنجامی «ئینتیباعاتی» شەخسی‌ی خۆی بەرامبەر بە شیعرەکان خۆی سەری هەڵداوە) کە لێرەدا ناتوانم لەسەر ئەم ڕایەبم، چونکە بڕیارەکانی ڕەفیق حیلمی با کورت بن بەڵام هەر خولاسەی ئینتیباعاتێکی سەرپێی نین، بەڵکو خولاسەی تێگەیشتنی شیعر بەگشتی و بەرهەمی ئەو شاعیرانەن. بەڵام ڕاکانی‌ئری ئەو نووسەرە لاوە راستن کە لای‌وایە:

(ڕایەکانی - واتە ڕاکانی ڕەفیق حیلمی - بە شێوەیێکی گشتی لە تێگەیشتنی زیرەکانەو سەرنجی لێزانانە بە دەرنین) یا ئەوەی ڕەفیق حیلمی لەو سەردەمەدا (بایەخی گەورەی بە شیعری نیشتمانی‌و بایەخی بەجیاکردنەوەی لاسایی داوە لە تازەکردنەوەو هاوسەردەمێتی)

بە کورتی ئەو هەنگاوە بەنرخەی ڕەفیق حیلمی کە لاڕاوەستانێکی گەورەتری دەوێ، هەنگاوی گەورەتری لەلایەن خۆیەوە بەدووادا هات کە ئەویش یەکەم کتێبی دیاری مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبی‌ی کوردی‌یە - بەرگی دووەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی‌یە کە ساڵی 1956 لە بەغدا چاپکراوە.

کە لەگەڵ گەشتی «ڕەفیق حیلمی»و قەڵەمدا گەیشتمە لای ئەم کتێبە سەرچاوەو بناغەیە. بە هەندێ چاپکراوو ڕەشنووسی ڕابسوردووی خۆمیا چوومەوە، کە هەر لە 1956ەوە بەهۆی چوونەوە سەر ئەو سەرچاوەیەوە ڕەش کراونەتەوە.

بەڵێ، لە بەرهەمێکی چاپکراود نزیکەی سێ لاپەرە دەربارەی بیست ساڵێک لەمەوبەر گەیشتوونە لای خوێندەواران[26] بەڵام تێبینی‌و ڕەشنووسەکان زۆر لەوە زیاتر بوون. وا لێرەدا کورتەی ئەو ڕایانە دادەگەینم کە لام وایە باش بۆیان چووم.

«ئەم کتێبە بەشی دووەمە لە «شیعرو ئەدەبیاتی کوردی»، کە بەشی یەکەمی ساڵی 1941 چاپکراوەو نووسەر هەندێکی لە ساڵی 1943دا لە گۆڤاری.. گەلاوێژ»دا بڵاوکردۆتەوەو لە ساڵی 1956دا باسی چەند شاعیرێکی‌ئری خستۆتە سەرو کۆی کردۆتەوە.

لەم بەشەی کتێبەکەیدا باس لە ژیان و شیعری «دڵدار، ڕەمزی مەلامارف، زێوەر، سالم، سەلام، عەلی کەمال باپیر، گۆران، شێخ نوری شێخ سالح دەکات. دەتوانرێ ئەم کتێبە ناوبنرێ بەکەم کتێب لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، چونکە خاوەنەکەی تا ڕادەیێکی گەورە لە سنووری ڕەخنەی ئەدەبی نەچۆتە دەرەوەو باسەکانی هەر لە چوارچێوەی ئەم بەشەی عیلمی ئەدەبدایەو ئەگەر کەمێکیش چووبێتە دەرەوە، ئەوە لادانەکەی هەر بەدەوروپشتی ڕەخنەی ئەدەبیدا بووەو بە لای مەیدانێکی تردا نەچووە.

لادانەکانی نووسەر لە پێڕەوی ڕەخنەی ئەدەبی، بەلای بابەتی‌ئری ئەدەبیاتناسیدا بۆمان دەردەخەن کە نووسەر تا ڕادەیێکی باش ئاگاداری زانستی ئەدەبیاتناسی‌یەوە لەم بارەیەوە تا سنووری بیری ڕیالیزمی سۆشیالیستی هاتووە، بەڵام لە سنوور نەهاتووە بەم دیودا.

ڕەفیق حیلمی لەم کتێبەدا تەواو نوێنەری دەستەی بیرڕووناك (ئینتیلیگینسیا یا مثقف)ی کوردی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیە، کە بیرو باوەڕی قەومی لە تورکیاوە کاری کردە سەرهۆش و گۆشیان و دروشمی میللیان بۆ گەلی کورد بەو پی‌یە هەڵبڕی و لە ڕووی خوێندەواری‌و ئەدەبیاتیشەوە سەریان کردە سەر خوێندەواری‌و کلتووری بۆرژوازیی شۆڕشگێری ئەو دەورە، بۆ ئەوەی گەلێك شتی تازەی لێوەفێر بین، بەڵام ڕەسم و عادەتی نایەتی کۆمەڵایەتیی کورد لە هەندێ جێگەدا ڕای دەگرتن و دەیخستە سەرسامی‌یەوە.

تا دەوری جەنگی دووەم زۆر لە کوردانی ئەم دەستە بیرڕووناکە کوردە ئەدەبەکەیان وەك بیرو باوەڕی سیاسی خۆیان هەر سەرسامی بوو لە نێوان قوتابخانەی کلاسیکی کوردی‌و ئیسلامی‌و ڕابەربینی ڕۆمانتیکی شاعیرانی تورك یاخود ئەوروپا کە لە گەلێك ڕێگەوە بەرەو مێشکیان ڕێگەی گرتبووەبەر. تا لە دەوری ئەم جەنگەدا بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازو خەباتی گەلان دژی فاشیزم تێنی بەرەو کوردستان دەهات و بەشێك لە بیرڕووناکانی کورد ئەو بیروڕایە دەگرنە باوەش و لەناو گەلی

هەوڵنامەی کتێب

کورددا بلاوی دەکەنەوە. ئەمە لە نووسینەکانی (ع. و. نووری)و (مەحمود ئەحمەد)دا دیارە. هەندێکیش بیروباوەڕەکەیان دەبەنەوە بۆ ئەو زەوییەی لێی هەڵقوڵیوە، بۆ ناو زەحمەتکێشانی کورد.

ڕەفیق حیلمی لەم کتێبەیدا، لە پاڵ هەموو دڵسۆزێکی خۆیدا بۆ گەل، وێنەی سەرسامیی بیرڕووناکانە. وێنەی ئەو سەرسامییەیە کە لە باسی کەوندا دەربڕی.

زۆر جار بیروڕای ئەم قوتابخانەی ئەدەبی یا ئەو کە بیرو ڕایی دیووە دێنێتەوە، یا خۆی دەیەوێ ڕێگەیێکی تازە بە دی بکات کە بە ڕێگەی ڕاستی دەزانێ.

لە هەندێ شوێندا دێت وەك ڕەخنەگرێکی کلاسیکی باس لە شاعیرەکان دەکات. بە تایبەتی وەك ئەو ڕەخنەگرانەی تەرازووی بەلاغەت دەگرن بەدەستەوەو حەرف بە حەرف شیعری پێ لە محەك دەدەن.

ئەوتا ئەمیش دەڵێ:

«لێرەدا (جناسێکی تام)ی زۆر جوان و لە بەیتی دووەمی دووای مەتلەعەکەیشا (تەشبیەو ئیستیعارەیێکی شاعیرانە هەیە»[27] یا («ئەشێ کە بە سەهلی مومتەنیع» دابنێین)[28]. یاخود «شیعرەکانی سوارو بە زەمزەمەیە»[29] یا «چاوتان لەم جیناسە بێ»[30]

لە هەندێ شوێندا لەسەر ئەم پێرەوە سنووری فراوانی کتێبی لە بیر دەچێتەوەو خۆی دەخاتە ناو لێکۆڵینەوەیێکی درێژی وورد ڕوخسارەوە هەروەك تەنیا بۆ باسی تاقە قەسیدەیێك هاتبێ[31] لە هەندێ شوێنیشدا بەپێی ئەو پێرەوە کلاسیکیی بە بڕیاری ئایدیالیستی بەسەر گەنجی شیعردا دەدا وەك «شاعیرێکی خوایی یە»[32] یاخود «شاعیرێکی فیتری و خوادادە»[33]. هەندێ جاریش بەلای شاعیردا تێدەپەڕی و ڕووکەش دەردەخا و خۆی لە قوواڵیی شیعر بە دوور دەگرێ.

وەك ئەوەی کە باسی مندااڵیی دڵدار دەکات دەڵێت:

«منااڵیك کە هەموو ژیانی خۆی بە خوێندنەوە ڕابواردبێ و هێشتا لە خوێندنی پێویستی (ڕەسمی) ڕزگاری نەبووبێ، ناتوانێ بێ بە شاعیرێکی (کەسبی)و بگاتە پلەی ئەوانە کە شیعریان کردووە بە (سەنعەت)»[34] بەاڵم هەر لەم باسەدا خۆی هەست بە بڕیارەکەی خۆی دەکات و بە سەرسامییەوە بەرامبەر بە مەقکوورەی «سەنعەتی شیعرو» کردنی بە تەرازوو بۆ پێوانەی شاعیرێتی دەوەستێ و خۆی ڕێگەیێکیتر دەدۆزێتەوەو دەڵێ:

«ئەوەیش لەلایێ بوەستێ کە لەلایەن بیری قوول و خەیاڵی ووردەوە ئیستەیش دڵدار گەلێ لە ژوور ئەو شاعیرانەوەیە کە هەندێ ووشەی ڕەق و تەعبیری ساردی وا دەهۆننەوەو دەیکەن بە (نەظم) کە بە دیمەن و بیستن شیرین و ڕەنگین، بەاڵم لە ماناو حەقیقەتا پووچ و بێ کەڵکن»[35].

نایا ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ڕەفیق حیلمی بە تەواوی لە سەر بیرو ڕای ڕەخنەگرە کلاسیکییەکانە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا؟. خۆی وەاڵمی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە کەوا تەنیا شیعری کلاسیکی بە تەرازووی کلاسیکیەکان دەپێوێت، وەك لە باسی عەلی کەمال باپیردا دەڵێ:

«لەبەر ئەوە وەکو لە پێشەوە ووتبوومان ئێمەش ئەو جۆرە شیعرانە بە تەرازووی خۆی دەکێشین و بەپێی ئەو سەنگ و تەرازووە کە تایبەتیی شیعری «کلاسیکی» بەنرخی لەسەردا دەنێین»[36]

دەگونجێ نووسەرێك خۆی بە دوور بزانێ لە ڕێو شوێنی کلاسیکییەوەو ئەو ڕێگەیە بە کونەپێکی زەمان ڕۆیشتوو دابنێ، بەاڵم بەرامبەر بە بەرهەمێکی کلاسیکی بەرگی ڕەخنەگرێکی لە خۆیان لەبەر کات و بە زمانی خۆیان حسابیان لەگەڵ بکات؟ یا ئایدیۆلۆژیەتی خۆی بۆ چەند تاوێك لە پەنا بەردێکدا دابنێ تا لەم حسابە دەبێتەوە.

ئەو سەرسامییەی باسمان کرد وا لە ڕەفیق حیلمی دەکات نەختێ لەگەڵ بارگەی کلاسیکیەتدا بروات و لەپڕ بە ڕوویدا هەڵچێت، نەك تەنیا هەڵچوونی ڕۆمانتیزمەکان بەسەر ناوەڕۆك و ڕوخساریدا لەگەڵ سوود بینین لە هەندێ دیمەنێ بە سوودی، بەڵکو تەواو دەچێتە سەر ڕێگەی (فۆتوریزم) ەکان و دەیەوی ئەدەبی کلاسیکی لە بنەڕەتا فڕێ بداو دەڵێ:

«من بەش بە حاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کە شیعری کۆن بە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

چاك و خراپی یەوە ئەبێ وورده وورده بکشێتە دووادوو (ئەنتیکەخانە)کانی ئەدەبی پێ‌برازێنرێتەوە)[37] یاخود دەڵێ:

«دەبێ ئیتر ئەو شیعرانەی چەرخەکانی پێشوو وەکو (عەنتیکە) بخرێنە (مۆزەخانە)کانی ئەدەبەوە بۆ ئەو شاعیرو گەرۆکانە کە لە عەنتیکەو شتی کۆن ئەگەڕێن».[38]

کەواتە شیعری کلاسیکی لای رەفیق حیلمی دەبێ ئەنها بۆ سەیرکردن بهێڵرێتەوە، نەك بۆ سوود بینین، نەك بۆ ڕواندنی نەمامی نوێ ئەدەب لەسەر ئەو بنجانەی گیانیان تیاماوە.

بەڵام ئایا نووسەر هەر لەسەر ئەم بیرە فۆتۆریزمە دەمێنێت؟ دیارە نەء. ئەوەتا لە شوێنێکی‌تردا شۆڕشی خۆی بەسەر ناوەڕۆك و ڕوخساری شیعری کلاسیکیدا بە شێوەیێکی‌تر، دەردەخات وەك لە باسی (ڕەمزی)دا ڕەخنە لە شاعیر دەگرێت کە بە شێوەیێکی کۆن باس لە مەزووعێکی تازە دەکات کە نیشتمانپەروەری‌یەو دەڵێ:

«ئەم چەشنە شیعرانە ئیتر باویان نەماوەو نابێ ئێمە بگەڕێینەوە سەری‌و بیکەینەوەبە باو... بەڵکو ئەبێ ئیتر ئوسلوبێکی تازەی بۆ دابنێین و بە شێوەیێکی وا لە نیشتمان بدوێین کە لەگەڵ پێویستی ئەم چەرخەی کە دێو شان بەشانی شارستانێتی بڕواە».[39]

دیارە لێرەدا ڕێگەی ڕەخنەگرێکی ڕیالیزمی تازە دەگرێت، کە گۆڕینی ڕوخساری تەنیا بۆ گۆڕینی ناوەڕۆك بوێت و ئەو ناوەڕۆکەشی زۆر لامەبەسەو دەیەوێ ئەدەبیش تەنیا پەیام بێت بۆ ئەو مەبەسە «یا دەبێ شیعری نیشتمانی بناغەی نیشتمان بەهێز بکا چونکە لای‌وایە کە» ئەبێ ووشەی «نیشتمان» هانمان بدات بۆ خوێەخت کردن لە ڕێی ئەو بەختیاری‌یە کە تەنیا لە نیشتمانێکی سەربەخۆ جنگ ئەکەوی».[41]

لێرەدا ڕەفیق حیلمی بیرێکی ڕێك و ڕەوان دەربارەی ناوەڕۆك و ڕوخسار دەردەبڕێت و لە هەندێك شوێنی‌تردا دەری‌دەخات کە بە باشی لە مەسەلەی یەکێتی‌ی ڕوخسارو ناوەڕۆك گەیشتووەو بە هێزی‌و لاوازیان دەبەستێ بە یەکەوە، وەك ئەوەی کە باسی ئەو شاعیرانە دەکات کە هەر بۆ چاولێکەری هەندێ باسی کلاسیکی لە شیعریانا دەبینێ دەڵێ:

«چونکە شیعری ئەمانەو شاعیرەکانی هاوچەرخیان ئەگەر نەڵێین هەموویان، بەشی هەرەزوربەیان هەر باسی عەشق و غەرام و مەستی‌و شەرابە، وەیا بە باسی جاوو برۆو خەت و خاڵ و ئەگریجە ڕەش کراوەتەوە. لەبەر ئەمە ئاسۆی ئەفکیری شاعیرەکانی، زۆر سنووردارو ماوەی قافیەبازی‌یان یەجگار تەنگ بووەو بەهۆی ئەم قافیە تەنگی‌و سنووردارییەوە ماوەی شیعریان کورت بووەو هەندێ جار لە پێنج بەیت ئێپەڕی نەکردووە».[42]

لە «شیعرو ئەدەبیاتی کوردی»دا گەلێك بڕیاری عیلمی‌و ڕێك دەبینین دەربارەی هەندێ شاعیر. نووسەر جێگەی ڕاستەقینەی گەلێکیاتی دۆزیوەتەوە. وەك دەبینین دەربارەی دڵدار دەڵێ:

«دڵدار بە تایبەتی لە پەندو مەوعیزەی میللیدا دەسێکی درێژی هەیەو بە گەڵێ ووتاری بەهادارو شیعری جوان ڕێگەی ژیان و سەرکەوتنی پیشانی لاوانی دووارۆژ داوە».[43]

هەروەها زۆر بەڕێکی جێگەی (ڕەمزی) وەك حەڵقەیێك و لە نێوان شیعری کلاسیکی‌ی کوردی‌و ڕۆمانتیزمی ڕێگەی ریالیزم گرنووەدا نەخشە دەکێشێت. یاخود وەك خۆی دای‌دەنێ بە شاگردێکی (بێخود)ی کلاسیکی‌و (پیرەمێرد) شاعیری ڕێگەی تازەگەرو شیعرەکانی ڕەمزی خۆشی بەلای نووسەرەوە لەو نێوانەدایەو دەربارەیان دەڵێ:

گاهێ موزوعێکی کۆنی وەکو ستایش وەیاشین (مەرثیە)ی لە قاڵبێکی تازەدا، گاهێکیش مەوزووعێکی تازەی وەکو شیعرێکی نیشتمانی‌و کۆمەڵایەتی‌و یا وەسفی (تەبیعەت)ی لە قاڵبێکی کۆنا کردووە بە شیعر».[44]

دەبینین لە شیعرەکانی ڕەمزی نموونەی وا دەهێنێتە پێش چاو بۆ لێکۆڵینەوە کە ڕێبازی ئایدیۆلۆژیی ڕەمزیی پێ‌پێشان بدات. وەك پارچەی (سەرزەنش) کە شاعیر ڕەخنە لە گەلی کورد دەگرێت لەسەر دووا‌کەوتنیان لە کاروانی گەلانی سەرکەوتوو. ڕەفیق حیلمی لێرەدا بە سەیرکەر بەرامبەر بەم ڕەخنەیە ناوەستێت، بەڵکو ئەمجارە وەك یەکێ لە ڕەخنەگرە دیموکراتی‌یەکان دێتە پێشەوەو بیری خۆی بەرامبەر بە ریالیزمی ڕەخنەیی دەردەبڕێ‌و دەڵێ:

«چونکە تەنیا ئەوە بەس نی‌یە کە گلەیی لە قەوم بکەین و یا

تیی بگەینین کە ئەو ڕێگەیە لە سەری تەڕوا ڕێیەکی چەوتەو ڕێی پشکەوتن نییە. بەڵکو ئەبێ بیخەینە سەر ڕێگەی ڕاست و ئەو ڕێگە ڕاستەشی بۆ ڕوون بکەینەوو لەپێشەوە بڕۆین تاوەکو مان نەگرێو لە دووامانەوە بڕواە[45].

ئەمە ئێگەیشتنێکی باشی پەیامی ئەدەبەو ئەم جۆرە ئێگەیشتنە لە شوێنی تری کتێبەکەدا دەبینین کە نووسەر ئەدەب خۆی بە پەیام دەزانێت لە ڕێگەی ژیانداو دێتە سەربیرو ڕای (ئەدیبە لاوەکانمان)[46] کە وەك خۆی دەڵێ:

«ئەیانەوێ لە شیعردا (بروسکە)یەك هەبێ کە لە خەو خەبەرمان کاتەوە. (بریسکە)یەك هەبێ ڕێی ژیانمان بۆ ڕووناك کاتەوە. سیحرێکی تیایێ خۆیتمان بخاتەگەڕ.

واتە ئەیانەوێ شیعر، پاڵ پێوەنەرێکی بەهێز بێ، بە کورتی ،ئەیانەوێ شیعر هۆی ووریاکردنەوەو ڕاپەڕاندن بێ. بەکورتی ئەیانەوێ شیعر پاڵ پێوە نەرێکی بەهێز بێ بۆ پێشەوە، بۆ سەرکەوتن لە ژیانا. لەسەری نەڕۆین، بە واتەی ئەوان بێ، پێویستە سەنعەتی ئەدەب، جێگەی ئایەت و حەدیسی ئەم چەرخەمان بۆ بگرێتەوەو ئەدیب ئەبێ واجیباتی ڕەسوڵ بگرێتە ئەستۆی»[47]

لە کاتێکدا کە بەم جۆرە ئەم بیرە ڕێك وپێکەی لاوان بەسند دەکا. ئەوە جیاناکاتەوە کە هەر ئەدیبە نوێنەری چین و دەستەیەکەو بیروڕاکەی ئەنیا بیروڕای خۆی نییە.

قەسیدەیێکی پر لە ڕەخنەی ڕەمزی دەهێنێ ناوی دەنێ (شەکوای حاڵی ڕەمزی خۆی).[48] ئەمە لە کاتێکدا کە ماوەیێکی زۆر فراوان هەبوو لە باسی ئەو قەسیدەیەدا بۆ دەرخستنی گەلێك ڕاستی کۆمەڵایەتی و باری ئایدیۆلۆژی و ئەرزی ژیانی تاقمە فەرمانبەرێکی واق ووڕماوی ئەو سەردەمە.

خاوەنی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی) جێگەی هەندێ شاعیری تریش بە باشی دەست نیشان دەکا. وەك (سالم) کە شیعرەکانی دەکا بە گێڕانەوەی دەورێکی مێژ ووی کوردو وەك دەرخستنی جێگەی عەلی کەمال باپیر (کەمالی) لە ڕیزی شاعیرانی کلاسیکیدا.

ڕەنگە بە قوڵی جێگەی زێوەری بە شاعیرێکی ڕەخنەگری ریالیست دەست نیشان نەکردبێ یا ڕوڵی زێوەری لە هۆشیار کردنەوەی نیشتمانیدا باش دەرنەخستبێ. بەڵام لە باسی (سەلام)دا بە ئەواوی ئەم ڕوڵەی دەرخستووەو بە ساکاری ئەوەشی پیشاندداوە کە خۆی لە جەوهەری ئەدەبیاتی ریالیزم گەیشتووە: ئەوەتا دەڵێ:

«سەلام، وەکو لەپێشەوە ووتبوومان، لە شیعردا (ئوسلوبێکی) تایبەتیی خۆی هەیە. لاسایی شاعیرەکانی پێش خۆی نەکردۆتەوە. ووشەی بێگانەی (فارسی، عەرەبی) کەم بەکارهێناوە. لە (خەیاڵ) زیاتر شوێن ئەو شتانە کەووتووە کە هەیەو هەستی پێدەکرێو بە بەرچاویا تێدەپەڕێ، وەیا (ڕوو)دەدا. واتە لەو شاعیرانەوە نزیکترە کە پێیان دەڵێن (واقیعی)»[49]

ڕەفیق حیلمی کە دێتە سەرباسی شیعری نوێی گۆران و باسی گۆران و بەرهەمی. بەتەواوی چەتد پلەیێك لە شیعری گۆران نەخشە دەکێشی و ئەوە دەردەخات کە گۆران هەر لە سەرەتای شاعیرێتیەوە لە باسی دڵداری و عەشقدا لە ڕێگەی کلاسیکی یەکان لایداوەو ڕێگەی دڵداری و جوانی یەکی حیسی گرتووە. هەروەها بە درێژی دێتە سەر باسی وەسفی تەبیعەت لە شیعری گۆراندا یاخود وەسفی هەندێ ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی کە ئەمیش هەر لادانە لە ڕێگەی کلاسیکیەکان، چونکە وەك ڕەفیق حیلمی خۆی دەڵێ:

«ئاپەڕەیێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی کورد دەگێڕێتەوە کە هەموومان دیومانە وەیا بیستوومانە، هەندیکمان خۆی تیابووە. دەزانێ کە ئەوی بۆمان دەگێڕێتەوەو ڕاستەو تەواوە. واتە لەوحەیێکە لە ژیانی (واقیعی)ی کورد. لە کانی خەیاڵ و (مویالەغە) هەڵنەقوڵاوە»[50]

نووسەر لەمەوە دەگاتە سەر بریارێك دەربارەی گۆران و ئەمجارە دەری‌دەخات کە ئێتر ئەو سەرسامیەی لە نێوان چەند پیرەوێکی ئایدیۆلۆژی و ئەدەبیدا نەماوەو پاڵ پشتی خۆی بۆ ریالیزم دەخاتە ڕوو (دیارە بێ جیاکردنەوەی جۆری ریالیزمی) و شیعرێکی گۆران لەم بوارەدا پەسند دەکات و دەڵێت:

«ئەوەندە جوان و شیرین و لە چەشکەی شیعرو ئەدەب

بەشداره. چونکه (واقیعی)یەو بەهای جوانی (مانا)کەی لە (موبالەغە)و (خەیاڵ) وەرنەگرتووە»[51].

هەر بەم پێیە بڕیار بەسەر گۆراندا دەدات کە دەڵێ:

«گۆران شاعیرێکی (فەنتان)و (واقیعی RealisTe) ە بێ ئەوەی باکمان بێ لە ڕەغەبی یاخو لە واتەکەی خۆمان بە گومان بین، ئەڵێین (گۆران)، بەڕاستی بوێژێکی واقیعی و فەنتانە. بوێژێکە کە ماوەی شیعرەکانی لە کانگای ژیانەوە واتە لەژیانی کۆمەڵایەتی کورد هەڵێنجاوەو کردوویە بە (بۆدەقە)ی ئەدەب»[52]

ئەمە بڕیارە کە نووسەر لێی بێگومان نییەو گۆرانی پێکراوە بە شاعیرێکی ڕیالیست، تەنیا لەسەر شیعری دڵداریو وەسفەکانی سروشت دامەزرێنراوە، کە ناتوانرێ کتومت ناوی ڕیالیستی پێ لە گۆران بنرێ، چونکە هەر لەم سەردەمەی شیعرەکانی گۆرندا گەلێک دەورو خول خواردن بە دەوری شیعرو وێنەی ڕۆمانتیزمیدا دەبینرێ. بەڵام ڕەفیق حیلمی گۆران تەنیا لەم پلەیەی ڕیالیزمیدا ناهێڵێتەوە. بەڵکو بەرەو ڕیالیزمی ڕەخنەگری لەگەڵیدا دەچێت و پارچە شیعری» بۆ گەورەیێکی شیعر دۆست، دەهێنێتە بەر چاوو بەم ووتانە لێی دەدوێت کە دەڵێت:

«ئەم نامەیە، سکاڵایەکی زۆرە لە جەوری زەمانەو لەو بەرهەڵستە چەشن چەشنانە کە لە ڕێی شاعیرێکی ڕاست بێژو بێ ڕیا وەیا مەئموورێکی بچووك و بەسەزمانا وەستاوەو دەمی ئەبەستێتەوەو زمانی لاڵ ئەکا»[53]

ڕەفیق حیلمی لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا زۆر باش دەرکی ئەوەی کردووە کە گۆران لەم سنوورەی ڕیالیزمدا نەوەستاوەو بەڵکو لە هەموو تەپ وتۆزێکی ڕۆمانتیزمیو شێوە دوواکەوتووەکانی ڕیالیزم ڕزگاری بووەو هەر وەك خۆی تێکۆشەرێکی ناودارو نەبەز بوو لە پێناوی ئاشتیو ئازادیدا. شیعرەکانیشی نموونەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بوون زۆر هوشیارانە بووە ڕابەری ئەو ڕێبازە ئەدەبییە لە شیعری کوردیدا.

بەڵام دیارە کە دەرچوونی ئەم کتێبە لە دەوری ڕژێمی پاشایەتیی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی عیراقداو لەژێر (ڕەقابە)ی ئەو سەردەمەدا ئەوەشی بەسەر زمانی ڕەفیق حیلمیبەوە وەستاندووەو وای لێکردووە کە تەنیا بە ئیشارە بنووسێ:

«بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم تاسەو سکاڵایەو هەڵڕژاندنی هەموو ئەو شتانە کە دەس و زمانی (گۆران)ی بەستووەو ڕێی ڕووناکیی لە مێشکی گرتووە وەیا ووشەی لە گەروویا خنکاندووە، لە ئەنجامدا خۆی پێ نەگیراوەو مەغزی بیرو ئەندێشەی. خۆی ڕژاندوەتە پەیامی کوردەوە»[54]

دیارە مەبەسی لە (پەیامی کورد)یش ئەو نامە یا داستانە شیعرەیە کە ساڵی 1953 گۆران بۆ مەهەرەجانی لاوان و قوتابیانی سێیەمی جیهانی نووسی کە لە بوخارست گیراو لەوێدا وێنەی بیرو ڕێبازی ڕیالیستیی خۆی و ئازاری هەموو گەل خۆی دەنوێنێ.

ئەگەر ئەو هۆیانە نەبووایە کە ڕەفیق حیلمی خۆی باسی کرد. یا ترسی دەست پەسەرا گرتنی کتێبەکە نەبووایە. وەك نووسەر خۆی لە باسی پارچەیێکی ڕەخنەیی سەلامدا دەڵێ، گەلێك ڕووی‌تری گۆران و ئەوانی‌تریشی دەخستە ڕوو یا وەك خۆی دەڵێت:

«دڵ ئەیویست هەمووی بنووسین تاوەکو بزانن کە (سەلام، چەند بە وردی سەرنجی داوەتە چۆنی‌یەتی کۆمەڵایەتی و ئەو (دووەمەن)انەی کە لە (کون و قوژبن)ی تاریکی ناو دڵی ئەوانەدایە کە چارە ڕەشی، لە هەموو خۆشی و تام و لەزەتێکی ژیان (بێ‌بەری)کردوون، وە چۆن هەستی بەوەش کردووە. کە (ڕەخنەی گاڵتەوگەپاوی ئینتیقادی فکاهی) لە خواپێداوەکان و توانج تێگرتنیان، ئەبێ بە (دارو)ی شیفا بۆ بەدبەختەکان و سیاچارەکان، بە تایبەتی ئەگەر بێتو ئەو خواپێداوانە لە (پۆل)ی بە (فیز)و (لووت بەرز)و (خوانەناس)ەکان بن. وەیا بە هەر «هۆ» یەکەوە دەبێ ببێ، کەم و زۆر لە هەژاری‌و لێقەوماویی»سیاچارە کانا دەسیکیان هەبێ..»[55]

بەم جۆرە جێگەی گۆرانی تا ئەو دەمە ڕوون کردۆتەوەو زۆر بە ڕێکی بۆ ڕۆڵی شێخ نووری شێخ ساڵحیش لە ڕێبەری شیعری تارەی کوردیدا چووەو سیفەتەکانی لە بارەی ڕوخسارەوە تەواو خستۆتەڕوو.

کە ئەوە دەگەینێ کە شێخ نووری شاعیرێکی گەورەی ڕۆمانتیزمی کوردەو سەرەتای ڕۆمانتیکە کوردەکانە بە تایبەتی لە

ڕووی ڕوخساره‌وه، به‌ڵام له باسی ئه‌ویش و گۆرانیشدا دوو پارچه‌ی کردووه به نموونه که پڕن له داخ و ئاخ و ئۆف و ئه‌فسووسی پله‌ی دووه‌می ڕۆمانتیزم و شوبهاندوونی به «توفیق فیکره‌ت»ی شاعیری ڕۆمانتیکی شۆرشگێڕی تورك، که له ڕووی ڕوخساره‌وه نه‌بێت ئه‌م شیعرانه پێوه‌ندیان به‌و چه‌شنه ڕۆمانتیزمه‌وه نی‌یه.

له دووایيدا بۆمان ده‌رده‌که‌وێ که به‌رگی دووه‌می شیعرو ئه‌ده‌بیاتی کوردی هه‌ندێ باسی له ساڵی 1943ه‌وه نووسراوه‌و دووایيه‌که‌ی له 1956دا ته‌واوبووه. له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌و سه‌رسامیه‌ی نووسه‌ر ده‌رده‌بڕێ که باسمان کرد. به‌ڵام ئه‌وه‌ش دیاره که له باسه‌کانی دووایيدا ووردەووردە له‌و سه‌رسامی‌یه ڕزگاری بووه‌و ئه‌گه‌ر چه‌رخ بیکردایه‌و ره‌فیق حیلمی له‌ناکاو و ناوه‌خت کۆچی دوایی نه‌کردایه، بێگومان به‌رگی سێیه‌م نموونه‌یه‌کی ڕیالیزمی‌و بیری دیموکراتی ده‌بوو. هه‌روه‌ك ره‌فیق حیلمی‌ی ڕابه‌ری میللی‌و تێکۆشه‌ری کۆنی کورد ڕێگه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی خۆی له ڕیزی خه‌باتی گه‌لدا گرتبوو. هه‌روه‌ها له باره‌ی ره‌خنه‌ی ئه‌ده‌بیشه‌وه ئه‌و جێگه‌یه‌ی بۆ خۆی داده‌ناو گه‌لێك سوود له نووسینه ره‌خنه‌یی‌یه‌کانیشی زیاتر ده‌بینرا، وه‌ك له نووسینه سیاسی‌یه‌کانی ئه‌م دووایيه‌و تێکوشانی پیرۆزی خۆیدا بینرا.

کۆتایی:

هه‌ر له باسی ره‌فیق حیلمی‌و قه‌ڵه‌مدا گه‌لێك په‌رده‌ی‌تر مابوو. کۆمه‌ڵه ووتاره‌کانی گۆڤاری «شه‌فه‌ق»یم وا له‌به‌رده‌ستداو ئه‌ویش لاوه‌ستانی ده‌ویست. ووتاره‌کانی گۆڤاری (التقدم)یه‌ عه‌ره‌بی که مامۆستا کاکه‌ی، فه‌للاح له ڕۆژنامه‌ی «ژین» خۆیدا ساڵی 1970 کردوویه به کوردی، لێ‌وورد‌بوونه‌وه‌و لێ‌وه‌رگرتنی ده‌وێ.

به‌ڵام باسه‌که‌مان تا ئێره زۆری خایاندو وا بزانم ده‌رفه‌تی ئه‌و لاوه‌ستاندنانه نه‌ماوه. هه‌ر وه‌ك ده‌رباره‌ی مامۆستا خۆیشی زۆر باس و په‌رده‌ی ترم هه‌بوو و زۆر یادگاری به‌نرخ و پڕ چێژ هه‌بوو. که ئه‌وانیش ده‌رفه‌تی‌تریان ده‌ویست.

په‌راوێز:

(1) بڕوانه ڕۆژنامه «بیری نوێ». به‌غدا. ژماره 279 .1978/2/18

(2) ره‌فیق حیلمی. پاش ته‌موز. له‌به‌غدا، 1960. ل 9، 10

(3) هه‌ر ئه‌وێ، ل 10، 11.

(4) بڕوانه: دیوانی حاجی قادری کویی. گردو کۆ پەخشکار گیوی موکریانی. هه‌ولێر، 1969 ل118، 119

(5) له ووتارێکدا که ده‌رباره‌ی «مه‌حوی» خه‌ریکی نووسینم به درێژی دێمه‌وه سه‌ر ئه‌م باسه. به‌ڵام بۆ نموونه ده‌ڵێم هه‌مرو نووسینه‌کانی ئه‌مین زه‌کی له ئه‌سته‌موڵ به تورکی بووه، هه‌روه‌ها ئه‌مین فه‌یزی هه‌ر «ئه‌نجومه‌نی ئه‌دیبان» ه‌که‌ی کۆکراوه‌یه له کوردی‌یه‌وه پیره‌مێرد شیعرو ووتاری به‌تورکی‌بووه، هه‌ندێ وه‌رگێڕانی شیعری مه‌ولانا خالیدو ئه‌بولخه‌یرسه‌عیدی بوو ئه‌وانیش که هاته‌وه بڵاوی کرده‌وه. نموونه‌ی‌تریش زۆرن.

(6) شێخ مسته‌فا ئێستا کۆچی دوایی کردووه.

(7) ره‌نگه ئه‌م نوقتانه‌ی له جێی ناوی «حه‌لاو» دانابێ.

(8) ره‌فیق حیلمی. شیعرو ئه‌ده‌بیاتی کوردی. ب 2. به‌غدا، 1956 ـ ل 45، 46

(9) ره‌فیق حیلمی. علمی ژماره .ب2. به‌غدا، 1936

(10) هه‌ندێ سروودی له‌و کتیبی گۆرانی‌یانه‌دایه که (کوردی‌و مه‌ریوانی) چاپیان کردووه. به‌داخه‌وه کاتی ئاماده‌کردنی ئه‌م باسه ئه‌و کتێبه‌م ده‌ست نه‌که‌وت.

(11) ره‌فیق حیلمی. یادداشت. ب6. به‌غدا، 1958. ل 579

(12) هه‌ر ئه‌وێ ،ل 580 ـ 582.

(13) علی کمال باپیر آغا. گلده‌سته‌ی شوعه‌رای

هاوعەسرم. سلێمانی، 1939. ل 55، 56.

(14) رەفیق حیلمی. پاش تەموز. بەغدا، 1960، ل 21، 22

(15) هەر ئەوێ، ل23

(16) هەو ئەوێ، ل 26، 27.

(17) هەر ئەوێ. ل 32.

(18) هەر ئەوێ. ل 36.

(19) هەر ئەوێ. ل 33.

(20) .....

(21) هەر ئەوێ. ل 36، 37.

(22) هەر ئەوێ. ل 38.

(23) هەر ئەوێ. ل 39.

(24) هەر ئەوێ. ل 40.

(25) رفیق حیلمی. شعروادبیاتی کوردی. بەغدا، 1941. (لاپەرەیەکی بێ ژمارە. بەناوی «دیاری»یەوە)

(26) الدكتور عزالدين رسول. الواقعية في الأدب الكردي. بيروت 1966، ص 24 ـ 27.

(27) رفیق حیلمی. شیعرو ئەدەبیاتی کوردی. ب2. بەغدا، 1956. ل 13.

(28) هەر ئەوی، ل 21.

(29) هەر ئەوێ، ل 37.

(30) هەر ئەوێ، ل 69.

(31) هەر ئەوێ، ل 77 ـ 79. 94 ـ 103

(32) هەر ئەوێ، ل 9.

(33) هەر ئەوێ، ل 10

(34) هەر ئەوێ. ل 9.

(35) هەر ئەوێ، ل 10

(36) هەر ئەوێ. ل 134.

(37) هەر ئەوێ. ل 142.

(38) هەر ئەوێ. ل 154.

(39) هەر ئەوێ. ل 32.

(40) هەر ئەوێ. ل 33.

(41) هەر ئەوێ. ل 34.

(42) هەر ئەوێ. ل 126، 127.

(43) هەر ئەوێ. ل 18.

(44) هەر ئەوێ. ل 25.

(45) هەر ئەوێ. ل 30

(46) .(47) هەر ئەوێ. ل 205

(48) هەر ئەوێ.

(49) هەر ئەوێ. ل 91.

(50) هەر ئەوێ. ل 17.

(51) هەر ئەوێ. ل 159.

(52) هەر ئەوێ. ل 172.

(53) هەر ئەوێ. ل 198.

(54) هەر ئەوێ.

(55) هەر ئەوێ. ل 107، 108.

(56) دیوانی گوران. ب 1. بەغدا، 1980. ل 337، 338.

هەوالنامەی کتێب

یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی

■ شاکر فتاح ■

ڕەفیق حیلمی لە گەڵ شێخ محمودی نەمر

یادداشتەکانی مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) ئەوەندەی دەستم کەوتوون، بریتین لە شەش بەرگە، کە کۆمەڵەی لاپەڕەکانیان دەگاتە (637) لاپەڕە. لەسەر قاقەزی ڕۆژنامە چاپ کراون، کە لە بەژن و بالأدا بە ناوونیجی دادەنرێن. لە بەغداد، لە چاپخانەی (مەعاریف)دا چاپ کراون لە 1956/7/25دا دەست بە چاپکردنیان کراوە، لە 1958/4/15دا لە چاپ کردنیان بۆتەوە. چاپ کردنەکانیان جوانە. نووسراوەکانیش پڕن لە وێنەی ئەو کەسانەو ئەو شوێنانەی پەیوەندیان بە شۆڕشەکانی (شێخ مەحمود)ی گەورەوە هەیە. مامۆستا ڕەفیق حیلمی ڕەنجێکی زۆری لە داڕشتنی ئەم یادداشتانەیدا داوە. هەوڵێکی زۆریشی داوە کە نووسراوەکانی بە کوردیی‌یەکی پەتی بنووسرێن و لە شێوەیەکی وایشدا بنووسرێن، کە سووك و ئاسان و ڕەوان بن بۆ خوێندنەوە، هەموو خوێنەرێکیش خۆشی لە خوێندنەوەیان بچێژێ، کەڵك و سوودێکی تەواویش لەبابەت

مێژوو، بەسەرهاتی میللەتەکەمان و (جیهان)ەوەی دەست بکەوێ. لەڕاستیدا یادداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەنرخ و ناوازەو نایاب دادەنرێن، بۆ مێژووی (کورد) و (کوردستان)، بە تایبەتی بۆ مێژووی شۆڕشەکانی (شێخ مەحمودی گەورە).

چونکە خودا لێخۆش بوو، هەموو کەل و قوژبنێکی ئەو شۆڕشانەو ئەو کارەساتانەیش کە پەیوەندییان بەو شۆڕشانەوە هەیەو قەوماون لە جیهاندا، بە تەواوی ڕۆشنیان دەکاتەوە. لەبەر ئەوە پیاو کە یادداشتەکانی مامۆستای بەڕێز (ڕەفیق حیلمی)، دەخوێنێتەوە، هەست بە زاخاوێکی مێشک و ئارامێکی دڵ و ئاسایشێکی دەروون دەکات، نایەوێ وازیان لێ بهێنێ تا ئەواویان دەکات. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی خەباتی کردووەو چۆتە بنج وبناوانی هەموو شتێکەوە کە پەیوەندییان بە شۆڕشەکانەوە هەیە، تا ڕاستی بێ دەرنەکەوێتێ وازی نەهێناوە. ئەو ڕاستی یانەیش کە دەستی کەوتوون، لە شێوەیەکی تەڕوتازەو ناوازەدا، بە سەربەستی یەکی بێئەندازەوە دەڕیژن، کە دڵی ڕاستی پەرستان خۆش دەکەن و سەریشیان دەهێنێتە سەرسوڕمان. مامۆستا ڕەفیق زۆر هەوڵی داوە کە بێلایەن کارەساتەکان پیشان بدات، کەسایەتی یەکان دەربخات. تەنانەت لە گەڵێ جێگادا پێ لە هەڵەکانی خۆیشی دەنێ، سەرزەنشتی خۆیشی دەکات و. پەشیمانی لە کردەوەکانی خۆیشی ئاشکرا دەکات. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی هەروەک زانا بوو، دانایش بوو، بوێژ و وێژەوان و ڕاستی - پەروەر بوو. حەزی دەکرد بەم یادداشتانەی ڕاستی ی شۆڕشەکانی کوردەواری و، بە جۆرێکی تایبەتی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی گەورە لە کوردستانی عیراقدا پیشانی ڕۆشنبیرانی کوردو، هەموو جیهان بدات. تا لە مەندە زۆرتر درۆو چاووڕاوی دژمنانمان، کە لە بابەت شۆڕشەکانی کوردەوە کردوویانە، ڕاستیی لە کاربەدەستان و ڕۆشنبیرانی جیهان نەشارنەوە. مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا ئاماژەی لە کەس، لە هیچ فەرمانڕەوایی و نەتەوەو کاربەدەستێکیش سڵ ناکات. قسەی ڕاستی خۆی هەر دەکات. لە جێگای خۆیدا چاك بێ دەیڵێ، خراپیش بێ هەر دەیڵێ. تەنانەت بەرامبەر خۆیشی و دوژمنەکانیشی چی ی چاك هەبێ و، چی ی خراپ هەبێ، بێپەروا، بە سەربەستی یەکی بێئەندازەوە دەیڵێ. تەنانەت ئەگەر یەکێك هەڵەیەکی ئەوی دەرخستبێ، بێجگە لەوەی هەڵەکەی خۆی ڕاست دەکاتەوە، سوپاسی ئەو کەسەیش دەکات و، هەڵەکەی خۆیشی بۆ هەمووان ئاشکرادەکات. لەڕاستیشدا مامۆستا لەڕووی پەرچەمی هەندێك ووشەو واژەی بێگانانەوە، هەروەها لەڕووی (ڕێنووس)یشەوە، لەڕووی هەندێك ڕوودواویشەوە، لە چەند جێگایەکی کەمدا بە هەڵەدا چووە.

بەڵام ئەو خۆی تکا لە خوێنەران دەکات کە لە هەڵەکانی ئاگاداری بکەن، تا هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە. بەڵام ئەو هەڵانەی کە مامۆستا کردوونی ئەوەندە کەمن، لە نرخی یادداشتەکانی کەم ناکەنەوە. چونکە یادداشتەکانی پڕن لە ڕاستی و ڕاستیی یش دڵی هەموو تێگەیشتوویەك و پێگەیشتوویەك کێشی دەکات.

لەسەر شۆڕشەکانی کورد دەکاتەوە

(ناحەزان)و (دوژمنانی کورد)و (فەرمانڕەوایی یە داگیرکەرەکان) وای بۆ دەست دەدان کە هەموو شۆڕشەکانی کورد بەدناوبکەن بەوەوە کە بە فیتی دەوڵەتە بێگانەکان هەڵگیرسێنراون. کە پێشەواکانی شۆڕشگێڕەکانیشمان. چاوبرسێتی و سایەو پایەو مایە کێشی کردوون بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشانەمان، نەك دڵسۆزی بۆ (کورد)و (کوردستان).

بەڵام مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) لەسەر شۆڕشەکانی کورد دەکاتەوە. لە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و ئاشکرادا، بە بەڵگەو بروانامەی مێژوویی یەوە، دەری دەخات، کە شۆڕشەکانی کورد هەمووی لەبەر زۆر وستەمی فەرمانڕەوایی یە داگیرکەرەکانی (ئێران)و (تورکەکانی عوسمانی)و (ئینگلیزەکان) بەرپابوون.

هەروەها شۆڕشگێڕانی کوردیش، نموونەی هەموو (نەتەوەی

هەوالنامەی پێشکەوتن

کورد) بوون. بۆ ئەوە شۆڕشەکانیان بەرپاکردووە، کە لە زۆروستەمی ئەو داگیرکەرانە ڕزگاربکەن. بۆ نموونە: شۆڕشەکانی (شێخ مەحمودی مەزن) چ بەرامبەر بە تورکەکانی عوسمانی، چ بەرامبەر بە ئینگلیزەکان، بە فیتی کەس و هیچ دەوڵەتێك هەڵنەگیرساون.

ئەنیا بۆ دەستکەوتنی بەختەوەری گەلەکەمان و ڕزگار کردنی کوردەواری لەدەست زۆرداری و هەژاری نەخوشی و نەخوێندەواری بەرپابوون. ئەمە ڕاستە (شێخ مەحمودی گەورە) خۆی نزیك خستۆتەوە لە کاربەدەستانی تورکی عوسمانی و ئینگلیزەکان بەڵام بۆ ئەوە خۆی لێ نزیك خستوونەتەوە تا لە ڕێگایەکی کورت و ڕاست و نزیکەوە، لەشێوەیەکی شیرین و بێ وەیدا، ئاواتەکانی کوردەواری بهێنێتەدی. بەڵام کە (شێخ) ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتانە، پەیمانی خۆیان ڕاناگرن و، (مافی کورد) دەخەنەلاوە، بۆشایی دەکەن، لێیان ڕاست بۆتەوە، چووە بە گژیاندا تا ناچاریان بکات دان بە مافی نەتەوایەتی کوردو کوردستاندا بنێن.

(شێخ مەحمود) پیاوێکی لێهاتوو، ئازاو بەجەرگ بووە، لە کاتگەلی دژیەوە حەزی بە سەربەرزی کوردو ئاوەدانی کوردستان کردووە. بێجگەلەوە هەموو گیان و سامانی خۆی لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی دا بەخت کردووە.

ئنجا ماموستا ڕەفیق حیلمی، بۆ بەڵگە قسەکانی شێخ مەحمود دەگێڕێتەوە، کە بەو پەڕی سەربەستی و ئازایەتی یەوە، لەبەردەم دادگەی سەربازی ئینگلیزەکاندا لە بەغدادا کردوێتی و، هوروژمی بردۆتە سەر خۆیان و دەوڵەتەکەیان، کە ناهێڵن مافی کورد، بە پێی ئاموژگاری یەکانی (وودرۆ وێڵسن) و (14) بەندەکەی و، پەیماننامەی (سیڤەر) سەربگرێ. هەروەها ئەو قسانەی (شێخی مەزن) بە بەڵگە دەهێنێتەوە، کە لەپاش گەڕانەوەی لە هیندستان، لەبەردەم خونکاری عیراق (فەیسەڵی یەکەم) و (بالۆیزی بەریتانیا) دا، بە هەموو سەربەستی یەکی خۆیەوە لە بەغدادا کردوێتی، لەبابەت گەلەکەیەوە. شێخ مەحمودیش ئەو شێخ مەحمودە بوو، کە لەپاش هاتنەوەی بۆ سلێمانی و کردنی بە فەرمانداری سلێمانی لەلایەن فەرمانڕەوایی بەریتانیاو فەرمانڕەوایی عیراقەوە، کە زانی نە لە لایەن تورکە کەمالییەکان و، نە لە لایەن فەرمانڕەوایی بەریتانیاو، نە لە لایەن فەرمانڕەوایی عیراقەوە، هیچی ڕاستەقینە بۆ کوردی ناکەن و، دەیانەوێ بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆیان، خۆی و نەتەوەکەی بچەوسێنێتەوە، بێ ئەمەی پرسێك بە هیچ لایەکیان بکات و، نرخێك بە چاووڕاوەکانیان و، درۆ و فێشاڵەکانیان بدات، (خونکاریتی)ی خۆی ئاشکراکردو، ناوی خۆی نا (خونکاری کوردستان).

ئا بەم ڕەنگە ماموستا ڕەفیق حیلمی ڕاستیی شۆڕشەکانی (کورد)و (شۆڕشەکانی شێخ مەحمود)و کەسایەتی شێخ مەحمود دەردەخات. بەڵام ماموستا ڕەفیق حیلمی کەم وکوڕیی فەرمانڕەوایی یەکەی شێخ مەحمودو هەڵەکانی شێخ مەحمودیش ناشارێتەوە. بە ئاشکرا دەریان دەخات. بە کورتی وا پێشان دەدات: کە شێخ مەحمود لەسەر بنچینەیەکی زانستی فەرمانڕەوایی یەکەی خۆی نەبردووە بە ڕێوە.

کاروباری گرنگی بە پیاوی زانا وکارامەو کارگوزار نەسپاردووە. جڵەویشی بەرداوە بۆ کەس و کارو دەس وپێوەندی نەزان و تێنەگەیشتوو و هەل پەرست و لەخۆبایی بوو:

لەڕاستی پشدا شێخ مەحمود لە کاروباری زرنگ کاریدا شارەزا نەبوو. لەناو ئەو هەموو گەرۆگێچەڵ و تەنگ وچەڵەمەو، گیروگرفتەپشدا کە داگیرکەران بەرپایان کردبوو، شڵەژابوو، سەری سوڕمابوو، نەیدەزانی چی بکات لەبەرئەوە ئەو کەم وکوڕیو هەڵانە بووبوونە شتێکی سوروشتی، دەبوو ڕووبدەن. ئەمە لە لایەکەوەو، لە لایەکی تریشەوە چاوبرسێتیی دەوڵەتە سوێندخواردەکان کە بریتی بوون لە (بەریتانیا)و (فەرەنسە)و (ئیتالیا)، کە چاویان بریبووە خاکی عوسمانی ئەوسا ئەمانە هەمووییان بوون بە هۆی ئەوەی (مافی نەتەوایەتی کورد) بخرێتە ژێرپێوە.

هەژاڵەمەی کێشێب

یادداشته‌کان پرن له زانستی گشت لایی

به بۆنه‌ی شۆڕشه‌کانی شێخ مه‌حموودی مه‌زنه‌وه، مامۆستا ڕه‌فیق حیلمی گه‌ڵێك ڕه‌ووشت و خووی بڵندی کورده‌واریمان پیشان ده‌دات. بۆ وێنه کورده‌کان به ده‌وڵه‌مه‌ندو هه‌ژاره‌وه، به گه‌وره‌و بچووکه‌وه، به ده‌سه‌ڵاتدارو بێ ده‌سه‌ڵاته‌وه، به خوێنده‌وارو نه‌خوێنده‌واره‌وه چۆن له ڕۆژی 1922/9/30دا چوون به پیر شێخ مه‌حموودەوه، (خۆش هاتی)و (پیرۆزبایی)یان لێ کردووه. هه‌روه‌ها چۆن هه‌موو دەم لاوه خوێنده‌واره‌کان و ڕۆشنبیره‌کانی ئه‌و سه‌رده‌مه [که خۆیشی یه‌کێك بووه له وان) له‌شێوه‌ی پێکه‌وه‌نانی کۆمه‌ڵه‌ی نهێنی و ئاشکرادا ڕه‌نجیان داوه، تێکۆشاون له‌پێناو ده‌سکه‌وتنی مافه نه‌ته‌وه‌یی یه‌کانی کوردو سه‌ربه‌خۆیی‌ی کوردستاندا. به‌م بۆنه‌یه‌وه مامۆستا ڕه‌فیق حیلمی ناوی یه‌ك دوویه‌ك له‌و کۆمه‌ڵانه‌مان بۆ ده‌هێنێ وەك (جه‌معی‌یه‌تی کوردستان)و (کۆمه‌ڵه‌ی سه‌ربه‌خۆیی‌ی کوردستان) که خۆیشی ئه‌ندامێکی کارگوزار بووه له‌ناویاندا.

مامۆستا ڕه‌فیق حیلمی به‌وه‌یش ناوه‌ستێ: مێژ ووی شه‌ڕی (چاڵدیران) ده‌گێڕێته‌وه، که به سایه‌ی له‌شکره‌کانی میرنشینی‌یه‌کانی کوردستانه‌وه، تورکه‌کانی عوسمانی له شه‌ڕه‌که‌دا له‌شکری (ئیسماعیل شاهی سه‌فه‌وی)ی ئێرانیان شکاندووه. که‌چی له‌پاش ئه‌وه خونکاره‌کانی تورکی عوسمانی له‌بانی چاکه‌دانه‌وه‌ی میره‌کانی کوردستان، چاویان بریوه‌ته میرنشینی‌یه‌کانیان و پیلانیان داناوه بۆ تێکدانیان، تا به‌ره به‌ره یه‌که یه‌که له‌ناویان بردوون و داگیریان کردوون.

به‌کورتی یادداشته‌کانی مامۆستا ڕه‌فیق حیلمی له‌سه‌ر یه‌که‌وه دۆستایه‌تی و مه‌ردایه‌تی و ئازایه‌تی‌ی کورده‌واریمان پیشان ده‌دەن، که چۆن به ڕاستی و دوروستی‌یه‌وه پەیمانی خۆیان له‌گه‌ڵ بێگانه‌کاندا ڕاگرتووه، له‌سه‌ر یه‌کی تریشه‌وه سڵه‌یی و ناپاکی و نامه‌ردی‌ی هه‌ندێ له‌و بێگانانه‌مان پیشان ده‌دەن، که چۆن (دڵپاکی)و (خۆش باوه‌ڕی)ی نه‌ته‌وه‌ی کورده‌یان بۆ که‌ڵکی ناپوخته‌ی خۆیان به‌کار هێناوه. که‌چی له‌پاشدا له‌باتی چاکه، خراپه‌یان له‌گه‌ڵدا کردوون.

بێجگه له‌مانه یادداشته‌کان له شۆڕشه‌کانی ڕا عه‌ره‌به‌کانمان ده‌دوێن، چ له عیراق و چ له جێگاکانی تردا، به تایبه‌تی له ساڵی 1920دا که کورده‌کان و عه‌ره‌به‌کان له عیراقدا، پێکه‌وه ئیایاندا به‌شداربوون.

ئه‌وه‌نده‌ی په‌یوه‌ندی‌یشی به کێشه‌ی کورده‌وه هه‌یه، له که‌سایه‌تی‌یه گه‌وره‌کانی جیهان ده‌دوێن، وەك (لینین)و (لوید جۆرج)و (مسته‌فا که‌مال)و (عیسمه‌ت ئینونو)و (چه‌رچل)و (میس بێل)و (مارك سایکس)و (وودرۆ وێلسن)و (کلیمه‌نسۆ)و (وه‌نزیلۆس)...

هه‌رچی فه‌رمانداره‌کانی ئینگلیز بوون، له کوردستاندا، مامۆستا ڕه‌فیق ناوی هه‌مووی‌ان به خراپه ده‌هێنێ له هه‌ڵسووڕاندنی کاروباری کوردستاندا، وەك (مێجه‌ر سۆن)و (کاپتان بۆند)و (کاپتان بیل)و ئه‌و فه‌رمانداراته‌ی له چه‌مچه‌مال و ئاکرێ و زیبارو ئامێدی‌دا کۆڕان، له ئه‌نجامی کرده‌وه ڕه‌ووشته خراپه‌کانیاندا. ته‌نیا له ڕه‌ووشت و کرداری (مێجه‌ر نۆئیل)و نیازی دڵی به‌رامبه‌ر به کورده‌وه دڵنیایه‌و به چاکی‌یه‌وه ناوی‌ده‌بات.

یادداشته‌کانی مامۆستا ڕه‌فیق حیلمی گه‌ڵێك به که‌ڵکن بۆ ئیمه‌ی کورده‌واری. چونکه بێجگه له‌وه‌ی دۆست و دوژمنیان بۆ له یه‌ك جیاکردووینه‌ته‌وه، ئه‌و په‌نده‌یشمان ده‌دەنێ: که ده‌بێ هه‌رچی‌یه‌ك ده‌که‌ین له پێناوی (راستی‌و داربه‌ڕوه‌ری‌دا بیکه‌ین، که ئه‌مه‌ش ڕێگه‌ی مرۆڤایه‌تی‌یه.

کتێبخانه‌ی کۆیه

تۆژینەوەیەک دەربارەی نووسینە تورکی یەکانی رەفیق حیلمی «١٨٩٨ - ١٩٦٠»

● مصطفیٰ نەریمان ●

رەفیق حیلمی

مامۆستای خوالێ خوش بوو رەفیق حیلمی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی و فەرەنسی بە خوێندن و نووسینەوە بە باشی دەزانی و لە هەر پێنج زمانەکەدا بلاوکراوەشی هەیە.

سەرەتای نووسینی رەفیق حیلمی لە تورکییەوە دەست پێدەکات لەم لایەنەوە خۆی دەڵێت (لە تەمەنی پانزدە ساڵیدا کە هێشتا لە قوتابخانەی ناوەندی ئەم خوێندە دەستم دابوو شیعر وتن، بەڵام ئەوسا کە خوێندن لە ولاتەکەماناو لە هەموو عیراقدا بە تورکی بوو منیش بە تورکی شیعرم لەهۆنیەوە، چونکە ئەیێ راست بڕوێن کە هێشتا پیری نیشتمان و میلەت لەوێ بمێنێ تەنانەت باسی هەرچی شتێک کە بەسیاسەتەوە پەیوەستی هەیێ وە شتێ کە پێتەهۆی رووناکی مێشکمان لەم لایەنەوە ڕێێ بەبیری ئێمەدا هاتنی نەزانی بوو وە نەیدوزیێوە، ئێجا دیارە کە ئەو شیعرانەی دەوری منالیم بڕیتی بوو، لە لاسایی کردنەوەیەکی ئەو شاعیرە تورکانە کە لەو سەردەمەدا ناوێکیان هەبوو و لە گۆڤار ونامیلکەکانی ئەو ڕۆژانەدا بەرچاومان ئەکەوت و ئەمان خوێندەوە، ئەک من وەیا ئەوانەی کە ئەو ڕۆژە لە تەمەنی منا بوون تەنانەت شاعیری بەرزو ناوداری کورد - عورفی بەگی دیاربەکری کە لەو ساڵانەدا لە کەرکوک مودیری تەحریرات بوو دوایی هاتە سلێمانی هەر بە مدیری و لەوێ ناسیم - کە یەکێ بوو لە نێشتمانپەروەرەکانی بتلیس هەر بە تورکی ئەیاتنوسی و شیعریان دانەنا، شیعرەکانی ئەو دەورەم ئەنارد بۆ ڕۆژنامەی - حوداث - کە لە کەرکوک بە زمانی تورکی دەرئەچوو).

نووسینە تورکییەکانی رەفیق حیلمی بە زمانی تورکی دەکەینە دوو بەشی سەرەکییەوە (یەکەمیان) ئەو بەشەیە کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوەتەوە (دووەمیان) ئەو بەشەیە کە بە کتێب و نامیلکە بڵاوی کردوەتەوە ئەو بەشەی کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوەتەوە بڕیتییە لەو نووسینانەی کە لە دوو ڕۆژنامەی تورکی (حوادث)و (نجمە)و دوو ڕۆژنامەی کوردی (ڕۆژی کوردستان)و (بانگی کوردستان)دا بڵاوی کردبوونەوە.

ئێجا با بپەنبە سەر هەر چوار ڕۆژنامەکەو بڵاوکراوەکانی مامۆستا رەفیق حیلمی:

یەکەم - (حوادث):

حوادث یەکەم ڕۆژنامەیە کە لە کەرکوک بڵاوکراوەتەوە، ساڵی 1327ی ڕۆمی بەرامبەر 11ی شوبات 1911ی زایین یەکەم ژمارەی لە کەرکوک چاپکرا، خاوەن ئیمتیاز (قدسی‌زادە محمد زەکی)و نووسەری ئەدەبی (قدسی‌زادە ئەحمەد عەدنی)بوو، ڕۆژنامەکە بە چوار لاپەرە، هەفتەی جارێک یاخود بە دوو هەفتە جارێک دەردەچوو بابەتەکانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و یاسا، کشتوکاڵ، هونەرو ئەدەبی بوو، ئەم ڕۆژنامەیە تا عوسمانییەکان

له کەرکوکدا بوون دەردەچوو و هەموو ژمارەکانی گەیشتە (138) ژمارە کە لەم لاو لەولا لای چەند کەسێك لە کەرکوك هەیە.

لەو ژمارانەی بەرچاوم کەوتوون لە نۆ ژمارەدا مامۆستا رەفیق حیلمی نووسینی تیادا بڵاوکردوونەتەوە، لەو سەردەمەدا رەفیق حیلمی قوتابی بوو لە ئەعدادی مولکی سلێمانی واتە ناوەندیو ئیعدادیو بەناو (کرکوکلی) رەفیق حیلمی) واتە (رەفیق حیلمی کەرکوکی) ئەم نووسینانەی بڵاوکردوونەتەوە:

1 ـ چوارخشتەکی لەسەر پارچە شیعرێکی (زین العابدین أفندی قابلی‌زادە) کە ناونیشانی (غروبە) بووە، لە ژمارە (69)ی ساڵی 1912دا بڵاوکراوەتەوە.

2 ـ چوارخشتەکی لەسەر پارچە شیعرێکی (قودسی) کە ناونیشانی (پەند پدە) بووە، لە ژمارە (71)ی ساڵی 1912دا بڵاوکراوەتەوە.

3 ـ پێنج خشتەکی‌یەك بە ناونیشانی (بێ‌هودە ئەیلەمە ـ بێ‌کەڵکی مەکە) لە ژمارە (73)ی ساڵی 1912دا بڵاوکراوەتەوە.

4 ـ پارچە شیعرێك بە ناونیشانی (مەنسی برمەوجود ـ واتە ـ کەسێکی وون بوو) لە ژمارە (74)ی ساڵی 1912دا بڵاوکراوەتەوە.

5 ـ پارچە شیعرێك بە ناونیشانی (زەوالی‌قوش ـ بانْدەی بەسزمان) لە ژمارە (77)ی ساڵی 1913دا بڵاوکراوەتەوە.

6 ـ پارچە شیعرێك بەناو (برنظیرە = بۆ بێ‌وێنەیەك) لە ژمارە (80) ساڵی 1913دا بڵاوکراوەتەوە.

7 ـ پارچە شیعرێك بەناو (بکای عشق ـ چرۆی دڵداری) لە ژمارە (81)ی ساڵی 1913دا بڵاوکراوەتەوە.

8 ـ پارچە شیعرێك بە ناونیشان (غزل غرام) لە ژمارە (89)ی ساڵی 1913دا بڵاوکراوەتەوە.

9 ـ پەخشانێك بە ناونیشان (مەحزون ئولوروم ـ دڵ تەنگ ئەبم) لە ژمارە (97)ی ساڵی 1914دا بڵاوکراوەتەوە.

لێرەدا یەك دوو کۆپلە لە شیعرەکانی رەفیق حیلمی ئەخەوێنم و لێکی ئەدەمەوە:

(بێ‌هودە ئەیلەمە ـ بێ‌کەڵکی مەکە یان بەفیڕۆی مەدە)

گوگل یاندم پتر ئارتق خەیاڵم تارمار ئێمە
بەکا ئەغیاری گولدەرمە بۆ گوگل ئاهـ و زار ئێمە
بیراق آلە ئیچون ئۆڵسون بۆ روحی داغدار ئێمە
جیهانی خون چەشملە حەزەن برلالەزار ئێمە
ولو دولوسەدە بر گوگل آنی سن ئاشکار ئێمە

واتە (دڵم سوتا بەسە ئیتر بیرو خەیاڵم پرش و بڵاومەکە، وا مەکە غەوارە پێمان بکەنێت دڵم پر لە گریەو زار مەکە، تۆیی خوا لێم گەڕێ ئەم روحی رەوانەم پر لە ئاخ و داخ مەکە، ئەم جیهانەش تۆ بە فرمێسکی خۆیناوی چاوەکانت رەنگاورەنگ مەکە، با ئەو دڵەش پر بێت لە ئاخ تۆ قەت نەکەی بیدرکێنیت)

لەدوا چوارینی هەمان چواریندا دەڵێت:

دلابودر حد ئەفغانك صوکی قەهرو نەدامتدر
مراق ایتمك، غموم ئولمق ئشتامتدر ئشتامتدر
گوزمدن دوگدیگم خوناب زموالمچون عەلامتدر
ئیدمرسەم عەشقمی ئیملان هەمان قویمش قیامتدر

(رەفیق) بر گول ایچون دەکمز اوزن هەر خارە یار ئێمە

واتە (ئەی دڵ بزانە سەرەنجامی خەم خواردن هەرپەشیمان بیە دوش دامان و پەستی بەدبەختی یەو بەدبەختی‌یە، ئەو خوێناوەی لە چاوم دەبارێت، نیشانەی لەناوچوونە، ئەگەر بێتو عەشقم دەربببرم قەیامەت هەڵ ئەسێت،

(رەفیق) ئەوە نایەنێت تۆ بۆ گوڵێك خوێ بکەیتە رەفیقی هەر کەج رەفتارێك)

لەو پەخشانەش کە بەناونیشان (دڵ تەنگ ئەبم) بە مەعناکەیدا دەڵێت:

(کە نەوجەوانێك دەبینم لە تەمەنی چواردە ساڵیدایە وەك پشکۆ تازە دەمی‌کردوونەتەوە بە زوڵم و ستەوکاری زوو لەچاو وون دەبێت من بەمە زۆر دڵ تەنگ دەبم کە دەبینم کچێکی نەونەمامی زۆر جوان

بەهەزار نازونیاز لە کۆشی دایکیدا گەورەبووە بدرێتە زاڵمێکی درندە بەمە زۆر دڵ تەنگ دەبم، هتد...)

سەرابا نووسینەکانی ئەو سەردەمەی رەفیق حیلمی لە رۆژنامەی حەوادثدا وەك خۆی ووتەنی (شیعری دەوری

هەولێر ئەرشیفی کێبڕکێ

منالی‌بوو) بربتی بوو له سۆزی دڵی لاوێکی تازه هەڵ چوو به تورکی‌یەکی ڕەوان و به تەعبیرێکی ئەدەبی سادەو جوان گرێ دڵی خۆی لەو ڕۆژنامەیەدا کردبووەوە، ئەم نووسینانە یەکەم هەنگاوی مامۆستابوو و لەوەوپاش دەرگایێکی بەرینی له ڕۆژنامەی (نەجمە)دا بۆ خرایە سەر گازی پشت.

دووەم: ڕۆژنامەی (نجمە):

هەرکە سوپای ئینگلیز گەیشتنە کەرکوك و لەو شارەدا ڕەگیان داکوتا، ڕۆژنامەی (حوداث)یان داخست و له جیاتی ئەو ڕۆژنامەی (نجمە)یان دەرکرد، یەکەم ژمارەی (نجمە) له ساڵی 1918 دەرچوو تا ساڵی 1924 (شکری عبدالأحد) بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بوو لەو ساڵەوە تا ساڵی 1926 (وەجدی ئەفەندی) بوو به بەڕێوەبەری، (نجمە) ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی)بوو، هەفتەی جارێك دەردەچوو.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی له بەرگی دووەمی یادداشتەکەیدا دەربارەی پەیوەندی خۆی بەم ڕۆژنامەیەوە دەڵێت:

(ڕۆژنامەکەیان خستەژێر چاوێری شکری عبدالأحدی مدیری مەکتەبەکەمان، شکی نیانیە شوکری جێ متمانەی حکومەت بوو، له ئەمری ئەوان نەدەچوومەدەر من هەرچۆنی بوو خۆم نێوەداو بۆ جاری یەکەم شیعری تورکیم نیابلاوکردەوە، زۆر له هاوڕێکانم پێیان خۆش بوو. تەنانەت ماجد له سلێمانی‌یەوە نامەیێکی ستایشی بۆ نووسیم منیش لەسەری ڕۆیشتم و جاربەجار شیعر یا وتارێکم نیابلاوەدەکردەوە، ڕۆژنامە کەوتە ڕەواج، شوکری دوارۆژی نەهاتبوە بەرچاو، ستایشەکانی خەڵقی بەلاوە خۆش بوو تا ئەو ڕۆژە له نەجمەدا سەرووتار نەدەنوسرا بەڵام من نەم هێشت که هیچ ژمارەیێکی بێ سەرووتار دەرچێت، باس و هەواڵی ئەو دەمە هەرهی شەڕەکەی تورك و یۆنان بوو. کەرکوك سەرەوتی نەبوو، لەوێ نیشتمانپەروەر ئەوە بوو که باسی سەرکەتنی لەشکری مستەفا کەمال بکات، ئەوانەی ڕقیان له ئینگلیز بوو لەشکستی لەشکری یۆنان دەدوان و بەمە دەردی دڵیان سارێژ دەکرد، بەڕاستی دۆستەکانی ئینگلیز زۆر کەم بوون و ئەمانەش لەناو خەڵقا بەچاوێکی سووك تەماشایان دەکرا. . ناوی من بەهۆی (نجمە)وە له هەموو باکوورەوا دەنگی دابووەوە له دیواخانەکانا باس باسی ڕۆژنامەی نجمەو وتارە بەتینەکانی ڕەفیق حلمی بوو، شوکری موفیر ڕۆژێکیان بانگی کردمە ماڵی خۆیان ئەو شەوە تا درەنگ بەخواردنەوەو قسەی خۆش ڕامان بوارد ئینجا باسی ڕۆژنامەکەی نەجمەی کردەوە، بەقسەی ئەو حاکمی سیاسی زۆری گلەیی له ڕەوشتی تازەی نەجمە بوو دەپوبست منی لێ دوور بخرێنەوە.

لەلایەکی ترەیشەوە ووتی لەبەر ئەوە که تورکی باش دەزانی‌و دەنووسی ئەگەر بێتو بەڵێنی ئەوە بدەی که بەپێچەوانەی مەرام و سیاسەتی ئینگلیزەکان نەجوولێیتەوە به جۆرێکی بۆت دادەنێن نەجمە بیەی بەڕێوە دەبانەوێ هەرتۆ بەسەر ڕۆژنامەکەوەبی‌و جگە لەمەش مەواجیبێکی قەڵەویشت بۆ دەبڕنەوە. من له وەڵامی شوکریبدا ووتم: ئەگەر وا نەکەم چی دەبێ؟ ووتی: لەپێش هەموو شتێکا تۆ دەردەکەن و دوای ئەوە لەبەر ئەم هەڵمەیە که کردوومەو ڕێی تۆم داوە به نووسین ڕۆژنامەکەشم لێ دەسێنەوە. ووتم: هەر ئەمەندە؟ ووتی: من دەڵێم ئەمەندە بەڵام دوور نیە ئەو لەمە زیاتریش بکەن. ووتم: وەکو چی؟ ووتی وەکو ئەوە له مەکتەب دەرت دەکەن و له عیراقیشت بکەنە دەرەوەو ڕەوانەی هندستانت بکەن. ووتم: گەشتێکی هندستان بەخۆڕایی. شوکری تێگەیشت که وشەکانی کەڵك ناگرێ‌و له دڵی منا جێی نابێتەوە، لەبەر ئەوە بڕیەوە. بۆ دووسبەی بەنامەیێکی ڕەسمی میللەر مفتشی ئیداری ڕێی نووسینیان له من گرت. دوای چەند ڕۆژێکیش به تەلگراف ئەمری گوێزانم وەرگرت کرابووم به مامۆستای قوتابخانەی نموونەی سەعادەت له سلێمانی له ڕۆژی 20ی ئابی ساڵی 1921دا)

بەپێی ئەوەی دەستم کەوتوون ڕەفیق حیلمی لەم ژمارانەی ڕۆژنامەی (نجمە)دا ئەم نووسینانەی بلاوکردوونەتەوە:

1 ـ له ژمارە (489)ی ڕۆژی 18ی نیسانی ساڵی 1921دا سەر ووتارێك به ناونیشانی (شۆرشی کۆمەڵایەتی چۆن دەکرێ؟)

2 ـ له ژمارە (490)ی ڕۆژی 20ی نیسانی ساڵی 1921دا پارچە شیعرێك به ناونیشانی (تۆ)وە.

هەوڵنامەی کتێب

3 ـ له ژماره (491)ی رۆژی 22ی نیسانی ساڵی 1921دا سەروتارێك به ناونیشانی (عراق و معارف).

4 ـ له ژماره (492)ی رۆژی 25ی نیسانی ساڵی 1921دا سەروتارێك به ناونیشانی (یونان بەپێی ئێروانی سەرەك وەزیرانی تورك)

5 ـ له ژماره (493)ی رۆژی 27ی نیسانی ساڵی 1921دا پارچە شیعرێکی شانزده دێری به ناونیشانی (شەوو خەیاڵی تۆ)وە.

6 ـ له ژماره (494)ی رۆژی 29ی نیسانی ساڵی 1921دا نووسینێك به ناونیشانی (بەرەو مرۆڤایەتی)یەوە.

7 ـ له ژماره (495)ی رۆژی 2ی مایسی ساڵی 1921دا سەروتارێك به ناونیشانی (نیشتمان)ەوە.

8 ـ له ژماره)496)ی رۆژی 9ی مایسی ساڵی 1921دا پارچە شیعرێك به ناونیشانی (گفتوگۆیێکی فەلسەفی له نێوان رەمەزاندا).

9 ـ له ژماره (499)ی رۆژی 11ی مایسی ساڵی 1921دا سەروتارێك به ناونیشانی (رابەرین پاش مردن)

10 ـ له ژماره (500)ی رۆژی 13ی مایسی 1921دا سەروتارێك به ناونیشانی (له ئەنادۆل سەرلەنوێ شەڕ دەستی پێ کردەوە).

11 ـ له ژماره (501)ی رۆژی 16ی مایسی 1921دا سەروتارێك به ناو نیشانی (مەلیکێك) بۆ عیراق).

ئەگەر بچینە ناوەخنی نووسینە تورکیەکانی ماموستا له رۆژنامەی (نجمە)دا دەبینین هەندێ بابەتی دڵداری له شیعرەکانیدا هەیەو هاتووە جۆرە فەلسەفەیێك و هەندێ هێمای تەسەوفی تیادا بەکارهێناوە ،بەڵام له نووسینە کۆمەڵایەتی و ئابوری و رامیاریەکانیدا زۆر بە ئاشکرا دژی داگیرکەر وەستاوەو داوای دامەزراندنی کۆمەڵێکی شارستانی کردووە له نووسینێکیدا داوای ئەوە دەکات شرکەتێکی گشتی بۆ سوردی گەل پێك بێت دەڵێت (بۆ چوونە پێشەوەو سەرکەوتن پێویستمان به شۆرشێکی نابووری هەیە. ئەم شۆرشە دەبێت شان بەشان شۆرشی کۆمەڵایەتی بروات و هەردووك پێکەوە ببنە بەردی بناغە، ئەم چەرخەی ئێمەی تیادەژین سەردەمی دامەزراندنی شرکەتی گشتییە چونکە بەهۆی ئەو هاریکاری کردنەوە کاری گەورە گەورەمان بۆ دێتەکایەوە، وەك راگێشانی خەتی شەندەفەر بۆ شارەکانمان، هێنانی ئوتومۆبیل له دەرەوە، دامەزراندنی خەتی تراموای ،دانانی هێزی کارەبا ـ ئەلکتریك ـ وە دەست خستنی کەل وپەل و شتومەك) له ووتاری (عراق و معارف)یشدا دەڵێت (به هەموو دڵنیاییەکەوە دەڵێم ئەگەر ئێمە بەم جۆرە بوەستین و له جێی خۆمانەدا بمێنینەوە ئەوا پێشکەوتنمان مەحاڵە، ئەمرۆ زانست و زانیاری باڵی کێشاوەتەسەر جیهان، ئێمەش وا له تاریکستانی نەزانیندا دەژین) لەلایەکی ترى ئەم وتارەیدا دەڵێت (له قوتابخانەیێکی بچوك له شاری عەمارەدا له کاتی دابەشکردنی پاداشت بەسەر قوتابیەکاندا، دانیشتوانی شار، باوکان پێنج هەزار روپیەیان لەناو خۆیاندا بۆ قوتابیەك هەڵارەکانی ئەو قوتابخانەیە کۆکردەوە هەروەها له شاری بەسرەش بۆ نوێکردنەوەی بیناى قوتابخانەیێك له ماوەی یەك سەعاتدا دە هەزار روپیە کۆکرابەوە، ئەمانە نمونەیێکی دڵ رفێن و دەبێت له هەموو گۆشەیێکی عیراقدا خۆی بنوێنێت) لەو سەردەمەدا دەنگە وباسی ئەوە بڵاوبووەوە کە یەکێك له کوڕەکانی مەلیك حسێن دەکرێتە مەلیکی عیراق، ماموستا رەفیق حلمی بەرامبەر ئەم دەنگوباسە له مایسی 1921دا سەروتارێکی نووسیو بیروڕای خۆی بەم جۆرە دەربڕی کە دەڵێت (یەکێك لەو شتانەی کارێکی گرنگ دەکەنە سەر هەر میللەتێك دانانی مەلیکە، مەلیك ئاوێنەی میللەتە بەڵکو بارۆمەتری میللەتە، ئەگەر ئەو ئاوێنەیە پەڵەدار بێت میللەتەکەی پەڵەدار دەنوێنێت، بوونی حوکمدار حەدیکی جیاوازکەرەوەیە له نێوان میللەت و مەملەکەت، وەك له رۆژنامەی (العراق)ی هاوڕێدا خوێندمانەوە.

عیراق هی دانیشتوانی عیراقە ئێمە ئەمە بە هەموو مانا گشتیەکەیەوە لامان پەسەندە، هێشتا ئێمە نە لەگەڵ ئەوانەین سەر بە مەلیك حسێن و نەش لەگەڵ ئەوانەن دژی وەستاون، عیراق بۆ عیراقیەکانە، ئەوی مەرجی تەواوی تیادانەبێت ئێمە بە مەلیکی عیراقی قبوڵ ناکەین. هەروەها وەك بیستومانە لەم رۆژانەدا هەڵبژاردنی نوێنەران دەست پێدەکات، دەبێت له کاتی هەڵبژاردندا دانیشتوان لەژێر هیچ تەئسیرێکدا نەبن، بە

هەواڵنامەی کێشە

هەموو ئازادی‌یەك نوێنەری خۆیان هەڵ بژێرن. دانان و هەڵبژاردنی مەلیکیش دەبێ بخرێتە دوای هەڵبژاردنی نوێنەرانی میللەت و بدرێتە دەست ئەو نوێنەرانەوە)

سێیەم: لە رۆژنامەی (بانگ کوردستان)و (رۆژی کوردستان)دا:

ئەوەبوو مامۆستا رەفیق حلمی لەسەر نووسینە شورشگێڕەکانی لە رۆژنامەی (نجمە)ی سەر بە ئینگلیز دوورخرایەوەو نەقڵی سلیمانیش کرا، سااڵێکی بەسەرنەچوو سەردەمی حوکمرانی شێخ مەحمود دەستی پێ کردو ئەم دوو رۆژنامەیە هاتنە کایەوە:

1 ـ رۆژنامەی (بانگ کوردستان) لە ساڵانی 1922و 1923 چواردە ژمارەی لێ دەرچوو لە ساڵی 1926یشدا سێ ژمارە. خاوەن ئیمتیازو بەرێوەبەرو سەرنووسەر (مصطفی پاشای یامووڵکی) بوو، محرر کوردی (علی کمال و م ـ نوری) و محرر تورکی (رەفیق حیلمی)بوو

2 ـ رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) لە ساڵانی 1922و 1923 لە حوکمرانی شێخ مەحموددا شانزدە ژمارەی لێ دەرچوو خاوەن ئیمتیازو بەرێوەبەر (م ـ نوری)و نووسەر (علی کمال)بوو.

ئەم دوو رۆژنامەیە بە کوردی و تورکی بوون جاربەجار چەند دێرێك یا پارچە شیعرێك فارسیشی تێدابوو.

مامۆستا رەفیق حلمی نووسەری بەشە تورکی‌یەکەی هەر دوو رۆژنامەکە بوو، بەناوی خۆیەوە لە بانگی کوردستاندا ئەم نووسینانەی بڵاو کردوەتەوە:

1 ـ هۆی دواکەوتنی کوردستان ،نووسینێك لە ژمارە (1)دا

2 ـ لە ژمارە دووداً، دوو نووسین ،(یەکەمیان) بە ناونیشانی (صنایع و معارف) تێدا گرنگی زانست و پیشەسازی دەردەبڕێت (دووەمیان) پارچە شیعرێك بە ناونیشانی (ئەخلاقی)یەوە باسی خووڕەوشتی پاك دەکات.

3 ـ لە ژمارە چواردا نووسینێك بە ناونیشانی (معارفسز برقومك حق حیاتی یوقدر ـ واتە قەومی نەخوێندەوار مافی ژیانی نیە).

لە رۆژنامەی رۆژی کوردستانیشدا ئەم نووسینانەی هەیە

1 ـ پارچە شیعرێك بە ناونیشانی (بوزلی داغلردن) واتە (لەچیا زۆر سارەکانەوە)و لە ژێربدا نوسراوە (شاعر وطن پرور رفیق حلمی أفندی طرفندن گوندرلمشدر، واتە، لەلایەن شاعیری نیشتمانپەروەر رەفیق حلمی ئەفەندیی‌یەوە بۆمان هاتووە.

2 ـ لە ژمارە سێ، هەمان رۆژنامەدا پارچە شیعرێك بەناونیشانی (وطن امدادینە ـ واتە ـ بگەنە فریای نیشتمانەوە)

نووسینە تورکی‌یەکانی رەفیق حلمی لە فەرمانڕەوایی شێخ مەحموددا مۆرکی کوردایەتی پێوە ئاشکراو دیارە، بانگەوازێکە بۆ یەك گرتن و وەرگرتنی خووڕەوشتی چاك و ڕووکردنە فێربوون و پیشەسازی‌و خوێندەواری، لە ژمارەیێکی بانگی کوردستاندا دەڵێت (یەکەم هۆی دواکەوتنمان نەخوێندەواری‌یە ئێستا وادەبینین نەتەوە تازە پێشکەوتووەکان شان بەشان نەتەوە خاوەن مێژووەکان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن، کەچی کوردی بەدبەخت هێشتا لەناو گۆمی ئەفسانەدا دەژی ،ئەم راستی‌یە هەرچەندە قورس و گرانە بەلام دەبێت دانی‌پابنێین کەوا میللەتی ئێمە هێشتا نەگەیشتوونە حەدی بلوغ، میللەتێك کە بیەوێ بگاتە ئەو حەدە دەبێت بیسروڕای نوێ وەربگرێت ئەمەش بە هۆی خوێندن و خوێندەواری‌یەوە دەست دەکەوێ بۆ ئەوەی مێشکمان ڕووناك بێتەوە دەبێ زانستی نوێ وەربگرین، ڕادەی زانیاری هەر میللەتێك بە ژمارەو چەشنی قوتابخانەکانی دەپێورێت، بەردی بناغەی کۆمەڵمان ئەوەیە دەبێ بە چرای زانستی شەوەزەنگی نەزانین لەناوبەرین ،هەوڵ بدەین لە خوێەرستی خۆمان دوورببخەینەوە بە دڵسۆزی‌یەوە کوردایەتی بکەین، با بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەمان بکۆشین) لە پارچە شیعرەکەی رۆژی کوردستانیشدا دەڵێت (لە چیا زۆر سارەکانەوە ئاڵگەکان بە ئاوی زیوین داوێنی چیاکان ئاوەڕژێن دەکەن، ئەی کوردستان من مەفتونی ئەم، ئەو زۆر جوانیت، ئەو دڵ کەشیت، لە ئەو پیرۆزتر هیچ شوێنێك شك نابەم، ئەو دنیاو بەهەشتی منی لەناوئەوا چاوم هەڵیناوە، ئەو مەڵبەندمی، گوڵکوکەشم هەر لەناو جەرگی ئەوا دەبێت).

ئەگەر بێتو ئێمە هەموو نووسینە تورکی‌یەکانی مامۆستای

خوالێ خۆشبوو لەم چوار رۆژنامەیەدا بخەینەروو شی بکەینەوە مەگەر تۆو لۆی کتێبێک بیگرێتەخۆی، ئەگینا لە کۆرو دانیشتنێکی وەک ئەمرۆدا مەگەر گوڵدەستێک هەڵبژاردەتان پێشکەش بکەین و بەس لێرەدا دەیێ ئەوشمان لەبیر نەچێت کە یەکەم پارچە شیعری کوردی خۆی لە ژمارە دووی بانگی کوردستان بە ناونیشانی (بۆ کوردان) بڵاوکردوەتەوە کە تیادا دەڵێت:

هەست ئەربابی غیرەت بێدەنگ ئیمحا دەکا
ئەو کەسەی صاحب حمیەت بێ وەتەن ئیحیا دەکا
یەعنی ئەولاد وطنی موحتاج عیلم و صنعەتە
گر وطنپەور بێ شخص مەکتەبێ ئینشا دەکا
نورعیلم و معرفت وا شەرق وغەربی گرتەوە
قەوم ئێمە تازە تەعلیم خط و إملا دەکا

بەشی دووەم:

نامیلکەو کتێبە تورکیەکانی رەفیق حیلمی:

دکتۆر (شکری محمد سەگبان) یەکێک بووە لە رۆشنبیرەکانی کوردی تورکیا ،لە ئەوروپا خوێندن تەواو دەکات و بە پزیشکی دەگەڕێتەوە وواڵات و لە ئەستەمبوڵ دادەنیشێت، رۆژنامەی (کوردستان) کە لە ساڵانی 1917و 1918 محمد میهری دەری دەکرد بەم چەشنە بەتورکی ئەم دەنگوباسەی بڵاو کردوەتەوە (دکتۆر محمد شکری بك - ئەم دکتۆرە زانا و بەڕێزەمان رۆژی هەینی ڵێدەرچێت هەمبو رۆژ بك لە بەیانییەوە تا ئێوارێ بەرامبەر قوتابخانەی غلطە سرای لە ئوتیلی سعید پاشا پێشوازی نەخۆشەکان دەکات و بە شێوەیەکی نوێ چارەسەری نەخۆشی پەکانیان دەکات) ئەم روناکبیرە لە کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردیپەکانی ئەو سەردەمەدا دەبێتە ئەندام و داوای مافی کورد دەکات، پاش نوشوستی هێنانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە تورکیادا، مستەفا کەمال فەرمانی گرتنی دەردەکات ئەمیش لەگەڵ خلوصی بەگە و زین العابدین ئەفەندیو بە دەیان لە نیشتمانپەروەرانی کورد روو دەکەنە خاکی عیراق و دەبنە پەناهەندە ئەمە لەدوا ساڵەکانی بیست، لە بەغداد پەیوەندی لەگەڵ محمد ئەمین زەکی و توفیق وەهبی و رەفیق حیلمیدا دەبەستێت، شکری محمد سەگبان چەند کتێبێکی چاپ کردبوو لەوانە یەکێکیان لە ساڵی 1923 لە بیرۆت بە ناونیشانی (کوردلر تورکلردن نەئیستیورلر؟ واتە کوردەکان لە تورکەکان چی یان دەوێت) لەم کتێبە بەرپەرچی ناتبی دیاربەکر فەیض بەگی داوەتەوە کە کوردبوەو تورکچێتی کردووە، شکری سەگبان لە عیراقدا زۆر ڕێزی گیراوە ،لە سەرەتای سی یەکاندا دەچێتە پاریس وادیارە لەوێ کاربەدەستانی تورك پێوەندی پێوە دەکەن و کاری تێ دەکەن ئەویش بیروباوەری پێشوی گۆڕێو دەچێتە ریزی کوردە تورکیزمەکان و بۆ ڕەزامەندی کاربەدەستانی تورك لە پاریس کتێبك بە فەرەنسی بە ناونیشانی (گیروگرفتی کورد - المسأله الکردیه له ساڵی 1933 له چاپ دەداو بڵاودەکاتەوە، ژمارەیێك لەم کتێبە دەکەوێتە دەست مامۆستا رەفیق حلمی مامۆستاش لە ساڵی 1935دا نامیلکەیێك بە تورکی بە ناونیشانی (کورد مسألەسی صفحاتندن - چەند لاپەرەیێك لە گیروگرفتی کرد) لە چاپ دەداو بڵاودەکاتەوە لەم کتێبەیدا بیرورا هەڵەکانی شکری سەگبان بەرپەرچ دەداتەوە کە تیادا ئەوەی دەربڕیبوو کە کورد نە لە ڕەگەزی ئاریپەو نەسامی بەڵکو دەچێتەوە سەر ڕەگەزی طورانیو داوای کردبوو کوردو تورك یەك بگرن و پێکەوە بژین هەروەها کوردی لە ماد جیاکردوەتەوە، رەفیق حیلمی ئەوەی دەربڕیبوو کە شوکری سەگبان دوو شەخسیەتی جیاوازی هەیە لە شەخسیەکی ژمارە یەکەمدا کوردپەروەر بووە کەچی لە شەخسیەتی ژمارە دووداچوونە کۆشی تورکیزمەکان و پشتی لە کوردایەتی کردووە.

لە ساڵی 1954دا مامۆستا رەفیق حیلمی ئەم کتێبە تورکیپەی لە شێوەی ریزە مەقالانێکدا کردە عەرەبیو لە ڕۆژنامەی (الایسام)ی بەغدادی بڵاوی کردەوە لە ساڵی 1956یشدا ئەم مەقالانەی لە کتێبکی سەربەخۆدا لە چاپداو بڵاوکردەوە.

وەك لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ساڵانی سیدا چاوم پێ کەوتوە رەفیق حلمی ڕۆمانی (ڕۆستەم)ی لە تورکیپەوە کردوەتە کوردی بەڵام هەرچەندە کۆشام و گەرام سەرو سۆراخێکی ئەو ڕۆمانەم دەست نەکەوت وا بەدەستمەوەیە لە رۆژانی داهاتوودا کارە تورکیپەکانی مامۆستای خوالێخۆشبوو کۆبکەمەوەو زیاتریان لەسەر بنووسم.

هەواڵنامەی کتێب

رەفیق حیلمی و سەرەتای پەخشی زانستی لە ئەدەبی کوردیدا

«ئەی رەفیقی موحتەرەم ئەی شاعیری شیرین مەقال
هاتەبەر مەدی نەزەر فکرت وەکو ئاوی زولال
من ئومێدی گەورە گەورەم پێتە بۆ ئەم میللەتە
حەیفە سەرفی فکری خوت کەی تۆ لە زولف و خەتوخاڵ

- زێوەر -

دەتوانین بە بەڵگەوە بێ سەلمێنین، کە رەخنەی هاوچەرخ و زانستی لە ئەدەبی کوردیدا لە رەفیق حیلمیەوە دەستی پێ کرد. بڵاوبونەوەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بەرگی یەکەم ساڵی (1941) بزوتنەوەو گۆڕینی ئەواوی خستەناو جیهانە کپ و کۆنەکەی رەخنەوە بە جۆرێك ئەو پێوانەو بۆچوون و کەرەسە رەخنەگریانەی لەو کتێبەدا هاتبوە ناوەوە ئەك بۆ ئەو سەردەمە، کە چل وچوار ساڵ لەمەوپێش دەکات، بەڵکە هەندێکیان ئێستاش بەکاردێن و رەخنەگر دەبێت لە نزیکەوە شارەزایان بێت.

باری رەخنەی ئەدەبی کوردی پێش دەرچونی شیعرو ئەدەبیات نووسین و بۆچونی ئەو تۆی تێدا نەبوو کە شیعری شاعیرە کوردەکان لێك بداتەوەو هەڵیان بسەنگێنێ و نرخی فیکری و هونەری خۆیان بداتێ. ئەو هەوڵانەی کە هەبوون بە لای ئێمەوە لەلایەن چوار کەسەوە خرابونەروو

هەوڵی یەکەم زنجیرە نووسینەکەی شێخ نوری شێخ سالح لە (ژیان)دا ساڵی - 1926 لە ژمارە (20) بەناوی (ئەدەبیاتی کوردی) - ئەم زنجیرە نووسینەی شێخ نوری تایبەت نەبوو بە هەڵسەنگاندن و نرخاندن و رەخنەڵێ گرتنی بەرهەمی شاعیرێك یاخود رێبازێکی ئەدەبی یاخود قۆناغێکی ئەدەبی کوردی بەڵکە بریتی بوو لە باس کردن و ئەوە بۆهێنانەوە بە شیعر بۆ باساگشتیەکانی شیعر لە رووی شێوەو ناوەرۆکەوە. ئەم بەرهەمەی شێخ نوری ئەگەرچی زۆر لەوەی رەفیق حیلمی کۆنترە لە رووی مێژووەوو نرخی تایبەتی خۆی هەیە بەڵام لە رووی کارێ کردن و تایبەتیەتی شیعری کوردیو لێکدانەوەی بەرهەمی شاعیرە کوردەکان وەك شتێکی تیوریو گشتی مایەوە.

شێخ نوری لەو زنجیرە نووسینەدا دیارە پشتی بە چەند سەرچاوەو کتێب بەستبوو چونکی نووسینەکە خۆی باسی زانست و باسا گشتیەکانی شیعرو ئەدەب دەکەن، ئەو سەرچاوانەش کوردی نەبوون، بەڵام بەداخەوە نووسەر ناوی سەرچاوەکانی نەبردوە.

هەوڵی دووەم لەلایەن - رەشید نەجیب - ەوە بوو. ئەمیش بە زنجیرە وتارێك کە نزیك بوو لە مەبەستەکانی زنجیرە وتارەکەی شێخ نووری لە رۆژنامەی ژیان - دا ساڵی - 1928 - دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەیان.

هەوڵی سێیەم لەلایەن پیرەمێرد - ەوەبوو، ئەمیش هەروەك ئەوەی کە لاسایی شێخ نووریو رەشیدنەجیب - ی کردبێتەوە لە رۆژنامەی ژیان دا ساڵی - 1932 - بە زنجیرە چەند نووسینێکی دەربارەی باسا گشتیو بنەڕەتیەکانی شیعرو ئەدەب بڵاوکردەوەو تایبەت نەبوو بە رەخنەو هەڵسەنگاندنی شاعیرانی کورد.

هەوڵی چوارەم لەلایەن عەلی باپیر ئاغا - ی شاعیرەوەبوو لە کتێبی - گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم - دا ئەم کتێبە لە دوو لایەنەوە تەماشا دەکرێت:

لایەنی یەکەم ئەوەیە وەك ئەو زنجیرە نووسینانەی باسمان کرد دەربارەی شیعرو ئەدەب ئەم زانستی نەبوو وە هیچ سەرچاوەیێکی بۆ یەکار نەهێنابوو تەنها بیرو لێکدانەوەو چێژی شیعرو شاعیریەتی خۆی نەبێ.

لایەنی دووەم کە رێگای سەرکەوتنی بۆ خۆش کردوەو جێگەی سەرنج دانە ئەوەیە کتێبەکە تایبەتە بە شیعری چەند شاعیرێکی ناسراو و ناودار کوردی ئەو رۆژگارە، بە چەند بەستەیێکی کورت وەك پێشەکیەك باسی ساڵی لەدایك بوون و پلەی خوێندن و جۆری وەزیفەی شاعیرەکان دەکات و بە دوو سێ بەستە پارەی شاعیریەتیان

هەڵ دەسەنگێنێت ئەوەندەی کە خۆی لە شیعرو ئەدەب و بەرهەمی ئەو شاعیرانە گەیشتبێ ئێجا یەك دوو شیعری شاعیر بۆ نمونەی شاعیریەتیان دەنووسێت.

ئەم کتێبەی عەلی باپیرئاغا ساڵی (1939) بڵاوبووەوو وەك مێژوو دوو ساڵ پێش بڵاوبونەوەی کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی ڕەفیق حیلمی بوو. ئەگەر بێت و بەراورد بکەین لە نێوان کتێبی - گوڵ دەستەی - عەلی باپیرئاغاو شیعرو ئەدەبیاتی ڕەفیق حیلمی لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوا نیسبەت لە نێوانیان دا نیە چونکە - گوڵ دەستە - دانانرێت بە لێکۆڵینەوەو ڕەخنە سەبارەت بە شیعری ئەو شاعیرانەی باس کراوە بەڵکە تەنها چەند بیروڕایێکی تاکەکەسی ڕاگوزاریە.

ئەگەر چی هەر لە ساڵی - 1926 - ەوە کە ڕۆژنامەی - ژیان - دەرچووە هەتا ساڵی - 1941 - کە شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بڵاوبووەوە ناوبەناو پیرەمێرد لەو ڕۆژنامەیەدا باسی شاعیرێك یاخود نووسەرێکی دەکرد وەك نالی و حەمدی و مەحوی و شێخ ڕەزا و گۆران. بەڵام ئەم لێدوان و لەسەر نووسینانەی پیرەمێرد «جگە لە نووسینەکەی لەسەر گۆران و حەمدی» ئیتر هەموویان بەبۆنەی لە چاپ دانی دیوانەکانیانەوە بووە.

ئەو نووسینانەی پیرەمێرد ناچێتە ڕیزی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی بەرهەمی شاعیرەکانەوەو زیاتر باس کردنی شاعیرەکەیە نەك شیعرەکانی.

ئێجا لەم کەم و کوڕیو دەگمەنی ڕەخنەیەدا ساڵی (1941) کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی کەوتە بەرچاوی ئەدیبیان و خوێندەرانی ئەدەبی کوردی، بووە جێی ڕەزامەندیو بایەخ و لەلایەکی تریشەوە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بووە سەرچاوە بۆ هەر نووسەرێك ویستێتی سەبارەت بە شیعرو ئەدەبی کوردی بنووسێت. لەدوای ئەمەش پاش تێپەڕینی پانزە ساڵ بەسەر دەرچونی بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا واتە ساڵی 1956 ڕەفیق حیلمی بەرگی دوەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بڵاوکردەوە.

ئەمجارەیان وەکو ڕەخنەگرێکی پێگەیشتو و دەوڵەمەند بە ڕۆشن بیری ڕەخنەیی و کەرەسە زیندوەکانی ڕەخنە هاتە پێشەوە. بەم کارە نەمرو گەورەیە ڕەفیق حیلمی بوە سەرەتای ڕەخنەی زانستی لە ئەدەبی کوردیدا بەمە ماڵی ئەدەبی کوردی ئاوەدان کردەوەو مێژوی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ئاوەدان کردەوەو مێژوی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ دەست نیشان کردین ئێستا دەتوانین بڵێین مێژوی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا مێژویەکی دوورو کۆن نیە بەڵای منەوە وەك بەڵگەوە لەم نووسینەدا. دەی سەلمێنین لە بڵاوبونەوەی بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی ڕەفیق حیلمییەوە دەستی پێ کرد وەك لە سەرەتادا ووتمان دەکاتە چل و چوار ساڵ لەمەوپێش.

بەرگی دوەمی ئەم کتێبە گەڵێ جیاوازی هەبوو بە بەراورد لەگەڵ بەرگی یەکەمدا. لە بەرگی دوەمدا هەڵسەنگاندنە ڕەخنەییەکانی نووسەر زانستیتر و مەوزوعیتر دەردەکەون. هەر سێ لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی شێخ نوری و گۆران و دڵدار سەلماندی کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی شان بەشانی نوێ بوونەوەو داهێنانەکانی جیهانی نوێی شیعری کوردی لە ڕێگادان. لە ڕێگەی شیعرەکانی دڵدارو شێخ نوریو گۆران - ەوە قۆناغی وریابونەوە - ڕابەڕین - النهضه - و نوێبونەوە - التجدید - ی لە ئەدەبی کوردیدا دەست نیشان کرد. نووسەر بەمەوە نەوەستاو ساڵی (1958) لە گۆڤاری - پێشکەوتن و - شەفەق - دا دەستی دایەوە نووسین سەبارەت بە مێژوی ڕەخنە بە گشتی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە تایبەتی بە زنجیرە ئەم هەوڵە نەمرەی پەرەپێدا. لێکۆڵینەوە پر بایەخ و زانستیەکەی بەناوی - ئینقلاب لە شیعری کوردی - دا - کە ساڵی 1958 لە گۆڤاری - پێشکەوتن - دا بڵاوی کردەوە بووە ڕابەرێکی زانستی بۆ هەموو ئەوانەی دەیان ویست لە مەسەلەی نوێبونەوەی شیعری کوردی بگەن.

بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی باسی چوارده

شاعیر دەکات، نووسەر ئوسلوبێکی تایبەتی خۆی گرتووە کردوویەتیە بەرنامەیێکی ڕەخنەیی و لە بەرگی دووەمیشدا هەمان بەرنامەی بەکارهێناوە ئەویش باس کردنی کەسێتی شاعیرەکەیە لە سەرەتاداو جا لێکۆڵینەوەو ڕەخنە سەبارەت بە شیعرەکان. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا مەبەستی خۆی لەو نووسینانە ئاشکرا دەکات و دەڵێت [ئەم چەند لاپەڕەیە کە ئاوێنەیەکە - صورەت وسیرەتی - هەندێ لە شاعیرە ناوداڕەکانی کوردستانی عیراق بە وێنەی دەسکەگوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ و بۆن خۆش دەرئەخا کە هەر گوڵێکی لە باخێك هەڵ بژێررابێ پێشکەش لاوانی کوردو بە تایبەتی پێشکەشی ئەو قوتابیە خوێندەوارانە ئەکەم کە لە قوتابخانە بەرزەکان دا ئەخوێنن و لەوێدا لە شیعرو ئەدەبیاتی کورد شتێکیان بەرچاو ناکەوێت. ئەگەر بەم - سیپارە - بچوکە توانیبێتم کە گیانی - ڕۆحی - ئەدەبی ئەوان بجوڵێنمەوە، هەر تەقەلایەك کە بۆ پێك هێنان و وەدرهێنانی بەرگی دووەم ئەیدەم لەلام سوك ئەبێ و گیانی نیشتمان پەروەریم تازە ئەبێتەوە][2]

لێرەدا نووسەر چوار مەبەست دەست نیشان دەکات:-

1 - مەبەستی ئەوەبووە شیعرو ئەدەبی کوردی وەك هەر یەك لەو بابەتانەی لە زانکۆکاندا قوتابیانی کورد بە دەرس دەیخوێنن ئەم بەرهەمەی ئەویش بتوانێ وەك یەکێك لەو دەرسانە لە زانکۆدا بخوێنرێ بەمەبەش دیارە قوتابی کورد لە مێژ وی زمان و ئەدەبی میللەتەکەی شارەزا دەبێ کە زمان و ئەدەبیش یەکێکە لە خاسیەتە بنەڕەتیەکانی بوونی هەر میللەتێك.

2 - نوسەر ویستویەتی بەو کارە گیانی ئەدەبی لەو خوینەرو قوتابیانەدا. دورست بکاو گەشەی پێبدات چونکە. دیارە کە گیانی ئەدەبی لە هیچ ڕوژگاریکدا لە گیانی نەتەوەو خوشی و نەخوشیەکانی لە ئازارو ئاواتەکانی جوی نەبوتەوە...

3 - ئەم کارە لای ئەو دەبێتە نوێبوونەوەو بەگوڕبوونەوەی ئەو گیانی نیشتمان پەروەریەی کە هەر لە سەرەتای تەمەنەوە نووسەر خولیای بووە لە ناخیدا ژیاوە...

4 - ئەو کتێبە سەرەتاو ڕێخۆش بونێك بووە لای نووسەر بۆ نووسینی بەرگی دووەم. ئەوەبوو سالی - 1956 - بەرگی دووەمی چاپ کرد.

ئەگەر مەرگ مۆڵەتی بدایە نیازی وابوو بەرگی سێیەمیش لەم کتێبە بە نرخە بنوسێت و بڵاوی بکاتەوە. نوسەر دەڵێت «هەوڵ ئەدەین کە ناوبەناو چەند بوێژێك لەناو ئەمانەی کە باسیان کراوە بە تایبەتی لەوانەی دیوانێکی لە چاپ دراویان نیەو یا شتێکیان دەربارە نەنو سراوەتەوە هەڵبژێرین و نامیلکەی سێهەمی لێ ڕێك بخەین»[3]

ئەمە دەربارەی پێشەکی بەرگی یەکەم و لە پێشەکی بەرگی دووەمیشدا گەلێ زانیاری بەسوودی بۆ تۆمار کردوین و ڕایێکی گرنك دەربارەی دەوری ئەدەب لە گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵدا دیاری دەکات و دەڵێت:

«بوێژەکان و ئەدیبەکانی کورد بەرامبەر بە قەومی خۆیان پێویستیەکی گەورەیان لەسەرە، مێژوو لە دوا ڕۆژ لەناو وێژەو وتارەکانی ئەوانا بۆ هۆی دواکەوتن و، پێشکەوتنی کورد ئەگەڕێ»[4] ڕەفیق حیلمی ویستویەتی بڵێ - ئەدەب ئاوێنەی میللەتە - شاهێدی ڕاست گۆی ئەو سەردەمەیە کە تیایدا لە دایك دەبێ. لەلایەکی کەی پێشەکیەکەدا چەند زانیاریەکی نوێمان پێشکەش دەکات ئەویش ناوهێنانی چەند شاعیرێکی هاوچەرخە کە ڕۆڵێکی دیاریان لە ئەدەبی کوردیدا بینیوەو هەندێکیشیان دەستیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبوەو نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئەمانە لە شاعیرە بەرزەکانن و بەڵام پێویستی بە کەسانی دڵسۆزو شارەزا هەیە کە بەرهەمیان بدۆزێتەوەو بیان خاتەروو چونکە تا ئەو کاتەی نووسەر ئەمەی نووسیوە بەرهەمیان زۆر کەم بگرە نادیار بووەو بەداخەوە هەتا ئێستاش چ وەك کتێب و یاخود لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکان دا هیچ شتێك دەربارەی ئەم شاعیرانە نەنووسراوەو شیعریان لە کونجی تاریکی لەبیرچونەوەو وون بوندا ماونەتەوە، نووسەر دەڵێت: «ڕەشید قادر ئاغا - برا بچوکی محمود ئەفەندی قادر ئاغای

رەئیسی پێشوی بەڵەدیەی سلێمانیبوە بەڵاوی‌و لە کاتی شەڕی گەورەی یەکەما ئەمری خوای‌کرد». [٥] رەفیق حیلمی ناوی ئەم شاعیرانەی لە ڕیزی نالی‌و مەحوی‌و هجری‌و شێخ ڕەزاو مەولەوی‌دا نووسیوە هەروەها ناوی ئەم شاعیرانەشی نووسیوە کە بەداخەوە بیرچونەتەوەو شیعریان دیار نیەو نووسەر لە ڕیزی شاعیرە - تازەوتجدد پەروەرەکاندا ناویان دەبات. ئەمەش ناوی ئەو شاعیرانەیەو تکایە هەر ڕۆشن بیرێك شیعری ئەمانەی لەلا هەیە لە بڵاوکردنەوەیان دریغی نەکات چونکە سامانێکی گرنگی ئەدەبیمانە:-

1 مستەفای شێخ سەلام

2 - سەعیدفەوزی

3 - ئەورەحمان بەگی نفوس

4 - بێباك

5 - شارەزووری. تەنانەت نووسەر سەبارەت بەهەم شاعیرانە پێدادەگرێت و دەڵێت و «هەموو شاعیرن، هەندێکیان لەوانەن کە ئەشێ بەتایبەتی نامێلکەیەکیان دەربارە بنووسرێتەوە». [٦] ئەمجا کە تەماشای سەرانسەری نووسین و ڕەخنەو لێکۆڵینەوەکانی نووسەر دەکەین لە ڕادەی ڕۆشن بیری‌ی ڕەخنەیی‌و توانای سەلماندنی زانستی بە بەڵگەو چۆنیەتی بڕیارەکانی تێدەگەین ئەوی ناشکرایە هەر ڕەخنەگرێك بەرنامەی ڕەخنەیی خۆی هەیەو کەرەسەی ڕەخنە گرەکەی ڕادەی ڕۆشن بیریەتی ڕەخنەگر کاتی باسی شیعر دەکات لە دوو لایەنەوە لێکی‌دەداتەوە یەکەمیان لایەنی ستاتیکی شیعرەکەو کاری هونەرکاری‌و سەلیقەی شاعیر، لایەنی دووەم بابەتی شیعرەکەو جۆری بیرکردنەوەی شاعیرەکەیە.

سەبارەت بەلایەنی یەکەم با تەماشای ئەم واتاو وشانە بکەین کە ڕەخنەگر بەکاری دەهێناو هەریەکە لە جێگای خۆیدا دادەنا وەك ئەم وشەو واتایانە «وەسف، شعوری قەومی، فەلسەفەی ژیان، کلاسیك، ڕۆمانتیك، واقیعی، سنعەت، مەقسود، الضرورە المقبولە، نعت، سەلیقەی ئەدەبی، شیعری چیرۆك، تەفکیری عەسر، نظم، نثر، تجدد پەروەر، زەهراوی شارستانیەت، بۆدەقەی ئەدەبی، صورت و سیرت، تعلیل، تشبیەو إستعارە، جناسی تام، صدرو عجز، الأصوات المتألفە، الأصوات المتنافرە».

دەربارەی لایەنی دووەمیش هەمیشە هەوڵی داوە ڕادەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی خۆی‌واتەی - فکری قەومی - لە شیعری شاعیرەکاندا بدۆزێتەوەو دەست نیشانی بکات. بۆ نمونە دەربارەی (ئەسیری) شاعیر دەڵێت:- «تا ئێستە ئێمە توشی شیعرێکی غرامی نەبوین و لەمەش وا دەرئەکەوێت عەشقی وڵات ئەوی کردوە بە شاعر ئەگینا لەبەر ئەوە نیە کە شاعیر بێو ویستبێتی پەیڕەوی شاعیرانی عەسری بکاو شیعری نیبشتمانیش بڵێ» [٧] هەروەها سەبارەت بە - بێخود - دەڵێت:-

«بەڵام ئێمە بێخودمان بۆ ئەم نەوعە شیعرو سەناعەتانە ناوێو نامانەوێ کە ئیتر وەسفی زولف و پرچمان بۆ بکا وەیا مەرسیە بۆ مردوو بنوسێتەوە حەتا نایشمانەوێ هەر بە مەجبوری پێغەمبەرەوە خەریك بێو بۆ ئاخیرەتی هەوڵ بدا بەڵکو هیوامان وا پێیەتی کە ماوەی عومری خۆی سەرفی دیوانێکی عەسریو تازە بابەت بکا بۆ شیعری بەرزو ڕەنگینی نیشتمان پەروەرانە». [٨]

ڕەفیق حیلمی لەو ڕۆژگارەدا پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان شیوەو ناوەڕۆك دەدۆزێتەوە. شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دەکات بە نمونەی پێکەوەبەستنی تەکنیکی هونەری لە شیوەدا بیری بەرز لە ناوەڕۆکدا. لە ئەنجامدا دەیسەلمێنێت کە بابەت و ناوەڕۆك چەندە گرنگ و لە بیرێکی بەرزەوە هەڵ قوڵا بێ ئەگەر تەکنیکێکی نوێو لەباری لەپێناودا ساز نەکرێت ئەوا ناتێتە شیعرو شیعریش بێت لاواز دەردەچێت. نووسەر دەڵێت «ئەگەر لەبەر ئەهمیەتی گیان - ڕوح مادەی ئیهمال نەکردایەو بە تەنگ ڕازاندنەوەی ئەو شیعرانەوە ببوایە زۆر بە ئاسانی ئەمەی بۆ دەچوە سەرو ئەیتوانی بیانخانە وێنەیەکی جوانترو بەرزتری

هەوڵنامەی کتێب

شاعیر دەکات، نووسەر ئوسلوبێکی تایبەتی خۆی گرتووە کردوویەتیە بەرنامەیێکی رەخنەیی و لە بەرگی دووەمیشدا هەمان بەرنامەی بەکارهێناوە ئەویش باس کردنی کەسێتی شاعیرەکەیە لە سەرەتاداو جا لێکۆڵینەوەو رەخنە سەبارەت بە شیعرەکان. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا مەبەستی خۆی لەو نووسینانە ئاشکرا دەکات و دەڵێت [ئەم چەند لاپەرەیە کە ئاوێنەیەکە - صورەت وسیرەتی - هەندێ لە شاعیرە ناوداراکانی کوردستانی عیراق بە وێنەی دەسکەگوڵێکی رەنگاورەنگ و بۆن خۆش دەرئەخا کە هەر گوڵێکی لە باخێك هەڵ بژێررابێ پێشکەش لاوانی کوردو بە تایبەتی پێشکەشی ئەو قوتابیە خوێندەوستانە ئەکەم کە لە قوتابخانە بەرزەکان دا ئەخوێنن و لەوێدا لە شیعرو ئەدەبیاتی کورد شتێکیان بەرچاو ناکەوێت. ئەگەر بەم - سیپارە - بچوکە توانیبێتم کە گیانی - رۆحی - ئەدەبی ئەوان بجوڵێنمەوە، هەر ئەقەلایەك کە بۆ پێك هێنان و وەدرهێنانی بەرگی دووەم ئەیدەم لەلام سوك ئەبێ و گیانی نیشتمان پەروەریم تازە ئەبێتەوە][2]

لێرەدا نووسەر چوار مەبەست دەست نیشان دەکات:-

1 - مەبەستی ئەوەبووە شیعرو ئەدەبی کوردی وەك هەر یەك لەو بابەتانەی لە زانکۆکاندا قوتابیانی کورد بە دەرس دەیخوێنن ئەم بەرهەمەی ئەویش بتوانێ وەك یەکێك لەو دەرسانە لە زانکۆدا بخوێنرێ بەمەبەش دیارە قوتابی کورد لە مێژوی زمان و ئەدەبی میللەتەکەی شارەزا دەبێ کە زمان و ئەدەبیش یەکێکە لە خاسیەتە بنەڕەتیەکانی بوونی هەر میللەتێك.

2 - نووسەر ویستویەتی بەو کارە گیانی ئەدەبی لەو خوێنەرو قوتابیانەدا. دورست بکاو گەشەی پێبدات چونکە. دیارە کە گیانی ئەدەبی لە هیچ رۆژگاریکدا لە گیانی نەتەوەو خوشی و نەخوشیەکانی لە ئازارو ئاواتەکانی جوی نەیوتەوە...

3 - ئەم کارە لای ئەو دەبێتە نوێبوونەوەو بەگۆڕبوونەوەی ئەو گیانی نیشتمان پەروەریەی کە هەر لە سەرەتای تەمەنەوە نووسەر خولیای بووە لە ناخیدا ژیاوە...

4 - ئەو کتێبە سەرەتاو ڕێخۆش بوونێك بووە لای نووسەر بۆ نووسینی بەرگی دووەم. ئەوەبوو ساڵی - 1956 - بەرگی دووەمی چاپ کرد.

ئەگەر مەرگ مۆڵەتی بدایە نیازی وابوو بەرگی سێیەمیش لەم کتێبە بە نرخە بنوسێت و بڵاوی بکاتەوە. نووسەر دەڵێت «هەوڵ ئەدەین کە ناوبەناو چەند بوێژێك لەناو ئەمانەی کە باسیان کراوە بە تایبەتی لەوانەی دیوانێکی لە چاپ دراویان نیەو یا شتێکیان دەربارە نەنو سراوەتەوە هەڵبژێرین و نامیلکەی سێهەمی لێ ڕێك بخەین»[3]

ئەمە دەربارەی پێشەکی بەرگی یەکەم و لە پێشەکی بەرگی دووەمیشدا گەلێ زانیاری بەسوودی بۆ تۆمار کردوین و ڕایەکی گرنك دەربارەی دەوری ئەدەب لە گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵدا دیاری دەکات و دەڵێت:

«بوێژەکان و ئەدیبەکانی کورد بەرامبەر بە قەومی خۆیان بێ ویستبەکی گەورەیان لەسەرە، مێژوو لە دوا ڕۆژ لەناو وێژەو وتارەکانی ئەوانا بۆ هۆی دواکەوتن و، پێشکەوتنی کورد ئەگەڕێ»[4] ڕەفیق حیلمی ویستویەتی بڵێ - ئەدەب ئاوێنەی میللەتە - شاهێدی ڕاست گۆی ئەو سەردەمەیە کە تیایدا لە دایك دەبێ. لەلایەکی کەی پێشەکیەکەدا چەند زانیاریەکی نوێمان پێشکەش دەکات ئەویش ناوهێنانی چەند شاعیرێکی هاوچەرخە کە ڕۆلێکی دیاریان لە ئەدەبی کوردیدا بینیوەو هەندێکیشیان دەستیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبوەو نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئەمانە لە شاعیرە بەرزەکانن و بەڵام پێویستی بە کەسانی دڵسۆزو شارەزا هەیە کە بەرهەمیان بدۆزێتەوەو بیان خاتەروو چونکە تا ئەو کاتەی نووسەر ئەمەی نووسیوە بەرهەمیان زۆر کەم بگرە نادیار بووەو بەداخەوە هەتا ئێستاش چ وەك کتێب و یاخود لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکان دا هیچ شتێك دەربارەی ئەم شاعیرانە نەنووسراوەو شیعریان لە کونجی تاریکی لەبیرچونەوەو وون بوندا ماونەتەوە، نووسەر دەڵێت: «ڕەشید قادر ئاغا - برا بچوکی محمود ئەفەندی قادر ئاغای

بووه نەك لاسایی شاعیره تورکەکانی کردوتەوە بەڵکە بە تورکی و بە فارسی گەڵێ شیعری لە گۆڤاری - ژین - و - ڕۆژنامەی - کورد - و - إقدام - و - شەفەق سورخ - و - فەرهەنگ - دا بڵاوکردوتەوە. سەبارەت بەلاسایی کردنەوەی مەولەوی دەبێ ئەوە لە بیرنەکەین کە پیرەمێرد ئەوەندی شێوەی کێشی شیعری مەولەوی - کێشێ خۆمالی - لەلا شیرین بوە ئەوەندە چێژی لە حاڵەتی ڕۆحی شیعرەکانی مەولەوی وەرگرتوە. بۆ وەڵام دانەوەی ڕای دوەمیش دەڵێین، پیرەمێرد هەرگیز بیری لەوە نەکردوتەوە کە ئالای پێشڕەوی شیعری نوێ هەڵگرێ بەڵکە زۆر جار لە ڕۆژنامەی - ژین - دا کە شیعری خۆی بڵاوەکردەوە دەینوسی ئەمە - منظومە - ی حاجی توفیق - ە نەی دەگوت - شیعر - وە دەینوسی - کاتێ شاعیر بووم ، یاخو دەینوسی شاعیرێك وەختی خۆی ئەمەی نووسیوە. لەلایەکی تریشەوە وەك خۆی زۆر جار نووسیویە هەمیشە (گۆران)ی لە خۆی بە شاعیرتر زانیوە ئەمەش لە ڕووی - تواضع - ەوە نەبوە بەڵکە ڕاستیەکەی هەر وابووەو ئەو دەورەی گۆران لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا لە هەمو ڕوویەکەوە بینیویەتی پیرەمێرد نەیبینیوە. پیرەمێرد زیاتر گرنگی بە وشەو واتای کوردی پەتی داوە نەك شێوەی دارشتنی نوێ. زۆر جار بە پێچەوانەوە گەڕاوەتەوە بۆ دواوەو ڕیچکەو ئوسلوبی نالی و بێسارانی و مەولەوی و وەلی دێوانەی گرتوتە بەر. هەتا ئێستا باشترین و کورت ترین بیروڕا بەلای منەوە بۆ هەڵسەنگاندنی دەوری پیرەمێرد بیروڕای - گۆران - ە. دەڵێت وئەو ئەی هێنا وشە کوردیە نەبیستراوەکانی بلاو ئەکردەوە - ئەوانەی بەکارهێنانیان زۆر فراوان نیە. وشە کوردیەکان وەك و ناوی گژ و گیاو گوڵ و شتی تر. بێگومان ئەم کردەوەیەش تەئسیری هەر هەبو، بێکەلك نەبوو. تەئسیرەکەشی لەلایەن إحساساتی نەتەوایەتیەوە بوو نەك لەلایەن هونەرەوە، کە خەڵکی هان ئەدا کوردی پەتی بنوسن ئەگینا زۆر جار وشەی فارسی و عەرەبی ڕەقی بەکار ئەهێناو لێیان نەئەسڵەمیەوە.[3]

ڕەفیق حیلمی ڕەخنەگر لەیەك کاتدا دوو شاعیری بە پێشڕەوی نوێکردنەوەی شیعری کوردی داناوە. واتە پیرەمێردو گۆران سەبارەت بە پیرەمێرد ڕوونمان کردەوە کە پێشڕەوی شیعری نوێکوردی نەبووە سەبارەت بە گۆران دەنووسێت «گۆران لە دنیای شیعرا ئینقلابێکی گێراو بەڕاستی بناغەیەکی تازەی بۆ شیعری کوردی دانا. بوو بە سەرکردەی هەرە ناوداری بوێژانی دەوری وریابوونەوە».[4]

بەڵام ڕەفیق حیلمی لێرەدا دەوری خۆی وەك شاعیرێك و دەوری شێخ نوری لەبیر چووە کە خۆی و شێخ نوری بەردی بناغەی شیعری نوێیان دانا. با گوێ لە گۆران بگرین چۆن باسی ڕەفیق حیلمی و شێخ نوری دەکات «لەم بابەتەوە ڕەنگێ ڕەفیق حیلمی پێش - نوری - کەوتبێ ،بە کوردی و تورکی شیعری بلاوکردوتەوە تەنانەت شاعیرێکی تر - عبدالرحمن بەگی نفوس - لە سەرەتای ژیانی شاعیریەتیدا زۆر بەگوڕ دەستی دایە تازەکردنەوەی هەڵبەست وە لە نوری کۆنترە بەڵام ئەو شیعرەکانی بلاو نەئەکردەوە ئەگەرچی عبدالرحمن لەداوی ژیانیا لە هەڵبەستەکانیا تطورێکی نەکردو وەستاوە»[5] واتە عبدالرحمن بەگی نفوس و ڕەفیق حیلمی و شێخ نوری هەرسێکیان لە شیعر نووسیندا لەپێش گۆران - ەوە دەستیان پێکردەوە شێخ نوری بەلای گۆرانەوە - سەرۆك - بووە ،هەتا خولیای گەرمی شاعیریی هەبوو هەر بە سەرۆك دانراوە بەڵام کە شێخ نوری ساردبوەوەو گۆران ئالاکەی گرت بەدەستەوەو گەیاندیە ئاسانج. کەواتە هەتا ئەو کاتەی کە شێخ نوری بەگوڕ بووە خۆی دەوری سەرۆکی هەبوەو جێدەستی خۆی دیاری کردوە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کاتێ ئەو لەو گەرمی و گوڕیە دەکەوێ ئیتر لەو قۆناغە مێژوویەدا کە دەوری تێدابینیوەو بەدان پیانانی گۆران کە سەرۆك بووە ئیمە دەوری سەرۆکی شعری کوردی لێوەرگرینەوە. نوری شێخ سالح بەلای ڕەفیق حیلمیەوە شاعیرێکی - مخضرم - بووە. واتە لە دەوری کۆن و نوێدا شاعیربووەو شیعری هەبووە. وە بە تەنیا خۆی دەورێکی تایبەتی بینیوە. ئەمجا

واتای «دەوریکی تایبەتی دەنوێنێ» لە واتاکەی گۆران نزیك دەبێتەوە کە بە سەروك دابنرێت بەڵام ڕەخنەگر هێشتا نیشانی نەپێکاوە.

ڕەفیق حیلمی بۆ بەڵگەی بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بەوەی کە شێخ نوری نەیتوانی سەرکردەیی شیعری نوێی کوردی بگرێتە دەست، سێ بەڵگە دێنێتەوە منیش لای خۆمەوە بە بەڵگە ئەو سێ بیروڕایە ڕەت دەکەمەوە، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ کەس بەم بیروڕایانەی من قایل نەبن.

ڕەفیق حیلمی سێ بەڵگە دێنێتەوە کە شێخ نوری نەیتوانیوە دەوری سەرکردەیی لە شیعری نوێی کوردیدا ببینێ:

1 ـ «نوری لەگەڵ ئەوەشا کە ئەڵقەی بەیەکەوە نووسانی دەورەکانی کلاسیکی و وریابوونەوەیە ـ نهضه ـ ڕەنسانس لە ڕاستیا خۆی دەورێکی تایبەتی ئەنوێنێ، دەستە قوتابیەکی ئەو تۆی شوێن نەکەوت و یا پێی نەگەیاند کە دەورێکی وابنوێنن بشێت بخرێتە میژوی ئەدەبی کوردەوە».[15]

2 ـ نوری و دەوری نوری یەکێکە واتە هەر خۆی بوو.

3 ـ ئەمەش وا ئەگەیەنێت تەرانەکانی نوری کە شوێن ـ توفیق فکرت ـ ی بۆیژی ناوداری تورك کەوتبوو وە لاسایی ئەوی ئەکردەوە لەگەڵ چەشتنی ـ زەوق ی ـ کوردا ڕێنەئەکەوت لەبەر ئەوە موریدانی نەبوو. ئینقلابێکی پێنەکراو ببرچوەوە».[16]

لە وەڵام دا بەرامبەر ئەم سێ خاڵە دەڵێین:ـ

1 ـ ڕاستە شێخ نوری شاعیرێکی ـ مخضرم ـ بووە لە دەوری کۆن و نوێدا شیعری هەبووە بەڵام بەهۆی ئەوەی ژمارەیێکی زۆری لە ڕۆژنامەی ئەو سەردەمەدا بڵاوەکردەوە موریدو قوتابی و شوێن پێهەڵگری زۆر بوو. گەلێ شاعیری شوێن کەوت و لاسایان دەکردەوە.

2 ـ نوری دەوری نوری تەنیا شێخ نوری نەبوو بەڵکە ڕەفیق حیلمی و عبدالرحمن بەگی نفوس و ڕەشید نەجیب و گۆران بوو. بەڵام لەو کاتەدا شێخ نوری بەهۆی بڵاوبونەوەی شیعرەکانی و ڕادەی ڕۆشن بیری هاوچەرخانەو کارتێکردنی ئەدەبی تورکی وەك سەروکی ئەم ڕاپەڕین و نوێبونەوەیە دەرکەوت.

3 ـ بەپێچەوانەی ڕەخنەکەی ڕەفیق حیلمی یەوە من دەڵێم شیعرەکانی شێخ نوری بۆیە بڕەوی پەیداکرد و پەرەی سەند چونکە لەگەڵ زەوقی کوردا ڕێکەوت و بڕگەی کێشی خۆمالی بەکاردەهێناو بۆ کوردی پەتیش خۆی دەدا لە بێژنگ. بۆیە شێخ نوری توانی لە قۆناغێکی تایبەتی و لە سالانی بیستدا ئینقلابی شیعری بکات و هەرگیز لەبیر نەچێتەوە. وەك بینیمان گۆران پلەی ڕابەرو سەرکردەی ئینقلابەکەی داوەتێ. ڕەفیق حیلمی هەر لە بارەی گۆران ـ ەوە دەڵێت «گۆران بەم ئینقلابە قوتابخانەی شاعیرە کۆنەکانی بەتەواوی ڕوخاندەوە دنیای شیعری کلاسیکی بە جارێ سەرەوژێر کردەوە»[17] لێرەدا نووسەر ویستویەتی بڵێ گۆران شۆڕشێکی نوێخوازی بەرپاکردو لە دەستوری کلاسیکیەکان یاخی بوو لە باسی ڕۆمانتیکیەتی گۆران دا ڕەفیق حیلمی زۆر بە شارەزایی دەنووسێت «ئەو زیاد لە شاعیرەکانی تر مەفتونی تەبیعەتە وە بە نیگایەکی قوڵتر تێی ئەفکرێ . بەڵام لەلایەکی تریشەوە هەست بەوە ئەکا کە جوانی ئافرەت کانگای هەمسوو جوانیەکانی تەبیعەتە وە بە ئیلهامی جوانیی ئافرەت هەست بەوە ئەکرێ کە لە تەبیعەتا جوانی هەیە. لە ئافرەتیشا گۆران بۆ ئەو جوانیانە ئەگەڕێ کە بە دەست ناگیرێ وە (بوون)یان لە کانگەی دڵ و گیانا هەست ئەکرێ»[18] ڕەخنەگر مۆسیقای شیعرەکانی گۆران بە مۆسیقاییکی ڕۆژئاوایی دەزانێت دەڵێت «یەکێك لە مۆسیقای خۆرهەڵاتیەکانی کۆن بەو لاوە مۆسیقای نەبستێت و گۆێچکەی هەر بەم جۆرە مۆسیقایە ڕاهاتبێت و گوێش کرابێ ڕەنگە لەم مۆسیقا تازەیە کە لە شیعرە تازەکانی گۆران دا هەیە تامێکی ئەوتۆ وەرنەگرێ».[19]

ڕەفیق حیلمی زیرەکانە ئەوە دەدوزێتەوە کە گۆران هونەرمەندێکی ڕیالیزمەو دەڵێت: «گۆران بەڕاستی

بوێژێکی واقیعی‌و فەنتازیە بوێژێکە مادەی شیعرەکانی لە کانگای ژیان وانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کورد هەڵێنجاوە». [20] نووسەر لە نووسینەکەیدا سەبارەت بە گۆران باسی ئاوازو نەرمی‌ی مۆسیقای وشە دەکات کە ئەمە بەڵای هنەوە بە تاقی کردنەوەو هەوڵی یەکەم دەزانرێ لە دنیای ڕەخنەی کوردی‌دا هەر لەو شیعرانەدا دەنگە پێك هاتووەکان - الأصوات المتألفە - وە دەنگە پێك نەهاتووەکان - الأصوات المتنافرە - جوێ دەکاتەوە.

ڕەفیق حیلمی ڕخنەگر یەکەمین نووسەری کوردە لەدوای پیرەمێردی نەمرەوە کە ئەدەبی بەراوردکاری - الأدب المقارن - ی وەك تیورو پراکتیك ئەنجام دەدات. ئەویش کاتێ شیعری موستەزادی جلوەی شانۆی گۆران و موستەزادی - بهارده - ی - توفیق فکرەت - ی شاعیری تورك بەراورد دەکات و ئەدەبێکی بەراوردکاری دروست دەکات. نووسەر سەبارەت بە هەردی وەهای نووسیوە کە لە شیعرەکانیان پەیرەوی گۆران دەکات، ڕەخنەگر سەبارەت بە بێکەس چەند بیروایەکی تۆمارکردەوە

و دەڵێت «لە شیعردا ڕێگەیەکی عەسری گرتوە یەعنی لە ئینقلابی شیعری کوردی‌دا هەنگاوێکی زلی هەڵێناوە.».

بەڵام ئەگەر ئێمە شیعر هەڵسەنگێنین وەك شیعرو هونەرەکانی شیعر بێکەس بەوە دەناسین کە شاعیرێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەی بووەو شیعر لای ئەو بۆ هەژاندنی کۆمەڵانی خەڵك و خۆپێشاندان و نواندنی هەڵوێستی نارەزایی دژی داگیرکەرو زۆردار گرنگی بەجوانکاری‌و ڕازاندنەوەی شیعرەکانی نەداوەو لە بەکارهێنانی وشەی عەرەبیشدا سڵی نەکردۆتەوە. بە کورتی شیعر لای ئەو مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەبووەو ئەو زیاتر بیرو باوەڕی شۆڕش گێڕی‌و بەرەنگاربوونەوەی مەبەست بووەو لەبەر ئەوەی شیعر خۆش ئاوازترەو زۆرتر خەڵکی دەتوانن تێی‌بگەن و لەبەری بکەن و بیڵێنەوە ئەم لە ڕێگەی شیعرەوە بیروڕاکانی دەربڕیوە وەك حاجی قادری کۆیی «مەبەستی شیعر دارشتن نەبوە بەڵکو فکر دارشتن بووە - » [22].

ڕەخنەگر دەربارەی - ڕەمزی مەلا مارف - ی شاعیر دەڵێت «نە پشتی کردۆتە تازەو نەڕوی لە کۆن وەرگێڕاوە ڕەمزی گاهێ لە قاڵبێکی تازەدا مەوزوعێکی کۆن و گاهێ لە قاڵبێکی کۆنا مەوزوعێکی تازە ئەهۆنێتەوە». [23]

ڕخنەگر لە بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتدا زیاتر ئوسلوبی ڕەخنەی شەکردنەوە - تحلیل - ی بەکارهێناوەو شیعرەکانی لە ڕوی ماناو ڕازاندنەوەی وشەو واتاوە لێك داتەوە ،بەڵام لە بەرگی دووەودا کە چوارده ساڵ دوای ئەمە لە چاپ دراوە ڕەخنەگر ئوسلوبێکی زیاتر ڕوون و زانستی ڕەخنەیی بەکارهێناوە. شێوەی ڕەخنەی مەوزوعی‌و واقیعی‌و هونەری زاڵە بەسەر شێوەی ڕەخنەی - تحلیل - ی‌دا. نووسەر بەم کتێبە توانی ببێتە یەکەمین ڕەخنەگر لە ئەدەبی کوردی‌دا کە بەڕێ‌و شوێنی زانستانەوە مامەڵە لەگەڵ شیعری شاعیرە کوردەکان بکات.

وێستوویەتی دەسەڵات بەرزی ڕادەی داهێنان و بیری نەتەوایەتی‌و هەستی ئیستاتیکی شاعیرەکان ڕوون بکاتەوەو بی‌سەلمێنێ.

لەتەك ئەمانەشدا ئەوەی جێ سەرنجی ئێمەیە ئەوەیە ڕخنەگر بەرنامەیێکی ڕێك و ڕەوانی سەبارەت بە ڕێك خستنی ناوی شاعیرەکان ڕەچاو نەکردوە. بۆ نمونە لە بەرگی یەکەمدا ناوی چوارده شاعیری نووسیوە یەك لەدوای یەك لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەسەر نووسیون. لە کاتێکدا پیرەمێردو حاجی قادرو خاکی شاعیر بەڕیزی یەکەوە باس دەکات کە سەردەمی ژیانیان دەیەها ساڵ و بگرە نزیکەی سەد ساڵ زیاتریش لە یەکەوە دوورن. سەردەمی حەمدی‌و حەمدی‌و پیرەمێردو بێکەس یەك سەردەمەو زۆر دورە لە سەردەمی ژیانی حاجی قادرو ئاهی‌و خاکی‌و خەستە. لە بەرگی دووەمیشدا دیسان سالم و گۆران پێکەوە باس دەکات، دیارە سەردەمی ژیانیان چەندە دورە لەیەکەوە.

هەروەها لە بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتدا باسی

ئەمین زەکی بەگ دەکات وەك شاعیرێك كە هەموو دەزانین ئەمین زەکی بەگ شاعیر نەبووە مێژوونووس بووە.

رەفیق حیلمی لە بارەی شیعری کۆنی - رەمزی - یەوە دەڵێت:

«ئەم چەشنە شیعرانە ئیتر باویان نەماوەو نابێ ئیمە بگەڕێنەوە سەری و بیکەینەوە بەباو. بەڵکو ئەبێ ئیتر ئوسلوبێکی تازەی بۆ دابنێین و بە شێوەیەکی وا لە نیشتمان بدوێین کە لەگەڵ پێویستی ئەم چەرخە ڕێك بکەوێ». [24]

ئەم بیرکردنەوە هاوچەرخ و مرۆڤانەیەی رەفیق حیلمی بانگ کردنێکی ئاشکرایە بۆ هونەرو ئەدەبی مولتەزیم، مولتەزیم بە مەسەلەی میللەتەوە. نووسەر کاتێ داوای ئەو جۆرە هونەرو ئەدەبە مولتەزیمەی کرد خۆی یەکێك بوو لە ئەدیبە مولتەزیمەکان. ئەگەر بەوردی تەماشای ژیانی بکەین بۆمان دەردەکەوێت سەرانسەر خۆشەویستی میللەت و خەباتی بێوچان بووە بۆ پێشکەوتنی میللەتەکەی هەر لەوکاتەوە کە بە تورکی شیعری بۆ کورد ووتووە دوایی شیعری کوردی ووتووە کە رۆژنامەی - ئومێدی نیستیقلال - دەردەچوو وە ئەم ماوەیەك سەرنوسەری بووە خزمەتی ئەدەب و مێژوی کوردی کردوە. خۆی دەنووسێت «ئەو شیعرانەی کە بە تورکی دام ئەنا هەموی بۆ کوردبوو فەریادی کوردستانی تیانەبێترا» [25] رەفیق حیلمی لە هەموو کارە ئەدەبی و مێژوویەکانیدا ویستوێتی پەیامێکی گەورەو پیرۆز بگەیەنێ بە میللەتەکەی. ویستوێتی هۆیەکانی ناکۆکی و دواکەوتن و پشێوی میللەتەکەی لە ڕووی ئەدەب و مێژووەوە ڕەنگ پێبدانەوەو وەك بەردی بناغەی ڕەخنەی زانستی کوردی دانا هەموو هەوڵێکیشی تەرخان کرد بۆ ڕەنگ ڕشتنی ئەدەبی دوارۆژ، ئەدەبی مولتەزیم بە مەسەلەکانی میللەتەوە.

سەرچاوەکان:-

1 - ئینقلاب لە شیعری کوردیدا - رەفیق حیلمی. گۆڤاری - پێشکەوتن - ژمارەی یەکەم سالی یەکەم شوباتی 1958

2 - شیعرو ئەدەبیاتی کوردی رەفیق حیلمی. بەرگی یەکەم 1941

3 - شیعرو ئەدەبیات بەرگی دوەم ل6

4 - هەمان سەرچاوە. پێشەکی یەکەی

5 - هەمان سەرچاوە. پێشەکی یەکەی

6 - هەمان سەرچاوە

7 - شیعرو ئەدەبیات. بەرگی یەکەم. باسی ئەسیری شاعیر.

8 - شیعرو ئەدەبیات بەشی یەکەم باسی بێخودی شاعیر

9 - هەمان سەرچاوە باسی حاجی قادری کۆیی

10 - شیعرو ئەدەبیات بەرگی یەکەم باسی پیرەمێرد

11 - رۆژنامەی ژین ژمارە (789) سالی 1946

12 - دانیشتنێك لەگەڵ گۆران. گۆڤاری بەیان ژمارە (2) سالی 1970

13 - ئینقلاب لە شیعری کوردیا پێشکەوتن ژمارە یەك سالی 1958

14 - دانیشتنێك لەگەڵ گۆران - بەیان ژمارە - 2 - 1970

15 - ئینقلاب لە شیعری کوردیدا. پێشکەوتن ژمارە یەك 1958

16 - هەمان سەرچاوە.

17 - هەمان سەرچاوە

18 - شیعرو ئەدەبیات. بەرگی دوەم 1956

19 - هەمان سەرچاوە

20 - هەمان سەرچاوە

21 - گۆڤاری شەفەق ژمارە (5 - 6) سالی 1958

22 - شیعرو ئەدەبیات بەرگی یەکەم ل12

23 - شیعرو ئەدەبیات بەرگی دوەم 1956

24 - هەمان سەرچاوە. باسی رەمزی مەلامارف

25 - پاش تەموز - رەفیق حیلمی - 1958 - پێشەکی -

هەولێری کتێبخانەی گشتی

بۆ بۆنەی یادی ۲۵ ساڵەی کۆچی دوایی رفیق حلمی باوکمان

● ناهده رفیق حلمی ●

رفیق حلمی

ره فیق حیلمی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ئەی بە ڕێزان.. ئەی خوشک و برایانی خوشەویست.. بە ناوی خوم و گشت بنەماڵەی رفیق حلمی باوکمانەوە زۆر زۆر سڵاوی گەرم بێ لێتان، سوپاسی بێ سنوور بێ بۆتان. بۆ گشت ئەو بەڕێزانەی کە ئەم هەستە بەرزەیان نواندووەو ئەم کۆبونەوە بە نرخەیان پێك هێناوە. ماوەشیان داوە کەوا ئەم یادە گشتیە پیرۆزە بکرێتە.

سوپاسی زۆریش بۆ گشت ئەوانەی بەشداریان کردوە. بە ووتاری بە نرخ - بە بیرو باوەڕی دڵسۆزانە... هەروەها بۆ ئیوەی بەڕێز کە ئەرکی هاتنتان کێشاوە.

ئەی خوشك و برایانی بەڕێز ئیوە لە ئێمە باشتر دەزانن کە رفیق حلمی هەر باوکی ئێمە نەبوو. رفیق حلمی باوکی گشت هاوواڵنیە نیشتمان پەروەرەکان بوو. باوکی هەموو خێزانە گەورەکەی نیشتمان بوو. رفیق حلمی باوکی هەموو گەنج و لاوێك بوو، کە تازە پێی نابووە پلەی

خێزانی ره فیف حیلمی

ژیانەوە...

رفیق حلمیش به هەموو تین و توانایەوە پاڵی پێوە دەنا تا پلەبەپلە سەری بخات و بگات به ئامانجی خوی. رفیق حلمی باوکی هەموو هەژارو داماوو لێقەوماوو ناچارێك بوو که لەناو گێژەڵوکەی بەسەرهات و کۆسپ و کارەساتی سەخت و توندو گرنگدا خولیدەخوارد. رفیق حلمی به هەموو هێزی خۆیەوە پاڵ پشتیان بوو، وهەوڵ و تەقەلای دەدا له گۆمی قوڵی زەمانە دەریان بهێنێ، تا بکەونەوە سەرپێ بۆ تەواوکردنی رێگای ڕاست و ڕەوان.

رفیق حلمی تا ما هەموو گیانی تەرخان کردبوو بۆ گەیشتنی نیشتمانەکەمان بەرنیری نیشتمانە پێشکەوتوکان.

ئەی خوشك و برایانی بەرێز... ڕاستە ئەو رفیق حلمیە 25 ساڵە کۆچی دوایی کردووەو به جێی هێشتوین بێ پشتیوان... بەڵام به سایەی یەزدانی پاکەوە... به هۆی ئەو رێبەرە پیرۆزە به نرخەی بۆی داناوین و بەم جۆرە یادکردنەوەیانەی دڵسوزان و پێزانان له هەموو کارو شوێن و کاتێکدا.

هەرگیز هەستمان به وون بوونی نەکردوە لەناوماندا و هەمیشە نەك هەر بەکردنەوەکانی به نووسینەوەکانی به یادداشتەکانی.. به گیانی پاکی خۆی، بگرە بەم جۆرە یادکردنەوەیانە. رفیق حلمی هەر لەگەڵمان بووەو دەبێ... هەر ماوەو دەمێنێ.

ئەوانەی له ئێمە زیاتر باوکێتی کردون و له ئێمە باشتر ئاگاداری بەسەرهاتی ژیانی بوون، هەرگیز درێغیان نەکردوە له یادکردنەوەی.. به هەموو جۆرێك. دەزانن بەو جۆرە رفیق حلمی له دوریش هەر چاوی لێمانە چی ئێوەی خێزانە گەورەکەی نیشتمانیو چی ئێمەی خێزانە بچوکەکەی.

هەر بۆیە هەموو ئەوانەی مافی کردەوەی رفیق حیلمیان وا به پاکی - وا به چاکیو به دڵسۆزی داوتەوە. بۆیە هەموو ئەوانەی هەوڵ دەدەن وەك ئەو بۆ گەیشتن گەلەکەمان به رێزی گەلانی پێگەیشتوو سەربەرزو ئازا.. ئێستا هەموو ئەوانەی رەنج دەدەن وەك ئەو بۆ فراوان کردنی زانیاریو هونەر. بۆیە هەموو ئێوەی بەرێز کەوا بەم جۆرە بیرۆبۆچونەیە یادی ئەو نیشتمان پەروەرە.. ئەو کۆڵ نەدەرە.. ئەو خۆبەخت کەرە دەکەنەوە پاش 25 ساڵ تێپەڕبوونی بەسەر کۆچی دواییدا.. وا بەم جۆرە به نرخە زیندووی دەکەنەوە...

ژیانی تایبەتی رفیق حلمی باوکمان

لەسەر داواکردنی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی پێك هێنەری ئەم کۆبونەوەیە. به پێی تواناو، به یارمەتی کەس و کارو پشکنینی بەجێ ناوی خوالێخوشبو رفیق حلمی (باوکمان).[1] هەوڵ دەدەم رووناکیك. بخەمە سەر ئەو ڕووە له ژیانی تایبەتیدا که هێشتا کەم کەس دیوێتی یان باسی بیستوە.

بەڵام به پێویستی دەزانم جارێ بڵێم: -

هەوالنامەی کێتێ

یەك: رفیق حلمی باوکمان هیچ ژیانی تایبەتی نەبوو نەخۆی نەخێزان و منداڵی.. چونکە، هەمیشە ژیانی بەسترابوو بە چاك وچۆنی گەلەکەیەوو ولاتەکەیەوو نیشتمانەکەی و بە ئاوات و ئامانجی پێشکەوتنیان و بەبیرو باوەڕی خۆیەوە.

دوو: رفیق حلمی خۆی بە هیچ جۆرێك بە درێژایی ژیانی باسی کەس و کاری و ژیانی تایبەتی.. خوێندنی.. هۆزی.. بنچینەی نەدەکرد نە لە دەرەوە نە لای ئێمە.. نەبەزارو نەبەنووسینەوو هەتا وێنەی هیچ کەسی خۆیمان نیەو نەدیوە.

سێ: زۆربەی کەس و کاری هی باوکیشتمان و دایکیشمان پێش بوونی ئێمە کۆچی دواییان کردوە. لەبەر ئەوە، هەتا ئێمەیش بە تەواوی باسی ژیانی تایبەتی منداڵی و گەنجێتی و خوێندنی.. ئیش و کاری نازانین و ئەوی لەم لایەنەوە دەینووسمەوە هیچی بەدەم خۆیەوە نیە.

جا رفیق حلمی بۆچ وا بێدەنگ ماوە سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆی و کەس و کاری؟

ئایا کەسی نەبوو؟ یان باش نەبوون؟ ئایات هەستی نەبووە بەرامبەریان؟ یاخود دووربوو لێیان و نەیدیون؟ لێی نەپرسیونەتەوە؟ یان ئەوان نەیان ویستوە؟

بۆ روون کردنەوەی وەلامی ئەم پرسیارانە دەبێ لە بنچینەو هۆزی بکۆڵینەوو هێندێك باسی کەس و کاری و ژیانی هیچ نەبێ ئەوانەی نزیك بوون لێی جا ببورن ئەگەر بەو هۆیەوە تۆزێك درێژەم دا بە ووتارەکەم.

یام بەڵای ئەو باسانەدا چووم کە ڕەنگە بە پێویستی نەزانن ئەگەر ئەم روون کردنەوەیە نەبێ.

هۆزو بنچینەی: -

رفیق حلمی خوشی و خێزانەکەشی لە دایکیشەوو لە باوکیشەوە لە بنچینەوە.. هۆزی همزە ئاغای مصرەفێ کە کوردبوون و دانیشتوی کوردستان، وەك دەڵێن شارەزووی.

رفیق حلمی کوڕی صالح ئەفندی ئامان کوڕی عبدالله ئەفندی کوڕی حاجی غفور، لە ساڵی 1898 لە کرکوك لەدایك بووە. باوکی صالح ئەفندی کوڕی پیرۆزخان کچی قادر ئاغا کوڕی حەمە ئاغای برای هەمزە ئاغای مصرەفن. دایکی حەلاوەخان کچی مارف ئاغا کوڕی عزیز ئاغا کوڕی بابکر ئاغا برای هەمزە ئاغای مصرەفە.

خێزانەکەی جمیلە مصطفی عبدالله کوڕی عزیز ئاغای کوڕی همزە ئاغای مصرەفە.

دایکی جمیلە عصمت حاجی بابکر ئاغا کوڕی محمد ئاغا کوڕی هەمزە ئاغای مصرەفە.

واتە رفیق حلمی و خێزانەکەی لە دایکیشەوو لە باوکیشەوە خزمی یەك بوون و کوردن و دانیشتوی کوردستان بوون.

هەمزە ئاغای مصرەف 3 براو[3] خوشکێك و 11 کوڕو 11 کچی هەبوە ئەمانە بە هەموو شارەکانی عراقدا، وەك سلیمانی، کرکوك، بەغدا، حلە، هتد... بلاوبونەتەوە. هێندێکیشیان بە دەرەوەی عراقدا... بەرەی ئەوانە تێکەڵ بە گەلی هۆزی تری کوردو عەرەب و تورك بوون وەك سامرائی، حلاوی، میسی، ڕاوی، عانی، ئاوچی هتد.

رفیق حلمی و کەس وکاری: -

رفیق حلمی دوو مام و دوو پووری هەبووە: تۆفیق و شوکت.. جمیلەو مریم.. ئەمانە هەموو بە ئامان ناوبانگیان دەرکردوە. ئامان ناوی نەنگیان بووەو لەبەر ئازایی و گورجی ناویان داوە بە پەرەکەی و ئیستاش بەرەی ئەمانە بە ئامان دەناسرێن لە کرکوك وەك یونس توفیق ئامان هتد..

رفیق حلمی باوکمان خۆی 3 براو دوو خوشکی هەبوو: جمیل و شفیقیان هەر لە زووەوە کۆچی دواییان کرد بوو.. ابراهیمیان پاش ماوەیەك دوای ئەوان. دوو خوشکەکەی لە دوای کۆچی دوایی خۆی. سەرگوشتەی ژیانی ئەمانە بە

دره فق لهزه ئاغای مصرف وبنجینه‌ی



هەوالنامەی کتێب

پەرتووکیش ناگیرێتەوە.

لێرە هەر ئەوەندە باسیان دەکەین کە پێوەندی بەسەر ژیانی تایبەتی رفیق حلمی برایانەوە هەیە.

عصمتی خوشکی بەدرێژایی ژیانی لەگەڵ رفیق حلمی برای و ئێمە بوو. پێی‌دەوت (کاکە) چونکە برای گەورەی بوو.

ئێمەو هەموو کەس وکارمان پوورەمان دەوت (بجی)... لەبەر خۆشەویستی چونکە هەموو ژیانی تەرخان کردبوو بۆ ئێمە. (بجی) هەتا کۆچی دوایی کرد هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی شفیقی برای دەکرد لە تورکیاوە، بڕوای نەدەکرد نەمابێ. بجی زۆر ئازاو گورج و گۆڵ بوو.

بەیەکەوە دووەمین خوشکی رفیق حلمی‌یە، بەزانیاری و بیرتیژی ناوبانگی دەرکردبوو، بەسەعات پرسیاریان لێ دەکرد سەبارەت بە زانیاری گشتی جغرافی.. مێژوویی.. دینی.. بێ‌ووچان وەڵامی دەدایەوە. هەمووی بە گوێگرتن فێربوو بوو.

رفیق حلمی لەناو ئەو هەموو کەس و کارەی هەیبوو تەنها ناوبەناو ناوی باجی رەحمەمان لێ‌دەبیست.. بۆچ؟

باجی رەحمە خوشکی دایکی بوو لەگەڵیان ژیابوو بە دەرمانازی چاك ناوبانگی دەرکردبوو. باوکمان خۆی لە وانەی بەکارهێنابوو و سوودی لێوەرگرتبوو، بۆیە هەر جارێ کە دەهاتەوە لە جیاتی چیتیان هەیەو چۆن! بە دایکمانی دەوت: ئا توخوا فلان دەرمانی باجی رەحمە بگرەوە بۆ فلانی داماو». دایکمان ئەوانە لە باجی رەحمەوە فێربووبوو لە نووسینەوەکانیشیدا.

تەنها رەچەتەی ئەو دەرمانانەی لە دەفتەرێکی پچوکدا نووسیوەتەوە لەم لاو لەولاشدا جارجار هەر ناوی باوکی محمد صالح ئەفندی (سەرشەقام)و محمد شفیقی برای نووسیوە. بەڵام چەند رەسمێکی بەدەست کردوە هی سەماوەو قۆری‌و مەکینەی خەیاتی‌و فیرو چرا. ئەمە هەموو یادداشتەکانی بو سەبارەت بە ژیانی گەنجێتی‌و منداڵی.

بەڵام وەك کەس وکار دەیانگێڕایەوە باوکی باوکمان یوزباشی بووە. زۆر دەستی ڕۆیشتووەو موچەی باشی بووە. بەردەستی زۆرو، ئێجگار خێزانەکەی‌و منداڵەکانی خۆش خۆش ویستووە. هەتا بەناوی خۆیانەوە بانگی نەکردوون..

بە رفیق حلمی وتووە (کاکەلاو) (کوڕی لاو). بە عصمتی کچی وتووە (کیچان). هەرچەند لە جەنگی بەسەربەرزی گەڕاوەتەوە، زۆر دیاری جوان و چاکی بۆ هێناون. باوکمان رفیق حلمی، بەردەستی تایبەتی خۆی هەبووە.. هەر لە منداڵیەوە لەبەر خۆشەویستی‌و لەبەر ئازایی‌و گورجی‌و توندی خۆی کەس قسەو دڵی نەشکاندوە.

بە منداڵی لە سلیمانی خۆی‌و کەسەکانی لە حەوشی گەورە لە هەرە گەورە حەوشەکانی ناوەڕاستی سلیمانی ژیاوە. چوار دەوری حەوشەکە دیوەخان و حەرم و ژووری میوان بووە، ناوەڕاستی حەوشەکە دارێکی گەورە ناوی دارەڕەشەکە بووە. لەژێر سێبەریدا سەماوەرو قۆری هەمیشە گەرمی هاتووەو بەردەستێك هەر چای لێناوەو گێڕاویە.

رفیق حلمی چونکە باوکی‌و دایکی زوو کۆچی دوایی دەکەن، هەر بە گەنجی‌و زووبەزوو باری قورسی ژیان دەکەوێتە سەرشانی‌و دەکەوێتە ناو گێژەڵوکەی ژیانی گشتیەوەو خولیای زانیاری پێشکەوتن و سەربەزی خۆی‌و گەل و نیشتمانی دەداتە مێشکی‌و کار دەکاتە سەر هەموو کردەوەو ئیش و کارو ژیانی.

خوێندنی:-

رفیق حلمی لە کرکوك وەك وتمان لەدایك دەبێ.. بەڵام لەبەر گوێزانەوەی باوکی لەگەڵ سوپا لەم لا بۆ ئەو لا... قوتابخانەی سەرەتایی لە کفری لە مێژووی 325ی روومی تەواو دەکات. کە باوکی دەگوێزرێتەوە سنوور، خێزانەکەی‌و مال و منداڵی دەنێرێتە سلیمانی.. لەوێ رفیق حلمی بە ناقی کردنەوە یەکسەر دەخرێتە پۆلی دووهەمی قوتابخانەی رشدیەی عەسکەریە کە دوایی پێی‌دەڵێن

هەواڵنامەی کتێب

اعـدادی عەسکـەری. پاش تەواوکردنی پۆلی سێیـەمی اعـدادی عەسکـەری لە سلیمـانی رفیق حلمی دەڕوا بۆ بەغدا ـ لەوێ پۆلی چوارو پێنجی ئەو اعدادیەیە تەواو دەکاو دەکرێ بە قوتابی نارده بۆ تەواوکردنی ارکانی حەرب لە تورکیا.

رفیق حلمی لەبەر ئەوەی لە بیرکاریدا (ئەندازیاری) زۆر باش دەبێ دەیەوێت ئەندازیاری (هـەندسـەی عالی) لە تورکیـا تەواو بکـا. . لەبـەر ئەوە دەگـەڕێـەوە سلیمـانی و اعـدادی ملکی تەواو دەکـات. ئەو جا دەڕوات بۆ تورکیا لەوێ داخلی زانکـۆ (جـامعة استانبه) دەبێ و شهـادەی هەندسـەی عالی لێوەردەگـرێ. ئەمـە لە نامەیکدا روون دەکاتەوە کە بە ئینگلیزی نووسیوێتی بە دەست خەتێ خۆی بۆ بەڕێـوەبـەرانـی ئیش و کاری سلیـمـانـی کە داوای دامـەزراندنی دەکـا بە بەڕێـوەبـەری قوتابخـانەی اعدادی (ئامادەیی)و بە ئینگلیزی دەڵێ: ـ

To. director of education Bagdad:
Sir!
I beg you very much to be so kind to look The falowing featines for favorable consideration. When I was in Bagdad you gave me promise to transfer me when you will have a vaccancy. There fore I beg you in haste to Transfer me as a head master of a school that you have intented to found in the new year (begining of the new year). Because under Turkish government also I was a head master of a secondry school, I learn in the univrsity of Constantinople and have certificate for the same. I know to read Turkish, Kurdish, Persian, Arabic, French and a little English.

هەوالنامەی کێشێ

ich kam Behmourgen komm.
ئەم هاتم بۆ لای.
was für komm hast du?
چیت هاتوە بۆ لای؟
wer hat Behmourgen komm.
کێ هاتوە بۆ لای.
Die augen Bind sind Dein Brief.
ئەو چاوانە کە بینیت ئەو نامەیە.
Und hat blum augen.
ئەو کچە جوانە چاوی.
die hat grosse augen.
ئەو کچە چاوی گەورەیە.
wer Bind Dein augen?
کێ چاوانی بینیوە؟
wer Bindet Dir augen Bo binde?
کێ چاوانی بۆ بەستیت؟
wer Bindet augen Bo binde?
کێ چاوی بەستووە؟
Bindet augen Bind?
چاوی بەستووە؟

I «Llearnt in The University of Qonstantciople and have Qertificat For The Aame»...

مانای له زانکوی استانه خوێندوومەو شهادەی ئەوێشم هەیەو تەواوی کردوە بە: -

ئەم زمانانەش دەزانم.

IKnow Kurdish Turkish, Persian Arabic - French and a little English».

واتە: کوردی - تورکی - عربی - فارسی - فرتری و هێندێك ئینگلیزی دەزانم. لە نامەیێکی ترەدا (هێندێك) دەباو دەڵێ و «ئینگلیزی بە خوێندنەوەو نووسینەوە» and English To Read and Write

بەڵام وەك لە دەفتەری قوتابخانەو زانکۆیدا دەردەکەوێ رفیق حلمی ئەڵمانیشی خوێندوە وەك ئەو زمانانەی زۆر تەرجمە (گوزرینیشی) پێ کردوە بۆ تورکی و فەرەنسی و بە پێچەوانەیش (بەعکسەوە).

لێرەدا ناتوانین چاو بپۆشین لە جوانی ڕێنووس و دەستنووسی رفیق حلمی و ڕێك وپێکی و ڕەوانی لە هەموو ئەو زمانانەدا.

جا رفیق حلمی چۆن ئەم هەموو زمانانە وابا فێربووە.؟ بێگومان هەر لە قوتابخانە نەبوو. . زیاتر بە هۆی تێکەڵ بوونی یەوە بووە لەگەڵ ئەو هاوزمانیانەو بەکارهێنانیان بووە لە گفتوگۆداو بە هۆی شەوو ڕۆژ خوێندنەوەو نووسینەوەو لێکۆڵینەوەی خۆی بوو.

بەڵام چۆن رفیق صالح بوو بە رفیق حلمی؟ لە تورکیا مامۆستایێکی کە ناوی عبدالله حلمی پاشا دەبێ و بنچینەی کوردە. . لەبەر زیرەکی و ئازایی و خوشەویستی لەقەبەکەی خۆی «حلمی» دەداتێ وەك خەڵات.

واتە بەم لەقەبەو باسانەداو بەو نومرانە کە ڕیزی کردون لە دەفتەری قوتابخانەی سەرەتاییداو لەژێریا نووسراوە رفیق برنجی. . رفیق برنجی. . (واتە یەکەم) دەردەکەوێ کە رفیق حلمی بە ڕاستی زیرەك بوو لە خوێنددا هەر لە منداڵیەوە.

ئیش و کاری: -

رفیق حلمی وەك دەردەکەوێ هەر لە گەنجێتیەوە بە ئیش وکاری میریەوە خەریك دەبێ، زیاتر ئەوی پێوەندی هەبووە بە بەڕێوەبەرایێتی پەروەردەوە (مهیرتیی معارف و تربیە) وەك: مامۆستا - بەڕێوەبەری قوتابخانەو هی بەڕێوەبەرایتی پەروەردەو زانیاری. . . پشکنەر. . پشکنەری ناییەتی و جارێك مدیری ادارەی ئەمانەی عاصمەو پاش نموز ملحقی ثقافی لە تورکیا پێش کۆچی دوایی پشکنەری ناییەتی.

بەڵام وەك لە یەکێك لە یادداشتەکانیا خوێندمەوە، یەك جار لەبەر بێ ئیش وکاری و ناچاری یەکێك لە خزمەکانی دوکانی بۆ دادەنێ لە قەیسەری سلیمانی: هەر زوو دای‌دەخا چونکە نەدەزانێ نەدەتوانێ بیبا بەڕێوە.

ئیش وکاری میری زۆر زۆر رفیق حلمی خستبووە گێژەڵوکەوە، چونکە هەمیشە نەدەگەیشت کەل وپەلی بکاتەوە لە پر، دیسان دەگوێزرایەوە لە شمال بۆ جنوب لە شەرق بۆ غەرب لە کاری بەرز بۆ نزم لە نزم بۆ بەرزو ئەمە دەبوو بە هۆی جیابونەوەی لە مالّ و منداڵی جاربەجارو بە هۆی مووچە بەشکردنی.

رفیق حلمی مالّ و منداڵی: -

بە لێکدانەوە. . پێش کۆچی دایك و باوکی و لە نزیك تەمەنی 20 ساڵیدا رفیق حلمی ژن دێنی، وەك ووتمان خێزانەکەی (واتە دایکمان) خزمی نزیکی خۆی بوو، هەر لە منداڵیەوە کەس و کاریان هاتوچۆی یەکتریان کردوە، وەك دەیانگێڕایەوە رفیق حلمی لەو کاتەوە چاوی لێبووە. لەبەر ئەوە هەر کە داخوازی دەکەن گورج دەچێتە سەریان و بە زۆر پەشیمانیان دەکاتەوەو خۆی دەیهێنێ. تا دووایی ژیانی

هەر دایکیمان خێزانی بوو.[1]

رفیق حلمی 10 منداڵی دەبێ 4 کوڕو 6 کچ. کوڕێک و دوو کچی هەر لە منداڵیەوە کۆچی دوایی دەکەن.. وەك دەیگێڕنەوە تا ساڵێکیش بەیانی زوو پێش ئیش وکار بەدەسکە گوڵەوە چۆتە سەر قەبرەیان لە گردی سەیوان.

واتە رفیق حلمی نەك هەر وەك باوکێکی ناسراو سەرپەرشتی ژیانی منداڵی کردوە.. رفیق حلمی بۆ ئیمە هەر باوك نەبوو... رفیق حلمی هەموو ژیانمان بوو هەر لە منداڵیمانەوە تا دوا پلەی ژیانمان. رفیق حلمی مامۆستاو پەروەردکەرمان بوو، پزیشکی دەردو غەم و ناچاریمان بوو، پشتیوانی بەرزی ئیش و کارمان بوو. هۆی سەربەرزیمان بوو، لەناو خزم و کەس و کارو هاوڕێو ناسراوو نەناسراودا.

رفیق حلمی باوکمان لە دووری لێمان بە هۆی گواستنەوەی زوو زوویەوەو. لە نزیکی هەرگیز نەدەسرەوی لە هەوڵ و تەقەلا بۆ پێگەیاندنمان بە چاکترین و جوانترین جۆر، بۆ گەیشتنمان بە پلەی بەرزی زانیاری... تا بگەین بە ئامانجی خۆی و خۆمان و گەلەکەمان. ئەوی ئەو بۆ ئیمەی کردووەو لەبەر ئیمە چاوی لێ پۆشیوە لە سەختی ژیانیدا... کەم باوك هەیە بتوانێ بیکا.

ئەمە لە چەند نامەیێکی کە ناردویە بۆ هاوڕێکانی دەردەکەوێ کاتی هەوڵدانی بۆ جێبەجێکردنی ئیش وکارمان.

ژیانی ڕۆژ بەڕۆژی و ڕەوشتی رفیق حلمی: -

چ ڕەوشت و ڕاسپاردەنێکی گەیاند بوو بە گەلەکەی چ بەزار چ بەنووسینەوە هەر ئەوانەش بوو لە ئیمەیشی دەویست و خۆشی باشترین وێنە بوو بۆ بەجێهێنانیان و لەسەر ڕویشتیان، لە هەموو ژیانیداو هەموو ئیش و کاریدا.

ئەوانەی لە ئیمە ڕوون بوو: -

یەك: پەیڕەو (نظام) رفیق حلمی ئیجکار بە نظام دەژیا... لە هەموو ئیش و کارێکدا... دەیویست ئیمەیش لەو ڕەوشتە لانەدەین.. بەڵام ئەوی بەو دەکرا بە هەموو کەسێك ناکرێ.. بۆیە جاربەجار لەبەر خۆمانەوە بەدزیەوە (چونکە کەس نەیدەوێرا بەسەر زاری) دەمان بڕاند.. جەندرمەییە.. نظامی عەسکەریە..

«ڕۆژنامەکە وەك خۆی قەد بکەرەوە... پەرتووکەکە بە هەڵەوگێڕاوی بەجێمەهێڵە.. سینیەکە خوار دامەنێ.. لەبەر باکە دامەنیشە نەخۆش دەکەوی.. کەل وپەلتان کۆبکەنەوەو ڕێکیان بخەن.. نانەکە بە پەلە مەخۆن.. میوانەکان بەڕێزانە بەڕێ بخەن هتد...».

واتە رفیق حلمی باوکمان هیچ شتێك نەبوو بیریلێ نەکاتەوەو نظامی لێنەوێ.. خۆی هەتا جلە چڵکنەکانی جوان قەد دەکرد ئەمجا دایدەنان بۆ ششتن.. هەموو شت و کەل وپەلی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ بەدەستی خۆی ڕێك دەخیست.. هەروەها رفیق حلمی ئیجگار بە نظام بوو سەبارەت بە کاتی هەستانی بەیانی زوو لە خەو.. جۆرو چەندوچۆنی خواردنی.. کاتی چونە دەرێو هاتنەوەی.. کاتی نوستن و خوێندنی.. هتد..

دوو: پاکی و خاوێنی: -

هەر وەك پەیڕەوی (نظام) پاك و خاوێنی.. لەوەدا نەبوو.. نەك هەر پاکی کەل وپەل و جل وبەرگ و ماڵ.. پاکی خواردن و قاپ و قاچاغ و هەموو پێویستی ژیان.

بگرە زیاتریش پاکی دەست (دەست پاکی) پاکی دڵ و ویژدانی پاك پاکی کردەوەو گفت وگۆ. پاکی ڕەوشت و کاروئیش - پاکی پەیڕەو - پەیڕەو پاکی.. لە هەموو شتێك و هەموو کاروئیشێکدا هەموو شوێنێك و بیرو باوەڕێکدا.. لە هەموو کردەو هەستێکدا.

هەوڵنامەی کتێب

سێ: خزمەت (راژە): -

راژەی بێ‌ووچان.. بێ‌حەسانەوە راژەی بەدڵ.. بەپاکی - بێ چاوەڕوانی خەڵات و پادداشت راژەی هەموو کەسێک - هەموو پاك و دڵسۆزێك.. هەموو ناچارو لێقەوماوێك... هەموو کەس و کارێك... هەموو ئەوانەی پێویستیان هەبوو بە راژە لە ئیش و کاردا چ بەپارە چ بەئیش. ئەمجا راژە لە ئیش وکاری میریدا ئەوە هەر باس ناکرێ. قوتابخانە نەبوو سەری پیانەکردبێ.. هەوڵی پێشکەوتنی نەدابێ.

بێ جیاوازی.. بێ ڕەخنە لێگرتن. خۆم بڕوا ناکەم ڕۆژ بووبێ دواکەوتبێ لە دەوام.. ڕۆژ بوو بێ‌ووچانی دابێ‌و حەسابێتەوە چ بێ ئینرك و چ بە ئیزك.

هۆشێنەرەکانی‌و دەفتەری ڕاسپاردەکانی هەمووی ڕۆژ بە ڕۆژ (1) نووسیویە چۆتە کوێ! کام قوتابخانە، لە کام شار، کام وانەو مامۆستا... گشت ڕاسپاردەکانی لە هەموو وانەیکدا لەسەر ڕێگای نوێی دەرس گوتنەوە ڕۆیشتوە.

(1) وێنەی راژەی لە ئیش و کاری میریدا بروسکەکەی‌و وەزیری زانیاریی‌یە کە لە پرسەکەیدا ناردی بۆ خێزانەکەی رفیق حلمی‌و لە چەند ڕۆژنامەیکییشدا بڵاو کرایەوە.

«اعزي اسرة المعارف بفقد عضو فعال من اعضائها كان في طليعة المربين والاساتذة ومثلاً للتربية والخلق.. ليكن عزاؤهم وسلواهم الغرس الذي غرسه المرحوم والذكر الحسن الذي تركه في الاوساط الخاصة والعامة».

وزير المعارف

8 آب 1960

زانیاری: -

زانیاری لای رفیق حلمی باوکمان لە نان و ئاو پێویستربوو لە ژیانیدا. «زانیاری» بە هەموو تین و توانایەوە - وەك دەزانن - رفیق حلمی هاواری دەکرد بە زار.. بە ووتار... [1] بە شیعر.. بە نوسینەوە.. «زانیاری» چەکی میللیە بۆ گەیشتنی بەڕیزی وڵاتە پێگەیشتوەکان.. «زانیاری» چرای ڕوون کەرەوەی هەموو ڕێگایێکی ژیانە.. لەبەر ئەوە خۆی پێش هەموان بەدرێژایی ژیانی هەموو کات و گیانی تەرخان کردبوو، لە ماڵەوە لە دەرەوە بە شەو بە ڕۆژ بۆ فراوان کردنەوەی زانیاری خۆی لەپێشدا تاکو ئامادەبێ‌و بتوانێ‌و بزانێ چۆن زانیاری ئێمەو خێزانە گەورەکەی نیشتمانی فراوان بکاو لەبەر ئەوە بەبوون و بەنەبوون. پێش نان خواردن هەموو هەوڵ و تەقەلایێکی دەدا کە هەموومان خوێندنی بەرز تەواو بکەین.. هەروەها کام هاوڵاتی دەستی پیاگەیشتبێ‌و نەك هەر خوێندن و تەواو کردنی لە زانکۆو بەس، زیاتر دوای ئەوە خوێندنەوە.. نووسینەوە... بە شەوو بە ڕۆژ و.. بێ‌ووچان.. لەگەڵ هەموو موچەیێکی نان خواردن (پێش و پاش).. دەرمانیشی یان (هەر پێش یان هەر پاش نان دەخوردێ).. پێش نووستن.. تا نیوەشەو تا بەرەبەیان.. خۆی دەینووسیەوە بێ‌ووچان.. بە ڕۆژ هەمیشە ڕوویمان نەدەدێ.. لەبەر پەرتووك و ڕۆژنامەو گۆڤاری کە بە دەستەوە بوو، هەتا بە پاڵکەوتنیشەوە.

رفیق حلمی باوکمان نانی بەجیا دەخوارد... بەڵام خوێندنەوەی زۆر کات ئێمەش بەشدار دەکرد نیا.. بەتایبەتی ئەگەر شتێکی بدیایە سوودی بوایە بۆ ئێمەیش ئەوسا دەنگی لێهەڵ دەبڕی‌و زۆر (بە لەزەت) بەتام دەیخوێندەوە بۆمان.. خۆ ئەگەر شتی حماسی بخوێندایەتەوە.. گوێمان لێدەبوو لە دوور لەبەرخۆیەوە دەکەوتە گۆرانی‌و وتنی حماسی.. وەك: ئەی کوردینە ئەی مەردینە.. هتد..

وابزانم ئەوە هونراوەی خۆی بوو ئەو کاتە دەمانزانی دڵی خۆشە.. ئەمجا رامان دەکرد.. بجی گیان بیگەڕێ پێی‌بڵێ بچین بۆ سینما.. بۆ سەیران.. هتد.. هەر ئەو دەیوێرا داوای شتی وەهای لێبکا.. چونکە ئەگەر شتێکمان بویستایەو بەدڵی نەبوایەو هاواری بکردایەو تۆندبوایە لە ترسا رامان دەکرد.. جێ نەبوو خۆمانی

لێ‌بشارینەوە (بۆیك (بحی)مان کردبوو بە رابەر).

رفیق حلمی خۆی چۆن بوو.. دەیویست ئیمەیش هەمیشە درێغی نەکەین لە خوێندنەوە.. نووسینەوە.. لێ‌کۆڵینەوە.. لەبەر ئەوە هەموو سەری ساڵی تازەیێك هۆشینەرێکی نوێی دەدامێ.. ئەیوت ها چیت دی: چیت بیست!

چی فێر بوی.. نیووسەوە.. رۆژێك دێ چی سوودی گشتی تیابوو بڵاوی بکەرەوە.. جار بەجاریش چەند پەرەیێك لە یادداشتەکانم وەرگێرە سەر ئەو زمانانەی دەیزانی‌و بەکاریان بهێنە با ژەنگ هەڵ نەهێنن.

لە رەوشتەکانی‌تری رفیق حلمی پێش ئیمە بە گەلەکەی سپاردبوو بەم هۆنراوەیەی لە دیوانەکەیداو گەلێ رۆژنامەو گۆڤاردا لە زوەوە بڵاوی کردبوەوە.

بێ‌هەوا کەم دوزو لەسەرخۆ ژیرو هێمن گەل پەرست»

رابەرت ویژدانی پاکت دەنگی زیوو زێر نەبێ..

هتد.. هەروەها وتویە:

«تاکو دەتوانی خەریکی چاکەبەو کردگاری باش لاوی چەرخی بیستەمی تۆ کردەوەت بێ‌فەر نەبێ».

لەرەوشتە گشتیەکانی: -

وسەبارەت بە ژیانی گشتی‌و کۆمەڵاتی‌و رابواردنی:

یەك زۆر ژیانی کۆمەڵاتێ دەویست.. ئیجگار حەزی لە میوان و میوانداری دەکرد.. بە دەستی بوایە هەموو رۆژ دعوەتی کەس و کارو هاورێی بکردایە.. زۆر جار کە دەی‌کرد بە یەك دوو کەس و یەك دوو چێشت دەستی پێ دەکرد بەڵام دەبو بە 20 - 30 کەس و 10 - 15 جۆر خواردن.. زۆر بە رێزانە چاك وچۆنی لە وردو درشت دەکردو دەی‌ویست ئیمەیش وابکەین.

هەتا لە نامەکانیدا یەك یەك سڵاوی دەنارد بۆ هەموو کەس و کارو بەردەستەکانیشمان.

دوو:

هەمیشە مالێ کردبوەوە بۆ هەرچ کەسێك پێویستی ببوایە بە جێگاو رێگا بۆ ماوەی کەم و زۆر.. قوتابێ زۆر کە لە داخلی جێگایان نەدەبوەوە.. ئەمە دەزانن و لەیادیانە.. هەر وەها خزم و کەس و کارو ناسیاو نەناسیاو.. کە دەهاتن بۆ ئیشی‌وکار.

سێ: زۆر خزم و کەسی خۆی خۆش دەویست.. ئاگای لێ‌یانبوو.. چاکی‌و چۆنییان.. پێویستیان.. زووزوو سەری لێ‌دەدان و چی پێویست ببوایە بەپێی توانای بۆی دەکردن.

چوار: زۆر زۆر هاورێی کۆو تازەی دەویست و لێی دەپرسینەوە.. گەلێ ئیواران کە دەچوە دەرێ ئەگەر.

کۆبونەوەو ئیش و کارو سەردانی چاپخانەو شتی‌تری نەبوایە دەچوە دوکانی (بشیر مشیر)ی خەیات بەرامبەر مزگەوتی حیدەرخانە دادەنیشت لەوێ هاورێ‌و ناسیاوی دەدی‌و دەنگ و باسیان و حال و خوالیانی دەپرسی.. جگە لەوە جارجار دەچوو بۆ (یانە.. نادی.. سینما.. (سترۆح) شانۆ.. هتد...)یان بە تەنها یان لەگەڵ ئیمە، یا هەر لەمالەوە دەمایەوە.. بە دەستی خۆ باخچەکەی ئاوەرشێن دەکردو لە دەوری کۆدەبوینەوە.. هەروەها خزم و کەس.. رای‌دەبوارد لەگەڵمان بە سەرگورشتەو مگتە (نوکتە.. گاڵتەوگەپ)و دەنگ وباسی گێتی.. یاخود بەخوێندنەوە دیسان.. لێرەدا دەبێ بڵێم کە رفیق حلمی (باوکمان) لە هیچ کاتێکدا ماوەی نەدەدا کەسمان لە پێرەوی پەروەردچیی بچینە - دەر بە هیچ جۆرێك، وەك هەستان و دانیشتن و جۆڵانەوەی نارێك و هەرچەند دەهاتەوە مالێ یان ناومان گشت گەورەو پچوك لەبەری هەڵئەستاین هەروەها کە دەچوە دەرێ.. هەتا دراوسێکانمان کە ئیواران لەبەر دەرگاکانیان دادەنیشتن لەبەری هەڵئەستان کە تێ‌دەپەرێ‌و ئەویش سڵاوی گەرمی لێ‌دەکردن و هەوالی دەپرسین و منداڵی خۆش دەویست و جارجار دیاریشی دەدایێ.

ئیستا وابزانم پێویست نیە من وەڵامی پرسیارە سەرەتاییکانم بدەمەوە.. وابزانم باش تێ‌گەیشتن بۆ رفیق

حلمی هیچ باسی کەس و کارو ژیانی تایبەتی نە بەزار نەبەنووسینەوە نەکردوە. . بە کورتی بیری خۆم دەڵێم: -

1 - چونکە وەك دەرکەوت هەمیشە هەر خەریکی ئیش وکاری میری و گوێنرانەوە بوو. . هەمیشە خەریکی جێبەجێکردنی ئیش و کاری ئەم و ئەو بوو. . هەمیشە خەریکی هەوڵدان بۆ فراوان کردنی زانیاری. . . بۆ گەیاندنی منداڵی و خیزانە گەورەکەی نیشتمانی بە ئامانجی خۆی. . هەمیشە خۆی خەریکی خوێندنەوەو نووسینەوەبوو. . هیچ ووچانی نەداوەو ماوەی نەبوو کە باسی کەس و کارو ژیانی خۆی بکا.

2 - هێندە کۆسپ و بەسەرهات و رووداوی گرنك و تونـدو سەختی دیوو ئیتر هۆشی نەمابوو بیر لە رابوردوو بکاتەوەو ئاخ و داخی بێسوود بەدوا ڕۆیشتودا هەڵبکێشێ - لەجیانی ئەوە هەموو گیانی تەرخان کردبوو بۆ پاراستنی ئەوانەی ماون لە هەموو کۆسپ و ناساغی و ناچارێك. . بۆ پێگەیاندنیان بەجوانترین و چاکترین جۆرو گەیاندنیان بە ئامانجی خۆی و خۆیان و وڵاتەکەیان.

3 - لە نووسینەوەکانیدا هەر ئەوەی بە چاك زانیوە کە سوودی گشتی بۆ هەموو خێزانە گەورەکەی نیشتمانی، گەرەك بێت.

کۆچی دوایی رفیق حلمی: -

ماوەیەك بوو هەستی بەسەر یەشە دەکرد. . . پاشان هێندێك پشت یەشەو قاچی بە قورسی هەڵشەگرت کاتی ڕۆیشتن. . بەتەمابوو ئەو هاوینە بچێ بۆ بیارەو تەوێلە، ئایا بۆ گەشت و لە گەرمـا دوورکەوتنەوە؟ یاخود بۆ یادداشت نووسینەوە. . ؟ بەڵام چاوەڕوان بوو من بڕۆم بۆ هۆڵندە بۆ خوێندن و دیارە خۆشی هەستی کردبوو تەندروستی ئەوندە باش نیە. . بۆ ئیزن وەرگرتن بردم بۆ لای لیژنەی پزیشکان چونکە نەی دەویست بێ ئیزن بەو هاوینەش بڕوا. هەرچەند سەرەك پشکنەر (مفتش عام) وتی با ووچان بدا ئیستا ئیشی نیە. . لیژنەی پزیشکان وتی هیچی نیە. . بەڵام ئەوندەی پێنەچوو ئیوارەیەك لەو ئیواران و لە ماڵەوە لە ناوماناو لە باخچەکە نانی دەخوارد. . کاتی نووستن هات لەپر هەستمان کردنە نیشانەی شەڵەڵی لایەکی کاتی هەستانی لە باخچەکە بۆ چوونە سەربان بۆ نوستن. . چەند ڕۆژ چەند پزیشك هەوڵیان دا بزانن بەتەواوی چیێتی؟ ئایا تخثری خوێن یان نزیفی دەماغ نەیانزانی.

چەند دەوزی و دەرمان و محاولاتم بۆ جێبەجێکردنی گوزەرنامەی تا بیبەم بۆ دەرەوەی عیراق بۆ عیلاج لەسەر داواکردنی هێندێك لە پزیشکەکان بەڵام ئەوندەم ماوە نەبوو. . زۆری نەخایاند لە هەفتەیەك کەمتر لە نەخۆشخانەی سەلام کۆچی دوایی کرد. . لە کات ژمێری پێنجی پاش نیوەڕۆی 4/ئاب/1960دا.

هەر دەست بەجێ هەموو ئەندامانی یەکێتی نووسەران و ادیبانی عیراق و نقابەی مامۆستایان گەیشتنە ماڵی جگە لە سەدەها خزم و کەس و ناسیاو هەتا دوور لە شار تەرمەکەیان بەرێخست. . ، وەك بیستمان هەر کە ئەو خەبەرە جەرگ بڕەیان بیستبو. . بە ئیستگە (اذاعە) بلاویان کردبۆوە. . بۆیەك لە ڕێگا ووچان بەو ووچان ئەمان دی لە شارانی تریشەوە بەرەوپیری تەرمەکەی دەهاتن بۆ بە خواسپاردنی دوایی ئەو مامۆستا دلسۆزەیان.

لە کۆتاییدا هێندێك لەو هۆنراوانە دەخوێنمەوە کە بە زمانی عربی ڕەوشتی رفیق حلمی ڕوون دەکاتەوە هەروەها بڕوو باوەڕ خۆشەویستی برادەرە دلسۆزە عەرەبەکانی: -

لە هۆنراوەییکی بەڕێز عبدالسلام حلمی

ڕۆژنامەی خەبات عدد (ژمارە) 282 8ئاب/1960 ص 2 وص 5

الى روح فقيد الأدب
قد كان حُراً أبي النفسِ ذا خُلُقٍ
مُؤرجٍ للمُلى يسمو به سببُ
وفضلُهُ في حول الفكرِ يَعرفُه
في كلِ نادٍ هنا الاكرادُ والعربُ
- - - -
كم كافحَ الجهلَ في صبرٍ ومَعرفَةٍ
وصارَعُ الجورَ لم يَقعُدْ به رُهُبُ
يحية من رياضِ الطيب عاطرَةً
اليه تُرسِلُها الاقلامُ والكتبُ
وذكرُهُ بيتا باقٍ بنَفْحتِهُ
مافاحَ في طيبةِ العرفانُ والأدبُ.

هەواڵنامەی کۆنگرێس

گەشتی ژیانم

(مسعود محمد)

هەواڵنامەی کێبڕ

ئالقەی چوارەم

قۆناغی نێوان ساوایيم و سەرەتای چورنە مەکتەبم کەوا سێ ساڵێکی خایاندووە لە هەر دوو سەریشیەوە پەراوێزی هاویەشی لەگەڵ قۆناغی پێشتر و دواتریەوە هەیە زۆر ڕەنگێکی پێوەیە وەکوو تاریـك ولێڵی دوای بەیـانی کەوا نە شەوی تەواوە و نە ڕۆژی تەواو. هەندێ پارچە لە ڕووپێـوی ئەو ماوەیـەی تەمـەنم لەبـەر هەستم دەخزێ و دەیەوێ خشکە بکات بۆ تەمەنێکی دیکەم، بەتایبـەتی تەمـەنی خوێندم چونکـە بیرەوەری ئەو دەمانەم وەها ڕوون و ڕێـك نیـیـە ڕووداوەکـانی جۆش خواردوو بکـات و بەیەکەوەبان بهۆنێتەوە، هەموو جارانیش شایەدم بۆ پەیدا نابێ لە خۆم باشتر ئەو سەردەمـانـەی بەبیـرینـەوە چونکە زۆربەی هەرە زۆریـان ،ئەگـەر نەڵێم سەرلـەبەریان، ئیـستاکە لەگەڵ فرشتەی دوای بەسەرچوونی ژیانیان خەریکی وتوونژن، مەبەسیـشم لەو شایـەدانـە ئەو کەسـانـەن کە وەك خۆم لە ڕووداوەکەدا پشکێکی هەبوونێ دەنا پشت بەو کەسە نابەسترێ لە دوورەوەی ڕووداوەکە ژیـانێ. بە نمـوونـەی ڕوون کردنـەوەی مەبـەست دەڵێم کە لە بەشی سێیـەمی ئەم گەشتـەدا باسی سـەفـەری باوکم بۆ جەلی نووسی دواتر لەگەڵ خزمانم کەوتمەوە سەر باس کردنی، نە کاك مەجیدی ئامۆزام کە بە 7 سالّ لە من گەورەترە و نە نەجیبەی خوشکم کە بە دوو سالّ گەورەترە هیچ کامێکیان ئەو سەفەرەیان بەبیردا نەهاتەوە تا ئەوەی خەریك بووم لە خۆم بکەومە گومانەوە. باش بوو وەك بلاّچەی ئەستێرە بەرد کە لە شەودا چەخماخەی بگـەشێـتـەوە، نەجیبـەی خوشکم بەبیری هاتـەوە کە چۆن لە گەرانەوەی باوکمدا بۆ چنارۆك پەکێك لە ڕێزی ئەو سوارانەی بە دوایـەوە بوون، مەلا عیـززەتی مامـە مەلا حەبیب، کە نزیـك مالاّن بوونەتەوە هەر لەسەر پشتی ولاّغەوە منداڵێکی خۆی بەرز کردۆتەوە بۆ کۆشی خۆی و هەتا ماڵەوە کە مەوداکەی لە 100

مەتر تێپەڕ ناکات بەیەکەوە سەرەژوور هەڵدەکشاون. تومەز کاك مەجید و نەجیبەی خوشکم لەو سەفەرە بەشدار نەبوون لەگەڵ ئەم تەگەرەیەشدا دەبێ بڵێم ڕووداوی ژیانی منداڵێکی 4 ـ 5 ساڵی ئەگەر لەبیر کردنەوەدا نەختێك پێش و پاشیش بکەوێ زەرەر بە هیچ کێشانە و پێوانەو مێژووی کۆمەڵایەتیمان ناگەیەنێ: تەنها زەرەرێك هەبێ لەوەدایە کە خۆم لە وردە حیسابی هەڵسەنگاندنی تین وتاوی ڕووداوی قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانم نەختێك دڵشکستە دەبم چونکە دڵم ئارامتر دەبێ ئەگەر ڕێچکەیان بەرێکی بێتە ناو نووسینەوە. بە خێر ئەگەر تۆیش، ئەی خوێنەری نووسەر، کەوتیتە سەر باری یادنووسی وەکوو من ئەم د.لشکاویەت دێتە بەر.

لە ساڵی 1924 باوکم ناچار بوو لە ڕووی تەکلیفەوە ئەندامەتی (مەجلیسی تەئسیسی) قبوڵ بکات. هەرچی خاوەن ڕەئی و قسە ڕۆیشتوو هەبوو لە براگەورە و پیاوماقوڵ و ڕیش سپی شار وەهایان پەسەند کرد باوکم نوێنەری شار و ووڵاتی کۆیێ بێ. من لەو دەمەدا منداڵێکی پێنج ساڵی بووم، هۆشم بەو جۆرە کێشانەو پێوانەیە نەدەشکاو هیچیشم لێ بەبیر نایەتەوە ئەوەندە نەبێ کە دەمزانی، بە هەستی ساواییم، هاتوباتێك لە بەیندا هەیە و قەڵەبالغی لە ماڵماندا پترە لە عادەتی، تەنانەت ئەگەر یەکێکی قسەزان بەبیرم نەهێنێتەوە ناتوانم بڵێم ڕۆژی بەڕێ کردنی باوکم بەرەو هەولێر و لەوێوەش بۆ بەغدا چۆن بووە.

دوای بەسەرچوونی ئەو کۆڕبوونەوەکانی مەجلیس هاتو باتی گەڕانەوەی باوکم بۆ کۆیێ جمووجووڵی پوورەهەنگانەی خستە ناو شارەوە، بە تایبەتی ماڵی خۆمان.

خەبەرێك بڵاوکرایەوە، گوێا باوکیشم لە هەرای بەغدا دژی پەیمانی نێوان عیراق و ئینگلیز کۆڕ ڕاوە. دیارە خەبەری ئەوتۆیی لە دوو ڕووەوە پەرە دەستێنێ: ڕووی یەکەم ئەوەیە بە عادەت هەموو خەبەرێکی گرنگ خۆش بێ یا ناخۆش بێ بە سەر زارانەوە خول دەخوات و دەئاسێ، هەتا خەبەریش ڕوو لە ناخۆشی بێ پتری بەسەرەوە دەندرێ چونکە کۆمەڵێ زوڵم لێکراو و کەنەفتی وەکوو هی خۆمان تەجرەبەی لەگەڵ ناخۆشیدا پتربووە بۆیەکا پتر بەتەمای ناخۆشیە تا خۆشی ڕووی دووەم ئەوەیە، هەموو ئەو کەسانەی لە ناحەزی و حەسادەتدا نارِاحەت دەبن بە خۆشی و شۆرەتی شەخسی حەسوودی پێبراو، جۆرە تەسکینییەك لەوەدا شك دەبن کە باسی ناخۆش وەپاڵ شەخسەکە بدەن. بەڵام ئێمە (مەبەستم ئەوانەن کە بەرپرس و ئاگاداری کاروباری ماڵەوە بوون) دەمانزانی باوکم سەلامەتە و چ ڕۆژێکیش بەرەو وڵات دەبێتەوە. چ لە ڕێی حکومەتەوە بێت و چ لە ڕێی مەلاتەفەندی هەولێرەوە بێ ڕۆژانە ئەحوالێ باوکم بەو خەڵقە دەگەیشت، چ جایی ئەوەی ناوناوە ڕاسپاردە و دیاری و کاغەزی دەگەیشت. بە هەمە حاڵ گەڕانەوەی باوکم لەو سەردەمەدا ڕووداوێکی زیندە بەرچاوبوو: هەرکە زاندرا گەیشتە لای مەلا ئەفەندی لە هەولێر، کەسانی نزیکی وەکوو مام و هەندێك لە خزم و دۆستی خۆمانی بەرەو پیریەوە چوون دوای ئەوانیش کە زاندرا هاتۆتە هەڵەجە لای شێخ مارفی شێخ کەریمی بەرزنجی کە خاڵە گەورەی مامم بوو، ئەهلی شار و بەشێکی ئەهلی دەشت لەوانەی حاڵ و بارێکیان هەبوو بەرەو هەڵەجە جمین. لە ئەشراف و توجار و گەورە پیاوی شار کەس نەما ڕوەو هەڵەجە مل نەنێ، تەنها جەمیل ئاغا نەبێ کە فایمقام بوو ڕێی نەبوو [گلەییشی لێنەدەکرا] شار بەجێ بهێڵێ ئەویش لە ڕۆژی گەڕانەوەی بە خۆی و دەستەی دایەرەی حکومەتەوە چەند سەعاتێك بەسواری بەرەو پیریەوە ڕۆیی، کە گەیشتنە شاریش تەرتیبات وەها کرابوو کە یەکەم دابەزینی لە دیوەخانەی جەمیل ئاغا بێ.

من لەو تەمەنەدا هەستی هاتوبات و تێك هاویشتنی خەڵق و قەڵەبالغی لە رادەبەدەر و ئەو جۆرە شتە بەرچاوانەم دەکرد. بەر لە گەیشتنی باوکم و ئەو قەڵەبالغییە نەبیستراو و نەدیتراوە خەڵقی شار بە گەورە و گچکە و ژن و پیاوەوە تێکرایان لە چاوەنۆڕی هاتنەوەی باوکم ڕژانە مەزرای لای گردی مام جەردیس و باسکی عارەبیسان کە دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگایەی لە جنوبی شارەوە بە دەرکی گەڕوو سۆرکدا دێتە ناو شار. ئەو ڕێگایە بۆ ماڵی جەمیل ئاغاو گەڕەکی ئێمەش نزیکترە تا ڕێگایەکی دیکە.

من لەگەڵ کافیەی مەلایان و چەند کەسێکی دیکە لە ژن و

پیاوی مالی خۆمان وەکو خەڵقی دیکە هاتینە سەیری ئەو هەرایە و پتر لەوان بێ‌ئۆقرە بووین بۆ دەمی دەرکەوتنی باوکم لە دوای سەفەرێکی شەش مانگی. لە گەڕەگی خۆمان شایی و زەماند دەگەڕا و ئەهلی مالەوە خەریکی کار دروستایی میوان و پێداویستی ڕۆژێکی وەها دەگمەن بوون. تەمەنم ئەوسا 5 ـ 6 ساڵی بوو، بە بەر هۆش و گوشی ئەو دەمەوەم نەبوو لە هەموو سەروبەرێکی هەرای وەها گەورە بگەم ڕەنگە لە هیچ ڕێکەوتێکدا وەها نەلوابێ کە ئەو عالەمەی شار بەشداری هاتوباتی ڕووداوێك بین ـ کە سەرەتای سواران لە کلکەی گردی کەکۆن دەرکەوتن جموجوڵێکی تازە کەونە ناو خەڵقەکەوە. بایی لەشکرێکی مام ناوەنجی سوار بە پیر باوکمەوە چووبوون. من چاوم بڕی‌بووە دەمی دەرکەوتنی (ئەسپە شێ) کە پێشتر گوتبووم بە دیاری لە خاڵوانمەوە بۆم هاتبوو، چونکە ئەو ئەسپە بۆ سواریی باوکم سازدرا بوو. کە نزیك بوونەوە لێمان من بەردەوام تەماشای باوکم دەکرد، ئەو هەموو عالەمەی کە لە دواوەیو لە دەوروپشتییەوە و لە پێشیەوە بەرەو ناو شار دەجمین، لەو دەمەدا، سەرنجی ڕانەدەکێشام، کافیەی مەلایان و ئەوانەی لەگەڵی بوون دەشگریان و شادیشیان دەکرد. لە نزیکمانەوە و لە پشتمانەوە ئافرەتێکی بێ ئەژمار بە ڕاوەستاوی و بە دانیشتنەوە سەرگەرمی تەماشاکردن و بزرکاندن و پێکەنین و هەلهەلەو ئەو تەرزە شتانە بوون. بەڵام زۆر بە سەیری چەند ئافرەتێکی کە لێمانەوە نزیك ڕاوەستابوون و ئێمەشیان نەدەناسی کە دێتیان بەسەر پشتی ئەو ئەسپەوە پیاوێك لە هەیبەتی (مەلای گەورە) وا دێت و پێشیەوە دیارە کە ئەو هەرایە بۆ گەڕانەوەی ئەو لە کاردایە. گوتیان: توخوا تەماشای، ئەو قەپێلکەیان هێنایە بە شکڵی مەلای گەورە هەتا واتێ‌بگەین نەکوژرایە. تۆمەز خەبەری نەمانی باوکم چووبووە دڵی گەلێك کەسەوە بایی ئەوەی ئەو هەموو خەشاماتەی بەپیریەوە چونە هەولێر و بۆ گەڕانەوەی چەندین سەعاتە بە ئیتیزارەوەن نەتوانێ بەدرۆی بخاتەوە. لەو دەمەدا من ئاگام لەو تەرزە قسانە نەبوو، ئەوانەی لەگەڵمدا بوون بۆ ئەهلی مالەوەیان دەگێڕایەوە..

لە چەندوچۆنی‌ی ژیان و بەسەربردنی ئەو ڕۆژانەم تەنها هاتنەوەکەی باوکمم لەبیر ماوە: لە خۆمەوە ناتوانم بڵێم فلانە ڕووداو یاخود فلانە باری ڕەفتارم هی ئەو ڕۆژگارەیە. دوور نییە ڕووداوی شاردنەوەی حەفت ڕوپیەی جەژنانەم لە مەخزەنی کێلوونی ژوورێکی مالەوەمان، کە لە ئالقەی سێیەمی ئەم گەشتە باس کراوە هی، ئەو سەردەمە بێت. بەڵام هاتوباتی دروست کردنی ئەو بەشەی مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد کە ناوی‌نرا (مدرسە) هی لەبیرکردن نییە، مەسەلەکەش حیکایەتوکێکی بەدواوەیە:

جارێك لەو جارانەی کە باوکم لە دەمی نیابەتیدا دیدەنی مەلیك فەیسەڵی یەکەم دەکات وتوویژیان دەکێشێتەوە بۆ باسی ئایین و زانستەکانی ئیسلامی و زمانی عەرەبی‌و ئەو جۆرە بابەتانە. مەلیك فەیسەڵ لە قسەکانیدا دەردەبڕێ کە حەز دەکا لە ئایین و لە زماندا پتر قوڵ بێتەوە تا ئەوەی بەم ڕستەیەی عەرەبی مەبەستی خۆی دەردەبڕێ: اريد أن استكمل معلوماتي في الدين وفي العربية عند سماحتك. ئیتر هەر لەو دیتنەدا بڕیار دەدرێ کە لە هاوینی داهاتوودا سێ مانگ بێتە کۆیێ بۆ ئەم مەبەستە. دیارە دەبێ جێگە و ڕێگەیەك ڕێك بخرێ لە دەرس و تەحسیلی مەلیك بوەشێتەوە. مەلیك فەیسەڵ چەند هەزار ڕوپیەیەکی نارد (دوو ڕوپیە دەکاتە 150 فلس) ئەو شوێنەی پێ دروست بکرێ. هاتوباتی دروست کردنی مەدرەسە لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد چونکە بۆ موناسەبەیەکی وەها گرنگ بوو گەلێك لە بارستی خۆی پتر دەنگی دەدایەوە و خەڵقی تێ‌دەووڕوکان. خۆشبەختانە سەرچاوەیەکی نووسراوی گومان لێ‌نەکراو هەیە یاریدەی ڕوون کردنەوەی ئەم لایەنە دەدات:

ساڵی 1953 کە نائیب بووم، نامەیەکم وەرگرت لە مەلا ئەحمەدی ئیمامی مزگەوتی (زیوە و مزورکا) لە ئامێدی گەلێك بیرەوەری ئەو ڕۆژگارانەی تێدا بوو کە لای باوکمی خویندووە و ئیجازەی لێ‌وەرگرتووە. لێرەدا چەند دێڕێکی ئەو نامەیە دەخوازمەوە کە پێوەندییان بە دروست کردنی ئەو مەدرەسەیەو هێندی سەروبەری ناواخنی نووسینەکەمەوە هەیە.

لە بەرەو کۆتایی ڕوپیەرەی دووەمی کاغەزەکەی ئەمانە

دەنووسێ، بە عەرەبی نەك كوردی كە دواتر عوزر دەهێنێتەوە بۆ لەبیركردنی نووسینی كوردی بە لەهجەی سۆرانی و گۆرانی ڕێنووسی تازەی كوردی كە ئەو زەفەری پێ نابات. مامۆستا دەفەرموێ: ایها الاستاذ السید كاكه مسعود أنا سكنت في حجرة مسجد جدكم الحاج محمد أسعد أفندي لمدة اربع سنين تقريباً وفيها أخذت العلم من العالم الكبير والعلامة النحرير والدكم المرحوم طيب الله ثراه وجعل الجنة مثواه ومأواه وحين الختام أخذت منه الاجازة العلمية وذلك بتاريخ 1346هـ [1927م] حينما كان المرحوم قاضياً وجميل آغا قائمقاماً وقد أخذت الاجازة في المدرسة الجديدة التي شيدها له الملك فيصل الأول بحفلة عديمة النظير دامت ثلاثة أيام بلياليها حضرها رؤساء الدوائر وحضرها جميع صفوف المدرسة الرسمية بزيهم الرسمي وبأناشيدهم وكنت انت ايها الاستاذ السيد في دور الطفولية ولا ادري هل كنت في الصف الأول أو الثاني والشقيقة السيدة نجيبة خاتون متقدمة عليك ومن العجب أن عبدالمقتدر كان يحبني حباً جماً وماسبني قط خلال تلك المدة الطويلة وكان يسب كل من شاء حقيراً أو عظيماً وفي تلك المدة تصادف انه جاء عندي وخدمني الشخص الذي سوّد الله وجهه وجعل جسمه مطابقاً لاسمه المدعو حمه رش فاراد ان يسرق من بيتكم شيئاً مكافأة لكم على احسانكم ففضحه الله على رؤوس الاشهاد فالقى القبض عليه الاستاذ الوالد في نصف الليل تقريباً...

لێرەدا مامۆستا یادی عبدالمقتدر وبەدوا ئەودا حەمەدی ڕەش دەكاتەوە كە لە ئالقەی پێشووتر ناوی خۆی و باسی دزینەكانی هاتنە ناو ئەم نووسینەوە، نەختێكیش ئاهەنگی دروست كردنی ئەو مەدرەسەیە ڕوون دەكاتەوە كە ئەگەر وێستبای دەیتوانی پتری لەسەر بروات چونكە تەنها ئاهەنگی دەست بەدروست كردنی سێ ڕۆژی خایاندووە، پێشتریش هەرگیز ڕووی نەداوە لە كۆێ خانوونێك بە ناوی سەروكی دەوڵەتەوە بۆ تاكێكی ئەو شارە بە ئاهەنگی ڕەسمییەوە بنیات بنرێ. من لەبەر ساواییم كە جارێ نە چووبوومە مەكتەب، هێندەی مامۆستای نامەنووس ووردییانی ئەو هاتو یاتەم بەبیردا نایەت بەڵام لە تێكڕای قەڵەبالغی و تێك هاوێشتنی خەڵق و سەرەتاتكە كردنیان لە عەمەلەو وەستای بەننا و ئەو جۆرە دیمەنانەوە دیمەنێكی گشتی دەوامەداری بیندرێژی پرجموجوڵ و چالاكی یاد دەكەمەوە كە لە كۆتایی‌دا سەری گەیاند بە ڕاپەڵ كردنی ڕستەیەكی درێژی جل لەسەر هەڵخستن لەلایەن وەستای بەننەوە كە خوالێخۆشبووی وەستا شاكر بوو، ئیتر هەرچی خاوەن ناو و جێگە و ڕێگە و هێز و پێزێكی شار هەبوو تۆپە قوماشی دەهێناو وەكوو جلكی شووراو بەو ڕستەی دا دەكرد و دەبوو بە خەڵاتی وەستا. بریق و باقی ئەو تۆپە قوماشانەی هەمە جۆری هەمە ڕەنگ تا ئێستاكەش لە مێشكمدا دەتریسكێتەوە وابزانم بە ناوی منیشەوە تۆپە قوماشێكیان كرد بە شاباشی وەستا.

مامۆستا لە نامەكەی‌دا دەڵێ لە 1927 اجازەی وەرگرت و ئاهەنگەكەشی لەو مەدرەسەیە بووە. ئەوسا من لە پۆلی یەكەمی سەرەتایی دەرچووبووم بۆ پۆلی دووەم. هەرچی دروست كردنی مەدرەسەكە بوو لە 1925 دەستی پێكرد و تەواویش بوو كە جارێ من نە چووبوومە مەكتەب. بە هەمە حاڵ مەلیك فەیسەل نەبنوانی بێت بۆ كۆبێ. وابزانم گیروگرفتی (استفتای ولایەتی موصل) دەرفەتی نەدا: نامەیێكی عوزر خوازی‌و كۆمەڵێك كتێبی بە دیاری هەنارد بۆ باوكم بەڵام ئەوەندی من هەستم بەشتان كردبێ بۆم ڕوون دەكاتەوە كە باوكم ئەو وەعدە بە خیلافەی مەلیكی لە بیر نەكرد، دواتریش كەڵەكە كردنی تەجرەبەی تاڵ لە دەمی مەلیكایەتی ئەودا وەعدە بە خیلافەكەی زیندووتر دەكردەوە تاكوو لە دەرفەتێكدا بایی ئەوەی

مومكین بێ مرۆڤیكی ڕێز لەخۆ ناو تۆڵە لە مەلیكێك بستێنێتەوە باوكم، بە زیادەوە، تۆڵەی لە مەلیك فەیسەڵ ستاندەوە. بەخێر لە شوێنی خۆی‌دا ئەم لایەنە ڕوون دەكرێتەوە و هەڵوێستێكی پرجورئەتی باوكمی تێدا مەفهووم دەبێ.

لە نامەی مامۆستادا باسی جنێودانی عبدالمقتدری تێدایە: قسەی مامۆستا ڕاستە بەڵام دەبێ ڕاستییەكی دیكەی وەبەڵ بدرێ تاكوو ئەو (جنێوفرۆشی)یە جێگەی ڕەوای خۆی بێ‌بدرێ: عبدالمقتدر بە دەردی شەپرەی ساوایان ئەو هۆشەی نەمابوو بە نیازی سووك كردن جنێوبدات. بۆ بێتالعی خۆی و ئەو كەسەی

ڕێکەوت دەیکرد بە نیشانەی تیری قسەکانی، هەندێ شوێنەواری کۆنە زەکاوەتی‌ی بەر لە دەردەکەی پێوە مابوو: تا بڵێی ڕقی لە درۆ بوو، تا بڵێی کاری بێ‌جێ بەلاوە ناشیرن بوو. درۆی لە هەر کەسێك بدیتایە یەکەندەردوو بەو زمانە شکستەی شەپەڵێ‌دراوی خۆیەوە لە دەستی دەنا، دەیگوت (بەسەری جەنابی بابم وادەکەی لەبەر درۆیەکی) واتە (بەسەری جەنابی بابم درۆ دەکەیت) ئیتر کابرای وەها سەرشکێن دەکرد ئەگەر شەرمی بەخۆی بوایە جارێکی‌دیکە لای ئەو درۆی نەدەکردەوە.

زۆر کەسی حەز لە گەپ کردوو بە ئانقەست زۆر درۆی ناقۆلایان لەلا دەکرد هەربۆ ئەوەی جێی شەق وپەقی حاڵەتی ڕق هەڵستانی لێ‌ببیەن، مانم هەقە ئەویش درێغی لێ‌نەدەکردن ئیتر بەو زمانە شێواوەی شەپەدارێەوە تەعبیری وەها سەیری دەردەپەڕاند کە لایەنی جێوەکەی لە بیران دەبردەوە و کابرای جێوپێ‌دراو لە هەموو کەس پتر بە خۆی و قسەکان پێ‌دەکەنی. ڕاستییەکەی گەلێك جاران لایەنی غەدر لێ کراو لەو تەرزە وەزعەدا عبدالمقتدر خۆی دەبوو چونکە وەها سەغڵەت دەبوو بە کاری ناڵەبار و بە درۆ و فیشاڵ دەهاتە فێ‌گرتن. گوێی لێ‌بایە یەکێك بەزار جرت دەکێشێ هەر بە جارێ شێت دەبوو.

یەکێك لەو تەڵانەی کە هەموو جارێ پێوەی دەبوو ئەوە بوو کەوا بە عادەتی خۆی ئەگەر وشەیەکی تاکت بۆ درکاندبایە دەهات لە ئەلفەوە هەتا یێ هاوکێشی ئەو وشەیەی دەگوتەوە، بە نموونە: ئەگەر بتگوتبایە: هۆ کاك مقتدر ئەرم. ئیتر وشەی دەژماردن، ئەرم، بەرم ئەرم... تادەگەیشتە دەنگی (ك) وشەکە دەبووە (کەرم) ئنجا دەیزانی تەپکەی بۆ نراوەتەوەو شریتەی وشەکانی دەبڕیەوە و ڕووی لە کابرا دەکرد: هەی صەگی منافق... بەڵام بە خۆیشی پێ‌دەکەنی. بەدوا ئەوەدا ئەگەر یەکێکی دیکە گوتبای (ئەگم) کاکە مقتدر پێدا دەچوو تا (صەگم) ... خولاسە هەرگیز تەنێ خواردوو نەدەبوو چونکە هەم هۆشکول بوو هەم ئەسیری عادەتی خۆی بوو.

عادەتێکی هەبوو هەرگیز تەرکی نەدەکرد: ئەگەر ناوی یەکێکیان بردبایە لە بەیت و مەتەڵ و بەستەدا هەبرایە دەبوو ئەو شتە فۆلکلۆرییە بخوێنێتەوە و ناوەکەی تێدا دووپات بکاتەوە. لە (پێ‌بازۆك) فەلاحێکی بەرچاو کە برای مام فەتاحی وەکیلی باوکم بوو ناوی (سلێمان) بوو. چەند جاری هاتبایە لامان لە کۆیە و کاك مقتدر بی‌دیتایە بەر لەوەی ماندوونە بوونی لێ بکا گوتەیەکی فۆلکلۆری‌ی دەخوێندەوە کە دەڵێ: ئەلوور بلوور تەکامێ، زەرتك شوورتك شەمامێ، ئالنجی بالنجی سلێمان قنجی.. پەنجەی بۆ مام سلێمان ڕادەکێشاو لە تریقەی پێکەنینی دەدا ئنجا ماندوو نەبوونی لێ‌دەکرد یان لەبیری دەچۆوە. جارێکیان چووە لای موستەعیدەکانی باوکم لە مزگەوتی گەورە. میوانێکیان هەبوو مەلا خدر ناوێکی زۆر موحتەرەم و ئیجازە وەرگرتوبوو.

بەعادەتی هەمیشەیی بەخێرهاتنێکی گەرم وگوڕو بەسەروسەدایان لە کاك مقتدرکرد و مەلاخدریان پێ ناساند کە مەلایەکی وەهاو وەهایە. ئەویش هەرکە ناوی (خدر)ی بیست دەماری فۆلکلۆر دۆستییەکەی بەخەبەر هات و دەستە ساغەکەی چەپەی بڵندکرد بەرەو مەلاخدر و گوتی: چەندم گوت خدری بەسێ بەشەش خانان دامەبڕسێ، ئێ‌کەرێت بەبڕێ...!!

وەها دەبوو لە خۆوە قسەیەکی ڕێکی پێکەوە دەنا و دەیکرد بە بابەتێکی فۆلکلۆری وەك ئەوەی کە جارێکیان ئافرەتێکی دیت و بیستی ناوی (ساڕێ)یە، ئیتر دەست بەجێ و بێ‌وەستان، بە لەهجەی ئاخاوتنی کۆیێ گوتی: ساڕێ، وەرە ماڕێ، پێکەوە بنووین هەتا بەهاڕێ..

کاك مقتدر لە دوو جۆرە گرەو هەرگیز نەیدەدۆڕاند: یەکێکیان چەڵەمەشکێنە ئەوی دیکەشیان شەرە شیعرێ: لە بابەتی چەڵەمەشکێنە بۆ خۆم دیتم جارێکیان دوای نانی نیوەڕۆ کاکە مقتدر بەسەر دەستشۆرەوە دەستی دەشوشت ئاوی لە دەمدا بوو، کابرای مەسینە بەدەست کە چەڵەمەی لەگەڵ کاك مقتدر شکاندبوو، دەرفەتی دیت و صابوونی خستە دەست ساغەکەی کاك مقتدرەوە، بەڵام بەر لەوەی بتوانێ بڵێ: بردمانەوە، یان دۆڕاندت کاك مقتدر بە زاری پڕئاوەوە گوتی لەبیرمە هەرچەند قسەکەشی لەگەڵ ئاوەکە بە بڵمەبڵم لەزارەوە دەرهات.

بۆ شەرە شیعری چەند قصیدەی لەبەربوون بە پێتی

هەوالنامەی کێشە

(ث، ض، ظ. .) کۆتایی‌یان دەهات یان دەستیان پێ‌دەکرد.

دەردی شەپرە دووچاری مرۆیەکی زیرەکی هەستیار بوویرو. لەوەوە ئاکامێکی لەنگەر نەبەستوو پەیدا بوویرو، بەشێکی شەپرەو بەشێکیشی لێ‌هاتوویی بەر لە شەپرە بوو.

جارێکیان چوو بۆ لای فەقێکانی مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد، دیتی پیاوێکی مام حاجی لە ئەهلی گەرەك کەوا شەوانە لە مەجلیسی باوکم پەیدابوو خەریکە لەو حەوزەی دەزنوێژی لێ‌دەشوورێ تارەت دەکات: یەکسەر چووە لای قایمقام، جەمیل ئاغا، و ناچاری‌کرد ئەو رۆژە تا ئێوارێ مام حاجییات خستە بەندیخانەوە، دواتریش بەخاتر خوایی لێی خۆش بوو.

کاك مقتدر لەگەڵ ئەو دەردە کوشندەیەوە چەرەیەکی بەزچاوی کۆیە بوو: ئێکرا ،لایەنی چاك و خرابی بخرابایەوە سەریەکدی، شەپرەداریکی ئیسك سووکی قسەخۆشی خۆشەویست بوو.

لەگەڵ دەستەو دایەرەی مەکتەب پێوەندییەکی بەتین و بەردەوامی هەبوو، خۆیشی بەر لەوەی دەردەکەی دووچار بێ، قوتابی و هاوڕێ دەرس و دەوری مەلا فەتاحی مەلا عیزەت و مەلا نافیعی مەلا سبووح و کاك مجیدی ئامۆزام بوو ناویشی بە زیرەکی دەرکردبوو. لە بیرمە کە قوتابی بووم، ئەو رۆژەی کاك مقتدر هاتبایە مەکتەب مدیر و مامۆستاکان و قوتابیەکانی پۆلی پێنج و شەش لەگەڵی‌دا خەریك دەبوون و دڵیان رادەگرت و ئەنواعی گەپ و سوحبەتی خۆشکەڵەیان بۆ دەهێنایە کایەوە.

بەهاران قوتابیەکان کە حەزیان لە سەیران دەبوو مدیریشیان پێ ئیقناع نەدەکرا خێرا هانایان بۆ کاك مقتدر دەبرد و لای باوکم تکای بۆ دەکردن ئەویش پسوولەی بۆ مدیر دەنووسی، مدیریش، خوالێ‌خۆش بووی مەلا عەبدوڕەحمان شەرەف، قسەی باوکمی نەدەشکاند و دەی‌کردە سەیران. . ئیتر هوتافی (بژی کاکە مقتدر) لە قوتابیانەوە بەرز دەبۆوە.

کاك مقتدر بە گەڵێك باردا بۆ کەسانی دەوروبەری خۆی مایەی خۆش وەختی‌و نوکتەبازی و فەرامۆشی بوو: لە هەر جێگایەك دیارکەوتبایە یەکەم ئاکامی دەرکەوتنی لای خەڵقەکە پێوەگەشەناوە دەبوو، تاڵایی‌ی دەردەکەی، بەزۆری، بۆ خزمی نزیکی خۆی بوو. لەگەڵ خزمانیش ئاغڵەب هەر بەپێکەنین و گەپ و گەشایی دەی‌بردەسەر.

دوو سێ ساڵی کۆتایی عومری حەزی دەکرد ژنی بۆ بهێنن و بە هۆشە کوڵەکەی خۆی پشتگیری لەو حەزەی دەکرد. بە نموونە: دەیگوت، بەسەری جەنابی بابم فلانەکەس وا دەکا لەبەر دوو ژنان ئەمن سمێڵیشم گەورەترە لە سمێڵی ئەو وا ناکەم لەبەر ژنەکی.

گەڵێك جار خەڵقەکە ئەم لایەنەیان دەکردە هۆی تەردەماغی و قۆشمەیی و نوکتەی جۆراجۆریان لێ‌پەیدا دەکرد: یەکێك لە خەڵقی گەرەك ژنێکی پیرو یەکێکی جحێڵی هەبوو، خۆیشی حەزی لە نوکتەبوو، دەیگوت کاك مقتدر ئەگەر حەزت لە ژنە (داکی گەورەت - مەبەستی ژنە پیرەکەی بوو) لێ‌پیرۆزبی، ئەویش بە دڵسافییەوە دەی‌گوت: ناپیاو، تۆسەری جەنابی بابم وەها بکە لەبەر ژنە جوانەکەت لۆ خاتری من.

کاك مقتدر هەر لە نیازی ژن هێنانەوە دەیگوت: لە سەربانان ئیرەقیر شایی کاکە مقتدیر. گورج خاڵی، مەلا عیزەت لێی دەقۆستەوە: لە کۆڵانان تەپوتۆز شایی خاڵی بدین بۆز.

رۆژێکیان بە هەڵەداوان هات بۆ لای باوکم و بەگەرمی داوای لێ‌کرد ژنێکی بۆ بهێنێ. باوکم پێی‌گوت: رۆڵە من ژنم هێنا تۆی لێ بوویت، تۆ ژن بهێنیت دەبێ چی لێ پەیدابێ. .

لە چارەسەرکردنی دەردەکەی ئەوەی مومکین بوو هەوڵی بۆ درا. جارێکیان هەناردرا بۆ خەستەخانەی کەرکووك کە ئەوسا جارێ ئۆتۆمۆبیل پەیدانەبووبرو، دکتۆری ئینگلیز لەو خەستەخانەیە سەرپەرشتییان دەکرد. . جارێکی دواتر هەناردرا بەغدا، خاڵی مەلا عیزەت و چەند کەسێکی دیکەی لەگەڵدا بوون. لە فحصی رۆنتکین دەرکەوت ئێکێکی جامی سەری سەرەژێر رۆ چووبوە ناو مێشکی. دکتۆرەکان بە مەلا عیزەتیان گوتبوو دەتوانین عەمەلیەتی بۆ بکەین بەڵام لایەنی ئێدا چوونی یەکجار بەهێزترە لە رزگار بوونی مەلاعیزەتیش دڵی نەهاتبوو بیدانێ دەم چەقووکارییەکی کە سەدی نەوەدی بکێشێتەوە بۆ مردن. دواتر کە هاتنەوە بۆ کۆیێ، باوکم بە مەلا عیزەتی گوت

خۆزی عەمەلیەتەکەت بۆ دەکرد. گوێی قوربان وەڵڵاهی وەك ئەوەم دەهاتە پێش چاو کە بەرخ تەسلیمی قەساب بکەم، دڵم بڕوایی نەدا.

ڕووداوێك لە کاك موقتەدیر دەگێڕمەوە، بەر لە مردنی بە چەند ڕۆژێك خۆم چاوم لێی بوو کە ڕووی دەدا مەبەستیشم نییە خوێنەر بهێنمە سەر باوەڕکردن بە نەعلیلی غەیبی، حەز دەکا دیاردەکە بداتەوە بە (نفس، عقلی باطن.. هتد) یا هەر شتێکی بە باوەڕی خۆی جێی متمانە بێ بەڵام لێم بسەلمێنێ کە چی دەبگێڕمەوە یەك زەرەڕە گومان لە ڕاست بوونی ناکرێ:

چەند ڕۆژێك بوو کاك موقتەدیر هەر باسی بەهەشت و مردنی دەکرد. هەتاکوو جارێکیان ڕووی لە باوکم ناو گوتی بابە بەسەری جەنابی بابم بەهەشت زۆر خۆشە هەر دەبی وابکەین لەبەر بەهەشتەکی [واتە: دەبێ بچینە بەهەشت] باوکیشم مەیلەو بە زەردەخەنەوە پێی گوتەوە ڕۆڵەکەم خواحەز بکا دەچینە بەهەشت ئەمما جارێ زۆر زووە سەبری لێ بگرە. کاك موقتەدیر هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو، تەنانەت پێوەی دیار بوو وەزعی ئاسایی و عادەتی خۆی پێوە نەماوە و فکری [ئەگەر بتوانین بڵێین فکری هەبوە] لە تەشویشدابە. ڕۆژێکیان چێشتەنگاو بوو من لەگەڵ کاك مقتدر لە کەلەگی کۆشکی مالەوەمان کە بەسەر حەوشەی حەرەمی دادەنواری ڕاوەستابووم دیتم لە نکاو کاك مقتدر ڕوەو قیبلە چاوی ئەبڵەق بوون و ڕووی بزرکا بەڵام بزرکانی گەشابی و هاواری کرد: وەڵڵاهی دیتم، بەسەری جەنابی بابم دیتم، وەی چەند خۆشە بەهەشت... هەر ئەمەی گوت و گوڕی بەست بەرەو حەوشە لە پێپلکانەوە سەرەژێر ڕۆیی بە خێرایی کەوتنە هەرگیزاو هەرگیز دەیەکی ئەوەش لەو ڕەچاونەدەکرا لە حەوشەش بە گورگەلۆقە [کە لە هەموو سالانی نەخۆشیەکەیدا سێیەرێکی ئەوەشی لێ نەدیترابوو] بەرەو هەیوانی ئەو بەری حەوشەکەوە ڕۆیی کە باوکم و دایکم لێی دانیشتبوون و بەدرێژایی کاتێش بە دەنگی بەرزەوە دەیگوت و دەیگوتەوە، بەهەشت خۆشە، وەی چەند خۆشە، بەسەری جەنابی بابم دیتم.. دەچمە بەهەشت.. تا گەییشتە لای باوکم، ئیتر ئەوەی دەگوت و دەسووڕا و دەگەڕا وەك سەرخۆش باوکیشم خەریك بوو هێوری بکاتەوە. ڕاستیەکەی جۆرە حەپەسانێکی بەسەر هەموو ماڵەکەدا هێنا. خۆم لەو نەمەنەی یازدە ساڵیمدا نەمەزانی فکرم بۆ کوێ ببەم مەگەر ئەوەی کە بڵێم شێتێکە و هێزێکی وەك جەزبە گرتن ورووژاندی، یان بەڕاستی شتێکی هاتە بەر چاو لەو بەهەشتە بکات کە خۆی باوەڕی پێی هەبوو. بە هەمەحاڵ دیمەنەکە یەکجار بەولای عادەتییەوە بوو بە خەیاڵی کەسیشدا نەدەهات موقتەدیر ئەو هێزەی ماوە یان قاچە سەکەتەکەی دەتوانێ هەنگاوی ئەوتۆیی پێ هەڵبهێندرێ. ئەو ڕۆژە هەر خەریکی (بەهەشت و بەهەشت خۆشەو دەچمە بەهەشت) بوو. وابزانم هەر ئێوارەی هەمان ڕۆژ یان ڕۆژی سبەینێ فێیەکی وەهای گرت خستیە ناو جێگەوە و لێی بەهۆش نەهاتەوە لە چەند ڕۆژێکدا کە کەوتە ناو جێگە وردە وردە ژمارەی فێیەکانی زیادی کرد ناکوو وەهای لێ هات لە دەقیقەیەك دوو دەقیقەدا جارێکی دەگرتەوە بەڵام بێ هەڵپەو زیرە و لنگە فرتکێ: هەر ئەوەندە بوو دەلەرزی و ڕووی دەبزڕکا.

باوکم بەخەتی خۆی لە مەرگی موقتەدیردا ئەمەی بە عەرەبی نووسیبوو: انا لله وانا الیه راجعون ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم توفي ابني وقرة عيني المعصوم المبتلى بالفالج والصرع الشديد وقد ذقت مرارة الموت كل يوم مرات عديدة حين اری نوبات صرعه قد عجز الاطباء عن مداواته منذ سنين وهو عبدالمقتدر ولم ير من عمره لذة وقد جاوز العشرين في ليلة الخميس بعد الساعة الثامنة منها غرة شهر شعبان المعظم سنة 1348هـ.ق 1307هـ.ش 1930م.

ئەم (الساعة الثامنة) یە هی پاش ڕۆژاوایە نەك پاش نیوەڕۆ.

مامۆستای نامەنووس کە یادی کاك مقتدری تێداکردبوو دەڵێ لە ساڵی 1927ز. ئیجازەی لە باوکم وەرگرتوە و ئاهەنگەکەشی لە (مدرسة)ی ناوبراودا بووە: ڕاستیەکەی من ئەو ئاهەنگەم بەبیردا نایەتەوە، یاخود دەبێ بڵێم لەو ئاهەنگانەی کە لەو مەدرەسەیە بەڕپا بوون نازانم کامیان هی مامۆستا بووە، بەڵام ئاهەنگێکی زووتڕم دێتەوە یاد کە جارێ نەچووبوومە مەکتەب قەڵەبالغێکی زۆری لەو مەدرەسەیەدا کۆدەکردەوە: باوکم کچی خۆی (عفت) کە خوشکە گەورەی عبدالمقتدر بوو دا بە شێخ

حەسەنی حاجی سەیدگوڵ. شێخ حەسەن ئامۆژای دایکم بوو، منیش هەر پێم دەگوت خاڵە حەسەن، هەموشمان بەو خوشکە گەورەیەمان دەگوت (یاعفت). قەڵەبالغیەکی زۆر لە سوارانی بژدەر هاتن بۆ گوێستنەوەی بووک، لەگەڵیاندا شێخ حسێن برای شێخ حەسەن و هەندێك لە خاڵەکانیان و پیاو ماقوولانی دێکەی پژدەر. باوکم لەو مەدرەسەیە بەخێری هێنان و هەر لەوێش نان دەخوراو کار دروستایی نووستن و ڕاحەتی مێوانان دەکرا. ئێستری باڵەبانی بە تاقەتی پان وپۆڕیان لەگەڵدا بوو بە تایبەتی ئەو ئێستەرەی کەژاوەی بووکی بەسەرەوە بوو بەستەزمانێکی هەڵکەوتوو بوو. هەر لە بیرمە چۆن بووك و بەربووك خرانە کەژاوەوە: بەربووك (نەنەعەیشێ) ئافرەتێکی سەرسپی ڕەقەڵەی ئێسك ساغ بوو، بەزۆری هەر ئەو مامانی دەکرد بۆ ئەو مااڵنەی پێیان دەگوترا ماڵەگەورە. چەند جاران وەها بووە لە هاویندا کە ماڵمان لە چناوك بووە و کاریان بە مامان هەبووە ئەم نەنەعەیشیە بە خۆی و تاقمی مامانییەوە هاتونە چناوك و نزیکی مانگێك لەگەڵمانی ڕابواردووە.

لە کەسبی خۆیدا لێزان و وشیار بوو. نزیکی ١٥ ساڵی دێکەش دوای ئەو ساڵە ژیا و زۆر بە پیری مرد.

یاعفت چەند کەسێکی خۆشمانی لەگەڵدا چوو بۆ سندوڵان لەمانە خاڵی خۆی مەلا عیززەت و وەکیلی باوکم طاهری حەمەلاڵ بەچەند پیاوێکی دێکەشەوە. ترس هەبوو لە سەلامەتیی کەژاوە کە بە تەنگی (خدران)دا نێ دەپەڕێ چونکە زۆر سەرەژێرو چرگەن و بەرداوی و لاپاڵ و هەڵدێر بوو بەاڵم خەڵقی زۆر و پسپۆڕی ڕێگا و خاوەن هێز کەژاوەیان بە سەلامەتی لەو تەنگەبەرەیە تێپەڕاند. . من لە ماڵی خۆمانەوە هەتا سواوەکان لە شاخی هەیبەت سوڵتان ئاوا بوون هەر بەدیارییانەوە بووم. لە بیرمە چۆن کە بەشاخ هەڵدەگەران و پێچیان دەکردەوە وەك ڕێچکەی مێرووم دەهاتنە بەرچاو، لەو دوورایەشەوە هەر هێندەی مێرووی ڕەش خۆیان دەنواند.

یاعفت کە گەیشتە ناو پژدەرییان ناوەکەی بوو بە موشکیلە: بۆیان نەدەگوترا بڵێن (عِفَتْ). بەزۆری هەر دەیانگوت (یای حیفریت، حیفریت خان). لەوەوە بریاری گشتیان دا و ناویان گۆڕی بە (عصمت خان). ئیتر کە دەهاتەوە کۆێ دەبووە بە عفت خان و کە دەچووە پژدەر باری دەگۆڕا.

لەلایەن ئاکارەوە ئەم ئافرەتە لە فرشتەی دەکرد: خاوەن دڵ و تەبیاتێك بوو هەرچی خەوش وڵەککە هەبێ تێیدا نەبوو. دایکم کە گۆیا بۆ ئەو زردایك بوو من و نەجیبەش زرپرا و زڕ خوشك، بەلایەوە وەها خۆشەویست بووین هیچ سنووری نەبوو: تۆ بڵێ بۆچی ئەم جیهانەی ئادەمیزاد هێندە بەدبەختە بە کەم بوونی ژمارەی مرۆی ئەوتۆیی!

وەك لەبیرمە دوای گوێستنەوەی یاعفت کە قوتابخانە کرایەوە من بووم بە قوتابی، بەر لەوە، نەجیبەی خوشکم لە ساڵی 1925 چووبووە مەکتەب، منیش بێ ئەوەی گوێ بدەمە دەرس و دەوام هاتوچۆیەکەم دەکرد و مامۆستاکانیش لێیان دەسەلماندم بە کەیفی خۆم بچمە ژوورێ دەرس و بە کەیفی خۆم لێی دەرچم، بەاڵم شتێك ڕووی دا لەو ساڵە مزا ـەی چوونە مەکتەبی بێخوێندن تاوی گەیاندە دەروونم: نازانم چۆناو چۆنی و بە هۆی سەبەبێکەوە صلاحی ئامۆزام، کە بە ساڵێك لە من گەورەتر و قوتابیش بوو، لە حەوشەی قوتابخانە شەقێکی لە مامۆستایەك هەڵدا. ئەم دیمەنە کاری تێکردم بێ وەستان گەرامەوە ماڵێ و بە باوکم گوت ناچمە مەکتەبێك قوتابی شەق لە مامۆستای هەڵبدا.

لەوە بەوالاوە هیچ سەروبەرێکی دیکەی ئەو ڕووداوەم لەبیر نەماوە، وابزانم لەو ساڵەدا نەچوومەوە مەکتەب ناشزانم ساڵی دواتر لەسەرەتای مەکتەب کرانەوەدا هەڵوەستم لە ئاست چوونە مەکتەب چۆن بووە، بەاڵم ئەوەندەم دێتەوە بەریاد ناوناوە بەهانەم دەدۆزیەوە بۆ خۆدزینەوە لە مەکتەب: ڕەنگە ئەم بەهانانە بڵقی بیرەوەری شەقەکەی ساڵی ڕابوردوو بووبێت.

بەر لە چوونم بۆ مەکتەب دوو ڕووداوی بەهات و بات و سەروسەدام دێنەوە بەریاد:

یەکێکیان سەفەری دایکم بۆ بەغدا بە نیازی تەداوی: وەك بشزانم ئەو و عەبدولمەفتەدیر و جەماعەتی لێرەبەپێشەوە باس کراو بەیەکەوە سەفەریان کرد. ئێستا لە باریکدانیم بتوانم پرس بەو کەسانە بکەم لە من چاکتر ئەو سەردەمەیان بەبیردا دێتەوە تا بزانم

بەدڵنیایی ئاخۆ بەیەکەوە چوونە بەغدا یان بە جودا. لە ڕووی چەندوچۆنی ژیانی منداڵیمەوە هیچ فەرقێك لەوەدا پەیدا نابێ ئایا چۆناو چۆنی سەفەریان کرد. من بەهۆی دایانم یا عصمتەوە بێدایکیم پێوە دیار نەبوو، زۆریشم مەبەست نەبوو لەگەڵ دایکم بم مادەم ئەو لەگەڵ بوونە یاعصمتم لە کیس دەدا، بەڵام نەجیبەی خوشکم دڕندەی داگرت بۆ چوونە سەفەر، تەنانەت دوای ئەوەی قافڵەی سەفەر کردووان بەڕێ کەوت و لە شار چووە دەر نەجیبە فرسەتی وەرگرت و بەڕەو ڕێی قافڵە کەوتە غار، پیاوێکی زۆر لەپێشی باوکم صالحی مام عەلاو کەوتە شوێنی تا لە شار دەرچوون نەیگەیشتێ. نەجیبەی خوشکم دەگێڕێتەوە دەڵێ بەغار لە دەرکی گەروو سۆرکەوە شوێن قافڵە کەوتم بەو ڕێگایەدا کە ڕووەو هەولێر دەڕوا، صالحم زۆر جێ هێشبۆوە و لەوانە نەبوو بتوانێ بمگرێ، بەڵام بۆ بێتاڵمی جووتیارێك کە هیچ ئاگای لە بین برکێی ئێمە نەبوو لەوژەکە لەوژەکە لە گردی قشڵە بە جوونە گاوە بەڕەو مەزراکانی لای گردی عارەبی دەمانە خوار.

صالح بانگی کرد: هۆی جووتیار دادەی ئەو کچەم لە بۆ بگرە. نەجیبە دەڵێ جووتیار ئاگای لە هیچ شتێك نەبوو بەو بانگەوازەش بایی سەری مووبەك خۆی نەچرچاند، خۆ ئەگەر بەردەوام بامایە لە ڕاکردنەکەم جووتیاریشم نەدەگەیشتێ کەچی بەو بانگە ڕەق بۆی ڕاوەستام و بەغداو هەولێرم لە بیرچوونەوە و لەگەڵ صالح گەرامەوە ماڵێ.. دواتر دایکم دەیگوت ئەگەر نەجیبەم بگەیشتبایە دڵم نەدەهات بیگێڕمەوە لەگەڵ خۆم دەبرد، جا ئەوسا نەجیبە خەفەتی لە جووتیار دەخوارد بەڵام چ فایدە.

سەفەری ئەوسای بەغدا لە کەرکووکەوە تا کەنگربان بە ئۆتۆمۆبیل و لەوێوەش بە شەمەندووفەڕ بۆ بەغدا دەچوو. دایکم لەو سەفەرەدا جگە لە کۆمەڵەی پیاوان ئافرەتێکیشی لەگەڵدا بوو مەشوور بوو بە مامۆستاژن، خێزانی حاجی فەقێ محمدی جیرانمان بوو. ئەو مام حاجییە بەسالدا چووی بوو، شەوانە لای باوکم بوو چەندی عەسرانیش باوکم چووبایە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد حاجی فەقێ محمد لای دەبوو.

مامۆستاژن ناوی (مریم) بوو بەڵام بەهۆی مێردییەوە پێی دەگوترا مامۆستاژن: بەبیرم دێ ساڵێکیان بەیەکەوە چوون بۆ حەج. تەنها کچێکی بوو (فەقێ عەبێ) ناو شووی کرد بە کەریمی حاجی حەمە ڕومی کە خۆی و براکەی (وەستا تەهای جلدروو) و خوشکێکی (یا ڕەحمەی خێزانی حاجی کەریمی ئاسنگر) زۆر لە نزیکەوە پێوەندی دۆستایەتییان پێمانەوە هەبوو. بەمانەی حاجی حەمەڕۆمی و حاجی کەریمی ئاسنگر لە ئایندەدا شتێکیان لەسەر دەنووسم هەر لە چارچێوەی ئەم گەشتەدا. کوڕێکی حاجی کەریم، میرزا، کە ساڵی 1978 کۆچی دوایی کرد و برادەرێکی هەرە کۆنم بوو، ئەویش دەبێ لەسەری بنووسرێ و خەباتی بە خەڵق ڕابگەیەندرێ: تا ئیستاکە ئەو مرۆیە سەربازێکی نەناسراوی کوردایەتی و پارتی دیموکراتی کوردە. کەم کەس هەیە هێندەی ئەو خزمەتی بێمزە و هەراو بێ ناو و شۆرەتی کردبێ. ناساندنی ئەویش بە خوێنەری کورد قەرزێکی ئایندەی سەرشانمە. بگەڕێمەوە بۆ سەفەرەکەی دایکم و مامۆستاژن:

باش ئەوەی مامۆستاژن لە زگە وەستایەوە و تەنها کچێکی بۆ مێردەکەی بەرهەم هێنا خۆی کەوتە خەم خۆری پەیداکردنی ژنێك بۆ حاجی فەقێ محمد کە میرانگرێکی نێرینەی بۆ پاشەکەوت بکات. دۆزینەوەی ئەو جۆرە ئافرەتە ئاسان نەبوو چونکە مام حاجی پیر بوو. دەبوو ئافرەتێکیش بدۆزرێتەوە هەم خۆراکی ئەو بێت و

هەم لە تەمەنێکدا بێت کەڵکی منداڵ بوونی پێوەمابێ. مامۆستاژن (پێشیان دەگوت حاجی مریم) کچی شێخ تەها شێتەی بۆ خواست: شێخ تەها، ڕاستییەکەی، شێت نەبوو بەڵام مرۆڤەکی ئاساییش نەبوو. دەستکورتی و بەسالدا چوون و پلەی نزمی لێهاتویی ناچاری دەکرد بەگرتنە بەری کەسایەتی ئەوتۆ لە ڕوالەتدا کڕین و فرۆشتنی تێدابێت و ناوەڕۆکەکەشی برای سوالکردن بێت: بە زۆری چەند شقارتە و قەیتانی چەخماخ و بەردە چەخماخی لە باخەڵەکانی دەنا و دەگەڕا بەم و بەوی دەفرۆشتن کە نێڕا دەدێتن لێی دەکڕن و بەزیادەوە نرخی بۆ حیساب دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەم حاڵەتەشدا شێخ تەها لە

هەولێر کتێب

دیوەخـانـەی جەمیـل ئاغـا و ئاغاکانی غەفووری ڕووی خۆشی دەدیت و بەخێر دەهێنرا، لای ئەفەندی مەکتەب دیدەش ڕێزی بەقـەدەر حاڵی لێدەنـدرا، خۆ لەگـەڵ مامۆسـتـا زەکی هەنـاری جەنـدی باڵێی زار سـوجبـەت و نوکتـەبـازی و شەرە جنێـوی مزرۆکـەی ڕۆح سووکی بەرپـا دەکـرد. بە هەمـە حاڵ شێـخ ئەهاش یەکێك بوو لە ڕووە کۆمەڵایەتیە ناسراوەکانی کۆیەی ئەو سەردەمـە. خەڵق بەتێکـڕایی پێـیان دەگـوت خاڵـە شێـخ تەها. هەرگیز لەبیر ناکەم، ئەوەندەی زستانان دیبێتم جلکەکەی چوار نهۆم بوون: ڕۆخی دەلینگی شەلوار (یان دەرپێ)ی دەگەیشتە قاپان. شاقەلی کەواکەی لە نێوان ئەژنۆ و ڕۆخی شەلواری بوو. سەرکـەواکـەی دەگـەیشتە ئەژنۆی ،سـەڵتەشی بەسـەر هەموانەوە لەبـەر دەکـرد دەگـەیشتـە کەمەری. هاوینان نهۆمی دووەمی کە سـەرکەوا بوو کەم دەبۆوە و دەمایەوە سێ نهۆم... مەعلوومە لە بەهەشتیش هەر وەها جلك لەبەر دەکا چونکە شەقڵ و دەقی پێوە گرتبوو. مامۆستاژن کچی شێخ ئەهای بۆ مێردی، مام حاجی، گۆێـسـتـەوە و خواش بەڕەحـم بوو کوڕێکی لەوژنـە پێ عەتـاکـرد ناونرا (حـەمـەد مصطفێ) . لەبـەر پێـوەندی کۆن و جیرانەتی و ،دواتـریش کە فاروقی برام بوو و لە تەمـەنـدا نزیکتـری حەمەد مصطفێ بوو، ئەم حەمەد مصطفێیە بە زۆری لە مـاڵی ئێمەی بەسـەر دەبرد، بەتایبەتی چونکە حاجی فەقێ محمد زۆر نەژیا دوای بوونی مصطفێ، خێزانە تازەکەشی بەو کوڕەوە دانەنیشت و چۆوە ماڵە باوکی، ئیتر مصطفێ مایەوە بۆ مامۆستاژن کە لێی بوو بە باوك و دایك، ئەویش بە تەبیعەتی حاڵ و بە عادەتی خۆی ئاغـەڵبی کاتی ڕۆژی لە ماڵی ئێمە دەبوو: ئێشێکی زۆری کژ لە دوا کژی ساڵ لە ماڵی ئێمە بەو مامۆستا ژنە دەسپێررا، دایکم لێی ئەمین بوو هەم لە ڕووی دەستخاوێنی و دینداریەوە هەم لە ڕووی لێزانی و کابانییەوە. لەوەش بترازێ مامۆستاژن نوێژکەری ڕۆژووگـری بە عیبـادەت بوو هەمیشـە لەگـەڵ پووری گەورەم یافـەخـرە هاو بەرماڵ و هاوقیلەو هاو فکـروزکـر بوو سـەد جاران بەهەشتیان لێپیرۆز بێ.

سـاڵی مردنی حاجی فەقێ محمدم لەبیر نییە بەڵام سەبەنەی کە خەبەری مەرگی زانرا لە مێشکم نەقش بەستوو بووە چونکە وەها ڕێك کەوت لە بانێکی خۆمانەوە سەرم بە حەوشەی ماڵی مام حاجیدا گرت دیتم لەسەر ئاتەشوار بە مردوویی دریژکراوە: ئەو دیمەنەم قەت لەبیرنەکرد.

جاران بەر لەوەی ئەو خەڵقـە لەبـەکـدی بکـەوێتە کلکـان دۆستایەتی و جیرانەتی و ئێش بەیەکدی بوون و فریای یەکدی کەوتن و حقوق پاراستن و خەسڵەتی ئەوتۆیی تام و شامێکی لە ژیانی سادەی ئەو سەردەمانە دەگێڕا، کەسێشی تێدا زەرەر کردوو نەدەبوو، ڕەنگە کەسێکی دەست ئەنکێش بوایە لەو پێـوەندیـانـە پتر بەهـرەمـەنـد بێ تا دەگـاتـە بابای حاڵ خۆش. دۆسـتایـەتی و جیـرانـەتی حاجی فەقێ محمـد و مامۆسـتاژنیش لەگـەڵ ماڵی ئێمـەدا بە درێـژایی ڕۆژگـاریان ڕووبـەڕەبـەکی گەش وخـۆشی ئەو سەردەمانە بوو: دەتوانم بڵێم هەرگیز ڕووی نەدا نە لەوان و نە لە ئێمە شتێك هەڵکەوێ و ببێتە جێ گلەیی لای دراوسێکەی..

مامـۆسـتـا ژن ئەمیـنـداری دایکم بوو لە هەرچی پێی دەگـوتـرێ پیت و بەرەحـەت و کەلـوپـەل و ئەسبابی ناومـاڵ: هەر لە برنج هەتـا گەنم هەتـا ڕۆن هەتـا مێـوژ و دۆشـاو هەتـا نیسـك و ساوار و دانەوێڵە هەتا دار و چیلکە هەتا میوەی هاوینان هەتا مریشك و جووجـەڵـە هەتـا جلك و بەرگی ناو سـنـدووق هەتـا پارەو پووڵێکی هەبسوویێ بۆ خەرجی هەمـووی لەبـەر دەست و دەمی مامـۆسـتاژندا بوو، ئەویش [سـوێـنـدی لەگـەڵـدا بێ] نەك هەر دەنـکـە دانەوێڵەیەك و فلـسـێکی بەلاوە نەناوە بەڵکوو بۆ ماڵەکەی ئێمە بە پەروۆشـتـر بوو لە ماڵی خۆی. دەك هەزار هەزار ڕەحـمـەت لە خاکی پاکی سەرقەبرت ئافرەتی خواناسی بەشەرەف.

هەر ئەو متمانە پێ کردن و تێڕا دیتنە بوو وەهای‌کرد دایکم بۆ سەفەری بەغدا مامۆستا ژن لەگەڵ خۆی‌دا ببات.

کە هاتنەوە، دوای چەند مانگێك، باشترین دیاری دایکم بۆ من ئەوە بوو پەیـکـەری بزنـێـکـی بەسـەر تەختـەیـەکی ڕەوەوەداری بۆ هێنـابـووم درێـژاییـەکـەی 25 سانتیمـە نزیك دەبوو کە ڕیشیت ڕاکێشابایە دەیبڕاند: بۆ ئەو سەردەمەی 1925 عاجباتی وەها لە شوێنی وەکـوو کۆیـەدا کاری مۆنـۆڕسـایکی ئێمـرۆکـەی دەکرد بگرە بتـریش. مـنـدالانـی گەرەك پێـوەی حەپـەسـا بوون، تا ئەوەی ئێمتیازێکی گەورە بوو بهێڵم یەکێك لەو منداڵانە ڕیشی بزنەکەم

رابکێشێ . . بەڵام هیچ شتێك نەمر نییە ، بزنەکەی منیش هەروەها : لە پێشەوە وردە وردە لێی تێر دەبووم ، ئنجا ئووکەکەی ، واتە مووەکەی ، بەرەبەرە دەوەری ، زۆری نەبرد چاوێکی ئنجا ئەوی دیکەشی دەرپەڕی تاکوو لە ئاکامدا بارەیشی پێ نەما ئیتر چووە گۆڕستانی مێژ ووەوە . بەڵام حیکایەتی سەفەرەکە گەڵێك دوای جوانەمەرگە بوونی بزنەکەم کۆڕی مەجلیسی دایکمی خۆش دەکرد و گوێم لێی دگرت و زۆریشم حەز لێ دەکرد . بەغدا ئەوسا هەرچەند بەلای ئەوروپایی‌یەوە دنیەکی گەورەی نارێك و دواکەوتوو بوو ، بێ گومان بەلای کوردەواریەوە شادگەی خەون و خەیاڵ بوو : ئەو حیکایەتانە کە لە زاری دایکی خۆمەوەم دەگێڕانەوە بۆ هاوڕێکانم هەستێکی شانازی پێ دەبەخشیم لە چاو ئەوەی قسەبێستی بابایەکی بازرگان یان سەفەرکردوویەکی هاکەزایی بیم ، ڕەنگە ئەوسا دایکم یەکەم ئافرەتی ئەو ڕۆژگارەی کۆیە بوویێت سەفەری وەها بەدەنگ و سەدای بۆ بەغدا کردبێت .

چوونی پیاو بۆ هەر کۆییەك بێت ئەو مەعنایە نابەخشێ سەفەری ئافرەت دەیبەخشێ . .

بە کورتی ، لەزەتێکی زۆرم برد لە بزن و دەنگ و باس و حیکایەتی ئەو سەفەرە .

ڕووداوەکەی دیکە ئەوە بوو کە باوکم بە بۆنەی هاتنی مەلیك فەیسەڵ بۆ هەولێر تەکلیفی لێ کرا ئەویش وەکوو پیاو ماقوولی دیکەی کۆیێ بچێ بۆ هەولێر بەتایبەتی کە ئەو زێدە لە خەڵقی دیکە شناسایی لەگەڵ مەلیك فەیسەڵدا هەبوو جگە لەوەی کە زیاتر لە خەلقی دیکە بە کەڵکی ئەو موناسەبەتە دەهات چونکە هاتنەکەی مەلیك بەنیازی هان دانی دانیشتوانی ناوچەی کۆنە ویلایەتی مووسڵ بوو بۆ دەنگ دان بەلای پچڕبنەوەی ویلایەتەکە لە تورکیا و خستنە سەر عیراقی . لێرەدا کە من بیرەوەری ژیانی خۆمم مەبەستە ڕێم نییە باسی چەندوچۆنی ئەو مەسەلەیە بەو جۆرەی لە هەولێر لە نێوان مەلیك و ئەو خەلقەدا باسی لێ کرا بهێنمە ناو نووسینم بەڵام ناچارم بۆ ڕوون کردنەوەی لایەنی تەجرەبەی تاڵ لە دەسی مەلیکایەتی فەیسەڵدا شتێکی ئەو سەروبەرە بگێڕمەوە .

مەلیك لە باداوەی مەلا ئەفەندی ، بەمێوانەتی لە مەلا ئەفەندی ، دادەبەزێ . لە قەڵەبالغی پێشوازی‌کەراندا مەلیك دوانێك دەدات و تەکلیف لە باوکم دەکات قسەکانی بۆ سەر کوردی وەرگێڕێ . وەرگێڕانەکەی باوکم ، بەتایبەتی کە قسە دەگاتە دەوری صلاح الدینی ئەیووبی لە پاراستنی ئیسلام و ڕۆژهەلات ، شەوق و ڕەونەقێکی بێ ئەندازە بەو قسانە دەدات . پێ ناوێ زۆر بەداو قسان بکەوم ، ئەو حاڵ وبارە لەو ڕۆژ و هەڵکەوتەدا سەنگێکی زۆر بەهەڵوەست و شەخسیەتی باوکم دەدات . . صبح نەشتەت کە وەزیرێکی هەولێری بوو دێتەلای و پێی دەڵێ : قوربان لەم بارەدا هەرچی بفەرموی بفەرموی جێبەجێ دەکرێ فرسەتیش هەمیو جاران ناگەڕێتەوە ، چ ئارەزوویەکت هەیە مەلیك بۆتی ڕوا دەبینی . . باوکم پێی دەڵێتەوە : صبح ، من کە لەگەڵ خستنە سەر مووسڵم بۆ عیراق لە باوەڕەوە دەدوێم ، وەلای خۆشم بە پارەی هەموو دنیا نافرۆشم ، ئاخۆ دەبێ من تەماو ئارەزوی چیم هەبێ؟ ئەگەر لە دوا ڕۆژدا بەپێی هەڵکەوتی زەمانە موراجەعەیەکی حکومەتم کرد لەو مەسڵەحەتەی کە هەیەتم وادەزانم پێویست نییە گومان بەرم بۆ ئەوەی لەپەری دەخرێتە بەر . صبح نشات چەندێکی پێدادەگرێ لەسەر هێندێ کە باوکم تەکلیفێك بخاتە ڕوو باوکم ناسەلمێنێ . دواتر پێش بینی صبح نشات هاتەجێ و حاڵ گەیشتە بارێك کە حکومەت خۆی دەستی بەسەر هەندێ ملکمان دا گرت [بگەڕێوە بۆ ئالقەیەکی لەمەوپێشتر کە باسی قەتبەران دەکات] . .

ئەو تەرزە تەجرەبەی تاڵ بەدوا هەڵوەستی وەها جەوانمەردانەی باوکمدا ڕێخۆش کەرەوە بوو بۆ ئەوەی لە دواییین سەردانی مەلیك فەیسەڵ لە هەولێر باوکم دەرفەت وەربگرێ و قسەی پێ ببڕێتەوە . بەخێر ، لە شوێنی خۆیدا کە نۆرەی قسەی گەیشتێ ئەو باسەت بۆ دەنووسم .

ڕێکەوت وەها بوو کە باوکم جارێ لەو سەفەرە نەگەڕابۆوە بەفڕێکی لەحەد بە دەر باری و سەرمایەکی زێدە سەختیشی پێوە بوو . باوکم لە دەمی بەفڕو سەرماکە بەخۆی و قەڵەبالغی کە

کتێبخانەی گەلاوێژ

لەگەڵیدا بوون مێوانی شێخ مارفی هەڵەجە، خاڵە گەورەی مامم، بوو. ئێمە لە کۆیێ بە درێژایی ئەو ماوەیە بە بەفرەوە خەریك بووین. هەوشەی ماڵەوەمان کە بەفری بانەکانیشی هاتبوو وەك چاڵە بەفری لێهاتبوو. کاك مقتدر پیاوێکی تایبەتی خۆی خزمەتی دەکرد ئاوی قاڵە حەیێ بوو، مقتدر بە عادەتی خۆی لە قەبێکی بۆ دۆزیبوو هەمیشە بانگی دەکرد: قاڵە قۆقانی سەگی سەربانی. ئەویش بەڵێ بەچاوانی وەڵام دەدایەوە لەو بەفرەدا کاك مقتدر کە خۆی توانای هیچ جۆرە گاڵتەوگەپی سەربەفری نەبوو فێڵێکی خۆشکەڵەی دۆزیەوە خۆی پێ دەخافڵاند ئێمەشی پێوە دەزرووقاینەوە: بازبازانێ بە قاڵە حەیێ دەکرد لەسەر بانی ماڵەوە بۆ ئاو بەفری حەوشە، قاڵەش وەکوو یاری یەکبازی بەهاران تا ئەو سەری بان لێی دەکشایەوە، گوڕی دەبەست و خۆی هەڵدەدا دەگەیشتە ڕۆخی ئەوبەری حەوشەکە و هەتا بن پیلان لە بەفردا ختم دەبوو، بەتەکان خۆی دەردەهێناو ڕایدەکردەوە بۆ بان و سەرلەنوێ خۆی تووڕ هەڵدەدا ئەو خەڵقەش بە تەماشایەوە لە ئریقەی پێکەنینیان دەدا، کاك مقتدریش بە زمانە شەقوبەقەکەی ئەوەی دەگوت کە کەس نازانێ چۆناوچۆنی بوو. سەرماکە وەها سەخت بوو، ئەو هەموو کەڵێن تێکەوتن و پێشێل کردنە بەفرەکەی نەدەتاواندەوە.

قاڵەحەیێ بەپێك خزمەتی کاك مقتدری کرد، ناشزانم بە هۆی چ ڕووداوێکە پەنای بۆ ئێمە هێنابوو. لەو سااڵنەی دواییدا خەبەری مەرگیم بیست. ڕەنگە دوای ئەوەی ئێمەی جێهێشت تا مرد هەر جارێك یا دوو جاران دیبێتمەوە.

بەباشی لەبیرمە، شەوانی ئەو زستانەی کە بەفرەکەی بە زۆری لێباری دەتگوت مانگە شەون هەرچەند مانگیش بەدیارەوە نەبوو، تۆمەز سپایی بەفرەکە کە هەموو زەوی داگرتبوو بایی ڕووناکایی مانگە چاو تێی بڕ دەکرد. ئەم دیاردەیەی سپی چوونەوەی بەفر لە شەودا دواتریش سەرنجی دەکێشا بەڵام نەك هێندەی دەمی منداڵیم تۆمەز بچووکی‌ی دەفری زەین و نەفسی منداڵ لە بارستی دیاردان زیاد دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا دەمزانی سپایی‌ی دنیا لەو شەوانەدا هی بەفرە و لێشم ڕوون بوو کە مانگە بەدیارەوە نیە.

چەندو چۆنی‌ی هاتنەوەی باوکم لەو سەفەرەی هەولێر و هاتنەوەی دایکم لە سەفەری بەغدا بە هیچ جۆرێك خۆ نانوێنێ لە یادمدا، وەها سراونەوە هیچ شوێنەوارێکیان لە ڕووپەڕەی ویژدانمدا نەماوە: وابزانم زۆری‌ی سەفەری دایکم و باوکم لە مونەسەبەو لە پێویستدا بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە من جارێ منداڵ بزوم هاتوباتی چوون و هاتنەوەیانی لەبەر چاوی ساوامدا تێکەڵ بەیەکدی کردووە تا ئەوەی لێك ناپچڕێنەوە بزانم (کامیان کامن) بێگومان ئەگەر خۆمیان لەگەڵدا بامایە باشترم بەبیر دەهاتنەوە.

ئێستاکە بەدەم نووسینی ئەم یادگارانەوە زۆر دیمەنێکی کۆنترم بەبیر دێنەوە، لەوانی خۆیەوە وێنەی ڕۆژانی بەسەرچووتر بۆ بەر زەبنم ڕادەکێشێ: بەبیرم دێنەوە ڕۆژێکیان نانی نیوەڕۆ بە قەڵەبالغیەوە لەو تازە ژوورەدا دەخورا کە بووبوو ژووری دیوەخان. خەڵقەکە لەسەر مافوور و دۆشەگ دانیشتبوون کە ئەمە وەها ڕادەگەیەنێ جارێ ناقەس نەخت و قەنەفە بۆ ئەو تازە دیوەخانەیە دروست نەکرابوو. لەوانی سەرووی ژوورەکەوە کابرایەکی سوورکاڵی شەپقە لەسەری ئەژنۆ ڕووت، بە بریق و باقی ئیشانەی سەرشان و سینگییەوە دوو سەرینیان بۆ دانابوو لەسەر یەکدی لە جیاتی کورسی لەسەری دانیشتبوو. هەرچی یادی ئەو ڕۆژەیە بە هۆی ئەو شەپقە لەسەرە ئەژنۆ ڕووتە سوورکاڵەوە خۆ دەنوێنێ: دیارە کاربەدەستی ئەوسای ئینگلیزەکان بووە [ڕەنگە بەسەفەر و سەردان هاتبێتە کۆێ چونکە ئەو دەمانەم بەبیرنایەن کە ئینگلیزەکان لە کۆێ فەرمانبەر بوون]. لە پەناشەبەنگی ئەو کابرایەی سەرووی ژوورەکەوە شەبەنگی دیکەی نامەئلووفی زەردو سوورم لێ‌ئێکەڵ دەبن هەر دەڵێی پارچە ئەمی زەردەواڵەیی بووبن بە چەند شوێنێکی ئەو ژوورەوە گیرسابێتنەوە لە بەر یادی منداڵ هەڵبەت ئەو پنۆکە زەردو سوورە نامەئلووفانەش هەر ئینگلیز بوون بەڵام لەبەر یادی منداڵ چاو و لوتیان نەبرسکابوون.

ئەشەدەو بیللا لەو دەمەدا بە هیچ جۆرێك بیری ساواییم بۆ ئەوە نەچوو ئایا لەبەڕ چی ئەو زەردوسوورانە بەسەر سەرینی بەرزەوە دانیشتوون؟ بۆ زەردو سوورن؟ بۆچی لە باری سەرەوە

هەواڵنامەی کەبیر

دانیشتوون؟ کێن؟ لەبەر چاوی ئەو سامدا کابراکان لە بەیادەمیان نەدەکرد. قەتیش ڕێك نەکەوت دواتر کە هۆشم بەشتان شکا بپرسم ئەو کابرایانە ناویان و وەزیفەیان و فەرمانی سەرشانیان کە بۆی هاتبوونە کوێی چی بوو.

باسی ئەم شەبەنگە زەردەوالەیی یە کە تازەژ ووری دیوەخانەی لەگەڵ خۆیدا بەریاد کردەوە، تازەژ ووڕەکەشی لە ڕێی (ندا عی)یەوە بۆ ڕووداوێکی بەسفتوسۆی کۆنترم دەباتەوە. بەر لەوەی ئەو ژ ووڕە تازەیە ببێتە دیوەخانە باوکم لە ژ ووڕێکی دیکە مێوانی بەخێر دەهێنان کەوا لە نزیك دەرگەیەوە قادرمەی بانی کۆشکی دوو نهۆم

سەر دەکەوت. جیرانێکمان حاجی تەها، کە مالەکەی بەتەنیشتی لای ڕۆژاوای مالمانەوە نووسابوو شەوانە کە لە دیوەخانە هەڵدەستا بەو قادرمانەدا سەردەکەوت بۆ سەر کۆشك و لەوێوەش 70 سانتیمەتر ێك بۆ بانی کۆشکی مالی خۆی دادەبەزی و بە قادرمەی نێو هەورەبانی خۆیدا دەچوە خوارێ بۆ ناو مالی خۆی، ئەمەی دەکرد چونکە زۆر کورتترو قەدبڕتر بوو لەوەی بە کۆلانەدا بەرەومالێ ببێتەوە. شەوێکیان لە میعاددا هەڵدەستێ بەرەومالێ، لەسەر بانی کۆشکی ئێمە ڕێی لێ هەڵە دەبێ: لە جیاتی ئەوەی بەرەو بانی کۆشکی خۆی بڕوا ڕوو دەکاتە سواندەی لای حەوشەی مالی ئێمەو لە دوو نهۆمەوە کەوتە خوارێ و کەسی بەدەنگ نەگەییشتە سەرێ. من شیری خێزانی دووەمی حاجی تەهام خواردبوو، مالەکەی بۆ من و بۆ نەجیبەی خوشکم وەك مالی خۆمان بوو: لە ژنی یەکەمی سێ کچی هەبوو، لە هی دووەم کوڕ و کچێك ،هەمووبان هەر بەڕاستی بۆ من خوشك و برا بوون. حاجی تەهام بەیەك فۆرم بەبیر دێتەوە: پیاوێکی کەڵەگەتی دالەگۆشت و مووسپی، کورتەکەکی تا ئەژنۆی لەبەر لەوە بەرێژ دەرپێ سپی . .دیارە ئەم وێنەیەم لە بەرگی هاوینیدا دیتوو. هیچ سەروبەرێکی کەوتن و مردن و تازیە و ئەو جۆرە هاتوباتانەم بەبیرنەماوە. ئیتا خانووی حاجی تەها لە دەست میرانگرانیدا نەماوە، ئەو بەشەی مالی ئێمەش کە بریتی بوو لە حەوز و مەتبەخ و ناومالێ و خانی زەخیرە و بەخانووی حاجی تەهاوە نووسابوو بۆتە خانووی شێرکۆی فەتحی‌ی برای شیریم. . ئەو بەشە، کانی خۆی، باپیرم حاجی مەلا عەبدوڵلا کڕی بووی، ئەوساش هەر بە کۆنە خانوو کڕابوو: سەیر لەوەدایە، بەدرێژایی عومری ئەو خانووە کە هەر نەبێ لە 200 ساڵی تێدەپەڕاند پێویست نەدیترا هەڵگەڕێتەوە یان داری لێ بگۆڕدرێ تا بەر لە دوو ساڵێك شێرکۆ لە بنەڕەتەوە نوێی کردەوە. کۆڵەگە و کاریتەی ناومالەکە و هێندێك لە داری ڕایەڵی چەندی بڵێی مەتانەتیان پێوە بوو. ئەو ناو مالە بەلای ئافرەتانی چینی پێش ئێمەوە قودسییەتی هەبوو: زۆرم دەدیتن کە سەردانی یافەخسرە، دوای ئەویش هی دایکمیان دەکرد یان خزمانی هەولێرو دزەییانی ڕێیان دەکەوتە کوێی دەهاتن دەرگەو دیواریان ماچ دەکرد، سەیریش نییە بۆ ئافرەتی جیلی پێش ئێمە جێگایەك بە موقەدەس بزانن کە لەوتەی بەبیراندا دێت نۆیژ و تەراویحی ئافرەتانی تێدا کراوە و قورئان خوێندراوە. لەبەر بادی منداڵیمدا ناومالێ و پوورە فەخرەم تەواوکەری یەکدی بوون، لەگەڵ ئەو پوورەمدا داکە زێنەب (حزینە) [دایکی مامم] هەتا مرد عیادەتی لەو ناومالەدا دەکرد. چی ڕزقێکی خواش بە ئێمەی دابێ لەو ناو مالەو خانی زەخیرەی کە بەسەریەوە بوو، دەرگەشی لە ناو ناومالەوە بوو، دادەکراو دەبوو بە خۆراکی ڕزق خواردووان. واز لە مێوان بهێنە، هەر حیسابی ئەو ڕزق و ڕۆژ یەی لە ماوەی پتر لە 100 ساڵدا بە ڕاتبە بۆ فەقێی مزگەوت چووە بدەیتە بەر تەرازووی خێر و شەڕان چارت نامێنێ لەوەدا حورمەتی ناومالەکە بگریت. بشزانە، خوێنەر، ڕزقی حەرام نەچۆتە ئەو ناومالە.

ئەحمەد شەوقی بەزاری مەجنونەوە لە یادی سەردەمی منداڵی و شوێنەواری کە لەگەڵ لەیلاتێیاندا بەسەری بردووە دەڵێ و چەند بە پاکی و سۆزەوە دەڵێ:

قد يهون العمر الا ساعةً

وتهون الأرض الا موضعاً

ئنجا ئەو ناومالەو ژ ووڕێکی‌دیکەش کە وەختی خۆی باپیرم و بەدوا ئەودا باوکم تێیدا ژیاوون بەڕاستی و بێ تێخوێندنەوەی باب و ئەولادەتی هەقیان بوو ڕێزیان لێبندرێ: ناومالەکە فەوتا بەڵام ژ ووڕەکەی باپیرم بە تەعمیرکراوی هەرماوە.

که بیر دەبەمەوە بۆ کۆنترین ئەو ڕۆژانەی دەشێ بیٚنەوە بەریادم وێنەیەکی گەرەك و کووچەی دەورو پشتی مالی خۆمانم بە نیمچە وێرانی دێتەوە بەر چاو. لە مالمانەوە تا ڕۆخی شار مەودای پتر لە 100 مەتر هەبوو هەمووی وێران بوو. لە نێوان ئێمەو مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد کە بە ئەسڵ لە دەرەوەی شووڕەی شار بووە مەودایەکی بەرین هەبوو پیٚیان دەگوت (کاولی عەلی بەگ) شوێن گەمەی منداڵ و جحێلان بوو. دیارە کاتی خۆی بابایەکی (عەلی بەگ) ناو خاوەن ملك و مالٚ بووە لەو ناوەدا. بەسەر ئەو کاولەوە بەرەو خوار و بەرەو ژوور هەر وێرانگە بوو. دەتوانم بڵێم لە ڕووپێوێکدا کە هەڵدەگرێ بەر وێران بوونی 10 ـ 15 خێزانێکی تێدا ژیابێ تەنها دوو خانووی شڕی بەپێوە مابوو، یەکێکیان مالٚی مام عەلی ئەوی دیکەشیان مالٚی مام قادر کە پیٚیان دەگوت (قاڵە خەجێ) خێزانی ئەو مام قادرە ژنێکی پان وپۆڕی وەکوو مێردەکەی بەساڵدا چووبوو نازناوی (کووپە)یان پێوە نابوو، بووبووە (خەجێ کووپە). ئەو ژن و مێردە بێوەچە برانەوە. زۆر منداڵ بووم دەمەو پاییز بوو سەبەینەیەکیان کە خەبەرم بۆوە بیستم دەگوترا مالٚی خەجێ کووپەیان بڕیوە. مالەکەیان دە مەترێك لەئێمەوە دوور بوو، بەغار چووم دیتم لە قوونەبانی لای چۆلی بەدیوی مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەددا شەباقەیەکی گەورە کەوتبوە دیوارەکەبانەوە کە لە قوڕ و خشت هەڵنرابوو بۆ دز لەمپەری دروست نەدەکرد. وابزانم دزەکە دیواربڕێکی ئاسنی لێ بەجێ مابوو. ئەوەی کە بەکەڵکی دزین بێت لەو مالە دزرابوو. زۆری نەبرد گوتیان کەتنەکە لە کابرایەك ئاشکرا بووە پیٚیان دەگوت ڕەسوڵی کۆڵانێ. دواتر ئەم ڕەسوڵەم ناسی، کەنناسی بەلەدییە و فەقیری مالی خۆی و زۆریش بە ئەدەب بوو بەڵام لە مێشکی منداا بە خۆی و دیواربڕ و شەباقی دیواری مام قادرەوە نەخش بەستوو بووبوو. نازانم بە ئاکام چی لێ بەسەر هات یان کێی لەدوا بەجێ ما، ئەوە نەبێ کە وا بێگومان وەکوو ملیۆنەها هەژاری دیکە بەهەناسە ساردی چووە ژێرخاك.

مام قادر و مام عەلی، کە جیرانی یەك دیوار و یەك سەربان بوون هەر چەند لە دەرگە بۆ دەرگە جیرانەتیان پێوە دیارنەبوو، لە تەمەندا ڕەنگە لەیەکدی نزیك بووبن بەڵام من وێنەی مام عەلیم بەبیردا نایەت کەچی وێنەی مام قادرم بەچاکی لەبیرە: دەرگەی مالی قادر بە ڕووکاری مالی ئێمەدا بوو ئیتر هەمیشە لەکۆڵانەوە یان لەسەربانەوە دەمدیت، هەرچی مالی مام عەلی بوو دەرگەی لە نەدیوی مالی ئێمەوە بوو. دوای خۆی خانوەکەی لەلایەن هەندێك لە کوڕەکانیەوە تەعمیر کرایەوە تەنانەت بەشی زۆری کە بوو بە هی کوڕە هەرە بچووکەکەی (حاجی فتح الله) لە لایەن وەستای مووسڵەوە بنیات نرایەوە. حاجی فتح الله گەنجێکی لێهاتووی بەرچاوی بەوێڵ و تەرتیب بوو، براکانی کە هەر سێکیان لەو گەورەتر بوون بە چاوی براگەورە سەیریان دەکرد. کە لەو بەشە خانووەی تازەکراوەی باوکی جێنشین بوو شەوانە دەهاتە لای باوکم، ڕاستییەکەی باوکیشم زۆری خۆش دەویست گەلێکیش بە پەرۆش بوو بۆ مردنی. بە خەتی خۆی نووسیوەتی: فتح الله مام علی چووە بەغدا بۆ تداوی لە گەرانەوە لە (دیگەلە) وفاتی کرد امرو غنودەی خاك غفران بو. یك شەمو ماهـ صفر بیست و حەفتی مارت ڕومی علیه رحمة الله 1958 ه.ق 1939 م. 1318 ه.ش.

وشەی غنودە فارسییە بە واتای (حەسایەوە) دێت.. هـ.ق. واتە هجری قمری. هـ.ش هجری شمسی.

حاجی فتح الله بۆ دووەم جار ژنی هێنایەوە: کچی حاجی تەهای جیرانی ئێمەی خواست.

چونکە من شیری خێزانی حاجی تەهام خواردبوو هەمرو کچەکانی خوشکم بوون ،ئەمەشیان بوو بە دایکی‌ی‌چوار خوارزام، هەموویان کچ .تا ئیستا 3 لەمانە بوونەتە خاوەن کچ و کوڕی پێگەیشتووی تێگەیشتوو. بەرخوردارین.

منداڵانی کچانی حاجی تەها، چ ئەوانەی لە حجی فتح الله کەوتوونەتەوە و چ ئەوانەی لە کچی دووەم ـ فاتمە ناو بوو بە خێزانی شێخ صادق و کەوتنە قەڵادزە، ئەمانەو هەموو ئەو منداڵانەی لە خوشکانی شیریم پەیدا بوون پڕ بەدڵ پێم دەڵێن خاڵە: وا دەبێ خوارزاییکم ناناسمەوە هەتا خۆیم بۆ هەڵدەدا. دەڵێن مەڕ بەبەرەکەتە، خوا پتری بەرەکەت تێبگیرێ، بەڵام بەنیادەمیش بێبڕشت نییە.

له پەنـا دیمـەنی کۆنی شکـڵ وێـرانی کۆیـەی سەردەمی منداڵیدا، دیمەنێکی وەك ئەو كە هەر خزمە لەگەڵ پێداویستی وێرانی، لەگەڵمدا ژیاوە و هەرگیز سیپەات نەبۆتەوە: چەندین خێـزانی کورد و عەجـەم لەبـەر ڕەوی سپای قەیـسەری ڕووس و دواتـریش بە تەکانی قاتوقڕی ساڵی 1917 داپەڕیبـوون بۆ گەرمێن. لەمانە چەند خێزانێك لەو گەرەکە نیشتەجێ بوون کە ماڵی ئێمەی لێ بوو. تێکڕای ئەو خێزانانە ڕێز لەخوگرتوو بوون و بە ئارەقـەی نێـوچەوانیان نانیـان پەیدا دەکرد. میرزا غەفووری سابـلاغی، کە باشتر بە باوکی (دڵشـاد ڕەسـوولی) دەناسرێتەوە وابزانم کەسـێی عەتاری هەڵیژارد. دڵشادی بوو بە قوتابی، کە مەکتەبی کچان کرایەوە خەجاوی کچێشی بوو بە قوتابی، بەڵام هۆیەکی بێبایەخ لە کۆیەی هەڵقەناند و بردییەوە بۆ سابلاغ.

دڵشـاد سەروسـەدای هەبـوو لە دەمی قازی محمـددا. پاشتر بووە پەنابەر لە عیراق. . سەرت یا نەیەشێنم، زۆر بەداخەوە، لە هەڵسوکەوتی هەرای وڵاتی خۆمان نێدا چوو. لەو ساڵانەدا وردە هەوادێکی خەجاوی خوشکیم بیـست لە سابلاغەوە و چی‌دیکە نا. .

یەکێـکـی دیـکـەی خەڵـقی سابـلاغ فەرەجـاغـا، ئەویش لە خانوێکدا دەژیا کە ماڵی مەلا تاهیری ئامۆزای باوکمی تێدابوو. ماڵێکی بەشـەرم و شکـۆ و بە وێـڵ و تەرتیب کە وا بێگـومـان ڕێکاری ڕەفتاریان پتر لە هی کۆیێ شارستانەتی پێوە دیاربوو. خێـزانی فەرجـاغـا شیـری دەدایـە ئیـقـلیمـەی خوشکم و لەوەوە شێوەیەك ماڵییەك لەنێواندا پەیدا بووبوو. تاقانە کوڕێکیان هەبوو (ئەحمەد) ڕەنگە بە ساڵێك لە من گچکەتر بوو، وەها لەگەڵمدا بوو بە هاوڕێ بێ ئەو هەڵم نەدەکرد. کچە برازایەکیشی هەبوو (جیهـان) شووی کرد بە برازای کاك طاهـری حەمـە لاڵ بەڵام زوو بێوەژن بوو و ئەویش لەگەڵ ماڵی مامی چووە بۆ ئێران. لەو ساڵانـەی دوایی‌دا خزمم لە سابـلاغ ئەحمـەدی ناسیبـوو. فەرەجـاغـا خەیاتی دەکرد.

یەکێکی‌دیکە لەوانەی بە کوردی و بە تورکیش باش دەدوان (وەستا خەلیل) بەنایی دەکرد.

دوو ژنی هەبوو یەکێکیانی (ئامینە) بوو بە دایان و شیردەری منداڵەکـانی مامم. ژنەکـەی دیکـەی بەرچـاوتر و لای منـدی ڕێـز لێگیراوتر بوو، کوڕێکی لێی هەبوو (مەجید) ناو هەمیشە لەگەڵ خۆی‌دا دەیگێـڕا و سەرپـەرشتی‌ی هێنـدی سەروبـەری کاری بەنایی پێدەکرد کە لە عومری بوەشێتەوە.

ئەم مەجیدە هەرگیز تێکەڵ بە منداڵی کۆیێ نەبوو، قەتیش نەدیترا لە هیچ کژێکدا بەشداری گەمەو گەپی کوڵانان بکات. لە ئامینـە کوڕێکی هەبـوو ناوی (جـەلیـل) بەڵام لە منـداڵی‌دا سەرسـەپـۆڵـە بوو پێیان دەگوت (سەرەگا). ئێجا کە حەمە عەلی ئامۆزام بوو بە 4 ـ 5 ساڵی قەڵـسم دەکرد و پێم دەگوت (حەمە عەلی برای سەرەگـایـە، داکی ئامینـە، بابی خەلیـل وەستـایـە) بەوەدا تەزکـەرەی نفـوسی وەهـام بۆ دەبـڕی پێـوەنـدی بە مامم و مامـۆزنمـەوە نەمێنێ. وەستا خەلیـل براگـەورەی بەرەماڵێك بوو ئێـواران لە ماوینـانـدا بەر لە ڕۆژاوا، هەمـوویـان لەسـەر بان بەرێـکی دادەنیشتن و (شـام)یـان دەخـوارد و بەدوای شامـدا سیغارەیان دەپێچایەوە و دیشلەمەیان دەخواردەوە، زۆری نەدەبرد دەچوونە ناو ئۆبەوە. وا بزانم براکەی وەستا خەلیل ناوی وەستا ئەحمەد بوو: وەك لە بیرمە بە هیچ جۆرێك شکڵی برایەتییان پێوە دیارنەبوو، خەلیل شووش و باریك، ئەحمەد خینگە ملەی پان وبـۆر. . . ئەوەی لەبیـرمـە لەو ماڵانـە کچێـك هەبـوو ناوی (مـەڕان) بوو، قەتـیش لەوە بەپـێش ناوی ئەوتـۆ لە کۆیـێ نەبیسترابوو، بە شکڵ ئەو مەڕاڵە دەچووە سەر براکەی وەستا خەلیل.

یەکێکی‌دیکە کە ئەویش لە گەرەکی ئێمە نیشتەجێ بوو ناوی (مصطفێ)بـوو لەبـەر کەڵـەگـەتی پێیان دەگوت مصطفێ درێژ. ئێستا کوڕێکی (محمد) ناوی لە هەولێر خاوەن دوکانی کەباب و گۆشتـە: محمـد هاوڕێی منـداڵی و گەمـەوگـەپی (ئـۆپـانـێ و خواجەڕۆیێ و زرینگ زرینگ ئاوە)م بوو.

چەنـد ساڵێـك لەمـەوبـەر، بە ئاپیـەتی، بە خۆم و چەنـد برادەرێکمـەوە چووینـە دوکـانـەکـەی ئێـر بە زگ نان و کەباب و نکەمان لا خوارد بە ماستاو و چاپەوە.

کابـرایـەکی‌دیکەی عەجـەم کە کوردییـەکـەی زۆر شڕ بوو باشترین وەستـای شیـرنەمەنی بوو. لە شکڵی زلابیەی ئەمڕۆکە

شیرنـاییـه‌کی دروست دەکـرد بەڵام مادەکـەی گەنم بوو لنجایی زلابیەی پێوە نەبوو، ناومان لەو شیرنایە نابوو (پەنجەرە): باوەڕ ناکـەم شتی لەوە خۆشتـر لە هیـچ دەستێکی ڕەنگین بڕەخسێ. کوڕێکی هەبـوو کوتـومت خۆی بوو بچـووك بوویـوە. ناوی هیچکـامێکیـانم نەدەزانی ئەوە نەبێ پیـاوەکـە (شـەکر بە نان)ی لێ‌بـووبـوە لەقـەب چونکـە دەگـەڕا بۆ فرۆشتنی بابـەتـەکـەی بە لەهجـەی عەجـامـانـەی خۆی دەنگی بەرز دەکـردو دەیگـوت: شەکەر بە نانە، شەکەر بە یارە، های شەککەر های شەککەر. لە وشـەی شەکـەردا دەنگی (ك)ەکـەی کلۆر دەکـرد وەك کە لە کوریدا لە وشەی وەك (کێ، کوێ)دا کلۆر دەکرێ.

ئەو وەستایە جل وبەرگیشی عەجەمانە بوو، زووش گەڕایەوە بۆ دیوی ئێران.

هێندێك لەو پەنابەرانە مانەوە لە کۆبێ و لە ئاکامدا بوون بە خاوەن مالّ و منداڵ و کەسایەت.

یەکێکیان تا ئێستاش بە لەقەبەوە ناوی دەبردرێ و پێی دەڵێن (ناڵە عەجەم) کەچی وەك بزانم زمانی هیچ شێوەی عەجەمایەتی پێوە دیار نەبوو. قەی ناکا مامە نادر لە پیاوان دەقەومێ.

بەحاڵ دێتەوە بیرم، تووتنەوانێك لە کۆیەوە چوو بۆ پێ‌بازۆك و لە دەمی کە تووتن دەبێنـە (کـەڵـەبـابـە) لەگـەڵ فەلاحێکی پێ‌بـازۆکی (خلە بڵیـاس) ناو بە دمـە قاڵ هاتبـوو. بە غافڵگیـر تفەنگی پیاوێکی باوکم دەرفێنێ و خلەبڵیاسی پێ‌کوشت و بۆی دەرچوو. ئەو کابرایە خۆیشی تووتنەوان بوو لەسەر زەوی باوکم و مامم، وابزانم یەکێکیش بوو لەو پەنابەرانە. ئەو دەرچوونەی بۆی دەرچوو نە بەکەس گیراو نە هیچ سەروسۆراغێکیشی لە کەس مەعـلووم بوو، هەرنـەبـێ من هیچی لێ نازانم. بۆ ئەو دەمـە کوژرانی مرۆ بە سفتوسـۆ و بە دەنگ و سەدا بوو. لە گێرانەوەی دەمـاودەم دەزانم کە خەبـەری کوژرانی خلەبڵیاس گەیشتـە کۆبێ خەڵقێکی بەرحیساب لە خزم و پیاوی سەر بە باوکم بە هەڵـە داوان و بە تاقـمی پێـویـستی کاری دنیـایی‌یـەوە ڕۆیین بۆ پێ‌بـازۆك، زۆریش بە تەعقیبی ئەو کابرایـە لە سۆراغـدا بوون بەڵام بێ‌سوود. وابزانم ناوی کابرا هەمزە بوو. ئەو پیاوەی کە تفـەنگـەکـەشی لە عوهـدەدا بوو هەتـا مرد خەفـەتی لێ‌دەخوارد هەرچەند عەینێك نەدەهاتەوە سەر ئەو چونکە کابرای تووتنەوان بێ‌ئاگای ئەو و لە غەفڵەتی خەڵقەکەدا تفەنگەی بردبوو، تومەز ئەو پێش گەیشتنی‌بـاس و خواسی دەمـەقـاڵیـەکـە بۆ ناو ئاوایی خۆی گەیاندە شوێنی مەبەست و تفەنگی ڕفاند..

خلەبڵیاس برا گچکەی (بلەبڵیاس) بوو. ئەم مام برایمە زۆر ژیا، بەڵام ددانی نەکەوتن.

سێ کوڕی لەپاش بەجێ ما یەکیان ئەو مام عەزیزە بوو کە لە ئاڵقەیەکی پێشووتر باسی نەخۆش بوونی و بەشداری کردنم لە بەرهەم هێنانی تووتنەکەی نووسی..

لە بابەتی (کوژران) چەند ڕووداوێك دێنەوە بەر یادی تەمەنی ئەو ڕۆژگارەم کە حەمەدی ڕەشی تێدا دەردەست کرا و مامۆستای نامـەنـووسیش پەنجـەی بۆ درێـژکـرد، بەڵام ئەگەر پرس نەکەم ناتوانم بەپێی سرەی ڕووداندان لەسەریان بنووسم، لەم بارەشمدا دەنگم بە کەس ڕاناگات چ زەرەریش لە پێش و پاش خستنیان ڕوو نادات.

ڕووداوێکیان کە دەنگێکی گەورەی دایەوە ئەوبوو دوو شێخی تارگەنجی بنەماڵەی تاڵەبانییان ،شێخ برهان و شێخ افضل کە هەردووکیـان برابـوون، لە دیـوی بیشـوێن کوژران. ڕاستییـەکەی ناتوانم بڵێم هۆی کوشتنیان چی بوو هەرچەند بەلای خەڵقەوە، بەنایەتی تاڵەبانیەکان، دەبێ مەعلووم بێ منیش بیستوومە بارەها باسی ئەو وافیعەیە کراوە بەڵام بەداخەوە وەهام لە بیر نەماوە بە نووسین بۆ سوێنگەی مەسەلەکە بچم. هەرچونێك بێ بڵیاس و ئاکۆی تێدا تاوانبار کران مەسەلەش بە ئیدارە لەلایەن متصرفی هەولێـرەوە هەڵبـژایـەوە و بەپێی نرخی خوێنی ئەو دەمـە تۆڵـە لە سەرەك عەشیرەتەکان ستاندرا و درا بە خوێن ئەستێنی ئەو دوو برایـە. دوو کوڕی شێـخ برهـان، حسـام الـدین و شەرەف، هەرچەند بە تەمەن لە من گەورەتر بوون بە تایبەتی شێخ حسام الـدین، بەبێـك لە سەرەتـاکانی خوێندنمدا بوونەوە بە هاوڕێ مەکتەبم، لە ڕاستیشدا شێخ شرف زۆر زیرەك بوو بەڵام خۆی و کاکی ،شێخ حسام، زوو دەستیان لە خوێندن هەڵگرت.

کوشتاری دووەم مەسەلەی کوژرانی فەتاحی تۆفیق ئەفەندی مەلا ئیـمـام بوو. خەبـەری هات کە لە ڕێی سەفـەری بەرەو

هەواڵنامەی کێلک

کەرکووك لە نزیك دێ قەرەناو بان شوێنی وەکوو ئەو بۆی لە بۆسە دانیشبوون و بە تفەنگە کوشتیان. فەتاح کوڕێکی شۆخ بوو بە ئاستەم ئادگاریم بەبیردێتەوە، باوکیشی توفیق ئەفەندی کاتبی محکمە بوو: وابزانم بە ئەسڵ کەرکووکین. کوژرانی فەتاح زۆری قسە پێوە دەکرا کەس نازانێ چەندی ڕاستە و چەندی درۆ. بە فەناعەتی من چەندێکیشی ڕاست بێ بایی ئەوە ناکا لە مەسڵەتییەوە بگەیەندرێتە کوشتن.

سێیەم کوشتار لە گەرەکی خۆمان و لە مالی خزمێکمان ڕووی دا: پیاوێکی مامم خاوەن خێزان خەبەری درایێ کە خێزانەکەی دەستی لەگەڵ کوڕێکی گەرەك تێکەڵ کردووە و ئا لەو دەمەدا بەیەکەوەن لە مالی مەلا عیززەت. بوختانەکە درۆیەکی ڕەجالی بێ ئەسڵ و ئەساس بوو، بەڵام مێردە دەستی دابە خەنجەر و چووە مالی مەلا عیززەت کە لەو دەمەدا خێزانەکەی لەگەڵ فاتمەخانی خێزانی مەلا عیززەت بوو عەبدەڵ بێشەرێکی دیکە لە مالەکە نەبوو. کوردی گوتەنی خوێن بەری چاوی گرتبوو، وەرگەڕابە ژنەکەی و ونجیرونجیری کرد بە خەنجەران. دوای قەسابیەکە بە خەنجەرەوە ڕێوڕێ گەڕابەوە لای مامم و گوتی قوربان کارێکی وەهام کردوە تەسلیمی حکومەتم بکە.. چەند ساڵان لە بەندیخانەدا بوو، هەتا مرد پەشیمانی پێوە دیار بوو چ خێرێشی لە خۆی نەدیت.. بوختانکەرەکەش ئافرەتێکی پەنابەر، واتە لە دەرەوە هاتبوە کوێ و لەگەڵ خێزانێکی خزمی خۆمان دەژیا. تێناگەم لە چییەوە بوو ئەو بوختانە بێ ڕەحمەی بەو ئافرەتە بێ ئاوانەوە کرد، دەڵێن هان درا.. بەڵام بۆ دەبێ هان دان مرۆ بەرەنگاری بەدکاری ئەوتۆ بکات سەد جاران لە هان دانەکە مەزنترێ! بە هەمە حاڵ دڵسۆزی ئەو ئافرەتە بۆ منداڵانی خاوەن ئەو ماڵەی لێی دەژیا چ پێوەندی نەبوو بە کاری وەها بەدەوە.

مەسەلەی (هان دان)ەکە پاکانەی بۆ ئەو ئافرەتە کرد و هەتا دوای دەیان ساڵ مرد، بە ئاسایی و بێ سەرشکێنی کردن ژیا.

خەیاڵێکی منداڵی و ساوایی‌ی سەیر: ئەم ئافرەتەی بوختانکەر لەگەڵ ئەوەدا کە لەقەبی (کەچەڵ)ی پێوە بوو، وەك دواتریش بۆم ڕوونتر بۆوە هەر دوو چاوی بەڵێکی لەسەر بوو وەك ئانیەکی تەنکی شین، بۆ بەر چاوی منداڵیم جوانترین مێینەی شارەکە، با بڵێم گەرەکە خۆی دەنواند. لەو تەمەنەدا جاری هەستی فەرق کردن بە مێ و نێر لەلایەن زایەندەوە لە منداڵ نەرسکابوو هەر ئەوەندەم دەزانی ئەمە پیاوە و ئەمەش ژنە. ئنجا تۆسەیری کەس نەمێنێ بێتە نموونەی جوانی‌ی مێیینە کۆنە کەچەڵێکی تانەدار نەبێ: ئەمما ئەگەر لە بەژن و بااڵ بدوێت ئەششەدو بیللا هەرچی ڕێکی و شلکی و شۆخی بێ پێوەی دیار نەبوو، لەوە هەر بگەڕێ کە جل و بەرگی وەها ناقوڵای لەبەر دەکرد ئەگەر بەبەر قینۆسەوە بوایە بەڵای پەتیارەیی‌دا دەبردەوە. چاك بوو خوا ڕەحمی پێکردم ئەم زرە بەهەڵەدا چوونە لەگەڵم فراژی نەبوو، زوو لە سەهوەکەم دەرچووم. تا ساڵەهای دوور و درێژیش شەرمم دەکرد ئەم ڕازەم بدرکێنم و بڵێم فلانە عیفریت بووکی خەیاڵی ساوایم بوو. بەڵام دەبێ دان بەوەدا بهێنم کە ئەم خوولیایەی شەیدا بوون [ئەگەر ئەعیبرەکە زیادەیی تێدا نەبێ] بۆ باری پێچەوانە هەر لە ئاست ئەم ئافرەتە لێمی بەدەر نەدا؛ زۆر جاران وەها دەبوو دڵم شتێکی پەسەند دەکرد کە لە دەست هاوڕێیەکمدایە گەلێك بەرەژێرتر لەوەی خۆم هەیەتم، یان کەلەبابێکم بە قارەمان دادەنا کە لەبەر زۆر کەڵەبابان هەڵدەهات، هەر جارەش بەهانەیەکی خۆنەفرەدەرم دەدۆزیەوە بۆ ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژ پەنجە لە سەهوەکەم گیر بکەم و لەزەتی لێوەرگرم. یەکەم جارە ئەم ڕازە دەدرکێنم زۆریش لەگەڵ خۆمدا لێك دانەوەم کرووە بۆ دۆزینەوەی هۆی مەیلی وەها نالەبار لە تەمەنی ساوایی و منداڵیمدا بێ ئەوەی بگەم بە هیچ ئەنجامێك، لە کەسیشم نەپرسیوە ئایا وەك مەیلی ئەوتۆیی هەبووبێ، چونکە هەتا مەیلەو ناکامڵ بووم شەرمم دەکرد منداڵی خۆم بە ئاشکرا کردنی ئەو مەیلەم لەبەر چاوی برادەر دزێو بکەم، دواتریش مەشغەڵەتی گەورەتر بۆ خۆی دزیمەوە: پشکنینەوەی شتی ئەوتۆیی پتر بەلای کاری (زانای نەفس)دا دەچێتەوە هەرچەند قسە لێوەکردنی لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ چ زەرەری تێدا نییە بگرە لەوانەیە سوردیشی هەبێ بەڵکوو، خواوڕاستان، وتوێژ لێکدی بیستنەوە گرێیەکی دەروونی بکرێتەوە!!

بچمـــەوە بۆلای ئەو دەست و پاوەنـــدانـــەی لە منـــدالیمـــدا یارمەتی‌دەری مالەکەمان بوون لەپیشەوە دەبێ ئەوە بڵێم بەر لەو سالانەی دوایی عادەت نەبوو ئافرەتی یاریدەر بە مانگانە و مزەی قەرارداوە خزمـــەت بکـــات. کوردی زاراوەیـــەکی هەیـــە دەڵێ (نـــان وزگ) کە بریتییـــە لە خواردن و لەبـــەرکـــردن و ناونـــاوە خەرجییـــەکی سوک، ئەمـــە بوو مزەی ئافرەتێکی بکەوتایە مالی بێگـــانـــە. بەڵام وە نییـــە هەمـــوو جاران ئەو مالانـــەی ئێشکـــەری ئافرەتیان دەبێ وەکـــو یەکـــدی بن لە نەوازشت و بەخشندەیی. زاراوەیـــەکی دیکـــەی کوردی هەیـــە لێـــرەدا جێی خۆی دەکاتەوە: دەڵێن «فلانەکەس سایە چەورە» بێ دوودڵی و بێ گومان و بێ خۆهەڵکێشان، مالی ئێمە لە قەدیمەوە سایە چەور بووە، چونکە هەم بەبـــەریـــەوە هەبـــوە ئەو خەڵـــقـــەی دەوری لێ دەدەن بە گردوکۆیی‌یەوە خەریک بن هەم حیسابی حەسقاڵیشی لەگەڵ کەسدا نەکردووە.

ئافرەتێکم نەدیتووە هاتبێتە مالمان و مابێتەوە نەبووبێتە خاوەن جلك و بەرگی زۆر زەبەندەی بابی گیازی بووك بکات، وەیا پتر لەوەی پێی دەڵێن (لەقەدەرحاڵ) چەکو خشڵی پێکەوە نەنایێ وەیا دەسمایەی کەسابەتی لە پریسکەدا نەبووبێ. ڕاستییەکەی ئەگەر هاتبایە مالێکی وەکوو مالی ئێمە مانگانەی بەو کۆمەڵە ئافرەتانە بدابایە کە هەمیشـــە لەگـــەڵماندا دەژیان دەبوو بکەوینە سواڵ و سەدەقە: ئێش زۆری و بەرپرسیار بوونی گەلێك لایەنی بەئەرك و ناچـار بوون بەهـــەڵگـــرتنی فورسایی باری نالەباری کۆمەڵایەتی وەهـــای دەکـــرد کە مالەکـــەمـــان سەرەڕای ئەوەی هەمیشـــە 4 ـ 5 ئافرەتمان لەمالدا هەبێ، جگە لەدایك و پوور و کێژ، دەبوو بۆنان کردن و ساوار کولانـــدن و زۆر کاری‌دیکـــەی ئەو تۆیش لەلاوە ئافرەتی دیکەی یاریدەدەر بێن و جێ‌بەجێ بکەن.

لە لایەن یاریدەدەری پیاوەوە، ئەم کەسەی ولاغی دەگێرا چ بۆ دارهێنان بێ لەشاخەوە و چ بۆ کاروانچییەتی بێ مانگانەی هەبـــوو لەگـــەڵ جل وبـــەرگی سالانـــە، ئەوانی‌دیکـــە مزەی قەراداوەیـــان نەبـــوو بەڵام هەمیشـــە پۆشتە بوون و خەرجییـــان ،نـــاونـــاوە، دەدرایێ خۆشـــیان مەودای مامڵەت و کەســـابەتیان لە پێش ئاچووغ بوو چونکە پێوەندیمان بە دەشت و دەرو کرمانجەوە ڕێی بۆ دەکـــردنـــەوە پتـــر لە بابـــایەکی لاوەکی لە ســـەڵەم و کڕین و پێ‌فرۆشتنەوە و ئەو جۆرە مامڵەتانە سوودمەندبین.

خوڵاســـە ئەگەر بۆ خۆشمان لایەنی ئابووریمان لە ســـەغلەتی‌دا بووبێ یاریدەدەرە کانمان هەمیشە تێرو تەسەڵ بوون، خۆ ئەگەر ئێمە تێر بابن ئەوان تێرتر دەبوون.

یاریـــدەدەرێکـــی هەرە کۆنـــی بەبـــیـــرم بێتـــەوە ناوی (مـــام ئاوڕەحمـــان) بوو: مووی ماش وبـــرنج بوویـــوو، کورتـــە باڵای ئەســـمـــەڕەی مەیلە و گرژ عەســـــەبی بوو بەڵام هەتـــا بڵێی ڕوح سووك بوو، کەسیش لەو عەســـــەبیـــەتـــەی زوێـــر نەدەبـــوو. سێ گوێدرێـــژی دەگێـــرا بە دارکـــەری و کاروانچییـــەتی وســـەردانی ملکـــان و گوێـــزەی دەغـــڵ و مێوە وشتی‌دیکەش. وەك دێتەوە بیرم ،کە جارێ زۆریش منداڵ بووم، دەلوو تەبیات بوو. جارێکیان یەك لە پیاوەکان مریشکێك سەردەبڕێت پووری گەورەم دەکەوێتە شوبهە لەوەی کە بە پێی شەرع مردار بۆتەوە. چەندی دەکەن لە قسەی خۆی لانادا. ئەهلی مەتبەخ پێیان خەسار بوو مریشکی وەهـــا قەڵـــەو و ناســـك فڕێ بدرێ: کولانـــدیان و لێیان نەخوارد، هەڵیان گرت هەتا مام ئاوڕەحمان لە داران هاتەوە. . کە نانیان لە پێش دانا ڕان و سینگ و قاڵچەی تەواوی مریشکی بەســـەرەوە بوو. گوتبووی بە خوای ئەو ماستە موەکی تێدایە ئەما وەڵلاهی هەزار مووی تێدا بی دەیخۆم.

مام ئاوەحمـــان نوێـــژی نەدەکـــرد. جارێکیان ماڵ لە چنارۆك بوون، لە کۆیە بەرەێوارە دەگەڕایەوە، کە گەیشتە سەر (کانی تووەڕەش)و ولاغی بەردانە ئاوخواردنەوە پێیان گوت ئەگەر نوێژی عەصر بکا دوو ئانەی دەدێ ئەویش بە مامڵەتەکە ڕازی بوو خێرا دەزنـــوێـــژی شووشت و نوێـــژەکـــەی کرد کەچی لێی پەشیمـــان بوونەوە وپارەکەیان نەدایێ ئەویش پێی گوتن، وائێ دەگەن فێڵتان لێ‌کردووم، دەنا بە حەقی قورئان دەمزانی لێم لە فێڵێن ئەمنیش نە فاتحە و نە تەحیاتم لەو نوێژەدا نەخوێندوە. ڕوێشتنیشی لە مالمان وەکوو خۆی ســـەیر بوو:

ســـبـــەینـــەیـــەکی هاوین یاعفتی خوشکـــە گەورەم دەبینێ مام ئاوڕەحمـــان لێفێکی هیـــزاری لەســـەر خۆل ڕاخـــســـتووە یەکێکی جانگیشی بە خۆیدا داوە، ئەویش پێی دەڵێ دەبوو جانگەکە

رابخه‌ی و هیزاره‌که به خوت دا ده‌ی، له‌وه‌وه وه‌ها تۆرا سوێندی خوارد که یه‌ك ده‌قیقه‌ی دیکه له‌و ماڵه به‌سه‌ر نه‌با. له‌وه به‌ولاوه مام ئاوڕه‌حمانم نه‌دیته‌وه.

یه‌کێکی‌دیکه‌ی زۆر کۆن له‌و پیاوانه‌ی خزمه‌تی باوکمیان کردووه (صاڵحی مام عه‌لاو) بوو. ئه‌م مرۆڤه‌وه‌ها دڵسۆزو وه‌فاکار و به ئه‌ده‌ب و لێزان بوو له خزم خزمتر حیساب ده‌کرا. له حکومه‌ت وه‌زیفه‌ی (مباشر)ی محکمه‌ی هه‌بوو، ئه‌وسا باوکیشم قازی بوو ئیتر صاڵح شه‌وو ڕۆژ هه‌ر له خزمه‌تی‌دا بوو. له‌گه‌ڵ لێهاتوویی‌دا خوێنده‌واریش بوو، یه‌کێکیش بوو له‌و حیکایه‌ت زانانه‌ی دەم و ئاردا وێژ بان به‌تام بوو له‌وه‌وه شه‌وانی زستان دوای به‌سه‌ر چوونی ده‌می دیوه‌خانه وڕ پیربوونی دانیشتنی دووه‌می خزمه نزیکه‌کانی وه‌کوو مام و مه‌لا عیزه‌ت لای باوکم که هه‌میشه به شێوه‌یه‌کی شیرن و به ئه‌مام، چ له‌لایه‌ن قسه‌ی خۆش و نوکته‌و سوحبه‌ته‌وه بێ و چ له‌لایه‌ن شه‌وچه‌ره‌وه بێ، ڕادبوێررا، صاڵح ڕاده‌سایه حیکایه‌ت خوانی هه‌تا باوکم ده‌چووه خه‌و.

ئاونه‌اوه صاڵح هه‌ستی ڕاده‌گرت بزانێ باوکم خه‌وی لێ که‌وتووه یان جارێ به‌خه‌به‌ره ،لێجا ئه‌گه‌ر به‌ده‌نگ نه‌هاتبایه ئه‌ویش ده‌چوه سه‌ر باری نووستن، واش ده‌بزو باوکم ده‌یگوت: ئێ سالی [زۆر جار پێ ده‌گوت سالی له جیاتی صاڵح] دێوی ڕه‌ش چی کردووه؟ ئیتر ئه‌ویش ده‌که‌وته‌وه سه‌ر حیکایه‌ت خوانیه‌که‌ی. گه‌لێك شه‌وان دانیشتنه‌که‌ی دووه‌می ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ی لای باوکم ده‌مانه‌وه به خوێندنه‌وه‌ی داستانه‌کانی ئه‌سکه‌ندەر نامه و ئه‌میر ئه‌رسه‌لان به‌سه‌ر ده‌برا. وه‌ها ده‌بوو که گه‌یشتمه ته‌مه‌نی گوێگرتن له حیکایه‌تی به سه‌روبه‌ر شه‌و لای باوکم ده‌خه‌وتم.

له بیرمه جارێکیان صاڵح سه‌رگورشته‌یه‌کی خۆشی ده‌گێڕایه‌وه سێ قاره‌مانی تێدا بوون یه‌کیان ده‌ریابر، ئه‌وی دیکه‌یان ئه‌ستێره‌شناس، ناوی سێیه‌میانم له بیرنه‌ماوه. صاڵح گوتی، ده‌ریابر مووێکی خۆی خسته ناو به‌حره‌که‌و به‌حره‌که‌و به‌حری وشك کرد. باوکم به‌ده‌نگ هات و گوتی ده‌ك زارخۆش سالی، درۆ وه‌ها نه‌بێ به که‌ڵك نایه. صاڵح به‌ێنێك بێ ده‌نگ بوو تۆمه‌ز به ئه‌سپایی له‌به‌ر خۆیه‌وه پێکه‌نینی ده‌هاتێ شه‌رمیشی ده‌کرد ئاشکرای بکات.

له خوێندنه‌وه‌ی داستانه‌کانی فارسی مامم سه‌ریشك بوو: وه‌ها به گه‌رم وگوڕی و به شاره‌زایی و به پێی ته‌بزی ڕوودداو ده‌نگی خۆی ده‌بزاوت ڕۆحی به‌به‌ر داستانه‌کان ده‌هێنا.

گه‌لێك جار که ده‌گه‌یشته بڕه شیعرێك به ئاهه‌نگ ده‌یخوێندنه‌وه شه‌وقێکی ده‌خسته ئه‌و دانیشته و داستانه‌و گوێ گرتنه‌وه‌وه خه‌ڵقه‌که شه‌و وڕۆژی له بیر ده‌چۆوه.

یه‌کێك له‌و بڕه شیعره فارسیانه‌ی که له‌و ساوه نه‌قش به‌ستووی زه‌ینم بووه ئه‌مه‌یه:

ای همچو گل سرخ شکفته رویت
وی همچو گل بنفشه آید بویت
ماهمچو گل زرد دعا گوی توأیم
تا همچو گل سفید گرفد مویت

ئه‌ی ئه‌و که‌سه‌ی وه‌ك گوڵی سوور ڕووت پشکووتووه
وه‌ی ئه‌و که‌سه‌ی وه‌ك گوڵی بنه‌وشه بێنت دێت
ئێمه وه‌کوو گوڵی زه‌رد دوعاگوی ئێین
تا ووه‌کانت وه‌کوو گوڵی سپیان لێ‌دێت

مامم دوای مه‌رگی خێزانی، فاتمه‌خان، له 1939 سه‌ری به‌سه‌ر ئه‌و داستانانه‌دا نه‌گرت.

صاڵح جارێ لای باوکم بوو ژنی هێنا. له‌وه به‌ولاوه ناوناوه له ماڵێ ئێمه ده‌نووست و ناو ناوه‌ش دووای به‌سه‌ر چوونی کڕی دیوه‌خانه ده‌چۆوه ماڵه‌که‌ی خۆی، سبه‌ینانیش له‌گه‌ڵ به‌خه‌به‌ر هاتنی ئه‌هلی ماڵ ئه‌و ده‌گه‌یشته‌وه لامان.

له‌و دابه‌ی که پیاوه‌کانی دیکه‌ش لێ فێر بووبوون ئه‌وه بوو که له دیوی ماڵێ جۆرەك ڕاوه‌ستان ڕاده‌وه‌ستا هه‌ر له‌و ده‌وه‌شایه‌وه: هه‌رگیز ڕووه‌و باوکم نه‌ده‌بوو، له پەنا سووچی دیواریکی ئه‌و شوێنه‌ی باوکمی لێ‌داده‌نیشت صاڵح وه‌ها ڕاده‌وه‌ستا که لاشانیکی له باوکمه‌وه دیار بێ هه‌تا مه‌علومم بێ حازریشه و نادیاریشه. ئه‌گه‌ر ڕاوه‌ستانه‌که‌ی درێژی خایاندبایه بێ ئه‌وه‌ی باوکم داوای ئیشێکی لێ بکات یه‌کێکی‌دیکه‌ی له

هەوالنامەی کتێب

پیاوەکان لەو جێگایەی خۆی ڕادەگرت بەو ئوسوولە کە خۆی دای‌نابوو تاکور دەچوو جغارەیەکی دەکێشاو ئاوێکی دەخواردەوە بایی جغارەکێشانەکەش دادەنیشت بۆ حەسانەوە.

صالح لە پێش خزمەتی‌دا بۆ ئەو سەردەمە بێ‌مانەند بوو: لە دەمی قەڵەبالغ بوونی مەجلیسی باوکم، بە درێژایی کات سەرپەرشتی‌ی پێداویستی مەجلیسەکەی دەکرد، هەر خۆیشی سەروبەری چایە لێ‌نان و سەماوەر گوێستنەوە و چایە تێ‌کردن و تاقم ڕێك خستنەکەی دەکردو کە دەستوپاوەندی میوانەکانی باوکیشم لە ڕۆژانی سەردانی حەوێزی و غەفوریان لە باوکم بە کۆمەڵ لەگەڵ ئاغاکانیان دەهاتن صالح مەجلیسی ئەوانیشی گەرم ڕادەهێناو جغارە و چایە و ئاگری زستانان و بەفراوی هاوێنانی بۆ سازدەدان و وەك پەروانە لە عەیب بڕینی خزمەتی ئەو خەڵقە دەکۆشا و دەجۆشا. هەر لەبیرمە چۆن بە منداڵی حەزم دەکرد شەوان ئەو قەڵەبالغیە ڕوومان لێ بنێن چونکە لە شەودا پف لە سەماوەر کردن گەشەدارتر بوو: صالح لەو پف لە سەماوەرکردنە وەها شارەزا و دەسەڵاتدار بوو بوو کە بە دەستی ڕاستی قۆریەی لەسەر سەماوەر هەڵدەگرت و پەنجەو لەپی چەپەی دەکردە بازنە بە دەوری زارکی سەماوەرەوە و لە قوڕوڵایی سیپەکانیەوە ئەو پفە بەهێزەی لە دەروونی پر ئاگری ئاتەشخانەکە دەکرد یەك لوولە بڵێسە و هەزاران پریشك و گەردەلوولێك لە خۆڵەمیشی پۆڵوە ئاگرەکان بەبن ونێوان کونەکانی پەنجەرە ڕەنگی ژێر ئاتەشخانەکەدا بە قرچ وهۆڕ ئەو دەورووبەرەی دادەگرت یەك دیمەنی وەها جوان و ڕەنگینی بەبەر چاودا تێ‌دەپەڕاند کە وا بەدڵ چاوە چاوی ئەو دەمە دەبووم جارێکی دیکەش ئاگری ئاتەشخانە کزبێتەوە و خۆڵەمێشی لێ‌بنیشێ و صالح پفێکی پێدا بکاتەوە.. بێ گومان و بێ مەبەست دەڵێم هەرگیز نەمدیت کەس بەقەدەر صالح بە دەوری سەماوەرەوە شیرن بێ .گەیاندنی سەماوەرەکەش لە ماڵەوە بۆ دیوەخانە خۆی لە خۆی‌دا کارێکی ئەستەم بوو: کە چایە پێ دەگەییشت و ئاوی سەماوەر دەکەوتەوە کوڵ صالح بە دەستی ڕاستەی قوریەیەکی عەجەمی گەورەی دیوەخانەیی‌ی پر لە چایە هەڵدەگرت و دەبوو پەنجەش لە قوڵپی ڕاستەی سەماوەرەکە گیر بکات و دەستی چەپەشی قوڵپی چەپە بگرێت و ئەو قوریە و سەماوەرەی پر لە چایە و ئاو بە قورسایی خۆیانەوە بەرز کاتەوە تا لە کەمەری تێ هەڵدەکشێت و بە پێپلکەی قادرماندا سەرکەوێت و پێچە دەورە لە بانێکی 70 ـ 80 مەتری بکات و بە خێرایی و هەنگاوی لەسەر یەك و ڕێك، بە سەلامەتی، بارەکەی بگەیەنێتە مەجلیسی پیاوان. پێی کەمایەتی بوو ،ئەو قوریە قورسە بە یەکێکی دیکە هەڵگرێت. سەماوەرەکە مابوو لە ماڵمان و هاتە بەغداش لەگەڵمان، هەتا دوو ـ سێ مانگ پێشی ئەم نووسینە [1985/7/28] لە هیچە و بێ‌سەبەب دۆڕاندمان: من لەسەفەردا بووم، نەجیبەی خوشکم بە عادەتی خۆی لە کۆیێ لە ماڵی کاك مەجیدی ئامۆزام بوو، موحەمەدی کوڕم وەتەنگ دێت لەو هەموو ئەسابی شرە و بێ‌کەلکەی لە ژووڕەکان و لەسەربانان و لەسەر قادرمان کەڵەکەیان کردووەو هەڕەوەزی لێ‌کردن و هەمووی ڕاگوێستن بۆ بەردەگەی ماڵەوە تا ئۆتۆمۆبیلی (امانة العاصمة) کە لێی نووسراوە (اعتن بنظافة مدینتك) هات و کۆمەڵە شرەی بارکرد. کە من گەڕامەوە بەغدا ماڵەکەمان پاك کرابۆوە، لەو بەینەش خەبەر گەیشتە کۆیێ کە وا خەریکی ماڵ پاك کردنەوەن لە بەغدا ئیتر بە هەڵەداوان نەجیبەی خوشکم تەلەفۆنی بۆ کردم ئاگادار بم لەوەی ئەو سەماوەرە بە نرخە و مێژوویی‌یە لەگەڵ شر ، فڕی نەدرێ.

بەڵام بەداخەوە کار لەکار ترازا بوو سەماوەر بۆ زبڵخانەی (مدینة السلام) ڕاپێچەك درابوو. لە فەقەرەی سەماوەران ئەمە دووەم جارە دەچینە خەسارێ: سەماوەرێکی‌دیکەی زەردی، مام ناوەنجی لە ماڵمان هەبوو بە ئەسڵ لە حاجی بەکراغاوە بە میراتی کچێکی کەوتبوە لای ئێمە. وەها ڕۆییشتبوو کە ئەمە یەکەم سەماوەرە هاتۆتە کۆیێ.

دیسان بەداخەوە ئەویش بە جۆرێکی کە نازانم چۆناوچۆنی بوو فۆتا و ون بوو..

مام عەلاوی باوکی صالح کەرکووکی بوو لە کۆیێ نیشتەجێ بوو، دوو کوڕی دیکەشی هەبوون ،محمد و ڕفعت بەزۆری ژیانیان لە دەوری مەحکەمە بە عەرزوحاڵ نووسین بردەسەر و پیوەی دەژیان. صالح لامان بوو تاکور باوکم لە قازیەتی بوو،

هەوالنامەی کۆیە

ئەوساش صالح داوای کردواز وەزیفەی موباشیری بهێنێ، باوکم لێی نەسەلماند و لەسەر وەزیفەکەی خۆی هێشتەوە بەلام پێوەندیی پێمانەوە هەرگیز نەپچڕا، دوائریش کە من گەورە بووم برادەرێکی نزیکم بوو هەتا بشڵێی خۆشم دەویست و لێی ئەمین بووم: ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕووی نەدا بایی سەری دەزری دڵم گەردی لێبگرێ. هاوینان لە چنارۆك سەردانی دەکردین بایی ئەوەی بتوانێ ئیجازەی بۆ وەربگرێ لە مەحکەمە. داخم ناچێ دووچاری نەساغی سیل بوو و لێی ڕزگار نەبوو. دوای خۆی مال و منداڵی چوونەوە بۆ کەرکووك، کوڕەگەورەی ناوی عیزەددین بوو، ڕێك نەکەوتەوە دوای ڕۆیشتنیان بۆ کەرکووك بی‌بینمەوە.

لەگەڵ صالح کوڕە پوورێکی خۆی، حەمەدەمین، خزمەتی باوکمی دەکرد. نەخێنێك گوێی‌گران بوو ناونراوە لە وەلام دانەوە دەوەخرا لەبەر نەبیستن، ئەویش لە سنووری دەسەلاتی خۆی هەموو ئاکارەکانی صالحی پێوە دیار بوو. ئەمیان زۆر بە جحێڵی مرد.

عومەری پوور بەگی لە منداڵییەوە، بەر لەوەی منیش هەبم، بە هۆی دایکییەوە کە دانیشتووی گەرەکمان و لە مالی (باخەجیج) ئامۆزای باوکم دەژیا، پێوەندیی بە مالی ئێمەو مالی مامەوە هەبوو یەکەم دیمەنی کە بەبیرمدا دێتەوە ئەوەیە کە مامزی بۆ کاك مقتدر بەخێو دەکرد و بەزۆری لەگەڵ ئەودا بوو. مامزەکە وەها ڕسکا بوو، لە عومەر بەوڵاوە، کەس نەیدەویرا لێی نزیك ببێتەوە، بەڵام وەکوو تووڵە بەدوا عومەر دەکەوت و لێی جودا نەدەبۆوە. ئەگەر عومەر بۆ کارێك بەلایەکدا ڕوویی با مامزەکەی بە پەتێکی ئەستوور لە لەوحەداری گەورە یان لە سینگی مەحکەم دەبەستەوە دەنا کەس نەیدەویرا سەر دەرێنێ لە ترسی ئەو دوو قۆچە تیژە و شان و ملی وەك گاجووتی. زۆر جاران کەنێنی دەدایە خۆی لەوحەداری بەدوا خۆیدا ڕادەکێشا و وەك گامێش دەیمرقاند.

کاك مقتدر بەزۆری کە بانگی عومەری دەکرد بە عادەتی قسە نەستەقە شەقو پەقەکانی خۆی دەیگوت: عومەریلان برای گوجیلان داکی پشیلان.

پووربەگی، دایکی عومەر، لە کوردستانی تورکیاوە لەگەڵ میردەکەی (هدایت) ناو کەوتبوو کۆێ: ئافرەتێکی کورتیلەی خڕوپڕ بوو. لەهجەی لە ئاخاوتندا شێوەیەکی سەربەخۆی هەبوو لە هیچ لەهجەیەکی کوردەی بیستراوی نەدەکرد. سەرەتای قسانی لە جیاتی (دەڵێم) بە (ئەبێم) دەستی پێدەکرد وەکوو ئاخێوەری خۆشناوەتی. بە ئاوریشمی دەگوت ئارموش.

شەوێکیان دز پارێز بۆ ئەو ماڵە دەبا کە پوور بەگی لێبوو. کۆ هاوین و خەڵق لەسەر بانان بوون، پووربەگی لێی بەخەبەر دێت و دەنگی دەدات دزەش هەڵدێ. دواتر گوێم لێ بوو حیکایەتی بۆ خەڵقەکە دەگێڕایەوە و باسی دزەکەی دەکرد دەیگوت: ئەی‌ژن، ئی دەزلە بوو. ئێمەی منداڵ ئەوسا نەماندەزانی (ئی دەزلە بوو) واتای چیە پێمان وەها بوو ئەویش شێوە مەتەڵە لەوانەی زمانی پێتاقی دەکرێتەوە وەکوو (ئەویەرە شرەی لووس ڕایەخە)یان قسەی بێ واتای وەکوو (فسنستبکتکنفتموهما)ی ناو فەقێیان یان لەگەپی شەوانە کە دەگوترا (گەنمە نە دوو دوو دوو بونجە دوو دوو دوو) ئەو (دوو دوو)ەش وەها دەردەبڕا وەك کە لە کانی دان ڕۆکردن مریشکی بێ بانگ دەکرێ.

پووربەگی زۆر حیکایەتی کورتیلەی بۆ دەکردین چ، سەرگورشتە بایە و چ باسی ژیان و سەفەری خۆی و میردەکەی و عومەر بایە لە ماردین و خەرپوت و ئەو شوێنانەوە بە مووسڵ و هەولێردا بۆ کۆێ. کە گەیشتمە ئەمێك سەرەدەری لە جوغرافیا بکەم پێم وابوو پووربەگی کە دەڵێ (لە شەتی مراد پەڕینەوە) سەهوو لە ناوی (فرات) دەکات کەچی (مراد) خۆی بەڕاستی کەرێکی فراتە. لەو حیکایەتە کورتیلانەی بۆی دەکردین ئەوەندەم لە بیرماوە کە کەڵەباب و میروو لەسەر پەنیر بە شەڕ دێن و کەڵەباب دەندووك لە چاوی میروو دەدات و زەدەی دەکات، شەرع دەبەنە لای کوندەبۆ، میروو شکاتەکە دەکات و دەڵێ: کوندی لەسەر سندی، ئەویش دەڵێ: جێگەمەمە. میروو دەڵێ: شرعان دەپرسی؟ کوند دەڵێ: پیشەمەمە. میروو دەڵێ: مالم ماشت. پێی دەڵێتەوە خاوێنیت کرد. میروو دەڵێ: سەلکە پەنیرەکم دیتەوە. دەڵێ: مالداریت کرد. میروو دەڵێ: لە بن

هاوڵاتمەی کتێب

تۆیانەیەکم دانا. دەڵێ: تاقەتیت کر.. لەوە بەولاوە چی‌دیکەم بەبیر نەماوە و نازانم کەڵەباب و میرووچۆناوچۆنی لەو شەرعە بوونەوە.

دەیانگێڕایەوە کە عومەر تازە لەبەر خوێندنی مەکتەب داندرا بوو، شەوێ موتاڵای دەرسەکانی دەکردو درێژەی دەدایێ، دایکی بە لەهجەی خۆی پێی دەگوت: ڕۆڵە حومەرە خەتەکی وێرا بینە و یەکی وێرا بینە و چرایەکە وەکوژێنە دایك لە خەیاڵی نەوتی چراکە بوو بەخەسار نەچێ، چاکیشی بۆ چووبوو چونکە عومەر لەوانە نەبوو بە خوێندنەوە دابین بێ. مەخلوقێکی بزۆزی ناڕاحەت بوو هەر چەند لە دوو خاڵەوە زۆر بێعەیب بوو: هەتا بڵێی دەسخاوێن بوو، قەت بەدزیەوە دەنکە تریێیەکی نەخستۆتە زاریەوە.

هەتا بشڵێی لە ئەمرۆگوێدا بوو، لە ڕووی لە خۆگەورەتران هەڵ نەدەگەڕایەوە.

کەتنێکی کرد.... هەڵات بۆ پژدەر، دوو سێ ساڵان لە سندوڵان لای شێخ حەسەن و شێخ حوسێن مایەوە. دوای ئەوەی کەتنەکەی لێ بەسەر چوو هاتەوە، عومەر بەشێوەی پژدەر دەناخاوت، ئەو لە هجەیە لەگەڵیدا ژیا تا مردن بەڵام وردە وردەیەکیش بەلای ئاخاوتنی کۆیەدا دەهاتەوە. پووربەگی بریاری دا ژن بۆ کوڕی بهێنێ: کچێکی ڕووسووری، هەتا بڵێی بە حەیا و بێدەنگ و بێ سرکە و کورکەی بۆ هێنا. شەوێکیان دەوری نوێژی عیشا کومەڵە ژنێکی گەرەکی خۆمان و لەشکرێکیش لە منداڵی ئەو ناوە، منیان لەگەڵدا، چووین و لە گەرەکی قەڵاتەوە بووکمان گوێستەوە بۆ عومەر. ئێستاش نازانم وەها ڕێك کەوت یان کێ وەهای ڕێك یەخست هەرکە بووك پێی لە دەرەوەی ماڵەوەی ناو کەوتە نێوان ئافرەتانی گەرەکەی خۆمان ئەو هەموو منداڵە بە چەپڵە ڕێزان تێیان هەڵکرد، ئەمجا چۆن تێ هەڵکردنێك (هە تلیلینجان هەتلیلینجان، زاوا کەچەڵ بووك باینجان..) یەك بین و یەك نەوا ئەم چەپڵەکوتانە و دوو قەڵێشێی بەخێر هێنانی بووك بەردەوام بوو هەتا بووکمان بەستایە ماڵە کاوڵەکەی مێردە نا مویارەکەکەی. دەسا نە ئەو دەمە و نە بەهیچ وەختێك و نە ئێستاکەش زانیم مانای چی:

هەتلیلینجان! ئەرێ ئێوە کەمتان دەیزانێ؟

داستانی عومەر کۆتایی بۆ نییە، لە کورتی دەیبڕمەوە و دەڵێم: عومەر مرۆیەکی دەسخاوێنی، تەنبەڵی، درۆزنی، بەوەفا و مردەی وڵاغە بەرزە بوو. لە تسوونەی شەبدا بوونی بۆ سواریی وڵاغە بەرزە لە نێو چەندین نموونەدا ئەمەیان بۆ خوێنەر دەگێڕمەوە: جارێکیان، سەرەتای هاوین بوو مامم عومەری نارد پێیازۆك بۆ لای مام سلێمانی وەکیلی خۆی کە هەندێك دەغڵی بۆ بفرۆشێ و پارەکەی بۆ بنێرێ بە عومەردا. کوڕی گۆنگەران کاکە عومەر یەکسەر چووە لای کۆیخا محمدی کۆیخای پێیازۆك و سەلامی مامەی پێڕاگەیاند و گوتبووی کاکم (مەبەستی مامەیە) منی ناردووە بۆ لای تۆ ئەسپە بۆرەی بۆ بنێری، سەفەری پژدەری هاتۆتە پێش لە خزمەت کاکیدا و زۆریش بە پەلەیە ئەگەر ئەمرۆکەی ولاغ نەگەیەنمێ بەجێ دەمێنێ.

کۆیخا محمەدیش پیاوێکی بەڕێوجێ و ئەوسا خاوەن ئەسپ و ماینی نایاب بوو، گوتبووی عومەر، دەبوو بۆ جاری وەهایە ئەمنیش بە پیاو بخوێنتەوە و لێم بگێڕنەوە ئەمما ئەوە ئەسپە بۆرە و خەز دەکەی بێتوێنە.. عومەر لە وێوە بە سواری یەکسەر هاتەوە بۆ کۆێ و لە هەمووی بەغار ئەسپەکەی هێنا لە دەشتی (شەوگێر) هاتوچۆ بە ئەسپەکە دەکات و بە ناو کێڵە قەبرانیدا تاو دەدات، کێڵێك بەپێ هەردوو دەستانی شەق کردبوو. کە گەیشتەوە بەر دەرگەی ماڵی مامم ئەسپ لە خوێندا سوور بوبوو. مامم بەڕێکەوت ئەسپەکەو عومەری دیت بەر لەوەی لە دەرگەی دەرەوە بە ژوور کەوێ، زانی کاکە عومەر فەتحێکی کردووە نەبهێشت بێتە ژوورەوە هەر لە بەر دەرگە لێی پرسی چی ڕووی داوە ئەویش بەڕاشکاوی لە ئەنباری درۆیان لا گۆلمێك قسەی لووس و لێکی هەڵبڕشت و گوتی: چوومە لای سلێمان هەر خۆیشی تێنەگەیاندم ئەمنیش دەمزانی پارەت لزوومە چوومە لای کۆیخا محمد و وەزعم تێگەیاند گوتی لەو دەمەدا ج پارەم نییە کە وەهاش پەك لەسەر پارە کەوتبێ ئەسپە بۆرە قوربانی کاکە شێخ بێ (مەبەست مامم شێخ نوورەددینە) با بیفرۆشێ، منیش لەسەر تەکلیفی خۆی بۆم هێنای.

هەوالنامەی کێشت

سەیر ئەوەیە، سەد کەتنی ئەوتۆیی دەکرد و لەبەر چاوان نەدەکەوت: ڕاستییەکەی بەدڵ دڵسۆز و جانفیدا بوو بۆ مانی ئیمە و مانی مامم.. دواتر بوو بە پۆستەچی لە نێوان کۆیە و ڕانیە، مانگی وڵاغێکی سەکەت دەکرد، هەندەی وڵاغ بە پارەی پوورەبەگی کڕی ئیفلاسی پێ کرد - ناونراوە منداڵێکی دەفرۆشت. هەتا مردن نەیحەساندەوە نەحەسایەوە.

یەکێک لەو چیرە پاك و خۆشەویستانەی کە لەگەڵ یادکردنەوەی کزەم لە جەرگەوە دێت بۆ خۆی و مەرگی ناکامی، حەمەدی نەجیم ئاغای غەفووری بوو، کەوا بێ ئەوەی (خوانەخواستە) ناوی خزمەتکاری لێبێ بە جان و دڵ خزمەتی باوکم و مەجلیسی باوکمی دەکرد. لە مانەوە وەکوو کوڕی باوکم حیساب دەکرا چ نەقیە و پەردە لە بەیندا نەمابوو، ئەویش بە جۆرێك چالاك بوو لە جێبەجێ کردنی هەرچی پێویستی خزمەتی دیوەخانەو مێوان بێ دەنگوت خۆراکی گیانی خۆی جێبەجێ دەکات. بەر لەو کوڕێکی حاجی تەهای جیرانمان، کە ناوی ئەحمەد بووە و من بەبیرمدا نایەت و ڕەنگە پێش ئەوەی من پێ لەم دنیایە بنێم ئەو مانایی لێکردبێ، ئەویش بۆ باوکم لەخۆ بوورددوو بووە بە جۆرێك کە چەندێکی باسی دەهات باوکم خەفەتێکی نوێی بۆ دەخوارد. حەمەدی نەجیم ئاغا زۆر بەشلکی و حەجێلی جوانەمەرگ بوو. هەر لە هەوڵەوە ڕەنگی زەردباوی نەساغیەکی نادیاری لە ڕووی ئاشکرا بوو بەڵام کە من دەمدیت بەو جلکە شیکە خاوێنەی لەبەری دەکرد و بەو ڕەوتی قەشەنگی جحێلانەی و بەو هەموو نەزاکەت و نەجابەتەی کە بە خزمەتی باوکمەوە خەریك دەبوو نموونەی مرۆیەکی فریشتە ئاکار بوو.. سەد هەزار ڕەحمەت لە گیانی پاکی.

لە ناونیشتی قساندا دەمەوێ بە خوێنەر ڕابگەیەنم، ئەو کەسەی بۆی ڕێك بکەوێ بە خۆی پێوەندی هەمەچەشنەی بە خەڵقەوە ژیانێکی بەسەر و سەدا وهاتوبات و ڕەنگاوڕەنگ و تێکەوڵێکە و بێنە وبەرە ڕابیوێرێ لە زۆر ڕووەوە جۆری بەسەربردن و مامڵەت کردنی لەگەڵ بوونەوەردا جودا دەبێ لە کەسێکی بە باریکە ڕێگەی گوزەرانی خێزانییەوە لە چارچێوەی فەرمانی دەستوورە کورتە بەرو تەنگەبەر و تەسك پێوی (لە مانەوە بۆ بازار و لەوێوە بۆ مزگەوت و لە مزگەوتەوە بۆ بازار و مانەوە) مەیدانی کزەمەلایەتی تێپەڕێنێ: مرۆی عادەتی کە باوکی دەمرێ خێرا لە دابەش کردنی میراتەکەی دەبێتەوەو دارێك بە نێوان خۆی و براکەیدا دەهێنێ و قۆزاغەی دووەم پارێزی بە دەوری خۆیەوە دەتەنێ و دەبێتە خاوەن چاکەو خراپەی خۆی تا ئەوەی ئەگەر هێلکەی مریشکی جیرانی بە هەڵە بکەوێتە مانەکەیەوە لە حیسابدا بەدەر دەدانەوە، هێلکە مریشکی ئەویش کە کەوتە ژێر مریشکی جیرانیەوە کەڵێن دەکەوێتە لێکدانەوەیەوە. من هەرچەند لەوەتەی هۆشم بە سەختی و زەحمەتی گوزەران شکاوە حەزم کردووە خاوەن کێسە وخەرمان و مشتاغی خۆم بم، هەمیشە ئەسیری وەزعێك بووم کە ملکی میراتم لە حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی باپیرمەوە بە شەراکەتی هەموو جەلیزادان لە دەیێت و پێم ئالاوە، هەر وەهاش باوکم ئەو زەحمەتییەی هەڵگرتووە. لە ملك بگەڕێ و بادەوە سەر وەزعی مزگەوت و فەقێ و فەرمانی بەربار بوونی ئەرکی ئەو شتەی بە زاراوە پێی دەڵێن (براگەورەیی!!).. لزوم نابینم بەدووا خورد کردنەوەی ئەو هەموو لایەنانەی کە موعادەلە نادروست و لەنگەر بەزبوەکەی (ئەرکی زۆر و داهاتی کەم) بە مل بنەماڵەیەکی وەکوو مانی مەلای گەورەیدا دەهێنێ بۆ ئەوەی لە خوێنەری ڕوون بکەمەوە کە باری وەها ناڵەبار لە ناوجغزی کەسب و گوزەرانێکدا کە سنووری پشکی خاوەنەکەی لە ملك و مانا تێکڵ بە حیسابێك بووە چ سەروبەری دیارنەبێ، گرفت و بەرهەڵست و دوشمنایەتی جیرانی بەهێزو خاوەن عەشیرەت و چەکی زۆر و بە نفوز لە حکومەتیش بە درێژایی ڕۆژگار بینە قاقەی حەسانەوە و هەناسە هەڵێنانی خۆشی لێگرتبێ:

اذا قمت من باغ عشرت بمعتدی - احمد شوقي

له زالمێك هەڵدەستمەوە، له دەسدرێژكەرێك هەڵ دەنگووم

ئا لەو بارەدا كە دوشمنایەتی كردن لەسەر سالانەی داهاتێك كە بەشی مەسرەفی نیو مانگت نەكا ناچار بیت شەوانە پاسی مالەكەت بەو هێندە ئەفنگە و بەو هێندە زەلامی پاس كردووی نەخەوتوو بكەیت... ئا لەو گونگەرە مزرەدا دەستیەك له ژن و پیاو كە زاراوەی بێ ئینساف ناوی خزمەتكاریان لێ دەنێ بوت جانفیدا بن و له ناگەزووری نە سڵەمینەوەو ئەركی قورست بۆ هەڵبگرن و یەخەشت نەگرن بە زەلیل گیری سەرت بێ دانەوێنن بۆ هیچ دڵخواز، یان پێداویستی خۆیان، بەڵكو له خۆشی و ترشی رازیبن بەوەی هەمیشە دووای تێربوونی منوان و ئەم و ئەو دەست بۆ پاروو درێژ بكەن، تۆ بڵێ مرۆیەكی یەك تۆسكاڵ وێژدانی هەبێ و هەستی مەردایەتی له خۆیدا شك بیات بە چ چاوێك سەیری ئەو له خۆ بووردووانە بكات؟ ئەمانە (دەست و پێ و خزمەتكار)ن یان گرێی بربڕەی خانەوادەن؟ من هەروەك دەسدیت مالەكەمان له سەردەمی باوكمەوە درێژەی دەكێشا بۆ گەلێك مالی دەر و جیران و كەس و ناسیاو تا ئەوەی نیوەڕۆیەكیان دیتم مەتبەخچی سێزدە، منداڵ بە دووڕەیەوە قاپ

بەپ و پاروو له زارن، لەوانەشی تەنها یەكێكیان منداڵی مالی خۆمان بوو، هەروەهاش خزمایەتی نەسەبی و جەلیزادەیەم بە درێژایی هەموو ڕۆژگارم له خزمانەوە پەڕیوەتەوە بۆ دەیان و پتر له دەیان ژن و پیاوی دڵسۆزی بێعەیبی بێ تەماعی خۆ له بیركردوو كە وا گەلێك بەولای خزمایەتیەوە مەیدانی یەك دڵی و یەك هێواپی و یەك بەرژەوەندیان بڕیوە لەگەڵماندا كەسێكی ژیانی سادەی یەك ڕێگەی یەك ئاهەنگی بێ لك و پۆپ و بێ ڕەگ و ڕیشەی بڵاو ڕابوێری، بە عادەت، عەیارەیەكی تەسك

پێوی كەم قوڵایی بەكاردێنێ له هەڵسەنگاندنی چاكە و خراپەو ڕەوایی و ناڕەوایی دیاردە كۆمەڵایەتیەكان، ئێجا دەشێ بەو پەڕی ڕاشكاوییەوە بڕیار بدا دژی پەیدابوونی پێوەندی نێوان خەڵق كە گەورە و چووكەیی و خوارووڕووری تێدابێ، كەچی ئاگای له خۆی نییە له دەمی داخوازی بەرژەوەنددا ڕازیبە نازی كادری حیزبی و پۆلیسی سەرجادان و معاونی پۆلیس و قائممقم و حاكم و كۆخای گەڕەك و دەیان كەسی دیكە ڕابگری هەتا دەتوانێ دوكانێكی بچووكی نازانم چۆناوچۆنی بكاتەوە و دوو سۆبەی نەوت و سێ تەلەفزیۆنی نێدا بفرۆشێ.. ئاخۆ ئەو كەسە دەبێ چ بڵێ ئەگەر له نزیكەوە ببینێ بابایەكی خۆم ئاسایی كە نە ئاغاو نە زۆردار و نە ملكداری گەورە بووم له موراجەعەی لادێیەكی مەیلەو بێگانە یەخۆم، بایی قازانجی ئەو دوو سۆبەیە و ئەو سێ تەلەفزیۆنەم بە ئەركەوە بە قوربانی ئەو موراجەعەیە كردووە؟ من نالێم خەڵق هەمووی یەك ئاكار و یەك ڕەووشتە: من ئەوەندە دەڵێم، نایێ وەها بەسەهوردا چوویین كە لەسەری زمانەوە هەمرو پێوەندییەكی كۆمەڵایەتی ناوانبار بكەین هەر چونكە لەگەڵ پێوانەی قەناعەتمان یان فەلسەفەمان یان بەرنامەی حیزبمان ڕێك ناكەوێ، ئێجا پاشدانیش بەپێوەندیی وەها لەنگەر بەزیوی چەوتوچۆڕ ڕازی بین كەوا لەچاو پێوەندییە كۆنەكان دەبێ بڵێین سەد ڕەحمەت له كفن دزی پێشوو!! بۆیەیە من كە دێم یادی ئەو مرۆیە له خۆ بووردووانە دەكەمەوە و حەسرەتیان بۆ هەڵدەكێشم سۆزێك دەبزوێنێ چ فەرقی نەبێ لەگەڵ ئەو هەستەی كە نەدیتن و نەبیستنی خۆشكێكم له ماوەی چواردە ساڵدا زامدارم دەكات.

ئافرەتێكی لەوانەی زۆر پێش چوونە مەكتەبم بە مالی ئێمە و مالی مامم ئۆگری گرتبوو ناوی زێنەبی شەدەلار بوو. ئەو ئافرەتە كە من گەیشتمە تەمەنێك دەركی شتان بكەم دەنگوت له هێوێنی دڵ فەراحی و بێ غەمی و (دنیاگەمرە و ربیع و موت مامش) خولقا بوو. هەر مەجلسێكی ئافرەتان ئەو زێنەبەی لێ بایە پەستی و مۆنی پێوە نەدەما. له مالی ئێمە شوری‌كرد بە پیاوێكی خۆمان كە له پلەی خزمایەتی دادەندرا. زۆر بەداخەوە، بەسەر یەكەم منداڵیدا جوانە مەرگ بوو، هەر له مالی ئێمە.. دكتۆر صلاح [سووریەیی] زۆر دۆستی باوكم بوو چی له توانای بوو بۆ ڕزگاركردنی ئەو ئافرەتە بە خەرجی‌دا، ئەنانەت، بە دەستی خۆی، بەعەملیەتی جراحی، منداڵەكەی بە مردوویی بوواند

هەواڵنامەی كتێب

کەچی بێ سوود بوو. ئەگەر بڵێم لەو ماوەیەدا کە ژان زۆری لێ‌کرد تا ئەو دەمەی دڵی ڕاوەستا، دکتۆر صلاح بە شکڵی دایم لە سەراسۆیی‌ی بوو ڕاستییەکی بێ‌فێڵم گوتووە. ئەگەر لە مانگی خۆی بایە هەرگیز ئەو هەموو پیۆوە خەریک بوونەی بەخۆیەوە نەدەدیت. . لە بیرمە ئافرەتان وەکوو پووڕە هەنگە تێ ئاڵابوون و کە مردیش چۆن شینیکیان بۆ گێڕا.

لزوم نابینم چی‌دیکە بە سەربەخۆیی باسی ناک ناکی ئەو کۆمەڵە ژن و پیاوە. بکەم: چەندی بەدەم گەشتی ژیانمەوە هەڵکەوت دانوازی لێ‌کردم بە پێی پێویست بۆ ناک ناکیان دەچمەوە.

دیمەنێکی ناپەسەندی ئەو دەمانەی کە جارێ نەگەیشتبووینە تەمەنی خوێندن، دواتریش بۆ ماوەیەکی بەمەودا بەردەوام بوو مەشقەڵی ئاگری خەرمانان بوو کە لە زۆر شەوانی هاویندا دەشتی کۆیەی دەکردە چراخان:

دوشمنایەتیە کۆنینەکەی نێوان حەوێزی و غەفووریان لەو ساڵانەدا مەلا حەوێزاغای حەسەناغای غەفووری و جەلالاغای حاجی ئەسعەداغای حەوێزی بۆخۆی تەرخان و خەریک کردبوو. بۆ منی منداڵ کاری بەدی نادیاری خرایەی یەکدی کردنیان لەوانە نەبوون هەستیان پێ‌بکەم: ئەوەی سەرنجی چاوی نیوە بیناشی ڕادەکێشا (ئاگربازی) بەکەی خەرمان سووتاندنی شەوگار بوو کە وا جگە لە بڵێسە سووڕە گەشە دووکەڵاویەکانی، هەرچی ئادگاری دڕندەیی و بێ‌ڕەحمی و بێ هۆشیش هەیە پیۆەی دیار بوو. هەموو شەوێک بەو کارە ناڕەجایەیانەوە زەوەرێکی قورسیان لە خۆیان و پڕیش، لەو سەپانە هەناسەسارداندە دەدا کە ڕەنجی کڕێکی کەسابەتی سەرلەبەریان دەچووڕە هیچە چونکە سەپان لە سەرەتای دروێنەوە خۆی و گوزەرانی لە قەبەڵ ئەو دەغڵە دەکات و هیچ داهاتێکی دیکە شک نابات بەتەمای بێت تا خەرمان هەڵدەگیرێن و کێشەی کایەکەشی تەواو دەبێت کەوا بەزۆری هەتا مانگی ئەیلوول دەخایەنێ، لەوە بەولاوە سەپانەکە دەکەوێتە پەلەکوتکەی کەسابەتێکی دیکە، ڕەنگە دەستیشی نەکەوێ. وەک لە بیرمە ئەو دوشمنایەتییەی نێوان حەوێزاغا و جەلالاغا تەشەنەی نەکرد بۆ هەردوو بنەماڵەکە، بەڵکوو تەنها ئەو دوو کەڵەشێرەی لە یەکدی گیف دەکردەوە: هەرچی جەمیلاغای سەرۆکی حەوێزییان و براگەورەی جەلالاغا بوو نە ئەبیاتی لە هەرا و بگرەبەردە بوو نە وەزعی تایبەتی خۆیشی کە قائمقام بوو لێی دەسەڵماند خەریکی شەڕەگەڕەکێ بێ، کاکە زیادی حەماغاش لە ئەمەنێکدا نەبوو ڕابسێتە کاری وەها بەدناکار دواتریش کە چەپ وڕاستی خۆی ناسی ڕێگەی ئەوتۆیی نەگرتەبەر بەپێچەوانەوە بەلای بزووتنەوەی کوردایەتی و نیشتمانیدا بۆوە هەتا بوو بە یەکێکی ناودار لە کوردایەتی و لە ئاشتی‌خوازی [چەند جار نامەی بۆ هاتووە لە سەرۆکی بزووتنەوەی ئاشتی‌خوازی جیهانی، نامەکان من دەمخوێندنەوە بۆی. .]

لەمەش بترازێ کاکە زیاد خوارزای جەمیلاغا بوو، مەلا ئەحمەداغای سمایلاغاش کە ئامۆزای حەماغا بوو هەر زاوای جەمیلاغا بوو: لەوەوە دەماری ئەو پیۆەندییە کاری دەکردەسەر

ڕەفتاری هەر دوو لایان بەرانبەر بەیەکتر. بەڕەی مانگی سڵێمانیاغاش [کە غەفووری بوون] بە براگەورەیی مەلا ئەحمەداغای سڵێمانیاغا پڕ ئاغای سەر بەرمانڵ بوون تا ئەوەی وەکوو دوێن کێشۆت لەگەڵ (ئاشی با، یان ئاشی ئاگر) شەڕە شەپلتە بکەن. سەرت نەیەشێنم جووتە کەڵەشێری سەروپۆینە بەخوێنی پەڕو باڵ فش هەڵماڵ لەو ناوەدا دوو ئاکتەری سەرشانۆی ئەو ئاگربازیە بوون بە خۆیان و دەستوپاوەندی خۆیانەوە. ڕاستییەکەی ناتوانم لێرەدا وەڵامی پرسیارێک بدەمەوە لە خۆمی بکەم و بڵێم: لەو دەمانەدا کە جەمیلاغا جارێ قائمقام بوو بۆچی بێ‌تەرەفانە ڕاوەستا؟ نەیارێدەی برای خۆی‌دا

هەوڵتامەی کتێب

نه بەرهەڵستیشی لێ‌کرد؟ تووەز کاری دنیا کە ئادەمی بوونەوەرە هەرە چالاك و ووریاو ژیر و بەسەهوودا چوویەتی هەموو جاران بە باڕێکدا ناخوڵێتەوە کە موعادەلەی (2 + 2 = 4) ڕای دەنوێنێ. . لەبیرمە، دوای چەندین کڕی خەرمانانی ئەو شەرە دندووکێیە، شەوێکیان هێشتا نوێڕی عیشا نەبووبوو لەپڕ

ئاسمانی لای خواروی کۆیێ وەکوو خوێن سوور هەڵگەڕا: کە ڕاست بوونەوە بۆ سەیرکردنی چۆنایەتی و چەندایەتی هۆی ئەو ئاگر لە ئاسمان گەرانە دیتمان بڵێسەی ئاگری خەرمان زمانە دەکێشێ بە جۆرێك مرۆ لە دوورەوە ترسی لێ دەکردەوە. لە دوورایی کیلۆمەترێك مەودا لە مااڵی ئیمەوە خەرمانێکی هەرەگەورەی/مەلا حەوێزاغا کە هەموو داهاتی زەویەکانی نزیك کۆیەی لێ‌کۆکرابۆوە ئاگردراوە. ئەو شەوە بۆ ماوەیەکی درێژ شەوقی ئاگرەکە هەموو ولاتی ڕوونناك کردبوو تەنانەت چاو دەیدیت کە بەری شێخ بزێنیایەتیش پێی گەشاوەتەوە!! ڕێزە چیای هەیبەسوڵتان و باواجی هەر پێی دەوێست قوتابی لێ بێت و دەوری دەرسەکانی لێ‌بکاتەوە چونکە حەوجە بەچرانەبوو.

بە ڕاستی، مااڵیان ئاوابێ، ئەو شەوە جووتە قارەمانی کۆیێ ولاتیان لێ ڕوون کردبوونەوە بەاڵم کە خەرمان دامرکایەوە تاریکایی داهاتەوە چونکە ئەوسا زۆری مابوو کۆیێ کارەبای لێ پەیدا بێ. زۆر بە سەیری، ئەنجام وەهابوو هەر دوو ئاغا هەریەکەیان لە ڕووداوێك پێکی زەدە بێت و بشەڵێت: هەر دەنگوت برای جمرانە بوون کە وێکڕا نەساغ دەبن و دوو چاری هەمان نەخۆشی دەبن. خوا بیانبەخشێت و خزمانیشیان من ببەخشن لە گێڕانەوەی بەسەر هاتی وەهاتاڵ، بەاڵم لە شیرن کردنەوەی ئەو تااڵیی‌یە دەڵێم، سپاس بۆ خوا، شوێنی ئەو خەرمانە ئێستاکە بەر ئاوەدانی‌ی شار کەوتووەو خانووی ڕێك وپێکی لێ دروست کراوە.

تێبینی: لە ئاڵقەیەکی پێشووتر ناوی کەسێك هاتبوو کە لە کۆیێ مەشوور بوو بە (مچە ژنانی). من لە بیرکردنەوەمدا وەهام هاتبووە بەر یاد کە لە سلێمانی بە (مچەی حەبە ئۆزێ) ناوی ڕۆیشتووە کەچی دواتر باشتر یادم کردەوە و بۆم ڕوون بۆوە کە ناوەکەی لە سلێمانی (مچە حەبێ) بووە لەوەشدا پرسم بەکەس نەکردووە شاڵاو دوو چاری هەڵەیەکی نازەبابەت نەبووبێتم.

هەواڵنامەی کۆیە

هەندێ لە بیرەوەری و زانیاری یەکانی ناصیح حەیدەری

کەریم مستەفا شارەزا

هەواڵنامەی کێتب

مرۆڤ هەیە بەهرەو توانستی زانیاری تەنیا لە جۆرە بابەتێك سەرهەڵدەدەن و بەدەگمەنیش وا رێك دەکەوێ یەکێك زانیاریەکی تیسایکلۆپیدیایی لە بابەتی هەمەجۆردا بێ. جا لێرەدا لیکۆڵینەوە لە بەهرەی نەوونەی یەکەم کارێکی ئاسانەو کەچی لێدوان لە بەهرەکانی نەوونەی دووەم کارێکی گەلێ گرانەو ئەو کەسەی بە تەواوی نەچێتە بنج و بناوانی هەموو بەهرەکانی ناتوانێ لەسەر ئەو جۆرە کەسانە بنووسێ و مافی زەوای خۆیان پێ بدات.

مامۆستا ناصیح حەیدەری لە جۆری نەوونەی دووەمەو بەهرەو توانستی زانیاری یەکانی لە بواری مەیدانی گەلێ هونەرو زانیاری هەمەجۆردا خۆیان دەنوێنن.

کاتێ لە رواڵگەی تەڕەوە سەیری دەکەین، دەبینین شاعیرێکی کلاسیکی لێهاتووە، کاتێکیش لە رواڵگەی مێژووەوە لێی وورد دەبینەوە دەبینین تۆمارێکی گەورەو فراوانی رووداوە مێژوویی یەکانی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانلی یەکان و بزووتنەوەکەی شێخ مەحموودی حەفیدو رووداوە مێژوویی یەکانی سەرەتای دروست بوونی حکومەتی عیراقی سەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەم (1921 - 1933)و مەلیك غازی (1933 - 1939)و نیتقیلایەکەی بەکر صدقی (1936 - 1937)و شۆرشەکەی مایسی 1941ی گەلی عیراق لە دژی نینگلیزە داگیرکەرەکانە. لە بارەی تێکرای مێژووی کوردیشەوە ئاگاداری گەلێ هەوال و سەرچاوەی باوەڕپێکراوی مێژوویی نەبووەکەیەتی و هەر پرسیارێکی لەو بارەیەوە لێی بکرێت وەرام لە مستەفەو بە وورد و بە دوورو درێژی رووداوێکی سەرنج راکێش پاس دەکات.

ئەگەر لە بارەی ڕەچەڵەکناسی‌یەوە لێی بدوێین، دەبینین زۆربەی بنەماڵە ناوداڕەکانی کوردستان دەناسێ‌و بەتان و پۆیاندا دەچێتە خوارەوەو لەم بارەیەوە پسپۆڕێکی شارەزایە.

ئەگەر لە بارەی زمان و ئەدەبیشەوە باسی لێ‌وەبکەین، دەبینین لە زمانەکانی کوردی‌و عارەبی‌و تورکی‌و فارسی‌دا دەست ڕۆیشتووەو دەتوانێ شیعرو پەخشانیان پێ‌بنووسێ‌و بە سەدان شیعری کوردی‌و عارەبی‌و تورکی‌و فارسی لەبەرەو هەر ساتێکی داوای لێ‌بکەی بەڕەوانی چەند نموونەیێکی بەهێزو پتەوت بۆ دەهێنێتەوە.

لە بارەی ئایینیشەوە، لە دابودەستووری رایەڵی صۆفیەتی‌و ڕێبازی نەقشبەندی‌دا ئاگاداری‌یێکی باشی هەیەو گەڵێ لایەنی نەزانراوی ژیانی زانستی‌و ئەدەبی‌ی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (1777 ـ 1826) دەزانێ‌و هەموو دەم سەری ڕێزو وەفاداری بۆ یادی پیرۆزی مەولانای پیری تەریقەت و زاناو ئەدیبی گەورەی کورد دادەنوێنێ.

هەرچەندە ئەمڕۆ تەمەن درێژی کاری‌کردۆتە سەر ڕەنگ و ڕووو سیمای مامۆستا ناصیح بەڵام بە هیچ جۆرێک کاری لە بیرو زەینی نە کردووەو هەچەندە چاوو دەنگی کزبوون بەڵام مێشك و هۆشی هەر تیژو بەکارن و کارەساتی زەمانەو جگەرسووتانی بە کۆچی‌دوایی کوڕە گەورەی لە ئاوارەیێدا هیچیان لە مێشك ڕوونی‌و بیرێ تیژی کەم نەکردۆتەوە.

مامۆستا ناصیح حەیدەری لە نزیکەوە:-

ئەگەر بمانەوێ لە نزیکەوە مامۆستا ناصیح بناسین، وا چاکە هەر ڕووو لە خۆی بکەین تاکوو کورتەیەکمان لە مێژووی ژیانی‌و کاروانی ڕۆشنبیری خۆی پێشکەش بکات.

مامۆستا حەیدەری دەڵێ: «ناوی تەوام ناصیحی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی صیبغەتوڵڵای بچووکی کوڕی صیبغەتوڵڵای گەورەی حەیدەری ماوەرانی‌یە لە ساڵی 1898دا لە قەڵای هەولێر لەدایك بووم لە تەمەنی شەش ساڵی قوتابخانەی میریم خوێندووەو لە ساڵی 1916دا لەبەر گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهان دەستم لە خوێندن هەڵگرتووەو دووبارە ڕووم کردۆتەوە مەدرەسەی ئایینی. کە ئینگلیزەکان عیراقیان داگیرکردو لە پایزی 1918دا گەیشتنە هەولێر من دەستم لە خوێندن هەڵگرتبوو و بوو بووم بە خوێندەوارێکی باش و هەر کتێبێکی عارەبی‌و تورکی‌و فارسی‌و دیوانی شیعری کەڵە شاعیرەکانی کوردم کەوتبێتە دەست بە ووردی هەموویانم خوێندۆتەوەو شارەزایی‌یەکی تەواوم لێ‌پەیداکردوون. لە ڕێگەی (30) سی ساڵ فەرمانبەری‌یەتی میریشم لە دادگاکانی هەولێرو سلێمانی‌و کەرکووکدا گەڵێ زانیاری‌ی هەمەجۆرو شارەزایی بەنرخم لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پەیداکردووەو.لە ساڵی 1955 وە بە خانەنشینی لە هەولێر دەژیم و تەمەنم 87 ساڵە.

ڕەچەڵەکی بنەماڵەی حەیدەریان:

مامۆستا ناصیح حەیدەری دەڵێ: «ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ئێمە لە حەیدەری یەکەمی باپیرە گەورەمانەوە دەست پێ‌دەکات کە لە سەردەمی حوکمڕانی‌ی سولتان سولەیمانی قانوونی عوسمانلی‌یەوە (1520 ـ 1566) هاتووە بۆ هەریرو لێی نیشتەجێ‌بووەو خەریکی دەرس گوتنەوە بووە.

حەیدەری یەکەم بە پێشەوایێکی ئایینی‌و زانایێکی‌گەورە لە کوردستانی عیراق و ئێراندا ناوبانگی دەرکردووەو مامۆستای ئایینی سولەیمان بەگی میری سۆران و خانزاد خانی خوشکی‌بووەو چەند ساڵێك دوای ساڵی هەزاری کۆچی لە هەریر کۆچی‌دوایی کردووەو ئەحمەد کوڕی کە ناوداربووە بە (ئەحمەد بەینە ئەلحەیدەرین)[1] لەجێی دانیشتووە و دوای ئەویش حەیدەری دووەم هاتووەو ئەمجا ئیبراهیم حەیدەری کوڕی جێی گرتۆتەوە تا ئەو ئیبراهیمە زانایانی حەیدەری‌یەکان لە هەریر بوون.

بنەماڵەی حەیدەریان لە ماوەران:

مامۆستا ناصیح دەڵێ: «لە سەردەمی ئیبراهیم حەیدەری کوڕی حەیدەری دووەم، بنەماڵەی حەیدەریان هاتوون بۆ گوندی «ماوەران»ی سەر بە شەقڵاوەو ئەو گوندەیان ئاوەدان کردۆتەوەو کردوویانە بە ناوچەیەکی ئایین و زانست فێربوون و فەقێ و مەلای زیرەك و ناودار لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ڕوویان تێکردووەو، وورده وورده ئەو گەورە بووە تاکوو بووە بە گوندێکی فراوانی بەهات و بات و مەدرەسەو مزگەوتی گەورەی لێ بنیات نراوە گەلێ زانای ناوداری وەکوو مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی (1746 - 1807) ڕوویان کردووەتێ و لە کانیاوی ساردو سازگاری زانستی عەقڵی و نەقلی ئەو مێرەدێیە سوودمەندبوون و لەدوای ماوەیێکی دیکەش شاعیرو زانای کوردی وەکوو نالی (1800 - 1856) ڕوویان لە ماوەران کردووە بۆ تەواوکردنی خوێندنی مەلایەتی.

بنەماڵەی حەیدەریەکانی ماوەران لە بەغدا:-

لەبەر شەڕو شۆڕی ناوخۆیی نێوانی میرەکانی کوردستان لە سەدەی هەژدەهەمدا هەندێ لە زانا گەورەکانی بنەماڵەی حەیدەریان ماوەران جێدێڵن و ڕووەکەنە شاری بەغداو پلەو پایەیێکی گەورەیان دەبێ لە زانستە ئایینی یەکان و ناوبانگیان لە هەموو لایێکی وولاتە ئیسلامی یەکان دا بڵاودەبێتەوە. مامۆستا ناصیح دەڵێ: «یەکەمین زانا لە بنەماڵەی ئێمە چووبێتە بەغداو لێی نیشتەجێبووبێ، صیبغەتوڵڵای گەورەی کوڕی ئیبراهیم حەیدەری کوڕی حەیدەری دووەم بووە، کە لە نێوانی ساڵەکانی (1114 - 1200)ی کۆچی‌ی بەرامبەر بە (1702 - 1785)ی زایینی‌دا ژیاوە.[2]

لە شاری بەغدا دووبارە مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی و مەلا مەحمودی بێتووشی برای، صیبغەتوڵڵای مامۆستایان دەدۆزنەوەو خوێندنی لەلا تەواودەکەن و لەگەڵ مەلا جەرجیسی ئەربیلی‌دا کە (لە ساڵی 1792دا کۆچی‌دوایی کردووە) ئیجازەی عیلمی لە سەر دەستی وەردەگرن.

ئەوەی لە هەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە زانیێتمان، مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی قەسیدەیێکی بەرزی بە زمانی عارەبی لە ستایشی صیبغەتوڵڵای مامۆستای داناوە، وا دیارە کاتی دانانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خوێندنی بێتووشی لە گوندی‌ماوەران و سەرەتای ئەو قەصیدەیەش بەم جۆرە دەست پێدەکات:-

كلُّ حُرٍّ في فَضلِهِ عَبدُ رقٍ
لموالي تديروا ماورانا،

لەدوایی‌دا بەم جۆرە کۆتایی بە قەسیدەکە دێنێ و دەڵێ:-

كَمْ شفَوا بالعلوم منّا صدوراً
كانَ فيها من جهلنا ماورانا
سُئِلوا هل وراءَكُمْ مِنْ مرامٍ
لمريدٍ؟ فقيلَ لا ماورانا!![3]

وەنەبێ مەلاعەبدوڵڵای بێتووشی هەر لەستایشی صیبغەتوڵڵای حەیدەری شیعری دانابێ بەڵکوو لە ستایشی عوبەیدیللای کوڕیشی قەصیدەیەکی بەرزی داناوە چونکە ئەمەی دواییش دەرسی پێگوتووەو زانایێکی گەورەو بلیمەت بووە، بێتووشی لە ستایشەکەیدا دەڵێ:-

إنْ فاخَرَتْ دجلةُ في فيضها
عِلم عُبيدِالله قَلّ القصرى
فَعِلْمُهُ لَيْسَ له مَعْبَرٌ،
وكم رأينا لكِ من مَعْبَرِ
زَهِتْ به بغدادُ زَهوَ الرُّبا
بالنبت غِبَّ العارضِ الممطرِ![4]

مامۆستا ناصیح دەڵێ: «عوبەیدوڵڵای حەیدەری سێ کوڕی دەبێ عەبدوسەلام و ئەحمەدو ئەسعەد صەدرەدین و ئەو ئەسعەدەش دەبێتە باپیری «ئیبراهیم فەسیحی حەیدەری»ی خاوەنی کتێبی (عنوان المجد)

هەندێ زانای تری بنەماڵەی حەیدەریان:

مامۆستا ناصیح حەیدەری دەڵێ: «لە بنە ماڵەی ئێمە چوار زانای گەورەمان بووە بە ناوی صیبغەتوڵڵای

هەوڵنامەی کتێب

حەیدەری، یەکەمیان صیبغەتوللای هەرەگەورەو دووەمیشیان صیبغەتوللای باوکی ئیبراهیم فەسیح حەیدەری ئەم دووەیان لە بەغدا ژیاون. سێیەمیان صیبغەتوللای گەورەی کوڕی ئیبراهیم حەیدەری کوڕی عاصیم کە لە ساڵی 1272ی کۆچیی بەرانبەر بە 1855ی زایینی کۆچی دوایی کردووەو لە گوندی‌ماوەران دانیشتووە و مامۆستای «نالی»ی شاعیری مەزنی کورد بووە. چوارەمیشیان صیبغەتوللای کوڕی بووە چونکە پاش باوکی لەدایك بووە بۆیە بە ناوی ئەویان کردۆتەوەو بۆ جیاکردنەوەیان پێیان گوتووە صیبغەتوللای بچووك و بە تورکی ناوبانگی بە «کچك افندی» ڕۆیشتووە. ئەم صیبغەتوللا گچکەیە باپیری منە، واتا: باوکی عەبدوللا حەیدەری باوکمە. جگەلەوانە ئیبراهیم حەیدەری کوڕی عاصم کوڕی ئیبراهیم کوڕی صیبغەتوللای گەورەی حەیدەری باوکی باپیرم، زانایێکی زۆر گەورە بووە و کراوە بە دوا شەیخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانلی‌و دوای تێکچوونی ئەو دەوڵەتە گەڕاوەتەوە عیراق و لە بەغدا دانیشتووە و نرخ و پایەیێکی گەورەی لەلای حکومەتو میللەتیش بووە.»

ناصیح حەیدەری‌و هەندێ لایەنی نەزانراوی ژیانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی:-

---

مامۆستا ناصیح دەڵێ: «مەولانا خالیدی نەقشبەندی (1777 - 1826) سێ جار هاتۆتە مەلبەندی هەولێر (سۆران). جاری یەکەم هەروەکوو لە گەڵی سەرچاوەدا هاتووە، چووە بۆ ناوچەی بالەکەتی‌و لە لای مامۆستای گەورە مەلا محەمەدی کوڕی عەبدوللای ناودار بە (ئیبن ئادەم) خوێندوویەتی. جاری دووەمیش هەر بۆ خوێندن هاتووە بۆ گوندی «گەڕاوە»، جاری سێیەمیش هاتووەتە شاری هەولێر دوای گەڕانەوەی لە هیندستان و هێنانی ڕێبازی نەقشبەندی بۆ کوردستان و بڵاوکردنەوەی‌و لەژێر چاودێری مەولانادا مزگەوتی خانەقای هەولێر بەردی بناغەی دانراوە.»

ناصیح حەیدەری‌و چەند لایەنێکی نەزانراوی ژیان و شیعری نالی:-

مامۆستا ناصیح دەڵێ: «نالی شاعیری مەزنی کوردیش سێ جار هاتووەتە مەلبەندی هەولێر، یەکەم جار سەردانی شاری کۆیەی کردووەو بە نیازی خوێندن، ویستوویەتی ماوەیەکی لێ بمێنێتەوە بەڵام زۆر نەماوەتەوەو جێ هێشتووە. جاری دووەمیش هاتۆتە گوندی ماوەران و لەلای صبغەتوللای گەورە واتا: باپیری باوکم خوێندوویەتی‌و بۆ ماوەیەك زانیاریەکی باشی لێ وەرگرتووە، لە دواییدا بۆ ماوەیەك صیبغەتوللای مامۆستای دەچێتە بەغداو (نالی) دەکات بە چاودێری‌کەری فەقێ‌و موستەعیدەکانی ماوەران تاکوو سەرپەرشتی کاروباری ژیان و ڕاتبەیان بکات، دوای ماوەیەك مامۆستای لە بەغداوە نامەیێکی بۆ دەنووسێ‌و لە ژیان و گوزەرانیان دەپرسێ (نالی)یش لە وەڵامدا هیچ گلەیی لە نان و گوزەرانی نابێ، تەنیا گلەیی لە کەم عیلمی‌ی مامۆستاکەیان دەبێ‌و، حەزدەکات مامۆستای زاناو پڕعیلم دەرسیان پێ بڵێ‌و هەر بەسەرپێوە ئەم دێرە شیعرە دادەنێ‌و دەیخاتە ناو وەڵامی نامەکەی‌و بۆ مامۆستای ڕەوان دەکات و تاکە دێرە شیعرەکەی نالیش ئەمەیە:-

لەبێ دەرسی هەمووماں دادمانە

ستوونی مەدرەسە ئوستادمانە»

ئەم دێرە شیعرە لە پتەویی هۆنینەوەیدا ڕێی تێ‌دەچێ شیعری نالی بێ بام لە دیوانەکانیشیدا نەنووسرابێ. دوای ئەمە مامۆستا ناصیح دەڵێ: «نالی جاری سێیەم هاتۆتە شاری هەولێر، لەو کاتەی کە مزگەوتەکەی «خانەقا» تەواو دروست کراوە، ئەو لە ئاهەنگی تەواوبوونی ئەم مزگەوتەدا بەشداری کردووە. چاوی بە دەستەیێك لە مریدانی نەقشی دەف زەن کەوتووە، دەفیان لەسەر ئاوازێکی خۆش لێ‌داوە، وەك زانیومە ئەو دەف لێ‌دانەو ئاهەنگەئایینی‌یە بوونەتە سەرچاوەی ئیلهامی ئەم پارچە غەزەلەی نالی کە دەڵێ:-

هەولێر کتێبی

«حلقه‌درگوش»ی که‌فی ره‌نگینی تۆیه ئەم ده‌فه
با نه‌نالێ، لێی‌مه‌ده (غَنّ لَطْمِهِ كُفُّ الكفه»
ناصیح حه‌یده‌ری‌و شیعر وه‌رگێران له تورکی‌یه‌وه :-

مامۆستا ناصیح وەك لەمەوبەر دەرمان بڕی شاعیرێکی بەدەستەلاتەو جگە لە زمانی کوردی، کە زمانی زگماکی خۆیەتی، زمانەکانی تورکی‌و عارەبی‌و فارسی بە چاکی دەزانێ، بێجگە لە دیوانێکی شیعری خۆی بە زمانی کوردی، کۆمەڵە شیعرێکی شاعیرە ناودارەکانی تورکی عوسمانلی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی وەك ئەمانەی خوارەوە :-

(1 ـ شیعری شاعیری نیشتمان پەروەری تورکی عوسمانلی (محەمەد نامیق کەمال) 1840 ـ 1888ز)ی کردووە بە کوردی هەروەك ئەم نمونەیەی خوارەوە :-

خزمی بێکەڵك هەروەکو دووپشك نەبینێ رۆژی خۆش
خاوەنی هیمەت وەکو رۆژ شوعلەداربێ‌و ژینی خۆش

(2) ـ لە شیعرەکانی ضیاپاشای شاعیری ناوداری تورکی عوسمانلیش ئەم یەك دوو پارچە شیعرەی کردووە بە کوردی‌و دەڵێ :-

دەبێتە موستەحەققی تیغ ئەگەر موو
زیادی کرد لەحەددی‌و زێدە دەرچوو
لەبەر وەی بوو کە ئازادن لە تیغان
موژەی چاوان و مووی هەردوو ئەبرووە

هەروەها دێرە شیعرێکی‌تری هەمان شاعیری کردووە کوردی‌ووەڵێ :-

کەس نیە بێکەس بێ ئەمرۆ هەر کەسێ هەیتی کەسێ
مامەوە بێکەس مەدە ئەی تۆێ کەسانەی بێ کەسێ!!

(3) ـ تاکە شیعرێکی مەلا محەمەدی هەولێریشی لەتورکی‌یەوە کردووە بە کوردی‌و دەڵێ :-

گوتم: گیانە لەسەر کوڵمت نیە خاڵی سیاهت تۆ،
گوتی: بۆ سەر وڵاتی ڕۆم حەبەش قەت پادشا نابێ!

خوێنەری بەڕێز... بۆیە لە ناصیح حەیدەری شاعیرەوە بە دڵنیاێ نەدوام چونکە لەمەوبەر شتێکمان لە نووسیووەو بڵاوکردۆتەوە. لەبارەی زانیاری‌یەکانیشی‌یەوە، بەوەندە نووسینەی سەرەوە وەستاین و ڕێگا بۆ کەسانی‌ترو بۆ دەزگە ڕۆشنبیری‌یە کوردی‌یەکان چۆل دەکەین تاکو بە فریای ئەم گەنجینە گرانبەهایەی کەلەپووری نەتەوەی کوردمان ڕابگەن و بەر لەوەی لە کیسمان بچێت چەند دیداری تەلەفزیۆنی لەگەڵدا سازبکرێت تاکو نەوەی دوارۆژمان سوود لە بەهرەو زانیاری‌یەکانی وەرگرن. لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا بۆ مامۆستا ناصیح حەیدەری‌و بۆ ئێوەی خۆشەویست.

پەراوێزەکان : :

(1). هەر چەندە شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبەکەی «البیتوشي»دا نووسیویەتی «أحمد بن الحیدرین» بەڵام مامۆستا ناصیح دەڵێ: «راستی‌یەکەی «أحمد بَیْنَ الحیدرین»ە چونکە باوکی ناوی حەیدەر بووەو کوڕەکەشی هەر ناوی حەیدەر بووەو کەوتۆتە نێوانی دوو (حەیدەر) انەوەومنیش ئەم ڕایەم پەسەندکردو نووسیم «ئەحمەد بین ئەلحەیدەرین»

(2). شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبەکەی «الشیخ معروف النودهی البرزنجی»دا دەڵێ صیغەتۆڵلای حەیدەریی گەورە لە ساڵی 1186ی کۆچی بەرامبەر بە 1772ی زانینی لە شاری بەغدا بە نەخۆشی طاعون مردووە. بنواره ل: 36

(3). بۆ زانینی تەواوی قەصیدەکە بڕوانە ـ [الشیخ محمد الخال ـ البیتوشی ـ بغداد 1958 ص231]

(4). بۆ زانینی تەواوی شیعرەکە بڕوانە [الشیخ محمد لخال ـ البتوشی ـ بغداد 1958]ە مەبەست لە (ئینقلاب) وانا عەرەبێکەیەتی.

درەختی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی حەیدەری‌یان لە هەریرو ماوەران و بەغدا وهەولێر



هەواڵنامەی کتێب

بەبۆنەی ساڵێك بەسەركۆچی شاسواری جوڵانەوەی رۆشنبیری کورد مامۆستا

علاء الدین سجادی دا

هەواڵنامەی کێتب

● «غفور میرزا کریم» ●

پار لە 13 لەسەر 14ی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 1984دا، دڵی گەورەی پر لە خوزگەو ئاواتی بەرزو ئامانجی پیرۆزی شا سواری جوڵانەوەی رۆشنبیری کورد لە لێدان کەوت، مێشك و بیری بلیمەت و زانا و بە هەروەرێکی چابوك سواری ڕێگای پێشکەوتنی کاروانی رۆشنبیری لە بیرکردنەوەو بەخشین ڕاوەستا.

ئەو خامە رەنگینەی، کە لەناو پەنجەی دەستی‌دا بێ‌ووچان رازو نیازی دڵسۆزی دوو تووی دڵی، داخی دەروونی هەڵاڵەو شیلەی بیری تیژی بێ گەردی کە مێژووی رۆشنبیریی کوردی پێ تۆمار دەکرد لەناکاو لەکار کەوت.

بەڕاستی هەر رۆشنبیرێ ئەگەر بە بەرهەمی زۆرو تێرو پڕو پوختەو بەپێز، بە بەخشندەی بە چێژو شاکارو برشت دار سوود بەخش و دڵگیر، بە چۆنیەتی کارێ کردنی ووشەکانی بۆ سەر بارو دۆخی کۆمەڵ و بۆ پێشەوەچوونی کاروانی رۆشنبیری هەڵسەنگێندرێت بنرخێندرێت، ئەوا بێ‌چەندوچوون مامۆستا علاءالدین لە ریزی جوڵانەوەی

رۆشنبیری کوردیدا نازناوی شاسواری رۆشنبیری وەردەگرێت.

مامۆستا علاءالدین به وێنەی هەر رۆشنبیریکی مەزن لە پێناوی گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی زمان و وێژەو زیندوکردنەوەو بوژاندنەوەی کەلەپوری نەتەوایەتی لەکۆشش دا بووە، هەمیشە شەونخونی بەدیار لاپەرە مێژووییەوە، یا ژیانەوەی شاعیرێکی گووم بووە کێشاوەو لەسەر ساغ کردنەوەی ژیانی ئەم رۆشنبیرو ئەو کەڵە پیاوی کورد لەبەر قوتبلکەی چرای مزگەوت شەوگاری زستانی.

گرتووە بە بەرەوە بۆ خزمەتی رۆشنبیری و پێشخستنی کاروانی نەوەستاوی، بە وێنەی مەلەوانێکی کارامە گەوهەرو پیرۆزەی لەبن دەریای گووم بودا، دەدۆزیەوەو هەڵی دەبژاردو دەیهونیەوەو دەیکردە ملوانکە بەسەر سنگی جوڵانەوەی رۆشنبیری کورددا، بە وێنەی زانایێکی بێهەوتا کێومالی بەناو هەردو دەشت و هەریزەجاری بازاڕی کزۆ کەساسی رۆشنبیریدا دەکرد، تا شاعیرێکی لەبیرەوچوو کە لە پیاوێکی گووم بوو، لاپەرە مێژوویێکی نەزانراوە زیندووەبکاتەوەوبیو ژێنێتەوەو بیخانە ناو گەنجینەی مێژووی کوردەوە..

بەم چەشنە مامۆستا علاءالدین خۆی گەیاندە لووتکەی بەرزی رۆشنبیریی کوردیو بوو بە مایەی شانازی نەتەوەکەیو جێگەی تایبەتیو گرنگی خۆی لەناو جوڵانەوەی رۆشنبیریی کوردیدا، کردوتەوە.

شاکاری کێبەکانی کێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) بەرگەکانی کێبی «رشتەی مرواری» لەگەڵ چەندان کێب و نامیلکەو نووسینی لە گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردیدا بەڵگەی نەویست و بەتین لەبەر چاوە بۆ بلیمەتیو بەهرە وەری شاسواری رۆشنبیری کۆچ کردومان، کە رۆشنبیرانی ئەمرۆ دەتوانن مەشقی دەرس وەرگرتنی لەسەر بکەن و رەنجی پر بە پێزی بکەن بە تۆشو بۆ شوێن پێهەڵگرتنی تا رێچکەی هەورازی پێشکەوتن ببڕن و دەست لە مل هیوا بکەن..

بەرێوەبردنی کاروباری (گۆڤاری گەلاوێژ) بۆ ماوەی دە ساڵی رەبەق لەگەڵ دەرکردنی گۆڤاری (نزار) بە شاکارێکی گەورە لە رێڕەوی کۆششی نەپچراوی مامۆستا علاءالدین دا دەژمێردرێ بە تایبەتی (گۆڤاری گەلاوێژ)، کە ئەمرۆ هیچ رۆشنبیرێکی تازە کووڕە ناتوانێ بۆ کەڵك وەرگرتن لە هەموو مەیدانێکی رۆشنبیریدا دەست بەرداری بێ، یا بیخاتە پشت گوێ، شەونخونی کێشانی لەگەڵ گۆڤاری گەلاوێژدا و دەرهێنانی بەو شێوە نایابە گرنگە بەتایبەتی لە رووی ناوەرۆکیەوە کە بووبوو بە جێگەی رەزامەندی تێکڕا جوڵانەوەی رۆشنبیری بە ئەرکێکی مەزن و فەرمانێکی پیرۆز دادەنرێ، کە ئەمرۆ نرخی وەکو ئەرشیفێکی گرنگ و تایبەتی بۆ گشت جوڵانەوەی رۆشنبیریی کورد دێتەبەرچاو، کە رۆشنبیران بۆ هەڵهێنجانی زانیاری و زانستی، پەنای بۆ دەبەن و سوودی لێوەردەگرن.

مامۆستا علاءالدین لە مەیدانی رۆشنبیری ونیشتیمانی تردا هەر سەرکەوتوو، و شاسوار بووە، دەوری بالاو لە بەرچاو و گرنگی وەکو ئەستێرە لە ئاسمانی رێڕەوی کاروانی نەپچراوی یانەی سەرکەوتنی کورددان دا دەدرەوشێتەوە ئەم یانەیەی کە دەزگایێکی رۆشنبیری بووە کە نزیکەی 33 ساڵ (1930 ـ 1963) لە خزمەت کردن دا بووە، کە دەوری بالای مامۆستا علاءالدین زیاتر لە کاتی بوژاندنەوەی یانەدا کە بە دیاریکراوی رێکەوتی ساڵی 1943 گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی دەکەوێ بە زەقی و روونی دەکەوێتە بەرچاو، کە دووبارە ئەم تاقیکردنەوەی ژیانی رۆشنبیریەی مامۆستا علاءالدین لە بواری هەڵسوراندنی کاروباری یانەی سەرکەوتن دا پێویستە بکەوێتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی، رۆشنبیرانی ئەمرۆ، تا نەوەی تازە کەڵك و سوود وەو تاقیکردنەوەیە وەرگرن تا ببێتە مایەی سەرکەوتن و پیش کەوتن یان کە ئومێدەوارین ئەم ئەرکەش، بە پیرۆزیو سەرکەوتویی ئەنجام بدەن..

لەم لێکۆڵینەدا بە باشم زانی ئەم ووتوویژە کە لەسەر یانەی سەرکەوتنەو لەپێش چەند ساڵێکدا لەگەڵ مامۆستای بەرێزدا کردومە بیکەم بە دیاریێکی بچووك بۆ یاد ـ

هەولێنامەی کتێب

کردنـەوەی سالّی بەسـەر کۆچ کردنی شاسـواری کاروانی رۆشـنبیـریی کوردیدا. . کوردواتـانی ، دیـاری دەستی هەژاری هەر مستی هەرزنەبەس. .

وتو وێژێك لەگەڵ شاسواریکی رۆشنبیریی کوردیدا.

لە رۆژی هەینی 1982/3/19 لەگەڵ ماموستای بەڕێز علاءالدین سجادی لە مالّی خویدا وتووێژێکمان دەربارەی یانـەی سەرکـەوتن و چالاکیـەکـانی و دەوری رۆشنبیـریی کوردی لە پیکـەوەنـان و بەجێهێنـانی ئەرکی ئەستۆیـان بەرامبەر ئەم دەزگا رۆشنبیرییە کرد، کە لە ئەنجامدا ئەم چەنـد لاپـەڕە زانیـنە وورده باسـە میـژوویـەمان دەست گیر بوو، کە وا ئیمەش بە بوختەیی و چڕی تۆماری دەکەین و دەیخەینە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز. .

رۆشنبیرانی کورد لە سالی 1930دا بۆ هەل و دەرفەتێك دەگەڕان چاوەڕوانی رۆژێکی گونجاویان دەکرد، کە بتوانن تێیدا بە چاوگەیکی زانستی،دڕ بە شـەوە زەنگی دواکەوتن و نەزانـیـن و بێ ئومـیـدی بدەن، بازاڕی کزو کەسـاسـی جوولانەوەی رۆشنبیریی کورد گەرم و گوڕو خوش بکەن وە کاروانی نەسرەوتی رۆشنبیریی کوردیی، بڕێ بۆ پێشەوە بەرن.

لە پێش گرتنی پەیمـانی دیلیـەتی لە حوزیـرانی سالی 1930دا بەر لە ڕاپەڕینە گەورەکەی شەشی ڕەشی ئەیلولی سلێمانی‌دا. دەزگای میری لەژێر پالّەپەستۆی جوولانەوەی رۆشـنبیـریی کوردا رێگـەی دا، کە رۆشنبیـرانی کورد رێکخـراوێـك بە ناوی یانـەی سەرکـەوتنی کوردانـەوە بێنـەکـایـەوە، (بـوبـە) هەر لە سەرەتای سالّی (1930)وە رۆشنبیـرانی کورد بەپێی توانـاو ووزەی خۆیـان بەگـوێـرەی بارودۆخـی گونـجـاوی ئەو رۆژە هاتـنـە مەیـدانـی خەبـاتـەوە بۆخـزمـەتی رۆشنبیـریی کوردو ووشـە گەلی ڕەسـەن و دلسـوزی کورد. بەم بۆنـەیـەوە کۆبـوونـەوەیێکی گەورەو ئاهـەنگێکی بە جۆش. . بە بەشـداربـوونی سەدان رۆشنبیری کورد لە بەغدا لە سینەمای (ڕویاڵ) سازکرا. لەو ئاهەنگەدا بانگی دامەزراندنی دەزگای یانەی سەرکەو تنیان بە گوێـی گەلـدا. دا. . ئامـادەبـونـی خۆیـان بۆبـەڕەوپیش بردنی کاروانی نەوەستاوی رۆشنبیـریی کورد پیشان داو داوایان لە تیکرای خوینەواران و کۆمەڵانی خەڵك کرد بۆ یارمەتی دان و پشت گرتن. لەو رۆژەوە ئینگلیز پێی لە وولاتمـان تونـدکـردو چنگی خوێنـاوی‌و چەوسانەوەی لە لەش و دڵی گەلـەکـەمـان ئالانـد، هەمیشـە بە پوازی دووبـەرەکی دیـوارو شورەی پەکیتی‌و پتـەوی گەل، تیـك دەدا. بە موشـەدەمی ناکۆکی‌و برا لە برا کردن. . ئاگـری ئاژاوەو شەڕی براکوژی خوش دەکا، وە بۆ پوچ کردنەوەی هەمـوو تەقـەللاییـك و هەڵـوەشـانـد نەوەی هەموو پردێکی برایەتی نێوان رۆشنبیرانی عیراق بە گشتی‌و رۆشنیرانی کورد بە تایبەتی لە کنەکردن و تەقەللادابوو.

لە نەخشـەو پیـلان نانـەوە لە تەگـەرە دانـان، لە کەنـدو کۆسـپ دورسـت کردن بۆ تێکـدانی کاروانی رۆشنبیـریی کوردیی‌و سەرلێشێواندنی هیچ ساتێك نەوەستاوەو سـتی نەنواندوە.

ئینگلیزەکان لە سی‌یەکاندا ـ بۆ بەستنی پەیمانی دیلیەتی لە سالّی 1930 لە پشت پەردەوە کاریان دەکرد، لە پێناوی یەك نەگـرتنی هێـزی بەربـەرەکـانی عیـراقی دژ بە پەیمانی دیلیەتی تێدەکۆشان و، وایان پێشان دەدا، کە دوبەرەکی سەرەکی لە نێـوان کوردو عەرەبـدایەبـەنـەك لە نێـوان گەلی عیراق بە گشتی‌و ئینگلیزەدا بەندو باوی وای‌بلاوەکردەوە، کە گوایـە هەر بەڵاو کێشـەو سەرگـەردانیێك بەر عەرەب دەکـەوێ لەسـەر ئەستـوی کوردە، هەرپەشێل کردن و مافی نەتـەوایـەتی‌و بەش خوراویکێش توشی کورد دەبێ ئیـالی دەکەوێتە سەر عەرەب.

بۆیـە بلاویـان دەکـردەوە کە گوایـا تاوانی نەبـوونی مافە رەواکـانی کورد لە پەیمـانی دیلیـەتی سالّی 1930دا، کە تەنانەت کۆمەڵی نەتەوەکان ـ عصبة الامم ـ بڕیاری لەسەر

داوه بۆ عەرەب دەگەڕێنەوەو بەریتانیا لەم رووەوە بێتاوانە.

لەم بارو دۆخە ناهەموارەدا بوو، کە دەرفەتێك بۆ بەرەی رۆشنبیرانی کورد رەخساو بانگی دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنیان راهێشت، وە بە بیرو میشك بە ووتاری دڵسۆز بە خامەی ڕەنگین بەربونە وێزەی لەشکری دووا کەوتن و نەزانین و بو خزمەت کردنی جوولانەوەی رۆشنبیری، چاکی مەردانەیان هەڵگردوە بۆ بەرزکردنەوەی کۆشك و تەلاری رۆشنبیری کەوتنە چالاکی نواندو خەبات کردن.

بەراستی دامەزراندنی یانەی سەرکەوتن لە بەغدا موژدەی سەرکەوتن و پیش کەوتن و ئومێد بەخشی دا بە کورد وە بە بنکەیێك بۆ کۆکردنەوە ڕێکخستنی جوولانەوەی رۆشنبیری وە گەشە سەندن و پەرەپێدانی ووشەو زمانی کوردیو بوژانەوەو زیندوکردنەوەی مێژ ووی کوردیو ناسینی بە گەلی کوردو بە جیهان.

باس و خواستی یانەی سەرکەوتن لە بەغدا دەنگیکی گەورەی لە ناو رۆشنبیرانی کورد، دایەوە بە تایبەتی لێژنەی بەڕێوەبەری لەو سەردەمەدا لە زاناترین و دڵسۆزترین و ناودارترین رۆشنبیرانی کورد پێك هاتبوو کە ئەمەش لە گرنگی و دەوری زیاتر دەکات و ناوی لەبەرچاو خوێندەوارانی کورد زیاتر بەرزترو خوشەویست تر دەکات.

لێرەدا ماموستا پرسیارێکی گچکە دێتە گۆڕێ؟!

نازانم بۆچی روشتبیرانی کورد لە دەزگای یانەدا هەڵویستی گۆشەگیریان بەرامبەر رووداوەکانی عیراق وەردەگرت؟

یاخود بۆچی بە پاشی تێکوشانی خویان گرێ نەدەدا ئەگەڵ تێگرای هێزە بەربەرەکانیەکانی عیراق دا دژی ئینگلیز، کە ئەمە ڕێگەی راست و ڕەوان بوو، بۆ بەگژاچوون لەگەڵ دژمن داو سەندنەوەی مافی رەوای گەل؟

ووتمان ڕێگەو ماوە بۆ کردنەوەی یانە بە دەرەفەتێکی پچووك بۆ روشنبیرانی دادەنرێ کە تیایدا ناتوانی بەگۆڕەی پێویستی گەل و بە ئاڕەزووی خۆیان ئەسپی لێ تاوبدەن و لەو سنوورەی کە دەزگای میری بۆی دانایاوون تێپەڕن و زیاد ڕووی بکەن، هەروەها لە سەرێکی تریشەوە جوولانەوەی کوردیش لەو تواناو دەستەلاتداریەدا نەبوو، کە هەل و مەرجی خۆی بسەپێنێ بەسەر دوژمن دا ،وانە پێویست بوو بەپێی بەرەی خۆی هەنگاوێنێ بە کورتی بارو دۆخی ئەو ڕۆژە لەوەندە زیاتری بۆ روشنبیرانی کورد، دابین نەکردبوو یان نەرەخساندبوو جگە لەمە دەزگای ئینگلیز بە بەراوورد کردن لەگەڵ دەستەلاتی هێزی جوولانەوەی نیشتمانی لە پایەیێکی بەرزی بە تواناتر بوو، بە ڕەنگێ کە لە نەخشەو پیلانەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە بە ئاسانی بەسەر هیزی نیشتمانیدا دەڕۆی..

هەر ئەم هۆیەش بوو، کە جوولانەوەی رۆشنبیری کوردی خستبوە چوارچێوەیێکی کز و لاوازو بێتوانایەوە کە نەیدەتوانی تەنانەت هاوبەشی خۆی لەگەڵ ڕۆڵەکانی شەشی ڕەشی ئەیلول دا بنوێنی و برایەتی و یەکیەتی و تێکوشانی بۆ ئەم جوولانەوە شورشگێڕیە دەربیڕێت بە پێچەوانەوە پچڕپچڕبوونی جوولانەوەی نیشتمانی کاریکی ناهەمواری وای پێك هێنابوو تەنانەت شیخ گەورەش (شێخ محمودی نەمر) بێ ئاگا بوو لەم ڕاپەڕینە کە بە چەشتی پاش ڕووداتی بە عەشقی ئاگری تۆڵەسەندنی لە (پیرانەوە) بە هیوای سەندنی خوێنی (عەولە سیس) بۆ مافی ڕەوای کورد جاریکی تر هاتەوە مەیدانی خەباتەوە شەری (ئاویاریکی) دژی میری و ئینگلیز هەڵگیرسانەوە.

بەداخەوە رۆشنبیرانی کورد لەو ڕۆژەدا بە هێزو تواناو هوشیاری لە پایەو پلەیێکی وادا نەبوون کە بە بیرو باوەڕ، یا بە هەرشێوەیێکی ڕەخساو پشتی ڕاپەڕینەکەی بەردەرگای سەرا بگرن و بە ئەرکی پێویستیان بەرامبەری بجوڵێنەوە.

پاش ئەوەی بڕیار بە کردنەوەی یانە دەرچوو دەستوبرد باوەڕ پێکراوی گشتی مارف جیاووك ماڵەکەی خۆی لە گەرەکی صابونچی لە بەغدا کرد بە بارەگەی یانە بۆ کۆبونەوەو گفتوگۆ، چاو پێکەوتن، پێناسین و بۆ بەڕێوەبردنی گشت کاروباری یانەی تەرخان کرد.

یانەی سەرکەوتن لە ساڵەکانی (سی)دا بە گۆشەگیری و

هەولێر ئەرشیفی گشتی

سستی و خاوی و بێ‌دەنگی ژیانی دەبردە سەر لەم ماوەیەدا زۆر قەوماوی نەتەوەیی ،نیشتمانی . . وە رووداوی گەورە لەو ولاتە دا هاتە سەر شانۆ کەچی بەداخەوە، یانەی سەرکەوتن تیایا بەشدار نەبوو وە هیچ چەشنە دەورێکی چ لە رووی قسەو بیرورا دەربرین یا بەکردەوە پیشان نەداوە، دیارە دەزگای میری ریگای بە چالاکی نواندنی یانە نەداوەو جوولانەوەی رۆشنبیری کوردییش ئەوەندە بە هیز و توانا نەبووە کە سنووری دیاری کراوی خۆی بشکێنێ و بانگی خۆی بەئاشکرا بداو بیروڕای بسەپێنێ بەسەر رۆژگاردا ناوی خۆی دەرخات و لەسەر رووداوەکانی ولات بنوسی دوایی ساڵ هاتوو ساڵ رویی شەڕی دووەمی جیهانیش لەلایەن ئەڵمانیای هتیلەریەوە هەڵگیرسا بەم چەشنە گێتی بوو بە دوو بەشی سەرەکی دژ بە یەکتری بەرەی دیمکراتیەت لەگەڵ تێگرا گەلان دا کە لە پنیاوی ڕزگاری و سەربەستی بەرامبەر بەربەست کردن و لەناوبردنی ئەڵمانیای نازی‌دا کەوتنە خەباتێکی سەختی خونیاویەوە لەناو جەرگەی جەنگ بە هەڵهاتنی

ئاسۆی سەرکەوتن و زاڵ بوونی بەرەی گەلان تەرازووی هێزو باری جیهانی کەوتە گۆڕین و ستەمی زۆرداری و چەوساندنەوە لە گرێزەنە دەرچوو، شنەی شەمالی ئازادی دڵی تێگرا گەلانی فێنک دەکردەو، ر ئازادی خوازانی جیهانی لە خەوی بێ‌داری راست بونەوەو بۆ داواکردنی مافی رەوای گەلانیان کەوتنە چالاکی نواندن و تێکوشان. لەم یارووەدەوخە تازەیەدا دەزگای میری کەوتە پاشەکشێ و لەژێر پالەپەستۆی جوولانەوەوی گەلان دا دەرگای ئازادی و دیمکراتیەت کرابەوە نیشتمان پەروەران لە سەراسەری عیراق دا، هاتنە مەیدانی خەباتەوە، بۆ مافی پێشیل کراوی گەل کەوتنە خۆکوکردنەوەو ئامادەبوون و، بیرو باوەڕەدەربرین و تێکوشان.

یانەی سەرکەوتن لە ساڵی 1943دا بە ناوی دامەزرینە کۆنەکانیەوە لەسەرو هەمسوویانەوە باوەرین کراوی گشتی مارف جیاووك هاتنە کۆڕی مەیدانەوە، بۆ پێك هینانی ئامانجەکانی جوولانەوەی ڕۆشنبیری بە گەرمی و گورجی کەوتنە خەباتەوە. شیاوی باسە لاوانی تازە پێگەیشتو، و قوتابیانی خوێن گەرمی قوتابخانە، بەرزەکان و تێگرا خوێندەواران باوەڕیان بە شێوەی تێکوشانی کۆن نەما دۆست و دوژمنی گەل بە روونی دەرکەوتن، پشت بەستن بە هیزی گەل، تێکۆشانی بێ‌ووچان دژی ئیستعمارو دەرەبەك و کۆنەپەرست، بوو بە باوو بۆیە هێزی تازەی گەل بە نوێنەرانی کۆنی یانەی سەرکەوتن رازی نەدەبوون، داوای گۆڕینیان دەکردو خواستی هێنانی نوێنەری تازەیان دەکردوو بۆ گۆڕین و هەڵبژاردنی لیژنەی بەڕێوەبەر کەوتنە جموجوڵ وابزانم ساڵی 1944 کە لەلایەن لیژنەی بەڕێوەبەریانەوە بریاری دەرچوو کە لە بارەگا لە گەڕەکی عبلوازیە پێویستە تێگرا گەنداماني یانە بۆ هەلبژاردنی لیژنەی تازە ئامادەبن، بەم چەشنە وەکو ماموستا دەڵێت:

هەرچی دەستی قەڵەم دەیگرت چاوی بە کلچێوی خوێندەواری رشتبوو، سەرەوواپکی دڵسۆزی و زانینی لە مێشك دا بوو، ئەو رۆژە لە بارەگەی یانەدا کۆبوەوە، واتە ئەگەر دەرزیت هەڵبدایە نە دەکەوتەسەر زەوی ئیتر تێکرا رۆشنبیرو خوێندەواری کورد لە بەغدا لەیانەدا کۆبونەوە بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی بەڕیوەبەری تازە. . هیچ سوێندتان لەسەرم نیە، ئەگەر باوەڕیش ناکەن، زۆرم لەسەرتان نیە. ئاگام لەوە نەبووە کە روشنبیرانی کورد من و ماموستا ئەمین زەکی بەگیان، خستبوە لیستەی هەڵبژاردنی خۆیانەوە. بەراستی ئەم رۆژە رۆژێکی میژوویی دیاربوو کە هەرگیزاو هەرگیز لەبیرم ناچیتەوە نەك لەبەر ئەوەی ئەو لاو، قوتابیانەو رۆشنبیرانە منیان هەڵبژاردو بەس بەڵکو دیمەنی ئەو کۆمەڵانی روشنبیریەی کە بە ئازادی و دیمکراتیانە هاتبوونە کۆڕی هەڵبژاردنەوە بە تونڈی دڵ و مێشکی دەهەژاندو خوزگە خوازیم دەکرد کە کۆمەڵانی خەڵکی بەم چەشنە مەشقیان دەکردو بەم دڵ وگیان ئازادی و دیمکراتیەوە دەچوونە کۆڕی هەڵبژاردنەوە بۆ تێکرا دەزگاکانی میری تا

هەولاڵەمەی کتێب

گەل خۆی بۆ خۆی فەرمانڕەوایی بنوێنی، تا چاکەو باشە لە هەموو مەیدانیکدا چەکەرە بکات و چەوتی و خراپەش تۆوی بە کوڵەکەی ئاش دا بچێ. بەڵام بەداخەوە ئاوانەکەم نەهاتەدەی، خۆمان نەمان توانی لەم تاقی کردنەوەیەدا سەرکەوتن بەدی بهێنین و ئەم هەڵبژاردنە بە دروستی بەرێوە، نەمان توانی ئەوانەی کە خۆمان دەمانەوێ هەڵبژێرین و بیان خەینە سەردەزگای کار تا بۆ پێشەوە چوونی کاروانی ڕۆشنبیری هەموو لە چالاکیا بین. دیارە دیمکراتیەت هەر قسەی ڕووت نیە. زۆری ئەوێت؟، کە مرۆڤ یا گەل فێربێ و مەشقی لە سەر بکا تا بە کردەوە دیمکراتیەت بەجێ دەهێنی و لێ لاتەدات.

بە داخەوە لە هەڵبژاردنەکەدا دەستەی کۆن بردییەوە لە جیاتی ئەوەی ئارەزووی لاوان و قوتابیانی تازەپێگەیشتوو ئاوانی ڕەوای کۆمەڵانی ڕۆشنبیری جیگیرێ و سەرکەوێ، بەپێچەوانەوە بەرێوەبەرانی پێشوو، شێوەی کۆن لە نێکوشاندا پیاوانی ڕۆشنبیری نەگونجاو لەگەڵ بارود ۆخی تازەی وڵات و جیهان دا هاتنەوە سەرکار، لە ئەنجام دا پاداشتی بەشداریم لەم هەڵپژار دنەدا، کە پشتگیری لاوان بووم خستیانمە پاڵ دەستەی لاوان و قوتابیان و بە ناوی ناوانەوە دەستەی دەزگای میری منیشیان لەگەڵ ئەو دەستەیەدا ڕاپێچی بەندیخانەکرد کە بە هەزار حاڵ و تکاکردن ئەوسا بەرەڵا بووین بە تایبەتی ئەوانەی کە لەگەڵم دا گیرابوون هەریەکەیان لە بنەماڵەیکی ناسراو و دەستەڵاندار بوون، ئەگەر پێم باوەڕیکەن هەر منی تیابووم لە ناویاندا کە بێ کەس و بێ پشت و پەنابێت، بۆ وینە لە بنەماڵەی قەزاز، عبدالقادر قەزاز، لە بنەماڵەی سید ئەحمدی خانقاه، کاکە حمەی سید. لە بنەماڵەی تاڵەبانی ،مکرم تاڵەبانی. لە بنەماڵەی دزەیی جوهر کانەبی، لەگەڵ جلیل یوسف و ماموستا علاءالدین. شیاوی باسە هەرچەندە ڕۆشنبیرانی کورد تیکرا ئامانج و ئاواتی بەرزیان خزمەت کردن و پێش خستنی کاروانی ڕۆشنبیری بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا نابێت ئەوە لە بیرکەین، کە بەرژەوەندی چیایەتی بێ، یا تاکە کەسی جیسای دەکردنەوە، بۆیە ناکۆکی لەنێوان ئەم ڕۆشنبیرو ئەو ڕۆشنبیر، ئەم دەستەو ئەو دەستەیەدا هەبوو ئەمیان پلارو توانجی دەگرتە ئەو لا، یا ئەو دەستەیە ئەمیتری بە گوناهی گەورە ئاوانبار دەکرد کە لە ئەنجامدا دەرکەوت، پاش چەندان ساڵ و گۆڕانی زۆر قوناغ و پلە کە ئەو گوناهانەی دەخرانەپاڵ ئەم و ئەو زۆری ڕاست نەبوو، بەڵکو زۆربەی زۆری ڕۆشنبیران ئەگەر هەموو نەڵێین کوردایەتی پاك و بێگەردو خزمەت کردنی خاك و نەتەوە لە کانگای دڵیان دا قوڵپی دەداو لەم پیناوەدا هەموو ڕێگەو شێوە نێکوشانێکیان دەکرد.

دڵوا قسەم مارف جیاووك کە لە ماوەیەکی زۆردا باوەڕێ کراوی گشتی یانە بوو، ڕۆشنبیریکی کوردی ئازابوو لە پیناوی مافی ڕەوای کورددا، لەگەڵ هاوالەکانی تری هیچ دریغیەکیان نەکردوە چەند لە توانایاندا هەبووبێ لەم مەیدانەدا پێش کەشیان کردوەد ئیتر مارف جیاووك نوینەر بوونی یا متصەرفی سلیمانی یا باوەڕێ کراوی گشتی یانەی سەرکەتن بووبێ لە هەموو حالەتیکدا لە خزمەت کردنی وڵات و ڕۆشنبیری کوردی کەم تەرخەمی نەکردوە.

ئەگەر وەکو ماموستا علاءالدین دەڵێت ئەگەرچەند جاریکیش لەسەر کورداییەتی و کێشەی ڕۆشنبیری مشتومریشمان بووبێ بەڵام دوایی خۆی ئاشتی کردومەتەوەو ئاو کراوە بە ئاگرداو لە ڕیزی جوواڵانەوەی ڕوشنبیران دا دەرنەچووە،

لە دوایی دا ئومیدەوارم جوواڵانەوەی ڕۆشنبیری ئەمڕۆ کەڵك و سوود لە ڕاوبوردووی ڕۆشنبیرانی کۆن وەربگرن و ئیستایان لەسەر تاقی کردنەوەی کۆن دابنێن تا کاروانی ڕۆشنبیریمان کاڕی کۆنی بێ کەڵك و بێ فەر فڕیبدات و لە هەمان گاندا کەڵك لە ڕابوردووی پڕشنگداری سوودبەخش ببینی تا بەرەو ئامانجی گەورەی ڕۆشنبیری بڕۆین. کوردواتانی هەر عەقلەو بیرە لە خەساڕێ، تا نەدەی ڕەنج ناگەیت بە گەنج.

ئەستێرەیەک

ئاوابوو



غازی فاتح وەیس... ئەستێرەیەکی تازە هەڵبووی ئاسۆ تاریکەکەی زمانەوانیمان بوو.. لەگەڵ ئاوابوونیا ئەو ئومێدە زۆرەی پێمان بوو نێژرا..

غازی فاتح وەیس... خونچەیەکی تازە پشکووتووی گوڵزارە کەم گوڵەکەمان بوو.. وەری پێش ئەوەی بۆن و بەرامەکەی جیهانی زمانە شیرینە هەناسە ساردەکەمان داگیربکات..

غازی فاتح وەیس.. بەگیانێکی ئەکادیمی تێکۆشەر و تواناو تاقەتێکی بێ پایان و پشتێکی نەستوور بە مەنهەجیەوە پێی نایە مەیدانە یەکجار کزەکەی زمانەوانیمان... هات و لەگەڵ خۆیا رێچکەی تازەی شی کردنەوەی هێنا..

... بەم تەمەنە کورتەی ژیانی ئەکادیمی بەرهەمێکی زۆری پێشکەش کردین.. کتێب و گەلێ ووتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکردەوە.. زۆری تریشی بە دەست نووسی ماوەتەوە... گەر مەرگ وازی لێ بهێنیا پرۆژەکەی ژیانی خۆی تەواو بکات.. گەنجینەیەکی یەگجار بەپێت و بە نرخی بۆ دادەگرتین...

بەرهەمەکانی غازی فاتح وەیس هەموو جێی شانازین.. هەموو کەرەستەن بۆ لێکۆڵینەوە.. هەموو وانەن بۆ فێربوونی مەنهەجیەت و پەیرەوی زانستی لە نووسیندا.

بار بوو کتێبێکی لەژێر ناوی (فۆنەتیک)دا بڵاوبووەوە.. ئەم کتێبەی ئەشێ بە سەرەتای دەست پێکردنی قۆناغێکی تازەی لێکۆڵینەوەی دەنگسازی لە زمانی کوردیدا بژمێردرێ... چونکە یەکەم جارە لە مێژووی کوردا کتێبێک بەم ناو و نیشانەوە دەرچێ بگونجێ لەگەڵ ناوەرۆکەکەیو لەژێر تیشکی تازەترین دەسکەوت و پەیرەوەکانی مەیدانی دەنگسازیی تازە کەرەستەی دەنگەکانی زمانی کوردی شی بکاتەوە...

یەکەم جارە کتێبخانەی کوردی پێشوازیی کتێبێکی وا ئەکات بەخوێنەری کوردی بناسێنێ، کە فۆنەتیک ئەلف وبێ و ریزکردنی پیتەکان و هەرای تیپ یا پیت نیە.. بەڵکو بیناغەیەکی پتەوی دامەزراوی لەسەر ئەنجامی پەرەسەندنی بیر کردنەوەی سەدان ساڵ و کێشەی دەنگەها فۆنابخانەیە.. بێ ئاگاداربوون و شارەزا بوون وزانینی ئەمانە هەموو.. مەرکارو نووسینێک دەربارەی فۆنەتیک ساکارو پووچ و بێکەڵک و سەربێی دەر ئەچێ..

ئەم کتێبەی مامۆستای جوانەمەرگ غازی فاتح وەیس بەکارێکی وەسەن لەقەڵەم ئەدرێ چونکە هەموو خاسیەکانی ئەکادیمیی لێ بەدی ئەکرێ...

چ زیانێکمان بێ گەیی بە ئەمانی ئەم گەوهەرە نایابە جێی لەتوانێ ئەم بۆشاییەی بەجێی هێشت پرکاتەوە بێبەخێ نەبێ جێ ئەم کارەساتە لێک ئەداتەوە..

هەر ئەوەندەمان لەدەست دێ بڵێین..

هەزار ڕەحمەتت لێبێ.. غازی فاتح وەیس.

وریا عمر ئەمین

هەواڵنامەی کتێب

دەست نیشانێک بۆ کەلکی دەواو دەرمانی کوردی

● نووسینی ئەمین ئەقشبەندی

لە رۆژئیکەوە مرۆڤ بەسەری ئەم زەویيەوە ژیاوە، بێگومان دەردو ئازاریش هاوڕەم و رێگری خۆشی و کامەرانی بوون، هەروەهایش ئاشکرایە مرۆڤ دەبێ هەر لەو سەردەمەوە تێکۆشابێ بۆ بەربەرەکانێ و بەگژاچونی دوژمنی هەرەگەورەی ژیان، واتە، دەردو ئازار، زۆرجار وا رێکەوتوە مرۆڤ بە هۆی خواردنی گژوگیایێکەوە نەخۆشییکی لە کۆل کەوتبێ بگرە کاتی وایش بووبێت بەپێچەوانەوە، خواردنی گژوگیایێك، یان گۆشتی گیان لەبەرێك بووبێتە هۆی کوشتن، ویان زیان و ئازارێکی زۆری مرۆڤ.

مەبەست لەوەتە لەو رۆژەوە مرۆڤ هەبە ئێش و ئازاریش هەربووە، تێکۆشان بۆ لەناوبردنی ئەم ئێش و ئازارانەش هەر بەردەوام بووە، کە بڕێجار پەنایش براوەتە بەری جادوو، یان دوعا، یان موعجیزە، وە لەو جۆرە شتانەی کە پەیوەندیان بە دەرونەوە هەیەو جیاوازن لە چارەکردنی نەخۆشی لە رێگای دەرمانی تەنیاوە.

هەروەکو دەزانین موعجیزەی عیسی بڕێبڕووە لە چارەکردنی لەو نەخۆشییانەی کە بەدەرمان چارەناکرێن.

بگرە زۆر جار پێش هاتوە کەسێك شوێنێکی بڕیندار بووبێت وە بەو دەورووبەرەدا چی دەست کەوتبێ خستبێتە سەری بڕینەکەی، وە بگرە چاکیش بووبێتەوە یان خراپتر بووبێت، لێرەدا ئازمون بۆ چارەسەرکردنی دەردو ئازار دەست پێدەکات، لە ناوی ئەم خەڵکەیشا هەروەکو ئاگادارین مرۆڤی هەڵکەوتو هەیە، جا هەرکەسەو لەشێکا بلیمەت بووە، هیوا بووە لە شکارکردنا ئازابووە، هیوایش بووە لە کشتوکاڵدا هیوایش بووە لەپزشکیی یان لە دەنگ خۆشیدا... هتد.

شوێنەواری دەرمان کردن و چاك کردنەوەی نەخۆش بە هەردوو شێوەکەی، چ بەدەرمان و چ لەرووی هەستی دەرونیيەوە، لەناوی گەلانی پێشوی میصرو بۆنان و عیراق و چین و گەلانیتری رووی زەویدا باو بووە لە شوێنەوارەکاندا بەدی دەکرێ، ئەوەی کە هۆی داخە ئەوەتە زۆر جاری وا پێش هاتوە کە لەرێگای رێکەوتەوە دەرمان دۆزراوەتەوە بۆ زۆر دەرد، بەڵام بگرە لەو کەسە هەر نەیزانیبێ هۆی خۆش بونەوەی چیيە، یان ئەگەر زانیبێتی ڕەنگە وەکو نەبینێك لە دەرونیا مابێتەوە، یان بەهۆی نەخوێندەواری و نەبوونی کەرەسەی یادداشت کردنەوە، یان هەزاران ئەگەرەی تر، بوونەتە هۆی تیاچوونی دۆزینەوەی لەو دەرمانە، جاریوایش بووە هەروەکو گوتمان شتەکە نوسراوەتەوەو لەپاشان کەڵکی لێوەرگیراوە، وە هەرچی شێوەی نووسینەوە سادەتر بوەتەوەو قەڵەم و کاغەز هاتونەتەبەرو، ئەم نووسراوانە باشتر جێیان گرتوەو بونەتە کتێب کە پێیان گوتراوە کتێبی «حیکمەت».

بێگومان لەناوی کوردەواری ئێمەشا ئەم سەرگوزەشتانە هەبوەو دەواو دەرمانی دەردەداران کراوە، بەتایبەت چونکە دەرو دەشت و شاخ و کێوەکانی کوردوستان پڕن لە گژوگیای هەزار جۆرو هەمەڕەنگە، بەڵام بەداخەوە زۆر کەم هەوڵ دراوە ئەم سەرمایە بەکەڵك و گرنگە بنووسرێتەوەو کۆبکرێتەوە کە، ئەمڕۆ بە هۆی دەزگاو مەکینەی جۆراو جۆری ئەم چەرخەوە بخرێنە بەری ئازمونێکی زانیارانەی رێکوپێك بۆ ئەوەی بەو جۆرەی کە بشێ کەڵکی لێ وەرگیرێت.

جا من لێرەدا هەم ناوونیشانی چەن کەسێکی لای خۆمان دێرم و سەرگوزەشتیان دەگێڕمەوە، هەم ناوی بڕێ لەو دەرمانانەی کە جارەهای جار ئازمون کراون، بەڵکو بکەوێتە پێش چاوی پزشکەکانمان و کەڵکەڵەی بشکنێنی کەلەپووری پزیشکیی خۆمالیی یان زیاتر ببزوێت و دەرویێکی زیاتری ئەم کارە چاکە ئاوەڵا بکەن.

نزیکترین کەس بە هەر مرۆڤێکەوە باوکودایکە، هەر بەم بۆنەوە لە نزیکترین کەسەوە باسەکەم دێرمەناو.

یەکێ لە شارەزاترینی سەردەرچوانی پزیشکیی خۆمالیی دەورووبەری ئێمە، خوا لێخۆش بو شێخ عەلائەدینی باوکم بوو، ئەم شارەزایی یەش لە چەن رووبێکەوە بوو:

یەکەم: بەدەستەوەبوونی باشترین کتێبی پزیشکیی چاپ کراوو دەست خەت، چ بە عەرەبی چ بە فارسی و تورکی،

باوکم هەرسێ زمانەکەی باش دەزانی. هەر بەم بۆنەوە بوو ریسالەیێکی نووسیبوو بەناوی «طبّ القلوب»، کە پاشان یەکێ لە گەورە پیاوانی «شەریعەت و تەصەووف» بەناوی «شیخ حسین رمضان الخالدی» کە یەکێ بوو لە خەلیفەکانی باوکم، لە کوردەکانی سوریە بوو کە لە «دیرالزور»دا دەنیشت، شەرحێکی لەسەر کردوەو چاپ کراوەو ئیستە من نوسخەیێکم لایە.

جا باوکم بەناوی پیرێکی تەریقەت و پزشکێکی خۆمالێیەوە هاتووە نەخۆشیەدەروونیەکانی بەرانبەرکردووە لەگەڵ نەخۆشیەکانی لەش دا وە دەرمانەکانیشیان هەربەم جۆرە.

بۆ نمونە: پاش پێشەکیەیێکی جوان بەعەرەبیێکی زۆربەجێ.. دەڵێ.. «فهلكنا في تيه الضّلال فَلا نُفَرِّقُ بين الحرام والحلال، وحُرِمنا من أنوار رحمة الرّحمان المنّان، بواسطة هجومنا على الخطيئات والعصيان، وَبِه قَسَتْ قُلوبُنا، فَوَيْلٌ لِلقاسِيَةِ قلوبُهم عَن ذكر الله.

واعلموا إخواني أنَّ جُنون حُبّ الدُّنيا، وصرع الجهل، وكابوسَ الكسَل، وصُداع الحَسَد، وشَقيقة البخُل، وقروح سوداء طولِ الأمل، ووسواس حُبّ الرّياسة وزُكام الخيانة وقذر العُيوب، ورَمَد غُبار الذنوب..... هتد بەم چەشنە ناوی نەخۆشیەکانی دەرون هەڵ دەدات و بەپێی هەڵ گرتن و لەیەکترچون، بەراوردیان دەکات لەگەڵ نەخۆشیەکانی لەش دا، پاشان دەس ئەکاتە دەرمان دیاریی کردن، وە ئەڵێ، «یاإخواني لاتكونوا كالذين نَسوا الله فَأنْساهُمْ أنْفسَهُمْ أولئك هم الفاسقون... وعالجوا الامراض المذكوره... بدوائها عند الحكماء الربانيين.. وواظبوا على التداوي عندهم»...

..... تا ئەگاتە ئەوەی ئەڵێ.. «يامن تريد أن تقبل نصيحتي فتكون من الأبرار خُذ بعد الاستغفار بالتكرار، مِنْ لُبّ حَبّ الانابة، ومن ورق النّدامه، وزهرة الانفعال، وعَرق التّوبة، وصَمغ الزّهد، وعِلك التقوى، وجوهر الذّكر... هتد، أجزاء متساوية خالصةً من قِشر الوجود، واجعلها في هاون الصّدق... هتد پاشان پیشان دەدات چۆن دەرمانەکان ئامادەکات وە چۆن، چل شەو ئەم دەرمانانە کە ئیکروفیکرە بەکاریان بێربێت.

جا دەگاتە ئەوەی پارێزی بۆ دابنێ... کە دەڵێ.. «واجتنب النظر الى الأنام واترك بَصَل اليأس وبيضة الرّيا، ولحم الاستراحة. هتد...، تا دەڵێ إلى أنْ تَرى نفسك راضيةً مرضيّةً، طاهرةً من عِللها وعيوبها الظاهرة والخفيّة، خالية عن الأهواء الرديّة...

بەم چەشنە تا دەگاتە دواپلەی مەبەست کە گەیشتنە پلەی «عين اليقين» لە تەصەووف دا، وە پلەی لەش ساغی ئەواو، لەجیهانی ماددیدا کە «العقل السّليم في الجسم السليم» بێت.

جا ئەمە ئەگەر ئەوپەڕی شارەزایی لە هەردوو رەوشەکەو، پەرمینەوە بەخۆدا نەبێ، ئەم کارە ناکرێت، لە هەمووی گرنگ تر، ئەم ریسالە دە لاپەرەییە، کە شێخ حوسەین لە (79) لاپەرەدا شەرحی کردوە، شێخ عەلائەددین لەیەك رۆژ بەڵکو لە دانیشتنیکا نووسیویەتی کە ئومێدەوارم چاپی بکەمەوە دووهەم: سەر دەرهاوردن و شارەزایی بە لە دەواو دەرمانی کوردیی.

سێهەم: ئازمون و وردبوونەوەو ئامادەیی و پەیوەندی دەروونی و جەزبی کردنی ئەو ئیشەتە.

چوارەم: هەستی خزمەت بە دەردەداران و نەخۆشەکان، بەتایبەت لەو سەردەمەدا خۆ وەکو ئەمرۆ نەبووە، دەواو دەرمان و پزیشك و خەستەخانەو دەرمان خانە هەمولاگر بێت، بەتایبەت لە سەردەمی پێش لە بیرەوەریی منیشا، واتە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، بۆنمونە: لە ساڵەکانی (1900) تا (1920)دا باوەرناکەم لە سولەیمانیەوە تاسنە، لە خانەقی و کرماشانەوە تا سەقز و سابلاغ و بانە، حەبێکی حکومەتی و دەرمانێکی لە کارگە دروست کراودا دەستی دەست دار کەوتبێ، لە ئاوا کاتێکا ئەگەر پیاوچاکێکی خوێنەوارو شارەزا لە پزشکیەکانی خۆمالی، کە بە هەمور بارێکا جێگەی باوەری خەڵك بوویێت و، ویستبێتی خزمەت بکات، دەبێ ئەو کارەی چەندە بەکەڵك بوویێت، وە هەروەکو دەزانن لاینی «نەفسی»ی بۆ دەرمان کردنی نەخۆشێ چەندە کار دەکات.

جا هەر لەو سەردەمەدا کە باوکم لە (دووبڕێ)دا بووە، ئەو دەمەی دوکتور سەعیدخانی کوردوستانیی هاتوتە هەورامان، بۆ دەرمان کردنی چاوی «عەباس قولی سان» کە یەکێکە لە

باوەگـەورەی بەگـزادەکـانی ڕەزاو، کە خزمـایـەتـیـی ژن و ژن خوازیی یـان لەگـەڵ خانـەوادەی ئیمـەدا بووە، چەن شتێکی گرنـگ ڕووی داوە، کە وردبـینـی و شارەزایی باوکم لە هەمـوو بارەکانا دەردەخات.

یەکەم: دۆزینەوەی ئەو بەڵگە گرنگە مێژوییەی کە بە سەنەدی هەورامان بەناوبانگەو، دوکتور جەمال ڕەشید لەکتێبی «دراسات کردیـة فی بلاد سوبـارتـوەدا باسی کردوە، لەوێـدا هەڵـەیـنـك بەدوکتـور کراوە کە وتـراوە ئەو بەڵگـەیـە لە قەڵای «سـوبرنـ»ی بەرانـبـەری گونـدی «بـن دۆڵ»ی هەورامـان دا، باوکـم دۆزیـوبـیـەتـەوە، بەڵام ڕاستەکـەی ئەوەتـە لە خواری گونـدی «باڵنگان»ی هەورامانی ژاوەڕۆوە لە قەراغی سیروانا لەشوێنێك بەناوی «تەنگی بەرەدا لەداوێنی شاهۆدا دۆزراوەتەوە، ئەویش بەم جۆرە دەبێ، شێـخ گوزەر دەکـات بە بەرانبـەری ئەو شوێنـەدا کوتـوپـر چاوی دەکـەوێت بە ئەشکـەوتێکی دەسکـاریکـراو بە نەموی «ماەو دزەردی» کەوە، دەڵێ هەبێ و نەبێ ئەو ئەشکەوتە شوێنەواری کۆنی تیایە، پاشان چەن کەسێکی وریاو شاخەوان بە سەرکردایەتی پیاوێکی سەختەوانی وریا کە خەڵکی «ڕەزاو» بووەو ناوی «وەرگلە» بووە، دەکـانـە پێ سپێـرراوی گەیشتن بەو ئەشکـەوتـەو، پشکنینی و بەدەست هێنـانی ئەو شتـانـەی کە تیایەتی.. «وەرگلە»، بە هەورامی، واتـە «گـورگلە»، گورگـە بچکۆلە،... پاچ و نوێلیان دەداتە دەست و، گوریـسی زۆر، تا لەو شاخەوە بێنە ناو ئەشکەوتەکە.. وە چی بکەن و چی نەکەن، کە ئەوە خۆی پێـویستی بە باسێکی جیـاوازە کە بینووسم... پاشـان کە ئەو سەختـەوانـانـە دەڕۆنـە ئەشکـەوت لەسـەر ئامـۆژگـاریـیەکـە، کۆیـەڵـەیـنك دەدۆزنەوە لە شێوەی شوێنکی سەوزا، کە گۆزەبـوەو، ئەو «بەڵگـەیـەی تیابـووە، کە لەسەر پێست نووسـراوەو ئەوەتـە دوکتـور جەمـال ڕەشید ئەحمـەد لە کتێبـەکـەیـا، هەروەهـا لەباسێکا لە (گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ)دا باسی کردوە.

جا کە دوکتـور سەعیدخـان دێت چاوی عەباس قولی سان «عەمەلیات» بکات، لەوێ دێتە خزمەتی شێخ و هەروەکو گوتم چەن شتێ ڕوو دەدات.

یەکـەمیان ڕزگـارکـردنی دوکتـور سەعیـدخـان بە مەرگ..

عەبـاس قولی سان وادیـارە زۆر قەڵـەوبـووەو، ورگی زۆر گەورە بووە. پاش عەمـەلی یـاتی چاوەکـەی.. دوکتور بە هەڵاوداوان و شەرزەیی دێت هاواردێنێ بۆ شێخ، دەڵێ وا دەمکوژن، چارەم بکە.

شێـخ دەڤـەرمێ، هۆکـەی چیـیـە؟ دەڵێ نازانم (سـان) چیـیـەتی، واخـەریکـە دەمـرێ و هەنـاسـەی سواربو کەف دەچەرێنێ.. خەڵکەکەش دەڵێن (سان) بەرێ هەزار گیانت بێ یەکێکی دەرناکەیت.

شێخ کە دەڕوا سەیردەکات سان لەسەر گازی پشت بەسەر قەرەوێلەیێکـەوە کەوتـوەو پەرێشـانـە خێـرا دەڵێ زوو دوو پارچـە خشت فریا خەن، پارچە خشتەکان دێرن، دەڵێ دەسا بە دوو سێ کڕێ ئازا سەری ئەم قەرەوێلەیەم بۆ هەڵبڕن و سەری سان بەرز دەکـاتـەوە بەسـەر لەشیا.. سەیر دەکەن سان هەناسەیێکی باشـی داو چاوی کردەوە، مەگـبـر لای خواروی قەرەوێلەکـە بەرزەو ئەویش زۆر قەڵـەوە وە دەست وشـانـەی بەستراوەتـەوەو، ورگی سەردڵ و سی یـەکـانی گرتـووە.. بەم جۆرە دوکتور لەم کێشەیە ڕزگاری دەبێت، لەکاتێکا کە دوکتور سەعیدخان هەرگیز بیری بەلای ئەوەدا نەچوە کە ئەم هەناسە تەنگیەیە هی نزمیی جێگـەی سەری نەخـۆشـەکەیەتی شێخ هەر بەچاوێ کەوتن بۆی دەرکەوتوەو چارەی کردوە.

جا دوکتـور داوای ئەو سەنـەدە دەکـات لە شێخ و، بەڵێن دەدات، هەرکـە گەیشتە «ئـەوروپـا» دەیـدا بیخـوێنـنـەوە، هەم چۆنیەتی دۆزینەوەکەی بە هەموو جیهان ڕادەگەیێنێ، هەم ئەگەر پارەپێکیشی کرد بیکـاتـە دوو بەشـەوە، بەڵام بەداخـەوە دوکتـور بەڵێنـەکـەی نەبـردەسـەرو، شوێنی دۆزینـەوەکـەیشی ڕاست نەگوتبوو، لام وایە بۆ ئەوە بووە شوێنەوار ناسان نەگەنە ناوچەکەو ڕازەکـەی ئاشکـرا بێت، ئیمـەش چەن و چۆنی ئەم کارەمان نەدەزانی تا جارێکیان «فؤاد سەفەر» کە بەرێوەبەری (ئاثار) بوو لە بەغـدادا، لە ئەحـمـەد ئاوادا کە میـوانـی من بوو، لە پەنجـاکـان دا، ئەو، باسی ئەم سەنـەدەی کرد، کە دوکتـور سەعیـدخـان فرۆشتـویـە، منیش باسەکەم بۆ گێڕایەوەو زۆری لا سەیربوو، وە لەم دواییەشدا دیم کە دوکتور جەمال لە «گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (103و 104» باسی کردوە.

مەبەستی دووەەم، بریتی بووە لەوەی کە باوکم نمونەی زیاتر

هەوڵنامەی کتێب

له «چـل» گیای ولاتی خۆمانی داوەتـه دەستی سەعیدخان، نمونەی ڕیشەو لاسك و گوڵ و گەڵای ئەو گیایانە، ناوی هەمو گیاکانی بۆ نووسیـوە بە (یۆنانی) بە (عەرەبی) بە (فارسی) بە (کـوردی)، هەروەهـا ئەم گیابانە بۆ چ دەرمانێك بەکار دەبرێن بەکار دەهێنرێن).

جا پرسیاری کردبوو ئایا لە ئەوروپادا پێویستیان بەم گیایانە هەیە؟ ئایا ئەگەر (صادیر) بکرێن بەچەند دەیان کرن؟

دوکتـور ئەو وەڵامانـەی وەرگـرتبـوەوە داوای کردبـوو کە بۆی ڕەوانـەکـرێن.. هی وایان هەبـوە، کە نرخـەکـەیان بە «مثقال» دانـابـوو، جا تا ئەم هاتـوهـون و هاتـوچـویـانە کرابوون، چەن سالێکی پێ چوبوو، هەم باوکم تەشریف دێرێتەوە بۆ بیارە، کە بیێتـە جێنشینی شێخ عومـەر ضیاءالـدین باوکی و هەم هەوالّ دەگات کە سەعیدخان لە ئاینی ئیـسلام ڕووی وەرگێڕاوەو بوونە مەسیحی، وە هەم دەردەکـەوێ کە سەبارەت بە سەنـەدەکـە بێ بەڵێن بووە، ئەمیش دڵی لێی سارد دەبێتەوەو دەڵێ دەرمانەکانیش دەکاتە سەنەدەکە.

جا شارەزایی باوکم لەپزشکی‌دا تا لەم ڕادەیەدا بوو.... وە زۆر جار دەم دی، نەخـۆش کە دەهـات بۆ خزمـەتی و «نەبضی» دەگـرت زۆر جار هەر لەو نەبـزگـرتـنـەدا وادیـاربـوو نەخـۆشی یـەکـەی ناسی‌بـو...، ئەویش لەوەدا دەردەکـەوت هەرچی ئەم ئەی‌پـرسی نەخـۆشەکـە بەڵێی دەکـرد. بۆ نمـونـە دەیگوت فلان شوێنت دێشێ؟ دەیگوت بەڵێ.. بەیانیان نامی دەمت بەم جۆرەیە؟ دەیوت بەڵێ... هتد.

دیـاربـوو ئەمیش ئەو پرسیـارەی دەکـرد کە هی نەخـۆشێکی تایبەتە چونکە دیارە هەرنەخـۆشێك نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە.

.... لە ناوچـەی هەورامـان دا، لە شاری هەورامـان و گوندەکـانی دەوروبەریا، وەکو «کەمالا»و «وەیسیا» هۆزی شێخ هیدایەت دەژین، کە پێیان دەڵێن. شێخانی شاری هەورامان، ئەمـانـەش، لە گرتنـەوەی شکستـەو دەرمـانی بریندارانـدا، بلیمەت و بێوێنەبوون، وەلە گڕوگیای ئەو کویستانانە، دەرمانی وایان دەگرتەوە، بگرە «ئانتی بیوتیکی» ئەمڕۆیش ئەوەندە بەکار نەبوویێ.

ئەم خێـڵە بە ژن و پیـاوەوە، لەم ڕشـتـە پزشـکـی‌یـەدا شارەزابـوون، تەنـانـەت کچێکی شێـوەکـەیان بووە، جارێکیان پیاوێکیان، شانی یەکێك دەگرێتەوە کە شانەکەی بالّی داخزاوە، پاش بەستنـەوەی کە دەیـەوێ ڕێی بدات، بڕوات، ئەو کچـە شێـوەکـەیـە بە هەورامی دەڵێ، بابـە «گـۆ» یەکەت لە یاد چوو، ئەویش سەیـر دەکـا ڕاستـە لە یادی چووە.... ئەم «گـۆیە»، بریتی‌یـە لە گڵۆڵـەیێـك لە پەڕۆو پێشاڵ دروستی دەکەن بە قەدەر هەنـارێـك، پاش گرتنـەوەی شانەکەی بالّ، ئەیخەنە بن دەستی نەخۆشەکە، بۆ ئەوەی شانەکەی دانەخزێتەوەو لەجێ بچێتەوە.

لەمانە، شێخ هیدایەت، پاشان شێخ مەحمودی کوڕی کە من دیومە ڕیش سپیێکی تێـسك سوك بوو وە شێخ صادقی کوڕی شێـخ مەحـمـود کە ئەویش هەشـت نۆ سالێ لەمـەویـەر بە شێربەنجەی گەدە عەمری خوای‌کرد. وە شێخ موحەممەدی شێخ مەحمود، بگرە چل سالّ لەمەوپێش شێخ مەحمودم دی‌بێت کە دەمات بۆ خزمەتی باوکم لە بیارە.

ئیستەش زۆر کەس لەم خێزانە ماون و هێشتا هەر بەمانای خەڵکی ناوچـەکـەوەن. بلیمـەتی گێـرانـەوەی ئەم بنەمـاڵـەیـە هەردوایی نایێ، باوڕ بفـرمـون کاری وایـان کردووە مەگـەر عەمەلی‌یاتی ئەمڕۆ، بگاتە ڕادەیان.

هەروەهـا لە گونـدی «بیـارە»ی خۆیشمـان دا پیـاوێکی ڕەوش بەرزی، کەڵـك گرو، زۆر بەدین هەبـوو، هەمـو خەڵکی بیـارە ئەوەندەیـان خۆش دەوێست، هەمـوویـان پێـان دەگـوت «مامە»، کە بە «مامۆ جافە»، مامە جافە، بەناوبانگ بوو.

ناوی جافری شێخ فەتاح بوو، نەوەی شێخ عەلی ئەویلەیی، کە یەکێ‌بـووە لە خەلیـفـەکـانی شیـخی سیـراجـەدین، نەخوێنەواریش بووە. مامە جافە لە دەرمان کردنی بریتی تێخ و گوللەو زامی‌ترى لەشدا زۆر شارەزابوو، شکستەیشی دەگرتەوە.

مامە جافر لە سالاْ دوو سێ جار دەڕۆیشت بۆ کویستانەکان، بۆ هاوردنەوەی گڕوگیا، بڕێ جار بۆ گیاکان بە سەوزی، بڕێ جار بۆ گوڵی گیاکان، بڕێ جار بۆ ڕیشەی گیاکان، نازانم مامە جافـە ئەم زانستـەی لەکـوێ دەست کەوتبـو، لام وایێ زۆرتری ئازمونی خۆی‌بوو...

مامە جافە لەمنەوە زۆر نزیك بوو زۆر زیاتر لە خەڵك...، بەو بۆنەیەوە زۆر شارەزابووم لە کارەکانی...، ئەم گیایانەی وشك دەکردەوەو دەیکوتان وەکو گەردێکی زۆر جوانی شوشەکانی ئەمڕۆ، ژوورەکەی بۆنی خۆشی گڕوگیای گرتبوو، هەر بە بۆن

ئەو دەرمانانەی لێك جوێ دەكردنەوە.

ئاگام لێیە دەرمانی وابوو دەیگوت ئەمە نایێ هەموو رۆژێ بدرێت لە برین چونكە زوو لەسەرەوە سارێژی دەبێ، وە هێشتا لە خوارەوە برینی هەیە.

جا هەر دەرمانێكیشی بۆ جۆرە برینێ بەكار دەهانی، ئەوانەی هی ڕیشەی گیاكان بوون و، وەكو (پاودر) ئاوا كرابوونە (گەرد) زۆریان سپی بوون.

مامە جافە لە «پێوەندە» وانە «موتریە» كردنیشا زۆر شارەزابوو، هەمیشە یارمەتی خەڵكی دەدا، ساڵی (1962) لە ئەیلولدا بوو، لە تەمەنی حەفتاساڵیدا دنیای بەجێ هێشت.

بەداخەوە منداڵەكانی لەم بەهرەیە بێبەشن، بەڵام لام وایە خێزانەكەی ئەو گژوگیابانەی دەناسی، كە ئێستەش ماوە.

لە كۆتایی‌دا وامن بۆ نمونە ناوی یەك دوو گیاییك دەبەم، كە ئەوندە تاقی كراونەتەوە كاركردیان ئاشكرایە.

بۆیە دەبنوسم بەڵكو پزشكەكانمان بكەونە پشكنینی لە بارەیانەوە:

1 ـ گیای «قەیتەران» ئەم گیایە بەعەرەبی پێی دەڵێن «كرفس البیر»و لە شوریجەدا لە بەغدا هەیە. بەفارسی پێن دەڵێن «پرسیاوشان»یان «سیاپوژ»و لەناوچەی ڕەواندزیش پێی دەڵێن «گیا بالوكە»..... وەكو دەڵێن، ناوی خۆی وا بە خۆیەوە.

ئەك گیایە گەلاكەی وەكو مەعدەنوس وایە‌و لاسكەكەی ڕەشی‌ڕەشە، هەروەكو موی‌سەر تۆزێ ئەستورترە، لاسكەكەشی زۆر ڕەقە... لە شوێنێكا سەوز دەبێت تاقگەی ئاوێت و، هەمیشە (نم ناك) بێت، چەمی زەڵم پڕیەتی.. هەفتەیێ تا دەڕۆژ، وشك كراوی ئەم گیایە، كە لەسیبەرا وشك كرابێ‌و، ورد هاردرابێ، هەربەیانیەی بە ئەندازەی پڕی كەوچكێكی چێشت خواردنی بە دڵی ناشتا، شوێنەمای «بالوكە» نابێڵێ، ئەربۆی نەخورا بەو شكی‌و بە تەنها، دەتوانێ تێكڵاوی دوو كەوچك ماستی بكات بۆ ئەوەی بۆی بخۆرێ، ئەر هەر بۆی نەخورا هەر ئەو ئەندازەیە چواربیاڵە ئاوی تێ‌دەكات و وەكو چایی دەمی دەكات، هەر جارەی پیاڵەیێكی لە بەیانی تاتێوارە، سێ پیاڵەی لێ دەخوانەوە، سبەی سەرلەنوێ دەمی دەكاتەوە.

لای زۆرەوەكەی تا دەر ڕۆژ. هەر ئەم گیایە ئەگەر زۆرتر دەوامی لەسەر بكرێ بەردی (مەثانە)و گورچیلەیش دەكاتە (لسم)وە لەگەڵ میزا دەڕوات، بەتایبەت هەر هەفتەیێ جارێكیش، یەك ڕۆژ، «خەیاتەی زەڕاتیشی بۆ بكات بە چایی‌و بیخوات، بەڵام هەر یەك ڕۆژ، چونكە ئەم خەیاتەی گوڵە زەڕاتە زۆر «مودەڕیرە»و میزی زۆر دەكات، نایێ زۆری بخوات.

هەر ئەم ئەیتەرانە بە چایی، بۆ كۆكە باشە بەڵام ئەو كۆكەیەی كە زۆر مایێتەوەو چارە نەكرابێ، نەك كۆكەی هەڵامەت و تازە.

جا ئەوە مەگەر پزشكەكان پاشی تاقی‌كردنەوەی لە دەزگاكانی پزیشكی ئەمڕۆدا، بزانن بۆچی قەیتەران ئەم كارە دەكاتە سەر ئەم شتانەو، چۆنەوا دوو سێ جۆر سودیشی هەیە.

2 ـ هەروا تۆوی گیاییك هەیە بەكوردیی پێی دەڵێن (خاك شیر) وەكو تۆوی توتن وایەو وردتریشە، لە شوریجە بە «خوبیة عجم» بە ناوبانگە ئەمەش هەر بەیانی بەدڵی ناشتا بە ئەندازەی كەوچكێكی خواردنی دەكرێتە ناوی دەم و ئاوی بە شوێنیا دەخورێ، یان دەیكەیتە ناو پەرداخێ ئاوی ساردو تۆزێ شەكریشی تێكەی ئەمەیان بە ئارەزوی خۆتەر ئەمیش زۆر بە كەڵكە بۆ لابردنی «حەساسیەت»، وە من خۆم بە خواردنی پەتاتە، حەساسیەتم هەیە بۆ هەفتەیێ خواردم و بۆ هەمیشە ئەو حالەم نەما...، جا هەر ئەم خاك شیرە لەناو ئاودا خواردنەوەی بۆ كەم كردنەوەی «ئاەو گەرمای لەش زۆر بەكەڵكە.

دەڵێ مشت نمونەی خەرواڕە، هەروەكو دەزانن هەم (بالوكە)و هەم (حەساسیەت) ئەمڕۆ چارەكردنیان دەردی‌سەری هەیە، كەچی بەم ئاسانیە لای خۆمان چارەیان هەیە، بەتایبەت ناوی گیای قەیتەران كە بڕێ لە كوردەكان پێی ئەڵێن (گیابالوكە) ئەوە خۆی پیشان دەری ئەوەتە باو باپیرانمان لە مێژەوە ئەو دەرمانەیان دۆزیوەتەوە، وە من خۆم هەردووكیم تاقی كردوەتەوە، خاك شیر، خۆم، وە گیابالوكە ئابتی برام و دەیان كەسی‌تر.

من هەرچەن لەم ڕشتەیەدا خۆم ماندونەكردوەو شارەزانیم، لەگەڵ ئەوشا دەتوانم لای كەم كەڵكی دەیان، وە بگرە نزیكەی سەد شت لەم گژوگیایانەم لە یاد بێت و، دیومە كە بە كەڵكی خەڵكی خواردوەو لە دەستی زۆر ناسافی ڕزگاری كردون.

ئایا باشترنیە پزشكەكانمان بڕێ لە كاتی خۆیان تەرخان بكەن، بۆ تاقی‌كردنەوەی ئەم سەرمایە گەورە سورشتی‌یەی كە خودا داویە بە وڵاتەكەمان؟

هەوڵنامەی كتێب

بەرهەڵستە کۆمەڵایەتیەکانی ڕێگەی بەشداری کردنی ئافرەتانی ناوچەی حوکمی زاتی کوردستان لە پرۆژەی پیشەسازی پەکاندا

هەواڵنامەی کێبڕکێ

د. مجيد حميد علي عارف
کۆلیجی ئاداب - بەشی کۆمەڵ زانی
زانکۆی بەغداد

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە شی کردنەوەی باری راستی ژیانی ئافرەتی کورد لە ناوچەی حوکمی زاتی کوردستاندا لەگەڵ دیاری کردنی ئەو بەرهەڵستانەی دەبنە هۆی بەشداری نەکردنی ئافرەت لە کاری پەرەپێدان و لە زۆربەی چالاکی یەکانی کۆمەڵدا. بە مەبەستی گەیشتنە باشترین شێوەی پەرەپێدان لە ڕێگەی بەشداری کردنی ئافرەتی کوردو سوود وەرگرتن لە ووزەکانی کەوا نیوەی ووزەی کۆمەڵ دەنوێنێ، چونکە مانەوەی ئەم سەرچاوە نادەمێیە دوور لە بەکارهێنان و سوودلێوەرگرتن، ڕێگا لە کرداری پەرەپێدان و پێشکەوتن دەگرێ.

هەر لە کۆنەوە ئافرەت بە دەست چەند گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی یەوە نالاندوویەتی بە ئاپەتی یەکسان نەبوونی لەگەڵ پیاو لە ماف و ئەرکەکانیدا لە ناوەوەو دەرەوەی خێزاندا، بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلوجی و پێویستی ووڵات بە ئافرەتی کرێکارتا لە بەرهەم هێناندا شان بەشانی پیاو بەشدار بێت، پاڵی بە ئافرەتەوە نا باسکی لێ هەڵماڵێ و هەوڵی گوزەران بدات و بچێتە کارگەو دەزگا کۆمەڵایەتی یەکان بۆ بەشدار بوون لە وەدەست خستنی پێویستی یەکانی خێزاندا. لەم ڕووەوە چەند گیروگرفتێکی تووش بوو لە سەردەستەپاندا مەسەلەی هاوسەنگ کردنی نای تەرازووی ئەرکەکانی ماڵەوە لەگەڵ ئەرکی کارەکەی دەرەوەیدا چونکە سەرباری ماندوێتی ی لە شوێنی کاردا کە دەگەڕێتەوە ماڵ ئیش وکارێکی زۆر چاوەڕوانی دەکات لەمەش شان بەشانی چەند گیروگرفتێکی تریش کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوونیان دەکەینەوە، کە بریتین لە چەند گیروگرفتێکی تووش بوو لە سەردەستەپاندا مەسەلەی هاوسەنگ کردنی نای تەرازووی

ئەرکەکانی ماڵەوە لەگەڵ ئەرکی کارەکەی دەرەوەیدا چونکە سەرباری ماندوێتی‌ی لە شوێنی کاردا کە دەگەڕێتەوە ماڵ ئیش وکارێکی زۆر چاوەڕوانی دەکات ئەمەش شانی بەشانی چەند گیروگرفتێکی تریش کە لەم لێکۆڵینەوەیدا ڕوونیان دەکەینەوە، کە بڕیتین لە چەند گیروگرفتێکی شارستانەتی یان گیروگرفتی نرخ بابەت (القیمیة) (واتا خوو و نەرینە رزیوەکانی کۆمەڵایەتی) کە لە ژیانی مرۆڤی عیراقیدا دەورێکی گەورە دەگێڕن.

کۆمەڵی عیراق کە لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتی‌یەوە باوەشی بۆ شارستانەتی‌یەکی گەشاوە گرتۆتەوە بەرەنگاری چەند کرداریکی تێکەڵاوی و پەیوەندی‌ی شارستانەتی و ڕۆشنبیریانە بووە، ئەمەش کاری کردوەتە سەر باری کۆمەڵایەتی و شارستانەتی‌ی کۆمەڵ، چونکە ئەم شەپۆلە مرۆڤانەی هاتوون چەند خوو و نەرێتێکی بیابانی‌ی کۆچەریان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە کە لە دواییدا بوونەتە هۆی ئەوە گەلی عیراق بکەوێتە نێوان دوو ڕژێمی داب و نەریت و نرخ، یەکەم داب و نەریتی شارستانەتی‌ی کۆنی لە کەلەپوور وەرگیراو دووەم نرخەکانی کۆچەری‌ی زادەی بیابانەکان، ئەم مل ملانێی نرخ بابەتە (الصراع القیمي) بووە هۆی سەرهەڵدانی مل ملانێیەکی شارستانەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر[1]

بەڵام لە هەموو ناوچەکانی عیراقدا لەسەر یەك دۆخ نا، چونکە ناوچەی چیاکان کە گەلی کوردمانی تێدا نیشتەجێیە نرخەکانی بیابان کاریان تێ نەکردووە بەڵکو نرخەکانی چیا کاریان تێ کردووەو کێشەو مل ملانێی ڕۆشنبیری لە هەندێ ڕووی‌دا لەو کێشە ڕۆشنبیریانەی کە لە باشوورو ناوەڕاستی عیراقدا سەریان هەڵداوە جیاوازن.

بێگومان، باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی‌ی ناوچەی حوکمی زاتی‌ی کوردستان، لە کۆنەوە تا ئێستا، کاری لە ئاڤرەتی کوردی ناوچەکە کردووە، کەوا لەبەر بڵاوبوونەوەی نەزانی و نەخوێندەواری لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا گەلێك گیروگرفتی کۆمەڵایەتی‌ی وەکو کێشەی خێزانایەتی و کێشەی هۆزایەتی تێدا دەرکەوتووە، کە بوونەتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری، سەرباری بەڵای دەرەبەگێتی کە بۆ سەرهەڵدانی زۆر گیروگرفت دەورێکی گەورەی بینیوە، لە پێش هەموویانەوەش هەژاری و نەبوونی هێمنایی و ئاسایش بووە، ئەم بارەش لە دواییدا کاری لە ژینی ئافرەتی کورد کردووەو لە بواری کۆمەڵایەتی و شارستانەتی‌یەوە دواخستووە[2] هەروەکو پیاو، بەڵام بەشی ئافرەتەکە لە کێشەی ڕۆشنبیری و دواکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بەشی پیاو زیاتر بووە، ئیتر تووشبوونی ئافرەتی کورد بە چەندین گیروگرفتی شارستانەتی شتێکی دیارو ئاشکرابوو، بڵاوبوونەوەی نرخ و نەریتی رزیوە بەردینی لە کۆمەڵی بیانی‌یەوە هاتووش وای‌کرد ئافرەت لە بەرو بەرانی پەروەردەو فێرکردن بێبەش بێت و لە دواییشدا ببێتە کۆسپی ڕێگەی بەشداری‌کردنی لە کرداری بەرهەم هێناندا.

ئافرەتی کورد دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 چووەتە گۆڕەپانی کاری بەرهەم هێنان و خزمەت لە دەرەوەی ماڵدا، پاش شۆڕشی 17 ـ 30 تەموزی 1968یش بایەخدان بە ئافرەت فراوان بوو، بەو پێیە کە ئافرەت ئامانج و بناغەی کرداری گۆڕینی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانە.

ئەوە بوو پەیمانی نیشتمانی داوای ڕزگارکردنی ئافرەتی کرد لە هەموو کۆت و زنجیرو کۆسپێکی ڕێگەی پێشکەوتن و وای‌دانا کە ئافرەت سەرەتای ڕاست و دروستی پێکەوەنانی نەوەی دوارۆژە کە دەتوانێ بەرپرسیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ئەستۆی خۆی بگرێ.

عیراق ئەمڕۆ ڕاپەڕینێکی شارستانەتی بەخۆیەوە دەبینێ و بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن کەوتوەتە ڕێ، ڕەوڕەوەی پیشەسازی هەنگاوی گەورەی ناوەو زۆر زیاتر بایەخ بە ژینی کرێکارو شاگردو پیشەگەران دەدرێ، پێوەندی‌ی هەر کەرتێك (قطاع) بە کەرتی ترەوەو هەر پیشەیێك بە پیشەی‌ترەوە تونددو توڵتر بووە، لەگەڵ ئەم هەستانەشدا ئافرەت دەستی بە ئیش کردن کردو لە زۆر کاردا شارەزایی پەیداکرد، لە ئەنجامی ئەمەدا تووشی چەند گیرگرفتێکی کۆمەڵایەتی و شارستانەتی هات چ لە ماڵ و چ لە کارگەو شوێنی کاردا، ئەوە بوو لە زۆر لاوە کارەکەی فەرو قازانجی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەدەست خست بەڵام

گونجاندنی نیوان فرمانەکانی ناومال و فرمانەکانی کارکردن، لەبەر نەبوونی ئەو دەزگا کۆمەلایەتیانەی کە ئەرك و کاری بۆ سووك و ئاسان دەکەن، ئەرکێکی سەخت بوو.

بەڵێ کارکردن وای لە ئافرەت کرد هەست بە سەربەستی و دڵنیایی بکات و سەرچاوەیێکی ژیان بۆ خۆی و خاووخێزانی پەیدا بکات بەڵام دایانخانەو باخچەی منداڵان، ئەم دوو دەزگا کۆمەلایەتییە پەیدانەبوون هەتا لە پەروەردەو بەخێوکردنی منداڵانی ژنە کارکەرەکاندا بەشداری بکەن، لەم بوارەدا زۆر پێویستە.

دیاری کردنی باری کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی ئافرەتی ناوبەدی حوکمی زاتی لە ڕۆی ئەو لێکۆڵینەوە کۆمەلایەتیانەی کە پێشتر بکراون بۆی دەرخستووین کە تا چ ڕادەیێك مایەی ئەو گیروگرفتانەن یکە ئافرەتی کورد بەدەستیانەوە گیری خواردووە.

ئەو تۆخانەی کە پێوەندییان بە ئافرەتەوە هەیە کەلێك جار زۆرن و جۆرە جەساسیەتێکی نایەتییان هەیە کە لێ ناگەڕێن ئافرەت دەوری داوالێکراوی لە کۆمەڵەکەیدا یاری بکات، چونکە سروشتی کرداری پەروەردان گشتی و فراوانەو بۆ پێش خستنی کرداری گۆڕانی کۆمەڵ پێویستی بە بەشداریی ئافرەت هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە هەر ڕایێك، لە سۆنگەی هەندێ بڕو بیانووی نازانستییەوە، لە چالاکی ئافرەت کەم بکاتەوە لە سروشتی بزووتنەوەی کۆمەڵی داببڕێت، ڕایەکە کرداری پەروەپێدان دوا دەخات.

ئەو کارنامەیەی کە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق ئامادەی کردووە، لە گەڵێك شوێندا کاری هۆیە کۆمەڵاتییەکان لە کەم کردنەوەی بەرهەمی ئافرەتی کارکەر بە گرنگ داناوە، ئەم هۆیانەش بریتین لە چەند هۆیێکی تێکچڕژاوی کۆمەلایەتی و پەروەردەکردن و ڕۆشنبیری، کاری ئەم هۆیانە پەلی ڕاکێشاوە بۆ نێشی ئافرەت و پاشان بەرهەمداریەکەی، هەروەها (بوویە هۆی ئەوەی کە نێچیرونی ڕاستەوخۆی مادی و مەعنەوی کە بۆی دێتەدی لەودا دابنێت).[٤]

تەفسیری ئەمەش لە کاریگەڕی مل ملانێی نێوان ئەو ترخە کۆنەپارێزانەدایە - کەوا کاریگەربیان تەنیوەتەوە سەر کارکردنەکە خۆی - لەگەڵ ئەو ترخانەدا کە لە ڕێگەی گۆڕینی پلان کردی (المخطط) سروشت و جەستەی ئابووری و کۆمەلایەتی و پەروەردەیی کۆمەڵەوە چەسپیون، لەوانەشە ئەم بەیەکدا چوونە ئەم مۆلەکە دەروونی یەمان جارویار بۆ شی بکاتەوە کە نووشی ئافرەت دەبێت لە نێوان باری ژینی ئاسایی و ئەو فرمانانەی کە پێی سپێردراوەو ئەو بارە گرانانەی کە چاوەروانین پێش دەرچوونی بۆ کارکردن لە لایەکەوەو ئەو ترخە نوێیانەی کە هەندێ ترخی نوێیان لەگەڵدایە بەرەو کارکردن و کات و بەرهەم هێنان لەلایەکی ترەوە.[٥]

ماڤە کۆمەلایەتییەکانی ئافرەت: -

ئەگەرچی ئافرەت لە سەردەمی پێش پیشەسازی و نیشتەجێ بوونی کۆمەڵدا بەشێکی گەورەی ئەم کۆمەڵە بووە، بەڵام هەر نەیتوانیوە بوونی خۆی لە کۆمەڵەکەدا بچەسپێنێ و ووزە ماڤەکانی خۆی لە کۆمەڵدا دەربڕێت، کەوا لە کۆنەوە لە دەرخستنی ڕای خۆی لەو کارانەی کە پێوەندییان بە خێزان و دوارۆژی منداڵانییەوە هەیە، بێبەش کراوە، پیاویش دەسەڵاتێکی فراوانی بەسەر ئافرەتدا هەبووە، چونکە داب ونەریتی ناو کۆمەڵ وایان کردووە ئافرەت لە کۆزی دواکەوتن دا بمێنێتەوەو دووی پیاو بکەوێ بە شێوەیێك کە مرۆڤایەتی و کەسێتی یەکەی شێوێندراوە.[٥]

ئەو سیستەمە کۆمەلایەتییانەی لەو قۆناغدا لە کۆمەڵدا چەسپابوون، شان بەشانی گەڵێ ڕووداوی خراپی کۆمەلایەتی بوونە هۆی کەم کردنەوەی ڕێزی ئافرەت و دەوری ئافرەت لە کۆمەڵدا، بۆیە کەسێتی یەکەی بێهێز بوو، خواستی لە دەست دەرچوو. جا ئەو ئافرەتە ناوبەشانی خێزانی ژن، یان دایك، یان کچ بووبێت هیچ بایەخ و ڕێزێکی ئەوتۆی نەبووە، واتا سەربەستی بۆ پیاوو مل کەچی بۆ ئافرەت، زانیاری بۆ پیاوو بۆ ئافرەتیش نەزانی. هەرچەندە ئافرەت ڕەنجیشی دەداو لە کشتوکاڵدا لە شەڵ لێدان و بڕارو چنینەوەو پەلك لێکردنەوەدا

هەوڵنامەی کتێب

کاری دەکـرد، پیـاوەکـەش نرخـی رەنجی ئافـرەتی وەدەست دەکـەوت، بەو پێیـە کە بەرپرسیاری بەخێوکـردنی ئافـرەت و منداڵان و ئەندامانی خێزانە.[6]

زوربـەی لێکـۆڵینـەوەکـان لەسـەر ئەوە یەک دەگـرن کە چەند تەگـەرەیـەک وەک نەریتی ناو کۆمـەڵ نەیـان دەهێشت کێچ بروانە قوتـابخـانـە سەبـارەت بە چەنـد بیـانوویـەک کە لێکدانەوەیان لە گیرفانی کۆمەڵدا بوو، چونکە وادەزانرا جێگەی ئافرەت هەر ماڵەو هیچی تـرنـا، لە توانـاشـدایـە بڵێین ئەم ڕوانـگـەتـە گشتیـیـەو لە سەرژمێـری هەنـدێ وڵاتـانی عەرەبـدا ئاشکرا خۆی دەنوێنێ، کەوا ڕێژەی مێینەی خوێندەوار لەچاو نێرینەی خوێندەوار دەگاتە 25٪ لە لادێو 50٪ لە شاردا، دیـارە ئەمـەش کەلـەبـەرێکی گەورە لە نێوان شارو لادێدا پیشان دەدا.

دۆخـەکـانی یاسـایی و تەشـریعی مافی ئافـرەتیان پشت گوێ خستـووەو توانـای بەرهـەم هێنـانیان ئیفلیج کردووەو کردوویانە بە ئامرازێکی بڕوا بە پڕوپووچ و غەیب هێن و هۆبێکی گواستنەوەی ڕەفتاری دزێو لە نەوەیەکەوە بۆ ئەو نەوانەی کە بەخێویان دەکات. بێگومان ئەم دۆخەش ڕەنگدانەوەی سروشتی کۆمەڵ دەنوێنێ، لەبـەر ئەمـەش پیـاو بە چاوێکی نزم ڕوانی سەیـری ئافـرەت دەکات و جوولانەوەی لەگەڵ ئافرەتدا خراپ دەبێت، تەنانەت بە چاوی نۆکەرو کەلوپەلی خۆی سەیری دەکات، ئەمەش کاری کردوەتە سەر ئافرەت و سەر بەخێوکردنی منداڵەکانی و چەندێی بەشداری کردنی لە پەرەپێدانی کۆمەڵدا.[7]

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یاساو پەیرەوەکان ڕۆڵەی هەندێ هەل و مەرج و ڕۆژگـاری تایـبەتین، جا ئەگـەر شۆڕشێـک هاتـە دی و بۆ گۆڕینی کۆمـەڵ جۆرە ئایـدیـۆلـوجیـەتێکی لە جاران جیـاوازی هەبـوو بۆ ئەوەی بتـوانێ ڕێگـەی خۆی دیـاری بکات دەبێت چاو بە بارو ڕۆژگاری جاراندا بخشێنێتەوە، هەر لەسـەر ئەم بنـەڕەتـە یاسـای دووەم دەستکـاری کردنی یاسای (ئەحوالی شەخسی)ی سالی 1978 پێویستیێکی تەواو پێویست بوو بۆ خێـراکـردنی کرداری بەشـداریی ئافـرەت لە کۆمەڵی نوێدا، ئەو کۆمـەڵـەی کە چەنـد جۆرە ڕەووشت و پێـوەنـدیـیەکی لە هەموو بوارێکـدا تێـدا هاتـە کایـەوە، لەبەر ئەمە دەرچوونی ئەم یاسایەو هەڵنانی هەنگاوە چاکەکانیتر پێویستیێکی زانستی بوو چونکە لەسـەر بنـەڕەتی تێـڕوانینێکی گشتی هەستاوە (دامـەزراوە)، تێـڕوانینێـک کە لە واقیعی کۆمـەڵـەوە سەر هەڵ دەدات و لە ئەنجامیشدا دەگەڕێتەوە باوەشی کۆمەڵەکە.

ئەو پێشکـەوتنـە شارستـانی و کۆمەڵایەتیـیەی کە وڵاتـ پاش شۆڕشی 17 ـ 30ی تەمووزی سالی 1968 بینیویەتی کارێکی بەهێـزی کردوەتـە سەر گۆڕینی بارە کۆمەڵایەتیـیەکانی ئافرەت و بەرزبـوونـەوەی پایـەی لەنـاو خێـزانـدا لە بابـەت پاڵپشتی و دامەزراوەیی ژیانی خێزانەوەو گۆڕانی تێڕوانینی پیاو بۆ ئافرەت و پەیدابوونی چەند نرخێکی نوێ لە جوولانەوەو ڕەفتار لەگەڵ ئافرەتدا.

بەم بۆنەیەوە ئافرەت توانی بەرەو سەربەستی و شکاندنی ئەو زنجیـرانـەی کە لە ماوەیێکی دوورەوە پێـوەی بەنـدبـوو، ڕێگـای خۆی ببـڕێ و توانی هەڵ کوتێتـە سەر مەیـدانـەکانی پێشکەوتن و گەشەکردن و جێگای خۆی لە ناو خێزاندا بچەسپێنی.

ئەوە بوو ئافرەت لەلایەن سەرکردایەتیـی سیاسیـیەوە چاوێری کراو، کە مەسـەلەی ئافرەتی بە ئامانجێکی سیاسیـی خۆی داناو هەوڵی دا ئافـرەت لە گشت بوارەکـانی ژیـانی کۆمـەڵایـەتی و شارستـانـەتی دا تەواو ڕزگـار بێت و لەگەڵ پیاودا هاوتا بێت، جا بواری بەشـداری کردنی لە کۆمـەڵـدا کاریگـەرانـە فراوان بوو، هەروەکو لە ڕاپۆرتی سیاسیـی هەشتەم کۆنگرەی هەرێمی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دا هاتووە:

«ئـامـانجی ڕزگـارکـردنی ئافـرەتی عەرەب لە زنجیـرو کۆنـە کۆنیـنـەی ئابـووری و کۆمـەڵایـەتی و یاسـایی و ڕێکخستنی هەل ومەرجی لە باری بەشداری کردنی تەواوو کاریگەرانەی لە کۆمەڵی عەرەبداو لەو ڕاپەڕینە عەرەبایەتیـیەی کە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی هەوڵی بۆ دەدات ئامانجێکە لە پێش هەموو ئەو ئامانجەوە دەوەستێ کە حزب بۆ هێنانەدیان کاردەکات.[8]

گیروگرفتەکانی ئافرەت لە سەردەمی پیشەسازیدا:

چەند لێکۆڵینەوەیێکی رووبەروو (مەیدانی) لەم ناوچەیەدا[9]

دەربارەی باری ئافرەت کراون سەرەڕای ئەو شتانەش کە حکوومەتی شۆرش پێشکەشی ئافرەتی کردووە وەکو ئەو یاسایانەی کە بۆ پشتگیریی مافی ئافرەت لە کارو کرێوەرگرتن و فرمان پێ کردن لەگەڵ بەرچاو خستنی جۆری تایبەتی ژینی ئافرەت و ئیجازە پێدانی و گەڵێ شتی تر دەرچوون وەکو یاسای کارو پشتگیریی کۆمەڵایەتی (العمل والضمان الأجتماعي).

حکوومەتی شۆرش لە رێگەی یاسادانانەوە وەك یاسای دەستکاری کردنی دووەم جاری یاسای (ئەحوالی شەخسی) بە مەبەستی رزگارکردنی ئافرەت و یەکسان بوونی بە پیاو ئاکو ئەم کارویارانە لەگەڵ گیانی چەرخ و ئەو قۆناغە گرنگەی کۆمەڵایەتی یەی کە کۆمەڵ پێیدا تێدەپەڕێ رێك بکەوێت. بەمەش ئەم یاسایە چەند بنەمایێکی بنچینەیی پێشکەش کرد کە یارمەتی ئافرەتیان دا، بە شێوەیێکی کاریگەرانە لە کرداری پەرەپێدان و پێش خستنی کۆمەڵدا بەشداری بکات. ئەم یاسایە ژن هێنانی بە زۆریان ژن هێنانی دەرەوەی دەزگا دەوڵەتی یەکان کە بەپێی داب و نەریتی کۆن و بۆ خاتری مالی دونیا بەدی هاوسەری و ئەنجامەکانی دانا.

لە بابەت ڕەچەڵەك و خاوەندێیەتی ی منداڵان و بەرپرسیاری و پێوەستەکانی تر کە پەیمانی مارە بڕین پەیدای دەکەن.

یاساو پەیرەوەکانی دەزگاو دایەرەکان لە سێبەری یاسای حوکمی زاتیدا لەگەڵ ئەو دەستکەوتە دوولایەنەی (الثنائية)ی ئافرەتی کورد لەمانەو لە یاساو گشتی یەکانی گەلی عیراق وەدەستی هێناوە کارێی وایان کرد بەشداری ئافرەت لە چالاکی یە سیاسی و سەرکردایەتی یەکاندا لە سەردەمی دوای شۆرش بگۆڕێت و وای لێ بێت لە جوولانەوەی نیشتمانی و سیاسیدا دەورێکی دگەوڕەی بنوێنێ، ئەوەبوو لە پەرلەمان و لە ئەقابەو رێکخراوەکاندا بەشداری کرد لەمانەش: یەکێتی ی گشتی ی ئافرەتانی عیراق، کە ئەرکی تەخت کردنی کۆسپی رێگەی بەراستی بەشداری کردنی ئافرەتی لە کرداری پەرەپێداندا گرتۆتە ئەستۆی خۆی، کەوا بە کۆڕو کۆبوونەوەو ئاهەنگ و پەخشنانەو چاپەمەنی و شتی تر هەوڵ دەدا کۆمەڵانی ژنان هوشیاربکاتەوەو بۆ هاوبەشی یێکی بەراستی لە بەکارهێنانی مافی سیاسییاندا پاڵیان پێوە بنێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانەش هێشتا ژمارەی کارکەران لە ڕادەی ئاوات نزمتر، ئەگەرچی ژمارەشیان بەرەو زیادی دەڕوات هەروەکو لە لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێ کە دایەرەی لێکۆڵینەوەی دەزگای ناوەندی سەرۆمێری پێی هەستاوە.

خەملێ کردنی ژمارەی ئافرەتی کارکەر
بە پێی پارێزگاکانی حوکمی زاتی

پارێزگا	بواری کار	1972	1973	1974	1975
	کشتوکاڵ	51285	52308	54570	54428
سلێمانی	پیشەسازی	845	897	1661	1149
	بازرگانی	325	345	360	386
	کارگوزاری	1932	1928	2030	2189
	پیشەسازی	1275	1315	2728	1810
هەولێر	بازرگانی	42	45	47	50

	کارگوزاری	1536	1532	1614	1740
	کشتوکال	25708	26020	26714	26672
دهوك	پیشەسازی	-	2	-	-
	بازرگانی	3	4	4	4
	کارگوزاری	503	504	528	570
	کشتوکال	79958	108560	138331	112567
سەرجەم	پیشەسازی	2120	2214	4389	2959
	بازرگانی	370	394	411	440
	کارگوزاری	3971	3963	4172	4499

لە کاتێکدا کە ژمارەی ئافرەتی کارکەر لە کەرتی پیشەسازیدا ساڵی 1972 (2120) کەس بوو، ئەم ژمارەیە زیادی کردو لە ساڵی 1973دا گەیشتە (2214)کەس لەدوایدا بووە (4389) کەس لە ساڵی 1974دا، پارێزگای هەولێریش ئەم ژمارەیەدا لەسەردەستەی پارێزگاکانی ناوچەی حوکمی زاتیدا بووە کە بەشی ئافرەتی کارکەر لە کەرتی پیشەسازیدا ساڵی 1974 گەیشتووەتە (2728) کەس.

هەر بەم جۆرەش یەکێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا رێژەی ئافرەتانی کارکەری لە بواری پیشەسازیدا بەم جۆرە پیشان داوە.[12]

رێژەی ئافرەت لەچاو ژمارەی ئافرەتانی کارکەر لە بواری پیشەسازیدا

1 - چنین	٪23
2 - دروومان	٪41
3 - دروست کردن تێك بەستنی کائژمێر	٪32 ,3
4 - دروست کردنی خواردەمەنی	٪31
5 - پیشەسازیی تووتن	٪21
6 - پیشەسازیی پەتاڵوگۆڕیەکانیتر	٪16

لەگەڵ ئەو دەستکەوتانەشدا هێشتا ئافرەت بەدەست چەند گیروگرفتێکی سەردەمی پیشەسازییەوە گیری خواردووە، بە نموونە ئەرکی ناومااڵ کە هەر لەسەر شانی ئافرەتی کارکەرە یەکێکە لەو کارێگەرە کۆمەاڵیەتییانەی کە ڕێ لە کارکردنی ئافرەت دەگرن نەخوازە کە ئەو ئەرکانەش لەگەڵ کارەکەیدا ڕێك نەکەون، دوور نییە ئەرکی تازە لەگەڵ ئەرکی ناومااڵدا ناکۆك بێت ئەوسا یەکێك لەم دوو ئەرکەی لەدەست دەچێت. ئەو کێشەیە کەمەش کە ئافرەت لەچاو پێداویستییەکانی ماڵ و خێزانیدا وەریدەگرێت یەکێکە لە گرنگترین گیروگرفتە ئابوورییەکانی.

ئافرەتی کارکەر بەدەست هەڵبژاردنی جۆری کارەوە گیری خواردووە، چونکە نەریت و ڕەوشتی باوی ناو کۆمەڵ (کە دەستبەرداریان نییە) لێناگەڕێن بە ئەواوی و بە پێی ئارەزوو و بەهرەی خۆی کارێك هەڵبژێرێت.

بەڵکو لە دابەش کردنی ماف و ئەرکدا هێشتا بەیەك چاو سەیر ناکرێت لەگەڵ پیاودا، بۆیە دەبینین هەڵی کارکردنی بریتییە لە چەند جۆرە پیشەیەك و زۆر مەیدانی کارو پیشەیتری لە ڕووداو، داخراوە، ئەمەش ئەنجامی ئەو کەلەپوورە کۆمەاڵیەتی و دەورو بەرییانەی کەڵەکە بوون و بۆ هەڵبژاردنی چەند جۆرە پیشەیەك کە لە پیشەکانیتر گونجاو و باشتر خۆ دەنوێنن پاڵیپێوە دەنێن.

هەروەها ئافرەتی کارکەری ناوچەی حوکمی زاتی دووچاری گیروگرفتی کەم پەیوەندیی کۆمەاڵیەتی بووە، کەوا

پەیوەندییەکانی لە سنووریکی زۆر تەسکدایەو زوربەی جار کوڕو مێردو خزم و کەمێکیش دراوسێ تێناپەڕێت. دیارە بێبەش بوونی لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەبێتە هۆی بێبەش بوونی لەهاوکاری و یاریی هاوڕێیانی کارکردنی، ئەمەش لە کرداری بەرهەمداریدا بەخراپی ڕەنگ دەداتەوە، چونکە بیری کۆن و نەریتی ڕزیو دەبنە کۆسپی ڕێگەی ئەوە کە ئافرەت پایەی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی وەربگرێت و وا لە کۆمەڵ دەکەن کە لای وابێت ئافرەت ناتوانێ زۆر کار هەڵبووڕێنێ، بە پێچەوانەی ڕاستی هەموو ئەو بڕوبیانووانەی کە دەڵێن ئافرەت ناتوانێ هەندێ کار بگرێتە ئەستۆ زانستانە نین و لێکۆڵینەوە دەرێخستووە هەندێ چالاکی کارگێڕی کە وا دەزانرا بۆ ئافرەت کارێکی سەختە زۆر باش نییدا سەرکەوتووە.[13]

سەرژمێری دانیشتوانیش پیشانیداوە کە لە ماوەیەکدا ژمارەی مێیینە لە نێرینە زیاترە[14] لەگەڵ ئەم زیادەیەشدا هێشتا ئەم ژمارەیە لە ڕووانگەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە کەم وکوڕتی دەنوێنێ، ئەمەش سەبارەت بەو بارە کۆمەڵایەتییەی ئافرەتە کە ناهێڵێ گشت تواناو ووزەکانی بە تەواوی بێنە مەیدانی بەرهەم هێنان و بەشداریی بەکەڵک لە هەموو بوارەکاندا، چونکە بەرهەڵستە کۆمەڵایەتییەکان (چ نرخ و چ کردەوە) چالاکیی ئافرەتیان زنجیر کردووەو لێناگەڕێن لەگەڵ پیاودا بەراستی یەکسان بێت، لەبەر ئەوە حکوومەتی شۆڕش هەوڵ دەدا زۆر نرخ و کردەوەی زیاندار لەناوبەرێت و بایەخ بە بەهای خۆشویستنی کاری بەکۆمەڵ و بەشداری ئیداکردنی و شتی تر فرەبکات.[15]

ئەنجامەکان: -

دوای ئەوەی لەو گیروگرفتانە ئاگادار بووین کە ئافرەتی کرێکاری ناوچەی حوکمی زاتی هەیەتی، دەتوانین چەند پێشنیارو ڕاسپێرێیەک بخەینە ڕووکە گیروگرفتە شارستانەتییەکانی کە بریتین لە (نرخ و نەریتە خراپە کۆمەڵایەتییەکان) بۆ تەخت بکەن، بێگومان دەشبێ ئەو پێشنیارانە لەگەڵ واقیعدا گونجاوبن، کە ئەمانەن: -

1) بایەخ دان دەوری ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە پەرەپێدانی توانستەکانی ئافرەتدا بۆ ئەوەی بتوانێ لە کرداری بنیات نانی شارستانەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکات، خۆ ئەگەر لەلایەنی بیرو کۆمەڵایەتی و فەرمانبەریەوە ڕزگاری نەبێت، ئەوا نیوەی ووزەو توانای کۆمەڵ پەکی دەکەوێت، ئەمەش دیارە خزمەتی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی ناکات و یاریدەی پێشکەوتنی کۆمەڵ نادات.

ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی وەکو یەکێتیی ئافرەتان، لاوان، قوتابیان، کرێکاران و جووتیاران و هی دی ئەوەیە بایەخێکی زۆربدەن بە مەسەلەی گۆڕینی بیروڕاو نرخەکانی کۆمەڵ دەربارەی کارکردنی ئافرەت و هاندانی بۆ کارکردن و بەجێهێنانی ئەو کارانەی کە لەگەڵ تواناو ئارەزوو و ئاواتەکانیدا ڕێک دەکەون، ئەمەش لە ڕێی کۆربەستن و کەمپەینەوەی گشتییەوە کە شارەزاو پسپۆڕان قسەی تێدابکەن و ئەم بابەتەی تێدا شی بکەنەوە، لێرەشدا دەوری دیاری دامەزراوو دایەرەکانی ڕاگەیاندن نابێت بخرێتە پشت گوێ، هەروەها شایانە هەندێ خەڵاتی تایبەتی و نیشانەشی بێشکێش بکرێت بارتەقای کارزانی و گورج وگۆڵی لە فرماندا.

2) لەسەر کارگێڕی و بەرپرسیارانی دەزگا بەرهەمیەکان پێویستە ڕێزی ئافرەتی کارکەر بگرن و هەوڵ بدەن پێوەندییە کۆمەڵایەتیکانی لەگەڵ هەڤاڵانی کاریدا پتەوبکەن چونکە پتەوکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییەوا دەکات زیاتر بایەخ بە کارەکەی خۆی بدات. پێشکێش کردنی پاداشتی مادی و مەعنوی هۆیەک دەبێ بۆ بەردەوام بوونی لەسەر کارەکەی. بۆیە نابێ خاوەن کارانی کەرتی تایبەتی باری گران بخەنە سەرشانی ئافرەت و کاروباری وەهای پێدەن کە نەتوانێت بەجێیان بگەیەنێ، بەتایبەتی ئەگەر شووی کردبێت، دەبێ ئەوە بزانن کە ئافرەتی کارکەر تەنیا ئەرکی فرمانی دایەرە یان کارگەکەی لەسەر

شان نیە بەڵکو لەرکی مان بەڕێوەبردن و منداڵ بەخێوکردنیشی لەسەرشانە.

هەروەها سووك کردنی باری سەرشانی ئافرەت بە زۆرکردنی دایانخانەو باخچەی منداڵانی سەر بەشوێنی کارەکە هۆیێکی گرنگە بۆ هاندانی ئافرەتی کارکەو بەخێوکردنی منداڵەکانی.

لەم مەیدانەوە دەورێکی باشی هەیە بەتایبەتی کە رێبازی دەوڵەت سوشیالیزمە.

جگە لەمانە دانانی هەندێ بەرنامەی دڵخۆشی و شادکامی لەلایەن ئەو دەزگایانەوە کە ئافرەت کاری تێدا دەکات، شتێکی باشە بۆ نوێ کردنەوەی ووزەو توانستەکانی و لابردنی هەست کردن بە بێزاری و وەرزبوون لە ئیشوکاری رۆتینی داو هۆیەکیشە بۆ پێ گەیاندنی توانا بە بەهرەکان.

3) هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بەردەست وەکو رۆژنامەکەری و رادیۆو ئەلەفزیۆن، چاکترین ئەو هۆیانەن کە کار لە دەروونی جەماوەر دەکەن، بەتایبەتی کە ئامۆژگاری و ڕێنیشان دان لەم ڕێگایانەوە لە بەرکێکی خۆش و جوان داپێشان دەدرێن و بە خەڵکی رادەگەیەنندرێن، جا بە هۆی ئەمانەوە دەتوانرێ هەڵوێستی کۆمەڵ بەرامبەر بە پایەی ژن و پەکسانی لە ماف و ئەرکدا لەگەڵ پیاو بگۆڕدرێت، گۆڕینی ئەم هەڵوێستانەش دەبێتە مایەی هەڵقوڵانی توانستەکانی ئافرەت و ژیاندنەوەی هێزو دەسەڵاتەکانی بۆ خزمەتی کۆمەڵ. چونکە ئەگەر ووزەو توانستەکانی ئافرەت وەبەرنەهێنرێت مانای وایە نیوەی ووزەو توانستەکانی کۆمەڵ لە کار خراوە، ئەمەش تەنیا بە رزگاربوونی کۆمەڵایەتی ئافرەت دێتە دی.

بڵاوبوونەوەی ئەو بیرو ڕایانەی کە لە بابەت شووکردن و کارکردنی ئافرەتەوە یاریدەی ئافرەت دەدن کە خۆی ڕای خۆی هەبێت و بەبێ زۆر لێ کردن ڕێگەی ڕاست هەڵبژێرێت کارێکی باشە، هەروەها دەتوانرێ پەیرەوی ئامۆژگاریەیە ئاینیەکان - لەو کۆمەڵەدا کە ئایین بەسەریدا زاڵ بێت - لەگەڵ واقیعی ژیانی شارێدا تێك بەستریت، بەڵکو لەم ڕێگەیەوە زۆر دیمەن و ڕووداوی ناپەسندی باوی ناو هاوڕێکانمان بگۆڕێن و بەسڕێن بە هوی پەککردنی ڕەنج و کۆششی هەموو لایەك بۆ ژیانێکی بەکەڵك و پەسەند. هەروەها لە توانادایە پیاوانی ئاینیش لە بابەت ئەیدیولوجیەتی کۆمەڵ و فەلسەفە چاکەخوازی بەکەیەوە هوشیار بکرێنەوە، ئەمەش بە هۆی چەند بەرنامەیێکی ڕاهێنانەوە کە لەگەڵ دەوریان لە پایەی ئایینی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا بگونجێت.[15]

(پیداچوونەو دارشتنەوەی: ع. بیمار)

پەراوێزەکان

(1) بروانە د. علي الوردي - دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، بغداد/ 1965 ل 120.

(2) هاشم طه عقراوي - الاسس النفسية والاجتماعية للقبائل الكردية كركوك ل 137.

(3) الاتحاد العام لنساء العراق - ورقة عمل حول الصيغ العملية لزيادة انتاجية المرأة العاملة - كانون الثاني، 1977 ل 2.

(4) د. احمد الخشاب - الاجتماع التربوي والارشاد الاجتماعي - القاهرة 1971 ل 496.

(5) عبدالحسين عيسى البياتي - بين الرجل والمرأة - النجف 1977 وقاسم أمين - تحرير المرأة - القاهرة 1937 ل 38.

(6) بروانە:

(1) د. احمد الخشاب، سەرچاوەی باسکراو ل 219، 220، 223.

(2) د. اكرم نشأت وجماعته، دراسة معوقات الاقبال على التعليم الابتدائي في العراق - وزارة التربية - المديرية العامة للتخطيط التربوي - قسم التوثيق والراسات /1971 ل 25.

(7) الاتحاد العام لنساء العراق - المؤتمر السادس، بغداد 1974 ل92.

هەواڵنامەی ئێکێب

(8) بروانە راپۆرتی سیاسی هەشتەم کۆنگرەی هەرێمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ـ کانون الثانی ـ 1974 ل 153.

1 ـ ئاسۆ ابراهیم عبدالله ـ المشکلات الاجتماعیة والحضاریة للمرأة العاملة في منطقة الحکم الذاتي ـ گیروگرفتە کۆمەلایەتی و شارستانی یەکانی ئافرەتی کرێکار لە ناوچەی حوکمی زاتیدا (لێکۆڵینەوەیێکی ڕوو بەڕووە دەربارەی گیروگرفتەکانی ئافرەتانی کارکەری شاری سلێمانی) نامەی ماجستێرە ـ بەغداد ـ کانوونی یەکەمی 1982.

2 ـ عبدالکریم عبدالسادة النصار ـ دراسة میدانیة لإوضاع الاجتماعیة والاقتصادیة للمرأة العاملة في مصانع السلیمانیة ـ لێکۆڵینە وەیێکی ڕووبەڕووی دۆخە کۆمەلایەتی و ئابووری یەکانی ئافرەتی کارگەکانی سلیمانی ـ قەفە لێکۆڵینەوەیێك کە یەکێتی ی گشتی ی ئافرەتانی عیراق بە هاوکاری ی زانکۆی سلێمانی لە سلێمانی ساڵی 1978 ڕێکی خستووە.

3 ـ مامۆستا مسعود محمد ـ چۆن پایەی گشتی ی ئافرەتی ناوچەی حوکمی زاتی بەرز دەکەینەوە ـ کیف نرفع المستوی العام للمرأة في منطقة الحکم الذاتي ـ قەفە لێکۆڵینەوەکەی یەکێتی ی گشتی ی ئافرەتانی عیراق و زانکۆی سلێمانی.

4 ـ مامۆستا شاکر فتاح ـ ئافرەتی کورد ـ هەمان قەفە لێکۆڵینەوەکەی پێشوو.

5 ـ مامۆستا هاشم طه عقراوي ـ الأسس النفسیة والاجتماعیة للقبائل الکردیة ـ بن. کووکرەك ـ دروك ی ناکەزوە ی ناکەیی تەیلاوك وی جولوحکیاس ەني3

6 ـ سهیلة محمد عباس ـ دوافع المرأة العراقیة العاملة في الصناعة وعلاقتها بالانتاجیة ـ پاڵنەوەکانی ئافرەتی کارکەری عیراقی لە پیشەسازیداو پێوەندیی بە بەرهەمداریەوە ـ نامەی ماجستێر ـ بەغداد 1978.

7 ـ یەکێتی ی گشتی ی ئافرەتانی عیراق ـ کارنامەیەك دەربارەی ڕێگاکردەوەیی یەکانی فرەکردنی بەرهەمداریی ئافرەتی کارکەر ـ ورقة عمل حول الصیغ العملیة لزیادة إنتاجیة المرأة العاملة ـ بەغداد ـ 1977.

8 ـ عبدالرحمن سلیمان الدربندی ـ المرأة العراقیة ـ تامعاصرة ـ ئافرەتی هاوچەرخی عیراق ـ بەرگی دووەم ـ بەغدا 1968.

9 ـ بروانە:

10 ـ تقدیرات المشتغلین حسب المحافظات والنشاط الأقتصادي للسنوات 1972 ـ 1975، دائرة الابحاث. الجهاز المرکزي للاحصاء. آب 1976، وزارة التخطیط.

11 ـ بروانە ـ الاتحاد العام لنساء العراق ـ المرأة وعام 1975 ل 12 ـ 14 هەروەها ورقة العمل ـ ل 2.

12 ـ المرکز القومي للاستشارات والتطویر الاداري ـ دەوری ئافرەت لە چالاکی یە کارگێڕی یەکاندا ـ بەغدا /1976 ل 54 ـ 46.

13ـ وزارة التخطیط ـ دراسة تفصیلیة حول واقع القوی العاملة وتطورها في القرات السنة 1971، ل 30 ـ 34.

14 ـ راپۆرتی سیاسی ی هەشتەم کۆنگرەی هەرێمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ل 157 ـ 160.

(بەشی ژێنجەم ـ ڕەوتی گۆڕانکاری یەکان).

15 ـ الفاروق زکی یونس ـ تنمیة المجتمع في الدول النامیة ـ القاهرة 1967 ل 273 ـ 274.

ئەو نامەی کێیە



دۆزینەوەی ڕوانگەیەکی ستێرناسی کوردی لە گرندی گەراو

عبدالرقیب یوسف

هەولێر کتێبخانەی

پاش تێکدرانی ئەو سالنامە «التقویم الشمسي»یەی کە شێخ حەسەنی گڵەزەردە لە سەدەی هەژدەیەمدا لە شێوەی تاقداو بە گەچ لەسەر دیواری مزگەوتی دێی گڵەزەردە دروستی کردبوو، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانییەوە لە نیسانی سالی (1982)دا، بەدەست کەوتمە دەست کرا بە پشکنینی گڵی مزگەوتەڕووخێندراوەکە بۆ دۆزینەوەی پارچەکانی سالنامەکە. لە پاڵ ئەوەشدا، دەستم کرد بە کۆکردنەوەی زانیاریی سەرزاری ئەو خەڵکانەی کە بە ساخی دیویانە. تاکو پاش پازدە مانگ و لە ڕۆژانی (27 ـ 29)ی ئابی (1983)دا توانیم سەرلەنوێ لەسەردیواری مزگەوتە نوێیەکە دروستی بکەمەوە.

ئەم هەوڵدانە کلیلی دۆزینەوەی چەند سالنامەیەکی دیکەی کوردیی خستە دەستەوە. پێشینانمان بە هۆی تیرۆژی خۆر یا ناوابوونی هێندێك ئەستێرەو خۆر یان هەڵاتنی خۆرەوە، سالنامەیان لە نێو مزگەوت و سەر چیاکان سازکردووە. ئەوەیش بۆ زانینی چەند کات و قۆناخێکی گرنگی سال، وەك سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وەرزەکان و چلەی زستان. بە نموونە، چلەی زستان بایەخێکی یەکجار زۆری هەبووە، چونکە کە بەفر شاخەکانی دادەپۆشی ڕێگەی کاروان و هاتوچۆکردن دەبەستراو مەڕومالات دەکەوتە سەخڵەتییەوە. (سالنامەی باری) یەکێکە لەوانەو، زانایێکی کورد بە ناوی (مەلانەبی)یەوە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی شازدەیەمدا واتە نێزیکەی (450) سال لەمەوبەر ـ بە قووچەبەرد لەسەر چیاییکی بەرانبەر گوندی (باریێ گچکە)ی داوێنی زنجیرەچیای (سورکێو)ی ناوچەوی سیوەیل، دروستی کردووە. چیاکەش ناوی «گردی تەرازووە». (سالنامەی دۆڵپەموو)یش (شێخ عەلی کۆستە) سەدەی هەژدەیەم لەسەر دیواری مزگەوتی دێی دۆڵپەمووی ناوچەی شاربازێرپێکی هێناوەو نیشانەیێکی تایبەتی (سالنامەی باری)یشی تێهەڵکێش کردووە.

بەڵگەمان ئەوەیە کە جیاوازیی سالی هەردوو سالنامەکە تەنیا سێ ڕۆژە.

سال بە پێی سالنامەی دۆڵپەموو لە چواردە (14)ی کانوونی یەکەمەوە دەست پێدەکا، کەچی لە سالنامەی

بارێدا دەکەوێتە حەڤدە (17) یان (21)ی هەمان مانگەوە.

سالنامە لە چەند جێگایێکی تریشدا هەبووە، وەک (کەناروێ)و (کانیی تووی)ی مەرگەو کورەداوێ. لە دواڕۆژدا بە ناوێلکەیێکی تایبەت لێیان دەدوێین. هەروەک سۆراخکردن بۆی دەرخستووین، کوردستانی تورکیاو ئێرانیش لە سالنامە بێ بەش نین. دێی (چەم پاراو)و دێی (گەرماوان) لەو دیوی سورکێوی کوردستانی ئێران شتێکی لەم بابەتەیان تێدایە. لەوە بێگومانم کە سالنامەی (کەلیخان) لە حیسابی هەموو سالنامە کوردییەکانی دی بەناوبانگترەو، لە ڕوانگەو سالنامەییکی کۆنەوە پەیدابووەو، لە شاخی کەلیخان و بەتایبەت سنووری دێی (کێلەشین)، یان دێیەکانیتری دەوروبەریدا وەک دێی (سونج) ـ سازدراوە. بە هیوابن لە داهاتوودا زانیارییەکی زۆرمان لەم بارەوە چنگ بکەوێ و ئەم سالنامەیە بدۆزینەوەو بەتەواوی ساخی بکەینەوە لە دێی «کانیی تووە» لە ناوچەی مەرگە، شاخی (هێلانە قەل) کراوە بە سالنامەو. لە سیازدە جێگەی سروشتی پێک هاتووە لەگەڵ هێندێک ئیشارەتی تریش، لە دێی خورخورەی دراوسێی کانیی تووبش بە قوچە بەرد شتێک هەیە، هەروەها دێی (گردەسوور)یش لە بەینی (جەڵدیان)و (سیلوە) لە ناوچەی لاجانی کوردستانی ئێران حسابێک هەیە بە قوچەبەردو هەروەها لە (کورەداوێ)ی ناوچەی شاربازێریش لە سلیمانی. ڕەنگە لەسەر دنگە و پایەی (پرابافت)ی سەر ڕووباری دیجلە، سالنامەیێک یان کارێکی ستێرناسی هەبێ، چونکە هەر دوازدە کەلوو (بورج)ی ئاسمانیی لەسەر هەڵکوڵدراوە، جا ئیتر چ لە سەدەی دوازدەیەمی زایین، یان پێش ئیسلامدا ئاواکرابێتەوە. ئەم پردە گەورەیە ئەمڕۆکە زۆربەی ڕووخاوەو دەکەوێتە خواروی شاری (جزیرا بوتان)ی سەر سنووری تورکیاو سوریا. بەبێ ڕێگەدانی هەر دوو وڵات مرۆڤ ناگاتە ئەم پردە گەورەو گرنگە.

هەندێک لە وێنەکانی لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەوار لە سوریاوە بۆمان هاتوون.

چۆنیەتی دۆزینەوەو ساخکردنەوەی ڕواڵەتگەو سالنامەی گراوێ و گوندی گراو:

هاوینی ساڵی (1982) بە مەبەستی بەدەست هێنانی پاشماوەی کەلەپووری، سەرم لە هەولێرو ڕەواندزدا. بەکێک لەو بابەتانەی کە لە دووی دەگەڕام سالنامەی کوردی بوو، لە هەولێر لە مامۆستا پیرەمێردی شارەزا مامۆستا ناصیخ عبدالله حەیدەری کە دەکەوێتە دووری (300) مەتری = باکووری قەڵاوەو دیواری دواوەی خانووەکەی لەسەر کۆنەشووڕای هەولێر بنیات نراوە، بۆیەکەمین جار گوێم لە ناوی (حسابی گراوێ)بوو، ئەویش لە کاتی تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانیدا. شایانی باسە ئەم پیرەمێردە پێش (80) ساڵ لە ناوچەی (سوێرەک)ی دیاربەکر لەدایک بووە. مامۆستا پێگوتم: جاران لە هەولێر تەنیا ناوی (حسابی گراوێ)و (حسابی ڕۆمی) لە ئاراداباوون و خەڵک بەکاری دەهێنان.

ئیتر چوون بۆ بینینی ئەم شاکارە کوردییە مەزنە بوو بە خولیام و هەر لەو سەفەرەدا بۆم چووەسەر کە تێیدا پتر لە سەد بەڵگەنامە (وثیقة)ی قوتابخانەی قوبان (قبهان)و بنەماڵەی (موفتی ئامێدی)م دۆزییەوە، کە هێندێکیان فەرمانەکانی سوڵتانە عوسمانییەکانن. جگە لە دەست نیشانکردنی خانووبێکی میرەکانی بادینان لە ئامێدیو کۆنینەوە لە هونەری بیناسازی (معماری)ی ئەم شارە میرنشینەو دەوک و شێخان و ئاکرێو گرنگی زیاتر لە پێنج سەد وێنە، کە بە بەرهەمێکی پیرۆزی گەڕانی مانگی ئەیلولی (1983)ی خۆمیان دەزانم.

لە ڕۆژی 14 ئەو مانگەدا چووم بۆ دێی گراو، کە نێزیکەی (120) ماڵەو دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری هەولێر بە (32کم)و [بە (10کم)] خۆرهەڵاتی دووبرانی

هەولێر

باستـوران که وا له دۆلێکی بەری باشـووری زنجیـرەی (چیـای پیـرمام)دا، ئەو زنجیـرە شاخـەی که هەوارگـەی هاوینـەی (سـەلاحـەددین) و (سـەریرەش)ی لەسـەرە. گوندەکە پاڵی داوەتە لاپاڵێك و تەنیشتی باکوورو خۆرئاوای باخ و باخـاتـەو، ڕەزێکی زۆر لە خۆرهەڵاتی یەوەیە. داری بادەم و هەرمـێـیـەکـی زۆری لە نێـودا هەیـەو بەری خۆرهەڵاتیشی دەکشێ تا ژێرپای هەوارگەی (سەریرەش) دەکەوێ.

درەختی (قەرەقاج) لە دەوروبەری گڕاو زۆرە قەڵایێکی کۆن لە خواروی دێیەکەدا بووەو خەڵکەکە ڕووخاندویانەو کووپـەو شتی کۆنیـان تێـدا دۆزیـوەتـەوە. جێ‌یێك وا لەنێو ڕەزەکانی ڕۆژهەڵاتی گڕاو وگۆڕستانی گڕاو پێی دەڵێن «بـەردە نەخشینـە»، شوێنـەواری خانـووی دێـرینی تێـدا چنگ دەکـەوێ‌و تابـووتی بەستـوکەی لێ‌دۆزراوەتەوە، دوو نیـە شوێنـەواری شارێـك بێت. ئەم دێیـە کانیـەکی ئاوی کانـزایی (معـدنی)ی لێـیـەو ناوی «گـڕاوەیش هەر لەوەوە هاتـووە. لەسـەر شاخـەکـەی سـەرووی دێیـەکـەو بەرامبـەر (شـاخی داری لولکـان) شوێنـەواری بناخـەی قەڵایێـك و هەروەها چاڵەبەفرێکیش هەیەو خۆرهەڵاتی ئەم گردە، کە خاکێکی تەختـانـەو تێـستـا ڕەزە، جێگـای شارێکی کۆنـە، خشتی سوورکراوو گۆزەو بناخەی ماڵی لێ‌دەبێزێ لەگەڵ چەند کارێزێکی کۆندا. پێی دەڵێن «مولکی حەنا»، دوور نیە (حنە) لەناوی (خانێ)وە هاتبێ کە ناوی شاخی صلاح الـدین یان شاخـە نزمـەکـەی تەنیشتی باشـووری دوڵی (بـاستـۆران)ە کە ناوی لە نوسینی بزمـاریی (سنحاریب)ی ئاشووریدا هاتووە.[1]

لەلای دەزگـای شوێنـەوار ناوی‌گـڕاو «خـربـة گراو» بە شوێنـەواری کۆن تۆمـارکـراوە. گڕاو لە کۆنـدا گوندێکی پێشکـەوتـوو بووە، لە بارەی ڕووناکبیـری‌و کۆمـەڵایـەتییـەوە، چونکە مەڵبەندێکی گرنگی خوێندن بووەو مەلایانی باشی لێ‌هەڵکەوتووەو خەڵکەکەی هەموو خزم و مەلازادەن، تەنیا چەند ماڵێك نەبێ.

دەبێ ئەوەیش بڵێین، کە گڕاو سەر بە ناوچەی «خۆشناوەتی»یە.

شاخی «دارلولکان» کە ئەم ڕوانگەیەی لەسـەر دانراوە وا لە تەنیشتی خۆرئاوای دێیەکەوەو زۆر بەرز نییەو، پشت تیژە لە زنجیرە (چیای پیرمام)ەوە وەکو پەراسوویێك بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە.

لەپێشدا وێنەی شاخ و سـاڵنامەکەم لە دێیەکە وەرگرت. ئەوجا لەگەڵ کاك ئیـسماعیل نوری خەڵکی گوندەکە بەسـەر شاخ کەوتین.

ئەم برایـە لە پێـوانی درێـژایی‌و بەرز کردنـەوەی چەنـد قووچە بەردێکی ڕووخاودا یارمەتی‌یێکی زۆری دام، وەك قوچی گەڕانەوەی سـەرەتای هاوین»کە لای باکوورەوە خاڵی کۆتایی ڕوانگەو ساڵنامەکەیەو دەرکەوتنی لە وێنەدا گرنگە. بۆیـە دوو کەسـمـان لەسـەر ئەم قوچـە ڕاوەسـتـانـد بۆ دیـاری‌کـردنی جێگـەکەی. لە قووچی سەرەتای زستانەوە تا قووچـی گەڕانـەوەی هاوین وانـە لەم سەر تا ئەوسـەری ساڵنامەکەمان پێوا. هێندێك لە قوچەکان ڕووخابوون تەنیا چوار قوچ بەتـەواوی بە ساخی مابـوونـەوە. سێ قوچی تەرازوو لەگـەڵ قوچی بەهـاردا، بەڵام قوچی سەرەتـای زسـتـان و داری لولکـیـان بە یەکجاری نەمـابـوون، تەنیا خەڵکەکە جێگەکەیان دەزانی.

ئیمـە، کە گەڕاینـەوە، پیـرەمێـردو شارەزایـانی خەڵکی گڕاومان لە سەربانی مزگەوت و نێو حەوشەکەیدا کۆکردەوەو ڕووبەڕووی ساڵنامەکە کەوتینە زانیاریی وەرگرتن لێیان و بە دەنگی خۆیـان لەسـەر شریتی کاسێت تۆمـارم کرد. لەم ڕووەوە، پتـر سوودمـان لە حاجـی حەسـەن و حاجـی محـەمـەدەمین و خالید ڕەسـوڵ و محـەمەد عەلی‌و عومەر حەکیم وەرگـرت. حاجی حەسـەن کە نادەمان بە شوێنیدا لەنـاو ڕەزەکـانـدابـوو، هات و گوتی: من لە (حـاجی ئیـسماعیل حەمەدی مام عەبای)یەوە فێری ساڵنامەکە بووم، چونکـە هەم بەتـەمـەن و هەم یەکـەم (حسابگەر)و شارەزای ئەم ساڵنـامـەیـە بوو و لەم زسـتـانـەدا کۆچی دوایی کـرد.

خەڵکی دنیەکە هەموو یاسی لێهاتوویی ئەویان دەکرد.

لەکاتی دەنگ تۆمارکردندا، هەوڵم دا بکەونە مشتومڕو دەمەتەقێیەکی گەرم لەگەڵ یەکدا، بۆ ئەوەی زیاتر گشت شتێکمان بۆ ڕوون ببێتەوە. لە گڕاوی مامەوە تا ڕۆژ ئاوابوو. لە دەمی خۆرئاوابووندا، تەماشام کرد خۆر لە نێزیک قووچی سێیەمی ئەستێرەی تەرازوودا ئاوابوو، ئەو دووریەیش کە مابووی بە شەش ڕۆژی دی دەیبڕی و دەگەیشتە قووچەکە، چونکە شەش ڕۆژ بوو بۆسەرەتای پایز کە (21)ی ئەیلوڵە.

بۆچی دەڵێین ڕوانگەی گڕاوی

ئەم ڕوانگەیە لەسەر بناخەی پشت بەستن بە دوازدە بورجی فەلەکی و حەوتەکانی کوردی) وئەو ئەستێرەی گەلاوێژ کە بەعەرەبی (الشعری ـ الشعری الیمانیة)یە، کۆمەڵە ئەستێرەی (پێرو ـ کۆ) ـ کە بەعەرەبی (ثریا)ی ناوەو سێ ئەستێرەی پێشەوەی چوار ئەستێرەکانی (تەرازوو) ـ واتە ئەو کۆمەڵە ئەستێرانەی کە بە کەلووی تەرازوو (برج المیزان) ناسراون و لە ستێرناسی ئیسلامیدا بەکێکە لە دوازدە کەلووەکانی ئاسمان ـ دامەزراوە. بە پێی ئەم سالنامەیە دەبێ ڕۆژ لە جێی ئاوابوونی ئەم ئەستێرانە، ئاوابێ. دیارە بەشەو لە ئاسۆی شاخەکەوە چاودێریی ئاوابوونی ئەو ئەستێرانە کراوەو، خاڵی ئاوابوونیشیان بە قووچەبەرد دەست نیشان کراوە. دەبێ ئەم ڕوانین (رصد)ەیش بە دوو کەس یان کۆمەڵێک ڕێک ـ خرابێ، هێندێک لە نێو مزگەوتداو هێندێکیش لە هەمان کاتدا لەسەر شاخ بووبن و بە دەنگ، یان هۆیێکی دیکە یەکتریان ئاگادارکردبێتەوە. جێ ڕوانینەکەیش دەرگای مزگەوتی گڕاوی بووە، پاش ڕوانین لە گەولاوێژ و پێروو تەرازو، دووەم کاریان ڕوانین بووە لە ڕۆژ لە ئاسۆی شاخەکەوە لە جێی ئاوابوونی هەربەکە لە ئەستێرەکان لە ستێرناسی میللی کوردی (الفلکیات الشعبیة الکردیة)دا یان بڵێین لە چەند ناوچەیێکی وەک ڕانیەو قەڵادزێی کوردستاندا بە (دەرەجە) ناسراوەو جیاوازە لە زاراوەی (برج)ی عەرەبی. بەوێنە، حسابداڕە کوردەکان دەڵێن ئەمشەو ڕۆژ لە دەرەجەی پێروودا ئاوادەبێ و یا لە دەرەجەی گەلاوێژدا ئاوادەبێ.

ئێستر ئەم ڕێگە کەوتنەی خۆرو ئەستێرەکان لە یەک دەرەجەدا، پێشینانمان بەکاریان هێناوە بۆ حسابی ساڵ، واتە بۆزانینی هێندێک ڕۆژ و کاتی گرنگی ساڵ. بە پێی ئەو زانیاریانەی کە هاوینی ساڵی (1982) لەبارەی ستێرناسی و کەشناسی (الانواء الجویة)ی کوردییەوە کۆم کردنەوەو لەسەر شریت تۆمارم کردن، ئەویش لە ناوچەی ڕانیەو قەڵادزێو بە تایبەت لە خەڵکی ناو دەشتی قەندیل و خەڵکی دێی (سلە) کە تا ئەم ماوەیەی پێشوویش بۆ ئاودانی باخەکانیان شەو بەهۆی ئەستێرەکانەوە ئاویان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکرد بۆم ئاشکرا بووە کە پێشینانمان حسابی ساڵیان بە گەلاوێژ و تەرازوو پێروو ڕاگرتووەو، بەم شێوەیەی خوارەوەیش: ـ

1 ـ ئەگەر ڕۆژ لە دەرەجەی تەرازوو ئاوابوو، زستان تەواو دەبێ و سەرەتای بەهار دەست پێدەکا کە (21)ی ئادارە.

2 ـ ئەگەر لە دەرەجەی پێروو ئاوابوو، ئەوە کۆتایی بەهارو سەرەتای هاوینە واتە ئەو ماوەیەی کە ڕۆژ لە هاتنیدا بەرەو باکوور بڕیی دوایی هات و ڕووەو باشوور گەڕایەوە. ئەم بارە لە ستێرناسی ئیسلامیدا پێدەڵێن لاربی تێکڕایی (المیل الکلی، العرض الکلی، والأوج).

3 ـ ئەگەر ڕۆژ لە زستاندا گەیشتە دەرەجەی گەلاوێژ، ئەوە نیوەی زستانە.

4 ـ ئەگەر ڕۆژ لە گەڕانەوەیدا گەیشتە دەرەجەی تەرازوو دەبێتە سەرەتای پایز.

5 ـ ئەگەر گەیشتە دەرەجەی گەلاوێژ، مانگ ونیوێک بەسەر پاییزدا تێپەڕدەبێ جا ساڵنامەی گڕاوی بش لەسەر ئەم حسابە کوردییە دانراوە. هیچ زانیاریەکی لەم چەشنە لە ستێرناسی ئیسلامیدا ناوی نییەو، دەبی لە ستێرناسی یونانیشدا هەر نەبێ کە لە ڕاستیدا بووەتە بنچینەی

کتێبخانەی گەلاوێژ


شاہ داری لولکان
روانگہ و سالنامہ گراوی کوردی
(مرصد و تقویم گراف)
(برج السرطان)
برج الجوزاء
(منتصف الربیع)
کہ لوی گا
(برج الثور)
کہ لوی شہ ک
برج الحمل (نہ وروز)
(برج العقرب)
(برج الاسد)
(برج الدلو)
(برج الحوت)
(برج الجدی)
(برج القوس)
(برج الجدی)

ستێرناسیی ئیسلامی. بێگومان پێك هێنانی ئەم جۆرە سالنامەیە لە سالێکدا کارێکی یەکجار دژوارەو بە زەحمەت تەواو دەبێ چونکە ئاسمانی کوردستان بە زستان زۆربەی کات هەورینەو ئەمجا ئەو شەوە، یان ئەو ئێوارەیەی هەوربێ ئەستێرەو خۆر دەرناکەون و دەبێ سالێکی تر تەماشا بکرێن.

هەر لەم بارەوە لە نێو خەلکی (باری بچوك)دا بڵاوە کە (مەلا نەبی) بە (36) ساڵ سالنامەو ڕوانگەی بارێی سازکردووە. ئەوەی شایانی باسە ئێمە کە دەڵێن: بەپێی ئاوابوونی خۆرە، مەبەستمان ئاوابوونی خۆرە لەسەر ئاسۆی شاخەکەدا، کە سێبەری شاخەکە دەگاتە مزگەوتی گراو، چونکە پاش ئەمە بە دەوری (40) دەقیقە یا زیاتر ئەوجا خۆر بەتەواوی ئاوادەبێ.

ئەو زانیارییانەی خستمانە ڕوو ئەوەمان ڕوون دەکەنەوە کە ئەم سالنامەیە کارێکی ستێرناسییەو بە ڕوانگە (مرصد)یێکی شوێنەواری (أثری) حسێب دەکرێ خاڵێکی گرنگە لە کەلەپووری شارستانەتیی کوردیمان، چونکە دروستکەرەکەی ئەستێرەو خۆری لە جێگەی ئاوابوونیان لە ئاسۆ (افق)ی شاخی داری لولکان ئاواکردووەو بە قوچە بەرد دیاریی کردوون.

هەروەها جێگای دوازدە کەلووی ستێرناسیی بە ئاوابوونی ڕۆژ دیاریکردووە لەگەڵ هێندێك شتی تریش بۆ زانینی کات.

پیرەمێردەکانی خەلکی گراو دەڵێن لە پێشینانمان بیستووە کە مەلا ئومەر (ملاعمر)ی دروست کەری سالنامەکە بە شەو نەنوستووەو هەر ئەستێرەی ئاواکردووە. ئەم گوزارەی (ئەستێرە ئاواکردن)ە لە ستێرناسی میللیی کوردیدا مانای (رصد النجوم)ی هەرەبی دەدا بە دەستەوە.

دورنییە ئەم ڕوانگەیە فراوانتریش بێو هێندێك ئەستێرەی تریش ئاواکرابێو قوچیان بۆ دروست کرا بێ، چونکە چەندین بناخەی ئرمان دۆزییەوە لە ڕۆژی (2نیسانی 1984)دا کە ڕەنگە شوێنەواری قوچی - تر بێ جگە لەوە لە ڕۆژی یەکەمی کەلووەکانی ستێرناسیی ئاسمانیو چەند ڕۆژێکی تریشدا، خۆر ئاواکراوە.[2]

چۆن زانیمان ڕوانگەکە بەگوێرەی بورجەکانی فەلەکی ئاسمانییە

جاری یەکەم کە چووم بۆدێی گراوو ڕوانگەکەم دۆزییەوە نەمزانی پێوەندییکی بە دوازدە بورجەکانەوە هەیەو سالنامەکە لە بنچینەدا لەسەر بورجەکانە. تا لە ئەنجامی ئاواکردنی خۆر لەم ساڵەدا یانی (1984) لەسەر (قوچی بازبەران)و لە ئەنجامی لێکۆڵینەووو لێکدانەوە، بۆم دەرکەوت کە لەسەر حسابی بورجەکانەو بەڵگەیشمان ئەمان:

1 - (قووچی بازبەران) بەگوێرەی تەماشاکردنی خەڵکی گراو لەم ساڵەی ئێستاماندا لە ڕۆژی هەژدەی شوباتدا خۆر گەیشتە سەر ئەم قوچەو بەمە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم قوچە نیشانەی (کەلووی نەهەنگ)ە (بورجی حوت)، چونکە لە «18»ی شوباتدا خۆر دەگاتە کۆتایی کەلووی دۆلکە «بورجی دەلو» وە لە ڕۆژی «19» شوبات دا خۆر دەکەوێتە کەلووی نەهەنگ «بورجی حوت» کە سێیەمین بورجی زستانە.

هەروەها زانیمان ئەم قوچە نیشانەی کەلووی دوپشکە «بورجی عەقرەب». لە گەڕانەوەی خۆردا لە قوچی دواییی ڕوانگەکەوە کە «قوچی گەڕانەوەی سەری هاوین»یانی «نقطة الانقلاب الصیفی» یانێ «له مدار السرطان»ەوە بۆ قوچی یەکەم کە قوچی سەرەتای زستانە یانی «نقطة الانقلاب الشتوي» لە (مدار الجدي)دا، بورجی عەقرەبیش دووەمین بورجی پایزە کە لە 23ی تشرینی یەکەمدا خۆر دەگاتە ئەم بورجە.

2 - قوچی تەرازوو: سێیەمین قوچی نیشانەی کەلووی کاوڕ حەمەڵ لە بەهاردا کە یەکەمین بوجی بەهارەو لە دوای (بورجی حوت) دێت.

یانی له رۆژی «20ی ئادار» خۆر بورجی حوت بەکوتایی دێنێ و رۆژێ «21» سەری دەکاتە بورجی حەمەل، ئەمەیش لە هاتنەوەی خۆردا لە (مەداری جەدی)یەوەلە باشوور بۆ مەداری قرژال (مەداری سرطان) لە باکوور.

هەروەها زانیمان کەئەم قوچە لە گەرانەوەی خۆردا نیشانەی کەلووی تەرازووە «برج المیزان» کە بورجی یەکەمە لەسێ بورجی پایزو لە 21یان 22ی ئەیلولدا خۆر دەگاتە ئەم بورجە. ئەم قوچانە نیشانەی سێ شتە واتە ئەم دوو بورجە لەگەڵ کۆمەڵە ئەستێرەی تەرازوو.

ئەوەی شایانی باسە لە سالنامەی «کانیی تووە»دا هەر بە جێگای تەرازوو دەڵێن «بورجی تەرازووە».

وەها بۆمان ئاشکرابوو نیشانەکانی چوار بورج لە نێو ئەم روانگەیەدا ماوەتەوە بەڵکو زانیمان نیشانەی دوو بورجی‌ترین هەیە، «قوچی سەرەتای زستان» کە نیشانەی کەلووی کارژەلە «برج الجدي»یەو «قوچی گەرانەوەی سەرەتای هاوین» کەنیشانەی کەلووی قرژالە «برج السرطان». ئێستا کە نیشانەکانی شەش بورج لە روانگەکەدا ماوەتەوە، بێگومان دەبێ نیشانەکانی شەش بورجەکەی تریش هەبووبێ. باوەڕمان وایە کە ئەوزانا کوردە ستێرەناسەی دروستکەری روانگەکە شەش بورجەکانی‌تری لەبیر نەچووەو بێ نیشان بە جێی نەهێلاوە، باوەڕم وایە سێ قوچی‌تر بۆ کەلوەکانی‌تر هەبووە، بەم شێوەیەیە:

أ ـ قوچێك لە بەینی قوچی سەرەتای زستان و قوچی گەلاوێژ کە دەبێتە نیشانەی کەلووی دۆلکە «برج الدلو» دەبێ لە رۆژی (19)ی کانونی دووەمدا خۆر بگاتە سەری کە کۆتایی رۆژەکانی کەلووی کارژەلە (برج الجدی)ە کە لە رۆژێ دوایی ئەودا خۆر لە هەلاتنیدا دەگاتە کەلووی دۆلکە. هەروەها دەبێتە نیشانەی کەلووی کەوان «برج القوس» کەسێیەمین بورجی پاییزە، ئەمەیش لەگەرانەوەی خۆردا کە لە رۆژێ 22ی تشرینی دووەمدا سەر دەخاتە ئەم بورجە.

ب ـ قوچێك لە باکوری «قوچی تەرازووە» کە دەبێتە نیشانەی کەلووی گا «برج الثور» لە هاتنەوە خۆرداو، دەبێ رۆژی 19نیسان خۆر بگاتە سەری کە کۆتایی رۆژەکانی کەلووی کاورە «برج الحمل»، چونکە رۆژی دوای ئەو «بورجی ثور» دەست پێ دەکا، ئەمەیش لە هاتنەوەی خۆردا.

هەروەها ئەم قوچە دەبێ بە نیشانەی کەلووی فریك «برج السنبلة» لە گەرانەوەی خۆردا، چونکە کەلووی سێیەمینی هاوینە، کە رۆژی 23ی ئاب خۆر دێتە نێو ئەم کەلووە.

جـ ـ قوچێك لە بەینی قوچی بەرەی بەهارو قوچی گەرانەوەی سەری هاوین.

دەبێ لێرەیش قوچێك هەبووبێ بۆ ئەوەی ببێ بە نیشانەی «بورجی جەوزاء» لە هاتنەوەی خۆرداو دەبێ رۆژی «21»ی ئایار خۆر بگاتە سەری کە کۆتایی کەلووی گا «ثور»یەو رۆژی دوایی «بورجی جەوزاء» دێتە پێش. هەروەها ئەم قوچە لە گەرانەوەی خۆردا دەبێتە نیشانەی کەلووی شێر «برج الاسد» کە لە 23ی تەموزدا خۆر دێتە نێو ئەم بورجەوە.

رۆژ لە هاتنەوەیدا شەش بورجی دەبڕیو لە گەرانەوەیدا شەشی‌تر کە بەرامبەر شەشەکانی‌ترن لەبەر ئەمە یەك قوچ دەبێتە نیشانەی دوو کەلوو تەنیا کەلووی کارژەلە «برج الجدی»و کەلووی قرژالە «برج السرطان» نەبێ چونکە هەریەك بەتەنیایی قووچێك بۆی هەیە.

ئەو سێ قوچەی دیار نییە دەبێ رووخابن و لە بیری خەڵك نەمابن چونکە لە لایان گرنگ نەبووە بەڵکو قوچەکانی سەرو ناوەراستی وەرزەکانی ساڵ لەلایان گرنگ بووە تا «قوچی باز بەرانیش» کە هەندێکی لێ رووخابوو لە بیری خەڵکی گراوێ نەمابوو، من کە لەسەر شاخەکە گەرامەوە بۆ حەوشی مزگەوت و خەڵکەکە لەوێ کۆبوونەوە من لە شارەزاکانیانم پرسی و گوتم قوچێکی رووخاو لەژێر

هەولێر کتێب

قوچی بەهاردا هەیە ئەوەیان چی‌یە؟ گوتیان ئەوە قوچ نییە کە چەند جارێکم لێ‌پرسین و بیریانم جوڵاند ئەوسا هاتەوە بیـریـان و گوتیـان ڕاست دەکـەیت پێی دەوترا «قـوچی بازبـەران»و ئێستاش ئەو قوچەی بەینی بازبـەران و قوچی گەلاوێژ کە بناخەی دیارە ـ دەڵین قوچ نییە هەروەکو مانای هەندێك لە قوچەکانی ڕوانگەو «سالنامەی بارێ» لە بیری خەڵکی بارێ چووتـەوە تەنیا سەرەتـاو ناوەڕاستی وەرزەکان نەبێ لەبـەر ئەوەی بنـاغـەی قاییم و بە گەچ قوچـەکـانی ڕوانگەو سالنامەی گراو نەکراوە.

ئیتـر ئەو سێ قوچەی بورجـەکـانی‌تـر ڕوخـاون و جێگە شیـان لە بیـری خەڵـك نەمـاوەو دوور نییـە هەنـدێك قوچی‌تـریش هەبـووبێ بۆ دەست نیشـانکـردنی هەنـدێك بابەتی‌تری گرنگ و ڕوخابن و لە بیری خەڵك نەمابێ و ئێمە ئەگـەر فریـای ئەم ڕوانگـەیە نەکـەوتینایە پاش ماوەیێکی‌تر پاش مردنی بەسـالاچـووەکـان بەتەواوی بزر دەبوو، چونکە گەنجـەکـان هیچی لێ‌نـازانن و ئەم شوێنەوارە شارستانی‌یە کوردییـە لەکـیس کورد دەچـوو، هەروەهـا بەڵێنـدەر (مقـاول)یش چوویـووە گراو بۆ ڕوخاندنی مزگەوتەکە چونکە بەڕێـوەبـەریتی ئەوقـافی هەولێـر بریـاری ڕوخـانـدن و ئاوا کردنـەوەی مزگـەوتێکی نوێی بەجێگـاکـەی دابـوو، ئەگـەر مزگـەوتـەکـە لەنـاو بچـوایـەکـە جێگـەی تەماشاکردنیەتی، ڕوانگەکە تێك دەچوو، لەبەر ئەوەی ئەم مزگەوتە پارچەیەکە لە ڕوانگـەکـە پێـویسـتە لەسـەر مۆسـەی ئاسار بەبڕیارێك مزگەوتەکە بکات بە «اثری»و بە هیچ شێوەیێك نەڕوخێنرێ‌و دەستکاری نەکرێ، وە ئەگەر تەعمیریش بکرێ دەبێ لەژێر چاودێری ئەندازیاری ئاسارەدا تەعمیر بکرێ وەك خۆی.

دۆزینەوەی هەندێك بناخە

پاش ئەوەی کە زانیم ئەم ڕوانگەو سالنامەی گراو لەسەر بورجەکانی فەلەکی دروست کراوە زانیم چەند قوچێکی‌تری بزربووەو نەماوە، پێویستە دروستی بکەینەوە لەبەر ئەمە لە ڕۆژی 2ی نیسان چووم بۆ گراوو دوو شەو لەوێ مامەوە، بۆ ئاواکـردنی ئەستێرەی گلاوێـژ و تەرازوو پێـرو «کـۆ»و بۆ پشکنینی کێـبـە دەست نووسـە پەڕپـوتـەکـانی گڕاوو لەو ڕۆژانەدا بانی لە 2 ـ 4 نیسان ئەم کارانەمان ڕاپەڕاندووە:

1 ـ دۆزینـەوەی جێگـەی قوچی کەلـووی دۆلکـە «برج الـدلـو» ڕۆژی یەکـەم چووین بۆ سەر شاخـەکـەو دەوری شەش سەعاتمان پێ چوو، توانیم جێگەی کەلوی دۆلکە بدۆزمەوە لە بەینی قوچی ئەوەلی زستان و قوچی گەلاوێژ بە مەسـافـەی «41م 30سم» سەرو قوچی ئەوەلی زستان و «15م و 50سم» لە خوارووی قوچی گەلاوێـژ بەردەکـانی قوچـەکـە نەمـابـوو بەڵام چونکە لەم سالانـەدا خەڵـك بەردەکـانی بردوون، یان بڵێم فرێ‌داون زەوی بنـاغـەکەی وەکـو زەوی‌یـەکی نوێ، لە زەوی دەوروپشتی جیـابـوو، قوچـەکـەمـان لەو جێگـایـە دروست کرد بەڵام هەردەبێ لە داهـاتـوودا موراقـەبـەی خۆر بکـەین. دەبێ ڕۆژی 19 کانـوونی دووەم خۆر لەم جێگـایـەدا ئاوابێ کە کەلـووی کارژەلە «برج الجدی» لێرەدا تەواو دەبێ کە دەبێتە ئەوەلی کەلـووی دۆلکـە بەڵام دوریش نییـە، ئەو قوچـە نیشـانـەی شتێکی تربێ.

2 ـ دۆزینەوەی چوار بناخە لەو قوچە نەناسراوی بەینی قوچی گلاوێـژ و قوچی بازبـەران ـ تا قوچی بازبـەران یەکـەمیـان بەیـەك مەتـر نزیکەی «قوچی نەناسراوە» بە لای باشوری ڕۆژهەڵاتەوە، دووەمیان بە مەسافەی «2م»« نزیك «قوچی نەناسراو» بەلای باکوری ڕۆژ هەڵاتەوە. سێ‌یەمیان نزیـك «قـوچی بازبـەران» بەلای باشوورەوە، چوارەمیان لە سەروو بازبـەران بە مەسـافـەی «4م». دوور نییـە ئەم بناغـانـەی هەندێك قوچ بن بۆ ئیشارەتی هەندێك ئەستێرە وەیـا هی هەفتەکـانی چلەی زستان بێت. من نیشـانـەی پرسیارم (؟) بۆ بۆیاخی سوور لەسەر ئەم بناغانە، یان ئەم شوێنـەوارانـە دانـا بۆ ئەوەی ئەگـەر هەنـدێـك لە ئەستێرەناسـەکـان هاتن بۆ تەماشای ڕوانگەکە هەست بەم بناغـانـە بکـەن. بەڵام ئەو بناغـەی سەرو قوچی بهـارێ

کەدەورەکـەی (580سم)ە بە نبـاخـەی قوجـەکـان ناچێ بباغەیەکی خڕو ڕێك وپێکە.

3 ـ دوزینـەوەی هەنـدێك بناغە لە باکوری قوجەکانی تەرازوو لە خاڵی 38م و43مو 71م و91م و94م و114م.

دەبێ ئەمانـەش ساغ بکـرێنـەوە ئایا بناغەی قوجەکانی هەفتـەکـانی چلەی هاوینـە یان هی شتی‌ترە. نیشـانـەی «پرسیارم» لەسەریان نووسیوە. خەڵکی گڕاو ئاگری نەورۆز لەسەر هەندێکیانی دەکەنەوە.

هەروەهـا لە ڕۆژی «2» نیسـان دا ناوی قوجـەکـانی ڕوانگـەکـەم بەبـۆیـاغ لەسەریان نووسیووە. ئەوەی شایانی باسـە خەڵـك دەڵێن قوجێکی‌تر هەبـوو لە سەروو قوچی گەڕانـەوەی سەری هاوین بەڵام ئێستـا نەماوە. ئێستاش قوچێکی گەورە هەیە لە باکوری قوچی گەڕانە وەی سەری هاوین و دوور لەوەش دەڵێن موهـەندیـسـەکـان دروستیان کردووە بۆ مەسـەلـەیێکی سنووری بەڵام دوور نییە لەوپێشتر ئاسـاری قوچێـك لەوێ هەبـووبێ و ئەوانیش بەرزیـان کردبێتـەوە. پێویستە لەم دوو قوچـەش بکـۆڵینـەوە بەڵکـو ئیشارەتی فەلەکی بن.

5 ـ پێوانی ڕوانگەکە لە سەفەری نیسـان دا سەرلەنوێ ڕوانگـەکـەم پێوا درێژی‌یەکەی لە (قوچی ئەوەلی زستان)تا (قـوچی گەڕانـەوەی سەری هاوین) گەیشتە (331م) لە قوچی ئەوەڵی زستان تا سێ‌یەمین قوچی تەرازوو کە دڵی ڕوانگەیە چونکە نیشانەی ئەوەلی ساڵە (177م)ەو لەوێ تا قوچـی گەڕانـەوەی سەری هاوین (140م) یانی نیـوەی دەستەچەپ یانی نیوەی باشوور کە بۆ سێ مانگەی پاییزو زستانە بە «37» مەتر درێژترە لە نیوەی دەستەڕاست یانی نیـوەی باکـوور کە بۆ سێ مانگی بەهـارو هاوینـە. بەشی باشوور زۆر سەربەرەوژێرە تەنیا دەوری «55» مەترە نەبێ لە بەینی قوچی سێ‌یـەمی تەرازوو و (قـوچی بەهـاری ـ قوچی ڕەزبەرین).

ئەوەی شایانی باسە ئەم پێوانەیەش قابلی کەم و زیادە بە چەنـد مەنزڵـك چونکە دور نییە بە خەتێکی ڕاست (خط مستقیم)مان نەپێوابێ هەروەها بو جاری سێیەمیش پێوام لە ڕۆژی 14/نیسـانی (1985)دا کە دیسـان چومـەتـە گڕاو بەتایبەتی بو مەوزوعی حەوتەکان.

بازنەی کەلوەکان

لەبـەر ئەوەی ڕوانگـەی گڕاو لەسـەر ئەساسی کەلـوە (برج)ە فەلەکیەکانی ئاسمان دروست کراوە لەگەڵ هندێك ئەستێرەو شتی‌تر پێویستە هندێك زانیاری لەم بارەیەوە بنووسین.[3]

مرۆڤ لە کۆن دا سەرنجی لە ئەستێرەکـانی ئاسمـان و خۆرو مانگ داوەو سودی‌لێیان وەرگرتووە بۆ زانینی کات بۆ ئیش و کاری کشتوکـاڵ و ئابـوری‌تـری، وەیان ڕێکردن لە شەوداو دەرکەوتنی هەندێك لە ئەستێرەکان کردووەتە نیشانەی هەنـدێك ڕووداوی ناخـوش وەك لافـاو وبیمـاری، وەیـان نیشـانـەی خۆشی‌و بەختـەوەری هەروەهـا هنـدێك لە بیـروباوەڕی ئایینییـان بەستوەتـەوە بە ئەستێرەکـانـەوەو، نەتەوەکونەکانیش دیتویانە کە هندێك لە کۆمەڵە ئەستێرەکانی گومـەزی ئاسمـانی هنـدێك شێـوەو وەزعیـەتێکی وەهـای گرتووە، کە بەشوان و یا ڕاوکەر، وەیا تیرهاویژ دەچێ وەیا هی هندێك گیان لەبەری‌تری وەك شێر، وورچ، ئەسپ، دوپشـك، نەهـەنگ و ئیتـر لە شێـوەی ئەوشتانەدا وێنەیان دروست کردوەو هنـدێك لەو کۆمـەڵـە ئەستێرانـە بە کەلـو ناسراون و هندێکیان لە کاتی سومەری‌و ئەکەدی‌دا ناسراوبوون.

فەلـەکی کەلـوەکـان دابـەش کراوە بۆ دوازدە کەلو، وەك پشتێنێك لە دەوری ئاسمان خەیاڵ کراوە پانایەکەی (16)° وەیـا دەوری (18)°یـە، هەر کەلـوێـك بۆ (30) ڕۆژ دابـەش کراوە یانی ڕۆژ بەسـەر بازنی کەلـوەکـان دا هاتوچو دەکات و هەر مانگێك کەلوێك دەبڕێ‌و ساڵی کەلوو کراوە بە (360) ڕۆژ.

هەروەهـا ئەم کەلـوانـە کراونـە ساڵنـامـەو کلدانیـەکان و

هوڵانامەی کتێب

فه‌له‌کی که‌لوه‌کان «فلك البروج»



مصریيه كونەكان ئەم سالنامه بەيان كار هێناوه. سالنامەی ئەستێرەپێش (التقويم النجمي) زانای كلدانی (نابو ريمانو) دروستی كردووه.

فەلەكی كەلوەكان لە رۆژئاواوە دەسوڕێتەوە بۆ رۆژهەلات بە پێچەوانەی خۆر جا ئەگەر فەلەكی كەلوەكان، یانی بازنەی كەلوەكان كەوتە سەر بازنەی (معدل النهار) ئەوكاتە ئەوەڵی كەلوی كاوڕ یان بڵێین بەران (برج الحمل) دەكەوێتە سەر نوقتەی رۆژ هەلات و ئەوەڵی كەلوی تەرازوو (برج الميزان) دەكەوێتە سەر نوقتەی رۆژئاواو خۆریش لەو كاتەدا دەكەوێتە سەر هێڵی (معدل النهار) لە نوقتە (الاعتدال الربيعي) كە رۆژ و شەو بە قەدەر یەك دەبن، واتە وەك یەكیان لێدێ ئەوەش لە رۆژی 21 ئادار دا، كە دەبێتە سەرەتای وەرزی بەهار پاشان بازنەی كەلوەكان لەسەر ئەم خەتە دەترازی وورده وورده لێی دوور دەكەوێتەوە خۆریش لەسەر كەلوەكان دەسوڕێ و لەنوقتە ئیعتدال دوور دەكەوێتەوە تا دەگاتە ئەوپەری قوناغەكەی كە ئیتر لەوە تێپەر نابێ كە نوقتەی گەڕانەوەی سەری هاوینە (نقطة الانقلاب الصيفي)، كە دەرەجەی (28)ە ئەوەش لە رۆژی 21 حەزیران دا كە سەرەتای وەرز (فصل)ی هاوینەو ئەوەڵی كەلوی قرژال (سرطان)ە خۆر لەم مەسافەیەدا سێ كەلوی كاور (حمل)، گا (ثور)و جیوك (التؤأمان ـ جوزاء) ـ دەبڕێ كە سێ كەلوی بەهارە خۆر لە نوقتەی گەڕانەوەی سەری هاوین دەگەڕی تا بۆ جاری دووەم دەگاتە سەر خەتی (معدل النهار) كە نوقتەی بەرامبەر یەكی پایيز (نقطة الاعتدال الخريفي) كە شەوو رۆژ بەرامبەر یەك دەبن یانی كورت و درێژی لە بەینیان دا نامێنێ ئەوەش لە 21 ئەیلول داو دەبێتە سەرەتای پایيز یانی خۆر گەیشتە كەلووی تەرازوو (برج الميزان) لەم مەسافەدا رۆژ سێ كەلوی هاوین دەبڕی: كەلوی قرژال (سرطان)، شێر (اسد)، فەریك یان كچ (برج السنبلة ـ برج العذراء) پاشان خۆر لە خەتەكە دەترازێ، تا لە رۆژی 21 كانونی یەكەم دەگاتە سەر نوقتەی وەرگەڕانی زستان (نقطة الانقلاب الشتوي)و دەگاتە ئەوەڵی كەلوی كارژەلە (برج الجدي) كە سەرەتای وەرزی زستانە لەو مەسافەیە رۆژی سێ كەلووی پایيز دەبڕێ: تەرازوو (برج الميزان)، دووپشك (برج العقرب)و كەلووی كەوان (برج القوس). خۆر لە نوقتە وەرگەڕانی زستان ئەولاتر ناچێ بەڵكو دەگەڕێتەوە تا لە 21 ئادارەوە دەگاتە خەتی بەرامبەر بوونی رۆژ (خط معدل النهار) كە سەرەتای بەهارەو لەو مەسافەیەدا سێ كەلووی كارژەلە (جدي)، دوو لچە (دولك) (برج الدلو)، نەهەنگ (برج الحوت) دەبڕێ كە سێ كەلوی زستانن.

سوڕانەوەی خۆر لە نوقتە ئیعتدالی بەهارەوە تا هەمان نوقتە بە 365 رۆژو 5 ساعەتو 48 دەقیقەو 46 سانیە كە ئەمە مقداری ئەو كاتەیە كە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، هەروەها ئەمە ژمارەی رۆژانی سالێ رۆژی (السنة الشمسية)یە، چونكە سالنامەی رۆژی لەسەر ئاسای ئەم سوڕانەوەی خۆر لە نوقتە ئیعتدالی بەهاردا تا هەمان جێگە دروست بووە.

بۆگومان كوردەكانیش لە كۆنەوە هەندێك لە ئەستێرەكانیان ناسیون و سودیان لێوەرگرتوون و حیسابی سالیان بە كەلوەكانیان كردووە.

لە كاتی بابلیەكان دا روانگە (مرصد)یێكی فەلەكی لە قەڵای هەولێر هەبووەو لە كاتی ئیسلامیشدا لە سەدەی نووەمی زایینیدا زانای كوردی گەورە ابو حنیفە (ئەحمەدی كوڕی داود كوڕی وەنەند)ی دینەوەری روانگەیێكی فەلەكی لە شاری دینەوەری رۆژهەلاتی كەرمانشا دروست كردبوو وە لە پێش دا روانگەكەی لە شاری (أصفهان)بووە.

بە سەدان زانای فەلەكی لە كوردستاندا پەیدابوون، وەك ابن رەزازی جزیری كە گەورەترین كتێبی لە هەندەسەی میكانیكیدا لە كاتی ئیسلام دا داناوە لە شاری (دیاربەكر)و سالنامە بە حیسابی كەلوەكان بەئالەتی جۆربەجۆرو بە شێوەیێكی میكانیكی دروست كردو لە نێو هەندێك لەو ساعەتە گەورانەی كە دروستی كردووەو وێنەیان بە دەستی خۆی كێشاوە لە كتێبە دەسنوسەكەش دا «الجامع

هەولێری كتێب



(شكل ـ ٩) : واجهة الساعة الموجودة في مخطوطة ابن رزاز الجزري والتي نقلها عنه يوسف الأطرالاب نقلها عن المخطوطة - السيد ماجد عبد الله الشمس .

بین العلم والعمل في صناعة الحيل» بەسوڕانی ساعەتەکە بازنەی کەلوەکانیش دەسوڕاو هەر کەلوپێك دابەشی کردبووە بۆ (30) ڕۆژ ڕۆژیش لە چی کەلوپێك دابایەو لەچی ڕۆژێك لە سی ڕۆژی کەلوەکەدا بایە بەچاو دیاردەبوو، هەروەها یوسفی ئەسطورلابی «یوسف الاسطرلابی»ش ساعەتێکی وەهای لەگەل کەلوەکانی فەلەکی دروست کردووەو ابن الرزازی جزیری ساعەتەکەی دیوە لە پاش کوچی دوای ئەو وەسفی لە کتێبەکەی خۆیدا نوسیوە بە ڕەئیی من یوسفی ئەسطورلابی زانایەکی ئەستێرەناس و ڕەسام و موهندسێکی میکانیکی خەلکی کوردستان بووە وەك (سدید الدین)ی[4] حانی بە تایبەتی خەلکی ناوچەی دیاربەکر وەیا سێرت (سعرد)و ماردین بووە وەك ابن ڕەزاز لە زانایانی سەدەی دوازدەهەمی زاینی بووە. هەروەها لە سەدەی سیزدەهەم دا پزیشك و زانای ئەستێرەناس فخرالدین ی خەلاتی بەشداری کردووە لە دروست کردنی ڕوانگەی فەلەکی لەشاری مەراغە کە نصیرالدینی طوسی دروستی دەکرد بۆ هولاکو وەتا ئەو کاتە گەورەترین ڕەوانگە بووە لە کاتی ئیسلام داو «عبدالله کوری یوسف کوری ابوبکری ئەسطورلابی» لە بەینی سەدەی دوازدەو سیزدەمین دا دەستێکی بالای هەبووە لە زانستی کات (علم المیقات)و لە ئەسطورلاب دا ئەم زانای فەلەکیە لە شاری دمشق کۆچی دوایی کردووە لە ساڵی (734ك = 1333 - 1334ز)داو خەڵکی سێرتێ بووە.[5]

نیشانگرەکانی ڕوانگەو ساڵنامەی گراوێ

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە دەستمان کەوتوون گوزارەی (نیشانکرد) لە ناوچەی شارباژێرو مەرگەو ڕانیەو قەڵادزێ بۆ هەر شتێکی دەستکرد یا سروشتکرد بەکاردێ، جا ئێستر یاقووچەبەرد یا درەخت بێ، کە کرابێتە نیشانە بۆ هەڵهاتن یان ئاوابوونی خۆرو ئەستێرە، یان کرابێ بە بەڵگەی سێبەر یا هەتاو بەرکەوتن، ئەویش بۆ زانینی دەست پێ کردنی کاتێکی تایبەت لەو ناوچەیەدا.

هەروەها وشەی «نیشانگر»یشیان تێداباوە کە ساڵنامەکان بەهەمور قووچەکانەوە، دەگرێتەوە، بەڵام لە دێی (بارێ)و دەوروبەریدا، لە ناوچەی سیوەیل، لە باتی وشەی نیشانکرد وشەی «مەردەك» بۆ نیشانەکانی ساڵنامەی بارێ بەکاردێنن، لە کاتێکدا هەمان وشە لە شارباژێریشدا باوە. هەرچی گوندی (گراوێ)یە «قووچ»ی پێ دەڵێن. ئێمە لێرەدا «نیشانگر» لەبەر چاو دەگرین.

نیشانگرەکانی ساڵنامەی گراوێ لە کۆمەڵە بەردی نەتاشراوی پچووك و مام ناوەندیی شێوە کەللەشەکر دروست کراون کە نەگەچ و نەقوڕیان تێدا بەکار نەهاتووەو نە بناخەیان بۆ هەڵ کەندراوە، بەڵکو هەر لەسەر ڕووی زەوی دانەدراون. هەرچی (مەلانەیی)یە بناخەی بۆ (ساڵنامەی بارێ کردووەو، خەڵووزو تۆپکەڵە هێلکەی خستووەتە جێی نیشانگرەکان تاکو بزر نەبن، چونکە خەڵووزو تۆپکەڵەهێلکە نارزێن، وەك خەلکی دێیەکە دەڵێن.

نیشانگرەکانی ئەم ساڵنامەیەمان لە (14) دانە کەمترنیە بەڵام یەکێکیان جێگەی گومانە. من کەچوومە سەر چیاکە (10)دە نیشانگرم بینی، هێندێکیان ساخ و دیارن ئێمە لێرەدا یەك یەك باسی ئیشارەتەکانی مرصدو ساڵنامەکە دەکەین، بە گوێرەی جێگەی هەڵکەوتنیان لەسەر شاخەکە یانی بەشێوەی تەماشاکردن بەچاو نەك بەگوێرەی هەڵکەوتنی دائیرەی بورجەکان «دائرة البروج» چونکە ئەگەر وابێ دەبێ لە نیشانەی بورجی کاوڕ «برج الحمل» دەست پێبکەین کە قوچی سێیەمین تەرازووە کە نیشانەی سەرەتای ساڵەو «نقطة الاعتدال»ە گەرچی لە ناحیەی زانستیانەوە وەها ڕاستەرە، بەڵام بە شێوەی یەکەم کە شێوەی «المظهر الخارجی»یە باشتر ڕوون دەبێتەوەو بە ئاسانتر بانس لە تەسلسلی قوچەکان و مەسافەی بەینیان دەکرێ.

ئێمە لە باشوورەوە دەست پێدەکەین لە قوچی سەرەتای زستان چونکە خەڵکەکەش لەوەوە دەهێنن و زیاتر اعتبار

الظهر زائدا إلى الابتداء والأنيسة الآخرة في الشهر ناقصا إلا الثاني
والثاني يليانهما يخرق في كل واحدة خرقا كاملا لليلتين
ويحدبهما على قرنا بسلفهما ثم يخرق الثاني يليانهما في كل
واحدة خرقا كاملا لثلاث ليال أقل تعبيرا ثم يخرق
الثاني يليانهما في كل واحدة خرقا لأربع ليال أقل تعبيرا
ثم يخرق الثاني يليانهما وأقل تعبيرا في كل واحدة خرقا لخمس
ليال وأقل تعبيرا ويحدبهما على السوق ثم يخرق الثاني
يليانهما في كل واحدة خرقا لست ليال وأقل تعبيرا ثم يخرق
الثاني يليانهما في كل خرق نصف دائرة يحدبهما على السوق
ثم يخرق الثاني يليانهما خرقا في كل واحدة خرقا لثماني ليال
[illegible] على السوق
دائرتين يخرقان أكثر تحديبا حتى يصيرا بالكمال في الدائرتين
اللتين يليان الدائرة المخروقة كاملا القمر . ملال أول
ليلة إلى الدائرة المخروقة كاملا تمام أربع عشرة ليلة في الزيادة ومن تمام
في النقصان إلى السبع وعشرين ليلة ثم تمشي الدائرة المذكورة لليلتين
ومن

وهذه صورة أظهر الأفلاك الثلثة والقرص

مقسومة جهة باقي في كرة ما بين قبل الاتصال بنقطها بنقض ٥



لعله سقوسي ابو [illegible]

دەکەن نەك لە قوچی گەرانەوەی سەری هاوین.

قوچی سەرەتای زستان

ئەم قوچە دەکەوێتە تەنیشتی خواروی کەلێنێك لە بەینی دوو بەردا کە زۆر گەورە نین و بڵندییان (150سم) بەڵام کەلێنەکە لە مزگەوت کە جێگای روانینە باش دیارەو کەلێنێکی‌تری وەك ئەو لە شاخەکەدا لە مزگەوتەوە دیار نابێ.

ئەم قوچە نیشانەی گەرانەوەی سەری زستانە «نقطة الانقلاب. الشتوي» چونکە لێرەدا (لەم کەلێنەدا) کۆتایی بە پاییز دێت و خۆر دەگاتە خولگەی کارژەلە (مدار الجدي) کە خەتی پانی (خط العرض) (23,28)° دەرەجەیەو ئەوەش لە رۆژی کانونی یەکەم دا خۆر دەگاتە ئەم نوقتەیەو کورت ترین رۆژەو دوا رۆژانی کەلوی کەوان «برج القوس»ە لە رۆژی دواییدا کە 21کانوونی یەکەم، خۆر دەکەوێتە کەلوی کارژەلە «برج الجدي» یانی ئەم قوچە نیشانەی ئەم کەلووەیەو یەکەم رۆژی زستانە. ئەوەی شایانی باسە کەلووی کارژەلە لە 28 ئەستێرە پێك دێت وەك لە کتێبی «صورة الکواکب الثمانیة والأربعین» ل 222ێ عبدالرحمن رازیدا نووسراوە.

قوچی سەرەتای چلەی زستان:

لەپێشدا باسمان کرد قوچی گەلاوێژ دەبێتە نیشانەی ناوەڕاستی چلەی زستان و «قوچی بەهاری - قوچی رەزبڕین» نیشانەی کۆتایی چلەی زستان و بەم حسابە دەبێ دروست کەری ڕوانگەو سالنامەی گەراو سەرەتای چلەی لەبیرنەچوویی و دەبێ قوچێکی بۆ تەرخان کردبێ چونکە دیاری کردنی ئەوەڵی چلە وەك ناوەڕاست و کۆتایی گرنگە ئەگەر گرنگتر نەبێ، سەرەتای چلەی زستانیش ڕۆژی «15» کانوونی دووەمە یانی دەبێ ئەم قوچە کە نەماوە دەکەوێتە نوقتەی ئاوابوونی خۆر لە ڕۆژی «14»ی ئەو مانگەدا، یانی دەکەوێتە باکووری قوچی کەلووی کارژەلە بە مەسافەی دووری (35م)و لە ژێر قوچی کەلووی دوڵکە بە «5» مەتریك.

قوچی کەلوی دوڵکە «برج الدلو»

وەك لەپێشدا باسمان کرد ئەم قوچە نەمابوو بەڵام لە ڕۆژی دووی نیسانی 1984دا جێگەی ئەم قوچەم دۆزیەوەو دروستم کردووە لە مەسافەی «41م و30سم» لە باکوری قوچی سەرەتایی زستان لە ڕۆژی 19ی کانوونی دووەم، دەبێ خۆر لەسەر ئەم قوچەدا ئاوابێ کە دەبێتە کۆتایی ڕۆژەکانی کەلوی کارژەلە «برج الجدي»و نیشانەی کەلووی دوڵکە کە لە 20ی کانوونی دووەم - 18ی شوباتە بەڵام هەر دەبێ ڕۆژ لە سەری ئاوابکرێ بۆ دڵنیایی کەلووی دولکە لە 45 ئەستێرە دەگرێتە خۆی وەك لە «ل 231 لە صورة الکواکب الثمانیة والاربعین»دا هاتووە.

قوچی گەلاوێژ

بە (15م و50سم) دەکەوێتە سەرو قوچی کەلووی دولکەو 51م لە قوچی کەلوی کارژەلە دوورەو کاتێ چووین بۆ دۆزینەوەی ڕوانگەکە قوچەکە کەمێك ڕوخابوو دەوری بنەکەی (2م و53سم) بوو ئەم قوچە نیشانەی ئەستێرەی گەلاوێژە یانی ئەم ئەستێرە گەشەی ئاسمان لەسەر ئەم قوچە ئاوادەبێ. لە شەوی 24/23ی نیسانی ئەم ساڵدا (1984) من لە مزگەوتی گەراو چاودێری ئاوابوونی گەلاوێژم دەکرد تا بزانم بەتەواوی لەسەر نیشانگرەکەیدا ئاوادەبێ یانا، بەراستی بینیم لە سەعات (11و37) دەقیقەدا لەسەر قوچەکە ئاوابوو «بە گوێرەی کاتی هاوین» یانی سەعات «10و37» دەقیقە بە گوێرەی کاتی جاران چونکە عیراق سەعاتێك لە بەهارو هاوین دا هێناوەتە

هەوالنامەی کتێب

پێش واتە پێش خستووە.

ئەستێرەی گەلاوێژ ئەستێرەی شیعرای یەمەنە «الشعری الیمانیة» لەعەرەبیدا چونکە لە هنداوی یەمەن ئاوا دەبێ‌و گەشترە لە ئەستێرەی شیعرای شام «الشعری الشامیة»وە لە لای ئیغریقیەکان «اغریق» ئەستێرەی «سیروس»ە کە پەرستویانە.

گەلاوێژ ئەستێرەیەکە لە کۆمەڵە ئەستێرەی سەگی گەورە «الکلب الاکبر» بە گوێرەی ئەستێرەناسی نوێی گەلاوێژ لە هەموو ئەستێرەکانی «ثابت» نزیك تری گۆی زەوی‌یەو 16 جار لە خۆر گەورەترە، هەروەها 26 جار لە خۆرێش رووناکترە پلەی رووناکی یەکەی «1/43 ـ» لە ژێر سفرەو لە ئەستێرناسی نوێدا یەك پلە، لە ژێر (سفر) رووناکترە لە دوو پلەونیو لەسەر سفر.(6)

جا هەر کاتێ خۆر گەیشتە جێگای ئاوابوونی گەلاوێژو لەسەر قوچەکەیدا ئاوابوو بۆ 45 رۆژ لە زستان دەچێ کە دەکاتە رۆژی 5/ شباتێ «بەو رۆژە لە کوردەواریدا دەڵێن «شەری خۆرو گەلاوێژ» جا بە گوێرەی رووانگە کوردی یەکەی گرِاو قوچی گەلاوێژ نیشانەی سێ کاتە:

1 ـ نیوەی وەرزی زستان.
2 ـ نیوەی چلەی زستان.
3 ـ نیوەی وەرزی پایز کە رۆژی (5)ی تشرینی دووەمە ئەوەی شایانی باسە نیشانەی وەرزی پایزو زستان لە «رووانگەی باری»یشدا هەیە.

قوچێکی نەناسراو

ئەم قوچە بە «4م» دەکەوێتە سەرووی قوچی گەلاوێژەوە لە پاڵ بەردێك دایە، بەرزی‌یەکەی (85)سم و هەندێك لە سەرەکەی رووخاوە، تا ئێستا ئێمە نازانین بۆچی‌یە؟...

قوچی بازبەران (کەلوی نەهەنگ) برج الحوت

ئەم قوچە بە (5م و20سم) دەکەوێتە سەرو قوچی نەناسراوو «19م و 20سم»سەرو قوچی گەلاوێژ.

وەك لەپێشدا باسمان کرد خەڵکەکە لەوە زیاتریان نەدەزانی کە کاتی خۆر دەگاتە ئەم قوچە خۆر بە خیرایی دەڕوا هەر رۆژی بە ئەندازەی بازی بەرانێك چونکە دنیا بەرەو بەهار دەڕواو لەبەر ئەمە ناونراوە «قوچی بازبەران» بەڵام ئێمەش خەڵکی گرِاو بەتایبەتی حاجی حسن و کاك عثمان قادر ئەماشای خۆریان کردبوو لە رۆژی (18) شوبات خۆر لەسەر ئەم قوچە ئاوابوو بەمەدا بۆمان ئاشکرا دەبێ کە ئەم قوچە نیشانەی کەلووی نەهەنگە «برج الحوت» کە لە رۆژی (19)ی شوباتدا دەست پێدەکات، ئەوەی شایانی باسە «بازبەران» لە حسابی کوردەواریدا لە ناوچەی هەولێرو سلیمانی‌دا هەیە بەڵام لە بارەی بازبەران جیاوازی هەیە هەروەها (بازبەران) کراوە بە ناوی مانگێك لە مانگە کوردییەکان، کە مانگی رەشەمی‌یە، یانی ئەم مانگەی کە خۆر دکەوێتە کەلوی نەهەنگ هەر لەبەر ئەم مانایەی رابوردومان.

قوچی بهاری - قوچی رەزبرین

کوتایی چلەی زستان.
حسابی کوێستان و گەرمیان.

ئەم قوچە دەکەوێتە سەرو (قوچی بازبەران) بە (18م و50سم)وە (175سم) بلندەو دەوری بنەکەی (4م و50سم)ە.

دوو ناوی هەیە دەڵێن «قوچی بهاری»و «قوچی رەزبرین»و ئەم سێ مانایە دەبەخشێ:

1 ـ کوتایی چلەی زستان چونکە بەگوێری روانین (ارصاد)ی ئەم ساڵەمان (ساڵی 1984) لە رۆژی 24 شوبات خۆر گەهیوەتە (گەیشتۆتە) سەری وە باسیشمان کرد کە (قوچی گەلاوێژ) نیشانەی نیوەی چلەیەو دەبێ

بزانین مەسەلەی چلەی زستان لە کوردەواریدا گرنگ بووە لە حیسابی ساڵداو حیسابداڕە کوردەکان ڕۆژ بە ڕۆژیان حساب دەکردو نیشانەی دەستکردە، وەیان نیشانەی سروشتی وەك لوتکەشاخ و بەرد، یان کەلێنەبەرد، وەیان درەختیان دەکردە نیشانەی سەرەتاو ناوەراست و کۆتایی چلە، چونکە کورد، لە چلەی زستان دا بەتایبەتی جاران زۆر سەغلەت دەبون لەبەر بەفرو سەرماو زۆر جار ڕێگەی هاتوچوکردن لەبەینی گوندەکان و بەینی گوندوشار دەهاتە گیران لەبەر بەفر، مەڕو مالاتیان لە برسا تۆشی سەغلەتی دەبوو.

2 ـ هەروەها ئەم قۆچە کراوەتە نیشانەی کاتی ڕەزبڕین کە مانایەکی ئابوری کشتوکاڵ دەبەخشێ وەك لە دواییدا باشتر باسی لێ دەکەین.

3 ـ حیسابی کۆستان و گەرمیان.

لە حیسابی کوردەواریدا ناوچەکانی کۆستان و گەرمیان لەیەك جیاکراونەتەوە، چونکە بە گوێرەی ئاوو هەوای ناوخویی بەهاری ناوچەکانی گەرم زووتر دەستی پێدەکرد، لە بەهاری ناوچە کۆستانیەکان وەیان بڵێین ناوچە شاخاوییە بەرزەکان، هەروەك زستانی ناوچە کۆستانیەکان زووتر دەستی پێدەکردو لە هندێك ناوچەکانی کوردستان دا بەم حیسابەش گوتراوە «حیسابی لەیلاخ و گەرمیان» لەم بارەوە هندێك زانیاری هاتووە لە ووتاری (بورجەکانی ساڵ) لە نامیلکەی «سرنجیك لە دەروازەی فولکلوری کوردی»ل 118و 122 لەم سەرچاوەیەدا واهاتووە، کە (ژمێرەی لەیلاخ یانی کۆستان 20 ـ 22 ڕۆژ پێش ژمێرەی فارسەوە دەست پێدەکا بەڵام ژمێرەی گەرمیان (15) ڕۆژ لە پێش ژمێرەی فارسەوەیە) یان پێنج تاحەوت ڕۆژ بەینی کۆستان و گەرمیان فەرقیان هەیە ئەمەش دەبێ بە گوێرەی وەرزی زستان بێ یانی زستانی ناوچە کۆستانیەکان (لەیلاخ) لەپێش ناوچە گەرمیەکان دێت هەروەها لەم سەرچاوەیەدا واهاتووە کە سەری ساڵی گەرمیان (15) ڕۆژ پێش سەری ساڵی (گەڵەزەردە)یەو سەری ساڵی گەڵەزەردەش چوار ڕۆژ پێش سەری ساڵی (بارێ)یە.

بە گوێرەی لێکۆڵینەی خوم سەری ساڵی گەڵەزەردە (14)ی ئاداڕە کە دەکاتە ئەوەڵی ساڵی حیسابی ڕومیو سەری ساڵی بارێ (17)ی ئاداڕە.

یانی سەری ساڵی گەرمیان دەبێ لە 28 شوبات دا بێو ئەمەش زۆر نیزیکی سەری ساڵی گەرمیانە، بە گوێرەی ڕوانگەی گڕاو یانی بە گوێرەی (قوچی بهارێ) کە ڕۆژی 25 شوباتە، یانی بەپێیان سێ ڕۆژە.

ڕۆژی یەکەم کە چوم بۆ گڕاو لەسەر بانی مزگەوت بەرامبەری قوچەکانی ڕوانگەکە لە شارەزاکانی گڕاوم پرسی: چۆن دەبێ ئەم قوچە نیشانەی بهار بێ لە کاتێك دا ئێوە دەڵێن بهارمان (تەرازوو)ە یانی 21 ئاداڕە؟ گوتیان ئەم قوچە نیشانەی سەرەتای بهاری (قەراج)و دەشتی هەولێرە (یانی زنجیرە شاخی قەرەچوخ کە بەرزییەکەی (798م)ە دەکەوێتە پشت شاری مەخموری قەزای هەولێر (اربیل)و بە مەسافەی دووری (67کم) لە باشوری خۆرئاوای هەولێر).

هەروەها گوتیان ئەم قوچە نیشانەی بەهاری ناوچە دەشتاوێەکانە بەڵام (تەرازوو) نیشانەی بەهاری «کێلەشین»و ناوچە شاخاوێەکانە، دیسان گوتیان گڕاویش سەر بە (کیلەشین)ە.

مەبەستیان لەو کێلەشینە کۆستانەیە کە کەوتووەتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵات لەناوچەی ڕەواندز کە شوێنەوارێکی کۆنەشە جا دیارە ئەم قوچەی ڕوانگەکە کراوەتە نیشانەی «حیسابی گەرمیان» لە «حیسابی کۆستان و گەرمیان»ەی کوردەواری یانی نیشانەی بەهاری ناوچە گەرمیەکانی کوردستانی باشوریەیە کە دەکەوێتە نێوبەینی زنجیرە شاخەکانی (زاگروس)و ڕوباری (دیجلە) وەك دەشتەکانی هەولێرو کەرکوك و حەمرین و خانەقین و هەروەها ناوچەی شاخاوی پێل دار کە دەکەوێتە پشت شاخەکانی قەرەداغ تا کوفریو طوز خورماتو و دەقوقا وهەروەها دەشتە کوردیەکانی خارو زنجیرە شاخەکانی (تورس)و ڕۆژئاوای ڕوباری دیجلە وباکوری ڕوباری فورات وەك دەشتەکانی جزیرا بوتان و

هەوالنامەی کێبڕکێ

نسیبین و ماردین و ئورفـاو دیاربـەکـرو ئەدیەمان و عینتاب و مەرەش کە بەنسبـەت ناوچـە شاخـاویـەکـانی کوردستـان و ئاووهەوایی ناوخوییەوە گەرمیانن.

قوچەکانی تەرازوو «المیزان»

قوچەکانی تەرازوو سێ قوچەو هەرسێکیان ساغ بوون و دەکەونە ئەو جێگا تەختاوییەی ناوەراستی شاخەکە.

أ ـ بەپێی لەگـەڵ (قـوچی بەهـاری ـ قوچی رەزبـەرین) 52م و40 سم، بڵنـدی قوچـەکـە «2م و 20سم» دووری بنـەکـەی «4م و 35سم»ە خەڵـك دەڵێن خۆر بە خێـراخیرا دێت لە مەسافەی مابەینی ئەم قوچەو (قوچی بەهاری).

ب ـ قوچی دووەم بە (5م و 30سم) لە قوچی یەکەمی تەرازوو دوورەو بڵنـدایـەتـی (2م و 20ســم)ە، دووری بنەکەی (4م و 74سم)ە.

جـ ـ قوچـی سێیـەم بە (4م و 70ســم) لەگـەڵ هی دووەم دوورە، بەرزییـەکـەی (1م و 50ســم)و دووری بنەکەی (4م و 70سم)ە.

قوچی سێیەمی تەرازوو

لە ڕاستیدا ئەم قوچـە یەکـەمین نیشـانگـرەکـانی ڕوانگـەکـەیە چونکـە نیشانەی یەکەمین دوازدە بورجەکانی فەلـەکی ئاسمانـە کە کەلـووی کاوەرە «برج الحمـل» کە نیشـانـەی سەرەتـای ساڵەکە «21 ئازارە» «ڕۆژی نەوروزە» ئەم قوچـە لەســەر خاڵی یەکتـریـەرین «دائـرة معـدل النهار» دانـراوە کە لە فەلـەکیـاتی ئیـسلامیدا پێی دەڵێن «الفلك المستقیم» لەگـەڵ خاڵی «دائـرة البـروج» ولـە (هنـداوی) خەتی ئیستیـوائی ئەرزی ئەم نوقتـەیـە لە دەست پێکـردنی هێلی درێـژی ئاسمـان (خطـوط الطـول السماوية) مقابل گرینـویـج لە دەست پێکـردنی (خطـوط الطـول على الارض)و بەم نوقتـەیـە دەڵێن «نقطـة الاعتـدال الـربیعی» وەهەروەها ئەم نوقتەیە زەبتی گۆشەی کات ژمێری «الزاویه الساعیه» دەکا بەنیسبـەت هەرئەستێرەیێك شەو و ڕۆژ لەسەر ئەم قوچـە بەرامبـەر یەك دەبن بێکـەم و زیـاد چونکە «میل الشمس» لە سەر قوچـەکـە سفـرە لە ڕۆژی (12 ئازاردا) دوایی وورده وورده کە خۆر بەرەو باکـور دەچێ ڕۆژ زیـاد دەکا وشەو کورت دەبێ تا دەگاتە قوچی گەڕانەوەی سەری هاوین، یانی دەگـاتـە (مـدار الـسرطان) ویان بڵێین کەلوی ڤرژال (بـرج الـســرطـان) لە ڕۆژی 12 حوزیـران کە درێـژتـرین ڕۆژەو ئیتـر وورده وورده خۆر بەرەو باشـوور دەگـەڕێتـەوە تا جارێکی تر دەگـاتە سەر (خط معدل النهار) یانی سەر ئەم قوچـەی سێیـەمینی تەرازوو کە ئەم جارە دەبێتە «نقطة الاعتدال الخریف» لە ڕۆژی 12 ئەیلول دا کەشـەوو ڕۆژ بەرامبـەر یەك دەبن کە ڕۆژ سەری دەگـاتـە کەلـووی تەرازوو «برج المیزان» کەسـەرەتای پاییزە دوایی دیـسان ڕۆژ کورت دەبێو شەو درێـژ دەبێ تا ڕۆژ دەگـاتـە قوچی سەرەتای زستان یانی کەلووی کارژەلە «برج جدي» هەروەهـا هەر ئەم قوچـە نیشـانـەی «نقطـة الاعتـدال الخـریفی»یە بەڵام بەگـوێـرەی «الشكل الظاهرة»ی ڕوانگە یانی چونیـەتی قوچـەکـانی لەسەر شاخەکە نەك بەشێوەی وەزعیـەتی بورجەکان لە «دائرة البروج»ی فەلەکیدا وەکو لە پێشا باسمان کرد، قوچەکانی تەرازوو نیشانەی ئەم سێ شتانەیە:

أ ـ ئەستێرەکانی تەرازوو یانی سێ ئەستێرەی پێشووی هەر ئەستێرەیەك لەسەر یەکێك لەم سێ قوچانەدا ئاوادەبێ بۆ دڵنیای ئەمە شەوی 4/3 نیسانی ڕابوواردو لە مزگەوتی گراو چاودێـری ئاوابـوونی ئەستێـرەی تەرازوم کرد لەسـەر ئاسۆی شاخەکەدا لە سەعات «10 و 45» دەقیقەدا لەسەر قوچـەکـان ئاوابـوو ئەمەش بە تەوقیتی هاوین کە سەعاتێك هاتووەتە پێش یانی لە سەعات «9 و 45» دقیقەدا.

ب ـ نیشانەی بورجی تەرازووە «برج المیزان» کە «17» ئەستێرە دەگرێتە خۆی وەك لە «ل 198 من صورة الكواكب الثمانیه والاربعین» دا هاتووە.

جـ - نیشانەی بورجی کاوڕ «برج الحمل»ەوئەم کەلووە «18» ئەستێرەیە.

خەڵکی گراو دەڵێن جاران ناوی (نەوروز) لە لامان نەبو بەلکو لە باتێ ئەو (تەرازوو)مان بە کاردەهێنا دەمان گوت خۆر گەیشتە تەرازوو وە بۆ سەرەتای بەهارو بەهارمان تەرازوو بووە هەروەها مامۆستا مەلا مستەفای بێلنگەیش کە تەمەنی دەوری «80» ساڵەو زانایێکی باشە دەڵی بەهاری بێلنگە «تەرازووە» نەك نەوروز بێلنگەش دەکەوێتە ناوچەی هیران لە خۆشناوەتی بەلای بتوێنەوە.

لە «کانی تووەش هەربەم شێوەیە کە جێگایەك لە شاخی هێلانەقەلی کانیتوو دەست نیشان کراوە بۆ تەرازوو بەلکو لە ناوچەی قەندیلیش هەرحسابی بەهارو پایز بەتەرازووە یانی ناوی تەرازوو هەبوو ناوی نەوروزیان بە کار نەدەهێنا.

شەڕی ڕۆژو تەرازوو

لە حسابی کوردەواریدا ئەم پەندی «شەری ڕۆژو تەرازووە» یەناوبانگە بەو ڕۆژانە دەڵێن کە خۆر دەگاتە سەرەتای تەرازوو تا ئەوپەڕیتری تەرازوو کە بڕیتییە لە چەند ڕۆژێك یانی هەروەك ئەوەی خۆر حەز بکات لە تەرازوو تێپەڕ ببێت و تەرازوو نایەڵێت بە گوێرەی ئەماشاکردنی ئیمسالی ڕوانگەی گراو یانی «ساڵی 1984» خۆر حەوت ڕۆژ لە تەرازووداماینەوە یانی ڕۆژی «14» ئادار خۆر گەیشتە قوچی یەکەمی تەرازوو وڕۆژی «20»ی گەیشتە قوچی سێیەمی یانی بەحەوت ڕۆژ قوچەکانی سێ ئەستێرەی تەرازوو دەبڕێ کەدڕێژییان (14م)ە بەڵام لە کانیتوو دەڵێن ڕۆژ نۆ ڕۆژی لە تەرازووداماموستا مەلا مستەفاش دەڵێ: تەرازوو نۆ ڕۆژە چوار لە زستانەو چوار ڕۆژ لە بەهارە و حیسابدارەکان ئەو ڕۆژەی تریش دەدەنە پاڵ زستان یانی پێنج ڕۆژی زستانەو چواری بەهارە. بەڕێز مەلا احمدی سەردەریی لە (سالنامەی کورپاشا)دا دەڵێ شەڕی ڕۆژو تەرازوو سێ ڕۆژە و لە 17 ئادارەوەیش حیسابی کردووە یانی خۆر سێ لە تەرازوودا دەمێنی بەڵام ئەمە هەڵەیە چونکە ئەگەر سێ ڕۆژ بێ دەبێ لە 18 ئادارەوەیێ نەك حەفدەوە بێ. دوور نیە ئەم جیاوازییە لە مانەوەی خۆر لە تەرازوودا لە دوورو نیزیکی نیشانگرەکانی تەرازوو پەیدا بووە، لە جێگای تەماشاکردن (مکان الرصد) کە لە چەند ناوچەیێك دا هەبووە لە کوردستان وەك کەلیخان و کانیتوو گراو.

ئەوەی شایانی باسە سێ قوچی تەرازوو لەنێو ڕوانگەو سالنامەی (بارێ)ش دا هەیە تا ئەو گردەی ڕوانگە کە لەسەریەتی ناوی تەرازووی لێ کراوەو پێ دەڵێن «گردی تەرازووە» زانیاریەکی باشمان لەم بارەوە وەرگرتووە بەتایبەتی لە غەفور ئاغای بارێ و دورنیە ئەم ڕەوانگەیەش ڕێك بێ لەگەڵ هێ گراو)دا.

حیسابی ڕومی

خەڵکی گراو باسی حیسابی ڕۆمیش دەکەن من کە دەربارەی (قوچی بهارێ، قوچی ڕەزبرین)م لێیان پرسی هیندێکیان گوتیان نیشانەی بهاری دەشتی هەولێرو (قەراج)ە و نیشانەی حیسابی ڕومییەش، گوتیان باسی حیسابی ڕۆمیش لە نێو ئیمەدا هەبووەو لە گراو زانراوە. بەڵام ئێستا کە حیسابداری باش لە گراو نەماوە پاش حاجی ئیسماعیلی حەمەدی مام عەبایی کەس بەسەر نیشانگرەی حیسابی ڕومییەوە هەڵنایێ لە نێو ڕوانگەکەدا، من دەڵێم ئەگەر هەبوبێ دەبێ نیشانەکەی قوچی یەکەمی تەرازوبێ چونکە بەتەماشاکردنی ئیمسالمان یانی ساڵی (1985)و ساڵی پارێش لە ڕۆژی 13 /ئادار خۆر لەسەر ئەم قوچەدا ئاوابوو، وەها بەم شێوەیە دەبێتە نیشانەی حیسابی ڕومی چونکە ڕۆژی دوابی یانی ڕۆژی 14 ئادار سەری ساڵی ڕومی خۆرهەڵاتە. من لەو قەناعەتەدام کە ئەم قوچەی یەکەمینی تەرازوو کراوەتە نیشانەی سەری ساڵی ڕومیو پیبری خەڵکی ئێستا نەماوە لەبەر ئەمە هیندێکیان

هەوالنامەی کێبڕکێ

دەیان گوت قوچی بهاری نیشانەی حیسابی رومی‌یە

قوچی کەلوی (گا)و کەلوی فەریك

(برج الثور وبرج السنبلة)

ئەم قوچە لە نێو روانگەکەدا نەمابوو چونکە لە کاتێك دا لەناوچووە لەبەر ئەمە لە رۆژی 22 ئابی 1984 چووم بو گراو و ئەم قوچەم دروست کرد لە نوقتەی (63م و 50سم)دا سەرو قوچی سێیەمی تەرازوو و (27م) خارووی (قوچی داری لولکان): چوار قوتابی خەڵکی گراوم نارده سەر شاخەکە و خۆم لە مزگەوت لە جێگای روانین مامەوە لەگەڵ زۆر کەس لە خەڵکی دێیەکەدا تەماشای ئاوابوونی خۆرمان دەکرد بە ئیشارەت و بە بانگ کردن وامان کرد کە یەکێکیان لە نوقتەی ئاوابوونی خۆر لەسەر ئاسۆی شاخەکەدا بوەستێ کە ئاوابوو، هەروەك ئەو کەسە لە نێو دقرص‌ەی خۆردا وەستایێ ووتمان بەرد لەوی دابنێن و قوچ دروست بکەن، ئەوسا چووم بۆ لایان و قوچمان بڵند کردەوە بە بەرد بە بێ ئەوەی کە هیچ قورو گەچ بەکاربهێنین ، وەك قوچەکانی ئەسڵی کە بەم شێوەیەن وە چەند وێنەیەکی ئەوانم گرت لە کاتی دروست کردنی قوچەکەدا بۆئەوەی ئەو قوچە لە هاتنەوەی خۆردا ببێتە نیشانەی کەلووی گا (برج الثور)، چونکە خۆر لە (20) یا (21)ی نیسانەوە تا (21)ی ئایار بەحسێبی کەلووکان لەسەر ئەم کەلووە دەبێ. هەمان قووچ لە گەڕانەوەی خۆردا لە خولگەی قرژال (مدار السرطان)ەوە بۆ خولگەی کارژۆلە (مدار الجدي) دەبێتە نیشانەی فەریك (برج السنبلة) کە لە ئەستێرەناسیی ئیسلامیدا پێ‌دەڵێن کەلووی کچ (برج العذراء)ش، چونکە خۆر لە (22)یا (23)ی ئابەوەتا (21) یا (22)ی ئەیلوول دەکەوێتە ئەم کەلووەوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە سەرچاوەکان لە رووی دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی کەلووەکانەوە جیاوازییان لە نێواندا هەیە. شایانی باسە چەند مەترێك لە نێزیك ئەو جێگەیەوە کە ئەم قووچەمان تێدا دروست کردەوە دوو بناخە هەن یەکێکیان لەبەر ئەوەی کە رێکوپێکەو بەردەکانی لە هیی دیواری خانوو دەچێ بەلامانەوە گرینگە. بەڵام هێشتا ناتوانین بڵێین ئەوانە هیی چین و پێویستە لە داهاتوودا لێیان بکۆڵدرێتەوە.

قووچی داری لولکان

ئەو قووچە نیشانەی نیوەی وەرزی بەهارو نیوەی وەرزی هاوینیشە. ئەم قووچە وا دیارە زوو ڕووخاوە، بۆیە خەڵکی گراو داربەڕوویێکی نێزیك قووچەکەیان کردووە بەنیشانە، جا ئیتر ئەوە دوو سەد ساڵێك لەمەوبەر یا زیاتر بووبێ بەڵکوو دوور نیە زیاتریش بێ‌چونکە شاخەکە بە ناوی ئەو داربەڕووەوە ناونراوە (شاخی داری لولکان). پاشتر لە بیری خەڵك چووەتەوە، کە ئەوە نیشانەی نیوەی هەردوو بەهارو هاوینەو، تەنیا بە نیشانەی (خاکەڵێوەی بەهار)یان داناوە. ئەو کاتە ئازووخەو تفاقی کۆن کەم بووەو باری ئابووری ناوچەت بووەو خەڵك جۆرە شۆرباییکی ئاردیان دروست کردووە کە پێیان گوتووە «شۆربای لولکان». هەروەها خەڵك ئەو قووچەیان کردووە بەنیشانەی هەڵاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ لە هاوینەدا، ئیتر بەوەدا بۆم دەرکەوت کە ئەو داربەڕووە نیشانەی نیوەی دوو وەرزی بەهارو هاوینە، واتە خۆر لە (5)ی ئایارو (5)ی ئابدا دەگاتە ئەو جێگەیە. ڕەنگە لەکاتی پێك هێنانی ڕوانگەکەدا ئەو داربەڕووە هەبووبێ و کرابێتە نیشانگرێك و، ئیدی دانانی قووچەبەرد لەو شوێنەدا پێویست نەبووبێ. لەم چەند ساڵەی پێشوودا دارەکە وشك بووەو خەڵکەکەش دارکاژ (سنوبەر)یکیان لە جێدا ڕووانەوە، بەڵام ئەویش خۆی نەگرتووەو زوو وشك بووە. داوام لە خەڵکی گراو کرد لە ڕۆژی (4)ی ئایاری 1984دا چاودێریی خۆربکەن و هاتە سەر هەر جێگەیێك قووچێکی لێ دروست بکەن، ئەوانیش داخوازەکەیان جێبەجێ‌کرد. ئەوەم بۆ ئەوە بوو، چونکە ڕۆژی (5)ی ئایار نیوەی وەرزی بەهارە ئەگەر وەك خەڵکی گراو دەڵێن

سەرەتای هەر وەرزێك لە رۆژی (21)ەوە دەست پێ بکا. بەڵام ئەمە قایلی دوو رۆژ دواخستنە. ئەوەی شایانی باسە هەمان قوچ لەنێو رەوانگەو سالنامەی (بارێ) ش داهەیە.

قووچی داری لولکان بە دووریی (91) مەتر دەکەوێتە سەرووی قوچی سێیەمی تەرازووەوو بە دووریی (47) مەتریش دەکەوێتە خواروی قووچی گەرانەوەی سەری هاوینەوە.

بەینی لەگەڵ قوچی کەلوی گادا (27م)ە.

قووچی کەلووی «جوزاء»و کەلووی شێر (برج الأسد)

ئەم قووچە شوێنەواری نەمابوو، بۆیە رۆژی (21) ئایار من کە لە گەرانێکی بەلگەنامە (الوثائق)دابووم لەکرکوك چووم بۆ دێی گراوو سەرلەنوێ قوچەکەم دروست کردەوە، شێوە دروستکردنەوەکەشی لە هیی قووچی کەلووی گا و کەلووی فەریك دەچێت. کەلووی (جوزاء) لە ئەستێرەناسیی ئیسلامیدا پێشی دەڵێن (جیوك) (التوأمان) چونکە لە کۆنەوە وێنەی کوڕو کچێکی بۆ بەخەیاڵ وێنە کێشراوە. رۆژی (22)یا (21) ئایار خۆر دەکەوێتە ئەم کەلووەوە کە سێیەمین کەلووی بەهارە. ئەم قوچە لە گەرانەوەی خۆردا دەبێتە نیشانەی کەلووی شێر (الأسد) کە کەلووی دووەمی هاوینە. چونکە خۆر لە رۆژی (23)ی تەموزدا دەگاتە سەر ئەم کەلووە. ئەم قوچە (16) مەتر وا لە خواروی قووچی گەرانەوەی سەری هاوینەوەو یانی (16) مەتریش دورە لە نێزیك خاڵی کۆتایی رەوانگەکەوە. بەینی ئەم قوچە لەگەڵ قوچی داری لولکان (27م).

قووچی گەرانەوەی سەری هاوین (برج السرطان)

ئەم قوچە ئەگەرچی هێندێکی لێ ڕووخابوو بەڵام (80) سانتیمەتر لە بەرزاییەکەی مابووەوو دەوری بنکەکەی (2,46) مەتربوو (27) مەتر لە قووچی جەوزاء دوورە.

ئەم نیشانگرە کەلووی قرژاڵ (برج السرطان)ە کە برێتییە لە (13) ئەستێرە. رۆژی (20) حوزەیران کە درێژترین رۆژی ساڵە، خۆر دەگاتە ئەم قووچەو چیتر بەلای باکوورەوە ناچێ. واتە خۆر دەگاتە سەر هێڵی پانیی (23,5)پلە کە خولگەی قرژاڵە (مدار السرطان)و ئەمجا بەرەو باشوور دەگەڕێتەوە. رۆژی (21) حوزەیران سەرەتای هاوینە. بۆیە خەڵکی گراو بەم قووچە دەڵێن «قووچی گەرانەوەی سەری هاوین» یانی «نقطة الانقلاب الصيفي». دیارە دروستکەری ئەم سالنامەیە ئەو ناوە وردو زانستییەی لەم قووچە ناوەکە (اشارة بداية الانقلاب الصيفي) دەگرێتەوە.

ئەستێرەی «پیروو»و ئەم قووچە

قووچی گەرانەوەی سەری هاوین پاستەوپاست بەناوی ئەستێرەی پیروو (کێ) (ثریا)ەوە دەست نیشان نەکراوە، بەڵام ووك لەپێشەوە گوتمان نیشانەی جێ ئاوابوونیەتی.

جاوەك خەڵکی گراویش دەڵێن کە خۆر دەگاتە جێگەی پیروو دەبێتە سەرەتای هاوین.. بۆ دڵنیابوونم لەوە شەوی (24/23)ی نیسانی 1984 لە مزگەوتی گراوەوە چاو دێریی ئاوابوونی ئەستێرەی پیرووم کرد، پینیم سەعات (10)ی شەو بەپێی سەعاتی هاوینە لەسەر ئەم قووچە اوابوو. شارەزایانی گراو دەڵێن شەوی (21/20)ی کانوونی یەکەم پیروو لەسەر قووچی گەرانەوەی سەری هاوین ئاوادەبێ، خۆریش لە ئێوارەی ئەو شەوەدا لەسەر قووچی سەرەتای زستان ئاوادەبێ. واتە پیروو لەم سەری ڕەوانگەکەو خۆر لەو سەریترەو، ئەم شەوەش سەرەتای زستانە. ئەوەیە ڕاستیی ئەوە کە دەڵێن: «ئاوابوونی پیروو لە قووچی سەری زستاندایە».

مەبەستیان لەوەیە کە لەم شەوەدا پیروو بۆیەکەمین جار ئاوادەبێ، چونکە پێش شەوی (20)ی کانوونی یەکەم

پیروو هیچ شەوێك ئاوانابێ، بەڵکە هەر بە ئاسمانەوە دەبێ و دەمێنێتەوە تاکوو بەیانی. بەڵام پاش ئەو شەوە پیروو هەموو شەوێك ئاوا دەبێ و تا بەیانی نامێنێتەوە، تا بە یەکجارەکی ئاوا دەبێ و ئیتر هیچ شەوێك دەرناکەوێت. حسێبداری کورد مەلا عومەری بەنجووریی شالەبەگی لە (رۆژنامە) کەیدا دەڵێت: - «پیروو بۆماوەی چل شەوی تەواو، واتە لە شەوی (14)ی نیسانەوە بۆ (22)ی ئایار، ئاوادەبێ و دەرناکەوێت تا لەم شەوەی دواییاندا هەڵدێتەوە». بەڵام خەڵکی ناوچەی قەندیل دەڵێن پیروو لە (2)ی حوزەیراندا هەڵدێت.

شایانی باسە کە پیروو (کۆ) حەوت ئەستێرەیەو وەك هێشووەتری دەردەکەوێ و لە کۆمەڵەی ئەستێرەکانی گا (الثور)ەیەو، پلەی ڕووناکی یێکەی لە پۆلی (5)ەو (23,410) ساڵی ڕووناکی لە زەویيەوە دوورە.

گەڕانەوەی خۆر

ئەوەی باس کرا، هاتنەوەی خۆر بوو لە قووچی سەرەتای زستانەوە بۆ قووچی گەڕانەوەی سەری هاوین، واتە هاتنی خۆر لە خولگەی کارژەلە (مدار الجدي)وە بۆ خولگەی قرژاڵ (مدار السرطان). چونکە یەکەم خولگەی کارژەلەو قووچی دواهەمین خولگەی قرژاڵ پێشان دەدەن. هاتنەوەی خۆر شەش مانگی ڕەبەق دەخایێنێ، سێ مانگی زستان و سێ مانگی بەهار. گەڕانەوەی خۆریش بەسەر نیشانگرەکانی ساڵنامەکەدا لە قووچی گەڕانەوەی سەری هاوینەوە تا قووچی سەرەتای زستان شەش مانگ دەگرێتەوە، سێ مانگی هاوین و سێ مانگی پایز. کاتێك خۆر دەگاتە قووچی داری لولکا دەبێتە نیوەی هاوین کە ڕێکەوتی (5)ی ئابە. کاتێك دەگاتە قووچی سێیەمی تەرازوو دەبێتە سەرەتای پایز کە ڕێکەوتی (21)ی ئەیلوولە. لە قووچی گەلاوێژدا دەبێتە نیوەی پایز کە ڕێکەوتی (5) تەشرینی دووهەمە. کە گەیشتە قووچی سەرەتای زستان لە ڕۆژی (20)ی کانوونی یەکەمدا شەش مانگە کە تەواو دەبێ و ڕۆژی دوایی سەرەتای زستان دەست پێ دەکات. بیستەمین ڕۆژی مانگەکان کە کۆتایی وەرزەکانی ساڵە. خۆر دەگاتە سەر قووچەکان و ڕۆژی دواییش دەبێتە سەرەتای وەرزەکان. بەڵام هێندێك سال وەك یەك نیە بەڵکو پێویستە چەند ساڵێك تەماشای ڕۆژ بکرێ تا بزانرێ ئەو فەرقەی بەینی ڕۆژی 20 ـ 23 چۆنە لەدوایشدا باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین.

سوود وەرگرتن لە ساڵنامەکە بۆ ئامانجی تر

خەڵکی گڕاو جگە لە زانینی کاتەکانی ساڵ کەڵکی تریان لە ڕوانگەکە بینیوەو بەستوویانەتەوە بە باری ئابووریيانەوە کە بە زۆری کشتوکاڵ دەگرێتەوە، لەوانە کاتی ڕەز بڕین. کاتێك خۆر لەسەر (قووچی ڕەزبڕین) ئاوادەبێ، خەڵك دەست بە بڕینی ڕەز دەکەن، ئەوەش ڕێکەوتی (25)ی ئاداره. ئاشکرایە ڕەز لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەورێکی گرنگی لە ژیانی ئابووریی کوردەواریدا هەیە. دێی واهەیە زۆربەی گوزەرانەکەی لەسەر ڕەزە، وەك گڕاو لە سەردەمی ڕابردوودا، چونکە ڕەزێکی فرەی هەیە.

خەڵکی گڕاو دەڵێن گەرچی ئێمە لەم کاتەدا دەکەوینە ڕەزبڕین، بەڵام سەرەڕای ئەوە گوتەیێکی بە نرخ لە نێوماندا بڵاوە دەڵێت: - هەر ڕەزەکی خۆشت دەوێ باوێژە پاش تەرازووی».

واتە کە خۆر لە تەرازوو تێپەڕبوو - پاش (20)ی ئادار - ئەو دەمە ڕەزبڕین باشترە خەڵکەکەش دەڵێن ئەگەر پێش تەرازوو ڕەزنەبڕین فریاناکەوین و دوادەکەوین لەبەر ئەوە کە خۆر دەگاتە قووچی ڕەزبڕین (قووچی بەهارێ) ڕەزبڕین دەست پێ دەکات.

هەڵاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ

هەڵهاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ بەلای ئێمەی کوردەوە

هەواڵنامەی کێتی

بایەخدارە، چونکە هەر پاش ئەوە گەرمای هاوین دەشکێ و دنیا فێنک دەبێ و تریش لە ناوچە شاخاوییەکان پێ دەگات و دەخورێت.

هەروەها کە گەلاوێژ هەڵدێت خەڵک گەنم و جۆ، دەچێنن. بۆیە کوردو بەتایبەت حسێبدارەکان چاوەڕوانی هەڵهاتنەکەی دەکەن. بە پێی ئەم ڕوانگەیە، قووچی داری لولکان نیشانەی دەرکەوتنی گەلاوێژە لە پشت چیای (سەفین)ەوە، وەک چۆن نیشانەی نیوەی وەرزی هاوینە.

پەڵە کەوتن

کاتێک باران بە ئەندازەیێک بباریت کە زەوی تەڕو پاراوبکات و بە کەڵکی شین بوونی گەنم و جۆ بێ، پێی دەڵێن (حەقە پەڵە). بە گوێرەی سالنامەکە، (5 - 10)ی تەشرینی دووەم کە خۆر لە قووچی گەلاوێژدا دەبێ، ئەو دەمە وەختی پەڵە کەوتنە. چونکە لە (5)ی ئەو مانگەدا خۆر لە گەڕانەوەیدا دەگاتە قووچی گەلاوێژ. بێگومان ئەم کات دەست نیشانکردنە بۆ زۆربەی سالەکانەوە، ئاشکرایشە کە هێندێک سال باران پێش یان پاش دەکەوێ.

دوورنییە ئەم مەسەلەی پەڵە کەوتنە هەروەکوو ڕەزبرینەکە لە دانانی ئەو زانا ئەستێرەناسە بێ کە سالنامەکەی ئامادە کردووە. پاشتر دووجار بە هۆی بەڕێز کاك قادر عوسمان قادری گڕاوییەوە لەم کاتی پەڵە کەوتنە دنیا کراوەتەوەو هەمان وەڵامی داوەوە، ئەویش بە ڕاوەرگرتنی پیرەمێردە شارەزاکانی ئەم دێیە. لە شارباژێڕو دەوروبەری وشەی (پەڵەدان) بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێنن.

سەرمای پیرەژن (برد العجوز)

کاتی هاتنی سەرمای پیرەژن لە کوردەواریدا، بە پێی ئاوو هەوای کوردستان، پاش سەرمای زستانە. هەموو سالێک لەم سەروەختەدا بایێکی بە هێزو سارد بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک هەڵدەکات کە بە کرمانجی باکوور (بایێ زیپا)ی پێ دەڵێن، کە خۆر دەگاتە سێ قووچی ئەستێرەکانی تەرازووی ئەم ڕوانگەیە سەرمای پیرەژن دەست پێ دەکات، ئەویش وەک خەڵکی گڕاو دەڵێن و ئاشکرایە لەلایان.

خاکەلێوە

وەک باس کرا. خەڵکەکە نیشانگرێکی ئەم ڕوانگەیە کە داری لولکایە بە نیشانەی خاکەلێوە (ئاخلیفە)ی بەهار دادەنێن. لە ڕۆژی (5)ی ئایاردا خۆر دەگاتە سەر ئەم قووچە.

بەربوون و زایینی حەیوانە کێوی

خەڵک کاتی بەربوونی (حەیوانە کێوی) کە دەمی ڕاووشکارە بە سالنامەکەوە دەبەستنەوەو، دەڵێن کە خۆر لە گەڕانەوەکەیدا گەیشتەوە قووچی یەکەمی ڕوانگەکە ئەوە کاتی بەربوونی «وانە: گوهنیری»ی حەیوانە کێوییەو ڕێکەوتی شەوی (21/20)ی کانوونی یەکەم دەبێ و، ڕاوکەر (نێچیرڤان) دەچێ بۆ ڕاوکردن. جاران حەیوانە کێوی لە کوردستاندا زۆر بووەو ڕاویش بەکجار بلاوبووە. کاتی زایینی حەیوانە کێویش بە پێی ئەم سالنامەیە نیشانگری (قووچی گەڕانەوەی سەری هاوین)ە. لەم حەلەدا بزنە کێوی دەزێت و مرۆڤی دڕندەیش بە هەڵی دەزانێ ڕاوی ئەم گیانلەبەرە جوانە بکات.

تەرازووو چاندنی جۆ

خەڵکی گڕاو دەڵێن کە خۆر گەیشتە تەرازوو، ئیدی کاتی چاندنی گەنم بە سەردەچێت و چاندنی جۆ

هەواڵنامەی کێو

دێتەگۆڕێ. دەڵێن ئەم پەندە لە نێوماندا باوە: - «ئەگەر ڕۆژ گەیشتە تەرازوو، کارەشوو مەیکە بە تووڵ، ئەگەر کردت بە تووڵ، بکەیە بە جۆ». کارەشـوو یەکـەم کێـلانی زەوییـەو دووەمیش «وەرددانـەوەی پێ‌دەڵێن و، کێـلانی سێیـەمیش «تـۆوکـردن»ە. بەڵام هەمـوو کەسـێك سێ‌جـار زەوییەکەی ناکێڵێ، ئەگەرچی بۆ زەوی یەکجار باش و کەڵك بەخشە.

پێگەیینی هەنجیر

دەڵێن لە حەوتەی «ئۆغەن»دا هەنجیر پێ‌دەگات، واتە لە ئۆغەنی هاویندا، چونکە حەوتەکانی هاوینیش هەمان ناوی حەوتـەکـانی زستـانیـان هەیـە. ئۆغەن دەکەوێتە دە ڕۆژەی کۆتایی مانگی تەموزەوە.

گەڕانەوەی حاجی لەقلەق

خەڵکـەکـە دەڵێن لە حەوتـەی ئۆغـەنـدا حاجی لەقلەق دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەوەش قووچی «ئـۆغـەن» لەنێو ڕوانگەکەدا هەبـووە. مەسـەلـەی کۆچـکـردنـی حاجی لەقلەق لە باشـووڕەوەو هاتنی لە حسێبی کوردەواریـدا چەسپـاوە، چونکـە بەهـاتنی ئێستر سەرماو سۆڵـە بەرەوکزی دەچێ. بە ڕاددەیێك بەپێی حیسابی (کانیتوو) جێگەییکی تایبەت لە شاخی (هێلانە قەل) هەیە پێ‌دەڵێن «بورجی لەقلەق» کە خۆر دەگـاتـە ئەو جێیـە حاجی لەقلەق پەیـدا دەبن. بۆیـە حسێبداڕە کوردەکان بایەخیان بەهاتنی حاجی لەقلەق داوەو چاوەڕوانی هاتنیان کردووە. تەنانەت هێندێکیان زانیویانە لە ج ڕۆژێکـدا دەگـاتـە ناوچـەکـەو، گرەوکـردن و مەرج و مەرجکاری کەوتووەتە نێوانیانەوە لەسـەر ڕۆژی تەواوی سەر هەڵـدانی، کە ئێستاش لەنێـو خەڵکدا بڵاوە. ئەم باڵندەیە زستانان بەرەو ئەفەریقا کۆچ دەکات و بەهاران و هاوینانیش لە کوردسـتـان دەمـێنێتـەوە. دەبێ ئەوە بزانین کە حاجی لەقلەق لە کۆتـایی‌یـەکـانی کانـوونی یەکـەمـدا لە حەوتەی (ئـۆغـەن)دا دێتـە ناوچـەکـەمـانـەوە تەنیـا چەنـد ڕۆژێـك دەمێنێتـەوەو دەگـەڕێتـەوە، لە کاتێکدا کە هەموویشی نایێت بەڵکە چەند دانەییکی بۆیشکنینی دێن و کە دێتیان هێشتا هەر بەفرە دەگەڕێنەوە وپاشان پەتەواوی دێن و خەڵکی گڕاو کاتی‌هاتنیان بەروانگەکە دەزانن.

جێگەی ڕوانینی ڕوانگەکە

جێگەی ڕوانینە ڕوانگەکەو چاو دێری کردنی ئاوابوونی خۆرو ئەستێرەکـان لەسـەر قووچـەکـانی شاخـەکە دەرگای مزگـەوتی گڕاوە. جاران لە شانی خۆرئـاوای دەرگـاکـەوە تەمـاشـایـان کردووەو ئەوسـا هـیـچ هەیـوانێـك لەبـەردەم مزگەوتەکەدا نەبووە بۆیە هەموو قووچەکان لە خاڵی ڕوانین (ڕصـاد)ەوە دیـاربـووون، چونکـە بوونی هەیـوان وەکـوو ئێستـاکـە ڕێگـە لە بینینی قووچی گەڕانەوەی سەری هاوین دەگـرێـت: پێـوانـەی دەرگـاکـە (160×75 سم)و دەکەوێتە گۆشـەی باشـووری خۆرهەڵاتی مزگەوتەکەوە. هەرچی دەرگا کۆنەکەیە جێگەکەی پڕکراوەتەوەو دەکەوێتە بەری خۆرئاوای دەرگا تازەکەوەو دەوری (5) مەترێك لێوەی دوورە. دەرگا کۆنەکە (ئەسلی‌یەکە) پێشتر، وەك بە جێیەکەیدا دیارە، هەر گۆشـەی باشـووری خۆرهـەڵاتی گرتـووەتـەوە، بەڵام کە مزگەوتەکە تەعمیر کراوەتەوەو لەلای خۆرهەڵاتیەوە ئەندازەی (7) مەتـرێکی خراوەتـە سەرو کراوە بە جێی دانیشتن ئێستر دەرگـاکـە گوێـزراوەتـەوە بۆ دەرگـاییکی‌تـرو پاشـان ئەوەش گوێـزاوە بۆ ئەم شوێنـەی ئێستای. بەم پێیە دەردەکەوێ کە مزگەوتەکە بەشێکە لەم ڕوانگەیە.

پێـوانـەی مزگـەوتـەکـە (19,70×40:7)مەتـرەو بەرزییەکەی (3,50) مەترە. پێش تەعمیر کردنەوە واتە لە سەرەتـادا درێـژییـەکـەی (12,70)مەتر بووە، چونکە دوو جار تەعمیر کراوەتەوەو ئێستاکە سێ چینی جیا لەو مزگەوتەدا دەبیندرێ. چینی یەکەم بنەڕەتەکەیانە. لە دیواری باشووڕو باکـووڕیـدا هێـندێکی لێ ماوەتـەوە. بە بەردو قـسڵ کراوەو

هەواڵنامەی کێڵی

گوندی گراو

خەڵکەکە دەڵێن هێلکە لەگەڵ قسەکەدا تێکەڵ کراوە. مانەوەی ئەم بەشە لە دیوارە بنچینەیی یەکەی مزگەوتەکە نیشانەی ئەوەیە کە بەشێوەیێکی پتەوو مەحکەم دروست کراوە. پاش ئەوە دوو جار تەعمیر کراوە کەسیان بیری نایێ کە جاری یەکەم کەنگێ بووە. جاری دووەم دەوری چل ساڵێك لەمەو بەر بووەو زۆریان لەبیریانەو وەستا (مەولوود)ی کوری مەعرووفی خەڵکی گوندی (سێوکە) تەعمیری کردووەتەوە. هەردوو جارەکە بە بەردو گەچ ئاوا کراوەتەوە. دیواری خۆرئاواو بەشێك لە دیواری باشوورو باکووری هێی دووەم ئاوا کردنەوەن، لەکاتێکدا دیواری خۆرهەڵاتی دەستی لێ نەدراوە. لە یەکەم تەعمیر کردنەوەدا ئەندازەی (7)مەتر خراوەتە سەر بەری خۆرهەڵاتی مزگەوتەکەو بەشێکی ووك هۆدەیێکی درێژ بۆ دانیشتن تەرخان کراوە. لە هەر ئاواکردنەوەیێکدا دەرگای پێشوو گیراوەو دەرگایێکی نوێ داندراوە. دەرگای ئێستا سێیەمیانەو شوێنی دوو دەرگای‌تر دیارن. پاش چوونی یەکەم جارم بۆ گراو خەڵکەکە هۆدەی دانیشتنیان فراوان کردووە.

نێزیکەی بیست ساڵێك لەمەوبەر لەپێش دەرگای مزگەوتەکەدا دیوارێکیان بە بەردو قور دروست کردووە بۆ ئەوەی دارتەرم و داری سوتەمەنی لەپشت دابنێن. بەڵام کوێکیان لە بەرانبەر دەرگای مزگەوتدا لە دیوارەکەدا هێشتووەتەوە بۆ تەماشاکردنی ڕوانگەکە. هەیوانێك لە بەردەم مزگەوتدا کراوە. کاریتەی زۆر گەورەی تێدایە کە لە کاریتەکانی مزگەوتی شەقڵاوەوە هێنراوون. لە ساڵانی حەفتادا کە سەر لەنوێ مزگەوتی شەقڵاوەیان بە چیمەنتۆ ئاواکردووەتەوە، ئەو کاریتانەیان لێوە هێناون بۆ گراو. ئەم مزگەوتەی شەقڵاوە ساڵی 1304ی کۆچی (1886 - 1887ی زایین) لەلایەن مەحموود بەگ و دبووك عەبدەڕەی ژنیەوە ئاواکراوەتەوە. مزگەوتەکەی گراو هێندێك کۆڵەکەو کاریتەی گەورەو زۆر کۆنی تێدایە. بناخەی دیوارێك وا لە نێزیك دیواری پشتەوەی مزگەوت بە دووریی دەوری مەترێك هەیە. خەڵك دەڵێن کە یەکەمجار مەلاتۆمەر مزگەوتەکەی ئاواکردووە، وەستاکە دیان (مەسیحی)بووەو بناخەکەی بەخواریو مەیلەو خۆرئاوا داناوە، مەلا تۆمەریش تووڕە بووەو دیواری پێ بە ڕووخاندن داوەو پێی ڕاست کردووەتەوە. جا ئەم پاشماوەی بناخەیە هێی ئەوەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم بناخەیە ووك دیواری ئێستای مزگەوتەکە ڕاست هەڵکەوتووەو هیچ خوارییێکی تێدا نیە،

من دەڵێم ڕەنگە کاتی خۆی مزگەوتەکە بە ئەندازەی مەترێك لەلای باکووریەوە تەسك کرابێتەوە یان دەبێ ئەم مزگەوتەی ئێستا لەسەر جێگەی مزگەوتێك یا بیناییکی کۆن تر ئاواکرابێتەوە.

بە داخەوە هیچ مێژوویێکم لەم مزگەوتەدا بەرچاو نەکەوت تا بزانم لە چ ساڵێکدا ئاواکراوە، بەڵام ئەگەر لە دیوارە کۆنە بنەڕەتەکەی وردبینەوە دەکرێ بڵێین تەمەنی چوارسەد پێنج سەد ساڵ کەمتر نییە. زانینی مێژووی تەواوی دروستکردنی مزگەوتەکە یان بە نێزیکی زۆر گرینگە، چونکە لەوەوە مێژووی ئاواکردنی گڕاوو دروستکردنی ڕوانگەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. خەڵکەکە هاوەنگن لەسەر ئەوە کە (مەلا ئۆمەر) دروستکەری مزگەوتەکەیەو ئەو خۆی‌و براکانی گڕاویان ئاواکردووە. دیاری کردنی تەمەنی هیچ نەبێ نێزیکی مزگەوتەکە ئەرکی دەزگای شوێنەوارەو لەم بارەوە درێخی کردووە، چونکە بۆ چوار جار پێوەندیم بەم دەزگایەوە کردووەو، ڕاپۆرتی یەکەم و دووەم لەسەر ئەم ڕوانگەیە بۆ ئەم دەزگایەو بۆ (المديرية العامة لآثار ومتاحف المنطقة الشمالية) لە موسڵ ناردوون. بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوو ئەم بابەتە گرنگەیان پشت گوێ خستووە کە دەبوو مزگەوتەکەیان بدیباو بریاریان لەسەر ئەوە بدابایە کە پاشماوەیێکی شوێنەوارییە تا کەس و هیچ لایەنێك لەهیچ کاتێکدا توانای ڕوخاندنی‌و نەبێ. وەك چۆن بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافی هەولێر بەڵێندەر (مقاول)یکی ناردبوو بۆ ڕووخاندنی بیناکردنەوەی مزگەوتێکی نوێ لە شوێنی. ئەگەر بەڵێندەرەکە تووڕە نەبایە لەسەر مەسەلەی چۆنیەتیی گەیشتنی لۆرییەکانی بە نێو باخەکاندا بۆ مزگەوت و نەگەرابایە دواوەو ئەگەر لەبەر شەڕ بریاری ڕەسمی بۆ وەستاندنی هێندێك پرۆژە دەرنەچووبایە، ئەوا ئەم مزگەوتەش وەك مزگەوتی گلەزەردە پێش چوونم بۆ گڕاو دەڕووخێندراو ڕوانگە کوردییەکەش تێك دەچوو.

شایانی باسە، مزگەوتەکە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای گوندو باشووری خۆرهەڵاتی کانیی پیاوانەوە کە پێی دەڵێن «کانیی مزگەوت» چونکە ئاو لە مزگەوتدا نییەو ئاوەستخانەی مزگەوت کە هیی پیاوانە لەکن کانی‌یەکەیەو خەڵك لەوێ دەستوێژ دەشۆن و دێن بۆ مزگەوت بۆ نوێژ کردن. دووریی‌نێوانیان (38)مەترە. لەم بەری دێیەکەدا تەنیا ئەم کانییە هەیە کە نێزیکی شاخی ڕوانگەکەیەو مزگەوت و کانییەکە وان لە سنووری باخەکاندا.

کێ ئەم ڕوانگەو ساڵنامەیەی دروست کردووە

بەڕێز مامۆستا ناصیح حەیدەری لەم ڕووەوە پێی گوتم: دەڵێن زانایێکی خەڵکی گڕاو کە مودەریس بووە دروستی کردووە، ناوی مەلا عەبدوڵڵایا ناوێکی لەم چەشنە بووەو، مامۆستای (مەولانا خالید) بووە چونکە مەولانا خالید لەمەدرەسەی گڕاو خوێندوویە. ئەم زانایە لە باپیرانی مەلا مەجیدی شەڵاوەیە. پاش ئەوە نامەم بۆ مامۆستا مەلا عەبدولمەجید ناردو، بە نامەیێکی ڕۆژی (1982/7/30) وەڵامی دامەوەو ئیمزای کاك عبدالباری‌ی کوڕیشی پێوەیە.

لە وەڵامەکەدا دەڵێت: دەڵێن ئەوەی ساڵنامەکەی ئامادە کردووە مەلا عەبدوڵڵای گەورەیەو بە (مەلا عەبدوڵڵای مودەریس) ناسراوە، مەلا عەبدوڵڵا (120) ساڵ پتر ژیاوەو، ئەو کاتەی مەولانا خالید لەلای ئەم خوێندوویە ئەم زۆر پیر بووەو، مەلاوناش تازە پێگەیشتوو بووە. شەجەرەی ئەم بنەماڵەیە بەم جۆرەیە (مەلا عەبدولمەجیدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەبدولکەریمی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای گەورە. بەڵام من کە لە شارەزا بەساڵداچوانی دێیەکەم پرسی، گوتیان: ئەوەی مزگەوتەکەی ئاواکردووە ناوی مەلا ئۆمەر (مەلا عمر) بووەو پیاوێکی خواناس بووەو، هەر ئەویش ئەم (حسێب)ە واتە ساڵنامەیەی سازکردووە.

پاش گەڕانەوەم لە گڕاو بەنامە لەم بارەوە پرسیارم لە کاك قادر عوسمان قادری گڕاویی مامۆستای قوتابخانەی گڕاو

(که له تایەفەی مەلا ئۆمەرە)و بەڕێز مەلا جەبار عوسمانی مەلای دێیە کرد. کاك قادری دەڵێت: گەورەکانی گوندەکەم کۆکردووەتەوەو لێم پرسیون، هەموو دەڵێن مەلا ئۆمەر نەك مەلا عەبدوڵڵا ئەم «حسێب»ەی ئامادەکردووە. جارێکی دیکەیش هەمان پرسیارم ڕووبەڕووی کاك قادر کردووەتەوەو، ئەویش هەر ئەو وەڵامەی هەبووەو گوتوویە: دەڵێن مەلا ئۆمەرو سێ براکەی (مەلا محەمەدو مەلا مستەفاو مەلاوسوو) بەڕۆژێك لە گوندی (بانە) [واتە: شاری بانە]و (بەر ڕۆژە)ی کوردستانی ئێرانەوە کە دەکەونە سەر سنوور هاتوون و ئاڤاکەری گراوبون مەلا ئۆمەر برای باپیری مەلا عەبدوڵڵای گەورە بووەو، ئەو مزگەوتەکەی بنیادناوەو ئاوای‌کردووە هەرچی مەلا عەبدوڵڵایە قوتابخانە (مدرسة)کەی ئاواکردووە.

پاشان چەند نامەیێکی دیکەم بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا مەجید ناردو تێیاندا داوام کرد ناوی دروستکەری ڕاستەقینەی ڕوانگەو سالنامەکەم بە بەڵگەی بڕواپێکراوەوە بۆ ساخ بکاتەوە. هیچ وەڵامێکی نەبوو. تا ڕۆژی (6)ی شوباتی (1984) لە بەغدا لە (تەکیەی خالدیە) واتە تەکیەی مەولانا خالید (کە نێزیکی شارع النهر ودجلة)یە، چاوم پێی‌کەوت و زۆر پرسیارم لەم بارەوە لێ کردو گوتی: من لە تەمەنی یازدە ساڵی‌یەوە گراوم بەجێ‌هێشتووەو ئێستا تەمەنم (66) ساڵ دەبێ‌و، دوور نییە خەڵکی دێیەکە لە من باشتر ئاگاداری ئەوشتانە بن و بیانزانن و گوتی. چوار برا هاتوون بۆ گراو بەناوی مەلا ئۆمەر (مەلاعمر)و مەلا عەبدوڵڵاو مەلا ئەحمەد، ئەوەی چوارەمیانم لە بیرنەماوە. وا زانەدراوە کە کوڕی مەلا یوسف بوون و لەلای سنەو شارەزوورەوە هاتوون. هەروەها گوتی بیستوشمە کە دەبێ لە (بانە)وە هاتبن، یا دەیگوت لە جافی مکایەڵی بوون. دیاربوو لەسەددا‌سەد لە هندێك لە قسەکانی دڵنیانەبوو. گوتی ئەوانە گراویان ناوەدان کردووەو، مەلا ئۆمەر پێش مەلا عەبدوڵڵا مودەریس بووەو خۆم هێندێك لە کتێبە دانەڕاوی ئەوم (یانی مەلا ئۆمەر) لەسەر زانستی (حکمة)و (منطق) دیوە.

مەلا عەبدوڵڵای مودەریس کە بە (مەلا عەبدوڵڵای گەورە) ناسراوە مامۆستای مەولانا خالید بووەو گۆڕەکەی لە گراوە. ئەم مەلایە زۆر بەناوبانگ بووە لە کاتی خۆیدا، دوور نییە هەر لەبەر ئەوە بوبێ کە بیستوومانە ئەو ئاماده‌کەری سالنامەکەیە. ڕێیشی تێ‌دەچێ مەلا ئۆمەر بێ وەکو خەڵکی دێیەکە دەڵێن. هەروەها گوتی: کاتی خۆی فەرمانێك لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ مەلا عەبدوڵڵا هاتووە لەبارەی دەرزگوتنەوە. پارچەیێکی ئەو فەرمانەی لەلا بوو، بەڵام نە ناوی ئەو کەسەی لەسەر بوو کە بۆی نێردراوەو نە مێژووش. دیارە لەسەر پارچەکەی‌تری بووە کە ئێستاون بووەو مامۆستا مەلا مەجیدیش زانیەکی باش و دیارە لەناوچەکەدا، وەمرۆڤێکی ڕاست گۆیە.

من خۆیشم لەم ڕووەوە پرسیارم لە خەڵکی گوندەکەو لە حاجی ڕەسووڵی قیژەیی کردووە کە بە بنەچە گراوییەو تەمەنی (85) ساڵێك دەبێ‌و لە هەولێر دادەنیشێ. بەڵام قسەکانیان هەموو لێك جیاوازن چونکە هەم نەنووسراونەوەو هەم لە بیری خەڵکەکە چوونەتەوە. تەنیا لەسەر ناوی مەلا ئۆمەر هاوەڕەنگن کە لەگەڵ براکانیدا هاتووەو گراویان ئاواکردووەو حوکمەتی عوسمانی بە فەرمانێکی ڕەسمی گراوی داونێ، یا دەبێ فەرمانەکە پاش سەردەمی ئەوان بوبێ، لەبەر ئەوە ئاغاکان نەیان توانیوە گراو لەوان و نەوەکانیان بستێننەوە. هێندێك دەڵێن مەلا مستەفاو مەلا ئەحمەدو صالح سێ براکەی مەلا ئۆمەرن و صالحیان مەلانەبووە. یا دەڵێن یەکێك لە براکانی ناوی (وسوو) بووەو نەخوێندەوار‌بووە. یا دەڵێن پێنج برا بوون کە هاتونە گراو. یا کەسانێکی کەمیش دەڵێن باوکیان هاتووەو گراوی ئاواکردووە.

گراو ئێستاکە ئەم بەڕەبابانەی تێدایە. بەڕەبابی مەلا ئۆمەر، مەلایی کە لەپشتی مەلا عەبدوڵڵای گەورە کەوتونەوە، مەلا مستەفایی کە لە مەلامستەفا کەوتونەوە، وسوویی‌و بەڕەبابی (ماماری)یش هەن، دەڵێن ئەم ناوە لە

هەولێر کتێبخانەی

(مام ئاری)یا (مام مەحمەری)یەوە هاتووەو، ئەم پیاوە لەگەڵ مەلا ئۆمەرو براکانیدا هاتووەو هاوبەشی دروستکردنی دێیەکەی کردووە. ئەم بەرەبابەیان لە مەلا زادەکان نین. خەڵکی گراو کە (120) خێزانێك دەبن لەم مەلایانە کەوتوونەوە، بیست خێزانیکیان نەبێت. زۆریشیان لێ کۆچی کردووە بۆ هەولێر دێهاتی‌تر.

بۆ ئەوەی زانیاریم لە بارەی مەلا ئۆمەرو زەمانەکەی‌و ئەم ڕوانگەوە دەست بکەوێت کەوتمە پشکنینی کتێب و قاقەزە دەستنووسەکانی گراو کە فەردەبێك قاقەزی پڕو بلاوی لە مزگەوتەکەدا بوو هێندێکی زۆرتر لە مالی مەلا موحسین بوو کە هیی مەلا ئەبوبەکری باوکی بووەو لە دوایین مامۆستاکانی گراو بووە. نێزیکەی دە هەزار پەڕەیێکم ئەم دیوەو ئەودیو کردو هێندێکیانم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە سلێمانی‌و پشکنیمن، کەچی هیچ زانیارییکم دەستگیرنەبوو، ڕەنگە نووسینی‌تر هەبووبێ‌و فەوتابێ وەك پووڕە خەدیجەی خێزانی مەلا ئەبوبەکر دەڵێت چەند جارێك کتێب و قاقەزی دەستنووسی پەڕپووتمان لە نێو باخەکەماندا خستووەتە چاڵەوە. ئێمە دەتوانین ئەم نووسینانە بە دەستنووسەکانی قوتابخانەی گراو ناوببەین. لەم کۆمەڵە دەستنووسەدا ناوی چەند زانایێکی خەڵکی گراوو غەیری گراویشمان بینی کە ناویان بەتایبەت لە پەراوێز (هامش)ی لاپەڕەی کتێبەکانی شەریعەت (فقە)و نحوو صرف و منطق و کلام و فلکیات و ریاضیات و چەند زانستێکی‌تردا هاتووەو، زۆربەیان ڕوونووسکار (ناسخ)ی ئەوکتێبانە بوون. لەوانە (عەبدوڵڵا) ناوێك کە لە بەغدا کتێبێکی لەسەر نەحو نووسیوەو، دوورنییە مەلا عەبدوڵڵای گەورە بێ چونکە ناوبراو بۆماوەی چەند ساڵێك ماڵەکەی بردووەتە بەغدا. ناوی مەلا محەمەد ئەمینی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای گەورەو نورالدین گراوی‌و مەلا عەلی گراوی‌و هێندێکی‌تریش هاتوون کە لە پاشکۆی ئەم باسەدا لێیان دەدوێین.

ڕۆژی (3)ی نیسانی 1984 گۆڕی مەلا ئۆمەرو مەلا عەبدوڵڵای گەورەو مەلا محەمەد ئەمینی کوڕی‌و چەندانێکی‌ترمان دەست نیشان کرد، لەوانە مەلا مستەفا ئەزەروومی کە موستەعیدێکی خەڵکی ئەزەروومی کوردستانی تورکیا بووەو لەلای مەلا عەبدوڵڵای گچکە خوێندوویەو حەفتا ساڵێك لەمەوبەر مردووەو ئەوانەی لەرزوتێیان لێ‌دیت دەچنە سەرگۆڕەکەی بۆ چاك بوونەوە چونکە دەڵێن ناوبراو لە غەریبایەتی مردووە. ئەم گۆڕانەمان بەهۆی پووڕە خەدیجەی مەلا ڕەسوڵ مەلا مستەفای ژنی خوالیخوشبوی مەلا ئەبو بەکرەوە بۆ دیاری‌کردرا کە تەمەنی هەشتا ساڵ دەبێ‌و ژنێکی وریاو ئایینی‌یەو قورئان و مەولوودیشی خوێندووەو گۆڕی هەمووانی دەناسیەوە. کاتێك باسی گۆڕی ئەوانی بۆ من و کاك قادر عوسمان دەکرد، من دەنگیم بە شریت تۆمارکردو، بە بۆیاخ ناوەکانم لەسەر کێلەکان دەنووسی بۆ ئەوەی بەئاسانی بناسرێنەوە. ئەم گۆڕانە وان لە نێو گۆڕستانی گراودا کە بە «قەبرستانی مەلا ئۆمەر» ناسراوەو دەکەوێتە خۆرهەلات و نێزیکی دێیەکەوەو گۆڕستانێکی زۆر گەورەیەو درەختی گەورەو جۆربەجۆری هەیەو درەختی قەرە قاچی‌یشی تێدایەو، بەهاران سوێسن و نێرگزو نیلۆفەر (شیشەلاق)یکی زۆری لێ شین دەبێ‌و دیمەنێکی یەکجار جوانی هەیە، گۆڕی مەلا ئۆمەر وا لە نێوەڕاستی بەشی خۆرئاوای گۆڕستانەکەداو لەنێو غەرە (سیاج)یێکی بەردو (وشکەکەڵەك) دروستکراودایە. گۆڕەکەی لە تەنیشتی باکووری خۆرئاوای غەرەکەدایە. هەردوو کێلی ئەم سەرو ئەو سەری نیومەتر بەرزن و (کێلی مەلایەتی)یش لەبەر سینگیدا واندراوە، لە گراودا ئەوەی مەلا بێ کە مرد کێلی سێیەم لەبەرسینگیدا یا ڕاستتر بڵێین سینگی گۆڕەکەیدا دادەنێن، بۆ ئەوەی بزاندرێ کە مردووەکە مەلا بووە. ئەم گۆڕستانە زۆر گۆڕی تێدایە کە کێلی مەلایەتی‌یان هەیە، ئەوەش بەڵگەیەکە گراو مەڵبەندی زانست و زانیاری بووە (بە درێژی لە بارەی زانایانی گراوەوە، دەنوسین کاتی ئەم مەوزوعەمان دەکەینە کتێبێك لەگەڵ ڕوانگەو تەقویمە کوردیەکان).

خەڵکی گراو مەلا ئۆمەر بە پیاوچاك و وەلیێکی خوا دەزانن، بۆیە نەخۆش بەتایبەت بادارو ئەوانەی تووشی تاو کۆکەڕەشە دێن دەچنە سەر گۆڕەکەی. دەوری پێنج گۆڕی‌ترپش لە نێو غەرەکە (کافل) دایەو وان لە ئەنیشتی باکووری خۆرهەڵاتیداو یەکیان هیی عەزیزی پەسوڵی گراوە کە پووڕە خەدیجە کۆچی دوایی کردنەکەیی بەبیردێت. ئەم گۆڕستانە گەورەو کۆنەو لەوەناچێ هیی دێیەك بێ کە سێ سەد چوارسەد ساڵێك دەبێ دامەزراوە. ئەگەرچی هێندێك مردووی دوو تایفەی ناگراویپشیان لەنێودایە، بەڵام واپێدەچێت پێش ئاواکردنی گراو هەبووبن، یا دەبێ گراو پێش سێسە دچوارسەدساڵ لەمەوبەر بنیادنرابێ. چەند دیوارێکی گەورە لە نێزیك گۆڕی مەلا ئۆمەرەوەن بەلای باکوورەوە، ڕەنگە باشماوەی شارێکی کۆن بن، چونکە دیواری غەرەکان بەو شێوە بەردو ڕێکوپێکی‌یە نین و زۆر غەرەی کۆنپش لەو نێزیکانەدا هەن. دیارە هەر بەرەباب و بنەماڵەیێك مردووەکانی خۆیانیان لە یەك جێگەدا ناشتووەن، ئیتر گۆڕستانەکەش بەش بەش بووە. کێڵەقیت و قنجەکانیش نیشانەی ئەوەن کە مردووەکە گەنج بووە.

جاکە ئێستاکێ هیچ بەڵگەیێکی نووسراومان لەم بارەوە نەکەوتە دەست ناچارین ئێستا پشت بە قسەو بیرەوەریی پیرەمێردەکانی خەڵکی گراو بیەستین لەو ڕووەوە کە مەلا ئۆمەر دانەری ڕوانگەکەیەو دورنییە لە دەورویەری سەدەی شازدەهەم دا ژیابێ، وەیانە هەر هاوکاتی (مەلانبی) بویی کە ئەویش لە کوردستانی ئێرانەوە هاتووەتە دێی (بارێی پچووك)و ڕوانگەو ساڵنامەکەی لەسەر شاخ دروست و ئامادەکردووە.

ئەمە لە سەدەی شازدەهەمدا بووە، چونکە مەلا نەبی مامۆستای مەلا مووسای کوڕی بایز (ئابایزید)ی شابەدینی بووەو، مەلا مووساش وەك خۆی لە قوڕئانە دەستنووسەکەیدا نووسیویە دەوری ساڵی (950)ی کۆچی (1543 ـ 1544ی زایین) لەدایك بووە. مەلا ئۆمەریش وەك شارەزایانی گراو دەڵێن لە (بانە)و (بەڕۆژە)وە هاتووەو، بەڕۆژەیش ناوی گوندو شاخێکە لە کێوی (کەلیخان) کە بەرەو باکووری خۆرئاوای بانە شۆڕدەبێتەوە، بۆیە دوور نییە ناوبراو بیری دروستکردنی ئەم ڕوانگەو ساڵنامەیەی لە (حیسابی کەلیخان)ەوە وەرگرتبێ‌و دەبێ لە کەلیخان لە جێگەیێکیدا ڕوانگەیێکی وەها هەبووبێ، هەتا خەڵکی (کانیتوو)ش دەڵێن (حیسابی کانیتوو) لە حیسابی کەلیخان وەرگیراوە. ڕەنگە لە پاشەڕۆژدا زانیاریی زۆرترو بگرە هیی نووسراویش بدۆزێتەوەو هەروەها هەوڵیشمان داوە، بۆ دۆزینەوەی ڕوانگەی کەلیخان.

بەردە قیبلە

بەردێك لە بەردەم دێی گراودایە پێی دەڵێن «بەردە قیبلە»، قیتەو ڕاست داندراوە، شێوەکەی سێگۆشەیی «مثلث»یە بڵێین هەڕەمی‌یە، بەرزی‌یەکەی (1,20) مەترو دەوری بنەکەی (3,70) مەترە. ڕۆژی (3)ی نیسانی 1984 ئەم بەردەم پێواو بە بۆیاخ لەسەریسم نووسی‌و وێنەیم گرت. ئەم بەردە وەك خەڵکەکە دەڵێن بۆ دەست نیشانکردنی قیبلەیەو بۆ ناسینی نوێژ کردن دانراوە. منیش لە نیوەڕۆدا لە حەوشی مزگەوتەکەدا لە ڕاستی میحرابەکەی تەماشای بەردەکەم دەکرد تا بزانم لە ڕاستی قیبلەدایە یان نا. دیم واخەریکە خۆر کەمێك لە بەردەکە دەترازێ بەلای خۆرئاواوەو دیم لەوکاتەدا مامۆستا مەلا جەباری مەلای گراو دەستی بە بانگدانی نیوەڕۆ کرد. بەوە بۆم دەرکەوت کە ئەم نیشانەیە ڕاستاو ڕاست و ڕەوانەو لەجێی خۆیدایە بۆ پێشاندانی ڕووکاری باشوور واتە قیبلە «سمت القبلة» بەکار بهێندرێت.

نابێ بەسادەیی بڕوانینە ئەم بەردە، بەڵکە ئەو کەسەی ئەم بەردەی دانـاوە دەبێ مەلایێکی زانـاو ئەستێرەناسێکی گراوی بووبێ کە دوور نییە مەلا ئۆمەر خۆی لەکاتی دروستکردنی ڕوانگەکەدا ئەم بەردەی دانابێ. ئەم بەردە

مەبەستێکی جیۆگرافی دەدات بەدەستەوە ئەویش بۆ یاریکردنی هەرچوار ڕووکارەکان (تحديد الجهات الأربع) یانی باشوورو باکوورو خۆرهەڵات و خۆرئاوا لە گوندی گراودا. ڕەنگە بۆ سێ ڕووکارەکەی تریش نیشانگری وەها داندرابێت.

لەهەمان کاتدا ئەم بەردە نیشانگرێکی ئەستێرەناسی «فلکی»یە، چونکە لەباتی ئەم پێوەرە «مقیاس»ەیە کە بۆ زانینی ڕووکاری قیبلە لە نیوەڕۆدی بازنە دادەندرێت کە لە ئەستێرەناسی ئیسلامیدا بە بازنەی هیندی «الدائرة الهندية» ناسراوە. وەك زانای گەورە حسین ی خەڵخالی لەلاپەڕە (40)ی کتێبەکەیدا «شرح الدائرة الهندية في معرفة سمت القبلة» دەڵێت ئەم بازنەیە زانایانی هیندستان دایانهێناوە بەڵام بەبازنە لەلای ئاشووریو بابلییەکان بۆ هێندێك مەسەلەی حیسابیو ئەستێرەناسی بەکار هاتووە. وێڕای قبوڵکردنی لەوان وەریان گرتووە.

موسڵمانەکان بۆ ڕاستکردنەوەی قیبلە بازنەیەکیان دروست کردووە کە بازنەی نیوەی ڕۆژ «دائرة نصف النهار»ە ئەم بازنە ئەستێرەناسییە بەسەراسەری ئاستی سەروێ (سمت الرأس والقدم)و هەردوو جەمسەر (قطب)ی زەوییدا دەکێشرێو، هێڵی نیوەی ڕۆژ (خط نصف النهار) لە خاڵی نیوەڕاستی بازنەکەدا هێڵی خۆرهەڵات و خۆرئاوا (خط معدل النهار) دەبڕێ. بەم پێیە بازنەکە دەبێ بە چوار بەشەوەو هەر بەشەی دەکرێت بە (90) بەشی پچووکترەوە کە سەرجەم دەکاتە (360) بەش و هێندەی بەشەکانی کەلووەکانە (أجزاء البروج).

پێوەرێك (مقیاس) لە نیوەڕۆدی بازنەی ڕووکاری قیبلەدا لەسەر هێڵی نیوەی ڕۆژ دادەندرێت. ئەگەر مرۆڤ لەسەر خاڵی ڕووکاری قیبلە بوەستێ کە خاڵێکی بازنەی ئاسۆ (دائرة الأفق)یە، ئەوا ڕووبەڕووی قیبلە دەبێ. بەڵام دەبێ تیرەوان (الراصد) هێڵی درێژیو پانی (خط الطول والعرض)ی ئەو ناوچەیە لەگەڵ هیی شاری (مەکە)دا بزانێ جاکانێك خۆر گەیشتووەتە ئەوپەڕی بەرزی لە ئاسماندا، سێبەری پێوەرەکە لە کورتترین خاڵیدا بووەو ئیتر لەوە کورتتر نەبووەتەوەو، ئەوساش خۆر لە نیوە ڕاستی قیبلەدا واتە لەسەر خاڵی باشوور بووە. بەڵام ئەم کاتە هیی نوێژی نیوەڕۆ نییە، بەڵکوو کە خۆر لە پێوەرەکە لایداو ڕووی لە ڕۆژئاوا کردو سێبەری پێوەرەکەش زیادیکردو ترازا بەلای ڕۆژهەڵاتدا ـ ئەودەمە بەپێی شەریعەتی ئیسلام کاتی نوێژی نیوەڕۆیەو بەعەرەبی پێی دەڵێن «وقت الزوال». هەر کاتێکیش سێبەری پێوەرەکە دوو هێندەی درێژیی پێوەرەکەی لێهات، ئەویش جگە لەبڕی سێبەرەکەی لەکاتی نیوەڕۆدا «وقت الزوال»، ئەوا دەبێتە پاش نیوەڕۆ «عەسر»[2].

ئەو کەسەی بەردەقیبلەی لە گراو داناوەو بەوچەشنە ڕێکی خستووە، حسێبی زانستی ئەستێرەناسی تێدا جێبەجێ کردووەو، کردوویە بە پێوەرێك لەسەر خاڵی ناوەڕاستی بازنەی نیوەی ڕۆژ (دائرة نصف النهار)و لە ئاسۆی گراودا بۆی چووەو زانیویە کە (مەکە) دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی (خط الطول)ی (77) پلەو (6/1)ی پلەیێك و هێڵی پانی (خط العرض)ی (21)پلەو (3/1)ی پلەیێك و، گراویش لەسەر هێڵی درێژیی (69,5) پلەو هێڵی پانیی (35,5) پلەو (3/1)ی پلەیێکە.

ئەمە وێنەی بازنەکەیە وەك لە کتێبەکەی «خەڵخالی» داهاتووە بۆ دەست نیشانکردنی ڕووکاری قیبلە «سمت القبلة» کە بەردە قیبلەی گراویش بەپێی ئەم حسێبە ئەستێرەناسییە واندراوە.

ڕۆژانی ساڵ بە گوێرەی ڕوانگەی گراو

وەك باسمان کرد ڕۆژانی ساڵ بە گوێرەی حیسابی کەلووکان (360) ڕۆژەو بەم شێوەیە دەبێ ساڵ بە گوێرەی ڕوانگەکەش هەر (360) ڕۆژ بێ یانی 5 ڕۆژو 48 دەقیقەو 46 سانیە لە ساڵی ڕۆژی (السنة الشمسية) کەمترەو کورد بەم پێنج ڕۆژە کەمە دەڵێن «ڕۆژەکانی تارەو «پێنج ڕۆژی تارە ئایا ڕوانگەی گراو هەر بەتەواوی چاوی لەم ڕۆژانە

هەواڵنامەی کتێب



پۆشیوە وەیان بە رێگایێك خراوەتە سەر رۆژانی ساڵ وەك هندێك لە ساڵنامەكانی‌تری نەتەوەكانی جیهان كە هندێكیان ئەو پێنج رۆژەو ساعەت و دەقیقەو سانیە خستوویانەتە سەر مانگی كوتایی ساڵ وەك میسری‌یەكان و فارسە كونەكان یانی مانگی ئەخیری ساڵ بووە بە (35) تا ساڵ ببێتە (365) رۆژ هەروەها لە ساڵنامەی (بەهائی)یەكانیشدا كە لە سالی 1844 علی محمد (باب) ئەو ساڵنامەیەی دروستی كردووەو ساڵی كردووەتە 19 مانگ و هەر مانگێك (19) رۆژ - ئەو پینج رۆژە خراوەتە بەینی مانگی (18)و مانگی (19) كە دەبنە رۆژانی 26 شوبات تا 2 ئادار یانی تەسادوفی ئەوانە دەكا، ئەگەرچی ناوی مانگەكانی خۆیان جیایە (8) لە هندێك ساڵنامەش دا رۆژەكانی تار خراوەتە كۆتایی مانگی تەشرینی یەكەم وەك زانای كورد مەلا عومەری رەنجوری لە (رۆژنامە)كەیدا پەڕەی (8)دا دەڵێ بەڵام لەبەر ئەوەی هندێك لە رۆژنامەكە لەم شوێنەدا كەوتووە كە دانەی دەسخەتی مەلا محمد امینی هەوایی‌یەو هەر ئەم دانەیە تا ئێستا دوزیومانەوە - ئیمە نازانین لە كامە ساڵنامەدا خراوەتە پاش تەشرینی یەكەم ئایا مەخسەدی ساڵنامەی سوریانی وەیا یونانی وەیا قبطی‌یە كە ناویانی لەو جێگایەدا هێناوە وەیان ساڵنامەیەكی‌تر كە باسەكەی كەوتووە كە دورنیە ساڵنامەی یەزدەجردی فارسی بێ، بەڵام بە پێی دەسنووسێكی كون كە باسی ساڵنامەی فارسی قبطی تێدا هاتووە ئیشارەتی ئەمەی تێدانیە ئەوەش كتێبی دەسنووسی «كتاب الأزمنة» كە ئلیابرشینایای مەترانی نسیبین (نصیبین)ە بە زمانی عەرەبی‌و سوریانی دای‌ناوە لە سەدەی یازدەیی زایینی لە كاتی دەوڵەتی دوستكی كورددا دانەی دەسنووسەكە لە نامەخانەی موزەخانەی بریتانی دایە لە ژێر نمرەی (7197)دا.

لە ووتاری «بورجەكانی ساڵ» لە نامیلكەی «سرنجێك لە دەروازەی فولكلوری كوردی»دا دەربارەی رۆژەكانی تار هاتووە كە ئەم رۆژانە دەخرێنە نێو مانگی ئادار تا ساڵ ببێتە (365) چونكە ساڵ (360) رۆژەو هەر مانگێك (30) رۆژە بەڵام یەكەم لە دوای نەوروز لە 22 - 26 ئادار رۆژەكانی تارەو رۆژی پاش ئەوان سەری ساڵە. یانی رۆژی (27)و هندێك زانیاری تریشیان دەربارەی ئەمە تێدا هاتووە كە بریتی‌یە لە پەیوەندی بەینی تارەكان و كەژناسی

ساڵنامەی كوردی

لەلای حیسابداره کوردەکانەوەو ئەم گوتارە زۆر گرنگەو نوسەر ناوی نەنوسیوە من دەڵێم دورنییە کوردەکان ئەم پێنج رۆژەیان خستبێتەسەر نیو مانگی ئادار، بەڵام نە لە دوای (21) ویان نەك سەری ساڵ دواخراوە چونکە دو کۆسپ لێرەدا هەیە:

1 ـ چونکە ئەگەر رۆژەتارەکان بخرێتە پاش 21 ئادارو رۆژی 27 بێتە سەری ساڵ، ئەوا 21 ئادار نەبوتە نەورۆزو نەبووە بە سەری ساڵ لە کاتێکدا کە ئەو رۆژە لەلای کوردو ساڵنامەی هندێك میللەتانی تریش دا وە ساڵنامەی فارسیو ساڵنامەی جەلالیو هەروەها ساڵنامەی بەهائیش ـ سەری ساڵی نوێیە هەروەها ئەو رۆژە سەری ساڵە چونکە ئەوەڵی کەلوی کاوڕە (برج الحمل) کە کەلوی یەکەمینی ساڵە.

2 ـ ئەگەر نەوروز یانی 21 ئادار سەری ساڵ بێ دەبێ رۆژەکانی تار لە پێش رۆژی 21 ئادار لە کۆتایی ساڵی پێشودا بێن چونکە ئەو رۆژانە نەواوکەری ئەو ساڵەن و ئەگەر لە دوای 21 بێن دەکەونە سەرساڵی نوێ نەك ساڵی پێشو ئەم رۆژەش کە سەری ساڵی کوردییە دەبێتە رۆژی یەکەم لە مانگی یەکەمینی ساڵ لە مانگەکانی کوردی کە مانگی (خاکەلێوە)یە جادوور نیە پێنج رۆژەکە خرابێتە کوتایی ساڵەکە یانی پاش تەواو بوونی مانگی رەشەمێ یانی ئەو مانگە بە (35) دەژمێردرێ وەك چۆن میسریە کۆنەکان کە پێنج رۆژەکەیان لە کوتایی ساڵدا هیناوە.

ئەگەر ئەم حیسابەش راست بێ دەبێ زۆر کۆن بێ بەڵایەنی کەمەوە لە دەوری هەزار ساڵ لەمەوبەر یان لە پێش ئیسلام لەوکاتەی کە نەورۆز کە سەری ساڵ بوو (ثابت) نەبوو لە یەك رۆژی دیارکراودا یانی ثابت نەبوو لە رۆژی 21 ئادارەدا بەڵکو دەسورا یەوە جار هەبووە نەورۆز لە کاتی ساسانیەکان دا دەکەوتە وەرزی هاوین. یانی بڵێین ئەو کاتەی پێنج رۆژی تار خراونە پاش رۆژی 21 ئادار، رۆژی نەوروز کە سەری ساڵ بوو، دەکەوتە (27) ئادار.

لە (ساڵنامەی کورپاشا)ی ساڵی 1984دا شەش مانگی کوردی (بەهارو هاوین) هەریەکیان بە (31) رۆژ حیساب کراون و شەش مانگی (پاییزو زستان) بە (30) رۆژ یانی پێنج رۆژی تار دابەش کراوە سەر مانگەکانی بەهارو هاوین، دەشبێت رۆژی شەشەم بەنسبەت ساڵ کەبیسەوە بێ) تا ساڵە بیستە (365) بەڵام خۆم نازانم ئەو چارەسەرکردنە لەم زووانەدا دۆزراوتەوە یان کۆنەو ساڵنامەی گراویش بەو شێوەیە پێنج رۆژەکە خراوەتە سەر ساڵ، لە ساڵی (بسیطە)دا.

سەرەتای وەرزەکان

سەرەتای وەرز (فصل)ە کانی ساڵ بەگوێرەی رووانگەی گراو وەك شارەزاکانی خەڵکی دێیەکە دەڵێن لە رۆژانی بیست و یەك یانی 21 کانونی یەکەم سەرەتای زستانەو 21 ئادار سەرەتای بەهارەو 21 حەزیران سەرەتای هاوین و 21 ئەیلول سەرەتای پاییزە، بەڵام سەرەتای پاییزە 23 ئەیلولە بەپێی لیستەی کەلوەکان لەکاتی رومانیەکان دا کە لە کتێبی (علم الفلك عند العرب ل 22 ـ 24 والموسوعة الفلكية المبسطة 146 ـ 149 وساڵنامەی کور پاشا داهاتووە رۆژی 22 حەزیران ئەوەڵی هاوینە بەپێی سەرچاوەی دووەم وسێیەم و 21 حەزیران بەپێی لیستەی رۆمانیو 22 کانونی یەکەم سەرەتای زستانە بەپێی سەرچاوەی یەکەم و دووەم بەڵام هەموو یەکن لەسەر 21 ئادار. مەلا ئەحمەد لە ساڵنامەی کورپاشادا هندێك بورجی کردوە بە 31و 32 رۆژیش دیارە ئەم دەستکاری کردنەی بورجەکان بەزیادی کردنی رۆژێك وەیا دوو رۆژ لەسەر رۆژانی ئەسڵی بورجەکان بۆ ئەوەیە تا لەگەڵ مانگەکانی ساڵی رۆمی یان بڵێین زایینی بگونجی وەتا ساڵ بێتە (365) یانی پێنج رۆژی تار خراونەتە کۆتایی هندێك لە بورجەکان تا باشتر لە رووانگەکە بگەهین (بگەین)، پێویستە بە وردی موراقەبەی قوچەکانی بکەین بۆ ماوەی ساڵێك وەیا زیاتر.

هەواڵنامەی کۆنگرە

مانگەکان لە گڕاو

خەلکی گڕاو مانگەکانی ساڵنامەی ڕۆمی بەکاردێنن یانی: کانونی یەکەم وکانونی دووەم و شوبات... هتد وەهروەها مانگەکانی عەرەبیش بەڵام کەمتر، بە پێی حیسابی کۆچی (هجری)ین: محرم، صفر، ربیع الأول، ربیع الآخر... هتد لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە ئایینەوە هەیە، یانی بە هندێك کاتی ئایینی وەك ڕۆژوو و ڕەمەزان و حەج و جێژنە ئایینیەکان و مانگەکانی کوردی لە نیۆ خەڵکی

گڕاو باو نیە یانی مانگەکانی: سەرماوە زو ڕێ بەندان... هتد یانی لە حیسابی ساڵدا بەکاریان ناهێنن بەڵکو حیسابی ڕوانگەکە لەگەڵ مانگەکانی ڕۆمی پێکەوە دەکەن لەکاتێك دا مانگە کوردیەکان لەگەڵ حیسابی کەلوەکان ڕێکن، لەگەڵ ڕومی ڕێك نین و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کورد لە کۆن دا حیسابیان بە کەلوەکان کردووە کە دەبایە ئەم مانگە کوردییانە بەکار هاتبایە شان بەشانی کاتی حیسابی ڕوانگەکە، دور نیە لە ئەسل دا مانگە کوردییەکان لەگەڵیدا بەکار هێنرابن بەڵام پاشان وازیان لێ هێنرابن بە زاڵ بونی مانگەکانی ڕومی.

لەبەر ئەوەی مانگەکانی کوردی لە حیسابی کەلوەکان پەیدا بوون لە کون دا، وابە باش دەزانین لێرەدا لیستەیەك دروست بکەین بۆ بەرامبەر کردنی کەلوەکان و مانگەکانی کوردیو ڕومیو ئەم لیستەیەش بەگوێری (ساڵنامەی کورپاشا)یە یێ مەلا کاك احمدی سەردرەیی کە خۆی سەپاندووە کە باشترین وەیا لە باشترین حیسابداڕە کوردەکانی ئیمڕۆمانەو ساڵنامەکەی کە لە ئەسل دا لە سیەکان دا داینناوە لە بارەی حیسابی کوردەواریەوە زۆر گرنگە بەگوێری ئەم ساڵنامەیە شەش مانگی بەهارو هاوین لە مانگە کوردییەکان دا (31) ڕۆژن و مانگەکانی پاییزو زستان (30) ڕۆژن، بەم شێوەیە ساڵ دەبێتە (366) ڕۆژ لە ساڵی کەبیسەدا یانی دەبێ ساڵانیتر ڕۆژێك لە یەکیان کەم بێ تا ساڵ ببی بە (365) ڕۆژ.

دیارە ڕۆژەکانی تار بەم شێوەیە خراوتە نێو ساڵ. بەڵام نازانم ئەمە لە کۆن دا وا کراوە، یان نوێیە. ئەوەی شایانی باسە هەر مانگێکی کوردی بە چەند ناوێك دێن بە گوێری ئەم ناوچەو ئەو ناوچەی کوردستان، بۆ نمونە مانگی یەکەمینی ساڵ ئەم ناوانەی هەیە:

خاکەلێوە، ئاخەلێوە، نەورۆز، داڕپشکێو، هەرمێ پشکێو زۆربەی مانگەکانی کوردیش مانای کشتوو کاڵی و ئابوریتری وەیا کەژناسی دەبەخشن، وەك بەڕێز کاك نافع کاکە (9) ومەلا احمد باسیان کردووە.

ئەمەش لیستەکەیە:

مانگەکانی کوردی	مانگەکانی ڕومی	بورج (کەلوو)
ڕۆژ مانگ		
1 خاکەلێوە	= 21 آذار	= 1 حمل
31 خاکەلێوە	= 20 نیسان	= 1 ثور
1 گولان	= 21 نیسان	= 2 ثور
31 گولان	= 21 ایار	= 1 جوزاء
1 بەختەباران	= 22 ایار	= 2 جوزاء
31 بەختەباران	= 21 حزیران	= 32 جوزاء
1 ـ پوش کاڵ	= 22 حزیران	= 1 سرطان
31 پوش کاڵ	= 22 تموز	= 31 سرطان
1 پوش بەڕ	= 23 تموز	= 1 أسد
31 پوش بەڕ	= 22 آب	= 31 أسد
1 ڕەز بەر	= 23 آب	= 1 سنبله
= 31	= 22 ایلول	= 31 سنبله
1 گەلاڕێزان	= 23 ایلول	= 1 میزان

هەواڵنامەی کێو

= 30	= 22 تشرینی یەکەم	= 30 میزان
1 خەزەڵ وەر	= 23 = =	= 1 عقرب
= = 30	= 21 تەشرینی دووەم	= 30 عقرب
1 بەرووبەز	= 21 تشرینی دووەم	= 1 قوس
= 23	= 14 کانونی یەکەم	= 23 قوس
29 بەرووبەر	= 20 کانونی یەکەم	= 29 قوس
30 بەرووبەز	= 21 کانونی یەکەم	= 1 جدي
1 سەرماوەز	= 21 کانونی یەکەم	= 2 جدی
1 سەر ماوەز	= 22 کانونی یەکەم	= 2 جدی
29 سەر ماوەز	= 19 کانونی دووەم	= 29 جدی
30 سەر ماوەز	= 20 کانونی دووەم	= 1 دلو
1 ڕێ بەندان	= 21 کانونی دووەم	= 2 دلو
30 ری بەندان	= 19 شوبات	= 1 حوت
1 ڕەشەمە	= 20 شوبات	= 2 حوت
30 ڕەشەمە	= 20 ئادار	= 1 حمل

بەم لبستەیە دەزانین کە مانگەکانی کوردی بە پێ حیسابی بورجەکانی فەلەکی‌یە وئەم کەم و زیادەی بە ڕۆژێك لە بەینی هندێك مانگ و بورج دیارە گوڕینی وەختی‌یە یانی ئەسلی نیە ودوریش نیە ئەگەر هەلەیەکی چاپیش هەبی بۆ نمونە بیست و یەکی ئادار یەکی بورجی (حمل)ە نەك دووی (حمل)ە ئەگەرچی زانایانی ئیستای فەلەك دەڵێن وەرزەکانی سال بەرەو دوا دەکشێن وئیستا نوقتە اعتدالی بهار کە سەرەتای بهار لەوە دەست پی دەکا ـ لە بورجی (حوت)دایە یانی لە بورجی (حمل) کشایەوە بۆ (حوت) (2200) ساڵی تر دکشێتە بورجی حوت لە کوتایی‌دا داوای لێبوردن دەکەین ئەگەر جیاوازی‌و هەڵە دۆزرایەوە لە ڕۆژەکانی سەرەتای بورجەکان و قوچەکان دا چونکە تائێستا ئەم مەوزوعە بەتەواوی بۆم چارەسەر نەکراوەو جیاوازیش هەیە لە بەینی سەرچاوەکان دا.

هەروەها مەوزوعی حەوتەکانی هاوین و زستانیشمان نەخستۆتە نێو ئەم باسە چونکە قوچەکانی حەوتەکانمان، تەواو نەکردووە لە ڕەوانگەدا چونکە ڕوخاون و نەماون و لەپێش دا هەبوون هەر حەوتەیەك لەمانی خارەوە قوچی تایبەتی خوی هەبووە:

بێندە، بیندرخێ، میرەم، ئوغەن، پیت و پاروس، خدر والیاس.

ئەوەی شایانی باسە دوا ڕاپۆرتمان دەربارەی ڕوانگەکەمان داوەتە مرکز بحوث الفضاء والفلك ویونسکو لقی عیراق والمؤسسه العامة للآثار والمدیریة العامة لآثار ومتاحف المنطقة الشمالیة ووزارة الأوقاف والاتحاد الفلکي العالمي.

سوپاسم هەیە بۆ بەڕێزان کاك صدیق صالح و مامۆستا حسین ڕشید صالح کە ئەم باسەیان بۆ من پاکنوس کردووەو پاشان لەبەز زورفی گۆڤارەکە دەوری بیست لایەڕەیەکمان لەم باسە کورت کردووە.

پەراوێزەکان:

1 ـ دەربارەی شاخی خانی تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکە: (المرشد الی مواطن الآثار والحضارة ـ بغداد ـ اربیل ل 7)ی طه باقر وفؤاد سفر، ئەم شاخە دەکەوێتە باشووری گراوو بەینیان دۆڵی باستورانە.

2 ـ ئەگەر لە کوردستان بگەڕێن باس و حکایەتێکی زۆر دەبیسن دەربارەی حیسابدارە کوردەکان یانی ئەو کەسانەی کە لە حیسابی سال و لە کەشناسی (الأنواء الجویة) شارەزایێکی زۆریان هەبووە کوردەکان زۆر سودیان لێ وەرگرتوون، وەك محمد علی هەمەوەندی کە کاتی عەشیرەتی هەمەوند لە سەدەی نوزدەهەم دا لە (طرابلس)ی ڕۆژئاوا لە باکوری ئەفریقیا. بە دزی دەولەتی عوسمانی‌یەوە ڕایان کردو بە شەو بە ڕێگادا دەهاتن ئەگەر لە ڕێ خەڵەت ببانە محمد علی (اتجاهی) ڕێگای بە ئەستێرەکان ڕاست دەکردەوە محمد علی هەمەوەندی

هەوڵنامەی کتێب

حیسابداریکی زۆر زانا بووە دەوڵەتی عوسمانی ئەم عەشیرەتە کوردەی دور خستبووەوە بۆ (لیبیا)، موسی و برایی (براهیمەك) حیسابداری کۆنن لە ناوچەی (گەورکان) لە هەریما (سەدەشت. و حکایەتی لەسەر هەیە دنی «موسی و «براهیم خەسارە بەناوی ئەوانەوەن دیارە لە مێژوێکی دوردا بووەو هەروەها کچی براهیمەك پش حیسابدار بووە.

هەروەها بەکر بەگی هیرانی کە دەوری (50) ساڵە کۆچی کردووە بە قوچەبەرد حیسابێکی لە هیران دروست کردبوو، وە حیسابداریکی زۆر باش بووە.

حەمەدی مەلا محمودیش حیسابداری خەڵکی دنی (لگە بن)ی لاجان بووە، حیسابداریکی بەرزو بەناوبانگی بەجێ هێلاوە لە ناوچەی (لاجان)دا لە کوردستانی ئێران وەك بەڕێز ملا عبدالله مصطفی لاجانی هندێك لە باس و حکایەتی بۆمن باس کردووە. هەروەها (حەمەدی فاتما) خەڵکی دی (مەمەندئاوا) لە دەشتی بتوێن حیسابداریکی بەرز بووە هندێك قوچی بۆ زانینی هندێك لە حیسابی ساڵ لە مامەند ئاوا دروست کردبوو.

رەحیم دەرویش ی کەلوری (کەلهوری) حیسابداریکی کوردستانی ئێران بووەو لە وێوە هاتووتە ناوچەی هەڵەبجەو حەمەی سلیمان ی وەلەدبەگی لە ساڵانی بیستەکان دا وەیا لە پێش بیستەکان لە (رەحیم)ەوە فێری حیسابداری بووە ناوی ئەم دووحیسابدارە لە ووتاری «بورجەکانی ساڵ»دا کە باسێك بووە لە باسەکانی نامیلکەی «سرنجێك لە دەروازەی فولکلوری کوردی» کە نقابەی مامۆستایانی لە هەولێر ساڵی 1960دا دەریکردووە یا ساڵی دوایی ئەوە بە ڕاستی ئەم گوتارە زۆر گرنگە وەك شتێکی سەرەتایی، چونکە دوور نیە وەك ووتارێك یەکەم هنگاوێك بێ لە مەیدانی ئەستێرەناسی و کەشناسی لەنێو کوردەواریدا، خاوەنی ئەم ووتارە، کە ناوی خۆی نەنوسیوەو دەڵی سودم لە (حەمەی سلیمانی)و (مەلا قادری مەڵکەندی) وەرگرتووە ناوی (حیسابی گلەزەرد)ەو (حیسابی بای)شی هێناوە، ئەگەرچی بە ئەقویمی شێخ حسنی گلەزەردەو بە ئەقویم وەیا ڕوانگەی مەلا نەبی لە باری - نەزانیوە ودوای کە ڕوونوسی ئەم باسەم لە کۆتایی‌دا بوو برای بەڕێزو دڵسوزی کەلەپوری کوردی کاك ئەکرەمی صالحی رەشە ئەم ووتارە بەئیستیناخی بۆ منی هێنا بۆ ئەوەی سودی لێ وەرگرم.

حیسابدارەکانی عەشیرەتی گەڵباخی لە ناوچەی سنە زۆر بەناوبانگە بوون لەو ساڵەی ئەم عەشیرەتە کورده نیازی بوو ڕاپەڕی بەرامبەر زۆڵم و زوردارى رەزاشای ئێران حیسابدارەکان بەسەرۆکەکانی وەك ئەمینی نەغەو اجلال وقیبلەی عالەم گوتیان ئیمسال شەر نەکەن چونکە ئەم زستانە زۆر سارد دەبێ ئەوانیش باوەڕیان بە قسەکە کردو نیازی شەریان نەبو لەو زستانەدا بەڵام هێزی رەزاشا مەجالی نەدانێ و ناچاری شەڕی کردن و ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە لە سەرما گەلباخیەکان دوچاری کارەسات بین و ئەوانەی بەشداری ڕاپەڕینەکەشیان بون لە ساڵی (1937؟)دا وەك عەشیرەتی مەنمی و گەڵاڵی و تیلەکۆ - ئائیمرو بووەتە پەند زۆرکەسیان لە سەرماو لە نێو بەفردا مردن بەتایبەتی لە کێوی (تەورێزخاتون) تا سید باقری سەرکان کە چو بووە هندێکیان بهێنن بۆ کوردستانی عیراق لە هندێك دیهات بیان حەوێنەوە لەسەر داوای شێخ محمود کە گەلباخیەکان پەیوەندییان پێیەوە کردبوو سید باقرو شیخ محمودی برای لەگەڵ بڕێك لە گەلباخیەکان لە ڕێدا (میشیاو) لەسەر سنوری پێنجوین لە سەرما مردن وەك ئەم زانیانەمان لە بیرەوریەکانی بەڕێز مامۆستا عبدالقادری دەباغی سەقزی و مام توفیق محمودی سەرکان وەرگرتووە کە تومارمان کردووە.

(حسن گابەك)ی مەنگوڕی‌ی خەڵکی ناوچەی قەلادزە کە لە ڕۆژی سێ شەمەی (1971/2/9)دا کۆچی دوایی کردووە دەتوانین بڵێین بەناوبانگترین حیسابداری ناوچەی سلیمانی بووە، لێرەدا ماوەمان نیە ئەو زانیاریەی دەربارەی ئەومان کو کردووە لە خەڵك و لە هندێك لە خزمەکانی نیزیکیش - بنووسین.

(7) هندێك لەو کەسانەی کە سودمان لێ وەرگرتوون لە بارەی ئەستێرەناسی لە کوردەواری‌دا ئەم بەڕێزانەن: مام مینە (محمد امین رسول) وزرار باپیرو عبدالله زەر (عبدالله قادر) لە خەڵکی دێ (سلە)و مامۆستا ملا عیسی فقی عزت مەلای دێ یەندزو کاك حاجی محمود کاك ڕەسول خەڵکی یەندز لەناو دەشتی

نێزیکی شاخی قەندیل.

ئومێدوارم بەدرێژی باسی حیسابی کوردەواری بکەین لە داهاتودا چی بەشێوەی ووتارو چی لەو کتێبەدا کە دەربارەی سالنامەو ڕوانگە کوردییەکان دادەنین وە ئەم باسەی ڕوانگەی گڕاووو باسی تەقویمی شێخ حسن گڵەزەردە لە مەوزوعەکانی ئەو کتێبەن.

(3) دەربارەی مەوزوعی کەلوەکان تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: میخائیل عبدالأحد/ الموسوعة الفلكية المبسطة چاپی بەغدا 1977، جلال امین/ مبادیء علم الهیئة، امین فهد/ المعجم الفلكی و شرح چغمینی، محمد رجب السامرائی/ علم الفلك عند العرب.

(4) دەربارەی سدید الدین محمود کوری عمر لە سالی 1237 ز = 1168زا کوچی دوایی کردوە گوتاریکمان پلاو کردوە لە ڕۆژنامەی العراق ژمارەی ڕۆژی 1982/10/21.

(5) باسی ژیانی «عبدالله بن یوسف بن ابوبکر الاسطرلابی» نوسراوە لەلایی ابن حجر العسقلانیەوە لە (الدرر الكامنة بەرگی 2ل 308 و لەلای (ابن كثیر)ەوە ل (البداية والنهاية)ب 4 ل 168.

(6) میخائیل عبدالاحد/ الموسوعة الفلكية المبسطة ل 655 ـ 656 جلال امین زریق/ مبادیء علم الهیئة ل 23، 242.

(7) خەلخالی/ شرح الدائرة الهندية في معرفة سمت القبلة/ ل 40 ـ 52 لیکولینی درید عبدالقادر 1981.

(8) تەماشای ئەم کتێبە بکە: ج.1. اسلمنت، بهاء الله و دەوری نوێ ل 218 وەرگیرانی محمود جودت چاپی 1933.

(9) بەڕێز کاك نافع کاکە ووتارێکی بەنرخی دەربارەی مێژووی سالنامەی کوردی بلاوکردووە لە کاروان ژمارە 17 و لە ژمارەیەکی ترێدا زۆر زانیاری لە ووتارەکەدا هەیە ڕێکە لەگەڵ سالنامەی کور پاشا، بەڵام نازانم بۆچی ئیشارەتی نەکردوە بۆ ئەم سالنامەیە کە چەند جارێکی تر چاپ کراوە کە تا ئەو کاتە گرنگترین سەرچاوەی کوردییە لەم مەیدانەدا.

(10) میخائیل عبدالأحد بەدرێژی باسی کشانەوەی وەرزەکانی کردووە لە کتێبە بەنرخەکەیدا الموسوعة الفلكية ل 170 ـ 171.

سەرچاوەکان

1 ـ ابو الحسن عبدالرحمن بن عمر الرازی/ صورة الكواكب الثمانية والأربعين طبع حيدر آباد 1954.

2 ـ ایلیا برشینایا/ كتاب الأزمنة به عەرەبیو سوریانی دانەی دەستووسی نامەخانە موزەخانەی بریتانی (7197).

3 ـ ابن رەزازی جزیری/ الجامع بين العلم والعمل في صناعة الحيل دانەی وینەکراوی معهد مخطوطات جامعة الدول العربية لە قاهرە کە لە سەردانە دەستووسەی (أیا صوفیا) لە استنبول وینە کراوە.

4 ـ شرح چغمینی چاپی (1911؟).

5 ـ حسين الخلخالی/ شرح الدائرة الهندية في معرفة سمت القبلة توژینەوەی درید عبدالقادر 1980.

6 ـ ابن حجر العسقلانی/ الدرر الكامنة.

7 ـ ابن كثير/ البداية والنهاية.

8 ـ ڕۆژنامەی ڕەنجوری (عمر کوری خالد بەگ) دەستووس.

9 ـ میخائیل عبدالاحد/ الموسوعة الفلكية المبسطة 1977.

9 ـ امین فهد/ المعجم الفلكي.

10 ـ جلال امین زریق/ مبادیء علم الهیئة.

11 ـ محمد رجب السامرائی/ علم الفلك عند العرب 1984.

12 ـ سەرنجێك لە دەروازە فولکلوری کوردی/ نقابة ماموستایانی کورد دەریان کردووە دەوری سالی 1960.

13 ـ کاروان ژمارە 17: دەێژووی سالنامەی کوردی هی نافع کاکە.

14 ـ اطلس المواقع الأثرية في العراق 1979.

15 ـ طه باقر وفؤاد سفر/ المرشد الى مواطن الآثار والحضارة: الرحلة الخامسة.

16 ـ سالنامەی کۆرپاشا ـ سالی 1974.

هەولێر کتێبخانەی

ل دیڤ چونەك ل سەر یەكەمین رۆژناما كوردی

● حجی جعفر ●



دەمێ رۆژنامـا (کـوردستانێ 1898)، ل قاهیـرە دەردچـوو، رۆژنـامـا «البرهان»، «القاهرة»، «الأهرام» ژی ب پشتگیـریـا سلطـان عبـدالحمیـد دەردچـوون و بەرهەنگاریا رۆژنامـا «الوطن»، «الزمان»، «مرآة الشرق»، «النیل»، «المقطم» دکـر، چونکی ڤێ دەستەکا دوماهیێ عەیب و کێماسیێت سولطان عبدالحمید دیار دکرن، دیسان رۆژنانا «اجتهاد» کو ب ناڤێ «توركیێت لاو» دەردچو دگەل رۆژنـامێت ئەرمنی مل ب ملی ڤەنـابـون دژی سولطـان

عبدالحمیدو دەستەکا وێ.[1]

دڤێ گەرمیاتیێدا، ڕۆژنامەگەریا تورکی د دراڤەکێ تەنگ و ئالۆزدا بو، سولطان عبدالحمیدو نوکەڕێت خو ب هەمی ڕەنگا دوژمناتیێا ڕۆژنامە ـ گەریا پاك و پەیڤا ڕەسەن دکر، گەلەك ژ پەیڤا پاقژ و راست ترسیان، هەتا رادەیەکێ هندەك پەیف ل سەر لاپەڕێت ڕۆژناما هاتنە قەدەغەکرن، وەك پەیڤا:

(دیموقراطیەت، هەڤ پشکی، سەربەستی.. هتد) گەلەك جاران ژی دەرگەهێ هندەك ڕۆژناما ل سەر نڤیسینەکا چونەیی دهاتە گرتن، ژ لایەکێ دیڤە زولم و زوریێا سولطان عبدالحمید هند دژوارو تیژ بوو کەسێ ئەو هیڤی نەما بو داخوازا دەرئێخستنا ڕۆژنامەیەکێ بۆ خو بکەت.[2] د دەراڤەکێ هۆیێ تەنگ و بێ سەروبەردا، ب زەحمەت ڕۆژنامەیەکا کوردی ب شێت هیڤی و داخوازێت میللەتێ خو ب نڤیسیت و بگەهێنتە خەلکێ، لەورا دلسۆزێت پەیڤا کوردی بیرو هزرێت خو کرن، کو ڕۆژنامەیەکا کوردی ژ دەرڤەی وەلاتی دەربێخن.

دڤیا ئەم وێ ژی بزانین کو بەری ڕۆژناما کوردستانێ پەیدا ببیت، ڕۆژنامەگەریا ئەرمنی و یونانی و تورکی هەبو، هەر ل سالا (1942) جوهیا چاپخانە کێشانە دنافێ ئیمپراطوریەتا تورکیدا، پاشی ل سالا (1567) ئەرمنا دەست ب ڕۆژناگەریێ کر، پاشی ل سالا (1627) یونانیا.

یەکەمین چاپخانە ب زمانێ تورکی هاتیە وەلاتی سالا (1726)ێ بۆ، لێ ب راست و دروستی ڕۆژنامەگەریا تورکی ل سالا (1831) دەست پێ دکەت، ل سەر دەمێ سولطان مەحمودێ دوویێ (1808).[3]

ب راستی ئەڤ پێنگاڤا ڕۆژنامەگەریا ئەرمنی و یونانی و تورکی هاڤێتی، هەتا رادەیەکێ کار کر بۆ سەر بیرو هزرێت ڕۆشنبیرێت کورد، کو ئەو ژی بیرا هندێ بکەن ڕۆژنامەیەکێ ب زمانێ میللەتێ خو دەربێخن، لێ هەر وەکی مە بەری نەهۆ گوتی، دەرئێخستنا ڕۆژنامەیەکا کوردی ل کورد، ستانێ تشتەك گران بو، لەوما جوونە برایێت بەدرخانی خودێ ژ هەر دوان رازی بت، بەرێ خۆ دانە وەلاتێ میسرێ چونکی:

1 ـ میسر نزیکترین وەلاتە بۆ کوردستانێ، کو بشێت خزمەتەکێ بکەت، راستە لوبنان نزیك تر بەلێ ئەو سەروبەرێ ل میسرێ ب دەست کوردان دکەت، ل لوبنان نەبو.

2 ـ میسر پێشکەفتیترین وەلاتە، لە بارەی ڕۆشنبیری لە وەلاتی عەرەب دا.

3 ـ هەر ل سەر دەمێ ناپلیون چاپخانەو شارستانیەتا ئەورپی کار ل میسرێ کر بو.

4 ـ خالا ژ هەمیا گرنگ تر ئەو بو، کو دەرگەهێ بۆ هەمی «معارضا» تورکی ڤەکری بو دژی سولطان عبدالحمید، وەکو ئەرمنیا و پارتا (اتحاد وترقی)، کو هەر ئیکی ڕۆژناما خو هەبو دژی سولطانی، لەورا کوردان ژی بەرێ خو دابو وێ دەرێ داکو بکارن خزمەتا ڕۆژنامەگەریا کوردیو میللەتێ کورد بکەن.[4]

ل سالا (1898) ڕۆژا (22)ێ نیسانێ ل باژێرێ قاهیرە دۆ برایێت دلسۆز خو گۆری کەرێت پەیڤا کوردیو زمانێ کوردی شیان بۆ جارا ئیکێ د میژوویا میللەتێ کورددا، ب زمانێ کوردی ڕۆژنامەیەکێ بۆ کوردان ل بن نافێ و نیشانێت «کوردستان» ب چوار لاپەرا ل چاپخانا (الهلال) دەربێخن.

ب ڤێ پێنگاڤێ «مقداد مدحت بەدرخان»

یەکەمین نەمرە ل بیبلوگرافیا ڕۆژنامەگەریا کوردی وەرگرت، واتا مقداد مدحت بەدرخان ب یەکەمین ڕۆژنامەنڤیسێ کورد دێتە ژمارتن ل دیڤرا نافێ خودێ ژێ رازی عبدالرحمن پاشا بەدرخان نەمرا دۆویێ وەردگریت.[5]

ڕۆژا «22» نیسانێ ڕۆژەکا گەشە د ڕۆژنامەگەریا کوردیدا، پێنگافەك هێژا و سەرکەتیە دبیرو هزرێت

رەوشەنبیریت کورددا، لەوما ئەف رۆژە بویە جەژنا رۆژنامەگەریا کوردی و هەر سال ڤی دەمی رۆژنامەنڤیسیت کورد ب بیرهاتنا ژ دایك بوونا ڤی رۆژنامێ قەلەما ئێژ دکەن و دکەڤنە ڤەکۆلین و بشکنینا رۆژنامەگەریا کوردی.

ئەف رۆژنامەیە ب چوار لاپەرا دەردکەفت ب قەوارێ (32,50 × 25,50سم) ب شێوا کورمانجیت بوتان سەرنڤیسەڤانیت ڤێ رۆژنامێ ژی هەر ژ خەلکێ بوتانن و بنەمالا میر بەدرخانن، ئەف بنەمالە ژ عەشیرەتا خالتیانن، هەر ژ کەڤن دا میراتیا کوردان کریەو قەلەم ب دەستەکی و تفەنگ ب دەستێ دی گرتیە، ژ بۆ کوردان را راست و دروست بوینە، جان و مالێ خو گۆری کوردو کوردستانێ کرینە.

ڤێ بنەمالێ بەری سالا (1514) هەتا سالا (1847) سەرۆکاتیا ئیمارەتا بوتان کریە.

یەکەمین میر نافێ وی (عەلی بەگ) بویە، دوماهی میر نافێ وی (بەدرخان پاشا) بویە، کو خودانێ شۆرشا (1842، 1847) بویەو (90) کوڕو نەڤی ل دیڤ خو هێلایینە،[6] هەمی خودان قەلەم و روتبەو کەنکەنیت دەولەتێ بوینە ژوانا:

(ئەمین عالی بەدرخان، عبدالرزاق بەدرخان، جەلادت بەدرخان، کامیران بەدرخان، مقداد مدحت بەدرخان، عبدالرحمن بەدرخان... هتد).

مێجر نوئێل دبێژیت:

(کوڕەکانی ئەمین عالی بەدرخان لە ئەستنبول گەورەبوون و پێداویستی ژیانیا لە رۆژنامە ـ نووسی دەست دەهێنا[7] پاشی دبێژیت:

(رۆژنامەی سەربەستی)و چاپەمەنیەکانی تری (یانەی کوردی) لە ئەستنبول هەر لە لایەن ئەوانەوە ـ بەدرخانیەکان ـ سەرپەرشتی و ئاراستەی سیاسی دەکرێت،....)[8]

یاریدەرێ سەرنڤیسینێ ڤێ رۆژنامێ خودێ ژێ رازی جەلادت بەدرخان بو.

هێژا (ئریا بەدرخان)ی ژی رۆژنامەنڤیسێ ل میسرێ کریە، بەلێ نە هاتیە زانین کو چ رۆژنامە دنڤیسی، ژبلی هندێ کو خودێ ژێ رازی خودانێ کتێبا «القضیة الکردیة»یە، یاکو بنافێ دکتور بلەج شێرکویی دەرئێخستی.

پروفێسور کامیران بەدرخان و جەلادت بەدرخان ل سالێت چلان گوڤارا (روناهی و هاوارو ستێرو رۆژانو) دەردێخستن.

خو مقداد مدحت بەدرخان و برایێ خو عبدالرحمن پاشا سەرکێشیت رۆژنامەگەریا کوردینە، چونکی بۆ جارا ئێکی د میژوویا میللەتێ کورددا (22)ێ نیسانێ سالا (1898) رۆژنامەیەکا کوردی ژ دەهمەنا دایکا خو کەفت.

هێشتا رۆژنامەگەریا کوردی رابیە سەر پیاو نە رابی کەفتە شەرگەهێ شەرەنیخێ دگەل سولطان عبدالحمید وەڕیما وی‌یا پاشکەفتی.

هێژاو خودێ ژێ رازی مقداد مدحت بەدرخان، سەر پەرشتیا ژمارا ئێکێ، هەتا ژمارا پێنجێ کریە، پاشی پشتی چویە بەر دلوڤانیا خودێ برایێ وی هێژا عبدالرحمن پاشا بەدرخان جهێ وی گرتیە.

ڤان هەر دۆ برا گەلەك سەر ئێش و نەخوشی ب دیڤ ڤێ رۆژنامێ ڤە دیتینە سولطان عبدالحمیدو نوکەریت خۆ تەخسیری نە دکر بۆ گرتن و ئازار دانا ڤان هەر دۆ برا، چونکی دوژمنێ کوردو پەیڤا کوردی بوویە... گەلەك جارا داخواز ژ (خدیو)ێ میسرێ کریە کو مقداد مدحت و عبدالرحمن پاشای بگریت و بۆ وی بنێرتە ئەستنبولێ.. لەوما دێ بینین ژمارە (1 ـ 5)ل میسرێ دەرچوویە، ژمارە (6 ـ 19) ل جنیڤ، ژمارە (20 ـ 23) دوبارە ل قاهیرە، ژمارە (24) ل لندن، ژمارە (25 ـ 29) ل فولکستون، ژمارە (30 ـ 31) دوبارە ل جنیڤ دەرچوویە.

ئەف گەریان و قەگوهازتنا هە ژ سالا 1898 ـ 1902

هەوالنامەی کتێب

کێشا و (31) ژمارە ژێ دەرێخستن وەکو ژ نافەرۆکا ڤێ رۆژنامێ دەردکەڤیت، ئارمانجا دەرچوونا وێ هوشیار کرنا میللەتێ کورد بویە، خزمەت کرنا ئەدەب و پەیڤا کوردی بویە.

رۆشنبیرو بیروناکیت کورد هەست ب هندێ کربو، کو میللەتێ بێ رۆژنامە وەك مرۆڤێ لالە نکاریت هیڤی و داخوازیت خو بگەهینیت خەلکێ.

لەوما چاکترین رێ بۆ هۆشیار کرنا میللەتیت بن دەست دەرێخستنا رۆژنامایە.

ب راستی رۆژنامە کوردستانێ دەورەکێ مەزن و بەرکەتی د مەیدانا خەبات و بزاڤێدا کریە ژ بۆ بەرژەوەندیا میللەتێ کورد.

نهۆ مەزانی ئارمانج ژ دەرێخستنا رۆژنامە کوردستانێ چ بویەو چەند ژمارە ژێ دەرکەفتن و ل کیرێ، بەلێ یا مە بڤیت بزانین کا چەوا دگەیشتە خاکێ کوردستانێ؟! خویایە کو دەرچوونا ڤێ رۆژنامێ ل قاهیرە ژ بۆ کوردیت کوردستانێ بویە لەوما پێتڤی یە ئەڤ رۆژنامەیە بگەهیتە خاکێ کوردستانێ، ئەگینا دەرچوونا وێ بێ قازانج و مفایە، ب راستی ژی گەهاندنا رۆژنامەکا کوردی دژی سولطان عبدالحمید بیت و داخوازکەرا مافێ کوردان بیت ب ساناهی نینە کو بگەهیتە نافێ دەستیت خوێندەوارێ کورد ل کوردستانێ، ئەڤە ژ لایەکێ ڤە، ژ لایەکێ دیڤە هاتن و چوون دوی دەمێدا وەکو نهۆ پێشکەفتی و ساناهی نە بویە لەوما ب درەنگی ئەڤ رۆژنامەیە دگەیشتە دەستێ خوێندەوارێ کورد ل کوردستانێ، لێ هەر چەوا بیت و ب چی حالێ بیت چ زوو چ درەنگ «کوردستان» دگەیشتە کوردستانێ، چونکی ژ وان نامەو نقیسینا دیار دبیت کو ژ دیاربکرو ئەدەنەو موسلێ و سولیمانیێ، ژیرا شاندین و وێ ژی بەلاڤەکرین.

بۆ هندێ کو ئەڤ رۆژنامە بگەهتە دەستێ خوێندەوارێ کورد، سەرنقیسەڤانیت وێ پەنا بریە بەر سەد حیل وحەوالا بۆ نمونە ڤێ رۆژنامێ و رۆژنامیت تر بیت کو قەدەغە ل ئیمپراطوریەتا تورکی، دا ئیخنە بن هندەك گوڤارو رۆژنامیت دی بیت کو نە قەدەغەو وێنێ بسولطانی ل سەر[9] ..... بقی حالی ئەڤ رۆژنامە بەلاڤەبویە هەتا «31» ژمارە ژێ دەرچوونە و سالا 1902 راوەستایە، ئەمما بۆچی راوەستا؟ هندەك دبێژن، ژبەر دەست تەنگیا عبدالرحمن پاشای بویە، هندەك ژی دبێژن سولطان عبدالحمید ب سیاسەتا خو کاری عبدالرحمن پاشای بکێشیتە بن پەرێ خو،[10] لێ ئەگەرا ئیکێ راستر ژ یا دووێ.

بیت کو ل سەر ڤێ رۆژنامێ ئاخفتی بۆ جارا ئیکێ ژ بیانیان (ئەدمۆندس، م بی لازەیف، مینورسکی، گەردلیفسکی) بویە، بگرە هندەك ژی تێدا هاویەش بوینە وەك زانایێ هێژا، (هارتمان)، دبیت پارستنا ژمارێت کوردستانێ بیت کو ل کتێخانا ماربورگ ل ئەلمانیا هاتینە پارستن و هەلگرتن، هەر بیت هارتمان بن.[11]

ژ عەرەبان، دکتور عبدالعزیز سلیمان نوار، شاکر خصباك، ل سەر ئاخفتینە، ژ کوردان دکتور بلەج شێرکو، محمد عەلی عونی، جەلادت بەدرخان، محمد ئەمین زەکی، علاءالدین سجادی، دکتور عزالدین مستەفا رەسول، دکتور کەمال فوئاد، دکتور کەمال مەزهەر، ل سەر ئاخفتینە.

ئەڤ رۆژنامە ل چاپخانا هیلال و کوردستان و جمعیەتا تفاق و قەنجیا موسلمانا هاتیە چاپ کرن، لەوما ئەم دکارین بێژین یەکەمین چاپخانا کوردی چاپخانا (کوردستانێ) بویە، یا کو رۆژنامە کوردستانێ سالا 1898 لێ هاتیە چاپ کرن، نەکو چاپخانا زارێ کرمانجیە باکو میرزا وەفائێ هێژا (حسین حزنی موکریانی) پشتی جەنگا جیهانا ئیکێ ژ ئەلمانیا بۆ حەلب و راوندوز هینای.

هندەك ژ رۆشنبیریت کورد دبێژن:

ئەو چاپخانا رۆژنامە کوردستانێ لێ هاتیە چاپ کرن بنافێ «کوردستان» چاپخانەك وەهمی بویە، داکو سەرێ میری ب ئالۆزینیت!!

ئەز دبێژم نەە... چاپخانەك راستەقینە بویە چونکی:

1 ـ هەکـە چاپخـانـا کوردستانێ وەهمی بیت، دڤیا چاپخـانـا هلال و جڤـانـا موسلمـانا ژی وەهمی بیت، ئەو چاپخـانێت رۆژ نامێت؛ «الـوطن»، «الـزمـان»، «مرآة الـشـرق»، «النیـل» «المقطم»، ژی وەهمی بن چونکی هەمی دژی سلطـان عبـدالحمیـد بون، ڤیجـا بۆچی ئەڤە هەمی وەهمی نەبن بەس کوردستان وەهمی بیت! یا زانا ئەوە ژی کو زمانێ ڤان دژی سلطان عبدالحمید دژوارترو دریژتر بو ژ رۆژنامـا کوردستانێ.

2 ـ «قانون المطبوعات» ڤێ ئیکێ قەبول ناکەت، کو چاپەمەنیەك ل چاپخانەکێ چاپ بیت بنافێ ئیکا وەهمی، یان خەیـالی، چونکی ب سانـاهی ئەو کارە دێ ئاشکـرا بیت، ل ڤاهیـرە هەمی بلا «10» چاپخـانـا دوی دەمی دا هەبن، ئایا گەلەك ب زەحمەتە حکومەتا ئۆسمانی بزانیت کا رۆژنامـا کوردستانێ ل کیش هەر دەها چاپ بویە؟

3 ـ دەرچـوونـا کوردستـانێ نەهینی نەبو، هەتا چاپخانا وێ نەهینی بیت، بەلکو ب ئاشکرا ئاف و نیشانێت خو نقیسینە.

4 ـ دەمێ کوردسـتـان دژی سلطـان عبـدالحمیـد، رۆژنـامێت دن ژی هەبون دژی سلطـان عبـدالحمیـد، کوهێشتـا تیژترو دژوارتر بون، ئایـا ئەڤ رۆژنامە ژی ل چاپخانێت وەهمی د هاتنە چاپ کرن؟!

5 ـ هەتـا رادەیـەکـا باش میـسـرێ سەربەخـویـا خۆ وەلگرتبو، دەستێ سلطان عبدالحمید ب زەحمەت د گەیشتێ.

6 ـ بژێـمـا ئینگلیـزی ل وی دەمی ل میـسـرێ بۆ بەرژەوندیـا خو، دەرگـەهـ بۆ «معارضا» تورکی ڤەکر بو ب ئاشکرایی هاریکاریا ڤێ معارضێ دکر.

ژ لایێ زمانێ کوردیڤە. ئەڤ رۆژنامە ب زارێ مەلایێ جزیـری دەرچـوویـەو ب زمانەکێ پاك و ڤەشـەنگ لاپەرێت کوردستـانێ نەخشـانـدینـەو ب تێێت عەرەبی و ب رێنڤیسا فارسی هاتبە نقیسین.

یەعنی ل شوینا (و، سە، ی) بورو سەرو ژێر بۆ دانایە بۆ نمونە:

«خودێ» نقیسیە «خُدێ»، «کرین» نقیسی یە «کرِن»، «لکودەرێ» نقیسی یە «لکودَرێ».

دیسان تیپا همزە «ك» بکار نە هینایە، وەك:

شوینـا «ئـافـ» نقیسی یـە «آف»، «ئـەز» نقیسی یە «از»، تیـپـێـت کوردی وەك «پ»، «ڤ»، «گ»، «ژ»، «چ» بکارهینایینە بۆ نمونە:

ژمـارە ـ 1 ـ ل3 «ژاپـونیـا»، «مـروڤـان»، «نڤنگین»، «ژمـل»، «بـاژێـر» لێ گەلـەك جارا تیپـا عەرەبی یا «ظ» ل شوینا «ژ» یا کوردی بکارهینایە، وەك:

ژمارە ـ 1 ـ ل3 «ظاروێن خوە»، ل شوینا «زاروێن خوە» نقیسی یە، «دظانن» ل شوینا «دزانن» نقیسی یە.

دیـسـان ل شوینـا «ت» یا کوردی «ط» یا عەرەبی بکـارهینـایـە، وەك: «طوپ» ل شوینا «توپ»، «بوطان» ل شوینا «بوتان».

هندە جارا ل شوینا «ڤ»، «و» دانایە، وەك:

ژمارە ـ 1 ـ ل2، ل شوینا «دوو هەیڤا» نقیسی یە «دوو هیوا». تیپا «ل» جودا نە نقیسی یە، بۆ نمونە:

ژمـارە ـ 1 ـ ل3 «لمصـرێ» شوینـا «ل مصـرێ»، «لمصحفا شریفدا» شوینا «ل مصحەفا شریفدا نقیسی یە.

ئامرازێت کۆ بێت کو ڤێ رۆژنامێ بکارهینین ئامرازێ «ان» مشە تێدا هاتیە پشتی «ن» ژێ ڤەکری، «دێن ژی د حالەتێ ئیضافێدا بکارهینایە، وەك:

ژمارە ـ 1 ـ ل3 «دە جارا»، «طوپ و تفنگا»، «کُردا» بۆ «ێن»، وەك:

«باژێرین خوە»، «علمایێن کُردا»، ئامرازێ «یَد» تێدا نە هاتیە، کو ل بایزیدو مەکاریا بکاردێت.

ئامرازێت پێوەندی وەك، «لە»، «بە» کو نهۆ ل کرمانجیا ژێری بکارێنن مشە بکار هاتینە.

وەکی هەر نقیسینـەکـا کلاسیکی لاپەرێت ڤێ رۆژنامێ دبرن ژ پەیڤێت عەرەبی، بۆ نمونە:

کتابخانه‌ی کێشت

ژمارە ـ 1 ـ ل3 «گەلی عولەماو میرو ئاغایێن کوردا هون هەمی ئەصل و فەصلێ من دزانن، جدێ من حضرەت...».

ژ لایێ مێژوویی‌ڤە، ل دیف چاخ و دەمێ خۆ ڤێ رۆژنامێ تەخسیری نە کریە، هەتا ئەم دکارین بێژین ژێدەرەکا گرنگە بۆ نڤیسەڤان و مێژووڤانێت کورد.

بابەتێت مێژوویێ بێت کو د ڤێ رۆژنامێدا هاتین گەلەکن ژ وانا، بابەتەك جوان و درێژ، سێ جارا هاتیە ل سەر (صلاح الدین الایوبی)ە و بنەمالا وێ.

دیسان گەلەك جاران ل سەر میرێت جزیرا بوتان ئاخفتیەو ناڤێت وان برینەو توخمێ وان دیار کریە، لێ بە داخەوە گەلەك جارا ئارمانج نە هەنگاڤتیە بۆ نموونە دبێژیت:

(گەلی عولماو میرو ئاغایێن کوردا، هۆن هەمی اصل و نەسلێ من دزانن، جدێ من حضرەت (خالد ابن ولیدە؟) عەشیرا مە بوطانن شوهرتا نەسلا مە عەزیزانن...).[12]

ب راست نهۆ زانا دیار کریە کو خالد کوڕێ ولید چ کەسی ب پشت خوڤە نە هێلایە، وانا ئوجاخ کۆر بویە، لەوما مێژووڤان دبێژن ئەڤ بنەمالا بەدرخانیان نا گەهتە خالدێ

کوڕێ وەلید ەلکو، دگەهنە عەشیرەتا (خالتیا ـ خولدیا).[13] هەروەسا دۆ جارا ل سەر کوشتنا ئەرمنیا و چەتێت سولطان عبدالحمید ئاخفتیە، د ڤان هەر دۆ گوتارادا دیار کریە بۆ هەمی جیهانێ کو هەرچەندە هندەك کوردان دەست دگەل ڤێ کوشتنێدا هەبویە، لێ کورد چ جارا نە بوینە دوژمنێت ئەرمنی‌یاو نابن دوژمنێت وان، لەوما کورد ب ڤێ کریاری بەرپرسیار نینن هەروەسا مێرشا دبەتە سەر سولطان عبدالحمیدو چەتێت وی، ئو گازی کوردان دکەت کو دەستێ هاریکاریێ ژ ئەرمنارا درێژ کەن.

هاوسۆزیا ڤێ رۆژنامێ گەیشتە هندێ هەتا عبدالرحمن پاشای حاشایی. ل کوڕێ خو بکەت، چونکی پشداری د کوشتنا ئەرمنی‌یادا کربو.

ل سەر ڤێ کوشتنێ مێجر نوئێل دبێژیت:

(نـاتوانین چاو لەو راستی‌یە، بپوشین کە ژمارەك لە کوردەکان بەشداری‌یان لە کوشتاری ئەرمەنیەکاندا کردوە، بەلام (راستی‌یەکەرووتی) تریش هەیە کە ئەو کوردانە کەمن، ئەو کردنەوانەش لەواناوە دور نین، بەلام وەرنە تەماشای دەولەتێکی گەورە بکەن کە لێبرساوی ئیش و کاری ولاتێك بێ‌و دەسەلاتی دین و دونیا بێ بۆ خۆی زەوت کردبێ، شورەیی نیە بۆ ئەو دەولەتە ئوتوکراتی‌و ستەمکارە سەربرین و قەسابخانەی ئەرمەنیەکان بکات بە شتیکی ئاسایی‌و نەك هەر ئەمەش بەلکو بە ئەرکێکی پیرۆزی دابنێت!! لە کۆمەلگایەکی خێلەکی دواکەتوودا کە زۆربەی کوێرو نەخوێندەوار بێت، فەرمانێکی رەسمی وەها چۆن ئەنجام ئەدرێت، وەهموو شتێك چۆن ئاسایی نابێت)[14]، پاشی دبێژیت:

(ئەو کوردانەی کە بەشدار بون لە کوشتاری ئەرمنیەکان لە دێر زەمانەوە هەست ناکەن کە کوردن و دەماری نەتەوایەتیات خەساوە...).[15]

هۆسا بۆ مە روون دبیت کو کورد بێگونەهن دڤێ قەسابخانێدا چونکی:

أ ـ سولطان عبدالحمید ل پشت ڤێ کوشتارێ راوەستا بو، هەر ئەو بو ئەڤ قوبحەتە راست کری، داکو جهێ کورسیکا خو قایم بکەت و بێژتە ئەورپا تەماشا کەن، کوردن وەکو وەحشا ئەرمنا دکوژن!!![16]

ب ـ کوردیت د ڤێ قەسبخانێدا بەشدار دبون، چەتێت سولطان عبدالحمید بون و دەمارا کوردینێ ژ وان کێم بو، ژبەر هەر ئەگەرەکێ بیت.

جـ ـ کورد هەمی ل پشتا ئەرمنا راوەستان و ڤەحەواندن و مل ب ملی‌ڤە شەڕ د گەل تورکا دکرن، هەروەسا گەلەك ئازار ب دەستێ تورکان دبتن سەخمەراتی پارستنا ئەرمنا

مێجرنوئێل دبێژیت:

(له همان دێدا ئەرمەنیەکی قژ خاوی له بلەبانی زمان لوسمان بینی، کابرا کەوتە ستایش و پیاهەلدانی کوردان.

چونکە ئەوان له چنگی تورکەکان رزگاریان کرد بو، نەیان هێشتبو سەری ببڕن، ناوی «گریگور پار لاکیام» بوو، له مەرعەشەوە هاتبووە ئەوێ، حەسەن ئاغای باوکی «ئاسەق»ەکە یەکێك بوە له سەرۆکە گەورەکانی سینا میللی، له کۆشتاری سالی 1895دا ڕزگاری کرد بوو..).[17]

دیسان مارك سایکی دبێژیت:

(تاپۆ ئاغا بە دوور و درێژی بۆی باسی کردین کە چۆن هۆزەکە ل پەنای ئەرمەنیەکانی داوەو له چنگی مردن ڕزگاری کر بون.. کە ئەفسەرو کاربەدەستە تورکەکان، هەلوێستی خانەدانی و مروڤانەی کوردیان زانی بەرامبەری.

ئەرمەنی یەکان بە پەلە فەرمانیان دەرکرد کە ئەرمەنی یەکان و کوردەکانیشی سزا بدرێن!!».[18]

دیسان لەسەر پێلانەکا دەولەتی نقیسی یە دبێژیت:

(دەولەتێن مەزن دقێت کوردستانێ بدەن ئەرمنیا..) دیارە ئەڤ پیلانە جهێ مەترسیا کوردان بویە لەوما شاعیرێ کورد حاجی قادر دەنگی خۆ بلند کریەو دبێژیت:

خاکی جزیرو بۆتان یەعنی وەلاتێ کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان[19]

بێگومان کورد دژی هندێ نە بوینە کو ئەرمەن ببنە دەولەت، بەلکو دژی هندێ بوینە کو کوردستان ببیت پارچەیەك ژ ڤێ دەولەتێ، لەوما کوردا ب هۆشیاری و گومان بەرێ خو دایە ڤێ دەولەتێ چونکی دا ل شەرگەهێ کوردستانێ هێتە دانن.

میجرنوئێل دبێژیت:

(چافێ مە ب ئێکێ ئەرمن کەت ئەم دگەل ئاخفتین بە توندی نری:

(کورد کی یە؟ ئینگلیز کی یە؟ تەنها ئەرمەنەو ئەرمن، له دوا ڕۆژێکی نزیکدا دەبێتە گەورەی ئەم وولاتە!!).[20]

پاشی دبێژیت:

(ئەرمنی یەکان زیرەکانە بلاویان دەکردوە، کە پێویستە هەموو پەیمان و پەیوەندەیەکی نێو دەولەتان، لەسەر ئەم بناغەیە دابنرێت کە دەولەتێکی ئەرمنی بنیات بنرێت).[21]

ژبلی دەنگە و باسێت کوردو کوردستانێ هەوال و دەنگە وباسێت ژ دەرڤەی کوردستانێ ژی بەلاڤە کرینە، وەك دەنگە وباسێت شەرێ سودانێ و میسرێ، شەرێ ئەمریکاو ئەسپانیا، شەرێ یونان و تورکان...

هەروەسا گوتارەك ل سەر دەولەتا ئەمەوی ل ئەندلسێ بەلاڤەکریەو گەلەك تشتێت تر....

ژ لایێ ئەدەبێ کوردیڤە؛ هەر ژ ژمارا دوێێڤە دەست هاڤێتیە بەلاڤەکرنا شاکارێ خانی (مەم و زین)ێ هەروەسا مێژووا مرنا شاعیرێ مەزن (حاجی قادرێ کۆیی) ب راستی نقیسی یە کو سالا (1897)یە.

بەری سالا 1972، یان بەری دیتنا کوردستانێ کەسێ ژ نقیسەران و مێژووڤانێت کورد ب دروستی نە دزانی کا (حاجی قادر) کەنگی مریە، هندەکا ب سالا 1895 ـ 1894 ـ 1896دا قەلەم، لێ بە داخەوە هەتا کو نهۆ ژی هندەك ب دروستی نانقیسین!![22]

دەربارا ڤێ گوتنێ کوردستانێ دژمارا (3)دا نقیسی یە: (عالمەك ژ سورا هەبی سالا دی وەفات کر، رەحمەتا خودێ لێبە، خودێ گوهێن وی بغفرینە، ناڤێ وی (حاجی عبدالقادر)بی، ئەڤ مروڤە د ساخیا خوەدا گەلەك خەبتی دەر حەقا عەلماندنا عیلم و مەعریفتێ را، گەلەك بەیت و ئەشعارێن کرمانجی د نقیسی، ڕێدکر وەلاتێ خوە سورا، عەزمانێ وی، عزمانێ سورایە، لەوما کورد حەمی ڤی عەزمانی نزانن، پشتا کتێبا مەم و زینێ دا بخەت دەستێ خوە هندە بەیت نقیسی نە تبرکا من ئەو ئەبیات لڤێ جریدەیێ دا نقیسین وەکی بدقەت بێ خوندن مەعنا وان خوش تێت فەهم کرن؛

زەمانە رەسمی جارانی نەماوە
چراغی ناظم و مونشی کوژاوە
لە دەوری ئیمە رومان و جەریدە
ئەگەرچی مەقصەدە زانین باوە
ئەمان قەدری بزانن ئەم کتێبە
لەو دونیا ئیستەکێ هەمتاوی نەماوە
لە ئەبیاتی حەیاتی شێخی خانی
لەسەر نوسخەی خەتی لەو نووسراوە
لە لای ئەربابی خۆی بۆ قەدرو قیمەت
خەزینەی گەوهەرەو کیسەی دراوە
لە مەجموعی دووەل سۆران وبوتان
لە سایەی ئەم کتێبە ناسراوە
لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی
ئەساسی نەظمی کوردی دانەناوە

هۆزانەك دی ل بن ناڤێ (لاوێ شێخ أ ـ فتاح)ڤە هاتیە بەلاڤە کرن، ئەڤ هۆزانە ژ شامێ وەکو پیرۆزبایەکێ بۆ ڤێ رۆژنامێ شاندیە، ئەڤ ژی دەقێ وێیە:

پیرۆز ژ تەرا هزار جارا
ئەڤ دەنگە نهۆ لناڤ یارا
مژگینیا ڤێ جریدەیا قەنج
شاباش دبنن چقا هەبت گەنج
ئەڤ شوغلێ مەزن تە کریە بدعەت
جارا عەولی تە کریە هیمەت
ئەڤ رەهبەرا قەنج تە دانی بنیاد
کرمانج حەمی تە کرنە ئیرشاد
ڤێ مەعریفەتێ توجا نە هێلە
دائم ژ تەرا موعین رەسولە
رۆژا کو جریدە تێتە بازار
هەر دەر دبینە میالی بازار
چقا هەبتن ل شهری ئەکراد
قەولێ خوشیا تە کرنە ممتاد
روحانیا باب و کال و ئەجداد
بشێ هندێ تە کر نهو شاد
بەیبوینا دەولەتا تە گەش بت
قاسی تۆ هەبی دلێ تە خوش بت

هەروەسا چەند گوتانێت هێژا و بها ل سەر خودێ ژێ رازی (یوسف ضیاءالدین)ی و کتێبا وی (الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة) هاتینە، دبێژیت:

(من خالدی هەنە لقدسا شریف، یەك ژ ڤان خوێ ێ فضل و کەرەم (شێخ یوسف ضیاءالدین پاشایە) خودێ عەمرێ وی درێژو عیلمێ وی زێدە بکە.

بەری شەش سالا کتێبەك چێکریە ناڤێ ڤێ کتێبی (الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة). ئەڤ کتێبە وەك عەرەبی بەحثا قواعدێن عەزمانێ کرمانجی دکە، الوغاتێن کرمانجی حەمی گهاندنە هەڤ، دڤێ کتێبێدە نڤیسی یە. مالا وی ئاڤا ئەساسەك ژ عەزمانێ کرمانجارا دانی، ئەز هیڤی دکم کو عولەماو میرو پاشایێن کوردا قازانجێ ژ ڤێ کتێبێ بکەن، گەلەك کتێبەك قەنجە، عولەمایێن کوردارا لازمە کو ئەو ژی ژ عزمانێن خەرا تشتکی بنڤیسن).[23]

هەرچەندە ئەڤ رۆژنامە، رۆژنامەیەکا رامیاری بویە، لێ گەلەك ئایاتێن قورئانا پیرۆزو گوتنێت پێغەمبەری ل سەر خوندن و نڤیسینێ ل سەر لاپەرێت ڤێ رۆژنامێ هاتینە بەلاڤەکرن، هندە جارا ژی بۆ خو کرینە پەردەو لپشت وێ پەردێ مەبەستەکا سیاسی دەربریە، چونکی مەبەست ژ ڤان ئایات و حەدیثا هۆشیار کرنا میللەتێ کورد بویە، ئەڤە ژی هندەك ژ وان ئایات و حەدیثا:

«العلماء ورثة الأنبیاء»، «العلم علمان علم الأبدان وعلم الأدیان» والکاسب حبیب الله، «وجاهدوا في سبیل الله»، «اطلبوا العلم ولو کان في الصین»، «اطلبوا العلم من المهد الی اللحد»... هند.

هندەك تێبینی و ڕەخنە:

1 ـ هەمی گوتارو نڤیسینێت ڤێ ڕۆژنامێ ژ لایێ مقداد مدحت بەدرخان و برایێ وی عبدالرحمن پاشای هاتینە نڤیسین، ژبلی ژمارە (21) گوتارەك بنافێ (عمر خوزی)ب زمانێ تورکی هاتیە، دیسان ژمارە (22) گوتارەك دی ب تورکی ل بن نافێ (رؤوف قوللری) هاتیە دگەل هندەك ناماو تفریقا ژی بۆ ژ سولیمانیێ و موسلێ و شامێ و دیاربکرێ و ئەرنە هاتینە.

لێ چ گوتارو نڤیسین ل بن نافێ قوتابێت زانکۆیان نەهاتینە بەلاڤەکرن.[24]

2 ـ گەلەك ل سەر بنەمالا میرو بەگێت بوتان ئاخفتیەو پەسنا وان کریە، دیسان هەر گازیەك و هاوارەك ژ وان را شاندیە، بەلێ دەمێ گازی میرو بەگا دکەت، دڤێت ئەم ب زانین بەری ڕەخنێ لێ بگرین، کو سەرۆکێت بزوتنا کوردی بەگ و میر بونە، خواندن و نڤیسین ژی دنافێ وان دا بەلاڤە بویە، کار کرنا وان ل سەر خەلکی گەلەك بویە.. لەوما کوردستانێ بەری خوەدا بۆ وان، چونکی خاسیەتێت نیشتمان پەروەری ددلێ وان میرادا هەبو.

3 ـ یەکەمین ژمارەیا ڤێ ڕۆژنامێ ل قاهیرە دەرچویە پاشی ل جنیف ولندن و فولکستون و دوبارە ل قاهیرەو جنیف دەرچوینەڤە، لێ چ جارا ل ئیستنبول دەرنەچویە.[25]

4 ـ ژ مارێت ڤێ ڕۆژنامێ بێت هەتا نهۆ نە هاتینە دیتن، ژمارە (10 ـ 12 ـ 17 ـ 18 ـ 19) بەلێ ژمارە (8)و (9؛ هەردۆ دنافێ ژمارێت دن دا هەنە.[26]

5 ـ ڕۆژنامەیەکا کوردی بنافێ کوردستانێ سالا 1916 ـ 1919 ب سەرۆکاتیا (محمد شفیق ارواس) دەرچویە، وەلێ وەنەبیت کوردستانا قاهیرە بێت.[27]

6 ـ ئریا بەدرخان پاشا چ جارا نەبویە سەر نڤیسەرێ ڤێ ڕۆژنامێ.[28]

7 ـ هەرچەندە دکتور کەمال فؤاد دبێژیت:

«کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898 ـ 1902» بە دوو هەفتە جارێك لە چوار لاپەری (25,50 ـ 32,50سم)یدا دەرئەچوو).[29]

بەلێ یا ڕاست ئەڤ ڕۆژنامەیە ب هەمی ژمارێت خوەڤە دۆ هەفتیا جارەکێ دەرنەچویە!! بەلکو هەر ژمارە (1) هەتا (24) هەرپازدە ڕۆژا جارەکێ دەرچویە، بەلێ هەر ژمارە (25 ـ 31) نڤیسیە:

(کردستان هەیڤێ جارەکێ دەردکەڤە جەریدەیا کوردیە).

8 ـ د. کامیران بەدرخان پشداری د دەرئێخستنا ڤێ ڕۆژنامێدا نە کریە،[30] چونکی وی دەمی هێشتا منداڵ بو، سالا (1895) ژ دایك بویە ئو ڕۆژنامە کوردستانێ سالا (1898 ـ 1902) دەردچو.

9 ـ ئەڤ ڕۆژنامە سالا 1898 دەرچوویە، نەکو هندەك ب خەلەتی هەتا نهۆ بۆ دچن وەکو هێژا عبدالرحمن زەبیحی کو سالا 1977، د قاموسا زمانێ کوردیدا، بەرکێ یەکەم، لاپەرە (7) دبێژیت:

(کە بۆ یەکەم جار سالی 1897 ڕۆژنامەی «کوردستان» دەرچوو).

ژێدەرو پەراوێز

1 ـ بنێرە، ئێگەیشتنی ڕاستی، شوڤنی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، بەغدا، 1978، ل 56 ـ 57.

2 ـ هەمان ژێدەر.

3 ـ ڕۆژنامەیا عیراقێ ژمارە (2509) ڕۆژا 30 نیسانێ 1984.

4 ـ تێگەیشتنی‌راستی هەمان ژێدەر.

5 ـ (کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، 1898 ـ 1902) کۆکردنەوەو پێشەکی د. کەمال فؤاد، بەغدا، 1972.

6 ـ یاداشتەکانی میجەرنوئیل، لە کوردستان، وەرگێرانی: حسین ئەحمەد جاف و حسین عثمان تیرگەزەجاری، بەغدا، 1984 ل 88 ـ 89.

7 ـ هەمان ژێدەر.

8 ـ هەمان ژێدەر.

9 ـ تێگەیشتنی‌راستی هەمان ژێدەر.

10 ـ هەمان ژێدەر.

11 ـ هەمان ژێدەر.

12 ـ ژمارە (1)، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ـ

13 ـ خلاصة تاریخ کردو کردستان، ل 395 قاهیرە 1939 ترجمة محمد علی عونی، هەروەسا بنێرە یاداشتەکانی میجەرنوئیل، ل 215، بەغدا، 1984.

14 ـ یاداشتەکانی، هەمان ژێدەر ل 88.

15 ـ هەمان ژێدەر.

16 ـ کوردستان خلال الحرب العالمیة الأولی، د. کەمال مەزهەر، بەغدا، 1977، ل 230 ـ 301.

17 ـ یاداشتەکانی هەمان ژێدەر.

18 ـ هەمان ژێدەر.

19 ـ دیوانی حاجی قادری کویی هەولێر، 1969، ل 43.

20 ـ یاداشتەکان هەمان ژێدەر، ل 19.

21 ـ هەمان ژێدەر.

22 ـ درۆژنا عیراق دا ژمارە (2725) رۆژا 985/2/16، جەلال زنگابادی مرنا حاجی قادر ب سالا (1892)دایە قەلەم!!

23 ـ هەر وەکی مقداد مدحت بەدرخانی، گوت ل رێزمانا عەلی ئەرماخی نە بویە، نەخودا بەحسێ وێ کەت.

چونکی پێش کتێبا (الهدیة الحمیدیة في اللغة الکردیة)دا ل سەر رێزمانا کوردی هاتیە نقیسین، لێ (تومابوا) د کتێبا خودا (د گەل کوردان)دا، نالێ زانایی د لاپەرێ (145)دا بریە، هەروەسا میژووڤان محمد ئەمین زەکی د لاپەرێ (353)دا، دبێژیت (عەلی ئەرموکی) یەکەمین کەسە رێزمانا کوردی نقیسی.

24 ـ هندەکا وەسا زانیە کو قوتابیێت کورد ل زانکوا (قاهیرە)و ئەستبولێ پشداریا د نقیسینا ڤێ رۆژنامێدا کری!! بنێرە هاوکاری ژمارە (734) رۆژا 1984/4/19، هەروەسا بنێرە، رۆژنامەگەری کوردی، جبار جباری، 1970، ل 64.

25 ـ محمد ئەمین زەکی ومحمد عەلی عەونی بۆ هندێ چوویە کو ئەڤ رۆژنامە یا ل ئەستبولێ ژی دەرچوی.

26 ـ د رۆژنامیا عیراقێدا، ژمارە (2509) رۆژا 1984/4/30 ب زمانێ عەرەبی چەند گوتنەك ژ زار دەڤێ هێژا (عبدالستار طه شریف) د بێژیت:

دەمێ ئەو ل تورکیا ـ عبدالستار ـ چالێت وی ب دۆژمارێت نە دیتی کەڤتن ژمارە (8)و (9) بون.

27 ـ جریدة العراق، (4) ئەموز، 1984، هەروەسا جریدة العراق ژمارە (2509) 3 نیسان، 1984.

28 ـ محمد ئەمین زەکی، دبێژیت: لڤێ دۆماهیێ (کوردستان) ل بن ناڤێ (ئریا بەدرخان) دەردچو، ئەڤە ژی ژ خودێ ژێ رازی (محمد علی عونی) وەرگرتیە.

29 ـ کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی (1898 ـ 1902)...

30 ـ د گۆڤارا کاروان دا ژمارە (14) سالا 1983، پێزانێ ئالیخانی گوتارەك ل سەر پرۆفیسور کامیران بەدرخان نقیسی‌یە دبێژیت:

(هەروەسا د. کامیران بەدرخان دژیانا خوەدا گەلەك بزاف و خەبات کری ژبو بو رۆژنامەگەریا کوردی‌و ساخ کرنا پەیڤا رەسەنا کوردی ژمارە (2:)یا رۆژنامیا کوردستان 1898، مقداد مدحت بەدرخان هەتا ژمارا دویماهیکێ کو ژمارە (30 ـ 31) بون ل جنیف دەرکەتی، د. کامیران هاریکاری کرو ب رێ ئێخست!!).

تێبینی:

ئەڤە دەڤێ وێ نقیسینێیە، یاکو ل رۆژا 1985/3/11ل کۆرەکێ ئەدەبی، ل دهوکێ هاتیە خواندن.

مقالە و ئالنامەی کێشە

هونەری ڕۆژنامەنووسی

هونەری ڕیپۆرتاج

شێرزاد عبدالرحمن

هەواڵنامەی کتێبی

چاو پێ کەوتنی ڕۆژنامە نووسی‌و لێکۆڵینەوەو ڕیپۆرتاج Repovtage «یەکێکە لە لایەنەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسی‌ی»[1] کە پەیامنێرو ڕۆژنامە نووسان دەخاتە کار بو جوڵانەوەی زیاترو نزیك بوونەوە لە راستی‌ی ڕووداوەکان و چوونە ناو خەڵك و لێ کۆڵینەوە لە کاروبارەکانی‌تری پیشەی ڕۆژنامەنووسی‌ی ئەمەش، وا لە ڕۆژنامەنووسان دەکات، تەنیا ژیانی خۆیان لە دامەزراوی ڕۆژنامە نووسی‌یدا بەسەر نەبەن، بەڵکو سەراپای ئەو لایەنە دیارانەی پەیوەندی ڕاست و خۆیان بە ئەرکەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە..

وانەبێ، سازکردنی ڕیپۆرتاج، کارێکی هێندە سووك و سانایێ، بەڵکو، وەك زۆربەی لایەنەکانی تری ڕۆژنامە نووسی‌ی، پێویستی بە شارەزایی‌و لێ هاتووی هەیە...

کێشەیەکی زۆر هەیە بۆ وەڵام دانەوەی ئەوە:

کە ئایا «ڕیپورتاج، هونەرێکی سەربە خۆیە، یان بەشێکە لە هونەرەکانی ڕۆژنامە نووسی‌ی؟»[2]

یێ گومان ڕیپورتاج وەك هەموو لایەنەکانی تری ڕۆژنامە نووسی‌ی گەڵێ ووردەکاری تێدایە، بەڵام ئاخۆ جیاوازی چیە لەگەڵ هەواڵ؟!.

هەواڵ، وەڵامی ئەم چەند نیشانە ئەداتەوە: «کێ، بۆچی، چی، لەکوێ، کەی، چۆن؟!»[3]، بەڵام هونەری ڕیپورتاج، بەشێوەیەکی تێکڕایی، چونە پێشەوەی زیاترە لە کێشەکەو پێویستی بە پشکنین و بە دوا داچونەو، وا لە ڕۆژنامە نووس دەکات، هونەرمەندی بنوێنێ لە ئاخاوتن و دووان و شارەزایی لە سەراپای لایەنەکانی‌ژیان، بۆ ئەوەی لە ڕووبەڕووبونەوەی هەر مەسەلەیەك، بتوانێ، شتی تازەتر پێش کەش بکاو ڕاهێنان لە پیشەی ڕۆژنامە نووسی‌ی دروست بکات..

ئاشکرایە، ڕیپورتاج، تەنیا بە تۆمارکردنی ئاخاوتنی بەرپرسیارێك، یان ناوداریك، یان لێ دوان لە پرۆژەیەکی گشتی‌ی کۆتایی نایەت، بەڵکو داهێنانێکی گەورەیەو کەم ڕۆژنامە نووس دەتوانێ بە قوواڵی‌و فراوانی سەرکەوتنی تێدا دروست بکات.

ڕیپـورتـاج، پشت به چەند لایەنێك دەبەستێ، لەوانە: «پێـویستی به دووڕەگـەزی تایبـەتی هەیـە کە قەڵـەمی ڕۆژنامەنووسەکەو کامیراکەیەتی..»[4]

چونکە بەبێ وێنە، ڕیپـورتـاج، ووشکە، تەنانەت بابەتی ڕیپـۆرتـاجـەکە بەزیندوویی خۆی ناتوێنێ و خوێنەر ناتوانێ ڕاستەوخۆ بچێتە ناو بابەتی ریپورتاجەکەوە.. یان لە چۆنیەتی کارویارەکانی بابەتەکە بگات و سەرنجی ڕابکێشێ..

ڕۆژنـامـەنـووسی سەرکـەوتوو، تەنیا لەلایەنێکەوە تەماشای هونەری ڕیپورتاج ناکات، بەڵکو لە تێ ڕامانی هەموو ئەو پەیوەندیی‌یە بنەڕەتی‌یانەی ڕۆژنامە نووسەکە بەژیان ئەبە ستێتەوە.

خوێنـەر، لەکـاتی خوێنـدنەوەی ریپورتاج دا، بەدوای بابەتی تازەدا دەگەڕێ، کە ڕۆژنامە نووسان، دوای هیلاکی بەرفراوان، لێرەو لەوێ کۆی دەکەنەوە..

بۆیە، ڕۆژنامەنووس، دەبێ بە دوای بابەتی نوێدا بگەڕێ و ڕاستی‌ی بگوازێتەوە بۆ خوێنەرو بایەخ بەو بابەتە زیندووانە بدات کە خوێنـەران بۆی دەگـەڕێن.. ئەمـەش، وا لە ڕۆژنـامەنووس دەکات، کە تەقەللابنوێنێ بۆ فێربوون و تێ گەیشتن لە سەراپای بوارەکـانی جموجـۆڵی مرۆڤـایـەتی، چونکـە لە ماوەی ژیـانی ڕۆژانـەی‌دا، ڕووبـەرووی هەمـوو لایـەنـەکـان دەبێتەوە، چ کۆمـەڵایـەتی بێ، چ ئابـووری، یان ڕامیـاری.. تاد، تا لە لێکـۆڵینـەوەی ڕۆژنـامە نووسی‌ی‌دا ئەرکی تەنیا گوێ شل کردن نەبێ و بتوانێ بەرگری لە ڕاستی‌بکات..

چونکە بەبێ ڕیپۆرتاجی سەرکەوتوو، ڕۆژنامە ناتوانێ پەیامی خۆی بەجێ بگـەیـەنێ بەڵکـو وەبێ ریپورتاج، ڕۆژنامە، ناوی لێ‌ناندرێ ڕۆژنامە»[5]

کەوابێ نووسـەری ڕیپـورتـاج، تەنیـا لە دەوری بابـەتێـك دا ناخوڵێتەوە، بەڵکو بەناو زۆربەی مەسەلە دیارەکانی کۆمەڵایەتی‌دا ئەگـەڕێ، بۆ ئەوەی لەو ڕێگـەوە، کێشـەکـان بەرچـاو بخـات و تەقەللای چارە سەرکردنی ئەو لایەنە زیندووانە بدات، کە وەك ڕۆژنامە نووسێك، ڕووبەرووبیان دەبێتەوە.

لە بەر ئەوە، شارەزایی، لە سازکـردنی ریپـورتـاجی ڕۆژنـامە نووسی‌ی‌دا، بەخاڵیکی دیار دائەندرێ، بە نموونە: «ریپورتاج پێویستی بە خۆ ئامادەکردن هەیە، کە گریمان، ڕۆژنامە نووسێك دەیـەوێ گفتـوگـۆ لەگـەڵ ناو دارێك بکـات، پێـویستـە کە زانیاریـیەکی تەواوی دەربارەی هەبێ».[6]

بەڵام ئاخـۆ، ئەگـەر ڕۆژنـامـەنـووس لەگـەڵ ناودارێك، یان کەسێکی‌تری دیـار لە ژیـانی کۆمـەڵایـەتی‌دا ڕووبەڕووبوو، لە هەمـان کات ئەو کابـرایـە ئالـۆزبـو، یان ڕێگـەی ئاخـاوتنی ڕۆژنامەنووسی‌ی نەدا، کەچی ئاخاوتنەکەشی زۆر گرنگ و تازەبو بەڵای ڕۆژنامەکەوە..

دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسە چی‌بکات؟!

«بـەهـەرەو زیـرەکی ڕۆژنـامـەنووسەکە لێرەدا دەر ئەکەوێ، کە بتوانێ حاڵی بکات، یان فرت و فێڵ بەکار بهێنێ، کە ئەمانە لە ڕێزی ڕۆژنامە نووسی‌ی کەم ناکەنەوە».[7]

قەڵـەم وڵێ هاتـوویی و بەهـرەی ڕۆژنـامـەنـووسـەکـە، لە ریپـورتـاجی ڕۆژنـامـە نووسی‌ی‌دا دەرئـەکەوێ.. چونکە گەڵێ جار، گەورەتـرین بابـەتی ڕۆژنـامـەنـووسی‌ی، لە ئەنجامی بێ بەهـرەیی ڕۆژنامەنووسەکە، ووشك دەبێتەوە..

کەچی بە پێچەوانەوە، زۆرجار، بابەتێکی بچووك، بەدەست ڕۆژنـامـە نووسێکی لێ‌هـاتـوو، فراوانتر دەکرێ و دەبێتە هەوێنی ڕیپۆرتاجێکی بە پێزو داهێنانی ڕۆژنامە نووسەکەی تێدا دەرئەکەوێ..

دیارترین چەشنەکانی ڕیپورتاج ئەمانەن:

1) ڕیپۆرتاجی هەواڵ

2) ڕێپورتاجی بیروڕا دەربڕین opinion Interview

3) ڕێپۆرتاجی زانیاری‌و بەسەر بردنی‌کاڵ (Featue Interve

4) ڕیپۆرتاجی کۆمەڵایەتی Group Interview

5) ڕیپۆرتاجی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی‌ی press Confevence InteY[8]

ئاشکـرایـە، سازکـردنی ڕیپـۆرتـاج، پێـویستی بە شارەزایی دەروونیش هەیـە، وە مامـەڵـەیـەکی تایبـەتی دەوێ، چونکە ڕۆژنـامـەنـووس لە ماوەی ژیـان و پیشـەی ڕۆژنـامە نووسی‌ی‌دا ڕووبـەڕووی چەنـدەهـا کەس دەبێتـەوەو لەگـەڵ ئاخـاوتنی هەریەکێ لەوانە شتێك دەخاتە سەر ژیان..

ڕۆژنامەنووسیش، لەکاتی ئاخاوتنی ڕۆژنامە نووسی‌یدا فیری هونەرێکی گەورەی ئاخاوتن و ناسینی کۆمەڵانی خەڵك دەبێ و پێویستە پێش دەست پێ کردنی ئاخاوتنی ڕیپۆرتاجەکەش، بەڵایەنی کەمەوە خۆی بۆ بابەتەکە ئامادە بکات... «ئەمیل لۆرفیج» لەو بڕوایەدابو، کە پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووس بکەوێتە دووان، لەگەڵ ناو داڕێك، دەبێ ماوەیەکی دوور لەوێنەکەی ووردبێتەوەو بەتەواوی‌لە کەسایەتی بگات». (٩)

ڕیپۆرتاج بە چەند قۆناغێك دا ڕەت دەبێ، لەوانە: ناوونیشان، کە دەبێ ناوەڕۆکی بابەتەکە دەربخات و بە شێوەیەکی وورد سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ بەلای خۆیدا، ئەگەر لەوەدا ڕۆژنامە نووسەکە سەرنەکەوت، خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕیپورتاجەکە ووشك دەبێتەوە، ئەم هەڵپڕاردنەش، لەناوونیشاندا، پێویستی‌بە بەهرەو شارەزایی هەیە لە تێکەڵاوی هونەری ڕۆژنامە نووسی‌یدا. قۆناغی دووەم: زانیاری پەیدا کردن لەسەر بابەتی ڕیپورتاجەکە، وە لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندی بە سازکردنی ڕیپورتاجەکەوە هەیە. گەلێ جار، لەکاتی ئاخاوتنەکەدا، شتی نوێتر سەر هەڵدەدات وانە قۆناغی سێیەم لە ڕیپورتاج دا، کە بە دووادا چونی بابەتەکەیە، ئەمەش نیشانەی لێهاتووی ڕۆژنامە نووسەکە ئەنوێنێ لە پیشەکەی خۆیدا.. قۆناغی چوارەم:

پێدا چونەوەی ڕیپورتاجەکەیە، پاشان نووسینەوەی بابەتەکە بە شێوەیەکی هونەری..

بەڵام لەهەموو ئەوانەش گەورەتر ئەوەیە، ڕۆژنامەنووس، لە هونەری ڕیپورتاج بگا..

«گەلێ ڕۆژنامەنووس، لە ڕیپورتاجی ڕۆژنامە نووسی‌یدا پەخەی هەندێ ڕێو شوێنی ووشکیان گرتووە» (١٥).. لەبەر ئەوە، ڕۆژنامەنووس، دەبێ پەرە بەتاقی کردنەوەکەی خۆی بدات و بەهرەی ڕۆژنامە نووسی‌ی پێ بگەیەنێ...

دەرهێنان لە ڕۆژنامە نووسی‌یدا

گرمانی تیانیە، ڕۆژنامەنووسی‌ی، تەنیا هەواڵ و ڕاپۆرت و ڕیپورتاج ناگرێتەوە.. بەڵکو هونەرێکی سەربەخۆیەو گەلێ ووردەکاری تێدا کۆ ئەبێتەوە، لەوانە: هیچ ڕۆژنامەیەك ناتوانێ بچێتە دڵی خوێنەرەوە، ئەگەر هات و لە پاڵ ناوەڕۆکی بابەتەکانی، ڕووخسارێکی دڵگیری نەبێ کە ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی دەرهێنەری ڕۆژنامە نووسی‌ی دەرهێنەری هونەرمەند لە بواری ڕۆژنامە نووسی‌ی دا مەودای هیلاکی پیشەی ڕۆژنامە نووسی‌ی لەبەردەم خوێنەر یەکالا ئەکاتەوە، بەنایەنی دەرهێنەری ڕۆژنامەی ئەم سەردەمە کە پێویستی‌یەکانی هونەری‌ی لەبەردەم دایەو تەکنیکی پێشکەوتوو لە چاپخانە هاوچاخەکاندا بووەتە هۆیەکی گەورە لە داهێنانی دەرهێنەری ڕۆژنامە نووسی‌یو هەنگاونان بۆ دروست بوونی ڕێبازی نوێ لە بواری ئەم هونەرەدا..

لەبەر ئەوە، وولاتە پێشکەوتووەکان، لە دامەزراوەکانی ڕۆژنامەنووسی‌یدا چەندەها بەشی هونەری بۆ بەڕێوە بردن و جێبەجێ کردنی لایەنەکانی‌تری ڕازاندنەوەو پێشخستنی باری ڕۆژنامەنووسی‌ی تەرخان دەکەن.. چونکە، دەرهێنەر بەبێ بوونی ئەو لایەنە هونەری‌یانە، ناتوانێ نەخشەکانی خۆی لە پێشکەوتنی دەرهێنانی ڕۆژنامەیەك دا بەدی بێنێ، لەوانە، کێشەو ڕۆنووجراو فۆرو وێنەو ئۆفسێت و تەکنیکی چاپی نوێو، پێویستی‌یەکانی تری دەرهێنان، بۆ ئەوەی دەرهێنەر بەبێ‌ی نەخشەو ڕێبازی هونەری نوێ ڕۆژنامەکە زیندوو بکاتەوە..

«دەرهێنەر دەتوانێ گیان بێ بەبەر ڕۆژنامەدا، هەروەکو چۆن، ئەندازیار بەر لە بیناکردن نەخشە دائەڕێژێ» (١١)، هەڵبەتە ڕۆژنامەکانی سەردەمی پێشوو ئەمەیان بەلاوە گرینگ نەبووە، لەبەر ئەوە، لەسەر ڕووی لاپەڕەکانیان، هەست بە چەشەیەك ناکرێو بەشێوەیەکی زۆر ساردوسڕولاسایی کەردوە دەهاتە بەردەم خوێنەر..

«سەیرنیە، کە ڕۆژنامە، لەڕووی دەرهێنانەوە وەکو کێبێ وابووە» (١٢)..

بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژو بەگوێرەی ئەو گۆڕانکاریە فراوانەی لە بواری هونەری ڕۆژنامە نووسی‌یدا هات، دەرهێنانیش وەك لایەنێکی هونەری‌ی کەوتە قۆناغێکی نوێ ترەوو بەتەواوی ئەشەنەی کرد، بەتایبەتی کاتێ پسپۆڕی‌ی لە دەرهێنانەدا

کتێبخانەی ئەدەبی

هاتەکایەوە، «لەسالی 1890دا شۆرشێکی نوێ لەبەردەم ئەم هونەرەدا هاتەکایەوە، کاتێ رووبەرووی پسپۆرێی بووەوە، بەتایبەتی لە رۆژنامەی «ورلد» کە «بولتر» دەری دەکرد، هەروەها ئەو رۆژنامەی «هیرست» کە لە نیورۆك دەری دەچوان وە لە ئینگلتەرا، بەهۆی دەرچونی رۆژنامەکەی «لۆرد نۆرثکیف» کە لە ژێر ناوی «دیلی میل» دابو، لە سالی 1896دا ئەوەی ڕاگەیاند کە وێنەی فۆتۆگرافی دەتوانێ گیان بێ بەبەر هەواڵ دا»[13] هەڵبەتە، ئەو بۆ چوونەش، زۆر نزیکە لە راستیەوە، چونکە رۆژنامەنووس ناتوانێ بەبێ وێنە فۆتۆگرافیەکە، بابەتەکانی خۆی بە زیندوویی پیشان بدات و، دەرهێنەری رۆژنامەش لە باری دانیە لە پاڵ نەخشەکانی خۆی، بەبێ وێنەی فۆتۆگرافی تیشك بداتە بەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارێکەوە. .

ئەمەیان وا، بەڵام ئاخۆ، دەرهێنەر چۆن دەتوانێ دەست بە کارەکەی خۆی بکات، کاتێ داوای لێ دەکرێ لە رۆژنامەیەك دا ئەو کارە ئەنجام بدا؟.

لە پێشەوە دەڕوانێتە قەوارەی رۆژنامەکەو ژمارەی لاپەڕەکانی، ئەنجا یەکێ لە قوتابخانەکانی هونەری دەرهێنان، وەکو ڕێباز، لەجێ بەجێ کردنی کارەکەیدا بەکاردێنێ، چونکە هەر ڕێبازێك لە دەرهێناندا، ڕێو شوێنی تایبەتی خۆی هەیە. .

ئەنجا، پێش ئەوەی دەست بدانە کارەکەی، دەبێ بیر لە هەندێ لایەنی زیندوو بکاتەوە، لەوانە: چەشەی خوێنەرانی رۆژنامەکەو مەودای هەست و بیرو سەرنجی گشتی. .

لەبەر ئەوە، دەبێ لە سەرەتای کارەکەیدا، نوێ بوونەوەیەك دەربخات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی لاسایی کەرەوە بێ راهێنان رۆژنامەکە پێش کەش نەکات. . بەڵام وەك بابەتی گشتی دەبێ ڕەچاوی ئەم چەند خاڵە بکات:

1) هەستی ڕیزکردنی هەواڵ و پێشخستنی گرینگترینیان، پاشان دەست نیشان کردنی شوێنی هەواڵەکە لە لاپەڕەکەدا.

2) پسپۆری و شارەزاییەکی فراوان لە کاروباری چاپخانەو کۆکردنەوەو پێت ڕێك خستن و نەخشەو لایەنە هونەرییەکان.

3) چەشەیەکی هونەری ڕەسەن و پشت ئەستوربون بە زانینی لێ کۆڵینەوەی هونەر بەگشتی و دەرهێنان بەتایبەتی.

4) زانینی حەزو ئارە زووی خوێنەران و هۆیەکانی سەرنج ڕاکێشان»[14]

بەڵام ئەگەر هات و یەکێ لەو خاڵانە لەبەر چاو نەگیرا، ئەو ئەڵقەیە دەپچڕێنێ کەلەنێوان خوێنەران و دەستەی نووسەران و رۆژنامەکەدا هەیە، چونکە دەرهێنەر بەشدارە لە دروست کردنی خۆشەویستی نێوان خوێنەرو رۆژنامەدا. .

ئەمەش هەڵبەتە لە هەمور دەرهێنەرێك دا کۆنابێتەوە، چونکە ڕەچاو کردنی ئەو خاڵانەی پێشەوەش داد نادات ئەگەر بە ووردی بیر لەم چەند لایەنە نەکرێتەوە:

1). بنەڕەتی یەکانی کاری رۆژنامەنووسی.

2) بنەڕەتی یەکانی «نەفسی» خوێنەران.

3) بنەڕەتیەکانی لایەنی فسیۆلۆجی.

4) بنەڕەتیەکانی هونەری.»[15]

وانەبێ، دەرهێنانی لاپەڕەکان ،یەك ڕێبازی لاسایی کردنەوەیی هەبێ، بەڵکو هەر لاپەڕەیەك لە بواری دەرهێنان دا، پێویستی بە شارەزاییەك هەیەو چەشنە ئالۆ گوربوونێکی دەوێ لە چەشنی گشتی خوێنەراندا. .

ئاشکرایە لاپەڕە «یەك» سەرچاوەی هەواڵە، ئەنانەت لە رۆژنامە پێشکەوتووەکاندا، گرینگیەکی تایبەتی بە دەرهێنانی ئەم لاپەڕەیە ئەدرێ، چونکە ئەڵقەیەکە خوێنەر بە رۆژنامەکە ئەبە ستێتەوە، وە سەرچاوەی ووردبینیە، واتە «Starter» لەبەر ئەوە ،دەبێ ڕەچاوی گەورەترین هەواڵی سەرنج ڕاکێشەر لەم لاپەڕەیەدا وەربگیرێ، یان دوو هەواڵی سەرەکی، بەمەرجێ هەردوو هەواڵەکە گرینگ بن بەلای خوێنەرەوە، بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە، خوێنەر لە خوێندنەوەی رۆژنامەکە سارد نەبێتەوە لەبەر ئەوە، چاکتر وایە بۆ دەرهێنانی لاپەڕەکان ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێ:

1) دەرهێنانی تەرازوویی Balanced کە بەچەند ڕێگەیەك ئەتوانرێ جێبەجێ بکرێ:

أ ـ بەکار هێنانی ناوونیشان لە سەرەوەی لاپەڕەدا، بەشێوەیەکی دوورەك، واتە، بۆ نمونە: لە ئەستونی یەکەم و

هەواڵنامەی گەنج

سێیەم و پێنجەم، لەنێوانیشیان وێنە هەبێ، یان چەند ناوونیشانێکی بچووك.

ب ـ دانانی ناونیشان لە ئەستوونەکانی یەکەم، کە لە بەرامبەر یەکتردا رووبەروون، دەشێ وێنە لە ئەستوونەکەی سەرەوە بدرێ.

ج ـ ئەگەر هات و «ئاگاداری ـ اعلان» زۆر بوو، دەشێ هەمەڕەنگی‌ی لەم لایەنەبکرێ، بەدانانی ناوو نیشانی سەرەکی لە ئەستوونی یەکەم و ناوونیشانی هاوکۆك لە ئەستوونی هەشتەم دا.

2) دەرهێنانی لەسەرخۆیی: Pesanding : لەمەدا دەبێ ناوو نیشانی بەهێز لە ئەستوونی یەکەم دابێ، ئەنجا ڕێزکردنی ناوونیشان ،یەك لە دووای یەکتردا، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکا کە لەبابەتی گرینگترەوە، بێتە خوارەوە بۆ بابەتی‌تر.

3) دەرهێنانی ووردبینی، یان تێ ڕامان Focused کە دەیاندا وێنەیەکی قەبە دائەنرێ ،بەرامبەر بەمەش ناوونیشانێکی گەورە، کە پەیوەندی بە وێنەکەوە هەبێ‌و وا لە خوێنەر دەکات بە پەرۆشی بیخوێنێتەوە. [14]

ڕێسازی لاسایی کردنەوە لە دەرهێناندا تا ئێستاش لە گەلێ ڕۆژنامەی پێشکەوتووی جیهان پەیرەو دەکرێ، بەتایبەتی «تایمز»و «ئۆبزێرفر»و «نیوروك تایمز» ئەمەش لەبەر پوختەو ڕازاوەیی ئەم ڕێبازەیە...

بەڵام ئاخۆ، کە دەرهێنەر ویستی لەبارێ دەرهێناندا، وێنەیەك لە ڕۆژنامەکەدا، یان بڵێین چەند وێنەیەك بۆ زیندووبوونەوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارێك هەڵواسێ، دەبێ پەیرەوی چی بکات، بۆنەوەی داهێنان لەم پێشەیەدا بنوێنێ؟:

1) دەبێ وێنەکە مەغزایەکی فراوانی هەبێ، واتە گرینگی‌یەکی هەبێ‌و بەرووبنی گیرابێ.

2) درێژی‌و فەوارەی گشتی‌ی وێنەکە بە گوێرەی‌بابەتەکە بێ

3)ناگونجێ وێنەکە لە نێوان بابەتەکەدا بێ. چونکە بابەتەکە لەبەر دەم خوێنەردا دەپچڕێ، هەروەها ڕێزبوونی تەستوونەکان لەبەر دەم خوێنەردا دەشێوێ.

4) لە کاتی زۆر بوونی وێنە لەیەك کات دا، دەتوانرێ بەشێوەیەکی درێژی، یان پانی، دابەش بکرێ بە شێوەیەکی ڕێك.

5) هەندێ جار، ئەگەر ماوە هەبو لاپەڕەیەك بۆ وێنەی پر مانا تەرخان بکرێ، وەکو ڕۆژنامەی «وشنطن» دو لاپەڕەی بۆ وێنەی هەمەڕەنگ تەرخان کردووە.

6) چاکتر وایە وێنەکە چەند لایەنێك بگرێتەوە: ژیانی ناو دارێك «بەوێنە»، کارەساتێك لەم بابەتانە: ئاگر کەوتنەوە، لافاو، بومە لەرزە..

7) گومانیشی تێدانیە، کە دەبێ وێنەکە بەقەد گرینگی بابەتەکە بێ [17]

بێ‌گومان، گرینگی وێنە، لە ڕۆژنامەیەك، تا ڕۆژنامەیەکی‌تر دەگۆڕێ، هەندێ وێنە هەیە، خۆی لە خۆیدا بابەتێکی گرینگە، واتە خۆی لە خۆی ئەدوێ، بۆ وێنە: بەرچاوخستنی پیس و پوخڵی شار، یان وێنەیەکی پێشکەوتوو لە وولاتداو دەستی ئاوەدان کردنەوە، هەر چۆنێ بێ، وێنە لە کاروباری ڕۆژنامەنووسی‌یدا لایەنێکی زیندوو ئەگرێتەوە، بە تایبەتی لە دەرهێناندا، «وێنە بەگەزێکی دیاری ڕۆژنامە نووسی‌یە، کە فۆتۆگرافیاو نەخشەو کاریکاتێر، ئەگرێتەوە». [18]

گەلێ جار وێنەی کاریکاتێر، دەبێتە مایەی لە دایك بوونی بابەتێکی مەزن لە ڕۆژنامەدا، تەنانەت ئەمڕۆ لە ڕۆژنامە نووسی‌ی وولاتە پێشکەوتووەکاندا، ڕووبەرووی ڕژێم دەبێتەوە، یان گەورەترین کێشەی گوزەرانی‌ی بە دەردەخات و هونەرمەندانە باسی لایەنەکانی ژیان دەکات.

هەڵبەتە، دەرهێنانی نوێ، دەرهێنانی ئەو سالانە نیە کە ڕۆژنامەنووسی‌ی، لەئەنجامی نەبوونی دەستی شارەزا لە کاروباری ڕۆژنامەنووسی‌و نەبوونی بابەتی گرینگ و پر بایەخ

هەڵگرانەوەی کتێب

تەنیا بەپرۆپاگەندە بلاو ئەکرایەوە، «هەروەکو لە وولاتە یەکگرتووەکاندا، لاپەرەی یەکەم تەنیا بە پرۆپاگەندە بلاو ئەکرایەوە»[18]

تەنانەت ئەمرۆ، بایەخێکی فراوان دەدرێتە ئەم لایەنەو گەورەترین پسپۆرەکانی دەرهێنان لە رۆژنامەکاندا کاردەکەن.

تەنانەت گەلێ رێیازی نوێتر هاتۆتەکایەوە کە دەرگایەکی نوێی لەبەردەم ئەم هونەرەدا کردۆتەوەو بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە، هەروەکو پسپۆرێکی بڵیمەت لە رۆژنامەیەک دا دەڵێ: «من دەمەوێ لەم شێوازە ووشکە رزگاربم و نامەوێ رۆژنامەکەم بریتی بێ لە تەنیا ژوورێکی کۆن کە هیچ گۆرانیکی بەسەردا نەیەت».[20]

سەرچاوەو - پەراوێز

1 ـ ادیب مروة، الصحافة العربية، نشأتها وتطورها ل40

2 ـ دکتور عبداللطیف حمزة، المدخل في فن التحریر الصحفي ل317

3 ـ هەمان سەرچاوە ل317

4 ـ فاروق خورشید، بین الادب والصحافة ل69

5 ـ توماس بیری ـ مروان الجابري، صحافة الیوم ل162

6 ـ ستانلی جونسون ـ ودیع فلسطین ـ استفتاء الانباء فن ل254

7 ـ جلال الدین الحماصیی، المندوب الصحفي ل192

8 ـ دکتور عبداللطیف حمزة، المدخل في فن التحریر الصحفي ل227

9 ـ هەمان سەرچاوە ل227

10 ـ دکتور محمود فهمي، الفن الصحفي ل109

11 ـ الدکتور ابراهیم امام، فن الاخراج الصحفي ل251

12 ـ هەمان سەرچاوە ل254

13 ـ هەمان سەرچاوە ل254

14 هەمان سەرچاوە ل256

15 ـ هەمان سەرچاوە ل257

16 ـ الدکتور حسین الهاوي، طباعة الصحف واخراجها ل296

17 ـ الدکتور ابراهیم امام، فن الاخراج الصحفي ل353

18 ـ الدکتور عبداللطیف حمزة، المدخل في فن التحریر ل408

19 ـ الدکتور ابراهیم عبده، الصحافة في الولایات المتحدة.

20 ـ الدکتمور ابراهیم امام، فن الاخراج الصحفي ل293

هەواڵنامەی کۆیە

گوڤارا "ژین" کو

چه‌ند راستیه‌ك

عبدالکریم قه‌ره‌داغی

هه‌ولێر مه‌لبه‌ندی کتێب

روژنامـا «ژین»ێ روژنامه‌کا هه‌فتانه‌ی بوو وەك گوڤاره‌کێ ده‌ردکه‌فت وژمارا ئێکێ ل روژا 71/ب20/1334 رومی ده‌رچوویه. خودانێ وێ هێژا «حمزه» یه‌ول چاپخانا «نجم إستقبال»ل پاژێرێ سنه‌مبولێ هاتیه چاپکرن ول سه‌ر به‌رگێ وێ هاتیه نڤیسین «دینی، ئه‌ده‌بی، إجتماعی إقتصادی». به‌لێ هه‌تا به‌ری نهو هندی ده‌رباره‌یێ ڤێ گوڤاری هاتیه نڤیسین هه‌می که‌تینه شاشبون و ته‌حسینا.

مامۆستا «جمال خه‌زنه‌دار»ل رایه‌ری روژنامه‌گه‌ری کوردی لایه‌ره (24) نڤیسیه: روژنامه‌ی «ژین»ێ ئه‌سته‌مبول 1919 ژین روژنامه‌ییکی ئه‌ده‌بی، کومه‌لایه‌تی بووه. به زمانی کوردی له شاری ئه‌سته‌مبول له لایه‌ن «مه‌مدوح به‌گ سه‌لیم وکه‌مال نوری» ده‌رده‌چو. ژماره یه‌کی له سالێ 1919دا ده‌ر ده‌چو. دیێت ئه‌ڤ زانینه من ژ مێژوی ئه‌ده‌بی کوردی یا مامۆستا علاءالدین سوجادی وەرگرتینه.

به‌لێ ده‌ێ من سه‌حکریه ڤێ پەرتوکێ من چوتشتێ وسا تێدا نه‌دیت. د. پله‌چ شێرکو دبێت «پشتی راوەستیانا چه‌نگا جیهانی هێژایان حمزه أفندی وممدوح سلیم به‌گێ وکمال فوزی ئه‌وێ هاتیه سێداره‌دان ل دیاربه‌کرێ روژنامـا «ژین»ێ ب کوردی ده‌رئێخست.

هه‌روسا مێژونڤیسێ کورد «محمد أمین زکی» به‌حسێ ڤێ کوڤارێ کریه‌و دبێت: «روژنامـا «ژین» یا حه‌فتی ل سالا (1337 ـ 1919)ل سته‌مبولێ ده‌سته‌کـه‌کـا تولازێـد روناکبیرێد کورد ووك مامۆستا همزه، ممدوح سلیم وکه‌مال فوزی ده‌ردئێخست مه‌به‌ستا کوتارێـد وێ دڤیا ئاخا کوردستانێ بۆخودانێن وێ بیت. ژمـاره (32)ێ ل جمـادی الاول سالا 1338 ـ 1920 زاینی ده‌رکـه‌ت. به‌لێ ژ ئاخفتنا فان هێژایان وسا ده‌ردکه‌ڤیت کو کوڤار نه دیتیه ژ به‌ر

هندێ هەمی ب راستیێ نەکەتینە بەڵێ هێژا د. کەمال مظهر د پەرتوکا خودا «ئێگەبشتنی راستی»دا مشە بەحسێ ڤێ کوڤارێ کریە و نێزیکی راستیێ بویە و دبێژت: «ئەم کوڤارە دوای شەری یەکەمی جیهان لە ئەستەمبول لە چاپخانەی ـ نجم أستقبال ـ بە کوردی و تورکی چاپ دەکرا.

خاوەن ئیمتیازو لێ پرسراوی ئەشرەف حەمزەو دوای ئەو مەمدوح سەلیم بو. عەبدولرەحیم رەحمن خەلکی هەکاری ئەندامی دەستەی نوسەرانی بو لە ژێر ناوی کوڤارەکە نوسراوە «دین، ئەدبیات، إجتماعیات، إقتصادیاندن بحث إیدر تورکجە ـ کوردجە مجموعەدر». ئەو سەر چاوانەی «ژین» یان بە روژنامە داناوە هەلەن.

«ژین»ێ ئەستەمبول پرە لە زانیاری گرنگ دەربارەی ئەدەبی کورد. بە وێنە پیرەمێردی نەمر یەکەم جار «قوربانی تورزی رێگەتم»ە کەی نالی لەودا بلاو کردەوەو دێر بە دێر کردە بە تورکی. وا دیارە ئەوسا پیرەمێرد بە ناوی «پیرە کوردە»وە نوسینەکانێ خوێ بلاو دەکردەوە.

لە ریگەیێ «ژین»ی ئەستەمبولەوە دەتوانرێ تومارێ ناوی شاعیرانی کورد دەولەمەند کرێ. ع. رەحمن هەکاری لە هەمو ژمارەیەکیدا شیعری پر هەستی نەتەوێی بلاو کردوتەوە کە تا رادەیە هەست بە نویکاری لە بەرهەمەکانیدا دەکرێ.

دیسان «ژین» بەرهەمی (سیامەنسور پوش) ناویکی بلاو کردوتەو کە کەسمان تا ئێستە ناویمان نەبیستودو لەوە دەکا شاعیرێکی وردکارو خوێندەوارکی باش بویی. هیچ لە راستی دور ناکەومەوە گەر بلێم لە هەمو ئەم جیهانە پان و بەرینەدا تەنها کورد شاعیری خاوەن بەهرەی وەهای خوێ نا ناسێ؟ پاشی د. کەمال دبێژت: «ژین» بۆ خوێ سەرچاوەیەکی رەسەنەبو باسی چالاکی دەستەی روناکبیری کورد. دوماهیێ دبێژت ژمارە 6ی روژی 25/ك1/1334 لە سەر نوسراوە کە دەکاتە 25/ك1/1918. بەوژمارانەدا کە من دیوم وا دەردەکەوێ مانگی [3 ـ تا ـ 4] ژمارەی لێ دەرچوو هەتا ژمارەیەی (15) تا (20) لاپەرە دەبو. بە کوردی و تورکی چاپ دەکرا. خاوەن ئیمتیازو لێ پرسراوەی ئەشرەف هەمزەو دوای ئەو مەمدوح سلیم بو. کوڤارەیکی دەولەمەندە».

ئەڤەبو هندی دەربارەی کوڤارا «ژین» هاتیە نفیسین. بەڵێ بەری دەمەکی هێژا (محمد أمین بوز أرسلان) ئەڤ کوڤارە کومکرو جارەکا دن ل چاپێ دا و هەمی گوتارێن وێ تویژاندن و بەرگێ ئێکێ دگەل پێنج ژمارێد کوڤارێ ل چاپێ دان د ئێك جلد دا.

لێکۆلینەکا زانستی ژ (82) لاپەرا پێك هاتی و پر مفاووج ل پێشێ نفیسی یە. ئەز نهو چەند ژ وان راستێن هێژا «ئەرسەلان» ئاشکەرا کرین و مژو مورانا ب سەر دا هاتی ژێ فەدابن ژ وەرا پێشکێش کەم. پێشەکی ژڤان پشکا یا پێك هاتی:

أ ـ هایداریێن گشتی د حەقێ کوڤارا «ژین»دا.

1 ـ زانباو خوندایین کورد د دەسپێکا سەو سالا (20)ێ دا.

2 ـ پشتی شەرێ جیهانێ یێ پێشین.

3 ـ دیروکا کوڤارا «ژین».

4 ـ زمانێ کوڤارا «ژین».

5 ـ تیپێن عەرەبی.

6 ـ سەرکارو پەرپرسیارین «ژین»ێ.

7 ـ نڤیسکارو هوزانڤینت «ژین»ێ.

8 ـ «ژین» چماو چاوا هاتیە گرتن؟

9 ـ یەك پەرهەڤوك ل هەمی جیهانێ:

ب ـ ئیدیولوژ یا کوڤارا «ژین».

1 ـ میراسا خانی

2 ـ کوردیتی

3 ـ نە ل دژی گەلێن دی

4 ـ دین و وەلاتەڤینی.

5 ـ ژ فکرێن نافبەر نەتەوەی دور

حـ ـ بەرگەهێ «ژین»ێ یێ سیاسی.

1 ـ کومەلێن کورد د دەسپێکا سەد سالا (20)ێ دا.

2 ـ کومەلا پێشکەتنا کوردستان ێ.

3 ـ سیاسەتا کومەلا پێشکەتنا کوردستان ێ.

4 ـ پەیمانێ بنکێن (پرەنسیپێن) ویلسون.

5 ـ هیڤی و تەوقە ژ ئینگلستانێ.

6 ـ داخوازا ئەرمەنیان ل سەر کوردستانێ.

کتێبخانەی کتێب

7 ـ کونفرانسا پاریسێ و شەریف پاشا.
8 ـ پەیمانا سیڤەرێ.
9 ـ کارگێریا تەڤگەرا رزگاریێ ژ دەری کوردستانێ.
10 ـ کومەلا کوردستانێ بینگەهـ کوردستان ژی بێسەری دمینە.
11 ـ مروڤ ژ هەسپێ خەلکێ زوپەیا دبە.
12 ـ دوبەندی و پوشمانیا پاشین.
13 ـ دڤێ کوئەم کێمایین خوە ببینن.
د ـ رونیکرنا بویەرێن میژین.
1 ـ شورشا کاوە
2 ـ تاریخا شورشا کاوە (31)ێ تەباخێ یە؟
3 ـ نەوروز سەر سال
4 ـ دڤێ کولیگەرین بێ کرن.
5 ـ بەرخوە دانا هیزانێ.
6 ـ بابەتین دی.
هـ ـ بویەرێن روژین و جڤاکی.
1 ـ ڤێکخستن و خەباتا ڤێکخستنێ.
2 ـ یەکێتی و هەڤگرتن.
3 ـ رەوشا جیهانێ کورد.
4 ـ رەوشا کارکەرێن کورد.
5 ـ خەباتا خوەندەکاران.
6 ـ خەباتا پیرەکێن کورد.
7 ـ مەفاو گرنگیا زانینێ.

و ـ خەباتا چاندەیی و پێژەیی.
1 ـ کومەلا کورد ژ بو بەلاڤکرنا زانینێ و وەشانان.
2 ـ وەشاندنا «مەم و زین»ێ.
3 ـ پیەسا «مەمێ ئالان».
4 ـ سێ چیروک.
5 ـ پەیڤین پێشیان.
6 ـ خەباتا ل سەر زمێن.
7 ـ روپەلێن هەلبەستان.

ز ـ چیروکا ڤەژاندنا کوڤارا «ژین»

1 ـ یەک پەرەهڤوک چاوا فەلتیە؟
2 ـ دڤێ کوئەم «ژین»ێ ڤەژینن.
3 ـ نە تەنێ وەرگەراندنا تیپان.

ح ـ ناساندنا چاپا نو.
1 ـ ریزکرنا ژمارەیان.
2 ـ نڤیسینا ژمارەیێن روپەلان.
3 ـ نڤیسینا ژێرە نوتان و تاریخان.

1 ـ دیروکا کوڤارا «ژین»

کوڤارا «ژین» د بایزا سالا 1918ێ دا ل ستەمبولێ دەست ب دەرکەتنێ کریە. وسا تێ زانین کو ئورگانا نەرەسمی یا کومەلا پێشکەتنا کوردستانێ بویە. «ژین» (25) بست و پێنج ژمارە ژێ هاتینە وەشاندن. تاریخا ژمارەیا پێشیین 1918/11/7 یە دڤێ ژمارێدا ب نڤیسارەکا کورتا ب سەر نڤیسار «ئامانجا مە» سەمەدێ (سەبەب) وەشاندنا کوڤارێ و ئامانجا وێ وەها هاتیە راگەهاندن.

«ژین» نە ژ بۆ دەستخستنا لشتەکا (منفعە) مادی دەردکەڤە. ئامانجا وێ، بەلاڤکرنا زانینێ یە ل سەر ژیانا کوردا دیروکی، هەڤێ وی یێ نەتەوەیی، بێژەیا وی و رەوشا وی یا جڤاکی. کوژ سەد سالێن دریژ ڤر دا هاتنە ئیهمالکرن.

ل گورا باوەریا مە، ئامادەکرنا جیەکی لایق ژ بو نەتەوێ کورد د جڤینگەها نەتەوەیان دا. ب خەباتەکا وسا مومکن کو ئاوایێ وێ خەباتێ ل گورا فاما ڤی دەمی بیت.

ئەم تێدگیهین کو ئەڤ نەشەبوسا مە، خەباتەکا پر دژوار داخوازە. بەلێ دەما مە ئەڤ وەزیفا گران دا سەر ملێ خوە مە ب راستی هیڤی کر کو ئەم دکارن خوە بسپێرن ئالیکاری و هیسانێن مادی و مەعنەوی یێن نەتەوێ کورد. ئەو نەتەوێ کورد کوژ بو وەلات و گەلێ خوە هەر تم ب قەبولکرنا فیداکاریێن مەزنترین هاتیە ناسکرن و لیکانین ژ خوەدێ یە».

کوڤارا «ژین» ب وێ با وەیێ و ب وێ بریاری ژیانا خوە

هەواڵنامەی کێشی

نێزیکی ساله‌کێ بوراندیه. ژماره‌یا وێ یا پاشین، یانی یا (25) ئان د تاریخا 1919/1/2ێ دا دمرکه‌تیه.

کوڤارپشتی وێ تاریخێ هاتیه گرتن وب وی ئاوای د دیروکا گه‌لێ کورد دا ڤه‌شریه.

ژ (25) ژماره‌یین «ژین»ێ (22) ژماره (16) روپه‌ل دمرکه‌تنه. همی ژماره ب قایێ کارتون قایکریسونه. گه‌مروفی همر چار روپه‌لێن قایێد وێ ژی تێوبکه، روپه‌لێن وان (22) ژماره‌یان دین (20). لێ به‌لێ دبنیاتیدا ل همر چار روپه‌لێد قایێ نه هاتینه نڤیسین. ته‌نێ ل روپه‌لێن مه‌تنێ کوڤارێ هاتنه نڤیسین. ژماره‌یین [15، 16، 25]ژی (24) روپه‌ل دمرکه‌تنه. ئه‌و همر سێ ژماره ژی وه‌ك یێن دی قایکری بونه‌و دگه‌ل روپه‌لێن قایێن خوه (28) روپه‌ل بونه. به‌لێ دواندا ژی ژماره ته‌نێ ل روپه‌لێن مه‌تنێ کوڤارێ هاتنه نڤیسین.

2 ـ سه‌رکارو به‌رپرسیارێن «ژین»ێ.

چاوا کو به‌ری نهو هات گوتن «ژین» ئورگانا نه‌رمسمی یا کومه‌لا پێشکه‌تنا کوردستانێ بویه. به‌لێ دهه‌فێ وێ به‌کێدا د کوڤارێدا تشته‌ك وه‌ها نه هاتیه نڤیسین. به‌لکی ژ به‌رمیرێ ئه‌وڕێ هاتیه بژارتن و نه هاتیه نڤیسین کو کوڤار ئورگانا کومه‌لێ یه.

د ده‌ستپێکا سالا 1919ێ دا کومه‌له‌کا چاندیی (ره‌وشه‌نبیری) ژی هاتیه سازکرن. ئه‌و کومه‌له ژی پێگرتێ کومه‌لا پێشکه‌تنا کوردستانێ بویه. نافێ وێ «کومه‌لا کورد ژ بو به‌لاڤکرنا زانینێ و وه‌شانان» بویه. چاوا ژ نافێ وێ تێ زانین، ئه‌و کومه‌له‌کا چاندیی بویه. به‌رنامه‌ یا وێ کومه‌لێ د تاریخا 1919/2/2ێ‌دا و «ژین»ێدا به‌لاڤوکه‌کا درێژ هاتیه چاپکرن و راگه‌هاندن.

کومه‌لا کورد ژ بو به‌لاڤکرنا زانینێ و وه‌شانان، دوێ به‌رنامه‌ خوه‌دا راگه‌هاندیه کو ژ ده‌ما سازبونا خوه پێڤه کارگێریا کوڤارا «ژین» ژی گرتیه ده‌ستێ خوه. پەیڤا کومه‌لێ ل سه‌ر کارگێریا «ژین»ێ وه‌ها یه:

«کومه‌له، کوڤارا «ژین» کو ژ ده‌مه‌کا [illegible] ده‌ردکه‌ڤو همتا کو خوه‌دێ ب ڤێ دێ ده‌رکه‌ڤه، دگره بێ کارگێریا خوه، ب ڤێ واستێ همی هه‌ڤ نه‌ئه‌وه‌یین خوه د ئێخته مه‌یدانا خه‌بات و جوامیری و مه‌ردینێ. راستین و لێکانین ژ خوه‌دێ یه».

وسا تێ زانین کو وێ کومه‌لێ، ژ به‌ر کو کومه‌له‌کا چاندیی بویه، د کارگێریا کوڤارا «ژین»دا تو مه‌زوره‌ك نه‌دیتیه. لێ به‌لێ ئه‌م ب هیساتێ دکارن بێژن کو ماکه کومه‌له کومه‌لا پێشکه‌تنا کوردستانێ بویه‌و کارگێریا راستین ژ ی د ئه‌سلێ خوه‌دا د ده‌ستێ وێ کومه‌لێدا بویه.

سه‌رکارو به‌رپرسیارێ کوڤارێ، به‌رێ هه‌مزه‌یێ موسه‌کی بویه، هه‌مزه، یه‌ك ژ سه‌رکارێد کومه‌لا پێشکه‌تنا کوردستانێ بویه‌و ب ناڤێ هه‌مزه‌یێ موسه‌کی هاتیه ناسکرن. هه‌مزه ولاتێ ڤه‌ڤین و نه‌ته‌وه‌ڤینه‌کێ کوردێ تێر باوه‌ری و دلسوز همر وه‌ها ژ ی نڤیسکاره‌کێ خورت بویه. خورتیا قه‌له‌مێ وی ژ پێشه پەیڤا کوژ بو «م و زین»ێ نڤیسیه کڤشه. ئه‌و پێشه پەیڤا همم د چاپا «مم وزین»ێ یا 1919ێدا، همم ژی دژماره‌یا «ژین»ێ یا (19)ێدا هاتیه وه‌شاندن.

به‌رپرسیاریا همزه ژ ژماره‌یا پێشین همتا ژماره‌یا (20)ێ دوم کریه، ژ ژماره‌یا (21)ێ همتا ژماره‌یا (25)ێ یانی همتا ژماره‌یا پاشین ژی مه‌مدوح سه‌لیم بویه به‌رپرسیارێ کوڤارێ. ئه‌ڤ گوهارتن چما ڤه‌ومیه؟ گه‌لو دوێ پێدا همزه وه‌زیفه‌کا دی ستاندیه له‌وما مه‌مدوح سه‌لیم بویه به‌رپرسیارێ کوڤارێ؟ یان سه‌مه‌ده‌کی دی دوێ گوهارتنێدا همبویه؟ د همه‌فێ ڤێ شولێدا «بوز ئه‌رسه‌لان» دبێت ئه‌م تشته‌ك نزانین و تو هایداری د ده‌ستێ مه‌دا تونن.

3 ـ نڤیسکارو هوزانڤین «ژین»ێ.

گه‌له‌ك نڤیسکارێن قه‌در بلندو زانا بێن مه‌زن د کوڤارا «ژین»دا نڤیسارێن رومه‌تگران نڤیسینه. هن ژ وان نڤیساران ب کوردیه‌نه. هن ژی ب ترکینه. همر وه‌ها گه‌له‌ك هوزانێد وه‌لاتڤین ژی روپه‌لێد «ژین»ێ ب هه‌لبه‌ستێن خوه بێد هێژا

هه‌والنامه‌ی کێبر

خەملاندنە. یەك ژ هوزان و نفیسكارێد كوفارێ ێید تمی هوزان و نفیسكارێ گەورە پیرەمێرد بویە. پیرەمێرد هوزانا مارشا «نەوروزێ د «ژینۆ»یدا ب نافێ خوە یێ راستین «تەوفیقێ سلیمانی» نفیسیە. چەند نفیسارێن وی و هن هەلبەستێد وی ب ترکی د کوفارێدا دەرکەتنە.

یەك ژ نفیسكارێن «ژینۆ»ێ ێید تمی ژی (خلیل خیالی) بویە. زاناو نفیسكارێ گەورە (خلیل خیالی) نفیسارێد خوە ب نافێ كوردیێ بەدلیسی» نفیسینە، د وان نفیسارێن خوەدا گەلەك شولێن دیروكی، میتولوژیەك، چفاكی، زمانزانی و فەلسەفی گرتنە دەستێ خوەو ب ئاوایەكی زانیاری ئەو تەهلیل كرینە. نفیسارێت (خلیل خیالی) هەمی ب زمانێ ترکینە.

سەیدا كەمال فوزی ژی یەك ژ نفیسكارو هوزانێن «ژینۆ»ێ بویە. نفیسارو هەلبەستێن وی د نومینن كو دلێ وی تژی ئەفینا نیشتمانێ بویە نفیسارو هەلبەستێن كەمال فوزی بێن ئاكرین ب ترکینە.

ئەڤدرەهەمان رەحمێ هەكاری ژی یەك ژ هوزان و نفیسكارێن كوفارێ بێن تمی بویە. پری نفیسارو هەلبەستێن وی ب كوردی نە. هەر وەها پیەسا وی یا كوردی «مەمێ ئالان» ژی د «ژینۆ»یدا دەركەتیە وسا زانین كو ئەڤ پیەسا كوردی یا پیشینە.

سەركار و بەرپرسیارێ كوفارێ یێ دوێ مەمدوح سەلیم ژی یەك ژ نفیسكارێد تمی بویە. وی نفیسارێد خوە بێن سیاسی و چفاكی ب نافێ «مەمدوح سەلیم بەگی» نفیسینە. نفیسارێن وی هەمی ب ترکینە.

عەزیز یامولكی ژی د «ژینۆ»یدا گەلەك نفیسارێن هێژا نفیسینە. نفیسارێن وی ب پرانی ل سەر دیروكا میرگەها «بابان»یا كوردینە. یامولكی د وان نفیسارێن خوەدا میرگەها «بابان»ژ هەر ئالیفەڤە ناساندینە، گەلەك گوشەبێن دیروكا وێ میرگەهێ روون كرینە هەر وەها لێكدانێن توسمانیاو ئیرانێ ل سەر كوردستانێ ژی ئانینە بەر چافان. نفیسارێن یامولكی ب ترکی دەركەتنە.

لاوەشیدو حیلمێ سویرەكی ژی رویەلێن «ژین»ێ كێب پەیڤێن پێشیان یێد كوردی خەملاندینەو ل سەر وان پەیڤێن پێشیان گەلەك ئاخفتنێن هێژا نفیسینە، سەر چافێن وان پەیڤان و سەمەدێن دەركەتنا دانە زانین.

ژ بل پەیڤێن پێشیان، چەند نفیسارو هەلبەستێن وان ژی د گوفارێدا هاتنە وەشاندن.

هەروەسا (إحسان نوری) زانای كورد كامران عالی بدرخان، قازی زادە مستەفا شەوقی، قازی زادە لەتیف، حوسینێ دێرسمی، میرزایێ جزیری، زاخویی و هن نفیسكارو هوزانێن دی ژی د كوفارێدا نفیسینە.

ژ بل نفیسارو هەلبەستێن ڤان هوزان و نفیسكارێن ژوری هن هەلبەستێن هوزانێن كورد بێن بەرین، وەك مەلای جزیری، ئەحمەدێ خانی، سیاەپوش، نالی، جاجی قادرێ كویی و هتد.

ژی د كوفارێدا هاتنە چاپكرن. مروف د كارید بێژیت كو ئەو هوزانێن كوردێن نەمر ژی د «ژینۆ»یدا بونە هوزانێن شەرەفێ، شەوقا خوە دانە رویەلێن وێ و خوەندەڤانێن وێ. كوفارا «ژینۆ» ب وێ دەستەكا خوە خورت، نیزیكی ساەكێ ژیایە، ئەو نە نەنێ ژ ئالیێ سیاسیڤە، لێ هەر وان ژ ئالیێ چفاكی، بێژەیی و چاندەیی ڤە ژی كوفارەكا گەلەك گرنگ و هێژا بویە، خزمەتەكا پر گەورە ژ نەتەوەیێ كوردرا و ژ فكرا كوردیێ را، ژ فكرا وەلاتەڤێ و نەتەو ئەفینا كوردارا كرییە، هەڤە كو هەر كوردەك سەرێ خوە ل پێشەزی خاترا وێ و خاترا دەستەكا وێ ب رێزادری بتەوینە (ب چەمینە).

4 - ژین چماو چاوا هاتیە گرتن؟

وەك مە بەرێ زانی، ژمارەیا «ژینۆ»ێ یا دوماهیێ د روژا 1919/10/2 ێدا دەركەتیە. پشتی وێ تاریخێ كوفار هاتە گرتن. بەلێ د هەڤێ سەمەدێ گرتنا وێدا زانینەكا بەلگەیی تونە.

گەلەكوفار ژ ئالیێ میرێڤە هاتیەگرتن، یان دناڤ دەستەكا

هەوالنامەی كتێبی

وێدا یان ژی د نافا کومەلا پێشکەتنا کوردستانێدا دوبەندییەك دەرکەتبەو ژ وێ بوونێ کوفار هاتیە گرتن؟

ژ هەوایێ کوفارێ، خاسما ژ ژمارەیا دوماهیێ وسا تێ زانین کو دەستەکا وێ د هەفێ دوماندنا وێدا بربار دابوو بویە ئەور وێ دەستەکێ خواستیە کو سنورێ خەباتا خوە فرەتر بکەن. ئەم د ژمارەیا (23)ێدا راگەهینەك دبینن د وێ راگەهینێدا هاتیە ئاشکەراکرن کو وان بریار دایە کو «ژینەی» بکەن کوفارەکا سیاسی، بەلێ معامەلا رەسمی هێژ تەمام نە بوویە، ژ بەر وێ یەکێ ژی ژمارە (23)ێ دەرەنگ دەرکەتیە ژ بو کو خوەندەڤانان ژ بیسەبریێ دەرخن وێ جارێ ژی کوفار وەك بەرێ دەرخستینە.

ب راستی ژی ژمارەیا (23)ێ گەهك دەرەنگ دەرکەتیە تاریخا ژمارەیا (22)ێ 2/7/1919یە. تاریخا ژمارەیا (23)ێ ژی 28/8/1919یە! لێ بەلێ دگەل وێ دەرەنگییێ ژی، ئەو راگەهین دنومینە کو نیەنا گارگێرێن کوفارێ دوماندنا وەشاندنا وێ بویە. تشتێ بالکێش ئەڤە کو کوفار، پشتی وێ راگەهینێ ژی دو ژمارە دیسا ل سەر ناوایێ بەرێ دەرکەتینە.

د ژمارەیا پاشیندا ژ راگەهینەکا بالکێش دەرکەتیە. د وێ راگەهینێدا هاتیە گوتن کو د بونیا کوفارا «ژینەدا کومیتەکا دوی چونا «تعقیب» کارێن کوردا ل ستەمبولێ هاتیە سازکرن و ئەو کومیتە دێ کارێن کوردا بێد ئیداری، عەسکەری و عەدلی ل ستەمبولێ تەعقیب بکەن. ئەو دوی چون ژی دێ مفت (بەلامش)بە، یانی کومیتە تو کرێ ژ خوەدانێد وان کاران نا خوازە. ئاشکەرا یە کو دەستەکا خەیانەکا وەها فرە ب دەتە بەر خوە ژ نیشکاڤەو بێ سەمەدی کوفارا خوە ناگریت و دەستێ خوە ژ هەر تشتی نا کشینە.

گەلەو «ژین» ژ ئالیێ میسرێڤە هاتیە گرتن یان ژی ژ بەر زوردەستیا میریێ دەستەکا وێ نەچار مایەو ئەو گرتیە؟ ئەڤ ئیحتمال نە دووری ئاقلە. لێ بەلێ، د هەفێ ڤێ یەکێدا د دەستێ مەدا تو هایداریو بەلگە تونە.

سەبدا زنار سلویی «قدری جمیل پاشا»د پەرتوکا خوە «دوزا کوردستان»دا دەە زانین کو روژنامێن ترکی «وی دەمیدا ل دژی سەرەکێ کومەلا پێشکەتنا کوردستانێ «شێخ عبدالقادر» هەم سەرەکێ شورایێ دەولەتە، هەم ژی سەرەکێ کومەلا پێشکەتنا کوردستانێ یە. حال ئەو حالە کو ئەڤ کومەلە داخوازا سەرخوەبونا کوردستانێ دکە. دڤێ کو عبدالقادر یان ژ سەرەکیا شورایێ دەولەتێ، یان ژی ژ سەرەکیا کومەلا پێشکەتنا کوردستانێ ڤە کشە.

ل سەر وێ بکرو ڤەکێشێ عبدالقادر بەیانەك دایە روژنامان و گوتیە کو «گەلێ کورد سەرخوەبون ناخوازە، موختاریەت دخوازە» ئەڤ بەیانە بویە سەمەدێ دەرکەتنا دوبەندیێ د ناڤا کومەلا پێشکەتنا کوردستانێداو د دوماهیا وێ دو بەندییدا ئەڤ کەسینە ژ کومەلێ فەڤەتیان.

ئەمین عالی بدرخان (بوتان)، فرید بەگ، شکری بابان (سلیمانیە)، فؤاد بابان (سلیمانیە)، حکمت بابان (سلیمانیە)، د. عبدالله جودت (أربکیس) د. شکری محمد (پاخرمادەن)، کمال فوزی (بدلیس)، أکرم جمیل پاشا (آمد)، نجم الدین حسین (کرکوك)، ممدوح سلیم (وان)و مولانا زادە رفعت. ئەڤ کەسە، پشتی کو ژ کومەلا پێشکەتنا کوردستانێ دەرکەتنە، کومەلەکا دی ب نافێ «کومەلا ڤیکخستنا چڤاکی» سازکرنە، کوفارا «ژین» ژی گەریایە روژنامەو بویە ئورگانا وێ کومەلا نوی.

زنار سلویی د هەفێ قەومینا وێ بوویەرێدا، وێ دو بەندیو پارچەبوونێدا تو تاریخ نە نڤیسینە، هەر وەها نە دایە زانین کو «ژین» کەنگێ گەریایە روژنامەو ژ کیژان تاریخ پێڤە روژنامەکی هاتیە وەشاندن. ئەگەر «ژین»ێ راستی گەریایە روژنامەو روژنامەکی دەرکەتیە، دڤێ کو مروڤ ل ژمارەیێن وێ یێن روژنامەکی ژی ب گەرە و ژبو پەیداکرنا وان ب خەبتە.

هەر وەها، دڤێ کو مروڤ ب خەبتە کو تەسبیت بکە کە کو ئەو روژنامە چ قاسی ژیایە، کەنگیو چاوا وچما هاتیە گرتن.

5 ـ یەکیتیو هەڤگرتن: ـ

ژ نڤیسارێن «ژین»ێ تیە زانین کو دەردێ بێ تەفاقیێ وی

مقر الناصري كتب

دەمی ژی د ناڤ کورد ... دەردی ژی
شولا بەکیتی‌و هەڤگرتنێ دەرکەنیە مەیدانێ. ئەو شول وی دەمی ژی شولەکا روژین بویە کو وەلاتەڤینێن کورد ل سەری فکرینە. نڤیسکارو هوزانڤانێ هێژا «قازی زادە مستەفا شەوقی» د نڤیسارا خوە یا ب سەر نڤیسارا «وزعیەتێ ئیمە کوردا د عەسرێ حازردا» کوردا دڤێ بەکیتی‌و هەڤگرتنێ د دوماهیا نڤیسارا خوەدا ژی وەها گوتیە:

«فەقەت لە بۆ ئیوە حەیفە د گەل ئەو شان و شوهرەتان وا بە فەقیری راوەستن و بەتەمبەلی مولکی نازیزتان لە دەست بدەن. ئەلبەتە ئیوە کە ساهب شەرەفن، قسەی من دە گوی دەگرن. وەرن تا زو وە لەبـو خاتـری ئیسکی باب و باپیـرمـان ئیتفـاق بکەین و وەتەنی خوشمان قوربانی مەنفەعەتی و رەزیلەو کورسی ریاسەت نەکەین. چونکە وەقت تەنگەو دوژمن لە خەلفەتی مە ئیستفـادە دەکـا.. هایە ـ ئالەل ـ فەلاھ! وە ئیـلا پەشیـمـان دەبنەوەو ئیدی دەمێ هیچ فەیدە نیە.

هوزان و نڤیـکـار عەڤـدورەحیم رەحمی ژی ل سەر شولا یەکیتی‌و هەڤگرتنێ نڤیسارو هەلبەست نڤیسینە. د هەلبەستا خوە «دەستێ تەنێ دەنگ ژی نایتەدا وەها گوتیە:

ئەی مللەتێ ساحب نیفاق
لازم ژبو تە ئیتفاق
ئەسیس نەکن ئەم یەك ویفاق
مە هاوبە یە بیلـ ئیتفاق
ناقلێ خوە بەر هەڤ کن هەمی.
★ ★ ★

وەقت، زەمان پر نازکە
بێ ئیتفاقی تەهلوکە
خەلقان هەمی دگەل مە برکە
مەحویەتا مە بێ شکە
ناقلێ خوە بەر هەڤ کن هەمی.
★ ★ ★

شەخسیەتێ بافینە دەر
یەك شەخسی شول نایتە سەر
یەك بن، نەمینیت بێ ئەسەر
شولا ئومێدا مە ل سەر
ناقلێ خوە بەر هەڤ کن هەمی.
★ ★ ★

دەست دەتە یەك شبی برا
هنکن ژبو خوە یەك چرا
ربا کو تاری یە ژ مەرا
روناهی لازم ڤێ سرا
ناقلێ خوە بەر هەڤ کن هەمی
★ ★ ★

[ژین ژمارە (5) روپەل 14]

6 ـ مەڤاو گرنگیا زانینێ: ـ

ژ کوڤارا «ژین» تێ زانین کو وەلاتەڤین و نەتەوە ئەڤینن کورد وی دەمی گرنگیەکا مەزن د دانـە زانینێ. د کوڤارێـدا ل سەر مەڤـاو گرنگیـا زانینێ گەلـەك نڤیسارو هەلبەست هاتنە نڤیسین. نڤیـسـکـارو هوزانـڤـن کورد دانـە زانین کو نەزانینێ چ قاس تەخریبات د کومەلا کورد دا تانیە مەیدانێ‌و چاوا بویە سەمەدێ پاشمانا گەل. هەر وەها کفش کرنە کو گەلێ کورد مەجبورە کو ڤێ رەوشێ بگوهێرەو خوە ب زانینێ موجەهەز بکە مەسافا ناڤبەرا خوەو گەلێن پێشکـەتی داگـرە. بۆ نمـونـە: شفیق ئەرواسی د نڤیسارا خوەدا «زانین د پێشیا هەمی تشتانە» ژ کوردا را وەها گوتیە:

«ئەی برایێ مە، هون دزانن کو ئیرو عیلم و مەعارف دنێف هەر مللەتەکیدا بەلاڤ بویە، ژ بچوك هەتا مەزنێد وان هەمی ژ ئەحوالێ دین و دنیا خوە ئاگاهدارن، ژ خەیرێ مللەتێ مە کو ئەم تەنێ ژ ڤێ نیعمەتا مەزن ماینە بێبەهر. ژ بەر وی قاسی یە

هەوالنامەی کتێب

ئەو فەزایلێ کو د ملەتێ مەدا هەنە هەمی بێفایدە دجن، بەرو ڤاژی دبنە سەبەبێ فەزلەت و مەزمەتا مە.

خایەت ئەم دیندارین، لاکین ئەحکام و کەمالاتێ کو دینێ مە ئەمر دکە ئەم نزانین، هەتا کو پێ عەمەل بکین. و ب خایەت شەجیعین، لاکین شەجاعەتا خوە د کوشتن و خرابیا هەڤدا سەرف دکین و ئەم زەهف سەخی نە، لێ ژ بو متربان د داوەتان داو ژ بو رەشوەتان د دەعواندا و ژ بو کوچەکان د تیاتروانداو ژ بو هەدیێ ئاغا و بەگ و شێخان د عیدانێدا، نەکو ژ بو مەنفەعەتەکێ عمومی و یا ئەمرەکێ دینی.

سەبەبێ ڤان ژی هەمی نەزانینە. وەکی تە ئەڤ زانی. ئیرو دا ژ مەرا ژی هەمی تشتەکی لازمتر عیلمە. ربا وی ژی خوەندن و نقیسینە. ئەو ژی ئانجاخ ب لوخەتێ مە بت. لەورا لوخەتێ پاشقە، عومرەك لازمە هەتا کو مروف وی لوخەتی بزانت، ژ ئەو پاش کو ب وی لوخەتی عیلمەکی بزانت. ئەو ژی ژ هەر کەسێرا مومکن نابت کورد زادە (کمال) ژی نقیسارا خوە «ژ کوردان را وەزیفا مە یا ئیرویی»دا وەها گوتیە: «یەك ژ وەزیفێن مەیێن گرنگترین و پێویسترین ئەڤە کو ئەم پیکانینا هەبون و پاراستنا بەختیاری و حقوقێن کوردیتی و نەسلێن هاتی نەسلیمێ پشتگریا زانینێ بکن. داخوازو ئامانج و ئارەزو ئەڤە کو ئەم جوانێن کوردان بجڤینن بال هەڤ و فەلاکەتا نەزانینێ ژ کوردستانێ بقەتینن. لەورا دەورا مە دەورا پێشکەتنێ یە کەسێن کو نەخەبتن، ل ریا پێشکەتنێ وان کاش دکەو ب خوەرا دبە.

کوردی زادە «E سایت» ژی و هەلبەستا خوەدا ژ «کورمانجا راەل سەر گرنگیا خوەندنێ وەها نقیسیە:

گەلی کوردا شورەك دکم
هەمو کورمانج دەستەك بین
پاشێ ئەمێ راحەت بکن
لاوێ خوەنا خوەندنش بدن
بونا مە مەکتەب لازمی
بونا مە سنعەت لازمی
بونا مە ئیمان لازمی
بونا مە نمێژ لازمی
هەر گوندیدا مەکتەب ڤەکن
پاشێ قەدرێ وێ ڤیم دکن.

هوزان عەڤدورەحیم رەحمی ژی د هەلبەستا خوەدا «نەزانین» وەها ئیریشی نەزانینێ کریە:

ئەی جەهل و نەزانین، تویی دوژمن، تویی خاین
زولما تەیە هێلان هەمی بێ سنعەت و بێ دین
قەهرا تەیە وێران کری ئاها، وەتەنێ من
کینا تەیە بێلانە کری جیسم و تەنێ من
سەروەت تە ژ مە ستاندییە، بێمال و درافن
ئەم ماینە بەلنگازو فەقیر، خانە بەلافن

پەیڤێن پێشینان: -

یەك ژ بابەتێن چاندەیی و بێژەیی یێن کو د کوڤارا «ژینۆ»دا جی گرتنە، پەیڤێن پێشینانن. نقیسکارێن کو دوی بابەتیدا خەبات کرنەو نقیسینە [لاو رەشیدو حیلمی سوێرەکی] بونە تشتێ کو بابەت دەولەمەند کریەو رەنگەگێ زانستی دایێ ئەڤە کو وان نقیسکاران، تەنێ ب رێزکرنا پەیڤێن پێشینان فیما خوە نە ئانینە، لێ هەر وەها ل سەر وان ئاخفتن ژی نقیسینەو سەمەدێن دەرگەتنا وان و بەلاڤبونا وان ژی کفش کرنە لێ بەلێ، ئاخفتنێن کو ل سەر پەیڤێن پێشینان نقیسیت گشت ب ئرتی بونە. دل دخوەست، هەڤ ژی وسا بو کو ئەو ئاخفتن ژی ب کوردی هاتبونا نقیسین.

ئەو پەیڤێن پێشینان یێن کو [لاو رەشید] بەرهڤ کرنە ونقیسینە، د پێنج ژمارەیێن «ژینۆ»یدا د ژمارەیێن [3، 4، 5، 7، 8]دا دەرکەتنە. یێن کو [حیلمی سوێرەکی] بەر هەڤ کرنە، ئەو ژی دسێ ژمارەیاندا، د ژمارەیێن [14، 19،

هەژاری کتێب

24]دا هاتنه وەشاندن.

لاو رەشید، د دەسپێکێ‌دا دەما خەباتا خوە ل سەر پەیڤێن پێشیان پێشکێش کریە، ئاخفتنەکا کورت ژی نڤیسیە، د وێ ئاخفتنێدا دایە زانین کو پەیڤێن پێشیان، ژ ئالیەکێڤە تەنگا وی زمانێ کو پێ هاتنە گوتن دنومینن، ژ ئالیەکێڤە ژی ل گورا مانەو تێدایێن خوە، رەوشا وی گەلێ کو ئەو گوتنە تێنن بەر چافان. وی راگەهاندیە کو ژ بەر ڤێ یەکێ، پەیڤێن پێشیان گەلەك گرنگن، خاسما یێن نەنەوەیەکی وەك نەنەوەیێ کورد کو هێژ ب تەمامی نە هاتیە ناسکرن. نڤیسکار د دوایا ئاخفتنا خوەدا دایە زانین کو وی پەیڤێن کو بەر هەڤ کرنە، ل گورا بابەتێن وان کرنە چەند پشك، وەك پشکا چڤاکی، پشکا هێرخاسی، پشکا بێژەیی، پشکا دیروکی.

حیلمی سوێرەکی ژی د دەسپێکا نڤیسینا پەیڤێن پێشیاندا ئاخفتنەکا کورت نڤیسیە، رومەت و گرنگیا پەیڤێن پێشیان دایە زانین. وی د ئاخفتنا خوەدا ل سەر پەیڤان یێن کو ژ ئالیێ [لاو رەشید] ڤە هاتنە نڤیسین، وەها گوتیە:

ئەو پەیڤێن پێشیان یێن کوردیی یێن شیرین یێن کو رویەلێن «ژین» یا خوەشتڤی یێن بێژەیی خەملاندینە، بێ‌گومان بالا هەر کوردیی‌و هەر هەوەسکاری کشاندنە، ل سەر کێژان ژ وان ب هەڤی لێکولان بێ کرن و بێ فکراندن، تێ دیتن کو دبێ وێدا گەلەك مەعنەیێن نە بەکەر و گەلەك شیرەتێن راستین ڤە شارینە. تشتێ بالکێش ئەوە کو هەر پەیڤەك، ژ بو بویەرەك خاترەیەکا نەمرو دیروکەکا ژیندارە، هەر پەڤەکەکا وێ قانونەکا ئەبیعی یە کو ل سەر ئەجروبان هاتیە سازکرن.

نڤیسکار پاشێ گازند، کریە کو پەیڤێن پێشیان یێن کوردی ب تەمامی نە هاتنە بەرهەڤکرن، دایە زانین کو ئەو وەزیفە وەزیفا خورتانە. ئەڤە چەند نمونە:

1 ـ لەوما دنیا ئافایە، هەر کەس ب ئاقلێ خوە شایە.
2 ـ رێ بی بلا دور بی، بور بی بلا کور بی.
3 ـ کەسادی دکە فەسادی.
4 ـ وەستا نەجار، رازە وەکی هەر جار، خوەدی یەکە دەرێ هەزار.
5 ـ بلا مروڤ ژنا میران بە، بلا ل بەر شورو رمان بە.
6 ـ بلا میرێ مروڤ لاو بە، بلا کراسێ مروڤ چاو بە.
7 ـ دێ کو بو دێماری، باڤ دبێ کاڤاری ـ
8 ـ کو دێ بیە داماری، باڤ ژی دبە باماری.
9 ـ یەك بانە، دو زوزانە.
10 ـ پرا باتمانێ، مەدرەسا گومەیدانێ، مزگەفتا هیزانێ، خراب نابی هەتا ئاخر زمانێ.

خەباتا ل سەر زمانی:

زمانێ کوردیی‌و خەباتا ل سەر وی، د وی دەمی ژی د بەرمانا وەلانەڤین و نەتەوەڤینێن کورد دا ماوەکا گرنگ پێکانیە. ئەڤ یەك ژ هن نڤیسارێن کوڤارا «ژین» ب ئاوایەکی ئەشکەراو بەرچاڤ کڤش دبە. گرنگیا زمان و گرنگیا خەباتا ل سەر زمان و بەلاڤبوکا «کومەلا کورد ژ بو بەلاڤکرنا زانینێ‌و وەشانان»دا وەها هاتیە بەرماندن.

«دبێژن کو بەرانا هە و ئیستیحقاقا نەتەوەیان، هەبونا تاریخێ یەو هەبونا زمانەکێ وسا یە کو بەرانبەرێ جەرەیانا دەمێ بە، یانی هەبونا زمانەکێ وسا یە کو بەرانبەرریێ جەرەیانا دەمێ بە، یانی هەبونا سازگەهێن نەتەوەیی یە.

تەنێ ئەڤن کو ژ مروڤ را دبن کاخدێ هویەکێ‌و نیشانا دەستورا کو مروڤ دکارە ب وێ تێکەڤە وی خانێ هەق و نەمسانێ بێ کو عەدالەتێ بەلاڤ دکە. بێ کو ئەم ئیدعاین جاهلکی‌و دەرسینور بکن، دڤێ کو ئەم ل خوە بێن مکورێ کو ژ ڤی ئالیڤە کێمایا کوردیتێ مەزنەو دلێشینە.

د بەلاڤوکێ‌دا پاشێ هاتیە راگەهاندن کو نەمامکرنا ڤێ کێمایێ‌و داگرتنا ڤێ ئالایێ نە تشتەکی بێ مومکنە، ب خیرەت و خەباتێ، د دەمەکا نە دریژ دا مومکنە کو ئەڤ کێمایی بێ نەمامکرن و ئەڤ ئالایی بێ داگرتن. پاشێ وەها گازند هاتیە کرن: دڤان دەسانا کو نەتەوەیێن دی دوایی ل خەباتا خوە یا

هەوالنامەی کتێبی

ل سەر ڤێ ئاخا پیر ئانینەو دەست ب خەباتا ئاسیمانان کرنە تشتەکی دلێشینە کو مروف هێژ ب زمان و سەر راستکرنا زمان و وەك هەڤگرنا زمان خەریك بە. لەورا زمان، دهێمێ مەدەنیەتا مروڤیدا کەڤرێ پێشینە.

چاوا کو مە ل بەری نهو گوتبو، خەباتا ل سەر زمانێ کوردیو ئامادەکرنا فەرهەنگەکا نەتەوەیی، یەك ژ مادێن بەرنامە کومەلێ بویە.

کوردیێ بدلیسی ژی شولا زمانێ کوردیو خەباتا ل سەر وی گرتیە دەستێ خوە. د وی بابەتیدا دو نڤیسارێن هێژا نڤیسینە، د وان نڤیساراندا ژ بو خەباتا ل سەر زمانێ کوردی بەرنامەیەك و ڕێبازمك زانستی دانیە. وی د نڤیسارا خوە یا پێشیندا شولا هەبونا زارێد کوردی بێن جورە ـ جورە گرتیە دەستێ خوەو دوی بابەتیدا وەها نڤیسیە:

گەلو مومکنە کو زمانەکی بەکبویی بێ قەبولکرن؟ دگەل کو ئەف شول خەباتەکا نمی‌و دەمەکا درێژ دخوازە ژی، وەلامێ ڤی پرسێ ب کورتی «بەلێ یە». ما دەم کو وسا یە، ئیجار ئەم کورد ب چ ئاوای دکارن بین خوەدیێ زمانەکی بەکبویی؟ کەسنا دناسم کو هەبونا زارێد جورە ـ جورە د کوردیدا، ژ بو گیهانا ڤێ ئامانجێ وەك ڕێمەك قەبول دکن ـ لێ ئەم دخاپن و پر د رودا د فکرن، زارێد جورە ـ جورە نە کو دبن رێم. لێ ژبۆ زمانێ مە کانەکا پەیڤکانا بێ دوماهی ئەو نیەمەتەکن. پسپورەکی کو ریبا لێستیفادێ بینە، دکارە ژ زاران مەڤایین بێ دوماهی ب دەست خوە بێخیت. یەك ژی، ئەف بویەر نەکو ئەنێ دنافا مە کوردانداهەبە، ئەو نەتەوەیێد کو خوەدیێن زمانێد تێکوزترین و دەولەمەندترینن دگەل کو سەد سالان دەمێن وان بێد بێژەیی ژی هەبون د نافا واندا هێژ ژی زارێد وسا هەنە کو وەك بەری دژین و تێن پەیڤین. د نافا واندا زار هەنە کو ژ ئالیێ پرانیا پەیکان قە ژوردا ل زمانێ گشتی‌و بێژەیی دنێرن، زار ژی هەنە کو ژ ئالیێ خودانێ زارێ دیڤە قەت نایین فامکرن. لێ جودایا زارێد مە، هەما ژ گوهارتنا تیان و دەنگا عیبارەتە. ل گورا ڤێ یەکێ، زار دکارن ل نافا کێلەبێد خوە هەڤێ ژیانا بهاریزن، لێ دگەل ڤێ پاراستنێ ژی ئەز وسا باوەر دکم کو مروف دکارە زمانەکی بەکبویی‌و بێژەیی پێکینە کو ئەو بیە مالێ گشت.

نڤیسکار د نڤیسارا خوە یا دوێدا ژی دایە زانین کو خەباتا ل سەر زمانێ کوردی دڤێ کو ب ئاوایەکی جدی‌و ب بەرپرسیاری بێ مەشاندن، ژبو کو ئەو خەبات بەردار بیە، دڤێ کو بەرێ هازری بێ کرن و بەرنامەیەکا زانستی. بێ ئامادەکرن. پاشێ ل سەرکان و سەرچاڤیا زمێن (زمانی) وەها گوتیە: [بنگەهۆکەك هەیە کو ب ئاوایەکی گشتی هاتیە قەبولکرن. ئەو ژی ئەڤە: زمانێ راستین و سافی ئەو زمانە کو کێلەبا نەخوەندی یا وی نەتەوەیی، خاسما پیرەژنین وی بێ د پەیڤن. ل گورا ڤێ بنگەهۆکێ، ئەز ژی د خوازم کو، ئاوایو پەیڤکین کو کێلەبێ نەخوەندی ئەو بژارتنە د تێکوزکرنا زماندا ئەو بنگەهە بێن گرتن. ئەو سەر چاڤی‌و خزنەکا راستین. ئەگەر ئەم بکارن ئێدا بێن وێ سەرچاڤیا بیەرەکەت ب دەستێ خوە بێخین و کەرەستە کو دەستێ مە دگەڤە ئەم بکارن ل گورا بنگەهۆکین زانستی بێد دوماهیێ ڕێزو سازبکن، ئەز دکارم بێ دو دلی ئێدیما بکەم کو، ئەمێ د دەمەکا کورندا بیت خوەدیێ زمانەکی نڤیسینێ پەیڤینێ کو دێ ژ پرێ زمانین ڕوژهەلاتین ئیرو بین دەولەمەنتر بە».

نڤیسکار پاشێ، ل سەر ڕێ‌و ئاوایین خەباتا ل سەر زمان و ئاوایین ئیستیفادەکرنا ژ وان کان و سەرچاڤیان د پتێن خوە نڤیسینە، د وی بابەتیدا بەرنامەیەك پێشکێش گریە. یەك ژ مادێن وێ بەرنامێ ژی ئەو بویە کو، دبێنیا [کومەلا کورد ژبو بەلاڤکرنا زانینێ‌و وەشانان]دا کومیتەکا تمی ب ناڤێ «کومیتا زمان» [دل ئەنجومەن] بێ سازکرن و ئەو کومیتە سرف ل سەر زمانێ کوردی بخەبتە، وی ئاواو شێوەیێ خەباتا وێ کومیتێ ژی دبەرنامەیا خوەدا کفش کریە، ئەو بەرنامە ژ نەهە مادەیێن سەرەکی‌و دەهە مادەیێن شاخین پێکهاتیە.

لێ بەلێ، گەلەك مخابن کو ئەو بەرنامە ژی وەك هەمی خەباتێن دی بێن وی دەمی ل سەر کاخەد مایە، وەلانەهێتن کورد ژ بۆ پێکانیا وێ ژی مەجال و فەرسەند نە دبتە. ب راستی ئەو بەرنامەوسا کو، ئیرو ژی مروڤ دکارە ب هن گوهارتنێد بچوك، وێ ژبو خەباتا ل سەر زمانێ کوردی وەك بەرنامەکا هەڤدەم و

هەولێری کتێب

زانستی قەبول بکەو خەباتا ل سەر زمان ل گورا وێ سەرەراست بکە. وی دەمی رێزمانەکا کوردی ژی دەرکەتیە. نافێ وێ «مقدمة العرفان» بویە. لێ نڤیسکارێ وێ نە کفشە. د چەند ژمارەیێن «ژین»ێدا دەرکەتنا وێ هاتیە راگەهاندن و ژ خوەندەڤانانرا تەو سیپە هاتیەکرن، بەلێ نافێ نڤیسکارێ وێ نە هاتیە نڤیسین. ژ ئالیەکی دیڤە د «ژین»ێدا ئەلفبا کوردی ژی ب تیپێن عەرەبی هاتیە نڤیسین. دوێ ئەلفا بێ‌دا دەنگێد کو دزمانێ کوردیدا هەنە یەکسان یەك ب تیپێن عەرەبی هاتنە نوماندن و ژبو هەر یەکێ ژ وان ژی پەیڤەکەك وەك نمونە هاتیە نیشاندن. ئەو ئەلفا یە ژی د چەند ژمارەیێن کوڤارێدا دەرکەتیە.

رویەلێن هەلبەستان:

هەر نشت ل ئالیەکی، ئەو هەلبەستێن رومەتبلند یێن کو رویەلێن کوڤارا «ژین» خەملاندنە، ب سەرێ خوە خزنەکا بێژەیی ژ بۆ بێژەیا کوردی پێکتینن. ژڤی ئالیڤە مروڤ دکارە بێژە کو «ژین»ێ باقەك گول ژ هەلبەستێن کوردی بەرهەڤ کریە و ژ مەرا ئانیە، یان ژی کانەکا جەوهەران ژ هەلبەستێن کوردی گرتیەو گەهاندیە دەما مە. د رویەلێن کوڤارێدا نە تەنێ هەلبەستێن هوزانێن وی دەمی دەرکەتنە، لێ هەر وەها یێن هوزانێن مەزن یێن مێژین یێن وەك: خانی، مەلایێ جزیری، سیاهپوش، نالی‌و حاجی قادرێ کویی. ژی جی گرتنە. هن ژ وان هەلبەستان، ژ بل کوڤارا «ژین»دا جیەکی دیدا دەر نەکەتنە، تەور بەرێ نە هاتنە زانین و هایا کەسێ ژی ژ وان تونە بویە. یەك ژوان هەلبەستێن وەها، هەلبەستەکا خانی یە، ئەو هەلبەستەکا فەلسەفی یەو تەنێ د «ژین»ێدا دەرکەتیە. وەك گەلەك هەلبەستێن کلاسیکی.

نافێ وێ هەلبەستێ ژی تونە، خانی، د هەر دو پارچێن پێشین ڤێد هەلبەستێدا وەها دبێژە:

زاهدێ خەلوەتا نوشین پابەندێ کرداری خوەیە
تاجرێ ریحلەت گوزین دلنارێ دیناری خوەیە
عاشقێ دلبەر حەبین دلدارێ دیدارێ خوەیە
دا بزانی هەر کەسەك بێ شوبهە خەمخواری خوەیە

★ ★ ★ ★

بێ ئەمەل تو ژ کەس مەکە هیڤی عەناو هیمەتێ
بێ خەرەز ناکێشتن فەد کەس ژ بو کەس زەحمەتێ
کەس نەهن هلگرن بارێ تە ئەو بێ ئوجرەتێ
گەر چ عیسا بت ئەوی ڤێك راکەرێ بارێ خوەیە

★ ★ ★ ★

ژ بل ڤێ هەلبەستێ، کوڤارێدا چەند پارچە ژ «مەم و زین»ێ ژی دەرکەتنە.

یەك ژ هەلبەستێن کو تەنێ د «ژین»ێدا دەرکەتنە ژی، هەلبەستەکا «سیاهپوش»ە نافێ وێ هەلبەستێ ژی نونە. چەند مالکین هەلبەستێ ئەڤن:

ئەی حەبیبێ قەلب و روحی، ئەی قەرارێ جانێ من
دێ چ بێتن جارەکێ گەر تو بیی میهمانێ من
بێ ل سەر چاڤێ م رونی، نەزەرا قەلبێ م بی
ئەز خولامێ کەمتەرینم. هەر تویی سولتانێ من.

★ ★ ★ ★

قەلب و دل مەجروحێ عەینێ ئەسوەدو برهێ تەنە
نیە بێ جاما مەیێ قەد مەرهەم و دەرمانێ من
سەد وەکی عیسا ئەفلاتون، جالینوسێ حەکیم
چارەیێ دەردێ م نەکی بێ تە، ئەی لوقمانێ من.

★ ★ ★ ★

یەك ژ هوزانێن کورد یێن کو ب هەلبەستێن وان رویەلێن کوڤارا «ژین» هاتنە خەملاندن ژی «میهری» بویە وی د

هەوالنامەی کتێب

هەلبەستەکا خوەدا ژ ئازارو ستەمێن بارا خوە گازند کریە، پاشێ دایە زانیەن کو، ژ بەر کو ئەو کوردە وەها د بنێ زولم و زوردەستیێ دایە، لەورا نەتەوەیێ کورد نەتەوەیەکی بەشخواری‌و سەرشکەستی یە چەند مالکێن هەلبەستا وی ئەفن:

بە تەعزیی ئەمن مەقسودی دیلبەر تێگەیاندن بو
کەمن کوردم، بەش من دایما هەر خواریە، پەستی
حەقیقەت هەیکەلی ئەم مللەتە بێجارە، بێمارە
براوە لێوو ئەزمانی شیکاوە پێو سەرو دەستی
لەکن هەر کەس عەیانە حالی ئێمە، تو لی پێ ناوی
نیفاق و بوخزی خومان کافی یە بو یەئیس و بو مستی

★ ★ ★ ★

ئەم د کارن ژ هوزان «مەشوی» ژی ڤان مالکێد ژێری بنومپنن:

بە نوری بادە کەشفی زولمەتی ئەقوا نەکەم، چی بکەم!
بە شەمێکی وەها جارەی شەوێکی‌وا نەکەم، چی بکەم!
لەگەڵ دەستی منا رێکناکەوێ زناری زولفی یار
وەکو شێخ ئێختیاری مەزهەبێ ئەرسا نەکەم، چی بکەم!
لە رێ شوخەدا خوم کرد بە خاك. پێ پیا نە نام جارێك
دەسا خاکی هەمو عالەم بەسەر خوم دا نەکەم، چی بکەم!

★ ★ ★ ★

ژ هوزانێن وی دەمی ژی ئەم دکارن چەند مالك ژ هەلبەستەکا [قازی زادە ـ مستەفا شەوقی] نیشان بدن.

ناڤێ وێ هەلبەستێ [تەحەسوری جوانی‌و ئەرانی وەتەن]ە هوزان، د دوایا هەلبەستێدا ل هەڤێ ئاخا کوردستانێدا وەها شیرەت ل کوردان کریە:

کە خاکی پاکی وی لانکە لەبو ئێسقانی باپیرمان
لەسەر قەبری جوانان دیدەیی شللیژە گریانە
تەماشای هەر قەدیدارێ مەکە ئەورو بە گیانسەختی
کە ئەو شینا بە یادگاری قەدیمی دایکی کوردانە
لە دێ ئیرو بە بێ تو دەردە دارە دایکی سەر شینت
بە بێ تو دەزگیرانت فانی چاو جوان دیدە گریانە
ئەوێ مولکی قەدیم و مەوتنی ئەجدادی پێشوتە
بە مەردی مەیروخێنە، چون هەریمی مولکی بابانە
بە عیلم و مەعریفەت ئیراو بکە فکری جوانت، تا
دەگەل شەوقی ب جوتە موتەفق بن مەردو مەردانە

★ ★ ★ ★

[قازی لەتیف] ژی د هەلبەستەکا خوەیا ب ناڤێ «خەزەل» دا، ژ هوزانێن کورد خوەستیە کو ل سەر بەژن و بالایێن کەچان نە نڤیسن، لێ ل سەر رەوشا گەلێ کورد بنڤیسن.

د هەلبەستا خوەدا وەها گوتیە: ـ

چاڤێ خوە ڤەکن، ل دورا خوە بێزرن
چەند قرپنە، هەوارێ وان بێزرن
ئیرۆ هەڤە، هەڤکێ مە ل پێشە
ژ ئەزمانا نایێ خوارێ ب کیسە
چیا بلند، دەشتا فرە بێزلام
نەوالا مەزن هەمی ئێدا بێزمان
سەرەك دبن، ئاخا دبن بێمەری
رۆژ هەڤە، دیسا د کەڤن بێسەری
گش کەتنە بن لهێڤێ نەرم د گەرم
کەس نابێژە چ پو ئەول ئەزم و رەزم

★ ★ ★ ★

هوزان [زاخویی] ژی بەرێ خوە دایە باژارێن کوردستانێ‌و ئەو دانە بەر رەخنەیێد عەقلانە زاخویی د هەلبەستا خوەدا [ژ باژاربیا را] رەوشا باژاربیاو نهێرتنا وانا ل ژنێ، ژ دەڤێ وان وەها سالخ دایە:

باژارینو، فینو سورنو
هون مەزنن، هون ماقولن

هەوالنامەی کێش

ژبو وێ به خوه تەف نادن
ژ خوه شەرمه خوه رەحتکرن
مللەت چ یه، چ نەبا یه!
وان چەپەلا، گوهـ وان مەدن!
ئەم ئەشرافن، ئەم عەیانن
هون رەنجبەرن، جەوێلەکن
بخەبتن مه تێر بکن
پیرەکێ مه بازن زێرکن
حول و مەرجان ل گەردەن کن
لشێنێن گەرم گەلەك خوەشن

مه تەف مەدن مه رەحتکن
فللەتێ، چ ژ مه یه
مه بهێلن ل کێفێ خوه
ل حالێ خوه ل زەوقێ خوه
چاوا دبه برا بیه
برا وەلات خرا بیه
شوشا عەرەق ل پێش مه به
پیرەك و کەج ل رەقسێ به
پاشلا مه تژی زێر به
برا شەوقه ل سەرێ مه به
چاوا دبه وسا بیه
برا دنیا خرا بیه.
★ ★ ★

هوزان [سلیمان بوتانی] ژی د هەلبەستا خوەیا ب ناڤێ [ستڕانا کوردان]دا گوتیێه:

نافا خوەشیێ ل سەر مه دەرکەت
فەرزه ژ مەرا تەفاق و هیمەت
نافا خوەشیێ ل سەر مه دەرکەت
بەختێ مه ژی وێ ڤەبت وەکی گول
نامینه وسا وەکی دلێ کول
نافا خوەشیێ ل سەر مه دەرکەت
میرو ژن و کەچ هەمی نەزانن
هولێ نه خەریب و بێمەکانن
نافا خوەشیێ ل سەر مه دەرکەت
سێ دەولەتێ زالم، وه قاس هار
تالان کرنه سەربرو دیار
نافا خوەشیێ ل سەر مه دەرکەت
بأسێ ژ دلێ خوه هەر دەرینن
ناجا زافەرێ ئەمێ ببینن
نافا خوەشیێ ل سەر مه دەرکەت
روحانیا حەبیبان هەڤاله
بێخیرەتی پاش نوها وەباله
نافا خوەشیێ ل سەر مه دەرکەت
★ ★ ★

[جلمی سوێرەکی] ژی ژ بو زاروکێن کوردان هەلبەستەك ب ناڤێ «بەك دەنگ» نفیسینه:

ئەم نه بەگن، نه پاشانن
ئەم گشك کەکن، گشك بزانن
ژ دوستان را جانفیدانن
ئەم بەلایێ دوشمنانن
باقێ مه بە هەر حەفت ئەزمان
دیا مەیه خوەشی کوردستان
ئەم ئەولادێ هەمو کوردان
ئەم دخوازن عیلم و عیرفان
دەرس و راستی مه هەڤاله
شورو قەلەم مه هەم حاله
دەرباز نابی مەهـ و ساله
هەر چی دبی گول و لاله.
★ ★ ★

هەوالنامەی کتێب

یەك بەرهەڤوك چەوا بدەست کەت:

وەك مە ل پێش نهو گوتی ژ کوڤارا «ژین» تەنێ یەك بەرهەڤوك ژ شەوتاندنێ و تونە بونێ رزگار بویەو گەهایە دەست و دەورا مە. ئەڤ بەرهەڤوك جلد کری بوو ل جیەك بو. ئەم نزانین ئەڤ جلد چاوا ژ شەوتاندنێ فلتیە. د هەڤێ رونکرنا بەرسڤا ڤێ پرسیارێ د دەستێ مەدا تو بەلگەو وەسیقە نینن - تشتێ ئەم دزانین ئەڤە کو ژمارێن کوڤارێ بێد ڤێ بەرهەڤوکێدا ژ هندەك تاخێن ستەمبولێ هاتیە پوستەکرن. ئەو ژمارە تاریخ و جیێن پوستەکرنا وان وەها نە:

ل سەر ژمارە (2)دو تامخا پوستەخانا ستەمبولێ یا هەی و تیێن (IST) ژێ تێن خواندن. هەر وسا ژمارێد (18 - 11 - 334/). ژمارە (17) هەڤدە تامخا (کزلتوپراك) یا ل سەر هەی. [کزلتوپراك ب خوە تاخەکێ ستەمبولێ یە] ل سەر وێ تامخێ ژمارە (19 - 4 - 35) تێن خوەندن. ل سەر ژمارە (19) نوزدەهـ دیسا تامخا (کزلتوپراك) دگەل ژمارێن (21 - 5 - 35) دەرکە تیە.

ل سەر ژمارەیا (20) بیست ژی تامخا (کزلتوپراك) یا هەی بەلێ تاریخا وێ دەر نە کەتیە.

ل سەر ژمارە (22) بیست و دو ژی تامخا (ئوسکودار) هەیە. [ئوسکودار ژی تاخەکێ ستەمبولێ یە]. ل سەر تامخێ ژمارەیێن (11 - 7 - 9/335) تێن خوەندن.

ل سەر ژمارەیا (24) بیست و چار ژی دیسا تامخا (کزلتوپراك) دگەل ژمارەیێن (11 - 9 - 9/35) تێن خوەندن.

گەلو ئەڤ ژمارە ژ کیدەرێ راو ژ کێ را هاتینە شاندن؟ ئەم ڤێ یەکێ نزانین. ل سەر وان ژمارەیان ژ بل تامخان تو نافـ و نیشان دەر نە کەتینە.

وسا تێ زانین کو ئەڤ بەرهەڤوك. یا خوەندەڤانەکێ «ژین»ێ بویە. خوەندەڤانی هەمی ژمارەیێن کوڤارێ بەرهەڤ کرنە. ب دیقەت و ئیهتمام ئەو وەك پرتوك جلد کرنە. دەما زمانێ کوردی قەدەخە کرین و دەست ب.

شەوتاندنا پرتوك و روژنامەو کوڤارێد کوردی کری. وی خوەندەڤانی «ژین» دانایە جییەکی و پارازتی یە. ئەگەر وی خوەندەڤانی ئەو بەرهەڤوك ڤەنەشارتبا «ژین»ێ ببویا وەك «تەیرێ عەنقا» ێ نافێ وێ هەبویا، لێ ئەو ب خوە تونە بویا.

تێبینی:

1 - گەلە جارا هێژا بوزئەرسلان پەیڤا «هوزان» لجهێ هوزانڤان بکار ئانیە.

2 - هەر وسا هێژا بوزئەرسلان پەیڤا نڤیسکار لجهێ نڤیسەر بکار ئانیە.

ژێدەر:

1 - د. بلێج شیرکو - القضیة الکردیة. ماضی الکرد وحاضرهم - 1930 - مطبعة السعاده بجوار محافظة مصر ص52.

2 - جمال خەزنەدار - رابەری روژنامە گەری کوردی. 1973 - دار الحریة للطباعة - مطبعة الجمهوریة - بغداد.

3 - د. کمال مظهر - تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە روژنامە نوسی کوردیدا - 1978 - چاپخانەی کوردی زانیاری کورد - بغداد لاپەرە.
[49 - 72، 75، 95، 153، 156، 202، 232، 233].

4 - محمد أمین زکی - خلاصة تاریخ الکرد وکوردستان - من أقدم العصور التاریخیة حتی الآن 1936م مطبعة صلاح الدین - بتاوین - بغداد ص 350.

5 - محمد أمین بوزارسلان - ژین - جلو - ێك - کانونا پاشین 1985م ئەپسالا/ سوید.

هەژاننامەی کتێب

دەروازەیەک بۆ ناسینی کاویساغای نەمر

جلال ملا حسن خۆشناو

- پێشەکی -

.. ئەحمەد هەرکی خوالێخۆش بوو باوکی کاوێساغا بوو، لە تیرەی (مالێیی)یە کەتیرەیەکە لە لقی (سیدان)ە، ئەو خێڵەو لە زستانداندا لە ناوچە دەشتایەکانی ڕۆژهەڵاتی (مووسڵ)و گوندی (شێخکان) جێنشین دەبوون. ئەحمەد هەرکی دوای مردنی دوو کوڕی لە پاش بەجێ دەمێنێت یەکیان ناوی (کاك وەیس)ەو تەمەنی (10) دە ساڵان بووە ئەویتریان کە لە کاك وەیس بچووکتر بوو ناوی (کنۆ) بووە.

(لەیلێ)ی خێزانی ئەحمەد هەرکی ماڵەکەی کاردەوەو گوندی (شێخکان)ی بەجێ هێشتووەو ڕووی کردۆتە هەرێمی هەرکیەکانی ناوچەی سۆران، بۆ لای (خانەمێر) کە خوشکی ئەحمەد هەرکی لەلا بووە ناوی (بسکێ) بووە، ئەو کاتە خانەمێر لەگەڵ خێڵەکەی بەرەو کوێستانەکان کەوتبووە ڕێ و لە هەواری (کونەمار) هۆبەکەیان هەڵدابوو لە نزیك ناوچەی (دیانە).

لەیلێ ڕەشمالەکەی لە ڕۆخ ماڵی خانەمێری هەڵداو زۆری نەخایاند هەر لەوێ (کنۆ)ی برای کاك وەیس مرد، بەڵام کاك وەیس و لەیلێ مانەوە.

هەروەها کوڕەازاو پوورزای کاك وەیسیش (دەرویش چەلەبی) کە بە (شێتە) بەناو بانگ بوو لەگەڵ خوشکی (دەرویش فاتیمە) ناوچەی بادینان بەجێ دێڵن و بەرەو هەرکیەکانی ناوچەی سۆران دەکەونەڕێ و لە یەکێك لە کوێستانەکان دەبنە دراوسێی لەیلێ و خانەمێر.

- کاوێساغا -

کاوێس ئاغای هونەرمەندی کورد، ناوی (کاك وەیس)ە کوڕی ئەحمەدی کوڕی جەمیل کوڕی کانەبی (کانۆ)یە لە خێڵی هەرکیەو لەتیرەی (ماڵەبی)یە.

لە ساڵی 1889 دا کاوێساغا لە کوێستانی (چارچەلی) هەرکیان لەدایك دەبێت.

کاوێساغا هەر لە منداڵیەوە پەروەردەی ئاووهەوای خۆش و سازگاری کوێستانە دڵڕفێنەکانی کوردستان بووە، وەك (تەرگەوەر، مەرگەوەردەشتەبێل، دەشتی براندیز، چارچەلی هەرکیان، هەوار خاتون، هەوار مامز، مێرگە میرو مێرگەزەر) کە وەك بەهەشتێکی سەر ڕووی زەمین.

کاوێساغا بە دەنگی شالوورو قاسپەی کەوی دەم کەویە بەفرەکان گوێی کراوەتەوە سۆزو هەست و ئەڤینی بزقێتیە لەگەڵ باغەباغی بەرخۆڵەو شمشاڵی (کاکەی) شوان و لەگەڵ ئاوازی شەنگەبێریان کە تێکەڵ بەناو کەژ و کێوە سەرکەشەکانی کوردستان دەبوون، دەنگی دەدایەوەو دەبوو بە جوانترین سیمفۆنیا.

لە پاییزێکی درەنگا کاوێساغا لەگەڵ خێڵەکەی کوێستانەکانیان بەجێ دەهێشت و بەرەو گەرمێن دەهاتنەوە خوارێ، تا دەگەیشتنە پاوانەکانیان لە دەورو بەری ناوچەی پیرمام و دەشتی زرارەتێ و لە گوندەکانی (هەرشەم، میر ئاخور، خاڵوان، ڕەشوان، زیارەت، دەربەندی سەیدی، قەفەریان، قەپەکیان، دێرێ، کودەریان، هەبابان، گەرو دەلالان) جێنشین دەبوون، بۆ لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتیان لە زستاندا.

کاوێساغا پاش مردنی (لەیلێ)ی دایکی دەچێتە لای (ئەحمەد خانی هەرکی). ئەحمەدخان لەبەر نازایی و زیرەکی و ڕابەڕاندنی ئیشوکاری ناوماڵیان زۆر خۆشی دەوێست، لەپاشان - دەبێتە شوانی ئەحمەد خانی هەرکی، بەدەم شوانیەوە بۆ دڵ خۆش کردن و دامرکاندنەوەی ژان و نازارو کەف و کوڵی ناو دڵ و دەروونی لاووك دەکات بە هۆگری خۆی تا خەم و دەردو پەژارەو داخی دڵی پێ دابمرکێنێت، دوا بە دوای شوانی دەبێتە چەك هەڵگری ئەحمەدخانی هەرکی لەبەر مێرانی و نیشان پێکاندن.

هەوالنامەی کۆیە

کاویساغا تا ساڵی 1915 لەگەڵ خێڵەکەی کۆیستان و گەرمیانی کردووە لە پاشاندا خۆی و پوورزاکەی دەرویش فاتیمە لەگەڵ (تاهیر ئاغای هەرکی) دێتە شاری رواندوز لە ساڵی (حاجی نەورۆز ئەفەندی) میوان دەبن، (چونکە ساڵی حاجی نەورۆز ماڵێکی خانەدان بوون و هەروەها پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان سەرۆکەکانی هەرکی و حاجی نەورۆز ئەفەندیدا هەبووە، هەرکی‌یەکان کە بەرەو کۆیستان دەچوون سەریان لە ماڵی حاجی نەورۆز دەداو هەروا لە گەڕانەو شیاندا بۆ گەرمێن هەر لەو ماڵەدا دەبوون بە میوان.

ئەوەی ئاشکراش بێت خێزانی حاجی نەورۆز خزمایەتی لەگەڵ هەرکیەکاندا هەبووە). کە شەو دادەهات تا هیر ئاغا داوای لە کاویساغا دەکرد تا لاوکیان بۆ بڵێ، کاوێسیش تا درەنگی شەو دەستی بە لاوك گوتن دەکرد، حاجی نەورۆز شەیدای دەنگ و ئاوازی کاوێساغا دەبێت و بە جارێ کاری نێ‌دەکات بۆیە داوا لە تاهیر ئاغا دەکات کە کاوێس رازی بکات و لەلای بمێنێتەوە.

تاهیر ئاغا بە کاوێس و دەرویش فاتیمە دەسەلمێنێ کە لەلای حاجی نەورۆز بمێنێتەوە، کاوێساغا رمزامەندی خۆی پیشان دەداو لەگەڵ دەرویش فاتیمە لە ماڵی حاجی نەورۆز دەمێنێتەوە بەم جۆرە کاوێساغا واز لە ژیانی کۆچەرایەتی دێنێ.

کاوێساغا ئەو ماوەیەی لە رواندز بووە زۆر هات و چۆی دیوەخانەی نوری باویل ئاغای کردووە چونکە نووری باویل ئاغا دۆستی (محمدی حاجی نەورۆز) بووەو بەکتریان زۆر خۆش ویستووە. بەم شێوەیە پەیوەندی و خۆشەویستی لە نێوان کاوێساغاو نووری باویل ئاغای رواندزی پەیدابووەو دەنگ و ئاوازی کاری کردۆتە سەر نووری باویل ئاغا و شەوانێ کۆڕی دیوەخانی بەلاوکەکانی بۆ جۆش داوە، هەر بۆیەش بە دڵ وگیان یارمەتی کاوێساغای داوە.

کە شەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێ‌کرد عرووسەکانی قەیسەری هێرشی بۆ سەر رواندز دەهێنن و ئابلۆقەی دەدەن خەڵکی رواندز تا لە تواناياندا بووە ڕوو بە ڕووی هێرشی عرووسەکانی قەیسەری ڕاوەستاون بەڵام لە دوایی دا لە 13ی مانگی مایسی ساڵی 1916 شاری رواندوز داگیر دەکەن و دەیسووتێنن و ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت شار بەجێ دەهێڵن و دابەش دەبن بە سەر ئەو ناوچانەی لە جەنگ و هێرشی عرووسەکانی قەیسەری دوور بوون.

ماڵی حاجی نەورۆز لەگەڵ کاویساغاش خۆی و پوورزاکەی دەرویش فاتیمە ڕواندز بەجێ دەهێڵن و دێنە شەقلاوە.

میری عوسمانی فەرمان دەردەکات حاجی نەورۆز دەکاتە (موديرناحيه)ی شەقلاوە. ئەویش کاوێساغا دەکات بە لێپرسراوی ئازووقەی عوسمانی لەگەڵ (حەسەن عەبدول قادری یاری و مجید لوول ئەحمەد) جەندرمەی عوسمانی بە زۆری دانەوێڵەو کەل وپەلی پێویستیان لە خەڵکی کوردستان دەستاند، مڵ بە مالیان دەپشکنی و هەر جۆرە دانەوێڵەیەکیان بەرچاو بکەوتایە بە زۆری لێیان دەستاندن و لە (دێرە)ی دیانەکانی شەقلاوەیان ئەمبار دەکرد.

کاوێساغاشیان کردبووە لێپرسراوی ئەمبارەکە.

بەم جۆرە کاوێساغا بوو بە مووچەخۆری میری عوسمانی تا شەڕی یەکەمی جیهان کۆتایی هات.

کاوێس نەخوێندەوار بوو، بەلام حاجی نەورۆز فێری کرد کەچۆن لەکاتی وەرگرتنی ئازووقەو کەل وپەلدا ئیمزا بکات.

جەندرمەی عوسمانی شەوان دەرگای دێرەیان لەسەر کاوێس و هاوڕێیەکانی دادەخست نەوەك ئازووقە بدەنە هەژارو لێقەوماوان.

کاوێس هەستی بەئازاری چەوساوەکان و بێ دەرەتانان و لێقەوماوان دەکرد،لەگەڵ ئازاریان دەڕیا، بۆیە ڕێگایەکی تایبەتی دۆزیوەوە بۆ یارمەتیان، ئەو یارمەتی دانەش بەم جۆرە بوو، هەروەکوو (وەیردوێ جۆنیار) کە لەویانەکانی شەقلاوەیە ئێستاش لەڕیاندا ماوەو گێڕایەوەو گوتی :-

«کە شەو دادەهات بەنهێنی خۆمان دەگەیاندە بەر دەرگای دێرە بۆئەوەی کاوێس و هاوڕێیەکانی نارد، برنج،

گەنم، جۆ، ساوار، نیسك، نۆك) مان بدەنێ ئەویش لەکونی دەرگای دێرە کەوە بە هۆی (پشبێندێکەوە) کە سەرێکی بەدەست کاوێسەوە بوو، سەرەکەی ترمان لەناو هەمبانەکەدا دادەنا.

لەکاتێکدا کاوێس ئازووقەی ڕووەکردە ناو کونی پشبێندەکە تا یەکسەر بچێتە نێوهەمبانەکەوە، بەم جۆرە لوا ئازووقە لەجەندرمەی عوسمانی وەربگیرێتەوە) هەروا وێردوی جووتیار دەڵێ:-

(زۆرجار من بەم جۆرە ئازووقەم وەرگرتووە)

(پاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و دەرچوونی عرووسەکانی قەیسەری لەشاری رواندز پەیتا پەیتا خەڵکەکە بەرەو شارە خامۆشەکەیان گەڕانەوە. بەڵام کاوێس و پورزاکەی لەگەڵ حاجی نەورۆز نەگەڕانەوە.

لەپاشا کاوێس و پورزاکەی نیشتەجێ بوون.

کاوێساغاش پاش ئەوەی واز لە مووچەخۆری میری عوسمانی دێنێ دەبێتە دۆست و هاونیشتی (سلێمان بەگی کوڕی بابیز بەگی) شەقلاوە، سلێمان بەگیش زۆر خۆشی دەوێت و هەر لەخەڵکی شەقلاوە ژنێکی بۆ دەهێنێ کە ناوی (هەمینەی محمود شریف)ە کە لە 22ی شوباتی 1982 لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردوە لەگۆرستانی شەقلاوەدا نێژراوە.

خێزانی کاوێس چل و شەش ساڵ پاش کاوێساغا ژیاوە، بەڵام درۆیش فاتیمە لەگوندی (سپی گرە) شوو دەکات و کوڕێکی دەبێت کەناوی (عەبدول کەریم)ە کە ئێستا لە ژیاندا ماوە لەشەقلاوە نیشتەجێیە. هەروا دەرۆیش فاتیمە دەنگ و ئاوازێکی زۆر خۆشی هەبووە هەردەم لەپرسەو مەولود خوێندنەوە بەدەف ستایشی ئایینی گوتوەو کۆڕی دانیشتوانی خستوتە جۆش.

کاوێس هەردەم لەگەڵ سلێمان بەگدا لەدیوەخانەو گەڕان و هات وچۆدا بووەو بۆ سەردانی دەشتی هەریر زۆر جار بەسواری ئەسپ لەگەڵ یەکتردا بەرەو گوندی «سوور سوورە» دەچوون کە کاوێس سواری ئەسپ دەبوو بەرەو دەشتی هەریر دەستی دەکرد بە لاوك گوتن، دۆڵە کپەکانی دەهێنانەوە لەپاشدان بە هەمان شێوە دەگەڕانەوە تا لە ئەسپەکانیان دادەبەزین.

زۆر جار کە سلێمان بەگ دەچووە سەردانی سەرۆك خێل و براگەورەکان، کاوێس وەك هەڤاڵ و هاوگرێکی گیانی بەگیانی لەگەڵیدا بوو، چونکە سلێمان بەگ سەردەمی لاویی پیاوێکی دڵ..لتەڕ بوو هەروا شەیدای لاوك و حەیران بوو بەتایبەتی دەنگ و ئاوازی کاویساغا.

کاوێس زۆرپەی ژیانی خۆی لە دیوەخانەکانی ئاغاو میرو سەرۆك هۆزەکانی کورد بردۆتە سەر شەوان کۆڕی دیوەخانەکانی بە ئاوازو دەنگ زوڵاڵەکەی گەرم کردوەو جۆشی داوە.

کاوێس بۆ دیدەنی خێڵەکەی لە کۆێستان و گەرمیان ناوەناوە سەری لێداون، لەو سەردانانە زۆر جار (ئەحمەدی سمایل بەگی شەقلاوە)ی لەگەڵ خۆی بردووە چونکە زۆر دۆست و هۆگری کاوێساغا بووە.

جارێکیان کاوێس نیازی سەردانی هەرکیەکانی ناوچەی کۆیە دەکات بەڵام لەم سەردانە پەشیمان دەبێتەوەو بڕیاری سەردانی هەرکیەکانی ناوچەی پیرمام دەدات و دەکەوێتە ڕێ لەگەڵ خوا لێ خۆش بوو ئەحمەدی سمایل بەگ و لە گوندی میر ئاخور و هەرشەم و لەناو زۆمەکانی ناوچەکە میوان دەبێت. محمدی کوری کاوێساغا دەڵێ:-

«باوکم لەو دیدەنیە نەخۆش دەکەوێت بە ئەحمدی سمایل بەگ دەڵێ:- تۆ بگەڕێوە شەقلاوە من دەمێنمەوە تاکو چاك دەبمەوە ئەحمەدی سمایل بەگ دەگەڕێتەوە شەقلاوەو کاوێساغای باوکم نەخۆشی یەکەی زیاتر بەسەردا زاڵ دەبێت و گیانی پاکی کپ دەبێ و لە ڕۆژی چوار شەمەی مانگی ڕەشەمێی ساڵی 1936دا تەرمەکەی لە گۆرستانی (هەرشەم) دەنێژرێت»

هەروەکو باس دەکرێت و دەگێڕنەوە کاوێس پێش مردنی داوای بەفر دەکات، لەو کاتەشدا بەفر دەبارێت و هەندێ بەفری بۆ دێنن کە بیخوات، دوای بەفر خواردن، گیانی

هەواڵنامەی کۆیە

پاکی دەردەچێت -

- کاوێسی لاڵ -

کاوێس لە کاتی گفتوگۆدا ووشەکانی زۆر بە زەحمەت بۆ دەهات ئاخافتنی پچڕپچڕ بە نیوەچڵی دەبڕیوە بە پێچەوانەی ئەمانە هەمو، لە کاتی لاوك و بەستەو حەیران ووتندا زۆر ڕەوان و زمان پاراو بووە، هەرگیز زمانی نەگیراوەو ڕانەوەستاوە.

کاوێس کە مردوە، ڕیشی دان وماش بووەو کابرایەکی بە قەڵافەت و بەژن درێژ بووە، چاوی چەپی تانەیەکی سپیی بچووکی لەسەر بووە، بە زۆری بەرگی خۆشناوەتی پۆشیوە، جار بە جاریش جل و بەرگی هۆزەکەی پۆشیوە کە س شاڵ وشەپکی پێ دەگوترێ.

- هۆی تێگیرانی کاوێس -

محەمەدی کوڕی کاوێساغا دەڵێ:-

«باوکم دەی گێڕایەوەو دەیگوت: لە سەردەمی هەرزەکاریمدا زستانێك ماڵمان لە کوردستانی ئێران مایەوەو بەرەو گەرمێن نەهاتین، ڕۆژێك باراشمان نەمابوو، دایکم پێی گوتم تا بچم بۆ ئاش، منیش ئەسپەکەم بارکردو چوومە گوندێکی تر کە ئاشی لێ بوو، لەپاش ئەوەی گەنمەکەم لە ئاش کرد (هاڕی) گەڕامەوە، لە ڕێگا خۆم و ئەسپەکەم کەوتینە ژێر ڕەنووە بەفرێك ئیتر بێهۆش کەوتم، کە هۆشم هاتەوە سەیرم کرد ئەسپەکەم لە دوور ڕاوەستاوە، منیش لە ڕەنووە بەفرەکە رزگارم بووە، وا دیاربوو ڕەنووە بەفرەکە بەتەواوی لوولی نەدابوین، بەڕەومااڵ گەامەوە، «بەڵام ئەم کارەسانە سامناکە بوو بە هۆی لاڵ بوون و تێگیرانم لە کاتی گفتو گۆکردندا».

- کاویساغای هونەرمەندو بوێژ -

کاوێساغای بلیمەت و بەهرەمەندی، هونەرمەندێکی بەتواناو هەڵکەوتوو و دڵ تەڕ بووە، لاوك و بەستەکانی بە شێوەی دیالکتی کرمانجی ژوورو دای ڕشتون و خێڵی هەرکی شعیوەی گفتو گۆیان بادینیە.

کاوێس بوێژ بووەو بە شێوەو زمانی میللی فۆلکلۆری گۆرانیبەکانی ووتوە، هەرخۆی و وشەی جوان و بەپێزو ڕەوانی بۆ گۆرانیبەکانی، هەڵ بژاردووەو ئاوازی بۆ داناون، وەك لاوکی (شێخ مەحمودی نەمر، مێکۆ، ئیسماعیل خانی شکاك (سمکۆ) جەوێ، بیلمەز، نارێ، دۆتمام، سەگڤانۆ.)...

کاویساغا هەرچەندە نەخوێندەوار بوو بەاڵم کارامەو لێهاتوو بووە، توانیویەتی بەرێك وپێکی و بە شێوەیەکی وەستایانە بەسەرهات و ڕووداو لە بەرگی داستانی شیعریدا بکات بە لاوك و جۆرەها کێشەی گەلی کورد باس بکات وەك: ڕامیاری، کۆمەاڵیەتی، شەڕوشۆڕ، سوارچاکی، ئازایەتیو قارەمانیەتی سەروك خێڵ و پیاوماقوواڵنی کورد.

گۆرانیەکانی کاوێس ڕەنگ دانەوەیێکی ژیانی کۆچەرایەتی و کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە بە دیار دەدات لە پاڵ چەوساندنەوەی میللەتی کورد لە لایەن عەجەمەکان و عوسمانیەکان کە کاری لەم هونەرمەندە کردووەو هەستی میللیو نەتەوایەتی جوڵاندووەو جوشی داوە.

ئەو ستراناندە نرخێکی یەکجار زۆری هەیە گەر بێتو لە بنج وبناوانی بکۆڵینەوە لاپەڕەیەکی شاردراوەی مێژووی گەلی کوردمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مێژوونووسەکان دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن بیکەنە سەرمەشقێك بۆ نووسینەکانیان، چونکە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بەتایبەتی (لاوك) ڕووداوە مێژوویەکان بە دیار دەخات و ژیانی کۆمەڵی کوردەواری لە خوو و ڕەوشت و گۆڕاندا دەست نیشان دەکات.

دەنگ و ئاوازو هەستی ناسك و هونەرو بەهرەی کاوێس لەناو سازو ئاوازی کوردیدا مۆرکێکی تایبەتیو ڕەسەنایەتێکی تەواوی کوردی پێوە دیارەو خۆی چەسپاندووە، چونکە لە جەرگەی کۆمەڵگای کوردەواریەوە هەڵ قوواوە.

هەر ئەو دەنگ و ئاوازە لە شەقەی باڵ دەدەن و لە چیا

هەوارنامەی کوردی

سەرکەشەکانی کوردستان بەرزتر دەبنەوە.

کاوێس گۆڤیەکی مۆسیقایی و شاعیرانەی هەبووە و خاسیەت و (ڕێبان)ەتایبەتی و شێوەی کەسایەتی خۆی لەناو هەموو گۆرانیبێژانی کورد دیارە.

ئەو لاوك و بەستەو حەیرانانەی کاوێس داینناون و گوتوونیەتی گۆرانیبێژانیتری کوردیش هەمان ڕووداو کارەساتەکانی ئەو سەردەمانەیان بە لاوك گوتوە وەك:

(عەزیز ئاغای قەوان، حەمەدەمەندۆئاغا، عەلی مەحمود پالانی، سەیدۆی گردەپانەیی، شەریفە شەڕوی ژن) بەڵام ئامرازو گوتنیان لەیەکتری جیاوازە، هەریەکە تام و چێژی خۆی هەیە، چونکە هەر هونەرمەندێ بەدەنگیدا دەناسرێتەوە، لەم بوارەدا هەر یەکە خاوەن ڕێبازێکی تایبەتین.

- کاوێساغای نێچیروان -

کاوێساغا لە ناوچەی شەقڵاوەدا نێچیروانێکی بەناوبانگ بوو، هەروا تفەنگچیەکی لێهاتوو بووە لە پێکاندنی نیشان و نێچیردا.

کاوێس بۆ ڕاوی کێوی لەگەڵ دۆست و هەڤاڵەکانی بەتایبەتی خوالێ خۆش بوو (سەید فەتاح سەید مەحمود) دەچووە چیای سەفین.

لەپاڵ ئەوەش توانایەکی وا قۆرمێنی هەبووە لە لاسایی کردنەوەی دەنگی نێریە کێوی بەتایبەتی لە وەرزی پاییزاندا کە بەفرێکی کەم دەباری و پێی دەڵێن (کەڕی نیریان) کاوێس لە حەشارگەییەك خۆی حەشار دەداو لاسایی دەنگی نێریە کێوی دەکردەوە، ئیدی مێیەی بزنە کێویەکان لە حەشارگەکە نزیك دەبوونەوە بەدوای دەنگی کاوێساغادا دەهاتن، ئەویش بە ئاسانی نیشانەی لێدەگرتن و دەیکوشتن.

عزیز عەبدوللا شەرکانی گێڕایەوەو گوتی!

(جارێکیان (خدرئاغا)ی کەڵەکین لەگەڵ کۆمەڵە سوارێك، لە بلەی ژووری لەلایەن (حاجی شێخ کاکەمین) دەگەڕانەوە، کاوێس لەگەڵ (خدرئاغا)ی کەڵەکین دا دەبێ لە دۆڵی ئالانی و چاوی بە بزنە کێوێك دەکەوێ و دەڵێ ئاغا نەماشاکە!! نیشانەی لێدەگرێ و دەی کوژێ، خدرئاغا تفەنگێکی جامبێزارو یەك ڕەختە فیشەکی خەڵات دەکات).

خوا لێ خۆش بووی باوکم (مەلاحەسەن) بۆی گێڕامەوەو گوتی: (جارێکیان کاوێساغا دەچێتە چیای سەفین بۆ ڕاوی کێوی لەوێدا چاوی بە نێریەیە کێوێك دەکەوێت کە لە، کاتێکدا خەوتبوو لێی نزیك دەبێتەوە، بەڵام نای کوژێت چونکە لەخەودا بووە، بۆیە لاوکێکی پێ هەڵ دەڵێ کە لاوکی (سەگفانێ)یە نێریەیە کێوی‌یەکە بەو دەنگە لە خەو ڕادەپەڕی ڕادەکات، ئەمیش نیشانەی لێدەگرێ و دەی کوژێت.

- کاوێس و چایخانەی عەلی فلەیح -

لە هەولێر گەلێك چایخانە هەبوون کە بەناو بانگترینیان ئەمانە بوون:-

چایخانەی (مەچکۆ).

ئەم چایخانانە مەڵبەندی هونەرمەندو گۆرانیبێژان بوون.

ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە چایخانەی عەلی فلەیحە.

عەلی فلەیح لە ساڵی 1886دا لە شاری هەولێر لەدایك بووە لە ساڵی 1946دا کۆچی دوایی کردووە.

لە ساڵانی 1920دا ئەو پیاوە چایخانەیەك لەژێر ئوتێلی (فەرەح) دەکاتەوە.

لەپاشا لەوێش دەگوێزێتەوە تەنیشت گەراجی (موسل) کە ئیستاکە بووەتە کەبابخانەی قەڵات و کەبابخانەی هەولێر.

عەلی فلیح دۆستی هەرە نزیکی کاوێساغای هونەرمەندو (سەعید قەساب) و پیرەی زۆر دۆشاو) بووە.

چایخانەی ئەم پیاوە هونەر دۆستە ناوبانگی لەناو شاری هەولێرو دەرەوەدا دەرکردبوو، گەورە پیاوان و ماقوڵانی شار، هەروا سەرۆك خێڵەکان کە دەهاتنە شار ڕوویان دەکردە ئەو

هەولێرنامەی کتێب

چایخانەیە هەر ئەو شوێنە مەڵبەندی گۆرانیبێژان بوو، لە هەموو لایەك، لاوك بێژ و حەیران بێژ دەهاتنە چایخانەکە چونکە خاوەنی زۆر ڕێزی لێدەنان و یارمەتی دەدان سەرەڕای ئەوەش حەزی لە لاوك و حەیرانی کوردی کردووە بەتایبەتی لاوك و حەیرانەکانی کاوێساغای نەمر.

ئەو چایخانەیە باشترین ئامۆژگاییەك بوو بۆ ئاوازی بەستۆزو گۆرانی ڕەسەنی کوردی، ئەو هونەرمەندانەی کە لەوێدا کۆدەبوونەوە، ئەمانە بوون!

(کاویساغا، علی مەحمود پالانی، عزیز ئاغا قەوان، حەمەد مەندو ئاغا، سەیدۆی گردەپانەیی، شەریفە شەڕۆی ژن) ئەو هونەرمەندانە دەیان کردە (گەڕە لاوژە) لەو ناوەدا.

عەلی فلەیحیش دەستەسرێکی بۆ ڕادەخست ئنجا سەرۆك خێڵ و ئاغاو پیاوە ماقوولانی شارو خەڵکی تری هەولێرو دەورو بەری کە ئامادە دەبوون و حەزیان لە گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی دەکرد، پەیتا - پەیتا پارەو پولیان دەخستە سەر دەستە سرەکە لەپاشدان عەلی پارەکەی دابەش دەکردە سەر ئەو گۆرانی بێژانەی کە ئامادەی گەڕە لاوژەکە دەبوون.

گەڵێ جاریش دانیشتوانی چایخانەکە پاداشتی تایبەتیان دەدا بەو گۆرانیبێژەی کە دەنگ و ئاوازەکەی هەستی دەجوڵاندن و کاری لێدەکردن و لەگەڵ گیانیان ئێکەڵ دەبوون.

بۆ ئەرشیفیش دەڵێین ئەو چایخانەیە تا ساڵی 1940 لە بەردوا بووە.

کاویساغاو تۆمارکردنی گۆرانیەکانی -

لە ساڵی 1930دا کاوێس ئاڕەزووی تۆمارکردنی گۆرانیەکانی دەکات، لەبەر ئەو لەلایەن دۆست و هەڤاڵەکانی باسی چوونە بەغدا دەکات تا لە کۆمپانیاکان بەرهەمەکانی خۆی تۆمار بکات، بەڵام هاوڕێکانی وەك عەلی فلەیح و سەعید قەساب و پیرەی زرنا دۆشاوی لە جیاتی هان دانی، پێی دەڵێن کە نەچێت بۆ بەغدا چونکە لە گفتوگۆکردندا سەرناکەوێ لەبەر لاڵی و تێگیران، بەڵام ئەم بڕیار دەداو بەرەو بەغدا دەچێت، لەوێدا ڕوو دەکاتە کۆمپانیایەك، کەچی لەچاو پێکەوتن و گفتوگۆدا سەرناکەوێت و پێی دەڵێن تۆ لاڵی دەنگت بە کەڵکی تۆمارکردن نایەت ئەویش بە دڵێکی شکاوەوە لە کۆمپانیایەکە دەردەچێت و لە چایخانەیەك نزیك کۆمپانیایەکە دادەنیشێت و دەست دەباتە بناگوێی لاوکی (گەنج خەلیل) دەڵێ هەرەك کەوی قەد پاڵ شاخەکان دەنگە زوڵاڵەکەی بەرز دەکاتەوە، ئەو ناوە دێنێتە گڕ، خەڵك لێی کۆدەبنەوەو لە کۆمپانیایەکە گۆیان لە دەنگە بە سۆزەکەی دەبێت و دێن بۆ لای و داوای لێبوردنی لێدەکەن لەگەڵ خۆیاندا دووبارە دەیەنەوە کۆمپانیایەکەو یەکەم قەوانی بۆ تۆمار دەکەن کە لاوکی (گەنج خەلیل) بووە هەر لەو قەوانەشدا دەڵێ: (لە چاوی عەلی فلەیح)!!!

لە کۆمپانیایەکە پارەیەکی باشی دەدەنی و یەك (عەبای بە کورك)ی خەڵات دەکەن.

بەم جۆرە کاوێس دەست دەکات بە تۆمارکردنی لاوك و حەیران و بەستە لە کۆمپانیایەکاندا.

کاوێس لەم کۆمپانیانەدا گۆرانیەکانی خۆی تۆمار کردووە.

1 - کۆمپانیای (نەعیم) بۆ تۆمارکردن.
2 - کۆمپانیای (نایف) بۆ تۆمارکردن.
3 - کۆمپانیای (بیزافۆن) بۆ تومارکردن.

لە کاتی تۆمارکردنی قەوان (ئەسکەندەر ساز) سازی بۆ لێداوە.

- گەشتەکانی کاوێساغا -

1 - سلێمانی!

کاوێس زۆر جار چووەتە دەیدەنی شێخ مەحمودی نەمر لە سلێمانی و لە گوندی داریکەلی. لەوێندەر بە دەنگە زوڵاڵەکەی لاوکی بۆ شێخ مەحمود گوتوە، ڕاوی لەگەڵ کردووە، کاوێس زۆر بەرێك و پێکی باسی شۆڕشی گەلی کورد دەکات لەژێر فەرماندەی ئەو شێخە نەمرە، دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی وەك دیارە

ئاگادارێیکی تەواویشی هەبووە لەو شۆڕشە مەزنە، هەروەکو جەنگاوەرێك کە لەناو جەنگەکەدا جەنگابێت، باسی شۆڕشەکەو باسی هاوپەیمانەکان دەکات، سەرباری باسی پاشگەزبوونەوەی سوێندخۆرەکانیش ڕوون دەکاتەوە، بەمەش ئاشکرا دەبێ کاوێساغا کە شارەزایێکی تەواوی لە شۆڕشەکەدا هەبووە.

شێخی نەمر کاوێسی زۆر خۆش ویستووە ڕێزی لێناوەو خەلاتی کردووە، لەو خەلاتانەی کە شێخ مەحمود پێش کەشی کاوێساغای کردووە ئەسپێکی کحێلی چاك و تفەنگێکی جامبێزارو لەگەڵ دوو ڕەختە فیشەك و (40) لێرەی زێڕ.

2 ـ کوردستانی ئێران:

کاوێساغا زۆر جار بۆ دیدەنی ئیسماعیل خانی شکاك چووەتە کوردستانی ئێران، لەوێ لاوکی بۆ سمکۆ گوتووەو ئەویش خۆشی ویستووەو ڕێزی لێناوەو خەلاتی کردووە، لە کاتی هاتنی ئیسماعیل خانی شکاك بۆ لای میرانی (قادربەگ) لە شەڵاوە کاوێس پێشوازیی لێ کردووەو لەگەڵی هاتووەتە ناوچەی (دێرێ) بۆ دیدەنی سەرۆك خێڵەکانی هەرکی و گەردی ئێنجا لەگەڵ سمایل خانی شکاك چووەتە دیدەنی شێخ مەحمودی نەمر لە سلێمانی.

بە لاوك کاوێس باسی دەکات کە چۆن عەجەمە ڕەگەزپەرستەکان بە پیلانێکی چەپەڵ ئەم قارەمانەیان لەناو برد.

جگە لەوە کاوێس زۆر جار لەگەڵ (حەمەدی کاکە عەودی) کە خەڵکی شەڵاوە بوو دەچوونە کوردستانی ئێران بۆ کڕینی (شەدە، پۆشی، دەسمال، خەنە، شاڵ، خامەك، خارا، پەستەك) لەپاش کڕینیان دەیان هێنایە شەڵاوەو دەیان فرۆشت.

3 ـ ناوچەی بیتوێن:

کاوێس زۆر جار چووەتە سەنگەسەرو قەلادزێو ڕانیە بۆ سەردانی سەرۆك خێڵەکان، لەشەواندا دیوەخانەکانی بەسۆزو ئاوازە دڵڕفێنەکەی جۆش داوە.

بەکر ئەیوب دەگێڕێتەوە دەڵێ:

لە ساڵی 1935دا ماڵمان لە ڕانیە بوو گوتیان کاوێس هاتووە بۆ ڕانیەو لە چایخانەی (عەلی شکاك)ە خەڵکی ڕانیە پیاو، ژن، کوڕوکچ ڕوویان کردبووە ئەو جێگەیە تا کاوێس ببینن و گوێیان لە دەنگ و ئاوازە بە سۆزەکەی بێت، منیش وەك ئەو خەڵکە چووم بۆ چایخانەکەو گوێم ڕاگرت لە گۆرانیەکانی کاوێس دوو شەوو دوو ڕۆژ خەڵکی ڕانیە لەگەڵ ئەو گۆرانیبێژە هونەرمەندە بردیانە سەر، لەپاشدان بووە مێوانی قایمقامی ڕانیە کە ئەو ساکە جەلال سائیب بوو، لە ماڵی قایمقام سەرۆك خێل و پیاوماقوڵانی شار کۆدەبوونەوەو کاوێساغاش خۆشترین ئاهەنگی بۆ دەگێڕان ئیتر بۆ بەیانی نیشانەیان دادەنا هەرچی تفەنگ چی هەبوو دەهات بۆ شکاندنی ئارمانجەکە، ئەوەی سەیرو جێ سەرنج ڕاکێشان بوو، دەیان گووت کاوێس ئارمانجەکەی شکاند، لەدواییدا کاوێس لەلایەن گەورە پیاوەکانەوە خەلات کرا.

لەیەکێك لە سەردانەکانی کاوێس بۆ ناوچەی بیتوێن (حەمەد مەندۆ ئاغای گۆرانیبێژی لەگەڵدا بووە.

4 ـ کوردستانی تورکیا!

کاوێس گەلێك جار چووەتە کوردستانی تورکیا بۆ کڕینی کەل وپەلی پێویستی سەرۆك خێڵ و ئاغاو میرەکان، لە دیدەنیێك لە کوردستانی تورکیا چاوی بە (ئەحمەد مەدحەت) ئەفەندی دەکەوێو پارەییەکی زۆری پێدەبێ، جەندرمەی عوسمانی کە پێی دەزانن دەیگرن و پارەکەی لێدەستێنن و بەندی دەکەن.

5 ـ ناوچەی بادینان:

کاویس زۆر جار سەری لە ناوچەی بادینان داوە بەتایبەتی چووەتە گوندی (جوجەرە) چونکە دۆستی (محەمەد جوجەری) لاوك بێژ بووە، سەرەڕای ئەوەش زۆر هۆگرو هەڤاڵی (حەسۆ حەمۆی) لاوك بێژ بووە، کە هەر دووکیان لە دانانی لاوك و هۆنراوە بەهرەمەندو بلیمەت بوون ،تاکو ئیستاش ناوبانگیان لە ناوچەی گۆران و لەناو خێڵی

هەرکی و زراری و شێخ بزینی هەر ماوە، ئەو دوو هونەرمەندە (واتا حەسۆ و حەمۆ) خەڵکی جزیرەی (بۆتاتن) لەپاش تێکچونی فەرمانڕەوایی بۆتان ئاوارەی ناوچەی گۆران بوون و لە گوندی (کەویلان)نیشتە جێ بوون.

ئەو دوو هونەرمەندە دەورێکی باڵایان هەبووە لە باڵاوکردنەوەی لاوك لە ناوچەی هەولێر.

حەسۆو حەمۆ زۆر هاتوچۆی گوندی (کەورگۆسکیان) کردووە کە مەڵبەندی لاوك گوتن بووە، لە هونراوە بەناوبانگەکانی حەسۆ و حەمۆ:-

1 ـ هۆنراوەی (مەئموور و کەرێ)

2 ـ هۆنراوەی (چاڵە گەنم)

3 ـ هۆنراوەی (شێوێ ماشێ) تەمەرێ مەلکۆ شانی).

5 ـ کۆپێ:

ماموستا سەیفەدین سەعدی ئاغا دەڵێ (باوکم گێرایەوو گوتی:-

گەڵێ جار کاوێس هاتوەتە کۆپێ و بە دەنگە زوڵاڵاکەی کۆڕی ئێمەی بە ئاوازە خۆشەکانی جۆش داوە) هەروا سەعدی ئاغا گوتویەتی کە (زۆر جار چووەتە شەقڵاوە تاکو کاوێس لەگەڵ خۆیا بێنێتە کۆپێ تا لاوك و جەبرانیان بۆ بڵێ و چەند ڕۆژێ لەم شارە خۆشەویستە ماوەتەوە،

هەروا ماموستا (باقی درۆیش قادر)ی کۆپی دەڵێ:-

باپیرم (سۆفی خدر) گێرایەوە گوتی: کاوێساغا گەڵێ جار بۆ دیدەنی من لە دەشتی کۆپە هاتووتە گوندی (پێبازۆك) چونکە برادەرێکی خۆشەویستی من بوو، بەتایبەتی لە ساڵی (1927) بە بۆنەی لەدایك بوونی درۆیش قادری کوڕم کاوێس هاتە پێبازۆك، شەو بە دەنگە خۆشە ئەفسوناویەکەی ئاسمانی پێبازۆکی هێنابووە لەرزین، هەروا بەیەکەوە ڕاومان کردووەو نیشانەمان شکاندوە.

ـ نەوەکانی کاوێساغا ـ

کاوێس چوار کوڕی لەپاش بەجێ ماوە کە ئەمانن:-

1 ـ ئەحمەد کاوێس: خانەنشینەو لە هەولێر نیشتە جێ بووە.

2 ـ محەمەد کاوێس: خانە نشینەو لە شەقڵاوە نیشتە جێیە.

3 ـ عەبدوللا کاوێس: خانەنشینەو لە هەولێر نیشتە جێیە.

4 ـ جەمیل کاوێس: کاسبەو لە شەقڵاوە نیشتە جێیە.

بەرهەمەکانی کاوێس ئاغای نەمر

1 ـ لاوك:-

---

1 ـ دەهەرێ

2 ـ دەخالۆ

3 خێلیدۆ

4 ـ عەرەبێ

5 دۆتمام

6 ـ بیلمەز

7 ـ لاوکۆ

8 ـ لاوکۆ بەکەڵێ کاش خانێ سەرکەتم

9 ـ میر پەنجۆ

10 ـ بابێ عەبدول کەریم

11 ـ یارێ

12 دەلال

13 ـ شێخ مەحمودی نەمر

14 ـ بەڵێ هەی لۆلۆ

15 ـ بەڵێ دیلبەر

16 ـ لۆلۆ سوارۆ

17 ـ سەودالی

18 ـ ئەسمەر

19 ـ ئەی لێ زالمێ

20 ـ بێریوانێ

21 ـ یار گوندۆ

22 ـ نەزانێ

23 ـ لاوکێ سموقی

24 ـ لێلێ پەیانۆ

هەوالنامەی کێبڕکێ

25 ـ ئیسماعیل حاجی شکاك
26 ـ گەنج عەلیل
27 ـ مەولانا
28 ـ ئەیوب
29 ـ کۆچەری
30 ـ جەوی
31 ـ گەوری
32 ـ عەلیکۆ
33 ـ سەگگانا
34 ـ حەسەنی والیکی
35 ـ شەری تورك و یونان
36 ـ عیسوك مەجید لەسەری مەیدانی
37 ـ غەزالم
38 ـ ئەو شەو شەوە

2 ـ بەسەرـ

1 ـ عالم عالم
2 ـ کاروانە
3 ـ ئازادی
4 ـ ەەی دونیا
5 ـ گوڕەکی
6 لاوك

3 ـ حەیران:ـ

1 ـ ئەمن هەرچەم سەرهەیکی داوچی بوم.
2 ـ ئازادی بە من ئاهەری
3 ـ حەیران لە هەوری لە هەوری خۆشاوی.

سەرچاوەکان

1 ـ گۆڤاری هەوا ژمارە 12 حوزەیرانی 1958 ل 77.
جەلال بابان.

2 ـ رۆشنبیری نوێ ژمارە ـ 32 1/10/1974 ل8 محمد توفیق وەردی.
3 ـ کوردستان خلال الحرب العلمیة الاولی. د. کمال مظهر
4 ـ بیری نوێ ژمارە 310 ـ 7/10/1978
5 ـ حاج محمود پیری هەرکی تەمەن 90 ساڵ لە ناوچەی کەلەك جێ نشینە.
6 ـ مجید ئاغا کوڕی قوڕشید ئاغای هەرکی
7 ـ مجید نعمت خان هەرکی
8 ـ سلیمان بەگ کوڕی بایز بەگی شەقلاوە
9 ـ عزیزخان کوڕی فەتاح ئاغای هەرکی
10 ـ حاج نازی فاضل نعمت خان هەرکی
11 ـ ماموستا بەگوك عزیز
12 ـ ملاحسن صالح خۆشاو
13 ـ بابیر ئەفندی (عروسی)
14 ـ أحمد کاویس ئاغا
15 ـ محمد کاویس ئاغا
16 ـ عومەری جوڕبار
17 ـ محمد مولود (مەم)
18 ـ محمد علی ظلمیخ
19 ـ انور محمد ئەورۆز ڕواندوزی
20 ـ مظهر محمد ئەورۆز ڕواندوزی
21 ـ حسین سلیم خان ڕواندوزی
22 ـ سیف الدین سعدی ئاغا کۆی
23 ـ باقی عزیش قادر کۆی
24 ـ بکر أیوب قاسم
25 ـ سوپاسەکی گەرمی هاوڕێیە کاك محمود ڕامیاری بۆ یارمەتیدانە تایبەتەکەی.

سەرچاوە

سەرچاوەی لاوك و بەستەو حەیرانەکانی کاویس ئاغا کۆکردنەوەو ئامادەی چاپین.

هەوالنامەی کتێب

هونەری تەشکیلی

گۆیای مەزن

● وەهبی رسول
ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان - بغداد -

هەواڵنامەی کێبڕکێ

△ عائلة الملك شارل الرابع - تفصيل / خیزانی شارڵی چوارەم

لە ئەراگۆن لە خاکی جادوگەرو فاڵگرەوەکاندا منداڵێك لەدایك بوو، دایك و باوکی ناویان نا «فرانسیسکو» لەسەر ڕێو شوێنی ئیسپانیەکان بەناوی دایك و باوکی‌یەوە ناو نووس کرا، لە 30 ئازاری ساڵی 1746دا لەنزیك شاری (سرقسطە)وە هەر لەوێدا فێری جوتیاری‌و، خوێندن و نووسین و پەروەردەی ئایینی بوو، کاتێ کە لادێ بوو لەسەر تاشە بەردەکان وێنەی بەهۆی چڵەداری سووتاوەوە ئەکێشا بەمە سەرنجی خەڵکی دێکەی بە جۆرێ ڕاکێشا هێشتا تەمەنی دوانزە ساڵ بوو، کە نەخشاندنی پەردەی بەردەم قوربانگەی کەنیسەی پێ سپێردرا.

پاش دوو ساڵ فەرمان ڕەوای «ئەراگۆن» لە ئەنجامی سەرنج ڕاکێشانی ئەم پەردەیەوە ناردیە شاری «سرقسطە» بۆ خوێندن لەسەر دەستی «لوزان مارتیتر» بۆ ماوەی چوار ساڵ، ناری «لوزان مارتیتر» لەوانە بوو لە ببربچینەوە ئەگەر مامۆستای گۆیا نەبوایە.

کاتێکیش که قوتابی بوو یەکەم کاری هونەری بۆ ڕژێم کرد ئەویش بەهۆی دڵ گەرمی یەوە بوو بۆ ئایسن، هەر بەهۆی ناکۆکی ئایینی‌یەوە لە تەمەنی 17 ساڵیدا چووە مەدرید.

لەوێ وەکو یەکێ لە نووسەرەکان باسی ئەکا [لە منداڵێکی خەمبارەوە بوو بە گەنجێکی لەش پتەو کە بە چاوێکی نەترسەوە سەیری جیهان بکاو بەهرەیەکی ناوازەو شەخسیەتێکی سەرنج ڕاکێشی ببێت.
لەوێ ویستی ببێت بە قوتابی لە ئەکادیمیای «سان

فرناند» کە باشترین پەیمانگەی هونەری بوو لە ئیسپانیای ئەو کاتەدا، ئەو ساڵە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، پاش سێ ساڵ دوبارە «گۆیا» پێشکەشی کردەوە بە هەمان شێوەن، هەرچەندە ئەم جارەش ناوی دەرنەچوو بەڵام سوودی لەم هەوڵدانەی وەرگرت چونکە پەیوەندی‌یەکی باشی پەیداکرد لەگەڵ پیاوێکی زۆر گرنگدا کە «فرنسیسکو بایوسونیس» بوو کە هونەرمەندێکی بەناوبانگی کۆشکی شا بوو.

گۆیا دەستی کردە خوێندنی هونەر لە ستودیوی ئەم هونەرمەندەدا، هەر بەهۆی ئەمیشەوە کەوتە ژێر چاودێری یەکەم هونەرمەندی کۆشک «مینجزەوە»، ئەو سەردەمە «گۆیا» زۆربەی کاتی خۆی بە کۆپی کردنی تابلۆکانی ناو کۆشک ئەبردە سەر، هەر لەوێ چاوی کەوت بە تابلۆکانی «بۆش و بروگڵ و تیتیان و ڤیرنوڕهی»لای گۆیا هونەرمەندی ئیسپانی بەناوبانگ «ڤلاسکیوز» نموونەیی بوو.

هەموو ڕەخنەگرە هونەری‌یەکان لەو بڕوایەدان کە «ڤلاسکیوزو گۆیا] بە مەزنترین هونەرمەندی ئیسپانیا دەژمێردرێن، بەڵام ئەوەی گۆیا جیا ئەکاتەوە لەو زۆری‌و

△ دوق ودوقة اوسون تابلۆی جیوگ نۆسۆن لە خێزانەکەی

هەمە چەشنەیی بەرهەمەکانێتی هەر لەو ماوەیەدا توانی شارەزایی لە هونەری ئیتالیدا پەیدا بکاو لە پێش بزکێیەکی هونەری لە ئەکادیمیایەکی ڕۆما پلەی دوهەمی بەدەست بهێنێ.
دوای ئەمە گۆیا گەڕایەوە ئسپانیا بۆ شاری سرقسطە کە بۆ یەکەم جار ئەرکێکی میری تیا وەرگرت ئەویش بریتی بوو لە ڕازاندنەوەی دیوارەکانی کەنیسەکەی شار، نزیکەی سێ

ساڵی بەم ئیشەوە بردە سەر کارێکی جوان و مەزن بوو بەڵام لە لایەن سوپای فەرەنسییەوە لە کاتی داگیرکردنی ئیسپانیادا لە ناو برا.

لە هەمان کاتدا تابلۆ گەورەکەی «خێزانی پیرۆزەی دروست کرد لەم تابلۆیەدا ئەوی «گۆیا» جیا ئەکاتەوە لە هونەرمەندانی هاوچەرخی خۆی ئەویە «گۆیا» مریەمی وەکو ژنێکی ئاسایی خۆیەخت کەرو دایکێکی خۆشەویست دروست کردووە.

لە ساڵی 1773دا گۆیا بوو بە هاوسەری (جۆزفین بایو) خوشکی هاوسۆشاکەی پێشووی «فرانسیسکو بایو» لە شەقامێکی مەدریدا جێنشین بوون، گۆیا لەم سەردەمی گەنجییەیدا زۆر سەرنجی ئافرەتی را ئەکێشاو زۆربەی ئافرەتانی کۆشکی شا لە ئاهەنگەکاندا حەزیان بە هاوڕێیەتی دەکرد، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ژنەکەی دڵنیا نەبێ لە کردەوەکانی بەڵام خۆی لەسەر ئەوە ڕاهێنا بوو کە ڕەفتاری هونەرمەندان ناشێ بخرێتە ژێر هیچ جۆرە پێوەرێکی ئاساییەوە.

ژنەکەی گۆیا لە تەمەنی 70 ساڵیدا مردو کە لێنێکی گەورەی خستە ژیانی گۆیاوە، لەم ژنەی لە 20 منداڵ تەنها کوڕێکی بۆ مایەوە بە ناوی «جالیرە»وە.

هەر لە ساڵی (1773)دا مینجەزی هونەر مەندی کۆشک داوای لە گۆیا کرد کە لە کارگەی فەرش و حەسیری شاهانەدا ئیش بکات، ئەو کاتە لەسەر فەرش و حەسیرەکان وێنەی پەری داستانە ئەفسانەییەکانیان ئەکێشا لەسەر شێوازی باوی فەرەنسی لەسەر ڕێ و شوێنی هونەری «ڕۆبنز» بە هێڵی پێچاوپێچ دروست ئەکرا، بەڵام گۆیا لەم شێوازە یاخی بوو ڕووی کردە دروست کردنی هەندێ دیمەنی ژیانی ئیسپانی ئەو کاتە بە شێوازێکی داهێنەرانەی دڵ ڕفێن، ئەم کارە هونەرییانەی کە لە داهێنانی خۆی بوو پلەو پایەیەکی هونەریی مەزنی بە گۆیا بەخشی.

لەم ماوەیەدا گۆیا داخوازی پێشکەش کرد کە ببێ بەوێنەکێشی کۆشک بەڵام داواکەی ڕەت کرایەوە.

بەڵام ئەوەی ئەم شکستیەی لە بیربردەوە ئەوە بوو کە بە ئەندامی ئەکادیمیای شاهانەی (سان فرناند) هەڵبژێردراو دوا جار کرا بە جێگری بەڕێوەبەری ئەکادیمیەکە، پاش ساڵێك شارلی سێیەم مردو براکەی کە هاوڕێی گۆیا بوو هاتە سەر تەخت و گۆیای کرد بە وێنەکێشی کۆشکی شا.

زۆربەی هونەرمەندە ئیسپانیەکان بایەخیان بە بابەتی ئایینی دەدا بەڵام مەزنی گۆیا لەو ڕاستی یەدایە کە وێنە کێشێکی ئایینی بوو، چێژو خۆشی لەوەدا بەدی ئەهێنا، کە ڕوو داوی ڕۆژانە وەکو خۆی تۆمار بکات دەمو چاوەکانی چۆن ببینیایەو تێگەیشتایە وەها دروستی ئەکردن لەوانەیە لەبەر ئەم هۆیە بوبێ کە دانراوە بە یەکەم کەسێك کە شێوازی واقعی هێناوەتە کایەوە کە لە پاش قوتابخانەی ڕۆمانسیەت لە ئەوروپادا دامەزرا.

گۆیا دەستی کرد بە وێنەکێشانی ژیان و پیاوانی کۆشک، لە وانەی سەرسام بوون بە گۆیا (دیوك ئۆسۆن و ژنەکەی) بوون کە وێنەی خۆی و خێزانەکەی کێشاو خانووەکەی لادێیانی بۆ ڕازاندنەوە بە چەند تابلۆیەکی نایاب کە تا ئێستاش لە مۆزەخانەی مەدریددا ماونەتەوە.

هەر چەندە گۆیا چەند پۆرترێتێکی دروست کرد بۆ خێزانی «ئۆسۆن» کە بەناو بانگترینیان «دیوك ئۆسۆن و خێزانەکەیەتی» بەڵام ئەمە لە ئێشەگرنگەکانی نەبوو، گۆیا ئەڵێت: خۆم بە وێنەکێشی پۆرترێت نەزانیوە هەتا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم واتە لە کاتێکدا تەمەنی لە (50) تێپەڕیوە، هەر لەم ماوەیەدا پەیوەندی پەیدا کرد لەگەڵ ژنی (دیوك ئەلبا) کە ژنێکی جوان و ناسك بوو، زوو زوو سەری لە گۆیا ئەدا لە ستودیوەکەی ئەمیش چەند تابلۆیەکی بۆ کێشا گرنگترینیان ئەو تابلۆیە بوو کە بە جلی بەیانیانەوەیەو دوو موستیلە لە پەنجە یایەتی، لەبەر پێ شیا لەسەر زەوی یەکە وەك نووسینی سەر لم نووسراوە «تەنها گۆیا» ژنەکەش پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە.

هەوالنامەی کۆلێژ

گۆیا ناسراوە بەوەی کە حەز بە کێشانی وێنەی ڕووتی ئافرەت ناکات بەڵام دوو تابلۆی ناوداری «ماجای ڕووت و ماجا بە بەرگی تەنکەوەی» هەیە ئەوکاتە ئەم دوو تابلۆیە شتێکی ناپەسەند بوو بە لای گەورە پیاوانی کەنیسەوە بەڵام ئەمڕۆ لە ئامێزی مۆزە خانەی ئەلپرادۆیان لەسەر پولی پۆستە بە پشتی نامەوە ئەم سەرو ئەو سەری جیهان ئەکات، ئەم دوو تابلۆیە تەواو ترین کاری گۆیا یە لە ڕووی هونەری و دەربڕینەوە، ئەڵێن وێنە کێشانی ئەم تابلۆیە لە ئەنجامی خۆشەویستی ئەلبا بووە، وا دەر ئەکەوێ کە بە کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوانیان بەهۆی مردنی ئەلباوە کۆتایش هات بە قۆناغی ڕۆمانسی گۆیا.

لە ساڵی 1795دا گۆیا کرا بە بەڕێوەبەری وێنە کێشان لە ئەکادیمیا بەڵام پاش دوو ساڵ بەهۆی نێکچوونی تەندروستی یەوە وازی هێنا، هەر پاش چوار ساڵیش کرا بە وێنە کێشی یەکەمی کۆشک کە بەرزترین پلەیەکە هونەرمەندێ ئەو کاتەی ئیسپانیای گەیشتۆتێ، گۆیا ئەم ڕێز لێنانەی زۆر پێ خۆش بوو.

گۆیا لە تەرێکی سەرکەوتنی هونەری دابوو کە تووشی نەخۆشی یەکی کتوپڕی ترسناک بوو بە تەواوی نەخۆشی یەکەی نەزانرا، چەند مانگێك ئیفلیجی ناو جێگا بوو، کەڕ بوو کوێرێش هەڕەشەی لێ ئەکرد پاش ئەوەی کە چاك بۆوە، بەهۆی کەڕی یەکەیەوە لە خەڵك دوور پەرێز بوو چونکە توانای دواندنی نەما بوو، مێشکی تووشی بێرویاوەڕی ڕەش و مۆتەکە بوو بوو هۆشی وورپا بوو بەڵام پێ هێزو توانا بوو نەیدەتوانی لەبەر دەم تابلۆکانیدا بووەستێ.

بۆیە زۆربەی کاتەکانی بە تیشی گرافیك لەسەر مس ئەبردە سەر کە بەرهەمی ئەمەش کۆمەڵە بەناوبانگەکەی «کاپریکۆس» کە تیایا ئەندیشەی میللی هونەرێکی ڕەسەنی تیا بەکار هێنابوو، ئەمە یەکەم بڕگێشی کردنێکی بوو لە ڕەخنەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایینی دا، بوونە هۆی ناوبانگێکی فراوان بۆی. هەروەکو توانی زاڵ بێت بەسەر ئەم جۆرە هونەرەدا کە بە پێشەنگی هەڵکەندن لەسەر کانزاکان دا ئەنرێت کە هەر دانەیەك لەو (80) دانەیە بەنرخی یەك ئۆنس ئالتون فرۆشرا.

بابەتەکانی ئەم کۆمەڵەیە پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆی هەبوو بەو تاقی کردنەوانەی کە گۆیا لەم دوایەدا پێیدا تێپەڕی بوو، لەم تابلۆیانە «کاتێ هۆش چاو لێك ئەنێ خێوەکان دەر ئەکەون»، «بەچی ئەمرێت» لێرەدا گۆیا وێستوویەتی گاڵتە بە پزیشکەکان بکات لە ئەنجامی ناڕۆمێدی یەوە کە بینی لێیان لەکاتی نەخۆشی یەکەیدا بۆیە وەکو گوێ درێژ پزیشکەکانی دروست کردووە. ئەم کۆمەڵە تابلۆیە لە بازاڕ کێشرانەوە لەبەر ئەوەی گاڵتە کردنێك بوو بە پڕێم و نەریتی ئەوکاتە.

لە ساڵی (1789)دا شارلی چوارەم هاتە سەر تەخت، گۆیا کۆمەڵێك تابلۆی بۆ ئەم خێزانە دروست کرد، کە بە ناوبانگترینیان تابلۆی خێزانی (شارلی چوارەم)ە لەم تابلۆیەدا وێنە شارلی کێشاوە بە پیاوێکی نەرم و نیان بەدەم و چاوێکی پەمەیی یەوە لە هەمان کاتدا لە شێوەی پیاوێکی گێل دا، شازنی دروست کردووە بە ڕوویەکی فێڵ بازو مەکربازەوە دەموچاوی کوڕە گەورەکەی بە دەموچاوی (جودی) دڵداری دروست کردووە.

لە ساڵی (1808)دا فەرەنسی یەکان ئیسپانیایان داگیرکردو کوشتار دەستی پێ کرد «گۆیا» کۆمەڵی دووەمی دروست کرد بەناو نیشانی «کارەساتەکانی جەنگ» لە هەمان ساڵدا کوشتارێکی زۆر ڕووی دا لەنێوان شۆڕشگێڕەکانی ئیسپانیاو لەشکری فەرەنسا کە بوونە سەرچاوەی دوو تابلۆ مێژوویی یەکەی گۆیا بە ناونیشانی(((2) مایس 1808))و (3 مایس 1808) کە تا ئێستاش سەرنجی هەزارەها بینەران ڕاکێشێ، یەکەمیان لەوشەڕە ئەدوێ کە لە مەیدانی مەدریدا ڕووی داو دووەمیان بەرجەستەی گوللە باران کردنی کۆمەڵێك لە شۆڕشگێڕانە کە گۆیا لەم تابلۆیەدا

زۆر بە وردی ئەو چرکەیەی پیشان ـ داوە کە چەکدارە فەرەنسییەکان گوللەکانیان ئاراستەی سنگی شۆڕشگێڕەکان ئەکەن، کە پڕە لە ترسی تێکەڵ بەسەر شۆڕبوونەکردن، گۆیا بە هەر یەکێ لەم ڕووانە دەربڕینێکی سایکۆلۆژی واقعی داونەتێ کە سروشتی هەڵوێستەکە هێناویەتە کایەوە. هەر ئەم تابلۆیە بوو کە کارێکی گەورەو دیاری کردە سەر هونەرمەندانی وەکو: دیلاکرواو مانێت و پیکاسۆ کە تابلۆکانی «کوشتارگەی سیسو»، گوللە باران کردنی مەکسیمیلیان»و «گوللە بارانکردن» دروست بکەن.

گۆیا هەر لەم ماوەی داگیرکردنەی فەرەنسیەکاندا هەست بە دروست کردنی تابلۆکانی «زەبەلاح (عەلاق)» و «لە پەیامی مەدریدەوە»و چەندە های تر کە پیان ئەوترێ تابلۆ ڕەشەکان کە ڕەمزبوون بۆ ژیانی ئەو قۆناغەی ئیسپانیا گۆیا لەسەر داخوازی جەنەرالێکی ئیسپانی چووبۆ شاری سرقسطە بۆ بینینی ئەو وێران کاریو تەرمی مردوانەی کە لە ئەنجامی گەمارۆدانی فەرەنسەدا ڕووی دابوو چەند تابلۆیەکی بۆ ئەم کارەساتە دروست کرد بەڵام بەداخەوە بە نووکی نێزەی سەربازە فەرەنسییەکان لەت و پەت کران.

هەر دوای پەیدا بوونی شەڕی پارتی زانی دژی فەرەنسا گۆیا پۆرترێتێکی بۆ سەرۆکی پارتی زانەکانی ئیسپانیا کرد، دوای سەرکەوتنی ئیسپانیەکان بە سەرۆکایەتی دیوك (و لنگستن)، گۆیا سێ تابلۆی مەزنی دەموو چاوی ئەم سەرکردە یەی دروست کرد.

لە مایسی 1813دا فرناندی حەوتەم بە پاشایی بۆ مەدرید گەڕایەوەو کەوتە گرتنی ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ فەرەنسی یەکاندا هەبوو. گۆیاش ڕای کردو پەنای بردە هاوڕێیەکی، پاش سێ مانگ گەڕایەوە مەدریدو پێشکەش کرا بە پاشای نوێ ئەویش پێی گوت: ـ

[تۆ شایەنی دوور خستنەوەو بگرە خراپتریشی.. شایەنی مردنی بەڵام هونەرمەندێکی مەزنی بۆیە هەموو شتێك لە بیر خۆمان ئەبەینەوە].

گۆیا وەك وێنەکێشی یەکەمی کۆشك مایەوە لە ساڵی 1816 هەندێ ئیشی گرافیکی لەسەر زۆران بازی گا دروست کرد.. پاشان گۆیا لە وێنەکێشانی دەموچاوە ئەرستۆکراتیەکان بێزار بوو گەڕایەوە بۆ وێنە کێشانی دەموچاوی چینە زەحمەت کێشەکەی خۆی تابلۆکانی (ئاسنگەر) (ئاسنگەری چەقۆکان) و (ژنە ئاو ـ فرۆشەکە)ی دروست کرد لەم تابلۆیانەدا مژدە هێنەری واقعیەت و (انطباعیة)ی سەدەی نۆزدەهەمە کاتێ چوونە ئەشبیلیەش هەستا بە نەخشاندنی کەنیسەکەی، بێ باوەڕی گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە لە باتی دەموو چاوی دوو فریشتە دەموو چاوی دوو ئافرەتی سوزانی بە ناوبانگی ئەو کاتە دروست بکات.

گۆیا لەگەڵ ئەو دوو کۆمەڵە کارە هونەریانە (کاپریکۆس)و (کارەساتی جەنگ) کۆمەڵەی سێیەمی تەواو ـ کرد لەژێر ناونیشانی (پەندە میللییەکان) کە بە ڕاستی مەزنی هونەری گۆیای دەرخست.

لە ساڵی 1819 گۆیا ماڵێکی گرت لە دەرەوەی مەدرید پێیان ئەوت ماڵی (پیاوە کەرەکە) لێرەدا گۆیا دوایین کارەکانی ئەنجام داو گەڕایەوە ناو جیهانە ناخۆییە پڕ لە شەیتان و خێوو ترس و یادگارە ئازار هێنەرەکانی خۆی، لەوە ئەچێ گۆیا لەم ساڵەدا تووشی نەخۆشییەکی بە ئازار بوو بێ ئەمەش لەو وێنەیەدا دەر ئەکەوێ کە دەموچاوی خۆیەتی لەگەڵ دکتۆر «اریتا» ئەمە بەناو بانگترین کاری هونەری یە کە چارەی بابەتێکی مرۆڤایەتی ئەکا.

گۆیا دیواری ماڵەکەی بە زۆر لە (تابلۆ ڕەشەکان) کە لە ساڵانی 1820 ـ 1823دا کردوونی ڕازاندۆتەوە بابەتەکانی ئەفسانەو ڕەخنەی ڕەمزی ئەو کاتەی ژیانی ئیسپانیا ئەنوێنێت، لە هەموو ترسناك تر تابلۆی «زوحەل منالەکەی خۆی ئەخوات» بریتییە لە وێنەی ئادەمیزادێکی ترسناك کە بە درندەیی‌وە یەکێ لە منالەکانی ئەخوات ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئیسپانیەکان پیشان ئەدات

خەریکی یەکتر خواردن بوون لەو سەردەمەدا، هەروەها تابلۆکانی «مالی شێتەکان و دوو پیاوە شەڕکەرەکەو تابلۆی کۆچ» کە لەو جۆرە بابە تانە ئەدوێن.

دوای تێکچوونی باری ڕامیاری لە ئیسپانیا (1823) گۆیا داوای لە ڕژێم کرد کە بینێرێ بۆ فەرەنسا لەبەر خرابی باری تەندروستی، گۆیا مالەکەی (مالی پیاوە کەرەکە)ی بەجێ هێشت بۆ - جاڤیر - ی کوڕی بە هەموو ئەو تابلۆ قەشەنگە و ترسناك و گەورانەوەو ڕووی کرد فەرەنسا چوو بۆ شاری (بۆردۆ) لەوێ چاوی کەوت بە هاوڕێ دێرینە بەناوبانگەکەی - مۆرتان - ی شاعیرو بەسەردان چوو بۆ پاریس و سێ مانگ لەوێ مایەوەو پیشانگەی دیلاکرواو گیریکۆی تیا بینیو کارەکانیانی بە دڵ بوو.

گۆیا جارێکی تر گەڕایەوە بۆ مەدرید بۆ ئەوەی ماوەی لە فەرەنسا بۆ درێژ بکەنەوە ئیتر بۆ دواجار مەدریدی بەجێ هێشت و ماڵ ئاوایی یەکجاری لێ کرد چونکە مەرگ ڕێی نەدا جارێکی تر بگەڕێتەوە. کە گەیشتەوە فەرەنسا تەندروستی زۆر خراپ بوو بوو چاوی کز بوو بەڵام خۆی نە ئەدا بە دەست نائومێدیەوە ژمارەیەك تابلۆی دروست کرد لەسەر زۆران بازی گاو چەند تابلۆی کە یەکێ لەو تابلۆیانە پیرەمێردێك بوو بەسەرو ڕیشێکی سپی وەك بەفرەوەو بە دوو دارشەق ئەڕۆیشت ماندوێتی سالانی ژیانی باری شانی قورس کرد بوو لە تاریکیەوە ڕووەو تیشکێکی ڕوونیاك ئەڕۆی، دەموچاوی ژیریو ناسکیو نەرم و نیائی تیا بەدی ئەکرا.

گۆیا لەسەر ئەم تابلۆیە نووسی بووی «هێشتا هەر فێر ئەبم» ئەم تابلۆیە خۆی لە خۆیدا وەڵامێکی تووندو تیژە بۆ ئەو نوسەرانەی کە مانای ئیشەکانی گۆیا ئەشێوێنن لەوانە (ئەندریە مارلۆ)و چەندە های ترن وای بۆ ئەچن کە هونەری گۆیا هونەرێکی گۆشەگیری هەمیشەیی یەو لە ڕەشبینیو نائومێدی ئەدوێ، بەڵام هونەری گۆیا هەتا کۆتایی دژی ئەمەیە.

لە 15ی مایسی 1828دا گۆیا تووشی (جلطەی مێشك) بوو بێ هۆش بو بەو بێ هۆشیەوە گیانی سپارد بە نامۆیی و دوور لە خاك و نیشتمان و لەوێش نێژرا. پاش زۆرتر لە 7 ساڵ لە مردنی لاشەکەی بەبێ سەر لە گۆڕ دەرهێنراو برایەوە بۆ گۆڕستانی - سان ئسدرو - لە تەنیشت هاوڕێ شاعیرە کەیەوە - مۆرتن - نێژرایەوە.

ئەگێڕنەوە گۆیاو وتویەتی «مامۆستاکان هەمیشە باسی هێڵەکان ئەکەن و هەرگیز لە (کتلة) نادوێن بەڵام ئەو- هێلانە لەکوێن؟ من نەهێڵ و نە ڕەنگ نابینم لە سروشتدا تەنیا سێبەرو ڕووناکی ئەبینم».

بەم تێبینیە کە ئەڵێ ڕەنگ بوونی نیە ئەگەر ڕووناکی نەبێت - گۆیا پێش زانیاری نوێ کەوتووە لە بارەی کیمیای تیشکەوە بەیەك سەدە هەرچۆن بە دەیان ساڵ پێش کەوتووە لە زانستی بینین دا (البصریات).

ڕەخنەگرە جیهانیەکان ئەڵێن: - مێژووی هونەر داماوە لەوەی کە - گۆیا - ی مەزن بخاتە چوار چێوەی کام قوتابخانەی هونەریەوە هەندێ بە کلاسیکیو ڕۆمانتیکی وهەندێکی تر بە واقعیو ئینتباعی دا ئەنێن هەر وەکو هەندێکیشیان بە تەعبیریو سوریالی دا ئەنێن.

قاسم حسین صالح

سەرچاوەکان: -

1 - المبدعون في تأريخ الفن الانساني (گويا)، افاق عربية 8 نيسان 1983.

2 - قصة فن الحديث - ساره نيومايير - تعريب: رمسيس يونان.

3 - افاق النقد التشكيلي - عباس الصراف.

4 - الواقعية في الفن - سدني فنكلشتين - مجاهد عبدالمنعم مجاهد - 1971.

* جودی - سەرەك وەزیرانی شارلی چوارم بووە.

چەند لێکۆڵینەوەیەکی کوردی لە بابەت وڵاتی سوبارتۆوە

نووسینی: دکتۆر جەمال رەشید
کەمال غەمبار لەسەری نووسیوە

١ ـ ئەم کتێبەی لەسەرمان نووسی بە ناوی (دراسات کردیة في بلاد سوبارتو)وە بڵاوکراوەتەوە. لە بڵاوکراوەکانی ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستانە، بڕیتیبە لە 192 لاپەڕە، ساڵی 1984 لە چاپخانەی «دار آفاق عربية للصحافة والنشر»دا چاپ کراوە.



پێشەکی:

لەدوا دیداری تەلەفزیۆن لەگەڵ دکتۆر طه حسین«دا که دەستەبیەکی نووسەرو رۆشنبیری میسری ناودار لەگەڵی دانیشتبوون، طه حسین وەك مرۆڤێکی ووردبین و رووناکبیر لەناو قسەکانیدا ووتی: «بەڵای منەوە رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە جگە لەزمانەکەی خۆی زمانێکی جیهانیی زیندووی‌تر بزانێ».

لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەی نیشانەی زیرەکی و بیر قوونی ئەو نووسەرە گەورەیە بوو کە چ خزمەتێکی گرنگی بە نەتەوەی عەرەب کردووەو ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەرانی فراوان کرد. رۆشنبیرێ کە زمانێکی جیهانی بزانێ و بەردەوام خەریکی خوێندنەوەو وەرگێڕان و نووسین بێ، دەبێ چ جۆرە خزمەتێك و سوودێك بەرۆشنبیری گەلەکەی خۆی ببەخشێ؟ جا ئەگەر ئەمە لەڕێگەی زانینی زمانێکی جیهانیبەوە بێ و ئەوەندە بایەخی هەبێ، دەبێ رۆشنبیرێ کە جگە لە زمانی زگماکی خۆی چەند زمانێکی دیکەش بزانێ و لەتەك زمانەکەی خۆیەوە بەو زمانانە بخوێنێتەوەو

هەوالنامەی کتێب

لەسەر چاوەی سامانی مرۆڤایەتیدا زانیاری و رۆشنبیریی هەمە جۆر هەڵێنجێ و پەیتا پەیتا شتی تازە بخاتە سەر خەرمانی رۆشنبیریی نەتەوەکەی خۆی، ئەو حەلە دەبێ لەو گۆرەپانە فراوانەدا چ سوار چاکێ بێ کە ئەسپی خۆی تاو بدات؟!

دکتۆر جەمال پەکێکە لەو رۆشنبیرانەی کە شیاوی ئەوەن بتوانن دەوری مێژوویی خۆیان ببینن و بە جۆرێکی کارامەو لێهاتووانە لەو بوارەدا شوێنی تایبەتی و دیاری خۆیان بکەنەوە، لەبەر ئەوەی جگە لە زمانی کوردی چەند زمانێکی تر دەزانێ و لەرێگەی خوێندنی بالاوە توانیویەتی جۆرە بەرنامەییەك و نەخشەییەك بۆ خۆی دیاری بکات کە رێبازێکی زانستیانەیەو، دوورە لە (پشتبەستێکی) رووت بەسەرچاوە یاخود وەك هەندێ نووسەرو مێژوونووس نەهاتووە سەرچاوە پشتگوێ بخات و ئەوی دەیخاتە رووبەهی خودی خۆی بزانێ وەك سرووشتێکی خودی - «ئیحای زاتی» -.

مێژوونووسین «لێکۆڵینەوەو شی کردنەوەیە، پشتبەستنە بە باوەرنامەو بەڵگە هێنانەوەو ساغ کردنەوەی بۆ چوونەکانی نووسەر. تەنیا رێزکردنی کۆمەڵێك سەرچاوەو پەراوێز نووسین و پێرست دانان نابنە نیشانەی رەسەنی و توانینی دەسەڵات شکانی نووسەر یاخود بڵێین مێژوونووس بە لەخۆدان لە بابەتی گەلێ مەسەلەی مێژوویی کە دەبێ بخرێنە سەر بەردی محەك و بە وردی شی بکرێنەوەو ئەو رایانەی کە پاڵپشتێکی رەواو چەسپاویان نیە پووچەڵ بکرێنەوە، ئەو لایانەی کە شێوێنراون یاخود تەمی گومانیان لەسەرە، لەبەر رووناکیی لێکۆڵینەوەو سرنجی وردو بیری تیژ ساغ بکرێنەوە. ئەم ئەرکەش شتێکی ئەوەندە ئاسان نیە کە هەموو کەسێ بتوانێ شانی بدانەبەر. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ئەرکەی دکتۆر جەمال وەك لێکۆڵەرێك کە خستوویەتیە ئەستۆی خۆی هەوڵ و تەقەلا و رەنجێکی زۆری گەرەکە، چونکە کارەکەی ئەو چەند لق وپۆپێکی لێ دەبێتەوە کە تەنیا لە چوارچێوەی بوارێکی سنووردارەدا گیر خوات، بەڵکو ئەو هەر وەك لەو کتێبەی لێ دەدوێین بە رووبی بۆمان دەردەکەوێ پەلی بۆ زۆر لایەن هاویشتووە وەك زمان و مێژوو و جوگرافیاو باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری و هەندێ لایەنی تر لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لەناوچەکانی ژوورووو رۆژهەڵاتی وولاتی نێوان دوو رووبارەکە وانە «میزۆپۆتامیای» کۆن.

ناوەرۆکی کتێبەکە:

دکتۆر جەمال پێشەکی یەکی تێرو تەسەلی بۆ کتێبەکە نووسیوە، ئینجا هاتووە ناوەرۆکەکەی بەسەر پێنج بەشدا دابەشی کردووە، هەر بەشەشی کردۆتە چەند باسێك و بۆ هەر بەشەش کۆمەڵێك ئێبینی و سەرچاوەی جیاجیا وەك پەراوێز دەخاتە بەردەم خوێنەر کە ئەم کارە زیاتر لێکۆڵینەوەکان بەپێزترو پتەو تر دەکات.

ئەوەی کە شیاوی باسە نووسەر پشتی بەژمارەکی زۆر لە سەرچاوەی هەمەجۆر بەستووە کە کردوونیەتی بە بنەگەی کتێبەکەو یەك بە یەك دەیانخاتە بەر تیشکی زانیاریی خۆی و بۆچوونە تایبەتییەکانی. سەرچاوەکان عەرەبی و کوردی و فارسی و تورکی و هی وەرگێردراون بۆ زمانی عەرەبی، هەروەها کۆمەڵێك سەرچاوەی تر بە زمانی رووسی و ئینگلیزی و سلۆڤی و ئەڵمانی و مەسیحی و سریانی و یۆنانی و رۆمانی و هیتر.

دکتۆر جەمال لەپێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: ئەم کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیە کە هەندێ مەسەلەی زمانەوانی و مێژوویان تێدایە پێشکەشی بە هەر کەسێ دەکەم کە بایەخیان پێ دەدا، بۆ بەشداری کردن لەهەول و تەقەلای بەردەوام بۆ گەیشتن بەکاکڵ و کرۆکی ئەو رووداوانەی کە رۆڵێکی دیاریکراویان نواند لە مێژووی پارچەیێکی گرنگ و جیاکراوەی مەڵبەندی ئادەمیزاد، ئەویش ئەو ناوچە شاخاوییە گەردن کەشانە دەگرێتەوە کە ناوی لەکۆنترین رێژەی جوگرافیی سۆمەری گشتی دا بەشێوەی SU. BIR «سوبیر»دا دەرکەوتوە.

مێژووەکەی بۆ سەردەمی «لۆکال ـ ئانی ـ مۆندۆ»ی کاربەدەستی شاری «ئەدب» لەچارەکی یەکەمی سێ هەزارەی بەر لەزایینی کە لەتەک «ئیلام، ماراهشی، کوتیۆم، سوبێر، ئامۆرۆ، سوتیۆم»دا نووسراوە. نووسەر ناوەکە ساغ دەکاتەوە، شوێنی جوگرافیای وڵاتەکە دیاری دەکات، ئەویش ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە ژوورووی ڕۆژهەڵاتی «ئیلام» لەڕێگەی ماراهشی یەوە بەرەو ژوورووی ڕۆژئاواوە دڕێژدەبێتەوە تا دەگاتە ئەمانۆس «چیای ئورزە» لە وڵاتی ئامۆرادا.

هەروەها ئەم کتێبە وەک خۆی نووسیویەتی کۆمەڵێک مەسەلەی تێدایە کە پەیوەندییان بەسەردەمێکەوە هەیە و چەندین سەرچاوە پێک دێنن کە دەبێ ببنە بنەگەی بەراستی بۆ سەر هەڵدانی خاسیەتی نەتەوایەتی لە ناوچەیێکی جوگرافیی دیارکراودا «سوپارتۆ» کە لە دواییدا بەشێکی ناونرا کوردستان واتە وڵاتی کوردان. جگە لە خاسیەتە نەتەوایەتی یەکان بەکبوونی هۆزەکانی کارتی «کارتاوی یەکان»ی ڕەوەند کە لەسەردەمی سلوقی یەکان لەڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتیدا دەرکەوتن. دوایی کاردۆخی یەکان خەڵکی دانیشمەندی لادێی ناوەراستی ئەو وڵاتە دەورێکی جیاکەرەوەیان لە بیناى ڕەگەزو زمان و شارستانێتی کوردەکان بینی، بە جۆرێ سرنجی هەندێ پسپۆرو شارەزایان لەم بابەتە ڕاکێشا.

بەشی یەکەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ «بنچینە مێژوویی یەکانی زمانی کوردی» لە باسی یەکەمدا دکتۆر جەمال ڕای وایە کە زمان ئامرازی پەیوەندی کردنە، دەتوانێ ئارەزوەکانی مرۆڤ و گواستنەوەی بیروباوەڕەکانی بۆ هی تر دیاری بکات، ئەویش بە گوێرەی جیهانی بیر «ذهن» بۆ جیهانی ئاخاوتن لەگەڵ کۆمەڵدا، بە دەربڕینی میراتێکی ڕۆشنبیری کە لە دانانی تاکە کەسێک نیە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری سەر بە کۆمەڵێکی دیاریکراوە لە چەندین قۆناغ لە تەمەنی شارستانێتی یەکەیدا. ئەو کەرەستانەی کە زمانیان لێ پێک دێت هەمان کەرەستەن کە سەرجەمی ڕۆشنبیریان لێ پێک دێ. لە دواییدا مەسەلەی بەکار هێنانی زمان لە ئاخاوتن و نووسیندا بۆ دیارکردنی خواست و هەست و نەستی جیاجیا بەگەورەترین داهێنانی شارستانێتی دەداتە قەڵەم کە میللەتە کۆنەکان وەدەسیان هێناوە.

جیهانی بیر لای مرۆڤی کۆن بەجیهانێکی ئایدیالیست یاخود ڕەمزی لەقەڵەم نادرێ وەک هی ئەمرۆمان، بەڵکو بە درێژ بوونەوەی خودی جیهانی مەوزووعی دەرەوە بەتەواوەتی دادەنا، وەک ئەوەی لەباری خەوبینین دا دەمان بێ. ئەوان بڕواەیێکی تەواویان هەبوو کە خەو دەیانخاتە بەردەمی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزی نەبینراودا، ئەوەی کە خەویان پێوە دەدی ڕاستن و ڕووداون و لە واقیعدا ڕوو دەدەن. ناولێنانی شتیان بەکردەی دروستکردن لەقەڵەم دەدا، بۆ نموونە سۆمەریەکان ووشەی «نەم» یان بەکار هێنا بۆ ئەو خاسیەتە کارێگەرانەی کە لە شتەکاندا زانیبوویان، خاسیەتەکانی کاری «شت یا بابەت» توانای دەگەیەنێ، ئەکەدییەکان ووشەکەیان بە «شەمتۆ» وەرگێڕا، واتە خوو و ڕەوشت و ئەو سروشتەی کە تیایەتی، هێشتاش لە زمانی عەرەبیدا زیندووە «سمة، شیمة» کەوا ووشەی «نەم»ی عەرەبی جەوهەری مرۆڤ و سروشتەکەی دەگەیەنێ و لە بەکار هێنانی وەک فرمان ـ فعل ـ دەرخستنی شتی نهێنی ی شت و خاسیەتەکان دەگەیەنێ. لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ووشە، گوزارێکی زۆری بەسەرا دێ وەک ووشەی «کور» واتە «چیا»، لەسۆمەریدا دووپات بوونەوەی «کورکور» چیاکان دەگەیەنێ.

هەرچەندە ناوە کوردییەکەی بۆ چیاکانی «کورکور» داغ»ی سەر زێی بچووک، نزیک گوندی «کانی تووەی سەر بە قەزای پشدەر ماوەتەوە. لە سۆمەریدا شار دەگەیەنێ و ووشە سۆمەرییەکە «کۆ» بەمانای چیا لە زمانی کوردیدا بەردەوام بوو، وەک ووشەی «گامێش ـ جامووس»ی سۆمەری، هەروەها «هەتاو» هەرچەندە لە ڕواڵەتدا پەیوەندی بە «ئافتاب»ی فارسی یەوە هەیە، بەڵام

له ڕاستیدا ڕەمزی خواوەندی سۆمەری‌یەکانە «ئۆتۆ»ی خواوەندی خۆر کە بەسەدان ساڵ بەر لە سەدەی نووسین لایان پیرۆز بوو، هەروەها ووشەی «مزگەوت، مزگەفت» لە «مسجد»ی عەرەبی‌یەوە نەهاتوە، بەڵکو خۆی کوردی‌یەو لە «مزد ← مازدا ← ئاهورا مازدا»وە هاتوە، ناوی پەهلەوی بۆ پەرستگا «مزگیت»ە کە دەبێ بەر لە چەند سەدەیەك پێش ئیسلام بەشێوەی کۆن هەبووبێ.

زۆر ووشەی تریشمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە لە بنچینەی خۆیان دوورکەوتونەتەوەو گۆڕانیکی زۆریان بەسەر هاتوە وەك «بـاژێـر»و «خێـزان»و «گـونـد»و «کـاروان»و جوامێـرو «مەهرەجان». زۆر ووشە کە لە عەرەبی باون لە کوردی‌یەوە وەرگیراون و چوونەتە ناو زمانی عەرەبی‌یەوە وەك «المرج، الدستور» کە کوردی‌یەکەیان «مێرگ و دەستەوەر»ن.

لە باسی دووەمدا بۆ ئەوە دەچێ کەفـەلسـەفـەی گریك لەگـەڵ دینـەکـانی ڕۆژهەڵاتیدا یەکیان گرت و لە ئەنجامدا ئەفسانەی بابولی‌و گریکی‌و هیتر تێکەڵ بەیەکتر بوون، ئەم دیاردەیە چەمکی هیلنستی بەخۆیەوە دی کە ڕێبازی جیاجیا بەیـەك دەگـەیەنێ‌و ئەباییان دەکات. خواوەندەکانی بابولی‌و گریکی‌و هیتر بە خواوەندی ناوچە کۆستانی‌یەکان دانران، بەمـەوە ئاهـورامـازدا لەگـەڵ سن و زیـوس و مردۆك و عەشتار.. هتد تێکەڵاوبوون. لە ئەنجامی ئەوەو زمانی کوردی بە ووشـەی فەلسـەفی‌و زانیـاری‌و دیـالێکتیکی زمـانـەوانی دەوڵـەمـەند بوو کە ئەدەب و سامانی هونەری‌و ڕۆشنبیریان مشتوماڵ کردەوە.

بۆ نموونە ووشەی «میثرادات ← میهرداد» کە زۆر جار لە ناوی پاشاکانی ناوچە شاخاوی‌یەکان یا پاشای ئەو ئیمپراتۆریـەتانەی حوکمرانیان کرد دەردەکەوێ. پاشان لە کوردی‌دا ئەمـرۆ بەشێـوەی «خـوداداد» کە بەرامبـەرەکـەی «عطـاء الله»و تورکی‌یەکـەی «الله ویردی»یەو سلاڤی‌یەکان «بـوغـدان»ە دەردەکـەوێ. هەروەهـا تەفـەلادانی پاراستنی دەنگـەکـانی سروشت بنـەچەی پێکهاتنی ووشەکان بوو کە هێشتاش بەشێکیان لەناو ڕستەو دەربڕیندا بەکار دەهێنرێن.

بۆ نموونـە ووشـەی «گرۆم»ی ڕووسی کە هەورەتریشقە دەگەیەنێ هەمان دەنگی دیاردەکەیە لە سروشتدا، بەڵام لە کوردی‌دا دەنگەکەی هەورەتریشقە خۆی «گرمە گرم»ە، ئەم ووشەیە لە کوردی‌دا نەگۆڕاوە تا ئەو قۆناخەی لە ڕووسیدا پێی گەیشتووە تا هەمـان دیـاردە بگـەیـەنێ، یاخود «خورە خورە» دەنگی ئاوە لەعەرەبیدا بۆتە «خریر».

هەنـدێ ووشـەی کوردی لەکـۆنـەوە دیاردەیێکی دیارکراو دەبـەخشن، بەڵام بەدرێـژایی زەمـانە بوونەتە واتای شت و پاشکـۆبـەکـانی وەك ووشـەی «سـەر» کەبوونە سەردار، سەر تیپ، سەربەست. لە ماناى ڕەسـەنی خۆی دوورکەوتونەتەوە بوونـە ووشـەیـەکی لێکـدراو، هەروەهـا «پیـاو» مانـای‌تری بەخۆیەوە دی کەپەیوەندی بەچەمکی کۆمەڵایەتی‌یەوە هەیە، پاشـان ووشـەی «پیـاوەتی» دەرکـەوت کەمـانـای ئازایەتی‌و ڕەوشـت باشی‌و شتی‌تـرە. بە هەمـان شێـوەو ڕێچکـە ڕووسـەکـان هەمـوو موسلمـانێکیـان ناو نا «تـەتەر» چونکە لەڕێگەی تەتەرەکانەوە ئیسلامیان ناسی، ئەمرۆش ووشەی «شـەرقی»لای تورکـەکـان «سـروود، مەقـام، گۆرانی» دەگـەیـەنێ، کە بنـەچـەکـەی دەگـەڕێتـەوە سەر شەرقی «ڕۆژهـەڵات»ی ئەنـەزۆڵ، هەروەهـا «ئاسیـا» ووشەیێکی ئاشووری‌یە کە مانای «ڕۆژهەڵاتی دەگەیاندو لە ـ ئاسۆ ـ وە گۆڕاوە بە ئاسیـا. ووشـەی «ئـاب AP» وەك دیـاردەیێکی سروشتی لە زمـانی هیندو ئەوروپیـدا مانـای ئاوە، پاشـان ووشـەکـە بۆ هەمـوو ڕووبـارێك بەکار هێنرا کە خێڵە هیندو ئەوروپایی‌یەکان لە کەنارەکانیدا نیشتەجێ ببوون، ئێستاش بۆتە برگەی ناوی هەندێ ڕووبار وەك ڕووباری «پێنج ئاب ← بنجاب»، «دۆن ئاب ← دۆن ئاو ← دۆن ئاف» لەو بابەتانە ووشەی‌تر زۆرن کە کوردین و کەوتونەتە ناو زمانی عەرەبی دکتۆر جەمال نەبوستووە درێژە بە باسەکەی بدات بۆ نموونـە «سـەرئـاو ← سرآب ← سراب»، سەرداو ← سردآب ← سرداب»، «گول هەنار ← گلنار ← جلنار»و هی‌تر.

لە باسی سێ‌یەمەدا لەوە دەدوێ کە دانیشتوانی وڵاتی

سویارتۆم گۆرانیکی ئەثنیکی بەسەرا نەهات بەقەد ئەو گۆرانەی کە هاتە سەر ناوەکان. ناوی حوریەکان پاش سەدەی حامورابی شوێنی زۆربەی دانیشتوەکانی گرتەوە. ناوی «هوفاردااتا» کە بەمانای بەخشینی خودا دێ، لە نووسراوەکانی بابولیەکاندا بەرێژەی «ئومرداتوو، خورداتوو، پاشان خومرداتوو».

هاتوەو هێشتا ئەم ناوە، بەناوی خورماتوو بەکار دەهێنرێ «طووز خورماتوو، نازە خورماتوو» وەك لە ناوی «باگاداتوو ← باگادات ← بەغداد» واتە بەخشینی باگای خواوەندا هەیە. لەبابەت میتانیەکانیشەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە لە ناوچەکەدا ناوی «کورد» وەك چینێکی سەرخان هێشتا لەناوچە ناوبراوەکەدا دەرنەکەوتوە. هەروەها زمانێکی هاوبەشی دەرنەکەوتوە، تەنیا ئەو بۆچوونە نەبێ کە پەیوەندییەکی بەتینی کوردیی هاوچەرخ مایە لەگەڵ میتانی کۆندا، لەتەك ئەوەشدا زۆربەی ناوە جوگرافیەکان و ئەثنۆمیکیەکان بە شێوەی سۆمەری ئەکەدیو حثی مانەوە. وە لە ئەنجامی ئەو گۆرانەی بەسەر ناوچەکەدا هات ناوی شاریتر لەو وڵاتەدا دەرکەوتن و گۆران بەسەر چەند ناوێك دا هات وەك «بیت گەرمی» بوە «باجرمی» لە عەرەبی، هەروەها «بیث زیدیتا» بوە «بازبدا» وەك «بیث فردو» بوە «باقردی»و «بیث درایە» بوە «بدرە» هەروەها لە ناوی (جرمی) وشەی «جرمیق»ی عەرەبی وەرگیرا، کوردییە کۆنەکەی «گەرەمیك»ە کە بوە گەرمیانی.

کوتیەکان کۆنترین خەڵکن کە ئەم ناوچەیان کردە هەوارگەی خۆیان. هەرچەندە کە «عرفە - ئەرابخا» لایەکە لە شاری «کەرکووك»ی ئێستا، بەڵام ناو لێنانی (کەرکووك) کورتکردنەوەی ناوە ئارامیەکە نیە «گەرخاینێت سلوخ» کەلە سەدەی ئیسلامیدا بووە «کەرخینی» بەڵکو بەر لەو مێژ ووە بەشێوەی (کورکور) وەك لاسایی کردنەوەی دەنگی ئاگری بیرەکانی نەوتی ئەم ناوچەیە هاتوە کە دوایی ناو نرا «بابە گور گور» کە لە کۆنەوە دەورەی پەرستگای «ئەناهیتا»ی دابوو.

هەرچەندە کە ووشەی نوێ هاتەکایەوە بەڵام زمانی کوردی خاسیەتی خۆی پاراست. وەك ووشەی «سپادا» کە بە مانای سوارە دێ، هاو واتای لەشکرە. «سوپا» ووشە کۆنەکەی «ئەسپاکا» بوو. جگە لەمە ووشەی «پادیکا» بە مانای - پیادە - ماوەتەوە، بەڵام هەندێکیتریان شوێنەواریان کۆێر بۆوەو لەناو کوردیدا وون بوون، «پا» نەبێ بە مانای «پێ» کە پیادەی لێ وەرگیراوە «بیدق»ی عەرەبیش هەر لەپیادەوە وەرگیراوە. «ك. غ». هەروەها «بانداکا ← بەند، ئەیسە ← وەیس، تنوکا ← تەنو ← تەن، ناسوکا ← نازوکا ← ناسك، نازك»و هیتر.

بەشی باسی چوارەم بریتیە لە لێکۆڵینەوەیێکی پوخت لەبابەت شوێنەکانی ژووروی وولاتی سوپارتۆوە، بەڵام ناوچەی زێ کە بە ئاشووری بە «ئەنزیت» ناسراوەو بە «حثی» کە لە بەشی دەقەکانی (بوغازی کوی) بینراوە کە دەکەوێتە تەك سوفانیەو باشووری ئەزنینی کە لەدواییدا بەزمانی سریانی وەك (لەرزۆن) تۆمار کراوەو بە ئەرمەنی وەك (ئەرزنیك و ئەلزنیك) پاشان لە سەردەمی ئیسلامیەوە بە (میافارقیین) ناوبرا، بەتایبەتی بووە مەڵبەندی دەوڵەتی مەروانیی کوردی لە سەدەی دەیەمی زایینیدا.

دانەر لەوە دەدوێ کە ئەو ناوچانەی ناوهێناون حثیەکان لە کاتی هێرشەکانیان بۆ سەر بابول لەسەرەتاکانی سەدەی شانزەمی زایینیدا ئەم وولاتەیان وێران کرد، پاشان یەکگرتنی ئەم ناوچانەی بەدواوە هات بەتایبەتی سەرچاوەکانی ڕووباری خابوورو هیرماس پاشان هوریو دەرسیم و ئەنزیت و ناوچەی «هانی گلبات»یان پێکهێنا کە بووە مەڵبەندی دەوڵەتی میتانی. لێرەدا بۆ ئەوە دەچێ کە ناو نانی «پالو» دەوروبەری بە «بورشخند» لەلایەن حثیەکانەوە کە ڕەمزی برگەی یەکەمی «بورگ» (bhrgh) بەمانای بەرز بەزمانی خۆمالی، هێشتاش لە زمانە جەرمەنیەکان خۆیاندا «چیا berg» ماوەتەوەو شێوەی لە کوردیی نوێدا «برز ← بەرز»، هەروەها ناونانی ناوچەی «ماشوهاندا، ماشهونتا»وە بە یۆنانی «میز» کەبەرامبەرەکەی

«مـەزەی کوردیی کۆنـەو «مـەزن»ەی نوێیـە، لەم ڕووەوە نموونەی زۆرمان بۆ دێنیتەوە.

هۆیەکانی جوگرافی لەتەك واقیعی رامیاری‌و نەتەوایەتی دەوری خۆیان دەنوێنن لە گۆڕانکاری‌یەکانی ئەثنیکی کە لە بەشی ڕۆژئاوای ئەنەزۆل دەردەکەون، بەتایبەتی لە نزیك سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلەو چەندین ئەو چەقانەی دێنە سەری، لەکاتی ڕووبێکردنی هەندێ خێڵی ڕۆژئاوایی بۆ ناوچـەکـە. ناوی دیجلە کە لە سەردەمی میدی بەشێوەی تیگرا Tigra دەرکەوت، سترابۆی جوگرافی یۆنانیش ڕەسەنی ئەمە دووپات دەکاتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستی‌یە دەردەخات کە خێڵی میدی لە کەناری سەرچاوەکانی‌دا دانیشمەند بوون.

ئەم ڕووبارە لەم ناوچەیەدا سێ لقی هەیە:

1 - دیجلەی ڕۆژئاوا: ئەرغانە صو لەنزیك گۆمی گولجکەوە دێ.

2 - زیبانە صو: کە لەسەدەکانی ئیسلامیدا بە ئالی ذو القرنین لەکوردی‌دا باوبوو.

3 - دیجلەی ڕۆژئاوا «بهتان صو».

ناوی «جولیمێرگ» یاخود جولا مێرگ»مان بۆ ساغ دەکاتەوە کە لە سەرچاوەکانی ئەرمەنی‌دا بەناوی «جلمارگ»ەوە هاتووە، بەڵام ناوەکە کوردی‌یەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە پێش تۆمار کردنی، دەبێ - گوڵی میرگ - بێ.

ناوی «ساریساو پیناکاو ساتالکا»مان بۆ شی‌دەکاتەوە کە لە چیـەوە هاتـەوە بنـەچـەکـەیان چیە، لەدواییدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە وولاتی سوپارتۆم مەڵبەندی کۆبوونەوەی هەمە ڕوانـەتی شارستانێتی پێك دێنێ کە لەو وولاتـەی دەورەی داوە سەری هەڵداوە، ئەویش لەئـەنجامی تێکـەڵاوبوونی ڕاستەوخۆی ئەو شارستانێتی‌یە خۆماڵی‌یانەی کە لە وولاتی دوو ڕووبـارەکـەو ئەنـازۆل و قەفقـاس و باشـووری دەریای قەزوین گەشەیان سەند.

باسی پێنجەم هێنانەوەی هەندێ بەڵگەیە کە ڕێگامان بۆ ڕۆشن دەکـەنـەوە بۆ دەرخستنی پەیـوەنـدیی زمانەوانی نێوان کوردیی هاوچـەرخ و میتـانیی کۆن. دکتـۆر جەمـال لەو ڕایـەدایە کە چینێکی دیـاریکـراو لە سواره «ئـەسپـا بارا»ی کۆمـەڵگـای میتـانی خەریکی بەخێـوکـردنی وولاغ بوون، ئەوانە پەرەیان سەندو هێزو دەسـەڵاتێکی ئەوتۆیان هەبوو کە بە تونـدی ڕووبـەڕووی هێـزەکـانی تەحـوتمسی یەکـەم، فیرعەونی میسر بوونەتەوە، بەڵام ئەوان بەرەنگاری تەوژمی هێـزەکـانی ئاگـۆمی دووەمی کاشی بوون لەبـاشـوورو هەرچـەنـدە کە مل ملانێ لەنێـوان چینی کاربـەدەست لەم وولاتـە هەردوو تاقمی لایـەنگـری میسـر یاخود حتی‌یەکان دەرکەوتوە، بەڵام تاقمی‌یەکەم سەرکەوتووەو پەیوەندی لەنێوان میسرو میتانی‌یەکان بەهێز بووە، بەرادەیێ نامە لەنێوانیاندا ئاڵـوگـۆڕ کراوە، لەمـەش زیاتر ئەمنۆفیسی دووەم خوازبێنی یەکێ لە کچـەکـانی پاشـای میتـانی کردوە، ئەویش داوای چەردەیێـك زێـری کردوە لەجیـاتی ئەوەی کچـە جوانەکەی خۆی کە «تۆ دۆ هیبا» بوو بداتێ، پاش مەرگی ئەمنۆفیسی دووەم بوە خێـزانی ئەمنـۆفیسی چوارەم، ئەویش ئەوەنـدەی خۆش دەوێست تا ڕادەیێ ناوی نا «نەفەرتیتی».

دکتـۆر جەمال چەند ناوێکی‌ترمان بۆ ساغ دەکاتەوە وەك واشـکـانـی‌و کۆنتـرین ڕێـژەی جوگـرافی ناوی وولاتی میتـانی‌یەکـان، هەروەهـا باسی سوارسـوارانێ دەکـات کە (کیکـۆل) ناوی نا «نـاڤـارتـانی ڤاژنە سەیە» کە نۆ کۆرسی بووە مەودای هەر کۆرسـێـك باسی دەکـات کە نزیکـەی حەوت میـل دەبـوو، هەروەهـا شێوەی پێشبرکێ‌یەکە دیاری دەکات کە چۆن بووە لەمەش زیاتر زاراوەی «ئەسپا ڕئیسە» کۆنی میتـانی لەکـوردیـدا بەشێـوەی ئەسپ ڕێـز ماوەتەوە. هەروەهـا ئەو ژمـارانـەی کە کیکـۆل تۆماری کردوون لەگەڵ ژمـارەی کوردی‌دا ئێستـا هاوجـووتن، ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕە کە کوردی تاکە میراتگری ئەو زمانەیە کە ڕۆژێ لەڕۆژان زمـانی شارستـانێتی لەدین و سیـاسـەت لەوولاتی بالادا دروست کرد.

دیـارە شاژنـە (نـەفـرتیتی) هاوسـەری ئەمنۆفیسی چوارەم دەورێکی گەورەی بینیوە لە ناوگۆڕینی مێردەکەی بۆ - ئاخن

ئاتوون ـ (ئاتوون خواوەندی خۆرە بە زمانی میسری کۆن) ئەمەش بەڵگەیەکە کە خۆی میتانی بووەو لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە لە کۆمەڵەکەیدا باو بووە بەر لەوەی شوو بە فیرعەونی میسری بکات. گومانیشی تێدا نیە کە ئەو گۆرانە ئایدیایی‌یە لە ناوچەکەدا پەرەی سەندو زۆر بیرو باوەڕی کۆنی گۆڕی. پاشان ئایینی‌تر دەرکەوتن کە باوەڕی کۆنی کوردی کە دیلی ئایدیای میتۆلۆژی سۆمەری‌یەکان بوو، بەڵام ئەو فیکرە نوێیە نەبووە بنەچەیێکی روحی بەهێز لە پەیوەندی‌یە مادی‌یەکانی ئەو کۆمەڵگایانە هەتا تیرە میدی‌یەکان لە وەڵاتی چیادا بڵاوبوونەوەو ئەو دەورە دینی‌یە گەورەیەی کەتیرەی (ماگ)یەکان لە ناوەراستی هەزاری یەکەمی بەر لەزایین نواندیان. . پاش کۆچکردنی ئاری‌یەکان، دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە دەسەڵات سەندنی زمانی پیرۆزی کتێبی (ئافێستە)و بڵاوبوونەوەی هەندێ تیرەی میدی، راستەوخۆ لەو وەلاتەدا بووە هۆی ئەوەی کە زمانی میتانی لەگەڵ هەندێ زمانی ناوخۆو، خۆمالّی کردنی بە میدی بووە هۆی دەرکەوتنی چەکەرەکانی زمانی کوردی.

باسی شەشەم لەرێگەی هەندێ ناوەوە دەیەوێ بگاتە هەندێ راستی کە رێچکەی پێناسینی میژووی کوردستان بن و رەگ و ڕیشەی یەکەمی میژووی کورد بن کە ئەوانەش لەزمانانی جیهان دا هەن، لەبەر هەندێ هۆی خودی‌و مەوزووعی، چەند بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕوون ژمارەیێك ناوی کۆنن کە لە زمانی کوردی‌دا ماونەتەوە، وەك «ئامۆمۆن، یاخود ئامۆمۆم» کە پوختەی بەردی کریستالن کوردەکان لەچیاو ئەشکەوتەکان دەریدێنن، یاخود (گاگات) کە وەك گوگردەی کوردی‌یە یاخود (گەزگەن). کە داریکە بۆ تیمارکردنی برین بەکار دێ.

بەشداری کردن لە بەکار هێناتی ئەو ووشانە لە زمانی یۆنانی‌و لاتینی‌و کوردی کۆن و نوێ دیاردەیێکی کارتێکردنی هلینزمە لە شارستانێتی‌ی ناوخۆی وولاتی کۆیستان بەر لە تۆمارکردنی ئەم ووشانە بە چەند سەدەیەك بە تایبەتی کە مەقدۆنی‌یەکان دەستیان نایە ناو کاروباری ڕۆژهەلات. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەی دکتۆر جەمال ناونانی ـ پێنجوین و بیتوێن ـ نیشانەی دەسەڵات سەندنی شارستانێتی‌و سیاسی هیلنستی‌یە لەدەسەی مەقدۆنی سلووقی. برگەی یەکەم (پێنج) لەسەر دەمی میتانی‌یەوە هەبووە، هی دووەمیش لەگەڵ دەرکەوتنی یۆنانی‌یەکان لەو ناوچەیەدا لە کۆتایی هەزاری یەکەمی بەر لە زایین دا دەرکەوت. بیتوێن ـ بیت وێن‌ەیش لە کارتێکردنی ئارامی‌یەوە هاتووە.

لەم ڕووەوە کۆمەڵێك ناومان بۆساغ دەکاتەوەو شوێنە جوگرافی‌یەکانیشیان دیار دەکات و ئەو گۆرانانەی کە بەسەر ووشەکاندا هاتووە بەیەك دیاری دەکات کە لە بنەچەدا چۆن بوون، ئایا کارتێکردنیان پێوە دیارە یان نا؟ لە چی‌یەوە هاتوون، لە کۆنەوە چ بوون؟ ئەم گۆرانانەش بۆ باری خودی‌و ئایینی‌و رامیاری‌و ئابووری‌و مەوزووعی دەگەڕێنێتەوە.

دکتۆر جەمال لەو سێ باوەڕنامە گرنگانە دەکۆڵێتەوە کە سالی 1905 لەناوچەی هەورامان دۆزراونەتەوە. دوویان بەپێی یۆنانی کلاسیکی نووسراون و سێیەمیان بەخەتی ئارامی کۆن. کاولی ئەو باوەڕنامانە بۆ سەدەی فڕێی دەگەڕێنێتەوەو باوەڕنامەی سێیەم بە دەقێکی پەهلەوی دەدانە قەڵەم کە بە ئەلفبای ئارامی لەگەڵ چەند ووشەیێکی سامی نووسراوەتەوە.

نووسەر بە دوورودرێژی لە باوەڕنامەکە دەدوێ‌و بۆمان شی‌دەکاتەوە ئەو گیروگرفتانە دەمێ نیشان دەکات کە دێنە پێش خوێندنەوەی پسپۆر لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکانی ئەو قۆناخە، ئینجا دەگاتە ئەو بڕوایە کە زمانی کوردی هەر لەسەرەتاوە کەوتبووە ژێرکارتێکردنی دوو جیهانی گەورە لە زمانەکانی هیندی‌و ئەوروپی‌و سامی، ئەو جۆرە کارتێکردنەش دەردەخات. هەروەها ئەو دەورانەی کە زمانی ناوخۆی وولاتی سوپارتۆ یاخود کۆیستان پێیاندا تێپەڕیوەو کە بوونەتە بنچینەی یەکەمی زمانی کوردی هاوچەرخ بەسەر پێنج قۆناغ دا دابەش دەکات و یەکە یەکە لێیان دەدوێ.

هەوالنامەی کتێب

دکتۆر جەمال بەشی دووەمی کتێبەکەی بۆ کاردۆخی‌یەکان تەرخان کردوە. قسەی (وایسباخ) لە بارەی کاردۆخی‌یەکانەوە بۆ نمونە دێنێتەوە کە گەلێکن لە بەرزایی‌یەکانی دیجلەوە دانیشمەندبوون و سنووری ژوورووی ناوچەکەیان لقی گەورەی دیجلە بوو.

گریکەکان لە کاتی گەڕانەوەی دە هەزار کەسەکەوە، کاردۆخی‌یەکانیان ناسی کە کسینۆفۆن سەرکردایەتی کردو بەدرێژی خاسیەتی وڵاتەکە وەسف دەکات وەچپای جودیی ئێستاەو ئەو شەڕە قورسانەی کە سوپای یۆنانی‌یەکان تووشی هات لەکاتی کشانەوەیدا ـ کە ناچارکرا ـ بەرامبەر ئەو کەسانەی شارەزایێکی چاکیان لەکاروباری جەنگدا هەبوو. باسی چەك و جبەخانەی کاردۆخی‌یەکان دەکات کە بەکاریان دەهێناو دێتەسەر ئەو ڕایە کە ئەو کاردۆخیانە هەرچەندە لە هەمور لایەکدا فارسەکان دەوروبەریان داپوون، بەڵام توانیان سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان بپارێزن. کسینۆفۆن دەڵێ: دوانزە هەزار سەرباز پەلاماری وڵاتی کاردۆخی‌یەکانیان دا، دوا کەسیان لێ قڕکرا، یۆنانی‌یەکان خۆشیان ئەوانەی لەگەڵ کسینۆفۆن بوون کاتی حەو ڕۆژەکە کە بەم وڵاتە تێپەڕین زیاتر زیانیان لێکەوت لەوەی لە هیرشە دوورو درێژەکەدا زیانیان لێکەوت: بەدەگمەن پاش کسینۆفۆن هەواڵ لەبابەت کاردۆخی‌یەکانەوە تۆمار کراوە.

دکتۆر جەمال هەندێ زانیاری دەربارەی کاردۆخی‌یەکان ساغ دەکاتەوە بەتایبەتی ڕایەکانی سترابۆن کە ئەویش هەمان ڕایەکانی ئیرانۆ ـ شنیس دووبات دەکاتەوە کە پڕن لە هەڵە، هەروەها ئەو ڕایانە شی‌دەکاتەوە کە لە ئەفسانەی لافاوەکەوە دەدوێن و کەشتی‌یەکە لەسەر کام چیا گیرساوەتەوە کە ڕای موسا ئەوەیە کە کەشتی نووح لەسەر چیای ئەرارات گیرساوەتەوە، وانە قردو کە لە هەمور نووسینەکانی سریانی‌دا دەبینرێ. ناوەکە خۆی لە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز لەلایەن ئۆرشلیمەوە «قردون»ەو لە نووسینەکانی مەندالیدا «قاردون»ە.

هەروەها کەشتی نووح بەڕای نیقولای دیمەشقی لەسەر چیای باریس گیرساوەتەوە.

بەشی سێیەم لە پەیوەندیی کورد بە کاردۆخی‌یەکانەوە دەدوێ کە تەمومژ بەگشتی مێژووی گەلی کوردی لە کۆنەوە تەنیوەو ئەو تەقەلایەی کە دراوە خاسیەتە نەتەوایەتی و چەندیەتی بنەمایەکانی کە نیشانەکانی ئەم گەلەی ئێستا دیاری دەکەن لەپێشەوە ناونانی نەتەوایەتی ـ لەگەڵ ئەو ناوانەی بەشێوە لێوەی نزیکن بەتایبەتی، گشتیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پاشان شی‌کردنەوەی ڕەوتی ئەو مێژووە تەنیا لەناو ئەو ناوانەداو دروستکردنی چەند ڕایەك کەپشت بەو باوەڕە، خودێیە دەبەستن لە گەشەپێدانی یاخود وون بوونی هۆیەکی سەرەکین بۆ دەرکەوتنی ناکۆکی لەنێوان تیۆری ئەو کەسانەی پسپۆڕیان هەیە لەو لێکۆڵینەوانەدا لەبابەت ناونانی ڕەسەنی ئەو نەتەوەیە، وەك لەناو کۆڕەکانی جیهانی‌دا دیارە کوردەکان سەربە کاردۆخی‌یەکانن، هەشە دەڵێ کە دەگەڕێنەوە سەر کیرتی‌یەکان. درایفەر ویستی ئەم دوو ناونانە بە هەمور ئەو ناوانەوە ببەستێتەوە کە لە ڕەنگە و ڕوخسارا لەگەلیاندا نزیك دەبنەوەو هەوڵی‌دا کەپەیوەندی ئیتمۆلۆژی نێوانیان و ناوی ئێستای کورد بدۆزێتەوە. هێشتا ئەو ڕایانە باون بەوەی کە کاردۆ ـ خ + ۆی دانیشتوانی کۆنی ناوچەی ئێستای یۆنانن.

دکتۆر جەمال ڕایەکانی کوردۆیف شی‌دەکاتەوە کە لەبابەت وڵاتی کاردۆخی‌یەکانەوە چی ووتوە، کە هەمور ئەو تێۆرانەی پەیوەندیان لە نێوان کوردی کاردۆخی نێوان هەردوو لاو نێوان کازداکای سۆمەری لەلایەك و نێوان ئەو ناوێنانەو زاراوەی سامی کاردۆ کە بە مانای بەهێز یاخود جەنگاوەر دێ، دۆزیوەتەوە پووچەڵ دەکاتەوە، ئەویش ئەو تیۆرەیە کە درایفەر لەمەوبەر پشتی پێبەستووە هی ئەوە نیە لایەنگیری بکەین. چونکە درایفەر کورد بەو کەسانە دەداتە قەڵەم کە جۆرە زمانێکی ئیرانی بەکاردێنن ئەم ڕایەش دوورە لەواقیع.

هەروەها کسینۆفۆن بەڕوونی وڵاتی میدیا لەناوچە شاخاوی‌یەکان جیا دەکاتەوە، گریمان کە کوردەکان

راستەوخۆ دەگەڕێنەوە سەر کاردۆخی یەکان و بەکوردی قسەیان کردوە ئەو حەلە دەبێ ئەو تیۆرە پشتگوێ بخەین کە کورد هەرنەبێ چ گەل چ زمان دەگەڕێنەوە سەر میدی‌یەکان هەروەکو مینۆرسکی لەو سالانەی دوایی ژیانیدا ویستی بیسەلمێنێ. لەگەڵ ئەوەش دەبێ ئەوە بڵێین کە میدی‌یەکان کەم یا زۆر راستەوخۆ کاریان کردە سەر گۆڕینی ڕوخساری دانیشتوانی ناوخۆیی غەیری ئێرانی لەناوچە شاخاوی‌یەکانی ژوورووی وڵاتی ئێوان هەردوو ڕووبارەکەو ڕۆژهەڵاتناسانەوە هاتووە کە دکتۆر جەمال لەمەوپێش ناوی هێناون.

لە ڕاستیدا دەنگوباسی کێرتی‌یەکان لەتەك تیرەی دیکەوە هاتوون وەك کاردۆسی‌یەکان و ماردی‌یەکان و دێلم و تیرەی‌تر کە لە ناوچەکانی ئەترۆپاتینا «ئاذەربیجان»و ئەو لەوەڕگایانەی کە کەوتۆنەتە باشووری دەریای قەزوین، هاتۆ چۆیان دەکردو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کە مۆرکی شوانکارێی جەنگاوەریان پێك هێنا «ئیمپراتۆریەتەکانی ئێرانی‌و ڕۆمانی زۆر جار سوودیان لێ‌بینین».

دکتۆر جەمال ڕای وایە کە هەرچەندە ڕووداوی ڕاست کە پەیوەندی بەتیرەکانی کێرتی‌یەوە هەیە لە تۆماری سیریانی مەسیحی نووسراونەتەوە کەچی چ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نیشتمانێکی دیاریکراوی ئەوانە نیشان نادات دەنگوباسەکانیان وەك سواڕەکانی تیرەو خێڵی ڕەوەند هاتوون لە ڕۆژئاوای ئاسیای بچووکدا بڵاوبوونەتەوە «واتە ناوچەکانی ژوورووی وڵاتی ئێستای کورد» کە لەبەر چەند هۆیەکی ئابووری‌و سیاسی بووە مەڵبەندێك بۆ بڵاوبوونەوەی چەند کۆمەڵە شوانکارەی جەنگاوەر، بە چەند دیالێکتیك دەدوێن زمانەکەیان دەگەڕێتەوە سەر جیهانی زمانی هیندو ئێرانی کە بووە بنچینەیەکی دیالێکتیکی کرمانجی ژوورو لە سەردەمی میدی‌یەوە.

مینۆرسکی لەکاتی خۆی‌دا لەو باوەڕەدا بوو کە کوردەکانی زازا لەژوورووی دیاربەکرەوە تا سنووری پالوو دەرسیم بە خۆیان دەوت دیملی، هێشتاش ئەوانەی بەدیالێکتیکی زازای کوردی ئێستا دەدوێن بەخۆیان دەڵێن (دیملی)، وا دیارە خێڵی (دومبۆلی) لە ناوچەی خۆی (کوردستانی ئێران) لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە پەیوەندی بێ‌گومان مەبەس «کێرت»ە، دوو مێژوونووس یەکەم لە زمانی توفیق وەهبی‌یەوە وایان باس کردوون کە تیرهاوێژی چەکداری یەدەگ بوون لە سوپاکانی مادی‌و ئاسیای بچووکدا. کەچی ئەوی سێ‌یەم ناوی ناون «شاخاوی سەرەتایی دانیشتووی وڵاتی مادو ئەرمێنیاو فارس «ئەمە ئەو ڕایە دەسەلمێنێ کە لە نووسینەکانی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەوە هاتووە کە دکتۆر جەمال لەمەوپێش ناوی هێناون.

هەواڵنامەی کێرت

دکتۆر جەمال بەمەندەش ناوەستێ، بەڵکو کۆمەڵێك ڕاو سەرچاوەی تریش شی‌دەکاتەوەو نەژادی کورد ساغ دەکاتەوەو دەمانخاتە ئەو قەناعەتە کە کوردەکان لە کۆمەڵێکی دیارکراودا نەهاتوون وەك کێرتی‌یەکان یاخود کاردۆخی‌یەکان یا کاداکا بەشێوەیێکی راستەوخۆ بەڵکو پەیوەندی‌یەکی ڕەگەزی‌و شارستانەتیان لەگەڵ گشت ئەو کۆمەڵانەو دانیشتوانی کۆن و وڵاتەکەیانەوە لە چەند قۆناخێکی دیارکراوی مێژوودا هەیە. هەروەها کورد شێوەیێکی گەشەسەندووی ناوی کادۆ یاخود کردۆ (قردۆ) نیە، ووشەی کوردیش پێش گەلی کورد کەوتۆتەوە کەوا بەمانایەکی تایبەتی بەکارهاتوە، بەر لەوەی مەرجی نەتەوایەتی تێدا بێ.

بەشی چوارەمی لێکۆڵینەوەکان «دەوری کرت»ە لە مێژووی کوردا، دکتۆر مەکنزی لە ڕاپۆتی سالانەی کۆمەڵەی زمانان سالی 1961 ئەوەی باس کردووە کە «تاکە ئیشارەت پێدانی ئاشکراو ڕوون لەبابەت کوردەکانەوە بەلای کۆنە نووسەرانی بەر ئەم سەدەیەمان وا دەردەکەوێ کە ئەوەی دوابەدوای یەکەوە هاتوە لەپۆلیبۆس و لیڤی‌و سترابۆوە کە لە کرتەوە دواون وەك دکتۆر جەمال دەڵێ

بەو دیملیانەوە هەیە، بەرمەکی‌یەکان بەوە ناویان دەرکردبوو کەسەر بە خێڵی «دنبلی»ن.

کارل هەنک ئەوە دەسەلمێنێ کە هاوجووتی ناولێنانی دیملی «ناوی نەتەوایەتی زازا»یە، هەروەها ناولێنانی زمانەکەیان لەلایەن ئۆسکارمانەوە دەستی پێکرد، ئەنترانیکی ئەرمەنیش لە شی‌کردنەوەی زمانەوانی‌دا گەیشتە هەمان ئەنجامەکانی ئۆسکارمان. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون ئەوە دەسەلمێنن کە زازا خۆیان بە «دیملی» ناو دەبەن و دیالێکتیکی غەیری تورکی دەدوێن. کەچی لەکاتی خۆیدا گەریدەی عوسمانی ئۆلیا چەلەبی بەهەڵە چووە کە گوایە ئەو «دومبلی»یانەی لەدەوروبەری گۆمی ئۆرمیاە دەژین تورکمانن و بەتورکی دەدوێن. بەڵام گەریدەی ئێرانی «نعمت الله شیروانی» توانی واقیعی (دونبەلی) ئەوانەی لەناوچەی خۆی‌دا هەن ساغ بکاتەوە کە کوردن.

لەڕاستیدا (دیلم) لە کۆنەوە لەناوچەی بەرزی گیلان، باشووری دەریای خەزەر تا گەیشتە شاخەبەرزەکان لەباشوور تاسنووری تەبرستان دا هەبوو، بەڵام ئەم ناوە لە ڕووی جوگرافی‌یەوە پەرەی‌سەندن، هەروەها خێڵە دێلمی‌یەکان بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کرد، بۆلیبۆس وەک دراوسێی باکووری میدیاو نزیک کاردۆسی‌یەکان و میتانی‌یەکان ناوی هێناون.

دکتۆر جەمال ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو ڕاپۆرتەی درایڤەر ئەگەر ڕاست بێ کە شوێنی جوگرافی وولاتی کارداری سۆمەری لە باشووری گۆمی وان دیاری دەکات، ئەوە تاراددەیێک لەگەڵ شوێنی کاردۆخی‌یەکان کە وایسباخ شوێنەکەی دیاری‌کرد بە پێی قسەکانی کسینۆفۆن، دەگونجا، کە ناوچەی بوهتانی ئەمڕۆیە، بەڵام ئەم شوێنە پارچەیێک لە وولاتی گوردۆیای پێک دێنێ کە سترابون ناوی بردوون. هەروەها لە ڕووی ساغ کردنەوەی ووشەی (جودی)یەوە کە کەشتی نووح لەوێدا گیرساوەتەوە، دکتۆر جەمال دەگاتە ئەنجامی کە وەرگێڕانی عەرەبی «گودی»یە، ووشەکەش لە ڕێگەی نووسەرە ئارامی‌یەکانەوە کراوەتە عەرەبی، ئەو چیا بەرزەش لە وولاتی قردۆیە کە بەناوی ـ گودك ـ ی ئەرمەنی بەدەستمان گەیشتووەو شوێنەکەی نزیک جودی، زۆزن، ئەویش زۆزان)ی کوردی‌یە کە بەمانای لە وەرگای بەرز دێت. لە لایەکی‌ترەوە ناوهێنانی «ئارارات» لەکتێبی «العهد القدیم» ڕاستی‌یەکەی پێشوو هەڵناوەشێنێتەوە ئەگەر زانیمان مەبەست لەناوی ناوبراو وولاتی ئۆراتۆیە کە لە ناو بەرزاییەکانیدا ئەم «گودك»ە دەگرێتەوە. لە حاڵەتی هاوجووتی ووشەی «قردێ» لەگەڵ ناولێنانی (کورد) لەلایەك و بڕواکردن کە گەلی کورد یا (کورد) مادبین وەك مامۆستا توفیق وەهبی سووڕە لەسەری لەلایێکی‌ترەوە، ئەو حەلە ووشەی (قردێ) بەشێوەیێکی مەنتیقی میدی (مادی)یە، ناوچەکە خۆی بەشێك دەبێ لە وولاتی مادی‌یەکان «میدیا».

یوسف فلاوی وتاسید لەو ڕایەدان کە خێڵە جەنگاوەرە بەهێزەکانی ئالان لە قەفقاس و میدیاو ئاسیای بچووك و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی‌دا بلاوبوونەوە، هیچ سەیر نیە کە بە چەند کۆمەڵێکی خێڵەکی جەنگاوەری‌تر گەیشتوون کە سەربەهەمان جیهانە لە ڕووی زمان و ژیاری‌یەوە وەك دێلم و ماردی‌یەکان و غەیری‌تر لە کورد. لەبەر ئەوە ئێمە دەتوانین پێشبینی بەشدارکردنی خێڵەکانی ئالان بکەین لە دەرکەوتنی چەکەرەکانی نەتەوایەتی کوردی پەیوەند بە مەسەلەی زمانەوانی‌و ئەدەبیاتەکانی، سەرەڕای ئەنتۆگرافی دانیشتوانی ژووروووی کوردستان، چاکترین بەڵگەش بۆ ئەوە دەوڵەمەندبوونی ئەدەبی کوردی کرمانجی ژووروو» بە داستانی شیعری مەردایەتی‌و جەوانمەردی کەشەخسیەتی ئالانی «مەم» دەوری تیادا دەبینێ.

لە ڕاستیدا حەوت گوندەکەی کورد کە ناویان لەکتێبی «سنووری جیهان»دا هاتووەو لە دەشتەکانی ئەندخوذی (ناوەڕاستی ئاسیا) بەر لە سەدەی دەیەمی زایینی‌دا هاتووە پاشماوەی ئەو یەکە ئالانیانەن کەکۆچیان بۆ ڕۆژئاوا کردو لەگەڵ خێڵی خاوەن زمانی ئێرانی تێکەڵاو بوون.

دکتۆر جەمال تیۆرەکەی هەریەك لەنۆلدکەو هارتمان و

هەوڵنامەی کتێب

وایسباخ پاست دەکاتەوە کە لە بابەت گیرتی‌یەکانەوە دەربان بڕیوە کە باپیرانی کورد تەنیا گیرتی‌یەکان نین، بەڵکو دەورێکی گەورە دەبینن لە تەواوکردنی دەرکەوتنی نەتەوەی کورد لەسەر شانۆی ڕووداوە مێژوویی‌یەکان لەڕووروی وڵاتی ئێران دوو ڕووبارەکەو ڕۆژهەڵاتی ئەنەزۆڵدا، سەرەڕای دانیشتوانی دیالێکتیک لێك نزیك کە زەمانێکی پێشتر ئیادا دانیشمەندبوون کە ئوانیان خۆیان بەسەر زمانی ناوخۆیی بچەسپێنن کە سەر بە جیهانی هیندو ئەوروپی نین و گومانی تێدا نیە کە کرتاوی‌یەکان بوونە بەشێك لە نەتەوەی کورد پێش دەرکەوتنی ئیسلام.

دوابەشی کتێبەکە لە «چەمکی کوردو کرمانج لەمێژوودا» دەدوێ کە کورد، ناوی نەتەوەی گەلی کوردی دانیشمەندە لەو وڵاتە شاخاوی‌یەی کە ڕۆژهەڵاتی تورکیاو ڕۆژئاوای ئێران و ژووروی عیراق و چەند بەرزەکێکی زەقە لە ژووروی سوریادا، ئەم وڵاتەش پێی‌دەوترێ کوردستان واتە وڵاتی کوردان ـ کورد ـ سنووری رامیاری نیەو لەنەخشەی‌میریدا سنووری بۆ نەکراوە، هەر بەشێکیان لەو بەشانە پارچەیەکە لەو دەوڵەتانەی ناومان هێنان. ناوی کورد بە چەند شێوەیێکی جیاواز هاتووەو بە پێی خاسیەتی زمانی گەلە دراوەتی‌یەکانی کورد، بۆ نمونە: (کرد) کۆیەکەی (أکراد)، لەکن عەرەبەکان و (کورد) کۆیەکەی «کوردەها» لەکن فارسەکان و (کیورت) کۆیەکەی «کیوتنس» لەلای تورکەکان.

بەلام کوردەکان خویان نەتەك کوردەوە ناوی (کورمانج یاخود کرمانج) لەزۆر ناوچەی ژووروی وڵاتەکەیان دەنێن و (کورمانجی یا کرمانجی) لەزمانی نەتەوایەتیان دەنێن. بەلام پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و گەشەکردنی پەیوەندیی ئابووری لەووڵاتەکەیان پشتگیری ناوێنانی یەکەم (کورد) دەکەن کەبەرەبەرە شوێنی گونجاو و لەباری خۆی لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا کردۆتەوە، سەرەڕای بەکارهێنانی لەدەرەوەی کوردستاندا تەنیا بەو ناوە. ئەوەی کەزانراوە کورد لەلایەنی جیاجیاوە واتای ناوێکی گشتی کۆمەڵێك مرۆڤایەتی کە خاوەن خاسیەتی نەتەوایەتی دیارکراوە بە چەند قۆناخێکی مێژوویی ئالۆزو تێك ئالاودا تێپەڕیوە، بە چەند گۆڕانێکی جۆریەتی بەسەر چەمکی ئەم ناوەدا هاتوە. بۆ ڕاستی ئەمەش دکتۆر جەمال ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ووشەی کورد بەر لە ووشەی (کرمانج) بووە، ووشەی (کورمانج) لە هیچ سەرچاوەیەکی سریانی یا عەرەبی یاخود ئەرمەنی و زمانی‌تر نۆسار نەکراوە (کورد) ووشەیێکی کوردیی ڕووتە هەر تەنیا لەلایەن کوردەکانەوە خۆیان نۆمارکراوەو ناوی نەتەوەیی گەلی کوردە لە زمانی کوردیدا، کرمانج چینێکی دەسەڵات بەسەر سەپێنراوە لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی کورد وەك ووشەیێك لەگەڵ دەرکەوتنی دەرەبەگایەتی لە کوردستان و گەشەسەندنی پەیوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنان ئیایا لە ژیانی شوانکاری‌و کۆچەری‌یەوە بەرەو دانیشمەند بوون گیرسانەوە، دەرکەوتوە.

«وابزانم هێشتاش لە هەندێ ناوچەدا ووشەی کرمانج باوەو بەکار دێ، لای شارستانی خەڵکی لادێ‌و گوند بە کرمانج دەدرێتە قەڵەم. ك. غ».

بەم جۆرە چەند تروسکەیێك ڕووناکیمان خستە سەرکتێبە بەنرخەکەی دکتۆر جەمال ڕەشید کە گومانی تیا نیە بەگیانێکی زانستی‌و مەوزووعیانە لە زۆر شتی کۆڵیوەتەوە کە پەیوەندیان بەزمان و خاك و نەژادی کوردەوە هەیەو بە پێی لێکدانەوەو شی‌کردنەوەی خۆی ئەو ڕایانەی دەربارەی کورد ووتراون و ناچنە خانەی ڕاستی‌و بە بەڵگەی پتەوی مێژوویی پووچەڵی کردوونەتەوەو، ئەو ڕایانەی کەبەلایەوە مایەی پشت پێبەستن و جێی متمانەن پەسندی کردوون. ئەم چەند لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەمان ڕادەکێشێ کە زۆر ووشەو زاراوەو ناوی ناودارو گەورە پیاوان و بنەماڵەو تیرەو هۆزی دیارو سەربەرز لەبنەچەدا کورد بوون بەڵام گۆڕانیان بەسەرا هاتوەو لە سەرچاوەکەی خۆیان دوورکەوتۆنەتەوە یاخود وا دراونەتە قەڵەم کە کوردنین، ئەمەش لە ڕاستیدا پێشێل کردنی تەواوی واقیعی مێژوون و پێویست بە شی‌کردنەوەی زانستانە دەکات.

ئەم کتێبەی دکتۆر جەمال مایەی لێکۆڵینەوەو دەمەقاڵی دڕێژە، کە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر بکرێ‌و شیاوی تۆژینەوەی گەلێ ووشەیە کە بخرێنە بەرتیشکی زانیاری. کتێبیێکی ئاوا هەڵبەتە شوێنی دیارکراوی خۆی لەناو کتێبخانەی عەرەبی دەکاتەوەو بەم کارە نووسەر خزمەتێکی گەورەی نەتەوەی کوردی کردەوەو شیاوی ئافەرین و سوپاسە، هیوادارم کە لەو بوارەی بۆی لواوەو تیایدا پسپۆری هەیە لەبەرهەمی بەپێزو ڕەنجی هێژای خۆی خوێنەری کوردیش بێبەش نەکات.[1]

د. کامل بەصیر

ووشەیەك بۆ نووسەرە بەڕێزەکانمان



دەستەی نووسەران کە سازکردنی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)یان گرتە ئەستۆ، ئامانجی سەرەکییان بۆ ڕاندنەوەو پەرەپێدانی زانیاریی نەتەوایەتی و نیشتمانی ڕەسەن بووە.

وەدی هێنانی ئامانجی وەهاش پێویستی بە دوو مەرجی یەکدگیر هەیە:-

یەکەم: دابین کردنی گۆڤارەکە بۆ هەموو پێنوسێکی کوردی پەیامدارو ملتزم وەکو کێڵگەیەکی بەربڵاو.

بۆ ئەوەی لە زەمینە بە پیتەکەیدا دەیان گوڵی بیری ڕەنگاوڕەنگ و جیاواز ئازادانە بپشکوێن و بشنێنەوە.

دووەم: بڵاوکردنەوەی ئۆژینەوەی ئەکادیمی کە بەپێی ڕێو شوێنێکی زانستی لە ڕووی سەرچاوەو سروشتی بابەت و چۆنیەتی نووسین و گەیشتن بە مەبەست ئەنجام دراوە ئەم دوو مەرجە - هەڵبەت - پێکەوە ئەوە دەگەیەنن کە نووسەر لە ڕووی بیروڕاوە چەند سەربەست و سەرفراز بێت لە سووچی بەرهەم هێنانی کارەکەیەوە دەبێ خۆی بە هەل و مەرجێکەوە ببەستێ.

ئەم هەل و مەرجەش پەیوەندی بە چەمەگ و مفهومی زاراوەی ئۆژینەوەو زاراوەی ڕێبازەوە هەیە.

کەوابوو ئۆژینەوە چی‌یەو ڕێباز چۆن پەیڕەوی دەکرێت؟

ئۆژینەوە بابەتێکە لە بیروکەیێکی دەست نیشان کراو دەکۆڵێتەوە پشت بە سەرچاوەو بەڵکە دەبەستێ بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی.

ڕێسازیش کۆمەڵە دەستوورو بنەواشەیەکە دەربارەی ئامادەکردنی سەرچاوەو تۆمارکردنی دەق و شی‌کردنەوەی زانیاریو خستنە ڕووی ئەنجام، پێویستە بە وردی پەیڕەوی بکرێن.

ئەم چەمەگەی ئۆژینەوەو ڕێباز هەرچەندە بە گشتی جێگای مشتومر نی‌یە، بەڵام تا ڕادەیێك بە هۆی جیاوازی پسپۆڕی‌یەوە دەگۆڕێو لە هەر بابەتێکی زانستیدا ڕەنگێکی تایبەتی وەردەگرێت.

هەروەها ئەنجام دانی ئۆژینەوەو پەیڕەوی کردنی دەستوورو بنەواشەکانی ڕێباز بە گوێرەی کەسایەتی بیری توێژەرەوە ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە ڕەگەزەکانی ئۆژینەوەو ڕێبازی زانستی بەسەر دوو ڕووکاردا دابەش دەکرێن:

یەکەم: ڕەگەزە ناوخۆییەکان کە پەیوەندی‌یان بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرچاوەو شی‌کردنەوەی دەق و گەیشتن بە مەبەستەوە هەیە.

دووەم: پەگەزە روالەتیەکان کە بەندن بە پێکخستن و دەرهێنانی تۆژینەوەکەوە. پەگەزە ناوخۆییەکان واتە: (العناصر الداخلية للبحث ومنهجه) بە ئاسانی مل کەچی دەست نیشان کردن و ژماردن نابن، چونکە لە تۆژەرێکەوە بۆ تۆژەرێکی دی - هەروەکو ووتمان - تا رادەیەک دەگۆڕێن. کەچی پەگەزە روالەتیەکان واتە: (عناصر البحث الشكلية وخطته). بە وردی دەست نیشان کراون و پێویستە هەموو تۆژەرێک هەنگاو بە هەنگاو پەیرەویان بکا.

ئێمە کە لە سەرەتادا هێمامان بۆ ئامانجی سەرەکیمان کردو مەرجەکانی وەدی هێنانی ئەم ئاماتجەمان خستە روو لێرەدا دووبارە دەکەینەوە کە پەیرەوی کردنی پەگەزە روالەتیەکانی تۆژینەوەو ڕێباز لە لایەن نووسەرە بەرێزەکانی گۆڤاڕەکەیانەوە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ناشێ بە جۆرە کۆت و زنجیرێک لە قەڵەم بدرێت، چونکە جگە لەوەی سازکردنی گۆڤارەکە بە ڕێک وپێکی دەهێننە بەرچاو، لەرگی سەرشانی نووسەرەکانیشمان سووک دەکەن و بە ئاسانی دەیان گەیەنێتە مەبەستە زانستیەکانیان.

سەر لەنجام ئێمە کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێین، تەنیا پێویستی بەکانی سەرشانمان دەهێنینە دی بە چەسپاندنی ئەم خالانەی خوارەوە بۆ نووسەرە بەرێزەکانمان دەربارەی پەگەزە روالەتیەکانی تۆژینەوەو ڕێبازی زانستی:

یەکەم: چەسپاندنی سەردێڕو عنوانی تۆژینەوەکە بە جۆرێکی وەها کە بە وردی لەگەڵ ناوەرۆک و مەبەستەکانیدا بگونجێت.

دووەم: نووسینەوەی پێشەکیەکی کورت دەربارەی بابەتی تۆژینەوەکەو هۆی هەڵبژاردنی و دەست نیشان کردنی ئامانجە زانستیەکەی و خستنە ڕووی لەو تۆژینەوانەی کە لەمەوپێش لەم ڕووەوە بلاوکراونەتەوە، بۆ لەوەی خۆیشەر بەر لە هەموو شتێک بزانێ ج جۆرە باسێک دەخوێنێتەوەو چلۆن شرووبێک وەچنگ دەهێنێ.

سێیەم: پەکالاکردنەوەی هەموو خالێکی تۆژینەوەکە بە ڕیزکردنی پرسیارەکانی بە پێی ڕێکخستنێکی مێژوویی واتە: بەر لە تۆژەر هەرچی پرسیارێکە دەربارەی خالێکە باسکراوەکەی هەن لە کۆنترینیانەوە پێویستە پەکە پەکە شی بکرێنەوەو هەڵبسەنگێنرێن، لەمجا پرسیارەکەی تایبەتی تۆژەر بخرێتە ڕوو.

چوارەم: دانانی هەموو دەقێکی وەرگیراو لە نێوانی دوو کەوانەدار هێماکردن بۆ گشت پرسیارەکانی سوود لێ وەرگیراو.

پێنجەم: چەسپاندنی ژمارەیەک لەسەر دەق و پرسیارەکە وەرگیراوەکەو دووبارەکردنەوەی ئەو ژمارەیە لە کۆتایی تۆژینەوەکەدا بە سەردێڕی سەرچاوەکان، بۆ لەوەی زانیاری پێویست دەربارەی دانەرو لاپەڕەو بەرگ و شوێن و کاتی ئەو کتێبانە بنوسرێنەوە کە تۆژەر بەکاری هێناون و لە تۆژینەوەکەیدا کەڵکی لێ وەرگرتوون.

شەشەم: هەڵهێنجاندنی ئاکامەکانی تۆژینەوەکە بە چەند خالێک لە کۆتاییدا بەسەر دێڕی (لەنجامەکان).

حەوتەم: ڕیزکردنی سەرچاوەکان بە گوێرەی ئەو ژمارانە کە لە دوو تویی تۆژینەوەکەدا چەسپاون بە سەردێڕی (سەرچاوەکان).

دەستەی نووسەران کە ئەم خالانە بۆ نووسەرە بەرێزەکانی دەچەسپێنن دووبارە دەکەنەوە کە بڕیاردانی بلاوکردنەوەی تۆژینەوەکان، پاش هەڵسەنگاندنیان لەلایەن پسپۆرێکی زانستی و شارەزایێکی زمانی یەوە، وەردەگیرێ، بۆیە تکامان وایە بە وردی ئاوڕیشانیانمان بۆ بنووسن، هەتا بتوانین بە ئاسانی پەیوەندیتان پێوەبکەین.

لەخوارەوە دەقی ئەم نامەیە بڵاودەکەینەوە، کە لە (زانکۆی بەغدا)وە پێمان گەیشتوە، ناوەرۆکەکەی بڕێتیە لە دان نانی (زانکۆی بەغدا) بە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بە گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستی

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة بغداد
سكرتارية لجنه الترقيات العلميه

العدد / ٧٧٧٢

التاريخ / ١٩٨٥/١٢/٨

الى /ـ كافه العمادات
كافة المراكز التابعه للجامعه

م /ـ اعتماد مجله

تحية طيبه

قررت الهيئه العلمية بقرارها (رقم ٤) المتخذ بجلستها السادسه المنعقده في ١٩٨٥/١١/١٧ اعتماد مجلة ((روشنبيري)) المثقف الجديد التي تصدرها وزارة الثقافه والاعلام / دار الثقافه الكرديه ـ بغداد لاغراض الترقيات العلمية لاستيفائها متطلبات الفقره (٢١) من تعليمات وملاحظات عامة.

راجين العلم واشعار مقتسبيكم بذلك .

مع التقدير .

الدكتور حمدى عبد العزيز الفيض
المساعد العلمي لرئيس الجامعه

نسخه منه الى /ـ
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ـ سكرتارية وكيل الوزارة
وزارة الثقافه والاعلام / دار الثقافه الكرديه ـ بغداد / للعلم . مع التقدير
كافة الجامعات العراقيه / منتسب السادة المساعدين العلميين للعلم . مع التقدير
سكرتارية الهيئه العلمية / اشاره لقرار الهيئه اعلاه . مع التقدير
سكرتارية لجنه تعضيد البحث العلمي والتعريب / مع التقدير
سكرتارية لجنه الترقيات العلمية / 0
ملفة الكتب الصادرة

Roshinbiry Nwo
Periodcal Magazine for
Scientific researches
Issued: by Kurdish Culture and Publication House
Minlstry of Culture and intfomation
Baghdad - Iraq

رۆشنبیری نوێ
مجلة فصلية تعنى بالدراسات
تصدر عن: دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد

رئيس مجلس الأدارة ورئيس التحرير
مصلح مصطفى الجلالى

هيئة التحرير

د. كردستان موكريانى نائب رئيس التحرير
د. كامل البصير
عبدالرزاق بيمار
د. جمال رشيد
صلاح سعدالله
غفور ميرزا كريم
د. محسن محمد حسين
وريا عمر أمين
فؤاد حمه خورشيد

وێنەی بەرگی یەکەم

(زستانی سەری رەش)، بە کامیرای فارس سعدی.

بەرگی دووەم

وێنەی (منارەی چوڵی هەولێر)، لە سالانی پەنجادا

نرخی سالانەی 4 دیناره
نرخی 500 فلس